# مانیفێستی دژەگەندەڵی

پاکڕەوشتیی دژ بە گەندەڵی

پێشکێش:

ئەم بەرهەمە بە دوو هاوڕێم پێشکێشە، کە ئەوانیش هاوڕێی یەکن، "شاتوو"ی کچم و "فەرەیدوون حەسەن"، کە ئێستا کاتەکانی بە نابینایی لە باشووری فرەنسا بەسەر دەبا.

# مانیفێستی دژەگەندەڵی

## پاکرەوشتیی دژ بە گەندەڵی

ئازاد حەمە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئازاد حەمە
مانیفێستی دژەگەندەڵی – لێکۆڵینەوە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٢٢
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٤٣ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: ناسح ساڵح
تابلۆی بەرگ: ئیلیهو ڤێدر –ساڵی ١٨٩٨
هەڵەبژێری: فەرهاد ئەکبەری، تریسکە ئەحمەد

# پێڕست


پێشەکییەکی پێویست: مانیفێستێک بۆ هێنانە گۆی هەنووکە ........ 9

١– دەروازە: پیشەسازیی دارمان و گەندەڵی ........ 23

٢– قەرزاریی ڕەوشتی و کۆمەڵگەی گەندەڵ: گۆڕینی دید و ڕەفتاری ڕەوشتی لە کۆمەڵگە ........ 37

٣– ئازادیی گەندەڵ، نائازادی بەرهەم دێنێ: بەشتبوونی دیموکراسییەت ........ 45

٤– گەندەڵیکردن بەسەر تراجیدیاوە: پیشەسازیی ئەنفال ........ 58

٥– نووسینی هەنووکەی کوردی بێ سامە "بێ شکۆیە": نووسین و خوێنەری گەندەڵ ........ 100

٦– سیاسەت واتە هزراندن: سیاسی و سیاسەتی گەندەڵ ........ 111

٧– گەندەڵبوونی داد و هۆشیاریی یاسایی: نەشونمای نادادپەروەری و نامافسالاری ........ 121

٨– گەندەڵیی هزری و ئەکادیمی: گەندەڵی وای کردووە بێ هزری ببێ بە کۆڵەکەی هزر ........ 134

٩– لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا شتێ نییە پێی بوترێ شیکردنەوەی دەروونی و ڕۆشنبیریی تەندروستی ........ 171

١٠– هزری بیرکاری "ماتماتیکی" لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ونە: پێویستیی پوخت بیرکردنەوە ........ 189

١١– بەفریشتەکردنی نووسەر: نووسەری گەندەڵ ........ 196

١٢– بەشمەک "بەکاڵا"بوونی ئافرەت: گەندەڵبوونی خۆشەویستی ........ 206

١٣– دیاردەی بەڕۆژنامەوانیبوونی ڕۆشنبیری: تێکستی گەندەڵ ........ 241

١٤– شوێنی فەلسەفەکردن لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا: فێڵکردن لە فەلسەفە ........ 255

نەخشەی ڕاڤەکردنەکەمان: گەندەڵکردنی فەلسەفە ........ 255

١– لە فەلسەفەدا بازدان بەسەر ڕیشەدا ئەستەمە ........ 263

٢– تێکدانی گرووندەکان لە ڕێگەی تێکەڵکردنی تەوژم و بیریار و واتاکان بەیەکترەوە ........ 273

٣– ڕۆژنامەوانی لە بری فەلسەفە و گشت بەشەکانی تری زانستە مرۆییەکان ........ 294

٤– بێ ئاگابوون لە دابەشبوونی نێودەوڵەتییانەی فەلسەفە بۆ فەلسەفەی تیۆری و.. ........ 308

٥– پانیک "شڵەژان"ی فەلسەفە بێ کۆتاییە: پێویستمان بەو پێنووسە فەلسەفییانەیە... ........ 320

١٥– فەلسەفەی هەڵبژاردن و گەندەڵی ........ 327

١– ئەوەی هەیە و ئەوەی دێ "ڕووی تیۆری" ........ 327

٢– ئاوابوونی گریمانە سیاسییەکان "ڕووی پراکتیکی" ........ 332

١٦– دروستبوونی تاک لە دەرەوەی حزب: لە گەندەڵی خستنی حزبی سیاسی ........ 339

١– خودی سیاسی ........ 339

٢– حزبی گەندەڵ ........ 343

١٧– گەندەڵی و تەپاندنی داهاتی نەتەوە: لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ڕۆشنبیریی ئابووریی تاکەکەس بێ...... 347

١٨- كۆمپانیای وشە لە نێوان هەنووکە و دواتردا چۆن تازە دەبێ بە هزر؟ ........ 353
١- خولّقاندنی پرسیار لەسەر دۆزی سیاسیی کۆمپانیای وشە ........ 353
٢- کۆمپانیای وشە و لایەنی ئیتمۆلۆجیی دەربڕینەکە: ڕاگەیاندن وەک ڕۆحی وتاری سیاسی ...... 357
٣- کۆمپانیای وشە و لیستی گۆڕان: دروستکردنی "ڕووی سیاسیی تازە" ........ 359
٤- مشەخۆری لەسەر چارەسەرکردنی دیاردەی گەندەڵی سیاسەتێکی ناڕیال.. ........ 360
٥- چۆن تازە دەبێ بە هزر؟: چی گۆڕان لە ڕووی سیاسییەوە لەوانی تر جیا دەکاتەوە؟ ........ 364
٦- کۆمپانیای وشە لە نێوان جیاوازی و دووبارەییدا: یان بەختی سیاسیی کۆمپانیای وشە... ... 365
٧- دروستکردنی ڕاستیی سیاسی، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە ........ 367
٨- دیلێمای سیاسیی کۆمپانیای وشە یان وتاری سیاسیی کوردی؟ کردەی سیاسی ........ 369
٩- ڕەخنەکردنی ڕۆمانسییەتی سیاسیی کۆمپانیای وشە ........ 371
١٠- کۆمپانیای وشە لەگەڵ دروستبوونی بە سۆفستایی و هەڵپەرستەکان گەمارۆ درا ........ 374
پاشەکی ........ 378
سەرچاوە و پەڕاوێزەکان ........ 381

ئەنا پۆلیتکۆڤسکایا(*)، ئەو ژنە رۆژنامەوانە رووسەی لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦دا لە مۆسکۆ کوژرا، لە لێدوانێکی تەلەڤزیۆنیدا بەماوەیەک پێش کوژرانی دەڵێ: باسکردن لە دوو شت ئیدارەی سیاسیی پووتین توورە دەکا، یەکێکیان باس لە تەنگژەی چیچێنیایە و ئەوەی تریش باس لە گەندەڵییە.

(*) Anna Politkovskaja

وتنی بەنرخی ژاک لاکان لەبارەی سیاسەتەوە کە لە وانەکانی جنێڤییەوە لەسەر ئاماژە وتوویەتی:

'All politics rests on the fact that the entire world is only too happy to have someone who says "Quick march!"--towards no matter what --Jacques Lacan, Geneva Lecture on the Symptom'

## پێشەکییەکی پێویست

# مانیفێستێکی بۆ هێنانە گۆی هەنووکە

ئەوەی لە فەلسەفەدا گرینگە کارکردن لەسەر هزرە[١] ئەی هزر کار لەسەر چی دەکا؟ ئاشکرایە هزر کار لەسەر بوونمان، دەوروبەرمان هەروەها ئەم جیهانەی تێیدا دەژین، دەکا. دیارە ئەرکی هزر، هزری ڕاستەقینە، ئەوەیە لە هەنووکەدا بژی. بۆ ئەوەی هزریش ئەمە بکا پێویستی بەوەیە وتنی هەبێ. وتن دەنگی بڵندی هزرە لە ناخی هەڵوێستەکردن و خستنە ژێر پرسیارەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو دەمانەی هزر بێدەنگە، هیچ نایێژێ، ئەوا دیارە هزر لە خۆئامادەکردندایە. بەڵام ئەو دەمەی کات بەسەر دەچێ و هزر هەر هیچ ناڵێ ئەوە دیارە هزرە نایەوێ بدوێ. هزریش کە نەدوا ئەوە هزر نییە، هیچ نەبێ هزری ڕاستەقینە لە کات و شوێنی خۆیدا دێتە گۆ. چونکە ناشێ و ناکرێ هزر وتنی لەبارەی هەنووکەوە نەبێ. واتە بۆ ئەوەی لە هەنووکە بگەین مەرجە هزر وتنی خۆی لەمەڕ هەنووکە هەبێ. ئەمەش لەبەرئەوەی هزری ئەسیل لێ ناگەڕێ هەنووکە بێ شیکردنەوە پرۆسەی خۆی تەواو کا. بۆیە ئێمە بەپێویستی دەزانین هەنووکەمان، کە گەندەڵییە، بێنییە گۆ و دادوەری بەسەر ئەم هەنووکەیەوە لە ڕێگەی هێنانە کایەوەی مانیفێستێ بکەین. ئەم مانیفێستە کە بەرهەمی هزری ئێمەیە، کە دەنگی پەرچەکرداریمانە کۆششێکە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم هەنووکەیە و خستنە بەردەستی جێگیرەوەیەک. جێگیرێ کە دژی گشت توندی و هەڵچوونێکە.

بەپێی دیتنی ئێمە هێنانە کایەوەی مانیفێستێک تایبەت بە دژایەتیکردنی دیاردەی گەندەڵی بەرپرسیارییەکی ڕەوشتی و مرۆییە و بەشێکیشە لەو سەیرکردنە پاکدامێنییەی باوەڕمان پێیەتی. نەک هەر ئەوە بگرە بەردەستخستنی مانیفێستێک بۆ دژایەتیکردنی دیاردەی گەندەڵی، لە کاتێکدا ئەم دیاردەیە ڕۆژانە ئاراستەی ناشارستانی و نارەوشتی وەردەگرێ و خۆشی وەک کێشەی گلوبال و ناناوچەیی دەردەخا، پێویستییەکی هزرییە. کەواتە، ئەنجامدانی ئەم بەم کارە ئەرکی هزرە، هزری بەتەندروست و ڕاهاتوو لە هێنانە گۆی هەنووکە. هەروەک ئاماژەمان پێ کرد، هزر گەر لە هەنووکە نەدوێ هزر نییە. هزری پاقژ و بێ عیلەتیش ئەودەمە دەردەکەوێ لە هەنووکە دێتە قسە. هزر تەنێ ئەو کاتە بەرپرسیار ئامێز و ئۆقرەگیر دەبێ، هەنووکە دەدوێنێ. هزری لەم جۆرە (واتە ئەو هزرەی قسە لەسەر هەنووکە دەکا) نیشتەجێ دەبێ و لە ڕاڕایی و کۆچەری دەکەوێ و بەنیشتمانی خۆی شاد دەبێتەوە. نیشتمانی ڕاستەقینەی هزر چرکەی وتنەکانیەتی لەسەر ئەوەی کە پێویستە بدوێنرێ، بهێنرێتە گۆ. چونکە هزر لە حاڵەتی وادا دەیەوێ بڵێ، قسە بکات. بۆیە ئێمە گەر ئەو میتافۆرەی فەیلەسووفی ئیتاڵی جۆرجیۆ ئاگامبین کە دەڵێ (چی دەگەیەنێ سیاسییانە ڕەفتارکردن؟)[٢] بۆ میتافۆرێ نزیکتر لە خۆی بگۆڕین دەڵێین: چی دەگەیەنێ هزریارانە

ڕەفتارکردن؟ بەدڵنیاییەوە بۆ ئێمە وتن لە هەنووکە دەگەیەنێ. کەواتە، نووسینەوەی مانیفێستی، کە کردەی ئیندڤیدوالی (تاکی) ئاڵۆزە، وتنە لەسەر هەنووکە. هەنووکەی ئێمە کە شەکەت و لانەوازە پێویستە تا ئەوپەڕی هزرەڤانی بەسەرەوە کرێ. هزرەڤانییەک بەدوور بێ لە توخمەکانی سەفسەتە و وشەسازییەکی هیچگەرائامێز و ڕێگەیەکیش بێ بۆ هێنانە کایەوەی خود، خودی نوێ.

ئێمەی کورد کە تراجیدیاکانمان هیچی لێ دروست نەکردین پێویستمان بە مانیفێستی ئیندڤیدوالی جۆراوجۆرە. ئەو تراجیدیایانە هیچ نەبایە دەبایە، فەیلەسووفی ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ نیگری وتەنی، (خودی سیاسیی نوێی)[٣] تێدا دروستکردینایە، بەڵام هەزار جار ئەفسووس ئێمە ئێستا خاوەنی لەشکرێ لە خودی گەندەڵ و بێ داهاتووین. بۆیە ئێمە لەلایەن خۆمانەوە مانیفێستێک دژ بەم دیاردەیە (دیاردەی گەندەڵی) دەسازێنین و ملکەچی دەکەین بەوەی وتن لەسەر هەنووکە بێنێتە پێشەوە. چونکە تەنێ بەهۆی ئەم وتنەوە، وتن لەسەر هەنووکە دەکارین هەنووکەی خۆمان بناسین و لەوەش بگەین لە کوێی هەنووکە وەستاوین. ئێمە تا لە هەنووکەی خۆمان نەگەین بۆمان نییە باس لە هەنووکەی ئەوی تر بکەین. بەڵام زۆر موخابن، ئێمە باز بەسەر تێگەیشتن لە هەنووکەی خۆمان دەدەین و قسە لەسەر هەنووکەی ئەوی تر دەکەین. ئێمە بەپێی ئەوەی تێکدەری هەنووکەی خۆمانین ناکارین بەرنامەی سیاسی و کولتووری بۆ ئەوی تر دابڕێژین. ئێمە لەبەرئەوەی گەندەڵین، بکوژی هەنووکەی خۆمانین. ئێمە کە حورمەتی هەنووکەی خۆمان ناگرین بۆ دەبێ هەقمان بەسەر هەنووکەی ئەوی ترەوە هەبێ. کەوا بێ نووسین لەسەر گەندەڵی بۆ نووسەری ئەم چەند لاپەڕەیە هێنانە کایەوەی وتنە لەسەر هەنووکە کە ئەوەش گەندەڵییە. تا گەندەڵی سەروەر بێ، هەنووکەمان پەرت و پڕ برینە. هەر بۆیەشە لە دۆزێکی وەهادا کە هەنووکە پشتگوێ خراوە، کە هزر بۆ دەجاڵی بەکار دەبرێ، تاکی بەرپرسیار و ویژدان ساغ زۆرترین ئەرکی دەکەوێتە ئەستۆ و تا بڵێی نائارام و پەشێویش دەژی. چونکە تاکی لەم جۆرە هزر بۆ وتن هێنانە گۆڕێ لە هەنووکە بەکار دەبا و، هەڵوەستەکردن و دەستنیشانکردنی ئەرک و مافەکان بە ئەرکێکی بنەڕەتی دەزانێ. ئەم شێوە هزرە چاک لەوە حاڵییە خوڵقاندنی پرسیار، پرسیار لەسەر هەنووکە، لە فۆرمی مانیفێستیدا دەبێ. بەڵام لێرە مانیفێست کارکردنە بۆ دروستکردنی ئۆنتۆلۆجیایەک کە هەڵا و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی هەنووکە تۆمار دەکا. مانیفێست لە حاڵەتی وادا بنەمای ئایدیۆلۆجی یان ڕەوانبێژیی نییە و کاری شەڕەواژە و وشەسازی نییە. ئەم بەپێچەوانەوە بۆ ئەوە هاتووەتە کایەوە ڕێگری لە گشت فۆرمەکانی تاک شێواندن و فرت و فێڵکردن لە ژیان بکا و، بناغەیەکی هێمنانەی شەفاف بۆ بەرپاکردنی (شۆڕشێکی ڕەوشتی)[٤] بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی دانێ..

هەر ئەم مانیفێستەش ئەو دەمە گرینگی و مانای خۆی دەبەخشێ کە لە هەنووکەدا تێکڕای ئاماژەکان دەخوازن ئەو وێنە سیاسییە لای تاکی کورد بەرجەستە بکەن بەردەوامبوون و نەشونمای بێ ئەندازەی دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆدا خەریکە خۆی وەک بەختێکی میتافیزیکی نیشان دەدا. جا ئاخۆ وایە؟ ئاخۆ راستە دیاردەی گەندەڵی بەختی ئەم نەوەیەیە؟ ئاخۆ دەکرێ ئێمە بەم بەختە قایل بین؟ ئاخۆ ئەم بەختە ئەو خەڵاتەیە ڕاپەرین بۆی هانین؟ ئاخۆ دەشێ زۆرداریی بەعسیزم بە گەندەڵیی کوردی بگۆڕدرێتەوە؟ بەواتایەکی تر، ئاخۆ

ماقووڵە وا لە تاک و کۆمەڵگەی کوردی بکرێ لە نێوان زەبری بەعسیزم و زەبری گەندەڵی یەکێکیان هەڵبژێرێ؟ بەدڵنیاییەوە و بێ هیچ گومانێکی ناشێ و نابێ بەوە قایل بین گەندەڵی یەک ئینجی تر بۆی هەبێ بەردەوام بێ و گەشەش بکا. بەڵام ئەوەی زۆر لەو پرسیارانە سەیرترە کە لای سەرەوە خرانە ڕوو ئەوەیە کە قسەکردن (ئەڵبەتە نووسینیش) لە نێوەندی سیاسی و ڕۆشنبیری و میدیای کوردی لەسەر گەندەڵی خەریکە ڕوو لە گەندەڵی دەنێ.

ئەم نووسینەی ئێمە کۆششێکە نەک هەر بۆ وەستاندنی ئەم ئاراستەیە، واتە ئەوەی قسەکردن لەبارەی گەندەڵییەوە ڕوو لە گەندەڵی نەنێ، بگرە بەپلەی یەک بۆ دەرگەکردنەوەیە لە هێنانە کایەوەی کۆششی نوێ بۆ قەڵاچۆکردنی لەبنڕای دیاردەی گەندەڵی. هۆی بنەڕەتی ئەوەش کە وتن لەمەڕ دیاردەی گەندەڵی ڕووی لە گەندەڵی ناوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەندەڵی بەردەوامبوونەکەی زۆری خایاند و قسەکردنەکان (نووسینەکان) کە ئاراستەگەلی جۆراوجۆری گەندەڵییان گرتووەتە بەر، هیچیان لە دەسەڵاتی گەندەڵی کەم نەکردووەتەوە و یان دەرکەوت زۆرینەی قسەکردنەکان لەبەرئەوەی ڕۆژانە لە گەرووپەکی سۆفستایی و بێ بارەوە دێنە دەر تا بڵێی هیچ نەکردە و هیچ نەگۆڕن.

ئەمە و هۆی تریش هەن کە دەشێ لەم ڕووەوە لە بەرچاو بگیرێن لەوانە، بۆ نموونە ئەوانەی لە میدیاکاندا قسە دێننە پێشێ لەسەر گەندەڵی ئەو دەستەبژێرە ڕووناکبیرەن کە میدیای گەندەڵیی کوردی کردوونی بەسەرپەرشتیاری کاروانی ڕووناکبیری لەلایەکی و، لەلایەکی تر لەبەرئەوەی میدیای تازەی کوردی خۆی لەسەر بڵاوکردنەوەی تێکستی گەندەڵ ڕاهێناوە ئەمە وای کردووە بەناوی ڕۆشنبیرییەوە گەندەڵی بەسەر خودی گەندەڵییەوە بکرێ. ئەمە کە قۆناغێکی ترسناکە لە پرۆسەی گەشەی دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگە گەندەڵەکاندا بەدڵنیاییەوە نێوەندی سیاسی سوودمەندێکی گەورە دەبێ لێی. بەپێی فەلسەفەی ڕەوشتیی هاوچەرخیش، گەندەڵی کە یەکێکە لە بنەما پتەوەکانی خراپە (بەدی) تێکدەری کردەی هزرەڤانییە. بۆیە کۆمەڵگەی (یان دەوڵەتی) گەندەڵ کە کۆمەڵگەی (یان دەوڵەتی) خراپەیە هزر تێیدا بێ پیت و نابەرهەمهێنەرە. ئەوەی ئێمەش لەم ڕووەوە و لە میانەی ئەم چەند تێکستەی دوو تۆی ئەم کتێبە کاری لەسەر دەکەین وێناکردنی کۆمەڵگەی گەندەڵە وەک کۆمەڵگەی نەخۆش. بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە ڕەوشتی پاکدامێنی دژ بە ڕەوشتی گەندەڵی بەکار دەبەین تا دەرگە لەو جۆرە هزرەڤانییە بکەینەوە کە گەندەڵی دەکاتە ئالترناتیڤی.

بۆ ڕوونکردنەوەی پتری باسەکە دەڵێین، کۆمەڵگەکان جۆراوجۆرن ئەوەش بەری ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەن مرۆڤایەتی پێیاندا تێ پەڕیوە. جاران کۆمەڵگە هەبوون، پێیان دەوترا کۆمەڵگەی بەربەری (ناشارستانی، کێوی) و کۆمەڵگەی سەرەتایی و کۆمەڵگەی فیودالی (دەرەبەگی) و کشتوکاڵی، بەڵام ئەمڕۆ ئەو ناوانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئەمڕۆ کۆمەڵگە هەیە پێی دەوترێ کۆمەڵگەی پیشەسازی، هەشە پێی دەوترێ کۆمەڵگەی پاش پیشەسازی، یان کۆمەڵگەی زانیاری. ئەڵبەتە کۆمەڵگەش هەیە ناوی کۆمەڵگەی سەرووی زانیاری یان کۆمەڵگەی دیجیتاڵیی لێ دەنرێ.

بەدڵنیاییشەوە جۆرە ناوێ تریش هەن کە ئەوانە هەموو ناو و هاوشێوەی ئەو ناوانەن کە لای سەرەوە هاتن (واتە پاش پیشەسازی، زانیاری)، یان بەهەمان ئەو کۆمەڵگەیانە دەوترێن کە باسمان کردن بۆ نموونە وەک کۆمەڵگەی پاش تازەگەری، کۆمەڵگەی هاوچەرخ، کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی ماف و... هتد.

کەوا بێ ئێستای گشت کۆمەڵگەیەک ناوی خۆی هەیە و ئەو کۆمەڵگەیانە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتووری و تەکنیکییەوە شایانی پێناسە و دەستنیشانکردنن، بەلام هەموو ئەو ناوانە کە لە سەرەوە هاتن، خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە کە دەدرێنە پاڵ ئەو کۆمەڵگەیانەی پێیان دەوترێ کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان. واتە ئەو کۆمەڵگەیانەی دەکەونە دەرەوەی بازنەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان ناوی تر، ئاوەڵناوی تر لەخۆ دەگرن. بێگومان ناو و ئاوەڵناوی تریش هەن کە دەدرێنە پاڵ بەشێ لە کۆمەڵگەکانی سەر ڕووی زەمین وەک کۆمەڵگە کۆمۆنیستییەکان (کە پێش دوو دەیە باو بوون)، کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان، کۆمەڵگە ئیسلامییەکان یان مەسیحییەکان، کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان یان کۆمەڵگە گلوبالییەکان ئەمە و تا دەگاتە ناوی وەک کۆمەڵگە پەڕاوێزییەکان و کۆمەڵگە نێوەندییەکان یان کۆمەڵگە لە پاشەکان و کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، بەلام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ بەشێک لەو ناوانە ئامانجی سیاسی و ئایدیۆلۆجی لە پشت ناونانەکانیانەوە بووە بۆیە زۆر جار ئەو ناونانانە کە کێشەی پێکدادانی کولتووری و سیاسییان هێناوەتە پێشێ، بەکاربردنیان حەساسییەت دەخاتەوە. بەلام لەو ناوانەی لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە زۆر بەهادار و ڕێزەوەن (محترم) خۆیان دەردەخەن و گەلێ لە کۆمەڵگەکانی دنیای ئەمڕۆمان خوازیارن ئەو ناوانەیان لێ نرێ یان لە خۆیانی دەنێن ئەمانەن: کۆمەڵگەی ماف، کۆمەڵگە ڕەفاهیەتیی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەی کراوە، کۆمەڵگەی مەدەنی و... هتد.

ئەوەی ئێمە مەبەستمان بوو لە وتنی ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە، کە تایبەت بوو بەجۆری ناوی کۆمەڵگەکان و توانا و شایانیی ئەو کۆمەڵگەیەش لە هەڵگرتنی ئەو ناوەی لێی دەنرێ، ئەگەر بمانەوێ ناوێ بۆ کۆمەڵگەی کوردیی ئێستامان بدۆزینەوە. کۆمەڵگەی کوردی وەک کۆمەڵگەیەک لە دەرەوەی شارستانیی ڕۆژئاوا دەشێ گەلێ ناوی لێ بنرێ کە زۆربەی ناوەکانیش نەک هەر لە ڕووی ئاوەڵناوەوە هاوشێوەن بگرە لە جۆری کۆمەڵگەی کوردی لە دەرەوەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان یەکجار زۆرن. خاڵە سەرەکییەکە تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردی ئەمڕۆ هەر ئەوە نییە کە وەک کۆمەڵگە لە دنیادا هاوشێوەی زۆرە، بگرە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی کۆکتێلێکە (تێکەڵێکە) لە چەند ناو و ئاوەڵناوێک. ئەڵبەتە پێویستە لێرە ئەوەش وەبیر بهێنرێتەوە کە لەم ڕووەشەوە کۆمەڵگەی نوێی کوردی، تەنیا و بێ وێنە نییە، چونکە چ لە دەوروبەری کۆمەڵگەی کوردی و چش لە دوورتر (بۆ نموونە لە ئەفەریقا یان لە لاتین ئەمەریکا) لە شێوەی کۆمەڵگەی کوردی زۆرن، بەلام بە لە بەرچاوگرتنی جیاوازیی فەرهەنگی، ئاینی و ئێتنی (نەتەوەیی) لە نێوان کۆمەڵگەی کوردی و ئەو کۆمەڵگەیانەدا.

گەلێ لە خوێنەرانی ئەم نووسینە لەوە بەئاگان کۆمەڵگەی کوردی دەشێ گەلێ ناوی لێ بنرێ بۆ

نموونە هەندێ کەس ناوی کۆمەڵگەی نەریتی، کۆمەڵگەی نیمچە پیشەسازی یان کشتوکاڵی لێ دەنێن و هەیە ناوی کۆمەڵگەی فیوداڵی (دەرەبەگی)، کۆمەڵگەی لۆکاڵی یان ناوچەی لێ دەنێ و هەشە بەوانەوە ناوەستێ ناوی کۆمەڵگەی ناشارستانی و کۆمەڵگەی دواکەوتوو و ناپەرەپێدراوی لێ دەنێ بەڵام ئێمە هەر لەم سەرەتایەوە بە (کۆمەڵگەی گەندەڵ) ناوی دەبەین. ئێمە لە ئێستادا ئەم ناوە بۆ کۆمەڵگەی تازەی کوردی لەسەر چەند بناغەیێ کە لەلای خوارەوە زۆر بەکورتی ڕوونی دەکەینەوە بەشایستە دەزانین و، وەکی تریش لە درێژەی نووسینەکەمان تایبەت بەم کۆمەڵگەیە ئەوە شی دەکەینەوە بۆ ئەم ناوە لە ئێستادا بە ڕاست دەزانین (واتە بۆ ناونانی کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەی گەندەڵ). ئێمە کە ئەم ناوە بۆ ئەم ئێستای کۆمەڵگەی کوردی بەهاوشێوە دەزانین پێوەندیی بەپیادەکردنی هیچ جۆرە ڕقێکەوە نییە تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردی یان هێزی سیاسی یاخۆ دەستەبژێریی ڕووناکبیریی ئەم کۆمەڵگەیە. چونکە پیادەکردنی ڕق نە پرەنسیپی ئێمەیە و نەش دەکرێ نووسینێکی تایبەت بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لەسەر بناغەی پیادەکردنی ڕق بنووسرێ بەتایبەت گەر ئامانج لەو نووسینە لە بناغەدا گۆڕینی ئەو ئاراستە خراپ و هەڵەیە بێ کە کۆمەڵگە لەژێر سایەی نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیرییەکی گەندەڵدا گرتوویەتە بەر.

ئێمە کە خۆمان کەمتر بە کورد نازانین لە هیچ کوردێکی تر ناکارین ڕقباز و بێ پرەنسیپ بین و، ئەوەشی لە دوو تۆی ئەم نووسینەی تایبەت بە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی دەیڵێین، بەشێکە لە کوردایەتیمان. کوردایەتی لای ئێمە بریتییە لە ڕەخنەکردن و دووبارە ڕەخنەکردن، بەڵام ڕەخنەکردن بەهیوای دامەزراندنەوە و سازاندنەوەی ئەوەی ڕماوە و تێک شکاوە. واتە ڕەخنەکردنی ئەو بەدییەی داڕمان و کاولی بەرهەم دێنێ. بەواتایەکی تر، ڕەخنەگرتن، بۆ ئێمە بەشێکە لەو ڕەوشتە پاکدامێنییەی باوەڕمان پێیەتی، چونکە تەنیا ڕەوشتی پاکدامێنی دەکارێ بە گەندەڵی بوێرێ. بۆ ئەوەی ئەم جۆرە ڕەوشتەش سەرگرێ پێویستمان بە هزرە، هزرێکی دادپەروەرانە و پڕ لە هێزی چاکە. چونکە لەو شوێنەی ڕەفتاری گەندەڵ و ڕوحی داڕمان و ڕەوشتی خراپە هەیە پێویستە قسە بهێنرێتە سەر ڕەوشتی پاکدامێنی و ڕوحی دروستکردنەوە و ئاکاری باشە. بۆیە ئێمە لە ڕێگەی ڕەخنە توندە پێویستەکانمانەوە لە درێژەی ئەم نووسینە پشتگیری لە پاکدامێنی و دیسانەوە دامەزراندنەوە و چاکەخوازی دەکەین. بەڵام نابێ گەندەڵکارەکان بەهەڵە لەو وشانە (پاکدامێنی، چاکە) بگەن و وەک وشەگەلێکی لاواز و کەنەفت تەماشایان بکەن. چونکە ئەو وشانە هێزی کۆمەڵایەتین و لەبەرئەوەی لە کەم کەسدا لە کۆمەڵگەی گەندەڵ ئامادەیە تایبەت و دەگمەنن. بۆیە هیوایەکی زۆریان پێ دەکرێ و دەشێ ببن بە دژە جەمسەری گەندەڵی و داڕمان و بەدکاری.

زێدەباری ئەوەی باس کرا، گەندەڵی، واتە بە هەڵەدا چوونی ڕەوتی کاروباری دەوڵەت(٥)، کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە و دەکارێ سەرجەم ژیانی سیاسی، ئابووری و رۆشنبیریی وڵاتێک (یان کۆمەڵگەیەک)ی دیاریکراو بگرێتەوە بۆیە دەشێ ئەوە بگوترێ کە گەندەڵی دەکارێ زۆر کاریگەری نێگەتیڤ بخاتەوە و دیاردە گەلێکی زیاد لە پێویست لە پاش خۆی بەجێ بێڵێ و، هەر لەبەر ئەوە دەشێ باس لە گەندەڵی بکرێ بە بوارێکی بەپیت بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لەلایەک لەو بەرەنجامە نێگەتیڤە کۆمەڵایەتی و سیاسی و رووناکبیرییانە بکۆڵنەوە کە دیاردەی گەندەڵی لە تەک خۆیدا

دەیهێنێ هەروەها لەلایەکی تر لەسەر سەرجەم رەوشتی سیاسی، داوونەریتی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی ئابووریی تاک و گشت. واتە لە رێگەی باسهێنانە پێشەوە لەسەر دیاردەکانی گەندەڵی شیاوە تێکرای دامەزراوەکانی دەوڵەت (کۆمەڵگە) و ئاکار و رەوشتی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی بخرێنە ژێر توێژینەوەوە. ئەو جۆرە توێژینەوانەش تەنێ ئەوانە دەکارن ئەنجامی بدەن کە پزیشکی گەندەڵییان بەرنەکەوتووە و تێوەی نەگلاون و لە دنیای پاکدامێنیی خۆیاندا دەژین.

سەرباری ئەوەی باسمان کرد، دەکرێ بڵێین: ئەم نووسینە بەگشتی دەیەوێ ئەوە بیر بخاتەوە کە گەندەڵی شیاویی زۆری لە بەردەستدایە لەوانە سیاسەت، ئەمەش (واتە سیاسەت) ئابووری، رۆشنبیری (بە رۆژنامەوانییەوە) و دادیشی قۆرخ کردووە. لەبەرئەوەی گەندەڵی شیاویی زۆری خستووەتەوە ئەمە وای کردووە گەندەڵی دیاردەی جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە. ئەم شیاوییانەش بنەبڕ ناکرێن تا دیاردەکان نەناسرێن و دواتر نەخرێنە بەرباس. هەر لێرەدا پێویستە ئەوەش وەبیر خوێنەری ئەم کتێبە بخەینەوە کە سەرەتا ویستمان چەند لاپەڕەیەک لەسەر دیاردەی گەندەڵی، کە خەڵکی کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆی هەراسان کردووە، بنووسین، بەڵام پاشتر بۆمان دەرکەوت ناماقووڵییە ئێمە بێین باس لە گەندەڵیی سیاسی بکەین و وتنێک لەسەر گەندەڵیی ئابووری یان هزری نەڵێین هەروەها پاشتر ئەوەمان بۆ روون بووەوە، تەنانەت گەر بێتو لەوانەش بدوێین ئەوا ئەوپەڕی بێ هزرییە باس لە گەندەڵیی ئەکادیمی و گەندەڵییەکانی نێوەندی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی نەهێنینە پێشێ. ئەڵبەتە دواتر و دواتر ئەوەمان لایەقین و ئاشکراتر بوو کە باشتر و راسیۆنالیترە ئێمە باس لەو گەندەڵییەش بکەین بوارە جوانکاری و ناسکەکانی گرتووەتەوە وەک شیعر، مۆسیقا و ئەدەب و تا دەگاتە هەندێ بابەتی زۆر هەستیاری تر وەک: واتای ئازادی، واتای راستی، واتای ماف، واتای داد، واتای ئەرک و واتای بەرپرسیاریەتی و... هتد. بۆیە لە کۆتاییدا ئەوەی ویسترا لەبارەی ئەو شیاوییانەوە بگوترێ گەندەڵی دەیخاتەوە و ئەڵبەتە ئەوەش کە پێی دەوترێ دیاردەکانی گەندەڵی ئەم کتێبەی هێنایە دنیا.

هەر لەژێر سایەی ئەم پێشەکییە پێویستەدا، بەباشی دەزانین ئاماژە بەوەش بکەین کە ئێمە پێمان وایە نووسینی کتێبی تیۆریک لە چوارچێوەی توێژینەوە و لەسەر بناغەی دیسپلینێکی ئەکادیمیی دیاریکراو بۆ نێوەندی ئەکادیمی و رووناکبیریی کوردی شتێکی زێدە پێویستە، بەڵام نووسینی هەندێ تێکستیش کە لە رادەبەدەر هەنووکەیین و بۆ گشت نێوەند و توێژ و چینەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی تازەی کورد پێویستن. ئەمەش شتێکی بێ رادە گرینگە. ئەوەی یەکەم کە زۆر جار خۆی وەک نووسینی دەستەبژێر (ئیلیت، تاقم) نیشان دەدا لە نێوەندی رووناکبیریدا، لەبەرئەوەی پشتی لە نێوەندی ئەکادیمی کردووە، بایەخی نادرێتێ و لە نێوەندی ئەکادیمیش، لەبەرئەوەی ئەم نێوەندە تا بڵێی دژە ئەکادیمییە، بابەتی باس نییە. هەرچی ئەوی ترە (واتە نووسینی هەندێ تێکستی هەنووکەیی پێویست) خۆی پتر وەک نووسینی تێکڕا (گشت، ماس) نیشان دەدا ئەم جۆرە نووسینانە کە پۆپولێر و باون جۆراوجۆرن. دیارە ئەم نووسینەی بەردەست کە لە چەند تێکستێک، پێک هاتووە، سەر بەگرووپی دووەمە و خۆی وەک ئەوە دەردەخا پێویستیی هەمووانی تێدا کۆ بووەتەوە و دەشیەوێ بڵێ لە ئێستاوە، ئەو ئێستایەی یەکجار ناتەندروست و

پەشێوە، نزیکم. بۆیە بابەتەکانی دوو تۆی ئەم کتێبە بەجۆرێ دارێژراون کە لە تێگەیشتن و چێژی زۆربەوە دوور نەکەونەوە.

ئەم نووسینە لە زنجیرە باسێک پێک دێ کە تایبەتن بە لێکدانەوەی دیاردەی گەندەڵگەرییەوە. ئێمە ئەم دیاردەیە کە وەک پەتایەکی کۆمەڵایەتی دەبینین باسکردنەکەی زنجیرەی دەکەین و زنجیرەبوونەکەشی بەجۆرێ دەسازێنین کە پێکەوە بەسترابن و لە ڕێگەی بەزنجیرەبوونەکەشەوە ڕەوشتی پاکدامێنی دژ بەدیاردەی گەندەڵی دەخەینە ڕوو. ئەمەش تەنێ لەبەرئەوەی ئێمە وای بۆ دەچین تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەتوانین ئەو شیاوییانە دەستنیشان بکەین لە گەندەڵی لە تەک خۆدا دەیانهێنێ و ئەو دیاردە جۆراوجۆرانەش دەیانخاتەوە گەندەڵی.

بەچاکی دەزانین لەم پێشەکییە پێویستەدا لەم لایەنانەی لای خوارەوە بدوێین:

١- بۆ ناوی کۆمەڵگەی گەندەڵ لە گشت ناوێک بە شایستەتر دەزانین؟

٢- مەبەست لە نووسینی ئەم باسە؟

٣- ڕێگەکانی چارەسەر و خەوشەکانی ئەم جۆرە نووسینانە.

٤- بۆ لە تێکستەکانی دوو تویی ئەم کتێبەدا زۆر جەخت لە دوو جۆر لە توێژی کۆمەڵایەتی (سیاسی و ڕۆشنبیر) کراوە؟

١- بۆ ناوی کۆمەڵگەی گەندەڵ لە گشت ناوێک بە شایستەتر دەزانین؟

لای سەرەوە ئەوەمان وت ئێمە ناوی کۆمەڵگەی گەندەڵ لە گشت ناوێکی تر بە شایستە دەزانین بۆ ئەو ستاتۆسە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگەی تازەی کوردی لە ئەمڕۆدا بەخۆوە گرتوویەتی. بێگومان هۆ لەم ڕووەوە زۆرن کە پاشتر و لە درێژەی نووسینەکە زێدەتر بۆ خوێنەری ئەم نووسینە ڕوون دەبێتەوە، بەڵام زۆر بەکورتی ئێمە ئەم لایەنە لە چەند دێتنێکدا شی دەکەینەوە کە هیواداریین تێگەیشتن بەدەستەوە بدا.

سەرەتا دەمانەوێ ئەوە بڵێین کە لە گەلێ لە ناوچەکانی جیهاندا گۆڕانی سیاسی سیستەمی لاواز بووە، یاخۆ دامەزراوە سیاسی، یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان ڕوویان لە داڕمان ناوە و، ئەم دامەزراوانە ڕێگەی نوێیان بۆ کەڵک ئاوەژوو گرتووەتە بەر. ئەڵبەتە لیبرالیزەی سیاسی و ئابووریش دوو هۆکاری ترن، بۆ ئەم کەڵک ئاوەژوویە و بەرەنجام گەندەڵی نەشونمای کردووە(٦). کۆمەڵگەی گەندەڵیی کوردییش کە یەکێکە لەو کۆمەڵگە گەندەڵانەی لەناو ئەم سیستەمی سیاسی- ئابووری و ئەو سیستەمی سیاسی - ئابووریی تر بوونی هەیە، بووە بە کۆمەڵگەی ئێستامان و ئەو کۆمەڵگەیەشە بە ئیدارەیەک (بگرە دوو ئیدارەی) سیاسیی لۆکالی لە جیهاندا ناوی ڕۆیشتووە. واتە کە دەڵێن کوردی عێراق، واتە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە ناوچەییەی کورد لە باکوری عێراق لە پاش هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی بەعسی سەدامی بۆ خۆی چێ کردووە. ئەم کۆمەڵگەیە کە لە ڕووی سیاسییەوە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بە یارمەتیی هەندێ لە وڵاتانی هێزداری دنیا و دوژمنی دەوڵەتی ئەو دەمەی عێراق هاتە پێکهاتن، دەیەوێ خۆی وەک کۆمەڵگەیەکی تازە (نوێ) نیشان دا.

ئێمە لە میانەی بابەتە جۆراوجۆرەکانی ئەم کتێبەدا تازەبوونەکەی ئەم کۆمەڵگەیە بەمانایەکی باو سەیر ناکەین و گومانی بێ ئەندازەش لەو تێگەیشتنانە دەکەین تازەبوونی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردی بەدروستبوونی زانکۆیەکی زۆر و بەکۆمپیوتەرکردنی شارەوە گرێ دەدەن چونکە ئەم کۆمەڵگەیە لە ئەمڕۆدا کۆمەڵگەیەکە بەبێ بەرنامە نەک هەر سیاسەت دەکا بەلکە بازرگانی و کاری پەروەردەیی و ڕووناکبیریش دەکا. ئەم کۆمەڵگەیە بازرگانی دەکا و بگرە بازرگانییێکی زۆریش دەکا، ئەڵبەتە لەم بارزگانییەشدا ئەم هەر هێنەرە، واتە شتومەک و کاڵا لە وڵاتانی دەوروبەری خۆیەوە و دوورتریشەوە دێنێ (دەکڕێ) و، بگرە کۆمەڵگەیەکە دەیەوێ داوودەزگاکانی بەتەکنیکیش بکا بەڵام ئەم، ئەمە لە ئاستێکی تێکەڵدا دەکا. لەبەرئەوەی ئەم کۆمەڵگەیە بەخۆی کۆمەڵگەیەکی ئابووریی لە پاشە، ژێرخانە ئابوورییە لاواز و بەساڵاچووەکەی ناتوانێ ئەم تەکنیکە لە ئێستادا وەک پێویست ئیستیعاب بکا و لەولاشەوە نەریتە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم کۆمەڵگەیەش تا بڵێی لە بەردەم فۆرمی بازرگانیکردنەکەدا ڕێگرە، ئەمە و ئەم کۆمەڵگەیە بۆ ئەوەی ڕووی مەدەنیی هەبێ زانکۆ لە دوای زانکۆ دروست دەکا و بەلێشاو ساڵانە خوێندکاری زانکۆ بە بەبڕوانامەی جۆراوجۆرەوە و ئەڵبەتە پسپۆڕیش لە شتی جۆراوجۆر، دەخاتە بازاڕەوە، ئەڵبەتە بەپێی ئەوەی ئەم بازاڕە هزر هەژارە و لە ڕووی ئابوورییشەوە بێ سەروبەرە نەک هەر ناتوانێ دەستی کاری پیشەیی لە دەستی کاری ناپیشەیی جیا کاتەوە بگرە دەسەڵاتی بەسەر ئەوەشەوە ناشکێت پۆلڕیزی ئەکادیمی یان زانستی بکا و، بۆیە زۆر ئاساییە لە گۆڕانێکی سیاسیدا کە دەرامەتی تاک دێنێتە خوارێ هەڵگری بڕوانامەکان لە تەک نەخوێندەوارەکان هاوشێوە بن. ئەمەش دیسانەوە لەبەرئەوەی ئابووریی کۆمەڵگە سەرچاوەکانی تاکڕەو و کەمدەرامەتە و بەیارمەتیی دەرەکی (وەک بەشی کورد لە بودجەی بەغدا، هاریکاریی نێودەوڵەتی بە کورد، سازشی سیاسی و... هتد) پشت بەستووە، ناشێ وەک ئابوورییەکی مەدەنی و ناوابەستە تەماشا کرێ. کەواتە ئەوەی وای لە ئێمە کردووە کۆمەڵگەی ئێستای کوردی بە کۆمەڵگەیەکی گەندەڵ بزانین فاکتەر و دیاردە بزێوە ئابوورییەکانن، بەپلەی یەکەم و دواتر سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان.

ئەوەی باس کرا و دواتر لە میانەی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا بە تێروتەسەلی لەسەری دەڕۆین. شی دەکەنەوە کە پێشتر ناومان لێ نا، بۆ کۆمەڵگەی کوردی خۆی وەک کۆمەڵگەیەکی تازە نیشان دەدا، بۆیە لێرە ڕاڤەکردنی ئەم خاڵە زۆر پێویست و گرینگ نییە، بەڵام ئەوەی باشە لەم بەینە بوترێ ئەوەیە کە ئێمە ئەو دەمەی دەڵێین (کۆمەڵگەی تازەی کوردی) مەبەستمان ئەو کۆمەڵگە کوردییەیە لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ هاتە دنیاوە. واتە ئەو کۆمەڵگەیەی ژیانێکی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووریی جیای بۆ خۆی هەڵبژارد. ئەڵبەتە ئەو هەڵبژاردنەش ئەو ئاراستەیەیە کە دواتر ئەم کۆمەڵگەیە وەری گرت. بۆیە ئێمە لەخۆڕا ناڵێین کۆمەڵگەی تازەی کوردی و، کاتێ کە ئەمەش دەڵێین زۆر بەواتایەکی پۆزەتیڤ بەکاری نابەین، بگرە مەبەست و ئامانجی سەرەکیمان لەو ناوە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی تازەی (نوێ)ی کوردی واتە کۆمەڵگەی ئێستامان ئەو کۆمەڵگەیەی لە سایەی ڕووداوێکی سیاسیدا هاتە کایەوە و یان ئەو کۆمەڵگەیەی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردیی ١٩٧٠کان و پێشتر و شتێ دواتر جیا دەکاتەوە. ئەم خۆجیاکردنەوەیە تەنیا سەرچاوە لەو

ڕووداوەوە هەڵدەگرێ، ئەم کۆمەڵگەیە هاتە سەری کە وای کرد کورد خاوەنی ماسمیدیای خۆی بێ، کار بۆ بازرگانی و سیاسەتی خۆی بکا.

ئەگەرچی ئێمە لە میانەی نووسینەکەمان ڕەخنەی ئەو ماسمیدیایە و ئەمجار سیاسەت و بازرگانییەکەش، یان ئابووریی کوردییش، دەکەین، بەڵام لێرە هەر ئەوەندەمان مەبەست بوو بڵێین سەرچاوەی بەکاربردنی واتای کۆمەڵگەی تازەی کوردی لە لێکسیکۆنی ئێمە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی ئێستا جیاکارەی خۆی هەیە و ئەوەش کە ئەم جیاکارەیەی دروست کرد، ڕووداوی ڕاپەڕین بوو، بەڵام ئەم ڕووداوە دواتر چیی بەسەر هات و داهاتووی چۆن کەوتەوە، ئەوا خوێنەر لە درێژەی نووسینەکەدا ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چۆن و بۆ لە گەرووی جەور و ستەمی بەعسەوە کەوتینە ناو گەرووی گەندەڵییەوە. هەر ئەوەش دیسانەوە ئەوە بەدڵنیاییەوە ڕوون دەکاتەوە کە مەبەستی ئێمە لە واتای کۆمەڵگەی تازەی کوردی شتێکی پۆزەتیڤ و باڵا نییە بەقەد ئەوەی مەبەستە سەرەکییەکە ئەو گۆڕانە سیاسی و کولتوورییانەیە کە دوای ڕاپەڕین هاتوونەتە ناو جەستەی کۆمەڵگەی کوردییەوە. وەکی تریش مەبەستمان لە تازە چوونە قۆناغێکی ترە و هیچی تر. واتە واتای کۆمەڵگەی تازەی کوردی هاوشێوەی واتای کۆمەڵگەیەکی کوردیی ترە، واتە ئەوەی دوای ئەوە هاتووە کە پێشتر ئامادە بووە، ئەگەرنا تازەیەتەکەی کۆمەڵگەی کوردی شتێکی ئەوتۆ ناگەیەنێ لە بۆچوونێکی سۆسیۆلۆجی زیاتر.

بەڵام خودی دەربڕینی کۆمەڵگەی گەندەڵ کە ناوونیشانی ئەم نووسینەیە و ئەو ئاوەڵناوەیە بۆ کۆمەڵگەی تازەی کوردی هەڵمان بژاردووە لەبەرئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی لە ئێستادا کۆمەڵگەیەکی فاسدی کۆمەڵایەتییە و بەرهەمهێنی هێزی نێگەتیڤ و توانای دارمان و پووکانەوەیە. ئەم کۆمەڵگەیە کە گەلێ ڕەوشتی تری لە کۆمەڵگە جیاجیاکانی تری ناوچەکە و جیهان بەگشتی وەرگرتووە، هەمووی لە دەستەواژەیەکدا قایم کردووە کە لە گەندەڵ زیاتر ناشێ ناوی تری لێ نرێ. چونکە تەنیا لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ئەم شتانە ڕوو دەدەن:

* قێزەوەنبوونی مانای ڕاستی و جێگرتنەوەی بەواتای درۆ، درۆی جوان کە لە مانای ڕاستی خۆشەویستتر و باوترە.
* بڵاوبوونەوەی پەتای پارەپەرستی و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی پارە بەهەچ جۆرێ بێ.
* تێکچوونی شیرازەی خێزان و ئەتکبوونی واتای وەک هاوسێیەتی، خۆشەویستی، هاوڕێیەتی و لێبووردەیی.
* بێ بەهابوونی واتای یاسا و ماف و ئەوەش پێی دەڵێن دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.
* تێکچوونی نەک هەر تەندروستیی تاک بگرە پەروەردە و ئاکاری ئەم تاکەش.
* ڕێزنەگرتن لە وشە دەربڕین و بڵاوکردنەوە و خەساندنی گشت شتە هزرییەکانیش.
* بوونی ئەدەب و بەگشتیش سەرجەم وتاری ڕۆشنبیری بە بەشێ لە درۆکردن و سەفسەتە.

ئەو چەند خاڵەی لای سەرەوە ئاماژە بەوەش دەدەن کە ڕوونکردنەوەی وشەی گەندەڵی شتێکی زۆر ئاسان نییە، چونکە گەندەڵی، بەپێی پێناسە تازە نێودەوڵەتییەکان بێ، بریتییە لە بەهەڵە

بەکاربردنی دەسەڵات یان دۆزی باوەڕی ئەوی تر بۆ مەبەستی شەخسی یان لە پێناو گرووپێکی دیاریکراودا[٧]، وەلێ لە گەلێ ڕووشەوە گەندەڵی بە ئەزموونە سیاسی- کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە گرێ دراوە. چەند ئەزموونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە پاش و نامەدەنی (ناشارستانی) و کۆڵەوار بن ئەو گەندەڵییەی ئەم ئەزموونانە دەیخەنەوە زێدە ترسناک و ڕووخێنەرتر دەبن. ئەمەش دیسان بەس نییە بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی گەندەڵی بگەین. چونکە گەندەڵیی ئێستای کوردستان خۆی وەک گەندەڵییەکی بێ وێنە نیشان دەدا. بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەو گەندەڵییەی لە کوردستان نەشونمای کردووە بەرهەمی زۆرداری سیاسی نییە بەپێچەوانەوە گەندەڵییەکە لەلایەن هێزە شەفافەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێ. مەبەست، هێزی سیاسیی کوردستان لە چاو ئەو هێزە سیاسییانەی لە گەلێ لە وڵاتانی جیهان کە دووچاری گەندەڵی بوونە و زۆرداریش بۆ بێدەنگکردنی نەیارانی گەندەڵی بەکار دەبەن، هێزێ سیاسیی شەفافە. بەڵام خوێنەری ئەم چەند دێرە نابێ بەهەڵە لەم دیتن و داڕشتنە (کە گوایە هێزی سیاسیی کوردستان شەفافە) بگا، چونکە شەفافییەتەکەی هێزی سیاسیی کوردی ڕێک ئەڵتەرناتیڤی ئەو زۆرداریییەیە لە گەلێ لە کۆمەڵگە گەندەڵەکاندا بۆ بێدەنگکردنی نەیارانی گەندەڵی بەکار دەبرێ. واتە و بەجۆرێکی تر، شەفافیەتی سیاسیی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی، تاکە چارەسەرێکە لە بەردەم دەسەڵاتی کوردی بۆ بەردەوامبوون لەسەر گەندەڵی و بۆ خۆ غەشیمکردنیش لەوێ روو دەدا. چونکە ئەو شەفافیەتە دەتوانێ دۆزی ئەوتۆ بێنێتە پێشەوە کە گوایە ئەوەی روو دەدا دەسەڵات ئاگای لێ نییە و پێوەندیشی پێوە نییە. ئەمەش بەخۆی گەندەڵییە. چونکە گەندەڵییەکەی ئەمڕۆی کوردستان سەرچاوەیەکی سیاسیی هەیە و وەکیتریش ریشەیەک کۆنینەی سیاسیی هەیە.

خەباتی سیاسیی کوردی پڕە لە دیاردەی بچکۆلە بچکۆلەی گەندەڵی. شای ڕەفتارە سیاسییە گەندەڵییەکان ئەو دەمە دەستی پێ کرد کە هێشترا ڕاپەڕین، وەک ڕووداوێ سیاسیی بێ وێنە لە دیرۆکی هاوچەرخی کوردی، بە فەرهوود، تاڵان، ئاودیوکردن و چەتەیەتی تێکەڵ بکرێ. هەر لێرە ئەوەش دەبێژین کە خوێنەران نابێ ئەوەیان بیر بچێ کە شیکردنەوەی وشەی گەندەڵی بەوەوە گرێ دراوە چۆن و لە چ ئاستێ ئەم گەندەڵییە تەشەنەی سەندووە. واتە پرسیارە ڕیشەیییەکە لێرە ئەمەیە: ئاخۆ گەندەڵی لە دامەزراوێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەدا سەری هەڵداوە یان گەندەڵی لەناو گشت دامەزراوەکاندایە و دەوڵەتیش خۆی ڕاهێنەر و دروستکەری ئەو گەندەڵییەیە؟ گەر وا بێ، گەر دەوڵەت، سیاسەتی وڵات، لە پشت گەندەڵییەوە بێ ئەوە لەلایەکی گەندەڵیی مەترسیدارە، چونکە گەندەڵیی درێژخایەن و هەردەم لاوە، لەلایەکی تریش گەندەڵی لە حاڵەتی وادا تاکە شتێکە کە دەوڵەت و کۆمەڵگە پێکەوە گرێ دەدا. بۆیە گفتوگۆکردنی ئەم جۆرە گەندەڵییە، کە بابەتی تێکڕای تێکستەکانی ئەم نووسینەشە، کێشە و بەربەستی دێتە ڕێ. چونکە قسەکردن لەم شێوە گەندەڵییە قسەکردنە لە بڤە، لەوێ دەبایە باس نەکرێ.

مایەوە ئاماژە بەوەش بکرێ گەندەڵی دەبێ بە دیاردە کاتێ فورسەت بۆ ژیان، بۆ ژیانێکی باش، لە بەین دەچێ یان بەکورتی ئەو دەمە گەندەڵی زاڵ دەبێ کە پاکڕەوشتی لە کۆمەڵگە لەژێر سایەی زەبری دیاردەکانی گەندەڵی ڕوو لە ئاوابوون دەنێ. هەروەها گەندەڵی دەبێ بە شێواز بۆ ژیان ئەو

دەمەی گشت ژیانی تاک لە کۆمەڵگە خۆی وەک شتێکی ناشیرین نیشان دەدا. چونکە گەندەڵی وەک دیاردە لە کۆتاییدا برێتییە لە خراپە. ئەو کاتەش خراپەکاری کۆمەڵگە داگیر دەکا باشە، وەک شتێکی فانتازی خۆی نیشان دەدا. ئەو دەمەش ئەمە ڕوو دەدا ژیانی گەندەڵ دەبێ بە تاکە فۆرمێک لە بەردەم ژیانی ڕاستەقینە. واتە بەگەندەڵبوونی ژیان مانا بۆ ژیان دروست دەکا و لەناو ژیاندا دارمان لە شێوەی درندەیەک پتر لە گشت کاتێکی تر دێت و دەچێ. بەم جۆرە ئەو وەختەی ژیانی ڕاستەقینە لە بەین دەچێ ژیان هێزی گۆڕانی تێیاندا بمێنێ و ئەوەش لە ژیانی، "ژیانی ڕۆژانە"دا، گرینگ دەبێ ئەوە دەبێ کە تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر ژیان بەردەوام بن. گەندەڵیش کە بووەتە بە شێواز بۆ ژیان هەچ شتێکی تر لە دەرەوەی خۆی بوونی هەبێ توانای بەردەوامی و نەشونمای نامێنێ. ئەمە بەزۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە گەندەڵی شیاوی دروست دەکا و لە ڕێگەی ئەو شیاوییانەشەوە دیاردە دەخاتەوە. شیاوییەکانیش ئەوەندە فراوان و کاریگەرن تا بڵێی دیاردەی سەیر سەیر لە پاش خۆیان بەجێ دێڵن کە هەر هەموویان بکوژی پاکامێنین لە کۆمەڵگەدا.

٢- مەبەست لە نووسینی ئەم باسە

ئارەزوویەک لە کوردستان لە ئێستادا بۆ گەندەڵی لە ئارادایە، ئەم ئارەزووە چرکە لە پاش چرکە لە نەشونمادایە و خەریکی گۆڕینی ئاراستەکانیشیەتی. ئاراستەکان کە خەریکن فۆرمی ئینسانی، جوانکاری و ڕەوشتی وەردەگرن بێ ئەندازە ترسناکن. ترسناکن، چونکە گەندەڵی خەریکە خۆی وەک شتێکی ئینسانی، جوان و ڕەوشتی پێشان دەدا. بۆیە پێویستییەک لە پشت نووسینی ئەم کتێبەوەیە لەسەر دیاردەی گەندەڵی لە کوردستانی ئەمڕۆدا. واتە ڕوونکردنەوەی گەندەڵی بۆ نێوەندی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی سەرچاوە لە بوونی پێویستێکەوە هەڵدەگرێ ئەم پێویستییە هیچ کات پڕ نابێتەوە، گەر تێگەیشتنێک بۆ ئەو دیاردە ترسناک و کاولکەرە لەنێو زۆرینە، کە گرفتاری ئەو دیاردەیە بووە سەوز نەبێ. وەکی تریش، بەدڵنیاییەوە، مەبەست لە نووسینی ئەم باسە قسەکردنە لەسەر شیاوییەکانی گەندەڵی لە کۆمەڵگەیەک بەهۆی پەتای گەندەڵییەوە پڕ بووە لە دیاردە، ئەم دیاردانە کە پاکڕەوشتی لە کۆمەڵگە زیندەبەچاڵ دەکەن مرۆڤەکان گرفتار دەکەن. ئەڵبەتە دیارە مەبەستێکی دیاریکراو و ناهەڕەمەکیش لە پشت گشت قسە هێنانەگۆڕێکی دوو توێی تێکستەکان، کە پێشینەی میتۆدی خۆی هەیە، ڕوونکردنەوەی ئەو شیاوییانە لەخۆ دەگرێ دیاردەی گەندەڵی لە شوێنێ وەک کوردستانی ئەمڕۆ لە بەردەستیدایە یان ئەو شیاوییانەی گەندەڵی خستوونیە بەردەست تاکەکانی کۆمەڵگەوە، جا ئەوە سیاسەتکار بێ یان ئەکادیمیکار، ڕۆژنامەوان بێ یان هونەرمەند، مافخواز بێ یان دز. شیاوییەکان کە دوو جەمسەرەن کۆڵەکەی ئەو زەبرە کۆمەڵایەتییەش پێک دێنن گەندەڵی سازێنەریەتی. واتە تێکستەکانی ئەم نووسینە باس لە دوو جۆر لە شیاویی دەکەن. یەکەم ئەو شیاوییانەی گەندەڵی لە بەردەستیدایە (داهاتی نەتەوە، خەڵکێک یان دانیشتوانێکی هەژار و نەخوێندەوار و بێ دەسەڵات، دەستەیەک لە ڕۆژنامەوان و ئەکادیمیکار و سیاسیی بێ بار و هەڵپەرست، دۆزێکی سیاسیی نەتەوەییی ناهەموار و کەنەفت و... هتد) و تا ئەوپەریش بۆ مانەوەی ئەو فۆرمە لە دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆشنبیری بەکار دەبرێن کە هاوشێوەی

ژیانێکی گەندەڵ بێ و، دووەم ئەو شیاوییانەی گەندەڵی پێکی هێناون (تێکدانی مانای داد، قێزەوەنبوونی ڕاستی، بێ هەیبەتبوونی وشە، بێ دەسەڵاتی مافپەروەری، هەڵوەشانەوەی شیرازەی خێزان، داڕمانی ئەویندارى، بێ مانای هاوڕێیەتی، بێهێزیی ئازادی، گشتبوونی تاکگەراییەکی نەخۆش لە کۆمەڵگە، بەکاربردنی تراجیدیا و ناکاریگەرکردنی زمانی ڕووناکبیری... هتد). شیاوییەکان کە بە هەردوو جۆرەکەیەوە بێ ئەندازە ترسناک و پڕ مەترسین بابەتی مەبەستەکانی تێکستەکانی ئەم نووسینەن. نووسینەکان کە بوارێکن بۆ ڕێگەکردنەوە لە بەردەم بیرکردنەوەی پێچەوانە، بیرکردنەوەیەکی دژە گەندەڵی، سەرەتایەکیشن بۆ گفتوگۆکردنی پاکڕەوشتی لە کۆمەڵگە و بەرپرسیاریەتیی تاکی کورد لە پەرەدان بەم جۆرە ڕەوشتە.

## ٣- ڕێگەکانی چارەسەر و خەوشەکانی ئەم نووسینە

چاندنی تۆوی پاکڕەوشتیی دژ بە گەندەڵی تاکە چارەسەرێکە لە بەردەم قەڵاچۆکردنی ئارەزووی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ گەندەڵی. ئەمەو بەرپاکردنی "شۆڕشی ڕەوشتی"[٨] هێمنانەی بێ زەبر یەکێکە لە بەپیتترین ڕێگەچارەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی گەندەڵی لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت و بوارە جیاجیاکانی شوێنی کارکردنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری. ئارەزوو بۆ گەندەڵی کە لە هەنووکەدا زیاد لە پێویست تەشەنەی سەندووە، تەنیا بەهۆی تەشەنەسەندنی جۆرە ڕەوشتێکی ترەوە ڕوو لە ئاوابوون دەنێ. تەشەنەسەندنی ئەم جۆرە ڕەوشتەش کارێکی زۆری دەوێ و بەپلەی یەکیش ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیەتی. لەو کۆمەڵگەیەشدا ڕادەی گەندەڵی گەیشتووەتە ترۆپک و گەندەڵی فۆرمێکی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی ترسناکی وەرگرتووە ناکرێ بەشێوەیەکی ئاسان تەماشای پەرەدان بە ڕەوشتی پێچەوانەی ڕەوشتی گەندەڵی بکرێ.

ئەو ڕێگەچارانەی کە ئەم بابەتە بۆ بەرگرتن لە دیاردەی گەندەڵی لە شوێنێ وەک کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ دەیانخاتە روو، کۆمەڵێ ڕێگەچارەی خودین وەک چارەسەرگەلی ئیندڤیدوال (تاکگەرا) خۆیان دەردەخەن. ڕێگەچارەکان کە بەرهەمی دیتنی کەسێن ئەو هێز و پێنووس و هزرانەی کۆمەڵگە دەکەن بەکۆڵەکەی ئومێد کە گەندەڵی نەچووەتە سییەکانیانەوە. بەپێی ئەوەش کێشەی گەندەڵی کێشەیەکی پزیشکی یان بیۆلۆجی (زیندەوەرزانی) نییە تا پشت بە توێژینەوەی بەردەوامی تاقیگەی (موختەبەری) ببەسترێ، چارەسەرکردنەکەی لەناو ژیانی ڕۆژانە و لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەبینرێتەوە. لەبەرئەوەی گەندەڵی درم و بەلایەکی کۆمەڵایەتییە بۆیە زۆر مەرجە لەناو لەشی خودی کۆمەڵگە گەندەڵەکەوە چارەسەر بکرێ. هەروەها بەپێی ئەوەی دیاردەی گەندەڵی بەرهەمی تێکچوونی شیرازەی سیاسییە چارەسەرەکەی پێش هەموو شتێک دڵسۆزییەکی سیاسیی پێویستە، ئەمەش پێویستی بەتەکانی سیاسیی دادپەروەرانە و یەکسانیخوازییانەی ئەو تاکە سیاسییانەیە دووچاری پەتای گەندەڵی نەبوونە. ئەوەش لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە تەقەلای بۆ دەکرێ دەستنیشانکردنی ئەوەیە کە لە کوێ و چۆن گەندەڵی تەشەنەی سەندووە و بۆش بەردەوامییەکەی چێژی لێ دەبینرێ.

سەبارەت بەخەوشەکانی ئەم نووسینەش ئەوەندە دەڵێین کە پارادۆکسەکانی گەندەڵی لە

کۆمەڵگەی کوردی ئەوەندە توند و جۆراوجۆرن بەسەختی نووسەر توانیویەتی گەندەڵییەکان پۆلێن بکا و جیاشیان بکاتەوە. چونکە گەندەڵچییەکان جاری وایە ئەوەندە شەفاف و نەرم خۆیان نیشان دەدەن، یان گەندەڵی دەکەن، بەزەحمەت دەتوانرێ رەفتار و کردەوە پڕ لە گەندەڵییەکانیان لە شوێنی خۆیدا دەستنیشان بکرێ. هەروەها گەندەڵی ئەوەندە دیاردەشی خستووەتەوە بۆ نووسەر نائاسان بووە وەک خۆی ئەو دیاردانە دەستنیشان بکا. بەڵام هەوڵیشی دراوە بەجۆرێکی سیستەماتیک قسە لەسەر دیاردەکان بکرێ و ئەو نێوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیرییانە بخرێتە بەرباس کە دیاردە گەندەڵەکان پەرە پێ دەدەن. هەروەها ئێمە بۆ ئەوەی بەسەر کەموکورییەکانی تێکستە جیاکانی ئەم کتێبە سەر بکەوین، کارمان بۆ ئەوەش کردووە کە تا رادەیەکی زۆر ئەو ئاراستانە بخەینە ڕوو گەندەڵییان لێ کەوتووەتەوە و دواتر ئەو دیاردانەش گەندەڵی کردوونی بە فۆرمی خۆی. بۆیەشە لە زۆربەی ئەو دەرگەیانەمان داوە گەندەڵی لێیان چووەتە ژوورەوە و تا پێشمان کرا بێ هێناومانەتە گۆ. هەر ئەمەش جارێکی تر وای کردووە نووسینەکان ناسنامەی جیایان هەبێ، باس لە داد، باس لە کردەی نووسین، باس لە ئەنفال و باس لە هزری سیاسی و... هتد. ئەمەش لەسەرێکی ترەوە مانای بۆ ئەوە هەبووە نووسینەکەمان بەگشتی لەو جۆرە کتێبە سیستەماتیکە سۆسیۆلۆجی یان سیاسییانە نەچێ قسە لە گەندەڵی دەکەن.

٤- بۆ لە تێکستەکانی دوو توێی ئەم کتێبە زۆر جەخت لە دوو توێژی کۆمەڵایەتی (سیاسی و رۆشنبیر) کراوە؟

لە دوو توێی نووسینەکانی ئەم کارە گەلێ سەرنج خراوەتە سەر دوو توێژ لە توێژەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵیی ئەمڕۆی کوردستان. ئەو دوو توێژە یەکێکیان توێژی سیاسییە و ئەوی تریش توێژی رۆشنبیر بە گشت جۆرەکانیەوە (هونەرمەند، رۆژنامەوان، ئەکادیمیکار، دڵدار، نووسەر و... هتد). بەڵام هۆی ئەوەی ئێمە ئاوا جەختمان لەم دوو جۆرە توێژە کۆمەڵایەتییە کردووە، زۆر بەکورتی (چونکە دواتر لە میانەی نووسینەکان ئەوە روون دەبێتەوە) ئەوەیە کە، بۆ ئەوەی گەندەڵی هەردەم گەنج و سەروەر بێ دیارە بەشێوەیەکی شەفافیش بەردەوام بێ و لە گشت شوێنێکیش هەبێ توێژی سیاسی پێویستی بەتوێژێکی کۆمەڵایەتیی ترە تا ئەوە مەیسەر بکا و ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەش کە بەبێ گومانەوە توێژی سیاسی لێی ڕادەبینی بەشداری لە پەرەدان بە گەندەڵیدا بکا توێژی ڕۆشنبیرە.

توێژی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگە گەندەڵەکاندا لەبەرئەوەی کەمدەرامەت و ناپسپۆرن، ئەمە وا دەکا ئەم جۆرە توێژە لە کۆمەڵگە گەندەڵەکان لە زۆر شوێن و بواردا ئامادە بن. چونکە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا زۆر گرینگ و پێویستە هەمووان خۆیان وا دەرخەن رۆشنبیرن (ڕۆژنامەوانن، ئەکادیمیکارن، هونەرمەند لێزانن، وەکی تر نووسەرن و دەکارن بنووسن). هەر بۆیەشە رۆژنامەوان لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە لە زۆربووندایە، ژمارەی ئەکادیمیکاران لە بەرزبوونەوەدایە، ئەمە و بگرە لەم جۆرە کۆمەڵگانە کەم کەس هەیە نەیەوێ ببێ بەهونەرمەند، ئەمە و گشت شار تێکڕا دەنووسێ (یان

بووه بە نووسەر و ڕۆژنامەوان) و تێکست لێرە و لەوێ پەخش دەکا و بگرە زۆرینەش قوتابیی زانکۆیە و ئەوەی نەختێ خوێندەواریی هەبێ دەیەوێ بەکالۆریۆسێک وەربگرێ دواتر بیر لە ماستەر وەرگرتن و دوکتۆراش دەکاتەوە، بۆیە پەتای ماستەر وەرگرتن و دوکتۆرا خوێندن ئەمڕۆ لە کوردستان لە پەتا کۆمەڵایەتییە سەیرەکانە کە بەرهەمی گەندەڵیی سیاسی و ئەکادیمییە و بەس.

هەر تایبەت بەڕەخنەکردنی ئەم دوو توێژە کۆمەڵایەتییە بەپێویستمان زانیوە لە دوو تۆی لاپەڕەکانی ئەم کارەمان ڕەخنەی نووسینی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆڵی میدیاش لە زەقکردنەوەی ئەم دوو بوارەدا بکەین. لە میانەی تێکستەکاندا ئێمە ڕەخنەی ئەوە دەکەین بۆ دەبێ ئەو هەموو بایەخە بە ئەدەب و سیاسەت بدرێ لەناو ئێمە و سەرچاوەی سەرەکیی ئەم دیتنەی ئێمە دەخوازێ ئەو بینینە لای خوێنەر دروست دەکا کە لەناو ئێمە چ جۆرە ئەدەب و سیاسەتێک نەشونما دەکا و میدیاش چ ئەدەب و بیرێکی سیاسی بەخێو دەکا. واتە ئێمە ئەو دوو بوارە (ئەدەب و سیاسەت) بە دوو بواری زانینی ناکاریگەر و بێ مانا نازانین، بگرە دژی ئەوەین نووسینی ئەدەبی و سیاسی فیتشی بکرێ (ببێ بەشت) و، ئێمە بەلامانەوە زێدە گرینگە ئەدەب و سیاسەت خودی خۆیان بن و لە بەشە هزرییەکانیش بن لەلایەک و، لەلایەکی تر بەشی بوارە و پۆلەکانی تر لە زانین نەخۆن. کرۆکی ئەم وتنەش لەوەدا جارێکی تر خۆی چڕ دەکاتەوە کە ئێمە دەمانەوێ لەمیانەی نووسینەکاندا ئەو وێنەیە لای خوێنەر بەرجەستە کەین کە بۆ دەبێ گشت نووسەری کورد ئەمڕۆ بە ئەدەب و سیاسەت نووسینەوە سەرقال بێ و، شوێنێک بۆ پسپۆڕیتر و بۆ پسپۆڕیەتی بەگشتی نەمێنێ. بڵاوبوونەوەی پەتای ناپسپۆڕی لە کۆمەڵگەی گەندەڵ، لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەی زانکۆ و پەیمانگە و هەڵگرانی بڕوانامەی ئەکادیمی ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە، کارێکی وای کردووە بواری ئەدەب و سیاسەت زۆر لاواز و بێ ئاست خۆیان نیشان دەن. ئەمە و ئەو هەموو بایەخەش بە ئەدەب و سیاسەت و ئەمجار بەو شێوەیەش کە باسمان لێوە کرد، وای کردووە ئەمە لەسەر بایەخدان بێ بە بوارەکانی تر وەک : زمانەوانی، شیکردنەوەی دەروونی، ئەنترۆپۆلۆجیا، فەلسەفە و کولتوورۆلۆجی و... هتد. ئەمە و بێ ناویی گەلێ زانستی تریش وەک: زیندەوەرناسی، فسیۆلۆجی (کارئەندامزانی)، دەروونناسی، تا دەگاتە ماتماتیک (بیرکاری)، فیزیا و جوانکاری و ئیتیک کاری داهێنانی تەپاندووە و بەرچاوترین فاکتیشە لەسەر بێ داهاتوویی نووسینی تازەی کوردی.

بەهاری ٢٠٠٩ – ستۆکهۆڵم

دەروازە

# پیشەسازیی دارمان و گەندەڵی

گــەندەڵی لەم ســـاڵانەی دواییــدا بـووە بەبـوارێکـی بەپیت بـۆ توێژەرەوەکــانـی بواری زانســتــە کـۆمـەڵایـەتـیـیـەکـان[٩]. ئەمـەش بەزۆری لەبەرئـەوەی باسکردن لەسـەر گـەندەڵی باسـکردنە لەسـەر هەنووکەییترین شـتی کۆمـەڵگەی گەندەڵ. کۆمـەڵگەی گەندەڵیش جۆرێکە لە جۆرەکـانی کۆمـەڵگە کە لە جیهانی ئەمرۆی ئێمەدا، لێرە و لەوێ بوونیان هەیە، ئەم جۆرە کـۆمەڵگەیانە بەزۆری لەو شوێن و بەشانەی جیهان سەر دەردێن کە رژێمـە زەبرخواز و دیکتاتۆرەکان تێیدا روویان لە ئاوابوون ناوە، یاخۆ ئـەم شێوە کۆمەڵگەیانـە لەو بەشـەی جیـهاندا دەردەکـەون کە بۆ مـاوەیەکـی زۆرە وڵات بەدەست ئاشووبی جەنگ و شـەڕی ناوەخۆ و توندوتیژیی سیاسییەوە ناڵاندوویەتی. بەڵام کۆمەڵگەی گەندەڵ نە کۆمـەڵگەی ئەبـەدییـە و لەوە چووەتە دەر کـە کێشـەکـانی چارەسـەر بکرێن و نەش کۆمـەڵگەیەکـە چارەسـەرکردنی کێـشـەکانی هێندە ئاسـان بێ. وەکـی تریش یەکێک لە گرفتـەکـان ئەوەیە کـە لەو کۆمەڵگایانەش کە دەسەڵاتدارانی سیاسی تێیاندا لە ڕێگەی خەباتی پارتیزانییەوە (شـەڕی چەکدارییەوە) گەیشتـوونە بە دەسـەڵات ئەوەیە زۆر ئاساییە ببن بەیەکێک لە کۆمـەڵگە گەندەڵییەکان یان بە بەشێک لە کۆمـەڵگەی ستەمکاریی سیاسـی و توندوتیژی و پێکدادانی خێڵەکی. ئێمـە کە بەر بەشـی یەکەم کەوتین کەم تا زۆر پریشکی دووەمیشمان هەر بەرکەوتووە.

ئەڵبـەتە، ئـەو کۆمـەڵگەیانەش دووچاری هەڵوەشـانەوەی سـیـاسـی و ئایدیۆلۆجـی دەبن (بۆ نموونە کـۆمـەڵگەکانی، یـان وڵاتانی، بلۆکی سـۆسـیـالیسـتـیی پاش هەرەسـی ئایدیۆسـیـاسـیی یەکـەتیی سـۆڤـیـەتی جـاران و، یاخـۆ کۆمـەڵگەیەک وەک کـۆمـەڵگەی عێـراقی دوای ئاوابوونی بەعـسـیـزم ) زەمینەی ئەوەمـان تێدایە کـە بەقـۆناغی بەگەندەڵبـوونی سـیاسـی و ئابووری و رۆشـنبـیـریدا بڕۆن. وەکی تریش نابێ ئەوەشـمـان لە بیر بچێ ئەو وڵات و کۆمەڵگانەی دووچاری کودەتای سـەربازی یان دارمــان (کــۆلاپس)ی ئـابووری دەبن، زۆر ئاســاییــیــە بـۆ مــاوەیەک بەهەمــان دەردەوە، دەردی گەندەڵییەوە، بتلێنەوە.

ئەگەر هۆکـارەکانی پێوەبوون بە درمـی (دەردی) ناوبراوەوە لە زۆربەی کۆمـەڵگەکان تا ڕادەیەک هـاوشـێوە بن و بەردەوامبوونەکەشی بکارێ ئاکامی هـاوجۆر بخـاتەوە، بەڵام شـێوەی پێوەبوون بەم درمــەوە لە گـشت کـۆمـەڵگەیـەکی وەک یەک نیـیـە. وێڕای ئەمـەش ڕەنگە دیاردەکـانی گـەندەڵی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر وەک یەک نەبێ ئەمـەش لە بنەڕەتدا پێوەندیی بەتوانای ئابووری و ئاسـتـی هـۆشـیـاریی تاکـەکـەس و دۆزی سـیـاسـی و کـولتـووریی ئـەو کـۆمـەڵگەیەوە هەیـە، پێش دووچاربوونی بەدرمی ناوبراوەوە. لەم ڕووەشـەوە دەکرێ ڕووسیای ئەمرۆ بەنموونە وەربگیرێ

لەسەر ئەوەی وترا. چونکە شێوەی گەندەڵی لە ڕووسیا، نە عێراق دەچێ و نەش لیبیا و ڕەوەندا. هەروەها لەسەر بناغەی هەمان نموونە ئەوەش دەڵێین کە پاش کۆلاپسی کۆمۆنیزم ئەو گەندەڵییەی لە کۆمەڵگەکانی پاش کۆمۆنیزمدا بڵاو بووەوە وەک یەک نەبوون و هەوڵەکانی چارەسەرکردنیشی، تا ئێستاش بەردەوامن، هاوشێوەی یەک نین.

لێرەوە دەمانەوێ بڵێین کە ئەوەی لەم کۆمەڵگەیە بە گەندەڵی دادەنرێ، لەوی تر ئەوە نییە[١٠]. بۆیەشە جۆری گەندەڵیی بلۆکی کاپیتالیزم لە گەندەڵییەکانی کۆمەڵگەی کۆمۆنیزم ناچێ، ئەوانیش لە گەندەڵییەکانی کۆمەڵگەی پۆست - کاپیتالیزم و کۆمەڵگەی پۆست-کۆمۆنیزم ناچن، تەنانەت ئەمانەش لەو گەندەڵییانە جیان لە کۆمەڵگە سەربازی و توتالیتارییەکاندا هەن. کەوا بێ، کاتێک قسە لەسەر کۆمەڵگەی گەندەڵیی کوردستان دەکەین، پێویستە تەنیا بەو دیاردە و ڕووداوە درماوییانەوە پێوەندیدار بین کە لە کۆمەڵگەی گەندەڵیی کوردستانی ئەمێستادا بڵاو و زاڵن. واتە لەبەرئەوەی پیشەسازیی گەندەڵیی کوردی، تایبەتێتیی خۆی هەیە و بەرهەمی دۆزێ تایبەتە لەم نووسینەدا تەنیا بەو دۆز و بار و هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییانەوە سەرقاڵ دەبین لە شوێنێ وەک کوردستانی ئەمڕۆ بەرهەمهێنەری ئەم پیشەسازییە بێ نرخ و زێدە بێ مانایەن.

ئەم نووسینە، کە بە چەند بەشێک باس لە کۆمەڵگەی گەندەڵ و دیاردەکانی دەکا، بە کۆمەڵگەی ئێستای کوردستانەوە تایبەت کراوە. بۆ ئەوەی ئەمەش بکرێ لەو شوێن و شتانەوە وەسەرەتا دێین کە بوونەتە مۆڵگە و بەرپرسی ئەم گەندەڵییە و ئەڵبەتە دیاردەکانیشی. بۆ ئەو مەبەستەش دەمانەوێ لەوێوە دەست پێ بکەین کە پێی دەڵێن ساڵی ڕاپەڕین، ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١، چونکە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ لە ڕووی سیاسییەوە بەرهەمی ئەم ڕووداوەیە، ڕووداوی ڕاپەڕینی ١٩٩١. بەڵام ئەم بەرهەمە بەچەند قۆناغێکی لە بەکاربردن و وەبەر هێنانی سیاسی تێ پەڕی و، ئەو بەکاربردن و وەبەرهێنانانەش ئەمەی لێ دروست کرد کە لە ئێستادا لە گشت ڕوویەکی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە ئامادەییان هەیە. ئەو هەلومەرجە کە لەگەڵ ویستی هەمووواندا یەک ناگرێتەوە هۆکارەکانی چەند جەمسەرییە و یەک لەو جەمسەرانە ئەوەیە کە بەروبوومەکانی ڕاپەڕین وەک خۆیان نەپارێزران و لە شوێنی خۆشیاندا وەبەر نەهێنران. کێشەکە هەر ئەمە نییە بگرە ئەوەشە کە ڕاپەڕین وەک ڕووداوێکی سیاسی کە دەکرا گەشە بە بیری سیاسیمان بدا، ئێمەی بەرەو گەندەڵی برد. لێرە ئێمە خۆمان لەگەڵ بۆچوونێکی فەیلەسووفی فەرەنسایی فیلیپ لاکۆ- لابارت، هاوکۆک دەکەین کە پێی وایە شۆڕش، شۆڕشی سیاسی، لە ڕۆئاوا گەشەی بە ئیدیای سیاسی داوە، بەڵام شۆڕشەکان بەرەو تێرۆر چوون[١١].

وێڕای ئەو ئاماژە کورتەی لای سەرەوە پێویستە ئەوەش بڵێین کە ڕاپەڕینی ١٩٩١ کە کۆمەڵێک وانەی سیاسیی ئاڵۆز و ناسانا لە هەناویدا بوو، زۆنێکی سیاسیی بۆ کورد (ئەڵبەتە بە یارمەتیی ڕۆئاوا) هێنایە کایەوە ئەم زۆنە زەمینەیەکی سیاسیی بۆ خۆبردنە ڕێوە هێنایە پێش. خۆبردنە ڕێوە کە سەرەتا زۆر نامەدەنی و نالۆجیکی بوو و بەگەڵێ قۆناغی سەیری تراجیدی ئامێزیشدا تێ پەڕی، هەر لە تاڵان و شت ئاودیوکردن و شەڕی ناوخۆوە بگرە تا دەگاتە سازشی دوو حزبە سیاسییەکەی کوردستان لە تەک دوژمن، لەسەر حسێبی جیاوازیی سیاسی لە تەک یەکدا و لە

هەمـوو ئەوانەش تراجـیدیتـر تەوژمی بەجـێـهـێشـتنی کـوردسـتـان بوو. هەروەها قـێزکـردنەوە لە بەرەکـانـی ڕاپەڕین، کـە ئـازادی یەکـێک بـوو لەوانە، بوو بە ئـامـانج. بەڵام گـرینگە ئەوە بزانین کـە هەریەک لەم دیاردە و ڕووداوە نێگەتیڤ و نالۆجیکییانە کە سەرهـەڵدانیان هۆکاری خـۆی هەبوو و بەرەنجـام و ئاکامی تا بڵێی سەیریشـیان لە پاش خـۆ بەجـێ هێشت کە مەزنتـرینیـان دروستبـوونی ئەم کۆمەڵگە داڕماو و گەندەڵاوییەی ئەمڕۆیە کە هەموو پێوەی دەناڵێنین.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو چەند دوا دێرەی لای سـەرەوە پێمـان باشـە ئەوەش بڵـێین، ئەوانـەی لە سـەرەتاوە لەنـاو شـار دەسـتـبـەکار بـوون ئەو دەسـتـەبژێرە سـیـاسـیـیـە بوون کە مـاوەیەک لەوەوبەر پارتیزانی کورد بوون، واتە خەڵکانێک کاری بەڕێوەبردنیـان لە داوودەزگاکاندا گرتە ئەستۆ پێشـتر لەناو جـۆرە ژیانێکی تر کـاتەکانیـان بەسـەر بردبوو و هـیچ وەختـیش بیـریان لەوە نەکـردبووەوە لە شاردا بێن بە بەڕێوەبەر. ئەم کەسانە کە سـەر بە چین و توێژ و نەوەی جۆراوجـۆر و ناکۆک و ناتەبا بوون، هزر لە پـاشـیش بوون یان هیـچ نەبێ هزری سـیـاسـیـیـان سنووردار و ناسـەردەمی بوو. ئەم پارتیـزانە کـوردانە ئەو پارتیـزانـانە بوون سـاڵانێک لە تەمــەنیـان نەک هـەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنێکی خـوێندۆست و مـەرگبـازی وەک بەعس بەسـەر بردبوو، بگـرە شـارەزاییـیـەکی چاکیـان لە سازشـی سیاسـی و ئاشبەتاڵ و شەڕی براکوژیشدا هەبوو. بۆیە کاتێ ئەم کەسانە کە بەم ڕابردووە سیاسییەوە هاتنە ناو شـار، ئەم ڕابردووە سیاسییە ماڵوێرانکەرەشیان لەگەڵ خۆیاندا پەلکێشی ناو ڕێکخسـتـەکـانی شـار و ئیـدارە و دواتر پـەرلەمـان و وەزارەت کـرد و، ئـەوەش بەدڵنیـاییـیـەوە هەقایەتی سـیاسیی سـەیر سـەیری لێ دروست بوو کە گەندەڵی بوو بەیەکێ لە ڕوخسارە هەرە دیار و ناشیرینەکانی ئەم هەقایەتە سیاسییە.

بۆیە لێرەوە و لەم بەشی یەکـەمـەی نووسـینـەکەوە (کە لە ڕاسـتـیدا دەروازەی کـتێبـەکـەیە) تێ دەکۆشین وێنەیەک لەسـەر جـۆری کـارکردنەکەمـان تایبـەت بەم جـۆرە کـۆمـەڵگەیە بخـەینە بەرچاو و تەئکیـد لەسـەر ئەو پاکـڕەوشـتـییـەش دەکـەینەوە کـە دەبایـە لەناومـاندا لە بری گـەندەڵی گەشـەی بکردبایە.

ئەم نووسـینە کـە بەش بەشـە هەر بەشـە و بەجـۆرێ و لـەسـەر بناغـەیەک بەدەوری نـاوونیـشـانی بنەڕەتیی نووسینەکەدا دەخولێتەوە بەڵام هـەر بەشـەش خاوەنی ناسنامەی هزری خـۆیەتی و ئامانج و ویستی لە هزراندن تایبـەت و ڕوونە. بۆیە هەر لەم سەرەتایەوە بەپێوستی دەزانین مەبەستمان لە نووسـینی ئەم بـابەتە ڕوون بکـەینەوە. چونکە بـێ ئەو ڕوونـکردنـەوەیە، نـاکــرێ بەئـاسـانـی ئـەو تێگەیشـتنە لای خـوێنەر لەسـەر ئەو بـاسـانە دروست بکرێن کـە دواتر دەمـانـەوێ بەچەند بەشـێک لەبارەیانەوە بدوێین. بۆ ئەو مـەبەسـتەش دەمـانەوێ بڵـێین: ئەم نووسـینە، کە بەسـەر چەند بەشـێکدا دابەش کراوە، کـار بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ دیاردە و ڕووداوی دزێو و گەندەڵ و ڕوخسار ترسناک دەکا کە لە تەک گەندەڵی لـە کۆمەڵگەدا هـاتوونەتە کایەوە و شـیاویشـیـان لە بەردەم تەشـەنەسـەندنی ڕەوشـتی بەدیدا دروست کـردووە. بۆ ئەوەی ئەوەش بکـەین هـاتووین لە مـیـانەی نووسـینەکاندا ئاوڕ لەو دیاردە نێگەتیـڤـانە دەدەینەوە گـەندەڵی خـسـتـوونیـەتییـەوە و هـەروەهـا ئەو بوارانەش بەسـەر دەکەینەوە کە گـەندەڵی پشتیان پێ دەبەستێ. کـە زۆربەی ئەو شیاوییانەش لەناو کـۆمـەڵگەی کوردی

پێش دووچاربوونی بە درمی گەندەڵی ئامادە بوونە. کەوا بوو بابەتەکە باس لە جۆرێک لە جۆرەکانی کۆمەڵگە دەکا کە پڕ بووە لە دیاردەی سەیر سەیر، ئەم دیاردانەش کە بەرهەمی ڕاستەوخۆی ڕەوشتی گەندەڵین، کۆمەڵگەی گەندەڵ بەهۆیانەوە ڕۆژانە خۆی نوێ دەکاتەوە و، ئەڵبەتە لە ڕێگەی باسکردن لەو دیاردانەوە کار بۆ دۆزینەوەی نیشانە و ڕوخسارەکانی کۆمەڵگەی ناوبراویش دەکرێ. ئەم کۆمەڵگەیە، کە بە کۆمەڵگەی گەندەڵ ناوبراوە، ئەو کۆمەڵگەیەیە بەشێک لە دانیشتوانەکانی گۆی ئەم زەوییە خەریکن دەیژێن. هەروەها ئەم کۆمەڵگەیانە کە لێرە و لەوێ بوونی هەیە پێوەندییان بەو میکانیزمە دژوار و داڕزاوانەوە هەیە بەرهەمیان هێناوە و کردووشیانە بە جۆرە پیشەسازییەک هەموو کات لە بەرهێنانەوەی خۆیدا بێ.

بێ ماناش نابێ هەر لەم سەرەتایەوە دەست بۆ ئەوەش ڕاکێشین کە کۆمەڵگەی گەندەڵ لە بوونیدا کۆمەڵگەیەکی دژە جەمسەری کۆمەڵگەی ماف و ئەرک و هەروەها کۆمەڵگەی داد و یەکسانییە و شوێنی کوشتنی ئازادیی ڕاستەقینە و دادپەروەریی سیاسی و کۆمەڵایەتیشە.

با بزانین بۆ ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دژە جەمسەری کۆمەڵگەی ماف و ئەرکە یان دژە جەمسەری کۆمەڵگەی داد و یەکسانییە؟ بەخۆی ئەم لایەنە وردە وردە لە بەشەکانی نووسینەکە ڕوونتر دەچینە ناوی، بەڵام لێرە هەر ئەوەندە دەڵێین کە کۆمەڵگەی گەندەڵ شوێنی خۆشاردنەوەی کەسانی مونافیقی سیاسی و ڕۆشنبیرییە، هەروەها حەشارگەیەکی باشیشە بۆ دروستبوونی هەندێ کەسایەتی لەوانە بازرگانی (و بەڵێندەری) بێ هزری ئابووری و بێ ئاگا لە پرەنسیپەکانی مافی کارمەند و ڕێساکانی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان، هەروەها تا بڵێی داڵدەییی زێڕینیشە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ بالاخانە بۆ تێکستە گەندەڵەکانیان هەڵچن یان پەرە بە سالارخوازیی ڕۆشنبیریی خۆیان بدەن.

هەروەها ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە کەسانێکی سیاسیی ئەوتۆش دروست دەکا ئەوەندە لە ماف دەگەن تا وەری دەگرن، بەڵام بێ ئەوەی ئەرکیان هەبێ و بێ ئەوەی مافبەخش بن. هەروەها ئەمانە کە ماف زەوتکەرن تەنیا نوێنەری مافی خێڵی خۆیانن. ئەمانە (واتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ)، کە بەوە قەڵس دەبن باسی ئەرکیان لە تەکدا بکەی، نە هزرێکی تەواو سیاسییان هەیە و نەش ئابووری و یاسایی و بگرە ئەوەندە بیرۆکراتیش نین. ئەمان کە دژی باسن لە ئەرک، هۆیە بنەڕەتییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ژیانی پارتیزانی ئەمانە بەخۆی ئەو ئەرکە بووە لە ڕابردوودا کێشاویانە بۆیە بۆ ئەمانە ئێستای ئەمڕۆ تەنیا بریتییە لە وەرگرتنی ماف و بەس. بەڵام گرفتەکە لێرە ئەوەیە وەرزی ماف وەرگرتنی ئەمانە ئاوابوونی بۆ نییە و قەد جارێکی تر نایانەوێ ئەرکیان هەبێ. ئەوەش کە ئەمانە ئەمڕۆ بوونە بەهەندێ سیمبول (وەزیر، سەفیر، پەرلەمێنتار یان بەرپرسی سەندیکا یان ڕادیۆ) ئەمە بۆ ئەمانە هەرگیز بە ئەرک ناژمێردرێ چونکە ئەمانە ئەرکە گەورەکەیان ئەوە بووە کە لە ڕابردوودا هەیانبووە، واتە ئەوەی کە لە ڕابردوودا بەرەنگاری دیکتاتۆرەکان بوونەتەوە. بۆیە کەسی سیاسیی کۆمەڵگەی گەندەڵ، کە پێشتر پارتیزان بووە (چەک لە شان بووە) نایەوێ جارێکی تر باسی بەجێگەیاندنی ئەرکی لە تەکدا بکرێ. ئەم تێکچوونەی پێوەندیی نێوان ماف و ئەرکیش لە کۆمەڵگەی گەندەڵ، کە فەلسەفەیەکی سیاسیی قووڵ، پێویستە شی بکاتەوە،

ڕیشـاڵی واتاگـەلێکی وەک یەکسـانیـخـوازی، دادپەروەری و ئازادیشی تێک داوە؛ چونکە کـەسـە گـەندەڵەکـانـی کـۆمـەڵگەی ناوبراو، جـا سـیـاسـی بن یان بازرگـان یـان ڕۆشنبـیـر، تا ئـەو شـوێنە دادخوازن کە مـەرام و ویستـەکانیـان تێر دەبێ، ئەگـەرنا چەند بەوشـەی وەک ئـەرک قـەڵس دەبن، چەند قاتی ئەوە بەوشەی وەک داد، یەکسانی و ئازادیی ڕاستەقینە (نەک ئازادیی بەپیشەسازیبوو) قـەڵس دەبن. ئەم لایـەنانە کـە دواتر ڕوونتـر و بەرینتـر دێینەوە سـەریان دڵۆپێکن لەو ڕەخنـانەی نیازمانە بیانخەینە بەرچاوی خوێنەرانی ئەم نووسینە.

هەر لەم سـەرەتایەوە پێمـان باشە ئـەوەش بڵێین، هـەندێ شت، هەندێ ڕووداو و دیاردە و دۆز، لە ژیانی ڕۆژانەدا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی سادە و نائـاڵۆز هـەیە، بەڵام بەپێچەوانـەوە هەندێ شتی تر ڕوونـکردنەوەی توانـا و شـیـاوییـەکی تایبـەت و دەگمــەنی دەوێ. بۆ نموونە ئەو شــتـانـەی لە لاپەڕەکـانی لای خـوارەوە دەخرێنە سـەر کـاغـەز بەشـێکن لەو شـتـانەی مـرۆڤ پێـویست ناکـا لە ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنیاندا دۆش دامێنێ و سەری دنیـا لێ بێتەوە یەک. بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێویستـە لەوە بەئاگابین ئەو شتـانەی لای خوارەوە باس دەکرێن نە لاوەکین و نەش بێ مـانا، نە بێ بەهـان و نەش پەڕاوێز، بەڵکە ئەوانـە شـتـگەلێکی ڕۆژانـە و چەندبـارەن و تاک و هـاوولاتیی کـورد پێویستی بە زانین و هزرێکی ئەنسکلۆپیدی (مـەوسوعی) نییـە تا لێیان بگـا، بەڵام هەندێ شتی تر، هـەروەک وتمان، بەم جـۆرە نییـە و ڕەنگە مـرۆڤ بۆ گـەیشتن لە هەندێ شت پێـویستی بەزانیـاری و پسـپۆڕی و تێ خـوێندنەوەیەکی قـووڵ و زۆری گەلێ ئـەرشیف و دۆکومێنت بێ. بۆ نموونە کەسـێک بۆ ئەوەی لـەوە حـاڵـی بێ کـۆپیکردن لە بواری بیـۆلـۆجیـا (زیندەوەرناسی) شـتـێکی نائیـتـیکـیـیـە (ناڕەوشـتی)یە پێویسـتی بەوە دەبێ لـە دوو شت بگا یەک لە ئاراسـتـەی هیـۆمـانی (مرۆیی) و توانا زانسـتـییـەکانی خـودی بیـۆلۆجیـای هاوچەرخ و دواجـار لە مـانای ئەوەی چ شـتـێک ئیـتیـکییـە و چ شتێکیش نائیتیکییـە یان بەواتایەکی تر چۆن شت ئیتیکی دەبێ و چۆنیش شت نائیتیکی دەبێ. ئا لەم حاڵەتەدا ئەو کەسە خۆی لە بەرامـبەر دوو جۆر لە زانستدا دەبینێتەوە کە یەکێکیان بیۆلۆجیایە و ئەوی تریش ئـیتیک. ئەم لایەنـەش ئەو مـەرجە لەم کـەسـە داوا دەکا زانیـاریـی و لەبارەی ئەو دوو زانسـتـەوە هـەبێ. کـەواتە ئەم کـەسە زانین و تێگەیشـتنە شـەخسی و سـەرپێیییـەکانی، کـە بەخـۆی بەشـێکن لە ئەزمـوونی کەسی ئەم کـەسـە، یارمـەتیی ئەوەی نـادەن لەو پرسیـارە بگا کـە بەم شێـوەیە خـۆی فـۆرمـولێرە دەکا: ئـاخـۆ ڕاسـتـە دیاردەی کـۆپیکردن شـتـێکی ناڕەوشـتـییـە؟ بەڵام شـتی تر بۆ نموونە وا نییـە و ڕەنگە هـەمـان کەس ئەو زانیـاری و داناییـە تایبـەت و ڕیزپەڕەی نەوێ تا لـەو شتـە بگا. بۆ نموونە ئەو کەسە بەوە ناچێ پێویستی بەوە بێ سـەرچاوەیەکی زۆر بخوێنێنەوە تا لـەوە بگا لێدانی منداڵێک کارێکی هـەڵەیە.

پوختـەی ئەوەش لای سـەرەوە وترا، ئەمـەیە: ئەو شتـانەی لە بەشـەکانی ئەم نووسـینە بەرباس دەخـرێن وەک لێـدانی ئەو منداڵە وایە کـە لە بنـەڕەتدا کـردەیـەکی هەڵەیـە و ئەو هـەڵەیـەش زانین و داناییـیـەکی تـاک و تایبــەت لە کـەس داوا ناکـا، تـا لەوە بگا ئـەوە هەڵەیە. بەم جـۆرە، گـەلێ لەو سـەیرکردن و ڕوونکردنەوانەی لە گەلێک شوێن لەم نووسـینە چەند بەشییـە دەوترێن داوای زانیاری و داناییـیـەکی دەگـمـەن و بێ وێنە لە خـوێنەر ناکـەن تا لێـیـان بگا، ئـەم خـوێنەرە (بەمـەرجێک

خوێنەرێکی گەندەڵ نەبێ) هەر لەبەرئەوەی تاکێکی کۆمەڵگەی گەندەڵە گەر بیەوێ بەئاسانی لەو لایەن و دیاردانە دەگـا کـە لەم نووسـینە چەند بەشـیـیـەدا دەخـرێنە بەرباس. وەکی تریش زۆر بەلامانەوە گرینگە خـوێنەری ئەم دەروازەیە (دووبارە دەڵێـمەوە بەو هیـوایەی خوێنەرێکی گەندەڵ نەبێ) لەوە حاڵی بێ ئامانج لە نووسینی ئەم نووسینە چەند بەشییە لەسەر کۆمەڵگەی گەندەڵ بۆ ئەوە نییە گاڵتە بە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، یان سیاسەت و ئابووری و رۆشنبیریی ئەم کۆمەڵگەیە بکرێ، بگرە ئامانجی بنەڕەتی لە نووسینی ئەم نووسینە دەرگـە کردنـەوەیە لە هیـوایەک بۆ ژیان لەودیو دارمانە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگەی ناوبراوەوە. واتە خەمی سـەرەکیی ئەم نووسینە دروستکردنی کۆشش و دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو کۆنکرێتە لەودیو ئەو خەڵەتاندنانەی رۆژانە تاکەکان لێرە و لەوێ لە کۆمەڵگەی ناوبراو ڕێ بەدی دەکەن (سـودفەی دەکەن) و، هەروەها لەودیو ئەو بەشمەکبوونەی واتاکانی وەک ئازادی، خۆشەویستی، نووسین، هاوڕێیەتی و تا دەگاتە مانای سیاسەت و ئایدیۆلۆجیا پێوەی دەتلێنەوە. هەروەها لەرێگەی ئەم نووسینە چەند بەشییەوە هیوایەک بۆ ژیان دەخوازرێ بسازێنرێ، بەدڵنیاییەوە ئەو هیوایە لەودیو ئەو بەپیشەسازیبوونەوەی شتە جوان و باشەکان دووچاربوونە دەشێ بێتە دی. بەلام ئەم هیـوایە نایەتـە دی گەر سـەرەتا رەخنـەی ئەو دیاردە و رووداوە نالەبار و نێگەتیڤانە رۆژانانە نەکەین کـە بوونەتە بە کۆڵەکـەی ئەو دارمان و گـەندەڵیـیەی ئەم نووسینە توانجیـان تێ دەگرێ. ئەمـە و ئەم نووسـینە ئەوەش بە شـتێ زێدە نالۆجیکی و نامـرۆیی لە قـەڵەم دەدا، پاداشـتی تراجـیدیا ژیانی گەندەڵ و دارمان بێ.

کەوابێ بۆ ئێمە پرسیارە بۆ دۆزێک ئەوتۆ بۆ تاکی کورد دروست کراوە کە دەبێ یان تراجیدیا پاش تراجیدیا بژی یاخۆیش گەندەڵی؟ بەلام ئەم پرسیارە وەلامدانەوەکەی تێگەیشتن بەدەستەوە نادا تا ئەو لایەنە زێدە ورد و هەستیـارانە باس نەکرێن کۆمـەڵگەی گـەندەڵ خـۆی لێیـان نەبان کردووە، لەو لایەنانەش بەدڵنیاییەوە بەشێکیان ئەمانەن: رۆڵی نووسـەر لـە بێ نرخکردنی وشـە، رۆڵی خوێنەر لە بێ ماناکردنی کەسێتیی خۆی وەک خوێنەرێکی چالاک و راستیناس، وەک تاکێکی کـە لە جـەرگـەی رووداوەکـاندا، هەروەها رۆڵی سـیـاسی لـە تێکدانـی ئابووریـی نەتەوە و بەهەڵە بەکاربردنی وتاری سیاسی، رۆڵی رۆشنبیر، جا ئەوە سیاسی بێ یان نووسـەر، لە بەشمەکردنی ئافرەت و بەگەندەڵکردنی واتای خۆشەویستی، رۆڵی داد و دادوەر لە پێشێلکردنی واتای سزا و هەق، ئەمە و تا دەگاتە سەر چەندین لایەنی وردی تر وەک تێکچوونی باری رۆژنامەوانیی کوردی، هاتنە خوارەوەی ئاستی ئەکادیمی و پەروەردەی مامۆستا و قوتابی لە یەک کاتدا، ئابڕووچوونی راستی و بلاوبوونەوەی پەتای سۆفستایەت و رەوانبێژی و داستان ئامێزی لە کاری نووسین و بلاوکردنەوەی کوردی. هۆی ئەوەش کە کۆمەڵگەی گەندەڵ ئامادە نییە خۆی بکا بەخاوەنی ئەوەی ئێمـە بە دیاردە و رووداوی گـەندەڵ دەزانـین، کـە دواتر روونکردنـەوەیان لەبارەوە دەدەین، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا هەردەم باس لە شتە گەورە و درشتەکان دەکرێ و ئەوەی نرخ و بەها بێ بۆ شتە هەستیار و ورد و لاوەکییەکان دانانرێ.

بۆیە لە رێگەی ئەم نووسینەوە دەخوازین ئەوەش بڵێین، دارمانەکان کـە رۆژ لە دوای رۆژ لە

زیادبوون و نەشونما و جۆراوجۆربووندان، ئەمە مانای ئەوە نییە تاکی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە پشت لە ویستی سەرلەنوێ دروستکردنەوە و دووبارە دامەزراندنەوە بکا. چونکە لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە ئەوە نیشان دەدرێ لە پاش گشت دارِمانێکەوە سەرلەنوێ بنیاتنانەوە و دووبارە سازاندنەوە هەیە کە بەئاسانی نایەتە دی. بۆیە دەبێ تێگەیشتن بۆ ئەوە هەبێ لە نێوان گشت دارِمان و دروستکردنەوەیەکدا ماوەیەک یان مەودایەک لە دابڕان و پچڕاندا هەیە ئەم مەودایە وا دەکا زۆربەی دزێوی و هەڵە و غەدر و نارێکی و نادادپەروەرییەکان شوێن بۆ خۆیان بدۆزنەوە و دەرفەت لە بەردەم گشت پرۆسەیەکی بنیاتنان و چاککردنەوەش نەهێڵن. بەڵام پاش ئەو ماوەیە هەر چۆنێک بێ پرۆسەی بووژاندنەوە و سەرلەنوێ بنیاتنان دێتە دنیا و پێویستە ئەم پرۆسەیە ڕێچکەی خۆی وەربگرێ، بەڵام ئەمە ئەو دەمە ڕوو دەدا هێزی ڕاسیۆنال (عەقلانی)، کە لە تاکە جیاکانی کۆمەڵگە پێک دێن، وەک هزرەڤانی سیاسیی هزرڕوون و هزرقووڵ، وەک ڕووناکبیری بیرتیژ و بیرپڕ، بەشداری لە پرۆسەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەکە بکەن. ئێمە دەڵێین هێزی ڕاسیۆنال و هزرەڤانی سیاسیی هزرڕوون و ڕووناکبیری بیرتیژ نەک خەڵکی گەندەڵ و سیاسیی گەندەڵ، نەک ڕۆژنامەوانی گەندەڵ و ئەکادیمیکاری گەندەڵ، نەک نووسەر و خوێنەری گەندەڵ و تێکستی گەندەڵ، نەک پیاوی ڕۆشنبیری گەندەڵ و ئافرەتی ڕۆشنبیری گەندەڵ، نەک عاشقی گەندەڵ و خێزانی گەندەڵ، نەک ئازادیخواز و دیموکراسیخوازی گەندەڵ، نەک دژە ئاسایش و داخ لە دڵ و ڕقباز. چونکە ئەوانە هزر نەخۆش و بیر تاریک و هەست مردوون. ئەوانە دژی پاکڕەوشتین لە کۆمەڵگە و تا بڵێی دەترسن لە هزر و ڕەوشتی تەندروست. ئەمانە کە ناتوانن بنیاتنەر بن ڕێگری سەرەکیی بەردەم پرۆسەی بووژاندنەوە و سازاندنیشن.

کەواتە، خوێنەری بیر خاوێن و دەروون ساغ دەبێ لەوە حاڵی بێ ئەوەی لە دوو تۆی ئەم لاپەڕانەدا نووسراوە نابێ وا ڕاڤە بکرێ دەروازەیەکن بۆ وانە وتنەوە لەسەر ئیتیکی (ڕەوشتی) کەسی کورد یان ئەو سایکۆلۆجیا سیاسییەی تا ئێستا لەسەر تاکی کورد نەنووسراوەتەوە چونکە ئەوە ئەرکی ئەم نووسینە نییە و بواری پسپۆڕی ئێمەش نییە. بەڵام ئەم خوێنەرە هزرپاقژ و ڕۆح سەلیمە دەکارێ ئەم لاپەڕانەی لای خوارەوە بەوە ڕاڤە بکا هەوڵێکن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ئیتیکە ئایدیۆلۆجییە ڕۆژانەییە پڕ هەڵەیەی تاکی کورد خووی پێوە گرتووە، هەروەها هەنگاوێکیشە بۆ دادوەریکردن بەسەر ئیتیکی ڕزیو و بێباکیی کەسی سیاسی و ڕۆشنبیری گەندەڵ و دارِمانخواز. بەواتایەکی تر، لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە دەمانەوێ بەوە بگەین، پێویستە پاش گشت دارِمانێک پێویستییەک بۆ سەرلەنوێ هەڵسانەوە و دەستپێکردنەوە لە ئارادا بێ، مەرجە پاش هەر دارِمانێک کەسانێکی هزر پاک و دەستڕەنگین دەستبەکار بن. ئەمانە گرینگە کەسانێک بن ڕابردوو و ئێستایان پاقژ و داهێناناوی (پڕ لە داهێنان) بێ. ئەم مرۆڤانە کە هەن و ڕۆژانە لێرە و لەوێ دەژین لەبەرئەوەی سەر بە قەبیلە (خێڵ)ێکی سیاسی و ڕۆشنبیریی دیاریکراو نین فەرامۆش کراون و وتنەکانیان شوێنی تێڕامان و لێکۆڵینەوە نین. ئەوەش کە تا ڕادەیەک دەشێ وەک یەکێک لە هەقیقەتەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ تەماشا بکرێ ئەوەیە کە لەم جۆرە کۆمەڵگەنانەدا هەموو کات کەسانی ناداهێنەر و خوێنباز (بەمانای تایفەگەر) و دژە ماف دەبن بە نوێنەری ڕۆشنبیری،

سیاسی و ئیداریی کۆمەڵگە.

بەواتایەکی کەمتر وێژەیی و ناسۆفستای ئامانج لەم نووسینە دابڕینی تاکی کۆمەڵگەی ناوبراو نییە لە کۆمەڵگەکەی و لە هەمان کاتیشدا ئامانج بەقارەمانکردنی ئەم تاکەش نییە و، یان هەوڵی ئەوەش نادرێ ئەم تاکە بکرێ بەفریشتە و خواوەند. ئێمە کە تاکی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە جۆراوجۆر و (لێکنەچوو) دەبینین بەردەوام وەک بێ وەفا و غەداریش تەماشای ناکەین، بەڵام ئێمە ڕێگە بەخۆشمان نادەین تاکەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ، لەبەرئەوەی گەندەڵی هەڵێکی زۆری خستووەتە بەردەست، لە یەکتر جیا نەکەینەوە. واتە پێشمەرگەیەکی داماو، کە بە مووچەیەکی زۆر کەم گوزەرانیی خۆی و خاوخێزانەکەی مەیسەر دەکا، لەو سیاسییە گەندەڵباز و شەرواڵ پیسە جیا دەکەینەوە تراجیدیاکانی کورد کردی بە قارەمانی سەر شاشەکانی تەلەڤزیۆن، یان ئێمە ئەو کاسبکارە کوردەی هیچ خەتایەکی نییە ئەوە نەبێ تاکێکی کوردە و لەم کۆمەڵگە داڕماو و گەندەڵە دەژی لەو ڕۆشنبیرە سۆفستایی و قەسیدەنووسەی جیا دەکەینەوە لە ڕێگەی ڕۆشنبیرییێکی درۆیینەوە، کە ڕۆژانە لێرە و لەوێ دەیپرژێنێ، بووە بە یاوەری دەسەڵات. ئەمە و لە میانەی ئەم نووسینە ئێمە ئەو خوێنەرە بەوەفایانەی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە خەساندوونی لەو خوێنەرە سەرخۆشانە جیا دەکەینەوە توانای جیاکردنەوەی تێکستی گەندەڵ لە تێکستی خوڵقێنەریان نییە. هەروەها بەهۆی ئەم نووسینەوە ئەو نووسەرە هزر پاک و دەروون ساغانەش لەو نووسەرە سۆفستایی و پسیکۆپاتانەش (دەروون بیمارانەش) جیا دەکەینەوە تەنیا خەیاڵیان لای ئەو لەشکرە لە خوێنەرەیە بەزەبری وشە داتاشین و یان ڕیزکردنی واتا لەم ڕۆژنامە و لەو کۆوار یان لەم ماڵپەڕ و لەو سەنتەری توێژینەوە کۆیان کردوونەتەوە. مەبەست، لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە ئەو نووسەرانەی بیریان تەنیا لای ئەوەیە بەهەچ جۆرێ بێ لە سەروتارەکانیان ببنەوە تا فریای فلانە هەفتەنامە یان فیسکانە ڕۆژنامەی خەن و خوێنەرە سەرخۆشەکانیان، کە خۆیان ئاسا دەروون شەکەت و هزر شێواون، گەندەڵەکان لەو نووسەرە ڕێزدارە بێدەنگ و بەسامانە جیا دەکەینەوە بەچاوێکی بەرزەوە دەڕواننە خوێنەر و نووسین. هەروەها لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە ئەو قوتابییە بەستەزمانەی زانکۆش لەو قوتابییە بێ هیوایە جیا دەکەینەوە لە واتای بەزانکۆییبوونی قوتابییەتیی خۆی ناگا، یان ئەو ئەکادیمیکارە هزر گەندەڵە لەو ئەکادیمیکارە ڕووناکبیرگەرایە جیا دەکەینەوە لە وانەکانی خۆی ناگا و بەساڵ سەرچاوەیەکی دەگمەن و دانسقە ناخوێنێتەوە. وێڕای ئەوە ئەو ڕۆژنامە و یان ڕۆژنامەوانە بەئاگا و دژە گەندەڵییەش لەو ڕۆژنامە و یان ڕۆژنامەوانە سۆفستایی و بیزەنتییە جیا دەکەینەوە کاری بووەتە کاوێژکردنی هەواڵی چەند بارە و زانیاریی بێ بناغە و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیرییەکی نیهلیستی (هیچگەرا).

ئەڵبەتە لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە کار بۆ ئەوەش دەکەین تاکی کۆمەڵگە نە لە مێژووەکەی جیا کەینەوە و نەش ئەم تاکە و کێشەکانی بەلۆکالی بکەین. واتە نە مێژووکوژین و نەش مێژووپەرست، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئێمە مێژوو دەکەین بەبناغە بۆ گەیشتن لە تاکێکی گەندەڵ یان سیستەمێکی سیاسی و ئیداریی لە پاش و داڕماو. چونکە، بەباوەڕی ئێمە، تاکی کورد هیچی لە تاکێکی دانیمارکی یان ئیسپانیایی کەمتر نییە. بۆیە ناشێ و نابێ ئەم تاکە ببێ بە پیشەسازی بۆ

سـیسـتـەمـی گەندەڵ و دارمـاو، کـە توانای تەنیـا لە یاریی سـیـاسـیی هـەرزان و داوەشـاوکـردنی ئابووریی نـەتەوەدا هـەیـە. واتە بنـاغــە بۆ جــۆرە شــیـکردنـەوەیەک دادەنێـین لەلایەک دژی جــویـنی مێژووییە و لەلایەکی تریش پاساودانی مێژووی پێی قبووڵ نییە.

بۆیە لە میـانەی بەشـەکانی ئەم نووسینە بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی و ئەو شیاوییـانەی گەندەڵی بەرهـەمهێنەریەتی بەپێویست زانراوە جەختێکی زۆر کرێتە سەر بەگژاچوونەوەی سیاسیی گەندەڵ، ئەو سیاسییەی تـا بڵێی لەسەر مێژووی کورد مشـەخۆر بووە، ئەو سیـاسییەی تا بڵێی کەیفخـۆشـە دیکتـاتۆرەکـان کـوردیان مـاڵوێران و سـەرکـز کـرد. هـۆی ئەوەش ئەوەیە ئەم نـووسـینە بەجـۆرێکی تەماشـای سیاسیی گەندەڵ دەکا کە دژە جـەمسـەری دیکتاتۆر و زۆردارەکان نییە و بگرە ئەم جۆرە سیـاسییە ئەو شـێوە سیاسییەیە هـەردەم ئـەو تراجیدیایـانە وەبیر تاکی کۆمەڵگەکـەی دێنێتـەوە کە بەسـەری هـاتووە. سـیـاسـیی کـۆمـەڵگـەی گـەنـدەڵ کـە سـیـاسـیی پـسـیـکـۆپات (دەروون بیـمـار) و نەرجسییە (خۆویستە) تەنیا لە هـەوای سیـاسیی خۆیەتی. ئەمە و سیاسیی کۆمەڵگەی ناوبراو بۆیە دەبێ ڕەت کرێتەوە و نـابیریارییـە سیـاسییـەکـەشی بۆ خـەڵک ئاشکرا و والا کریێ چونکە ئەم (واتە سیاسیی ناو کۆمەڵگەی گەندەڵ) پێی وایە ئەم تاکە (تاکی کورد لێرە مەبەستە) بوونی نەدەبوو گەر ڕاو و ڕێوییە سیاسییەکانی ئەم (واتە تاکی سیاسیی کورد) نەبایە.

ئەمـەش بەخـۆی بەڵگەیەکی ترە لەسـەر مێـژووپەرسـتـیی ئەم تاکـە سـیـاسـیـیـە. جا چـەند بۆ نووسـینەکـانی ئەم کـارە ڕەتکردنەوەی تاکی سـیـاسـیـی گەندەڵی کۆمـەڵگەی گـەندەڵ پێـویست و گـرینگە، هـەر ئەوەندەش ڕەتکردنەوەی نووسـەر و ڕۆشنبـیـری گـەندەڵیی ئەم کـۆمـەڵگەیە. چـونکە ئەمیش (جا نووسـەر بێ یان بەگشتی توێژی ڕۆشنبیر) وای بۆ دەچێ ئەم تاکە کوردەی ئەمڕۆ هەیە بوونی نەدەبوو گـەر تێکستـەکانی ئەم (نووسـەری کۆمەڵگەی گەندەڵ) نەبایە. هـەر ئەم هێـپۆتێـزەشە وا لەم جۆرە نووسـەرانە دەکا بەو دیتنە بگەن کە بەم جۆرەیە: "من نەبوومایە تۆ نەدەبووی". ئەمە کە بیـرۆکـەی گـەندەڵاوی دای هێنـاوە هزری ڕۆشنبـیـری تا بڵـێی گـەندەڵئـامـێزیشی لە کـۆمــەڵگە دارِشتووە. ئەم بیرۆکەیەش تەنیا زادەی بیری توێژی ناوبراو نییـە بگرە بۆچوونی سیاسییەکانیشـە و هـەر لەوانیشـەوە چۆڕاوەتە ناو توێژەکانی تری کۆمەڵگەوە. سیـاسییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ نەک هـەر یەکتـر بەوە دەشکێننەوە "مـن نەبوومـایە تۆ نەدەبووی" بگرە گشت کۆمـەڵگەش بەوە قـەرزاربار دەکەن "گەر ئێمە نەباینایە ئێستا ئێوە نەدەبوون". دەلیلیشم لەسەر ئەوە ئەو وتنە نەخۆشیانەیە ١٧ سـاڵە سـیـاسـی و نووسـەری کورد گوێی دەکـەن و بەهۆیەوە ناز بەسـەر تاکی ئەم کۆمـەڵگە دامـاوەی کوردستـانەوە دەکـەن گوایە ئەوان بـەم ڕۆژەیان گەیاندووە ئەم تـاکە هـەبێ و ئەمـجـار ئازادییش بێ. خـۆی ڕاسـتـە لە گـشت کـۆمـەڵگەکـانی دنیـا توێژی سـیـاسـی و ڕۆشـنبـیـر لە توێژە داهـێنەر و خوڵقێنەرەکانن و بەرهـەمـهێنەری گەلێ بیرۆکەی نوێ و گرینگیشن، بەڵام ئەم تیـۆرییە لە کۆمەڵگەی گـەندەڵ بەم جـۆرە نییـە. چونکە دیـالیکتیکێکی قێزەون توێژی ڕۆشنبـیـر و سـیـاسـیی کـۆمـەڵگەی ناوبراو بە باقیی توێژەکـانی ترەوە دەبەستێتـەوە کە لە بەشـەکـانی ئەم نووسینە نیازمانە بیـانخـەینە بەرچاوی خوێنەران.

گەر شتێک ڕوونتر لەوی لە دوا دێری پەڕەگرافی لای سەرەوە وترا بڵێین، بەپێویستی دەزانین لەو خاڵە زێدە هەستیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەست پێ بکەین کە بەم جۆرەیە: ئەوەی سیاسیی کورد لە ڕێگەی پێشمەرگایەتییەوە گەیشتووە بەدەسەڵات ئەمە قەوانێکە وا خەریکە نووسەرانیش (ڕۆشنبیرانیش) بۆ پاساودان و شاردنەوەی ئەو گەندەڵی و دارِمانانەی ئەنجام دەدرێ ڕۆژانە لێی دەدەن. بەڵام ئەوەی پێویستە نەک هەر تاکی سیاسی یان تاکی ڕۆشنبیر بیزانێ، بگرە گشت تاکی کۆمەڵگەی گەندەڵ لێی بەئاگا بێ ئەوەیە ئێمە کە وەک کورد لەدایک بووینە لە تەک ستەم و جەور تا بڵێی پێوەندیدار بووینە ئەمەش کە بەختێکی سیاسیی میتافیزیکی بۆ دروست کردووین، ئەستەمە بەهەندێ واتای سۆفستای ڕۆشنبیری و ڕەوانبێژیی سیاسیی بەتاڵ پینە و پەڕۆ بکرێن. ئەم بەختەش لەسەرێکی ترەوە وای کردووە سیاسەت و تەنانەت ڕۆژنامەوانیش (بەواتایەکی تر نووسین) ببن بە دوو بەشی سەرەکی لە ژیانی هەر هەموومان. چونکە سیاسەت و ئەمجار نووسین لە بنەڕەتدا وەک ئامرازێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ستەم و جەورە بەکار براون. بەڵام بەکاربردنەکە وا ئێستا وردە وردە دەردەکەوێ کە دووانەیی بووە. واتە دوو خاسڵەتی و دوو ڕەوشتی بووە. ئێمە لای خوارەوە هەقیقەتێک بەرچاو دەخەین پشتگیری لەم تێگەیشتنە دەکا.

ئەو دەمەی کورد لەژێر جەوری زۆرداریدا دەینالاند، تەنیا دەستەبژێرێک کاری بەرخوردانی ئەنجام دەدا و زۆرینەش پشتگیریی لەم دەستەبژێرە دەکرد، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان تەقەی کردووە یان گیراوە یان نووسیویەتی، بۆ هەموو کات سامانی نەتەوە بەئارەزووی خۆی بەکار بەرێ. بەڵام ئەم لایەنە نەختێ گۆڕانکاریشی تێ کەوتووە. واتە لە پاش ڕاپەڕینەوە وردە وردە دەرکەوت گشت ئەوانەی پێشمەرگە بوونە و مەرگیان لە بری ژیان هەڵبژاردووە و گرتن و برسیەتی و لەسێدارەدانیان خستووەتە ژێر سەریان، نەکران و نەبوون بە بەشێک لەو دەستەبژێرەی ئەمڕۆ سامانی نەتەوەیی لە بەردەستدایە. بەتەماشاکردنێکی ئەوەش کێ بوو بە وەزیر و پەرلەمێنتار یان سەفیر و نوێنەری حزب یان حکوومەتی هەرێم یان بەرپرسی ڕادیۆ و سەندیکا و چاپخانە و سەنتەر بۆمان دەردەکەوێ ئەمانە چەند کەس و بنەماڵەیەکن و بەس. بۆیە بۆ لەمەولا و بۆ ئەوەی گەندەڵبازی و دارِمان ماڵئاواییمان لێ بکا دەبێ ئەوەندە ئەو قەوانە لێ نەردێتەوە لای سەرەوە توانجی لێ گیرا، چونکە ئەو قەوانە لێدانەوەی بەزیانی تەنیا ئەوانە ناکەوێتەوە ئەمە نەبوونە بگرە بە زیانی ئەو زۆرینەیەش دەکەوێتەوە ئەمە بوونە و ئێستاش هیچ نین. کەوا بێ، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی گەندەڵ ئاوا بێ دەبێ بکا کەسی شیاو لە شوێنی شیاو. ئەمەش داوا دەکا سیاسی وەک هزرڤان ڕەفتار بکا نەک سەرۆک خێڵ و سیاسەتیش وەک بوارێک لە هزرەڤانی تەماشا بکرێ نەک وازی و پێشبڕکێی نێوان دوو خێڵ. ڕۆشنبیرییش دەبێ شوێنێک بێ بۆ لە هێلەگدان و پاقژکردن نەک دروستکردنی کۆشکی ناو و دەسەڵاتی لاپەڕە.

بەڵام ئەوەی جێی مەراقی گەورەی ئەم نووسینەیە ئەوەیە کە گشت نیشانەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە، بەگەندەڵبوونی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری بۆ سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی کورد شتێکی ئەوەندە ترسناک نییە. ئەمەش نەک هەر لەبەرئەوەی جارجارە سیاسییەکان دەیدەن بەگوێماندا کە

گەندەڵبوونی ژیانی ئیداری و سیاسی ئەمڕۆ بووە بە شتێک جیهانی نەخێر ئەمە هەر ئەو قەوانە نییە زوو زوو بەرگوێمان دەکەوێ بگرە قەوانی هەرە ناخۆش و دەنگ نازولاڵە ئەوەیە زوو پێشمان دەوترێ مەرەکان ئیتر ترسی گورگەکەیان لەسەر لابراوە"، واتە ئیتر کورد پەلامار نادرێ، هەڵناواسرێ و گوندی ناسووتێنرێ، لەسەر زێدی خۆمان دەربەدەر و ئاوارە ناکرێ و... هتد. بۆیە بەپێی ئەم بیرۆکە سیاسییە ڕزیوە گەندەڵی ئەوەندە مەترسیدار نییە و شتێکی ناوەخۆیی و لۆکالی و کاتییە و گەر دان بەخۆمان بگرین چارەسەر دەکرێ. واتە سیاسییەکانی کورد پێیان وایە شتە هەرە ترسناکەکە گەندەڵی نییە بگرە کە زۆرداریی بەعس بوو و هەروەها ئەوەشە کە تاکی کورد مەترسیی لەناوچوون و توانەوە و پەلاماردانی لەسەر نەماوە. بۆیە بۆ سیاسیی کورد ئەو کێشانەی ئەمڕۆ هەن و کە برێتییە لە گەندەڵی و ئەو شیاوییانەی گەندەڵی خستوویەتییە بەردەست تاکی سیاسی و ڕۆشنبیری گەندەڵەوە شتی وەختی و سەرپێیین.

ئەمە (واتە ئەوەی گەندەڵی مەترسیی نییە یان شتێکی کاتییە) ئەو قەوانەیە زوو زوو بەرگوێمان دەکەوێ و هێپۆتێزێ (گریمان)ێکی تا بڵێی گەندەڵاوی و نامرۆییشی لە خۆیدا حەشار داوە. بۆ؟ چونکە ئێمە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەوەی دەکوژێ و ئەویشی دەدزێ یان تالآن دەکا نابینین و بۆیە پێمان وایە مەترسیی توانەوە و لەناوچوونی تاکی کورد تا ئێستاش هەر بەردەوامە. چونکە ئەوەی یەکەم (واتە ئەوانەی کوردکوژ بوون) یەکسەر لەناویان دەبردی و بەڵام ئەوەی دووەم (ئەمانەی گەندەڵن یان ڕەوایی بەگەندەڵکردنی ئابووری و سیاسەت و ڕۆشنبیریی نەتەوەدا دەدەن) بێ خۆشی و بێ کار و بێ داهاتوو و بێ ئابووریت دەهێڵنەوە. ئەوی یەکەم کتوپڕ هەبوونتی دەسڕییەوە بەڵام ئەوی تر لە ئایندەی دوورتر دەستکاریی هەبوونت دەکا. بۆیە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا بابەتی نەتەوەیی ئەوەندە جێی باس نییە و ڕابردووی سیاسییش تا ئەو شوێنە دەخوێنرێتەوە کە بۆ زەوتکردنی زۆرترین ماف و دروستکردنی باشترین هێز بەکار دەبرێ.

هەر ئەم دیتنانەی لای سەرەوە کارێکی ئەوتۆشیان کردووە بگەینە ئەو قەناعەتە کە: لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی گەندەڵ لە کۆمەڵگە هەرە ترسناک و بەدەکانی جیهانە، ئەم جیهانەی ئەمڕۆی ئێمە، پێویستە مرۆڤ بەدوی گشت ئەو میکانیزم و فاکتەرانەدا بگەڕێ وا لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە دەکا ئەو ئامادەیی و بەردەوامییەی تێیدا بێ لە گەندەڵی و دارمان پیشەسازییەکی سیاسی و ڕۆشنبیری دروست بکا. ئەو ڕێگەیانەش بۆ هێنانە گۆڕی ئەو میکانیزم و فاکتانە گرتوومانەتە بەر ئەو سەرنجانەن خستوومانەتە سەر دوو تاکی بەرچاوی ئەم کۆمەڵگەیە کە یەکەمیان تاکی یان توێژی سیاسییە و ئەوی تریش تاکی یان توێژی ڕۆشنبیرە (کە نووسەران و ڕۆژنامەوانان بەشێکن لێی). ئەم دوو تاکە کە دوو توێژی سەرەکیی ئەم کۆمەڵگەیەشن زۆرجار خۆیان وەک دووانەش دەردەخەن. هۆی ئەوەش سەرنجمان تەنیا خستووەتە سەر ئەم دوو توێژە یان تاکە ئەوەیە تێکڕای ئاماژەکان باس لەوە دەکەن ئەم دوو توێژە یان دوو تاکە لە بەرپرسیارێتیی خۆیان ناگەن و ڕەفتاری گرفتاوی و گەندەڵاویشیان بەشێکی زۆر لەو کۆلاپسە دەژێنێ کە دینگە (پایە)کانی کۆمەڵگەی تێک داوە. بەم شێوەیە بێ لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە ڕەخنەی دوو تاکی بنەڕەتی (سیاسی و ڕۆشنبیر) ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دەکەین و پەیتا پەیتاش ڕووی دەممان لە تاکەکانی تری

کۆمەڵگەش دەکەین (کاسبکار، کارمەند، پێشمەرگە یان سەرباز، قوتابی، خوێنەر و تەنانەت عاشق، باوک، خوشک و مێردیش)، بەگشتیش ئێمە ئەمە دەکەین تا ئەوە نیشان دەین کێ زۆرتر و دواتر چۆن و کەی و کێش کەمتر و بەچ جۆرێک کۆمەڵگە گەندەڵ و وێران دەکا. چونکە تاکە سادەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ (بۆ نموونە کاسبکار یان کارمەند یان پۆلیسی هاتوچۆ یان...) زۆر پێویستە جێبەجێکاری ئەرکەکانیان بن و هۆشیاریشیان لەسەر وەرگرتنەوەی مافەکانیان بەجۆرێ دادپەروەرانە، نەک مشەخۆرانە و گەندەڵاوییانە هەبێ. چونکە ئەوەی ئەوان ئەنجامی دەدەن ئەرک بەجێگەیاندنە جا پاک ڕاگرتنی کۆمەڵگە (شار و سروشت) بێ یان پاراستنی ئاسایش و ئازادی. بەڵام دەبێ لەناو کۆمەڵگە، باقیی تاکەکانی تری لەو ئەرکانە ئاگەدار بن کە ئەو جۆرە تاکانە ئەنجامی دەدەن، وەک (کاسبکار، کارمەند و پۆلیسی هاتوچۆ یان ئاسایش و... هتد).

هەر لە میانەی نووسینەکانی تایبەت بە دیاردەی گەندەڵی، ئێمە ڕەخنەی ئەو ئاراستەیەش لە تێگەیشتنی سیاسی و ڕۆشنبیری دەکەین ئازادیی (ئەو شتە هێژایەی هەموو تاکێکی کۆمەڵگە پێویستە ڕێزی لێ بگرێ) قێزەون کردووە، هەروەها ڕۆڵی بەدی ئەو دوو توێژەش (سیاسی و ڕۆشنبیر) دەستنیشان دەکەین لە زڕاندنی ناوی دیموکراسی و لە بەخراپ بەکاربردنی ئەرک و زەوتکردنی ماف و تێکدانی ڕیشاڵی واتای ئازادی و کردنی ئەم واتایە بە شمەکێکی هەرزان و بازاڕی. هەر لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە ئەوەش دەستنیشان دەکەین، چۆن لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا دیموکراسی بەشت دەبێ و ئەم بەشتبوونەی دیموکراسییش زۆرترین بەرژەوەندیی تاکی سیاسی و تاکی ڕۆشنبیری (لێرە مەبەست ڕۆشنبیری گەندەڵە) ئەو کۆمەڵگەیەی تێدایە. چونکە ئەم تاکانە لە ڕێگەی ئەوەوە (واتە لە ڕێگەی بەشتبوونی دیموکراسییەتەوە) دەتوانن زۆرترین پارە پێکەوە بنێن و سامانی نەتەوەش بەئارەزووی خۆیان سەرنگووم بکەن. ئەم لایەنە، واتە مەسەلەی ڕۆڵی تاکی سیاسی و تاکی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەڵ لە شاردنەوەی داهاتی نەتەوە و کۆکردنەوەی پارە لە گیرفانی خۆیان زۆرترین زەرەر لە واتای دیموکراسی و ئەڵبەتە ئازادییش دەدەن و گەورەترین زەرەرێکیش ئەو دوو واتایە لێیان دەکەوێ (واتای دیموکراسی و واتای ئازادی) ئەوەیە ڕاستی قێزەون دەبێ. ئەو دەمەش ڕاستی قێزەون دەبێ، بەهێزترین پایەی بەرز ڕاگرتنی واتای دیموکراسی دادەڕمێ کە لەگەڵ ئەم داڕمانە شتەکانی تریش وەک ماف، ئەرک، ویستی تاک، خۆشەویستی، زانین، جوانکاری و پێوەندیی تاکەکانی ناو خێزان ئەو مانایەی نامێنێ. چونکە ئەو واتایانە (واتە: خۆشەویستی، ماف، داد، ئەرک، خێزان و.. هتد) لە بەردەم تەوژمی بەشتبوونی ڕاستی ناتوانن خۆیان ڕابگرن و شتە جوان و ڕاست، هەروەها شتە باش و بەبەهاکان مانەوەیان مەحاڵ دەبێ.

بۆیە تێزی سەرەکیی ئێمە لەم نووسینە لەم ڕووەوە ئەوەیە، ئەوەی بیەوێ لە کۆمەڵگەی گەندەڵ بدوێ دەبێ کار بۆ ئەوە بکا هاوتەریبی نێوان ماف و ئەرک هەروەک ئازادی و ئاسایش، دادپەروەری و یەکسانی بپارێزێ، چونکە ئەمانە لێک دانەبراون و دوژمنی سەرسەختی سیاسەت و ڕووناکبیریی گەندەڵ و کۆلاپساوین. بەواتایەکی کورت و ڕوونتر ئەو دەمەی دیموکراسی بەشت دەبێ ڕاستی قێزەون دەبێ و ئەمەش وا دەکا پێوەندییە کۆمەلایەتی (خێزان، دڵداری)، جوانکاری

(شیعر، سینەما، گۆرانی) و سیاسییەکان (ئازادی، یەکسانی و ئاسایش) لەکەدار و نارەوشتی بن. ئەمەش پاکرەوشتی لە کۆمەڵگە دەکوژێ، پێوەندییە کۆمەلایەتی و جوانکاری و سیاسییەکان نارەوشتی دەبن؛ چونکە پرۆسەی رۆشنبیری لە ژیانی راستەقینەی خەڵک دوور دەکەوێتەوە و پرۆسەی رۆشنبیری بەهەندێ شتی سەرپێیی و کاتییەوە سەرقاڵ دەکرێ. بۆیە لە گەلێ شوێنێ لە نووسینەکە رەخنەی توند بەلام بەجێ و پێویستمان ئاراستەی ئەو تاکە رۆشنبیرانە کردووە لە کۆمەڵگەی گەندەڵ لەسەر بە پیشەسازیبوونی دۆزی سیاسی و هزری کۆمەڵگەدا بوونەتە مشەخۆر.

بۆ ئەوەی لەم دەروازەیەدا سەرنجی سەرپێیی خۆمان بخەینە روو هەر ئەوەندە دەڵێین: لەبەرئەوەی رۆشنبیری (یان نووسەری) کۆمەڵگەی گەندەڵ راشکاو و راستەوخۆ نانووسێ، لەبەرئەوەی رۆشنبیری کۆمەڵگەی ناوبراو شێوازی پەخشان ئامێزی سۆفستایی لە روونکردنەوەکانیدا دەگرێتە بەر بۆیە نە دەتوانێ دڵی رەفتاری پر لە گەندەڵی و کۆلاپساوی تاکی سیاسیی ئەم کۆمەڵگەیە لە لێدان بوەستێنێ و نەش ئەو بەروبوومە سیاسییانە (بۆ نموونە ویستی ئازادی، مافی دەربرین) لە کات و شوێنی خۆیاندا بەکاربەرێ کە بەخۆیان بەری تراجیدیا لە دوای تراجیدیاکانن نەک ئەوەی ئەو بەروبوومانە بەری رەفتارێکی شەخسیی ئەم تاکی سیاسی یان ئەو حزبی سیاسی، یان ئەم نووسەر و ئەو رۆژنامەوان بن. هەروەها لەبەرئەوەی رۆشنبیری کۆمەڵگەی گەندەڵ، بەبەردەوام دەنووسێ و لە گشت بارێکەوە دەنووسێ (سیاسی، فەلسەفی، وێژەیی، زمانەوانی، مێژوویی) و نووسینیشی کردووە بەپیشە بۆیە ناتوانێ لە نووسین و وتنەکانیدا زیاد لە پێویست نە راستەوخۆ بێ و نەش بیرقووڵ و دیدپر و چاوقایم. ئەو وەختەش نووسین یان کاری رۆشنبیری لە کۆمەڵگەی گەندەڵ دەبێ بەپیشە کەم رۆشنبیر هەیە لە جەوری بژێویی ژیان دەربازی بێ و بێباکانە (بەلام نەک هیچگەرایانە) دژی گشت دیاردە و رووداوە گەندەلاوی و کۆلاپساوییەکان بنووسێ.

بەلام لە کۆمەڵگەی پێچەوانەی کۆمەڵگەی گەندەڵ کەم کەس هەیە بە نووسین بژی و کاری تەنیا ئەوە بێ رۆژانە بنووسێ و بلاو کاتەوە مەگەر ئەو دەستەبژێرە رۆژنامەوانانە نەبن لە رۆژنامە ئازاد و سەربەخۆ گەورەکان کار دەکەن، بەلام لای ئێمە و لە کۆمەڵگەی گەندەڵ لەوە چووەتە دەرێ دەستەبژێرێک (ئیلیتێ یان تاقمێ) کاری نووسین بکا بگرە نووسین بووە بەسادەترین شت و بلاوکردنەوە هیچ خەمێکی ناوێ و ئەو ئازادییە بەشتبوو و هەمجیەی لە ئارادایە رێگەی بۆ هەردەم خستووەتە سەرپشت کە گشت گەرووێک بکارێ گوزارەکانی پەخش بکا. ئەڵبەتە ئەو ئازادییە دژ و پێچەوانەیەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا هەیە، کە دوژمنی هەرە گەورەی ئازادیی راستەقینە و مرۆڤدۆستانەیە، وای کردووە بۆ نموونە نووسینی کۆمەڵگەی گەندەڵ ئەو سامەی نەبێ و هیچ هیوایەکیشی پێ نەکرێ. مەبەستم هیوای گۆرینی هزری سیاسی یان حزبی، یان گۆرینی پێوەندییەکانی ناو خێزان یان گۆرینی تێگەیشتن بۆ واتای هاوسێیەتی، مێوانداری، سوپاس و لێبووردەیی تا دەگاتە کۆمەڵێ واتای وەک: ئەوین، سێکس، دەروون، رەوشت و... هتد. ئەمەش وای کردووە، واتە ئەوەی نووسین بێ سامە و شکۆداریی خۆی لەدەست داوە، رۆژانە ستافێکی رۆژنامەوانی سەرهەڵدا و گرووپێک لە دەستەی نووسەران لێرە و لەوێ سەر دەربێنن و تاقمێکی

تازە لە کارمەندانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی بێنە کایەوە، بەڵام ئەمانە کێشە سەرەکییەکان چارەسەر ناکەن. چونکە مەسەلەکە نە گۆڕینی ستافە و نەش سەرنووسەر و نەش بوونی کۆوار و دەستەی نووسەرانی نوێ بگرە مەسەلە هەرە بنەڕەتییەکە ئەوەیە وشە و پەیڤ لە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی بەهایەیان نەماوە و واتا و زاراوە شکۆدارییی خۆیان لەدەست داوە. بۆیە نە ڕۆژنامە و یان هەفتەنامە و نەش دەستەی نووسەرانە تازەکە دەتوانێ هزری گەندەڵاویی ڕۆشنبیر بگۆڕێ و نەش گشت وتارە ڕۆشنبیرییەکەی کۆمەڵگەی گەندەڵ دەکارێ ئەندێشەی سیاسی، سیاسییەکی کۆمەڵگەی ناوبراو، بسڕێتەوە. ئەوەی دەتوانێ ئەمە بکا ئەمانەن: کەم نووسین و باش نووسین. ڕاستەوخۆ نووسین و ڕوون نووسین. گەڕانەوەی سام و شکۆداری بۆ وتن و دەربڕین لە ڕێگەی ڕێزگرتن لە وتن و دید و... هتد. ئەم لایەنانە کە دواتر بەوردی بەرباس دەخرێن، بەشێکن لەو دیتنانەی لە بەشەکانی ئەم نووسینە بابەتی تێرامان و ئاوڕدانەوە دەبن.

بە سەرنجدان بەوەی باسمان کرد. ئەوەی گشت بەشەکانی ئەم نووسینە کۆ دەکاتەوە ئەو ئامانج و ویستەیە لە پشت دیتن و بینینەکانی ئەو وتنانەوەیە تایبەت بە کۆمەڵگەی گەندەڵ و داڕماوی هەنووکەی کوردییەوە دەوترێن و وتنەکانیش تا ئەوپەڕی لە کلێشەیەکی ڕەوشتیدا داڕێژراون و مەبەست لە وتنیشیان نە کەمکردنەوەیە لە هیچ گرووپ و تاقمێ سیاسی یان ڕۆشنبیری تەنانەت بازرگانی و ئەکادیمی و، نەش بێدەنگبوونە لە چەوتی و هەڵە و گەندەڵییەکان بەڵام لەو شوێنانەی پێویستە وتنەکان نوێنەرایەتیی ئەو ڕاستییە شاراوە و فەرامۆشکراو و پەراوێزکراوانە بکەن کە سیاسی و ڕۆشنبیر و بازرگانە گەندەڵچییەکان ترسیان لێی هەیە، ئەوا بێ سڵەمینەوە، وتنەکان لەسەر پرۆسەی وتنی خۆیان بەردەوام دەبن بەڵام لە نێوان گشت ڕەخنەکردنێک و ئەوی تردا هیوایەک بۆ ژیان لە پاش داڕمانەکانەوە بەجێ دەهێڵرێ و ئاسۆیەک بۆ سەرلەنوێ کارکردنەوە و دووبارە دامەزراندنەوە مسۆگەر دەکرێ ئەمەش لە ڕێگەی ئەو پرسیار و وەڵامانەی بە بەردەوام لە دوو توێی نووسینەکەدا قووت دەکرێنەوە و بەرپەچی ئەو پیشەسازییەی پێ دەدرێتەوە تەنیا گەندەڵچییەکان لێی سوودمەندن. چونکە گەندەڵی لە کۆمەڵگەی کوردی ئەوەندە ژیا و بەردەوام بوو و بووە بە پیشەسازییەکی پڕ لە ڕەواج و ڕۆژانە سیاسەت و ڕۆشنبیریی بەسەرەوە دەکرێ. ئەم پیشەسازییە کە شیکردنەوەی زۆری بۆ دەکرێ شیکردنەوەکان لەبەرئەوەی گەندەڵ ئامێزن وایان لە دیاردەکانی گەندەڵی کردووە وەک یەک بن بەبابەتی قسەی گەندەڵخواز و دژە گەندەڵەکان. یەک لە خەسڵەتە ترسناکەکانی ئەو قسانەش لەبارەی دیاردەکانی گەندەڵییەوە دەکرێ، کە هەر ئەوەشە وای لێ کردووە هەبێ و پێویستیش بێ، بە پیشەسازبوونەکەی دیاردەی گەندەڵییە کە بەخۆی هەر ئەوەشە وای کردووە باس لەسەر دیاردەکانی گەندەڵی ناکاریگەر بێ. واتە بێ کەڵکیی نووسین یان قسەکردن لەسەر گەندەڵی هۆی سەرەکیی بەپیشەسازیبوونەکەی دیاردەی گەندەڵییە. بۆیە لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە دەمانەوێ هیوایەک بۆ وتن لەسەر گەندەڵی و دیاردەکانی بگەڕێنینەوە، بەڵام لە ڕێگەی خودی گەڕانەوەی هیوا بۆ ئەوەی دەوترێ و یان دەنووسرێ، هەروەها بۆ خودی ئەوەی پێی دەوترێ ڕۆشنبیری و سیاسەتکردن، ئەمە و تا دەگاتە هیوا گەڕانەوە بۆ مانای ڕاستی، واتای ئازادی، یەکسانی، ماف و دادپەروەری و... هتد.

### قەرزاریی ڕەوشتی و کۆمەڵگەی گەندەڵ

# گۆڕینی دید و ڕەفتاری ڕەوشتی لە کۆمەڵگە

ئەوەی لە دوو تۆی ئەم چەند لاپەڕەیە بایەخی دەدەینێ لە فەلسەفەی ڕەوشت (موڕال)ی لۆک، هۆبز، ڕۆسۆ، کانت تا دەگاتە ڕاوڵز و نوزیک و سینگر زێدە جێی بایەخ بوونە و مشتومڕی گەرمیشیان لەبارەوە کراوە، بەڵام ئاوڕدانەوەکەی ئێمە لە خودی ڕەوشت وەک تێمایەکی گرینگ و لە شتە ڕەوشتییەکانیش، واتە ئەوەی ڕەوشتییە و ئێمە مولتەزمین (قەرزارین) بەرامبەر بە ئەنجامدانی، سنووردار و بەرتەسک خۆیان دەردەخەن. هۆی ئەوەش ئێمە بەم جۆرە کاری نووسینەکەمان دەخەینە بەردەست خوێنەر ئەوەیە ئێمە ئامانجمان لەم نووسینە کورت و چڕە هێنانە پێشەوەی قسەکردنە لەسەر ئەو لایەنانەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردیدا تا هەنووکە بابەتی تێڕامان و سەرنج خستنە سەر نەبوونە. بۆیە لەم نووسینە کورتەدا خۆمان لە مشتومڕی تیۆری تایبەت بە ئیلتیزامی (یان قەرزاری)ی ڕەوشتی و ناوەڕۆکی کردە و هەڵسوکەوت (ڕەفتار)ی ڕەوشتی بەدوور دەگرین. بەڵام هۆی ئەوەی ئێمە گرینگی بە بابەتی ئیلتیزامی (دوتی، پلیکت) ڕەوشتی لە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی دەدەین بەگشتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەم جۆرە کۆمەڵگەیە قەرزارییە ڕەوشتییەکان، کە ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندان، بۆ زۆرینە و بۆ ئەو دەستەبژێرەی بەلایەوە گۆڕاننانەوە لە کۆمەڵگە گرینگە بابەتی لێکدانەوە نین و یان دۆزی ژیانی کەسەکان لە کۆمەڵگەی ناوبراو بەجۆرێکی فۆرمی وەرگرتووە قەرزاریی ڕەوشتی بەرامبەر بە یەک و بەرامبەر بەوی تر و سروشت و دەوروبەر و دیاردەی وەک هەژاری، یان بەرپرسیاریەتیمان بەرامبەر کێشەی پەلاماردانی ئافرەت و ئازاری فیزیکیی منداڵ و پیسکردنی کەش و ژینگە و شێواندنی ستاتۆسی ئازادی ئەوەندە جێی باس و ئاوڕدانەوە نەبوونە.

بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ، لە دوو تۆی ئەم چەند لاپەڕەیە ئێمە کار لەسەر دۆکترینی گشتی ناکەین و هەروەها ناشپەرژینە سەر ئەوەی گشت ئەو دید و ئارگومێنتانە بخەینە ڕوو تایبەت بە قەرزاری یان ئیلتیزامیی ڕەوشتی دەوترێن چونکە بەشێکی زۆر لەو پرسیارانەی تایبەت بە مەسەلە ڕەوشتییەکان دەورووژێنرێن پێوەندییان بە پرسیارە فەلسەفییە ئەبەدییەکانەوە هەیە، کە مێتۆدێکی ڕوون و پەسندکراو ناکارێ وەڵامئامێزیان بکا و پرەنسیپە ڕەوشتییە کۆنکرێتەکانی کۆمەڵگەش دەستنیشان کا. بەڵام لەسەر بناغەی دەستوورێک ڕێڕەوی و پەسندکراو دێین، سەرەتا بەکورتی ئەوە ڕوون دەکەینەوە چۆن دەشێ قەرزاری یاخۆ ئیلتیزامی ڕەوشتی بناسینەوە و هەروەها ئیلتیزامی ڕەوشتی لە چی پێک دێ و چۆن دەکرێ شتی ڕەوشتی لە شتی ناڕەوشتی جیا کەینەوە، هەروەها چۆنیش ڕەوشتییانە دەکرێ ڕەفتار هەڵسوکەوت بکەین.

ئەمە و دەمانەوێ ئەوەش بڵێین لەبەرئەوەی ئەم نووسینە کورتە بە ئیلتیزامی ڕەوشتی لە کۆمەڵگەی گەندەڵ تایبەتە پاش ئەو سەرەتا پوختەی بەردەست خوێنەری دەخەین، دێینە سەر ئەو لایەنانەی کار بۆ بڵاوکردنەوەی نابینایی ڕەوشتی لە کۆمەڵگەی گەندەڵ دەکەن و ئیلتیزامی ڕەوشتی لە کۆمەڵگەی ناوبراو بێ بەها دەکەن.

ئێمە بۆ ئەوەی دەقی ئەو تێگەیشتنەی لەسەر ئیلتیزامی ڕەوشتی باوەڕمان پێیەتی بخەینە ڕوو، دەچینە سەر تەماشاکردنێکی فەلسەفی ڕەوشتی فەیلەسووفی فرەنسایی پۆل ڕیکۆر کە پێی وایە ئێمە قەرزاری مردووەکانین و مولتەزمین بەرامبەر بەوەی چەشتوویانە بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕێ زۆریشمان بەو دیتنە ڕەوشتییەش هەیە فەیلەسووفی دانیمارکی بەناوی پێتەر کێمپ پشتگیری لێ دەکا، کە بەخۆی ئەو دیتنەی ریکۆر بەرەو ئاراستەیەکی باڵاتر دەبا، کاتێ بۆ ئەوە دەچێ "ئێمە هەر قەرزاری مردووەکان نین بگرە قەرزاری ئەوانەشین لەگەڵیاندا دەژین" بۆیە وانەکانی مێژوو پێویستە فێری ئەوەمان بکەن چۆن قەرز بدەینەوە(١٢) بەدڵنیاییەوە ئەو قەرزەی لێرە باس دەکرێ قەرز (یان ئیلتیزام)ێکی ڕەوشتییە و ستروکتووری ئیتیکی هەیە. بەڵام بابزانین قەرزاریی ڕەوشتی یان ئیلتیزامی ڕەوشتی چییە؟ قەرزاری یان ئیلتزامی ڕەوشتی ئارەزوومەندییەکی مرۆییە بەرامبەر بەوی تر، هەستکردنە بەدانەوەی قەرزێکی، ئەرکێ، ئەنجامدانی بەرپرسیاریەتییەکی ڕەوشتی. ئەڵبەتە بەدانەوەی ئەو قەرزەش مرۆڤ دەکارێ بەشدارییەکی گەورە لە ئەنجامدانی کردارە ڕەوشتییەکاندا بکا کە ئەم کردارە لە کەسێکەوە بۆ ئەوی تر و لە دۆزێکی کۆمەڵایەتی و شارستانییەوە بۆ ئەوی تر جیایە. بۆ نموونە ئەو کاتەی جووەکان قەتلوعام دەکران یان ئەو دەمەی کورد زیندەبەچاڵ و کیمیاباران دەکرا دەبایە نەتەوە و هاوئاین و هاوڕەگەزەکانی جوو و کورد لە ڕووی ڕەوشتییەوە بجووڵانایەتەوە و بەرپرسیاری ڕەوشتی خۆیانیان دەستەبەجێ دەستنیشان کردبایە بەڵام ئەمەنە کرا و بگرە هەنگاوی ڕەوشتی چەوتیش لەو بارەیەوە نرا. تایبەت بە جووەکان نموونەی ئەوە دێنینەوە کە گەلێک لەو جووانەی هەڵدەهاتن، بەرەو هەندێ وڵات و شوێن (لەوانە سوێد) بۆ دوورکەوتنەوە لە تارمای زەبر و کینەی نازیزم دواتر لەو وڵات و شوێنانە تەسلیم بە هێزە نازییەکان دەکرانەوە، ئەڵبەتە تایبەت بەکوردیش ئەو نموونەیە دێنینەوە کە بریتییە لە هەڵوێستی ناڕەوشتی گەلێ لە وڵاتانی کەنداو و وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر بە کورد ئەوەش بە کڕینی ئافرەتی کورد و بەکاربردنیان بۆ مەبەستی جیا جیا.

سەرباری ئەوەش دەڵێین، ئاشکرایە کە ئیلتیزام و باوەڕە (دۆکترینە) ڕەوشتییەکان لە گشت سەردەم و کۆمەڵگە و کولتوورەکان وەک یەک نین و تێگەیشتن و دیتنی جیا لەبارەیانەوە لە ئارادایە بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەندێ پرەنسیپی ڕەوشتی هەن لە گشت قۆناغ و شارستانییەکدا پەسندکراو و پۆزەتیڤن (لەوانە: یارمەتیدانی هەژار و پیر و پەکەوتە و زارۆک، پیسنەکردنی سروشت و ئاووهەوا، خراپ ڕەفتارنەکردن لە تەک ئافرەت). ناشێ فەرامۆش کرێن و گرینگی و ساغکردنەوەیان پێویستی بە بەڵگە و فاکتەرێکی زۆر نییە. واتە هەرچەند قەرزاری ڕەوشتی لە ئەمڕۆدا لە کۆمەڵگەکان و یان لە ئەزموونێکی کولتوورییەوە، بۆ ئەوی تر جیا و ناهاوشێوە بن و ئەمەش گۆڕان بخاتە شێوەی بەجێگەیاندنی کردە ڕەوشتییەکان و یان چۆنیەتیی دانەوەی قەرز و

پراکتیزەکردنی ڕەفتاری ڕەوشتییەوە بەڵام هەردەم هەندێ ئیلتیزاماتی ڕەوشتی هەن ناشێ تێپەڕێنرێن و پشتگوێ بخرێن (بۆ نموونە یارمەتیدانی نابینا، ناساغ، بێگانە و کەسی کەنەفت یان بەتەنگ هاتنی کەسی برسی، نەخۆش و نوقسان).

ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لێرە پێداگیریی لەسەر بکەین ئەوەیە ئەو ئارەزوومەندی و ئەو هەستەی لای سەرەوە باس کرا لە کۆمەڵگەی گەندەڵ بێ شوێن و لانەوازە. چونکە کەسەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ لەلایەک گرفتاری ژیانی کۆمەڵایەتی دووانەی بوونە و لەلایەکی تریش هەموو کات لەژێر هەڕەشەی سیاسی و گرفتی ئابووری و دەروونیی سەیر سەیردان. بۆیە کەسی یان خودی کۆمەڵگەی گەندەڵ، بۆ نموونە ئەو ئومێدە گەورەیەی پێ ناکرێ بکارێ بەشداری لە دروستکردنی فۆندێکی جیهانی بکا بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ ئەوانەی دووچاری نەخۆشیی ئایدز یان شێرپەنجە (سرطان) بوونە، یان کەسەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە ناکارن هەوڵ بدەن منداڵ لەو بەشەی جیهان هەڵگرنەوە (تەبەنی بکەن) کە هەژاری و برسێتی شەکەتی کردوون. هەر لێرە ئەوەش دەڵێین کە ڕاستە کۆمەڵگە (وڵاتە) دەوڵەمەند و هەبووەکان پتر ئەرکی قەرزاری ڕەوشتییان دەکەوێتە سەر وەک لە کۆمەڵگە (دەوڵەتە) هەژار و نەبووەکان، بەڵام قەرزاریی ڕەوشتی زۆر جار پێوەندیی بەتوانای ئابوورییەوە نییە و بگرە شتێ زۆر تاکە کەسییە (ئیندڤیدواڵە) و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ئاستی پەروەردەییی تاکەوە هەیە. ئەوەی لەم ڕووەشەوە بە کەس و کۆمەڵگەی گەندەڵەوە گرێ دراوە، ئەوەیە ئاستی ڕۆشنبیریی ئەم جۆرە کەس و کۆمەڵگەیە بۆ گرفت و کێشە ڕەوشتییەکان جیایە و هەروەها تاکی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە ناتوانێ بەوردی ڕەفتاری ڕەوشتی لە ڕەفتاری ناڕەوشتی جیا کاتەوە، یان زۆر دڵنیا نییە چ شتێ بە ڕەفتاری ڕەوشتی دەزانرێ و چ شتێکی تر بە ڕەفتاری ڕەوشتی نازانرێ. هۆی سەرەکیی ئەوەش تاکی کۆمەڵگەی گەندەڵ ناتوانێ ئەوە بکا ئەوەیە لەم جۆرە کۆمەڵگەیە زۆر جار نەریت یان ئاین دەکرێ بە بناغە بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی ڕەوشتییە و ئەوەی ڕەوشتی نییە.

ئەوەش کە لای سەرەوە وترا بەرەو ئەو تێڕامانەشمان دەبا بڵێین قەرزاریی ڕەوشتی چەند لا و بوارێک (ژینگە، هەڵوێستەکردن لە ئاست لەباربردنی منداڵ، یارمەتیی کەسی پەککەوتە) دەگرێتەوە کە دەشێ هەریەک بەجۆرێ لە دووریی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری بگا: بۆ نموونە ئیلتزامی ڕەوشتی لە هەندێ حاڵەتدا دەکرێ بەم شێوەیەش ڕاڤە بکرێ: بۆ نموونە لە ڕووی ڕەوشتییەوە مولتەزمین ئەو خاوەن دووکانەی شتی لێ دەکڕین ئاگەدار بکەینەوە وا کەسێ شتێکی خستووەتە گیرفانی و خەریکە بیبا. بەڵام زۆر جار هەندێ بۆ ئەوە دەچن ئیلتیزامی ڕەوشتی شتێکی ڕەها و پێویستە، واتە شتێکە دەبێ ببێ و بکرێ. بۆ نموونە ئەو خواردنەی ماوەی زۆری نەماوە بەسەرچێ پێویستە لەلایەن فرۆشیارەکەیەوە کڕیاری لێ ئاگەدار بکرێتەوە. لێرە ئەوەش دەڵێین کە گەلێ لە فەیلەسووفانی ڕەوشت بۆ ئەوە دەچن کە گەلێک جار یان کاتێ دەوترێ پێویستە (دەبێ)یان دەکرا ئەو شتە وا بێ مانای ئەوە نییە ئەو شتە پێویستە یان دەکرا بکرێ شتێکی ڕەوشتییە. واتە بەڕەوشتیبوونی شتەکە پێوەندیی بە پێویستبوونەوە نییە. زێدەڕۆییش ناکەین هەر لەم ڕووەوە بڵێین ئیلتزامی (قەرزاری) ڕەوشتی زۆر جار وەک خۆی و سەد دەرسەد ئەنجام نادرێ. بۆ نموونە ئەو

کاتەی کەسێک غەدرێ بەچاوی خۆی دەبینێ و بەڵام هیچ هەڵوێستی ڕەوشتی نانوێنێ. بۆ نموونە ئەو کەسەی لە پارکرینگێکی سەیارەدا چاوی لێیە کە چۆن سەیارەیەک خۆی دەکێشێ بەسەیارەیەکی تر و دواتر تێی دەتەقێنێ و دەڕوا و لەوناوە نامێنێ ئەمیش هیچ هەڵوێستێکی وەرناگرێ بەوەی کە ژمارەی ئەو سەیارەیەی زەرەرەکەی داوە لای خۆی تۆمار بکا و پۆلیسی هاتوچۆی لێ ئاگەدار بکاتەوە. بەڵام هەندێ شتی تریش هەیە بەجۆرێکی ترە. بۆ نموونە دەبێ جیاوازی لە نێوان قەرزاریی ڕەوشتی (یان ئیلتزامی ڕەوشتی) و ئازادیی تاکە کەسدا بکرێ. باشترین نموونەش لەم لایەنەوە ئەمەیە: ئەگەر کارمەندێ لە شوێنی کارەکەی دەزگای کۆپیکردنی کارەکەی بۆ کۆپیکردنی کتێبێک یان چەند دۆکومێنتێ بەکار بەرێ و لەم حاڵەتەدا گەر کارمەندێکی تری ئەو کارە چاوی لەو شتە بوو ئاخۆ قەرزارییێکی ڕەوشتی لەسەر شانی ئەو کارمەندە نییە خاوەن کارەکە لەوی دیویەتی ئاگەدار بکاتەوە یان بەپێچەوانەوە ئەو کارمەندە ئازادە لەوەی ئەوەی دەیەوێ بیکا؟ گەلێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چەند بەڵگە و فاکتێکی جیا دەهێننەوە کە ئەم بەڵگە و فاکتانە دەکرێن بە بناغە بۆ جیاوازیکردن لە نێوان قەرزاریی ڕەوشتی و ئازادیی تاک، بەڵام هەندێکی تر بەهەندێ فاکتە و بەڵگەی جیای ترەوە دەیانەوێ جەخت لەوە بکەن کە ئازادیی تاک نابێ سنووری ڕەوشتی تێ پەڕێنێ. هەر تایبەت بەم پرسیارە ئەوەش دەڵێین، گومانی تێدا نییە باسی قەرزاریی ڕەوشتی باسی ماف و ڕەوایەتیش دێنێتە پێشەوە. چونکە هەندێ کەس کە لە ڕووی ڕەوشتییەوە قەرزارن فلانە شت بکەن هەندێ تر ڕەوایەتیی ئەوە بەخۆیان دەبەخشن ئەوە نەکەن. بەڵام لێرە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ماف دەبێ ئاکام، ئاکامی باش، بەرهەم بهێنێ، واتە بەکاربردنی ماف دەبێ بەجۆرێک بێ ئاکامی لێ بکەوێتەوە و ئەڵبەتە ئەم ئاکامە دەبێ باشیش بێ. بۆ ئەوەی ئەمەش بکرێ پێویستە هەردەم مافی ئەوی تر لە بەرچاو بگیرێ. ئەگەرنا ئەوا ماف تێک دەچێ و بەمەش ئەوەی پێی دەڵێن ئیتیکی ماف دەشێوێ. بەڵام بەپێی پرەنسیپە ڕەوشتییەکان ئەوە ماف زەوتکردن و تێکدانی سنووری ڕێزگرتن لە مافی ئەوی تری پێ ناوترێ گەر ئەو کارمەندەی چاوی بەوەوەیە کارمەندێکی تری کارەکەی دەزگای کۆپیکردنی کارەکە بۆ مەبەستی شەخسیی خۆی بەکار دەبا، خاوەن کارەکەی لێ بەئاگا بهێنێ.

ئەوەی باس کرا ئەوەشمان لا یەقین دەکا، ئێمەی تاکەکانی کۆمەڵگە پێویستە لەوە بەئاگا بین ئیلتیزاممان هەیە، بەڵام مەرجە بزانرێ ئەو ئیلتیزامانە چین و گەر زانیشمان ئەوا بەئاسانی دواتر ئێمە لەوە حاڵی دەبین ئیلتیزامەکانمان لەمانە بریتین و لەوانە بریتی نین. زۆر جاریش لەم حاڵەتانە لە "فەلسەفەی ڕەوشت"دا کێشەیەک دێتە پێش بە "دیلێمای" مائزەق، چاشمان "ڕەوشتی" ناودەنرێ. "دیلێمای ڕەوشتی"یش ئەو دەمە سەرهەڵدەدا کە چاش دەمێنین، چی بکەین و چی نەکەین، کامە شت بکەین و کامە شت نەکەین، یان کامە شت ڕەوشتییە و کامە شت ڕەوشتی نییە. واتە ئەو کاتەی ناکارین جیاوازی لە نێوان ئەوە بکەین لە کوێ و کەی لە ڕووی ڕەوشتییەوە قەرزارین و یان قەرزار نین ئەمە بە "دیلێمای ڕەوشتی" دەناسرێ. بەڵام هاتنە دەرەوە لە دیلێمای ڕەوشتیش شتێکی گرینگە. چونکە گەلێ دۆزی ڕەوشتی هەن پێویست دەکا مرۆڤ ڕەفتاری هەنووکەیی و کۆنکرێت بێ. بۆ نموونە ئەو کەسەی نەخۆشیی ئایدز یان سەرەتانی هەیە پێویستە

گورج و ڕاستەوخۆ پێی بوترێ.

لەبەر سایەی ئەوەی ئەم باسەدا دەمانەوێ بەشێک لەو لایەنانە بخەینە بەرچاو پێوەندییان بە ئیلتیزامە (قەرزارییە) ڕەوشتییەکانمانەوە هەیە:

* ئیلتیزامی ڕەوشتی بەرامبەر بە ژینگە. واتە هاووڵاتیی کۆمەڵگە مەرجە بەجۆرێک پەروەردە بکرێ ئیلتیزامی ڕەوشتیی بەرامبەر بە ژینگە هەبێ.
* ئیلتیزامی ڕەوشتی بەرامبەر بە کەش پارێزی (ئاو وهەوا) سروشتپارێزی، وزەپارێزی. ئەمەش دیسانەوە پێوەندیی بە پەروەردە و هوشیاریی کەسەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، هەروەها تێگەیشتنیان بۆ چۆنیەتیی کەشپارێزی و بەجۆرێک ئابوورییانە وزە بەکاربردن.
* ئیلتیزامی ڕەوشتی بەرامبەر بەوانەی لە کۆمەڵگە هەژارن. ئەمەش داوا دەکا شێوازی ئابووریی جیا و پێشکەوتوو نەک نەریتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بگیرێتە بەر.
* ئیلتیزامی ڕەوشتی بەرامبەر بە پێویستییەکانی ئاژەڵ هەروەها بەرامبەر بە جۆر و شێوازی ڕەفتارکردن لە تەک ئاژەڵدا. واتە بەرجەستەکردنی "مافی ڕەوشتیی ئاژەڵ" لە کۆمەڵگەدا.
* ئیلتیزامی ڕەوشتی بەرامبەر بە مافی لەباربردنی ئەو منداڵەی ئافرەتێک لە ئاکامی پەلاماردان حامیلە دەبێ، بەڵام لێرە دوا بڕیار لای ئافرەتەکە خۆیەتی. ئەگەرچی ڕەفتارکردن لە تەک جەستەدا شتێ بێ سنوور نییە و گشت ئافرەتێک قەرزارییەکی ڕەوشتیی بەرامبەر بەو بوونەوەرە هەیە لە جەستەیدا دەژی، بەڵام ئەو ئافرەتەی لە ئاکامی پەلاماردانێک حامیلە دەبێ قەرزارییە ڕەوشتییەکەی بەرامبەر بە جەستەی جیاترە.
* ئیلتیزامی ڕەوشتی بەرامبەر بە بەکاربردنی پارەی باج بەجۆرێک دادپەروەر و ڕاسیۆنالانە.
* ئیلتیزامی ڕەوشتی بەرامبەر بە پیر، پەککەوتە و کەمئەندام و نەخۆش و منداڵ لە کۆمەڵگە.
* ئیلتیزامی ڕەوشتی بەرامبەر بە پاراستنی ستاتۆسی ئازادیی تاک و ڕادەربڕین و ئازادی لە جیاوازیی ئێتنی ڕەگەزی و ئاینی.
* ئیلتیزامی ڕەوشتی بەرامبەر بەنەوەکانی داهاتوو، بەرامبەر بەوانەی لە تەکیاندا دەژین و غەمخواردن لە دروستکردنی دواڕۆژێکی تازەی بێ ئاشووب و پڕ داو و ناگەندەڵ. واتە ئومێدبەخشین بە داهاتوو، بە ژیانی ئەوانەی دوای ئێمە دێن.

بەڵام پێویستە لێرە ئاماژە بەچەند سەرنجێ بکەین، کە ناواخنی ئیلتیزامی ڕەوشتی پتر شی دەکەنەوە لەوانە :

* بۆ ئەوەی کردارەکانمان ڕەوشتییانەی پوخت بن پێویستە ڕاسیۆنالی بین چونکە هەر ئەوەشە (واتە ڕاسیۆنالیتێی کردار) مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە.
* شت کە ڕەوشتی دەبێ، نەریتی نییە، واتە شتی ڕەوشتی پێوەندیی بە عادەتەوە نییە.
* گرینگترین شتێک لە شتی ڕەوشتیدا جێی بایەخە ئەوەیە "ئەو شتە" (ئەو شتەی ڕەوشتییە) چۆن بکرێ.

* کرداری تەواو ڕەوشتی ئەو کردارەیە لە وەختی دیاریکراو و هەنووکەییی خۆیدا ئەنجام دەدرێ.

پاش ئەو سەرەتا زێدە کورت و پوختەیەی لای سەرەوە لەسەر ئیلتیزام (قەرزاری)ی ڕەوشتی لە کۆمەڵگەدا باس کرا بەپێویستی دەزانین باس لەو لایەنانە بەکورتی بکەین بەکۆمەڵگەی گەندەڵەوە تایبەتن. بۆ ئەو مەبەستەش لەوێوە دەست پێ دەکەین کە ئیلتیزامی (دوتی، پلیکت) ڕەوشتی لە کۆمەڵگە لە باسە گرینگەکانی ئیلتیزامی ئیتیکین و ئەم جۆرە ئیلتیزامانەش لە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی بێ سەروشوێن و بێ بناغەن. هۆیەکان کە زۆر و زێدە فرە ئاقار و جۆربەجۆرن دەشێ ئەم ئاراستانە وەربگرن:

کەسی کۆمەڵگەی گەندەڵ ناپەرژێتە سەر ئەوەی جیاواز لە نێوان ئیلتیزامی (قەرزاری)ی ڕەوشتی و شتی نەریتی (عادەتی)دا بکا چونکە کەسی کۆمەڵگەی گەندەڵ جارێ بۆی ساغ نەبووەتەوە چ جۆرە کەسێکە. ئاخۆ ڕاستە کەسێ نەریتییە یان کەسێکی مۆدێرن و نانەریتییە. هەروەها کەسی کۆمەڵگەی گەندەڵ بەشێ لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی سەرچاوەیەکی ئاینی و جارجارە نائاینییان هەیە ئەم تێکەڵکردنەش لە نێوان شتی ئاینی و نائاینی پێوەندیی بەو ناجێگیرییە هۆشیارییەوە هەیە ئەم کەسە دووچاری بووە. وەکی تریش دۆزی کۆمەلایەتیی کۆمەڵگەی گەندەڵ بەجۆرێکی هاتووەتە پێک هاتن لە گشت قوژبنێکەوە ناجێگیری لە کەسەکاندا پەروەردە دەکا. بۆیە زۆر سەختە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا زۆرینە بتوانێ بەئاسانی دەرک بەوە بکا چ شتێ پرسیارێکی ڕەوشتییە و چ شتێکیش ئەوە نییە. واتە ڕەوشتی و نارەوشتی بە ئاسانی لێک جیا ناکرێنەوە. بەلام هەندێ شت هەیە لە کۆمەڵگەی ناوبراو پێش وەخت بڕیاریان بەسەردا دراوە کە شتی ڕەوشتین. بۆ نموونە ئەو ئافرەتەی بە ئارەزووی کەسوکاری شوو دەکا لەو ئافرەتە بەڕەوشتترە کە بەئارەزووی کەسوکاری شوو ناکا. یان ئەو زارۆکەی گوێڕایەڵی باوکیەتی سەلار و ڕەوشتیترە، لەو زارۆکەی بەو جۆرە نییە.

خاڵێکی تر کە لێرە شایانی باسە ئەوەیە سیاسی لە کۆمەڵگە قەرزارییەکی ڕەوشتیی گەورەی لەسەرە، بەلام ئەم قەرزارییە ڕەوشتییەی سیاسی لە کۆمەڵگەی گەندەڵ ڕۆژانە بچووک و سنووردار دەکرێ. هۆی ئەوەش زۆر بەکورتی ئەوەیە لەلایەکی سیاسی خۆی لە گەلێک لە بەرپرسیارییە ڕەوشتییەکان دوور دەخاتەوە و لەلایەکی تر ئەوە سیاسییە دروستکەری گەلێک لەو ناتەباییە کۆمەلایەتی و نادادپەروەرییە ئابووری و یاسایانەیە لە کۆمەڵگە گەشە دەکەن کە دواتر کێشە لە بەردەم گەشەی ئیلتیزامی ڕەوشتی دادەنێن. بەلام تا ئەم لایەنە (واتە ڕۆڵی سیاسی لە تێکدانی ئیلتیزامی ڕەوشتی لە کۆمەڵگە)دا لە کۆمەڵگەی گەندەڵ نەخرێتە بەرباس و ڕەخنەی ڕاستەوخۆ و کراوە باری گەشەی ڕەوشتی لەم کۆمەڵگەیە ڕوو لە لاوازی و گرژبوون دەبێ. چونکە کاتێ سیاسی بەئاشکرا و بێ پەچە، گەندەڵی دەکا و ئابووریی وڵات بەهەدەر دەبا و مشەخۆر و گەندەڵکار بەناوی ڕاوێژکار و پسپۆڕ و بەرپرسی سیاسی لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە، بەرینترین ڕێگە لە بەردەم نائیلتیزامی ڕەوشتیدا دەکاتەوە. هەر بۆیەشە گەندەڵیی سیاسی لە کۆمەڵگەی گەندەڵ، تا بڵێی، خەتەرناک و بەربەرییە و لە نەشونمای بەپەلەی ڕادەی نابینایی ڕەوشتیش لەم کۆمەڵگەیە

بەرپرسـیـارە کـە دادپەروەرانە لە گـشت دامـەزراوەکـانی کـۆمـەڵگەی ناوبراودا بڵاو بـووەتەوە، ئەم گـەندەڵییـە کە گـەلێ فـۆرمـی کـۆمـەڵایـەتیی خـسـتـووەتـەوە کـارێکی واشـی کـردووە ئەو ئیلـتـیـزامـە ڕەوشـتـیـیـانـەی لای سـەرەوە پـۆل کـران جێـی بایەخی نە دەسـەڵاتی سـیـاسی بـن و نەش زۆرینەی کەسەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵیی کوردی. لەبەرئەوەش کە جەوهەری گەندەڵیی سیاسیی مادییە ئەمە وا دەکا ئیلتیزامی ڕەوشتی لە کۆمەڵگەدا شتێکی لاواز و فەرامۆشکراو بێ.

سـەربـاری ئەوەی لای سـەرەوە ئەوەش دەڵێین، هەڵەی ڕەوشـتی لە کـۆمـەڵگەی گـەندەڵیی کـوردیدا ڕۆژانە لە زیادبووندان و بەشێ زۆر لـەو هەڵانە بڕیار و تێگەیشـتنی سـیاسـیی هەڵە دروسـتکەریێن. سـیـاسـیـیـەکـانی کـۆمـەڵگەی گـەندەڵ کـە دووچاری نابینای ڕەوشـتی بوونە، خـۆیان لەو ئیلـتـیـزامـە ڕەوشتییانە بەدوور دەگرن کە دەکەوێتە ئەسـتۆیان و لە بری ئەوە خـەڵک بەزۆری بە وتار و هوتافی سـیاسـیی پـچڕپچڕ و کـەنەفت سـەرقاڵ دەکـەن. بەڵێ ڕاسـتـە بەو ئابوورییـەی کـورد هـەیەتی ناتوانێ بەشـداری لە قـەڵاچۆکردنـی هـەڕەشـە گلوباڵەکان بکا وەک برسـێتـی و هـەژاری کـە جیـهـانی تازەی ئـەمـڕۆی خـسـتـووەتە ژێر پرسـیـارەوە، بـەڵام خـۆ کـورد دەتوانـێ داهاتی نەتـەوەی کـوردی، کـە سـەرچاوەی جیاجیای هەیە، بەجۆرێکی دادپەروەرانە بەکار بەرێ کە لە ڕادەی هەڵە ڕەوشتییەکانی ناو کۆمەڵگە کەم بکاتەوە و ئیلتیزامە ڕەوشتییە سەرەکییەکانی خۆشی لەم ڕووەوە ئەنجام دا.

هەڵە سـیـاسـیـیـەکـانی کـۆمـەڵگەی گـەنـدەڵ بێ ئەندازە گـەورە و کـوشـندەن ناتـوانن بەشـداری لە داڕشـتنی سـتـراتیـجیـیـەتێکی چەسـپـاو و جێگیـری سـیـاسـی تـایبـەت بـەگـەلێ کێشـە بـکەن کـە لە ئێسـتـادا ڕووبەڕووی تـاک و دامـەزراوەکـانی کـۆمـەڵگەی کـوردی دەبنـەوە. لەم ڕووەشـەوە ئەگـەر شـەپۆلی پەنـاهـەندە یان ڕاکردووان لە دەست تیـرۆر لە ناوەڕاست و باشووری عێـراق بۆ کوردسـتان بەنموونە وەربگرین دەڵێین ئەم کێشـەیە بەجۆرێکی هیومانی لەلایەن دەسـەڵاتی سیاسیی کوردییەوە چارەسـەر ناکرێ و بگرە لەسـەر بناغـەی هەندێ هەنگاوی سیاسـیی پراگمـاتی چارەسـەر دەکرێ، یان ئەگـەر ئەو پـارە زۆرە بەنموونە وەربگرین کـە دەسـەڵاتی سـیـاسـیـی کـوردی بەناوی باج کـۆی دەکاتەوە یان ئـەو یارمـەتییـە دەرەکییانەی لە وڵاتانی دۆسـتی کورد یان دامەزراوە نێودەوڵەتییـەکان وەری دەگـرێ، یان ئەوەی لە حـکوومــەتی ناوەندیی عـێـراق دەسـتی دەکـەوێ، دەبینین ئەم پـارانە بەجـۆرێ دادپەروەرانە بەکـار نابرێن و ئەوەش بەدڵنیاییەوە هەڵەی ڕەوشـتی دەخـاتەوە و لە ڕێژەی نابینـای ڕەوشـتی لـە کۆمـەڵگە زیاد دەکا. چونکە بە هـەدەردانی ئـابووریی نەتەوە لەلایەن دەسـەڵاتی سـیـاسـیـیـەوە کـاردانەوەی نەک هـەر دەروونـی و کـۆمـەڵایەتیی هـەڵە دەخـاتەوە بگرە ڕەوشـتـیش دەخاتەوە.

هـەروەک پێشـتـر باسمان لێوە کرد، بۆ هـەموو خـوێنەرانی ئەم چەند لاپەڕەیەش ڕوون و واڵایە، کە کۆمەڵگەی کوردی ناکارێ بەشدارییـەکی کاریگەر و پۆزەتیڤ لە نەهێشـتنی کۆنفلیکت و هـەژاری و کـەمکردنەوەی ئەو کێشـە و ئاشـووبە سروشـتی و ژینگەیییانەدا بکا لە دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردی ڕوو دەدەن، بەڵام هـیـچ نـەبێ ئەو نـەخـتــە توانا و دەسـەڵاتـەی لە چوارچێــوەی کــوردســتــان لە بەردەسـتـیدایە، لەو ڕووەوە ئـەرکی ڕەوشـتی و هیـومـانیی بـەجێ بێنێ. بەواتایەکی تر، زێدە ڕوونە

کۆمەڵگەی کوردی نە ئەو شیاوییە ئابووری و تەکنەلۆجی و لۆجستیکییەی لە بەردەستدایە لە جیهاندا بکەر بێ و نەش ئاستی زانین و پەروەردە و لۆجیکی تاکەکانی کۆمەڵگەی ناوبراو بەشی ئەوە دەکەن کاری ئەوتۆ بکەن تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەمڕۆ لە کێشەکانی جیهان خۆیان هەڵقورتێنین، بەڵام گومانی ناوێ لەناو کوردستان و لە چێوارچێوەی کۆمەڵگەی کوردیی ئەمڕۆدا ئەو تاکانەی بکەرێ چالاک و پۆزەتیڤن دەکارن هەندێک شتی باش ئەنجام بدەن، بەڵام ئەم لایەنە نەختێک مەرجدار و گرفتاوییە چونکە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە ناکارن هەنگاوی ڕەوشتیی کۆنکرێت بنێن و پرەنسیپی ڕەوشتیی بەرچاو پەیڕەو بکەن لە کاتێکدا سەرتاپای کۆمەڵگە خۆی لە گەندەڵی نەخا. واتە تا کۆمەڵگە بەگشت دامەزراوەکانییەوە، کە نوقمی گەندەڵییە، لە توخمە کوشندەکانی گەندەڵی نەکەوێ تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە ناکارن نە پێکەوە بژین و قەرزی ڕەوشتیی یەکتر لە بەرچاو بگرن و نەش دەکارن لە تەک ئەوی تری غەیرە کورد، بژین و قەرزە ڕەوشتییەکانی لە بەرچاو بگرن. هۆی سەرەکیی ئەوەش کە بەجێگەیاندنی ئیلتیزامی ڕەوشتی لە کۆمەڵگەی گەندەڵ بە ئەستەم و دژوار دەزانین، ئەوەیە لەلایەک گەندەڵی دیاردەیەکی نارەوشتییە و لەلایەکی تریش ئەوەیە کە ئیلتیزامی ڕەوشتی لە تەک گەندەڵی یەک ناگرێتەوە.

ئیلتیزامی ڕەوشتی کە باوەڕهێنانە بە دوارۆژێکی نوێی ئازاد و پۆزەتیڤ، دوژمنی گەورەی دیاردەی گەندەڵی و گشت دیاردە نارەوشتییەکانی ترە. بۆیە ئاساییە بۆ ئەوە بچین لە گەندەڵخستنی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ، واتە باوەڕهێنان بەهەڵهاتنی ڕۆژێکی نوێ. دوارۆژێکی پڕ لە متمانە، هەڵنایێ گەندەڵ گەر لەناوماندا سەروەر و ڕابەر بێ. هەروەها دوارۆژێکی نوێ، دوارۆژێ پڕ لە ئاشتی و ئازاردی و، هەرگیز نایەتە دی گەر گەندەڵکاریی سیاسی بەردەوام بێ و بێدەنگییش لەم دیاردەیە ببێ بەپیشەی توێژە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە. دوارۆژی گەش و داهاتوویەکی بەئۆقرە، هەڵنایە گەر لە واتای مێواندارى و لێبووردەیی و هاوسێیەتی و سوپاس نەگەین. بەکورتی دەشێ بڵێین ئەو کاتە سبەینێیەکی نوێ سەر دەردێنێ کە خاوەنی حوکمدانی ڕەوشتی خۆمان بین و ڕەفتار (هەڵسوکەوت)ی ڕەوشتی خۆمان بەخۆمان دیاری کەین، بەڵام بەپشتبەستن بەو پرەنسیپ و ڕێسایانەی مانا بەم ڕەفتارە ڕەوشتییانە دەدەن، هەروەها بەو شتانەی پاکڕەوشتی لە کۆمەڵگە دابین دەکەن.

ئازادیی گەندەڵ نائازادی بەرهەم دێنێ

# بەشتبوونی دیموکراسییەت

لە سەرەتای ئەم نووسینەدا باسمان لەوە کرد کە تێکڕای ئاماژەکان دەخوازن ئەو وێنە سیاسییە لای تاکی کورد بەرجەستە بکەن بەردەوامبوون و نەشونمای بێ ئەندازەی دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ، خەریکە خۆی وەک بەختی میتافیزیکی نیشان دەدا. جا ئاخۆ وایە؟ ئاخۆ راستە دیاردەی گەندەڵی بەختی ئەم نەوەیەیە؟ ئاخۆ دەکرێ ئێمە بەم بەختە قایل بین؟ ئاخۆ ئەم بەختە ئەو خەلاتەیە راپەڕین بۆی هانین؟ ئاخۆ دەشێ زۆرداریی بەعسیزم بە گەندەڵیی کوردی بگۆڕدرێتەوە؟ بەواتایەکی تر، ئاخۆ ماقووڵە وا لە تاک و کۆمەڵگەی کوردی بکرێ لە نێوان زەبری بەعسیزم و زەبری گەندەڵی یەکێکیان هەڵبژێرێ؟ بەدڵنیاییەوە و بێ هیچ گومانێ ناشێ و نابێ بەوە قایل بین گەندەڵی یەک ئینجی تر بۆی هەبێ بەردەوام بێ و گەشە بکا. هەروەها بۆمان نییە و نالۆجیکیشە گەندەڵی وەک بەختێ تەماشای بکەین و پێویستە دژی ئەوانەش بوەستینەوە پێیان وایە گەلێک راپەڕینی لە پێناو هێنانە کایەی دەسەلاتێکی سیاسیی گەندەڵدا کردووە. ئەمە و لەوە نارەوشتی و نامرۆییی تر نییە تاک و کۆمەڵگەی کوردی وا لێ بکرێ لە نێوان زەبری بەعسیزم و ئازادیی گەندەڵدا یەکێکیان هەڵبژێرێ. هەروەها هیچ جیاوازییەکیش لە نێوان ئەو بەعسییە کوردکوژەی ئازادیکوژە نییە لەگەڵ ئەو کوردە گەندەڵەی ئازادی گەندەڵکارە.

بەپێی ئەو چەند وتنەی لای سەرەوە بێ، لێرەوە ئێمە هێدی هێدی پێ دەنێینە ناو بەشێکی تری ئەو نووسینەی لەسەر کۆمەڵگەی گەندەڵیی ئەمڕۆی کوردستان دەستمان داوەتێ. بۆ ئەوەی ئەو پرسیارانەش کە لای سەرەوە رووخران لە تەک ئەم بەشەی نووسینەکەمان هاوناوەڕۆک بکەین بەپێویستی دەزانین لە میانەی گفتوگۆکردنی مەسەلەی ئازادییەوە بیانخەینە بەرباسیان و ئەو فۆرمی ئازادییەش ژێر گومان و پرسیار، ئەمڕۆ لە کوردستاندا بالآیە. ئێمە ناشکارین ئەمە بکەین گەر هەر لە سەرەتاوە ئەو ئازادییە ناو نەنێین ئازادییەکی گەندەڵ. ئارگومێنتی سەرەکیی ئێمەش بۆ پشتگیریکردن لەوی دەیلێین ئەو پانیکە (شلەژانە) رەوشتی و دارمانە دەروونییەیە تاک و کۆمەڵگەی ئێستای کوردی لە ئاکامی گەندەڵبوونی کردەی سیاسیی دەسەلاتی سیاسیی کوردییەوە، پێوەی گلاوە. ئەو ئازادییە کە بەشێکە لەو بەدییە سیاسییەی ئەمڕۆ لە کوردستان پیادە دەکرێ هەرەشاوی و ناپێویستە. "سیاسەت کە لەو شوێنەوە دەست پێ دەکا بێ مافێکی گەورە بوونی هەبێ"(١٣) لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی کوردیدا سیاسەت بۆ هێشتنەوەی بێ مافی و نادادپەروەرییەکانە. سیاسەتیش گەر ئەمە بێ، بێگومان بەدی (شەڕ، خراپە)هێنەرە و گەندەڵبوونی ئازادییش روویەکی ئەو بەدییەیە.

کەواتە مەرام و ئامانجی بنچینەییی ئەم بەشەی نووسینەکەمان، ئەوەیە باس لە "مەترسیی ئازادیی گەندەڵ " بکەین و بوغزی ئازادیی ڕاستەقینەش دژ بە ئازادیی گەندەڵ نیشان دەین و، ئەوەش بە ڕەوشتی و مرۆی ببینین کە ئازادیی گەندەڵ، دیموکراسییەتی بەشتکراو، تا سەر ئێسقان ببوغزێنرێ و بەوەش تاوانبار بکرێ کە نائازادیی بەرهەم هێناوە و لەوەش خێو (دیمۆن)ی سیاسیی پەروەردە کردووە. نائازادی کە بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئازادیی گەندەڵە (یان بەشتکردنی دیموکراسییەتە) پێیەکی لەناو بێدەنگییەکی ڕەوا و پێیەکەی لەناو ئازادیی ناپێویستدایە. ئازادیی گەندەڵ کە ناپێویستە هۆیەکەی ئەوەیە ئەم جۆرە ئازادییە (واتە ئازادیی ناپێویست) ئازادییەکی هیچ نەگۆڕ و وەستاوە. ئەم ئازادییە لەبەرئەوەی بەرژەوەندیی تاقمێکی تێدایە کە سیاسییەکانن ئازادییەکی نامرۆیی و نارەوشتییە. چونکە هەچ ئازادییەک کە ناخوڵقێنەر و خۆتازەنەکەرەوە بێ، ڕوو لە ڕزین (گەندەڵبوون) دەکا و کارەکتەرە مرۆیی و ڕەوشتییەکانیشی لەدەست دەدا.

ڕەنگە بەشێک لە خوێنەرانی ئەم نووسینە لەوە بەئاگا بن ساڵانێک بوو لە نێو ڕووناکبیر و بیرمەندانی سیاسیی ڕۆئاوادا باس لە مەرگی سیاسەت دەکرا، بەڵام بە فیعلی ئەوە سیاسەت نەبوو مرد، چونکە پێویستی بۆ سیاسەت هێشتا و تا ئەو کاتەی مرۆڤ بەهۆی کردە سیاسییەکانییەوە خۆی لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە کۆتای نەهاتووە، بۆیە تێزی مەرگی سیاسەت تێزێکە پەلە لە داڕشتن و تیۆریزەکردنیدا کراوە یان هیچ نەبێ لە تەک بار و هەلومەرجی سیاسیی تاک و کۆمەڵگەی کوردیدا یەک ناگرێتەوە، چونکە بۆ کورد داکۆکیکردن لە تێزی مەرگی سیاسەت دەرگا خستنە سەرپشتە لە هیچگەرایی و گەندەڵی. بەواتایەکی تر بانگەشەکردن بۆ مەرگی سیاسەت و داکۆکیکردن لەم جۆرە تێگەیشتنانە بە بەرژەوەندیی ئەو تاقمە سیاسییە کوردە دەگەڕێتەوە لە ڕێگەی سیاسەتێکی چەوت و گەندەڵاوییەوە داهاتی نەتەوەیان لووش داوە. بۆ ئەوەی ڕێنوێنییەکیش لەم ڕووەوە بخەینە بەردەست بۆ ئەوە دەچین بەهیچ جۆرێک پێمان وا نییە ئێمەی کورد لە ڕووی سیاسییەوە بە قۆناغی "پاش سیاسی" گەیشتووبێتین، بۆیە وا لە ئازادی دەگەین. چونکە گەیشتن بەو قۆناغە واتە خوولانەوە لەناو جیهانی نەمانی سیاسەت و ئەمەش وا نییە و هەرگیز سیاسەت بۆ کەسی کورد لە شتە مردوو و فەوتاوەکان نییە. قۆناغی "پاش سیاسی" کە قۆناغێکی سیاسیی باڵایە بە ئێمە نامۆیە و پەروەردە و ئایدیایەکی سیاسیی تایبەتمان لێ داوا دەکا کە لە ئێستادا خاوەنی نین. بۆیە ئێمە لە خۆمان ڕادەبینین لێرەوە چەند لاپەڕەیەکی تایبەت بە بابەتێکی زێدە سیاسی بنووسین کە ئەوەش گەندەڵبوونی ئازادییە و ڕۆڵی ئەم ئازادییەش لە بەرهەمهێنانی دژەکەی واتە نائازادی.

کەواتە ئێمە لە میانەی ئەم نووسینە چەند لاپەڕەییە قسە لە واتای بەگەندەڵبوونی ئازادی دەکەین و ئەوەش یەکلا دەکەینەوە کە ڕووداوی بەگەندەڵبوونی ئازادی هۆکاری سیاسیی هەیە و ستاتۆسی سیاسیی هەنووکەی کوردیش لەم ڕووداوە یەکجار بەرپرسیارە. بۆ ئەو مەبەستە ئێمە سەرەتا لەوێوە دەست پێ دەکەین کە گەندەڵبوونی ئازادی پرسێکی سیاسییە و پرسی سیاسییش پرسێکی فەرمییە. بەڵام گەندەڵبوونی ئازادی دەشمانخاتە بەردەم پارادۆکسێکەوە رقمان لە ئازادی بێ. بۆیە بەلامانەوە ئاساییە لەم سەرەتایەوە خوێنەر لەسەر ئەم پرسیارە زێدە سیاسییە گرینگە

لەسەر واتای ئازادی رابهێنین: شیاوە رق لە ئازادی؟ بەدڵنیاییەوە ئەم خوێنەرە گەر ژێر بێ، ژیرێکی ناگەندەڵ، باش لەوە حاڵییە کە رق لە ئازادی و ئازادیبوون شیاو نییە. ئەی چارەسەر، خۆ ناشکرێ پشتگیری لەو ئازادییە بەشمەک کراوە بکرێ لە ئێستادا لە کوردستان سەردەستە؟ چارەسەر ئەوەیە ئازادی دەبێ لە گەندەڵی بخرێ و پاکسازییەکی سیاسییش لە ژیانی سیاسی مانا بکرێ ئەمەش دەکرێ تا ئازادی لە رێگەی ئەو پاکسازییەوە بکارێ ساتۆسی خۆی وەرگرێتەوە. ئەم پاکسازییەش، گومانی ناوێ، پێویستییەکی زۆری بە پشتیوانیی ئەو چاکسازییە رەوشتییەوە هەیە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگە گەندەڵاوییە دەشێ ئەنجامی بدەن. بەڵام ئەم چاکسازییە رەوشتییە کارێکی ئاسان نییە و داوای گۆڕانی سیاسیی گەورەمان لێ دەکا. گۆڕانی سیاسی لەم شێوەیەش واتە گۆڕانی هێزە سیاسییەکان و گۆڕانی ئەو باوەڕ و پرەنسیپە سیاسییانەی بەم چرکە سیاسییەی گەیاندووین.

پوختەی ئەوەی باس کرا، دەکرێ بەوەش لێک بدرێتەوە کە، لەوە هەرەشاویتر نییە ئازادیی گەندەڵ بێ و دیموکراسییەتیش بە شت بێ. بەڵام با بزانین چۆن ئازادی نائازادی بەرهەم دێنێ؟ هەروەها چۆن دیموکراسییەتیش بەشت دەبێ؟ ئازادی کە نائازادی بەرهەم دێنێ ئەوە ماهییەتی گەندەڵبوونی ئازادی دەگەیەنێ و ئەم ماهییەتەش لە ئاکامی نادادپەروەری سیاسییەوە دێتە کایەوە و ئەم جۆرە نادادپەروەرییەش رەوشتی سیاسی لە کۆمەڵگە تێک دەدا. ئەڵبەتە تێکچوونی رەوشتی سیاسییش لە کۆمەڵگە بناغە بۆ تێکچوونی پەروەردەی سیاسی و بێ مانابوونی واتای سیاسەتکردن و تەنانەت باوەڕی سیاسییش دادەنێ. ئەو دەمەش واتای سیاسەتکردن و باوەری سیاسی روو لە گەندەڵبوون دەنێ، تێکڕای وتاری سیاسی دەردەدار دەبێ و ئەو شتانەش پێوەندیی نێوان سیاسی و یان سیاسەت و هاووڵاتی یەک دەخەنەوە لێکدی دەترازێن و سیاسەت وەک کردە، وەک بەرهەمی ڕەفتاری تاکی سیاسی، قێزەون دەبێ و، ئەمەش ئەو پردە تێک دەدا هاووڵاتی بە سیاسییەوە گرێ دەدا. لێرە کە مەبەست لەو پردە ئازادییە، ئازادی ئاراستەی تر وەردەگرێ. چونکە هەڵە سیاسییەکانی سیاسیی ئازادی دەخاتە بەر مەترسییەوە و ئازادی وەک واتا ناواخن پووچ و گەندەڵ دەبێ. ئەڵبەتە ئێمە لێرە گومان لەوەش ناکەین بەهەڵە بەکاربردنی ئازادی لەلایەن هاووڵاتییانەوە، لەلایەن تاک و توێژەکانی کۆمەڵگەوە، دوور نییە ئازادی بخاتە بەر مەترسیی گەندەڵبوون و بەشتبوونەوە بەڵام لە حاڵەتی ئەمڕۆی کوردستاندا ئەوەی ئازادیی بەو ئاستە گەیاندووە ناحەز و گەندەڵاویی بێ کردەی سیاسیی سیاسییەکانە نەک هاووڵاتییان. دەلیلیشمان ئەوەیە کە ئازادی لەلایەن تاکی سیاسیی کوردەوە لە هەنووکەدا تەنیا بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەسەڵات بەکار دەبرێ و ئەمەش وا لە ئازادی دەکا ئازادی توانای گۆڕینی هیچی نەبێ و هیچ نەکەر بێ. یان ئەوە چ ئازادییەکە تێکڕای هەڵبژاردنەکان هەردەم پەنجا بە پەنجا کۆتای بێ؟ چ مۆدێلێکی ئازادی ئەو شیاوییەی تێیدایە بۆ ١٧ ساڵ دەسەڵاتی سیاسی لە دەست تاقم و یەک دوو خێزاندا بهێڵێتەوە مۆدێلی ئازادیی گەندەڵ نەبێ؟ ئەی ئەوە ئازادیی گەندەڵ نییە کە ئازادی هەمووەم بە موبلیزەی (تەعبیئەی) سیاسی و ئیتنی گەندەڵەوە سەرقاڵ بێ؟ ئاخۆ هۆی سەرەکیی ئەوەش ئەوە نییە کە ئازادیی گەندەڵ ئەمە دەکا بۆ ئەوەی ئەم جۆرە ئازادییە (واتە ئازادیی گەندەڵ)

هەردەم دیدی (ئۆپنیـونی) گـەندەڵ بەخـێـو بکا؟ دیارە و زێدە روونە ئۆپنیـونی گـەندەڵ ئەو جـۆرە ئۆپنیونەیە بێ ئاکام و ناکاریگەرە هەر بۆیەشـە لە تەک ئازادیی گەندەڵ یەک دەگرێتەوە. ئۆپنیـونی گەندەڵ ئەو دەمـە دروسـت دەبێ کـە دەسـەڵاتی سـیـاسی، خـاوەنی بریاری سـیـاسـیی خـۆی نییـە و تەماشاکردنی بۆ ئێستا و داهاتوو شپرزاوی و نەزۆکە. کەمترین نموونەش لەسەر ئۆپنیونی گەندەڵ ئەو ریفراندۆمە گەندەڵانەن تایبەت بە کەرکووک، یان مانەوە لەناو عێراق و، یاخۆ هاتنە دەرەوە لێی دەکـرێن. بەڵام تـایبــەت بەوەی چۆن دیمـوکـراسـیــیــەت بـەشت دەبێ، بـەکـورتـی ئەوەندە دەڵێین بەشـتبوونی دیموکراسییەت بەرهەمی تێکچوونی هزری یەکسـانـی و بڵاوبوونەوەی نادادپەروەریی سـیـاسـییـە. راسـتـە دیموکراسییەت ئێـسـتا لە جیـهـاندا خـۆی وەک کاتیگۆرییـەکی ئایدیۆلۆجی نیـو لیبراڵ نیشان دەدا. ئەمەش وەکی تر باسی دەوڵەت یان سیستەمی سیاسی دێنێتە گۆڕێ.

بۆیە دەبێ ئەوەمـان بیر نەچێ کـە " باسـی دیموکراسـییـەت باسی دەوڵەت (دەسەڵاتـی سیـاسـی) دێنێتە پێشەوە[١٤] ئەو دەمەش لە گفتوگۆی دیموکراسییەتدا دەسەڵاتی سیاسی بابەتی ئاوڕدانەوە دەبێ لەم حاڵەتانەدا زۆرترین سەرنج دەخرێتە سەر ئەوەی چەند ئەو دەسـەڵاتە سیاسییە دادخواز و یەکسانیهێنەرە. واتە پرسـیـاری بناغـەییی سیاسی لێرە ئەوەیە چۆن یەکسـانی لە کۆمـەڵگە خـۆی دەردەخا و چارەنووسی سیاسیی یەکسانی چییە؟

ئێمە ئاماژەمان بەوە کرد کە چۆن بۆ رانسیێر سیاسەت ئەو دەمە دەستبەکار دەبێ کە بێ مافی ئامادەیە. بەم جۆرە ماف لـە ژیانی سیاسی واتای دیموکراسـیی بابەتێکی زێدە گرینگە. مـاف، ئەو شـتەی لـە ئەدەبیاتـی سیـاسـیی کوردی تایبـەت بە ئازادی و دیموکراسـی بایەخدار نییـە، پێوەندیی زۆری بەبوونـی یەکسـانـی و دادپـەروەرییـەوە هەیە. هـەچ ئازادییـەکـیش پشت لە واتای مـاف بکا، نەبوونی باشـترە چونکە بێ مافی لە کۆمەڵگەدا واتە ئاوابوونی یەکسانی و دادپەروەری. بێ مـافی لە کۆمەڵگە کـە دۆزەخی سیاسی دروست دەکا یەکەم شت لەم دۆزەخـەدا دەسـووتێ ئازادییـە. هەچ ئازادییەکیش لە دۆزێکدا ئامادە بێ کە بێ مـافی و بێ دادی تێیدا سـەروەرە ئەوە مانای ئەوەیە ئەو ئازادییـەی هـەیە ئازادیی راسـتـەقینە و خـوڵقێنەر نییـە بگرە ئازادیی مشـەخـۆر و گـەنیوە. چونکە ئازادی بۆ ئەوە هـەیە تا سـنووری ماف بپارێزێ و ئەمـەو ئەرکیش دەسـتنیـشـان بکا. ئازادییش کـە نەیتـوانی ئەوە بکا پێـویسـتـە بیر لـە خـودی ئامـادەبوونـی ئازادی لە کـۆمـەڵگە بکرێتـەوە. کـەواتە پرسیارە بناغەییەکە لێرە ئەوەیە بۆ ئازادی دەبێ هـەبێ، کاتێ نەتوانێ گۆڕان دروست بکا؟ ئازادی تەنیـا ئەو کـاتە گـۆڕان دروسـتکەرە کە دەسـتکاریی سیـسـتـەمی سـیـاسـیی هەڵەی پێ دەکـرێ. بەواتایەکی تر، ئازادی و خـودی دیموکـراسـیـیـەتیش ئەو دەمـە کـارا و کـاریگـەر دەبن کـە توانای هەڵوەشـانەوەی سـیـسـتـەمی سـیـاسـیـیـان هـەبێ، ئەم جـۆرە دیموکـراسـیـیـەتەش ئەو جـۆرە دیموکراسییەتەیە رانسیێر داکۆکیی لێ دەکا[١٥].

ئێمـە زێدە لەوە حـاڵین کە تێکچوونی باری ئازادی و بەشـتبـوونی دیموکراسـییـەت لە ئێسـتـادا شتێکی جیـهانییە و تەنیا بە کۆمـەڵگەی گەندەڵەوە، بە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردییـەوە، تایبەت نییە، بەڵام لەم بوارەدا کـۆمـەڵگەی گـەندەڵ تایبـەتکاری و رێـسـای خـۆی هـەیە. چونکە لەلایـەکی ئازادیی

کۆمەڵگەی گەندەڵ شتێکی سروشتی نییە و لەلایەکی تریش ئەم جۆرە ئازادییە لەبەرئەوەی هەردەم وەک بەرهەمی بەرهەڵستکاری خۆی نیشان دەدا لە کەمترین گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕوو لە نشێوی و ئاوابوون دەنێ. ئەوەتا ترس لە ئازادیی ڕادەربڕین وای لە بەناو ئەندازیارانی ئازادیی کوردی کرد کاری ڕۆژنامەوانی بخەنە زیندانەوە. کەواتە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا بوونی ئازادی گەرەنتی تێدا نییە و بەپێی ئەوەی ئازادییش ناوەڕۆکی سیاسیی هەیە کەمترین گۆڕانی سیاسیی کاری تێ دەکا و ئاقاری لەبنڕا دەگۆڕێ. لەوەش سەیرتر ئەوەیە دیموکراسییەت و ئازادیی تاک لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە بەجۆرێکی کاری خۆی دەکا، نایەوێ خۆی لە قەرەی باسی هەڵبژاردن (ئیختیار مەبەستە نەک ئینتیخابات) بدا و بەلاشیەوە ئەوە پرسیار نییە بۆ دادپەروەری لە کۆمەڵگە ڕوو لە داڕمان و نشێوییە. ئەمەش ڕەنگە زۆرجار وا بکا خەڵک ئومێدی بە دیموکراسییەت نەبێ و هیوای نەخاتە سەر. هەر تایبەت بەم لایەنە بێ مانا نییە ئاماژە بەوە بکەین کە لەم دوا دوایەدا ڕانسیێر لە کتێبی رق لە دیموکراسییەت «بەروونی پێی لەسەر ئەوە داگرت» کە نەریتی دیموکراسی بووەتە هۆی کۆلاپسی (داڕمانی) کۆمەڵایەتی و کولتووری. ڕانسیێر ئەم پێداگیرییە تەنیا لەسەر ئەو بناغە ڕەخنەییە ناکا کە سیستەمی بازاڕی سەرمایەداریی گلوبال ئەم داڕمانەی داهێناوە، بگرە ئاراستەی ڕەخنەگیرییەکەی ڕووەو ئەوە دەڕوا گومان لە گروندی دیموکراسی بکا. واتە دیموکراسییەت کە برێتییە لە دەسەڵاتی خەڵک بۆ ڕانسیێر بابەتی ڕەخنەکردنە و پێی وایە خەڵک نەشیاوە لە بەکاربردنی ئەم دەسەڵاتە. لێرەدا ڕانسیێر تەنیا ئەو شمەکگەرییە (بەرخۆرییە) ڕەخنە ناکا کە بازاڕی سەرمایەداریی جیهانی خستوویە بەردەستمان بگرە ئەوەش ڕەخنە دەکا کە خەڵک لێ نەهاتووە لە بەکاربردنی دەسەڵاتە دیموکراسییەکەی بۆیە ڕانسیێر داوای سنووردارکردنی دیموکراسییەت دەکا. ئەمەی وترا نابێ وامان لێ کا بەهەڵە لە پرەنسیپی تێگەیشتنی سیاسیی ڕانسیێر بگەین چونکە مەبەستی سەرەکیی ڕانسیێر ئەوەیە ئەو دیموکراسییەتەی بەکاری دەبەین نادیموکراسی و هەڵەئامێزە. ئەم دیموکراسییەتە هەڵەئامێزەش بەباوەڕی ڕانسیێر خۆی لەسەر ئەوە بنیات دەنێ کە گشت کەسێ ئەوە لە خۆی ڕادەبینێ دەتوانێ (بەڕێوەبەر بێ) و دەسەڵاتیشی بەسەر بەکاربردنی سەرچاوەکانی وڵاتدا هەبێ، ئەمە کە بەباوەڕی ڕانسیێر هەڵەیە لەو بناغە سیاسییەش بەدوورە دیموکراسییەت خۆی لەسەر دامەزراندووە. ئەو بۆ ئەوە دەچێ کە دیموکراسییەت ئەوەیە کە خەڵک خۆی لە بەڕێوەبردنی خۆی ئازاد بێ. جا گەر دیموکراسییەتیش ئەوە بێ ئەوا ڕانسیێر لە ئێستادا ئەوە نابینێ و پێی وایە خەڵک ئەم ئازادییەی بەدەستەوە نییە. هۆی ئەوەش تەنیا بۆ ئەوە دەباتەوە کە تا هەنووکە تاقمێکی زۆرینە دەباتە ڕێوە، بەقەولی ئەم بیرمەندە فرەنساییەش کاتێک بەڕێوەبردن بەدەست تاقمێکەوە بێ ئەم جۆرە بردنە ڕێوەیە بەرەو ژیانێکی سیاسیی نادیموکراسیمان دەبا. ئەم تێگەیشتنەش بۆ دیموکراسییەت کە هەڵەیە و سەرچاوەی بەکاربردنەکەی لە ڕۆئاوایە شارستانی و کۆمەڵگەکانی تریشی گرتووەتەوە. بەم جۆرە ڕانسیێر دیتنی سیاسیی ڕۆئاوا بۆ دیموکراسییەت بە ڕاست نازانێ و پێی وایە هەڵگرتنەوەی لەلایەن کۆمەڵگەکانی ترەوە کارێکی باش نییە. ئەم سەیرکردنەی ڕانسیێر کە تازەترین بۆچوونی سیاسییە بۆ واتای دیموکراسیی ڕۆئاوا لای ئێمە شوێنی نابێتەوە. چونکە ئەزموونی دیموکراسیی

کوردی فۆرمێکە لە تێکەڵێکی سیاسی، ئیسلامیی سیاسی و سیستەمی سیاسیی تۆتالیتاری ڕۆهەڵاتی و سەرمایەداری گلوبالی ڕۆئاوایی. بۆ ئەمانە کە دیموکراسییەت ئامرازە کردەیەکی سیاسیی خوڵقێنەر نییە و تاک تێیدا سەربەستێکی بێ ئاگا و ناڕاسیۆناڵە. تاک یارێکە بەدەست ئازادییەکی بێ بەربەست و ناکاریگەر.

ئاشکرایە کە نەریتی سیاسیی دیموکراسی نەریتێکی ڕۆئاواییە و ئەم نەریتەش بۆ نموونە لە شوێنێکی وەک کوردستان لە کارکردندایە، بەڵام دیسانەوە بەشێوازێکی خۆیانە و کوردانە. چونکە ئەو تاقمە سیاسییەی ئیدارەی سیاسیی کورد دەکا و لە بەکاربردنی سەرچاوە مادییەکانی وڵاتدا ئازادە، بە ناشیرینترین شێوە ئەم ئەرکی بەڕێوەبردنە ئەنجام دەدا، هەروەها بە نامرۆڤانەترین جۆریش ئەم ئازادییەی دەستگیری بووە، بەکار دەبا. گەندەڵی کە بەشێکە لەو رەفتار هەڵەیەی فۆرمی بەڕێوەبەری سیاسیی ئەو تاقمە سیاسییە گەورەترین نەهامەتیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بۆ تاکی کورد هێناوە. بۆیە هەڵە ناکەین بڵێین ئازادیی گەندەڵ، ژیانی ماتریاڵی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە و ئەوەش وا دەکا ئەو ئازادییە فۆرماڵەی (شکلیەی) ئامادەیە ناپێویست بێ و شایانی گشت رەتکردنەوەیەکیش بێ. بەواتایەکی روونتر، گەندەڵیی سیاسیی کوردی کە ئازادیی گەندەڵ کردووە ئابووریی کوردستانی تەپاندووە و داهاتی کوردستانیش شاراوە و بێ سەروشوێن کردووە. ڕاستە سەرچاوەکانی ئەم داهاتە کەم و بێ هێزن، بەڵام تا بڵێی بەهەڵە بەکار دەبرێن و تێچوونی شەخسی سیاسییەکان ئەم داهاتەی داڕماندووە و ئەمەش وای کردووە ئابووریی کوردستان شوێنی لەناو ئابووریی گلوباڵا ون بێ. هەچ وڵات و کۆمەڵگەیەکیش ئابووریی ون و داهات داڕماو بێ بەدڵنیاییەوە ئازادی و دیموکراسییەکەی گەندەڵ و بێ داهاتوو دەبێ. بەڵام مەبەستی بنەڕەتی ئێمە لە هۆی گەندەڵبوونی ئازادی و هۆی ئەوەش ئازادیی گەندەڵ نائازادی بەرهەم دێنێ، کە تێزی سەرەکیشمانە لەم نووسینە چەند لاپەڕەییە، ئەوەیە سیاسەت لەناو ئێمەی کورد ڕووی لە گەندەڵی ناوە و هەروەها بەهەڵە بەکاربردنی سیاسەت و مشخۆربوونی سیاسی لەسەر داهاتی نەتەوەی کورد (ئەگەرچی سەرچاوەکانی ئەم داهاتە ڕوون نییە چییە!!) عیلەتی سەرەکیی ئەم بەگەندەڵبوونەی ئازادییە. بەدڵنیاییشەوە یەک لە روخسارە هەرە کوشندەکانی ئازادیی گەندەڵ ئەوەیە سیاسەت لەناو ئێمەی کورد ئەو شیاوییەی تێیدا نییە کار لەسەر بەماناداركردنی هەڵبژاردن (ئیختیار) بکا واتە تاکی کورد توانای هەڵبژاردنی نییە و ئەوەی سیاسیی دەیکا و دەیڵێ هەر ئەوەیە و ئەم ڕەفتارەش کە هەلومەرجی توتالیتاری دێنێتە پێشێ ڕاپەرینێکی تری بەدەمەوەیە. گەر ڕاپەرینی یەکەم دەسەڵاتی بەعسی بەدەسەڵاتێکی کوردی گۆڕی و ئەم دەسەڵاتە کوردییەش لەگەڵ کات گەندەڵیی بەرهەم هێنا، ئەوا ڕاپەڕینی دووەم برێتییە لە گۆڕینی دەسەڵاتی گەندەڵ بە دەسەڵاتێ ناگەندەڵ.

بەڵام بۆ ئێمە جەخت لە ترس لە ئازادیی گەندەڵ دەکەین؟ هۆی روون و ئاشکرای ئەوە ئەوەیە کە کاتێک ئازادی ناکاریگەر دەبێ، کاتێک ئازادی هیچ نەگۆڕ دەبێ، کاتێک ئازادی بۆ مەبەستی مشەخۆری بەکار دەبرێ و گەندەڵی باشترین بەرهەمی ئەو ئازادییە دەبێ ئازادی پێچەوانەکەی خۆی بەرهەم دێنێ (واتە نائازادی). لە هەمووی ترسناکتریش ئەوەیە ئەو دەمە ئازادی بێ مانا و

بێ هەیبەت دەبێ کە ئازادی بەئاشکرا بێدەنگی دروست بکا. ئەمە پارادۆکسێ یەکجار گەورەیە کە ئازادی بەخۆی دوژمنی هەرە گەورەی بێدەنگییە، بێدەنگی بەرهەم بهێنێ. ئەی ئەوە ترسناک نییە ئازادی توخمی نائازادی تێدا بێ؟ ئەی بێدەنگی یەکێک لە توخمەکانی نائازادی نییە؟ بەبێگومان ئازادیی راستەقینە کە دوژمنی هەرە گەورەی گەندەڵییە ناشێ بە بێدەنگی قایل بێ و لە ئاست نادادپەروەری و دزی و چەوسانەوەکان نەوتن هەڵبژێرێ.

پێویستە لەم سەرەتایەوە ئەوەش دەستنیشان بکەین گەندەڵبوونی ئازادی، کە بەشتبوونی دیموکراسییەتیش لەخۆدا بەرجەستە دەکا، گفتوگۆکردنی کردەی سیاسی دێنێتە پێشەوە. چونکە ئەوەی وا لە ئازادی دەکا گەندەڵ بێ و خۆی نەبێ، هەروەها ئەوەی وا لە ئازادی دەکا دژەکەی بەرهەم بهێنێ و بێ سوود و ناپێویست بێ، ئەوەیە کە کردەی سیاسیی گەندەڵ و هیچ ئاسا دەبێ. لەوەش بەلاتر نییە ئازادی وەک شتێ ناپێویست تەماشا بکرێ. خۆی ئەم جۆرە تەماشاکردنە بۆ ئازادی بەری ئەو رقەشە کە هەندێ لە ئازادی دەیبێ، بەلام ئەو رقە لە ئازادیی رقە لە ئازادیی گەندەڵ نەک لە ئازادیی راستەقینە. چونکە شیاو نییە رق لە ئازادی. واتە لە ئازادییەکی بەرهەمهێنەر و خولقێنەر. بەلام کاتێک ئازادی لە کۆمەڵگە بێدەنگی دروست دەکا و لە تەک خۆشیدا زەبری کۆمەلایەتی و نایەکسانیی ئابووری دێنێ ئەو ئازادییە ناپێویست و هیچگەرایە.

کەواتە باسی گەندەڵبوونی ئازادی باسی گفتوگۆی کردەی سیاسی دێنێتە پێشەوە و ئەمەش پرسیار لەسەر داهاتووی سیاسەتکردن دێنێتە پێشەوە. چونکە گفتوگۆکردنی سیاسییانەی واتای ئازادی و داهاتووی ئەم واتایە لە کۆمەڵگە "ئەوەی سیاسییە" لەوە جیا دەکاتەوە (سیاسی نییە). بۆیە خراپ نییە بپرسین ئەوە چییە کە سیاسییە و ئەوەش کە سیاسی نییە؟ بۆ نموونە ئازادی وەک واتا و داهاتووی ئەم واتایەش کە گشت داهاتووی تاکەکانی کۆمەڵگەی لەسەر وەستاوە شتێک سیاسییە یان نەخێر؟ بەبێ ئەملا و ئەولا خولقان و بەردەوامبوون و پەرەسەندنی واتای ئازادی کردارێکی سیاسییە. ئەم واتایەش بۆ ئەوەی بژی و تەشەنەش بسێنێ پێویستی بە ژینگەیەکی سازکار و پاقژی سیاسییە. لەم ژینگەیەش پرسیاری سەرەکی ئەوەیە پەروەردەی سیاسی چۆن خۆی فۆرمولێرە دەکا. چونکە پەروەردەی سیاسی باش دالدەیەکی مەزنە بۆ نەشونماکردنی ئازادییەکی بێ غەش و خولقێنەر. ئازادیی گەندەڵ کە لە ئاکامی بێ سەروبەری ژیانی سیاسییەوە دێتە کایەوە کارکردەی ئەو پەروەردە سیاسیی چەوتەیە لە کۆمەڵگە و لە دامەزراوەکانیدا پێش هەموو شتێکیش لە هزری سیاسییەکانیدا بنجبەستە. ئەم ژیانە سیاسییە بێ سەروبەرەش بەرهەمهێنەری راستەوخۆی ئەو گەندەڵییە ئابووری و ئیداری و یاساییەیە کە سەرتاپای دەزگاکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە و، بەبێگومانیش ئەوە زۆرترین زیان لە بیر و تێگەیشتن و رای ئازاد دەدا. بەلام لێرە با بپرسین بۆ ئازادیی گەندەڵ دەبێ؟ ماهییەتی ئازادیی گەندەڵ چییە؟.

بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لای سەرەوە بەپێویستی دەزانین لەوێوە دەست پێ بکەین کە ئەو دەمە ئازادیی گەندەڵ دەبێ ئازادیی رەوتی رەوشتی و مرۆیی خۆی ون دەکا و بەئاقاری بێ مانا و زەرەرمەنددا دەڕوا. ئەمەش وا دەکا ئازادی گرێبەستێک لە نێوان خۆی و هیچگەرایدا

ببەستێ. بۆیە ئازادیی گەندەڵ، بەردەوامبوونەکەی بەزیانە و زۆرترین کاریگەریش لەم رووەوە کە دەیخاتەوە لەو نائازادییەدا خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵگە نەشونما دەکا. بەپێی ئەوەی ئازادیی گەندەڵ پێوەندیی پتەوی بە نادادپەروەریی سیاسی و ئابووری و یاساییەوە هەیە ئەمە وا دەکا بێ مافی و بێ دادی لە کۆمەڵگە بێ ئەندازە لە گەشەسەندندا بێ. بەڵام ئەوەی ماهییەتی ئازادیی گەندەڵ چییە، لێرە هەر ئەوەندە دەڵێین: ئازادیی گەندەڵ ئەو ئازادییەیە هیچ نەگۆڕە و یان دژی گۆڕانکارییە. لە بناغەشدا ئازادیی گەندەڵ لەسەر ئەوە مشەخۆرە کە پێویستی بەوەیە هەردەم هیچنەکەر و ناگۆڕانکار بێ. گەر ئەوەش نەبێ ماهییەتی ئازادی روو لە گەندەڵی نانێ. واتە ئازادیی گەندەڵ ویستە بۆ هیچی و نەگۆڕی. بۆ ئەوەی ئازادیی گەندەڵیش بەردەوام هیچنەکەر بێ دەبێ پێوەندیی خۆی لە تەک گۆڕاننانەوە بپچڕێ. ئەم جۆرە ئازادییەش کە شایانی ئەوە نییە پشتی پێ ببەسترێ و هیچ ئومێدێکیشی پێ بکرێ هیچی لە تۆتالیتاریەت و ستەم جیاواز نییە و، هەروەها ئازادیی گەندەڵ کە فۆرمێکە لە تۆتالیتاریەت و زۆرداری تاکەکانی کۆمەڵگە بێدەنگ و سست دەکا. ئازادییش کە بووە بە زۆرداری لەوە دەچێتە دەرەوە ئازادی بێ. هۆی بنەڕەتیی بوونی ئازادی بە ئازادییەکی زۆرداری ئەوەیە ئازادی ناتوانێ هیچ بگۆڕێ و ئازادی تەنیا وەک زاراوە لە کۆمەڵگە کار دەکا و لە ناوەڕۆکدا تا بڵێی بێ دەسەڵات و بێ سوودە. هەر ئەم لایەنەشە وەکی تر وا دەکا ئازادیی گەندەڵ ویست بێ بۆ ئازادییەکی بێ بناغە و هیچ. ئەمە و ئەم جۆرە ئازادییە تەنیا پێچەوانەی ئازادیی سروشتی و ڕاستەقینە نییە بگرە ئازادیی گەندەڵ، کە ئازادییەکی هیچاوهیچە لە خراپیدا، هاوشانی زۆردارییە. زۆرداری کە ترس و تۆقان و ستەم بەرهەم دێنێکی ئازادیی بێ بناغە و هیچ بێ ئامانجی و هیچ لەبارانەبووی بەرهەم دێنێ. ئەم جۆرە ئازادییەش کە پێویستە بەهەموو شێوەیەک ڕەت بکرێتەوە لە تەک بیری سیاسیی گەندەڵ و ئوپنیون (دید)ی گەندەڵدا رێک و هاوشانە.

بۆ ئەوەی ئەم ڕەتکردنەوەیەش سەر بگرێ پێویستمان بە گەلێ گۆڕانی بنچینەییە یەک لەوانە ئەنجامدانی چاکسازیی رەوشتییە لە کۆمەڵگە. بۆیە ناهەقی ناکەین بڵێین دەربازکردنی ئازادیی ئەمڕۆی کوردستان لە گەندەڵی قەرزارییەکی ڕەوشتی و ئەرکی مرۆییی گشت تاکێکی ناگەندەڵ و ڕاستگۆسالاری کوردە. ئەمە کە کارێ ئاسان نییە پێویستی بە کۆمەکی زۆرینەی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانەشە شیاویی ئەم دەربازکردنەیان لە بەردەستدایە. بۆ نموونە هونەرمەندە هەست پاکە ناگەندەڵەکان نەک هونەرمەندە موهەریجەکان، ئەکادیمیکارە خاوەن بازووە نوێ و نامشەخۆرەکان نەک ئەکادیمیکارە کەمخوێنەوار و دژەهزر، نووسەرە هزرەڤانە هزر کۆنکرێت و پوختەکان نەک نووسەرە کاوێژچی و وشەپەرستەکان، یان رۆژنامەوانە ئەندێشە ڕیزپەڕەکان نەک ئەو رۆژنامەوانانەی تەنیا خەمیان ئەوەیە بنووسن و بڵاو کەنەوە.

پێناسە و تێگەیشتنی سیاسییە گەندەڵچییەکان، بە رۆژنامەوان و نووسەر و ئەکادیمیکارە گەندەڵچییەکانیانەوە، بۆ ئازادیی ئەمڕۆی کوردستان پێناسە و تێگەیشتنی سۆفستایی و ناتەندروستە. گەندەڵچییەکان کە خوێندنەوەیەکی سۆفستایانەیان بۆ باری ئازادیی کوردستان هەیە بۆ ئەمانە ئەوە هەرس نابێ بڵێی ئازادیی ئەمڕۆی کوردستان گەندەڵە. ئەمانە تەنانەت لەوەش

حاڵی نین ئازادی بەرهەمی ڕووداوی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ە چونکە تێگەیشتنیان بۆ ڕاپەڕین وەک ڕووداو، ڕووداوێکی سیاسی، کە هەڵگری ڕاستییەکە و دۆزێ لە پشت هاتنە کایەوەیدایە، ناتەواوە. هەروەها ئەمانە لەوەش حاڵی نین ڕووداو، گشت ڕووداوێکی، کە هەڵگری ڕاستییە ئەم ڕاستییە دۆزێکی بەرهەمی هێناوە. بۆیە ئەو دۆزەی ئازادیی بەرهەم هێنا، کـــە ڕاپەڕین بوو، بەهۆی ڕابەرایەتییەکی چەوت و بنەمایەکی سیاسیی هەڵەوە بەرەو گەندەڵی برا کە ئەوەش وایکرد ئازادی دووچاری نەهامەتی و نشوستی بێ. بەواتایەکی تر، بۆ ئەوەی ئازادی شیاو بێ، پێویستە هەلومەرج لە ئارادا بێ چونکە بوونی ئازادی بەخۆی بوونێکی سیاسییە و بەرهەمی ڕووداوی سیاسیشە، بەڵام کە ڕووداوی سیاسی گەندەڵ دەبێ، بەرهەمەکەشی گەندەڵ دەبێ. واتە دوای ئەوەی ڕاپەڕین ئاراستەیەکی گەندەڵیی وەرگرت و شیاوی و توانا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لەدەست دا، واتای ئازادی کەوتە بەر مەترسییەوە و لە ناوەڕۆکە ڕەوشتی و مرۆییەکەی کەوت.

هەر ئەو بۆچوونە چرەی خستمانە ڕوو، واشمان لێ دەکا ئەوەش بێژین، گەلێ هۆ هەن وا دەکەن لە کۆمەڵگەیەکی گەندەڵدا واتاگەلی وەک ئازادی و دیموکراسییەت زێدە شیرین و بەهادار خۆیان نیشان بدەن. بەشێ لەو هۆیانەش پێوەندیی بەو ڕابردووە سیاسییە تاڵ و ستەمکارەوەیە کە تاک و کۆمەڵگە تێیدا ژیاون. بەڵام ئەزموونەکان ئەوە نیشان دەدەن هاووڵاتی و دەسەڵات لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە یەک تێگەیشتنیان بۆ واتای ئازادی و دیموکراسییەت نییە و بگرە جیاوازییەکی ئیدیۆلۆجی و کۆمەڵایەتیی گەورەش لە نێوان بۆچوونەکانیاندا هەیە. بەواتایەکی تر، دەسەڵات لە کۆمەڵگە گەندەڵەکاندا جا ئەوە کوردستان بێ یان بەشێ لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست یاخۆ کۆمەڵگەکانی پاش کۆلاپسی کۆمۆنیزم، تا بڵێی حەز دەکەن ئازادی و دیموکراسییەت لە کۆمەڵگەدا بەرکەماڵ بێ، بەڵام ئەو جۆرە ئازادی و دیموکراسییەتەی ئەمانە پشتگیریی دەکەن، لەبەرئەوەی پێوەندیی بەبەرژەوەندییە سیاسییەکانیانەوە هەیە، نەزۆک و نابەرهەمهێنە. ناواخنی ئەم ئازادی و دیموکراسییەتە کە بێدەنگی و نەگۆڕیی لەخۆدا حەشار داوە، دژی ئەو هیوایانەشە ئازادی لە پێناویدا هاتووەتە کایەوە. بۆیە دەسەڵاتی سیاسیی گەندەڵیی کوردی کە ئارەزووی ئازادی و دیموکراسییەتی هەیە ئەو ئارەزووە هەرگاف کاتی و هیچنەکەرە. ئەم (واتە دەسەڵاتی سیاسیی گەندەڵیی کوردی) لەبەرئەوەی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە بەئارەزووی خۆی بەکار دەبا و شێوەی بەکاربردنەکانیشی لە پاش و چەوتن ئەمە کاریگەرییەکی بێ ئەندازەی بەسەر بینینی بۆ واتای ئازادی و دیموکراسییەتیشەوە بەجێ هێشتووە.

بۆ پتر شیکردنەوەی ئەوەی لای سەرەوە وترا، ئەو گریمانە سیاسییە وەبیر دەخەینەوە، کە زۆرینەمان خوومان بە گۆکردنیەوە گرتووە، کە ئەمەیە: ئازادیی کوردی، ئازادیی ئەمڕۆی کوردستان بەری ڕاپەڕینە. باشە ئازادی وەک بەری ڕاپەڕین بۆ وای بەسەرهات؟ ئازادی وەک بەری ڕاپەڕین، کە ئەوەش واتە بەرخوردان و بەرەنگاری، بۆ گەندەڵیی بەرهەم هێنا؟ ئەی ئەوە شەرم نییە ئازادی هیچنەکەر بێ؟ بۆ شیکردنەوەی ئەو گریمانە و دواتر ئەو پرسیارانەش لە ئاکامی ئەو گریمانەوە هاتنە کایەوە دەڵێین ئەرکی تیۆری سیاسییە عەقڵییەتی ڕەخنەگرانە بێنێتە پێشێ و ئەوەش ڕوون بکاتەوە بۆ ئازادیی ڕەوتی خۆی تێک دەدا و بۆ دیموکراسییەت ڕوو لە بەشتبوون

دەنێ بەڵام گرفتی ڕووناکبیری کوردی لەوەدایە بێ تیۆری گوزەر دەکا و هەڵوێستەی تیۆریی خۆی سەبارەت بەهیچ شتێ نییە. ئەگەرچی نەشونماکردنی تیۆرییەکی سیاسیی رادیکال و هاوشانبوونی ئەم تیۆرییەش لە تەک تیۆریی سیاسیی گەردوونی لەناو دەستەبژێری کورد لە کوردستان و لە هەندەران، لەناو نووسەرە عیسامییەکان و ئەکادیمییەکانیش، کارێکی گرینگ و پێویستە، بەڵام کارێکی ئاسان نییە. چونکە گەر ئێمە خاوەنی تیۆری سیاسیی خۆمان بین لەوە دەگەین یەکێک لە ڕوخسارەکانی ئازادیی ئەمڕۆی کوردستان ئەوەیە، ئێمە ئازادییەکمان لەسەر نەهجی خۆمان، لەسەر عەقیدەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆمان دروست کردووە. ئەم جۆرە ئازادییە کە نە تەواو ڕۆئاواییە و نەش تەواو ڕۆهەڵاتییە لە فۆرمی واتای ئازادیی ئەو وڵاتانەوە نزیکە نوقمی گەندەڵدا و زۆردارین. ئازادیی ئەمڕۆی کوردستان کە کۆکتێلەکە لە چەند قوتابخانەیەکی ئازادیی بێ سەروبەر ئەم جۆرە ئازادییە توانای پاراستنی ستاتۆسی سیاسیی کوردی نییە. ئەم ئازادییە کە بەبێ تاکەکانی کۆمەڵگە گوزەر دەکا، ئەم تاکانە کە توانای گومانکردنیان لەم ئازادییە نییە، بێ داهاتووە. ئەم تاکانە لەبەرئەوەی لەژێر کاریگەریی پەروەردەیەکی سیاسیی گەندەڵدان بە ئازادییەکی هیچنەکەرەوە گلاون و بێ ئاگاشن لەوەی ئەم جۆرە ئازادییە ئەوەی بنەمای و بنەرەتییە ناکاریێ بیگۆڕێ. بۆیە ئەم جۆرە ئازادییە ناپێویستە و گرینگیشە رەت کرێتەوە. بەڵام رەتکردنەوەی ئەم ئازادییە هەروەک لای سەرەوەش وترا داوای بوونی هزرێ تیۆری سیاسیی پوختمان لێ دەکا. ئەڵبەتە لە ئێستاشدا ئەم هزرە بوونی نییە. چونکە نێوەندی چ ڕۆشنبیری و چش ئەکادیمی و ڕۆژنامەوانی لە هەوای خۆیاندان و بۆ ئەم نێوەندانە نە تیۆری بایەخدارە و نەش هزر. ئەوەی هەیە چەند کەسێ ڕۆژانە دەنووسن، لەم هەفتەنامە و لەو ڕۆژنامە پەنجەرە و لاپەڕەی خۆیانیان هەیە و لە بری ئەوە دۆلار لەسەر گشت وشە و لاپەڕەیەک وەردەگرن. ئەمانە کە پرۆتاگۆراسەکانی شارن، شاری گەندەڵ، خۆیان وەک پارێزەری وشەی ڕاست و ڕابەری ئازاد دەزانن. ئەمانە لەبەرئەوەی بەمە دەژین ئامادەن بەگژ گشت کەسێکدا بچنەوە سەر بە خۆیان نەبێ. ئەمانە کە خۆیان وەک دژە گەندەڵ و سازێنەری ئازادیی وشە دەناسێن تازەگەرییان لە گەندەڵی کردووە.

بەڵام ئەوەی وترا هەمووی ئەوە نەبوو ویستترا، بوترێ، چونکە ئەو دەمەی ئازادی لە ئاکامی گەندەڵبوونەوە ناپێویست دەبێ، دەبێ بزانین چۆن و لە چ ئاستێکدا دەشێ سەرنج بخرێتە سەر ئیلیت (دەستەبژێر)ی سیاسیی کوردی؟ باشە بۆ ئیلیتی سیاسیی کوردی؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە دەڵێین لەبەرئەوەی تەنیا ئەم ئیلیتە لەو گەندەڵییە بەرپرسیارە سیاسەت لە کوردستان دووچاری بووە، هەروەها تەنیا ئەم ئیلیتە لە هەقایەتی گەندەڵبوونی ئازادی دەگا. کەوا بێ بۆ ئەوەی ئازادی لە گەندەڵی دەرباز کرێ، پێویستە سیاسەت ستاتۆسی خۆی هەبێ و سیاسەتیش ئەو کاتە ستاتۆسی دەبێ کە ئیلیتێک هزرەڤان و خوڵقێنەر لە کۆمەڵگە کردەی سیاسی بەرهەم بهێنن نەک رابردوو پیس و سازشکەر، نەک ڕۆژێک کوردپەروەر و ڕۆژێ دوژمنخواز. بەڵام ئێمە هەروەک لە گەلێ شوێنی ئەم نووسینەدا باسمان لێ کردووە ئیلیتی سیاسیی کوردی بەتەنیا گەندەڵیی پێ نابرێتە ڕێوە و باشترین یارمەتیدەری ئەم ئیلیتەش لەم ڕووەوە ڕۆشنبیرن بەهەموو

چەشنەکانیەوە (نووسەران، ڕۆژنامەوانان، ئەکادیمیستان، هونەرمەندان و... هتد).

با ئەوەشمان بیر نەچێ، لە تیۆری سیاسیی هاوچەرخدا بایەخێکی زۆر بە بەکاربردنی سیاسەت وەک ئامراز بۆ چارەسەرکردن بەکار دەبرێ، بەڵام لە پراکتیکدا گەر ئێمە سیاسەت بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی بەکار بەرین، دەبێ سیاسەتکردن لە گەندەڵی خاڵی بکەین؛ چونکە گەندەڵیی سیاسی لە کوردستان گەندەڵییەکانی تریشی بەرهەم هێناوە، بۆ ئەوەی گەندەڵیی سیاسییش بنەبڕ بکرێ، دەکرێ لە دادپەروەریی سیاسییەوە دەست پێ بکرێ، چونکە دادپەروەریی سیاسی بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی ئامرازێکی سیاسیی بەهێزە، بەڵام ئەم دادپەروەرییە نایەتە دی گەر ئەوانەی سیاسەتی کوردی دەبەنە ڕێوە لە پەروەردەی سیاسییاندا دادپەروەری نەبێ.

ئێمە نامانەوێ بڵێین ئەمڕۆ ئازادی، بەواتای ئازادیی بیروڕا لە کوردستان نییە، نەخێر و پێشمان وایە ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە، لە کەم لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەیە بەڵام گرفتی ئەو جۆرە ئازادییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا سەروەرە ئەوەیە کە ئازادییەکی نابەرهەمهێنەر و مشەخۆرە. ئازادییش کە مشەخۆر و نابەرهەمهێنەر بێ دەبێ بە بکوژی ڕاستەوخۆی وتنی ڕاست و کاریگەر. ئەم دۆزەش نەک هەر گەندەڵیی هزری بەرهەم دێنێ بگرە پێش گشت شتێ گەندەڵییە سەرەکییەکانی دیش بەخێو دەکا کە پێش هەمووی گەندەڵیی ئابووری و سیاسی لێرە مەبەستە. بۆیە کەسی کورد دەبێ لەوە بکەوێ ئازادی بەهەڵە بەکار بەرێ و یان بەشداری لە بەشتکردنی ئازادیدا بکا. چونکە ئازادی چەند گرینگە لە مۆزەخانەکاندا هەڵنەگیرێ ئەوەندەش گرینگ و پێویستە بەهەدەر نەدرێ و خراپ بەکار نەبرێ. ئازادی کە لە شتە بەنرخ و دەگمەنەکانە دەبێ بپارێزرێ و بەچاکیش بەکار ببرێ. بەڵام مەرج و گرینگە جیاوازی لە نێوان ئازادی و بەرەڵایی، ئازادی و ئاژاوەچێتی، ئازادی و هیچگەراییدا بکرێ. چونکە بێ ئەو جیاوازییانە، ناتوانین نە لە ئازادیی ڕاستەقینە بگەین، کە دروستکەر و سازێنەری زۆربەی دیاردە باش و جوانەکانە و پارێزەری بەڵانسی نێوان ئەرک و مافیشە و، نەش لە دژەکانی. ئازادیی ڕاستەقینە کە ئازادیی گەندەڵ و مشەخۆر دەگرێتەوە. بۆیەشە وا دەڵێین چونکە لە ناخی ئازادیدا دووانەیێ ئامادەیە پێی دەوترێ ماف و ئەرک (یان بەرپرسیاریەتی). ئێمەی ئازاد کە باس لە مافەکانمان دەکەین دەبێ ئاگایمان لەسەر بەرپرسیاری یان ئەرکەکانیشمان هەبێ. چونکە ئازادی تەنیا لە ڕێگەی دانی مافەوە گەشە ناکا بگرە لە ڕێگەی ئەوەشەوە گەشە دەکا لەسەرمان پێویستە و دەبێ بەجێی بهێنین. واتە بەجێگەیاندنی ئەرک و بەرپرسیارییەکان ماهییەتی ئازادیی ڕاستەقینە رادەگرێ و ئەوەش بۆ هەموو لایەک روون دەبێتەوە ئێمە ئازادین ئەو وەختەی ئەرکەکانمان بەجێ گەیاند و مافەکانیشمان دەست کەوت. چونکە مرۆڤی ئازاد ئەو مرۆڤەیە کار تەنیا بۆ وەرگرتنی مافەکانی ناکا بگرە کار بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەرشانیشی دەکا. کەسی ئازادیخواز کە نابێ هەر خەیاڵی لای مافەکانی بێ، دەبێ هۆشیاریی لەسەر مافی ئەوی تریش هەبێ و دەبێ بشزانێ چ بەرپرسیارتیگەلێک لەسەر شانیەتی کە دەبێ بەجێ بگەیەندرێن. ئەم هاوکێشەیە لە ئێستای کوردستان زۆر تەڵخ و نابینایانە خۆی دەردەخا بەرهەمی ئەو گەندەڵییەیە سیاسەتکردن دووچاری بووە. چونکە سیاسەتی ڕاستەقینە و رسیۆنال (عەقڵانی) پێویستە کار بۆ روونکردنەوەی

پێوەندیی نێوان ماف و ئەرک بکا. ئەم سیاسەتە کە دەکارێ ئازادیی تاک بپارێزێ، دەکارێ بەشداری لە فراوانکردنی ڕووبەری ئازادیشدا بکا. واتە جیاوازیی نێوان ئازادیی راستەقینە و ئازادیی گەندەڵ ئەوەیە ئازادیی گەندەڵ هیچ تێگەیشتنێکی بۆ پێوەندیی رەوشتی و مرۆییی نێوان ئەرک و ماف نییە و لەبەرئەوەی دوژمنی گەورەی ئەرکیشە بایەخێکی ئەوتۆ بە بەرپرسیاریەتیی رەوشتی لە کۆمەڵگەدا نادا. هەر بۆیەشە لەژێر سایەی گەندەڵیی پاک ڕەوشتی پرسیارێکی گەورەیە.

بۆ کۆتاییهێنان بەم بەشەی نووسینەکەمان بەپێویستی دەزانین، چەند گریمان و سەرنجێک بخەینە بەردەست:

* ئازادیی گەندەڵ، نیشانەیە لەسەر ئەوەی ئێمە کۆنترۆڵمان بەسەر ئەوەی لە کۆمەڵگە و لە ژیانماندا روو دەدا لەدەست داوە و دووچاری پانیک (شپرزەی)ی رەوشتی بووینە. ئەمەش بەخۆی نیشانەیە لەسەر ئەوەی ئێمە رەوشتمان رۆژ بەرۆژ لە لەکەداربووندایە. واتە شتێک نییە پێ بڵێین پاکدامێنیی ڕەوشتی لە کۆمەڵگە. بوونی کۆمەڵایەتیشمان، ژان – لۆک نانسی وتەنی، کە پێویستی بە کردەیە(١٦) لە کار کەوتووە.
* بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵییەکان بە گەندەڵیی ئازادییشەوە، پێویستمان بە ئامرازە، جا چ پەروەردەیی بێ و چش سیاسی و ئیتیکی. بۆ ئەوەی ئەو ئامرازانەش دەستەبەر بکرێن و لە شوێن و کاتی خۆیدا مسۆگەر بکرێن دەبێ هێزە باش و داهێنەرە پاقژەکان یەک گرنەوە. واتە تەنیا و تەنیا هێزە چاک و خاوێنەکان دەکارن دڵی گەندەڵی لە لێدان راگرن و نەهێڵن چیی تر گەندەڵی دێمون (عفریت)ی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردی دروست بکا.
* گرینگە تێگەیشتنمان بۆ ئازادیی گەندەڵ بەجۆرێک بێ کە ئەم ئازادییە هەڕەشەیە بۆ سەر بوونی رەوشتی و کۆمەڵایەتیمان و بۆ سەر ئەوەش کە یەکجار دڵمان پێی خۆشە واتە بەکوردبوونمان. واتە هەڕەشەی ئازادیی گەندەڵ هەڕەشەیەکی بوونایی پوختە و تا زووە دەبێ لێی دەرباز بین. بۆیە هەڵە ناکەین بڵێین گەندەڵی چرکە ساتێ مەترساوییە و هێنەری چەندان جۆر لە کاتاستڕۆف (بەڵا)ی کۆمەڵایەتیشە.
* داکۆکیکردن لە بیرۆکەی پتر ئازادی (ئازادیی راستەقینە مەبەستە نەک گەندەڵ) پێویستە ئەرکێ بێ بۆ هەمووان، بەڵام ئەم ئازادییە دەبێ لە تەک هۆشیاریی رەوشتی و هەستی بە مرۆڤانیدا هاوشان بێ. ئەگەرنا ئەوا بیرۆکەی پتر ئازادی دەبێ بە بناغە بۆ ئازادییەکی هیچ لە بارانە بوو.

* ئازادیی گەندەڵ و "کۆمەڵگەی کراوە" یەک دەگرنەوە گەر ئازادی برێتی بێ لەوەی تۆ ئازادی چی دەکەی بیکە، هەروەک ئەوەی منیش ئازادم لەوی دەیکەم. ئەم جۆرە ئازادییە کە لە ئازادی ئاژاوەگێڕی و هیچگەرایی جیا نییە زێدە مەترسیدارە و هەڕەشەشە بۆ سەر داهاتووی تاک و کۆمەڵگە.
* پاراستنی بنەماکانی، پایەکانی، ئازادیی ڕاستەقینە ئیشی دەوێ و بەرپرسیاریەتییەکی سیاسی

و کۆمـەڵایەتییـە، بەڵام ڕەتکردنەوەی ئـازادیی باو، ئازادییـەکی کە توخـمی نائازادی لە ناخـیدا حەشار داوە زۆرترین ئیشـی دەوێ و لەسەر گشت ئاستەکانیش (ئابووری، یاسایی، پەروەردەیی و...) پێـویستـە کـاری بۆ بکرێ. واتە، ئازادی پێویسـتی بە بەخێـوکردن و پاراستن هـەیە. بۆیە گـرینگە بـۆ هەمــووان ئەوە روون بێ ڕێزگـرتن لـە ئازادی، ئازادیـی ڕاسـتـەقـینە، نەک ئـازادیی بەشــتکراو، کـاری هەمــووان و ئەرکـێکی مـرۆیی و کـوردی و ڕەوشـتـیـیــە و لە هەمـان کـاتدا بەگژاچوونەوەی ئازادیی درۆش، ئازادیی گەندەڵاوی، یان ئازادیی بەشمەک بوو، ئەرکی هەمووان و ئەرکێکی ڕەوشتی و مرۆیی و کوردانە تریشە.

* تاکی ئـازادیی کـورد، چـەند گرینگە بیـرفـراوان و کـراوە بێ، ئەوەنـدەش گرینگە سـەرچـاوەیەکی سـەرەکی بێ بۆ پاراسـتنی ئازادی و ئاسـایشی کوردسـتـان. ئازادیی تاکی کورد، لە ئاسـایشی کوردستان جیا ناکرێتەوە. واتە ئاسایشی گشت کوردستان بەخێوکەری سـەرەکیی ئەو ئازادییە تاکییـەیە کـە گشت تـاکەکانی کۆمـەڵگە، کۆشش بۆ هێنـانە دی دەکەن، بەڵام ڕاگر و پارێزەری ئازادی و ئـاسـایشی کـوردسـتـان تەنیـا ئەرک و بەرپرسـیـاریەتیی تاکی کـورد نییـە بگرە کـار و ئیــشـی دەســەڵاتی ســیــاســیــشــە چـونکە ئـەوە "ئەوە" زۆربەی ســەرچـاوە و ئامــرازەکـانـی لە بەردەستدایە. بۆیە ئەو دەمـەی قسە لەسـەر تاکی کورد دەکرێ، یان شتـە گشـتییەکە کە ئەوەش ئازادی و ئاسایشە نابێ شوێن و ڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسیمان لەم بەینە لە بیر بچێتەوە.

* لـە پاش ڕاپـەڕینی ١٩٩١ بـەولاوە لـە کــــوردســــتـــان بـزووتـنـەوەی ئـازادی و دیمـوکــــراسی لـە گەشەکردندایە و بگـرە بنکەی جۆراوجۆری مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنییش دروست کراوە و دنیـایەک یاسـاناس و مـافپـەروەری کـوردیش سـەریان هەڵداوە، بەڵام ئەوانە یەک ملیـمـەتر لەو گەندەڵییـە یـاسـایی و ئابووری و کـۆمـەڵایەتییـانەیان کـەم نەکردووەتەوە، بینەقـاقـای کـۆمـەڵگەی گرتووەتەوە بۆیە پێویستـە جیـاوازی لە نێوان ئازادیی ڕاسـتـەقینـە و ئەو ئازادییـە بکەین ئەمـڕۆ وەک شمەکێکی ئایدیۆلۆجی لە کوردستان بەکار دەبرێ.

* لەگەڵ باسی ئازادیی گەندەڵدا باس لە بیری بێلایەنیش دەکرێ، بەڵام گرینگە خوێنەر لەوە بەئاگا بێ هـەندێ بیـرکـردنەوە کـە بێـلایەنە نەک ئازاد نییـە، بگرە دوژمنی هـەرە گـەورەی ئازادییـشـە. بەواتایەکی تر ئازادیی ڕاستـەقینە، نەک ئازادیی گەندەڵ و مشەخۆر، ئەو ئازادییەیە خـوڵقێنەری بیــری بێــلایەنی بـێ زەرەر و کــاریگەرە. بەڵام تـا پەچەکــانی ســیــاسی و ڕۆشنـبـیــریی کــورد ڕانەمـاڵرێن ناشێ ئازادیی کـارا و پڕ لە یەکسـانیی سیـاسی بەرهەم بێ. کەواتە بێلایەنی لەژێر سایەی ئازادیی گەندەڵدا درۆیەکی گەورەیە.

* ناشـێ ڕۆڵی بـزووتنەوەی ئیــســلامــیی ســیــاسـی لە گــەندەڵکردنی واتـای ئازادی و ڕۆڵی ئەم بـزووتـنـەوەیە لـە بەکــاربـردنی دووانـەی بۆ واتـای ئازادیی ڕۆژئاوایـی لە بیــر بکرێ. چونکە ئـەم بزووتنەوەیە کـە دوژمنی ئازادیی ڕۆژئاواییـە لە هەمـان کاتدا بەکاربەریشـیـەتی. ئەم بزووتنەوەیە کە لەوە کـەوتووە فەلسـەفەی ئازادیی خـۆی ڕوون بکاتەوە دووچاری گەندەڵییەکی هزریی سیـاسی بووە کە بەوە وێنەی ئیسلامیشی تێک داوە.

گەندەڵیکردن بەسەر تراجیدیاوە

# پیشەسازیی ئەنفال

پێش ئەوەی بێینە نێو ئەم بەشەوە بەباشی دەزانین ئاماژە بەسەرنجێ زێدە گرینگ بکەین. ئەو سەرنجەش ئەوەیە ئەم بەشەی نووسینەکەمان کە بە تراجیدیای ئەنفالەوە تایبەتە، پێوەندیی بەو وەرزی نووسینەوە نییە کە وا بیست ساڵێکە لە ناوماندا سەری هەڵداوە. بۆیەشە وا دەڵێین، چونکە لە دوای تراجیدیای هەڵەبجەوە و دواتریش کە موسیبەتی ئەنفالی بەسەردا هات، کە هەموو ئەوانە بیست ساڵێکی بەسەردا تێ پەڕی، لەو کاتەوە سالانە و لە دەم و وەختی بەهار و یادی ئەو تراجیدیایانە پێنووسی کوردی زۆرترین جمەی لێوە دێ. بەڵام ئەمەی ئێمە لێرە دەیکەین، بەشێکە لە نووسینێکی سیستەماتیک و پلان داڕێژراو کە تێیدا دەخوازین گشت ئەو لایەنانە بخەینە بەرباس کە پریشکی گەندەڵییان بەرکەوتووە، بۆیە وەک ئەرکێکی مێتۆدیکی ئەو باسەی تایبەت بە موسیبەتی گەندەڵی دەستمان داوەتێ زۆر بەپێویستی دەزانین دیتنی خۆمان بۆ تراجیدیایەک لەو جۆرەی کورد بەسەری هاتووە و ئەم جار رەفتاری تاک و دەسەڵاتی سیاسیی کوردیش لە تەک تراجیدیای ناوبراو بخەینە ڕوو.

لە راستیشدا ئامارێکی دیاریکراو لە بەردەستدا ئامادە نییە کە لە پاش ڕاپەڕینەوە، بەهۆی ئەوەی بوارێکی ئازاد بۆ وتن و درکاندن هاتە پێش، چەند جار وشەی ئەنفال لە میدیای کوردیدا بەکار براوە، بەڵام ئەوەش روون نییە چەند ئەم بەکاربردنە کاریگەر و سوودمەند بووە. لەوانەش بگەڕێتەوە ئەوەیە کە تراجیدیا (کارەسات)ی ئەنفال دووچاری تراجیدیاییەکی تر هات کە ئەوەش تراجیدیای گەندەڵییە کە بەهەقیقەت تا بڵێی تراجیدیاییەکی نەتەوەیی جەرگبڕە. چونکە ئەو دەمەی گەندەڵی کەوتە کار رووداوی ئەنفال وەک گەلێک لە شتەکانی تری کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردی بەر شەپۆلی گەندەڵی کەوت و بوو بە ماتریالێکیش بۆ بازرگانی و ئەنفالیش وەک موسیبەتێ نەتەوەی لە یارییە گەندەڵکارییەکانی سیاسییەکاندا بێ ئەندازە زەرەرمەند بوو و بووە بە پیشەسازییەکیش وردە وردە خەڵک حەوسەڵەی ئەوەی نەماوە تێڕامانی لەبارەوە بکا و ئەو سوبژێکتە (خودە) دەستنیشان بکا زەبروزەنگی لە کارەساتی ئەنفال و کوشتاری هەڵەبجە پیادە کرد. ئەم لایەنە کە برینی نەتەوەی دروست دەکا واتای تراجیدیا و ئەو هێمایانەش لەو واتایەوە دەشێ بێنە دەر بێ نرخ و تەمومژاوی دەکا. ئەوی لەم رووداوەش (رووداوی بوونی تراجیدیای ئەنفال بە پیشەسازی) بەرپرسیارە ئەو پارادیمە سیاسی و رۆشنبیرییە نوێیەیە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی و دەستەی رۆشنبیری خۆیان لەسەر ڕاهێناوە. ئەڵبەتە ئەو پارادایمە بە ئاشکرا ئەو بینینەشمان لا دروست دەکا کە ئێمە، ژان _ لۆک نانسی وتەنی، سیاسەت بەجۆرێکی

دەهزرێنین لە تەک ویستماندا[١٧] بیگونجێنین، بەڵام گرفتی سیاسی ئێمە لەوەدایە ویستی ئێمە بێ ئەندازە ون و نادیارە. بۆیە ئەو رووداوە تراجیدییە مەزنانەی، وەک کارەساتی ئەنفال و کوشتاری هەڵەبجە، کە ساڵانێکە هزرەڤانییان بەسەرەوە دەکرێ و، وەک ئامرازێکی سیاسیش لێرە و لەوێ بەکار دەبرێن، پیشەسازیی تراجیدیایان لێ دروست کرا. خەڵکە سادەکەش کە ئەوەندە بایەخ بە تراجیدیای ناوبراو نادەن و یان بایەخدانەکەیان تەنیا وەرزییە، گشت ساڵێ لە دەم و وەختی بەهاردا ئەم تراجیدیایانە یاد بکەنەوە. ئەم نەریتە کە بەرهەمی بیرکردنەوەی هێزە سیاسییەکانە بووە بەپیشەسازییەکی نەتەوەیی بۆ سیاسییەکان و سەرچاوەیەکی باشیش بۆ داهات بەدەستهێنان. ئەمە و مشەخۆری دەسەڵاتی سیاسیی کوردی کارێکی وای کردووە بەناوی ئەو کارەساتانەوە بتوانێ بۆ هەردەم نوێنەرایەتیی میللەتێک بریندار بکا و لە رێگەی ئەوەشەوە رەوایەتی بەمانەوەی خۆی بدا و خۆی نێودەوڵەتی بکا. ئەمەش کە بە فیعلی تراجیدیای نەتەوەیە کاردانەوەی بەسەر چارەنووسی سیاسیی تاک و کۆمەڵگەی کوردییەوە، بێ وێنە هەیە. چونکە بۆ نموونە موسیبەتێکی وەک گەندەڵی کە ئەم دەسەڵاتە سیاسییە بە رۆشنبیرە گەندەڵەکانییەوە لێی بەرپرسیارن بەهۆی ئەو تراجیدیا جەرگبڕانەی بەسەر کورد هاتوون فەرامۆش دەکرین. یان لەبەرئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی تراجیدیاکانی کردووە بە بەشێک لە یارییە سیاسییەکانی لە تەک ئەوی تری غەیرە کورد ئەمە وای کردووە موسیبەتی گەندەڵی بابەتی باس نەبێ. چونکە بەپێی بیرۆکە سیاسییە ژەنگاوییەکانی زۆربەی بیریارە سیاسییەکانی کورد بێ "ئێمە میللەتێکن خاوەنی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالین، بۆیە گەندەڵی لە ئاست ئەو تراجیدیایانە ئەوەندە ترسناک نییە" یان بۆ ئەوە دەچن "دیاردەی تیرۆریزم کەوا خەریکە تێکرای عێراق لووش دەدا گەندەڵی لە بەرامبەر ئەم دیاردەیە کەی کێشەیە لە کاتێکدا ئاسایش و ئازادی لە کوردستان بەرکەماڵە".

بەڵام ئەوەی ئێمە لە بری ئەو بیرۆکە بێ ناواخنانە پشتگیریی لێ دەکەین ئەوەیە کە گشت کێشە و کارەساتێکی ئابووری یان کۆمەڵایەتی یاخۆ سیاسی و کولتووری پێویستە بەیەکتر تێکەڵ نەکرێن و لە کات و شوێنی خۆیدا چارەسەری راستەقینەیان بۆ بدۆزرێتەوە. ئێمە کە لەم رووەوە لە پاشین لە رووبەڕووبوونەوەی بنەبڕانەی کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بێ ئەزموونیشین. بۆیە لەم بەشەی نووسینەکەماندا کارێکی بەجۆرێکی لەسەر موسیبەتی گەندەڵی دەکەین کە بکارێ وتن لەمەڕ ئەو تراجیدیایانە بهێنێتە پێشەوە روو لە بەشمەکبوون دەنێن.

سەرباری ئەوی وترا، ئێمە لەم بەشەی نووسینەکەمان بە کورتی دێینە سەر کاریگەریی گەندەڵی بەسەر تراجیدیای ئەنفال و رووداوی هەڵەبجە و لە رێگەی ئەوانیشەوە بەرەنجامی رۆشنبیری و سیاسی و رەوشتی و دەروونیی ئەم لایەنە دەستنیشان دەکەین. ئەم لایەنە کە گرینگیی خۆی هەیە لە باس لەو تراجیدیایانەی دیاردەی گەندەڵی دەیخاتەوە ئەو مەسەلانەشمان بۆ شیتەڵ دەکا کە پێویستی بەتێگەیشتنی تاک و دەسەڵاتی سیاسیی کوردە بۆ واتای تاوان، دادگەییکردن، قوربانی، ماف، پاکبوونەوە لە ئاست یەکتر یان لێبووردەیی و مێوانداری تا دەگاتە چەمکی وەک هاوسێیەتی (جیرانێتی) و بەخشندەیی و دادپەروەری. بۆیە ئێمە لە هاتنە قسەکردنەکانمان لەبارەی تراجیدیای ئەنفالەوە تەنیا بەوەوە ناوەستین کە چەند ئەم تراجیدیایە قوربانیی گەندەڵییە بگرە

ئەوەش کە چۆن خودی تراجیدیا دەکارێ دیاردەی مەترسیداری وەک هزرپەرتی، سۆزی بێ بنەما، ڕق و بوغز و زەبر لەناو عامەی خەڵک بەرهەم بهێنێ. ئەگەر تراجیدیای ئەنفال و هەڵەبجە ئەمەیان کردبێ ئەوا گەندەڵیی سیاسی و ڕۆشنبیری لەناو سیاسی و ڕۆشنبیرانی کوردیدا ڕۆڵی خۆی بەوردی لەم ڕووەوە دیوە. بۆیە ئێـــمــــە داوا لە خـــوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیەی ئەم بەشـــەی نووسینەکەمان دەکەین بە ئومێدی ئەوەوە ئەم بەشە نەخوێنێتەوە کە ئەنفال تەنیا بەرهەمی درندایەتیی سیاسیی ئەوی تره بگره بە ئومێدی ئەوەشەوە بیخوێنێتەوە کە ئەنفال بەرهەمی گێلی (گەوجی)ی سیاسیی خۆشمانە. بۆ ئەوەی دیتنێکی پوختیش تایبەت بەوی دەمانەوێ ڕوودەستی بخەینە بەردەستی خوێنەر بەپێویستی دەزانین لە ڕێگەی چەند پەرەگرافێکەوە بێینە ناو وتنەکانمانەوە.

١- وشەسازی و کارەساتی ئەنفال

کەم کەس هەیە ڕۆژانە یان ماوەیەک جارێک نووسینی لەسەر ئەنفال بەرچاو نەکەوێ. ئەوەتا بەناوی ئەنفالەوە وەزارەت، مۆزەخانە، پەیکەر، گۆڕستان، کۆوار، سایت، ڕێکخراو و بنەکەی تایبەت دروست بوونە و کەم تا زۆریش لێرە و لەوێ کەسانێک وەک پسپۆڕ و توێژەر جارجارە سەر دەردێنن و لە کاتی ساڵوەگەڕی ئەنفالدا قسەی خۆیان دەکەن کە هەموو ئەمانەش دەیانەوێ پێمان بڵێن کێشەی ئەنفال بۆ کەسی کورد هەنووکەییە. بەڵام ئەمانە برینە بنەڕەتییەکەیان چارەسەر نەکردووە. چونکە ئێمە ئێستا وەک خاوەنی ئەو جۆرە تراجیدیایە لە قۆناغێکداین خەریکە تراجیدیاکەمان بەدەستی خۆمان بە پیشەسازی دەکەین. ئەمەو ئەو لێکسیکۆنەی (قاموس) ئەم تراجیدیایە لە پاش خۆی بۆی بەجێ هێشتووین شی نەکراوەتەوە. چونکە لە لێکۆڵینەوەکاندا تایبەت بە کارەساتی ئەنفال ئەوە ڕوون نەکراوەتەوە ئەنفال جینۆساید بوو یان هۆلۆکۆست؟ ئاخۆ ڕووداو بوو یان کارەساتێکی پلان ئامێز؟ ئاخۆ دروستبوونی ئەنفال پێوەندیی بەوەوە بوو ئێمە کورد بووین بۆیە قەدەرمان بوو بەوەی بە زیندوویێتی زیندەبەچاڵ بکرێین یان پێوەندی بە دریی ئەو ڕژێمەوە بوو کە ئەو تراجیدیایەی بەسەر هێناین؟ هەروەها ئێمە ئەوەشمان ڕاڤەنە کردووە چەند ناسیۆنالیزم لە دروستکردنی کارەساتی لەم شێوەیە بەرپرسیارە و ئەمە و ئێمە حاڵیبوونێکی تەواویشمان لای خۆمان تایبەت بە زاراوەی شەهید، قوربانی و کوژراو دروست نەکردووە. بۆیە گرینگە ئێمە لە باسکردنەکانمان لەبارەی ئەنفالەوە ئەو پرسیارە ڕوون بکەینەوە، ئێمە لەناو ئەنفالدا کوژراین (مرێنراین)یان بووینە قوربانی؟ ئەگەر ئێمە قوربانین بۆ دەبێ ئاوا لە تەک قوربانییەکانماندا ڕەفتار بکەین؟ ئەگەر ئێمە قوربانین ئەو بەهایانە چین ئێمە لە پێناویاندا بووینە قوربانی؟ باشە قوربانی نابێ بەدووی تاوانکاردا وێڵ بێ؟ کوا وێڵبوونی ئێمە؟

بەکورتی لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەوە دەمانەوێ بگەینە ئەو بەرەنجامەی ئەنفال وەک کارەساتێکی نەتەوەیی لە پاش خۆی وشەسازییەکی ئەوتۆی بەجێ نەهێشتووە کە شیکردنەوە بەدەستەوە بدەن. ڕەنگە هۆ بۆ ئەم لایەنە زۆر بێ بەڵام بەشێک لەو هۆیانە لە خوارەوە لە چەند خاڵێکدا پۆل دەکەین:

یەکەم. ڕوونەکردنەوەی ئەنفال وەک جینۆسایدێکی سیستەماتیک.

دووەم. زاڵبوونی نووسینی ڕەوانبێژی و شیعرگەرایانە نەک توێژینەوە و راڤەکردنی دیسپلیندار لەمەڕ تراجیدیای ئەنفال.

سێیەم. وەحشیەتی ناسیۆنالیزمی بەعسی و گێلیی سیاسیی کوردی کە تراجیدیای ئەنفالی شیاو کرد دەبایە لە پاش ڕاپەڕینەوە بواری لە بەردەم ئەم باسە نەوتراو ئامێزدا بکردایەتەوە بەڵام ئەمە نەکرا. چونکە گەندەڵی جێی وەحشییەتەکەی گرتەوە و گێلییە سیاسییەکەش، کە تا هەنووکەش بەردەوامە و نایەوێ ئەوە بکا، دوژمنی گشت راڤەکردنێکی ئەسیل و راستەقینەیە و لە هەمان کاتیشدا ئەو گێلییە سیاسییە هۆکاری سەرەکیی بەردەوامبوونی ئەو موسیبەتەشە (واتە گەندەڵی) کە دەستی هەیە لە بەپیشەسازیکردنی تراجیدیای ئەنفالدا.

بۆیە گەلێک وشە و زاراوە تا ئێستاش لە ناوماندا و تایبەت بە تراجیدیای ئەنفال سەریان هەڵنەداوە و ئەویشی لە گۆڕەپانی بەکاربردندان تیماری تێگەیشتنمان لەبارەی ئەو تراجیدیایەوە ناکەن. ئەو دادگەیەش کە تایبەت بە ئەنفال ساز کرا، باشترین بەڵگە بوو لەسەر نەک هەر ئەوەی ئێمە خاوەنی هیچ وشەسازییەکی تایبەت بەم تراجیدیا نەتەوەیی و مرۆییە نین، بگرە تراجیدیای ئەنفال لە وازییە سیاسییەکانماندا بۆ بەدەستهێنانی مافی سیاسیی کەم بایەخ و بەدەستهێنانی بەرامبەری مادی و ناسنامەیی بەکار دەبەین لە کاتێکدا ئەنفال بەتەنیا تراجیدیا نییە لە ڕوانگەیەکی ئیتنی یان سیاسییەوە بگرە تراجیدیایە کە لە ڕوانگەی ڕەوشتی و مرۆییشەوە. بەڵام لەبەرئەوەی لە وتاری سیاسیی کوردیدا شتی مرۆیی و ڕەوشتی بابەتی باس نین و گشت سیاسەت لە پەرچەکرداری نەتەوەی رووت دا کورت دەکرێتەوە ئەمە وا دەکا سیاسەتبازی سەرووی گشت کردە مرۆیی و ڕەوشتییەکان بێ.

ئەگەر لە وتاری سیاسیی کوردیدا تاک وەک بوونەوەر مانای هەبایە و ڕەوشت و ماهییەتی ئەم تاکە باسێکی مرۆیی بایە، ئەوا ئێمە دەمانتوانی ئەوە ڕوون بکەینەوە ئەوەی ڕووی داوە مەترسیی ڕەوشتی و مرۆیی گەورەی هەیە و دووریی‌ەکانی ئەم مەترسییەش هەوێنی ئەوەیان تێدایە جینۆساید بەئاسانی لە ناوچەکانی ئێمە کۆتاییان نایە. بەڵام هەژاریی سیاسیی ئێمە، کە لە دادگەکەشدا دەرکەوت، ئەوەی بەوردی سەلماند ئێمە وانەمان لە تراجیدیای ئەنفال و کوشتاری هەڵەبجە وەرنەگرتووە.

٢- دووڕوویی سیاسیی کورد لە ڕەفتارکردنی لە تەک تراجیدیاکانی خۆیدا

ئاشکرایە دووڕوویی سیاسی لە سیاسەتدا، پەتایەکە کەم سیاسی یان سیاسەت لێی دێتە دەر، بەڵام جەستەی سیاسیی کوردی تا بڵێی قابیلە بەوەی دووچاری ئەم پەتایە بێ. ڕەنگە پرسیاری ئەوەی بۆ جەستەی سیاسیی کوردی زۆرتر لێی دەوەشێتەوە بەم پەتایەوە گرفتار بێ بۆ گەلێ بابەتی تێڕامان بێ. هۆی ئەمە زۆرن و لێرەدا بەکورتی دوو سێ هۆ بە نموونە دێنینەوە:

هۆی یەکەم ئەوەیە کورد خاوەن وتارێکی سیاسیی یەکگرتوو و دیاریکراو نییە.

هۆی دووەمیش ئەوەیە کورد ئەزموونی دەسەڵاتی سیاسیی کەم تەمەنە، بۆیە ناکارێ سیاسەتی درێژخایەن و قووڵی هەبێ.

هەرچی هۆی سێیەمە ئەوەیە کە کورد سیاسەتەکەی بەرهەمی وتارێکی ناسیۆنالیزمی پەرت و لاوازە کە یان خەریکی ڕقەبەرایەتییەکی کوێرانەیە لە تەک ئەوی تری غەیرە کورد، یانیش دۆستایەتییەکی نابینا و یەکلایەنە. ئەم لایەنانە وا دەکەن سیاسەتی کورد ناکاریگەر و هەژار بێ و لە چارەسەرکردنی تراجیدیاکانیدا خاووخلیچ و کەنەفت بێ. بەڵام ڕۆڵی دووڕوویی سیاسی لەم حاڵەتەدا چییە و پێوەندیی بە تراجیدیاکانییەوە چییە؟ ئەڵبەتە سیاسەتێکی کە ئەوە جاوەهەرەکەی بێ تا بڵێی لە تەک خۆیدا نادڵسۆز و بێ باک دەبێ. سیاسەتی ئاواش نەک تراجیدیا چارەسەرنەکەرە بگرە بەپلەی یەک تراجیدیاهێنەریشە. بۆیە هەڵە ناکەین گەر بڵێین زۆربەی ئەو تێکشکان و هەرەسە سیاسییانەی کورد لە ماوەی سەد ساڵی تەمەنی ناسیۆنالیزمی کوردی دووچاری بووە، بەشێکی زۆری خۆی دەستی تێدا بووە یان فاکتەرێکی گەورە بووە بۆ دروستبوونیان. هیچ دوور ناڕۆین ئەو شێوە ڕەفتارە سیاسییانەی کورد لە ١٩٨٨وە لە تەک کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال دەیکا، باشترین نموونەن لەسەر ئەو دووڕووییەی ئاماژەمان پێ کرد. ئەم دووڕووییە کە گەلێک جەمسەری هەیە تایبەت بە تراجیدیای ئەنفال خۆی لە چەند حاڵەتێکدا دەبینێتەوە کە ئاماژەیان پێ دەکەین بەکورتی

یەکەم: مشەخۆربوون بەسەر کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال و بەکاربردنی بۆ مەبەستی سیاسی.

دووەم: وروژاندنی قوربانییانی ئەم کارەساتە و لێبووردن لە تاوانکاران بۆ مەبەستی سیاسی.

سێیەم: خۆبەستەزمانکردن لە ئاستی نێودەوڵەتی کە خاوەنی کارەساتی لەم جۆرەیە و لە هەمان کاتدا خۆ گێلکردن لە ئاستی نەتەوەیی لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی دووبارە ڕوودانەوەی جارێکی تری ئەم جۆرە کارەساتانە.

لەبەر ڕۆشناییی ئەو سێ حاڵەتەدا بەچاکی دەزانین ئەم ڕوونکردنەوەیەی بخەینە بەرچاو.

دەسەڵاتی سیاسیی کوردی لە گەلێ ڕووەوە ئەو هەڵانە دووبارە دەکاتەوە کە ساڵانێکی زۆر جووەکان تایبەت بەکارەساتی هۆلۆکۆست پێوەی گلا بوون. ئەڵبەتە یەک لەو هەڵە زەقانەش هەڵەی بازرگانیکردنە بە تراجیدیاوە. ئەم لایەنە کە زەرەرێکی زۆری سیاسی و نەتەوەییی لە جووەکان (دەوڵەتی ئیسرائیل) دا گەلێ ڕووناکبیر و سیاسیی ڕاستەقینەی جووشی بێزار و شەرمەزار کرد. چونکە جووەکان لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی هۆلۆکۆستەوە هۆلۆکۆستی تریان ئەنجام دەدا و بەرەنجامیش لە بری ئەوەی ببنە فاکتەرێکی بۆ بنەبڕکردنی هۆلۆکۆست، بوون بە ئامرازێک بۆ دروستکردنی هۆلۆکۆستی پێچەوانە. بەواتایەکی تر، خەڵک لە جیهاندا و بەشێک لە ڕووناکبیرانی جووش وا خەریکن تاقەتیان دەچێ لە باسی ڕووداوی هۆلۆکۆست، چونکە وا خەریکە ڕووداوەکە بەپیشەسازی دەکرێ. ڕەنگە بەشێکی زۆر لە ڕووناکبیرانی ئێمە جارێ بەو هزرە نەگەیشتووبێتن. هۆی ئەوە ئەوە نییە کە ڕووداوی ئەنفال تازەیە و ٥٠ ساڵێکی بەسەر نەچووە نەخێر هۆی بنەڕەتیی

ئەوە ئەوەیە کە ڕووداوی ئەنفال جارێ ڕوون نەکراوەتەوە بۆ ئەوی تر و لە گەلێ لە نێوەندەکانی جینۆساید ناسراو نییە.

کورد کە دەستی لە کوشتاری ئەوی تردا نییە، بەڵام لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا مەغزی سیاسیی چاکی لەم بوارە ساز کردووە و بەهۆی وتارێکی ناسیۆنالیستانەی نابیناشەوە ڕق و بوغزێکی زۆری نەتەوەیی لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست کردووە. دەسەڵاتی سیاسیی کورد کە لەسەر ئەم ڕق و بوغزە دەژی هەردەم لە تەک دوژمنانی خۆی یان با بڵێین تاوانکارانی تراجیدیاکانی لە سازشێکی سیاسییانەدایە. لەم ڕووەوە گرفتی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی تا بڵێی گەورە و تەنگژاوییە. لێرە دەکرێ بپرسین بۆ؟ هۆیەکە زۆر بەئاسانی دەشێ بوترێ ئەوەیە کە سیاسەتی هەڵەی کورد لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠کاندا لەم کێشەیە بەرپرسیارە. هەروەها ناهۆشیاریی سیاسی و مرۆیی بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیش (جاشەکان) مانای خۆی لەم ڕووەوە هەیە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆ بوون بەجاش؟ دەشێ لێرە ئاماژە بۆ دوو هۆ بکرێ کە هەموو کات ڕۆڵی زۆر سەرەکییان لە بوون بەجاش لەناو کورد دیوە. یەکێکیان هەوڵی ڕژێمە سیاسییەکان بۆ دروستکردنی کەسانێکی لە کورد کە بکرێ بەکار برێن بۆ دژایەتیکردنی شۆڕشی کورد و ئەوی تریش ئامادەیی هەندێ کەسی کورد لە دژایەتیکردنی ئەو شۆڕشەدا. ئەوانەش کە ئامادەبوونە ببن بە جاش جۆراوجۆرن. بەشێک لەمانە کەسانی خێڵەکی و نەخوێندەوار و هزر لە پاش بوونە، بەڵام بەشێکی زۆریشیان ناحەز و داخ لە دڵ بوونە. ئەڵبەتە ئەم ناحەزی و داخ لە دڵییەی هەندێ لەو جاشانە لە ئاکامی کێشەی خێڵەکی یانیش سیاسییانەوە دروست بوونە. بۆیە زۆربەی ئەوانەی سەرکردەی جاش بوونە یان کۆنە پێشمەرگە بوونە، یانیش لافی کوردایەتییان بەناوی جاشێتییەوە لێ داوە.

هەر تایبەت بەهۆکاری جاشبوون دەکرێ ئەوەش بڵێین دووڕوویی سیاسی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی هەرگاڤ بەڵگە و هۆیەکی بووە بەدەست جاشەکانەوە بۆ بوون بەجاش. واتە زۆرجار جاشەکان خۆیان بە کوردپەروەرتر و نەتەوەییی تر لە پێشمەرگە و ڕابەرەکانیان زانیوە و پێیان وا بووە کە ئەوە ڕابەرەکانی کوردن لەخۆڕا کورد بە کوشتن دەدەن. ئەمە کە بەڵگەیەکی نەخۆش و بێ مانایە ساڵانێک لەناو کوردە جاشەکاندا باو بوو بەڵام نابێ ئەوەشمان بیر چێ کە ڕەفتاری چەوتی هێزە سیاسییەکانی ساڵانی ١٩٨٠یش مانای خۆی بۆ بەجاشبوونی بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە دیوە و ئەوەش وای کردووە بەئاسانی ڕژێم بەکاریان بەرێ و هێزی دژە کوردیشیان لێ ساز بکا.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لای سەرەوە وترا، گەلێک جار زەبری ڕژێمەکان و پلانە درەکانیان کارێکی وایان کردووە، ئێمەی کورد ڕێگەی هەڵە دژ بە کیانی سیاسیی خۆمان بگرینە بەر، هەروەها ئەگەرچی ڕژێمەکانی ئەو شوێن و ناوچانەی کوردی لێ دەژین هەردەم تێکەڵێکیان لە نێوان بەهای کوردایەتی و ناکوردایەتی یان پێشمەرگایەتی و جاشێتیدا دروست کردووە، بەڵام نابێ دۆگمای ئەو ڕژێمانە و تراجیدیاکانمان وامان لێ کەن بەهای کوردپەروەری بە خیانەت و بەهای پێشمەرگایەتی بەبێ بەهای جاشێتی تێکەڵ بکەین. هەر ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ لە ئاست

ئەو ناکوردپەروەری و جاشایەتییەشدا بێ نقە بین خۆمان لە بەرهەمهێنانی بەرپرسین و دەگەیان لە ناسنامەی سیاسی و ئیتنیمان داوە و ماناشیان بۆ دروستبوونی بەشێک لە تراجیدیاکانمان هەبووە. ئەمەش هەر لە ئاستی خەڵکی سادەوە ڕەنگدانەوەی هەبووە تا دەگاتە سەرکردەکان. بۆیە دیرۆکی ناسیۆنالیزمی ئێمە بەبێ ئەو بەشە ناشێ بگێڕدرێتەوە کە ئێمە لە دروستبوونی بەرپرسیارین. دیرۆکی ناسیۆنالیزمی ئێمە کە هەمووی لە نیازپاکی و بێگەردیی نەتەوەیی پێک نایە لە تەک خۆیدا دیرۆکێکی شەکەت و ناجۆریشە. چونکە موحاسەبەکردنی ئەوی تری نەتەوەی بەموحاسەبەکردنی منی نەتەوەییی ئەمی تر دەست پێ دەکا نەک بەپێچەوانەوە. بۆیە ئەو دەمەی قسە لەسەر وتاری ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی دەکرێ دەبێ ئەو دووڕوویییە سیاسییە بووردی راڤە کرێ لە وتاری ناوبراودا بنجبەستە. بەڵام لووتکەی ئەو دووڕووییە سیاسییە ئەو دەمە دەرکەوت و بۆ زۆربەش بوو بە شتێکی یەقینی کاتێک ویستی سیاسیمان وەک خۆی خۆی لە قەرەی ئەو گرفتانە نەدا، دروشمی بۆ بەرز کردبووەوە. دروشم کە وێنەیەکی زۆری لە وتاری سیاسیماندا سازاندووە لە بەرزکردنەوەیاندا ناهۆشیار بووینە. هەر بۆ نموونە سەبارەت بە کوشتاری هەڵەبجە و کارەساتی ئەنفال، ئێمە بەڵێنێکی زۆرمان بەخۆمان دابوو کە ئەمە بکەین و ئەوە بکەین و دواتریش بەم جۆرە و بەو جۆرەی بکەین، بەڵام ئەم بەڵێنانەمان لە کات و شوێنی خۆیدا ناشت. ئێمە کە لە بەڵێن بەئاکام گەیاندن شکست خواردووین لەوە ناگەین لەسەرمان دەکەوێ و دیرۆکی مرۆیی و نەتەوەییمان لەکەدار دەکا. هەروەها ئێمە کە بەڵێنەکان پشتگوێ دەخەین بەمە زیانێکی گەورە نەک هەر لە کوژراوانی کارەساتی ئەنفال دەدەین بگرە زیان لەوانەش دەدەین زیندوون و ئومێدیان ئەوەیە لە راستیی شتەکان بگەن. لێرە مەبەستیشمان لە زیندووان تەنیا کەسوکاری کوژراوان نییە بگرە گشت تاکەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردیشە. بۆیە هەڵە ناکەین بڵێین رەفتارکردنی ئێمە دژ بە بەڵێنەکانمان بەشێکە لەو دووڕووییە سیاسییەی تێیدا چالاک و بەهرەمەندین.

دووڕوویی سیاسی کە هۆشیاریی سیاسیمانی هەنجن هەنجن کردووە لە بەردەم تێگەیشتنمان لە زۆرینەی گرفتە سیاسی و کولتوورییەکانماندا خۆی وەک تەگەرەیەکی گەورە نیشان دەدا. ئەم دووڕووییە سیاسییە کە ریشەی خۆی لە کردەی سیاسیماندا دەمێکە داکوتیوە لە پرسی تراجیدیای ئەنفالدا بەڕوونی دەرکەوت و لەگەڵ هاتنی تەوژمی موسیبەتی گەندەڵییش بوو بە نەریتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. دووڕوویی سیاسی کە بەئاسانی بۆمان چارەسەر نابێ بەو شتانەوە بەستراوەتەوە پێگەی کۆمەڵایەتی و شوناسمان دەلەقێنێ. ئەڵبەتە یەک لەو شتانەش گەندەڵیی سیاسییە کە ڕابەرایەتیی گشت ئەو مونافقییە سیاسییە دەکا وتاری سیاسیمان وا خەریکە دەیکا بەهاوڕێگەی خۆی. بەڵام ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە کە کەس نازانێ قازانجی ئێمە لەم دووڕووییە سیاسییە چییە کە لە رووی سیاسییەوە دەستمان داوەتێ؟ ئەڵبەتە ئێمە لە دەستپێکی ئەم بەشەی نووسینەکەمان ئاماژەمان بەوە کرد کەم سیاسەت و سیاسی هەیە لە درمی دووڕووی سیاسی دەربازی بووبێ، بەڵام لووتکەی ئەو دووڕووییە سیاسییەی گەلێ لە سیاسەتەکانی دنیا پێڕەوی دەکەن ئەو پراگماتییەتە سیاسییەیە زۆربەی کردە سیاسییەکان

لەسەری دەژین، بەڵام حەیفێ پراگماتییەتی سیاسیی ئێمە هەردەم بە مەهاباد و هەڵەبجەکانەوە کۆتایی هاتووە کە ئەوەش لووتکەی دەبەنگیی سیاسیی ئێمە بەیان دەکا. بۆیە پێمان ئەغز نییە بڵێین دووڕووی سیاسی بەتەنگمانەوە نایێ و هیچ سوودێکی سیاسیشمان لێی وەرنەگرتووە و لێشی وەرناگرین.

## ناسیۆنالیزم جینۆساید بەرهەمهێنەرە؟

ئەم پرسیارە خۆی وەک پرسیارێکی سیاسی و فەلسەفیی ترسناک و وروژێنەر نیشان دەدا. ئەم پرسیارە دەیەوێ بڵێ ناسیۆنالیزم بە جینۆسایدەوە پێوەندیدارە گەر واش بێ ئەوا ئەم پرسیارە مەترسیی سیاسی و ئیتنی لە ناخی خۆیدا دەشارێتەوە. ناسیۆنالیزم کە دیاردەیەکی ڕۆئاواییە و ئیدیۆلۆجیایەکی تایبەت بە شارستانیی ڕۆئاوایە و بەرهەمی وتاری مۆدێرنەی ئەوێیە. ناسیۆنالیزم کە شوێنێک بۆ ژیان بۆ گرووپێک یان نەتەوەیەک و ئیتنیکێکی دیاریکراو مسۆگەر دەکا، گرووپ و نەتەوە و یان ئیتنکێکی تر لە خۆی دوور دەخاتەوە. هەرچی جینۆسایدە، "کە بەدییەکی زێدەڕۆیی تێیدا کراوە"[١٨]، بریتییە لە لەناوبردن و کوشتنی ڕەگەز و گرووپ یان چەشن و نەتەوەیەکی تر. واتە ناسیۆنالیزم و جینۆساید شتی هاوبەشیان هەیە. یەکەمیان (ناسیۆنالیزم) کیان بۆ توخم و جۆرێک لە نەتەوە ساز دەکا ئەوی تر (جینۆساید) کیانی تاقم و نەتەوە و یان ئیتنێ دیاریکراو دەسڕێتەوە لە ڕێگەی کوشتارکردنیەوە. بۆیە هەردەم جینۆسایدی کولتووری یان ئیتنۆساید لە تەک واتای ناسیۆنالیزم خۆی دێنێتە بەرباس. جینۆساید (بەپێی واتا یۆنانی- لاتینییەکەی) لەبەرئەوەی پێوەندیی بەکوشتنی ڕەگەز، ڕیشە یان چەشنەوە هەیە. ئەمە وا دەکا واتای نەتەوەگەری (ناسیۆنالیزم)یش بخاتە تەوەری باسەوە. ڕاستە بەشێک لە جینۆسایدناسەکان لە سەردەمی تازەدا، لەوانە "باومان" کە کۆمەڵناسییەکی ئینگلیزی بەرەگەز جووی پۆڵۆنیاییە، بۆ ئەوە دەچێ جینۆساید بەرهەمی تازەگەریی (مۆدێرنیتێی) ڕۆئاوایە[١٩]. بەڵام دیتنی تریش تایبەت بەو لایەنە هەن کە ئەم دیتنە لاواز دەکەن.

ئەڵبەتە ئەوانەش کە لێکۆڵینەوە لەسەر ناسیۆنالیزم و جینۆساید دەکەن بەو دیتنە گەیشتوون کە سەدەی بیست، سەدەیەکە ئەم دوو واتایە (واتە جینۆساید و ناسیۆنالیزم) پێکەوە گرێ دەدا. لە سەدەی بیستدا گەلێ نەتەوە بوون بە خاوەنی دەوڵەت، واتە ناسنامەی ئیتنی و سیاسییان بۆ خۆیان پێک هێنا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە سەدەی بیستدا گەلێ نەتەوە و ڕەگەزی ئیتنی بوونیان کەوتە بەر مەترسی و کوشتار و، یان لەناوچوون و سڕینەوە بوو بە چارەنووسیان و، ئەڵبەتە بەشێک لەو مەترسییانەش بەرهەمی دڕندەیی ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالیانە بوو ویستی نەتەوەییان ئاراستەی نامرۆیی و نارەوشتی وەرگرت، بۆ نموونە هێرشی بێ ویژدانانەی سربەکان بۆ سەر بۆسنییەکان یان نازییە ئاری پەرستەکان بۆ سەر جووەکان یان بەعسی شۆڤێنی بۆ سەر کورد. کەواتە بەشێک لە جینۆسایدەکان لە سەدەی بیست لە ئەوروپا و دەرەوەی ئەوروپا بەهۆی ئەوەوە ئەنجام دراون کە ئەوی تر ناسنامەیەکی ئیتنی یان نەتەوەیی یان ئاینیی جیای هەبووە (شەڕی بەلقان لە ١٩٩٠کاندا، کوشتاری جووەکان بەدەست نازییەکان لە ماوەی شەڕی جیهانیی

دووەم، لەناوبردنێکی سیستەماتیکی ئەرمەنییەکان لە ماوەی ١٩١٥ و ژوورتر لە تورکیا و ئەنفال).

هەر لەبەر ئەوە زێدە کرۆکدار و مەبەستدارە ئەو دەمەی باس دێتە سەر جینۆساید دەبێ قسە لە ناسیۆنالیزمیش بکرێ. بۆ ناسیۆنالیزم؟ لەبەرئەوەی ناسیۆنالیزم بەرپرسیارەتییەکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان و زنجیرەیەک لە کوشتارە جینۆسایدە هاوچەرخەکان بەری کردە و ئەندێشەی تیۆرییە ناسیۆنالیستەکانە. بۆیە وای بۆ دەچین بەشێک لەو توێژینەوانەی تایبەت بە ئەنفال دەنووسرێن، پێویستە ئەوە لە بەرچاو گرن بەشێکی زۆر لە جینۆسایدەکان (کوشتاری دەرسیم، هۆلۆکۆستی جووەکان، کارەساتی ئەنفال، کۆمەڵکوژیی کۆسۆڤۆییەکان یان ئەرمەنییەکان) رۆڵەی ناسیۆنالیزمە هەڵەکانن (کەمالیزم، نازیزم، بەعسیزم، سربیزم یان ئەتاتورکیزم). لێرەدا مەبەست لە ناسیۆنالیزمی هەڵە ئەو ناسیۆنالیزمانەن توخمی توندڕەوی، شۆڤێنی و رەگەزپەرستی لەخۆدا حەشار دەدەن. زۆربەی ناسیۆنالیزمەکانیش، موخابن، تاکوتەرا نەبێ، ناتوانن خۆیان لەو توخمانە بڕەوێننەوە. ناسیۆنالیزم کە یارمەتییەکی گەورە بەسەرهەڵدان و ژیانەوەی هەمیشەیی دیاردەی کوشتاری جینۆسایدی کێشەیەکی گلوبال و ناناوچەیی دەکا. هیچ نەبێ ئەمە کێشەی گەورەیە لەو ناوچانەی کورد یان نەتەوە بچووک و گرووپە لاواز و بێهێزەکان دەژین. جینۆسایدەکان کە بەزۆری بەرهەمی کێشە و پێکدادانی ئیتنی، ئاینی و رەگەزی بوونە بەرهەمی وتارە ناسیۆنالیستییە هەڵەکانیش بوونە. بۆیە مەترسیی ژیانەوە و نەشونمای جینۆساید لە ناوچەکانی ئێمە، واتە کورد، زۆر ئاساییە و وەستانیشی هەوڵی جیهانیی دەوێ. بەڵام هەوڵە جیهانییەکە پێویستە لە پراگماتییەت (بەرژەوەندیگەری) بەدوور بێ.

ئەم لایەنە کە زۆرتر لەسەری دەچین، بەو واتایە دێ کە وڵاتە گەورە و دەستڕۆیشتووەکان مەرجە لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان (نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکەتیی ئەوروپا، ناتۆ) پشتگیریی سیاسی لەو وڵاتانە نەکەن جینۆساید ئەنجام دەدەن. پشتگیرییەکەش کە جۆربەجۆرە (بۆ نموونە نقەنەکردنیان، کە بەخۆی نیشانەیە لەسەر قایلبوونیان یان پاراستنی بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری لە نێوان وڵاتانی جینۆساید سازکەر و وڵاتە گەورەکاندا)، پێویستە لەو دیراساتانەی تایبەت بە جینۆساید بەکوردی دەنووسرێن لە بەرچاو بگیرێن.

بەڵام با ئەوەشمان بیر بێ کە لە سەردەمی هاوچەرخ و لەگەڵ داهاتنی مۆدێلی سیاسیی تیرۆریزم و شەڕ دژ بەم مۆدێلە جۆرە فۆرمێکی تر لە کوشتار و سڕینەوە و لەناوبردنی یەکتر دەستی پێ کرد کە بەزۆری مۆرک و خەسڵەتی سەرووی ناسیۆنالیزمی هەبوو تا ناسیۆنالیزمی. کێشەکە لەم حاڵەتەدا دووانەییە. چونکە بەشێک لەو کوشتار و مەحفکردنەوانەی لەم یەک دەیەی دواییدا رووی دا لەلایەن وڵاتە گەورەکانەوە رووی دا، ئەو وڵاتانەی دەنگێکی نێودەوڵەتییان هەیە و لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا کاریگەر و دەسەڵاتدارن. بۆیە ئەگەر بڵێین دیاردەی تیرۆریزم و شەڕ دژ بە تیرۆریزم بەجووتە بوونە هۆی سەرهەڵدانی کوشتاری وردە جینۆساید یان کارەساتی بچکۆلەی جینۆسایدی هەڵەمان نەکردووە. نموونەش لەسەر ئەوەی دەیڵێین بۆمبابارانکردنی هەڕەمەکیی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق و ئەفغانستان یان ئەو شێوە

پەلامارداننە هەمەلایەنەیەی سوپای عێراق بۆ سەر خەڵک و خاکی کوێت و دواجار ڕاونانی ئەم سوپایە لەلایەن هێزی ئاسمانی و زەوینیی ئەمەریکایی و وڵاتانی هاوپەیمانییەوە. ئەمانە کە زنجیرە کوشتارێکی سیستەماتیک بوون بەڵگەشن لەسەر بوونی کارەساتی بچکۆلە بچکۆلەی جینۆسایدی. ئەمە و ئەوانە دەشێ بە جینۆسایدی ئیمپریالیستیش ناوزەد بکرێن.

وەکی تریش ڕوونکردنەوەی ئەو دوو لایەنە واتە ڕۆڵی ناسیۆنالیزمی هەڵە و هێزە نێودەوڵەتییە گەورەکان لە ئەنجامدانی جینۆسایدی پێویستی بەچەند هەڵوێستەیەکی جیا هەیە کە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەین. ئەمەش لەبەرئەوەی ئێمە گومانمان لەوە نییە ناسیۆنالیزم، بەتایبەت ئەو بەشەی ئاراستەیەکی زبر و دڕ وەردەگرێ، دەستی لە سازکردنی کارەساتی جینۆسایدیدا نەبێ، بەڵام نابێ ئەوە فەرامۆش بکەین کە هێزە ئینتەرناسیۆنالییە هاوچەرخەکانیش دەکارن، بوونی جینۆسایدی شیاو بکەن. بەڵام لەم حاڵەتەدا پرسیارەکان ڕوو و ئاقاری تر وەردەگرن. زۆر بەکورتی هۆی ئەوەش دەخەینە بەرباس:

یەکەم: بەشێکی زۆر لەو دەوڵەتە ناسیۆنالیستانەی لە سەد ساڵی رابردوودا جینۆسایدیان ئەنجام داوە، نازییەکانی لێ دەرچێ، بەپشتیوانی و یان بەوسکتی وڵاتە گەورەکان ئەوەیان کردووە. ئەمە و زۆربەی ئەو دەوڵەتانەش یان بەشێک بوونە لەو بلۆکە سیاسییانەی لە پاش شەڕی ساردەوە دروست بوون یان لەبەر هەندێ بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی ئەوەی کردوویانە نەبووەتە جێی باس. بۆ نموونە ئەو جینۆسایدانەی دەوڵەتی تورک لە سەرەتای دامەزرانییەوە، واتە لە ١٩٢٠کانەوە، ئەنجامی داوە تا دوا کوشتار کە ماوەیەک لەمەوبەر لە قەندیل ئەنجامی دا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و بێدەنگیی لێ کراوە و بەگەڵێ شێوەش لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا و جیهانیش پاساودانی سیاسیی جۆراوجۆری بۆ کراوە. لێرەدا دەکرێ بڵێین گرێبەستییەکی نێودەوڵەتی بۆ قسەنەکردن لەسەر ئەو جۆرە کوشتارە جینۆسایدیانەی دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکان ئەنجامیان دەدەن، لە ئارادایە. بەتایبەت ئەگەر ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالیستییە پشتی سیاسیی گلوبالی هەبێ. هەر لێرە دەکرێ ئەوەش بەنموونە بهێنینەوە کە ئەو کوشتارە سەیرەی عێراق لە ١٩٨٠کاندا لە شاری هەڵەبجە ئەنجامی دا ئەوپەڕی بێدەنگیی جیهانیی بەسەرهات و هەردوو بلۆکە سیاسییە دژەکەش (ئەمەریکا و سۆڤیەتی جاران) نەیانخستە بەرباس. چونکە ئەو پراگماتییەتە سیاسییەی ئەو دوو بلۆکە سیاسییە دژەی ڕاگرتبوو لە بازارگەراییی سیاسیی هیچگەرا لێوانلێو بوو و، ئەو کڕین و فرۆشتنە سیاسییەش لەژێر سایەی دروشمە سیاسییەکانی ئەو دوو زلهێزە سیاسییەی ئەو دەمە پیادە دەکرا لە بێ ڕەوشتیتییەکی سیاسی زێتر شتێکی تری وەبەر نەدەهێنا. بۆیە گەلێ لە جینۆسایدە گەورە و وردیلەکان لە کات و شوێنی خۆیاندا چاوپۆشییان لێ کرا و بەسەرچوون یان لە کاتی خۆیدا و گەرماوگەرم قسەیان لەبارەوە نەکرا و ئەو دەمەش بوون بەجێی باس و خواس کە بەرژەوەندییە سیاسییەکان بەرامبەر یەکتر بوونەوە. هەربۆ نموونە کارەساتی ئەنفال و کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە ئەو دەمە بوون بەباسی نێودەوڵەتی کە هێزە سیاسییە گەورەکان لەو وڵاتە ناسیۆنالیستانە بێ ئومێد بوون کە دواتر پەیامی پاناسیۆنالیزمییان گرتە بەر. بۆ نموونە پاش ئەوەی عێراق خەریک بوو ببێ بەمەترسی بۆ سەر ئیسرائیل و سەرپێچی لە بەجێگەیاندنی

بەشێکی زۆر لە ئەرکە سیاسییەکانی وڵاتە گەورەکانی و بەتایبەت ئەمەریکای کرد باسی هەڵەبجە و ئەنفال بوون بە فاکتەر بۆ خستنە ڕووی لایەنی دڕی و زبری دەسەڵاتی سیاسیی بەعس.

دووەم: گەلێک لە هێزە ئینتەرناسیۆنالیستەکانیش و ئەوانەی خاوەنی دامەزراوە نێونەتەوەییەکانن دەستێکی گەورەیان لە پێکهێنانی زەمینەی ژینۆسایددا هەیە. بۆ نموونە ئەمەریکاییەکان (لە وڵاتانی لاتین ئەمەریکا)، یەکەتیی سۆڤیەتی جاران (لە قەوقاز و کوردستانی سوور) یان رووسیای ئەمڕۆ (لە چیچێنیا). ئەمە و بێ نقەی ئەم جۆرە دەوڵەتانە و دامەزراوەکانیان لەو جینۆسایدانەی لە هەندێ لە ناوچەکانی جیهاندا ئەنجام دەدرێن. بێ نقەی رووسەکان لە جینۆسایدی بۆسنییەکان لەلایەن سڕبەکانەوە یان دەنگکردنی ئەمەریکاییەکان لە کوشتاری چیچێنییەکان لەلایەن رووسەکانەوە و لە هەمان کاتدا بێدەنگی لە کوشتاری تر لە جیهاندا.

بۆ زێتر راڤەکردنی ئەم باسە، دەبێ ئەوەش بوترێ کە وڵاتە گەورەکانی جیهان تا هەنووکەش گەمە بەپێی یاسا بە ڕووداوە جینۆسایدییەکان دەکەن. بۆ نموونە یەکەتیی ئەوروپا بۆ لەمەولا ئامادە نییە بڕیار لەسەر تاوانی جینۆساید دەرکا، بگرە بەپێچەوانەوە دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی لەو مەسەلەیە دەکۆڵێتەوە و لەو ڕووەشەوە بڕیاری خۆی دەردەکا ئاخۆ ئەوەی رووی داوە کوشتار بووە یان نەخێر. ئەمەش گرفتێکی مرۆیی و رەوشتی دەخوڵقێنێ چونکە بەشێک لە کوشتارەکان دەستی وڵاتانی یەکەتیی ئەوروپای تێدایە بۆ نموونە قسەیێکی زۆر لە ڕۆڵی فرەنسا لە کوشتاری توتسییەکان لە ڕەوەندە دەکرێ یان ئەو کوشتارانەی تورکیا دەرهەق بە سریانی و ئەرمەن و کورد کردوونی، کە ئەوانە لەلایەن وڵاتێکەوە کراوە خەریکە دەبێ بە بەشێک لە خێزانی یەکەتیی ئەوروپا. بەڵام بەشێکی تر لە کوشتارەکان توخمی تریان هەڵگرتووە بۆ نموونە ئەوەی فرەنساییەکان لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو لە جەزائیر و یان ئەوەی ئەمەریکاییەکان لە ڤێتنام ئەنجامیان دا.

بەڵام دوا پرسیار و تێڕامانی ئێمە لەم پەرەگرافە ئەوەیە ئاخۆ ناسیۆنالیزمی ئەمڕۆ، ناسیۆنالیزمی سەردەمی جیهانگیری و بانگەشەکانی مافی مرۆڤ، چەند دەکارێ لە مەترسیی جینۆساید کەم بکاتەوە؟ هەروەها ئاخۆ گومانی ئەوە لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەکرێ توخمی هەڵگری جینۆسایدی تێیدا بێ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارەش دەڵێین. تا ئێستا روون نییە چەند دەوڵەتە ناسیۆنالیستییە هاوچەرخەکان دەکارن، خۆیان لە توخمەکانی جینۆساید بەدوور بگرن. هەروەها کولتووری سیاسیی تازەش ئەو ئومێدە گەورەیەی پێ ناکرێ لە بەردەم سەرهەڵدانی جینۆساید بەربەست بێ. جینۆساید کە خەڵتانی خراپەسازییەکی بێ وێنەیە لە بەردەم مرۆڤایەتی مەترسیی دووبارەوە بووە ئەگەر گشت مرۆڤایەتی هەنگاوی یەکسان بۆ بنەبڕکردنی نەنێ. مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی بەسەر شیاوی جینۆساید زاڵ بێ، دەبێ بەرپرسیارییە رەوشتی و مرۆییەکەی دادپەروەرانە بێ. هیچ کات هەنگاوەکانیش دادپەروەرانە نابن گەر گشت کولتوور و شارستانی و گرووپە ئیتنی و ئاینییە جیاکان بەشداری لە پرۆسەی بنەبڕکردنی جینۆسایددا نەکەن. ئەم هیوایە کە لە ئێستادا لێڵە پێوەندیی بەو ئاراستەیەوە هەیە، سیاسەت لە ئێستادا لە جیهان گرتوویەتە بەر. ئەڵبەتە ئەم ئاراستەیەش بەزۆری لە ئەوروپاوە قورمیش دەکرێ

تا شوێنێکی تر. لەبەرئەوەی ئەوروپاش نوێنەرایەتیی مۆدێلێک لە وتارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی تازە دەکا و لە گەلێ کۆمەڵگە و کولتوور و شارستانیی تردا لاسا دەکرێتەوە هەچ هەڵە و چەوتییەک کە ئەوروپا ئەنجامی دا کاردانەوەیەکی دەروونی و ئەمجار سیاسی و کۆمەڵایەتیی ترسناکی بەسەر ئەوانی تری غەیرە ئەوروپاییەوە دەبێ. بەڵام ئەوەی لەم رووەوە پێوەندیی بە کوردەوەیە لە چەند خاڵێکی خۆی گرمۆڵە دەکا لەوانە؛ کورد پێویستە دەست لە بازرگانیکردن بە جینۆسایدەوە هەڵبگرێ و تێگەیشتنێکی راسیۆنالی پڕ لە بەڵگە و روونکردنەوە بخاتە بەرچاو ئەوی تری غەیرە کورد و لەو پرۆسەیەشدا بەشدار بێ کە دەکرێ بۆ نەهێشتنی زەوینەکانی سەرهەڵدانی جینۆساید دێتە گۆڕێ. ئەمە و کورد نە دەبێ لێبووردەییەکەی بە گێلیی سیاسی تێکەڵ بکا وەک ئەوەی لە کەیسی ئەنفال و هەڵەبجەدا کردوویەتی و نەش تاوانکاری پەردەپۆش بکا وەک ئەوەی دەرهەق بە جاش و سیخوڕ و کوردکوژان کردوویەتی. چونکە تاوان دەبێ باس بکرێ تا دووبارە نەبێتەوە و تۆڵەش پێویستە بنەبڕ کرێ تا لێبووردەیی مانا سیاسی و فەلسەفییەکەی لەدەست نەدا. کورد کە لە ئێستادا بەتەنیا ناکارێ ببێ بە هێزی جینۆسایدی یان هۆکارێ بۆ سازکردنی جینۆساید دەبێ لەوەش بکەوێ بەکار ببرێ. چونکە کوشتاری ئەرمەنییەکان بەدەست سەربازە عوسمانییەکان بەهاریکاریی کورد و ئەزەرەکان لەسەر ئەوە بوو کە ئەرمەنییەکان موسڵمان نین. واتە هەوڵی بەشدارکردنەکەی کورد لەلایەن عوسمانییەکانەوە تەنیا بۆ تێوە گلاندنی کورد نەبوو، بگرە ئارەزووی کوردە موسڵمانەکانیشی تێدا بوو. بۆیە کورد دەبێ جورئەتی ئەوەی تێدا بێ باس لە تاوانەکانی خۆی و ئەوی تر بکا و هەروەها ڕاڤەکردن لەسەر هەردوو حاڵەتەکەش بدا، چ ئەوەی تاوانی کردووە و چیش ئەوەی تاوانی دەرهەق پێ کراوە. دەبێ ئامادە بین بڵێین جاش (سیخوڕ، خۆفرۆش)مان هەیە و ئامادەش بین لە تاوانکار ببوورین پاش ئەوەی گشت بەڵگەیەکمان خستە روو. ئەگەرنا تاوانسازی دەبێ بە کولتوورێکی کۆمەڵایەتی و بۆ هەتایە لەگەڵی دەژین.

## لێبووردەیی و دۆزی ئەنفال

### ١- لێبووردەیی وەک هۆشیارییەکی فەلسەفی، سیاسی نەک گێلییەکی سیاسی

لێبووردەیی (لێ خۆشبوون، بەخشین) بەرهەمی هۆشیاری و تێگەیشتنی تاکە بۆ تاوان و بەخشین لەوی رووی داوە و ئازادبوون لە تارماییی کینە و تۆڵە. ئەم لێبووردەییەش هیچ کات نایەتە دی گەر تاک، تاکەکانی کۆمەڵگە، کار بۆ خولْقاندنی نەکەن. واتە لێبووردەیی شتێکی زێدە ئیندفیدوال و کراوەیە و پێویستە تاک هەردەم تێرامانی لەبارەوە بکا. باسی لێبووردەیی کە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە باسێ یەکجار ئاڵۆز و گفتوگۆ ئامێزە، دەبێ تێگەیشتن لای ئەوانە دروست کا تاوانکارییان بەرامبەر کراوە. ئەم باسە کە جەمسەری ئاینی و سیاسیی هەیە ڕوانگە فەلسەفییەکان لە ڕادەبەدەر بێ ئارام و بزوێنەر دەکا. هەروەها لێبووردەیی لەبەرئەوەی چەمکی ناسادە و قسە ئامێزە سەرچاوەیەکی رەوشتی و ئاینی تایبەتی هەیە. ئەمەش وا دەکا کۆکبوون لەسەر تێگەیشتنێکی دیاریکراو بۆ چەمکی لێبووردەیی و پەسندکردنی ئەم چەمکە یەکجار سەخت

بێ، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کەسوکاری قوربانییانن، بەڵام بۆ ئەوەی لێبووردەیی بشێ بەجۆرێکی دادپەروەرانە، نەک گەندەڵانە، پیادە بکرێ، پێویستە رووناکبیرانی کورد و، هێزە سیاسییەکانی کورد، کە بوونە نوێنەری قوربانییان، لەلایەکی لەو سەختییانە بگەن تایبەت بە پەسندکردنی چەمکی لێبووردەیی لەلایەن کەسوکاری قوربانییانەوە دێتە رێیان و لەلایەکی تریش لەلایەن سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە. بەڵام هەژاریی هزری و سیاسیمان کە لە گێلیی سیاسیشمان بەرپرسیارە کارێکی وای کردووە نەک لە چەمکی لێبووردەیی نەگەین بگرە لە لە گەلێ چەمکی سیاسی و یاسایی و هزریی تریش نەگەین. بۆیە تێگەیشتن لەناو ئێمە لە چەمکی لێبووردەیی کارێکی زۆری دەوێ و لە هیچ رووپەکەوە بناغەی نییە. هەر لەبەر ئەوە، لێرەوە زۆر بەکورتی دەمانەوێ نەختێک لەسەر چەمکی لێبووردەییی راوەستین و دووریی وتنەکانیشمان بەدۆزی ئەنفالەوە ببەستینەوە و ئەو گەندەڵییە سیاسی و داد (یاسا)ییە روون کەینەوە لە پشت بێ نرخکردنی لەلایەک چەمکێکی هێژای وەک لێبووردەییەوەیە و لەلایەکی تریش تراجیدیایەکی وەک ئەنفال. بۆ ئەوەش وتنەکانمان ئاراستەیەکی تر وەرگرن دەمانەوێ بڵێین باس لە لێبووردەییی تایبەت بە تراجیدیای ئەنفال دەبێ سەرچاوەیەکی مرۆیی و رەوشتی و یاسا (ماف)ی هەبێ و هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگەش لە پشت هێنانە کایەوەی ئەم لێبووردەیییەوە بێ. ئەم هۆشیارییە کە بە دادخوازی و ئاشتبوونەوە و پێکەوە ژیانەوە مەرجە گرێدراو بێ پێویستە لەلایەن تاوانکارانەوە وەک شتێکی بەرزی ئیتیکی و مرۆیی قوربانییان تەماشا بکرێ نەک وەک شتێکی لاواز و جۆرێک لە سازشی سیاسی و یاریی کۆمەڵایەتی. لێبووردەیی کە لە حاڵەتی وادا زێدە بەها ئامێزە پێویست بدرێ و لەلایەن ئەوی تریشەوە وەک شتێکی باڵا ببینرێ، هەروەها گرینگە سیاسەتکار و رووناکبیرانی کورد کە بیرۆکەی لێبووردەیی هەڵدەسووڕێنن بە رەفتارە سیاسییەکانیان ئەوە بۆ کەسوکاری قوربانییان روون بکەنەوە کە ئەمان جیاوازی لە نێوان لێبووردەیی و سازشدا دەکەن.

کە باسیش دێتە سەر لێبووردەییی تایبەت بە دۆزی ئەنفال رەنگە زۆرینەی کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال و ئەمجار بەشێکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کورد، بپرسن بەعس و لێبووردەیی؟ چۆن کەیسی ئەنفال و لێبووردەیی یەک دەگرنەوە؟ چی بە شەهیدان و کەسوکاریان بڵێین. بڵێین لە تاوانکاران بووراین؟ ئەم پرسیارانە و چەندان فۆرمی تر لە پرسیار و تێرامان ئاساییە خۆیان لەم بارەیەوە قووت بکەنەوە. بەڵام بۆ ئەوەی ئێمە وەڵامی دادپەروەرانە و نزیک لە رەوشتێکی مرۆیی ئەسیل (ڕەسەن) و بەدوور لە هەستی تۆڵەکردنەوە و کینە و تاوانسازی بەدەست بهێنین بەپێویستی دەزانین درێژە بەو لایەنانە بدەین بەم پەرەگرافەی نووسینەکەمانەوە لەمەڕ مامەڵەی گەندەڵانەی کورد بە تراجیدیاکانییەوە تایبەتە و بۆ ئەو مەبەستەش پێمان خاسە بێژین: چەمکی لێبووردەیی لە رووی فەلسەفی، فەلسەفییەکی سیاسی و، ماف (داد)ییەوە لە دوای کارەساتی هۆلۆکۆست (واتە کوشتنی جووەکان لەلایەن نازییەکانەوە لە ماوەی شەڕی جیهانیی دووەم)دا بوو بەبابەتێکی جیهانی. بۆیە زۆربەی رووناکبیر و بیریار و و نووسەرانی ئاینی و تیۆلۆجیستەکان و سیاسەتیارانی رۆئاوا پاش ئەم کارەساتە کەوتنە گفتوگۆ هێنانە ئارا لەسەر

چەمکی لێبووردەیی و رووداوی هۆلۆکۆست. راستە گفتوگۆکان ناتەبا و ناهاوشێوەن و هەمان تێگەیشتن و بینینیان دروست نەکردووە و قایلبوون و رێککەوتنی هەمەلایەن و فرەوان لە نێوان کەسەکان لە رووی ئاینی و سیاسی و یاسایی و فەلسەفییەوە بۆ چەمکی لێبووردەیی و بۆ ئەوەی رووی داوە، واتە کۆکوژی جووەکان، بەئاکام نەگەییوە، بەڵام لە کۆتاییدا چەمکی لێبووردەیی بابەتی مشتومڕ و لە گەڵێ رووەوە مشتومڕەکان پەرەیان پێ دەدرێ و تێزی بەهێزیشیان لێ دروست دەکرێ کە هەر هەمووی پشتگیری لە بیرۆکەی لێبووردەیی دەکەن. راستە هەریەکە دیتن و سەیرکردنێکی بۆ چەمکی لێبووردەیی هەیە و هەروەها هەریەکەش بەشێوە و جۆرێک تەماشای کارەساتی هۆلۆکۆست دەکا. بەڵام ئەم جۆراوجۆری و ناتەباییەی لە دیتن و بینینەکاندا هەن نەبوون بە رێگر لە بەردەم نەخوڵقانی بیر و هزری بەهێز و بەمانا لەسەر چەمک و کارەساتی ناوبراو.

بۆیەشە دەڵێین گفتوگۆکان هەر لە سەرەتاوە خۆیان زۆر ناهاوشێوە دەرخست، چونکە زۆربەی گفتوگۆکان لەناو نووسەر و رۆشنبیرانی جوو و غەیرە جوو لە رۆئاوا وەک گفتوگۆهایەکی ئاینیدا خۆیان نیشان دا. ئێمە کە ئاینی ئیسلاممان نەکردووە بە سەرچاوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دۆزی ئەنفال بەو ئاکامە ئاینی یان تیۆلۆجی و تەنانەت فەلسەفی و هزرییانەش ناگەین نووسەر و رۆشنبیران لە وڵاتانی رۆئاوا پێیان گەیشتوون. نەک هەر ئەوە بگرە بەشێکی زۆر لەوانەی دەنووسن یان خۆیان بە کەسوکاری لێقەوماوان دەزانن باوەڕیان بە ئاین نییە جا ئەوە لە قینی کارەساتی ئەنفال بێ یان لەبەر هۆیەکی تر بۆیە دیتنەکانیان لەم رووەوە بە تێگەیشتنی ئاینییەوە گرێدراو نییە. لە هەموو ئەوەی وتراش گرینگتر ئەوەیە کە خودی کارەساتەکەی ئێمە خۆی وەک رووداوێ نیشان دەدا لە ئاین دوور کەوینەوە چونکە گەلێ وای بۆ دەچن ئەنفال بەناو و بەکردار واتە قڕکردنی کەسانێکی غەیرە موسڵمان و خودی پرۆژەکەش لەلایەن تاوانکارانەوە بە ئەنفال ناونراوە بۆ ئەوەی خۆی وەک شتێکی ئاینی نیشان دا. بۆیە ئەنفالکردنەکە ئەنفالکردنی تاقمێکە لەلایەن تاقمێکی ترەوە ئەمە کە پاساودانی ئاینیی بۆ دەکرێ لەو سوورەتە ئاینییەوە سەرچاوە دەگرێ باس لە ئەنفالکردنی کافرەکان و دەستگرتن بەسەر ماڵ و حاڵیاندا دەکا. ئەوانەی تاوانەکانیان ئەنجام داوە، واتە سەرانی بەعس، کە باوەڕیان بەهیچ ئاینێکی نەبووە قین و تۆڵەی خۆیان بەئاینی کردووە و کارێکی واشیان کردووە لە رێگەی تاوانکردن بەرامبەر بە کورد بەم جۆرە کورد لە موسڵمانبوون بخەن. ئەوانەش کە ئەنفال کراون یان بوونە بەقوربانی، کە خەڵکانێکی گوندی و لادێیی بوونە نەک ئیلیتی شار، لەوانە ئایندارتر بوونە تاوانەکەیان ئەنجام داوە. تەنانەت زۆربەی شایەتەکانی ئەنفالیش لە دادگەیی ئەنفالچییەکان باسیان لەوە دەکرد گوایە بەردەوام لە سەربازەکانیان پرسیوە «خۆ ئێمە موسڵمانین و کافر نین بۆ وامان لێ دەکەن؟» بەڵام وەڵامەکان زۆرجار جیا بووە یان بۆ نموونە بەم جۆرە بووە: «بەڵێ ئێوە موسڵمانن بەڵام کوردن "یان" ئێوە پێشمەرگەن». کەواتە بەکوردبوون و دواتر بەپێشمەرگەبوونەکەی کورد هۆکاری قڕکردنەکەی بووە، نەک ناموسڵمانبوونەکەی. ئەم لایەنانە کە روونکردنەوەی تری دەوێ بابەتی ئەم نووسینە نییە بەڵام ئەوەی بابەتی ئەم نووسینەیە ئەوەیە کە پاش هاتنە کایەوەی گفتوگۆ لەسەر لێبووردەیی و

کارەساتی هۆلۆکۆست لە ڕۆئاوا لەناو بیریار و ڕووناکبیران باسێکی زۆر هاتە سەر ریشەی ئاینی چەمکی لێبووردەیی و هەر ئاین و رێبازێکی ئاینی هەوڵی دا ڕاڤەکردنی ئاینی و دیدی تیۆلۆجی (لاهوتی) خۆی لەو ڕووەوە بخاتە بەرچاو. بۆ شیکردنەوەی زیاتر ئەم باسە بەباشی دەزانین بەشێوەیەکی ڕوونتر و وردتر بەچەند خاڵێ هەندێ شیکردنەوە بخەینە ڕوو کە تێیدا ئەو لایەنانە بەردەست خوێنەر بخەین کە لە نووسینەکانی تری کوردی تایبەت بە تراجیدیای ئەنفالدا قسەی لێ نەکراوە:

١- کورد وەک موسڵمان لە کارەساتی ئەنفالدا کوژراوە، بەڵام موسڵمانبوونەکەی بابەتی لێکۆڵینەوە و سەرنجی نە خۆیەتی و نەش بکوژانی و لەوەش ئاڵۆزتر نە موسڵمانانی جیهان. واتە کورد وەک موسڵمان بەدەستی موسڵمان لەناو چووە، بەڵام چەند موسڵمانبوونەکەی مانای بۆ لەناوبردنەکەی هەبووە، ڕوون نەکراوەتەوە، بۆیە ڕوونکردنەوەی کارەساتی ئەنفال دەبێ لە نێوان موسڵمانبوون و کوردبوونی کورددا ڕوون بکرێتەوە، نەک شتێ تر. بۆ نموونە جووبوونەکەی جووەکان فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی بەسەریان هات. کەواتە ناسنامە نەتەوەییەکەی جووەکان لێرە بابەتی تێڕامانە نەک شتێ تر. ئەم ناسنامە نەتەوەییە کە هۆیەک بووە بۆ ئەوەی نازییەکان جووەکان قەتلوعام بکەن، بەڵگەیە لەسەر ئەو ترسەی نازییەکان لە جووەکان هەیانبووە. پرسیارەکە لێرە ئەوەیە ترس لە چی جووەکان؟ بەدڵنیاییەوە ترسی نازییەکان لە جووەکان سەرچاوەی لەوەوە گرتووە کە جووەکان نەتەوەیەکی یەکانگیرن و مەیلی پارەدارییان تێدایە و تا بڵێی ژیرن لە بینینی داهاتوو و لە گەیشتن لە حاڵی خۆیان. ئەمانە کە بۆ نازییەکان هەرس نەدەبوو بوو بە بناغەیەکی بۆ کوشتارکردنی جووەکان. کەواتە کێشەی نازییەکان لە تەک جووەکان کێشەیەکی ئیتنی بوو نەک ئاینی. بەواتایەکی تر، ئەوەی بابەتی مشتومڕ نەبێ لەم حاڵەتە مەسەلەی کێشەی نێوان نازییە مەسیحییە پرۆتستانت و جووەکانە. بگرە جەوهەری کێشەکە لێوانلێوە لەوەی نازییەکان ڕەگەزپەرست و ئەوی تر نەویست بوون نەک مەسیحییەکی یان پرۆتستانێ توخ یان کاڵ. هەر بۆیەشە لەگەڵ شاڵاوی کوشتارکردنی جووەکانی ئەوروپا قەرەج و پەککەوتە و چەند نەژادێکی تر زۆر بەرکەوتن ئەمانە کە جوو نەبوون یان ڕەگەزئاریا و سپی نەبوون وەک کەسانی لاواز و ڕێگر لە بەردەم هێزسالاری نازییەکان تەماشا دەکران نەک شتێکی تر و بۆیە هاوکات لە تەک جووەکان، کە دوژمنی گەورەی نازییەکان بوون، جینۆساید کران. هەر لەبەر ئەوە کوشتارکارییەکانی نازییەکان سەرچاوەیەکی زۆری هەیە و هەرە زۆریشی پێوەندیی بە دیتنی ئایدیۆلۆجیی نازییەکانەوە هەبووە تا شتێ تر، بۆ نموونە ئاینی. بەڵام لە حاڵەتی ئەنفال و کورد، ئەنفال و موسڵمانبوونەکەی کورد و کوردبوونەکەی کورد پێویستە نووسەر و ڕاڤەکەرانی کورد بە هۆشیارییەکی پڕ لە هەستیاری و وردەکارییەوە بێینە گۆ. دەبێ نووسەر و ڕاڤەکەرانی کورد بە دیقەتێکی زۆرەوە قسە لەسەر دڕندەیی ناسیۆنالیزمی بەعسییەکان و بینینە نەتەوەییە نەخۆش و شۆڤێنییەکانیان بکەن. بەعسییەکان کە بە وریاییەوە باسی ئیتنییان (نەتەوەییان) بە باسی ئاینی تێکەڵ دەکرد و لەوەشەوە بیرۆکەی نەخۆش نەخۆشیی عەقیدەی و مەزهەبیان

لێ دروست دەکرد دەسەڵاتێکی سیاسیی کۆکتێلیان لە مەسیحی و کورد و سونە و شیعە دروست کردبوو. بۆیە ئاسان نییە لێکدانەوەی دەسەڵاتی سیاسیی بەعسییەکان و کردە و رەفتارە ئاینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانیان. بەڵام ئەفسووس نووسینە کوردییەکان کەساڵانە و لە وەرزی ڕوودانی تراجیدیای ئەنفال بە لێشاو دەست بەبڵاوبوونەوە دەکەن و ئەم دیاردەیەش دنیایەکی نووسەر و توێژەرەوە و ڕۆژنامەوانی سەیر سەیری دروست کردووە ئەوەمان پێ ناڵێن بۆ ئەنفال؟ ئەنفال بەرهەمی چییە؟ ئاخۆ ئێمە قەومێ بەدکار بووین بۆیە خوا زاڵمێکی بۆ ناردین یان بە فیعلی ئێمەی کورد لە بەردەم پرۆژە ناسیۆنالییە هەڵە و خوێناوییەکانی سەرانی بەعسدا ڕێگر بووین؟

لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەوە دەمانەوێ ئەوەش بڵێین کە کورد (خەڵکی سادە و ڕۆشنبیرانیش) لە کاتی گفتوگۆکردنی تراجیدیای ئەنفال خۆیان لە قەرەی ئاین نادەن یان دژایەتیی ئاین دەکەن چونکە ناو و برینی ئەنفال ئاینی ئیسلام بیر دەخاتەوە. ئیسلام وەک شێوەی مامەڵەکردنی لە تەک ئەوی تری غەیرە موسڵمان (کافر). کەواتە دەکرێ هەندێ لە ئێمە بەو سەیرکردنە بگا کە دەشێ بەم جۆرە بێتە گۆ: ئەنفال وەک هۆلۆکۆست ناتوانێ لێکدانەوەی ئاینی بەسەر دیتنمان بۆ چەمکی لێبووردەیی بسەپێنێ. چونکە ناکرێ ئەم تاکە بۆ ئاینێک بگەڕێتەوە لەلایەن تاوانکارانەوە بۆ نەهێشتنی بەکاربراوە. بەڵام ئەم سەیرکردنە هەمیشەیی و ڕەها نییە و ڕەنگدانەوەی دیتنی بەشێکە لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کورد.

٢- ئەو کوردانەی لە کارەساتی ئەنفالدا کوژراون بەپلەی یەک خەڵکی سادە و گوندنشین و لادێیی بوونە و بەپلەی دووەمیش پێشمەرگەی کورد بوونە و بەشێک بوونە لە هێزی سیاسیی کورد کە بەشێکیان خەڵکی ناوچە ئەنفالکراوەکان بوونە. بۆیەشە وا دەڵێین، چونکە ئەوەی عوسمانییەکان دەرهەق بە ئەرمەنییەکان لە ماوەی ساڵانی ١٩١٥ و دواتر ئەنجامیان داوە ئەگەرچی جۆرە جینۆسایدێکی سیستەماتیک (پلان ئامێز) بووە، بەڵام عوسمانییەکان جگە لەوەی کۆکوژی ئەرمەنییەکانیان بەبێ جیاوازیی تەمەن و پیشە و ناوچە و چین و کەسایەتی و ژیندەر ئەنجام داوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سەربازانی عوسمانی لە کوشتارکردنی ئەرمەنییەکان ئیلیتسایدیان (تاقمسایدی، دەستەکوژی)یشیان ئەنجام داوە. واتە سەربازانی ناوبراو دەستیان کردووە بەکۆکردنەوەی کەسانی وەک پارێزەر، ڕۆژنامەوان، پزیشک، دادوەر، ئەندازیار، نووسەر و ڕووناکبیر و لە شوێنی تایبەتدا لەناویانیان بردوون. ئەمە کە بەعسییەکان لە تەک کورد نەیانکرد، بەڵام کێشەی ناوخۆیی و جیهانی نەبایە (وەک شەڕی نێوان ئێران و عێراق، داگیرکردنی کوێت لەلایەن سوپای عێراقی و شکستی ئەم سوپایە و ئابڵوقەی ئابووریی عێراق) زۆر ئاسایی بوو توخمی کورد بەشێوازی زۆر نوێ قڕ بکەن و خودی قڕکردنەکەش بەبۆیەی نەتەوەیی و ئاینی و چەندان واتایەکی تر ڕەنگ بکەن. بەواتای تر دوای ئەو ڕەشبگیرییەی بەعسییەکان لە ڕێگەی ئەنفالەوە لە گوند و لادێ و دەشت و دەرەکاندا دەرهەق بە خەڵکی سادە و ناتاقم ئەنجامیان دا ئاسایی بوو پاش ماوەیێ عوسمانییەکان ئاسا دەست بەلەناوبردنی ئیلیتە مەدەنییەکانی شاریش بکەن، بەڵام ئەمەیان لەبەر ئەو هۆیانەی باس

کران، بۆ نەچووە سەر. کەواتە بەعسییەکان هەموو کات کوردیان وەک ڕێگر بینیوە.

٣- لەبەرئەوەی نووسینی کوردی، نووسینی ڕووناکبیرانی کورد، لە جیهاندا ناسراو نییە بۆیە موخابن نووسینی کوردی یان ڕووناکبیری کورد ناتوانێ، هیچ نەبێ لە ئێستادا، ئاراستەی لێکۆڵینەوە لەسەر جینۆسساید رووەو ئاراستەی تر وەرچەرخێنێ. بەواتایەکی روونتر، بەپێی ئەوەی نووسەر و رۆشنبیر و ئەکادیمیکارانی کورد لە جیهاندا ناسراو نین یان زۆر زۆر کەم کاریگەرن، ئەمە وا دەکا ئێمە لەناو ئەو دەستەبژێرە جیهانییەی دەسەلاتیان لە گۆڕینی دید و بۆچوون و شیکردنەوەدا هەیە ڕێژە "یان ژمارە" نەبین. ڕاستە ئێستا نووسەرێکی زۆری کورد لە ئەوروپا دەژین یان کەسانێکی زۆر هەن کە خوێندنی ئەکادیمییان لەم وڵات و ئەو وڵاتی ئەوروپای تەواو کردووە و رەنگە بەشێکیشیان ئەمڕۆ لێرە و لەوێ لە دەرەوەی کوردستان لە زانکۆکاندا مامۆستا بن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم لایەنە ئەسڵی مەسەلەکەی بەهیچ جۆرێک نەگۆڕیوە. چونکە بەگشتی دەستەبژێری ڕووناکبیری کورد لە نێوەندەکانی میدیا (لە رۆژنامە و کۆوار و تەلەڤزیۆنەکاندا) و لە سەنتەرەکانی توێژینەوە ڕووناکبیری و کولتوورییەکان و ئەمجار لە زانکۆکانی وڵاتانی ئەوروپا یەکجار ناکاریگەرن و بەهیچ جۆرێکیش وەک سەرچاوە تەماشا ناکرێن. ئەمە کە فاکتەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی دەستەبژێری کورد لە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی کوردی روخسار نادیار بن و وەک خاوەن وتار و راڤەکەرێکی گلوبال نەخرێنە بەرباس، پێویستە بۆ زۆرینەمان قابیل بە تێگەیشتن بێ. ڕاستە ئەم لە زانکۆی ئەو وڵات نامیلکەیەکی ئەکادیمی دەنووسێ و ئەوی تر لە چاپخانەی ئەو وڵات شیعرێکی یان چیرۆکێکی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێ، بەڵام ئەفسووس ئەمانە ئەو هێزە بەبەر وتاری ڕووناکبیری کوردی ناکەن کە خاوەن هێزگەلێکی گلوبال و یەکانگیرە. بەباوەڕی ئێمە گرێدانەوەی ئەم کێشەیەش، واتە کێشەی هۆی ئەوەی کە چما دەستەبژێری کورد بەو ئاستە نەگەییوە جیهانی بێ، بەمەسەلەی ئەوەی ئەوی تر ئیمپریالییە، یان ئێمە نەویستە و چاوی بە ئێمە هەڵنایێ گرینگە نەختێ سنووردار کرێ و لەم رووەوە ڕێگە لە بەردەم دیتنی تردا بکرێتەوە. خۆ رەنگە لەسەرێکەوە و بۆ ماوەیەک ئەوەی وترا بەڵگەی راست بن، بەڵام گەر ئەوە لە چوارچێوەی دیتنی هەمیشەییدا ببینرێتەوە دڵنیاین بێ ئەندازە بێ مانایە بەڵگەبوونەکەی.

هەر لەبەر ئەو خاڵانە و لەبەرئەوەش تراجیدیای ئەنفال ڕووداوێکی لە ڕادەبەدەر نامرۆیی و ناڕەوشتییە و بەدی و مەرگی لێ دەتکێ و لە پاش ڕاپەڕینیشەوە دووچاری کارەساتی تر هات، کارەساتی وەک بەپیشەسازیکردنی ئەنفال و بازرگانیکردن بە قوربانییانەوە، بەپێویستی دەزانین، بەشێک لەو گفتوگۆ ڕووناکبیری و هزری و ئاینییانە بخەینە بەرباس ساڵانێکە تایبەت بەکارەساتی هۆلۆکۆست لە ڕۆژئاوا بوونە بە بابەتی باس. ئەڵبەتە باسکردنەکەی ئێمە لە دوو ڕوانگەوە دەبێ لەلایەک بە پێوەندی بەواتای لێبووردەییەوە و لەلایەکی تر بە پێوەندی بەموسیبەتی گەندەڵیی سیاسی و رۆشنبیرییەوە کە لە تەک هەژاریی سیاسی و هزریماندا یەکی گرتووەتەوە و ئەوەی لێ دروست کردووە کە هەمووان پێوەی دەناڵێنین.

هەروەک باس کرا لە دوای کارەساتی هۆلۆکۆستەوە زۆربەی رووناکبیر و فەیلەسووف و تیۆلۆجانی ڕۆئاوایی دەستیان کرد بەنووسین لەبارەی چەمکی لێبووردەییەوە و بەشێک لەوانەش هەوڵیان دا ئەم چەمکە بەسەیرکردنی ئاینی و دواتر فەلسەفی و ئیتیکی (رەوشتی)یەوە ببەستنەوە. ئەو دەمەش قسە لەسەر لایەنی ئاینیی چەمکی لێبووردەیی دەکەن دیتنە ئاینییەکان جیاواز و لێکنەچوو خۆیان دەردەخەن. چونکە کارەساتەکە، واتە هۆلۆکۆست، کە بەسەر جووەکان هاتووە و جووەکان خاوەنی باوەڕی ئاینی و نەریتی جوولەکانەی خۆیانن، بۆچوونیان بۆ چەمکی لێبووردەیی وەک مەسیحییە کاتۆلیک و پرۆتستانت و ئەرتەدۆکسەکان نییە. ئەم بایەخدانەش بەچەمکی لێبووردەیی و دەرخستنی تێگەیشتنە جیاوازە ئاینییەکان بۆ ئەم چەمکە ئەو کاتە پەرەی سەند هۆلۆکۆست بە قەولی پێتەر هاس، کە توێژەرەوەیەکی تیۆلۆجیی جووە، "لە دنیای ئەزموونەوە بەرەو دنیای یادەوەری دەڕوات و پرسیاری پەشیمانی، لێبووردەیی و ئاشتبوونەوە دەبن بە دید لە کۆنتێکستی نوێدا"[٢٠]. ئەم دیتنە کە گفتوگۆ هەڵدەگرێ دەرگە لە بەشێکی تر لە وتنەکانمان تایبەت بەبابەتی لێبووردەیی و دۆزی ئەنفال دەکاتەوە.

## ٢- تێگەیشتنی دێریدا بۆ لێبووردەیی

بەپێی ئەوەی لە پەرەگرافی پێشوودا باس کرا، ئەو دەمەی تراجیدیا دەبێ بە بیرەوەری پرسیاری نەک تەنیا لێبووردەیی بگرە پەشیمانی و ئاشتبوونەوەش بایەخیان بۆ دەگەڕێتەوە. هۆلۆکۆست کە شەست ساڵ زیاتر بەسەر روودانیدا تێ پەڕی لە هەنووکەدا لە فەلەکی بیرەوەریدا دەخولێتەوە. لەم حاڵەتەش لێبووردەی زۆرترین هێزی هەیە و تۆڵە و ڕق شوێنیان وردە وردە لە ونبووندایە. ئەم لایەنە کە پێوەندیی هەر بە زەمەنەوە نییە، بەو گەشەیەشەوە گرێ دراوە کۆمەڵگەی ڕۆئاوا پێیدا تێ دەپەڕێ. ئەڵبەتە لێرە دەشێ ئەو بەرەو پێشەوە چوونەش لە بەرچاو بگیرێ کە لەسەر ئاستی توێژینەوە لەم ڕووانەوە لە کارکردندایە. واتە، شیکردنەوە کۆمەلایەتی - کولتووری و سیاسی و فەلسەفییەکان کە لە هەنووکەدا لە نێوەندە ئەکادیمییەکان ئاراستەیەکی یەکجار بەرزیان وەرگرتووە کاریگەریی خۆیان لەسەر روونکردنەوەی ئەو چەمکە مافی و کولتووری و ئیتیکییانەش بەجێ هێشتووە کە پێوەندییان بە ژیانی تاک و کۆمەڵگە جیاکانەوە هەیە. بۆیە لە ئێستادا گفتوگۆکردنی چەمکی وەک لێبووردەیی، پەشیمانی و تەنانەت هاوڕێیەتی، مێوانداری، هاوسێیەتی، ئاشتبوونەوە و پێکەوە ژیان گۆڕانی گەورەیان بەسەردا هاتووە و پسپۆڕ و زانایەکی زۆر، تیۆری تایبەتیان لەم ڕووەوە بەرهەم هێناوە. لێبووردەیی کە ئێستا پتر لە جاران لەناو جووەکان لە گۆکردن و پەسندکردندایە لە بەردەم زۆرترین بەکاربردنی فەلسەفی و سیاسیشدایە و لە میانەی لێبووردەییشەوە کارێکی زۆر بۆ کەمکردنەوەی توندی و تۆڵەش دەکرێ. چاخی تازەش کە نوقمی زەبر و نادادپەروەری و بوغزی سیاسی و مەزهەبی و یاساییە تەنیا بەئاشتبوونەوەی هەمیشەیی و لێبووردەییی بێ سنوور و دراوسێیەتییەکی دۆستانە بەری لێ دەگیرێ.

پاش ئەوەی چەمکی لێبووردەیی کەوتە ناو بواری گفتوگۆی فەلسەفییەوە، تێگەیشتن لەم چەمکە ئاراستە و دوورییەکی تری وەرگرت و بواری روونکردنەوە و هزریاریکردن بەسەریدا بەرینتر و

قووڵتر بوو. چونکە فەیلەسووفەکانی ڕۆئاوا لە ڕێگەی چەمکی لێبووردەییەوە ویستیان گفتوگۆی شتی تریش بکەن، لەوانە ئەوی ترگەری یان چۆنیەتیی پێوەندیکردن لە تەک ئەوی تردا. بۆ ئەوەی لەم ڕووەشەوە وێنەی فەلسەفی لەسەر ئەو مشتومڕانە بنەخشێنین بەپێویستی دەزانین گفتوگۆی بەشێ لە تێگەیشتنەکانی دێریدا بۆ چەمکی لێبووردەیی بکەین. بۆ دێریدا؟ چونکە دێریدا لە پازدە ساڵی رابردوودا، پاش سەردانی باشووری ئەفەریقا، لەم ڕووەوە وەک یەکێک لە تیۆریزەکەرە ناودارەکان لە بواری لێبووردەیی و ئاشتبوونەوە و تەنانەت بابەتی هاوسێیەتی "جیرانیەتی"ش لە قەڵەم دەدرێ. تێگەیشتنەکانی کە لەم ڕووەوە گفتوگۆ دەخەنەوە دەیکەین بە تەرەفێ لە وتنەکانمان تایبەت بە دیاردەی لێبووردەیی و کەیسی ئەنفال.

دێریدا بە پازدە ساڵێک پێش مردنی درگەی گفتوگۆکردنی لەسەر چەمکی کردەوە کە یەک لەو چەمکانە چەمکی لێبووردەیی بوو و ئەوانی تریش ئەڵبەتە چەمکی ماتەمینی، بەرپرسیاریەتی، مەرگ وەک خەڵات، هاوڕێیەتی، مێواندارى بوون. ئەڵبەتە دێریدا لە سەفەرەکانی بۆ چەند وڵات و زانکۆیەک زنجیرە سیمینارێکی زۆری لەسەر چەمکی لێبووردەیی کردووە و سەرەتای ئەو کارکردنەشی لەسەر ئەم چەمکە بۆ ئەو سەردانەی دەگەڕێتەوە لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ باشووری ئەفریقیا و زانکۆی یوهانسبێرگ (پایەتەختی باشووری ئەفریقیا) ئەنجامی دا و لەوێش چاوی بە ماندێلا کەوت و دواتر سەردانی ئەو ژوورەشی کرد کە ماندێلا ٢٧ ساڵ تێیدا بەند کرابوو. دێریدا لەو سەفەرەی باشووری ئەفریقیا قسە لەسەر لێبووردەیی دەکا و لە هەمان کاتدا بەتوندی رەخنەی لە ڕەگەزپەرستی (ئەپارتید) دەکا و وەک دیاردەی میتافیزیکیش تەماشای دەکا یان ریشەی ئەپارتید بۆ وتاری میتافیزیکی ڕۆئاوا دەگەڕێنێتەوە. ئەڵبەتە پاش ئەم هەوڵانەی دێریدا گەلێ هەوڵی تری فەلسەفی هاتە کایەوە بۆ قسەکردن لەسەر لێبووردەیی و دۆزی سیاسی لە وڵاتانی لاتین ئەمەریکا (بەتایبەت شیلی، بەرازیل و ئەرجەنتین) هەروەها لێبووردەیی و مەسەلەی هۆلۆکۆست ئەمەو لێبووردەیی و مەسەلەی فرەنساییەکان لە جەزائیر و یان کێشەی نێوان ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان و... هتد. بۆیە ئێمە بۆ ئەوەی مانایەک لەم نووسینە بۆ چەمکی لێبووردەیی و کەیسی ئەنفال دابین بکەین و لێبووردەیی لە دیتنی بەپیشەسازیکردن دەرباز بکەین بەباشی دەزانین بەکورتی بچینە سەر سەرەکیترین تێزی فەلسەفیی دێریدا، تایبەت بەچەمکی لێبووردەیی.

بۆ دێریدا و گەلێ لەوانەش لەسەر چەمکی لێبووردەیی نووسیویانە، زێدە گرینگە لەوە بگەین چۆن لە کەسێک ببوورین کە ئازاری داوین؟ ئاخۆ ئەم لێبووردەییە بێ بەرامبەرە یان چۆن؟ بەپێی تێگەیشتنی دێریدا بۆ لێبووردەیی، لەو نووسینەی تایبەت بە لێبووردەیی نووسیویەتی (لەمەڕ کۆسمۆپۆلیتان و لێبووردەیی)، باس لە لێبووردەییی بێگەرد (پوخت) دەکا و پێیشی وایە لێبووردەیی لەم جۆرە، پێویستە ناشیاوی لەخۆ بگرێ. لێبووردەییی بێگەرد برێتییە لە لێبووردەیی لە خەتایەکی نالێبووردەئامێز[٢١]. مەبەستی سەرەکیی دێریدا لەم وتنە ئەوەیە کە ڕووداوی لێبووردەئامێز شایانی لێبووردەییە. واتە تۆ لەوە دەبووری کە خەسڵەتی لێبووردەی تێدا ونە. بەجۆرێکی تر، لێبووردن لە نەشیاو.

لێرەوە دێریدا دەیەوێ خوێنەرانی خۆی بەو مانایە بگەیێنێ کە لێبووردەیی پێویستە شێت و بێ ئاگا بێ[٢٢] و لە هەمان کاتیشدا لە دەرەوەی گشت عەقڵانیەتێکی سیاسی و یاساییش بێ. ئەمەو دێریدا لە وتنەکانی تایبەت بە باسی لێبووردەییدا لێبووردەی بێ هەلومەرجیش دەخاتە بەرباس و پێی وایە ئەم شێوە لێبووردەییە ئەو شێوە لێبووردەییەیە کە داوای ئیعیتیزارێکی، ئەپۆلۆجی، یان پەشیمانییەکی لە تاوانکاران دەکا. لەوانەی وترا زێدە گرینگتر ئەوەیە لێبووردەیی بۆ دێریدا مەرجە بێگەرد بێ و پێویستیشە لێبووردەیی هەردەم لە تەک لێبووردەییەکی هەلومەرجدار کە ئیعتیزار تێیدا هەنووکەییە لە پێوەندیدا بێ. بەڵام ناشیەوێ ئەوەمان بیر بچێ کە لێبووردەیی شتێکی پوخت نییە و هەروەها شتێکی نۆرماڵیش نییە بگرە شتێکی ڕیزپەڕە[٢٣].

ئەو نەختە تێگەیشتنەی لای سەرەوە ئەوە بە گوێماندا دەچرپێنێ کە دێریدا نیازخوازە دوو تێزمان تایبەت بە لێبووردەیی بۆ قوت بکاتەوە. تێزی یەکەم بریتییە لەوەی کە کردەی لێبووردەیی تەنیا ئەو دەمە مانادارە کە کەسێک تەنیا دەتوانێ لە نالێبووردەئامێزدا ببوورێ. هەروەها تێزی دووەم بریتییە لەوەی کە بەپێی باوەڕی دێریدا ئێمە تێگەیشتنمان بۆ واتای لێبووردەیی لەبەر هۆی ئیتیکی گۆڕانی بەسەر دێ. ئەم دوو تێزە ئەو وێنەیەش لای خوێنەر دروست دەکەن کە داوای دێریدا لە لێبووردەیی ئەوەیە کە لێبووردەیی پێویستە کراوە و بێ کۆتا بێ. ئەڵبەتە بۆ دێریدا لێبووردەییی بێگەرد مەرجە دوو تایبەتێتی لەخۆ بگرێ یەکێکیان تاوانکاران و ئەوی تر قوربانییان.

بۆیە دەمانەوێ ئەوە بڵێین ئەوەی نووسینی ناوبراوی دێریدا (لەمەڕ کۆسمۆپۆلیتان و لێبووردەیی) تایبەت بە لێبووردەیی بخوێنێتەوە ئەوەی لا ڕوون دەبێ کە لێبووردەیی بۆ دێریدا بەوە خەسڵەتدار دەکرێ کە "لێبووردەیی شێتییەکی نەشیاوە "[٢٤]. هۆی ئەوەش کە دێریدا ئاوا تەماشای لێبووردەیی دەکا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لێبووردەیی شتێکی زێدە هەستیار و پێویستە. سەرباری ئەوە، تێگەیشتنی دێریدا بۆ لێبووردەیی لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە ئێمە بۆ شتی نالێبووردەئامێز تەنیا لێبووردەییمان لە بەردەمدایە واتە ئەو دەمە لێبووردەیی هەیە کە نالێبووردەئامێزی ئامادەیە[٢٥]. تێگەیشتنی فەلسەفیی دێریدا لێرە ناوەستێ بگرە بەرەو ئەوەش دەچێ کە لێبووردەیی کاتێ شیاو دەبێ، ناشیاویی لە بەیندا بێ[٢٦]. بەم جۆرە دێریدا دەیەوێ لێبووردەیی بە هاتنە دیی ناشیاوی ببەستێتەوە. ئەمەش بەو مانایە دێ ناشیاوییەکە ئەو دۆزەیە کە بەناوی نالێبووردەئامێزییەوە دروست دەبێ، کاتێکیش نالێبووردەئامێزی هەبێ لێبووردەیی وەک شیاویەک سەرهەڵدەدا. چونکە تێگەیشتنی دێریدا بۆ لێبووردەیی خۆی لەو تێزە سەرەکییەدا بەرجەستە دەکا کە بەم جۆرەیە و لای سەرەوەش ئاماژەمان پێێ دا :

## لێبووردن لە نالێبووردەئامێز

## ئەمەش واتە شیاوکردنی لێبووردن کاتێک لێبووردن نەشیاوە

خودی ئەم تێزە ئەوەمان فێر دەکا لێبووردەییی ڕاستەقینە. لێبووردەییە لە نالێبووردەئامێز. ئەمەش خۆی ئەو دیتنە دروست دەکا کە لێبووردەیی شیاو دەبێ کە نالێبووردەئامێزی لە ئارادا

بێ. بەڵام دێریدا بۆ ئەوەی وێنەیەکی بەهێزترمان لا دروست بکا داکۆکی لەو تێگەیشتنە دەکا کە گوایە لێبووردەیی راستەقینە پێویستە ناهەلومەرجدار بێ. ئا لێرەوە زۆر بەلامانەوە گرینگە سەرنجی خوێنەری ئەم چەند وتنەش بۆ ئەوە ڕاکێشین کە تێگەیشتنی تر کە دێریدا دەخوازێ لەمەڕ لێبووردەییی شیاوی بکا ئەوەیە لێبووردەیی پێویستە چارەسەر بکرێ. واتە زۆر پێویستە کە لێبووردەیی لە چارەسەرسازیدا خۆی ببینێتەوە، چونکە دێریدا دەیەوێ بەم تێگەیشتنە ئێمە بەرەو ئەوە ببا کە لێبووردەیی نابێ بەجێ بهێڵرێ، بگرە دەبێ چارەسەر بکرێ. لێبووردەیی نابێ فەرامۆش بکرێ، بگرە دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. ئەم تێگەیشتنە لە لێبووردەیی کە زێدە هەستیار و گرینگە بۆ ئەو کۆمەڵگە و شوێنانە بەدرەنگ هەرس دەبێ کە قوربانیی دەستی کاری تیرۆر و زەبر و زۆرداری و کوشتاری کۆکوژین.

بەڵام با بپرسین لێبووردن لە کێ؟ بەدڵنیاییەوە ئەوەی بەچاکی لە تێگەیشتنی فەلسەفیی دێریدا بۆ لێبووردەیی گەیشتووبێ بۆی دەرکەوتووە کە لێبووردن دەبێ ئەم دوو لایەنە بگرێتەوە: یەکەم تاوانکاران و دووەم ناپەشیمانەوەبووەکان. ئەم دوو جۆرە کەسە پێکهاتەی تێگەیشتن بۆ لێبووردەیی پێک دێنن. هەر ئەم دوو جۆرە کردوویەش وا دەکەن کە لێبووردەییی ناداخراو و شەفاف بێ. بەڵام پرسیاری ئێمە و زۆربەی قوربانییانی دەستی دیکتاتۆر و شەڕخواز و زەبردۆستەکان ئەوەیە لێبووردەیی تا کەی؟ وەڵامی دێریدا پێ دەچێ ئەوە بێ کە لێبووردەیی دەبێ بۆ هەرگاڤ بێ و هەر بۆیشە دەیەوێ لێبووردەیی کراوە و بێگەرد بێ. واتە ناداخراو و بێ غەش بێ. ئەمە کە ئەستەمە بەوەشەوە گرێ دراوە کە پێی دەڵێن لێبووردەیی. چونکە لێبووردەیی شتێکی زیاد لە پێویست نائاسان و ئاڵۆزە. واتە ئاسان نییە وتنی: ("لێت دەبوورم"، "دەتبەخشم") و... یان بەکاربردنی گوزارەی وەک "بمبوورە"، "تۆبە" و... هتد. ئەم جۆرە گوزارانە کە کەم کەس بەئاسانی و بەبەردەوام بەکاریان دەبا، زۆر بە زەحمەتیش تێگەیشتن دروست دەکەن. بەڵام بەرپرسیارەتیی رەوشتیی ئێمە لەم لایەنەوە لەوەدا پێویستە چڕ بکرێتەوە کە لێبووردەیی و پەشیمانی و ئاشتبوونەوە وەک خۆیان و لە شوێنی خۆیان لێیان بگەین. لێیان نەگەڕێین تا بەئاکام دەگەن. دەستبەرداریان نەبین و بێ وچان کار بۆ هاتنە دییان بکەین.

لە کۆتاییی ئەم پەرەگرافەدا دەمانەوێ ئەوە بڵێین کە، بەباوەڕی ئێمە، ئەو تێگەیشتنەی دێریدا ویستی (لە نووسینی ناوبراو کە لای سەرەوە ئاماژەی پێ کرا و، لە زۆربەی سیمینارەکانیشی لەم وڵات و لەو زانکۆ) تایبەت بە لێبووردەیی پراکتیزەی بکا و لەناو بیری فەلسەفیی ڕۆئاواش گشتی بکا، ئەوە بوو کە لێبووردەیی کردەیەکی مرۆییە نەک یەزدانی. واتە ئەوە مرۆڤە لەوی تری تاوانکار دەبوورێ نەک یەزدان. ئەم تێگەیشتنە دێریدایەش بۆ لێبووردەیی ئێمە بەرەو ئەوە دەبا بەوە بگەین لێبووردەیی پێویستە لە ناوەوە ، نەک دەرەوەی، ژیان چارەسەر کرێ. وەکی تریش ئەم دیتنەی دێریدا ئامانجێکی فەلسەفیتریش لە خۆیدا حەشار دەدا کە ئەوەش برێتییە لەوەی لێبووردەیی نایەوێ خۆی وەک چەمکێکی ئاینی نیشان دا . هەر بۆیەشە ئەم (واتە دێریدا) نایەوێ لێبووردەیی لە ژیان و ژیانی مرۆڤ دوور خرێتەوە. ئەم تێزەش ئەوە دەگەیەنێ لێبووردەیی کە لە ژیاندایە هەر لەناو ژیاندا دەبێ باس بکرێ. ئەمە کە تێزێکی یەکجار نازدارە، پێویستی بە گەشەپێدان و

روونکردنەوەیەکی زۆرە. چونکە دێریدا نەک هەر لێبووردەیی لە ئاین دەخا بگرە لە سیاسیەتیشی جوێ دەکاتەوە. بەواتایەکی تر، لێبووردەیی لای دێریدا دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی سیاسییەوە ئەمە کە بۆ زۆر لە تیۆریزەکەرانی سیاسی و توێژەرەوانان لەمەڕ لێبووردەیی لە ڕۆئاوا هەرس نابێ دێریدا لەو نووسینەی لای سەرەوە ئاماژەی پێ کرا بەوە شی دەکاتەوە کە تێکەڵکردنی کردەی سیاسی بە لێبووردەیی ئاکامی تر بەدەستەوە دەدا. کەواتە دێریدا پێ دەچێ بیەوێ پێمان بڵێ گەر لێبووردەیی بە کردەی سیاسی تێکەڵ بکرێ ئەگەری سەرنەکەوتنی هەیە. بۆیەشە هەردەم دێریدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە لێبووردەیی لێبووردنە لە نالێبووردەئامێز. ئەمەش لێبووردەییەکی بێ هەلومەرجە و پێویستە لە تاوانکاران ببووردرێ وەک تاوانکاران و بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ داوایەک لەمەڕ لێبووردەیی. ئەم جۆرە لێبووردەییە بۆ دێریدا بنەماکانی لێبووردەییەکی ڕاستەقینە پێک دێنێ. بۆ ئەوەی ئەم جۆرە لێبووردەییەش مەیسەر بکرێ پێ دەچێ دێرێدا بیەوێ خۆی لە پرسیاری سیاسیی تایبەت بە لێبووردەیی بدزێتەوە یان هیچ نەبێ بەو جۆرە تەماشای نەکا کە حەنا ئەرنێت یان فلادیمێر جانکلێفیچ تەماشایان دەکرد(٢٧).

وێڕای ئەوەی وترا، دێریدا لە قسەکردنەکانی لەبارەی لێبووردەییەوە کار بۆ شیاوکردنی لێبووردەیی دەکا. واتە هیوایەکی زۆری بەشیاوبوونی لێبووردەیی هەیە. ئەم شیاوییەش لای دێریدا هەست دەکەم چەند پێچێکی تیۆریی تێ دەکەوێ ئەمەش بەهۆی تێکەڵکردنی لێبووردەی، بە دان بەخۆگرتن (تولێرانس، تەساموح) و گەردوونـاوی (کۆسمۆپۆلیتانیزم) و ئیتیکی، ڕەوشتی، مێوانداری. بەخۆی تێکەڵکردنی باسی لێبووردەیی بە دان بەخۆگرتن شتێکی یەکجار نایابە و دەشێ بۆ ئێمەومانان و، یان بۆ مرۆڤی ئەم چاخە پڕ لە تاوانسازییە، دەرمانێ باش بێ بەڵام ناشکرێ ئەم جۆرە یەکگرتنەوەیەی نێوان لێبووردەی و دان بەخۆگرتن ئەڵبەتە ئەمانە و ڕەوشتی مێوانداری و هەستی گەردوونـاویش بێن بەداردەستێ بەدەست تاوانکار و زەبرخوازانەوە بۆ ئەنجامدانی خراپەکاری و تاوان. گومانی ناوێ بۆ ئەوانەی بیانەوێ ڕووی تر بەشیکردنەوەی بابەتی لێبووردەیی بدەن لێرەوە دەشێ باس بهێننە سەر کردەی ڕەوشتی و بەرپرسیاریەتیی سیاسی.

بەڵام هەموو ئەوانەی وتران لەلایەک و تێگەیشتنی دێریدا لەلایەک بۆ لێبووردەیی و ئاشتبوونەوە. چونکە لە ڕیشەی فەلسەفیی قسەکانی دێریدا تایبەت بە لێبووردەیی هەردەم قسەکردن تایبەت بە ئاشتبوونەوە لە ئارادایە. سەرەڕای ئەوەی وترا، دەمانەوێ دەست بۆ ئەوەش ڕاکێشین کە، ئەو جۆرە تێگەیشتنانەی دێریدا کە لە کتێبی "لەمەڕ کۆسمۆپۆلیتان و لێبووردەیی" تایبەت بە لێبووردەیی باسی لێوە دەکا. ئاسان نییە هەرسکردنی هیچ نەبێ بۆ ئەوانەی قوربانیی دەستی تاوانکارانی گەورەن بۆ نموونە وەک ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، هۆلۆکۆست، جەنەراڵە فاشیستەکانی لاتین ئەمەریکا و ڕەگەزپەرستی. بەڵام لەبەرئەوەی وتاری سیاسیی کوردی تایبەت بە ئەنفال وتارێکی جارێکی ناسیۆنالیستانە ڕقباز و جارێ هیومانیستانەی چەوتە، ناتوانێ تێگەیشتن لەسەر چەمکی لێبووردەیی وەک خۆی و لەسەر بنەمایەکی فەلسەفیی دەگمەن و ریزپەڕ دروست بکا.

بێگومان بەرپاکردن و گشتیکردنی تێگەیشتن، تێگەیشتنی فەلسەفی، لەمەڕ چەمکی لێبووردەیی کارێکی زۆری تیۆری دەوێ و لە پێش هەموو شتێکیش پێویستی بەدەستەبژێرێکە کە خۆیان لە گشت تۆڵە و کینە و سازشێکی سیاسی پاک کردبێتەوە. ئەمە کە لە ئێستادا لە کوردستان شیاو نییە، کێشەی سیاسی و رەوشتیی بۆ دروست کردووین. چونکە لێبووردەیییەکەی ئێمە سەرچاوەی فەلسەفی و تەنانەت ئاینی و یاساییشی نییە، بگرە بەرهەمی یارییەکی سیاسیی سازشئامێزە. ئەم یارییە کە خۆمان لە بەرهەمهێنانیدا بەرپرسیارین کەیسی ئەنفالی بەشت کردووە و واتای تراجیدیاشی بێ مانا و بێ تێگەیشتن کردووە.

بەکورتی، لێبووردەیی گەر لە ئێستادا لە ئاسماندا پێویستە بهێنرێتە سەر زەوی. پێویستە لە ژیانەوە نزیک کرێتەوە. ئەمە کە سەرەتایەک بۆ شیاوکردنی لێبووردەیی دابین دەکا لێبووردەیی لە تەک ئاشتبوونەوە و مێوانداریش یەک دەخا. راستە تێگەیشتنە فەلسەفییەکانی دێریدا لەمەڕ لێبووردەیی و ئاشتبوونەوە بۆ ئێمە لە ئێستادا سەخت و ئەستەمە هەرس بکرێن، بەڵام کار و بەرپرسیارییەتیی مرۆیی و رەوشتیی ئێمە دەبێ لەوەدا چڕ و پوخت بکرێتەوە بەئاکامی بگەیەنین و خۆمان لە بینین و باوەڕی گرژ و ناوچەیی و ڕقئامێز دوور بخەینەوە. تێزی بنەڕەتی دێریداش لەبارەی لێبووردنەوە هەر لەوەدا خۆی کورت دەکاتەوە کە ئەو دەمە لێبووردن شیاو دەبێ کە لێبووردن ناشیاو بێ. واتە ئەو کاتەی شیاو نییە ببورین، پێویستە لێبووردن شوێن بەخۆی بگرێ. ئەمە کە سەختە هەرسکردنی لە تەک دۆزی سیاسی و پەروەردەی سیاسی و فەلسەفەی رەوشتی ناوچەکەدا ناگونجێ. ئێمە کە غەدرمان لێ کراوە و لەسەر زێدی باو وباپیرانمان زیندەبەچاڵ کراوین بەئاسانی لە لێبووردەیی ناگەین. ئێمە کە سنووری سیاسیمان بە تەک چەند وڵاتێکی سیاسەتبازی دڕەوەیە، کە لە واتای نە مێوانداری دەگەن و نەش هاوسێیەتی، لە بەردەم هەڕەشەی ژیانەوەی کارەساتی جینۆسایدداین. ئەمانەش وا دەکا ئێمە بازرگانی بە تراجیدیاکانمانەوە بکەین. هەروەها دەگەینە ئەو ئاستەی لە بازاڕی سیاسیی ناوچەکە نرخ بۆ هەرەس و لێقەومانەکانمان دانێین بەڵام موخابن بە هەرزانترین نرخ دەیانفرۆشین و بەگرانترین نرخ گەمە سیاسییەکانی ئەوی تر دەکڕین. بە کورتی ئێمە تراجیدیاکانمان بەدەستی خۆمان گەندەڵ دەکەین. چونکە نە ئەوەیە بانگەشە بۆ لێبووردن بانگەشە کەین و نە ئەوەشە لەوە بکەوین تراجیدیاکانمان بەشت بکرێن.

## ٣- لێبووردەییی کورد و دۆزی سیاسی و مرۆییی ناوچەکە

پێشتر ئەوەمان بەکورتی روون کردەوە کە لێبووردەییی تایبەت بە کەیسی ئەنفال پێویست و شیاوە، بەڵام ئەوەمان روون نەکردەوە چەند دۆز و هەلومەرجێک لە ئارادان ویست بۆ شیاوکردنی لێبووردەییی تایبەت بە کەیسی ئەنفال ئەستەم دەکەن و ئەوەش وا دەکا ئێمە لێرە و لەم حاڵەتەدا دیتنی تر تایبەت بە شیاوکردنی لێبووردەیی بێنینە گۆڕێ و گفتوگۆی ئەو لایەنانە بکەین گەندەڵی رۆشنبیریمان رێگای نەداوە بەرباس بخرێن. ئەڵبەتە بەشێک لەم دۆز و هەلومەرجە پێوەندیی بەباری گەندەڵاویی هۆشیاریی سیاسیی یاسایی و بینینی فەلسەفیی کورد خۆیەوە هەیە و

بەشەکەی تریشی پێوەندی بەژینگەی سیاسی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگە و وڵاتانەوە هەیە کە کورد لە تەکیاندا لە دیالۆگ و پێوەندیدایە. کەواتە لێبووردەیی کورد کە ڕەنگ نییە نەتەوە و گرووپ و تاقمە ئیتنی و ئاینییەکانی ناوچەکە وەک خۆی لێی بگەن لە گەلێ رووەوە پێوەندیی بە کورد خۆشیەوە هەیە و کورد لەم رووەوە بەرپرسیارە و لەژێر کاریگەریی هۆشیارییەکی سیاسی و رۆشنبیریی گەندەڵاوی زۆرترین تێنەگەیشتن و ئاڵۆزکاویی لەم رووەوە دروست کردووە. بۆیە ڕاڤەکردنی ئەم دوو لایەنە لەم بەشە بێ مانا نییە و گرینگییەکی زۆریشی بۆ ئەو باسەش هەیە کە، سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵیکردن بەسەر تراجیدیاوە دەیهێنینە گۆڕێ ئاشکرایشە کە هۆی تایبەت بەم کێشەیە زۆرن کە پێویستە بخرێتە بەرباس بەڵام ئێمە چەند خاڵێکیان دەخەینە ڕوو:

١- لە ناوچەکە و لەو دەوروبەرە سیاسییەی کورد لێی دەژی، لێبووردەیی وەک چەمک شوێنی نییە و بابەتێکی نە رەوشتییە و نەش مرۆیی و یاسایی. واتە لێبووردەیی نە بنەمایەکی سیاسیی پتەوی لەناو خەڵک و دامەزراوەکاندا هەیە و نەش تێگەیشتنی رەوشتی و مافی لە ئەندێشەی سیاسی و کولتووری زۆربەدا بەرجەستە کردووە. کورد کە بەچەند وڵاتێکی زەبرپەرست و کینە لە دڵی سیاسییەوە گرێ دراوە لێبووردەییەکەی وەک خۆی رێزی لێ ناگیرێ و نانرخێنرێ. ئەمە کە بۆ کورد نەهامەتیهێنەرە دروستکەری بێ ئومێدی سیاسیشە. هەروەها ئەمە کە بۆ گەلێ لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان قابیلی تێگەیشتن نییە لەو ناوچانەی کورد لێی دەژی بابەتی تێرامان نییە. ئەگەر ئەم لایەنەش وا لە کورد بکا خۆی لە بەرەی دژ ببینێتەوە ئەوا هەردەم زەوینە بۆ پێکدادانی ئیتنی و مەزهەبی لە ئارادایە.. بێگومان ئەگەر وابێ ئەوا تراجیدیای تر بەرێوە دەبن و لەبەرئەوەی کوردیش کەمەهێز و پەرت و نایەکگرتووە لەم بەینە هەر کورد زەرەرمەند دەبێ. بۆیە لەناو کورددا نابێ رێگە بە دروستبوونی رەوتی سیاسیی توند و شوڤێنی بدرێ و لە بری ئەوە رۆشنبیرانی کورد و هێزە سیاسییەکان پێویستە زۆرترین سەرنج بخەنە سەر روونکردنەوەی تراجیدیاکانیان و بەفاکتەکردنی ئەوەی رووی داوە و هەروەها خۆڕاهێنانیش لەسەر لێبووردەیی و ئاشتبوونەوە و پێکەوە ژیان.

راستە گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ناوچەکە وا دەکا لێبووردەیی و ئاشتبوونەوە شوێنی لە لێکسیکۆنی سیاسی، فەلسەفی و مافی وڵات و کۆمەڵگەکانی ئەم ناوچەیە ون بێ، بەڵام رۆشنبیر و هێزە سیاسییەکانی کورد نابێ کۆڵ بدەن و پێویستە لەسەر بەفاکتەکردنی کێشەکان بەردەوام بن. لێبووردەیی کە پێوەندییەکی زۆری بە ئاگایی سیاسی و کولتووری و دادی تاکەوە هەیە، تاک لەم جۆرە ناوچانەدا لە رووی هۆشیاریی و پەروەردەییەوە لەپاشە. ئەڵبەتە دەستەبژێری رووناکبیری و ئەکادیمیش لەم ناوچانە کە ئەرک و بەرپرسیارەتییەکی گەورەی رەوشتی و مرۆییان لەسەرە لەژێر کاریگەری ئەو زەبرە سیاسییەی ئەم ناوچانەی تەنیوەتەوە هیچ نەکردەن و قوربانییەکی تری ئەو زەبرەن و شەهیدێکی تری ئەو لە پاشکەوتن و شێواوییەشن سیستەمی زانین و پەروەردەیی ناوچەکەی لە بنڕا گەندەڵ و زەبراوی کردووە. گەلێ لە ئێمەش ئەو رۆژانەمان بەچاکی بەبیر دێن کە چۆن نووسەر و رووناکبیر و ئۆپۆزیسیۆنەکانی وڵاتانی ناوچەکە خۆیان لە رووداونی ئەو زەبر و قەتڵوعامانە گێل دەکرد رووبەڕووی کورد دەبووەوە. ئەو خۆگێلکردنە لەو کێشە مرۆییانەی کورد

له دوو سێ دەیەی رابردوو دووچاری بوو تەنیا ئۆباڵی ناکەوێتەسەر ئەو رووناکبیر و نووسەرانەی لە وڵاتانی ناوچەکە و لەژێر سایەی رژێمە زەبراوییەکان ژیان بەسەردەبەن بگرە ئۆباڵی دەکەوێتە سەر ئەوانەش لە ئەورووپا دەژین و خۆیان قوربانیی دەستی رژێمە تۆتالیتارییەکانی ناوچەکەن. ئەڵبەتە لە هەندێ لاوە ئەوە پێوەندیی بەدروستبوونی هەندێک دیتنی ناسیۆنالیستانەی نەخۆشەوە بوو کە لەم سالانەدا کاریگەریی گەورەی بەسەر دەستەی نووسەر و رووناکبیرانی ناوچەکە لە هەر کوێ بن خستەوە و هزری ئەم دەستەیەی نائازاد کرد و ئەندێشەشیانی لە تەندروستی داخست. ئەمە کە بەزیانی کێشەی سیاسیی کورد و تراجیدیاکانی دەگەڕێتەوە، تێگەیشتنی بۆ زۆر شت ناشیاو و ئەستەم کردووە. بۆیە زێدە گرینگ و مەرجە چارەسەرکردنی گەندەڵیی سیاسی و رۆشنبیری لەلایێ و لەلایەکی تر بەفاکتەکردنی کێشە سیاسی و تراجیدیاکانمان و سازش نەکردن بە رووداو و رابردوومان.

٢- لەبەرئەوەی کورد لە ناوچەکەدا هێزێکی سیاسیی نییە لێبووردەیییەکەی بەچاوێکی سووک و بێ بەهاوە تەماشا دەکرێ. بەواتایەکی تر دەمانەوێ بڵێین، کورد کە جارێ نەبووە بە دەسەلاتێکی سیاسیی کردە سیاسییەکانی لە ناوچەکەدا رەوایەتییان وەرنەگرتووە و شوێنی تێڕامانی کەسیش نییە. ئەمەش بەخۆی دەگەیەکی سیاسیی گەورەی لە هێزی سیاسیی کورد داوە. ئەم لایەنە کە کاریگەری بەسەر گشت بوارەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگەی کوردەوە هەیە قەوارەی سیاسیی کوردی بچووک کردووەتەوە. بەواتایەکی تر، ئەم شتانە هۆکارن بۆ ئەوەی کورد ببێ بە هێزێکی سیاسیی لۆکاڵی و بێ هەیبەت. بۆیە ئەو دەمەی کورد قسە لە تراجیدیاکانی دەکا کەس گوێی لێ ناگرێ و کاتێکیش لە تاوانباران دەبوورێ کەس نرخ بۆ لێبووردنەکەی دانانێ. کێشەکە هەر ئەمە نییە بگرە ئەوەشە کاتێک کورد هەیبەتی سیاسیی نەبوو تراجیدیاکانیشی بێ هەیبەت دەبن، بۆیە دەکرێ بڵێین بەوە دەچێ جینۆساید، یان تراجیدیا، ڕووی لە پۆلکردن نابێ. واتە جینۆسایدی، یان تراجیدیا، نەتەوە و گرووپی گلوبال و هێزدار و ناسراو لە ڕووی سیاسییەوە و هەروەها جینۆسایدی، یان تراجیدیای، نەتەوە و گرووپی لۆکاڵی و بێ هێز لە ڕووی سیاسییەوە. ئەم جۆرە پۆلکردنە کە لە ڕەچەڵەکەدا بوونی هەیە و شتێکی خەیاڵی نییە، تاوانی تاکی سیاسی و رۆشنبیری کوردیشی تێدایە. چونکە ئێمە کە باش دەزانین کورد لە جیهاندا هێزێکی لۆکاڵییە و دەنگێکی سیاسیی پەڕاوێزە بۆ دەبێ بەدەستی خۆمان کار بۆ پتر لۆکاڵیکردنی خۆمان و پتر پەڕاوێزکردنی دەنگی سیاسیمان بکەین. گەندەڵکردنی تراجیدیاکانمان کە بەشێکن لە رەفتارە سیاسییەکانمان زەرەری گەورەیان لە دەنگ و شوێنی سیاسیمان داوە و متمانەی سیاسی و نەتەوەییشمانی لەکەدار کردووە. جا لەبەرئەوەی ئێمە لە ناوچەکە هێزێکی سیاسیی دیاریکراو نین پێویستە تێگەیشتنمان بۆ لێبووردەیی لە ڕێگەی کردەی سیاسیی ناسازشیەوە روون بکەینەوە و تا پێشمان دەکرێ ئەوەی رووی داوە لە ڕێگەی فاکتە و بەڵگەی باوەڕ پێکراوەوە بەنێودەوڵەتی بکەین.

٣- ئەوانەی لەناو ئێمەی کورددا باس لە لێبووردەیی دەکەن سیاسییەکانی کوردن، بەڵام ئەم سیاسییانە نە روخسەتیان بەشەرعی لە گەلەوە، بەتایبەت کەسوکاری قوربانییانەوە، وەرگرتووە و نەش لە گەیاندنی ئەم لێبووردەیییەدا لێزانن. لەبەرئەوەی زمانی سیاسیی کوردیش لەم رووەوە و لە گەلێ رووی تریشەوە یەکجار گەندەڵە، ناکارێ ئەو جۆرە کاریگەرییە سیاسییانە بخاتەوە کە بەقازانجی کورد دەشکێنەوە. ئاشکرایە کە لەپاش راپەرین بەولاوە لە رووی سیاسییەوە دەرفەت رەخسا بۆ کورد بۆ گفتوگۆکردنی تراجیدیا سیاسییەکانی و بەتایبەت کێشەی ئەنفال و هەڵەبجە، بەڵام کورد زۆر نالێوشاوانە و بێ ئەزموونانە کەوتە بەکاربردنی ئەو شیاویانە و ئەمەش وای کرد کێشەکان سامی سیاسییان نەبێ و تا ئەوپەریش ناوەخۆیی و لاوەکی بکرێن. سیاسییەکانی کورد کە لەم رووەوە بوون بەنوێنەری کورد هەرجارە و بەجۆرێکی رەفتاریان لە تەک ئەم کێشانەدا کرد. راستە دۆزی سیاسیی ناوچەکە و بێکەسیی کورد هۆ بوون لە بەردەم ئەم شێوە رەفتارانە بەڵام کەموکووریی سیاسییەکانی کورد لەم رووەوە بەم شێوەیە پاساودان نادرێ. چونکە بەشێکی زۆر لە سیاسییەکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی قازانجی سیاسیی بێ بەها بۆ کورد یان دەستکەوتی سیاسی بۆ خۆیان و حزبەکانیان زۆر بێ ئەزموون و ناکوردانە لە تەک کێشەی ئەنفال جووڵانەوە. ئەمە کە نائومێدی سیاسی لەناو کورد دروست کرد کێشەی سیاسیی ئەنفالیشی گەندەڵ و بێ هەیبەت کرد. سیاسییەکانی کورد و حزبەکانیان کە تا ساڵانێکی بوونیان بەبوونی کێشەی ئەنفالەوە بەسترابووەوە تا ئەوپەڕی بازرگانییان بە ئەنفال و تراجیدیاکانییەوە کردووە و بەکەمترین نرخیش ئەم تراجیدیایانەیان لە بازاڕی سیاسیی ناوچەکە و جیهاندا فرۆشت. ئەم سیاسییانە لەبەرئەوەی لێڵبین و کەم شارەزا بوون ئەنفالیان دووبارە ئەنفال کردەوە و تراجیدیاکانی کوردیان بەچەند داوایەکی سیاسییەوە گرێ دا، بۆ نموونە فڵانە حزبی سیاسیی کوردی فڵانە وەزارەتی بدرێتێ و فیسکانە حزبی سیاسیی کوردی تریش فیسکانە سەفارەت وەرگرێ. بۆیە زێدەڕۆیی ناکەین بڵێین ئەو غرووره سیاسییەی ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە سیاسی و حزبە سیاسییەکان هەیانە کارکردەی ئەنفال و تراجیدیاکانی کوردە و بەرهەمی ئەو مەرگانایە کورد لە سەد ساڵی رابردوو و بەتایبەت لەم دوو سێ دەیەی دواییدا رێبەدی کردووە. ئێمە کە لەگەڵ بازرگانیکردن بە مەرگ و تراجیدیا نین لەگەڵ ئەوەش نین نەتەوەیەکی غرووری سیاسی و ئیتنیی خۆی بەنەهامەتی و وێرانکارییەکانی بنیات بنێ. ئەمە کە زۆر موخابن کراوە مانای مەرگ و تراجیدیای لەناو کورد گەندەڵ و بەشمەک کردووە.

٤- کارێکی یەکجار کەم بۆ بەگشتیکردن و بۆ گەیاندنی پەیامی لێبووردەیی تایبەت بەدۆزی ئەنفال کراوە. واتە لێبووردەیی لە میدیای کوردی و لە ئاخاوتنە رۆژنامەیی و نووسینەکاندا شوێنی بزر و سەرنگوومە.

لێبووردەیی لە ناوچەی ئێمەدا دەستەواژەیەکی کەم بەکاربراوە و زەوینەیەکی بەهێزی فەلسەفی و کولتووری و تەنانەت ئیدیۆلۆجیشی نییە، بۆیە ئێمەی کورد گرفتێکی زۆرمان دێتە رێ گەر بمانەوێ باس لە لێبووردەیی بهێنینە پێشەوە ئەمەو خودی میدیای کوردییش لەم لایەنەوە بێ

ئەندازە کەمتەرخەم و دەستەوەستانە. میدیای تازەی کوردی کە خۆی دابەشی دوو ئاراستە دەکا هەردوو ئاراستەکە کەمترین وتنیان تایبەت بە بابەتی لێبووردەیی و کێشەی ئەنفال هێناوەتە بەرباس. با سەرەتا بزانین ئەم دوو ئاراستەیە لە چی پێک دێن و دواتریش دێینە سەر ئەوەی چۆن لە گەندەڵکردنی کێشەی ئەنفال و وتن نەهێنانە پێشەوە لەسەر بابەتی لێبووردەیی بەرپرسیارن.

میدیای تازەی کوردی بەگشتی دەیەوێ بڵێ من میدیایەکی سەربەخۆ و رادیکاڵ و ناوابەستەم، ئەگەرچی ئەم میدیایە دوو ئاراستەیە. ئێمە هەقمان بەسەر ئەوەوە نییە میدیای تازەی کوردی چۆن تەماشای خۆی دەکا بگرە هەقمان بەسەر ئەوەوەیە بۆ میدیای تازەی کوردی میدیایەکی هاوشێوە و بەرهەمهێنەری هەمان شتە. واتە بۆ هەردوو ئاراستەکەی میدیای کوردی لە گەلێ شتیاندا لەیەک دەچن و وەکی تریش "هەمان شت" بەردەوام بەرهەم دێننەوە؟ هۆی ئەوەش زۆر بەکورتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە میدیای یەکەم کە خۆی بەمیدیاییەکی رادیکاڵ و ناحزبی نیشان دەدا میدیایێکە دەستی لە بەشتکردنی ئازادی هەیە و ئازادی وەک شمەک دەبینێ نەک وەک بەرپرسیارییەک رەوشتی و مرۆیی. هەروەها میدیای ناحزبی لەبەرئەوەی هەردەم گرفتی ماڵیی دێتە پێش ناتوانێ بەردەوام لە کۆکردندا بێ و لەوە بێتە کە نەبووەتە بابەتی گۆکردن. لەو دوو لایەنە سەرنجڕاکێشتر بۆ ئێمە ئەوەیە میدیای ناحزبی کە خۆی بە میدیایەکی ناسیاسی و ئازاد نیشان دەدا سیاسەتێکی سۆفستاییی هەزیل پیادە دەکا کە بەهۆی ئەوەوە کاریگەری بەسەر تێگەیشتن لە واتای دیموکراسییەتیش بەجێ دێڵێ و، ئەمە و خراپ نییە لەوەش حاڵی بین کە میدیای ئازاد سەرچاوەی بیرکردنەوەکانی ئەو میدیا لیبراڵە سەرمایەدارییەیە کە تێکدەری دیموکراسییەت. بەکورتی میدیای ئازادی لای ئێمە و لەم چرکەساتە سیاسییە دیموکراسییەت لەسەر شێوازی خۆی بەخێو دەکا. بۆیە ئەوەی دەیڵێ نایخوا و بەدواچوونی بەدوا نایێ و وەک ئەوە وایە هیچ لەبارەی هیچەوە نەوترا بێ. ئەم میدیا ئازادە کە چەند هێزێکی رۆشنبیری پەرت و سۆفستای بەرێوەی دەبا بەشێوازی خۆی سیاسەت دەکا و لە رێگەی زۆر بڵاوکردنەوەوە دەیەوێ ئازادی بگەیەنێ کە ئەوە یەکجار هەڵەیەکی گەورە و بەرچاوی میدیای تازە و ئازادی کوردییە. سەرباری ئەوە میدیای ئازاد کە باوەڕێکی زۆری بە رۆشنبیرییە، رۆشنبیری قێزەونکەریشە. چونکە ئەو هێزە رۆشنبیریانەی ئەم رۆشنبیرییە بەرهەم دێنن بێ مەرام و هەڵپەرستن و گرفتێکی گەورەی ماڵییان هەیە. واتە کەسی ئازاد ئەوڕۆ لە کوردستان تا هەنووکە لەوە نەگەیشتووە دەبێ خاوەن ئابووریی خۆی بێ و سەرچاوەی داهاتی جێگیر و بێ غەش بێ. لەم دنیای ئازادییەی کوردستان و بەتایبەت لەناو دەستەی نووسەر و رۆشنبیران گەورەترین گرفت ئەوەیە چۆن خۆیان بژێنن. ئەمە ئەو پرسیار و هاوکێشە سەرەکییە کە بۆکەس هێشتا چارەسەر نەبووە. بۆیە ئەو جۆرە رۆژنامە و نووسەرانەی لەبارەی ئازادییەوە دەنووسن پێویستە خاوەن هێزی ئابووریی خۆیان بن و لە رێگەی ساغکردنەوەی بینین و تیۆرییەکانیانەوە بژین نەک لە رێگەی ئەو گەندەڵە رۆشنبیری و ئابوورییەی کۆمەڵگەی تەنیوەتەوە. چونکە ئەم بەرێزانە هەرگیز مەغز ئازاد و هزر کراوە نابن گەر دامەزراوی سیاسی یان کەسایەتی و مەڵبەندی کولتووری سیاسی بەخێویان بکا. هەر بۆیەشە ئەوەی لە رۆژنامەکاندا دەوترێ و بڵاو دەکرێتەوە وەک هیچ رووی نەدابێ بەسەر دەچێ. هەروەها نابێ لە

بیـــرمـــان بچیّ ئەوەی پێی دەڵێن هـێـــزی رۆشـنبـــیـــریی کـــوردی لە پـاش ڕاپەڕین بەولاوە لـە دەسـتـەبژێرێکی خـاوەن خـوێندەوارییـەکی نزم و وابـەسـتـە پـێک دێ کـە هـەندێ مـەیلی ناسـیـۆنالی و بگرە ســەرووی ناسـیـۆنالیی توند و ناکـاریگەریان هـەیە. ئەمـانە کـە خـۆیان وەک دژە دەســەلاتی سـیـاسـیی کوردی نـیشـان دەدەن ئەو شـتـە دووبارە بەرهـەم دێننەوە کە دەســەلات خـوازیاریەتی، چونکە ئەمـانە لە نائاگاییاندا وابەسـتـەی ئایدیۆلۆجیای هێزی سـیـاسـیی هـەنووکەی کوردین. جـا موخابن ئەم هێزانە رۆژنامە و کۆوارە ئازاد و سەنتەرە کولتوورییە تازەکانی شاریشیان کردووە بە داڵدەی خۆیان و کـار بۆ بلاوکردنەوەی بۆچوونە هیـچگەرائامێز و ناکـاریگەرەکانیـان دەکەن. ئەوەی کە لێرە گرینگە خوێنەری ئەم دیتنانە لە بیری نەکـا ئەوەیە ئەم هـێزی رۆشـنبـیـریی کوردییـەی پـاش ڕاپەڕین هـەمـوو ئەوەش کـە دەیکەن، یان ئـەوەی لە چەند دێری لای سـەرەوە ئامـاژەی پـێ کـرا، لەژێر سـایەی تـازەگـەری و ئازادی و مـافی وشـەپارێزیدا دەیکەن. بەلام ئـەوەی پێـوەندیی بـەئاراسـتـەی دووەمەوە هـەیە، ئەوەیە کـە ئەم ئاراسـتـەیە کار لەسـەر واتای کـوردایەتی و بەسیـاسیکردنی کێشـەی کورد دەکـا، بۆیە رۆشـنبیری بۆ ئەم جـۆرە برێتییـە لە کۆششـێکی نەتەوەیی. ئەمانە کە جـۆراوجۆرن ئامانجە رۆشـنبـیری و سیاسییـەکانیان دەمدەمی و بێ هـەیبەتن. هـەروەهـا ئەمـانە رابـەری سـەرەکیی گەندەڵی رۆشـنبیرین و بەرپرسیشن لە لاوازکردنی کێشـە سیاسییەکانی کورد بەتایبەت کێشـەیەکی وەک ئەنفـال. ئەنفـال بۆ ئەمـانە تەنیـا پرسی سـیـاسـی و نەتەوەیە و نەک مـرۆیی و رەوشـتـی، بۆیە جاریّ بانگەشـەی لێبووردەیی دەکەن و جاریّ نەکردنی.

٥– لە نووسـین و ئاخـاوتنە رۆشـنبیری و سـیـاسـی و یاسـاییـیەکان تـایبـەت بە کێشـەی ئەنفـال، تاکی سـیـاسـی و رۆشـنبـیـری کـورد، پشت بەسـەرچـاوەیەکی دیاریکراو نابەسـتێ. واتە قسـەکـان نە سـەرچاوەیـەکی ئاینیـیـان هـەیە و نەش ئایدیۆلـۆجی ئەمـەو بگرە نە فـەلسـەفـیش. بۆیە بەرزی و نزمـییـەکی زۆر لە قسـەکردنەکان تایبەت بـە کێشـەی ئەنفـال بەدی دەکریّ. مـەبەسـتی سـەرەکی لەمــەی وتمـان ئەوەیە کـە زێدە گـرینگە بۆ لەمــەولا نووسـین لەبارەی ئەنفـالەوە وەک توێـژینەوە تایبـەت بە تراجیـدیایەکی مرۆیی و رەوشـتی بخـرێتـە بەربـاس و لە بینینی ناسـیـۆنالیسـتـانەی توندڕەوانە و کـینەئامـێـز بەدوور بخـریّ. بەلام لە هـەمـان کـاتیشـدا نووسـین تایبـەت بە ئـەنفـال پێویسـتـە ئەو لایەنانە لە بەرچاو بگریّ کە ڕووداوی ئەنفال وەک هـۆلۆکۆسـتی کـوردی نیشـان دا. ئەمــەش بەو مـانایە دیّ مــەرجـە ئەوە شـی بکرێتـەوە ڕوودانـی ڕووداوی ئەنفـال لە ژیانی کـورد پێـوەندیی بەکوردبوونی کـورد و وەسـتـانی کورد لە رێگـەی پرۆژە ناسـیـۆنالیـیـە درەکـانی بەعس هـەیە. ئەمەو قسـەکردن لەسـەر ئەنفال لەلایەن کوردەوە پـێویسـتـە بە قسـەکردن لەسـەر رێگگرتن لە بووژانەوەی جینۆسـاید و داگیرسـانی مۆمی لێبووردەیی و ئاشـتبوونەوە گریّ دریّ. بۆ ئەوەی ئەوەش بکریّ دیسـانـەوە گرینگە نوێنەرانـی سـیـاسـیی کـورد بەهـەسـتـیـارییـەکی نـەتەوەیی و مـرۆیییـەوە قسـە لە ئەنفـال و تراجیـدیاکـانی کورد بکەن و دەست لە بازرگـانیکردن بە مـەرگ و کارەساتەکانی کورد هەڵگرن.

٦– ئەنفـال وەک تراجیـدیایەکی نەتەوەیی لە نێـوەندە ئەکـادیمـی و سـەنتـەرەکانی توێژینەوە لەسـەر جـینۆسـاید نـەناسـراوە. بۆیە بـەلێـشـاو نووسـین بە کــوردی گـرفـتـی ڕوونـکردنەوەی ئەنفـالـی

چارەسەر نەکردووە. ئەمەش وا دەکا لێبووردەییەکەی کورد هەیبەتێکی نێودەوڵەتیی نەبێ و وەک باسێک بۆ توێژینەوەش دەست نەدا.

لە پاش ئەنفالەوە تا ئێستا ئەگەر کورد زۆرترین نووسینی لەسەر ئەنفال نووسیبێ ئەو کاتانە نووسیوویەتی کە یادی کارەساتی ئەنفال دەکرێتەوە. واتە بەوەرزیبوونی نووسین لەسەر ئەنفال کێشەیەکە پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. چونکە بەوەرزیکردنی نووسین لەسەر ئەنفال نیشانەشە لەسەر ئەوەی ئێمە چۆن تەماشای کارەساتی ئەنفال دەکەین. بەڵام ئەمە هەموو کێشەکە نییە و خودی زۆر نووسینیش لەسەر ئەنفال چارەسەری بنەڕەتی نییە. ئەوەی کێشە بنەڕەتییەکەیە ئەوەیە نووسین لەسەر ئەنفال کە بەلێشاو لە وەرزی رووداني ئەنفال دەنووسرێ بە کوردی دەنووسرێ و نووسین لەسەر ئەنفال بە زمانی بێگانە تا ڕادەیەک بوونی نییە.

سەدەی بیست کە سەدەی سەرهەڵدانی جینۆساید بوو، چەندان جۆر کردەی جینۆسایدی تێیدا روویان دا و ئەمەش رێگەی لە توێژینەوە لە جینۆساید تا ئەوپەڕی کردەوە و چەندان نێوەندی توێژینەوە لە جیهاندا هاتە کایەوە. بەڵام گرفتی ئێمەی کورد لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە جینۆسایدەکەمان بەنێودەوڵەتی نەبووە و لە نێوەندەکانی توێژینەوەش ناسراو نییە. بۆ ئەوەی ئەمە بووبووایە دەبووایە تێکستی تایبەت بە ئەنفال و ئەو کردە جینۆسایدیانەی دەرهەق بە کورد کراون بە زمانە گەورەکان بنووسرێن و مەرجی نووسین و توێژینەوەش لەو نووسین و توێژینەوانەدا هەبن تا دواتر وەک سەرچاوە بشێ بەکار ببرێن. گەر ئەمە کێشە بنەڕەتییەکە بێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە باسیش لە لێبووردەیی لەلایەن کوردەوە باسێکی لۆکاڵی و ون بێ و، نە تراجیدیاکانی کورد و نەش توانای رەوشتی و مرۆییی کورد، واتە لێبووردەییەکەی بۆ هیچ کەس بابەتی تێڕامان بێ.

٤- لێبووردەیی و دۆخی نەوەی پۆست ئەنفال

ئاسان نییە بەڕەوایەتیکردنی چەمکی لێبووردەیی تایبەت بەکەیسی ئەنفال بەڵام شتێ لەوە نائاسانتر ئەوەیە ئەنفال کە وا خەریکە دەچێتە قۆناغی پاش (پۆست) ئەنفالەوە رۆژانە هیچی سیاسی لەپاش خۆی بەجێ دێڵێ. ئەم هیچییە سیاسییە کە بەرهەمی گەندەڵیکردنە بەسەر ئەنفالەوە تێکدەری گشت پێوانە کۆمەڵایەتییەکانیشە. تێکچوونی پێوانە کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەریی دەروونی و هزریی گەورەیان لەناو نەوەی پۆست ئەنفال دروست کردووە بە راستکردنەوە و چاککردنەوەی رەفتاری سیاسیی کوردەوە لە تەک ئەنفال بۆ نموونە و تراجیدیا سیاسییەکانی بەگشتی گرێ دراوە. بەڵام تاریکیی رەفتاری سیاسیی کورد لە ئێستادا رێگرییەکی گەورەیە لە بەردەم بینینی رێگەی شیاو و گونجاو بۆ کارکردن لەسەر ئەو راستکردنەوە و چاککردنەوانە. خودی ئەم تاریکییە سیاسییەش لە ئاست کارەساتی ئەنفال ئەو دەمە روخسارەکانی دەرکەوت کە لەگەڵ گەندەڵگەری کەوتینە ناو بەپیشەسازیکردنی ئەنفالەوە. هۆی ئەوەش زۆر بەکورتی بۆ گەندەڵگەری دەگەڕێتەوە، بۆ مەیلی کورد بۆ گەندەڵی، بۆ ئەو موسیبەتە سیاسی، کۆمەڵایەتی- رۆشنبیری و ئابوورییەی کۆمەڵگەی کوردی لەپاش ڕاپەڕینەوە بەماوەیەکی کورت گرفتاری بوو. ئەم موسیبەتە کە تێکڕای ژیانی رۆژانەی تاکی کۆمەڵگەی ناوبراوی بێ مانا

کـردووە ئەو تراجـیـدیایانەشی روخـسـارگـران و بەد کـردووە، کـورد لە مـاوەی دوو سـێ دەیەی رابردوودا دووچاری بووە. واتە بـازرگانیکردن بە تراجیدیا و قێزەونکردنی بیرەوەرییەکانی تاک، تاکی ناو کارەسات و نەهامەتییەکان، یەکێکە لە روخسارەکانی دیاردەی گەندەڵی. ئەمەش بناغەی بۆ ئەو تێکدانە، تێکدانی پێوانە کۆمەڵایەتییەکان دانا کە لای سەرەوە ئاماژەمان پێ دا.

کەواتە ئەوەی ویسترا لای سەرەوە بوترێ ئەوەیە کە تراجیدیا، کە راستی بەشێکی زۆر لە ژیانی کۆمەڵگە دەگێڕێتەوە، ناشێ گەندەڵ بکرێ. بەڵام ئەمە کرا و لەناو ئێمەی کورد رۆژانە تراجیدیاکان لەکەدار دەکرێن و لە ناوەڕۆک و مانا دەخرێن. تراجیدیاکانی کورد (بۆ نموونە مەهاباد، ئەنفال، کۆڕەو، هەڵەبجە) کە هەقایەتێکی سیاسی و مێژوویی زۆریان لە پشتەوەیە پێویستە ئەرشیڤی گەورەیان لێ دروست بکرێ و بخرێنە خانەی وتاری خۆناسییەوە. ئێمە دڵنیاین لە رێگەی تێگەیشتن لەو رووداوانە دەکارین لە کەسی کورد و کەسێتیی تاکی کورد بەوردی بگەین، بەڵام مەیلی تاکی ئێستای کورد بۆ گەندەڵیکردن بەسەر تراجیدیاوە کارێکی وای کردووە لە دروستکردنی ئەرشیڤ و خوێندنەوەی ئەوەی رووی داوە، بترسین. ئێمە لەم رووەشەوە تەنیا تاکی سیاسیی کورد وەک تاوانکار دەبینین.

بۆ روونکردنەوەی زیاتری باسەکە، بەپێویستی دەزانین قسەکانمان لەسەر هیچیی سیاسی و تێکدانی پێوانەکان، نەوەی پۆست ئەنفال، تاریکیی سیاسی و رووداو بەئامانجی سەرەکیی ئەم بەشەی نووسینەکەمان (واتە لێبووردەیی و دۆزی پۆست ئەنفال) و بەئامانجی بنەڕەتیی نووسینەکەمان (واتە گەندەڵیکردن بەسەر تراجیدیاوە) گرێ بدەینەوە.

بۆ ئەوەی دەرگە لەسەر وتنەکانمان لەسەر ئەوەی بڕیارە لێی وەدەنگ بێن، بکەینەوە وا پێویست دەکا لەم سەرەتایەوە شوێنپێیەکی بێ وێنە لەسەر پێوەندیی نێوان رەفتاری سیاسیی تاکی سیاسیی کورد و هیچگەراکردنی تراجیدیاکانی کورددا ببینینەوە. ئەم گریمانەش لە ئێستادا رەگ و ریشەی خۆی هەیە و لە سێ دەیەی رابردووشدا زۆرترین کارەسات و رووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان بەرچاو دەکەوێ، دەکرێ بە فاکتەری گەورە وەرگیرێن لەسەر ئەوەی دەیڵێین. کەواتە ئێمە دەمانەوێ لە میانەی قسەکانمان لەسەر تراجیدیاکانی کورد پردێک لە نێوان ئەوەی رووی داوە و رەفتاری سیاسیی تاکی سیاسیی کورددا دروست بکەین. رەفتاری تاکی سیاسیی کورد کە لە ڕابردووی نزدیکدا کارەسات خوڵقێن بووە زۆرترین لاپەڕەی رەشی مێژووی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردییش پێک دێنن. ئەم لاپەڕانە کە پێویستە بەزووترین کات، بخوێنرێنەوە، باشترین بوارن بۆ موحاسەبەکردنی هزری سیاسیی کوردی. ئەم نەوەیەی ئێستاش کە دەشێ بەنەوەی پۆست ئەنفال ناوزەد بکرێ، یەکێ لە ئەرکە هەرە جەوهەرییەکانی ئەوەیە قسە لەسەر هزری سیاسیی کوردی بێنێتە پێشەوە. بەڵام گرفتی سەرەتایی و بێ سڵەمینەوە ئامێزی ئەم نەوەیە لەوەدایە جارێ بەباشی خۆی نەناسیوە. ئەم گرفتە لەسەرێکەوە تازە نییە و لەسەرێکی تریشەوە ئاڵۆزە. تازە نییە، چونکە نەوەی پێش ئەنفالیش بەدەست خۆنەناسی خۆیەوە دەتلایەوە. ئاڵۆزیشە لەبەرئەوەی خۆناسی پرۆسەیەکی سانا نییە و هیچ نەبێ بۆ تاکێ وەک تاکی کورد و بەتایبەت تاکی کوردی

سەردەمی پاش ئەنفال. لێرەوە دەگەینە ئەو گریمانەی کە ونبوونی دیاردەی خۆناسی لە کۆمەڵگەی ئێمە زیانی نەک لە تاکە سادەکانی کۆمەڵگە داوە بگرە لەو تاکانەش داوە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە دەکەن. هەر لێرەوە دەشێ ئەوەش بوترێ بەشێ زۆر لەو گرفتە هزرییانەی تاکی سیاسیی کورد ساڵانی ساڵە گرفتاریەتی، بۆ ئەم لایەنە دەگەڕێتەوە. واتە خۆنەناسینی تاکی سیاسیی کورد کۆسپی لە بەردەم بەشێکی زۆر لە پرسیارە سیاسییە ڕیشەییەکان ناوەتەوە. ئەم تەماشاکردنە بەرەو ئەوەمان دەبا بڵێین ڕەخنەکردنی هزری سیاسیی کوردی هەرگاڤ یارمەتیدەرە لەوە بگەین لە ژیانی سیاسیماندا ناڕوون و تاریک بووە. ڕاستە تاریکیی سیاسیی ئێمە لێرەوە دەست پێ ناکا، بەڵام ئەمە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی کورد ناشێ بەشتێ کەم بزانرێ. بەواتایەکی تر، بەشێک لە تاریکییە سیاسییەکانمان، کە بەرهەمی خۆنەناسین، ڕەنگدانەوەی خۆیان بەسەر کارەساتێکی وەک ئەنفال بە زەقی بەجێ هێشتووە. ئەڵبەتە تەلیسمەکانی ئەم لایەنەش بەزۆری دوای ڕووداوی ڕاپەڕین دەرکەوت، دوای ئەو قۆناغەی کە تاکی کورد کەوتە سڵەمینەوە لەوەی پێشتر تێیدا ژیاوە.

وای بۆ دەچین ڕووداوی ڕاپەڕین کە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەوەی پۆست ئەنفال باسێکی یەکجار گرینگە شوێنێکیشە بۆ زۆرترین تێڕامان و لێ خووردبوونەوە. چونکە لە ڕێگەی ڕووداوی ئەنفالەوە دەشێ لە تاکی سیاسی و تاکی ڕۆشنبیری پۆست ڕاپەڕین بگەین. ئەم ڕووداوە کە بە دیدی شۆڕشگێڕانە و کوردپەروەرانە وە بارگاوی کرا زەوینە بۆ توێژینەوەی جەوهەردار لەسەر مانای خودی شۆڕشگێڕی و کوردایەتی خۆش دەکا. بۆیە ڕاپەڕین وەک ڕووداو، ڕووداوی سیاسی، بابەتێکی مێژوویی و ڕۆشنبیریشە. ئاشکراکردنی ئەمە کە ئەرکی تاکی نەوەی پۆست ئەنفالە ئەرکێکی زێدە گران و بەربەستاوییە. ئەڵبەتە ناشکرێ ڕووداوی سیاسیی ڕاپەڕین وەک ڕووداوێکی پیرۆز و بێ هەڵە ببینرێ و هەروەها دەرکەوتەکانیشی لاواز و بێ ناوەڕۆک بکرێن.

هیچ نەبێ لەبەرئەوەی لە پاش ڕاپەڕینەوە کەوتینە ناو دیاردەی گەندەڵییەوە. گەندەڵی و ئەو شتەی، لەلایەک توانای خستنە ژێر پرسیاری ڕووداوی ڕاپەڕینی تێدایە و لەلایەکی تریشەوە ئەوەی کە بۆ لەمەولا ئێمە وەک مرۆڤ کێین و دەمانەوێ چی بکەین.

بەپێی ئەوەی ڕووداوی ڕاپەڕین دووچاری خوڕپەییەکی دەروونی بوو ئەمەش لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییەوە کارەساتی ئەنفال خۆی وەک پیشەسازییەک خستە ڕوو. ئەم پیشەسازییە، کە بۆ ئەو جۆرە سیاسەتکردنەی ئەمڕۆ بەڕێوەیە پێویست بوو، بۆ تێکڕای کورد یان بۆ نەوەی پۆست ئەنفال بەزیانێکی ڕەوشتی و مرۆییی مەزن کەوتووەتەوە. بەخۆی ناشێ بڵێین ڕووداوی ڕاپەڕین پوختەگەریی لە ناخیدا حەشار دابوو، بەڵام دەکرا لە ڕووداوی ڕاپەڕیندا خەسڵەتی مێژووی گەورە و دەستکەوتی سیاسیی هێژا دروست بکرێن، بەڵام ئەمە چۆن دەکرا، بکرێ لە کاتێکدا ئێمە پێش ڕووداوی ڕاپەڕین بکوژی یەکتر بووین و پێگەیەکی بەهێزیشمان لە شاخەکانی کوردستان بۆ ناهاوسەنگیی سیاسیی خۆمان ساز کردبوو. کاری سیاسیی ئێمە کە پێش ڕاپەڕین تەمومژاوییە لە ئەمێستا لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو کەشە تەمومژاوییە

بەردەوامە. مەبەستمان، ئێمە ئێستاش لە ڕووی سیاسییەوە لە ئاست یەکتر پاک نەبووینەتەوە و لێبووردەییی سیاسیی یەکتر بە فیزەوە پەسند دەکەین. بەری ئەو پاکنەبوونەوەیەشمان لە ڕەفتاری سیاسیمان و لە مامەڵەکردنەکانمان لە تەک تراجیدیاکانمان و کێشە سیاسییەکانمان و، بەتایبەت هەڵوێستی سیاسیمان بەرامبەر بە کێشەی کەرکووک، بە زەقی دیارە. کەواتە ئێمە بەدەستی خۆمان پێوانەکان تێک دەدەین. ئێمە کە ڕۆڵمان لە تێکدانی پێوانەکان هەیە دووریی ئەم تێکدانە لە بەرچاو ناگرین. هۆ لەم بارەوە یەکجار زۆرن بەڵام سەرەکیترینیان ئەوەیە ئێمە باوەڕمان بە گرینگی پێوانە دانان نییە. واتە ئێمە لە تەک پێوانەدا عیلاقەمەند نین. جا ئێمە کە دۆستی پێوانە دانان نەبین، واتە هیچگەراین. ئەم هیچگەرایەش لە دوو ئاستدا و لە ژیانی ئەو تاکە کوردەی تا هەنووکە لە گێژاوی خۆنەناسیدا دەخولێتەوە، خۆی دەبینێتەوە کە ئاستێکیان سیاسییە و ئەوی تر ڕۆشنبیری.

تێکدانی پێوانەکان، بۆ نموونە پێوانە کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیرییەکان، بە تێکدانی شتە جەوهەرییەکان کۆتای دێ. ئەمەش ڕوو دەدا چونکە نرخ بۆ پێوانە دانان یان پێوانەپارێزیی سەرچاوە لە تێگەیشتنەوە بۆ گرینگیی بوونی پێوانەوە هەڵدەگرێ. بەواتایەکی بەرینتر، ئێمە دۆستی پێوانە دانان نین و پێشمان وا نییە پێوانە کۆمەڵایەتی یان کولتوورییەکان شوێن و کێشیان لە ژیانی تاکدا هەبێ. زۆر بەکورتیش ئەوەی لەناو ئێمە دوژمنی پێوانەکانە و تێکدەری سەرەکیی پێوانەکانە کردە سیاسییە هەڵە و ناهزرییەکانمانن. بەڵام پێشمان باشە خوێنەر لەوە حاڵی بێ کە گرینگیدانی ئێمە بە پێوانە دانان و پاراستنی پێوانەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە تاکی کورد پێویستە خوێندنەوەی هەبێ بۆ ئەوەی ڕوو دەدا و بۆ ئەو کردە و ڕەفتارانەش ئەنجامیان دەدا. چونکە بێ پێوانەیی گشت شتێکی لێوە وەبەر دێ و ئێمەش کە بەرگەنەگری نەهامەتی و کارەساتین، پێویستە خۆمان بە دۆستی پاراستنی پێوانەکان بزانین. ئێمە کە بەدەستی خۆمان کار بۆ تێکدانی پێوانە سیاسییەکانمان دەکەین بۆ دەبێ لۆمەی ئەوی تر کەین. باوەڕنەکردنمان بەوەی پێوانە هەیە و مەرج نییە پێوانەکان بپارێزرێن بەرەو گەلێ هەڵەی کوشندەی بردووین کە بەرچاویترینیان ڕۆڵی ئێمەیە لە تێکدانی پێوانەکان تایبەت بە کارەساتی ئەنفال. بۆیە دەمانەوێ جەخت لەوە بکەین کە دەبووایە و گرینگ بوو لە ئەوەل ڕۆژەوە لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە زەوینە بۆ پاراستنی پێوانەکان تایبەت بەم کارەساتە دابنرێ. گەندەڵییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان کە لە دوای ڕووداوی ڕاپەڕینەوە شوێن نەما لە کۆمەڵگەی کوردی خۆیان پێدا نەکەن (خێزان، خۆشەویستی، نووسین، هاوڕێیەتی،،،،،) گەیشتە ئەو ڕادەیە تراجیدیاکانیش بگرێتەوە. ئەمە کە بەئاشکرا ناهاوسەنگییە ڕەوشتی و مرۆییەکانی ناو کۆمەڵگەی هاوچەرخی کوردی نیشان دەدا ئەوەش ڕوون دەکاتەوە چەند سیاسەت و ڕۆشنبیری لەناو ئێمە هیچی بەرهەمهێنەرە. ڕاستە گەندەڵی ئامرازگەلی سەیری لە ناخی خۆیدا حەشار داوە و لە پێش هەمووشیانەوە دەسەڵات، بەڵام بۆ دەبێ دەسەڵات بتوانێ لە بەردەم ئەوەدا خۆی ڕاگرێ کە پێی دەڵێن هێزی دژە گەندەڵ؟ بۆ دەبێ دەسەڵاتێکی سیاسی و ڕۆشنبیریی تاریک کە بەرهەمهێنەری هیچ بکارێ یاری بە چارەنووسی سیاسی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەیەک بکا کە خەریکە لەبەر کاریگەریی تەنگژە سیاسی و

رۆشنبیرییەکانی، گشت پێوانەکان دەشێوێنێ؟

ئەم پرسیارانە وامان لێ دەکەن تێڕامانێکی گەورەتر لە دۆخی سیاسی و رۆشنبیریی پۆست ئەنفال کەین. بەڵام هەچ تێڕامانێکی کە لە دۆخی سیاسی و رۆشنبیریی پۆست ئەنفالدا دەکرێ مەرجە بەشێک لەو تێڕامانانە بەباری تاکی سیاسی و رۆشنبیریی کورد لە پاش ڕاپەڕینەوە تایبەت بکرێ. بەم جۆرە ئێمە خۆمان لە بەردەم دوو دیاردەی پۆست (پاش)دا دەبینینەوە. یەکێکیان دیاردەی پۆست ئەنفالە و ئەوی تریش دیاردەی پۆست ڕاپەڕینە کە هەردووش رۆڵەی یەک بنەماڵەن و هەردووش یەک رەگەزی سیاسی و رۆشنبیرییان هەیە یان بەکورتی هەردوو پۆستەکە یەک ناسنامەیان هەیە. لێرەشدا ئەوەی بایەخی سەرەکیی دەدرێتێ ئەو نەوەیەیە لە ڕووداوی ئەنفالەوە، لە پاش ڕاپەڕینەوە سەر دەردێنێ. ئەم نەوەیە کە ماندوو و بێزارە دیارە پرسیاری ئەوە هەناسەسوار و شەکەتی کردووە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟ ئەڵبەتە ئەوەش کە چۆن دەست پێ بکەین؟ ئەم دوو پرسیارەش، کە یەکجار بووناوین، ئەو پرسیارە پڕ لە تێڕامانە بەرهەمی دێنێ کە بەم جۆرەیە: چی بکەین؟ بەراستی پرسیارێکی تەنگژاویی ئاڵۆزە چی بکەین؟ ئەم پرسیارە کە پاڵنەری گەلێ تێگەیشتن و بیرکردنەوەیە لە ئەمڕۆدا و بەتایبەت لە دەموەختی قسەکردن لەسەر کێشەی ئەنفال و گەندەڵبوونی ئەم کێشەیە جەوهەری خۆی هەیە. ئەمە بەزۆری لەبەرئەوەی نەوەی پۆست ئەنفال نەوەی بێ ئۆقرە و ڕابردوو تاڵە. ئەم نەوەیە کە لە گەلێ لاوە بارگاوی کراوە بە ئێش و شەکەتی و تەنگژە کاری قورسی لە بەردەمە کە دەبێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەنجامی دا.

ئەڵبەتە یەکەم کار کە ئەم نەوەیە پێویستە ئەنجامی بدا دژایەتیکردنی گەندەڵگەرییە و، بەپلەی یەکیش گەندەڵیی سیاسی و رۆشنبیری کە ڕێچکەی خۆی لەناو کاری رۆژنامەوانی، پەروەردە، هزرەڤانی... تا دەگاتە بوارە یەکجار ناسکەکانی وەک هونەر، پێوەندیی دڵداری، هاوڕێیەتی و... کردووەتەوە. ئەنجامدانی ئەمە کە کارێکی سانا نییە پڕە لە ڕێگر و گرفت. بەپێی ئەوەی ویست بۆ گەندەڵگەری لە ئاستێکی باڵادایە و هەروەها گەندەڵگەری خۆی وەک کێشەیەکی سیاسیی باڵا نیشان دەدا تا شتێکی تر ڕێگر و گرفتەکان هەنووکەیی و داهاتووین. بۆیە نەوەی پۆست ئەنفال مەرجە لە گرفت و بەربەستە پێشوەختەکانی خۆی بگا و هەروەها لەوەش بگا کە ئەنفال بەوە ناچێ وا زوو لەوە بکەوێ بازرگانیی پێوە نەکرێ. موخابن ئەم نەوەیە زۆر زوو مەرجە لەوە حاڵی بێ گەر تێگەیشتن بۆ گەندەڵگەریی گشتی نەکرێ، گەندەڵیی ئەمڕۆی کوردستان، کە لە نایەکسانی و بێ مافییەکان بەرپرسیارە، دەبێ بە تێکدەری گشت پێوانە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە بەرزەکان بەمەش کۆمەڵگەی تازەی کوردی بەدەستی خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێ. گەندەڵگەری کە نەوەی پۆست ئەنفال ماندوو و بێ داهاتوو دەکا پێویستە ببێ بەبابەتی باس بۆ زۆرینەی خەڵک و بەتایبەت بۆ ئەوانەی خۆیان بەنەوەی پۆست ئەنفال و ڕاپەڕین لە قەڵەم دەدەن، هیچ نەبێ لەبەر ڕێزگرتن لە ڕۆحی ئەو ئەنفالکراوانەی کەس نازانێ لە کوێ سەرنگووم کراون و ڕۆحی شەکەتی ئەوانەش بەدەست ئافاتی گەندەڵییەوە رۆژانە دەتلێتەوە..

پوختەی مەبەست لەو چەند دوا دێرەی لای سەرەوە ئەوەیە کە ئەرکی نەوەی پۆست ئەنفال لە

ڕادەبەدەر قورس و ئاڵۆزە. ئەم نەوەیە، کە نە دەتوانێ خۆی لەو رابردووە تاڵ و پڕ ئازارە بخا کە بەپێوە دەناڵێنێ و نەش بەئاسانی دەتوانێ بەسەر ئەو دێوە کۆمەڵایەتییەدا زاڵ بێ کە ناوی گەندەڵیی لێ نراوە، پێویستی بەسەرلەنوێ تێرامانە لەو پرسیارە گفتوگۆئامێزەی لای سەرەوە خرایە بەرچاو (چی بکەین؟).

گەر لایەنێ لەو لایەنانەی ئەم پرسیارە لەخۆ دەیگرێ، کە بەخۆی بەشێکیشە لە ئەرکەکانی نەوەی پۆست ئەنفال، ئەوە بێ ئەم نەوەیە مەرجە تێگەیشتنی بۆ لێبووردەیی روون بکاتەوە هەڵەمان نەکردووە. جا لەبەرئەوەی بەپیشەسازیکردنی ئەنفال فورسەتی لە بەردەم تێرامان لە لێبووردەییی ڕاستەقینە داخست و لێبووردەییەکی دەستکردی لەسەر بناغەی سیاسەتێکی بە سازشکراو داهێنا ئەمە وای کردووە کە گەلێ گفتوگۆ کە دەکرا لە رابردووی نزیکدا بێنە گۆڕێ تا هەنووکە جێی باس نەبن. بەواتایەکی تر، بەپیشەسازیکردنی ئەنفال ئەوەندە لێبووردەیی کردووە بەبابەتی گفتوگۆ کە بەرژەوەندیی سیاسیی پەرت و هەژاری لێوە دەست بکەوێ، ئەمەش وا دەکا ئێمە بڵێین: نەوەی پۆست ئەنفال گرینگە هەنگاوی ناپراگماتی و رەوشتی بۆ خستنە ڕووی تێگەیشتن لەسەر لێبوردەی تایبەت بەکارەساتی ئەنفال بنێن. ئەم نەوەیە کە لە هێزە رادیکاڵەکان پێک دێن پێویستە لە تراجیدیاکان بینینی مێژوویانەی ڕاستەقینە پێک بێنن کە دەشێ بناغەی پتەو بۆ کردەی خۆناسی دابنێ. بەڵام ئەم نەوەیە بەئاسانی لە لێبووردەیی ناگا تا ئەو نەریتە سیاسییە پووچ نەکاتەوە گەندەڵیی بەرهەم هێناوە. واتە نەوەی پۆست ئەنفال و، بەواتایەکی تر نەوەی پۆست ڕاپەڕین، نەوەیەکی بارگاوییە بە ئەرک و بەرپرسیاریەتی.

بەبۆچوونی ئێمە نەوەی پۆست ئەنفال دەکرێ ئەم باسانە بکا بە تەوەری تێرامان و بەرپرسیاریەتیی خۆی:

* بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵگەری. ئەڵبەتە لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و رۆشنبیری. ئەمەش لەبەرئەوەی دیاردەی گەندەڵگەری لە ناوەڕۆکدا خەسڵەتی سیاسی و رۆشنبیریی مەترسیداری هەیە.
* بووژاندنەوەی نووسین لەسەر ناسنامەی سیاسیی کورد. لێرە دەکرێ قسە بهێنرێتە سەر چارەنووسی سیاسیی تاک لە کۆمەڵگەی بەسیاسیکراوی کورد. هەر تایبەت بەم خاڵە ئاساییە ئەوەش راڤە بکرێ بۆ کۆمەڵگەی تازەی کوردی کۆمەڵگەیەکی بەسیاسی کراوە؟ بۆ سیاسەت لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە زۆرترین رەواجی کۆمەڵایەتیی هەیە لە کاتێکدا ئەم بوارە (واتە سیاسەتکاری) بێ هزرترین بوارە لە کۆمەڵگەی تازەی کوردی؟
* شیکردنەوەی دەرکەوتەکانی ڕاپەڕین. هەروەها پێوەندیی نێوان ئەو ئازادییەی ڕاپەڕین بەرهەمی هێنا و ئەو ئازادییە هیچگەرایەی ئێستا لە کۆمەڵگە باوە.
* لێکۆڵینەوە لە داهاتووی کوردایەتی و خستنە ژێر پرسیاری وتاری ناسیۆنالیزمی کوردی لە ماوەی سەدەی رابردوودا. چونکە ئەم وتارە و ئاراستەکانی لە بەشێک لەو دراما سیاسییانە بەرپرسیارە، تاکی پۆست ئەنفال و ڕاپەڕین ئەمڕۆ دەیژێت.

* رێگه كردنەوه له بەردەم سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئیتنی و له پێش هەمووشیانەوه بابەتی ڕەگەز و گرێدانەوەی بەكارەساتی ئەنفال و تراجیدیاكانی تری كورد له سەردەمی نوێ. لەبەرئەوەی تەنیا ئەم جۆره توێژینەوانه دەتوانن پرسیاری وەک بۆ ئەنفال رووی دا؟ و بۆ كورد و ئەنفال؟، ساغ بكەنەوه.
* خوێندنەوەی هزری سیاسیی كوردی هاوچەرخ و كارەساتی ئەنفال. لێره ئاساییيه باس له كەموكوورییەكانی وتاری رۆشنبیریی كوردی تایبەت به ئەنفال بكرێ.

## ئەنفال وەک رووداوێكی جینۆسایدی دەگمەن له مێژووی رووداو

لەم بەشەی باسەكەماندا لەسەر پیشەسازیی ئەنفال بۆ ئەوه دەچین كه جینۆساید رووداوه(رووداو بەواتای ئێڤێنت) و یەكێكیشه له رووداوه دەگمەنه بەدەكانی ناو مێژووی رووداو. جینۆساید كه كردەی بەدی (خراپی) ناو مێژووی سەدەی بیسته، یەكێكه له فیگۆره دیارەكانی مێژووی بەدیش. ئێمەی كورد كه وەک خۆی نه له سەدەی بیست گەیشتووین و نەش له خودی رووداوی جینۆساید وەک یەكێک له بەدییەكانی ناو ئەم سەدەیه پێویسته تێگەیشتنمان بۆ نەک هەر جینۆساید بگره رووداویش سەرلەبەر بگۆڕین. ئێمه دەبێ ئەمه بكەین چونكه له مانای تراجیدیای نەتەوەیی تا هەنووكه بەباشی نەگەیشتووین. جێی گومان نییه بۆ زۆربەمان كه له ڕادەبەدەر تراجیدیایه نەتەوەییێک له رووداوەكانی خۆی نەگا. بەڵێ تراجیدیایه تێگەیشتنمان بۆ ئەوانه نەبێ روویان داوه و ئەوانەش بەرێگەوەن لەوەی روو بدەن. ئێمه كه لەم باسه كورتەدا واتای رووداو زۆر بەكورتی روون دەكەینەوه، روونكردنەوەی رووداو له روانگەیەكی دیاریكراوەوه دەبینین. چونكه ئێمه ئەنفال وەک كردەیەكی جینۆسایدی به كردەیێ له رووداو له قەڵەم دەدەین. بەڵام له هەمان كاتیشدا ئەم جۆره رووداوه وەک رووداوی شووم و بەد تەماشا دەكەین كه كارەساتهێنەر و موسیبەتئامێز بووه. كەواته پوختەی دیتنەكەمان لێرەوه لەوەدا خۆی چڕ دەكاتەوه كه ئەنفال رووداوه. بەڵام مەرجه بزانین ئەنفال وەک رووداو چۆن و چ جۆره رووداوێكه؟

ئێمه پێمان وایه ئەنفال وەک رووداو، ئەڵبەته له مێژووی رووداودا، رووداوێكی جینۆسایدی دەگمەنه. هیچ نەبێ ئەم رووداوه له مێژووی رووداوی هاوچەرخ و له پاش رووداوی هۆلۆكۆست بەولاوه، واته له سەدەی رابردوودا، دەشێ وەک یەكێک له رووداوه دەگمەنەكان تەماشا بكرێ. دەگمەنی ئەم رووداوه لەوەدایه كه رووداوێكی تاوانكارانەی شوومه و رووداوێكی مێژووی بەدیشه له مێژووی نەتەوەیەكدا. بۆ ئەوەی ئەمانەی وترا روونتر بكرێنەوه با سەرەتا بزانین رووداو چییه و؟ دواجار چۆن رووداو پێک دێ؟ بۆ ئەوەی لەم رووەشەوه وەڵام دەست بخەین دەچینەوه سەر هەندێ بۆچوونی فەلسەفیی ئالێن بادیو تایبەت به رووداو.

ئەڵبەته گومانی ناوێ بڵێین لەو فەیلەسووفانەی له سەردەمی نوێدا تێزی تایبەتییان تایبەت به رووداو هەیه (ئالێن بادیو)ه. بەڵام بایەخی بادیو بۆ رووداو له ڕیزی بایەخەكانیەتی بەواتای راستی، بوون و خود. رووداو لای بادیو كه نوختە گۆڕانی (پچڕان)ی سەمیمی له مێژوودا دروست دەكا كەم وێنەیه بوونی. لەو شتانەش بادیو بەرووداویان دەزانێ و دروستكەری نوختە گۆڕانن له

مێژووی مرۆڤایەتی بۆ نموونە شۆڕشی فرەنسایی ١٧٩٢ (ئەمەیان لە بواری هزری سیاسی) و شۆڕشی گالیلۆ (لە بواری هزری زانستی) و یان شۆڕشی هایدن (لە بواری هونەری موزیک). ئەڵبەتە بادیو واشی دەبینێ رووداو شیاوی نوێ لە بووندا دەخاتەوە. واتە رووداو دەستی لە سەرهەڵدانی رێگەی نوێ لە بوونماندا هەیە. بەپێی تێزە فەلسەفییەکانی بادیو بێ تایبەت بە تیۆری رووداو، رووداو بۆ ئەوەی هەبێ پێویستە دۆزێک (سیچوەیشن) لە ئارادا بێ. ئەمە کە پێناسەیەکی فەلسەفیی بادیویانەیە بۆ رووداو بناغەترین تێگەیشتنی فەلسەفیی بادیوش تایبەت بە رووداو پێک دێنێ[٢٨]. هەر ئەمە نییە پێوەندیی نێوان دۆز و رووداو بگرە ئەوەشە کە رووداو کاتێ دەبێ، یان رووداو کاتێک دیتەکایەوە، دۆزێ لە ئارادا بێ. ئەم دۆزە کە بۆ جێگیربوونی ئەو رووداوە گرینگە بوونی شوێنێ بۆ رووداوەکە مەیسەر دەکا. واتە رووداو لە دۆزدا نیشتەجێ دەبێ، نەک لە شوێنێکی تر. بەپێی ئەم تیۆرییە بادیوییە شوێنی بوون و داڵدەی هەمیشەییی رووداو، دۆزە و روودانی رووداو بە دۆزەوە گرێ دراوە. واتە، دۆز پەروەردەکاری رووداوە. لەو جۆرە رووداوە مێژووییانەش، بەبۆچوونی بادیو، کە دۆزێک لە پشت هاتنە کایەوەیان بووە، شۆڕشی ئۆکتۆبەر یان شۆڕشی فرەنسایین. ئەم جۆرە تێگەیشتنەی بادیو بۆ رووداو لایەنی تر دەخاتەوە بۆ گفتوگۆ کە ئێمە لەم باسە کورتە تایبەت بە رووداوی کارەساتاویی ئەنفال ناخەینە بەرباس. چونکە ئێمە دیتمان بۆ رووداوی ئەنفال لەوێوە سەرچاوە هەڵدەگرێ کە جینۆسایدی رووداوێکی ترسناکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەڵبەتە رووداوی ترسناکیش راستیی جیاواز و دۆزی جیا کاریان تێدا دەکا.

بەڵام دەگمەنی مێژووی ئەم رووداوە (رووداوی ئەنفال) بۆ کورد لەوەدایە کە رووداوێکی رەش و گرفتهێنەرە. هەروەها ئەم رووداوە لەبەرئەوەی دۆزێکی فاشیستیانە پەروەردەی کردووە خۆی وەک رووداوێکی نامرۆیی و شووم نیشان دەدا. دۆزی بەرهەمهاتنی ئەم رووداوە لەبنڕا لە دۆزی بەرهەمهاتنی شۆڕشی فرەنسایی بۆ نموونە جیایە. واتە، راستە دۆزێک لە پشت بەرهەمهاتنی رووداوی ئەنفالەوەیە، بەڵام ئەم دۆزە بەهەلومەرجی ترسناک و بەدەوە، هەروەک رووداوی هۆلۆکۆست، گرێدراو بووە. بۆ نموونە لە رووداوی هۆلۆکۆستدا حزبی ناسیۆنالی فاشیست بەڕابەرایەتیی کەسایەتیی نازی رووداوێ دێنێتە کایەوە تێیدا گیانی نەتەوەیەک دەخاتە خەتەرەوە. بۆیە پێناسە ناودارەکەی لاکان بۆ رووداو، کە ڕووداو برێتییە لە "چرکەی بەپیت"[٢٩] لەم حاڵەتەدا مانابەخش نابێ. چونکە رووداوی ئەنفال یان هاوشێوەکانی، هۆلۆکۆست یان رەوەندە، بەرهەمی سیاسەتی هەڵە و چەوتن. بەرهەمی ئایدیۆلۆجیای بەدین. بۆیە لە مێژووی رووداودا هەموو کات ئەوە لە بەرچاو دەگیرێ کە سیاسەتی راست (راستەقینە) گرینگییەکی زۆری لە دروستکردنی رووداودا هەیە. بۆ حاڵەتی ئەنفال یان هۆلۆکۆست دەکرێ قسە لە سیاسەتی چەوت و ناهیۆمانی بکرێ کە لە دروستکردنی ئەو جۆرە رووداوە بەدانەدا تا ئەوپەڕی بەرپرسیارە. کەوا بێ لە مێژووی رووداودا تەنیا ئەو رووداوانە بەپیت و پڕ لە بەرهەمن کە گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری گەورەیان خستووەتەوە. بۆ نموونە باسی شۆڕشی فرەنسایی یان شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکرێ وەک نموونە لەسەر ئەم جۆرە رووداوانە لە قەڵەم بدرێن.

ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد زۆر گرینگتر سەبارەت بە رووداو ئەوەیە، رووداو کە بەهۆی

ئامادەبوونی دۆزەوە شوێن بەخۆی دەگرێ، خودێکی لە پشتییەوەیە. بۆ نموونە بادیو یان سلاڤۆی ژیژک کە باس لە رووداوی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکەن قسە لە لینین دەکەن کە خودی ئەو رووداوە بووە. لەم حاڵەتەدا خود لەناو چەقی رووداوەکەدا ئامادە دەبێ و رۆڵ لە دروستکردنی، رووداني، ئەو رووداوە دەبینێ. ئێمە گەر ئەم وێنەیە بەپێچەوانەوە ببینین، دەبینین کەسێک وەک سەدام یان هیتلەر مانایەکی زۆریان بۆ رووداني ئەو دوو رووداوە مێژووییە هەبووە کە لای سەرەوە ناوزەدکران (ئەنفال و هۆلۆکۆست). بەواتایەکی تر، رووداوی ئەنفال یان هۆلۆکۆست نەدەکرا بەبێ بوونی کەسانێکی وەک سەدام یان هیتلەر روو بدەن. ئەم دوو خودە هەڵەیە دوو رووداوی مێژوویی هەڵەیان بەرهەم هێنا. هەر تایبەت بە بەدی رووداو، یان رووداوی بەد لە مێژوو دەکرێ ستالینیزمیش وەک نموونەیەکی لەسەر فیگورەکانی بەدی لە سەدەی رابردوودا وەرگرین. گۆلاگ کە بەرهەمی ستالینیزمە فۆرمێکە لە جینۆساید. کەواتە لە رووی ئایدیۆلۆجییەوە، ئایدیۆلۆجیای بەدی، هیچ جیاوازییەک لە نێوان هۆلۆکۆستی نازییەکان و گۆلاگی ستالینینەکان و ئەنفالی بەعسییەکاندا نییە. ئەم رووداوانە کە بەدی بەرهەمهێنەرن تێکدەری ئاراستە مرۆییەکانی ناو مێژووی مرۆڤایەتیشن.

هەر ئەمە نەبوو ئەو خاڵەی کە گرینگیی لە ژیانی رووداني رووداودا هەیە، بگرە ئەوەش کە گشت رووداوێکی شیاوێکی نوێ لە پاش خۆی جێ دێڵێ. بۆ نموونە ئەو دۆزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی ئەمرۆ کورد دەیژییێ بەشێکی بەو رووداوە شوومەوە وابەستەیە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێی تاکی کورددا رووی داوە. بەڵام گرفتی سەرەکیی کورد لەم رووەوە ئەوەیە وانەی لە رووداني ئەم رووداوە تاڵە بۆ رێگەگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی ئەم جۆرە رووداوانە وەرنەگرتووە و هەروەها هیچ پەندێکی سیاسی و رۆشنبیریشی لێ وەبەر نەهێناوە. ئەنفال کە کاتاسترۆفێکی (موسیبەت) نەتەوەییە بۆ کورد بوو بەمایەی گەندەڵی و دروستکردنی سیاسەتی هەڵە و کەسایەتیی سیاسیی چەوت. کورد کە نەیتوانی کارێکی وا بکا لەم رووداوە پەند وەرگرێ، بۆ گۆڕینی شیاوییەکان و دروستکردنی رێگەی نوێ لە بەردەم کوردایەتی کەوتە ناو کاتاستروفێکی تری نەتەوەییەوە کە ئەوەش گەندەڵیزمە. مەترسییەکانی گەندەڵیزم کە خەریکە رووداوە تاڵ و شوومەکانی کورد تێ دەپەڕێنێ ئەو شیاوییەی لە بەردەم نەهێشتووینەتەوە بڵێین رووداني رووداوی جینۆساید ئەستەمە. باشە چۆن دەشێ رووداني جینۆساید ئەستەم بێ کاتێک ئێمە هیچ تێگەیشتنێکی نەتەوەی راسیۆنال و دادپەروەرانەمان لەسەر رووداوی ئەنفال لای خۆمان گەڵاڵە نەکردووە؟ هەروەها چۆن دەکرێ رووداوی جینۆساید نەشیاو بێ، کاتێک ئێمە بەدەستی خۆمان کاتاستروفە نەتەوەییەکانمان لەکەدار دەکەین؟ ئەدی گەندەڵی کە پێچەوانەی گشت رەفتارێکی سیاسی و نەتەوەیی راستەقینەیە بەڵگە نییە لەسەر ئەو لەکەدارییە؟

بەراستی ئێمە هیچ حیکمەتێک لەوەدا نابینینەوە کاتێک ساڵانە و لە وەرزی یادی رووداوی ئەنفالدا زۆرترین وێنە و سەروتار لە میدیای کوردی لەسەر ئەم رووداوە پەخش دەکرێن، بگرە بێ ئەندازە حیکمەت لەوەدا دەبینینەوە کە رووداني دۆزی ئەم رووداوە موحاسەبە بکرێ و ئەگەری روونەدانەکەی شی بکرێتەوە. بەکورتی دەبێ ئەوە راڤە بکرێ تا ئێستا راڤە نەکراوە، واتە ئەوەی بۆ

ڕووداني ڕووداوی ئەنفــال؟. چونکە زۆربەی نووســینەکــان تایبــەت بەڕووداوی ئەنفــال باس لە دەرکەوتەکانی کـارەساتی ئەنفال دەکـەن و خـۆیان لـە قـەرەی ئەوەی کـە بۆ، ئەم ڕووداوە ڕووی دا نەداوە. هـەروەها تێکڕای ڕوونکردنـەوەکـان سـەبارەت بەکـارەســاتی ئەنفـال وەک کـێشــەیەکی ناسیۆنالی باس لە ڕووداني ڕووداوی ئەنفال دەکەن، نەک کاتاسترۆفێ مرۆیی. هەروەها هیچ یەکێ لەو ڕوونکردنەوانەی تایبەت بە ئەنفال دەکرێن لە وەرزی نووسین لەمەڕ کارەساتی ئەنفال قسە لەوە ناکەن، پێش ئەم ڕووداوە ئێمە کێ و چۆن بووینە؟ چ سیاسەت و هزرێکی سیاسیمان هەبووە؟ بۆ بەو ئاکامـە سـیـاسـیـیـە گـەیشـتـین یان چۆن کـەوتینە نـاو ئەو ڕووداوەوە؟ کـەواتە لە لێکدانەوەی ڕووداوی ئەنفال بەدەگمەن ڕووناکبیرانی کورد هەستیارانە پرسیاریان لەسـەر ئەو ڕووداوە و ئەو هەلومەرج و دۆزە دروست کردووە کە بەو بەرەنجامـە نەتەوەیی و مرۆیییـەی گەیاندین. ئەمە کە پێشتر کێشەی جووەکانیش بوو سەبارەت بەڕووداوی جینۆسایدی هۆلۆکۆست دواتر ڕووناکبیرانی جوو و ئەوانەش دۆستی کێشەی جووەکان بوون زوو بەسەر ئەم کێشەیەدا سەرکەوتن و توانییان لە ڕووداني ئەم ڕووداوەدا پرسـیـاری زۆر هـیـۆمـانـی (مـرۆیی) و ئەڵبـەتە بووناوییش دروست بکەن. ڕووداوی ئەنفـال لای ئێمـە کـە تـەنیـا پرسـیـاری سـیـاسـیی وشکی دروست کـردووە هـەر بەهۆی سیاسـەتیشـەوە، سیاسەتـی چەوت و ناڕاستـەقینە، دووبارە خـودی ئەنفـال، ئەنفال کراوەتەوە. یان هەر بەهۆی سیاسەتەوە ئەنفال لەوە خراوە وەک ڕووداوی جینۆسایدی دەگمەن لە ژیانی سیاسیی ناوچەکەدا تەمـاشـا بکرێ و ئەڵبـەتە هەر سیاسەتیش ڕۆڵی لە گەندەڵکردنی ڕووداوی ئەنفالدا بێ ئەندازە دیوە. سیـاسـەت، سـیـاسـەتی فـیـعلی و بـە شکۆ، کـە توانای ناسـاندنی کـاتاسـتـرۆف و کارەساتە مرۆیی و ڕەوشتییە دەگمەنەکانی ناو مێژووی هەیە گەلێ شتی گەورەی لە یاد نەچووی لە دەست دێ. ئەم جۆرە سیـاسـەتە کە لەناو ئێمـە جارێ لەدایک نەبووە ئۆباڵی دەکەوێتە سـەر تاکی سیاسیی کوردی کە مشووری داهاتووی سیاسیی خۆی ناخوا.

با بزانین بۆ ئێمە بەو شێوەیەی لای سەرەوە، تەماشای ڕاڤەکردنی ڕووداوی ئەنفال دەکەین؟ یان بۆ ئێمـە داوایەکی زۆرمـان لەسـەر ڕاڤـەکەرانی ڕووداوی ناوبراو هەیە؟ لە ڕاسـتـیدا هۆی سـەرەکی لێرە ئـەوەیە ئێمە پێمان وایە لە ڕێگەی ڕاڤەکردنێکی ڕاسیۆنالانەی هزری سیاسی و مێژوویيمان دەکـارین، خـۆمــان پتـر بناسـین و، ئەمـەش کـە لە مـەسـەلەی ئەوی تر ناسـین زێدە گـرینگتـرە بۆ تێگەیشتن دروستکردن لەسەر ڕووداوەکانی خۆمـان زێدە مانادارە. ئەمە بەو مانایە دێ گرینگە بۆ ئەوەی پـاش ئەنفــال بەدەست و هزری خــۆیان لـە ڕابردووی خــۆیان بکۆڵنەوە واتـە پێش ئەوەی ڕابردووی ئەوی تر بخەینە ژێر لێکۆڵینـەوە دەبێ لە ڕابردووی سیاسی و مێژوویی خۆمان بەڕوونی بگەین و، پێش ئەوەی گشت تەماشـاکردنـەکانمان لە بینینی ڕەفـتار و هەڵسـوکـەوتی ئەوی تردا بەسـەربەرین گرینگە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خـۆمان بەوردی ببینین. گەر وا بێ لەم حاڵەتەدا ئێمە دەتوانین لە ڕووداوی ئـەنفالدا ئەوە ببـینین غـەیرە کوردێ نایبـینێ. هەروەها دەکـارین لەم ڕووداوە ئەوە فـێـر بین کـە چۆن ڕێگر بین لە بەردەم ڕووداوی بەد و شـوومی لـەم جۆرە چونکە لە مـێـژووی هاوچەرخی داهاتوومان، کە ئەم مێژووە بەمێژووی ناوچەکە و جیهانەوە گرێ دراوە، هیوایەک زیاد لە پێویست گەورە لە ئارادا نییە بۆ سـەرهەڵنەدانەوەی کارەسـاتی پڕ لە ڕووداوی وەک ئەنفال یان

هۆلۆکۆست. بۆیە تاکە شتێک کە دەکارێ لە تارماییی بووژانەوەی رووداوی جینۆسایدی دەربازمان بکا هۆشیاری و هەستیاریمانە تایبەت بەرووداوە کارەساتاوییەکانمان. بەواتایەکی تر دەبێ ئێمەی کورد لەوە بگەین کە رووی داوە، هەروەها پێویستە لە چۆنیەتیی رووداني رووداوە مێژووییەکانمان بەو جۆرە بگەین کە هەقیقەتی سیاسی و مێژوویی خۆمانمان بۆ بخاتە بەرچاو و ئەمە و گرینگە لە بۆیەتیی ئەوەی رووی داوە بکەین، واتە لەو بارودۆخە بگەین کاریگەری بەسەر رووداني رووداوەکەوە جێ هێشتووە و لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا جێی بۆ ئەم رووداوە دابین کردووە.

کەواتە ئێمە گەر دیتنەکانمان بۆ رووداو، رووداني رووداو، نەگۆڕین لەوە ناگەین رووداوی ئەنفال رووداوێکی جینۆسایدی دەگمەنە لە مێژووی رووداوە نەتەوەییەکانمان. ئێمە کە خاوەنی دەیان رووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرین، مەرجە رووداوەکانمان لەیەکتر جیا کەینەوە و وانە و ئامۆژگاریشیان لێوە فێر بین. دوور ناڕۆین کەوتنی کۆماری مەهاباد (کوردستان) یان رووداوی هەرەسی١٩٧٤، ئەڵبەتە رووداوی ڕاپەڕینیش، ڕووداوگەلێکن پڕن لە وانە و وێنە و مانایەکی زۆریان لە نەست (نائاگایی)ی مێژووی نوێشماندا هەیە. لەوانەش بگەڕێتەوە دەرکەوتنی شاعیرگەلێکی وەک نالی یان گۆران لە ژیانی رۆشنبیریی کوردیدا لە ڕووداوە رۆشنبیرییەکانن و دروستکەری ئەو چرکەیەشن لاکان ناوی دەنێ "چرکەی بەپیت". ئەمانە و گەلێ رووداوی تر کە دەشێ لە مێژووی ئێمەی کورد و مرۆڤایەتی بە رووداوگەلێکی بەرچاوی بناسرێن گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی مەزنیان لە تەک خۆدا هێناوە، بەڵام پرسیارە بنیاتییەکە لێرە لەسەر ئەوە وەستاوە چۆن رووداو شی بکەینەوە؟ چۆن رووداو ببینین و کامە و چی بەرووداو بزانین؟ ئێمە گەر ڕاپەڕین یان هەرەسی ١٩٧٤ و دارِمانی ئەزموونی سیاسیی کۆماری مەهاباد (کوردستان) و دەرکەوتنی کەسانێ وەک نالی و گۆران بە رووداو، نەزانین و کەڵک و وانەیان لێوە وەرنەگرین ناتوانین لە رووداوی ئەنفال بگەین. کەواتە ناتوانین لە رووداوی جینۆساید بگەین. ئەمەش بەخۆی تراجیدیایە. گرفتی سیاسی و هزریی ئەم تراجیدیایە لە ئێستادا بەهۆی هاتنە کایەوەی گەندەڵی لە ڕادەبەدەر لە زیادبووندایە. گەندەڵی کە رێگە لە توێژینەوەی راستەقینە دەگرێ باز بەسەر گشت تراجیدیاکانماندا دەدا. گەندەڵی کە بەشێکە لە بەختی سیاسیی تازەمان هێندەی رووداوی جینۆساید مەترسیدارە. گەندەڵی کە ناهێڵی مەیلی هزری لە ناوماندا بۆ روونکردنەوەی رووداو، رووداوەکانمان، سەرهەڵبدا خۆی لەسەر ئەو رووداوانە مشەخۆر کردووە. گەندەڵی کە بێ وەفاییی سیاسی لە ناوماندا پەروەردە دەکا بێ حورمەتیی دنیا بە رووداوە سیاسی و مێژووییەکانمان، پێش هەمووشیان رووداوە رۆشنبیرییەکانمان، دەکا. گەندەڵی کە وای لێ کردووین تەنیا ئەوی تر ببینین خۆمانمان بیر دەباتەوە. گەندەڵی کە لەمە (ئەوەی تەنیا بیرمان لای ئەوی ترە و خۆمانمان لا گرینگ نییە) سوودێکی زۆری وەرگرتووە گشت مەیلێکی ڕاستەقینەی سیاسی و رۆشنبیریی لە ناوماندا کوشتووە.

کەواتە بۆ ئەوەی بەجۆرێکی تر، جیاواز لەوی ئێستا لە رووداوی ئەنفال بگەین، پێویستە بەو بینینە بگەین کە بەم جۆرەیە: با رووداوی ئەنفال وامان لێ نەکا گشت رووداوەکانی ترمان لە نێوچەوانی ئەوانی تردا ببینینەوە با ئۆباڵی رووداني گشت رووداوەکانمان (دارِمانی کۆمار،

هەرەسی ١٩٧٤ تا دەگاتە ئەنفال) نەخەینە سەر ئەستۆی ئەوانی تر. ئێمەی کورد کە رووداوی کارەساتاویی زۆرمان لە هەگبەی مێژووییماندا هەڵگرتووە ناکرێ روودانی ئەو رووداوانە تەنیا بۆ خراپیی ئەوی تر بگەڕێنینەوە. ئێمە کە لە رووداوە مێژووییەکانمان وەک خۆیان نەگەیشتووین و هیچ تیۆریزەیێکیشمان بەسەر رووداوەکانمانەوە نەکردووە، ناشێ روودانی گشت رووداوەکانمان بە بەدی ئەوی ترەوە گرێ بدەین. بۆ ئەوەی ئێمە بۆلەمەولا حورمەت بۆ رووداوەکانمان بگەڕێنینەوە و لەوەی رووی داوە وەک خۆی بگەین و تێگەیشتنەکانیشمان لەو رووەوە بەری هزر و دیتنی خۆمان بن نەک ئەوی تر، پێویستمان بە گۆڕینی میتۆدی تەماشاکردنەکانمانە بۆ ڕابردووی مێژووییمان.

بۆ زێتر روونکردنەوەی ئەو چەند دێرەی سەرەوە، هیچ دوور ناڕۆین گەر بڵێین تاکە سەرچاوەیەکی کە بەردەوام دەگەڕێینەوە سەری تایبەت بە کارەساتی ئەنفال "ڕاپۆرتەکەی هیۆمان رایت"ە. ئەمە کە نیشانەیە لەسەر ئەوەی هەوڵمان نەداوە شیاوییەکی دیاریکراو لە بەردەم خۆمان بکەینەوە کە خۆمان ببین بە سەرچاوە تایبەت بە کارەساتە پڕ لە رووداوەکانمان بەڵگەیەکی گەورەشە لەسەر ئەوەی ئێمە لە رەخنەکردنی ئەوی تر لێ نەزانین. ئێمە بەردەوام رەخنەی ئەوی تری رۆژئاوایی دەکەین لە هەمان کاتیشدا ئەوی تر سەرچاوەی گشت وتنێکمانە لەسەر خۆی و خۆشمان. راستە گرفتی نەبوونی توێژینەوە لەم رووەوە مانای خۆی هەیە، بەڵام ئەم گرفتە بەدەیان گرفتی ترەوە گرێ دراوە کە رەنگە یەکێکیان ئەوە بێ کە هزری توێژینەوەی ئێمە ئازاد نییە و لە توێژینەوە و وتنەکانمان خۆمان نابینین و بەزۆری سەرنجمان لەسەر ئەوی ترە. ئەمەو ئەوە لەولاوە بوەستێ کە ئێمە لەژێر سایەی گرفتەکانمان تەنیا ئەوی تر دەبینین و تێگەیشتنمان بۆ رەفتار و هەڵسوکەوتە سیاسی و مێژووییەکانی خۆمان نییە.

## بەرەنجام

بەرەنجامی ئەم بەشەی نووسینەکەمان کە بە تراجیدیای ئەنفال و گەندەڵیکردن بەسەر ئەم تراجیدیایەوە تایبەت بوو لەم چەند خاڵانەی لای خوارەوە پۆلین دەکەین:

* ئێمە پێش دوژمنانی کورد زوڵممان لە بەعەبرەتکردنی رووداوی ئەنفال و هەڵەبجە کردووە. سازشە سیاسییەکانمان، تێنەگەیشتنمان لە واتای لێبووردەیی، هاوسێیەتی، تا دەگاتە واتای وەک ماف و دادپەروەری، زۆرترین تەگەرەی هزرین لە بەردەم تێنەگەیشتنمان لە رووداوە پڕ لە کارەساتاوییەکانمان.
* کۆتاییهاتنی جینۆساید بەرپرسیارییەکی رەوشتی گلوبالە. وەکی تر دەڵێین، ڕاستە، نا (کۆتاییهێنان) بە کوشتاری جینۆسایدی، بەڵام ئەمە شیاوە گەر هاریکاری نێودەوڵەتی لە ئارادا بێ (؟). ئەمەش تەنیا ئەو دەمە دەشێ شیاو بکرێ کە بەرپرسیارییەکی رەوشتیی گلوبال لە ئارادا بێ. بۆ ئەوەی ئەم بەرپرسیارەتییە رەوشتییە گلوبالە، بێتە دی دەبێ سیاسەتی جیهانی پشت لە بەرژەوەندیگەری بکا و خۆی سەرقاڵی کێشە جیهانییە مەترسیدارەکان بکا و لەوەش بکەوێ داکۆکی لە سیاسەتی ناڕاستەقینە بکا و ئاستێکی بۆ نایەکسانیی ئیتنی و مەزهەبی دابنێ. وڵاتە گەورە مۆڵتی سەرمایەدارییەکان، کە ئەمڕۆ هێزە سەرەکییە گلوبالەکان پێک دێنن،

تا بڵـێی نابینا و هیـچگەران. ئەم وڵاتانە کـە پشـتگیـری لە هـێـزە سـیـاسـیـیـە نادادپەروەر و زۆردارەکـان دەکەن، ئامـادە نین گـەلێ کێـشـەی سـیـاسـی و ئیـتنی بکەنـە بابەتی گـفـتـوگۆ کـە چارەسەرکردنیان زیان لە بەرژەوەندەیی ئابوورییان دەدا.

* گەر لە خـودی ئەنفال وەک کارەساتێکی مرۆیی و رەوشتی گەیشـتبێتین، ئەوا دەشـێ ئەنفال وەک تراومایەک (خـورپەیەکی دەروونی) سیاسـی ببینین، گەر ئەمـەش بکەین ئەوا پێمـان وایە تراومای ئەنفال دەمـانخاتە بەردەم دوو باسەوە یان دوو باسـمان بیر دەخاتەوە لەلایەکی دادگەی ئەنفال و سـازشی سیاسی و ئەوی تر ئەفسـانەی بەجاشـبـوون و گەوجـیـیـە سیـاسـییەکانمان. سـەبارەت بەوی یەکەم دەڵێین ئەوەی دیمان دادگەیی نەبوو، بگرە گەمەیەکی سیاسی بوو بە تراجیدیایەکی ئەمــەش بناغـەیەکی چاکی بۆ بەشـمـەککردنی کـەیسـی ئەنفـال و واتـای تراجـیـدیا دانا. بەڵام ســەبارەت بەوی دووەم دەڵێین ڕاســتــە بوون بەجــاش بەدرێژاییی تـەمــەنی مــێــژووی وتاری ناسیـۆنالیزمی کوردی هـەرگاڤ هەڕەشـەیەک بووە لـە بەردەم کوردایەتی، بەڵام ئەم هـەڕەشـەیە بنەبڕ ناکـرێ تا خـودی کوردایەتی ڕەوتێکی ڕاسـتـەقـینـەی مـرۆیی و دادپەروەرانە نەگـرێتـە بەر. ئەمـەو لەدادگەدانی جاشەکان لە ئێستادا چەندان لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ ئەڵبـەتە یەک لەو لێکدانـەوە باوانەی بۆ ئەم کێشـەیە دەکـرێ ئەوەیە کە لەدادگەدانی جاشـەکـان دەبێتـە هۆی ئاژاوەیەکی نەتەوەیی و دوژمنانـی کورد ئـەم ئاژاوە نەتەوەییـیـە بەکـار دێنن و ئەمـەش کێـشـەی سـیـاسـیی لێ دەبێتـەوە کـە مەترسیـی نەتەوەییـان هـەیە. بەڵام لەدادگەنەدانیـان کارێکی وا دەکا تاوانکاری لە ناومـاندا شیاو بێ. بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ناکۆکییانە لە دیتن تایبـەت بەم کێشەیە لێــرە هـەر ئەوەندە دەڵێین ســیــاســەتی تازەی کــوردی کــە پێکهــێنەری بـەشــێکی لە وتاری ناسیۆنالیزمی هاوچەرخیشمانە ناتوانێ بەگژ کێشـەی بەجاشبـوون و جاشیەتیدا بچێتـەوە گەر خـۆی لەو گـەندەڵییـە پاک نەکاتەوە گـرفـتـاری بووە. گـەندەڵی کە عـەیبـەیەکی گـەورە و دیارە لە ئێسـتـای ژیانی سـیـاسیی کوردی پرسـیـارێکی بێ ئەندازە ڕیشەییشـە لای ئەوانەی کورد پێیـان دەڵێ جــاش. چونکە جــاشـــەکــان باش لـەوە دەگــەن گــەندەڵی چیــیــە و کێ و چی لە پشت بەردەوامبوونییەوەیە.

* ڕووداوی ئەنفـال باشـتـرین بەڵگەیە لە بـەردەم کورد بۆ خـسـتـە ڕووی دڕیی بەعـسـیـزم، بەڵام ئەم لایەنە کارکردنێکی زۆری دەوێ کە هـەر هـەمووشـی برێتییـە لە بەرهـەمهێنانی توێژینەوە و فاکتەی بنەبڕ.

* ریال (واقـیـعـیـانە بیـرکـردنەوە) تـاکـە چارەسـەرێکە لە بەردەم تاکی کـورد لەمــەڕ کــارەسـاتە تراجـیدیاکانی، واتە پێویسـتـە کورد لەوە ببێتـەوە بازرگانی بە کارەسـاتەکانیـەوە بکا. چونکە بەپیشەسازیکردنی ڕووداوی ئەنفال یان هەڵەبجە لە هیچی زیاتر شتێ تر بەرهـەم ناهێنێ.

* گـرینگ و پێویسـتـە و ئـەرکێکی نەک هـەر نەتەوەیی بگرە مـرۆیی و ڕەوشـتـیـشـە سیـاسـەتکارانی کـورد بازرگـانی بە دۆزی ئـەنفـال و تراجـیـدیاکـانی کوردەوە نەکـەن و لـەخـۆڕا کـەس نەبەخـشـن و کەسـیش تاوانکـار نەکەن. چونکە بەخـشـین و لێبـووردەیی دەبێ لە نەتەوەوە بۆ نـەتەوە و یان لە

ئیلیتی گرووپ و تاقمێکەوە بێ بۆ ئەوی تر نەک لە وەزیر و کاربەدەستی سیاسییەوە بۆ ئەوی تر. چونکە ئەوە زۆرینەی کوردە بەو هۆشیارییە گەیشتووە تاوانکاران ببەخشێ، نەک خەلاتی ئەندێشەی فلانە سیاسیی کوردە بۆ ئەوی تری کورد.

* لێبووردەیی لە حاڵەتی ئاوا، وەک کەیسی ئەنفال یان هۆلۆکۆست لە گەلەوە (نەتەوەوە، تاقمەوە) بۆ گەل (نەتەوە، تاقم) دەبێ نەک لە سەرکردەیەکی سیاسیی گێل و بەرژەوەندکارەوە بۆ ئەوی تر. لێبووردەیی ناواخنێکی مرۆیی و رەوشتیی بەرزی هەیە کە مرۆڤی لێبووردە بە هوشیارییەوە، نەک لەژێر پاڵەپەستۆ و بەرژەوەندی، لێبووردەییەکەی بەیانی دەکا. هەروەها چەمکی لێبووردەیی بۆ لەمەولا دەبێ لە تەک وشەی ئەنفال بکەوێتە گەڕ، بەلام کورد بۆ ئەوەی پێوەندیی خۆی لە تەک چەمکی لێبووردەییدا بەهێز بکا پێویستی بەوەیە لە ململانێیەکی زۆری فەلسەفی و سیاسی و یاساییدا بێ تا بکارێ تێگەیشتنی ماقووڵ و بەرفراوان بەدەستەوە بدا. تەنانەت هەر لێرە بێ ماناش نییە ئەوە بڵێین کە لێبووردەیی تەنیا بۆ ئەو شتانە دەشێ کە ناشێ لێیان ببوورین. واتە لێبووردن لە دیاردەی ئەستەم، لە وێنەی دیاردەی ئەنفال.

* دەوڵەتە ناسیۆنالیستییەکان پێویستە بۆچوونی مێژوویی خۆیان بگۆڕن و دان بەو هەڵە مرۆیی و رەوشتییانەدا بێنن دەرهەق بە نەتەوە و گرووپە بچووکەکان ئەنجامیان داوە. ئەمەش نایەتە دی تا لە ئاستێکی گلوبالدا توێژینەوە لەسەر تراجیدیای هەڵەبجە و جینۆسایدی ئەنفال نەنووسرێ.

* سازکردنی فیلم یان نووسینی رۆمان و پەخشان لەسەر ئەنفال ناتوانن ئەم رووداوە بکەنە رووداوێکی نێودەوڵەتی، گەر روونکردنەوە لەسەر رووداوەکە لە شێوەی توێژینەوە نەخرێتە بەردەستی ئەوی تری غەیرە کوردەوە.

# نووسین و خوێنەری گەندەڵ

ئەم بەشە (واتە: نووسینی هەنووکەیی کوردی بێ سامە «بێ شکۆیە») تا ڕادەیەک لەو بەشەی دواتر کاری لەسەر دەکەین (واتە بەفریشتەکردنی نووسەر) جیایە. مەبەستمان لەوەی ئەم دوو بەشە لە یەکتر جیان ئەوەیە، هەریەک لەم دوو بەشە مەبەستی خۆیان هەیە دەخوازن بیگەیەنن و ئامانجی تایبەتی خۆشیان هەیە نیازمەندن بیپێکن. بۆیە ناسنامەی هەریەک لەو دوو بەشە لە یەک شوێن یەک ناگرنەوە و هەمان ماناش بەرهەم ناهێنن. هۆی ئەوەش زۆر بە کورتی ئەوەیە، ئەم بەشەی ئێستا (واتە نووسینی هەنووکەی کوردی بێ سامە) دۆکترینێکی (باوەڕێکی) لە خۆیدا حەشار دا و، پوختەی ئەم دۆکترین (باوەڕ)ەش بەم شێوەیە : نووسینی کوردی بێ سامە (یان بێ شکۆ و بێ هەیبەتە). ئەمە کە دواتر ڕوون دەکرێتەوە لە دۆکترینی نووسینی پاشتر (واتە: "بەفریشتەکردنی نووسەر") جیایە چونکە لەژێر سایەی نووسینی (نووسینی هەنووکەی کوردی بێ سامە) دەمانەوێ ئەوە ڕاڤە بکەین چۆن دۆزی گەندەڵاویی کۆمەڵگەی تازەی کوردی دۆزی نووسین و خوێنەری تێک داوە. بەم شێوەیە بێ ئەم بەشە باس لە نووسینی گەندەڵ و خوێنەری گەندەڵ دەکا. هۆی ئەوەش ئێمە بەم جۆرە تەماشای ئاستی نووسینی تازەی کوردی دەکەین بۆ ئەوەی دەگەڕێنینەوە کە نووسینی گەندەڵ و خوێنەری گەندەڵ وایان کردووە ئەم ڕووداوە (ڕووداوی بێ سامبوونی نووسین) ڕوو بدا. بەڵام هەرچی بەشی دواترە (بەفریشتەکردنی نووسەر) کار بۆ ڕاڤەکردنی ڕووداوی تر دەکا کە ئەوەش بریتییە لە گرفتی "بەفریشتەکردنی" نووسەر. واتە لەژێر سایەی بەشی دواتردا کاتیگۆریی نووسەر (ئەڵبەتە نووسەری گەندەڵ) زۆرتر سەرنجی دەخرێتە سەر وەک لە کاتیگۆریی خوێنەر (خوێنەری گەندەڵ) کە لەم بەشەی ئێستا تێڕامانی لەبارەوە دەکرێ..

ئێمە وای بۆ دەچین ئەم دوکتۆرینەی لەم بەشەدا کاری لەسەر دەکرێ، واتە ئەوەی "نووسینی کوردی سامدار نییە"یان بێ شکۆیە، داهێنانێکی ئەوتۆی تێدا نییە بەڵام هێزی ئەم دوکتۆرینە لەوەدایە ئەوەی لە خەیاڵی زۆربەدا سەبارەت بە نووسینی کوردی دەخولێتەوە نەکراوە لەم گوزارەیە یان وتنەدا داڕێژرێ. ئەگەرنا زۆربەی قەڵەم بەدەست و نووسەرانی کورد لەوە بەئاگان نووسینی کوردی لاواز و سەرپێیی و ناقووڵە. بەڵام ئەمانە ئاوەڵناوە سەرەکییەکە نین بگرە ئەو ئاوەڵناوە سەرەکییەی دەشێ بدرێتە پاڵ نووسینی کوردی ئەوەیە کە نووسینی کوردی بێ سام و بێ شکۆیە. با بزانین مەبەست لە بێ سامیی نووسین چییە؟ و بۆش نووسین بێ سام دەبێ؟ هەروەها چۆن نووسین دەشێ سامدار بێ؟

مەبەست لە بێ سامیی نووسین ئەوەیە کە نووسین نەکارێ، لە توانایدا نەبێ، شتی ناخی خەڵک (خوێنەرانی ئەو نووسینە) بگۆڕێ. هۆی بنەڕەتیی ئەوەش نووسین ناکارێ ئەمە بکا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خودی پرۆسەی نووسین سامی خۆی لەدەست داوە و شکۆداریی نەماوە. واتە ئەو دەمەی نووسین ئەو شیاوییەی تێدا نییە شتی ناخی کەسەکان (خوێنەران) بگۆڕێ، نووسین هیچ مانایەکی بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڕۆژانەی تاکی کۆمەڵ و بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نییە. لێرە مەبەست لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارە ڕۆژانەیانەن تاکی کۆمەڵگە بەرهەمی دێنێ، جا ئەم تاکە هونەرمەندێکی بێ یان کەبابچییەکی، مامۆستایەکی زانکۆ بێ، یاخۆ قوتابییەکی ئەم مامۆستایە و، ئەمە و ئەم تاکە سیاسییەکی بێ یانیش خوێنەرێکی ڕۆژنامە و گۆوارەکان. وەکی تریش مەبەست لە بڕیار بەزۆری بڕیارە ئیندڤیدوال (تاکی) و کۆلێکتیڤەکانە (دەستەجەمعییەکانە)ن هک شتێکی تر. بەڵام مەبەستی سەرەکیی ئێمە لێرە لە بڕیار، بڕیارە سیاسی و ئابووری و یاساییەکانە، واتە ئەو بڕیارانەی بەزۆری سیاسییەکان لەپشت دارِشتنیانەوەن، وەک بوونمان یان نەبوونمان بە بەشێکی لە عێراق، چۆنیەتیی دابەشکردنی داهات، چارەنووسی سیاسیی کەرکووک و... هتد.

بەم شێوەیە بێ، نووسین کە نەتوانێ گۆڕانکاریهێنەر بێ و بەشداریی لاخستنی هەڵسوکەوت و ڕەفتارە چەوت و سڕینەوەی بڕیارە سیاسییە هەڵەکان نەبێ، ناتوانێ سامدار بێ. لێرە نابێ بەهەڵە لە وشەی سام بگەین. چونکە وشەی سام زۆرجار بەوشەگەلێکی وەک زەبر و توندی و دڕی تێکەڵ دەکرێ کە ئەم نووسینەی ئێمە پشتی لێ دەکا. تەنانەت زۆرجار وشەی سام بەواتاگەلێکی میتافیزیکیش گرێ دەدرێ: بۆ نموونە ناوی یەزدان جۆرە سامێکی هەیە بەڵام لەسەر ئەوەش وەستاوە لای کێ و کەی. بۆیە بەلامانەوە گرینگە خوێنەر لەوە بگا لەم نووسینە مەبەستمان لە بێ سامی نە زەبری کۆمەڵایەتی یان دەروونییە و نەش تێگەیشتنێکی میتافیزیکی. ئەمەو جارجارە تێگەیشتنمان لەبارەی بێ سامی نووسینی کوردی بە چەمکگەلێکی وەک بێ هەیبەتی و بێ شکۆیش تێکەڵ دەکەین و دەمانەوێ لە ڕێگەی ئەوەوە ئەوە دەستنیشان بکەین نووسین لەناو ئێمەدا حورمەتی خۆی لەدەست داوە و وەک شتێکی ناڕێزەوەن (ناموحتەرەم)یش تەماشا دەکرێ. ئاشکراشە ئەو دەمەی نووسین ئاوای لێ دێ ئەوەی ئومێد بێ بەنووسین ناکرێ. ئەو دەمەش کە نووسین لەوە دەکەوێ ئومێدی پێ بکرێ ڕۆشنبیری بێ مانا و ناشایستە دەبێ.

بەڵام با بزانین بۆ نووسین بێ سام دەبێ؟ نووسین ئەو دەمە بێ سام دەبێ کە نووسین لە بەها دەخرێ و وشە و پەیڤ وەک شمەک (کاڵا) تەماشا دەکرێ نەک وەک بەری هزر و ئەندێشەی مرۆڤ. هەروەها ئەو دەمە نووسین بێ سام دەبێ کە نووسین نابێ بەجێی باوەڕ، بەتایبەت جێی باوەڕی خوێنەری ئەسیل، بۆیە نووسین ناچارە خۆی حورمەت بۆ وشە و پەیڤی خۆی دانێ بێ پشتبەستن بە خوێنەران. بەڵام ئێمە دەبێ لەوەش حاڵی بین بێ سامیی نووسین هەر ئەوە نییە خوێنەرانی ئەو نووسینانە لە هەیبەت و حورمەتی ئەو وتن و پەیڤانە ناگەن کە بوونە بە کۆڵەکەی ئەو نووسینانە، بگرە ئەوەشە کە نووسینەکان بەخۆشیان لە بێ سامکردن و بێ شکۆدارکردنی وتن و پەیڤەکانی خۆیاندا بەشدارن. مەبەستی ئێمەش لەوەی حورمەت دەبێ بۆ وشە و پەیڤ بگەڕێتەوە، کە ئەمڕۆ لە

نێوەندی نووسینی کوردیدا نییە، ئەوە نییە وتن و تێکست بەپیرۆز بکرێ (موقەدەس بکرێ) بگرە ئەوەیە کە دەبێ لەناو ئێمەی کورد، بەتایبەت خودی نووسەران هەوڵێک لە ئارادا بێ، تێگەیشتن لەبارەی واتای نووسینەوە دروست بکرێ کە نووسین بەری هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤە و چالاکییەکیی مرۆیی و ڕەوشتیشە. نووسینیش وەک کردەیەک یان وەک پرۆسەیەکی مرۆیی و ڕەوشتی پێویستییەکی تا بڵێی وجوودی و ئینسانیشە. کەواتە پرسیاری بۆ نووسین بێ سام دەبێ ئەم پرسیارە بەبێ گومان شتێک و کەسێکمان بیر دەخاتەوە. شتەکە نووسینە و کەسەکەش خوێنەر. چونکە نووسین کە گەندەڵ دەکرێ، ئەڵبەتە لەلایەن نووسەرەوە – لێرە نووسەری گەندەڵ مەبەستە – ئەم بەگەندەڵبوونەی نووسین خوێنەریش گەندەڵ دەکا یان هیچ نەبێ نووسینی گەندەڵ ڕۆڵی لە دروستکردنی خوێنەری گەندەڵ دەبێ. خوێنەریش وەک تاکی کۆمەڵگە کە گەندەڵ دەبێ زۆرترین ژێرخانی کۆمەڵایەتی و دەروونیی ئەو کۆمەڵگەیە گەندەڵ دەبێ کە ئەم خوێنەرە پێوەی گرێ دراوە (خێزان، دڵداری، پەروەردەی منداڵ... هتد). چونکە نووسینی گەندەڵ وا لە خوێنەر دەکا ئەوەی خوێنەر دەیخوێنێتەوە یەک تام و یەک کاردانەوەی لە ژیانیدا هەبێ. ئەمیش (واتە خوێنەری گەندەڵ) لەبەرئەوەی توانای جیاکردنەوەی نووسینەکانی لە یەکتر نییە یان دەمێکە ئەو توانایەی لەدەست داوە نووسینێکی لەوی تر جیا کاتەوە و هەموو نووسینێکیش هەمان چێژ و وێنە و تێگەیشتنی لا دروست دەکا بۆیە وردە وردە خوێنەر ئەرکی خوێنەری خۆی لەدەست دەدا و دەبێ بەئامرازی گەندەڵی بەردەست نووسەری گەندەڵ کە ئەم نووسەرە گەندەڵە ئەندازیاری یەکەمی بەرهەمی نووسینی گەندەڵە. ئەم لایەنانە کە پاشتر دێینەوە سەری داوامان لێ دەکا لەم بەینەدا باس لە ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی گەندەڵیش بکەین کە نووسینی گەندەڵ بڵاو دەکاتەوە و خوێنەری گەندەڵیش لە دەور و خولی خۆیدا کۆ دەکاتەوە. هەموو ئەمانەش کە ڕوو دەدەن بە بەرژەوەندیی تاکی سیاسیی گەندەڵ دەگەڕێتەوە. بەڵام گشت ئەوەی وترا لە بارودۆخێکی هزری، لە کەشوهەوایەکی ڕۆشنبیری، ڕوو دەدا دەشێ ناو بنرێ "ئازادیی ڕۆژنامەوانی" یان "ئازادیی ڕادەربڕین". ئێمە کە تا ئەوپەڕی لەگەڵ ئازادیی ڕۆژنامەوانی یان ڕادەربڕین یان گشت فۆرمەکانی ئازادیداین، دژی ئەوەین ئازادی بێ شکۆ بکرێ و هەروەها ئازادی سام و بەهای خۆی لەدەست بدا. بێ سامبوون و بێ شکۆداربوونی ئازادیی ڕادەربڕین کاردانەوەی خۆی لەسەر بەگەندەڵبوونی نووسین و دروستبوونی نووسەر و خوێنەری گەندەڵ هەیە، بەڵام ئێمە دواتر (لە باسی دیاردەی بەڕۆژنامەوانیبوونی ڕۆشنبیری: تێکستی گەندەڵ) دێینەوە سەر ئەم لایەنە و لێرە بەباشی دەزانین بێینە سەر پرسیاری ئەوەی چۆن نووسین سامدار یان هەیبەتدار دەبێ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ حاڵیبوونمان لەبارەی ئەوەوە هەبێ کە پێوەندییەکی ئینسانی نووسین بەنووسەر و خوێنەرەوە دەبەستێتەوە. واتە نووسین کە بەری هزری نووسەرە شوێنێکیشە بۆ خوێنەر، یان بەکاربر، بۆ پراکتیزەکردنی ئەوەی لەو ڕووەوە دەیزانێ و نایزانێ. واتە خوێنەر کە بەکاربەری نووسینە لە هەڵبژاردنی نووسین و فێربوون لەو نووسینەوە دەبێ شارەزا و بە ئەزموون بێ. چونکە خوێنەری نابینا (کوێر) و گەندەڵ چی بخەیتە بەردەست ناڵێ نەخێر و هەروەها ئەم جۆرە خوێنەرە بەگشت ئەو زانین و زانیارییانە ڕازییە لە نووسینێک بکا بەردەستی دەخرێ و، هەروەها ئەم جۆرە

خوێنەرە نە توانای گوڵبژێریی هەیە و نەش ڕەتکردنەوە. لێرە بەکورتی دەمانەوێ بڵێین بۆ ئەوەی نووسین سامدار بێ و شکۆی بۆ بگەڕێتەوە پێویستە خوێنەر بە غروور و بەفیز بێ و بەگشت نووسینێکی هەڵنەپەڕێ و بۆ گشت نووسینێکی زوڕنا لێ نەدا. ئەم لایەنە، واتە باس لە خوێنەری گەندەڵ، کە پاشتر دێینەوە سەری لێرە بەوە کۆتایی پێ دێنین کە نووسەری گەندەڵیش، کە تێکستی گەندەڵ بەردەست خوێنەران دەخات، ئەڵبەتە لە ڕێگەی ڕۆژنامە و هەفتەنامە و کۆوار و ماڵپەڕە گەندەڵەکانەوە، خوێنەر هزر داڕماو و سەرخۆش دەکا. کەواتە ئەوەی نووسەری گەندەڵ لەو شوێنانە بەردەستی خوێنەرانی دەخا نووسین نییە، بگرە مەیێکە بۆ سەرخۆشکردنی خوێنەر ئامادە کراوە. لەم حاڵەتەدا نووسین، یان تێکست، سفرەیێکە و بە عارەقی جۆراوجۆر ڕازاوەتەوە و خوێنەری پێ لە هۆش دەبرێ. ئەم لایەنە کە بەسوودی دەسەلاتی سیاسی و بازرگانە لادێییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ دەگەڕێتەوە فاکتەرێکیشە بۆ تێکدانی ئازادیی ڕاستەقینە کە کۆمەڵگەی گەندەڵ دوژمنایەتیی دەکا و بەهۆی ئەو ئازادییە بەسەروبەرەوە پشتگیری لە ڕەوشتی ناپاکدامێنی دەکا. چونکە ئەو ئازادییەی کۆمەڵگەی ناوبراو دۆستیەتی ئازادیی بەشت کراوە و، ئەم جۆرە ئازادییەش توانای گۆڕینی نییە و خۆی خۆی بەرهەم دێنێتەوە و بەدی لەپاش بەدییش بەرهەم دێنێ.

بۆ ئەوەی سەیرکردنێکی تا ڕادەیەک ڕوونتریش لەسەر وەڵامەکانی ئەو سێ پرسیارە بخەینە بەردەست خوێنەر، کە لای سەرەوە خرانە بەرچاو بەپێویستی دەزانین بڵێین: مرۆڤ ناتوانێ وەک نووسەر سام بۆ نووسینەکەی لە ڕێگەی شکانەوەی ئەوی تر یان قیزەونکردنی ڕاستیی شتەکان دابین بکا، بگرە هیوایەکی گەورە بۆ دابینکردنی سام لە بەردەم ئەو نووسینانە زۆرە کە ڕەخنەی بڕیار و ڕەفتاری سیاسی یان کۆمەلایەتی و ڕووناکبیرییە چەوت و هیچگەراکان دەکەن، هەروەها هیوایەک تا بڵێی مەزن لە بەردەم ئەو دیتن و بیرکردنەوانە بۆ مسۆگەرکردنی سام لە ئارادایە کە ئامانجیان گۆڕینی وێنە و بۆچوونی بێ مانا و نادروستی سیاسی و یاسایی و ئیداریی ناو کۆمەڵگەیە. ئەم لایەنەش وا لە ئێمە دەکا بۆ ئەوەش بچین کە بۆچوون و تێگەیشتنی نووسین لای ئێمە باو نییە هەڵگیرێتەوە. واتە بۆچوون و تێگەیشتنی نووسەر و ڕووناکبیران هەڵناگیرێتەوە و هەروەها کاریشی پێ ناکرێ. ئەمەش کە کاتاستڕۆفە (بەلایەکی) هزری و کۆمەلایەتیی خستووەتەوە فاکتەرێک بنەڕەتیشە بۆ بێ سامکردنی نووسین یان بێ ماناداركردنی وتنی ڕووناکبیران. لەم ڕووەوە دوو نموونەی زیندوو دێنینەوە کە یەکەمیان تایبەتە بەفوکۆ و مامەڵەی دەسەلات لە تەک بۆچوونەکانیدا. بۆ نموونە فرەنساییەکان کاتی خۆی، پاش بلاوبوونەوەی کتێبی "پاسەوانی و چاودێری" فوکۆ، گەلێ لایەنی تایبەت بەیاسای سزا و بەندکردن و باری بەندیخانەکانیان لەسەر بناغەی توانج و دیتنەکانی فوکۆ گۆڕی. نموونەی دووەمیش ئەوەیە کە بەهۆی گفتوگۆی هەندێ لە فەیلەسووفانی فرەنسایی لە سالانی ڕابردوو لەبارەی دۆزی وتنەوەی فەلسەفە لە قوتابخانەکان گۆڕانی زۆر هاتە سەر وانە وتنەوە و هەروەها پەیڕەو و پرۆگرامی خوێندن لە سەرانسەری ولات. ئەم دوو نموونەیە مانای ئەوەیە لەلایەک دەسەلات دەزانێ و ئاگای لێیە دەستەبژێر چی دەنووسێ و ئەمجار تاکی کۆمەڵگەش، کە خوێنەری ئەو تێکستانەیە کە دەستەبژێر دەینووسێ، ئاگایی و شارەزایی لەسەر داوا و ویستەکانی دەستەبژێر هەیە. لەلایەکی

تریش ئەو دەستـەبژێرە، کە بەخـۆی بەشـێکە لـە تاکەکـانی ناو کۆمـەڵ، زەرەرمـەند دەبێ گـەر ئەو کەموکوورییانەی باسی لێوە دەکا لەناو کۆمەڵگە بێ چارەسەر بمێننەوە، بۆیە ئەم دەستەبژێرە وەک نووسـەر و ئەمجـار وەک تاکی ئەو کۆمەڵگەیە تا پێی بکرێ بەرەنگاری کەموکوورییەکان دەبێتەوە. بەڵام ئەم هاوکێشەیە لای ئێمە بەو جۆرە نییە و شتێ سەرلەبەر جیایە. چونکە ئەوەی وا دەکا ئێمە بەم جۆرە بیر کەینەوە ئەوەیە کە تاکی کۆمەڵگەی ئێمە هـۆشیاریی لەسەر ویست و داواکانی خۆی نییە و دەستـەبژێریش هـەروەک دەسەڵات لە هەوای خـۆیدایە و لە خەونی دروستکردنی قەڵـستانی (ئیمـپراتـۆریەتی) خـۆیەتی. ئەمـەش وا دەکـا لەلایـەک تاک حـورمـەتی بۆ وتن و تەمـاشـاکردنەکانی دەستەبژێری کۆمەڵگەکەی خۆی نەبـێ و لەلایەکی تریش ڕۆشنبیریش ئەو هێز و کاریگەرییەی لەناو کۆمـەڵگەدا دیار و بەرچاوی نییە. دەسـەڵاتیش کە لەمـە بەئاگایە لە تاکی کۆمەڵگە زیاتر کـار بۆ بێ سـامکردن و بـێ هـەیبـەتکردنی ئەو شـتـانە دەکـا کـە دەسـتـەبژێر گـوزارەی لێـوە دەکـا. ئـەڵبـەتە ئاراستەی هیچگەرای جارجارەی ئەم دەستـەبژێرەش لەسەرێکی ترەوە بەزیانی ئەوە دەکەوێتەوە کە نووسـراوە یان وتراوە. گەر بشێ لێرە بەشـێکی لەو هیـچگەرایە دەسـتنیشـان بکرێ ڕەنگـە بۆ ئێمـە ئەوە لە گشت شـتێکی تر جێی سـەرنج بێ کە نووسـەری ئێمـە زۆر بنووسـە. مـەبەست، نووسـەری ئێمـە، نووسـەری کـۆمـەڵگەی گـەندەڵ، بەردەوام دەنووسـێ و لە گـشت ڕووێکـیـشـەوە دەنووسێ. مـاوەیێ بابـەتی سـیاسـی دەنووسـێ و مـاوەیەکی تر بابەتی ئـەدەبی، یان جـارێ بە باسـی فـەلسـەفی لاپەڕە ڕەش دەکـاتـەوە و جـارێکی تـر بە باسـی مـێـژوویی یان کـۆمـەڵناسی. ئـەم نووسـەرە زۆر بنووسانە کە لە هەموو بوارێکدا خۆیان قوت دەکەنەوە (وێژە، زمانەوانی، تیۆری سیاسی، مێژووی هزر،... ) بەوە زۆرترین گاڵتە بە کـردەی نووسـین و سـازانـدنی وشـە و واتا دەکەن. ئـەم لایەنانەش تێکڕا کـارێکی ئەوتۆ دەکـەن نووسـینی کـوردی، یان بەگـشـتی مـیـدیای کـوردی، کـە زمـانـحـاڵی نووسـینی کـوردییـە، لەلایەکی نەبێ بە مـەترسـی بەسـەر هەڵە و چەوتییـەکانی دەسەڵاتـی سیاسـیی کـوردییـەوە و، لەلایەکی تـریش بەسـەر کەمـوکـوورییـەکانی خـودی وتاری ڕۆشـنـبـیریشـەوە. ئەمـەش وەکی تر وا دەکا ئەوەی پێی دەڵێن گرفت لە کۆمەڵگەدا هـەروەک خـۆی بمێنێتـەوە، یان بڕیاری توند و نابەجـێ لە توندی و نابەجـێی خـۆی نەکـەوێ و، هەڵـسوکـەوت و ڕەفـتـاری ناسـەلیم و بێ فـەڕی تاکەکانی کۆمەڵگەش لە دەقی خۆی بمێنێتـەوە و لە شـوێنی خـۆیدا جـام بێ. ئـەڵبـەتە بەڵگەش لەم ڕووەوە زۆرە و لای خوارەوە کەمترینیان پۆل دەکەین:

* نووسینی کوردیی نوێ، یان میدیای ئازادیی کوردی، کە بەری پاش ڕاپەڕینە بـەهیچ جۆرێک ئەو گەندەڵە ئیدارییەی ١٧ ساڵە لە کوردستان لە نەشونمادایە لاواز و دەردەدار نەکردووە. گەندەڵی هـەروەک خـۆی لە ژیانەوەدایە و تا بشـڵێی جـەستـەیەکی بەتەندروست و هزرێکی بەهێزی هەیە. بۆیە بێ مـانـا نییـە بوترێ لە مـاوەی ئەو ١٧ سـاڵە نووسین، یان مـیدیای کـوردی، نەبووەتە هۆی دروسـتکردنـی دۆزێک کـە کـەسـێکی سـیـاسـیی گەندەڵبـاز تێیدا بدرێتـە دادگـە و، یان لە ڕێگەی تێکست و بڵاوکراوەوە پەردە لەسـەر دزی و دەستدرێژییـەکانی ئەوانە هەڵنەماڵراوە کە سامـانی نەتـەوە بەئارەزووی خـۆیان بەکـار دەبەن. تەنانـەت نووسین یان مـیـدیا لەم ڕووەوە نەیتـوانیـوە دادگەش بێدار بکاتەوە. دادگە کە لە کۆمەڵگەی گەنـدەڵدا سیستـەمێکی یاسـای خێڵـەکی دەیباتە

ڕێوە ناتوانێ ڕێنوێنیی ڕاگەیاندنەکان بکا بیر لەوە بکەنەوە خەتابارێک، کە سەر بەخێڵێکی سیاسی یان ئەدەبییە، تاوانبار بکەن.

* ڕوون نییە چەند نووسینی ڕۆژنامەوانی بووەتە هۆی ڕاگرتنی تەوژمی ئافرەت کوشتن و لە کار وەستانی ئەو گاڵتەجاڕییانەی لەناو ماڵ و دەزگاکانی دەوڵەت بە ژیندەری مێ دەکرێ؟ دەزگا مەدەنییەکان کە دوژمنی هەرە گەورەی ئافرەتی کۆمەڵگەی گەندەڵن، لەبەر ئەوە نییە کە ئەم دەزگایانە مەدەنین، بگرە لەبەرئەوەیە کە مەدەنییەتەکەیان تەنیا لەسەر ئەو لافیتەیە کار دەکا کە بەسەر بینایەی دەزگاکانیانەوەیە.

* کامە ڕۆژنامە و کامە نووسین بووەتە هۆی ئەوەی سەرۆک حزبێکی کوردی وا لێ بکا داوای لێبووردن لە زۆرینەی خەڵک بکا یان وا لە سەرۆک حزبێکی کوردی بکا خوانەخواستە لەبەر ئەو هەڵە یان لێدوانە سیاسییە بێ مانایەی ئەنجامی داوە واز بێنێ؟ ئەمە کە نەکراوە لەبەر ئەوە نییە هەڵە نەکراوە بگرە لەبەرئەوەیە هەستی وازهێنان لە کاری سیاسی یان کشانەوە لە دەسەڵات و وازهێنان لە ڕابەرایەتی و ڕێگە چۆڵکردن بۆ ئەوی تری سیاسی لەناو ئێمە نەبووە بە داوونەریت و لەم ڕووەشەوە نووسینی کوردی تا بڵێی ناکاریگەر و بێ فەڕە.

ئەو سێ لایەنەی باس کران دڵۆپێکن لەو گەندەڵییەی لە کوردستان هەیە، بەڵام بەڕاستی هیوای ئەوە دەکرا نووسین لەو ڕووەوە بتوانێ شتێ بکا کە حەیف بێ سامیی نووسین و وتن، بێ شکۆی دیتنی دەستەبژێری ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵ، ئەو هیوایەی ناشتووە. هۆی ئەمە هەر ئەوە نییە کە هزرتیژ و بیرخاوێن لە کۆمەڵگەی ناوبراو کەم و دەگمەنە، بگرە ئەوەشە کە ئەو ئازادیی ڕادەربڕینەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵی ئەمڕۆی کوردستاندا هەیە، کە بەرهەمی ئازادییەکی سیستەماتیک و مەدەنی نییە، بووە بەباشترین سەکۆ بۆ لاوازکردنی وتن و نووسینەکانی ئەو دەستەبژێرە. لەوە وێرانتر ئەوەیە، کاتێک تاکە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگەی ناوبراو دەبینن ئەو ڕووناکبیرەی وا خەریک بوو دەبوو بەقارەمان، ئێستا بە بردنەڕێوەی کۆوارێکی یان سەنتەرێک یانیش بەنووسینی تێکستی ڕەوانبێژی ئامێزەوە، سەرقاڵە نە ئەو ترسەیان لەم جۆرە ڕووناکبیرانە هەیە و، نەش وتنەکانی ئەم ڕووناکبیرانە بە بەهادار دەزانن. کەواتە بۆ دەبێ تاکە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ لە دەستەبژێری ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی ناوبراو بترسن؟ بەباوەڕی ئێمە تاکە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی ناوبراو نەک هەر لەم جۆرە ڕووناکبیرانە ناترسن بگرە تاکە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵی ئەمڕۆمان زۆر ڕۆشنبیرناسیشن. ئەوەش کە وای کردووە سیاسیی کۆمەڵگەی گەندەڵ ڕۆشنبیرناس بێ، بۆ ئازایەتیی سیاسیی کۆمەڵگەی ناوبراو ناگەڕێتەوە بگرە بۆ لاوازی و هیچگەراییی خودی ڕۆشنبیری ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دەگەڕێتەوە. بۆیە بێ سوود نییە گەر لێرە بپرسین کوان ئەو نەختە نووسەرانەی لە ناوەندی ١٩٨٠کاندا لە هەندەران بەدەرکردنی کۆواری ڕەخنەی توند و جارجارەش بیرۆکەی سەیر سەیری ئایدیۆلۆجییەوە سەرگەرم بوون؟ بەدڵنیاییەوە ئەوانە وا ئێستا لەسەر زێدی باو و باپیرانیان کاری ڕۆشنبیری دەکەن و شەونخوونی بەدیار داهاتووی ڕەوانبێژیی کوردییەوە دەکێشن. ئەمانە خەمی ئەوە دای

گرتوون کە باری زمانەوانیی وتاری ڕۆشنبیریی کوردی کەلاوە ئاسایە و ئەمەش وا دەکا ئەمانە بەو جۆرەی ئەمڕۆ هەن پێویست بن و ئەندازیاری ئەو بوارەش بن. واتە شەقی زەمانە ئەمانەی لە شۆڕشگێڕەوە کرد بەزمانەوان و نووسەری پەنجەرەی کورت کورت لەم ڕۆژنامە و لەو هەفتەنامە یان بەڕێوەبەری پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی ئیرۆنی و یانیش بەڕێوەبەری یانە و بالاخانەی ڕووناکبیری (چاپخانەی ئەدەبی) لەم گەڕەک و لەو گەڕەک. ئەم دیاردانە کە بکوژی ڕەوشتی باشەن لە کۆمەڵگە تێکدەری ئاکاری مرۆییشن.

بەڵام هۆی سەرەکیی ئەوەی سیاسیی کورد ئامادە نییە شوێنەکەی بەوی تر بدا، هەروەک باسمان کرد، دوو شتە: یەکەم هەستی ڕقەبەرایەتی. ئەمەش وای کردووە سیاسیی کورد نەک تەنیا کۆمەڵگە بەبچووک بزانێ بگرە ئەوەی بەرامبەریشی بە بچووک و ناکاریگەر بزانێ، بۆیە پێیان وایە بەرامبەرەکەیان شایانی ئەوە نییە کۆمەڵگە ببەنە ڕێوە. دووەمیش ئەوەیە کە زۆربەی سەرانی سیاسیی کوردی یان هیچ نەبێ ئەو چەند کەسەی سالانێکە سیاسەتکارن باوەڕیان بەو دیتنەیە کە گوایە گەر بێتو ئەوان واز لە سیاسەتکردن بێنن ئەوا ماڵی سیاسیی کورد هەتیوبار دەبێ و تاکی کورد سەرگەردان و سەرەڕۆ دەبێ. کەواتە بەپێی ئەم گریمانە بێ گەر ئەمان سیاسەت نەکەن و ڕابەر نەبن "مەڕەکان گورگ دەیخوا". بەڵام ئاخۆ وایە؟ بەدڵنیاییەوە وا نییە مەگەر ئەمە تەنیا لەو شوێن و وڵاتانە وا بێ کە دەسەڵاتی سیاسیی کورد لاسای دەکاتەوە. مەبەستمان ئەو شوێنانەی کە ئەوەی پێی دەڵێن تاکی کۆمەڵ یان هاووڵاتی هیچ مانایەکی بۆ دەسەڵاتی سیاسی نییە، بۆ نموونە وڵاتانی جیهانی عەرەبی یان دراوسێکانی کورد.

لەم باسەماندا ویستمان دژی ئەوەش بوەستینەوە نووسین لە گشت کۆمەڵگەکانی سەر زەوی بێ سام و بێ هەیبەت نییە و بگرە ئەمە تەنیا لەو شوێن ناوچانە بەو جۆرەیە تاکی ڕۆشنبیر، کە بەرهەمهێنەری نووسینە، ڕۆڵی لە تاکی سیاسی کەمتر نییە لە رووی تێکدان و شێواندنی واتای ئەوەی دەوترێ و ئەوەی دەشنووسرێ. ڕەنگیشە بەشێک لە خوێنەرانی ئەم چەند دێرە پێیان وا بێ تێکچوون و بێ هەیبەتبوونی واتای نووسین، مەسەلەیەکی جیهانییە و پێوەندییەکی زۆریشی بە دیاردەی گەشەی تەکنیکیی نوێ و بەدیجیتاڵبوونی ژیانی تاکەوە هەیە، خۆی ئەمە گریمانێکی گفتوگۆئامێزە، بەڵام بەو جۆرەش نییە کە هەندێ لای ئێمە لێی حاڵی بووە. چونکە تا هەنووکە ڕوون نییە مرۆڤی تازەی ئەم سەردەمە لە توانایدا بێ پشت لە کردەی نووسین بکا. بەواتایەکی تر، ڕاستە نووسین خەریکە چێژ و ماهییەتی ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دەدا و گۆڕانی تەکنیکی و زانستیی نوێش کارێکی ئەوتۆی کردووە شێوەی بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی گۆڕیوە، بەڵام ئەم گۆڕانە نووسینی نەمراندووە. وەکی تریش بەشێکی زۆر وای بۆ دەچن کە هەموو ڕۆژێک نووسین لێرە و لەوێ خۆی وەک شتێکی پێویست و گرینگ نیشان دەدا و نووسین تاکە شتێکە دەتوانێ زانیارییەکی تازە و بەردەوامان پێ بگەیەنێ. واتە تەکنیک کە بەرهەمی نووسینە، ئاراستەی نووسینی گۆڕیوە، بەڵام خۆشبەختانە نەیکوشتووە. چونکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەنووکە ئەوەی لا چاک ڕوونە تەنیا لە ڕێگەی نووسینەوە دەتوانێ زانین و ڕۆشنایی لەسەر گشت کردە و ڕووداو و دۆزە جیاکان پەیدا بکا، بۆیە نووسین تا ئەو دەمەی مرۆڤایەتی هەناسە دەدا ناشێ لە برەو و

بزووتن بکەوێ. کەواتە ئەوەی نووسین لە گشت شوێنێک لەم جیهانە بێ سام و بێ هەیبەتە ئەمە هێپۆتێزێ (گریمانێ) هەڵە و لاوازە. دەلیلیشمان لەسەر ئەوە زۆر شتە بۆ نموونە ساڵانێک باس لە مەرگی سینەما دەکرا، بەڵام وا نییە و تا ئێستاش گەورەترین ڕووداوی مێژوویی و کۆلاپسی سیاسی و هەقایەتی ئەویندارى و بیمارییەکانی تاکی هاوچەرخ لە ڕێگەی سینەماوە نیشان دەدرێن ئەمەش دەلیلێکی ترە لەسەر بوونی ڕۆمانی مەزن و درۆی کۆتاییی ڕۆمان کە ماوەیەک میدیاکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، ئەم دوو لایەنەش بەڵگەن لەسەر بوونی بینەر و خوێنەری بێ وێنە و چالاک. واتە دیسانەوە دێینەوە سەر هەقایەتی درۆی مەرگی خوێنەر یان بینەر وەکی تریش ئەم دوو لایەنە بەڵگەی بەرچاون لەسەر مانەوەی نووسین و پێویستی بۆ نووسەر. بەڵام ئەم مانەوەیە پاش تاقیکردنەوە و پشووودانێ زۆر هاتووەتە دی. ڕاستە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گەلێ بەدی دەرهەق بەنووسین و نووسەران کراوە، هەر لە سووتاندنی نووسینەوە بگرە تادەگاتە ئەتکردن و لەسێدارەدانی نووسەران، بەڵام دواتر دۆزەکە بەجۆرێکی تر کەوتووەتەوە و پەیکەر و خانە بۆ نووسەران دروست کراوە و ناویان لە شەقام و ڕێگەوبان و کتێبخانە و یانەکانی ڕۆشنبیرییش نراوە. ئەمەش وای کردووە گەلێ لە نووسینی نووسەران تا بڵێی هەڵگیرێنەوە و تا بشڵێی لە بواری کۆمەڵایەتیشدا کاریگەر و بزوێنەر بن. ئەی هەر نووسینی بەشێک لە نووسەرانی جیهان نەبوو تەماشاکردنیان بۆ : ئاژەڵ، دەوروبەر،، دەروون، خۆشەویستی، ژینگە و ئافرەت و کار و ماف گۆڕی؟ ئەم قسانەش ئەوەمان لا ڕوون و ڕاڤە دەکەن کە نووسین ناشێ بێ بەها و بێ هەیبەت بکرێ گەر ئەمەش ڕووی دا دەبێ ژیرانە لە هۆکارەکانی ئەو ڕووداوە (ڕووداوی بێ هەیبەتبوونی نووسین) بگەین. ئەگەرنا ئەوە ئێمە بە بێ هەیبەتبوونی وتن و نووسین قایلین و ئەمەش لە خودی خۆیدا کارێکی زێدە هەڵەیە گەر بە بێ هەیبەتبوونی وتن و نووسین قایل بین.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵانەش کە باس کران، ئەوەش دەڵێین، ماوەیەک لە ڕۆئاوا باس لە مەرگی نووسەر یان نووسین دەکرا، بەڵام ئەم لایەنە بەباوەڕی ئێمە دەبێ وەک مەسەلەیەکی زۆر ڕۆئاوایی ببینرێ و بەو کۆلاپس و گەندەڵییە هزرییە تێکەڵ نەکرێ لە هەندێ لە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی ڕۆئاوا هەیە. چونکە دۆکترینی کۆتاییی نووسین لە کۆمەڵگەکانی ڕۆئاوا و بەبۆچوونی هەندێ لە بیرمەندانی، بۆ نموونە ئەوەی ١٩٦٠کان و لە شوێنێک وەک پاریس و لەسەر دەستی بیریارانێک وەک پاش بنەماخوازەکان، نە هەمان شتی لای ئێمە خستەوە و نەش پێوەندیی بەو لایەنانەوە هەیە. ئێمە لێرە باسیان دەکەین. چونکە کاتێ دەبینین لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی گەندەڵی ئەمڕۆی کوردستان وشە و واتا بوونی خۆی لەدەست داوە و کار بەبۆچوون و دیتنی نووسین ناکرێ، ئێمە ئەمە دەکەین بە تاوانێ و دەیخەینە ئەستۆی هەندێ کەس و لایەنەوە و نایبەستینەوە بەبۆچوونی تیۆرییە فەلسەفی و قوتابخانە هزرییەکانەوە. بۆ ئەوەی لەم ڕووەشەوە شیکردنەوەیەک بخەینە بەردەست لە هەندێ وردەکارییەوە دەست پێ دەکەین کە مانای خۆیانیان لەم حاڵەتەدا هەیە. کەواتە بۆ ئەوەی لە هۆکارەکانی بێ سامیی نووسینی کوردی بکۆڵنەوە، کە یەکێکە لە دیاردە بەرچاوییەکانی کۆمەڵگای گەندەڵی ئەمڕۆمان، پێویستە لەم ڕووەوە نووسەر و خوێنەری گەندەڵی کوردی وەک یەک تاوانبار بکەین. چونکە ئەو گەندەڵستان و کۆلاپسەی، سیاسی

و بازرگانەکـان لەم جۆرە کۆمـەڵگەنـە دروسـتی دەکەن نووسـەر و خـوێنەر، کە ئەمـانە بەشـێکن لە توێژی ڕۆشنبـیری ئەم کۆمـەڵگەیایە، گەندەڵ دەکەن. بۆ ئەو مـەبەسـتـەش لەوێوە دەست پێ دەکەین کە خوێنەری کۆمەڵگەی گەندەڵ بەگشتی تاکێکی گەندەڵ و بێ فیزە لە هەڵبژاردنی تێکستەکانی بۆ خـوێندنەوە. ئەم خوێنـەرە کە حـورمەتی ڕۆشنبـیری و ئاسـتی بینـین و دیتنی خۆی ناگرێ ڕۆژانە چ نووسینی ڕزیو و ژەنگاوی هەیە دەیخوێنێتـەوە. خوێنەری ناوبراو لەبەرئەوەی گومانی لە ئەزموون و شارەزاییی خۆی هـەیە بەگشت تێگەیشـتن و تەماشاکردنێکی ئەوەی تر دۆش دادەمێنێ و دووچاری خورپەش دەبێ. هەروەها ئەم خوێنەرە لەبەرئـەوەی توانای موحاسەبەکردنی سیاسـی و ڕۆشنبیریی کۆمـەڵگەکـەی خـۆی نییـە سـەر خـۆی کز کـردووە و بڕیاری داوە ببێ بەغـولامـێکی هـەتـاهـەتایی ئەم کـۆوار و ئەو نووسـەر، ئەم ڕۆژنامـە و یان هەفـتـەنـامـە و ئـەو ڕۆژنامـەوان. خـوێنەری گـەندەڵ، کـە خوێنەری کۆمەڵگەی گەندەڵە، توانای ئەوەی نییە نـووسەرەکان پۆل بکا و پێنووسەکانیش لێک جیا بکاتـەوە. خـوێنەری کـۆمـەڵگەی نـاوبراو لەبەرئەوەی بـەهـەزار حـاڵ فـریـای بژێویی ژیـانی ڕۆژانەی دەکەوێ ناتوانێ لەو گەندەڵە ڕۆشنبـیرییـە ڕۆژانەییـە بگا کـە بەشـێک لە نووسـەرانی کـۆمـەڵگەی ناوبراو لە ڕێگەی گرژانی واتا و زاراوەکانیانەوە دەیخەنەوە. بەکورتی خوێنەری کۆمەڵگەی گەندەڵ، شان بەشـانی نووسـەر و سیـاسییـەکان لە بێ سـامکردنی (بێ شکۆدارکردنی) نووسـیندا بەشدارە. ئەم خـوێنەرە گـەندەڵانەی کـۆمـەڵگەی ناوبـراو هـەروەک پاسـەوانە لاتولووتەکـانی سـیـاسـییـەکـان لەشکرێکن لە چینـی تەڵتە کە جێی مـتمـانە نین و تا بڵێی بێ بار و بێ وەفـاشن. خوێنەری گەندەڵ ئەو خـوێنەرەیە کە نابینایە و گوێڕایەڵی هەمیشـەییی نووسەرە گەندەڵەکانە. خـوێنەری گەندەڵ کە توانای سـڵـەمینەوە و گومـانی نییـە، بەگشت نووسـینێ قـایل دەبێ و ئامـادەشـە هـەمـوو جـۆرە نووسـینێک بخـوێنێتـەوە. ئەو (واتە خـوێنەری گەندەڵ) کە ئامـادەیە هەر جارە و ببێ بـەسـەربازی نووسـەرێکی هیـچی لـەو سـەربازە (پێشـمـەرگە) گەندەڵە جیـا نییـە کە هەر جـارە و حیـمـایەی ئەم سیـاسی و ئەو سیـاسییـە. ئـەو نووسـەرە گەندەڵەش دڵی بەم جـۆرە خـوێنەرانـە خـۆشـە هیـچی لەو سیـاسیـیـە گەندەڵە جیـا نییـە کە دڵی بەو سـەربازە بێ داهـاتوو و دامـاوانە خـۆشـە کە بارەگە و ماڵەکەی دەپارێزن.

بۆیە نووسـەر و خـوێنەری گـەندەڵ هەردوو بەجـووتە بەرامـبەر بە بێ سـامـیی نووسـینی کـوردی بەرپرسیارن. واتە تاوانبارن بەرامبەر بە بێ بەهـابوون و لەکەداربوونی وشـە و واتا. واتە ئەم دووانە (نووسـەر و خوێنـەری گەندەڵ) بەهـەردووکیـانەوە بارێکی ئەوتۆیان چی کـردووە کە دید و تێگەیشـتن نرخ و مـانای نەمـێنێ و بەهیچ شـێوەیێکیش کاری پێ نەکرێ. نووسـەرانی گـەندەڵ، یان بەشـێ لەو نووسـەرانەی لە کۆمـەڵگەی گەنـدەڵ ژەنگیان گرتووە، تەنیا خـەیاڵیـان لای بڵاوکردنەوەیە ئەمـەش بۆ دروستکردنی لەشکرێک لە خوێنەر. ئەم جـۆرە نووسـەرانـە، کە وەک ئەو سـیاسییانـە وان بـەژمارەی سـەربازەکـانیـان دەنازن، ئاگایان لەوە نییـە چەند واژە و چەمکەکـانیـان هـەڵدەگیـرێنەوە، یان چەند مـانا و ڕوانینەکـانیـان بەکـار دەبرێن. بۆیە ئەم نووسـەرە گـەندەڵانە لە نووسـینێکەوە بۆ ئەوەی تر گۆڕانێکی ئەوتۆ لە شـێوازیان، لە گوزارەکردنەکانیـان ناکەن. خـوێنـەرەکانیشـیـان نە دەرک بەوە دەکەن و نەش بە ویستەوە دەخوێننەوە. ئەڵبەتە لـە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ئەوەی بۆ نووسـەری گەندەڵی

ئەم کۆمەڵگەیە گرینگ نەبێ خوێنەرە. یان خوێنەر ئەوەندە نرخی هەیە کە گوێڕایەڵ و بێدەنگ بێ. واتە، بۆ نووسەری گەندەڵ تەنیا ئەو خوێنەرە نرخی هەیە کە گوێڕایەڵی دەجەل و هەقایەتە ڕۆمانسییەکانە و لە ئاست شێوازە ڕەوانبێژی و سۆفستاییەکانی نووسەرانی کۆمەڵگەی گەندەڵ نقەی لە خۆی بڕیوە. بۆیە نووسەری گەندەڵ هەر ئەوەندە ڕەخنەت لێ گرت زۆر ئاساییە وەک، سیاسییە گەندەڵەکان، پێت بڵێ «من نەبوومایە تۆ نەدەبووی». بۆیە بەسەرهاتی نووسەری گەندەڵ هیچی لە بەسەرهاتی کەسی سیاسیی کۆمەڵگەی گەندەڵ جیاواز نییە. بۆ نموونە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی ناوبراو بۆ ئەوەی کەس ڕەخنەی شێوازی سیاسییان نەکا و کەس پەی بەهەڵە مێژووئامێزی و ناهزرییەکانیان نەبا، ماوەی جارێک ڕەخنەی نووسینی ڕۆژنامەوانی دەکەن و ترسی خۆیان لەو ڕەوتە نیشان دەدەن کە نووسینی ڕۆژنامەوانی گرتوویەتییە بەر. بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە. چونکە ئەوان ئەوەی حسێبی بۆ نەکەن نووسینی ڕۆژنامەوانییە. ئەمەش بۆیە دەڵێین چونکە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ لەبەر سایەی ئەو نووسینە ڕۆژنامەوانییانەدا کەمترین ڕەفتاری سیاسی یان بڕیاری سیاسیی خۆیان نەگۆڕیوە. چونکە هەموو نووسینی ڕۆژنامەوانی بێتو باس لەوە بکا بۆ کابینەی حکوومەتی کوردی لە ٤٣ وەزیر دەبێ پێک بێ یان بۆ وەزارەتە حەساسەکان (داد، ئاسایش، مالیە یان دارایی) دەبێ زوو یەک نەگرنەوە سیاسییە گەندەڵەکان وەک ئەوەی هیچ نەوترا بێ ڕەفتار دەکەن و لەبەر ڕۆشنایی ئەو توانجانەی ئەو نووسینانە دەیگرن واز لە هیچ جۆرە تێگەیشتن و بیرکردنەوەیەکی سیاسی و ئیداریی هەڵەئامێزی خۆیان ناهێنن کە ساڵانێکە خوویان پێوە گرتووە. سیاسییە گەندەڵەکانی کورد کە، وەک خودی نووسەر و خوێنەرە گەندەڵەکانی کورد، لە بێ بەهاکردن و بێ شەهامەتکردنی وتن و نووسینی کوردی بەرپرسیارن لەو گەندەڵ و کۆلاپسەش (داڕمانەش) بەرپرسیارن، ڕۆشنبیری کوردی بەگشتی تێی کەوتووە.

لەبەر سایەی ئەم بەشەدا ئێمە هەڵە ناکەین گەر سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕاکێشین کە، وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕەنگە یەکێ بێ لەو وەزارەتانەی زۆرترین خەرجی هەیە. ئەم لایەنە، واتە پارە هەڵڕشتن بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەروەها بەکاربردنی ئەو پارەیەش بەجۆرێکی نابینا و هەڕەمەکی نە خزمەتی کولتووری کوردی بەجۆرێکی مۆدێرن دەکا و نەش ئەو گەندەڵییە هزرییە چارەسەر دەکا کە ڕۆشنبیری کورد پێوەی گلاوە. بگرە لەلایەک ئەم ڕەفتارە زیان لە ئابووریی کورد و سامانی نەتەوە دەدا و لەلایەکی تریش مشەخۆریی ڕۆشنبیری و تەڵتە نووسەر و بۆرە خوێنەر دروست دەکا. ئەو دەمەش کە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەم شێوەیە کار دەکا زۆرترین مانای بۆ گەندەڵیی ڕۆشنبیری دەبێ و هەروەها ئەوەی پێشی دەوترێ کردەی نووسین لەژێر سایەی ئەم سیاسەتە گەندەڵەدا دووچاری داڕمان و بێ شکۆیی دەبێ. ئێمە دەزانین و چاکیش لەوە حاڵی بووینە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا بایەخێکی زۆر بە کاری نووسین بە تایبەت و، کاری ڕۆشنبیری (هونەر، شانۆ، سینەما و... هتد) دەدرێ، بەڵام ئەم بوارانە لەژێر سایەی ئەو سیاسەتە گەندەڵەی هەیە بێ هزری و نا ڕووناکبیری بەرهەم دێنێ. چونکە چ نووسەر و چش خوێنەر، چ بینەر و چش دەرهێنەر، لەسەر پیشەسازییەکی خۆیان ڕاهێناوە ناوی نووسینە، بەڵام بەخۆی ئەم جۆرە

نووسینە نووسینێ بێ سامە (دەرهێنانی بەرهەمی بێ شکۆیە). ئەمەو نووسەر یان ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگەی گەندەڵیش چاک لەوە گەیشتوون کە وەزارەتی ڕۆشنبیری پارەیەکی باشی لە بەردەستە، بۆیە دینی (ئاینی) نووسەرانی کۆمەڵگەی گەندەڵ بووە بە تێکست نووسین. وەزارەتی ڕۆشنبیریش وەک ئامرازێکی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە گەندەڵە بۆ ئەوەی لایەنی نەتەوەیی و مرۆییی خۆی نیشان دا خەریکی هەڵڕشتنی پارەیە بۆ: نووسەران، بۆ دەزگاکانی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە، یانیش بۆ دروستکردنی سەنتەر و فیستیڤاڵی جۆراوجۆر و نێوەندی ڕاگەیاندن و باڵاخانەی سەیر سەیری ڕووناکبیری... هتد، کە هەر هەموو ئەمانەش زۆرجار زانینێکی گەندەڵ و دارماوانە دێننە دەر و سەرجەم یەک ئامانجیش دەپێکن کە بریتییە لە لەخۆڕا فەوتاندنی داهاتی نەتەوە، ئەو شتەی کە بابەتی گفتوگۆی کەس نییە. ئەم سیاسەتە ڕۆشنبیرییەش دیسانەوە مانای خۆی بۆ تێکدانی ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی تاک دەبێ و لەژێر سایەی ئەم جۆرە سیاسەتە ڕۆشنبیرییە ئەوەی پێی دەڵێن پاکدامێنی لە کۆمەڵگەدا گەشە ناکا.

## سیاسی و سیاسەتی گەندەڵ

سیاسەت پێویستە خۆی خودی خۆی دیاری بکا چونکە سیاسەت شتێ نییە بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵات. گەر ئەم دیتنە یەکێ بێ لە ١٠ تێزە گرینگەکانی ژاک ڕانسیێر لەمەڕ سیاسەت[٣٠] لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا پووچی خۆی بەدەست دێنێ. چونکە مەیل بۆ سیاسەتکردن لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا لە هەموو لایەکی ترەوە لە ترۆپکدایە. ئەمەو لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا سیاسەتکردن تا بڵێی بازاڕی گەرمە و زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە حەزیان لە سیاسەتکردنە. بەڵام تاکی ئەم کۆمەڵگەیە لەوە بێ ئاگایە کە نە سیاسەتکردن برێتییە لە حەز و نەش حەزەکەی ئەمان سیاسەت بەرێوە دەبا. ئەوان (خەڵکی کۆمەڵگەی گەندەڵ) کە لە پەراوێزی سیاسەتکردندان هۆی ئەمە تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە سیاسەتکردن لەم کۆمەڵگەیانە بەپیشەسازی بووە یان لە کۆمەڵگەی گەندەڵ سیاسەتکردن تەنێ بۆ ئەوانەیە سەر بە قەبیلەیەکی سیاسیی دیاری کراون، بگرە هۆی سەرەکیی ئەوە ئەوەیە سیاسەت لەم کۆمەڵگانە بێ هزر گوزەر دەکا. نەبوونی سیاسەتیش بە هزر عیللەتی گەورەی دەردەداربوونی سیاسەتە لەم کۆمەڵگەیانە. بەخۆی عیللەتی بنەڕەتی بەگەندەڵبوونی کۆمەڵگەش لەسەرێکی ترەوە هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیاسەت لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا وەک بوارێکی هزری نابینرێ. بۆ ئەوەی پێوەندیی نێوان سیاسەت و هزریش ڕوون بکەینەوە، ئەڵبەتە بەکورتی، بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێینەوە لای فەیلەسووفی فرەنسایی ئالێن بادیو.

بەبۆچوونی ئالێن بادیو سیاسەت بیرکردنەوەیە (هزراندنە). واتە، لە سیاسەتدا واتا و تیۆری ئەڵبەتە نەختێ فەلسەفەش هەیە. ئەمەو ناوبراو لە سیاسەتدا کردە(فیعل)ش (واتە کردەی سیاسی) دەبینێتەوە و لە هەمان کاتیشدا سیاسەت بەجۆرێ وێنە دەکا کە کار بۆ چارەسەرکردنی دۆزێ کۆنکرێت دەکا. بۆیە بۆ بادیو بیریارە سیاسییەکان (لینین، ڕۆبسپێر، جیفارا) ئەو حاڵەتانەیان تێدا بووە وەک بیرمەندی سیاسی ببینرێن[٣١]. بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە بەبۆچوونی بادیو لە نێوان هێپۆتێزی تیۆری، گوزارە و دۆزی تایبەت (سینگولەر)دا دەخولێتەوە. کاتێک بیرکردنەوەش بەم جۆرە دەبێ خۆی وەک بزووتنەوەیەکی دەگمەن دەردەخا[٣٢]. ئەم بۆچوونە فەلسەفییەش بۆ سیاسەت ئەو دەمە ڕاستیی خۆی دەستنیشان دەکا کە بیرکردنەوەی (هزراندنی) سیاسیی بیریاری (هزرەڤانی) سیاسی بەرهەمهێنەری بێ نەک تاکی سیایی کاوێژکار و بیری (هزری) سیاسی دووبارە و کاوێژئامێز. بەڵام بۆ ئەوەی بیریاری سیاسی یان بیرکردنەوەی سیاسیی هەبێ پێویستە دۆزی سیاسیی هەبێ. چونکە دۆزی سیاسی توانای دروستکردنی ڕووداوی سیاسیی هەیە. ئەو دەمەش ڕووداو دروست دەبێ ڕاستیی سیاسی دێتە دنیا. ئەم

لایەنانە کە پێکەوە گرێ دراون (واتە دۆز، ڕووداو و ڕاستی) بارێک دێننە پێشێ سیاسەت تێیدا وەک بیرکردنەوە تەماشا دەکرێ. نەک حاڵەتێک لە کاوێژکردن و جووین ئەڵبەتە نەش وەک وازی (وازیی سیاسی لێرە مەبەستە). بۆ ئەوەی هەلومەرجێکی لە نێوان ئەم چەند دێرە و ئەوەی مەبەستمانە تایبەت بە باری سیاسی یان کردەی سیاسەتکردن لە کۆمەڵگەی گەندەڵ بدۆزینەوە بەپێویستی دەزانین ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەو ڕووەوە بەردەست خوێنەری ئەم نووسینە بخەین کە تایبەت بە کۆمەڵگەی گەندەڵ دەینووسین.

قسەکردن لەسەر کۆمەڵگەی گەندەڵ زۆر پێویستە بەقسەکردن لەسەر تاکی سیاسی و پرۆسەی سیاسەتکاری لە کۆمەڵگەی ناوبراو تایبەت کرێ. لەبەرئەوەی کە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا شتێک نییە پێی بڵێن هزری سیاسی و، ئەڵبەتە هزرەڤانیی سیاسییش، بۆیە باس لە سیاسەت باس دەبێ لە شتە نا-هزرییەکان و ئەو بوار و لایەنانەش کە نا- هزری تێدا پیادە دەکرێ. هەروەک وتمان لە کۆمەڵگەی ناوبراو نە هزری سیاسی هەیە و نەش هزرەڤانیی سیاسی، بەڵام لە بری ئەوە دەشێ بوترێ کە تاکی سیاسیی جۆراوجۆری هەیە و هەریەکەش لەو تاکانە لە هەوای سیاسیی خۆیاندان. بەڵام ئەوەی گشت تاکە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ کۆ دەکاتەوە دوو شتە: یەکەم هەموو تاکە سیاسییەکان بەشداریی خۆیانیان لە بەگەندەڵاویکردنی سیاسەتدا هەیە و، دووەمیش سیاسەت، یان کردەی سیاسی، بۆ ئەم تاکانە لە هزراندن (بیرکردنەوە) برێتی نییە بگرە لە پرۆسەیەکی سیاسیی کاوێژئامێز و یاریئامێز. ئێمەش لەم بەشەی نووسینەکەماندا بەپێویستی دەزانین بێینە سەر ئەم دوو لایەنە.

پێش ئەوەی بێینە سەر درێژەی نووسینەکەمان بەلامانەوە مەبەستدارە خوێنەر لەوە بەئاگا بێ لەم بەشە کە باس لە تاکی سیاسی و سیاسەت، یاخۆ کردەی سیاسی، دەکرێ باس لەو کردە سیاسی و تاکە سیاسییە دەکرێ لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا دەژی؛ چونکە بۆ ئێمە سیاسەت، یان کردەی سیاسی و تاکی سیاسیی جۆراوجۆرە و لە گشت کۆمەڵگە و قۆناغ و دەمێکدا وەک یەک نییە. بۆ نموونە کردەی سیاسی و تاکی سیاسی لە کۆمەڵگە تۆتالیتاری و دیکتاتۆرییەکاندا وەک کۆمەڵگە دیموکراسییە ڕاستەقینەکان نییە. لێرە مەبەست لە کۆمەڵگە دیموکراسییە ڕاستەقینەکان ئەو کۆمەڵگەیانەن بەڕاستی هەنگاوی دیموکراسی دەنێن. هەر لە میانەی ئەم نووسینەش زۆر بەکورتی ئەوە نیشان دەدەین، چۆن ئەم کۆمەڵگەیانە (کۆمەڵگە دیموکراسییە ڕاستەقینەکان) لەو کۆمەڵگانە جیان کە کۆمەڵگەی دیموکراسیی ناڕاستەقینە پێک دێنن، کە لە ئەدەبیاتی سیاسی و ئایدیۆلۆجیی تازەی کوردیدا جیاوازی بەهیچ جۆرێک لە نێوان ئەم دوو جۆرە کۆمەڵگە دیموکراسییەدا ناکرێ. هۆی ئەوەش جیاوازیی لە نێوان ئەو دوو جۆرە کۆمەڵگانە (کۆمەڵگەی دیموکراسیی ڕاستەقینە و کۆمەڵگەی دیموکراسیی ناڕاستەقینە) دەکەین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو دۆزە دیموکراسییەی ئەمڕێستا ڕۆئاوا پێیدا تێ دەپەڕێ جۆراوجۆر و ناهاوشێوەیە، ئەمەش وای کردووە مۆدێلگەلێکی زۆری دیموکراسی بوونیان هەبێ. بۆ نموونە ئەو ئاراستەیە لە دیموکراسی لە وڵاتێک وەک سوێد یان دانیمارک بۆ نموونە هەیە نەک هەر ناشێ بەو ئاراستەیە لە دیموکراسی بەراورد بکرێ لە بولگاریا یان ڕووسیادا هەیە، بگرە ناشێ بەو ئاراستەیەش لە دیموکراسی

بەراورد بکرێ لە وڵاتێک وەک ئەمەریکاش هەیە. ئاڕاستەی دیموکراسیی وڵاتانی پاش دارمانی کۆمۆنیزم تا بڵێی ئاراستەیەکی ناسروشتی و ماندووە، بەڵام هەرچی ئاراستەی دیموکراسیی هەندێ لە وڵاتانی ڕۆئاوایە لە هەندێ ڕووەوە بەشت کراوە و لەلایەن هێزە سەرمایەدارییە گلوبالییەکانەوە بەڕێوە دەبرێ و ئەم جۆرە ئاراستەیەش هەرگیز ناشێ بەو ئاراستەیە لە دیموکراسییەت بەراورد بکرێ لە وڵاتێکی ئەسکەندەنافیایی وەک سوێد یان نەرویجدا هەیە. بۆیە لە ئەدەبیاتی سیاسیی هاوچەرخی کوردی ئێمە دەبێ جیاوازی لەنێوان دیموکراسیی خوڵقێنەر و دیموکراسیی بازاڕیدا بکەین، هەروەها جیاوازی لە نێوان دیموکراسیی مافیایی و دیموکراسیی سروشتیشدا بکەین. هەروەک وتیشمان ئەو جۆرە ئاراستەیەی لە دیموکراسی لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیاییدا باڵادەستە زۆرتر ڕاستەقینە و سروشتی و سۆسیالین وەک لەو جۆرە ئاراستەیە لە دیموکراسی کە لە شوێنێ وەک ئەمەریکا سەروەرە. چونکە ئاراستەی دیموکراسی لە شوێنێ وەک ئەمەریکا، کە مخابن بووە بە سیمبۆلێک بۆ ئازادیی تاکە کەس لە جیهاندا، دیموکراسیەتی تا بڵێی سەرمایەداری و بەشت کراوە (فیتشییە). ئێمە نامانەوێ ئەم نووسینە بە باسی جیاوازیی دیموکراسیی سروشتی و واتای ئازادیی ڕاستەقینە لە دیموکراسی و ئازادیی بەشتکراو یان فیتشی (بەبتکراو) تایبەت بکەین، بەڵام گرینگیشە خوێنەر لەو ڕووەوە بەئاگا بێ کە کۆمەڵگەی گەندەڵ نەک هەر لە سیاسەتکردن بگرە لە بەرهەمهێنان و بەکاربردنی واتای دیموکراسییەتیش، کە پرۆسەیەکی هزریی ئاڵۆزە و تاکی سیاسی و تاکی ئاساییی کۆمەڵگە کاری بۆ دەکەن، ئەزموونی خۆی هەیە. ئەم لایەنە، کە دواتر دەخرێتە بەرباس، نیشانەیەکی ترە لەسەر ئامادەبوونی بێ هزریی سیاسی لەم جۆرە کۆمەڵگەیە. ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە کە جیهانی تایبەت بەخۆی هێناوەتە دنیا لە گشت کۆمەڵگەیێکیش شتێکی قەرز کردووە. بۆیە زۆر ئاسایە تاکە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ جارجارە هەندێ واتا و بۆچوون و وێنەی سیاسی لە کۆمەڵگەی دیموکراسیی ڕۆئاواییەوە وەرگرن و جارجارەش لە کۆمەڵگەی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری یان قەبەلییەوە. لەم ڕووەوەشەوە هیچ دوور ناڕۆین گەر بڵێین گەلێ ڕەفتار و دیتن و بڕیاری سیاسیی ئەمڕۆی گەلێ لە تاکە سیاسییەکانی کوردستان یان سەرچاوەی ڕۆئاواییان هەیە، یانیش لە یەکێ لە سیستەمە سیاسییە زۆردارییەکانی جیهانی عەرەبی– ئیسلامییەوە وەرگیراون. بۆ نموونە سیستەمی باجی کوردستان نە ئەمەریکاییە و نەش دانیمارکی، بەڵام کۆکتێلێکە لە سیستەمێکی دیکتاتۆریی عەرەبی و نیوە مەدەنیی وەک وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە کۆمەڵگەی گەندەڵ هەردەم لەم جۆرە بوارانەدا داهێنان و ئەندازیاری خۆشی هەیە. بۆ نموونە لەبەرئەوەی سیاسییەکان لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەوە خۆیان بەشێکن لە بازاڕ و بەرژەوەندییەکی زۆر بە بازاڕەوە گرێیان دەدا، بۆیە لەو بوارانەی بە کاروباری ئابوورییەوە تایبەتن بەرژەوەندیی پرۆژە و کارەکانی خۆیان دەپارێزن، واتە چاوێکیان هەردەم لەسەر دۆزی بازاڕە. بۆیە تاکە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ، کە بیرپەرت و دەمدەمی و تێگەیشتن ناقووڵ و سەرپێیین، لەگەڵ ئەو سیستەمە سیاسی و ئابوورییەدا پسمامن کە تا ئەوپەڕی ناکۆنکرێت و نایەکانگیرە. لە هەر کۆمەڵگەیەکیش سیستەم بەو جۆرە بێ لە گەندەڵی زیاتر هیچ شمەکێکی تر بەرهەم ناهێنێ. گەندەڵی کە دوا

پیشەسازیی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانەیە، سیاسەت یەکجار لێی بەرپرسیارە. سیاسەت لەم کۆمەڵگانە لە گـەنـدەڵی بەرپرسـیـارە، چونکە سـیـاسـەت قـۆرغی گـشت ژیانـی تاک و گـشت بـوارەکـانی بەرهەمهێنانی کردووە.

لێرەوە دێینە سەر ناواخنی ئەم بەشە و بەپێویستیشی دەزانین ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە، ئەو دەمـەی گـەندەڵی دەبێ بە ڕۆحی سـیـاسـەت ئـەوا سـیـاسـەت دەبێ بە بەرهەمـهـێنەری گـشت جۆرەکانی گەندەڵی (لێرە مەبەست لە سیاسەت گشت سیاسەت نییە، بگرە تەنیا ئەو سیاسەتەیە کە گەندەڵاوییە). ئەو دەمەش کە سیاسەت دەبێ بەمە، واتە کە سیاسەت گەندەڵاوی دەبێ، پێویستە بپرسین بۆ دەبێ سیاسەت ویستی گەندەڵکردن بێ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەمانەوێ لەوێوە دەست پێ بکەین کە سـیاسـەت لـەم حـاڵەتانەدا ئەمـەی بـەسـەر دێ چونکە سـیـاسـەت وەک کردەی مرۆیی لەوە دەکەوێ هـزری بێ. سیاسەتیش کە ناهزری دەبێ گشت شتێکی لێ دەوەشێتەوە بیکا. ئەمەو گرفتی سیاسەتە ناهزرییەکان ئەوەشە کە نامرۆیی دەبن ئەڵبەتە نامرۆییبوونی سیاسەتیش گەلێ فۆرمی هەیە ڕەنگە تۆتالیتارییەت (بۆ نموونە فاشیزم) یەکێک بێ لەوانە بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێ کە تۆتالیتاریزم ترۆپکی نامرۆییبوونی سیاسەتیشە. ئەم لایەنەش زۆر پێوەندیی بە ژێرخانی ئابوورییـەوە نییـە لە چ ئاسـتێکدا دەبێ. بـۆ نموونە وڵاتێک وەک عێـراقی جاران کە ئابوورییـەکی پتەوی هەبوو توانی تۆتالیتارییەت بەرهەم بهێنێ بەڵام نەک گەندەڵی، هیچ نەبێ نەک گەندەڵی لەو فۆرمەی ئەمڕۆ لە کوردستانی ئەمڕۆ یان خودی عێراقی پاش بەعسیزمدا هەیە. گرفتی سیاسەتە تۆتالیتارییەکان ئەوەیە کە ئایدیۆلۆجیستین و بەجۆرێ کاراما (زیرەکانە)ش نامرۆیین. بەڵام ئەمە لە تەک دۆزی سـیـاسـیی گـەندەڵاوی نە کـوردسـتـانی ئەمـڕۆ یەک دەگـرێتـەوە و نـەش وڵاتێک وەک ڕووسـیـای ئەمڕۆ. کەواتە دۆزی سـیاسیی کوردسـتـانی ئەمڕۆ نـە لە دۆزی سـیاسـیی سـەردەمی بەعسی فاشیست دەکا و نەش لە وڵاتێکی وەک ڕووسیا یان سووریای ئەمڕۆ. چونکە گرفتی دەوڵەتی بەعسی عێراقی ئەوە بوو کورد کەسایەتییەکی سیاسیی نەبێ و هەروەها تاکی کورد قەد خۆی نەبێ. بەڵام گرفتی ڕووسیای ئەمڕۆ جیایە. چونکە لە ڕووسیای ئەمڕۆدا دیموکراسییەتی بازاڕی و بەکاڵاکراو لە گشت کووچە و گەڕەکێکی وڵاتدا بەرکەماڵە. ئەمەش وای کردووە دیموکراسییەت هیچ نەکردە بێ و لە ئاست ئەو گەندەڵییەش لە ئاستی دەوڵەتدا هەیە بێدەنگ و لاواز بێ، بەڵام ئەم دۆزە گەر بە دۆزی سیاسیی سەردەمی یەکەتیی سۆڤیەتی جاران بەراورد بکرێ دەشێ بڵـێین دیموکـراسـیـیـەت لە سـەردەمی یەکـیـەتی سـۆڤـیـەتی جـاراندا برێتی بوو لە دیموکراسییەتی کپکردنی دەنگی زۆرینە و بەهادارکردنی دیموکراسییەتی تۆتالیتاری کە خۆشیی بەچارەی هیچ سـیـسـتـەمـێکی سـیـاسی نەدەهات ئەوەی خـۆی نەبێ. بەڵام لە حاڵەتی ئەمـڕۆی کوردستان هاوکێشە سیاسییەکان جوداوازن. چونکە لە کوردستانی ئەمڕۆدا دیموکراسییەت ئەوەندە هەیە تا ئەو ڕادەیەی دیموکراسییەت خەریکە قێزەون دەبێ. هۆی ئەم لایەنە، واتە هۆی ئەوەی دیموکراسییەت قێزەون بووە، چییە؟ هۆی ئەوە ئەوەیە دیموکراسییەت هیچ نەگۆڕە. واتە دیموکراسییەت هەیە بەڵام توانای گۆڕینی هیچ شتێکی نییە، نە بڕیارێکی سیاسی نەش ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی. بۆیە دیموکراسییەت لەناو خەڵک ئەوەندە شیرین نییە. ئەڵبەتە

دیموکراسییەتیش کە نەیتوانی گۆڕانکاریهێنەر بێ نە خودی سیاسی دروست دەبێ نەش دێمۆس (عامە، خەڵک) هەژێنەرە. لەم ڕووەشەوە ژاک ڕانسیێر هەڵە ناکا کاتێک دیموکراسییەت بە دەرکەوتنی دێمۆسەوە گرێ دەدا[٣٣]. چونکە دێمۆس سینۆنیمی (هاوشانی) دیموکراسییەتە و دیموکراسییەتیش بێ ئەو گێژوویژ دەخولێتەوە. لە حاڵەتی ئەمڕۆی کوردستانیشدا ئەم دیتنە دەقاودەق کاریگەرە. چونکە خولانەوەی دیموکراسییەت بەبێ ئامانج لەناو عامەی خەڵکدا، واتە دیموکراسییەت لە پێوەندیدا نەبێ لە تەک عامە، ئەم لایەنە وا دەکا دۆزی سیاسیی کۆمەڵگە گەندەڵ بێ و خودی سیاسیش تەمبەڵ و نابەرهەمهێنەر بێ. لەسەرێکی ترەوە ئەم بەرەنجامە هەلومەرجێکی ئەوتۆش دێنێتە پێیشەوە کە تێگەیشتن بۆ سیاسەت، بۆ کردەی سیاسی، گەندەڵانە و دارماوانە بێ. سەیرەکەش لەوەدایە سیاسەت لەبەرئەوەی لەم حاڵەتەدا ئەنتی- هزرە تا بڵێی نابەرهەمهێنەریشە. کەواتە لەبەرئەوەی سیاسەت وەک هزر تەماشا ناکرێ، سیاسییش وەک هزرەڤان نابینرێ، ئەمە وا دەکا دۆزێکی ئەوتۆ لە کۆمەڵگە بێتە پێش خەوشەکانی سیاسەت و تاکی سیاسی وەک خۆی نەبینرێن. هەروەها لەبەرئەوەی ئەم جۆرە کۆمەڵگانە لە هەندێ لە قۆناغەکانی ژیاندا تاکی سیاسیی وەک خواوەندێک تەماشا کردووە بۆیە گشت خەڵک، یان زۆرینە، لەو باوەڕەدا نین ئەوە ناهزریی تاکی سیاسییە لە پشت هێنانی ئەو هەموو نەهامەتییانەوەیە و، هەروەها لەوەش حاڵی نین ئەوە بێ هزریی سیاسەتە بەوەی گەیاندوون کە ئێستا تێیدان. بۆیە زۆرینەی کۆمەڵگەی گەندەڵ دەبێ سەرلەنوێ پێناسەی واتای وەک سیاسەت و سیاسی بکاتەوە، بەڵام پێناسەکە نابێ لە پێناسەی تاکی، هاوولاتی، ئەم کۆمەڵگەیە دابڕدرێ. ئەوەش کە ئەم کۆمەڵگانە ئاوا سەیری سیاسەت و سیاسی دەکەن لە گەلێ سەرەوە پێوەندی بە خودی باری ئاگاییی سیاسیی ئەم کۆمەڵگانەوە هەیە پێش دووچاربوونیان بە درمی گەندەڵی. هەر تایبەت بەم لایەنەش تیۆرییەک هەیە کە بەم جۆرەیە: هەندێ بۆ ئەوە دەچن شوێنێ وەک کوردستان، کە لەژێر سایەی ستەم و جەوری زۆری سیاسی بووە، بیرکردەی سیاسییەکانە لە ستەم و جەور ڕزگاری بووە. خۆی ئەمە گریمانێک سیاسیی هەڵە و ناتەواو نییە، بەڵام ناشکرێ ئەمە بکرێ بە بەهانە بۆ مانەوە لەناو گەندەڵ و ناپاکدامێنیی ڕەوشتی، یان گۆڕینی ستەم و جەور بە گەندەڵ و بەدی. چونکە کاری چ تاکی کۆمەڵ بەگشتی و چش تاکی سیاسی بەتایبەت هەنگاونانە بەرەو گۆڕین بەهیوای باشترکردن و ڕاسترکردنی شتەکان. واتە تاکی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ لەمەولا نابێ شەرمی ئەوە دای بگرێ ئەم تاکە سیاسییەی ئەمڕۆ ڕابەرایەتیی دەکا قارەمانە سیاسییەکەی دوێنێیە کە بەگژ دیکتاتۆردا دەچووەوە. ئەم گریمانە ئەو دەمە دەشێ ڕاست بێ کە تاکی سیاسیی ڕەفتار هزرەڤان و بیرتیژ و خەیاڵقووڵ بێ؛ نەک گەندەڵ و بێباک و کەمتەرخەم. بۆیە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی سیاسی و ئەرکەکانی هەروەها سیاسی و مافەکانی لە ئێستای کوردستان زێدە گرینگ و پێویستە. ئێمە ئەوەش دەڵێین کە سیاسی، وەک گشت تاکەکانی تری کۆمەڵگە، شایانی ئەوەیە مافەکانی لە کۆمەڵگە بەدەست بهێنێ، بەڵام سیاسی دەبێ لەوەش بەئاگا بێ مەرجە توانای بەجێگەیاندنی ئەرکیشی هەبێ. ئەو کە هزرەڤانی کۆمەڵگەیە و نوێنەری زۆرینەی تاکەکانیشە لە بری ئەوە پێویستە بیرخاوێن و خەیاڵبەرین و قووڵ بێ نەک خۆپەرست و مشەخۆر و وێرانساز. چونکە گەر

تاکی سیاسی بێ باک و بێ هزر و بیرکورت بێ، هیچی لە زۆربەی تاکەکانی تری کۆمەڵگە جیاواز نابێ، بەمەش کۆمەڵگە نەک هەر دەبێ بە گەندەڵستان بگرە دەبێ بە دۆزەخێکیش بۆ گشت تاکەکانی کۆمەڵگە. ئەمەش کە برینی سیاسی لە کۆمەڵگە بۆ هەتایە دروست دەکا کە سارێژکردنی سانا نییە. هیچ نەبێ تا گەندەڵی مابێ برینە سیاسییەکان کە لە ئاکامی بێ هزریی سیاسییەکانەوە دروست بووە چارەسەرکردنیان نەشیاوە.

بەپێی ئەو چەند دێرەی لای سەرەوەش بێ، پێ دەچێ ناهزرەڤانی تاکی سیاسیی کۆمەڵگە شتێکی زۆر مەترسیدار بێ و ڕەنگە گەندەڵ و بەدی بەشێ بن لە ئاکامەکان. چونکە هاتنی زۆرداری سیاسی بۆ کۆمەڵگە ڕەنگ نییە هەر بەری کودەتایەکی سیاسیی سەربازی یان گۆڕانی ئایدیۆلۆجیی توند بێ لە سیستەمی سیاسیی وڵات، ڕەنگە و زۆر ئاساییشە گەندەڵ و بەدیش توانای هێنانی ئەو ئەزموونە سیاسییە تاڵ و ژەهراوییانەی هەبێ (لێرە مەبەستمان ئەزموونی سیاسیی زۆردارییە). بەڵام بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسیە و دوورکەوتنەوە لە گریمان گرینگترین شتێ دەشێ لەم حاڵەتانەدا بکرێ پێکەوە کارکردنی تاکی سیاسی و تاکی ئاسای کۆمەڵگەیە. تاکی سیاسی کە پێویستە کاوێژی ئەزموونە سیاسییەکانی مێژووی خۆی نەکا و پارێزەری دەستکەوتە نەتەوەییەکانیش بێ، کە ئازادی و ئاسایش بەشێکن لێی، مەرجە لە تەک تاکەکانی کۆمەڵگە ڕاستگۆ و کراوە و خوڵقێنەر بێ. ئەمە کە سەختە زوو و بەجۆرێکی ئۆتۆماتیکی بێتە دی کارکردن و بیرکردنەوەی زۆری دەوێ. چونکە خودی کردەی سیاسی تێکەڵێکە لە کردەی بیرکردنەوە و پێکەوە کارکردن. ئەم پێکەوە کارکردنە کە ئەستەمە بەئاسانی بێتە دی پێویستی بەوەیە تاکی ئاسای کۆمەڵگە ئەو باوەڕەی لا دروست بێ سیاسی واتە هزرەڤان و سیاسەتیش واتە کردەیێ لە هزراندنی ئاڵۆز. بەڵام ئەم تاکە ناکرێ و ناشێ ئەم دیتنەی لا دروست بێ گەر خودی سیاسی وەک هزرەڤانێکی هزرتیژ، هزرڕوون و هزرقووڵ ڕەفتار نەکا. لێرە مەبەست لە گوزارەی ڕەفتارکردنی سیاسی دیسانەوە هزراندنە. چونکە تەنیا لە ڕێگەی هەڵسوکەوتە هزرڤانییەکانەوە دەکرێ و دەشێ تاکی کۆمەڵگە لە هەنگاو و ڕەفتارەکانی تاکی سیاسیی کۆمەڵگە بگا. بەشی زۆریش لە ئێمە دەزانین و چاکیش لەوە دەگەین کە زۆربەی کۆمەڵگەکانی گەندەڵ، بۆ نموونە کوردستان، ڕابردوویەکی تاڵ و تراجیدی ئامێزیان هەبووە بەڵام ئەم لایەنە نە پاساودانی ئەو گەندەڵ و کۆلاپسە ئابووری و ئیداری و سیاسییە دەکەن جەستەی کۆمەڵگەی هەلاهەلا کردووە و نەش تیماری هیچ یەکێ لەو تاڵی و تراجیدیایانە دەکەن بە ملی مێژووی ئەم کۆمەڵگەنەوەن، بگرە بەپێچەوانەوە ئەم جۆرە کۆمەڵگانە کە بەم جۆرە نەهامەتییە سیاسی و ئابووری و یاساییانە تێ پەڕیون و تێ دەپەڕن گەر زوو کار بۆ چارەسەرەکردنی کێشەکانیان نەکەن زۆر ئاساییە ببنە مۆڵگەی چەندان گرووپ و تاقمی ڕقپەرست و زەبرخواز و پاتۆلۆجی (بۆ نموونە تاقمەکەی کابرای ناوبراو بە شێخ زانا یەکێکە لەوانە). بۆیە گەڕانەوەی هەردوولا، تاکی سیاسی و تاکی ئاسای کۆمەڵگە، بۆ ناو هەناوی کۆمەڵگە تاکە چارەسەرێکە لە بەردەم کۆمەڵگەی گەندەڵدا. ئەڵبەتە ئەم گەڕانەوەیەش تەنیا ئەو دەمە مەیسەر دەبێ کە کۆمەڵگە لە گەندەڵی پاک ببێتەوە و دادپەروەری و یەکسانی ببن بە بناغە بۆ ژیان. ئەمە کە دەرگە لە پاکدامێنیی ڕەوشتی دەکاتەوە بەردی بناغە بۆ

ڕەوشتی چاکەش لە کۆمەڵگە دادەنێ کە دوژمنی هەرە گەورەی گەندەڵییە.

دەمانەوێ ئەوەش بڵێین کە ئەوەی سیاسەت هزراندنە (بیرکردنەوەیە) ئەمە باوەڕی فەلسەفییە و پرۆسەی ئاڵۆزیی فەلسەفیشی لە پشتەوەیە. چونکە سیاسەت نە ئەو وازیگا (گەمەگا)یەیە بەشێکی زۆر لە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ بۆی دەچن و نەش ئەو هاوینەهەوارە نەتەوەییەیە هەر هاووڵاتییەک بیەوێ بەئارەزووی خۆی پشووی تێیدا بدا. ڕەنگە لە داهاتووی دوور دوای کارکردن و بیرکردنەوەیەک زۆر بەری سیاسەتکردن ببێ بەو هاوینەهەوارە و هەموو پێکەوە پشووی تێیدا بدەن، بەڵام هیچ کات شوێنێک نییە بۆ وازی، وازیی سیاسی، هیچ نەبێ لەو شێوە وازییە سیاسییانەی لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا باون، کە کتومت ئەوانەش لە کوردستانی ئەمڕۆدا وەبەر دەهێنرێنەوە. بۆ ئەوەی ئەوی دواتر دەیڵێین پتر مانادارتری بکەین دەمانەوێ دان بەوە بنێین کە گشت سیاسەت گەندەڵی بەرهەم ناهێنێ و بگرە تەنیا ئەو جۆرە سیاسەتکردنانە گەندەڵیهێنەرن کە لە کۆمەڵگەی کۆلاپسدا پیادە دەکرێن. واتە لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی سیاسەتکردن لە کۆمەڵگە کۆلاپساوییەکان ئەوەیە سیاسەت وەک بواری هزری تەماشا ناکرێ و بگرە سیاسەت بەزۆری بەشێکە لە یاری (وازی)ی گەورە، واتە لەو شوێنەی کەسێک دەدۆڕێ کەسێکی تر براوەیە ئەم وازییە کە کەم کورد بەسەرکەوتوویی لێی هاتووەتە دەر بووە بە فاکتەری سەرەکی بۆ سیاسەتکردنەکانی کورد. لێرەوە دەمانەوێ بڵێین، بەشێکی زۆر لەو وازییە سیاسییانەی جارجارە لە تەکماندا کراوە (کورد و ئەوی تر) و جارجارەش لە تەک یەکدا کردوومانە (کورد و کورد) نیشانەن لەسەر ئەوەی تێگەیشتنی ئێمە بۆ سیاسەت تێگەیشتنێکی سۆفستاییە. بۆ ئەو مەبەستەش دەڵێین گەر ئەو یارییە سیاسییانەی کورد لە تەک دوژمنانی کردوونی بە زیانی کورد گەڕابێتەوە، ئەوا کورد لەو یارییە سیاسییانەی لە تەک خۆ و لەناو خۆشیدا کردوونی هەر بە زیانی خۆی، واتە کورد، گەڕاونەتەوە. چونکە لەو شوێنەی کورد براوە بووە، کورد دۆڕاویش بووە. ئەمەش لەبەرئەوەی تەرەفی دووەم دیسانەوە کورد بووە کە دۆڕاو بووە. ئەگەر دۆڕانیش بەشێکی بێ لە ڕابردوومان پێمان وایە ڕابردوو دەبێ شی بکرێتەوە. شی بکرێتەوە نەک بپەرسترێ یان بەردەوام بجووێنرێ (جووین لێرە مەبەستە).

لەوی لای سەرەوە وتمان مەبەست تەنیا ئەوە نەبوو، بڵێین سیاسەت نەک هەر وازی نییە بگرە جوینی ڕابردووش نییە. بەڵام ئەوەی سیاسەت جوینی ڕابردوو نییە بەو مانایە نایە ئێمە لە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕانە کەمتەرخەم بین ئەوەمان بیر دەخەنەوە چرکە سیاسیەکانی ڕابردوومان نالۆجیکی و ناماتماتیکی بوونە. ئێمە پێویستمان بەوەیە ڕابردوو خوێنەری هزرکار و هەست تیژ بین بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئێمە هەمیشە لە ڕابردووا بژین و ئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە بپەرستین. هۆی ئەوەی ئێمە دژی ئەوەین ناشێ ڕابردووپەرست بین بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە ئێمە لە مێژووی سیاسیماندا هەرگاڤ خەریکی هەڵدانەوەی ڕابردووی سیاسیمان بووینە و موخابن، هیچیش لەم هەڵدانەوەیەی ڕابردوو فێر نەبووینە. بەواتای تر، ئێمە ناشێ لەسەر حسێبی تێگەیشتن لە ئێستای سیاسیمان بەردەوام بگەڕێینەوە سەر ڕابردوو، بەڵام لەبەرئەوەی ڕابردووی سیاسیی ئێمە تا بڵێی پڕ بووە لە بیماری بۆیە ئەم ڕابردووە، تا ئەو شوێنە دەشێ ئاوڕی لێ

بدرێتـەوە کـە بـوارێک بێ بۆ لێـوە فـێـربوون. ئـەمـەش دەشێ بکرێ بەمـەرجی دووبـارەنەکـردنەوەی ئەوەی لە ڕابردوودا شـکسـتی و بـەتاڵی و جـووین بـوونە. ئەمـەش لـەبەرئەوەی خـوێندنەوەی ڕابردوو بەو جـۆرە دەکـرێ هەنووکـەی سـیـاسـیـمـان بکـوژێ. هەنووکـەی سـیـاسـیـمـان کـە دروسـتکەری داهاتووشـمـانە دەبێ لەسـەر بناغـەی ئەو سـیـاسـەتە دابمەزرێ هزر بـەرهەمـهـێنەر بـێ. بۆ ئەوەی سیاسەتیش هزر بەرهەمـهێنەر بێ، سیاسەت بەدڵنیاییەوە پێویستی بەوە دەبێ ڕاست بێ. واتە تەنیا سـیـاسـەتی ڕاسـتـەقینە دەتوانێ هزر بەرهـەمـهێنەر بێ. چونکە جۆرەکانی تری سـیـاسـەت (دیماگۆگی، هەڵپەرست و تاکرەو، تا دەگاتە سیاسەتی نامرۆیی) ناتوانن هزر بەرهەمـهێنەر بن، نەک هەر لەبەرئەوەی تاکی سیاسی بیرمەندئاسا کار ناکا، بگرە خودی کردەی سیاسییش لەناو ئەم جۆرە سیاسەتانەدا زۆر نالۆجیکی و ناخوڵقێنەرە.

بۆیە سـیـاسـەتی ڕاست و هزرئـامـێـز پێویسـتی بـەوە نییـە هـەردەم پێـیـەکی لـەناو مـێـژوودا بـێ بەتایبەت ئەو سیاسـەتانـەی مێژوویەکی بیمـار و بێ هزریان هەیە. بەڵام ئەم حـاڵەتە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا بەم جۆرە نییـە. ئەمەش تەنیـا لەبەرئەوەی سیاسـەتی، سیاسـەتکاری، کۆمـەڵگەی گـەندەڵ ناتوانێ هـەمـوو کات قـاچێکی لەناو ڕابردوودا نەبێ. ئەم (واتە سـیاسـەتی کۆمـەڵگەی گەندەڵ) ئەمـە لەبەر ئەوە ناکا تا ئەو ئەزموونە تاڵانە دووبـارە نەکاتەوە کـە تێیدا ژیاوە بگرە لەبەر ئەوە ئەمـە دەکا تا بە تاکی ئێسـتـای کـۆمـەڵگە بڵـێ فـەرمـوو: "ئەوە ڕابردووتـە و من بەمـەم گـەیانـدووی". واتە تاکی سیـاسیی کۆمـەڵگەی ناوبراو لە ڕووی سیاسییەوە لەوە ناگا ئێستـای کۆمەڵگە کـاوڵکە و خـەراباتە، بگرە ئەوەی ئەو هەردەم لە بـەرچاوی دەگرێ ئەوەیە "مـەڕەکان ترسی گورگەکەیان لەسـەر نەمـاوە". لەوە سـەیرتر ئەوەیە سـیـاسـیی کۆمەڵگەی گـەندەڵ نایـەوێ لەو بگا ئێستـا مـەڕەکان لەبەر هێرشـی گورگی تردان بگرە ئەو هەر ئەو قـەوانە سیاسییـە دەچرێ کە ئیدی دیکتاتۆر نەمـا و لەسێدارە درا. ئەم درامـایەش زۆر لە درامـای ڕووسـەکـان دەچـێ. بۆ نموونە ئەو عـەزابە سـیـاسـیـیـەی هـاووڵاتیی ڕووس سـۆڤیـەتی جـاران لەژێر سـایەی تۆتالیتـاریزمی ستـالین دەیکێشـا ئێستـا لەژێر سـایەی ئەو ئابووریزمـە ئەهریمەنییـەدا دەکێشێ کە سـەرمایـەدارییی بەرەڵا و بێ سنوور بۆی دروست کـردووە. بۆیە گـەورەترین گـرفـتی سـیـاسـی ئەوە نییـە لـە هەنووکـەدا نـەژی، بگرە ئەوەشـە بەردەوام ئەوە بجوێتەوە کە هەرگاڤ جویوتەتەوە.

ئەوەی لای سـەرەوە باس کـرا تاکە گرفـتێک نییـە تاکی کۆمـەڵگەی گەندەڵ بەهـۆی سـیـاسـەتێ ناهزری و نالۆجیکی دەیژێ، بگرە ئەم تاکە لە گەلێ حاڵەتی تریش دەژی کە هەر هەموو تا ئەوپەڕی گرفتهێنەر و دژواری دروستکەرن. یەک لەوانەش کە لێرە شایانی باسە ئەوەیە سیاسیی کۆمەڵگەی گەندەڵ سیاسییەکی بێ گفت و هەڵپەرستە. ئەم خاسڵەتەش وای لێ دەکا ئامادە نەبێ بیری دوور و تیژی هـەبێ. ئەمـەو ئەم جۆرە سیاسـییانـە خەیاڵی سـەرلەنوێ دروسـتکردنەوەشـیـان پچڕپچـڕ و پەرت و نایەکانگیرە. لەبەرئەوەش سیاسیی کۆمەڵگەی ناوبراو بەزۆری و تەنیا لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندیی قـەبیلە سـیاسـییـەکەی خـۆیدایە، زۆر ناپەرژێتـە سـەر ئەو وردەکارییـە سـیـاسـیـیـانەی شـیـاویی ئەوەیان تێدایە ژیانی تاک لە کۆمـەڵگە بگۆڕن و ئابووری (سـامـان)ی نـەتەوەش بپارێزن. هـەر ئەم خـەسـڵـەتەش وا لە سـیـاسـیی کۆمەڵگەی گـەندەڵ دەکا، بێ باک و نزیکبـین بێ. یان تاکی

سیاسیی کۆمەڵگەی گەندەڵ ئەوەندە باکدارە و ئەوەندەش دووربینە کە لە شار و ناوچەکەی خۆی ڕوو دەدا. واتە ئەوەی لە دەرەوەی سنووری سیاسی، باشتـرە بڵێین حزبی، خۆی ڕوو دەدا نە باکداری دەکا و نەش زۆربین. بێ باکی و نزدیکبینی کە نابێ لە سیاسیدا هەبن لە کۆمەڵگەی گەندەڵ بۆ سیاسییەکان بەهەموو شێوەیە بووە بە نیعمەتێک ئەوپەڕی سیاسەتی بەسەرەوە دەکرێ. بۆ ئەوەی لەم یارییەش بەئاسانی بێتە دەرێ، سیاسیی کۆمەڵگەی ناوبراو، قەد ناخوازێ ئەم کۆمەڵگەیە لە مێژووەکەی دابڕدرێ. هەر بۆیە سیاسیی کۆمەڵگەی گەندەڵ زوو زوو باسی جەور و ستەمی زۆردارانی ناو مێژوو دەکا چونکە بەوە لەلایەکی دەتوانێ پاساودانی بێباکی و نزدیکبینی خۆی بکا و لەلایەکی تر مێژووش (مێژووی سیاسیی نەتەوە لێرەدا مەبەستە) بەوە تاوانبار دەکا بەرامبەر بە تاکی کۆمەڵ (کورد لێرە مەبەستە) بێ وەفا و بێ بەزەی بووە. وەک بڵێی مێژووی سیاسیی نەتەوە کابرایەک بێ و غەدری لێ کردوبێتێن و چیمان هەیە لە سامان و هزر بۆ خۆی بردێتی. هەر بۆیشە مێژوو یەک لەو شتانەیە سیاسیی کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردستان بەبەردەوام دەیلاوێنێتەوە و جارجارەش تۆمەتی عەجیب عەجیبیشی دەخاتە پاڵ. بەڵام سیاسیی کۆمەڵگەی ناوبراو نازانێ دروستکردنی شتێ بەناوی مێژوو و ڕەجمکردنی، تیماری ئەو گەندەڵە سیاسییە ناکەن جەستەی سیاسیی نەتەوە هەلاهەلا کردووە. بگرە ئەوەی تیماری دەردی ئەم جەستەیە دەکا ئەوەیە کە سیاسیی کورد، سیاسیی کۆمەڵگەی گەندەڵ، پێویستە وەک بوارێک لە هزر تەماشای سیاسەت بکا. نەبوونی سیاسەتیش بە هزر و تەماشانەکردنی سیاسیی ئێمە بۆ خۆی وەک هزرەڤان مانای بۆ بوونی گەلێ لەو دیتنە سیاسییە چەوت و کەم تەمەن و ناقووڵانە هەن ڕۆژانە کارگەی سیاسەتکردن لە کوردستان بەرهەمی دێنێ.

سەبارەت بەوەش لە دوا دێڕی پەرەگرافی لای سەرەوە وتمان، دەمانەوێ ئەوەش بڵێین، کارگەی سیاسەتکردن لە کۆمەڵگەی گەندەڵ کارگەیەکی یەکجار داوەشاو و کالآ (شمەک) خراپە. ئەندازیارانی سیاسیی ئەم کارگەیە متمانەیان بە کرێکار و کڕیار نییە. ئەم کارگەیە بۆ ئەوەی باشترین شمەک یان بەروبووم بەرهەم بهێنێ پێویستی بەوەیە هەندەسەی دامەزراندن و بیناسازیی ئەو ساختمانە، کە بووە بە شوێنی کارگەکە، لەبنڕا بگۆڕێ. ئەم کارگەیە بۆ ئەوەی کالآی تایبەت و گرانبەها دروست بکا پێویستی بەوەیە لە ژینگەی ئایدیۆلۆجیی خاوێندا کاری خۆی بکا ئەم کە ئەمە ناکا ناتوانێ ژینگەی سیاسیی خۆشی بپارێزێ. ئەم کە ئەمە ناکا بەروبوومەکانی جێی باوەڕ و متمانەی کڕیارەکان نین. ئەم کە ئەمە ناکا لەبەرئەوەیە وەستا و کارمەند و شارەزا و پسپۆڕی چاکی لە دەوری خۆی کۆ نەکردووەتەوە. ئەم کە ناتوانێ ئەمە بکا، چونکە خەزێنەی هزری و سەرمایەی هزریی بەتاڵ و بۆشە. ئەم کارگەیە، کارگەی سیاسەتی کوردی، بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە پێشبڕکێوە، ئەم کارگەیە بۆ ئەوەی بکارێ شمەکە سیاسییەکانی بێ ترس و بەفیزەوە لە هەر کوێ بیەوێ ساغ بکاتەوە پێویستی بە گۆڕینی هزری کارکردنە لەم کارگەیە. واتە پێویستی بە گۆڕینی کارمەند و ئەندازیار و نەخشەی بەرهەمهێنانە لەم کارگەیەدا. ئەم کارگە سیاسییە بۆ ئەوەی ببێ بەجێی باوەڕ و متمانەی کڕیاران و کارگەکانی تریش پێویستی بەگۆڕینی سیستەمی کارکردن و بەڕێوەبردنە، هەروەها پێویستیشی بەوەیە کرێکار و خاوەن

ئەزموونەکان لەسەر خۆدروستکردنەوە و خۆنوێکردنەوە ڕابهێنێ. ئەمانەش دەبێ بەشێوازێکی لەسەر دروستکردن و نوێکردنەوە ڕابهێنرێن زۆر خولقێنەر و داهێنەرانە دواتر بێنەوە مەیدانی کار. کەواتە مەبەست لە گۆڕین لێرە بێکارکردنی کارمەندانی ئەم کارگەیە نییە، بگرە دەستگرتن و ڕاهێنانیانە لەسەر شێوازی تازە و مەشقی نوێ. تەنیا بەمە و بەم شێوەیە کارگەی سیاسەتی کوردی دەتوانێ لە گەندەڵی و دارمان دەرباز بێ. چونکە ئەم تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەکارێ هزر بگۆڕێ و هزرەڤانی، نەک سەفسەتەی ڕەوانبێژیی بەتاڵ و وازیی سیاسیی هەرزان، بکا بەبناغە بۆ سیاسەتکردن. ئەمەش بەدڵنیاییەوە ڕێگە لە پاکدامێنیی ڕەوشتیش دەکاتەوە و تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر بەرهەمهێنانی ڕەفتاری باش ڕادێنێ.

## گەندەڵبوونی داد و هۆشیاریی یاسایی

# نەشونمای نادادپەروەری و نامافسالاری

بەبۆچوونی فەیلەسووفێک وەک ئالێن بادیو لە ئەفلاتوونەوە تا ئەمڕۆ ئەو وشەیەی سەرنجی گشت فەیلەسووفان بەرەو سیاسەت ڕادەکێشێ "دادپەروەری"یە[٣٤] بەڵام پرسیاری ئێمە لەم حاڵەتەدا ئەوەیە چۆن دادپەروەری (عەدالەت، جاستس) لە هەندێ کۆمەڵگە، بۆ نموونە کۆمەڵگەی گەندەڵ، دەشێ ڕاڤە بکرێ لە کاتێکدا خودی سیاسەت هێشتا بە وردی ڕاڤە نەکراوە؟ ئەمە پرسیارێکە ڕووبەڕووی گشت ئەوانەش دەبێتەوە نەک هەر سیاسەتکردن پیشەیانە بگرە لە گەشەی هۆشیاریی یەکسانیش لە کۆمەڵگەدا بەرپرسیارن (بۆ نموونە یاساناسان، مافخوازان، دادپەروەران). چونکە بەبۆچوونی فەیلەسووفێکی فرەنسایی وەک ژاک ڕانسیێر پێوەندییەک لە نێوان سیاسەت و یەکسانیدا (ئێکوالیتی) هەیە. ئەم فەیلەسووفە بۆ ئەوە دەچێ سیاسەت ئەو چالاکییەیە پرەنسیپی بناغەی یەکسانی پێک دێنێ[٣٥]. ئەم دیتنەی ئەم فەیلەسووفە فرەنسایییەش بۆ ئێمە ئەوە دەگەیەنێ سیاسەت بۆ واتای یەکسانی مانادارە، بۆیە کاتێ لە دوو تۆی ئەم نووسینە دێینە سەر بابەتی گەندەڵی جەخت لەوە دەکەین یەکسانی کە بەهۆی دیاردەی گەندەڵییەوە ڕوو لە دارمان و نشێوی دەکا کردەی سیاسی لەم ڕووەوە تاوانکارە. کەواتە لە کۆمەڵگەی گەندەڵ ڕاڤەکردنی سیاسەت داوای ڕاڤەکردنی گشت ئەو شتانە دەکا سیاسەتی ڕاگرتووە و ئەو شتانەش کە سیاسەت ڕای گرتوون ئەڵبەتە یەک لەو واتایانەش سیاسەت لەم کۆمەڵگانە ڕاگریەتی مەسەلەی دادە. بەڵام هەوڵی ئێمە لەم حاڵەتەدا بۆ ڕاڤەکردنی سیاسەت لە ڕێگەی ئەو وتنانەوە دەبێ کە تایبەت بەدۆزی مافسالاری و یاساپەروەری دەیهێنینە پێشەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی، وای دەبینین زیندانیکردنی ماف (هەق) و داد (عەدل) لەلایەن سیاسەتەوە بناغە بۆ نادادپەروەری و نایاساسالاری لە کۆمەڵگە دادەنێ. واتە ئەو وەختەی یاسا و داد لە کۆمەڵگەدا خۆیان لە تاوانە ئابووری، دەستدرێژییە سیاسی و ناتەباییە کۆمەڵایەتییەکان گێل دەکەن بەوە خۆیان گەندەڵ و بێ کەڵک دەکەن. هۆی ئەوەش تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاری دادخواز و یاساناس تەنیا کارێکی هوقووقی (مافی)ی ئەبستراکت (موجەرەد) نییە بگرە کار و ئەرکێکی موڕالی (ڕەوشتی) و بووناویشە هەر بۆیەشە فەلسەفەی ماف (هەق) هەردەم بەشێک بووە لە بەشەکانی فەلسەفە و دادوەریشی بەسەر فەلسەفەی سیاسیشەوە کردووە، بۆ نموونەش لای کانت، هیگل یان نوزیک و ڕاولز و.. هتد ئەمە بەجوانی دەرکەوتووە.

بەڵام با ئەوەش بڵێین، بوونی بابەتی داد و یاسا لە کۆمەڵگە بەبابەتی لێکدانەوە و تێڕامان تەنیا کاری یاساناس و مافخوازان نییە، بگرە کاری ئەو دەستەبژێرەشە هزر بەرهەمهێنەرن، ئەگەر

واش بێ، ئەوا لێرەوە تا ئەندازەیەک شتەکان ڕەوتێکی تر وەردەگرن. ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی کاری هزرەڤانی کارێ ئونیک و تایبەتە و ناشێ ئەم کارە گشتی و باو بکرێ. بۆیە کۆمەڵگەی گەندەڵ لەبەرئەوەی لەم ڕووەوە کێشەی خۆی هەیە، ناکارێ هەنگاوی بێ وێنە و شاز بنێ یان هیچ نەبێ لە ئێستادا ناتوانێ ئەوە بکا. ئەم لایەنە کە پێوەندیی بە کەموکوورییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە وتاری ڕووناکبیری و هۆشیاریی یاسایی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەواتایەکی تر، لە کۆمەڵگە گەلێک وەک کۆمەڵگەی کوردی ئەمڕۆ کە بێ بیرمەندی و بێ بیرکاری پێوە دیارە، تەنگژەی نەبوونی تیۆریزەکەری یاسایی و دادیشی پێوە دیارە، چونکە ئەو گۆڕانە گەورەیەی هاتووەتە سەر هۆشیاریی یاسایی و واتای ماف شتێکە لەناو دەستەبژێرانی داد و یاسا لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردی لە بەرچاو ناگیرێ یان شیاوی ئەوە لە ئارادا نییە ئەو گۆڕانکارییانە بگەیەنرێن و دواتر پراکتیزەش بکرێن. بۆیە زۆر ئاساییە هۆشیاریی یاسایی و دادی لە کوردستان لە ئاستێکی نزم بێ، بەڵام ئەمە پاساودان بۆ ئەو گەندەڵییە دادییە ناکا لە کۆمەڵگە دەژی. چونکە نەبوونی پسپۆڕی نوێ لە بواری ماف و داد و کەمیی ڕێژەی تیۆریزەکەرانی یاساییش بەو مانایە نایە کە دادگە دووچاری گەندەڵی بێ و یان مافناس و یاساپەروەران لەو گەندەڵییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە بێدەنگ بن، کە کۆمەڵگەی لە گشت لایەکەوە تەنیوەتەوە. چونکە دەستەبژێری یاسایی و هوقووقیی کوردی لە دەستەبژێرە کۆنەکانی نێوەندی ڕووناکبیری و ئەکادیمیی کوردین.

پێش ئەوەش بێینە سەر ئەم بەشەی نووسینەکەمان دەمانەوێ ئاماژە بەوە بکەین ئەوەی ئێمە لەم نووسینە کورتەدا تێی ڕادەمێنین گفتوگۆ تیۆرییەکان نین نە لەسەر فەلسەفەی سیاسی و نەش لەسەر فەلسەفەی ماف، کە هەردووش دەچنە خانەی فەلسەفەی پراکتیکەوە، بگرە ئەو لایەنانەن پێوەندییان بە ڕادەی دۆزی مافسالاری و دادسەروەرییەوە هەیە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستان. لەبەرئەوەش ئێمە هەر لە سەرەتای نووسینەکەمانەوە کۆمەڵگەی ناوبراومان بە کۆمەڵگەیەکی گەندەڵ ناوزەد کردووە بۆیە ئەو دەمەی وتن لەسەر کۆمەڵگەی گەندەڵ دێنینە گۆ پێویستە داد و یاسا زۆرترین سەرنجیان بخرێتە سەر، چونکە پاش ئەوەی گەندەڵی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستاندا زۆری خایاند و گشت بوارەکانی کۆمەڵگەشی گرتەوە، پێویستە چاوێک بەتوانای داد و یاسا لەم کۆمەڵگەیەدا بخشێنرێتەوە و تێبینیی ڕادەی مافسالاری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش بکرێ.

لەم سەرەتایەشەوە لەوێوە دەست پێ دەکەین کە، لەبەرئەوەی گەندەڵی لەگەڵ پرۆسەی ئازادیدا هاوکات هاتە کایەوە، واتە دوای ئەوەی گەندەڵی لەگەڵ ڕاپەڕین دەستبەجێ بوو، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی سیاسی گەندەڵی بەلاوە مەسەلەیەک نییە، لەبەرئەوەی گەندەڵی وردە وردە فۆرمی جیا جیای لە کۆمەڵگەدا وەرگرت و کەوتە ناو هەناوی گشت دامەزراوەکانیشەوە، لەبەرئەوەی سیاسەت بوو بە پاڵپشت و فاکتەرێکی سەرەکیی پیشەسازیی گەندەڵی، لەبەر هەموو ئەمانە و لەبەر گەلێ شتی تریش کە وردە وردە لە دوو توێی باسەکانی ئەم نووسینەدا دەخرێنە بەرباس بەلامانەوە مەبەستدارە ڕۆشنایی بخەینە سەر دۆزی داد و هۆشیاریی یاسایی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی

کوردستان کە بەکۆمەڵگەی گەندەڵ، لە دوو تۆی ئەم نووسینەدا، ناوزەد کراوە.

سەرباری ئەوی وترا، ئەوەش گرینگە بوترێ، کاتێک واتای ماف و هەقداری لە کۆمەڵگەیەک ڕوو لە گەنیوی دەنێ، دەبێ ڕووناکبیرانی ناگەندەڵی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە بۆ تێگەیشتن لەم ڕووداوە بگەڕێینەوە سەر شتێکی تر. بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە دەمانەوێ لە دوو تۆی ئەم نووسینە بگەڕێینەوە سەر شێوەی ڕەفتارکردن لەم کۆمەڵگەیە لە تەک داد (عەدل)دا. بەڵام هەر ئەم لایەنە بەس نییە بۆ ئەوەی لەو پرسیارە بگەین بۆ ماف لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە ڕوو لە گەنیوییە؟ واتە ئێمە دەبێ شتێکی تریش بکەین، بۆ نموونە دەبێ هەوڵ بدەین لەو پرسیارەش بگەین: چەند دەسەڵاتی سیاسی لەم جۆرە کۆمەڵگانە مافپەروەرە و چەند لە وشەی دادیش دەگا؟ بۆیە و بۆ ئەوەی دۆزی داد و هۆشیاریی یاسایی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستاندا بخەینە بەرباس بەپێویستی دەزانین گرفتی داد لە کوردستان لە چەند ستوونێکدا ئامار بکەین کە خۆی لە هەندێ حاڵەتدا فۆرمولێرە دەکا:

یەکەم: ئەوەی بێ ئەندازە شاز و نارێکە ئەوەیە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا داد خۆی ناکا بەخاوەنی هیچ جۆرە گفتوگۆیێ کە بەکێشەی سیاسیی ولاتەوە تایبەتە. ئەمەش دەلیلە لەسەر لایەنداریی داد و بێهێزی یاسا. ئەمە و داد خۆی لەو نادادپەروەرییەش کەڕ کردووە گەندەڵیی حزبی و سیاسی دروستی دەکا کە ئەمەش سەروەریی یاسا و دادسالاری لە کۆمەڵگە لەکەدار دەکا و ڕێگەش بۆ گەندەڵیی دادی و بێ مافی خۆش دەکا. چونکە کە داد ترسنۆک و هیچنەکەر بێ دەسەڵاتی سیاسی ئەوەی بیەوێ دەیکا. بۆیەشە پێشێلکارییە گەورەکان سیاسین و هەر بۆیەشە مەترسیدارن. جا ئەوە پێوەندیی بە سیستەمی هەڵبژاردنەوە بێ تادەگاتە کاری وەک تاڵان و شەڕی براکوژی و دەستدرێژییە ئابوورییەکان کە بەخۆیان دەستدرێژین بۆ سەر سامانی نەتەوە: ئەو شتەی (واتە سامانی نەتەوە) هیچ کات نەبووەتە بابەتی تێڕامانی یاساخواز و دادپەروەرانی کورد و، ئەڵبەتە ئابووریناسانیش.

دووەم: داد خۆی لە قەرەی دیاردەی گەندەڵی نادا و ئاگای لەوەش نییە گەندەڵی فۆرمی نوێ لە هەژاری و تاوانی ئابووری و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە دروست کردووە. چونکە یەک لەو گرفتانەی بە ناهۆشیاریی یاسایی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردییەوە تایبەتە ئەوەیە یاساناسانی کورد پێوەندی لە نێوان گەندەڵی و زیادبوونی ڕادەی تاواندا نابیننەوە. چونکە گەندەڵی کاریگەریی دەروونی دەخاتەوە و ڕێگەش لە بەردەم تۆڵە و زەبریش دەکاتەوە. بەشێکی زۆریش لەوانەی ڕوو لە کاری تیرۆریستی دەکەن، بەوە شەرعییەت بە کارە تیرۆرییەکانیان دەدەن کە "شار پڕ بووە لە دزی گەورە"، "شار لێوانلێوە لە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و نادادپەروەریی یاسایی".

سێیەم: بۆ زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگەی گەندەڵ بەتایبەت ئەو بەشەی دەستی لە هیچ جۆرێک لە جۆرەکانی گەندەڵیدا نییە، پرسیارە گەورەکە ئەوەیە بۆچی داد تا ئێستا ڕۆڵی لە دادگەدانی کەسێکی دیار و بەرپرسێکی ناوداری دەوڵەتدا نەدیوە؟ بەڵام ئەمانە (خەڵکە ناگەندەڵەکان)

زۆر بەئاسانی توانیویانە بەم وەڵامە بگەن: کاتێک داد و یاسا لە کۆمەڵگەیەکدا لە سەرووی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات نەبێ ناتوانێ ئەوە بکا کە لای سەرەوە لە شێوەی پرسیار خرایە ڕوو. ئەمە و کاتێ کە دادوەر لەلایەن سیاسییەوە دەستنیشان دەکرێ و کاتێ یاساکار دۆستی ڕۆحیی فلانە سیاسی و فیسکانە حزبە، داد ڕوو لە گەندەڵی دەکا و ڕادەی هۆشیاریی یاسایش لە کۆمەڵگەدا دێتە خوارەوە. بۆیە داد تەنیا لە ڕێگەی ئەو هۆشیارییە سیاسییانەوە دەکارێ زەفەر بە گەندەڵی بەرێ کە تایبەت بە میکانیزمەکانی نادادپەروەری و نایەکسانی گفتوگۆیان لەبارەوە دێنێتە پێشەوە. ئەم گفتوگۆیانەش کە خراپ نییە ئاراستەی جیا وەربگرن، پێویستە میدیاکان بکەنە مینبەری خۆیان.

چوارەم: داد لە کوردستانی ئەمڕۆ خۆی بەزۆری بەچارەسەرکردنی تاوان و دزیی بچکۆلە بچکۆلە و کێشەی وەک تاوانی تیرۆر و دەستدرێژی و بابەتی تەڵاق و شەڕی نێوان دوو تاقم و یان خاوەن ماڵ و کرێچییەوە سەرقاڵ کردووە و پشتی لەو تاوان و دەستدرێژییە ترسناکانە کردووە هەڕەشەن بۆ سەر تاک و سامانی نەتەوە. واتە داد ئەوەندە سەرقاڵی ئەو تاوانانە نییە، پێی دەوترێ تاوانی ئابووری کە ڕیشەکێشکردنی ڕۆڵی گەورەی لە کەمکردنەوەی ڕادەی گەندەڵیی ناو کۆمەڵگەی کوردیی ئەمڕۆدا هەیە.

پێنجەم: داد لە کوردستاندا تا ئێستاش لە گەلێ ڕووەوە مۆدێلی دادی عێراقی پیادە دەکا کە بەخۆی ئەو دادە لەگەڵ پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ناگونجێ، یان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە ناگونجێ کوردستانی ئەمڕۆ بانگەشەی بۆ دەکا، واتە کۆمەڵگەی دامەزراوەکان. بۆ گەلێ لە یاسازان و مافکارانی کوردیش ئەوە ڕوونە کە دادی عێراقی دادێکی کۆنە و گەلێ لە برگە و پەرەگرافەکانی هیی دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی و دەوڵەتی کۆماریی عێراق و ئەمجار هاتنە سەر دەسەڵاتی دەوڵەتی بەعسین، بەڵام گرفتی ئەو برگە و پەرەگرافانە هەر ئەوە نییە و بگرە ئەوەشە کە لەلایەکی گۆڕانە سیاسییەکانی عێراق کاریگەری بەسەر یاسای عێراقی بەجێ هێشتووە و لەلایەکی تریش ئەوەیە یاسای عێراق لە گەلێ ڕووەوە پێویستی بە خۆگونجانە لە تەک یاسا تازەکان و ئەو مافانەی تایبەتن نەک هەر بە مرۆڤ بگرە بە ئاژەڵ و سروشت و گەلێ شت و دیاردەی تریشەوە. بۆیە کە ئێمە یاسای عێراق هەڵدەگرینەوە ئەو کوموکوڕییانەش دووبارە دەکەینەوە، لەو یاسایەدایە و ئەمە و جگە لەوەی یاسای عێراقی ناواخنێکی سیاسی، نەریتی و ئاینیشی هەیە.

شەشەم: ڕێڕەو و کۆرس و وانەکانی کۆلێجی یاسا لە کوردستان پێویستییەکی زۆریان بەگۆڕانە، بەڵام ئەم گۆڕانە دەبێ لە تەک دۆزی تازەی کەسی کورددا بگونجێ. چونکە کاری ئەم کۆلێجە تەنیا ئەوە نییە مافناس و یاساخواز بۆ مەخفەر و مەحکەمەکان، یان بەڕێوەبەر بۆ ناحیە و قەزاکان دروست بکا. ئەم کۆلێجە کاری زۆر لەوە گەورەترە و بگرە کاری یەکجار گەورەشی پێ دەکرێ. ئەوەش کە ئێمە ئەم کارە دەخەینە ئەستۆی ئەم کۆلێجە لەبەرئەوەیە کە کۆمەڵگەی تازەی کوردستان لە ئێستادا بەگەلێ گۆڕانی بنەمایی ئابووری و

کۆمەڵایەتیدا تێ دەپەڕێ بۆیە پێویستییەکی زۆری بە بەکاربردنی میتۆدە یاساییە نوێکانە. ئەڵبـەتە ئەو مـیـتـۆدە نوێیـانە لەلایەکی دەتوانن بەر لە گـەندەڵی بگرن و لەلایەکی تر تاکی ئەمـڕۆی کـورد لەسـەر مـافـخـوازی و ئەرککاری ڕابێـنن. چونکە ئەوە ئەرکی مـافکار و دادخوازنی کوردە، تاکی ئەمڕۆی کورد فـێری ئەوە بکەن مـاف و ئەرک چییـە و جـیاوازیی نێوانیشیان لە کوێدایە. ئەم جـەختکردنەوەیەی ئێمـەش لەسـەر مـەسـەلەی ماف و ئەرک بۆ ئەوەیە، یەک لە گـرفتـە بەرچاوییـەکانی تاکی گەندەڵ ئەوەیە ئاگای لە مافـەکانی نییـە و تا پێـشی بکرێ خـۆی لـە ئەرک دەدزێتـەوە. بەڵام بەشـێکی زۆر لـە تاکـەکـانی تری کـۆمـەڵگەی گـەندەڵ (لەوانە سـیـاسی، ڕۆشـنبـیـر، ئەکـادیمیکار) کـێـشـەکـەیان ئـەوەیە، کـە ئـەمـەش موسیبەتێکی گەورەیە، نایانەوێ ئەرکیان هەبێ و یاخۆ ئەم تاکانە تەنیا بە وەرگرتنی ماف و وەدەستهێنانی مافەوە سەرقاڵن.

حەوتەم: نەبوونی هۆشیـاریی یاسایی و دارایی (نەختی، فینانسی) لەناو خەڵک و سیاسییەکانیش لەسەر دانی باج و بەکاربردنی پارەی باجی کۆکراوە کێشە بێ وچانی کۆمـەڵگەی گەندەڵە و ئەم کێشـەیە لە بنەڕەتدا لە پێوەندییـەکی ئەفسانەییشدایە لەگەڵ پرۆسەی گەندەڵی. چونکە سـیـسـتـەمی باجی گـەندەڵ، گـەندەڵی ئابووری (نەختـی) دروست دەکـا و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتیش گشتی دەکا. ئەوانەش کە لەم ڕووەوە بەرپرسیارییان دەکەوێتە ئەستۆ تەنیا یاسـازان و مـافکارانی کـورد نـین، بگرە ئـابووریناس و باجـزانانی کـوردیشن. ئـەمـەش لەبەرئەوەی، لەلایەک خەڵک هۆشیـارییەکی یاسایی و داراییـان لەبارەی ئەوەوە نییە بۆ دەبێ باج بدەن و دواتر پارەی باج چی بەسەر دێ و یان چۆن دەکرێ بەکار ببرێ. لەلایەکی تریش ئەوانەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا نەخشە بۆ باج کۆکردنەوە دادەنێن، سیاسییەکانن. ئەمانەش (واتە سـیاسـییـەکان) تا بڵێی ناهۆشیـاریی یاسـاییـیان بەرزە و ئاگاشیـان لەوە نییـە پێی دەوتری ئابووریی باج و ئابووریی دارایی و، لەو گۆڕانانەش ئەمڕۆ هاتوونەتە سەر ئەم جۆرە ئابوورییانە.

هەشـتـەم: تێگەیشـتنی خەڵک مـاوەیەکە بۆ داد لە کـەیسی ئەنفـال تەرخـان کراوە. بەخـۆی نە گشت داد لە کـەیسی ئەنفـال کـورت دەکرێتەوە و نەش دادی کـوردی، مـافناس و یاسـاناسی کـورد، دەتوانێ پشت لە کـەیسی ئەنفـال بکا. هـیچ نەبێ لەبەرئـەوەی بایەخـدان بە کـەیسی ئەنفـال بایەخـدانە بە تـاکی کـورد، هـەروەهـا پێـداگـرتنی مـافـیشـە لە کـارکـردن لەسـەر ڕۆچوون و بەدواچوون. واتە لەلایەکی داد پێویستی بەوەیە کوردبوونی خۆی بسەلمێنی و لەلایەکی تریش ئەوەیە کە داد نەنوستووە و لە شتەکان بەئاگایە.

بەپێـی ئەو خـاڵانەی لای سـەرەوە بێ لە کـوردسـتـانی ئـەمـڕۆدا داد بێ دادە و سـەروەریی مـاف لانەواز و پەراوێزە. هـەروەهـا هۆشـیـاریی یاسـاییش، ڕادە نزم و بێ داهاتووە. ئەمـە کە نە خـەونی هاووڵاتییـانی ئازیزی کوردە و نەش ئامانجی یاسـاناس و دادخوازانی هێژای کورد پێویسـتی بە چارەسـەرکـردنە. چارەسـەرکـردنی ئەو لایەنانەش کـە دڵنیـاین پارمـەتیـیـەکی بێ ڕادەی وەسـتـانی

پرۆسەی گەشەی گەندەڵییش دەدا، کارکردنێکی گەورەی گەرەکە. بۆ ئەوەی لەم بارەشەوە زێدەتر بێینە ناو ئەوەی دەمانەوێ لەم نووسینە کورتە گفتوگۆی بکەین و ئەوانەش بەرباس بخەین لای سەرەوە لە شێوەی سەرنج خستمانە ڕوو بەپێویستی دەزانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردستان ئەگەرچی کۆمەڵگەیەکی گەورە و ئونیڤێرساڵ (گەردوونی) نییە، بەڵام کۆمەڵگەیێکیشە لەبەرئەوەی قوربانییەکی گەورەی نادادپەروەری و نایەکسانی و توندوتیژی بووە کەسەکانی لە ڕادەبەدەر دڵسۆزی گۆڕانکارین و تەرەفداری هەق و ئازادین و تا بشڵێی لە زەبری غەدر و تاوان و زوڵم بەوردی دەگەن. بۆیە کورد کە ساڵانێکە قوربانیی بێ دادی و نایاساییی بووە نابێ بەئاسانی چاوپۆشی لە گەندەڵییە دادی و تاوانە ئابووری و یاساییەکان بکا و یان ببێ بە بەشێک لەو گەندەڵییە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگەی تەنیوەتەوە. بۆیە بەباشی دەزانین بەشێوەیەکی کورت و چڕ، ئاوڕ لەو خاڵانەی لای سەرەوە بدەینەوە و دواتر ئەو دیتنانەش بخەینە بەرچاو کە دەشێ ڕۆڵ لە دەربازکردنی داد لە بێدادی و ماف و یاسا لە گەندەڵی ببینن. بۆ ئەو مەبەستەش بەپێویستی دەزانین لە خاڵی یەکەمەوە دەست پێ بکەین:

سەبارەت بە خاڵی یەکەم دەڵێین ئەم خاڵە کە یەکجار بنەڕەتییە تایبەتە بە خۆنەناسکردنی داد لەو کێشە سیاسییانەی جارجارە یەقەی کۆمەڵگەی کوردیی ئەمڕۆ دەگرن. ئێمە گەر مەبەستەکەمان زێدەتر ڕوون بکەینەوە دەڵێین بەتەماشایەکی دۆزی سیاسیی پاش ڕاپەڕین دەبینین ئەم دۆزە بەچەند قۆناغێکی جیا جیادا تێ پەڕیوە و هەر قۆناغەش بەرهەمهێنەری کێشەگەلی هەڕەشاوی و زەرەرمەندی سیاسی بوونە، بۆ نموونە شەڕی ناوەخۆ، تاڵان و ڕۆڵی سیاسی لەم تاڵانە، دروستبوونی چەند ئیدارەیەکی سیاسی و بەهەدەردانی سامانی نەتەوە بەناوی کێشە حزبی و سیاسییە ناوەخۆییەکانەوە... هتد. بەڵام موخابن لە هیچ یەک لەو قۆناغانە داد ڕۆڵی خۆی بەوردی نەدیوە و مافناس و یاساخوازانی کورد ڕۆڵیان سست و ناکاریگەر بووە و بگرە دادیش وەک گشت بوارەکانی تر (هونەر و ئەدەب، کشتوکاڵی، ئاسایش، دارایی) دابەش دوو بووە و لەوەش بێدەنگ بووە کە هەر دەسەڵاتە سیاسی و حزبییەکی یاسا و دادی خۆی هەبووە و کاری بەشتەکانی ئەوی تر نەکردووە. ئەمە کە گەندەڵییەکی دادی دروست کردووە؛ یاسا و مافیشی لەناو خەڵک قێزەون کردووە. با هەر لێرە ئەوەش بڵێین کە لە هەچ کۆمەڵگەیەکی داد سەربەخۆیی خۆی لە دەست دەدا دادگە هیچی پراکتیزە دەکا و ئازادیی یاسا و دادوەریش ون دەبێ.

ئەمەو هەر تایبەت بەم خاڵە ئەوەش دەڵێین کە، داد لە کوردستان لەوە حاڵی نەبووە بەرپرسیارتییەکی گەورەی لەسەر شانە و گەر تەکان بدا دەکارێ بەشدارییەکی باش لە بنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵیدا بکا، بەڵام داد ترسنۆکە و ناتوانێ ئەوە بکا، چونکە داد دەزانێ بەشێکی هەرە گەورەی گەندەڵییە سیاسییەکان لەپشتیەوەن، بۆیە داد خۆی بەتاوانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە پەراوێزییەکانەوە سەرقاڵ دەکا و ڕۆڵ لە لەدادگەدانی سیاسی و کەسی حزبی نابینێ. ئەو دەمەش کە داد ناتوانێ کەموکووڕییە سیاسییەکانی کۆمەڵگە بخاتە بەرباس بێ دادی و نایاسایی شوێنی داد لە کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

هەرچی خاڵی دووەمە ئەوەیە کە داد دەوری دیاردەی گەندەڵیی وەک خۆی وەرنەگرتووە و تێگەیشتنیشی لەسەر ئەوە لای خۆی گەڵاڵە نەکردووە، گەندەڵی دەبێتە مایەی دروستکردنی فۆرمێکی نوێ لە هەژاری و شیاوکردنی تاوانی ئابووری و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. گەندەڵی کە کێشەهێنەرە بەرهەمی تێکچوونی پێوەندیی نێوان یەکسانی و سیاسەتیشە. واتە سیاسەتی ناڕاستەقینە نایەکسانی لە کۆمەڵگە، شیاو و پیادە دەکا و هەر ئەم جۆرە سیاسەتە فاکتەرێکی بنچینەییشە بۆ گەشەی گەندەڵی و جۆراوجۆرکردنی ئەم گەندەڵییەش. بۆیە ئەوەی لەم حاڵەتەدا دەتوانێ بەری ئەم نایەکسانییە لە کۆمەڵگەدا بگرێ گشتیکردنی مافسالاری و دادپەروەرییە. ئەمەش (واتە مافسالاری و دادپەروەری) نایەتە دی گەر یاسا و داد ڕەوتی خۆیان لە کۆمەڵگە وەرنەگرن و مەترسیش نەبن بەسەر دەسەڵاتی سیاسییەوە.

هەرچی خاڵی سێیەمە، تایبەتە بەو لایەنەوەی کە دادگەی کۆمەڵگەی گەندەڵ تەنیا بە بەدواچوون و لێپرسینەوە لە تاوانە گشتییەکان سەرقاڵە. واتە دادگەی کۆمەڵگەی گەندەڵ قەد خۆی ناکا بەخاوەنی ئەو تاوانانەی سیاسیی گەندەڵ دەیکا. دادگەی کۆمەڵگەی گەندەڵ کە بەرهەمێکی یاسایی ئەو گەندەڵییە سیاسییەیە، ناتوانێ بەرۆکی سیاسییەکان بگرێ و پەلکێشی دادگەیان بکا. چونکە دادگەی کۆمەڵگەی گەندەڵ دادگەیە بۆ تاوانبارکردنی ئەو تاوانکارانەی پشتی سیاسییان نییە، یا ئەوانەی بنەماڵە یان خێزانی سیاسی یان بازرگانێکی ناوداری شار پاڵپشتیان نییە. ئەمە و دادگەی ئەم جۆرە کۆمەڵگانە بێلایەن نین و بەشێکیشن لەو نادادپەروەرییە یاساییەی کۆمەڵگە پێیدا تێ دەپەڕێ. بۆیە ئەو دەمەی کەسێک بێ پشت و بێ دەرەتان تاوانێک دەکا لە بەختی ئەو زۆر ئاسایە یاسا لە خەو هەستێ و داد پەیڕەو بکا. بۆیە بۆ ئەوانەی بەدوورن لەو گەندەڵییە کۆمەڵایەتییەی یەخەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی گرتووە، ئەوە پرسیارێکی زێدە بەهادارە کە کورد بۆ ١٧ ساڵ دەچێ خۆی حوکمڕانیی خۆی دەکا و ڕۆژانە لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و سایتە جۆراوجۆرە کوردییەکاندا بەردەوام لەسەر کەموکووڕی و دەستدرێژییە سیاسی و ئابووری و دادییەکانی بەرپرسەکان دەنووسرێ، کەچی تەنانەت بۆ یەک سەعاتیش بێ بەرپرسێک زیندانی نەکراوە؟.

بەڵام تایبەت بەخاڵی چوارەم، دەمانەوێ ئەوە بڵێین کە دادی کوردستان لە سەردەمی بەعس زۆرتر بۆ گرتن و تاوانبارکردنی کورد و دۆزینەوەی کێشەی سیاسی تەرخان کرابوو، بەڵام ئەمڕۆ داد لە کوردستاندا خۆی بەشتی ترەوە سەرقاڵ دەکا. ڕاستە داد لە گشت کۆمەڵگەیەک سەردەمی بێ یان ناسەردەمی، ناتوانێ پشت لە لەدادگەدانی دز و قۆڵبڕ و تەعداکەر و سیخوڕ و بکوژان بکا، بەڵام گشت دادیش برێتی نییە لەم کێشانە. ئەم کێشانە کە بێ بایەخ نین و بەشێکی گەورەن لە کێشە یاساییەکانی کۆمەڵگە، پێویستە بنەبڕ بکرێن و بەپێی میتۆدە نوێیەکانیش کار بۆ شیکردنەوە و چارەسەرکردنیان، بکرێ بەڵام مەرجە دادناس و مافناسانانی کورد لەوە حاڵی بن کۆمەڵگەی گەندەڵ کێشەی یاسایی و دادیی تری هەیە و پێویستە ڕێگری لە بەردەم نەشونمایاندا بکرێ بۆیە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی و دادی لەم ڕووەوە یەک لەو ئەرکە هەرە گرینگانەیە دەستەبژێریی هوقووقی کورد پێویستە کاری بۆ بکەن. بەڵام هۆشیاریی یاسایی گەر لەناو خەڵک

گشتی نەکرێ و تاکی کۆمەڵگە لەسەر ئەم هۆشیارییە ڕانەهێنرێ، سەختە ئەو کێشە یاسایی و دادییانەی ئێمە باسی لێوە دەکەین دەرکیان پێ بکرێ. باشتریشە ئەم هۆشیارییە یاساییە لە گەلێ ڕووەوە لەوێوە، ڕێچکە وەربگرێ کە مەرج و پێویستە خەڵک شارەزاییان لەسەر ئەرک و مافەکانیان هەبێ و هەروەها لە نادادپەروەری و نایەکسانییەکان بێنە گۆ. چونکە ئەگەر بێتو تاکی کۆمەڵگە هۆشیاریی لەسەر ماف و ئەرکەکانی خۆی نەبێ هۆشیاری لەسەر ماف و ئەرکەکانی ئەوی تریش نابێ.

ئەوەی بەخاڵی پێنجەمەوە تایبەتە ئەوەیە گۆڕینی گەلێ بەند و پەرەگراف لە یاسا لە ئەمڕۆ لە کوردستان یەکجار پێویستە، بەڵام وا هەست دەکەین ئەوە لە بەرژەوەندیی نوخبەی سیاسیی ئەمڕۆی کورد نییە چونکە لەبەر سایەی ئەو تیۆرییە یاساییە کۆن و نەریتییانە لەلایەک بەئاسانی گەندەڵی پیادە دەکرێ و لەلایەکی کیدیش گەلێ لە تاکەکانی کۆمەڵیش بەئاسانی بندەست دەکرێن، لەوانە ئافرەت. چونکە دادی ئەمڕۆی کوردستان دادێکی نەریتییە و سەرچاوەیەکی ئاینیشی هەیە بۆیە ئافرەت تا بڵێی لەم ڕووەوە زەرەرمەندە و، ئەو یاساسازییەش ئەمڕۆ لە کوردستان بەرقەرارە بەگەلێک جۆر زوڵمکەرە لە ژیندەری ئافرەت. لەبەرئەوەی ئەم لایەنەش ڕێک بە شتە نەریتی و ئاینییەکانەوە بەستراوەتەوە نە داد خۆی دەکا بەخاوەنی و نەش سیاسەت. چونکە هەردوو، چ داد و چش سیاسەت، لە بەرەنجامی گۆڕینی بەندە یاساییەکان دەترسن و، ئەم دوو بوارەش، واتە بواری سیاسەت و بواری داد، زۆنێکە لە کۆمەڵگەی گەندەڵ هەردەم بەدەست پیاوەوەیە و پیاوسالاری لەم دوو زۆنە تا ئەوپەڕی سەروەرە.

سەبارەت بەخاڵی شەشەم ئەوەندە دەڵێین کە گۆڕینی میتۆدی خوێندن لە بەشی یاساکانی کوردستان کاتی هاتووە ببێ بەبابەتی باسکردن، بەڵام چۆن دەکرێ ئەمە بکرێ کە ئەمە لەلایەکی لە بەرژەوەندیی دیاردەی گەندەڵی نییە کە سەرچاوەیەکی سیاسیی هەیە و لەلایەکی تر کێ ئەوە بکا؟ چونکە کردنی ئەوە پێویستی بەدەرگە کردنەوەی بەشەکانی یاسایە لە پسپۆڕییە نوێکانی یاسا و لەو لق و پۆپانەی خوێندنی داد و ماف لە ئێستادا لە کوردستان لێ بێ ئاگایە. گۆڕین و گەشەدان بە تیۆرییەکانی یاسا مانای خۆی بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵیش دەبێ، ئەمە و لەبەرئەوەی گەندەڵیی ئابووری و بازرگانی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستان گەلێ فۆرمی سەیر سەیری وەرگرتووە، مانای بۆ ئەو نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەش هەیە ڕووبەڕووی چینە کەم دەستڕۆیشتوو و هەژارەکان دەبێتەوە. بۆیە یاساناس و دادپەروەرانی کورد پێویستە چاوێک بەباری یاسایی و هوقووقی لە دامەزراوەکاندا بخشێننەوە و ئەو تەگەرانەش نەهێڵن کە وێنە سەر ڕێ مافی تاک لەناو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا.

سەبارەت بە خاڵی حەوتەمیش دەمانەوێ ئەوە بڵێین سیستەمی باجی کوردستان سیستەمێکی گەندەڵ و خێڵەکییە. سیستەمێکە تەنیا ئەوانە شمول دەکا کە بازرگانییەکی ئاشکرا دەکەن. بەڵام ئەوانەی ئابوورییەکی شاراوە و داهاتێکی ناڕاستەوخۆیان هەیە لە چاودێریی باج و داراییەوە دوورن. پاشان پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن چاودێریی باج و دارایی بەمانە بگا، لە کاتێکدا

ئەمانە خۆیان داڕێژەری سیستەمی باج و دارایی بن؟ یان کاتێ کە گەورەترین بازرگانیی شار سیاسی بێ یان دۆستی پلەیەکی سیاسی بێ، چۆن دەشێ ئەم جۆرە بازرگانانە هزر دادپەروەر بن؟ بۆیە ئێمە پێمان وایە گەندەڵی کە سیستەمی باج و دارایی وڵات دەگرێتەوە ئەمە نیشانەیەکی بەرچاوییە لەسەر گەشەی پرۆسەی نایەکسانیی ئابووری و ئەڵبەتە گەندەڵیی یاسایی و دادیش. ئەمەش ئاماژەیەکی ترە لەسەر ئەوەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵ مەسەلەی باج نەبووەتە بابەتی هیچ جۆرە گفتوگۆیەکی نە ڕۆژنامەوانی نەش یاسایی و، لەلایەن سیاسییەکانیشەوە لە ڕادەبەدەر بێدەنگیی بەسەردا سەپێندراوە. هۆی ئەوەش کە ئێمە جەخت لەم لایەنە دەکەین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بابەتی باج بابەتێکی یەکجار هەستیارە لە ئابووریدا و مانایەکی زۆریشی بۆ پێکەوەنانی سامانی نەتەوە هەیە. بەڵام ئەوەی یاساکار و دادپەروەرانی کورد شان بەشانی ئابووریزان و باجناسان لەم ڕووەوە گرینگە کاری بۆ بکەن ئەوەیە کە سیستەمی باجی کوردی لە گەندەڵی دەرباز بکرێ. بۆ ئەوەی سیستەمی باجی کوردیش لە گەندەڵی دەرباز بکرێ پێویستە ئەم سیستەمە لە دادپەروەری تێهەڵکێش بکرێ و لە خەش و فێڵبازی دارایی و سیاسی دوور بخرێتەوە. هەروەها ئەو هۆشیارییە یاسایی و داراییەی ئابووریزان و یاساناسانی کورد دەکارن لەم ڕووەوە کاری بۆ بکەن پێویستە ڕوون و کراوە و کاریگەر بێ. واتە مەرجە هاووڵاتییانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازیی توێژ و چین و دەستەبژێر لەسەر ئەوە ڕابهێنرێن داهاتی (دەخڵ) خۆیان ئاشکرا بکەن و ئامادە بن لەسەر ئەو داهاتەی هەیانە باجی خۆیان بەیەکسانی بدەن. بۆ ئەوەی ئەم سیستەمەش بەجۆرێک دادخوازانە پێڕەو بکرێ دەبێ سیاسییەکانی کورد بەهەموو شێوەکانیانەوە هەر لە سەرۆک حزب و وەزیر و پەرلەمانتار و بەڕێوەبەر و سەرووی بەڕێوەبەرەوە تادەگاتە کارمەند و فەرمانبەر و بازرگانە گەورە و بچووکەکان ئابووریی (داهاتی) خۆیان ئاشکرا بکەن. چونکە ئەو داهاتە شاراوە و نادیارەی بەشێکی زۆر لە سیاسییەکان هەیانە ڕێگرێکی گەورەیە لە بەردەم ئەوەی سیستەمێکی باج و دارایی دادکار و یەکسانخواز لە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی نەیەتە دنیاوە.

هەرچی دوا خاڵە ئەوەیە کە کەیسی ئەنفال بۆ ئێمە دەبێ وەک هەنگاوێکی بۆ پاکبوونەوەی ماف و یاسا لە زۆرداری و ناداپەروەری تەماشا بکرێ. بۆیە هەقپەروەر و دادخوازانی کورد پێویستە هەنگاوی گەورە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی یاسایی کەیسی ئەنفال بنێن. بەڵام ئەو هەنگاوانە دەبێ لە هەستی توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە و ڕقبازی بەدوور بێ ئەگەرنا ئەوا ئەنفالی پێچەوانە دروست دەبێ. بەڵام ئەو گەندەڵییە سیاسییەی ئەمڕۆ لە کوردستان سەروەرە لەم ڕووەوە دادیشی گەندەڵ کردووە بۆیە داد لەم ڕووەوە تا بڵێی هەنگاوی پراگماتی دەنێ و نادادی و بێ مافی دەکا بەبناغە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی لە سەبەتەی کەیسی ئەنفالدان. بەواتایەکی تر، داد لەبەرئەوەی ملکەچی سیاسەتە بەشدارە لەو وازییە سیاسییانەی لە تەک کەیسی ئەنفالدا دەکرێن. بەڵام چ سیاسییەکان و چش دادخوازانی کورد لەوە نەگەیشتوون کەیسی ئەنفال کەیسێکی شەخسی و تاکی نییە و بگرە کەیسێکە تایبەتە بە نەتەوە و گشتێکەوە کە قوربانیی ڕیزێک سیاسەتکردنی هەڵەیە. سیاسییەکانی کورد کە ڕۆژ نییە سیاسەتبازی بەسەر کەیسی ئەنفالەوە

نەکەن، ئەوەیان بیر چووەتەوە کە کەیسی ئەنفال وهەڵەبجە نەبایە نە ئاوا کێشەی کورد نێودەوڵەتی دەبوو و نەش ئەوان وەک سیاسیی کورد لێرە و لەوێ تەماشا دەکران. بۆیە ئەمان لەبەر ڕێزی ئەوەی کەیسی ئەنفال و هەڵەبجە بە جیهان ناساندیانی و لە ناوچەکەش شوێن قایم و دەسەڵاتداریکردن نابێ بەردەوام بن لەسەر مشەخۆری لەسەر کەیسی ناوبراو کە بەرهەمی تراجیدیای میللەتێکە.

هەموو ئەوانەش کە لای سەرەوە باس کران، ئەوەیان نیشان دا کە داد و ماف لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردی ڕوو لە گەندەڵی دەنێ و ئێمەش بۆ دەربازکردنی داد لە بێدادی و ماف و یاسا لە گەندەڵی چەند دیتنی پێشنیازێک دەخەینە بەرچاو:

* گۆڕینی مەنهەجی خوێندن لە بەشی یاسا و ڕاهێنانی مافپەروەر و یاساناسانی کورد لەسەر میتۆدە نوێکان. چونکە کاری کۆلێجی یاسا تەنیا ئەوە نییە. بەڕێوەبەر بۆ ناحیە و قەزاکان یان مافناس و یاساناس بۆ دادگە و مەخفەرەکان بەرهەم بهێنێ، بگرە دەبێ ئەم کۆلێجە لەلایەکی ئاگایی لەسەر ئەوە هەبێ ئەو مافناس و یاساناسانە لە کوێی کۆمەڵگە پێویستە دابمەزرێن، هەروەها لەلایەکی تر ئاگای لەو گەشە کۆمەڵایەتی و زانستی و ئابوورییەش هەبێ کۆمەڵگە پێیدا تێ دەپەڕێ. چونکە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستان خاوەنی چەندان دامەزراوی نوێ و ئاڵۆزە و ئەمە و گەشەی بازرگانی و ئەو گۆڕانە ئابوورییەش هاتووەتە سەر باری دارایی و بەڕێوەبردنەوە داوای جووڵە و تێگەیشتنێکی تری یاسایی و دادی دەکا کە هەموو ئەمانەش مانای ئەوەیە پێویستە هۆشیاریی یاسایی و دادی لە کۆمەڵگەدا ڕوو لە گۆڕان بکا. کەواتە، یاساناس و مافناسانانی کورد گرینگە برەوێک بەبوونی خۆیان لە کۆمەڵگە بدەن و کارێ زۆرتر لە پێناو بەرەو پێشەوەبردنی شتە مافی و دادییەکان بکەن و ئەرکی مرۆیی و ڕەوشتیی خۆشیان پتر بخەنە بەرچاوت . چونکە شوێنی پراکتیزەکردنی یاسا و داد تەنیا مەخفەر و دادگە و پۆلیسخانەکان نییە و بگرە ئەو دامەزراوانەشە خۆیان بە دامەزراوەی مەدەنی (پەرلەمان) و ئەمنی (ئاسایش) و ستراتیجی (وەزارەتی پێشمەرگە) لە قەڵەم دەدەن تا دەگاتە هەندێ دامەزراوەی تر وەک دائیرەی باج، بانق، تاپۆ هەروەها کۆمپانیا گەورەکان. بەڵام چ ئەو دامەزراوانە و چ مافناس و یاساناسەکان بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی دادسالاری و مافگەری دروست بکەن پێویستیان بەوەیە گەشەی ئیداری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات لە بەرچاو بگرن و ئەڵبەتە لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕادەی مافی تاک و ڕاهێنانی تاک لە ڕێزگرتن لە داد و یاسا.

* دەربازکردنی واتای ماف لە شێواوی. چونکە تێگەیشتنی تازەی تاکی کورد بۆ ماف لاواز و کلاسیکە، ئەمەش شێواوییەکی هێناوەتە پێش تایبەت بەواتای ماف و خودی مافی مرۆڤیش. لەم حاڵەتەدا دەڵێین: نەک واتای ماف تەنیا لە وەرگرتنی ئەم مافە بریتی نییە و بگرە ئەرکیش دەبێ بەجێ بگەیەندرێ بۆ وەرگرتنی ماف بگرە دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگیرێ کە ماف، بادیو وتەنی، مافە بۆ ناخرابی(٣٦).

* هەنگاونان بۆ جیاکردنەوەی بڕیارە دادی و یاساییەکان لە بڕیارە سیاسییەکان و دوورخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسییش لە دەسەڵاتی یاسایی لە هەنگاوە یاسایی و سیاسییە بەپیتەکانن. بەڵام ئەمە کارێکی زۆری دەوێ و پێویستە میدیای تازەی کوردی سەرنجێکی زۆری بخاتە سەر. چونکە تا دەسەڵاتی سیاسی و حزبی بەسەر بڕیارە دادی و یاساییەکانەوە زاڵ بێ دادگە هیچی بەرهەم دێنێ و ڕۆڵی نابێ لە بنەبڕکردنی نا یەکسانی و نادادپەروەریدا.
* لە ڕۆئاوا لەپاش مافی مرۆڤ هەنگاوی دووەم کارکردنە لە پێناو بایەخدان بە مافی ئاژەڵ، یان ڕەفتارکردنێکی ڕەوشتی و مرۆییانە لە تەک ئاژەڵ بەڵام ئەمە لای ئێمە شکستی هێناوە ئەمەش نەک لەبەرئەوەی مافی مرۆڤ جاری کارێکی زۆری بۆ نەکراوە بگرە لەبەرئەوەی بایەخدان بە مافی ئاژەڵ لای ئێمە ناسەرکەوتووە، چونکە هۆی ئاینی و نەریتیی لە پشتەوەیە. بۆ نموونە سەگ لەبەر بۆچوونی ئاینی لای ئێمە وەک ئاژەڵێ گڵاو تەماشا دەکرێ. بۆیە لە کۆمەڵگەی گەندەڵ کەسێ نابینی سکاڵایەکی دژ بەو کەسە تۆمار بکا کە ڕەفتارێکی چەوت لەگەڵ ئاژەڵەکەی (مانگا، ئەسپ، مەروماڵات و... هتد) دەکا. بۆیە زۆر پێویستە دادگەکان ئەو هۆشیارییە لەناو خەڵک بڵاو بکەنەوە کە دەرگەی دادگە لەسەر پشتە بۆ سکاڵای لەو جۆرەش.
* لەبەرئەوەی نادادپەروەریی سیاسی زۆر بەئاسانی دەتوانێ نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نایاساسالاری و دەستدرێژیی ئابووریش لە کۆمەڵگە بخولقێنێ، بۆیە کاری مافپەروەر و دادناسانی کوردە ڕێگری لە بەردەم گەشەی نادادپەروەریی سیاسیدا بکەن. ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوەی ژینگەی سیاسیی کۆمەڵگەی گەندەڵ ژینگەی ناسازە و بەکەڵکی ژیانێکی یاسایی پاک و دادئامێزنایە. ئەم لایەنەش داوای ئەوە لە دەستەبژێری دادپەروەر و یاساکارانی کورد دەکا لە نادادپەروەرییەکان بێنە گۆ و تا پێشیان دەکرێ ڕەفتارتیژ و دانا بن.
* ناشێ لەژێر سایەی مەسەلەی پاراستنی ئاسایشدا بێ یاسایی و بێ دادی پراکتیزە بکرێ، بەڵام هاوکات دەبێ هۆشیاری سەبارەت بە پاراستنی ئازادی و ئاسایش لە کوردستان لە بەرچاو بگیرێ، چونکە ئازادیی تاک و سەروەریی یاسا و ماف مەیسەر نابێ گەر ژینگەیەکی سیاسیی تەندروست لە کۆمەڵگەدا لە ئارادا نەبێ و گشتیش کار بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوە نەکەن.
* پەروەردەکردنی فەرمانبەرانی دادگە و دامەزراوە یاسایی و ئەمنییەکان لەسەر پاراستنی مافی تاک و ڕاهێنانی تاکیش لەسەر ڕێزگرتن لە یاساسالاری کارێکی زۆر و بەردەوامی دەوێ، بەڵام ئەم کارە کە دەکەوێتە ئەستۆی مافپەروەر و سۆسیۆنۆمەکان سەر بەکار نابێ ئەگەر تەماشاکردن بۆ ماف و یاسا لە گەندەڵی نەخرێ.
* لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ڕێزگرتن لە تۆمارکردنی سکاڵا، داوای یاسایی و شکات بێ ئەندازە قێزەونە و دادگەکان بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن لەلایەکی گرینگە دەمودەست بەدەم سکاڵا و شکاتەکانەوە بچن و لەلایەکی تریش پێویستە گشت کۆمەڵگە بەچاوێکی جیاواز لەوی ئێستاوە بڕوانێتە ستاتۆسی کۆمەڵایەتیی پۆلیس. بۆیشە وا دەڵێین چونکە کاتێ لەناو ئێمە کە

دەوترێ: "دەتدەمە دادگە" یان "شکاتی پۆلیست لێ دەکەم" "سکالاَت لەسەر دەنووسم" و چەندان دەربڕینی تر ئەمانە لەو دەربڕینانەن زۆر حەساسن بەلاَم لای ئێمە تەنیا لای ئەوانە حەساسن کە هەست دەکەن پشتی سیاسییان نییە ئەمەش نیشانەیە لەسەر ئەوەی دادگە بێلایەن نییە و بەسیاسی کراوە. واتە دادگە تەنیا لای ئەوانە سامی هەیە کە بێ پشت و بێ داڵدەن. دادیش لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستاندا بۆ ئەوەی ئەم وێنانە لەسەرخۆی لابەرێ و کاریگەر و بەرهەمهێنەر بێ، پێویستە دادپەروەرکارانە و یاساخوازانە بەتەنگ کێشەکانەوە بچێ و تا بەئاکامیشیان نەگەیەنێ دەستیان لێ هەڵنەگرێ.

* پێداگیریکردن لەسەر هەقپەروەری و دادسالاری چارەسەری باشن بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵیی یاسایی و بێ مافی و نادادپەروەری، بەلاَم ئەمانە مەیسەر نابن گەر سیاسەتکاری لە گەندەڵی نەخرێ و سیستەمی دادیش لە خێڵگەری دوور نەخرێتەوە. ئەمە و لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵ پێشێلی یاسایی زۆر جار هەڵەی سیاسی و مونافەسەی حزبیی لە پشتەوەیە بۆیە داد پێویستە هەمیش چاوێکی لەسەر دەسەلاَتی سیاسی و حزبی بێ.

* پەسندکردنی یاسا نوێکان و کارکردن لەسەریان پێویستە پەرلەمان لێی بەئاگا بێ، بەلاَم دەبێ لە ڕیزی پەرلەمانتارانیشدا یاسازان و مافپەروەری بەتوانا هەبێ، چونکە پەرلەمانی کوردستان بووە بە مەیدانێک بۆ مۆڕەی سیاسی و دژایەتیکردنی حزبی و شوێنێکیش بۆ وەرگرتنی پۆست و نان پەیداکردن، هەروەها شوێن قایمکردنی کەسایەتیی شار و کۆنە پێشمەرگە و سەرۆک خێڵ.

* دەزگای ئاسایش لە کوردستان لە دەزگای داد خۆی دابڕاندووە و بووەتە بە شوێنێک بۆ مونافەسەی حزبی، ئەمە و جگە لەوەی کارمەندانی ئاسایش لە کوردستان شارەزاییان لە مافی مرۆڤ و ئەو فۆرمانەی ئەم مافە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە نوێکاندا وەری گرتووە نییە و زیاتر دەزگای ئاسایش ئەوانە تەعین دەکا کۆنە پێشمەرگە و لادێیی و لایەنگری حزبین. بۆیە ئەمانە کە لە داد ناگەن، بەشێکن لەو گەندەڵییەی نەک هەر داد لە کوردستان لەسەری دەژی بگرە ئەو گەندەڵییەش کە ئاسایشپارێزی تووشی بووە. چونکە دەزگای ئاسایش چاک دەزانی گەر ئاسایش بەو کەسانە پڕ نەکرێتەوە نە دەتوانێ بێ مافی پێڕەو بکا و نەش لە هەندێ حاڵەتدا دەکارێ توندوتیژی بەکار بەرێ.

* گەر داوا لە دەسەلاَتی سیاسی بکرێ گۆڕانکاری لە باری داد لە کوردستان بکا، دەبێ پێش گشت شتێک بۆ خۆی دەسەلاَتە سیاسییەکەی لەسەر بناغەی یاساپەروەری و مافخوازی بنیات بنێ و دژی گشت فۆرمەکانی پێشێلکاریش بوەشێتەوە نەک بەپێچەوانەوە. بۆیە ئەوپەڕی نایاسایی و نادادییە حزب بەندیخانە و زیندانی تایبەتی خۆی هەبێ. حزب کە دەبێ لە دەسەلاَت جیا کرێتەوە ئەمە هەنگاوی یەکەمە نەک بۆ لە گەندەڵیخستنی دەسەلاَتی سیاسی، بگرە بۆ لە گەندەڵیخستنی داد و مافیش. چونکە داد و ماف بەهۆی ئەو گەندەڵییە سیاسییەی لە کۆمەڵگەدا پیادە دەکرێ لەوە کەوتووە بەرهەمهێنەر و کاریگەر بێ.

* دادگا و یاساناسان لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ڕێز لە ڕۆژنامەوانی ناگرن، چونکە گەر دادگە و یاساناسان ئەوەیان بکردایە ئێستا چەندان سیاسی و چەندان بازرگان و کەسایەتیی تری کۆمەڵگەی گەندەڵ لەبەر ئەو نایاسایی و بێ مافیەی ئەنجامیان داوە لە زینداندا دەبوون. ئەمە و بگرە دادگە و یاساناسان چاودێریش نین بەسەر ڕۆژنامەوانییەوە، چونکە گەر دادگە و یاساناسان چاودێر بانایە بەسەر ڕۆژنامەوانییەوە ئێستا گەلێ بەرپرسی سایت یان ماڵپەڕ هەروەها ڕۆژنامە و هەفتەنامەی حزبی و ئەهلی لەبەر ئەو ناهەقی و بێدادییەی ڕۆژانە بەرامبەر بە هەندێ کەس، جا ئەوە هەر کەسێک بێ، دەینوێنن ڕاپێچی دادگە دەکران. بۆ ئەوەی دادگەش بەسەر چ ڕۆژنامەوانی و چش دیاردە و ڕووداوە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە چاودێرێکی ڕاستەقینە بێ، دەبێ دادگە، یاساکار و مافناسان، لەوە نەگەڕێن لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدا بەئاسانی تێ پەڕێ و بیر چێتەوە. چونکە ڕوودانی ئەوە ڕێگە لە بێ سەروەریی ماف و پووکانەوەی یاسا و بڵاوبوونەوەی درمی نایەکسانی دەکاتەوە.
* بڵاوکردنەوەی ئاگایی دادی یان هۆشیاریی یاسایی لەناو کۆمەڵگە کارێکی لە ڕادەبەدەر پیرۆزی دادپەروەر و یاسازانانی کوردە. ئەم هۆشیارییەش پێویستە گەلێک فۆرم و ڕێچکە وەربگرێ و گشت بوار و لایەنەکانی ژیانی تازەی تاک و کۆمەڵگەی کوردی بگرێتەوە. ئەم هوشیارییەش بۆ ئەوەی دەستبەکار و پەسندکراو بێ، پێویستە تیۆریزەکەر و ڕووناکبیرانی یاسایی کورد لە میدیای کوردیدا بێنە گۆ و یان بهێنرێنە گۆ و، تا بە ڕوونی و ڕاشکاوی لە سەرپێچییە یاساییی و پێشێلکارییە دادییەکان بدوێن و خەڵک فێری ئەوە بکەن لە مافی خۆی نەگەڕێ و بەڵام ئاگای لەسەر ئەرکەکانیشی بێ. چونکە کۆمەڵگە بە گشت دامەزراوەکانییەوە شوێنێکە بۆ بەرهەمهێنانی ماف و بەجێگەیاندنی ئەرک. واتە لە کۆمەڵگەدا دەشێ یەک تەمبەڵخانە هەبێ، نەک ئەوەی گشت کۆمەڵگە بریتی بێ لە تەمبەڵخانەیەکی گەورە.

# گەندەڵی وای كردووە بێ هزری ببێ بە كۆڵەكەی هزری

گـەنـدەڵیی هزری و ئەكـادیمی گـەنـدەڵیـیـەكی مـەترسـیـدارە و توانای خـسـتنەوەی كـاریگەری و دەرخستەی رووناكبیری جۆراوجۆری هەیە. لەبەرئەوەی ئەم جۆرە گەندەڵییە (واتە گەندەڵیی هزری و ئەكادیمی) لەسەر گەندەڵییە سەرەكییەكان، وەك گەندەڵیی سیاسی و ئابووری، مشەخۆرە توانای بەخێوكردنی دیاردەی سەیر سەیر و دروستكردنی كێشەی جۆربەجۆریشی هەیە. هەر لەبەر ئەوە بایەخی ئێمە لەم بەشە بەم جۆرە گەندەڵییە سەرچاوە لە چەند خواستێكەوە هەڵدەگرێ كە گرینگترینیان ئەمانەن:

١- خواستی قسە هێنانە پێشەوە لەسەر گرفتە هزرییەكانی نێوەندی رۆشنبیریی كوردی كە نێوەندی میدیاش دەگرێتەوە، ٢-خواستی گفتوگۆكردنی ئەو كێشانەی لە نێوەندی ئەكادیمیی كوردی ئامادەن.

ئەم دوو خواستە، كە بنمیچی میتۆدی ئەم بەشە پێك دێن، بەچەند ئاقارێكدا دەبەین و ئەڵبەتە لە رێگەشیانەوە ئەو گەندەڵییە دەخەینە بەرباس بۆ نووسەر و ئەكادیمیكارانی كورد جێی گفتوگۆ نەبوونە. هۆی ئەوەش ئێمە لەم بەشەی نووسینەكەماندا، یان بەگشتی لە كاتی باس لەسەر گەندەڵی، بایەخ بەكێشە هزرییەكان دەدەین، بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە كە لە هەچ كۆمەڵگەیەك هزر روو لە گەندەڵی بنێ زۆرترین مەترسی لەو كۆمەڵگەیە لە نەشونمادا دەبێ. بەشێ لەو مەترسییانەش، بەبێگومان، لەم لایەنانە پێك دێن:

١- هاتنە خوارەوەی ئاستی رووناكبیریی تاك

٢- دارمانی واتای ماف و لە پێش هەمووشیانەوە مافی ئەو تاكانەی بەتاكبوونیان لە بەردەم هەرەشەدایە: لەوانە ئافرەت، پیر، منداڵ و لاو.

٣- قێزەونبوونی واتای راستی و بەلەجیاتیكردنی ئەم واتایە بە سەفسەتە و فانتازی. واتە بوونی بێ هزری بەكۆڵەكەی هزر، ئەم لایەنەش كە یەكێكە لە دیاردە بەرچاوییەكانی كۆمەڵگەی گەندەڵ، وا دەكا ریالیتێك و، پێویستی بۆ بەرپرسیارێتی و دڵسۆزی (بەمانای فایدێلیتی) هەروەها یەكسانیكردن لە نێوان ماف و ئەرك لە كۆمەڵگەدا لە ئاوابووندا بێ. بەڵام ئەوەی ئەم ئاوابوونە بۆ گەلێ لە تاكەكانی ئەم كۆمەڵگەیە ژێر دەكاتەوە بیروەرییەكانە. لەبەرئەوەی بیرەوەریەكانیش، بۆ نموونە لە كۆمەڵگەی گەندەڵی كوردستان، یەكجار تاڵ و بەژانن، ئەم بیرەوەرییانە دادمان نادەن و بۆیە قەڵاچۆكردنی گەندەڵیی هزری تەنیا بە كودەتایەكی لۆجیكی و یاخییانەی هزری لەناو دەچێ، بەڵام لێرەدا گەورەترین گرفت كە بەردەوام بانگەشە بۆ مانەوە

و بوونی خۆی دەکا ئەوەیە کە گەندەڵی، بێ هزری دەکا بە بناغە، بەکۆڵەکە، بۆ هزر. واتە هزر لە ژیانی هزریدا ون دەبێ. لەبەرئەوەش ئەو شوێنانەی لە کۆمەڵگە گەندەڵاوییەکان هزر بەخێو دەکەن هەردەم دوو نێوەندن، یەکەمیان نێوەندی ئەکادیمییە و ئەوی تریش نێوەندی ڕووناکبیری، ئەم دوو نێوەندە دەبن بە بابەتی باسی ئەم بەشەی نووسینەکەمان.

بۆ ئەوەی ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە روونتر خۆی بەدەستەوە بدا دەڵێین: بەتەماشاکردنێکی خێرای دۆزی هزری و ئەکادیمی لە کۆمەڵگەی گەندەڵی ئەمڕۆی کوردستاندا دەشێ بەهەندێ دیتن بگەین گرینگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١– ژیانی هزریمان، نێوەندی رۆشنبیریمان، دووچاری گەندەڵی بووە.

٢– توانای زانکۆییمان، نێوەندی ئەکادیمیمان، بێ هزر گوزەر دەکا.

٣– نە هزر لە بەئەکادیمیبووندایە و نەش ئەکادیمیا بە هزرەوە پێوەندیدارە. ئەمەش وا دەکا باس لە گەندەڵیی هزری و دواتر گەندەڵیی ئەکادیمی لە میانەی باس لە دیاردەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ لە باسە هەستیارەکان بن. بۆیە ئامانج لە نووسینی ئەم بەشە هێنانە پێشەوەی گفتوگۆیە لەسەر هەندێ لایەن ڕەنگە لە هەندێ ڕووەوە بایەخێکی زۆریان بۆ ژیانی ڕووناکبیری و ئەکادیمیی لەمەولامان هەبێ. بەشێک لەو گفتوگۆیەش شێوازی نووسین لەو باس و لێکدانەوانە دەگرێتەوە لە گۆوار و ڕۆژنامە ئەهلی و حزبییەکاندا بەناو باس و بابەتی هزری (ئەدەبی، سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، فەلسەفی) بلاو دەبنەوە و، بەشەکەی تریشی دۆزی نووسینی ئەکادیمی دەگرێتەوە. ئەم دوو لایەنە کە لەژێر یەک بنمیچدا دەخرێنە بەرباس ئەو هەلومەرج و دۆزە نوێیانەش لە بەرچاو دەگرن پێوەندیی بەتێکدانی باری هەردوو نێوەندی ڕووناکبیری و ئەکادیمیی کوردییەوە هەیە.

ئاشکرایە باسکردنی ئەم مەسەلەیە تا ڕادەیەکی زۆر فەرامۆش کراوە و فەرامۆشکردنەکەشی لەلایێ زیانی لە ڕەوتی نەشونمای ڕوانین و بیرکردنەوەی ڕۆشنبیر و نووسەران داوە و، لەلایەکی تر ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی بەسەر لێکدانەوە و شیکردنەوە ئەکادیمییەکان بەجێ هێشتووە. ئاکام و بەرەنجامی ئەم مەسەلەیەش لە کۆتاییدا بووە بە بەرهەمهێنانی سەرمایە لە نووسین و ئاخافتن کە دیدی نابەجێ و شێواوییان لە نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا بەگشتی کردووە و ڕۆڵیشیان لە خولقاندنی نووسین و داهێنانی بێ هیوا و بێ ناوەرۆک و پڕ لە هەڵەی هزری و تیۆریدا دیوە، یان بەگشتی ئەم مەسەلەیە بووەتە هۆی ئەوەی کردە هزرییەکان بێ ئامانج و نەزۆک بن و لە بری ئەوەی پێشنیازی چارەسەر و بەڵگەی پێویست و گرینگ بکەن کار بۆ دروستکردنی ڕوانین و لێکدانەوەی نادروست و پەلە و هەڕەمەکی دەکەن. بۆیە خەمی ئێمە تایبەت بەم لایەنە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ بەرهەمهێنانی بیر و بۆچوون و تێگەیشتن لە هەچ بوارێکی ڕۆشنبیری یان پۆلێک لە پۆلەکانی زانین لەبەرئەوەی لە دواین باردا برێتییە لە دادوەری و دادسازی بەسەر هەستیارترین شتی ژیانمانەوە (بۆ نموونە شتە مرۆیی و ڕەوشتییەکان) ئەمە وا دەکا ئێمە ئەم لایەنە بە هەند وەربگرین و وەک کێشەیەکی ڕۆژانەش سەیری بکەین. بۆیە نابێ و ناشێ هیچ کات بیر لە فەرامۆشکردنی ئەو گەندەڵییە هزری و ئەکادیمییە کوردییە بکرێتەوە کە نێوەندی ڕۆشنبیری و

زانکۆییی کوردی لە ئێستادا گرتووەتەوە.

لەم سەرەتایەشەوە دەخوازین دەست بۆ ئەو لایەنە راکێشین کە پێشتر و لە هەندێ نووسینی ترماندا باسمان لێوە کردووە، واتە مەترسیی تێکەڵکردنی بیری بیریارانی ڕۆئاوا یان بیر و بۆچوونی بزووتنەوە و قوتابخانە فەلسەفی و هزرییە ڕۆئاواییەکان بەیەکتر. ئەڵبەتە ئێمە ئەو مەسەلەیەشمان هەردەم وەک تاوانێک تەماشا کردووە و پێیشمان وا بووە پێویستە دادوەرییەکی هزریی پوخت بەسەر ئەم لایەنەوە بکرێ. بەڵام لێرە دەمانەوێ بەجۆرێکی تر بێینەوە سەر ئەم لایەنە و لەتەک ئەو دۆزە ناهەمواره یەکی بخەینەوە نێوەندی ئەکادیمی پێوەی گلاوە. ئێمە زۆریش دڵنیاین ئەو تاوانە، کە کاریگەریی خۆی لە ڕادەبەدەر بەسەر ڕەوتی نووسین و ئاخافتنە ڕۆشنبیرییەکانمانەوە جێ هێشتووە، زۆرجار بە مەبەست و بە بەرنامەوە نەکراوە و بگرە ئەو تاوانە بەزۆری بەرهەمی بێ ئاگایی و تێنەگەیشتن بووە. ئەم تێکەڵکردنە کە ڕوو و لای زۆرە بەشێکی بەو نووسین و ئاخافتن و تەماشاکردنانەوە تایبەتە لەژێر ناوی تێکست و دوان و یان بەکورتی بەناو کاری ڕۆشنفکرییەوە بەرهەم هاتوون. لەبەر ئەوە بەپێویستی دەزانین بەپێی توانا و لە چوارچێوەی تیۆریی باسەکەدا ئەم مەسەلەیە و هەندێ مەسەلەی تریش بخەینە بەرباس و چارەسەر و ئارگومێنتی (بەڵگە) دیاریکراو و وەڵامی گونجاو و پەسندکراو لەبارەیانەوە پێشنیاز بکەین. بۆ ئەوەی ئەوەش بکەین بەپێویستی دەزانین باسەکەمان بەسەر دوو پەرەگرافدا دابەش بکەین و بەشی یەکەم بە گەندەڵی هزرییەوە تایبەت بکەین کە لە نێوەندی ڕۆشنبیریدا نەشونما دەکا و، ئەوی تریش بە گەندەڵیی ئەکادیمییەوە. ئەم دوو گەندەڵییە کە شتی هاوبەشیان زۆرە هەردوو بە کرداری هزرەوە وابەستەن.

کە وابێ ئێمە باوەڕمان بەوەیە ئەو دەمەی هزر گەندەڵ دەبێ پرۆسەی ڕووناکبیری ناساغ و هیچگەرائامانج دەبێ و نە نێوەندی ڕۆشنبیری دەکارێ کاری خۆی بەچاکی ئەنجام دا و نەش نێوەندی ئەکادیمی. لەبەرئەوەی ئەم دوو نێوەندەش کار لەسەر هزر دەکەن هەریەکەیان بەجۆرێک ناسنامە بە هزر دەدەن، بەڵام ئەو هزرەی ئەمانە لەژێر سایەی گەندەڵیی سیاسی و ئابووری کار بۆ بەرهەمهێنانی دەکەن هزری بێ هزرە. بۆیە پێداگریی ئێمە لەم بەشەی نووسینەکەماندا لەسەر گەندەڵیی هزری وەکی تر پێداگرییە لەسەر ئەو گرفتانەش دووچاری نێوەندی ئەکادیمی و نێوەندی ڕۆشنبیری و میدیای کوردی بوونە.

بۆ ئەوەی خوێنەر ڕوونتر ڕۆچێتە نێو باسەکانی ئەم بەشەوە ئاماژە بەوە دەکەین یەک لەو لایەنانەی بەنیازین لەم بەشە بخەینە بەرباسی کە بەخۆی پێوەندییەکی گەورەشی بەگەندەڵیی هزرییەوە هەیە مەسەلەی تێکەڵکردنی هزری هزرەڤان و قوتابخانە یان ڕێبازە هزرییەکانە بەیەکتر. پێش ئەوەش بێینە سەر ئەو بەرەنجامانەی لە ئاکامی ئەم کێشەیەوە دروست دەبن بەپێویستی دەزانین سەرەتا بێینە سەر ئەو هۆ و هۆکارانەی لە اڵ ئەو بەرەنجامانەوەن. ئەڵبەتە بواری دروستبوونی ئەم کێشەیە بەزۆری ئەو شوێنانەن نووسین و ئاخاوتنی کوردی تێیدا بڵاو دەبێتەوە. بۆیە گەر خوێنەری ئەم تێکستە بەوردی سەرنجی بەشێکی زۆر لە نووسینەکانی نێو ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و کۆوارە حزبی و ئەهلییەکان و، تەنانەت لێدوانە تەلەڤزیۆنی و ڕۆژنامەییەکان و سیمینارەکانی ناو هۆڵە ڕۆشنبیرەکانی دابێ دەرکی بەوە کردووە هەموو ئەوانە لە دروستکردنی

تاوانـێ بەشـــدارن دەشێ ناونرێ تاوانـی تێکەڵکردنی هـزری هزرەڤــان و ڕێبــاز و قــوتابخـــانە هزرییــەکـان بەیەکـتـر. بێگومـان بەدەم ئـەو تاوانەوە هەندێ وردە تـاوانی تریش کـراوە: بـۆ نموونە ئەوەی کە پۆلی زانسـتە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان بەیەکتر تێکەڵ دەکرێن. واتە فەلسـەفە بە تیۆری سـیـاسـی و ئەوەش بە زانسـتی مـێژوو و ئـەمیـشـیـان بـە کۆمـەڵناسـی و هـەر هـەمـووش بە وێژەی (ئەدەبی) کـراوە. خراپیش نییـە لێـرە بپـرسـین چۆن هزری هزرەڤـان و قـوتابخـانـە هزرییـەکـان و ئەمجار پـۆلی زانسـتـە کۆمـەڵایەتی و مرۆییـیـەکان بەیەکتر تێکەڵ کـراون؟ و بۆ ئەمـە رووی داوە؟ و دواتر ئاخۆ بەرهـەمهێنانی نووسین و دید و لێکدانەوەی بێ ئامـانج و ناهۆمۆجین ئەمانە بەرەنجامی بێ ئاگای هزری و پاشکـەوتوویی ئەکادیمین یاخۆ بەرهـەمـی دیاردەی تـرن؟ بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم بەشــە لە وەڵامـی ئەو پرسـیــارانە بـەئاگـا بێنین داوای لـێ دەکـەین لەســەر خــوێندنـەوەی دواتری نووسینەکەمان بەردەوام بێ.

پێشـتـر وتمان گـەر بەوردی سـەرنجی بەشـێکی زۆر لەو نووسـینانـە بدرێ لە مـاڵپـەڕ و ڕۆژنامـە و کـۆوارە حـزبی و ئەهلییـەکاندا (یان ئەوانەی لەلایەن گرووپ و دەسـتـە هـاوڕێ جـۆراوجـۆرەکانەوە) بڵاو دەبنەوە دەبینرێ گـەلێ لەو نووسـینانە لەلایـەک بەشـداری لە تێکەڵکردنـی دید و تەمـاشـاکردنە ئەدەبی و فەلسـەفی و کۆمـەڵایەتییـەکان بەیەکتر دەکەن و هـەروەها لەلایەکی تر ئەو نووسـینانە نەک هەر رۆڵ لە تێکەڵکردنی بیری بیریار و رووناکبیرە جیهـانییـەکان دەبیـنن بگرە رۆڵ لە تێکەڵکردنی پۆلی زانسـتە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا دەبینن. بەباوەڕی ئێمـە لێرە تاوانەکە تەنیا ناکـەوێتە ئەسـتۆی نووسـەر بگرە بەشێک لەو تاوانە دەکەوێتـە ئەسـتۆی سـەرنووسـەر و دەسـتـەی نووسـەرانی مـاڵپـەڕ و رۆژنامـە و کۆوارە حزبی و ئـەهلییـەکانیش، چونکە بەشـێکی زۆر لەو سـەرنووسیـار و یان دەستەی نووسـەرانانەی لەلایەکی لە پۆلە زانسـتییە کۆمەڵایەتی و مرۆییـیە جـۆراوجۆرەکان پسپۆڕ و شـارەزا نـین و، لەلایەکی تریش لەو گۆرانکارییـە میـتۆدی و قـوتابخـانەییـانەش بێ ئاگـان هـاتوونەتە سـەر بەکـاربردنـی چەمک و واتا فـەلسـەفی و ئەدەبی و سـۆسـیـۆلۆجییـەکـان. ئـەم لایەنەش دۆزێکی ئەوتۆی هێناوەتە پـێشـێ، چەمک و واتـاکان لە شـوێنی خـۆیاندا بەکـار نەبرێن و ئەمـەش لەسـەرێکی ترەوە کـارێکـی وای کـردووە ئـەو چەمک و واتایانـە مـانا نەبەخشـن و هـیـچ گـۆڕانێکیش لـە شـێوازی نووسـین و ئاخـاوتندا نـەکەن. زۆرجـاریش ئـەم جۆرە کێشـانـە ئـەم جۆرە فـۆرمـە وەردەگـرن: بۆ نموونـە گەلـێ جار هـەندێ نووسـەر لە هـەندێ نووسینـدا بـەبـێ بناغـە و بەشـێوەیەکی زێدە هـەڕەمـەکی بەباڵی واتاگەلێکی وەک مـۆدێرنە، ڕادیکال، لیبراڵ، دیموکراسـی، شـارسـتـانی و عەقـلانی هـەڵدەدا کـەچی لە نووسـینێکی تر و، یـان لە هـەمـان نـووسـیـندا، پـشت لەو واتایانە دەکـا و یان دژی دەوەسـتـێـتـەوە و ئەمــەش روو دەدا بـەبـێ ئەوەی سـەرنووسـیـاری ئەو مـاڵپـەڕ و یان رۆژنامــە یان کـۆوارە ئـەهلی یان حـزبییـانە دەرک بەوە بکەن رووی داوە. ئێمـە لەلایەن خـۆمانەوە ئەم کێشـەیە ناو دەنێین تـێ نەژیان لەوی دەنووسـرێ و دەوتـرێ یان تـێ نەژیان لەوەی بیـری لـێ دەکرێتـەوە و گـوزارەی لـێ دەکرێ. ئەم کێـشـەیەش کـە یـەکێکە لە کـێشـە دووبـارە و بەرچاوییـەکـانی نووسـینی کـوردی و کـاریگەرییـەکی زۆریشـی بەسـەر ئەو گەنـدەڵییـە هزریەوە جێ هێشـتووە وتاری نـووسـینی کوردی دووچاری بووە.. چونکە بەشێ زۆر لە نووسـەرانی کـورد تێڕامـان لەوە ناکـەن دەیڵێن یان دەینـووسن. یاخۆ بەشـێکی

زۆر لە نووســەرانی کــورد زۆرجـار لە نـووسـینەکـانیـاندا یان دژی بیـری خـۆیان دەوەسـتنەوە و بەپێچـەوانەی ئەوەوە قسـە دەکـەن لە هـەمان باس و وتنی خۆیاندا پشتگیرییـان لێ کردووە و بە وتن و دیتنهـای گرینگ و بەمـانایان زانیو، یانیش داکۆکی لەوە دەکـەن پێشتـر پووچیـان کـردووەتەوە و بەجـۆرە بیر و تێگەیشـتنێکی بێ کەڵک و بێ مـانایان زانیـوە. هەر ئەم دیاردەیە کـە ئێمـە لێرەدا باسـی لێـوە دەکـەین لـە لێدوانە تەلـەفزیۆنی و سـیـمـینارەکانی هـۆڵە رۆشنبیـرییـەکـانیـشـدا بەدی دەکرێن. بۆ نموونە زۆرجـار کـەسـی سـیـمـینار سـازکـەر یان ئەوەی لـە کەنـاڵی تەلەڤزیۆنیـدا لێدوان دەدا دەکـەوێتـە بارێواوە ئاگـای لەوە نامـێنـێ لەبارەی چییـەوە دەدوێ و ئەویشـی دەیلـێ زۆرجـار پێچەوانەی ئەوەیە لەهـەمان وتن و یان لە شـوێنێ تردا لێی دواوە. رەنگە هـەندێ جار ئەمە پێوەندیی بەو دیتنە پراگماتیستییەوە بێ کەسەکە باوەڕی پێیەتی. بۆ نموونە ئەو کەسە لەبەرئەوەی لە کەناڵی یان رۆژنامەی حزبێکی سیاسیدا دەدوێ ئەمە وا دەکا بۆچوونی ئەم کەسـە بۆ ئەو شتانە لە کەناڵی یان رۆژنامەی حـزبێکی سیاسـیی تر وەک یەک نەبێ. ئەم جۆرە دیاردانە کـە زۆر دووبارەن زۆر جار بەوپـەڕی ئاگـایی و بە بەرنـامــەشــەوە دەکــرێن. ئەمــانەش تەنیــا لە مــەســەلەی تێکەڵکردنێکی مـیکانیکیـیـانەی بیـر و زانینەکـان بەیەکـتـر ناگـەڕێنەوە بگرە ئەمـە بەخـۆی دیاردەیەکی دژە رووناکبیرییشـە و وەکی تر نەژیانیشـە لەوی وتراوە و یان بیرنەکردنەوەیە لەوی بیری لێ کراوەتەوە. ئەمـە کـە گـەندەڵـیــیـەکی هزری دروست دەکـا تێکدەری پرۆســەی گـشت خـوڵقـاندنێکی هزری و بیـریاریشـە. وەکی تریش دوژمنی گـەورەی راسـتـییـە. بۆیە لەگـەڵ بەگـەندەڵیبـوونی هزر راسـتی مـاڵوێران دەبێ. چونکە مـاڵی راسـتەقینەی راستی تەنیـا ئەو دەمـە دەشـێ دروست بکرێ کە هزر، هزری راستەقینە نەک هزری هیچگەرا و بێ داهاتوو، سەروەرە.

ئەوەی لای ســـەرەوە باس کــرا زۆر بـەکــورتـی دەکــرێ لـەم دەربڕینـەشــدا پـوخت کــرێتــەوە: بەردەوامـبـوونی گـەندەڵیی هزری لە کۆمـەڵگەدا وا دەکا بێ هزری لـە گشت درز و کـون و کـەلەبەرە رۆشنبیرییەکانی هزراندندا خۆی مەڵاس دا. ئەڵبـەتە نیشتەجێبوونی بێ هزریش لە هزردا زۆرترین کێشـە بۆ ئەو نـووسـین و ئاخافـتن و کردە رووناکـبیرییانـە دروست دەکا دەیانـەوێ قسـە لەسـەر ئەو باسـانە بهێننە پێشەوە، پێیان وایە باسگـەلێکی تەنگوچەڵەماوی و کێشـەئامێزن. ئەمان نـاکارن و ناتوانن ئەمـە بکەن، چونکە ئەو کەسـانە لـە نووسینەکانیـاندا هـەر جارە و داکۆکی لە گوزارە و واژە و یان رێبـاز و ئاراسـتـەیەکی هزری و ئەدەبی و سـیـاسـی دەکـەن و یان هـەر جـارە و تێگەیشـتن و بیرۆکـەیەکی دەکەن بە هۆکاری وێرانسازی و نەهامـەتی و سەرچاوەی نایەکسـانی و دووبەرەکی و، یان بەپێچەوانەوە دێن و بەبێ فاکتـە و بەبێ روونکردنەوە و بەبێ ئاماژەکردنیش بۆ سەرچاوە و ئەو ئەدەبیـاتانەی پشـتگیری لەو دەکا کـە دەیڵێن داکۆکی و پشـتگیری لە هـەندێ دیاردەی مـێژوویی و هزری یان رووداوی سیاسـی و کۆمەڵایەتی دەکەن. ئەمـە کە تا ئەوپەڕی بەسـەر سەرنووسـیاری یان دەسـتـەی نووسـەرانی رۆژنامـە و کـۆوارەکـان تێ پەڕیوە و رۆڵی خـۆی لە دروسـتکردنی لێکدانەوە و یان بەلانی کەمـەوە لە دروستکردنی روانین و دیدی بێ ئامانج و دژە مـیتۆد و هـەڵەشـدا دیوە کە لای خوارەوە هـەندێ لە رووەکانی ئەم کێشـەیە دەخەینە بەرباس.

ئەو کێشـەیەی لای سـەرەوە باس کـرا بوونی خـۆی هـەیە و تەنـانەت بووە بە مۆدێلێکی هزریش کە

نووسەرانی کورد ماوەی جارێکی بیری خۆیان بگۆڕن و یان لە یەک کات و قۆناغدا ببن بەهەڵگری چەند بیر و تەماشاکردنێکی کە هەر هەمووش لە تەک یەکدا دژ و پارادۆکساڵن (ناکۆکئامێزن). ئەوەش لە سەرێکی ترەوە ئاماژەیە لەسەر نەبوونی پارادایم و چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان و تێ نەژیان لەوەی لەوەوبەر وتراوە. ئەم لایەنە کە بەری بیرێکی پەرت و شاش و بێ ئامانجە بەرهەمی ئەندێشەیەکیشە توانای تێهزرینێکی بەرین و پڕی نییە و، هەروەها ئەو جۆرە بیرانە بەرهەمی کەسانێکیشن سادە دەڕواننە کاری بیرکردنەوە (هزراندن) و، ناخوازن لە ڕەچەڵەکی کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیرییەکان بکۆڵنەوە و ئامانجیشیان نە گەڕانە بەدووی رێگەچارە بۆ کێشەکان و نەش دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ بۆ کەموکووڕییەکان.

بەڵام ئەوەی پێوەندیی بە شوێنی بڵاوکردنەوەکانەوەیە، واتە ئەو شوێنەی تێکستەکان دەگرنە خۆیان و بە پوبلیک (جەماوەر)ی دەگەیەنن، هەروەها ئەو جێگە و کەسانەش پشتگیری لە بیری بێ ئامانج و سەرەڕۆی هزری دەکەن، ئەوەیە ئەم لایەنە زۆرجار لەلایەک پێوەندیی بەوەوەیە سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی ئەو رۆژنامە و کۆوارانە لەلایەک تێگەیشتنێکی دیاریکراویان لەسەر پۆلە (حقل) جیاوازەکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان نییە و لەلایەکی تریش پێشینە و زەمینەیەکی ئەکادیمیشان لە هیچ بوارێکی هزریدا نییە و ئەمەش وا دەکا لەو گۆرانانە بێ ئاگابن هاتوونەتە سەر مێتۆدی هزری و ئاراستەی قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی نێو بوارەکانی وەک فەلسەفە، زانستی زمان، کۆمەڵناسی و تیۆریی سیاسی. لە هەندێ حاڵەتی تردا ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بەدیاردەیەکی تریشەوە هەیە ئەوەش برێتییە لە بوونی ئەو دۆستایەتی و خزمایەتییەی لە نێوان زۆربەی نووسەر و بەرپرسی (مەبەستمان سەرنووسیاری) رۆژنامە و کۆوارەکاندا هەیە کە ئەوەش کارێکی وا دەکا بەوردی سەرنجی ئەوە نەدەن بڵاوی دەکەنەوە و لەوەش نەکۆڵنەوە ئەو نووسینەی بڵاوی دەکەنەوە چەند ئامانجی خۆی دەستنیشان کردووە و بە چ رێگە و شێوازێکی ئەو نووسینە چارەسەر پێشکێش دەکا و هەروەها ئەو ئارگومێنتانە چین ئەم نووسەرە بەهۆی باسەکەیەوە دەیەوێ دەستنیشانیان بکا و چۆنیش ئەم ئارگومێنتانە بەکار دەبا. هەروەها ئەو دۆستایەتییە زۆرجار کارێکی واش دەکا پاش بڵاوبوونەوەی ئەو نووسینە هەڵە و تێکەڵاوانە ئەم رۆژنامە و کۆوارانە رۆڵ نەک هەر لە دروستکردنی ناو و نووسەری سەیر سەیردا، ببینن بگرە ئەم رەفتارەیان دەبێ بە بناغەیەک بۆ دروستکردنی بۆچوون و روانینی فەلسەفی و سیاسی و ئەدەبیی نادروست و بێ مەبەستیش. ئەم هەڵە و نامیتۆدییەش لە نووسین و بڵاوکردنەوە، کە بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەو خزمایەتی و خێڵەکییە رۆشنبیرییەیە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، لەناو ئێمە کارێکی وای کردووە ئەو نووسینە تێکەڵ و بێ ئامانجانە تا ڕادەیەکی زۆر ببن بە فاکتە و راستی و هەروەها بە سەرچاوەش بۆ بەڵگەهێنانەوە و داڕشتنی جیهانبینیی تر. واتە لەو شێواوی و بێ ئامانجی و تێکەڵییە راستییەکی باوەڕ پێکراو و زانینێکی تۆکمە دروست بووە و بووەتە بە رێفرێنس (مەرجەع) بۆ ئەو نووسین و لێکدانەوانەی پاشتر دەکرێن. ئەم لایەنە کە زۆر مەترسیدارە بەبۆچوونی ئێمە زۆرترین کێشەشی لەپاش خۆی بەجێ هێشتووە و زۆرترین برینیشی خستووەتە ناو جەستەی رۆشنبیریی نوێ کوردیشەوە و بناغەیەکی پتەویی بۆ

گەندەڵیی هزری و مشەخۆری رووناکبیرییش دروست کردووە. چونکە نووسینی هەڵە و تێکەڵاو، کە بەهۆی نەبوونی زانیاری و بوونی رەوشتێکی خێڵەکیی رۆشنبیری و تێنگەیشتنی پڕ و قووڵەوە دروست بووە، نووسینی کوردیی تازەی لە ڕادەبەدەر تەنیوەتەوە و بووە بە بەشێکی گەورە لە ژیانی نووسینی نوێی کوردیشمان.

بەدڵنیاییشەوە ئەو هۆیانەی ئاماژەمان پێ کردن تاکە هۆکار نین لە دروستکردنی ئەم دیاردەیە (دیاردەی دروستبوونی نووسینی تێکەڵاو و بەهەڵە و بێ ئامانج) بگرە گەلێ رووداو و هۆی تر هەن کە لە درێژەی باسەکەدا دێینەوە سەریان. یەک لەو هۆکارانەش کە شایانی بیرخستنەوەیە ئەوەیە تا ئێستا بەزمانی کوردی تێکستێک بەرچاو ناکەوێ نەک هەر ئەوە روون بکاتەوە نووسین چییە؟ یان بۆ دەنووسین؟ یاخۆ نووسەرایەتی چی دەگەیەنێ و پەیامی نووسەر لە چی پێک دێ؟ بگرە ئەوەش روون بکاتەوە چۆن دەنووسین؟ و رەکیزەکانی نووسین لە چی پێک دێن؟ و یاخۆ بۆ نووسین لە خودی خۆیدا هەوڵێکە بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەکی دیاریکراو؟ هەروەها چۆن ئەو توێژینەوەیە لە ناخیدا هەڵگری ئامانج و خواستێکی دیاریکراوە و کاریشی فاکتە بەدەستەوەدان و بەشداریکردنە لە دروستکردنی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی پێویست و بەجێ؟

وای بۆ دەچین ئەوەی تا ئێستا تێکستێکی بەرچاو ناکەوێ ئەو شتانە روون بکاتەوە لای سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا تەنیا نێوەندی رووناکبیری و میدیای نوێی کوردی لێی بەرپرسیار نییە بگرە نێوەندیی ئەکادیمیی کوردیش لێی بەرپرسیارە. نێوەندی ئەکادیمیی کوردی کە تا بڵێی لەم ڕووەوە کەمتەرخەمە، زۆر دەمێک لەمەوبەر دەبایە شوێنی خوڵقانی توێژینەوە و پشکنینی تایبەت و جیا بووایە و دەزگایەکیش بووایە بۆ پاڵفتەکردنی بەرهەمە هزرییە سیاسی و زمانەوانی و فەلسەفی و سۆسیۆلۆجی و ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان. بەدڵنیاییەوە ئەم گازندەیەی ئێمە لەم ئاستە ڕاڕایی لە دەروونی ئەو کەسانە دروست دەکا بایەخیان بۆ نووسینی ئەکادیمی نییە و، یان لەبەر گرفتی ئەکادیمی و نەبوونی باگراوندی ئەکادیمی رقیان لە گوزارەی ئەکادیمی دەبێتەوە و پێشیان وایە نووسینی ئەکادیمی نووسینێکی تیۆریی وشکە و تێگەیشتنی لێ وەبەر نایە. ئەم لایەنە تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بەهەندێ دیاردەوە هەیە لەوانە: ئەوەی پێی دەڵێن ئەکادیمی لای ئێمە ئەو بایەخەی نییە و رەنگە بۆ گەلێک دەربڕینی ئەکادیمی دەربڕینێ ئاریستۆکراتی بێ و بە چەند کەس و یان تاقمێکەوە تایبەت بێ و، تەنانەت واتای ئەکادیمی لای ئێمە بەو مانایەش بەکار نابرێ کە لە ناواخنی ئەم واتایەدا توانایەک ئامادەیە دەکارێ هەستیاریی زانستی بخاتەوە، یان بەگشتی واتای ئەکادیمیبوون لای ئێمە بەزۆری واژەی قوتابیی زانکۆ و بڕوانامە بیر دەخاتەوە و ئەمەش وا دەکا ناوی زانکۆ ببێ بە ئامرازێ بۆ دروستکردنی ستاتۆسی کۆمەڵایەتی نەک شتی تر. بۆ نموونە ناوونیشانی زانکۆ دەشێ بۆ وەدەستهێنانی شتی کۆمەڵایەتی بەکار ببرێ لەوانە شووکردن، ژنهێنان، یان کار پەیداکردن و شتی تریش. ئەمەش بەخۆی کارێکی وا دەکا زۆرینە تەماشاکردنێکی تریان بۆ ئەکادیمیا و کەسی ئەکادمیکەر هەبێ. هەروەها رەنگە لە سەرێکی ترەوە بێ توانای ئەکادیمیکاری کورد و بێ فیرۆیی و بێ کەڵکی تێز و شیکردنەوە ئەکادیمییەکانی ئەکادیمیکارانی کورد وای لە گەلێ غەیرە ئەکادیمی و تەنانەت هەندێ ئەکادیمیکاریش کردبێ هیچ هیوا و باوەڕێکیان بە کاری

ئەکـادیمی نەبـێ و هەروەها هـیچ وەختـیش ئـامـادە نـەبن، ئەو باوەڕەیان لا دروست بێ ئەوە ئەرکی ئەکـادیمیکارانـی کـوردە پۆلە هـزری و بوارە رووناکـبـیـریـیـەکـان بەرەو پێـشـەوە بەرن نـەک دەزگـا رۆشنبیری و میدیا سیاسییەکانی پارتە سیاسییەکان و، یان چاپخانە ئەدەبییەکانی شار. چونکە ئەو دەزگـا رۆشنبـیـرییـە حـزبـییـانە و هەروەها ئـەو چاپخـانە (سـەنتـەر یان نێـوەندە) ئـەدەبی و رووناکبـیریـانە ناتوانن ئەو بۆشـاییـیـە زەبەلاحـە بەو تێکسـتـە ئەدەبیـیـە شیـعرگەرا (پۆیەتیک) و سیاسییـە پەرتانە پڕ بکەنەوە دەقیـان پێوە گرتووە کە لە هەمـان کاتیشـدا ئەو تێکسـتـانە سـالآنێکە پاڵپشتیی دیاردەی ئەو گەندەڵییە هزرییەن وتاری رۆشنبیریی هاوچەرخی کوردی تەنیوەتەوە.

کە وابێ بەپێی ئەو نەختە دیتنانەی لای سەرەوە بێ ئەو کەسانەی تەماشایەکی نێگەتیڤانەیان بۆ ئەکـادیمیکاری کـورد و نێـوەندەکـەی هـەیە ناشـێ بـەکـەسـانێکی هـەڵـە لە قـەڵەم بدرێن. ئەوەی ئەو تەمـاشـایـەشـی لای ئەو کەسـانە دروست کـردووە خـودی ئەکادیمیکاری کورد و نێـوەندەکەیەتی نەک کـەسـێ تر. هـەروەهـا نـاسـاغـیـی نێـوەندی ئەکـادیمیی کـوردی نەک هـەر هـۆی بـنـەڕەتـیـیـە بۆ ئەوەی بەشێک لە ئەکادیمیکاران بـێ هـیوا و هزرناساغ بن، بگرە ئەم لایەنە هۆکاری سەرەکیشە بۆ ئەوەی زۆرینەی نووسەر و رووناکبیرانی غـەیرە ئەکادیمی بێ هیوا و بێ باوەڕ بن بە ئەکادیمیکاران. بەڵام ئەم حـاڵەتە هەندێ پـارادۆکس و کـەمـوکـووڕیی دروست کـردووە کە لـە هـەردوو نێـوەندی ناوبراودا (مـەبـەست نێــوەندی ئـەکـادیمی و نێــوەندی رووناکـبـیــری) بەرچـاو دەکـەون. ئەو پـارادۆکس و کەموکووڕییانە دواتر دێینەوە سەریان و لێرە لە بری ئەوە لەوە دەدوێین، کـە لەم حاڵەتانەدا کە باس لە گرینگیی نێوەندی ئەکـادیمی دەکەین نامـانەوێ مـانایەکی وەهمی و بێ نـاوەڕۆک بۆ ئەوەی پێی دەڵێن نێوەندی ئەکادیمیی کوردی دروست بکەین، هـەروەها لە رێگەی مـانادان بە واتای ئەکادیمی ئامـانجـمـان ئەوە نییـە ئـەو هـەوڵ و کـارانە بێ فـیـرۆ و لاواز بکەین لە دەرەوەی نێـوەندی ئەکـادیمی بەرهـەم دێن و مـانـای خـۆیان بـۆ کـردەی رووناکـبـیـری و داڕشـتنی زانین هـەبووە بگرە مـەبەسـتی سـەرەکـیی ئێـمـە ئەوەیە ئـەو رۆڵ و سـتـاتۆسـە لە بـەرچاو بگرین نێـوەندی ئەکـادیمـی لە زۆربەی کـۆمـەڵگەکـانـدا بەخـۆیەوە گـرتوویەتی و شـوێنی لە داهێنـان و دروسـتکردنی رێبـاز و مـیـتـۆدی شیکردنەوە و خـوڵقـاندنی بیـر و دیدی جیـادا دیوە. بەڵام نێـوەندی ئەکادیمی لایئێـمـە ئەم کـارەی نەکـردووە و تەنانـەت خـەمـسـاردی و بێ باکـیـیـەکـەی کـارێکی ئەوتۆشـی کـردووە خـەڵک پشت بە دەرەوەی نێوەندی ئەکادیمـی ببەستن. ئەمەش وای کردووە ئەو زانینەی (رۆشنبیر)ییەی لە دەرەوەی نێـوەندی ئەکـادیمیی کـوردی بەرهـەم دێ لە وتاری ئـەکادیمیـی پۆپولێـر و باوەڕ پێکراوتر بێ. واتە خەڵک پتر متمانەی بە نووسینی نووسەرە نا ئەکادیمییەکانە تا نووسەرە ئەکادیمییەکان. ئەمەش بەخۆی کاتستڕۆفێ (بەلا، فـاجیعە)یەکی رووناکبیری و ئەکادیمیی گەورەیە کە بەباوەڕی ئێمە پێش هەموو شتێکی خودی نێوەندی ئەکادیمیی کوردی لەم کاتستڕۆفە بەرپرسیارە نەک شوێنکی تر.

ئەوەی بـاس کـرا لە درێژەی نـووسـیـنەکـە روونکردنـەوەی بۆ دەکـرێ، بەڵام لێـرە دەمـەوێ زۆر بەکورتی بێمە سەر ئەوەی سەردەمـانێ لای ئێمە هەندێ شوێن، وەک خـەڵوەتگە و دیوەخانە ئەدەبی و کون و قـوژبنەکانی عیرفان، مانایەکی زۆریان بۆ هێنانە دنیای سەرمـایەیەکی لە شیعرگەرایی و عـیـرفـانـی ئاسـمـانـی و دیدگـا و دانـاییی هـەبووە و تەنانـەت وەک شـوێنـە بە بەرەکـەت و پڕ لە

زانینەکانیش تەماشا کراون. ئەم شوێنانە کە لە بری ئەکادیمیا و زانکۆکان بوونە بەدڵنیاییەوە زانین و داناییێ تایبەتیان بەرهەم هێناوە و شوێنی متمانەی زۆرینەی خەڵکیش بوونە. بەڵام لەبەرئەوەی چوارچێوەی ململانێ و ئاڵوگۆڕییەکان لە کۆمەڵگە وردە وردە فۆرمی تریان بەخۆوە وەرگرت نە ئەو شوێنانە ئەورۆ وەک خۆیان ماونەتەوە و نەش ئەو عارف و دانایانەش ئەمرۆ دەژین و، ئەمە و نە ئەو سات و چرکانە لە شوێنی خۆیاندان و نەش دۆزی مرۆڤ و مرۆڤایەتیش لە ئاستی ئەو دەمەدایە.

لێرە دەکرێ باس لە دوو لایەن بکرێ. لایەنی یەکەم ئەوەیە ئەو پرۆسەیە کە بەردەوام نەبوو زیانێکی گەورەی لەو ناوچانە دا ئومێدیان بەو دانایی و زانینانە هەبوو بەهۆی ئەو شوێن و دانایانەوە بەرهەم دەهاتن و، لایەنی دوەمیش ئەوەیە هەچ شتێ لەو رووەوە بەرهەمیش هاتبێ لە بوارێ یان یەک دوو بواردا گیری خواردووە. واتە داهێنانەکان لە یەک دوو ئاستدا قەتیس ماون ئەوەش بەزۆری یان بواری زانینی شیعری بووە یانیش فەلسەفەی عیرفانی و توانەوە لە واتای خاڵق. ئەم لایەنە، کە کێشەی خۆی لەپاش خۆی جێ هێشتووە، نە لە ئەمرۆدا بوونی هەیە و نەش دەکرێ بە قۆناغە زانینییەکانی ڕۆئاوا و ئەو چرکە ساتانە بەراورد بکرێ زانینی زانستی و تەکنیکییان بەرهەم هێناوە. مەبەستم ئەمرۆ زانینە زانستی و تەکنیکییەکان، کە لە گشت بوارەکاندا کاریگەرن و هەروەها ڕەنگدانەوەی خۆیانیان لە گشت بوارە مەعریفییەکاندا هەیە، نە لەگەڵ زانینە عیرفانی و ئاینی و دانایە ڕۆهەڵاتییەکاندا یەک دەگرنەوە و نەش زانینە زانستی و تەکنیکییەکان دانویان لە تەک شتی غەیرە زانستی و نارۆئاواییەکاندا دەگونجێ.

ئێمە و تەنانەت خوێنەریش دەزانین ئەوەی لای سەرەوە وترا باسێکی هێجگار قووڵ و هەستیارە و بابەتی ئەم نووسینە نییە، بەڵام ئەو بیرۆکەیەی لە وتنی ئەو چەند دێرە ویسترا بەدەست بهێنرێ ئەوە بوو، کە نێوەندی ئەکادیمیی کوردی زۆر کۆن نییە و ئەوەندەی هەشە زۆر بەرهەمهێنەر و داهێنەر نەبووە و ئەو دید و زانینەش لەم نێوەندا بەرهەم هاتووە لە گەلێ رووەوە پاشکەوتووە و بەو دانایی و عیرفانەش ناگا لە خەڵوەتگە و تەکیە و دیوەخانە ئەدەبی و ئاینییەکاندا بەرهەم هاتووە. نێوەندی ئەکادیمیی ئێمە کە هیچ وەبەرهێنانێکی لەسەر ئەو سەرمایە عیرفانی و داناییە ڕۆهەڵاتییە نەکردووە هیچ بەشدارییەکیشی لە دروستکردنی تێز و بیرۆکەی ئەکادیمیشدا نەکردووە. بۆیە کێشەی نێوەندی ئەکادیمیی ئێمە دوو سەرەیە. سەرێکی ئەوەیە گەرانەوەی نییە بۆ شتە خۆیییەکان و ئەوەی لەمەوبەر بەرهەم هاتوون و سەرەکەی تریشی ئەوەیە لەگەڵ پێوانە نوێکان و تەوژمی زانینی تازەدا ڕێ ناکا و هەڵوێستی خۆشی لە هیچ رووبەکەوە تایبەت بەوەی «ئەوی تر» بەرهەمی دێنێ دەستنیشان نەکردووە.

بەڵام تایبەت بەوەی لەمەڕ ئەوەی ئاماژەی بۆ کرا، واتە ئەوەی تەنگوچەڵەمەکانی نێوەندی ئەکادیمی وای کردووە متمانە پتر بە نووسینی نووسەرانی غەیرە ئەکادیمی بکرێ، ئەوەندە ئێژین کە دانی متمانە بە نووسینی نووسەرانی غەیرە ئەکادیمی بووەتە هۆی ئەوەش رۆژ بەرۆژ نووسەر و رووناکبیری غەیرە ئەکادیمی (عیسامی) لەناوماندا لە زیادبووندا بێ و ئەوانەش (واتە نووسەرە غەیرە ئەکادیمییەکان) بۆ ئەوەی شوێنێ لە نێوەندی رۆشنبیری داگیر بکەن دێن و خۆیان لە باسی

تیۆری و هزریی قووڵ دەدەن. ئەم کەسانە کە لە دەرەوەی نێوەندی ئەکادیمی زانینێکیان بۆ خۆیان سەبارەت بەهەندێ بوار و پۆلی زانینی پەیدا کردووە و هزری خۆیان پەروەردە کردووە، دەیانەوێ لە ڕێگەی نووسینە سیاسی و ئەدەبییە تێکەڵەکانیانەوە ببن بە ڕێفرێنس بۆ نووسینی تازەی کوردی و ڕۆژیش نییە بیریاری بەسەر چەندان لایەن و شتەوە نەکەن کە لە بناغەدا لێی ناگەن و هیچ پسپۆڕییەکیشیان لەبارەیانەوە نییە. ئەم کەسانە کە ڕیشەی زانین و ڕووناکبیرییان ناچێتەوە سەر هیچ ڕشتەیەکی ئەکادیمی و یان لە هیچ بوار و پۆلێکی زانستیدا شارەزا و پسپۆڕ نین، هەردەم سەرقاڵی دامەزراندنی بنکە و سەنتەر و چاپخانەی ڕۆشنبیرین و یان تاو ناتاوێ هەفتەنامەیەک دەردەکەن یان دەبن بە سەرنووسیاری کۆوارێکی یاخۆ ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی و تیۆریزە بەسەر گشت شتێکەوە دەکەن (ئازادی، دڵداری، سیاسەتی وڵات، دیپلۆماسییەتی کوردی، فەلسەفەی جیهان و... هتد). ئەمانە کە لەسەر لاوازی و سستییەکانی نێوەندی ئەکادیمی دەژین ناکارن هزرێکی تایبەت و دەگمەن بهێننە کایەوە، چونکە ئاشکرایە ئەوەی مەڵبەندی ئەکادیمی دەکارێ بەرهەمی بێنێ جیا و تایبەتە و بە چاپخانە و سەنتەرە کولتوورییەکان ناشێ بەرهەم بێ. مەبەستمان بەواتایەکی تر، چاپخانە و سەنتەرە کولتوورییەکان کە بوونە بە نوێنەری هزری تازە و قسەکەری قوتابخانە هزری و ڕێبازە نوێکان هەرگیز ناتوانن ئەو ڕۆڵە قورسە بگێڕن نێوەندی ئەکادیمی دەشێ بیگێڕێ. دۆزی گەندەڵاویی ئازادی ڕادەربڕینیش کارێکی وای کردووە ڕۆژ نییە مەڵبەندێک یان سەنتەرێکی چالاکیی کولتووری یان نێوەندیی ڕۆشنبیری بۆ کاری ڕاگەیاندن و توێژینەوە لێرە و لەوێ دروست نەکرێ. دروستبوونی ئەم شوێنانەش بەپشتبەستن بەم حزب یان ئەو دەوڵەمەند و مقاویل یانیش ئەو پارەدار و سیاسەتوان کارێکی وای کردووە ئەم شوێنانە نەک هەر نەتوانن هزر بەرهەم بهێنن بگرە نەتوانن هیچ قسەیەکیش لەسەر ئەو نادادپەروەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەش بکەن کۆمەڵگەی ئێستای کوردستانی تەنیوەتەوە. لەوە سەیرتر ئەم شوێنانە کە بەم جۆرە خێڵەکییە دروست دەبن دواتر وەک گشت شتە کوردیەکانی تر دەخرێنە ژێر سایەی خێزانێکەوە و دەبن بە ڕێگەیەکیش بۆ بژێویی تاقم و چەند کەسێکی گەندەڵ. ئەم شوێنانە کە لەژێر سایەی ئازادییەکی گەندەڵدا کار دەکەن لە ڕێگەی ئەو ڕۆژنامە و هەفتەنامانەوە بەردەوامی بەکارە ڕۆشنبیرییە گەندەڵەکانییان دەدەن کە شایانی هیچ متمانەیەکی هزری و باوەڕێکی دیاریکراو نین. ئەڵبەتە بەتەماشایەکی سەر جادە و کتێبخانە ئەهلییەکانیش بۆ نموونە لەناو هەردوو بازارەکانی شاری سلێمانی و هەولێر ژمارەیێ زۆر لە کۆوار و ڕۆژنامەمان بەرچاودەکەوێ کە گەشە بە پرۆسەی ئەو گەندەڵە هزرییە دەدەن تێکرای ئەتمۆسفیری ڕۆشنبیری شاری تازەی کوردی تەنیوەتەوە. گەر بەشێک لە خوێنەرانی ئەم نووسینەش بوونی زۆری ژمارەی کۆوار و ڕۆژنامە بە تەوژمی گەشەی دیموکراسییەتەوە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستان ببەستنەوە ئێمە دەڵێین موخابن ئەوە وا نییە و زۆریی ئەو کۆوار و ڕۆژنامانە هیچ پێوەندییەکیان بە بەبوونی دیموکراسیتەوە نییە و هەڵەشە زۆریی ڕۆژنامە و کۆوار یان بەلێشاو دامەزراندنی سەنتەر و بنکەی چالاکیی ڕۆشنبیری و هونەری بەبوونی دیموکراسییەتەوە ببەسترێتەوە، بەڵام دەشێ و دەکرێ ئەوە بەهەڵە بەکاربردنی دیموکراسییەت و بە گەندەڵیبوونی ئازادییەوە ببەسترێتەوە. ئێمە کە دژی

بوونی ئەو هەموو کۆوار و رۆژنامە کولتوورییانەین ئەم دژایەتییەمان بەگەلێ شێوە بەڵگەدار دەکەین بۆ نموونە:

١- زۆربەی ئەو رۆژنامە و کۆوارانە لە رووی ناوەڕۆکی هزرییەوە لە فۆرمی جیا جیادا خۆیان کاوێژ دەکەنەوە و بەدەوری چەند تەوەرێک لە باس و بابەتیشدا دەخولێنەوە بەردەوام لەخۆ دووبارەکردنەوەدان.

٢- زۆریی رۆژنامە و کۆوار کارێکی وای کردووە ئازادیی ڕادەربڕین و بوونی ئازادیی چاپەمەنی بشێوێنرێ و پەرتی و شێواوی و بێ هزری بەناوی رۆشنبیرییەوە بڵاو کرێتەوە و ئەو جۆرە بۆچوون و دیتنانەش لە نووسینەکاندا ببن بە سەرچاوە و پاڵپشت کە لە هزراندن و توێژینەوەوە دوورن.

٣- زۆریی رۆژنامە و کۆوار لە ئێستادا لە کوردستان کە نیشانەن لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریی خەڵک ئەو خوێندەوارییە کاریگەریی بەسەر قەڵاچۆکردنی دیاردەی گەندەڵییەوە نییە و هەڕەشەیەکیش نییە بۆ سەر دەسەڵات.

٤- دەسەڵات کە خۆی لە پشت گەندەڵکردنی هزرەوەیە لە زۆریی رۆژنامە و کۆوار ناترسێ و، لەبەرئەوەش کە خۆی دەیانژێێنێ کاریگەریی بەسەر بۆچوون و دیتنەکانیشیانەوە هەیە. بەڵام زۆر جار ئەم لایەنە، واتە زۆریی رۆژنامە و کۆوار و ئەڵبەتە زۆریی سایتی کوردییش بەرهەمی ئەو نائارامی و ناجێگرییە سیاسی و دەروونییەشە کە مرۆڤی کورد رۆژانە تێیدا دەژی و بووشە بە بوارێک بۆ گوزارەکردنەکانی ئەم مرۆڤە کوردە. بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو رێگە و شێوازانەی ئەم مرۆڤە کوردە بۆ راڤەکردن و روونکردنەوەکانی دەیگرێتە بەر زۆر جار نادروست و هەڵەئامێزن. دواتر پێنووس و توانا و داهێنانەکانی ناو ئەم کۆوار و رۆژنامە و سایتە کوردییانە ئەوەندە بەیەکتر تێکەڵ کراون، زۆر بە سەختی دەکرێ رۆژنامەوانێکی لە نووسەرێک، یان ئەکادیمیکارێک لە کەسێکی غەیرە ئەکادیمی (عیسامی) و، یاخۆ مێژوونووسێکی لە ئەدیب و یان زمانەوان و، هەروەها ئابووریناس و تیۆریزەکەرێکی سیاسی لە کۆمەڵناس و فەیلەسووف و فیلۆلۆگێک جیا بکرێنەوە. ئەڵبەتە گەلێک هۆش لەم رووەوە هەن کە دەکرێ لە بەرچاو بگیرێ کە مانایان بۆ تێکەڵیی شوناسی هزری و مەعریفیی کەسەکان و توانا و پسپۆڕییان هەیە، کە لای خوارەوە ئاماژە بە بەشێکیان لە سنووری باسەکەدا دەکەین.

لە کوردستان کە ژمارەی نەخوێندەوار زۆرە و لەم بیست ساڵەی دواییشدا لەبەر چەندان هۆی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەم ژمارەیە بەرزتر بووەتەوە و یان ئاستی خوێندەواری بەمەبەستەوە هێنراوەتە خوارێ و نەویستراوە بەرز کرێتەوە ئەم لایەنە کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەی بەسەر کۆمەڵگەوە بەجێ هێشتووە و ئەوەی پێی دەڵێن خوێندن و یان بوون بەخوێندەوار لە قوتابخانە و بەردەوامبوون لەسەر خوێندن بە نیازی بوون بە ئینتگلێسیایەکی ناو کۆمەڵ لە کەمبوون و لاوازیدایە. باری سیاسی و ئابووریی ئەم چەند ساڵەی پاش ڕاپەڕینیش لە کوردستان کارێکی ئەوتۆی کرد خەڵکێکی زۆر واز لە قوتابخانە بهێنن و روو لە کاری ئازاد و سەربەست بکەن. هەر بۆ نموونە ئێستا بەشێکی زۆر لە دووکاندار و شتفرۆشی دەستی و کاسبی سەر جادە

و کـرێکاری بینایە لە گـەلێ لە شـارە گـەورەکـانی کـوردسـتـان هـەڵگری بڕوانامـەی دیپلۆم و بەکالۆریۆسن. بۆیە ئەم لایەنـە وای کرد خـەڵکێکی زۆر لە خوێندن لە دانیشگە و یان پەیمانگەکان بێ هیـوا بن. ئـەمـە و بەتایبـەت لەم دە یان پازدە سـاڵەی دوایی و پاش هـاتنی شـەپۆلی فـەلسـەفـەی سیـاسیی جیـهـانگیری لە وڵاتانی غـەیرە ڕۆئاوایی ئەو تێگـەیشـتنە ئابووری و کۆمـەڵایەتییـە لەناو خـەڵکدا بەرجـەسـتـە بوو کـە کـاری ئازاد و بـازرگـانیی ورد و گـەورە لە کـارێکـی تر و یان لەو کـار و پیشانەی درەنگ پارە دەردەکەن، بۆ نموونە مامۆستایەتی یان فەرمانبەری، بەخێرتر و بەسوودترن. کـەواتە فـەلسـەفـەی دروسـتکردنی پارە بە پەلە و بە هـەچ جـۆرێ بێ، کە ئـێسـتا بووە بە پرەنسیپ لە کوردسـتـان و لە جیـهـانیش، بەگشـتی زەرەرێکی گـەورەی لە پێوەندییـە مرۆییـیـەکـان و پێش گشت شـتێک لە مەسـەلە ڕۆشنبـیـریـیـەکـان داوە و کولتـووری پارەپەرسـتـیـشی لە تەک خـۆدا هێناوەتە ناو ژیان و کـۆمـەڵگـەشـەوە. ئەم لایەنە کـە لـەناو ڕۆشنبـیـرییـە لاواز و سـسـتـەکـاندا بێچـووییـەکـی زۆری داناوە گەندەڵیی هزری یەکێکە لە دەرکەوتەکانی.

بەڵام ئەو جۆرە کـارانەی لای سـەرەوە باس کران (کاری سـەر جادە و بازرگانیی گـەورە و بچووک یان کـرێکـاری لێـرە و لەوێ و شـوفـێـریی تەکـسی و... هـتـد) تـەنیـا ڕووبەڕووی ئەوانە نـەبووەتەوە خــوێندنێکی دیاریکراویان نەخــوێندووە یان خــاوەنی بڕوانـامــە نین بگرە ڕووبەڕووی ئـەوانەش بووەتـەوە خـوێندنێکیـان لە کـۆلێـجـێک یاخـۆ پەیمانگـەیەکی دیاریکراودا تـەواو کـردووە. لەوەش بگەڕێتەوە کە باس کرا ئەوەیە کە، ئەو کەسـە خوێندەوار و خاوەن بڕوانامـانە زۆر جار ناچار بوونە لە شوێنێک بەکارکردن قایل بن کە دژ بە پسپۆڕی و توانا ئەکادیمی و ئاستی خوێندەوارییەکەیان بووە یان ئەم کەسانە بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بژیێنن، چوونەتە کەرتی سەربازی و یان بواری کاری سـیـاسی و ڕاگـەیاندنی حـزبێکەوە، رەنگیـشــە زۆر جـار ئـەم جـۆرە کـارانەشـیـان لەبـەرئەوەی پێشبـڕکێـیـەکی زۆریان لەسـەرە دەست نەکەوتووبێ و بە نەخـوێندەوارێک بە لە جیـاتی کـرا بێتن. چونکە بوون بە کـارمـەند ئـەمـڕۆ لە کـۆمـەڵگـەی تازەی کوردەواری زۆر جـار لەسـەر بنـاغـەی سـیـاسی یان تایفـەگـەری دروست دەبێ و بازاڕی کـاریش لەم ڕووەوە پڕە لە دیاردەی سـەیر سـەیر کـە گشت دیاردەکـانیش بـەرهـەمی ئەو نایـەکـسـانیـیـە کـۆمـەڵایـەتی و چەوسـانەوە ئابوورییـەن گـەندەڵگـەری دروسـتی کـردووە. گـەندەڵگـەری کـە ئابووریـیـەکی نایـەکـسـان و نادادپـەروەری هێناوەتـە کـایەوە، شـیـرازەی پرەنسـیـپـەکانی بازاڕی تێک داوە و مـافـەکـانی بێکار و بێبـەش لە کـار و کـەمئـەندام و نەخۆش و پەککەوتەی گەندەڵ کردووە. بەم شێوەیە نەخوێندەواری و یان دوورکەوتنەوە لە خوێندن و بەردەوامنەبوون لەسـەر گەشـەدان بە خوێندن و خـوێندەواری هۆی گرینگن لە دروستنەبوونی کەسـی خوێندەواری بەتوانا و یان کەمبوونەوەی ئەکادیمیکار و خەڵکانی ئێنتلیگێسا کە ئەوەش کارێکی وا دەکا پرۆسـەی فـێـربـوون و تێگەیشـتن لەناو کـۆمـەڵگـەدا بـەشـتی ترەوە ببـەسـترێتـەوە و ئـامـرازی تر جـێی خـوێندن و زانین بگـرێتـەوە و خـەڵکـانی تر شـوێنـی ئـەکـادیمیکار و ڕووناکـبـیـری راسـتـەقـینە بگرنـەوە. بۆیە کـاری ئـەکـادیمـی و بیـریاری لەناو ئـێمـە نە ئەو بنـاغـە پان و بەرینەی هـەیە و نەش مـێژووی دروسـتبـوونی ئەوەندە کۆن و ناسـراوە. گـەر بەلای کەمـەوە بۆ پەنجا سـاڵێ لەمـەوبەریشـی بگەڕێنینەوە دەبیـنین ئەوەی هـەبووە شـیـعـر بووە و وەزیفـەی شیـعـریش لەم حـاڵەتەدا ئەوە بووە دژی

جەهل و نەزانی بوەستێتەوە و، یان شیعر بۆ دەرگە کردنەوە لە ئازادی و بەرخوردان بەکار براوە و هەروەها بە پەخشان و هەڵبەست هەوڵ دراوە خراپەکارییەکانی نەخوێندەواری و بێ قەڵەمی و بێ ناسنامەیی بخرێنە بەرباس. هەر بۆیشە تا ئێستا زۆربەی نووسین و راڤەکردنەکانمان بە وتاری شیعری گوزارەی لێ دەکرێ و بەهۆی شیعرەوە پەی بە کێشەکان و دەردەسەرییەکان دەبرێ. واتە شیعر بۆ ئێمە بەدیلی زانین و زانست بووە و شاعیر ئەو ئەکادیمیکار و بیریارە بووە کۆمەڵگەکانی تر هەیبووە.

ئەو نەختە قسەکردنەی لای سەرەوە لە سەرمایەی شیعریمان و رۆڵی لە بەلەجیاتیکردنی زانین بەو مانایەی ئێمە ویستوومانە هەڵوێستە لەسەر سەرمایەی شیعریمان بکەین و شاعیر لە کۆمەڵگە و شاری نوێی ئەمرۆدا هەروەک ئەوەی بیست و سێ سەدەیەکی لەمەوبەر پلاتۆن (ئەفلاتوون) لە کۆمارەکەیدا ڕاوی ناوە و لە ئەکادیمیاکەیدا شوێنی بۆ دیاری نەکردووە بخەینە بەرباس، بەقەد ئەوەی ویستمان ئەوە بڵێین دۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستیی ئێمەی کورد کارێکی وای کردووە زۆرترین شوێن لە کۆمەڵگە و لەناو وتاری رۆشنبیریمان بە شاعیر (غەزەلهۆنەرەوە) بدرێ و گەورەترین متمانەش بەوانە بدرێ وتاربێژ و پەخشاننووسن. بەتەماشایەکی باری هزری و رۆشنبیریی شاری تازەی کوردیش ئەوەمان زۆرتر بۆ روون دەبێتەوە کە ئەم نەریتە تا ئێستاش بەردەوامە و شار لە ئێستادا لە کوردستان لێوانلێوە لە شاعیر. ئەم دیاردەیە کە هۆ و مانای خۆی لە ژیانی سیاسی و کولتووریی کەس و کۆمەڵگەی کوردەواریی کۆن و نوێدا هەیە بابەتی ئەم باسە نییە، بەڵام ناشبێ ئەوەمان بیربچێ کە شاری تازەی کوردی تەنیا لە نەخوێندەوار و نووسەری حزبی و رووناکبیری نائەکادیمیی ئاسا لێوانلێو نییە، بگرە شار لە هەمان کاتدا لە رۆشنبیری پەخشاننووس و رۆژنامەوانی شاعیرئاساش لێوانلێوە کە هەموو ئەمانەش بەیەک شێواز و فۆرم لەبارەی بوون و دەوروبەریانەوە تێڕامان دەدەن و دەنووسن، بەباوەڕی ئێمەش ئەم جۆرە کەسانە مەترسییەکی گەورەن لە بەردەم دروستبوونی خوێندەوارییەکی بەتەندروست و بیرێکی تۆکمە و نێوەندێکی ئەکادیمیی ریالئامێزدا.

بەواتایەکی تر، نووسەرە پەخشاننووسەکان، ئەوانەی لە رێگەی هۆنینەوەی غەزەلەوە دەیانەوێ رۆشنبیریی هاوچەرخی کوردی دروست بکەن، تێکڕای تێگەیشتنی نووسینی کوردییان بێ هۆش کردووە. ئەمانە کە لە وێژە (ئەدەب) ناگەن و لە بەوێژەیبوونی (بەئەدەبیبوونی) ڕۆشنبیریی کوردی بەرپرسیارن لە هەقیقەتی ئەو کێشەیە ناگەن بۆ خۆیان دروستیان کردووە. ئەم غەزەلنووسانە کە لەوە ناگەن رۆشنبیریی هیچ میللەتێک نە تەنیا لە وێژە (ئەدەب) پێک دێ و نەش رۆشنبیر دەکارێ پشت لە وێژە بکا هەرگاڤ لە پێناوی یەک ئامانج و مەرامی ئەدەبی دەنووسن. ئەم لایەنە کە کاریگەری بەسەر گشت لایەنە رۆشنبیرییەکانی تریشەوە جێ هێشتووە ئاکامەکەی دروستکردنی سەرمایەیەکە لە نووسینی رەوانبێژی ئاسا و سۆفستایی. ئەڵبەتە لە گەلێ رووشەوە ئەو پەخشاننووسییەی رووی لە کاری رۆژنامەوانی کردووە هەر لەم جۆرە سەرمایەیەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ. گەر تەماشای زۆربەی ئەو وتارە شیعرگەرا سیاسییانەش بکەین هەندێ رۆژنامەوان یان بەرپرسی رۆژنامە و کۆوار لە دەروازەی بەشێکی زۆر لە رۆژنامە و کۆوارەکاندا دەینووسن

بەوردی لەوە دەگەین بۆچی تەوژمی بەئەدەبییبوونی رۆشنبیری کوردی بەسەر رۆژنامەوانی نوێی کوردییەوە زاڵە. ئەڵبەتە لەم بارەیەشەوە هەڵە ناکەین گەر بڵێین: لە مێژووی نووسینی کوردیدا ئەدەب و رۆژنامەوانی کە هەردەم تەواوکەری یەکتر بوونە لە ئێستادا ماهییەتی رۆشنبیریی تازەی کوردییش پێک دێنن. بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە بەشێکی زۆر لە پسپۆڕانی ئەدەب و ئەمجار رۆژنامەوانیش لەوە حاڵی نەبوونە ئەو ئەدەبەی زمانێکی رۆژنامەوانی دەگرێتە بەر و ئەو رۆژنامەوانییەش کە سەرچاوە لە ئەدەبەوە هەڵدەگرێ، ناتوانێ زۆر بژی و ناشکارێ وتارێکی رۆشنبیریی فرە ئاقاری پتەو دروست بکا.

بۆیە رۆشنبیری بۆ ئەوەی ستاتۆسی تایبەتی خۆی هەبێ پێویستە ئەدەب لە بەئەدەبییبوونی خۆیدا گیر بخوا و رۆژنامەوانییش لەسەر کاری دیاریکراوی خۆی بەردەوام بێ. واتە ئەدەب دەکرێ سنوور بۆ خۆی دانێ و رۆژنامەوانیش مەرجە لەو سنوورە بگا و تێی نەپەڕێنێ ئەگەرنا جیاوازی لە نێوان ئەدەب و رۆژنامەوانیدا نامێنێ. چونکە پێویستە بۆ هەمووان ئەوە روون و واڵا بێ کە ئەدەب هزرە یان بوارێکی هزرییە و رۆژنامەوانیش بوارێکی تایبەتە بە گەیاندنی فاکتە و هەواڵ و زانیارییەوە. بۆیە دەبێ جیاوازی لە نێوان ئەو زانینەی ئەدەب دەمانداتێ و ئەوەی رۆژنامەوانی دەیدا بکەین. ئەم جیاوازیکردنە یارمەتیی ئەوەشمان دەدا لە دەسەڵاتی هزریی ئەدەب بگەین. بەڵام ئەو دەمەی ئەدەب بەخۆی لە هزرەڤانیی خۆی ناگا و ئەمجار زمانی ئەدەبی خۆی لە زمانی رۆژنامەوانی جیا ناکاتەوە، ئەوە کێشەیەکە و ئەدەب و ئەدەبنووسانی کورد، نەک رۆژنامەوان و رۆژنامەوانانی کورد، لێی بەرپرسیارن. بەڵام نابێ ئەوەشمان بیر بچێ کە ئەدەب و رۆژنامەوانی دەتوانن بەبێ شێواندنی ناسنامەی یەکتر یەکتر بەکاربەرن و سوود لە ستاتۆسی یەکتر لە سنووری دیاریکراودا وەرگرن؛ چونکە بۆ ئێمە ئەوە شێواندنە گشت رۆژنامەوانی تەرخان بکرێ بۆ ئەدەب و ئەدەبیش بە زمانی رۆژنامەوانی بێتە گۆ. راستە چ ئەدەب و چش رۆژنامەوانی دەکارن لە گەلێ رووەوە رەکیزە سەرەتایی و بناغەییەکانی رۆشنبیری پێک بهێنن، بەڵام ئەم پێکهێنانە لەسەر ئەوە وەستاوە چۆن ئەمە دەکرێ. چونکە ئەدەب و رۆژنامەوانیی گەندەڵ هەرگیز ناکارن ئەوە بکەن و ئەو هزرەش لە ئاکامی ئەم جۆرە ئەدەب و رۆژنامەوانییەوە دروست دەبێ گەندەڵ و بێ سوودە. گەندەڵ و بێ سوودە چونکە ئامانجدار نییە و توانای گوڵبژێری و پاڵفتەکردنیشی نییە. یەک لە دەرخستەکانی ئەم گەندەڵی و بێ سوودییەش تێکەڵکردنی هزری هزرەڤان و رێبازە هزرییەکانە بەیەکتر. بۆ ئەوەی بەشێ لەو گەندەڵییە بەسەر بکەینەوە کە پێمان وایە ئەدەب و رۆژنامەوانی گەندەڵ دروست بکەین بەپێویستی دەزانین داوا لە خوێنەر بکەین ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە لە بەرچاو بگرێ:

خاڵی یەکەم: لەم دواییانەدا گەلێ نووسەر، بەتایبەت نووسەری رۆژنامەوان و ئەدەبدۆست کەوتنە نووسین لەسەر باسی وەک کۆمەڵگەی مەدەنی، جیهانگیری و ئیسلامی سیاسی و هەروەها هەندێک باسی هزریی قووڵ بەزمانێکی ئەدەبی و رۆژنامەوانیی سادە و ناهزری. ئەمە و هەر ئەم رۆژنامەوان و ئەدەبدۆستانە کەوتنە قسەکردن و یان سیمینار سازکردن لەسەر باس و خواسێک کە لە ئەدەب و رۆژنامەوانییەوە دوورە و ئەمەش وای کرد ئەمانە بکەونە هەڵەی واوە کە لە لێدوان و

سیمینارێکیانەوە بۆ ئەوەی تر ناکۆکی و پەرتی و تێکەڵاوی لە وتنەکانیاندا جێ بهێڵن. بەڵام ئەوەی لەمە زۆر ئێرۆنیترە ئەوەیە کە نە سەرنووسیاری ئەو کۆوار و رۆژنامە و یان بەڕێوەبەری ئەو لێدوانانە پەییان بەو ناکۆکی و پەرتی و تێکەڵییانە بردووە ئەو نووسەر و رۆژنامەوانانە دروستیان کردووە و نەش کەسێک تا ئەورۆ هاتووە و لەم دیاردە پڕ لە کەموکووڕییە دواوە. بۆ ئێمە هەرگیز ئەوە سەیر نییە بۆ ئەم لایەنە تا ئەمڕۆ باسیان نەکراوە. ئاشکرایشە ئەوە بەگشتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو بەشە زۆرەی لە دروستکردنی ئەم دیاردەیە بەرپرسیارن سەر بەو خێڵە رۆشنبیرییەن لە بەسۆفستاییکردنی نووسینی ئەدەبی و رۆژنامەوانیی کوردیدا بەرپرسیارن.

ئەو نووسینانە لەبەرئەوەی مەرجەکانی نووسینینیشان تێدا نییە، بواری ئەوەشیان تێدا نییە ببن بە رێفرێنس بۆ کەسانێک کە لە دەرەوەی ئەو خێڵەن. هەر بۆیەشە ئەو جۆرە نووسینانە هەردەم لە دەرەوەی نێوەندی ئەکادیمی دەمێننەوە و لە قوژبنی چاپخانەکاندا نەبێ ناخوێنرێنەوە و دواتر هەر لەوێش رەت دەکرێنەوە و یان بەهادار دەکرێن. ئەم دیمەنەش یەکێکە لەو دیمەنە ناشیرینانەی سالانێکە بینەقاقای نووسین و کاری رۆشنبیریی کوردییان گرتووە. ئەم دیمەنە کە بەخۆی یەکێکە لە دیمەنە ناهزرییەکان، مانای لە تێکەڵکردنی بیری بیریارانیشدا دیوە. چونکە زۆربەی ئەو باس و تێزە قورس و ئاڵۆزانەی ئەو نووسەرانە دەخوازن لە سەروتارێک یان سیمینار و لێدوانێکدا باسی لێوە بکەن، ناتوانن ئەوە وەک خۆی ئەنجام بدەن و ئەمەش وا دەکا کێشەی میتۆدی و هزری گەورە لە پاش خۆیان دروست بکەن و نامۆییەکی هزریی مەزنیش لەناو نووسینی کوردیدا بەجێ بهێڵن. بەڵام ئەم کێشەیە دەکرا چارەسەر بکرێ یان دەکرا ئەم کێشەیە لەم ئاستەدا نەبێ بەمەرجێک ئەگەر لە بری ئەو هەموو رۆژنامە و کۆوارە ئەهلییانە یەک دوو گۆڤاری ئەکادیمیی تایبەت بەیەک دوو بواری زانستی هەبایە.

لێرەدا ئێمە مەبەستمان لە کۆواری ئەکادیمی ئەو جۆرە کۆوارانەیە دەستەی ئەکادیمیکاری شارەزا و پسپۆڕ لە بواری تایبەت لە دەرهێنانیدا بەشدار دەبن و ئەوەی لەوێدا بڵاوی دەکەنەوە، بەرهەمی توێژینەوە و راڤەکردنەکانیان دەبێ و، هەروەها ئەو مشتومڕ و گفتوگۆ و ڕەخنانەی لەوێدا بڵاو دەبنەوە نەک هەر جێی باوەر دەبن بگرە زانیاری و بۆچوونەکانی شایانی بەکاربردن و تێڕامانی جۆراوجۆریش دەبن.

بەخۆی دروستبوونی کۆوار لەلایەن دەستەیەک پسپۆڕی شارەزا لە بوار و پۆلی جیا جیا لە زۆربەی وڵاتان ترادبسیۆنێ باوە و زۆربەی شارەزا و پسپۆڕان لە بوارێکی تایبەتدا لەسەر ئەوە کۆک دەبن کار بۆ دەرهێنانی کۆواری تایبەت بە بوارێ بکەن و هەر ئەم لایەنەش کارێکی وا دەکا ئەو کۆوارە رەوتی خۆی هەبێ و خوێنەرانیشی جیا و تایبەتیش بن. ئەمە و ئەم لایەنە رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیەش لەو گەندەڵییە هزرییە دەپارێزێ کە لە هەندێ رووەوە دووچاری دەبێ. چونکە یەک لەو فۆرمەی ئەو گەندەڵییە هزرییە وەری دەگرێ بەدڵنیاییەوە ئەوەیە کە لە لاپەڕەکانی لای سەرەوەی پێشووتردا ئاماژەی بۆ کرا (واتە تێکەڵکردنی دیدە هزری و قوتابخانەییەکان بەیەکتر). زۆر جاریش ئەم کێشەیە لە نێوەندی رۆشنبیری و میدیای کوردی بەم جۆرە خۆی نیشان دەدا، بۆ نموونە نووسەرێک یان رووناکبیر و هزرەڤانێ دەکرێ بە بنێشتە خۆشەی سەر زمان و هێندە

گەورە و ناسراو و پایەدار دەکرێ کە بەدڵنیاییەوە لەسەر حسێبی دەیان نووسەر یان رووناکبیر و هزرەڤانی تر دەبێ و یان هەمان شت سەبارەت بە هەندێ شەپۆل و ئاراستەی هزری و ئەدەبی و فەلسەفیش دەکرێ. واتە زۆر جار بزووتنەوە و قوتابخانەیەکی هزری ئەوەندە زل دەکرێ کە ئیدی گشت هزری مرۆڤایەتی لە ئاراستەی ئەو شەپۆلە هزرییەدا بەرجەستە دەکرێ ئەو بزووتنەوە و قوتابخانە هزرییەی بەرهەمی هێناوە. زۆر دووریش ناڕۆین ئەو بایەخە زۆرەی چەند ساڵێک لەمەوبەر هەندێ لە نووسەرانی کورد لە ناوەوە یان لە دەرەوە بەهەندێ بیریار و مێژووکردی فرەنسی (فوکۆ، دێریدا، بارت)دا یان لەسەر حسێبی ناوی چەندان کۆمەڵناس و رووناکبیر و فەیلەسووفی تری ڕۆئاوایی و غەیرە ڕۆئاوایی بوو. هەروەها ئەو بایەخدانە بەو بیریارانە سەرچاوەی لەوەوە هەڵنەگرت کە ژیانی کەسی کورد لە تێزەکانی بیریاری ناوبراوەوە زیاد لە پێویست نزدیکە بگرە بەپێچەوانەوە باسکردنی ئەو بیریارانە و گۆکردنی ناویان بوو بە داردەستێ بەدەست هەندێ کەسەوە بۆ ئیدیعاکردنی رووناکبیری. هەر ئەم لایەنە مەسەلەی ئەوەش بەدووی خۆدا ڕادەکێشێ کە هەندێک جار نەک هەر بیری بیریارێک لەسەر حسێبی بیریار و رووناکبیرانی تر بەکار براوە بگرە بەشێک لە بیری ئەو بیریارە لەسەر حسێبی بەشەکەی تریش بەکار براوە. واتە زۆرجار بایەخ بە تێزێکی بیریارێک دراوە و تێز و توێژینەوەکانی تری فەرامۆش کراون.

خاڵی دووەم: مەسەلەیەکی تر کە لێرەدا گرینگە سەبارەت بە هۆی تێکەڵکردنی قوتابخانە هزرییەکان بە یەکتر باس بکرێ، کە رەنگە لای سەرەوە راگوزارییانە باسی لێوە کرا بێ و ئەو بەئەدەبیبوون و بەرۆژنامەوانیبوونەش لێی بەرپرسیارە کە رۆشنبیری کوردی دووچاری بووە ئەوەیە، لە نێو بەشێک لە دەستەی نووسەر و رۆژنامەکارانی کورد تێگەیشتنێکی ئەوتۆ لەسەر پۆلی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان بەدی ناکرێ و تەنانەت ئەو دوو پۆلە جیایە لە یەکتریش جوداناکرێتەوە و بەجۆرێک لە نووسین و لێکدانەوەکانیشدا بەیەکتر تێکەڵ دەکرێن کە بناغەیان بۆ ئەو تێکەڵکردنە لە رێباز و میتۆدە هزری و فەلسەفییە جیا جیاکانیش دروست کردووە. بەسەیرکردنێکی ئەو نووسینانەش کە لە هەندێ بەشی ئەدەبی و یان هزریی زۆربەی رۆژنامەکان دەنووسرێن بەئاسانی هەست بەوە دەکرێ چەند نووسەر و رۆژنامەکار و یان رەخنەگران بوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانیان بەیەکتر تێکەڵ کردووە و چەند ئەم نووسەر و رۆژنامەکارانە ئاگایان لەوە نییە هەریەک لەو بوارانە رێگەی خۆیان لە خستنە رووی فاکتە و بەڵگەدا هەیە و یان لە توێژینەوەی کێشە و دیاردەکان خاوەنی شێوازی جیاواز و تایبەتی خۆیانن. ئەم لایەنە کە دواتر دێینەوە سەری، و بەمەسەلەی بە ئاکادیمیبوونی کۆوار و بێ ئاگایی زانکۆکان لە بەشە تازەکان و گۆڕانکارییە میتۆدی و تیۆرییەکان دەیبەستینەوە، لێرە نموونە لەسەر مەسەلەیەکی تر دێنینەوە کە پێوەندیی بە رۆڵی کۆوارە کوردییەکانەوەیە لە تێکەڵکردنی دیدی قوتابخانە هزرییەکان بەیەکتر.

ئێمە لە سەرەوە هەندێک لە رووەکانی ئەم دیاردەیەمان خستە روو، وا لێرەدا لە روویەکی ترەوە بەسەری دەکەینەوە کە پتر ئەو تاوانە روون دەکاتەوە پێشتر بە تاوانی تێکەڵکردنی هزری هزرەڤان و قوتابخانە هزرییەکان بەیەکتر لە قەڵەممان دا. ئێمە گەر لەم بارەیەوە بۆ زێتر روونکردنەوەی مەبەستەکەمان بمانەوێ وڵاتێ یان کۆمەڵگەیەک بەنموونە وەرگرین ئەوە باس لە سوێد دەکەین کە

ژمارەیەک کۆواری زۆری لێ دەردەچێ و هەریەک لەو کۆوارانەش ئامانج و مەرامی خۆیان لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەوە دیاری کردووە و ژمارە لە پاش ژمارەش پتر ئامانج و مەرامەکانی روون دەکاتەوە. نەک هەر ئەوە بگرە لە مەسەلە هەرە گرینگەکان کە مەرجە لێرەدا دەستنیشان بکرێن دوو مەسەلەیە. مەسەلەی یەکەم ئەوەیە کۆوار، لە وڵاتی سوێد بێ یان لە هەچ وڵاتێ تری رۆئاوایی، لە سەردەمی ئەمرۆدا زیاد لە پێویست تایبەت کراوە و رەوتێکی پسپۆرییانەشی بەخۆوە گرتووە. بۆ نموونە کۆواری تایبەت لەسەر فەلسەفە یان شانۆ یاخۆ فیزیا یا کۆمەڵناسی، سەما، بالێت دەردەچێ ئەمە و زۆرجار کۆوارەکان نەک هەر لەبارەی پۆلێکی دیاریکراو لە پۆلەکانی زانستە مرۆیی یان کۆمەڵایەتییەکانەوەن بگرە کۆوارەکان ساڵانێکە بەجۆرێکی ئەوتۆ تێماتیسێرە (بەبابەتی)ش دەکرێن هەر جارە و ژمارەی کۆوارێک بە تێمایێکی دیاریکراوەوە تایبەت دەکرێ. بۆ نموونە کۆواری تایبەت هەیە نەک هەر تەنیا لەسەر فەلسەفە بگرە جوانکاری یان میتافیزیک یاخۆ مورال (رەوشت) یا لۆجیک (مەنتیق)یش و تەنانەت کۆواری تایبەت لەژێر ناوی فەلسەفەی شیکردنەوەی یان فەلسەفەی پراکتیک یاخۆ تیۆریش هەیە و هەروەها کۆواری جۆراوجۆر لەسەر پرسی ئافرەت یان جۆرێک کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دیاریکراویش هەیە، لەوانە رەگەز یان ناسنامە. هەرچی مەسەلەی دووەمە ئەوەیە کە دەستەی نووسەرانی گشت کۆوارێک ئەوەی کۆیان دەکاتەوە پسپۆرییانە لەسەر ئەو باس و بابەتانەی کۆوارەکە بڵاوی دەکاتەوە و ئەو ئامانجانەی کۆوارەکەی لەسەر بنیات نراوە و، ئەمەش بەخۆی مەرجێکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتن و بەردەوامبوونی ئەو کۆوارە. بۆیەشە هەچ کۆوارێ لە هەچ بوارێک لە بوارەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بێ، کۆمەڵناسی یان ئەنترۆپۆلۆجی یاخۆ ئێتنۆگرافی، کاتێ لە یەکێ لە ژمارەکانی تێمایەک پێشنیاز دەکا کەسانێک لەو ژمارەیە بەشداری دەکەن کە پسپۆرییەکی تەواویان لەسەر ئەو تێمایە هەیە. بۆ نموونە کاتێک کۆواری سەما تێمای جووڵەی سەما و کولتوور دەکا بەتێمای ژمارەی داهاتووی ئەم کۆوارە، ئەو جۆرە باسانە لەو ژمارەیەدا بڵاو دەکاتەوە کە هەریەکەی بەجۆرێک ئەو تێمایە دەخاتە بەرباس کە بووە بە تێمای ژمارەی دیاریکراو و ئەڵبەتە لە پاڵ ئەوەشەوە چەند تێکستێکی وەرگێراویش تایبەت بە تێمای سەما و کولتوور لە تەک ئەو تێکستانەدا بڵاو دەکرێنەوە کە زادەی وەرگێرانی دەستەی نووسەرانی کۆوارەکە و هەندێک شارەزا و پسپۆرانی ترن کە لە دەرەوەی دەستەی بەڕێوەبەری کۆوارەکەن.

بەڵام هەرچی کۆوارە کوردییەکانە هەموو لە چەند خاڵێک یەک دەگرنەوە کە ئەوانەش ئەمانەن. خاڵی یەکەم ئەوەیە زۆرجار ئەو کۆوارانە وەک حزبە کوردییەکان دێنە پێکهاتن، واتە لە ئاکامی یەککگرتنەوەی هەندێ بۆچوونی هاوشێوە و شێوە خێزانییەوە دروست دەبن. هەروەها ئەو باس و بابەتانەی لەم جۆرە کۆوارانەدا بڵاو دەکرێنەوە ئەگەرچی بانگەشە بۆ ئەفسانەی تازەگەری دەکەن بەڵام لە جەوهەردا لە مەزاج و توانای کەسەکانەوە نزیکە تا شتێ تر و، پاشان نووسینەکان کە ئاراستەیەکی دەمدەمی و جەمسەرگەرا و پەرتیان هەیە، تێگەیشتن و بیرۆکەکانی پەرت و پچڕ و تێکەڵن. هەروەها گرفتی سەرەکیی ئەم جۆرە کۆوارانە لە شێوازیشیاندایە، چونکە ئەو نووسینانەی لەم جۆرە کۆوارانەدا بڵاو دەکرێنەوە هەر جارەی ئاراستەیەک وەردەگرن، واتە جاری

وایە وەسفی هەندێ لە دیاردە و ئاقارە ئەدەبی و فەلسەفی و یان سیاسییەکان دەکەن و جاری واشە دەکەونە دژایەتیکردنیان. ئەمەش بەخۆی کێشەیەکە لە کۆواری کوردی نابێتەوە و هەندێ لە خەوشەکانیشیمان لای سەرەوە نیشان دا.

خاڵی سێیەم: یەکێ لەو لایەنانەی لای سەرەوە ماوەیەک لەمەوبەر بەکراوەیی بەجێمان هێشت و لێرەدا دەمانەوێ بێینەوە سەری، ئەوەیە کە یەکێک لەو هۆیە سەرەکییانەی لە تێکەڵکردنی قوتابخانە هزرییەکان بەیەکتر ڕۆڵ دەگێڕێ ئەوەیە زۆربەی نووسەر و ڕۆژنامەوانانی کورد شارەزاییەکی تەواویان لەسەر قوتابخانە هزری و ئاراستە ئەدەبی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان نییە. لێرەدا دەشێ باس لە هەندێ بەڵگەی بەرچاوی بکرێ کە ڕۆڵ لە دروستکردنی ئەم لایەنەدا دەبینن. لەوانە ڕۆڵی زانکۆکان. تایبەت بەم لایەنەش دێینە سەر ئەوەی کە بڵێین لە زانکۆکاندا لەبەرئەوەی گەلێ بەش تا ئەمڕۆ بوونی نییە (لەوانە فەلسەفە، ئەنترۆپۆلۆجیا، ئەتنۆگرافیا، زانستی زمان و لقەکانی تری، مێژووی بیر و چەندان بەش و ئاراستەی تر) ئەمە وا دەکا ئەوانەی دواتر دەنووسن و خۆیان وەک ڕۆژنامەوان و نووسەر دەخەنە ڕوو، نەتوانن جیاوازی لە نێوان بۆچوونی سیاسی و سۆسیۆلۆجی هەروەها ئەمەو (کاری) ئەدەبی و، یان ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیدا بکەن، هەروەها لە زانکۆکاندا ئەو جۆرە پسپۆڕ و ئەکادیمیکارانەش (بۆ نموونە لە پلەی پرۆفیسۆر) بەدەگمەن بوونیان هەیە کە دەکارن نەوەی ئەکادیمی و کەس و پسپۆڕی تایبەت لە بوارە جیا جیاکان دروست بکەن. چارەسەری ئەم کێشەیەش کاری ساڵێک و دووان نییە و بەکردنەوەی بە پەلەی زانکۆی نوێ و یان بەشێ یان هێنانی پسپۆڕێک لە زانکۆییەکی ترەوە چارەسەر نابێ. ئەمە کە کێشەیەکی کۆن و گەورەیە و پێویستی بەچارەسەرێکی بەردەوام و هەمیشەییە ناشێ ڕەشمەی چارەسەرکردنەکەی بدرێتە دەست کەسانێ لە خەونی سیاسیی گەندەڵی خۆیاندان و بەرژەوەندە گەندەڵەکانیان لە چوارچێوەی ئەکادیمیدا بەدەست دێنن، ئەمانە ئەو کەسانەشن دەیانەوێ بەبێ زانین و توێژینەوە ببن بە دوکتۆرا یان بە پرۆفیسۆر یاخۆیش بە سەرۆک زانکۆ. ئەڵبەتە لەسەرێ ترەوە ئەو بێ ماهییەتی و پووچییەی لە ژیانی گەندەڵی سیاسیشماندا هەیە موخابن زۆر بەوردی ڕاگوێزراوەتەوە ناو نێوەندی ئەکادیمییەوە و بۆ نموونە بەشێک (دەڵێین بەشێک) لە مامۆستایانی زانکۆ ئەو گەندەڵییە سیاسییە وای لێ کردوون خەیاڵیان تەنیا لای ئەوە بێ چۆن ببن بە ئەندامی سەرکردایەتیی فلان حزب و یان چۆن ئەرزییەک لە فیسکانە حزب وەرگرن، لە کاتێکدا ئەو جۆرە مامۆستایانە لەوە بە ئاگا نین ئەو ئابوورییەی بەدەست ئەو جۆرە حزبە سیاسییانەوەیە ئابووریی خودی ئەو مامۆستایانە و کۆمەڵگەکەیەتی و هەروەها ئەو ئابوورییە بەری ئابووریی نەتەوە و داهاتنی نەتەوەیە کە ئەوەش لە کۆتاییدا بریتییە لە کۆکراوەی ئەو باج و یارمەتی و پارە دەرەکییانەی حزبە کوردییەکان بەناوی تاک و هاوولاتیی کوردەوە دەستیان دەکەوێ.

خاڵی چوارەم: هەر ئەو لایەنەی سەرەوە ئەوەشمان بیر دەخاتەوە کە قسە لەسەر سیستەمی خوێندنیش بهێنینە پێشەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی سیستەمی خوێندن، کە کێشە گەورەکەی پێک هێناوە و لە گەلێک لە گەندەڵییە هزری و ئەکادیمییەکاندا بەرپرسیارە، باسی ئەو مەنهەج و کتێبانەش دەگرێتەوە لەبەردەست قوتابییاندان و ئەو وانانەش کە دەوترێنەوە. ئاشکرایشە، ئەو

مەنهەج و کتێبانە، کە هەر هەمووشی لە ئاستی گەندەڵیی کۆمەڵگە و مامۆستاکانەوە نزدیکن، لە بارودۆخی سیاسی و ڕووناکبیری و تیۆریی زانستیی جیهانەوە دوورن. بەڵام لەم حاڵەتەدا مەسەلە تەنیا کارکردن نییە بۆ گۆڕان هێنانە سەر وانە و شێوازی وتنەوە یان ناوەڕۆکی کتێب و میتۆدەکانی خوێندن بگرە مەسەلەکە داوای گۆڕینی سەرلەبەری ئەندێشە و ڕووناکبیریی ئەکادیمیی بەشێکی زۆر لە مامۆستا و ئەکادیمیکارانیش دەکا. چونکە بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی زانکۆ نەک هەر هەفتەی یەک کتێب لەسەر نێت (بووک ئۆن لاین) ناخوێننەوە، بگرە ئەو ڕۆژنامە و کۆوارانەش ناخوێننەوە بەزمانی کوردی بڵاو دەکرێنەوە. ئێمە باشیش لەوە بەئاگاین کە بەشێک لە پاشکەوتوویی مامۆستایانی زانکۆ لەم ڕووەوە زمان نەزانینە بەڵام ئەم لایەنە گشت کێشەکە پێک ناهێنێ. چونکە ئەوانەش کە زمانێکی بێگانە فێربوونە تا ئێستا دەرنەکەوتووە چەند و چۆن ئەم زمانەیان وەبەرهێناوە، هەروەها جەوهەری کێشەکە ئەوەشە کە ناواخنی ڕووناکبیری و ئاستی مەعریفیی گەلێک لە مامۆستا و ئەکادیمیکار و نووسەری کورد لێڵە و لە قۆناغ و حاڵەتێکی وەستاودایە کە نایەوێ بجووڵێ و ناشخوازێ هیچ گۆڕانێ بەسەر بنیاتی خۆیدا بهێنێ. لەم بارەشەوە زۆر دوور ناڕۆین گەر بڵێین ئەوەی لە کۆلێجی زانستە مرۆییەکان دەخوێندرێ نەک هەر لە ڕەوتی میتۆدی و زانستی هەنووکەییی زانستە مرۆییەکان لە وڵاتانی ڕۆئاوا دوورە، بگرە لە گەلێک ڕووەوە گەلێ جار پێچەوانەشیەتی. بۆ نموونە گەر تەماشای زۆربەی بەشەکانی زانستە مرۆییەکانی وڵاتانی ڕۆئاوا بکەین دەبینین گشت کۆلێجێک لە کۆلێجەکانی زانستە مرۆییەکان سەرەتا بە خوێندنی کارە ئۆرجینالەکان دەست پێ دەکا و لە گەلێ لە بەشەکانی زانستە مرۆییەکاندا بەردەوام ئەو کتێبانە دەکرێن بە مەنهەج کە ئامانجێکی گەورە و گلوبال لە پشت نووسینیانەوە بووە و هەنووکەن و نێوبانگیان لە نێوەندی ئەکادیمیدا هەیە. ئەمە و لەمێژە هەر ئەو کتێب و یان بەرهەمە سەرەکییانە ناکرێن بە مەنهەج لە خوێندن کە بناغەین و کۆڵەکەی بیری سەدەیەک یان قۆناغێکی دیاریکراون، بگرە ئەو کتێبانەش دەکرێن بە مەنهەج لە خوێندن کە تازە نووسراون و لەگەڵ باری نوێی سیاسی و ئابووری و کولتووریی جیهاندا دەگونجێن. لە حاڵەتی ئەمرۆی کوردستان تایبەت بەم لایەنە ڕووبەڕووی دوو جۆر لە کێشە دەبینەوە. کێشەی یەکەم ئەوەیە بەرهەمە ئۆریجینالەکانی نووسەر و بیریارە گەورەکان و تا دەگاتە نووسینە تازە و هەنووکەییەکان بە زمانی کوردی نین و بەمەش قوتابییانی کۆلێجە جیاکان ناتوانن بەئاسانی و بێ گرفت ئەو نووسینانە بخوێننەوە و لە ناوەڕۆک و ئامانجی تێزەکانی بگەن.

کێشەی دووەمیش ئەوەیە کێ ئەم کتێبانە یان کارە هزرییانە بڵێتەوە؟ چونکە ئەوەی بیەوێ نووسینی ڕووناکبیر و ئەکادیمیکارە ڕۆئاواییەکان بڵێتەوە دەبێ خاوەنی خوێندنێکی سەردەمی و ئەندێشەیەکی ئەکادیمیی بەربڵاو و قووڵ بێ.

ئەو گومانەی لای سەرەوە دروستمان کرد، تایبەت بەوەی ئەو دەمەی دەخوازرێ لە کۆلێجەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان گۆڕان بهێنرێتە سەر میتۆدی خوێندن و وانە وتنەوە کێ ئەو گۆڕانە دروست بکا، بە گومانێکی ڕاستەقینە و بە بنەمای لە قەڵەم دەدەین. ئەم گومانە کە سەرچاوەیەکی هیچگەرا و بێ فەڕی نییە شیاوی ئەوەشی تێدایە بەشێکی زۆر لە ژیانی ئەکادیمیی

تازەی کوردیش بخاتە ژێر پرسیار. ئەم گومانە کە بۆ داکۆکیکردن لەخۆی بەڵگە و فاکتەیێکی زۆری لە بەردەستدایە توانای ئەوەشی هەیە لە هەقیقەتی ئەو تێگەیشتنەش بکۆڵێتەوە کە باوەری بەوەیە هەژاریی هزری و ئێپستیمی (مەعریفی)ی بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی کۆلێجە زانستییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان ئەو گەندەڵییە هزری و ئەکادیمییەی قووڵ و خەست کردووەتەوە ئەمڕۆ نێوەندی ئەکادیمیی کوردی پێوەی دەناڵێنێ. بۆیە بۆ لەمەولا گرینگە ئەوەی نێوەندی ئەکادیمیی ئێستای کوردی نێوەندێکی هزریی لە پاش و دژەپەروەردەیە بۆ گشت رۆشنبیرێکی زانکۆ و قوتابییەکی پەروەردە بەرز لە ڕادەبەدەر بەرجەستە و یەقینی بێ. قسەکردنیش لەسەر ئەم لایەنە و لایەنەکانی تر کە بە گەندەڵیی هزری نێوەندی ئەکادیمی و نێوەندی رۆشنبیری و میدیای کوردیەوە تایبەتن شتێ رەوشتی و مرۆییی پێویستن. بۆیە هەچ رەخنە و گازندەیەک کە لەم سۆنگە و رووەوە ئاراستەیەکی گەندەڵی و هزر لە پاشی ئەو نێوەندانەی ناویان هات دەکرێن، مەرام و نیازێکی دیاریکراوی مرۆیی و ئیتیکییان لە پشتەوەیە و چارەسەرکردنیشیان پێویستی بە یارمەتی و دڵسۆزیی گشت ئەو هێزە ناگەندەڵانەیە خاوەن هزر و داناییەکی راستەقینە و پاقژن..

بەدڵنیاییەوە هزر لە پاشی بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی گەلێ لە کۆلێجەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەلایەتییەکانیش، کە نەبووەتە جێی ئاخاوتنی نێوەندی ئەکادیمی و نێوەندی رۆشنبیری و میدیای تازەی کوردی، لە گەلێ رووەوە بەرامبەر بەو گەندەڵییە هزرییەش بەرپرسیارە لە نێوەندی رۆشنبیری و میدیای کوردیی تازەدا بڵاو و زاڵە. بەواتایەکی تر، بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی هزری لە نێوەندی ئەکادیمیی ئەو کۆلێرا ترسناکەیە گشت بوارە رۆشنبیرەکانی کۆمەڵگەشی گرتووەتەوە. ئەمەش بەئاسانی روو دەدا کاتێک رۆشنبیری کۆمەڵگە رۆشنبیرێکی بێ بنەما و ناقووڵ بێ. بەدڵنیاییشەوە لەناو توێژە رۆشنبیرەکانی شاردا گەندەڵیی هزری نێوەندی ئەکادیمی بەخێرا بڵاو دەبێتەوە کاتێک ئەم توێژانە خاوەنی ناسنامەیەکی پتەوی رۆشنبیری نەبن و گرفتاری دەستی گەندەڵیی سیاسیش بن یان بەشێک بن لەو گەندەڵییە سیاسییەی بینەقاقای کۆمەڵگەی گرتووە. بێماندا نییە ئەوەش باس بکەین بەشێک لەو گەندەڵییە هزری و ئەکادیمییەی وەک پەتا لە نێوەندی ئەکادیمی بڵاو بووەتەوە و لەوێشەوە رووەو کەنارەکانی نێوەندی رۆشنبیری و میدیای کوردی نوێ ئاقاری گرتووە پێوەندییەکی راستەوخۆی بە گەندەڵییە گەورەکەوە هەیە کە بەخۆی گەندەڵیی سیاسییە و گشت دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی تازەی کوردی گرتووەتەوە (لەوانە خێزان، دادگە، وەزارەت، شارەوانی، ئاسایش و... هتد). هۆی ئەوەش تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاک و کەسە گەندەڵەکانی نێوەندی ئەکادیمی لە دواجار رۆڵەی ئەو کۆمەڵگە گەندەڵەن و کاریگەریی گەندەڵییە گەورەکەیان، کە گەندەڵییە سیاسییەکەیە، تا ئەوپەڕی بەسەرەوەیە.

سەرباری ئەوەی لە سەرەوە وترا ئەوەش دەڵێین، نێوەندی ئەکادیمی کە رۆشنبیرییەکی گەندەڵ دەخاتە ناو کۆمەڵگەی کوردی هاوچەرخەوە لەلایەکی ناوی زانکۆ و ئەکادیمیی لەکەدار دەکا و لەلایەکی تر وا لە خەڵک دەکا ئەو جۆرە رۆشنبیرانە پایەدار بکەن بەزگماک و پشتاوپشت و بەبنەماڵە رۆشنبیر و نووسەرن. واتە هەژاریی رۆشنبیری رۆشنبیرانی ئەکادیمی کارێکی وای کردووە خەڵکی ئومێدیان زۆرتر بە نووسەرە عیسامییەکان (نائەکادیمییەکان) بێ تا نووسەرە

زانکۆییەکان ئەمەش بەجۆرێک لە جۆرەکان وای کردووە رۆشنبیریی کوردی نوێ رۆشنبیرییەکی زیاد لە پێویست وێژە (ئەدەبی) و سیاسی بێ و ئەم دوو جۆرە رۆشنبیرییەش بە زمانێکی رۆژنامەوانییانە خۆیان نیشان دەن تا زمانێکی تر. ئەمەش لەسەرێ ترەوە دیاردەیەکی ترسناکی بەرهەم هێناوە کە ئێمە لە هەندێ شوێنی تر خستوومانەتە بەرباس و ناویشمان ناوە بەرۆژنامەوانیبوونی رۆشنبیریی کوردی. ئەم لایەنە کە کەم تا زۆر لە هەندێک شوێن تایبەت بە دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگەی تازەی کوردی لێی هاتووینەتە گۆ لە گەلێک لەو کەموکوورییە هزرییانە بەرپرسیارە نێوەندی رۆشنبیری و میدیای نوێی کوردی پێوەی گرفتارە چونکە ئەوە گرفت و کەموکوورییە گشت رۆشنبیری کۆمەڵگەیێک لە رێگەی رۆژنامەوانییەوە خۆی فۆرمولێرە بکا و هەروەها رۆژنامەوانی بکا بەسەکۆی هزری خۆی لە کاتێکدا رۆڵی رۆژنامەوانی لە گشت کولتوور و کۆمەڵگەیەکدا دیاری کراوە، لە چی و چۆن پێک دێ. ئێمە لێرە دەمانەوێ ئەوەش بڵێین کە نێوەندی ئەکادیمی کە لە پشت لەلایەک کردەی رۆشنبیری بەگشتی و لەلایەکی تر کاری رۆژنامەوانییەوە بەتایبەت نەبێ ئەوا ئەم کردە و کارە هەنگاوی لاواز و سست دەنێن. ئەڵبەتە هەر ئەمە نییە کێشەکە بگرە ئەوەشە کە نێوەندی ئەکادیمی بەخۆشی لێنەهاتوو و لەپاش دەبێ کاتێک ئەم نێوەندە تەنیا خەریکی خۆ دووبارەکردنەوە و خۆکاوێژکردن بێ. ئەی ئەوە خۆدووبارەکردنەوە و خۆکاوێژکردن نییە نێوەندی ئەکادیمی ئێمە زۆرترین بایەخ بە یەک دوو بەش دەدا (زمان و ئەدەبی کوردی، مێژوو و کۆمەڵناسییێکی سیاسی و مێژوویی) و پشتی لە زۆربەی بەشەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان کردووە (لەوانە. شیکردنەوەی دەروونی، هزری مێژوو، فەلسەفە، ئێتنۆگرافی، زانستیزمان و ئەدەبی هاوچەرخی هەندێ لە نەتەوەکان وەک یابانی، چینی، ئەسکەندەنافیایی، زمان و ئەدەبیاتی بالتیکوم، ئەمە و تا دەگاتە ژینگە و شارناسی، ئارکیۆلۆجی، فلیمسازی، رۆژنامەوانی بەپێوەندی لە تەک گەیاندن و میدیا نەک رۆژنامەوانییەکی رووتوقووت و وابەستە بە کوردۆلۆجیا).

لێرەوە ئێمە دەمانەوێ بگەینە ئەو دیتنەی بەم جۆرە خۆی دادەرێژێ: رۆشنبیریی تازەی کوردی رۆشنبیرییەکی ئەدەبی– سیاسییە و ناوەرۆکی ئەم رۆشنبیرییەش جۆرە مێژووکردێکی تێدا بەدی دەکرێ کە رۆژانە و بەردەوام لە رێگەی رۆژنامەوانێکی رووکەش و هزرسادەوە خۆی دەخاتەروو. سەرچاوەی ئەم رۆشنبیرییە ئەکادیمی بێ یان نەبێ هەمان هزر و زانین بەرهەمدێنێ کە لە نێوەندی ئەکادیمیدا بەرهەم دێ. ئەمەش بەخۆی نیشانەیەکی بەهێزە لەسەر هۆی ئامادەنەبوونی بوار و پۆلی تر لەناو رۆشنبیری تازەی کوردی. واتە هەردوو نێوەندی ئەکادیمی و نێوەندی رۆشنبیری هەمان هزر و دانایی بەرهەم دێن و ئەم هزر و داناییەش لە میدیای کوردی بەباشی بەرچاو دەکەوێ و شاراوە نییە. واتە رووناکبیرەکانی نێوەندی ئەکادیمیی کوردی بیریار و نووسەرەکانی نێوەندی رۆشنبیری و مێدیاشن. بۆیە ئەوەی لە میدیا و رۆژنامەکاندا دەوترێن هەمان ناوەرۆکی ئەو وانانەی هەیە لە بەشی زمان و ئەدەب و مێژوو و کۆمەڵناسیدا دەوترێنەوە. بۆیە سنوورێکی گەورە لە نێوان وتنە ئەکادیمی و رۆژنامەوانییەکاندا نییە و، یان لەبەر ئەو هۆیانەی لای سەرەوە دەستنیشان کران وتن و زانینە ئەکادیمی و رۆژنامەوانییەکان هەمان

سەرچاوەیان هەیە و ئەمەش وا دەكا ئەو وتن و زانینانە نەدەكارن هزرێكی تایبەت و پەروەردەئامێز بەرهەم بهێنن و نەش ترسێك بن بۆ سەر گەندەڵیی سیاسی و رۆشنبیری.

بۆ كورتكردنەوەی پوختەی ئەو تێگەیشتنانەی لەو چەند دێرانەی لای سەرەوە و پێشتردا باس كران ئەم دەرخستانە بەردەست خوێنەرانی ئەم نووسینە دەخەین:

١- رۆشنبیریی تازەی كوردی نە ڕوخساری ئەكادیمیی هەیە و نەش هزرقووڵ و توندوتۆڵە. واتە نێوەندی رۆشنبیریی كوردی كە پشتی لە نێوەندی ئەكادیمی كردووە بەخۆشی هیچ بەرهەمهێنەر و كاریگەری لاواز و داهاتوو ونیشە. ئەمەش بەرەنجامێكی ئاساییە، چونكە هەچ مۆدێلێكی رۆشنبیری لە هەچ كۆمەڵگە و كولتوورێكدا پشتی لە نێوەندی ئەكادیمی كرد شوێن و ناسنامە و كاریگەریی نادیار و بێ متمانە دەبێ. نێوەندی رۆشنبیریی كوردی كە دەمێكە دوور لە نێوەندی ئەكادیمی كاتەكانی بەسەر دەبا، نەیتوانیوە شتێكی جیا و بەرزتر لەوی لە نێوەندی ئەكادیمی بەرهەم دێ بەرهەم بهێنێ.

٢- نێوەندی ئەكادیمیی كوردی بەو ستاتۆسە (كیان)ەی ئێستای لە نێوەندی رۆشنبیریش نزیك ببێتەوە گۆڕان و كاریگەریی گەورە و بێ وێنە ناخاتەوە. چونكە نێوەندی ئەكادیمییش هەروەك نێوەندی رۆشنبیری بەدەست گەندەڵیی هزرییەوە دەناڵێنێ و بەرامبەر گەندەڵییە گەورەكەش، بێدەنگ و ناكاریگەرە. ئەمە و نێوەندی ئەكادیمی لەبەرئەوەی پشتی لە توێژینەوە كردووە و لە زەینیدا شتێك نییە ناوی لێكۆڵینەوە و شیكردنەوە بێ، ناتوانێ بڵێ "من سەرووی نێوەندی رۆشنبیریم" و ناشكارێ دادوەری بەسەر ئەو رۆشنبیرییەشەوە بكا لە میدیا و رۆژنامەكاندا لە ڕسكاندایە.

٣- ئەو دوو بەرەنجامەی لای سەرەوە بەرەو بەرەو دوا ئەنجاممان دەبا كە بەم جۆرەیە: ئەوەی رۆشنبیرییەكی شێوە رۆژنامەوانیی زاڵە بەسەر رۆشنبیریی تازەی كوردییەوە لە هەندێ سەرەوە كاریگەری ئەوەشی بەسەرەوەیە كە رۆشنبیریی تازەی كوردی رۆشنبیرییەكی نا پوخت و ناتیۆرییە و بنیاتێكی ئەدەبیی شێوە عیرفانی و عیشقی و سیاسیی خەباتخوازی هەیە. بەواتایەكی تر عیرفان، عیشقگەری و ناسیۆنالیزم ریشەی سەرەكیی رۆشنبیریی نوێی كوردی پێك دێنن. ئەمەش وا دەكا رۆشنبیریی نوێی كوردی رۆشنبیرییەكی هەقایەتخواز و رەوانبێژیخواز بێ و كارێكی زۆر لەسەر یاریزمان و رۆژنامەگەری بكا. هەر ئەم لایەنەشە وا دەكا هەمیشە مێژووی ئەدەبی كوردی لە نێوەندی ئەكادیمیی كوردی زۆرترین بایەخی بدرێتێ و كۆلێجی ئەدەبیاتیش هەردەم زۆرترین خانە و بەش و لق و پۆپی لێ ببێتەوە. كۆلێجی ئەدەبیات كە لە نێوەندی ئەكادیمیی كوردی خۆی وەك بەرچاویترین و زاڵترین كۆلێج نیشان دەدا نەك هەر بەشی گەلێ كۆلێجی تریشی خواردووە بگرە ئەم كۆلێجە دەیەوێ ببێ بە نوێنەر و زمانحاڵی گشت نێوەندی ئەكادیمیی كوردی و بەرهەمهێنەری هزری مێژوویی و زمانەوانیش لە كاتێكدا نە مێژوو و زمانەوانی تەنیا لە ئەدەب بریتییە و نەش گشت وتاری رووناكبیری نەتەوەیەك دەشێ لە ئەدەبدا گیر بكرێ. ئەم كێشەیە كە تا بڵێی كۆنە، واتە ئومێدكردن لەسەر دروستكردنی وتاری رووناكبیری لە رێگەی بەتەنیا ئەدەبەوە، نێوەندی ئەكادیمی نوێی كوردی

وەک کێشـە نابینێ. نێوەندی ئەکـادیمیی کـوردی کـە دژە هزرە جـیاوازی لە نێوان تیـۆری سیاسـی و هزریی مێژوو و ئەمـانە و ئەدەب و ڕۆژنامـەوانی ناکا. هـەروەها نێوەندی ئەکادیمیی تازەی کوردی کە بایەخێکی زۆر بە مێژوو و ئەدەب و کولتووری کوردی دەدا جیاوازیی لە نێوان کوردۆلۆجیا و زانستە مرۆییـیەکاندا ناکا. ئێمـە بۆیەشـە وا دەڵێین چونکە نە گشت زانسـتـە مـرۆییـیـەکـان لە کـوردۆلـۆجـیـا پێک دێ و نەش کـوردۆلـۆجـیـا بـەتەنیـا دەکـارێ ناسنامـەی ڕووناکبیری نەتـەوەیەک دەستنیشان بکا. بۆیە ئێمە پێمان وایە زۆر پێویست و گرینگە گشت بوار و پۆلێکی ئەکادیمی سـتاتۆسـی خۆی بپارێزێ و لە چوارچێوەی ئەکادیمیی خۆی گەشە بە بزاڤ و ڕۆڵی زانسـتی خـۆی دا. واتە گـرینگە ئێمـە سنوور بـخـەینـە نێـوان زانسـتـەکـانەوە و ناسنامەی ئەم زانستانە بەیەکتر تێکەڵ نەکەین.

سـەرباری ئەوەی لای سـەرەوە تـایبەت بەگەندەڵیی هزری و ئەکادیمی وتران، بەباش و بەپێویستی دەزانین لای خـوارەوە بێینە سـەر هـەندێ لایەنی تری ئـەو تەنگوچەڵەمـانەی لای سـەرەوە بەکراوەیی بەجێمان هێشتن بۆ ئەو مـەبەسـتـەش لەوێوە وەسـەرەتا دێین کـە، زۆربەی ئەوانەی ئەمڕۆ دەیانەوێ بنووسن و خـۆیان لە کۆلکەرۆشنبیر و ڕۆشنبیرە عیسامییەکان (نائەکادیمییەکان) جیا بکەنەوە، ئەو توێژەن کـە لە یەکێ لە کۆلێجـەکانی زانسـتە مرۆیی یان کۆمەڵایەتییەکان دەرچوون و هەڵگری بەکالۆریۆس یان مـاسـتـەرێکن. ئەمـانە، واتە ئەوانەی دەیانەوێ بە ژێرخـانێکی ئەکادیمییەوە کاری نووسین ئەنجـام دەن، هەڵەی دژوارتر و پێچـەوانەتر لە نەوەی پێش خـۆیان، ئەو نەوەیەی بە زگمـاک ڕۆشنبیر و نووسـەر بوون، پراکتیزە دەکەن. چونکە ئەمـانە، واتە دەرچووەکانی کۆلێجەکانی زانستە مـرۆیی و کـۆمـەڵایەتییـەکان، هزریان بەرهـەمی وانـە بەتاڵ و میـتـۆدە بێ بناغـەکانـە کـە ئەو وانە و میتۆدانە خـۆیان لەسـەر فێرکـردنێکی چەوت و بێ ناوەڕۆک ڕاهێناوە. ئەم نووسـەرانە کە ئێستا لە زیادبووندان و کەوتوونەتە ناو ڕەهێڵـەی میدیا و ڕۆژنامـەوانییـەوە ئەو فێرکردن و پەروەردەیەیان لە زانکۆکـاندا دەرخـوارد دراوە کـە زەمـەنی بەسـەر چووە و هیچ کـەس پێویسـتی پێی نەمـاوە. بەڵام گـرفتـەکە لەوەدایە ئەمـانە ئاگاییـیان لەسـەر ئەوە نییە کە ئێمـە پەنجەمـان بۆ ڕاکێشا دواتر ئەمـانە ئەو فێربوونانە بەناوی شتی زانستی و ئەکادیمییەوە بەوی تر دەڵێنەوە، بەو ئەوی ترەی قوتابییەکی زانکۆیـە و یان خـوێنەری ڕۆژنامـە کـوردییـەکـانە. بۆیە ئەم ئەوی تـرە بەئاسـانی لەوە نـاگـا ئەوەی دەیزانێ گەندەڵ و هیچ لەباردا نەبووە.

بۆ زێتـر ڕوونـکردنەوەی ئەوەی لای سـەرەوە وترا ئـەوەش دەڵێین، نێـوەندی ئەکـادیمـی بەگشـتـی خەریکە ئاراسـتەیەکی دژە پەروەردە وەردەگرێ و خۆی لە هزریاری و زانیندۆسـتی دوور دەخاتەوە. هەچ نێوەندێکی ئەکادیمییش کە ئەوە ئاراسـتە و مەیلی بێ ئەوا ئەو نێوەندانەی (بەتایبەت نێوەندی ڕۆشـبـیری) چاویـان لەدەست نێوەندی ئەکادیمیـیـە مـەئیـووس و پاشـەڕۆژ گەندەڵ دەبن. ئـەمـەش لایەنێکە لە نـێوەندی ڕۆشـنبیریی هـاوچەرخی کوردی دەقاودەق وایە. ئەم گرفتـەش دوو سـەرییـە و ناواخنـی ئەم دوو سـەرییـەش بەم جـۆرەیە: سـەری یەکـەم ئەوەیە کـە ئێمـە خـاوەنی نێـوەنـدێکی ئەکادیمیی هزردۆست و زانینخـواست نین و سەری دووەمیش ئەوەیە کە نێوەندی ڕۆشنبیریی ئێمە هزریاری و زانینـدۆسـتی نەکـردووە بە بنەمـا بۆ دروسـتکردنی ڕۆشنبـیری یان بۆ بـەرهـەمـهـێنانی

تێکست (نووسین). سەبارەت بە سەری یەکەم ئەوەش دەڵێین کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا نێوەندی ئەکادیمی سەرپەرشتیی نێوەندی ڕۆشنبیری دەکا و هەروەها نێوەندی ڕۆشنبیری تا ئەوپەڕی لە لاسایکردنەوەی میتۆد و ڕێبازە ئەدەبی و فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە ئەکادیمییەکاندایە. واتە نێوەندی ئەکادیمی ڕۆڵێکی پەروەردەیی لە ژیانی ڕۆشنبیریدا دەبینێ و ڕۆشنبیریش لە تەک بیرۆکە و واتا ئەکادیمییەکان لە گفتوگۆیەکی بەردەوامدایە، بەڵام لای ئێمە هەژاری هزری و مەعریفی نێوەندی ئەکادیمی وای کردووە نێوەندی ڕۆشنبیری خۆی بەباشترین مۆدێلی بیرکردنەوە بزانێ و لەسەر لاوازییەکانی نێوەندی ئەکادیمی مشەخۆریش بێ. بۆیە هەڵە ناکەین گەر بڵێین ئەوەی لە ڕۆژنامەکاندا دەنووسێ بەئارەزووی خۆی دەنووسێ و ناو و ئەدرێسی تایبەت و سەیر بۆ نووسین و وتنەکانی دادەنێ. جا ئەوەی کە کاری ئەدەبی دەکا گشت نووسین لە ئەدەبدا دەبینێتەوە و ئەوەش کە کاری سیاسی دەکا، سیاسەتکردن لە ڕێگەی نووسینەوە، هەموو جیهان لە سیاسەت و ئەو نەختە تێگەیشتنەی خۆیدا گیر دەکا. ئەمەش وا دەکا هەموو ڕاستیبێژ بن، بەڵام هیچ یەک لەو ڕاستییانە ئەو گەندەڵییە هزرییە چارەسەر ناکا نێوەندە گرینگەکانی کۆمەڵگە، وەک نێوەندی ڕۆشنبیری و نێوەندی میدیا، پێوەی دەناڵێنن.

بەڵام با بزانین بۆ ئێمە نێوەندی ئەکادیمی لە گەندەڵی هزری بە بەرپرسیار دەزانین؟ چۆن ئەم جۆرە گەندەڵییەی (واتە گەندەڵیی هزری) نێوەندی ئەکادیمیی کوردی لێی بەرپرسیارە بەمەترسیداریشی دەزانین بۆ سەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگە؟ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم دێینە سەر چەند فاکتەیەک لە ڕێگەی ئەو فاکتانەوە ئەوە ڕوون دەکەینەوە گەندەڵیی هزریی ئەمڕۆی کوردستان گەندەڵییەکی بەبنەما ئەکادیمیە کە ئەوەش لە دواین باردا مەعریفی و ڕەوشتیشە. ئەو فاکتانەش کە دەمانەوێ بیانخەین بەردەست خوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیە ئەمانەن:

١- نێوەندی ئەکادیمیی کوردی بە هزرەوە بەهیچ جۆرێک پێوەندیدار نییە. مەبەستمان، هزر ئەو بەهایەی بۆ ئەم نێوەندە نییە و لە بری هزر، سەفسەتە و جوین و زێدەڕۆییی مەعریفی، مەعریفەی ناراستەقینە، بوونی هەیە. ئەمەش وا دەکا ئەو زانین و فێربوونەی نێوەندی ئەکادیمیی نوێی کوردی بەرهەمی دێنێ نە توانای ئەوەی هەیە خەتی سوور تێ پەڕێنێ، کە نابینایی هزری یەکێکە لەوانە و نەش ئەو زانین و فێربوونە مەترسییە بەسەر ئەو گەندەڵییە سیاسی و ئابوورییەی کۆمەڵگەی تەنیوەتەوە.

٢- نێوەندی ئەکادیمی لەبەرئەوەی ئاراستەیەکی فرە ناهزریی وەرگرتووە خۆی وەک دژە پەروەردەش دەردەخا. ئەمەش وا دەکا لە پەروەردە ببێتەوە و خواستی کپکردن و هەژارکردنی تێگەیشتن و زانینی قوتابییان بێ.

٣- ئامانج لەو فێربوونەی نێوەندی ئەکادیمی دەیدا ئامانجێکی بازاڕی و ناداهێنانەیە. ئەم ئامانجە کە لە تەک فەلسەفەی سیاسیی گەندەڵیی ئەمڕۆی نێوەندی سیاسی و ڕۆشنبیریدا یەک دەگرێتەوە بێ هزریی کردووە بە بنەما و پێوانە بۆ گشت شتێک.

٤- نێوەندی ئەکادیمی کە دژە هزر و دژە پەروەردەیە لە گشت هەڵە و ناتەواوی و گەندەڵییەکانی دەسەڵاتی سیاسی بێدەنگە. ئەم نێوەندە ناکارێ و ناتوانێ وا نەبێ ئەگەرنا ئەم نێوەندە

نێوەندێکی تا بڵێی هزردار و پەروەردەئامێز دەبوو.

٥- زۆربەی بەشە زانستییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە گەندەڵییە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بەرپرسیارن و بۆچوونە گەندەڵ و دیتن و وتنە نابیناکانیان رۆژانە لە گشت شوێنێکی کۆمەڵگەی تازەی کوردیی ئەمرۆ بەخەستی لە بەرهەم هێنانەوەدایە. بۆ نموونە گەندەڵییەکانی بواری داد، رەخنەی ئەدەبی، مافسازی، ئابووری و پەرەپێدان، مێژوو، میدیا و رۆژنامەگەری و... هتد. لە گەڵێ لاوە سەرچاوەکانی ئەو وانە و تێگەیشتنە زانکۆییانەن لای سەرەوە توانجیان لێ گیرا.

بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم بەپێویستی دەزانین ئەو گرفتانە لای خوارەوە پۆل بکەین کە نێوەندی ئەکادیمیی کوردی بەرهەمهێنەرییانە و، ئەڵبەتە کاریگەریی راستەوخۆی بەسەر دروستکردنی هەوێنی گەندەڵیی هزری لە کۆمەڵگە و دامەزراوە مەدەنییەکانی ئەمرۆی کوردستانیشدا هەیە:

١- هاتنە خوارەوەی ئاستی پەروەردە و فێربوون لە کۆمەڵگە. بەواتایەکی تر بڵاوبوونەوەی کۆلێرای نەخوێندەواری نیشانەیەکی گەورەیە لەسەر ناکاریگەریی زانکۆ لە ژیانی تاک و کۆمەڵگە. راستە رۆژنامە و کۆوار و بنکە و سەنتەرێ زۆری چالاکیی رۆشنبیری لە شاردا هەیە، بەڵام ئەم لایەنە نابیناییی هزریی کۆمەڵگەی تازەی کوردییان چارەسەر نەکردووە.

٢- گەشەسەندنی هەژاریی هزری لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت و رق لە خوێندن لەناو بەشێک لە چینەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت ئەو چینانەی خوێندن لە زانکۆ دادیان نادا، بەڵگەیەکی ترە لەسەر کزبوونی رۆڵی مۆمی زانکۆ لە ژیانی تازەی تاکی کورد و دامەزراوە مەدەنییەکانی.

٣- بێ رۆڵیی کەسی ئەکادیمیکار لە خستنەوەی گۆڕان لە کۆمەڵگە و بەتایبەت لەناو خێزان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر. هەر بۆ نموونە ئەو توندوتیژییەی ئەکادیمیکار و قوتابیی زانکۆ و هەڵگرانی بڕوانامە دەرهەق بە ئافرەت و مناڵ و پەککەوتە و پیر و تەنانەت ژینگە و سروشت و ئاژەڵ مومارەسەی دەکەن هەر ئەوەندەش نەخوێندەوار و کاسبکار و نا- ئەکادیمییەکان مومارەسەی دەکەن.

٤- بەلێشاو بڕوانامە بەخشینەوە نیشانە نییە لەسەر گەشەی زانین لە کۆمەڵگەی ئەمرۆی کوردیدا. وەکی تریش بەلێشاو قبووڵبوون لە زانکۆ ڕێگەیێکە بۆ پڕکردنەوەی هۆڵەکانی زانکۆ و هۆڵی ئەو زانکۆ و کۆلێجە تازانەی ماوەی جارێ دروست دەبن. لە هەمان کاتیشدا بەلێشاو دەرچوون لە زانکۆ و تەواوکردنی خوێندن مانای ئەوە نییە ئەم لایەنە کارئاسانی دەکا بۆ کار پەیداکردن و بۆ گۆڕینی ستاتۆسی کۆمەڵایەتی و ئابووریی تاک لە کۆمەڵگە. چونکە دەرکەوت زۆربەی هەڵگرانی بڕوانامە لەم سالانەی دوای بڕوانامەیان لە چەند شتێ دووبارە و هەمان شتدا هەیە. بۆیە بێکاری یەک لەو شتە ترسناکانایە یەک دوو ساڵی تر ڕووبەڕووی زۆربەی هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆیی دەبێتەوە. بێکاریش کە لە تەک گەندەڵیی سیاسی و ئابووریدا هاوڕێیە یەکێکە لە خەڵاتەکانی گەندەڵی بۆ تاکە جیاکانی کۆمەڵگە.

٥- زۆربوونی زانکۆ و یان کردنەوەی کۆلێج لە پاش کۆلێج بەبێ بەرنامە و پلانێکی راسیۆنالی (عەقڵانی) کارێکی وای کردووە قبووڵبوون لە زانکۆ زۆر ئاسان بێ، ئەڵبەتە زۆر زانکۆ و کۆلێج دروستکردنیش لە سەرێکی ترەوە بووە بە جۆرە مۆدەیێ کە ئەم مۆدەیە لە گەندەڵی زیاتر هیچ بەرهەم ناهێنێ. ئەمەش لەبەرئەوەی زانکۆ و کۆلێجە نوێکان هەمان ستاتۆسی هزری و ئەکادیمیی ئەوانی تریان هەیە و هەروەها هەمان ڕشتە و پۆلی مەعریفی و پسپۆڕیی تێدا دەخوێنرێ کە لە زانکۆ و کۆلێجەکانی تردا هەن. ئەمە و ئەم مۆدەیە پێوەندیی بە دوو شتی تریشەوە هەیە لەلایەک ئازادیی گەندەڵ و لەلایەکی تریش پارە پێکەوەنان بەناوی زانستەوە.

٦- پشتگیرینەکردنی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی لە قوتابیی زانکۆ و بەتەنگەوەنەهاتنی کێشە رۆژانەییەکانی کارێکی وای کردووە قوتابی وەک بوونەوەرێکی لاواز و ناکاریگەری کۆمەڵگەی تازەی کوردی ببینرێ. وەکی تریش بندەستکردنی قوتابیی زانکۆ رێگەیەکیشە بۆ بندەستکردنی دەنگ و ویستی ئەم قوتابییە و هەوڵەکانیشی بۆ هاتنە گۆ لە دیاردە گەندەڵەکان. بۆیە نە زۆریی زانکۆ و کۆلێج گەندەڵییە هزرییەکە چارەسەر دەکا و نەش خودی گەندەڵییە مەزنەکە (کە گەندەڵیی سیاسی لێرە مەبەستە).

پاش ئەوەی سەرەوە بەشێک لەو گرفتانەمان خستنە ڕوو، کە نێوەندی ئەکادیمیی کوردی بەرهەمهێنەریەتی، کە کاریگەری راستەوخۆی بەسەر دروستکردنی هەوێنی گەندەڵیی هزری لە کۆمەڵگە و دامەزراوە مەدەنییەکانی ئەمڕۆی کوردستانیش هەیە، لێرەوە بەپێویستی دەزانین بێینە سەر هەندێ لایەنی تر کە بە خودی زانکۆ وەک دامەزراو و وەک شوێنێکی زانستییەوە تایبەتە. لەم رووەشەوە لەوێوە وەسەرەتا دێین کە پێشتر و لە نووسینێکی ترمان بەناوی «کۆلاپسی "دارمانی" نێوەندی ئەکادیمی» باسمان لێوە کردووە. ئەم گەڕانەوەیەشمان بۆ نووسینی ناوبراو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە نێوەندی ئەکادیمیی کوردی دەمێکە گلێنراوە بەگەلێ کێشەی ئەکادیمی جۆراوجۆرەوە کە بەرچاوترینیان ئەو کێشەیە کە مانگرتنی قوتابییان دوو ساڵێ لەمەوبەر ئاشکرای کرد. چونکە ئەو مانگرتنە ئەوەی پێ وتین زانکۆیەکی وەک زانکۆی سلێمانی بەو هەموو کەموکووڕیانەوەی چۆن دەتوانێ زانکۆیەکی ئەهلیی وەک زانکۆی "ئاییندە" بەخێو بکا کاتێک زۆربەی بەشەکانی زانکۆی سلێمانی ئەو میتۆدانە تێدایە سەرپشکە لە پەنجاکانی سەدەی پێشوو لە رۆژئاوا پێڕەوکراوە. گەر تایبەت بەم دیتنەشمان هەندێ لە بەشەکانی زانستە مرۆییەکان (وەک کۆمەڵناسی، مێژوو یاخۆ ئابووری و تەنانەت زانستە سیاسییەکان و یاساش ) بەنموونە وەربگرین دەبینین تەنیا لە یەک بەش پێک دێن و ئەم بەشانە لە وڵاتانی تر و بەتایبەت لە وڵاتانی رۆژئاوا چەندان بەشی تریان لێ دەبێتەوە و جگە لە هەندێ کۆرسی لابەلای تر کە گشت یەکێ لەو بەشانە لە ماوەی وەرزی خوێندندا دەیگرنە خۆیان. هەر بۆ نموونەش لە زانکۆی ستۆکهۆڵم بەشێ وەک ئابووری تەنیا لە بەشی ئابووری و بەڕێوەبردن پێک نایە بگرە لە چەندان لا بەشی تر و بەشی سەرەکیی تریش پێک دێ کە زۆربەیان پێوەندییان لەلایێ بەگەشەی بازاری ئابووری و تەکنیکی رۆژئاوای جیهانگیرییەوەیە و لەلایەکی تریش بەخودی ویست و هۆشمەندیی تاکی وڵاتانی رۆژئاواوە. بەڵام لە زانکۆکانی کوردستان بەشی ئابووری نە ئەو گرینگییەی هەیە و نەش بازاڕی کار و

بەرهەمـهێنانی کوردسـتان پێویسـتی بەو ئاڵۆزییانەی زانسـتی ئابووریی نوێیە کە لە کۆلێجەکانی ئابووریی وڵاتانی هاوچەرخ دەخـوێندرێ. وەکی تریش ئەو بازاڕە تازەیەی لە کوردسـتـانی ئەمـرۆ دروست بووە بەرهەمی ئەوە نییە کورد بەشێکە لە بازاڕی نەخت و تەکنیکی نوێ بگرە پێوەندیی بە مـەزاجی هەندێ پارەداری کـوردەوەیە کە شـمەکی بەرخـۆری و تەنانـەت تەکنیکی و ئەلەکتـرۆنیی سـەرەتایی لە وڵاتـانی دراوسـێـوە بۆ کـوردسـتـان دەهێنن. پارەدارەکـانی شـاریش، بەتایبـەت ئەو بەشـەی پێیێکیان لەنـاو سیاسـەتە و یان بەشـێکیـان برێتین لە سیاسییـەکانی ئەمرۆ و یان دوێنێ، فـورسـەت لە بەردەمـیـاندا بۆ بازرگانی لەو بازرگانانە زۆرترە پێیێکیـان لەناو سیاسـەت نییە. بۆیە وانەکـانی بـەشی ئابووری پڕ بەپێـسـتی بازاڕی ئەمـرۆی کـوردسـتـانن و هیـچ وەخت لەگـەڵ پێداویستییەکانی بازاڕ و سیستەمی بەرهەمهێنان و کارکردنی ئەمرۆی کوردستان لە ناکۆکیدا نین. دواتر ئەو دەسـتـەبژێرەی لای ئێمـە بازرگانیی شـاریان بـەدەسـتـەوەیە نە وەک سـەرمـایەدارە رۆژئاواییەکان لەو کۆلێجانەدا ئابووری و بەڕێوەبردنیان خوێندووە کە زۆربەی تیۆرییە نوێکانی کار و بەرهـەمـهـێنان و بەڕێوەبردنیـان تێـدا دەوترێتـەوە و نەش ئەو زانیـارییـە نوێیـانەیان لـەبارەی سـیـسـتـەمی نەخت و فـرۆشـتنەوە پێـیـە کـە بەو گـەشـەیەوە گـرێ دراوە تەکنەلۆجـیـای زانیـاری خسـتوویەتییە ناو بازاڕەوە. بەپێچـەوانەوە بـازرگانەکانی شـارەکانی ئەمرۆی کوردسـتان پۆلێک نەخوێندەوار و کۆنە سیاسی و لاوی پارەپەرستن، بیـرۆکـەی "مـەیک مۆنی- پارە دروسـتکردن"، کـە بیرۆکەیەکی مـوڵتی سـەرمـایەداری و ئەمـەریکاییـە، گشت رەفتارێکی بازرگـانییـان دەباتە رێوە. هەرچی بەشـەکـانی تریشـە کـەمـتـر لـە بەشی ئابووری بێ گـرفت نییـە و ئەو وانانـەی تیـایانا دەوترێنـەوە لە پرۆگـرامی کـۆرسـە وەرزییـەکـانی هیچ زانـکۆیەکی رۆژئاوا نەمـاوە. گـەر وابێ باشـە زانکۆی "ئایند" و تـایبـەت یان ئەهلیمـان بۆ چییـە؟ بەباوەڕی ئێمـە پێویسـتییەکە پێویسـتییـەکی بەرژەوەندیکارانەیە و هیچ پێوەندییەکی بەگەشـەدان بە زانست و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەکادیمیی قوتابییـانەوە نییە و هەچ پێویستییەکیش بەرژەوەندیکارانە بێ، بێ کەڵک و بێ فەڕە، چونکە سوود و کەڵکی تاقم و گرووپێکی تێیدا و بەس.

هەر تـایبـەت بەوی لای سـەرەوە باس کـرا، ئەوەش دەڵێین، زانکۆی سلێـمـانی سـالانێکە بەکالۆریۆس (لیسـانس) هەڵگرێکی زۆر لە ئابووری، کۆمـەڵناسی، یاسـا، زمـان و ئەدەبی کوردی، مێژوو و تا دەگاتە بەشـەکانی زانسـتە سروشـتییـەکانیش (کیمـیـا، فیزیا، بیرکـاری و هتد) فڕێ داوەتە نـاو بازاڕی کـارەوە بـەبێ پلان و تێگەیشـتنێک بۆ داهاتووی بـازاڕ و پێـویسـتـیـیـەکـانی دامـەزاوەکـان. ئەمـەش وای کـردووە رێژەی بێکاری لە نێـو هەڵگرانی بروانامـەی زانکۆییـدا بەرز بێتـەوە و بۆچوون بۆ خـوێندن لە زانکۆ و بۆ کـەسی ئەکـادیمی بگۆردرێ. راسـتـە ئەو بووژانەوە ئابوورییەی لە ئێستادا لە کوردستان لە سەرپێیە – ئەگەرچی بێ سـەروبەر و پەلەیە – بەشێک لەو بێکارە ئەکادیمییـانەی خسـتووەتە سـەر کار، بەڵام لەبەرئەوەی لە ئێسـتادا ئابووریی کوردسـتان سـەرچاوەکەی سیاسییە و خـۆیی نییە ناشێ ئەو بووژانەوەیە لە ئەمرۆدا ئومێدی گەورەی پێ بکرێ گەر پلانی ئابووریی ناوەخۆیی درێژخایەن دانەڕێژرێ و توانای لە بازاڕ و لەناو کەرتە جیاوازەکانی ئابـووریی وڵات لە ئارادا نـەبێ. لەوەش بـەئاگـاین کـە نەخـسـتنە سـەر کـاری دەرچووانی زانکۆ،

هەریەک بەپێی پسپۆڕی و پیشەیان لە ئەمێستادا کێشەیەکە و تەنیا پێوەندیی بە بازاڕی کار لە کوردستانەوە نییە و تاڕادەیەک بووە بە دیاردەیێ گلوبال و کێشەی نێودەوڵەتی، بەڵام لە وڵاتانی جیهانگیریدا شیاوی لە بەردەم دەزگاکانی کار و دامەزراوەکانی خوێندن و فێربوون بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کێشانە زۆرترە. باشە ئەمە بێ واقیعی بازاڕی کار بۆ دەبێ زانکۆی تایبەتمان هەبێ؟ باشە زانکۆیەکی وا پێویستی بە مامۆستا و کادیری ئەکادیمیی تایبەت نییە کە لەگەڵ ئەدرێسەکەیدا تەبا بێ؟ یان زانکۆ کە بە پارە بێ نابێ ئەو وانانەی تێیدا بوترێنەوە تایبەت و دەگمەن بن؟ بەباوەڕی ئێمە ئەم زانکۆ و کۆلێجە تایبەتانەی لای ئێمە دروست دەکرێن پێوەندییان بە دوو خاڵەوەیە: خاڵی یەکەم ئەوەیە ئەو زانکۆ و کۆلێجە تایبەتانە (یان ئەهلییانە) بڕیارێکی سیاسیی لە پشت دروستکردنیانەوەیە. واتە حکوومەتی هەرێم لە پشتییەوەیەتی، ئەمەش وا دەکا ئیدارەی زانکۆکە یان کۆلێجەکە گاڵتە بەگشت داوایەکی ئێستا و داهاتووی قوتابییان بکا. جەوهەری ئەم بڕیارە سیاسییەش پێوەندیی بەجۆرە سازشێکی سیاسییەوەیە کە ئەوەش بەو وتارە سیاسییەوە وابەستەیە کوردستانی ئەمڕۆی بە عێراقەوە گرێ داوە. خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە بنەماڵە سیاسی و بازرگانەکانی شار پێویستییەکی زۆریان بەو زانکۆ و کۆلێجە تایبەت و ئەهلییانەیە. مادەمەکی وەرگرتن لە زانکۆی تایبەت لەسەر بناغەی دراو بێ و نەک پلە و زانین و توانای ئەوا زارۆکی سیاسی و بازرگانەکانی شار یەکەم پۆلی قوتابییانی ئەم جۆرە زانکۆ و کۆلێجە ئەهلییانە پێک دێنن. پارەکە بۆ ئەم دوو بنەماڵەیە هیچ وەخت کێشە نییە ئەوا بەئاسانی زارۆکەکانی ئەم دوو بنەماڵەیە لەم جۆرە زانکۆ و کۆلێجە ئەهلییانە وەردەگیرێن و، لە سەرێکی تریشەوە خودی ئەم زانکۆ و کۆلێجانە لەبەرئەوەی ویستی بنەماڵە پارەدار و دەسەڵاتدارەکانی شار پڕ دەکەنەوە و هەر خۆشیان لە پشت بەردەوامبوونییەوەن بەئاسانی دەتوانن لەو جۆرە گرفتانە خۆیان دەرباز بکەن کە دووچاری دەبن. بەڵام با بپرسین بۆ دامەزراندنی ئەم زانکۆیە بڕیارێکی سیاسیی لە پشت دروستبوونییەوەیە؟ لەم رووەوە گەلێ هۆ دەکرێ پۆل بکرێن لەوانە. ئەو مامۆستا عەرەبانەی لە سەر بناغەیەکی سیاسی لە کوردستان دامەزرێندراون دەبێ پرۆژەیەکی ئاوایان لە بەردەمدا بکرێتەوە تا وەبەر بهێنرێن. ئەوانیش چونکە لەسەر بنیاتێکی پراگماتی جێنیشین کراون هیچ وەخت نە لەسەر هیچ داوایەکی قوتابییان دێینە گۆ و نەش لەسەر رەفتاری چەوتی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی. بۆیە دەسەڵاتی سیاسی لەم رووەوە دەزانێ چی دەکا. مەبەستمان دەسەڵاتی سیاسی یان ئەوەتا زانکۆ پڕ دەکا لە مامۆستای بەتاڵی حزبی یان دەیخاتە بەردەست کۆمەڵێ بازرگانی ئەکادیمییەوە. ئەم دوو گرووپەش کە هیچ کات لە کەموکووڕی و هەڵەکانی دەسەڵاتی سیاسیی کورد نایەنە قسە ستاتۆسی ئەکادیمیی کوردی دێننە ئاستی کۆلاپس (داڕمان)، ئەوەش کە خەونی سیاسیی کوردییە مرۆڤی پراگماتی و هەڵپەرست گشت گۆڕەپانەکانی شار پڕ کاتەوە زۆرترین دەگە لە واتای زانست و لە تێگەیشتن بۆ مامۆستا و قوتابیی زانکۆ دەدا. هۆیەکی تر کە زانکۆ و کۆلێجی تایبەت بڕیارێکی سیاسیی لە پشت دروستبوونییەوەیە ئەوەیە کە بازرگان و سیاسییەکانی شار، کە بەهێزترین بەرژەوەندیی لە نێوانیاندایە، دەیانەوێ نەوەکانیان دواتر لە فۆرمێکی تردا جێیان بگرنەوە. بۆ ئەوەی ئەمانیش جیاتر لە باو و باپیرانیان گۆڕەپانی

سیاسەتکردن و بازرگانی بگرنە دەست چاترە زانکۆیی بن و بڕوانامەیان لەبەر باخەڵدا بێ. پاشان گەر ئێستا ڕەخنەی ئەوە لە بەشێکی زۆر لە سیاسی و بازرگانەکانی شار دەگیرێ نەخوێندەوار و نائەکادیمین ئەم کێشەیە نەک هەر بەکرین و مسۆگەرکردنی کورسیی خوێندن لە زانکۆ و کۆلێجە تایبەتەکاندا بۆ جگەرگۆشەکانیان چارەسەر دەکەن بگرە بۆ خۆشیانی دابین بکەن. چما لە زانکۆی سلێمانی یەک دوو بەش لەلایەن ئەمانەوە قۆرخ نەکراوە؟ کەواتە گەر لە زانکۆ حکوومەتی و مەرکەزییەکە ئەمە سەد دەرسەد بۆ ئەم سیاسی و بازرگانانە نەچوویێتە سەر ئەوا بەناوی خوێندن بەپارە لە زانکۆ و کۆلێجی ئەهلی ئەم نیازەیان بەچاکی بۆ خۆیان هێناوەتە دی. ڕەنگە بۆ گەلێ ئەوەش پرسیار بێ بۆ بازرگان و سیاسییەکانی شار ڕۆڵەکانیان ڕەوانەی زانکۆکانی وەک زانکۆی ستۆکهۆڵم. سۆربۆن، هارڤارد، یال، کۆلۆمبیا و کامبرج و... هتد ناکەن گەر بە فیعلی ئەمانە پارەدارن و دەیانەوێ منداڵەکانیان لە منداڵەکانی تری کورد جیاواز بن؟

ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارەی لای سەرەوە بۆ بازرگان و سیاسییەکانی شاری بەجێ دێڵین بەڵام لە پاڵ ئەو پرسیارە دەمانەوێ ئەوە بڵێین کە زانکۆی تایبەت لە ئێستادا لە کوردستان نە شوێنی جیاوازە و نەش توانای دروستکردنی جیاوازیی هەیە. جیاوازیی دروستکردن شیاوی و تواناییەکی تری دەوێ کە لە هەنووکەدا لە نێوەندی زانکۆ و کۆلێجە ئەهلییەکاندا دەست ناکەوێ. ڕاستە زانکۆ و کۆلێج و ئینستیتووتی ئەهلی لە وڵاتانی تر و بۆ نموونە لە وڵاتانی هاوچەرخ زۆرە، بەڵام بەهیچ جۆرێک بەو شێوەیەی کوردستان نییە. هۆی ئەوەی کە زانکۆ و کۆلێجە ئەهلییەکانی وڵاتانی بۆ نموونە ڕۆژئاوا لەوی کوردستان ناچێ زۆرە، بەڵام زۆر بەکورتی لێرە باس لە یەک دوو جیاوازی دەکەین. بۆ نموونە وەرگرتن لە زانکۆ و کۆلێجە ئەهلییەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆر سەختە و ئەوەی زۆر گرینگیی دەدرێتێ مەسەلەی پلە و ئاستی خوێندنە. هەروەها لە زانکۆ و کۆلێجە ئەهلییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا مامۆستای بەمانای وشەکە تایبەت وانەی تێیدا دەڵێنەوە و میتۆدەکانی خوێندنیش زۆر سەردەمیین، کە دەشڵێین سەردەمیین مەبەستمان مرۆیی نییە چونکە زانکۆ ناتوانێ کەسی مرۆیی دروست بکا بگرە مەبەستمان لە سەردەمی ئەوەیە قوتابی کاتێک ئابووری یان بەڕێوەبردن یاخۆ پزیشکی دان لە یەکێکی لەو زانکۆ یان کۆلێجە ئەهلییانە دەخوێنێ بەو جۆرە فێر دەکرێ کە بازاڕی نوێی جیهانی داوای دەکا. بۆ نموونە خوێندن لە کۆلێجێکی وەک پزیشکی دان زۆر بەو گۆڕانکارییانەوە وابەستەیە هاتووەتە سەر تەکنەلۆجیای زانیاری و میتۆدە نوێیەکانی چاککردن و تیمارکردنی دان. ئەمە و ئەو وابەستە بوونە بە بازاڕی کار و گەشەی ئیداری بۆ نموونە بەشێک وەک بەشی یاساش دەگرێتەوە. بۆ نموونە بەشی یاسا لە زانکۆ تایبەتەکانی ڕۆژئاوا لە چەند بەشێکی مۆدێرن پێک دێ کە بەجۆرێک قوتابی پەروەردە دەکەن کە پاشان بکارێ کاری لە دامەزراوە یاساییەکان یان کارگە و دەزگا ڕەسمی و حکوومەتییەکاندا دەست بکەوێ، بەپێچەوانەی لای ئێمەوە دەرچووی بەشی یاسا تەنیا بۆ ئەوە بەکار دەبرێ بکرێ بە پارێزەر لە پۆلیسخانەیەک یان دادگەیەکی گەندەڵیی شار یان بە مودیر ناحیە. بەواتایەکی تر دەمانەوێ بڵێین کۆلێجی یاسا لای ئێمە تەنیا کەوادری لەم جۆرە دروست دەکا و ئەمەش ئەو پێویستییانەیە بازاڕ و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە پێویستییەتی. چونکە نە کارگەکانمان پێویستییان بەو یاساناسە

مۆدێرنانەیە و نەش دەزگا و دامەزراوە سیاسی و ئابووری و مافییەکانمان ئەوەندە ئاڵۆز و تایبەتن پێویستیان بەو جۆرە پسپۆرییانە دەبێ کە لە کۆمەڵگە مەدەنییەکانی وڵاتانی سەردەمی بەجیهانبووندا باوە و، لە هەموو ئەوانەش گرینگتر نە میتۆدەکانی خوێندنیش لەو بەشە قوتابی بەجۆرێ پەروەردە دەکا کە دواتر بکارێ بیر لە کارکردن لە هەندێ دامەزراوی جیا بکاتەوە و یان بکارێ لەو جۆرە شوێنە نێودەوڵەتییانە کاری دەست بکەوێ کە کاری یاسایی و مافی لە ئاستێکی مەدەنی و سەربازی و بازرگانیی باڵادا بەڕێوە دەبەن. جیهانگیریی کۆمەڵگە مەدەنییەکان نەک هەر وای کردووە گشت دامەزراو و دەزگایەک تایبەت بە بواری یاسا، پێویستی بە جۆرێک لە پسپۆڕی بێ، بگرە ئەو نێوەند و بنکە نێودەوڵەتییانەش کە زۆربەی بڕیارە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی بەدەستەوەیە پسپۆڕی یاسای خۆیانیان هەیە و زۆربەی کارمەندەکانیشیان دەرچووی کۆلێجەکانی یاسان و بۆیە ئەم کۆلێجانە ساڵانە گۆڕان دێننە سەر پرۆگرامی خوێندنیان و یاسای نوێش لەم دامەزراو و کۆلێجانە هەرگاف پێیەکی لەناو زانستە سیاسی و ئابوورییە نوێکانە و ئەوی تریشی لەناو فەلسەفەی یاسا و رەوشتی تازەیە. هەر تایبەت بەم لایەنە بێ مانا نییە گەر بلێین توێژەرەوەکانیش لە بواری یاسا و ئابووری و سیاسەت لە زانکۆکانی وڵاتانی جیهانگیری کارەکانیان لەسەر ئەو جۆرە تێز و باسانە دەنووسن کە ئابووری و سیاسەت و یاسای نوێ ژیانی تێیدا گوزەر دەکا. واتە رێک بەپێچەوانەی لای ئێمە.

لای ئێمە زۆربەی تێزە زانکۆییەکان لەسەر رووداو و دیاردە لۆکالییەکانن و بەشێکیشیان وەک هەموو جارێ لەسەر ئەو کێشانەن کە دەکرێ لەژێر خانەی دیراساتی ناسیۆنالیزم و کوردناسیدا پۆل بکرێن. پاشان لای ئێمە نە پسپۆڕی لە تێز باوە و نەش توێژینەوە لە زانکۆدا بووە بە تراديسيۆن (تەقلید). ئەوەی هەیە لای ئێمە شەڕە لە پێناو بوون بە راگر و یان وانە وتنەوە لە یەک کاتدا لە چەند کۆلێجێکدا بۆ پتر پارە وەرگرتن هەروەها یان ئەوەیە گەر کەسێک بەکالوریۆسی هەبێ چۆن وا بکا لە ماستەر قبووڵ بکرێ یان گەر ماستەری هەبێ بەچ رێگەیەک ببێ بە دوکتۆرا و گەر ئەوەش بێ، چۆن ببێ بە پۆست دوکتۆرا. ئەڵبەتە ئێستا مۆدی بوون بە پەرلەمانتار و سەفیر و وەزیریشە. گەر ئەمەش بێ ناوەڕۆکی ئەو ژیانە ئەکادیمییەی هەنووکە لە کوردستان بەڕێوەیە پرسیاری ئێمە لەم حاڵەتە ئەمەیە: بۆ دەبێ زانکۆی تایبەت لای ئێمە لەم فۆرمەی ئێستای نەبێ کە هەیە؟ بۆ زانکۆی تایبەت نەبێ بە بنکەیەک بۆ مامۆستای پارەپەرست و هەڵپەرستی سیاسی و هەروەها قوتابیی ناهۆشمەند و نیمچە خوێندەوار کاتێک زانکۆ خۆی لەسەر دژە هزری بنیات دەنێ؟

لە راستیدا تەنیا ئەوانە نین پرسیارە سەرەکییەکان کە دەشێ تایبەت بەم لایەنە بیر بخرێنەوە بگرە ئەوانەشن کە ئاخۆ هیچ پێوەندییەک لە نێوان وەزارەتەکانی ئەمڕۆمان و دنیای ئەکادیمیا هەیە؟ کوان ئەو ڕاوێژکارە ئەکادیمیانەی کە دەکرێ وەک کەسە نەبینراوەکانی پشت سیاسەتوان و وەزیرە سیاسییەکانمان ببینرێن؟ بۆ تا هەنووکە لە دنیای سیاسەتکردنی سەرانی کورددا شتێک نییە پێی بوترێ پشتبەستن بەراوێژکار و بایەخدان بەراوێژکاری؟ کەسی ڕاوێژکار کە کەسێکی پسپۆڕە لە بواری بۆ نموونە زانستە سیاسییەکان یان ئابووری، ئاین، فەلسەفە یان... هتد و

دەکارێ لە بواری پسپۆڕییەکەیدا گەلێ ئامۆژگاری و ڕاوێژکاری پێویست و بەجێ و بەئەزموون بخاتە بەردەست لای ئێمە بەپێی ئەوەی پێکهاتەی خێزانی سیاسەتکردنی کوردی گشت بوارەکانی تریشی گرتووەتەوە، لەوانە میدیا و ڕۆشنبیری و تا دەگاتە زۆربەی هەرە زۆری شتە ناسکەکانی تریش، ئەو هیوایەی لە بەردەم ئەم جۆرە داخوازی و تێگەیشتنەی ئێمە کوشتووە. ئەوەتا ماوەیەکە خوێندنی یاسا بووە بە مۆد و چ سیاسی و ئەندام پەرلەمان و حزبی و بازرگانی شارە دەیانەوێ بۆ خۆشی یاسا بخوێنن. ئێستا کە خوێندنی یاسا بۆ پیاوانی سیاسی و بەتەمەنەکان بووە بە ڕێگەیەک بۆ دووبارە هاتنە ناوەوە بۆ ناو سیاسەت و بانگەشەکردن بۆ شتێک بوونی نییە زیانی لە واتای یاساخوازی و مافپەروەری داوە. زۆربەی ئەو سیاسییانەش کە گەڕاونەتەوە سەر کورسیی خوێندن جا ئەوە بۆ خوێندنی یاسا بێ یان ئەدەبی کوردی یانیش ڕاگەیاندن مەرجی قبووڵکردنیان لەو کۆلێجانەدا تێیدا بەدیناکرێ، بەڵام ئەمان ئەمە دەکەن لەبەر دوو هۆ. هۆی یەکەم ئەوەیە ئەم سیاسی و پیاوە حزبییانە لەم دوادوایە کە گەڕاونەتەوە سەر کورسیی خوێندن دەیانەوێ لە ڕێگەی ئەو خوێندنەیانەوە پتر شوێنی خۆیان لەناو سیاسەت بێ یان لەناو نێوەندی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و دامەزراوەکانی تر قایم بکەن. هۆی دووەمیش ئەوەیە ئەمانە دەکارن ئەمە بکەن، واتە بگەڕێنەوە سەر کورسیی خوێندن لەو بەشەی ئارەزوویان لێیە، چونکە نێوەندی ئەکادیمی لاوازە و پابەندی ئیدارەی سیاسیی حزبەکانە، بەتایبەت یەکێتی و پارتی، بەڵام با ئەوەمان بیر نەچێ سیاسی و حزبییەکانی کورد ئەو میراتەیان لە بەعسییەکانەوە بۆ ماوەتەوە. چونکە ئەوانەی لەناو دەزگا مەدەنی و سەربازی و پۆلیسییەکانی ڕژێمی بەعسدا کاریان دەکرد، واتە بەرپرسە سیاسی و یان کەسایەتییە حزبی و ئیدارییەکانی بەعس، پێیان باش بوو بڕوانامەیەکیان هەبێ و بەزۆریش هەوڵیان دەدا ئەو بڕوانامەیە لە یاسا دابێن بۆیە بەشی شەوانی کۆلێجی یاسا لە بەغدا سەرەتای ١٩٨٠ جمەی دەهات لە پیاوانی ڕژێم. ئەوە بوو لەو کاتەدا ئەوانەی لە دەزگا سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیرییە پۆلیسییەکان بەرپرس و ڕاوێژکار بوون هەریەکەیان بەکالۆریۆسێکیان لە یاسا بەدەست هێنا و وێنەشیان لە گشت دامەزراوێکی وەک تاپۆ، تەجنید تا دەگاتە پۆلیسخانە و شوێنە داپلۆسێنەرەکان بڵاو بووەوە. بەڵام زۆر حەیف ئەو بەکالۆریۆسە نە ئەندێشەی یاسایی و ڕووناکبیریی ئەو کەسانەی گۆڕی بوو و نەش ڕەفتاری مرۆییبان. بەڵام ئێمە لەوەوە چی فێربووین؟ بەبێ گومانەوە دەڵێین هیچ. چونکە ئەو گاڵتەیەی هەردەم بەعس دەیکرد بە بڕوانامە و ستاتۆسی زانکۆی ئێستا لای ئێمە پتر لەوە دەکرێ. ئەو گەندەڵەی نێوەندی ئەکادیمیی ئەمڕۆ پێوەی دەتلێتەوە ڕێک بەو ستەم و جەورە یەکسانەکە نێوەندی ئەکادیمی لە سەردەمی بەعس دەیناڵاند پێوەی. بەعس لە ڕێگەی تۆقاندن و زۆرداری زانکۆی کردبوو بە بارەگەی حزبی و بە خەندەقێ لە خەندەقەکانی بەرەی شەڕ. بەعس لە زانکۆ و کۆلێجەکاندا کەسایەتییەکی زۆری دروست کردبوو کە هەر هەموو گرینگن و هیچ لەبارە نەبووبوون، بەڵام هەر هەمووش ناونیشانی ئەکادیمیان هەڵگرتبوو. بەعس بلیمەت بوو لە ناوزڕاندنی واتای زانست و ناوی مامۆستا و قوتابی. ئەم (واتە بەعس) کە لە ڕێگەی ترس و زۆردارییەوە هزری لە هزر خستبوو بەشتی تر بە لە جیاتی دەکرد. هزر لای ئەم ئەوە بوو کە مامۆستا و قوتابی کۆیلەی وتارە ناسیۆنالییە خوێناوی و

شەڕخوازییەکانی بن بۆیە ڕۆژانە گۆڕەپانی زانکۆ بە ئاهەنگگێڕانەوە سەرقاڵ بوو. موناسەبەتەکان ئەوەندە زۆر بوون لە ژماردن نەدەهاتن. بەواتایەکی جیاتر لەوی لای سەرەوە لێی دواین دەمانەوێ ئەوەش بێژین، گەندەڵیی هزری کە لە زانکۆکانی ئەو دەمەی بەعس ڕۆژانە لە سەوزبووندا بوو لەو گەندەڵییە هزرییە جیایە ئەمڕۆ بەرۆکی نێوەندی ئەکادیمی کوردی گرتووە. نێوەندی ئەکادیمیی کوردی کە نوقمی ئازادییە، ئەم ئازادییە دادی نادا. چونکە ئەم ئازادییە ئازادییەکی نادادپەروەر و هیچگەراخوزە. ئازادیی گۆڕەپانەکانی زانکۆی ئەمڕۆی کوردستان بێ سەروبەر و گەندەڵە. ئازادی کە نەیتوانی مامۆستا و قوتابی کۆ کاتەوە لەسەر مێزی گفتوگۆ ئازادییەکی بێ فەڕ و بێ داهاتووە. ئازادیی نێوەندی ئەکادیمی گەر نەیتوانی هزر بەرهەم بهێنێ و ڕێز بۆ زانست و واتای فێربوون دابنێ ئازادییەکی نائورجینال (نائەسڵی) و ناراستەقینەیە. کە وابێ ئازادی کە نەکارێ هزر لای قوتابی تایبەت بە کێشەکانی زانکۆ و کۆمەڵگە دروستی بکا ئازادییەکی مشەخۆر و ناپێویستە. ئەو ئازادیە بەرهەمهێنەر و بەپیتە کە نێوەندی ئەکادیمی بخاتە سەر ڕێگەی گفتوگۆ لە تەک هزر و دانایی. هزر و دانایی کە لە نێوەندی ئەکادیمیی نوێی کوردی بابەتی تێڕامان نییە، مامۆستا و قوتابیی گەندەڵ دروست دەکا. بۆیە ئێمە دژی ئەو بیرۆکە سیسەوە بووەین کە پێی وایە ئازادیی گۆڕەپانی ئەمڕۆی کوردستان بێ وێنەیە. مامۆستا و قوتابیی ئەمڕۆی نێوەندی ئەکادیمیی نوێی کوردی کە پێکەوە ئازادیی گەندەڵ دەکەن لەوە ناگەن ئەوە خەونی دەسەڵاتی سیاسییە و ئەمان بۆی مسۆگەر دەکەن. بۆیە پێش ئەوەی بابەتی ئازادی ببێ بەباس لە نێوەندی ئەکادیمیدا گرینگە هزردار و بیرکراوە بین. بۆ ئەوەی ئەمەش بین دەبێ قوتابی و مامۆستا بەجووتە پێوەندییان لە تەک فێربوون و زانیندا پتەو بکەن. ئەمەش داوای ئەوەمان لێ دەکا دەبێ گۆڕان بهێنرێتە سەر سیستەمی پەروەردە و فێربووندا. گۆڕینی ئەم سیستەمە واتە گۆڕینی ئاستەکانی خوێندن و فێربوون. ئەمەش ناشێ بێتە دی تا لە ماهییەتی پەروەردە نەگەین. نێوەندی ئەکادیمیی تازەی کوردی کە پەروەردەکوژە، نایەوێ بنەچەی کێشەکان بۆ ئەوێ بباتەوە کە بۆشاییەکی زۆر لە دیتنمان بۆ پەروەردە و فێربووندا هەیە. ئەو بۆشاییانە کە دژە هزرن گەورەترین زیان لە توانای زانین و زانیاریمان دەدەن. ئەو بۆشاییانە کە لە هەژاریی هزریمان بەرپرسیارن دروستکەری بەشێک لەو گەندەڵییەشن نێوەندی ئەکادیمیی کوردی لە ئێستا پێوەی دەتلێتەوە.

بەپێی ئەوەی وتمان، کاتی ئەوە هاتووە پەروەردە گۆڕانی بنچینەیی بەسەردا بێ. ئەم گۆڕانە کە زێدە جەوهەری و پێویستە، ئەرکی سەرشانی گشت ڕووناکبیر و هزرخاوێنێکی کوردە. گۆڕانی پەروەردە کە گۆڕانی سیستەمی فێربوون و زانین دەگۆڕێ نەوەیەکی دادپەروەر و پەروەردەکاری ئەسیل دروست دەکا. بەڵام کێ ئەمە بکا؟ چۆن ئەمە بکرێ لە کاتێکدا گشت بواری پەروەردە دەردەدارە؟ بەدڵنیاییەوە وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە نە لەسەر بۆچوونی شەخسی وەستاوە و نەش سانایە. لێرەوە دەگەینە دۆخێکی تر لە تێگەیشتن کە بۆنی ڕارایی و دژوارییەکی گەورەی لێ دێ. ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی کارکردن بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردەی هەنووکەی کوردی کارێکی لە ڕادەبەدەر ئەستەم و کێشاوییە. هۆ لەم ڕووەوە زۆرە و بەشێکیان پێوەندییان بە تاکی ڕووناکبیر و خوێندەواری کوردەوە هەیە و بەشەکەی تریشیان پێوەندییان بە دۆزی سیاسیی

ئەمێستای کوردەوەیە. ئێمە لای خوارەوە پۆلریزییەکی تایبەت بەو دوو لایەنە دەخەینە بەرچاو خوێنەر و ئەوەش ڕوون و والا دەکەین چەند، گۆڕانی پەروەردە لە هەنووکەدا دژواراوی و ناسانایە:

* ئەو گەندەڵییە ڕووناکبیرییەی نێوەندی ڕووناکبیریی ئەمڕۆی کوردیی تەنیوەتەوە کارێکی وای کردووە گۆڕینی سیستەمی پەروەردە بکا بەخەونێکی ئەفسانەیی و ئەستەم (موستەحیل). ئەو گەندەڵییە کە پەروەردە تێکدەرە زۆرینەی توێژی ڕووناکبیری کوردیشی تێک داوە. ئەم توێژە کە ناکاریگەر و ناچالاکە قوربانیی ئەو گەندەڵییە سیاسییەیە، سیستەمی پەروەردەی شێواندووە.

دەکرێ لێرە بپرسین بۆ ئێمە بەو جۆرەی لای سەرەوە تەماشای نێوەندی ڕووناکبیری دەکەین؟ ئاشکرایە وەڵامی ئەم پرسیارە لە دوو تۆی ئەم نووسینە و بەشەکانی تری نووسینەکەماندا تایبەت بە دیاردەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵیی ئەمڕۆی کوردستان بە گەلێ شێوە خراوەتە بەرباس، بەلام ئەوەی لێرە و تایبەت بەم گۆشەیە دەیڵێین، ئەوەیە کە گرفتەکانی نێوەندی ڕووناکبیری کە بەشێکی هزرییە و بەشەکەی تریشی سەرچاوە لە گەندەڵییە سیاسی و کۆمەلایەتییەکەوە هەڵدەگرێ نە لە گوزارەی گەندەڵی پەروەردە دەگا و نەش دەکارێ هەنگاوی دروست و شیاو بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردەی هەنووکە هەڵبگرێ. لەلایەک لەبەرئەوەی خۆی گرفتاری گەندەڵییە و لەلایەکی تر ناتوانایە بکارێ ئەوە بکا. ئەمەش وەکی تر نیشانەیە لەسەر ئەوەی کە نێوەندی ڕووناکبیری بەخۆشی قوربانی ئەو گەندەڵییەیە بەرۆکی سیستەمی پەروەردە و فێربوونی گرتووە. ئەی بەشێکی زۆر لە ڕووناکبیرانی ئەمڕۆی کورد پەروەردەی ئەو پەروەردە گەندەڵ و هیچ نەکردەیە نین کە سیستەمی زانین و فێربوون لە کوردستان لە ئێستا خۆی لەسەر ڕاهێناوە؟ ئەی بەشێکی زۆر لە ڕووناکبیرانی کورد دەرچووی بەشێک لەو کۆلێجانە نین کە وانەی گەندەڵ و بێ بنەمای سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەدەبییان تێیدا دەوترێتەوە؟ لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەڵێین بەڵێ. بەڵێ چونکە پەروەردەی گەندەڵ هزر و زانیاریی گەندەڵ بەرهەم دێنێ و هیوا لە بەردەم گشت گۆڕرانێکی رادیکال و پێویست لەبار دەبا.

* نێوەندی سیاسی کە لە گەلێ لە دیاردەکانی گەندەڵیی ئەمڕۆی گۆڕەپانی کوردستانی تازە بەرپرسیارە فابریکە (مەعمەل)ی ئەو گەندەڵییەشە نەک هەر سیستەمی پەروەردەی ئەمڕۆ پێوەی دەتلێتەوە بگرە ئەو گەندەڵییەش کە نێوەندی میدیا و ڕووناکبیری و سەرووی ئەوانەش کردەی هزراندن پێوەی گیرۆدە بووە. ڕاستە جار جارە وەزارەتی پەروەردە و دەزگاکانی ئەم وەزارەتە کار بۆ چاککردنی هەندێ چەوتی و نالەبارییەکانی بواری پەروەردە دەکەن، بەلام ئەم جۆرە هەنگاوانە لەو هەنگاوانە دەچێ کە پزیشکێکی غەشیم بیەوێ نەخۆشێکی دووچاربوو بە نەخۆشیی شێرەپەنجە (سرطان) بە ڕاهێنان لەسەر خواردنی ڤیتامین چارەسەر بکا. وەزارەتی پەروەردە و دەزگاکانی سالانە پارەێ زۆر بۆ چاکسازی لەبواری پەروەردە هەڵدەڕێژن، بەلام بەشێک لەم پارەیە گەندەڵی قووتی دەدا و بەشەکەی تریشی بۆ دامەزراندنی قوتابخانە و کڕینی پێویستییەکانی بواری پەروەردە و خوێندن بەکار دەبرێ. بەلام چاکسازی لە بواری پەروەردە و خوێندن نە برێتییە لە پارە هەڵڕشتن و نەش لە دروستکردنی قوتابخانە بگرە برێتییە لە دروستکردنی پسپۆڕ لە بواری فێربوون و زانین هەروەها ڕاهێنانی مامۆستا و قوتابی لەسەر

بەرز راگرتنی پرەنسیپەکانی بواری پەروەردە و فێربوون و گۆڕینی میتۆدی وانە وتنەوە و خوێندن.

گرینگتر لەوەی باس کرا ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی تێگەیشتنی بۆ پەروەردە نە جێگیرە و نەش شارستانییە. ئەم (واتە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی). کە پەروەردەپارێز نییە بەچاوێکی بەرز و پڕ لە بەهاش تەماشای بواری پەروەردە و فێربوون ناکا. یان ئەم دەسەڵاتە پەروەردە وەک بوارێک یان کەرتێکی وێران تەماشا دەکا کە شایانی هەڵسانەوە و دروستکردنەوەیە، بەڵام ئەمە تاکە کێشەیەکی بواری پەروەردە نییە، بگرە یەکێکە لە کێشە بەرچاوییەکانی کەرتی پەروەردە. کەرتی پەروەردە کە بەتازەگی لە چنگ رژێمێکی شۆڤێنی و دژە پەروەردە دەرباز کراوە شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە یان لەوەی کە دەرباز کرا خرایە چنگ ریزێکی گرفتی ترەوە کە یەکێکیان گەندەڵییە.

هەندێ لەو دیتنانەی لە کۆتایی ئەم بەشەی نووسینەکەماندا تایبەت بە گەندەڵیی هزری و ئەکادیمیی کۆمەڵگەی تازەی کوردی سەرنجی دەخەینە سەر، ئەمانەی لای خوارەوەن:

* زۆربەی کێشەکانی یان کێشە بنەڕەتییەکانی نێوەندی ئەکادیمیی کوردی وەک کێشەی هزری دەبینین ئەو نەختە کێشەیەی لێ دەرچێ ئیداری و بیرۆکراتین. ئەم کێشانە، واتە هزرییەکان کە جۆراوجۆرن بەشێکی خودی نێوەندی ئەکادیمی بەمامۆستا و قوتابییانەوە لێی بەرپرسیارن و بەشەکەی تری دەسەڵاتی سیاسیی کوردی. کێشە هزرییەکان کە کێشەی ئەکادیمیی بەرچاوی و گومان لێنەکراون پێویستیان بەوەیە گفتوگۆ کرێن و چارەسەری بنەبڕ و راستەقینەیان بۆ بدۆزرێتەوە. ئەمەش ناکرێ ئەنجام بدرێ تا نێوەندی ئەکادیمی خۆی لەو بێ هزرییە پاک نەکاتەوە پێوەی گلاوە. هەروەها کێشە هزرییەکان کە کێشەی ئیندفیدوالین (تاکین) کێشەی تاکی کوردە و چارەسەرەکەشیان لەسەر توانا و شیاوییەکانی تاکی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردی وەستاوە. واتە ئەوە تاکە کە دەکارێ هزر بخاتە گەڕ و بەرەنگاری گەندەڵییەکانی کۆمەڵگە ببێتەوە لە پێش هەمووشیانەوە گەندەڵیی سیاسی کە هەڵوێستی بنەبڕانە و کۆلێکتیف (جەماعی) گەورەی دەوێ.
* گەندەڵیی هزری و گەندەڵیی سیاسی وایان کردووە ناوی ئەکادیمیکار ناوێکی بێ هزر و گەندەڵ بێ. ئەمەش وەکی تر کارێکی وای کردووە زانکۆ ستاتۆسی نەبێ و زانینی ئەکادیمییش بێ سام بێ. ئۆباڵی ئەم کێشەیەش بەتەنیا ناکەوێتە سەر ئەستۆی مامۆستا و ئەکادیمیکارەکانی کورد بگرە سەر ئەستۆی خودی قوتابیی زانکۆ و لە پێش هەمووشیانەوە دەسەڵاتی سیاسی کە ڕابەری ڕاستەوخۆی گەندەڵییە بنەماییەکەیە.

یەکێ لە گرفتەکانی نێوەندی ئەکادیمیی کوردی کە بەخۆی کێشەیەکی زانستی و ئەکادیمییە و ئەوەش گرفتی هزریی لە پاش خۆی دروست کردووە، ئەوەیە کە بڕوانامەکانی ئەکادیمیکارانی کورد لە چەند بوار و پۆلێکی زانکۆیی هێنراون کە زۆر دووبارە و زۆر جاریش زۆر ناپێویستن. بۆ نموونە. زۆربەی هەڵگرانی ماستەر و دوکتۆرای کورد (جا خوێندنیان لە یەکێک لە زانکۆکانی

عێراقی جاران تەواو کردبێ یان زانکۆکانی ئێستای کوردستان یان ئەورووپای ڕۆهەڵاتی سەردەمی بلۆکی سۆسیالیزمی جاران یان ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەسکەندەنافیا و ئەورووپای باشوور یانیش ئەمەریکای باکور) لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی و مێژووەکەی پسپۆڕن و، لەمانەش بگەڕێتەوە ئەوا یان باس و خواسی ئەکادیمین لەسەر ناسیۆنالیزم و مێژووی ئەدەبی کۆن و تازەی کوردی، یانیش تراجیدیا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد. کەواتە خاڵی هاوبەشی نێوان تێزە ئەکادیمییە کوردییەکان بەگشتی لە هەر کوێ ئامادە کرابێتن زمان و ئەدەبی کوردی، ڕۆژنامەوانی، سیاسەت و مێژووی کوردن. ئەمانەش هەر هەموو بەگشتی دەچنە خانەی کوردناسییەوە. واتە نێوەندی ئەکادیمیی کوردی پڕن لە کوردناس. پڕن لەوانەی شیعر، چیرۆک، هەقایەتی مێژوویی و درامای سیاسی و ڕووداوە مێژوویی و سیاسییەکان بە ئارەزووی خۆیان لێک دەدەنەوە. با ئەوەشمان بیر نەچێ کە کوردناسی لە زانکۆکانی کوردستانی ئەمڕۆ، کە سالآنێکیشە لەن اومـاندا تاکە بەشێکی سەردەست و پۆپولێرە، لەم دوادوایە تێندێنس (ئاراستە)یەکی زۆر سیاسی و ئایدیۆلۆجیشی وەرگرتووە و بووەتە بە فۆرمێک لە دیراساتی ناسیۆنالی و هەروەها ڕەوانبێژییەکی زۆر تراجیدی و شێوە شیعرگەراییش. ئەکادیمیکارانی کورد کە لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی پێشووەوە لەم ڕووەوە دەستبەکار بوونە تا ئێستاش لەسەری بەردەوامن. بەواتایەکی تر، نامیلکەکانی ئەکادیمیکارانی کورد جا لە ئەورووپای ڕۆهەڵات نووسرابن یان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا یانیش لە کوردستان لە بواری کوردناسییێکی تەسک و سنووردارداا نووسراون (بەردەوامیش دەنووسرێن)، کە موخابن لە هیچ شوێنێک ئەو کەلکەی لێ وەرناگیرێ کە لە زانکۆکانی کوردستان لێی وەردەگیرێ. هۆی ئەوەش زۆر بەکورتی ئەوەیە کە ئەو نامیلکە و تێزانە زۆر دووبارە و لۆکاڵین و، هەموو لە چوارچێوەی چەند باسێکیشدا دەخولێنەوە کە ناشێ ئەو هەموو تێزانەی لەبارەوە بنووسرێ و دواتر، کە ئەمەیان پێمان وایە زۆر لە سەرنجەکانی ترمان گرینگترە، ئەوەیە کە ئەو تێزانە شوهرەتێکی نێودەوڵەتیشیان نییە و لەسەر ئاستی زانکۆکانی ڕۆژئاواش ناسراو نین و لە هیچ کونێکەوە ناویشیان نییە.

سەرباری ئەوەی لای سەرەوە ئەوەش دەڵێین کە، بەشداریی ئەکادیمیکارانی کورد لە ئاستێکی گلوبال و لە نێوەندە ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوا و ناوچەکەش زۆر ون و نادیارە. تەنانەت پێوەندیی زانکۆکانی کوردستانیش بە زانکۆکانی وڵاتانی تر یان نێوەندە ئەکادیمییەکانی جیهان پێوەندییەکی کلاسیکە و سنووری پێوەندییەکی سادە و وابەستەیانەی تێ نەپەڕاندووە یان پێوەندیی نێوەندی ئەکادیمیی کوردی لە ڕێگەی زانکۆکانییەوە بە نێوەندە ئەکادیمییەکانی تر پێوەندییەکە لەسەر داوای یارمەتی و هاریکاری وەستاوە نەک گۆڕینەوەی پسپۆڕ و توێژینەوە و سازکردنی کۆنفرانس. زانکۆکانی کوردستان کە گرفتاری گەلێ کێشەی گەندەڵاوی و کەموکوڕیی ئیدارین ناپەرژنە سەر ئەوەی بایەخ بە توێژینەوە و ئاستی زانستی و ئەکادیمی توێژەرەوە و مامۆستاکان بدەن. بۆیە ئەوە وا دەکا ئەو هەر لە قۆناغی یارمەتی وەرگرتندا بێ و چاویشی هەموو کات لەدەست ئەوی تر بێ لەو گەندەڵییە هزری و ئەکادیمییە دەربازی بکا دووچاری بووە.

* زۆربەی گـرفت و کـەمـوکـوورییـەکـانی بـواری ئەکـادیمی وا لە زۆرینـە دەکـەن ئەو دیتنەی لا بەرجەسـتە بێ ئەو زانسـتە ئەکادیمییەی لە زانکۆکانی ئەمڕۆی کوردستاندا دەست دەکەوێ ئەو توانایەی تێدا بەدی نەکـرێ کـە خـەڵکی ئاسـایی لـە خـەڵکی نائەکـادیمی لێک جـیـا بکاتەوە و هەروەها کـەسـە زانکۆییـەکـانیش بەو خـوێندنە زانـکۆییـیـەی هەڵگریێن، نەکـارن ئەو کـودەتا ئیندڤیدوالییە لە خۆیاندا دروسـت بکەن کە پێویست بێ. لەوانەش گرینگتر ئەوەیە کە زۆر جـار خوێندنی ئەکادیمی ناتوانـێ کار بۆ ئەو کەسانە پەیدا بکا کە هەڵگری بڕوانامـەن ئەمەش وا دەکا خوێندن لە زانکۆ ڕێزەوەن نەبێ و جێی ئومێدییەکی کۆمەڵایەتیش نەبێ.

ئەوەی لە سـەرەوە باس کرا بـەرەو ئەو پرسـیـارەشـمـان دەبا کـە بەم جۆرەیە: بـۆ دەبێ ئێمـە لە زانکۆ بخـوێنین؟ ئاخـۆ ئەمـە بۆ ئـەوەیە کارێکمـان دەست بکەوێ یان گۆڕان بخـەینە سـتـاتۆسـی کۆمەڵایەتیمانەوە؟ وەڵامەکە دەشێ بەم شـێوەیە بدرێتەوە: بەپێی تێگەیشـتنی هەڵگرانی بڕوانامە زانکۆییـیـەکـان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ نمـوونە خـوێندن لە زانکۆ دەبێ بۆ ئـەوە بێ مـرۆڤ دواتر بتـوانێ بەبێ ترس خـۆی فـڕێ داتە ناو بازاڕی کـارەوە کە لـە بنەڕەتدا ئەم بازاڕە بـازاڕێکی بێ بەزەیی و دڕە و، لەلایەکی تریش خـوێندن لـە زانکۆ و بەتـایبـەت ئەو ڕشـتـەیەی هەڵدەبژێردرێ پێوەندییـەکی زۆری بە ئارەزوو و حـەزی کەسـەکانەوەیە تا شـتێکی تر. زۆر جـاریش ئارەزوو و حـەزەکـانیش سـەرووی داوا نەبراوە و نامـیـهـرەبانەکـانی بازاڕ دەبن. بـۆ نموونە کـاتێ کـەسێ ئارەزووی خـوێندنی زمـان و ئەدەبی چینی دەکا ئەم ئارەزووە تەنیـا پێوەندی بەوەوە نییـە کـە ئەم کـەسـە حـەز و ئارەزووی لە فـێربوونی زمـانێکی نوێیـە و یان دەیەوێ بە کـولتـوورێک جیـاتر لە کولتووری ڕۆژئاوایی ئاشنا بێ، بگرە زۆر ئاساییە ئەم کەسە بیری لەوەش کردبێتەوە سوود لەم ڕشـتـەیە دەکارێ وەربگرێ ئەو دەمـەی چین دەبێ بەبەشـێک لە بازاڕی کاری نێـودەوڵەتی و یان کاتێک چین دێتـە ناو سـیـسـتـەمی سـیاسی و ئابووریی جیـهـانگیـرییـەوە، بەڵام نکووڵی لەوەش ناکرێ کـە هەردەم شیـاوی لە بەردەم کـەسی ڕۆژئاوایی بۆ بەدیهێنانی حـەز و ئارەزووەکانی، یان ئەوەی ئەم کەسـە بیەوێ خوێندن و فێربوون وەک هـەوەس و ئارەزوو تەماشا بکا، لە کـەسێکی تر زۆرترە، ئەمە و تا دەگاتە ئەوەش کـە سیستەمی کۆرسە وەرزییـەکان لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا، بوونی دامەزراو و بانقی دیاریکراو، کە پشتگیری لە پڕۆژەی تـوێژینەوە و خوێندنی ئیندڤیدوالی دەکەن، ئەمە و لە هـەمـووشـی گرینگتر دابڕانی دامـەزراوی زانکۆ لە بڕیاری سیاسی و سـەربەخۆیی ئەم دامەزراوە لە دەسـەڵاتی سـیاسی، هـەموو ئەمانە بەواتایەکی تر مانـای خۆیان بۆ ئەوە هـەیە گشت خوێندکارێک بکەوێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و نەک ڕکێفی ئەوی ترەوە. ئەم پرۆسێسـەکە لای ئێمـە بوونی نییە کاریگەرییەکی زۆر خراپی بەگشتی بەسەر نێوەندی ئەکادیمییەوە بەجێ هێشتووە.

* نکووڵی ناکـرێ کـە باس دێتـە سـەر گـەندەڵیی نێوەندی ئـەکـادیمی نابێ باس لە ڕۆڵی گـەندەڵیی قـوتابیش نەکرێ. چونکە ئەو پەروەردە گەندەڵەی لە نێوەندی ئەکادیمی پێرەو دەکرێ دەسـتی لە گـەندەڵکردنی قـوتابـیـشـدا هـەیـە و ئەمـە و بەشـێکی زۆریش لە قـوتابییـانی زانکۆکـانی ئـەمڕۆی کوردسـتـان دەسـتیان لە گەندەڵکردنی خۆشیـاندا هـەیە. بەشێکی زۆری قوتابیی زانکۆی ئەمڕۆی کوردسـتان کە دەستبەرداری هزری خۆیان بوونە و خـۆیان تەسلیمی دیاردە گەندەڵەکـان کردووە

له گـەڵێ رووەوە بـەرامـبـەر بەهـاتنە خـوارەوەی سـتـاتـۆسـیـی قـوتـابیـیـەتیی قـوتابیی زانـکۆ بەرپرسیارن.

* هـەندێ لایەنی ئەو دیاردەیەی ناومـان نا تێکەڵکردنی قوتـابخانە هزری و هزرڤانەکان بەیەکتر بۆ ئەو تەنگوچەڵەمـانە دەگەڕێتـەوە کە پێوەندیی بەمـەسـەلەی دوورەپەرێزیی نێوەندی ئەکادیمی لە شـەپۆلە هزرییـەکـان و بێ ئاگـاییی ئەکادیمیکار و مـامۆسـتـای زانکۆ و ئینسـتـیـتـووتەکـانی کوردستـان لە بیری بیریار و گەشـەی پۆلەکانی زانستە مرۆییەکانەوە هەیە کە ئەمەش زیانێکی زۆری لە رەوتی رووناکبیری ئەکادیمی و ئاستی رووناکبیرانی نێوەندی رووناکبیری داوە و کاری نووسین و پشکنینـی کـردووە بەپیـشـەی نووسـەری ئەمـاتۆر و رۆژنـامـەوانیی عـیـسـامی و ئەو پێنووسـانەی کە تـەنێ خـەریکی کرووزانەوە و واوەیلان بۆ کورد. لە کاتێکدا بیری ئەو بیریار و رووناکبیرە جیهانییانەی یان ئەو شـەپۆل و بزاڤە فیکرییانەی نووسەر و رووناکبیرانی کورد لە رۆژنامە و کۆوارەکان باسی لێوە دەکەن لە زانکۆ و ئینسـتیتووتەکانی وڵاتانی رۆئاوا دەوترێتەوە و بەشـێکی زۆر لەو بیریار و رووناکبیرە جیهانییانەش کە لەناو رۆژئامەوان و نووسـەراندا بووە بە سەری باس هەر لە زانکۆ و کۆلێجەکاندا وانە دەڵێنەوە و کاریگەریشیان گەییوەتە ناو میدیا و نێوەندە کولتووری و کۆمـەڵایەتی و سیاسییە جیا جیاکان. نەک هـەر ئەوە بگرە بەرهـەمی تیۆری و فـیکریی هەندێ لە بیـریار و نووسـەران لە گـەلێ لە زانکۆکـاندا وەک بەرهـەمی ئۆرجـینال دەخوێنرێ و مانایەکی زۆریشیان بۆ کۆرس و وانە ئەکادیمی و ئاستە جیا جیاکانی توێژینەوە زانکۆییەکانیش هەیە. کەواتە ئەوەی لە رۆئاوا پێی دەڵێن ئەکادیمیکار ئەو رووناکبیر و بیریارە جیهانییانەیە کە بە توێژینەوەکانیان نەک هەر هۆڵی زانکۆکانیان تەنیوەتەوە بگرە سەر لاپەڕەی رۆژنامە و کۆوار و سەنتـەرە رووناکبیرییەکانیشیان تەنیوەتەوە. بۆیە رەخنـەی ئێمـە لە رووناکبیر و ئەکـادیمیکاری کـورد ئەوەیە کـە نەک لەسـەر ئاسـتی گلوبال بگرە لەسـەر ئـاسـتی لۆکـال و ناوەخۆش ئەو مـانـا و گرینگییـەیان بـۆ پرۆسـەی بەرهەمـهێنـان و بنیـاتنانی هزری نیـیـە و بگرە ئەوەی پێی دەڵێن شـتـی هـزری هەرووەک لە سـەرەوەش لە گـەلێ شـوێن لێی دواین لە دەرەوەی نێـوەندی ئەکـادیمی بەرهـەم دێ. بەڵام ئەم بـەرهـەمـهـێنانـە زۆر لە ئاسـتـێکی لە پاش و پڕ لەم هـیـچگەراییـیـە کـە هەردەم رێی بۆ ئەو تێکەڵکردنە هزرییـەش خـۆش کردووە کـە دەروازەی ئەم بەشـەی نووسـینەکەمانمان پێ کردەوە. هـەر لەبەرئەوەش ئێمە ئامانجی خۆمـان هـەر لە سەرەتای باسـەکـەدا دەستنیـشـان کـرد و ئەوەمـان روون کـردەوە کـە باسی تێکەڵکردنی بیـری بیـریار و قـوتابخـانـە یان رێبـازە فیکرییـەکان بەیەکتر باسێکە مـانای خـۆی بۆ نێوەندی رووناکـبیـری و هـەروەهـا نێـوەندی ئەکادیمیـشـمـان هـەیە. چۆن ئەم دیاردەیـە، واتە دیاردەی تێکەڵکردنـەکە، روو دەدا تا رادەیەک بەشـێوازێکی پوخت بەردەستمان خست و ئەو هۆ و هۆکارانەشمـان بەردەست خست کە مانایـان لە دروستکردنی ئەو حاڵەتەدا دیوە. واتە ئەوەمـان خستـە بەرباس کە بۆ ئەم دیاردەیـە رووی داوە و کێ و چی لـە رووداني دیاردەی نـاوبراودا بەرپـرسـیـارە. ئەمـە هـەوڵێکی کورت و چڕی ئێمە بوو بۆ دوان لە کێشەیەکی کە بینەقـاقای نووسین و ئاخافتنە رۆژنامەوانی و توێژینەوە ئەکادیمییەکانیان گرتووە.

لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا شتێک نییە پێی بوترێ شیکردنەوەی

دەروونی و ڕۆشنبیریی تەندروستی

## گەندەڵبوونی شتە دەروونییەکانی تاک

لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا چەند کەس و شتێک هەروەها چەند دیاردە و ڕووداوێک پێش هەر هەمووی مرۆڤ وەک تاک و دەروونی ئەم مرۆڤە وەک سەرچاوەی سەرجەم ڕووداو و دیاردە بووناوییەکان وەک خۆی بایەخی نادرێتی، ئەمە و لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە بایەخ بە شتە دەروونی و ئەڵبەتە ڕۆشنبیریی تەندروستیش نادرێ. لە هەمان کاتدا کێشەکانی تاکی کۆمەڵگەی گەندەڵ هیچ کات وەک کێشەی دەروونی خۆیان دەرناخەن و لەبەرئەوەی هۆشیاریی تاکی (ئیندڤیدوال) و دەستەجەمعی (کۆلێکتیڤی) خەڵکیش سیاسین ئەمە وای کردووە گشت فۆرمەکانی کێشە، کێشەی تاک و کۆمەڵگە، خۆیان لە فۆرمی کێشەی سیاسیدا دەرخەن. بەواتایەکی تر هەبوونی تاک لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا، کە کوردستان نموونەیەکی بەرچاوە لەسەر ئەوەی کە دەیڵێین، لە نێوان بوون و نەبوونایە. چونکە تاک لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا بەمانا هاوچەرخەکەی واتای تاک بوونی نییە یان شیاوییەکانی دروستبوونی کێشەئامێز و ئاڵۆزکارە، تەنانەت تاک گەر هەشبێ تاکێکی بەسیاسی کراوە و دەروونی ئەم تاکە پشتگوێ خراوە و، لەبەرئەوەی خودی سیاسەتیش لەم جۆرە کۆمەڵگەیە لەسەر جوین و ڕەوانبێژی و یاریکردن بە وشە دەژی لە کۆتاییدا سیاسەت تا بڵێی خۆی وەک کردەیەکی ناهزری نیشان دەدا و ئەمەش وا دەکا ئەم کردەیە دەروونکوژ و هەست بریندارکەر بێ. بەپێی ئەوەی باس لە خودێتیی سیاسیی کوردی شتێکی زێدە فەرامۆشکراوە و بەر شرۆڤەکردنی تیۆری سیاسی نەکەوتووە ئەمەی وای کردووە خودێتیی سیاسیی کوردی پتر ببێ بەجێی باسێکی ئایدیۆلۆجی تا دەروونی. لە هەمووی ئەوەی وترا سەیرتر ئەوەیە، لەبەرئەوەش کە سیاسەتی بێ هزر دژە دەروون و دژە تاکە، ئەم جۆرە سیاسەتە، کە ئێستا لە کوردستاندا سەردەستە، تا بڵێی تاک ڕووخێنەرە، یان دوژمنی هەرە گەورەی تاکە و، وەکی تریش ئەم جۆرە سیاسەتە تا بڵێی لە بەتاکبوونی تاک دەترسێ.

بەخۆی سیاسەتی هەڵە، سیاسەتی بێ هزر یەکەم کاریگەری کە دەیخاتەوە تێکدانی باری دەروونیی تاکە بەتایبەت لەو کۆمەڵگانەی (کۆمەڵگە گەندەڵە سیاسییەکان) سیاسەت تاکە بوارێکە بۆ تاک، یاخۆ سیاسەت تاکە شوێنێکە کە تاک خۆی تێیدا دەبینێتەوە، یان بەپێی ئەوەی سیاسەت لەم شێوە کۆمەڵگەیانەدا مان و نەمانی تاکی بەدەستەوەیە ئەو دەمەی سیاسەت ڕەوتێ بەد و نامرۆیی وەردەگرێ، کە گەندەڵی فۆرمێکە لەوانە و لە فۆرمە هەرە پیسەکانیشیەتی، تاک دەروون شێواو و ناحەز دەبێ. ئەمە و سیاسەت لەم جۆرە کۆمەڵگانە لەبەرئەوەی بووە بە نان و ئاو، کاتێک

سیاسەت ڕێچکەیەکی ناهزری وەردەگرێ سیاسـەت تا ئەوپەڕی تاککوژ و دەروونکوژ خۆی نیشان دەدا، یان بەحـوکمی ئەوەی لەم جـۆرە کۆمـەڵگەیانەن سیـاسـەت چارەنووسـی زۆرینەی پێـوە گرێ دراوە و هـەروەها سیاسەت بکەری گشت کردەکانە و شوێنی سازاندنی ئاوەڵناوەکانیشە هەر لەبەر ئەوە کـاتێک گـۆڕانی سـیـاسی دێنە کایەوە تێکڕای نەتەوە بـەخت سـووتاو دەبێ گـەر ئەو گـۆڕانە ئاراستەیەکی مرۆیی وەرنەگرێ.

بۆیە ئێمـە لـە میـانەی ئەم بەشـەی نووسـینەکـەمـان بـۆ ئەوە دەچین لەبەرئەوەی سـیـاسـەت لەم کۆمـەڵگانە بوارێکی نیـیـە لە زانین تێگەیشتن دروستکەر نیـیـە و، بۆیە سـیـاسـەت و سـیـاسـەتوان پێویستی بەشیکردنەوەی نەک تەنیـا سۆسیۆلۆجی و فەلسەفییە بگرە پێش هەمـوو شتێک پێویستی بەشـیـکردنەوەی دەروونی و زمـانـەوانیـیـە. ئەم لایـەنەش کـە هێـجگار هەسـتـیـار و وروژێنەرە نە نێوەندی ئەکادیمی و نێوەندی ڕۆشـنبیری و، میدیای کوردی هەستیان بە گرینگیی کردووە و، نەش دامەزراوەکانی کۆمەڵگە کە خۆیان لەسەر بناغەی شاردنەوەی تاک دامەزراندووە.

بەم جۆرە، ئەو دەمەی وتن لـە کۆمـەڵگەیەکی دیاری کراون لەسـەر دەروونـی تاک نایەتە پێش، ئەو دەمـەی زانسـتـێکی وەک شـیـکردنەوەی دەروونی (ئەگـەر نەڵێین ڕیـزێک زانست) لەم کـۆمـەڵگەیە لە وتنەکـاندا ون دەبێ زێدە ئاسـاییـیـە گـەورەترین کـەلێن بکەوێتـە ڕۆشـنبـیـری خـەڵکەوە، یان توێژی ڕۆشنبیـرانەوە، هـەروەها زۆرترین کـێشـەش لە بەردەم تێگەیشتن لەوەی پێی دەڵێن تاکی (خـودی) هـاوچەرخی کـورد دروست بێ. چونکە ئەم تاکە هـاوچەرخـە گەر بۆ مـاوەیەکی درێژ لەناو ئەم دۆزە دروسـتکراو و بەگـەندەڵکراوە بژی دەبێ بە مـۆڵگەی خـراپسـازی و خـودی خـۆی بـیر دەچێـتـەوە. ئەوەندەش ئێـمـە ئاگـامـان لێ بێ هەچ خـودێک بۆ مـاوەیەک درێژخـایەن پشت لە بەتاکـبـوون و لە دەروونی خـۆی بکا بێ ناو دەبێ. چونکە خـود ئەو "خـودەیە ناوێکی بۆ خـۆی بدۆزێـتـەوە"[٣٧]. بەڵام خـود ناکـارێ ناودار بـێ گـەر ئەم خـودە بە دیاردەی گـەندەڵی، بە کـەسـی گـەندەڵکار دەور درابێ. بەدڵنیـاییـەوە دەرکەوتنی ئەم خـودە وەک تـاک، وەک تاکێکی چالاک و ئاراسـتـەهەڵگر و، هەروەها کۆششی ئەم تـاکە بۆ قـەڵاچۆکردنی دیاردەی گـەندەڵی و ئەو بەروبوومـانەش دیـاردەی گەندەڵی لە هەناوی خۆیدا حەشاریان دەدا (وەک دزی، مشەخۆری، تەڵتـەگەری، تیابازی و سیـاسەت جوینەوە) تاکـە ڕێگەچارەیەکن لە بەردەم ئەم تاکـە بۆ هێنـانە گـۆڕی خـۆی و بەرەنگاربوونەوەی ئـەو هێـز و دیاردانەش مـانەوە و بـەردەوامیی تاکبوونەکـەی لەق دەکەن. گەر ئەمـەش بێ دۆزی تاک، واتە تاک تاکێکی دەروون تـەندروست و لەش (جـەسـتـە) سـاغ، نەبێ، ئەوا ئەم تاکە نە دەتوانێ هەبێ و نەش بەردەوام بێ.

ئێمـە لە میانەی ئەم چەند لاپەڕەیەدا باس دێنینە سـەر ئەو لایەنانەی لە سـەرەوە وروژاندمـان و لە هەمـان کاتدا سـەرنج دەخەینە سـەر ئەوەش کە قسـەکردن لەسـەر تەندروسـتی و ناتەندروسـتیی دەروونی یەک لەو قسـەکردنانەیە لە نێوەندی ڕۆشنبیری و میدیای تازەی کوردی بایەخی نادرێتێ. ئەڵبـەتە هۆ لەم ڕووەوە زۆرن کـە دەکرێ دەستنیشـان کرێن، بەڵام بـەرچاوترین هۆیەک کـە دەشـێ لێـرە بـایەخی بدرێتـێ ئەوەیە خـەیاڵی هەردوو نێـوەندی ڕۆشـنبـیـری و مـیـدیای کـوردی تەنێ لای

سیاسـەت و ئەدەبە. گومانیشی ناوێ گەر بڵێین ئەو ئەدەب و سیاسەتەی ئەم دوو نێوەندە خەیاڵیان لایەتی بەهـی جۆرێک سەرنج ناخەنە سەر دەروونی تاک و ڕۆشنبیری تەندروستی ئەم تاکە. ئەم دوو لایەنـە کـە لـە کـۆمـەڵگەی گـەندەڵدا شـوێنی تێـرامـان نین جـێی بایەخـی دەزگـاکـانی مـیـدیا و ڕۆشنبیرانیش نییە. وەکی تریش ئەو نەریتە لە نێو ڕۆژنامەوان و ڕۆشنفکرانی کۆمەڵگەی گەندەڵدا نیـیـە بابەتـی دەروونی تاک و تـەندروسـتی ئـەم تاکـە ببێ بە شـوێنی باسـێکی ڕۆژنامـەوانی و ڕۆشنبیـری. بۆ یەگـەر ئەمـە بێ باری توێژە بەرچاوییـەکـانی کـۆمـەڵگەی گـەندەڵ زۆر ئاسـاییـیـە مرۆڤـەکانی کۆمـەڵگە نەتوانن نەخۆشییـەکانی لەش لە نەخۆشییـە ڕۆحی و دەروونییـەکان جیا بکەنەوە، هـەروەها ئـەو توانایەشیـان نەبێ قسـە لەسـەر باری دەروونی و فیـزیاییی لەشیـان بهێننە گۆڕێ.

بەپێی ئـەو چەند سـەیرکردنەی بـەم پێیـە، خـەڵکی کـۆمـەڵگەی گـەندەڵ، فـریای بینینی دەروونی خۆیان ناکەون و توانای دەستنیشانکردنی کێشـە دەروونییـەکانی خۆشیانی نییە ئەمـەش وا دەکا باری بەتاکبـوون و ئاسـتی دەروونییـان جێی باسـی کـۆمـەڵگە و بەتایبـەت دامـەزراوەکانی (خـێزان، قوتابـخانە، تەندروسـتی) کۆمەڵگەی ناوبراو نەبێ. بۆیە لەم بەشـەی نووسـینەکەمـاندا ڕۆدەچینە ناو ئەو لایەنانەی وا لـە تاک دەکەن خـۆی و دەروونی نەبینراو بن، هـەروەها هـۆی ئەوەش دەسـتنیـشـان دەکەین بۆ دەبێ هۆشیـاری لەسـەر تەندروسـتیـی تاک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بابەتی نە خـودی تاک بێ و نەش دامەزراوەکانی کۆمەڵگە.

وەک شـتـێکی سـەرەتاییش دەمـانەوێ پەنجـە بـۆ ئەوە ڕاکـێـشین ئێـمـە دەمـێکە بـەو باوەڕە گـەیشتـووین کـۆمـەڵگەی ئێمە پێویسـتییـەکی زۆری بەچەند کلینیک (عیادە)یەکی فـەلسـەفی هەیە. هـۆی ئەوەی ئێمـە بەم باوەڕە یان تێگەیشتنە گەیشـتووین بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە کێشـە هزرییـەکانمان ئەوەندە نالەبارئامـێز و ڕوخسـار گەندەڵن تەنیا لە ڕێگەی دامـەزراندنی چەند کلینیکێک (عیادە)ی فـەلسـەفـیـیـەوە نـەبێ سـەخـتـە ئەو کـێشـانە گـفـتـوگـۆیان لێـوە بکرێ و چارەسـەری کـۆنکرێت و بەرجـەسـتـەشـیـان بۆ بدۆزرێتـەوە. بەڵام لێرە نابێ ئـەوەمـان بیـر بچێ ئەم گفـتـوگـۆیـە دەبێ بتوانێ پردێک لە نێـوان فـەلسـەفە و زمـانەوانی لەلایەک و لەلایەکی تر لە نێوان فـەلسـەفـە و شـیکردنەوەی دەروونیدا دروست بکا. بۆ ئەوەی ئەمـەش بکرێ پێویستـمان بە پسپۆڕی هزرقـووڵ و هـەست خاوێن و دەروون سـاغـە، هـەروەها ئەم کـەسـانە دەبێ لێـوەشـاوەیی و شـارەزاییـیـەکی بەرین و ئـەزمـوونێکی قووڵیان لەلایەکی لە تێخوێندنەوە و تێگەیشـتن لە تاک و کۆمەڵگە و دامـەزراوەکانی هـەبێ و لەلایەکی تر شـارەزاییـیـەکی بەرینیشیان لە بوارە هـاوچەرخـەکان و بەتایبـەتیش لەو سێ پۆلە زانسـتییە هـەبێ کـە باسـمـان کرد: فـەلسـەفـە، شیـکردنەوەی دەروونی و زمـانەوانی. بەڵام ئێـمـە لەلایەن خـۆمـانەوە باوەڕمـان بەوەش هـەیە هـاتنە دی ئەو مەسـەلەیەی لای سەرەوە باس کـرا لە ئێستادا لـە کوردسـتان سـانا نییـە، چونکە زۆرینەی خـەڵکی کـوردسـتان لە بندا ئەزمـوونیان لە تێگەیـشـتن لە واتای کلینیک (عیادە) نییە، جا چی کلینیکی فەلسـەفی، ئەمە و خودی پۆلی هزرەڤانیش کە فەلسـەفە و زمانەوانی و دەروونناسـی بەشێکی گەورەی ئەم پۆلە پێک دێن لەناو توێژی ڕۆشـنبیردا، بەگشت جۆرەکانییەوە (ڕۆژنامـەوان، ئەکادیمیکار، سیاسـەتکار، نووسـەر، هونەرمەند) لە ئاسـتێکی لە ڕادەبەدەر خراپدایە.

چونکە زمانەوانی، بەتایبەت ئەو زمانەوانییەی پێیەکی لەناو لۆجیکێکی ماتماتیکی و پایەکەی تری لەناو فەلسەفەی تیۆریدایە، نە لە نێوەندی ئەکادیمی و نەش لە نێوەندی ڕۆشنبیری بناغەی هەیە و، ئەمە و زمانەوانی لە نێوەندی ئەکادیمیی کوردی بەزۆری دەچێتە خانەی ئەدەب و، ئەدەبناسیی کوردیمان بیر دەخاتەوە بۆیە زمانەوانی وەک زانستی زمان لە تەک نە شیکردنەوەی دەروونی پێوەندیدارە و نەش بەگشتی فەلسەفە.

هەر لێرەڕا با ئەوەشمان لە بیر نەچێ زۆربەی خەڵکی کوردستان کە گوێیان لە وشەی "کلینیک" یان عیادە دەبێ یەکسەر ناوی چەند دوکتۆرێکی چاو و لووت و دانیان بەبیر دێتەوە. وەلێ ئەوەی زۆرتر وا لە ئێمە دەکا بۆ ئەوە بچین لە ئێستادا لە کوردستان بیرۆکەی دروستکردنی عیادەی فەلسەفی جارێک ماویەتی بێتە دی ئەوەیە خەڵکی کۆمەڵگەی ئێمە باوەڕیان بە عیادەی دەروونی نییە و، لە زۆربەی شارە گەورەکانی کوردستان (کەرکووک، هەولێر، سلێمانی و دهۆک) لە سێ چوار عیادەی دەروونی زیاتر بوونیان نییە و هەبوونیشیان کاریگەرییەکی تەندروستی ئەوتۆی نەخستووەتەوە. لەبەرئەوەی لەلایەک ئەم عیادانە بەپێی میتۆدە نوێکان پشکنین لە تاکی دەروونبیمار و ئەو دیاردە نەخۆشی ئاسایانە ناکەن کە کۆمەڵگەی گەندەڵ و کۆلاپساویی ئەمڕۆی کوردستان لە تاکدا دروستی دەکا و لەلایەکی تریش خەڵکی کۆمەڵگەی ناوبراو بەگشتی هۆشیارییان لەسەر دەروونناسی و شیکردنەوەی دەروونی و چارەسەرکردن بەڕێگەی دەروونی نییە. ئا لێرەوە دێینە سەر ئەوەی بڵێین پێویستە گرینگی پێدانەکە سەرەتا بۆ ئاراستەکردنی وشیاریی خەڵک بێ ڕووەو دروستکردن و بایەخدان بە کلینیک (عیادە)یەکی دەروونی (نەک کلینیکی فەلسەفی) چونکە تەنیا لە ڕێگەی ئەم جۆرە کلینیکەوە (کلینیکی دەروونی) تاک ساغ و سەلیم دەکرێ و هەروەها دەروونی تاک لەبنڕا شیتەڵ دەکرێتەوە جا ئەوە بەهۆی ئاخاوتنی پزیشکی بێ یان بەهۆی هەندێ شێوە ڕێگەی تێراپی (عیلاج)ی دەروونیی جۆراوجۆر. ئەڵبەتە ئەم لایەنە تابڵێی پێویستە و مەرجیشە وەک هەنگاوێکی ئامانجدار وەربگیرێ. بەڵام هۆکاری بنەڕەتیی ئەوەی ئەمەی پێویستە نالێک چوون. بۆ نموونە زۆرینەی خەڵک لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەمڕۆ لەو ئاستەدا نین بتوانن دەروونیان لە ئاوەز (عەقڵ)ی خۆیان، یان ئاگاییان لە نائاگاییان لە یەکتر جیا بکەنەوە. ئەمە هەر بەو مانایە نایە کە دەروونناسی لەناو ئێمە وەک پۆلێک لە زانست ونە بگرە بەو مانایەش دێ ئێمە وەک بوونەوەر کەمترین تێڕامانمان لە ستاتۆسی فسیۆلۆجی (کارئەندامزانی) و بیۆلۆجی (زیندەوەرناسی)ی خۆمان نەکردووە. هەر تایبەت بەم خاڵە ئاساییە نیگای خوێنەر بۆ ئەوێ بەرم کە ئەو ئێشانەی شتی دەروونی و ڕۆحی و گیانی لە ناخدا دروست دەکەن نەبوونە بەجێی سەرنجی خەڵکی کۆمەڵگەی گەندەڵ و بگرە ئەوەی زۆرتر سەرنجی دەخرێتە سەر ئێشە بەرچاوی و بەرجەستەییەکانی جەستە (لەش)ن وەک ئێشی هەناو، پشت، لووت، دەم و... هتد. لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بڵێین لە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی ئەمڕۆدا بواری کارئەندامزانی (فسیۆلۆجی) و دەروونناسی (سیکۆلۆجی) و زیندەوەرناسی (بیۆلۆجی) لە یەکتر جیا ناکرێنەوە و پێوەندیی هەریەکە لەم بوارانەش بەوی تر نەناسراون. هۆی ئەمە زۆرە بەرچاوترینیان ئەوەیە کە سیستەمی فێربوون و پەروەردە لە پاش و کۆنە و تا سیاسەت و ئەدەب و

مێژوو وەستابێ کەس ئامادە نییە حەز لە بۆ نموونە بوارێکی وەک فیزیا، ماتماتیک یان ئەستێرەناسی بکا. بۆیە لەناو ئێمە بایەخ بە بواری زانستە تەجریبییەکان (فیزیا، بیرکاری، کیمیا، زیندەوەرناسی، ڕووەکناسی، ئاژەڵناسی، فەلەکناسی.... و) نادرێ.

لەوی وتیشمان بترازێ دەمانەوێ ئەوەش بڵێین، لە کۆمەڵگەی ئێمە، کە کۆمەڵگەیەکی گەندەڵە، باو نییە چوون بۆلای پزیشکی دەروونی یان کەس ئامادە نییە لە تەک خۆیدا باس لەوە بکا لەبەر ئەو کێشە بووناوی و دەروونییەی ماوەیەکە ڕووی لێ ناوە پێویستی بەسەردانی دوکتۆری دەروونییە. لە هەموو ئەمانە سەیرتر لای ئێمە، لە کۆمەڵگەی گەندەڵ، باو نییە کردنەوەی عیادەی دەروونی، بوون بە تاکی دەروونی و دانهێنان بە بوونی گرێ و گرفتی دەروونییش. هەموو ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی شیکردنەوەی دەروونی وەک بەشێ لە زانست جێی تێڕامانی نە نێوەندی ئەکادیمی و نێوەندی ڕۆشنبیری و سیاسی و ڕاگەیاندنی کوردییە و نەش خودی تاکی ئەم کۆمەڵگەیە. لە کۆمەڵگەی کوردەوارییی، ئەمڕۆ، کە کۆمەڵگەی لاحەولەوەلا و ئەلحەمدولیلایە، گشت شتێ سەبرت هەبێ چارەسەر دەبێ، بەڵام بەخۆی ئەم دیتنە هەڵەیە و لە سەردەمی ئەمڕۆ بەزیانی تاک و کۆمەڵگە دەکەوێتەوە. ئەم دیتنە بەرهەمی تێڕیانێ نابەرجەستە و هەڕەمەکی و دژە داهاتوویە و بەشێکیشە لەو گالتەکردنەی لێرە و لەوێ ڕۆژانە بە ژیان و نیگاکانی تاک دەکرێ. چونکە لە کۆمەڵگەی گەندەڵ تاک، ئەو بوونەوەرەی لە هەقیقەتدا خوڵقێنەری کۆمەڵگەیە و دامەزرێنەری شتە بنەڕەتییەکانیشە (بۆ نموونە: خۆشەویستی، زانین، ئازادی، ماف و دادپەروەری و... هتد)، بابەتی تێڕامان و باسکردن نییە و ئەوەی بابەتی تێڕامان و باسکردنە شتە درشتەکانە (هەڵبژاردن، بودجێتیی هەرێم، نەوتەکەی بەغدا و بەشی کورد لەم نەوتە، کێشەی کەرکووک... هتد). هۆی ئەمەش بەکورتی ئەوەیە کۆمەڵگەی گەندەڵ خۆی وا نیشان دەدا کۆمەڵگەیەکی سیاسییە، بەڵام لە بنەڕەتدا کۆمەڵگەیەکی سیاسیی ناڕاسیۆنال و دژە تاکە (ئەنتی- ئیندڤیدواله). بۆیە ئێمە لەم ڕووەشەوە گومان دەکەین ئەو سیاسەتەی لە کۆمەڵگەی ناوبراودا پیادە دەکرێ لکێنراو بێ بە هزراندنەوە. ئەوەش کە وای لە سیاسەت کردووە لەم جۆرە کۆمەڵگەیە نا هزری و ناڕاسیۆنال بێ ئەوە نییە کە کەیسی نێودەوڵەتیی کوردی کێشاوییە بگرە ئەوەیە کە سوود لەم کێشاویبوونەی کەیسی کورد وەردەگیرێ. ئەوانەش کە سوود لە کەیسی کێشاویبوونی نێودەوڵەتیی مەسەلەی کورد وەردەگرن هەر ئەوانەن کە ئەمڕۆ ئەندازیاری سەرەکیی دیاردەی گەندەڵیزمن. چونکە مرۆڤ کە دەبینێ نوێنەرەکەی گەندەڵ و دژە داهاتوو و بێ هزرە ئەمە دەروونی پەشێو دەکا و تاکێکی ڕاڕا و هەڵچووی کوردیشی لێ دروست دەکا. لە سەرێکی ترەوە ئەمە واش دەکا ئەم مرۆڤە کوردە نە لە هەندەران بکارێ بگیرسێتەوە و نەش لە کوردستان.

هەر لێرە خراپ نییە ئەوەش بڵێین ئەگەرچی سیاسەت لەم کۆمەڵگەیەدا بووە بەناسراوترین چەمک و زۆرترین بایەخیشی لەسەرە بەڵام دواجار سیاسەت لە کۆمەڵگەی نوێی کوردی دوورە لە هزراندنەوە. واتە سیاسەت پێوەندیی بە هزرەوە نییە بگرە پێوەندیی بە سەفسەتە و ڕەوانبێژیی سیاسییەوە هەیە. هەروەها سیاسەت لەم کۆمەڵگەیە بە سیستەمێکی لە وتارئامێزی و جێگۆڕکێکردن بە وشە و بڕیار و وتنی سیاسییەوە لکێنراوە نەک هۆشیاریی تاک، مێژوو و دۆزی

مرۆڤ له کۆمەڵگە و... هتد. ئەم شێوازەش له سیاسەتکردن بێهۆشی و دەبەنگیی سیاسی لەناو زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگە دروست دەکا. بۆیە سیاسیی (ئەڵبەتە ڕۆشنبیریش) کۆمەڵگەی گەندەڵ پتر له تاکە ئاساییەکانی تری (وەک کاسبکار، کرێکار، ژنی ماڵەوە یان..) پێویستیان بەسەرداني شیکەرەوەی دەروونییە. چونکە سیاسیی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە بە هۆشیارییەوە ناهۆشیاری بەرهەم دێنن. کەسێکیش کە بەم جۆرە ڕەفتار بکا ئەوە کەسێ دەروون پەشێو و ناساغە. ئەم کەسە کە پێویستی بە یارمەتییە ئەم یارمەتییە تەنیا له فۆرمی دەروونی و گیانی دەشێ بەم کەسە بدرێ جا ئەو یارمەتیە ڕەنگە هەندێ شێوە وەرگرێ لەوانە ڕاهێنانی ئەم کەسە لەسەر بەکاربردنی هەندێ جۆری تایبەت لە دەرمان، یان بەکاربردنی هەندێ وەرزشی هزری و فیزیایی، یاخۆ ڕاهێنانی ئەم کەسە لەسەر وەرگرتنی چارەسەر (عیلاج، تێراپی) لە ڕێگەی زمانەوە، واتە ئەوەی کە، قسە بۆ ئەم کەسە نەخۆشە بکرێ و لەسەر ئەوە ڕابهێنرێ دەروونی بیمار و ناساغە و پێویستی بەوەرگرتنی چارەسەر و تیمارسازی هەیە.

هۆی ئەوەش ئێمە گرینگی بەم جۆرە کەسە، یان تاکە، له کۆمەڵگەی گەندەڵی ئەمڕۆی کوردیدا دەدەین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم جۆرە تاکانە (جا ئەوە تاکی سیاسی بێ بەتایبەت و یانیش ڕۆشنبیر بەگشتی) دروستکەر و ورووژێنەری گەلێ لە ڕاڕایی و پەشێوییە دەروونی و بنیاتەکانی تاکی کوردن. تاکی کورد کە زۆرینەی لە بەرنامە و بیرکردنەوەکانی ئەم جۆرە تاکە (واتە تاکی سیاسی) سەر دەرناکا لە خۆخواردنەوە و خۆپێشانەوە و هەڵچوونی کاتی زیاتر شتێکی ئەوتۆی لە دەست نایە. ئەم تاکە (واتە تاکی کورد)، کە دەبێ پتر لەوەی لەدەست بێ، هۆشیاری لەسەر نەک هەر تەندروستیی خۆی نییە کە تاکێکی ناتەندروست و دەروون هیلاکە بگرە لەسەر داوا و ویستەکانیشی نییە. واتە تاکی کۆمەڵگەی گەندەڵ زانیاری و ئاگایی لەسەر باری جەستەیی و دەروونی و عەقڵیی خۆی نییە و هەروەها بەهەمان شێوە زانیاری و ئاگایی لەسەر ماف و خواستەکانیشی نییە. ئەمە کە کێشە دروست دەکا ڕیزێ ناتێگەیشتن و ناساغیی ڕۆشنبیری و سیاسییش دەخاتەوە کە کۆمەڵگە بە گشت توێژ و چینەکانییەوە پرشی ئەو کێشەیەیان بەردەکەوێ. بۆیە بوونی دامەزراوەی دەروونی و شوێنی تایبەت بۆ چاودێریکردنی تەندروستیی هاوولاتی یەکجار گرینگ و پێویستە. ئەمە کە ستراتیجییەکی دیاریکراوی پەروەردەیی و تەندروستی دەوێ کارکردنێکی زۆری دەوێ و مەرجە ببێ بە شوێن بایەخی زۆرینەی تاک و توێژەکانی کۆمەڵگەی نوێی کوردییش. هۆی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە سیاسەتی گەندەڵ و نقومبوو لە هەڵە و پێشبڕکێی نەزۆک گرفتی دەروونیی تاکی کۆمەڵگەی کوردی ئەمڕۆی زیاد و ئاڵۆز کردووە ئەمەش وای کردووە ڕۆشنبیری تاکی کورد، جا ئەوە سیاسی بێ یان ڕۆشنبیر یانیش کاسبکار یاخۆ ئەکادیمیکار، پێوەندیی بە زانستی شیکردنەوەی دەروونییەوە تا بڵێی لاواز بێ و ئەم ڕۆشنبیرییە خۆی لە قەرەی کێشەی دەروونی تاک و دیاردە دەروونییەکانی کۆمەڵگەی تازەی کوردی نەدا و هەڵوێستەی ڕۆژانەی خۆشی لەو ڕووەوە دەستنیشان نەکا. هەر بۆیەشە تاکی کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردستان پێویستییەکی زۆری بە چاودێریی شیکردنەوەی دەروونی هەیە چونکە ئەم تاکە بەتازەگی لە قووڵاییی تراجیدیا لە دوای تراجیدیاکان (مەهاباد لە پاش

مەهابادەکان) هاتووەتە دەر و ناشێ ئاوا بەئاسانی فەرامۆش بکرێ و بابەتی شرۆڤەکردنی دەروونناسی نەبێ. بەڵام ئەم تاکە چۆن ئەم شرۆڤەکردنەی بۆ دەکرێ ئەگەر دەروونناسی و کێشە و دیاردە دەروونییەکان دان بەبوونیاندا نەهێنرێ؟ یان ئەم تاکە چی لە ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکەی بکا تەنیا سەرقاڵی نووسینی سەروتاری نەزۆکی سیاسی و ڕەخنەی ئەدەبیی بێ داهاتووە؟ کۆمەڵگەی ئەم تاکە کە دەروون پەشێو و شەکەتێکی هێجگار زۆری تێدایە چی لە تێکستی شیعری و ئەدەبی بکا کە خودی تێکستەکان بیماری و پەشێوییەکەی زیاتر دەکەن؟ بۆیە هێپۆتێزی سەرەکیی ئەم بەشە لە نووسینەکەمان خۆی لەسەر ئەو سەرنجە بنیات دەنێ کە لەم تێگەیشتنە پێک دێ: کۆمەڵگەی گەندەڵی ئەمڕۆی کوردی کە دنیایەکی سایکۆ (دەروون بیمار)ی سیاسی و ڕۆشنبیری هەیە، پێویستییەکی یەکجار زۆری بە شیکەرەوەی دەروونی هەیە. بەکورتی دەڵێین: بیری سیاسی و ڕۆشنبیری بیمار پێویستە شی بکرێتەوە و ئەو کۆمەڵگەیانەش ئەم کەسانە بەرهەم دێنن یەکجار پێویستییان بە میتۆدە تازەکانی شیکردنەوەی دەروونی هەیە. ئەگەر پێشمان وابێ سایکۆپات لەناو کورد لە زیادبووندایە ئەمە پێویستە وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی ئاسایی و وەک بەری ئەو دنیا تێکشکان و شەڕ وماڵوێرانکارییانە وەربگیرێ تاکی کورد بەسەری هاتووە، بەڵام ئەوەی ناشێ بەشتێکی ئاسایی وەربگیرێ شاردنەوەی ئەو کێشانەیە. بۆیە پێویستە باوەڕ لەناو خەڵک بە بیماریبوونی دەروونی تاک بڵاو کرێتەوە و وەک شتێکی ئاسایی و مرۆیی ببینرێ.

بۆیە نابێ پێمان وابێ ئەم دیاردەیە، واتە دەروون بیماری (یان بەسایکۆبوون)، لە کورد بەدەرە و کورد سەرووی ئەوەیە دووچاری گرفتی دەروونی بێ. چونکە زۆربەی سەرگوزشتە کوردیەکان کورد بە شێر و نامەردبەزێن و پاڵەوان لە قەڵەم دەدەن، بەڵام لە ڕاستیدا هەقایەتی شێری و نامەردبەزێنی و پاڵەوانی کورد پێوەندیی بەو لایەنانەوە نییە ئێمە لای سەرەوە ئاماژەمان پێی دا. واتە ئەوەی ئێمە شێر و نامەردبەزێن و قارەمانین ئەوە بەو مانایە نایێ ئێمە ناشێ دەروون شەکەت نەبین یان نەخۆشیی دەروونی جیا جیا تیاماندا سەرهەڵنەدا. پاشان لەبەرئەوەی ئێمە مێژوویەکی تاڵ و پڕ لە زۆرداریمان هەبوو، ئاوەڵناوێکی زۆرمان بۆ خۆمان دروست کردووە ئەو ئاوەڵناوانە ناتوانن کارێکی وا بکەن بۆ هەموو کات دەروون تەندروست بین. هەر تایبەت بەم لایەنە ئەوەش دەڵێین کە، ئێمە لە ماوەی سەد ساڵی تەمەنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا لەبەر مانەوە و بەردەوامبوونمان، بۆ ترساندنی دوژمنانی کورد و مێژوونووسینەوە هەردەم دۆستی پلە یەکی مەرگ بووینە و پێمان شەرم و عەیب بووە بڵێین حەزمان لە ژیانە. ئێستاش دوای ئەوەی کەوتووینەتە ناو ژیانەوە، یان دروستتر بدوێین پاش ئەوەی فڕێ دراوینەتە ناو ژیانەوە، بەتازەگی لەوە گەیشتووین ئێمە بۆ ئەوەی هەبین دەبێ ساغ و بەهۆش و پڕ لە ئاوەز بین. بەڵام ئەمە هەر دۆزی ئێمە نییە کە بەم جۆرە خەریکی خۆگوزەرانە بگرە سەرجەم دانیشتوانی گۆی زەوی ئەو ویستەیان تێدایە، واتە بژین، هەبن و ئەمجار بە تەندروست و پڕ لە ئاگایش بن. چونکە دەمێک نییە ئاشووبەکانی شەڕ و جینۆساید و قاتوقڕی لە جیهاندا خۆی لە کەمیان داوە. بۆیە لەم سەردەمە ئاڵۆزەی جیهان تەنانەت کێوی و گوندی و دەشتەکی و دوور لە شارستانی و گیرخواردوو لەناو جەنگەڵ و بیابانەکانیش پەلکێشی ئەزموونگە و نەخۆشخانە و کلینیکەکان دەکرێن. کەواتە ئێمە تەنیا نین لەوەی دەروون

نەخۆشین یان هەست کەنەفت و ئاوەز دارِماوین، بەڵام لەوەیانە تاک و تەنیاین کە ئێمە نامانەوێ دان بەوەدا بنێین ئەوەین هەروەها هۆکارەکانی بوونیشمان بەوە جودا و تایبەتە. چونکە دۆزی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی ئێمە جیا و ڕیزپەڕە. بۆیە ئێمە ئەوەین و ناجۆریشن لە بوونەکەمان بەوە.

بۆ ئەوەی نەختێک لە ڕوخسارەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ لەم ڕووەوە دەستنیشان بکەین ئاماژە بەوە دەکەین کۆمەڵگەی گەندەڵ کە پڕە لە دیاردەی نەخۆشیی دەروونی؛ نەخۆشییە دەروونییەکان لەم کۆمەڵگەیە دەشاردرێنەوە، کەسی دەروون بیمار لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ئامادە نییە خۆی وەک دەروون بیمار نیشان دا و، تەنانەت ئەم کەسە زانیاریشی لەسەر ئەوە نییە دەروونی بیمارە. هۆی ئەوەش ئەم کەسە بەم جۆرە هەڵسوکەوت لە تەک دەروون و جەستەی خۆی دەکا ئەوەیە کە کەسی ناوبراو ڕۆشنبیری لەسەر جەستەی خۆی نییە. واتە ئەم کەسە نازانێ چۆن دەروون بیمار دەبێ و نیشانەکانی بیماربوونی دەروونی لە چی پێک دێن. لە هەمان کاتدا "ئەم کەسە دەروون بیمارە" ناکارێ و ئەو شیاوییەی تێیدا بەدی ناکرێ دەروون لە لەش (جەستە) جیا بکاتەوە، هەروەها ئەم کەسە ئەو زانیارییەشی نییە چۆن قسە لەسەر لایەنی دەروونی و کارئەندامزان (فسیۆلۆجیا)ی خۆی بکا. بۆیە هەڵە ناکەین گەر بڵێین کەسی کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی لەبنڕا حاڵیبوونی لەسەر دۆزی دەروونی و بووناویی خۆی نییە. بەرەنجامی ئەوەش کە وتمان وامان لێ دەکا بۆ ئەوە بچین ئەم کەسە تا ئەوپەڕی پێویستی بە یارمەتی و چارەسەری دەروونی و بە تیمارسازی پزیشکی دەروونییە.

ئەڵبەتە وێڕای ئەوەی پێویستە ئەوەش دەڵێین، زۆربەی پسپۆڕانی بواری دەروونناسی لە وڵاتانی ڕۆئاوا باس لەوە دەکەن مرۆڤ پێویستە بکارێ جیاوازی لە نێوان ئەو نەخۆشییانە بکا دووچاری جەستە "لەش"ی دەبن و ئەوانەش کە دووچاری دەروونی یان ئاوەزی (عەقڵی) دەبن. ڕاستە هەردوو جۆرەکانی نەخۆشی هەر لە بنیاتی هەمان مرۆڤدا (لە هەمان گیاندا) ڕوو دەدەن، بەڵام هەریەک لەو دوو جۆرە نەخۆشییە کاردانەوەی خۆیان بەسەر لایەنی کارئەندامزانی مرۆڤیشەوە بەجێ دێڵن. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤێ بۆ چەند ڕۆژێ نەچێتە سەر پێشاو، واتە قەبز بێ، ئەم قەبزییە شیاوە کێشەی جەستەیی بۆ ئەم مرۆڤە دروست بکا، واتە ئێشێکی لە ئاکامی ئەم ڕووداوە جەستەییەوە لەم مرۆڤە دروست دەبێ، بەڵام هەمان کێشە دەتوانێ کاردانەوەی دەروونییش بخاتەوە. بەڵام ئەو ئێشە دەروونییەی ئەم حاڵەتە دەیخاتەوە جیایە لەو ئێشە دەروونییەی حاڵەتێکی تر دەیخاتەوە بۆ نموونە کاتێک ئافرەتێک منداڵی لەبار دەچێ یان پەلامار دەدرێ یانیش هاوسەرەکەی ئەنفال دەکرێ ئەو کێشە دەروونییانەی لە ئەنجامی ئەو ڕووداوە جیا جیانەوە دووچاری دەبێ لە حاڵەتی قەبزبوونەکە جیایە. کەواتە ئێشە دەروونییەکان وەک یەک نین و کاردانەوەکانیشیان تا بڵێی جوداوازن چونکە هەندێ نەخۆشیی دەروونی کاتی و وەختین و هەندێکی تریش درێژخایەن و بگرە هەمیشەیین بەتایبەت ئەگەر درەنگ ئەو نەخۆشییە دەروونییە دەستنیشان بکرێ. بۆیە تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی شتێکە لەسەر ئەوە وەستاوە چی ئەوە دروست دەکا. گەر کەسەکە، واتە نەخۆشەکە، ڕۆشنبیریی تەندروستیی هەبێ و توانای ئاخاوتنی هەبێ، واتە لە ئاکامی ئەو نەخۆشییە

دەروونیـــیـــەوەی دووچاری بـووە ئـاوەزی لە دەست نەدابـێ، دەکـــارێ ڕووداوی پێـــوەبوون یـان تووشـبـوونەکەی بە نـەخۆشـیـیە دەروونـیـیـەکە دەستنیشـان بکا بەڵام ئەو نەخـۆشـەی لە ئاکـامی ئەو نەخـۆشـیـیـە دەروونیـیـەی دووچاری بووە ئاوەزی خـۆی لەدەست داوە ئەوا بەدڵنـیـاییـیـەوە ئەم جـۆرە نەخـۆشـانـە ناتوانن گـوزارە لـە باری دووچاربوونەکـانـی خـۆیان بکـەن چونکە لەدەسـتـدانی ئاوەز گرفتێکی گەورە لە بەردەم ئاگای ئەو کەسـە دروست دەکەن. ئەڵبەتە ئەو حاڵەتانەی نەخۆش ئاوەزی بیمار نییـە ڕەنگە ساناترین حاڵەت بن کە پسپۆڕەکانی نەخۆشییە دەروونییـەکان ڕێککەوتی دەکەن چونکە نەخـۆشـەکە یارمـەتیدەرە بۆ دۆزینەوە و دەسـتنیشـانکردنی بەشـێ لە ئامـاژەکان و ئەڵبـەتە هـۆکارەکانیش، بەڵام ئەو کەسـەی منداڵێکی خـۆی دەکوژێ یان خـۆی دەکا بە باخچەیەکی ساوایاندا و دەسـتـدرێژی لە ڕیزێ منداڵ دەکا ڕەنگە ئەوە نەتـوانێ شـتـێ ئەوتـۆ لەسـەر دەروونی خـۆی بڵـێ. لە هـەموو حاڵەتەکاندا ئەوەی کارئاسـانـی دەکا پسپۆڕەکان زووتر لە ڕووداو و یان کێشە دەروونییەکان بگەن "هۆشـیـاریی تەندروسـتی" نەخۆشە، کە مەرجە لای تاکەکانی کۆمەڵگە هەبن. ڕەنگە ئەم لایەنە لە کـۆمەڵگە هـاوچەرخـەکاندا ئـامـادەبوونی ساناتر بێ چـونکە تاکی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانە ئاگـاییی لەسەر دەروون و تەندروسـتیی جەسـتـەیی خۆ هـەیە بۆیە کـاتێ کەسێ هـەست بە پەشـێویی دەروونی دەکا دەچێ بۆ لای پزیشکە دەروونیـیـەکەی نەک "پزیشکە گشـتییەکەی خـێزان" یان پزیشـکی هەناو. مـەبەسـتـمـان بەلانی کـەمـەوە لە کـۆمـەڵگە نوێکاندا تاک ئـەوەندە هـۆشـیـارە کە بکارێ ئـامـاژەکـانی نەخۆشیی جەستەیی، واتە ئەوەی لە لەشدا دروست دەبێ، لە ئاماژەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان، کە شاراوە و پەنهانن لە دەروونی مـرۆڤدا، جیا بکاتەوە. ئەمە کە هـەنگاوێکی پۆزەتیـڤە پێوەندییەکی زۆریشـی بەگەشـەی ڕۆشنبیریی تەندروستی تاک لـەو جۆرە کۆمەڵگانە هـەیە و هـەروەهـا ڕۆڵی مـیدیا و شـــوێنـە پـەروەردەیی و تـەندروســتـیـیـــەکــانـیش لەم ڕووەوە دیار و بەرچاون. بـەڵام هـەرچـی لە کۆمەڵگەکانی ئێمـەیە کێشـەکە لەوێوە دەست پێ دەکا تاک کەسـێکی دیار و دان پێداهێنراو نییـە. گـومـانـیشی ناوێ زۆرێک لـە ئێمـە بپرسین تاک لەم جـۆرە کـۆمەڵگایانـەدا، کۆمـەڵگەی گەندەڵ، چۆن دیار بێ لە کـاتێکدا کـۆمـەڵگە شـوێنێکە بۆ بـەرچاوخـستن و دەرکـەوتنی شتی گەورە؟ واتە کـۆمـەڵگە کۆمـەڵگەی گشـتە. کـۆمـەڵگە کۆمەڵگەیێ کـۆلێکتیـڤە (جـەماعییە) و تاک (ئیندڤیـد) ئەو جێیـەی لەناو کـۆمـەڵ نییـە. بـۆیە کـۆمەڵگەی گەندەڵ لـەبەرئەوەی کـۆمەڵگەیەکی کـۆلێکتیـڤی و ئەنتی ئیندڤیـدواڵە نایەوێ خـۆی لە قـەرەی شـتـە وردەکـان بدا و، بۆیەشـە ئەم کـۆمـەڵگەیە تەنیـا بووە بـە شـوێنـێ بۆ خـسـتنە ڕووی شـتـە گشت و شـتـە درشـتـەکان. بۆ نموونە تاکی سیاسـی لەگەڵ تاکی ڕۆشنبـیری بەرچاوترین تاکی ئەم جـۆرە کۆمەڵگەیەن وەلێ ئەم دوو تاکە کـۆلێکتیـڤـن و ئەنتی- ئیندڤیـدواڵن کە دەبایە وا نەبایە. ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێ گشت ڕەفتـار و خـەسـڵەتەکانی ئەم جۆرە تاکانە نیشـانەن لەسـەر بەتاکنەبوونیـان، ئەم دوو جـۆرە تاکە (تاکـی سـیـاسـی و تاکی ڕۆشنبـیـر) لـەبەرئەوەی لەوە کـەوتوون تاک بن هـەریـەکە خـۆی لە قـەبیلـەیەکی سـیـاسـی یان ڕۆشـنبـیـریدا ناونووس کـردووە و، لەسـەر لیسـتی ئەو قـەبیلەیەی ئینتیمـای بۆ هـەیە دەبێ بەوەی دەیەوێ. واتە تاک مـوڵکی تاکبـوونی خۆی نییـە و تاک موڵکی گرووپ و خێڵـە. بۆ نموونە فلانە تاک کە بووە بە سـەفیر یان ڕاگری کۆلێج یانیش بەرپرسی سـەندیکایەک یان هـەفتەنامـەیەک لەبەر ئەوە نەبووە بەوە کە تاکێکی سیاسی یان

تاکێکی ڕۆشنبیریی بێ وێنە و خاوەن ئەزموونێکی ڕیزپەڕە بگرە لەبەر ئەوە بووە بەوە چونکە ئەم تاکە لەوە کەوتووە تاک بێ، یان تاکی ناوبراو لە ڕێگەی بوونی بە ئەندام لە لیستێکی حزبی یان خێڵێ سیاسییی بووە بەوەی هەیە (بەوەی بووە). کەواتە ئەم تاکە گەر ئەمەی نەکردایە هیچ کات نەدەبوو بەوەی هەیە (بەوەی بووە). واتە مەرجی بوونی بەوەی بووە وازهێنانیەتی، کەوتنەیەتی، لە بەتاکبوونی خۆی. ئەمەش کە خەسڵەتی سەرەکیی تاکی کۆمەڵگەی گەندەڵە دۆزێکی تا بڵێی کوشندەشی لە کۆمەڵگە و ئەو بوارانەشدا خستووەتەوە (ناو خێزان، بوار هاوڕێیەتی، ناو دانیشگە، شوێنی کار و بواری خۆشەویستی) کۆمەڵگە وێنەی خۆی تێدا دەبینێتەوە و یان کۆمەڵگە تێیدا کاریگەرە.

ئەوەی باس کرا لایەنێکی کێشەکەیە، بەلاّم لایەنی تری ئەو کێشەیە ئەوەیە کۆمەڵگە (مەبەست کۆمەڵگەی گەندەڵە) پڕ بووە لە کەسی بێ باوەڕ و بیرنەزۆک و بێ ئامانج. ئەم لایەنە بەخۆی یەکێکە لە دیاردە زۆر ئاڵۆز و تایبەتەکانی نێوەندی کوردی لە کوردستان و لە هەندەران. ئەگەرچی ئەم دیاردە دەروونییە شتێ زۆر چاخییە و بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی گۆڕانە پەلە و خێراکانی جیهانی نوێیە، بەلاّم کورد وەک کۆمەڵگە و کولتوور لە کاریگەریی شتە چاخییەکان لێ دابڕاو نییە و کەسی کوردیش لەم بوارەدا وەک کەسێکی نابەرهەمهێنەر و بێلایەن ناشێ ببینرێتەوە. بۆ نموونە کاتێ تەماشای دەوروبەری خۆمان دەکەین و یان تەماشای بەرهەمە هونەری و بەناو فیکری و کارە ڕۆژنامەگەری و ئەدەبییەکانمان دەکەین چاومان بە سەدان حاڵەتی نەخۆشاوی و کێشەئامێز دەکەوێ کە لە ڕەچەڵەکدا هەموو بەسەرهات و گێڕانەوەی دەروونی و پاتۆلۆجی لە پشتەوەیە و پریشکی ئەو بەچاخبوونەشی پێوەیە تیای دەژین. یان کاتێ تەماشای ماڵپەڕە کوردییەکان دەکەین (ڕەنگە نێوەندی کوردی کەمترین ماڵپەڕی هەبێ نەک هەر لە چاو ڕۆئاوا بگرە لە چاو زۆربەی کۆمەڵگەکانی دەوروبەریشمان) تا دەگاتە کتێب و پرۆگرامە تەلەڤزیۆنی و هەروەها ئەو هەموو ڕۆژنامە و هەفتەنامە و ئەمجار کۆوارانەی سەر جادەکانی لە شارەکانی کوردستان تەنیوەتەوە بەو بینینە دەگەین بەشێکی زۆر لەو ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و کۆوارانە لە هەموو ڕوویەکەوە زەوینە بۆ ژیانێکی نەزۆک و بیرکردنەوەگەلێکی بێ ماندا و تێگەیشتنی بێ داهاتوو خۆش دەکەن و تا دەشتوانن کەس و مرۆڤی بێ باوەڕ پەروەردە دەکەن، ئەڵبەتە لە فۆرمی کەسی دیموکراسی و جیهانی و مۆدێرن و لیبراڵ.

ئێمە نامانەوێ لێرەدا ئەم ناو و واتانە (دیموکراسی، جیهانی و... هتد) بێ مانا بکەین و لە ڕەوتی مێژوویی و شارستانیی خۆیانی بخەین، چونکە ئەوە ئامانجی ئێمە نییە و ئەم باسە کورتەش ئەو هەڵەی تێدا ناڕەخسێ ڕەوتی مێژوویی و شارستانی ئەم ناو و واتانەی تێدا بە باشی ڕوون کەینەوە، بەلاّم ئەوەی ئێمە ویستمان لە میانەی گوزارەکردن لەوی وتمان بیری بخەینەوە ئەوە بوو یەک لە دیاردەکانی چاخی ئێستامان ئەوەیە کە لەژێر ڕکێفی تەوژمی ئەو ئابووریزمەی سەرتاپای گەردوونی گرتووەتەوە واتای وەک دیموکراسی، جیهانی و لیبراڵ لە کۆنتێکستی ڕاستەقینەی خۆیان دوور خراونەتەوە و ئەو واتانە وایان لێ کراوە ملکەچی بازاڕ بن و ئامادە بن وەک شمەکیان لێ بێ و لەوە بکەون مانا و بەها دروستکەر بن و پارێزەری کۆنتێکستی (سیاقی)

مرۆییی خۆشیان بن. ئەوەی لەم حاڵەتەشدا دەمانەوێ جەختی لەسەر بکەین ئەوەیە نووسین و هونەر و سیاسەتی تازەی کوردی لەلایەن خۆیانەوە بەشداریی خۆیانیان لە بێ ماناداركردن و نەزۆككردنی ژیان و حەزە ئەبەدییەکانی ناو ئەم ژیانە هەیە و ڕۆڵیشیان لە ڕاهێنانی خەڵک لەسەر جۆرە ژیانێکی کۆیلایەتیی سۆپەر مۆدێرن هەیە کە ئەمەش دواتر وا دەکا کۆمەڵگەی ئێمەش ببێ بەخاوەنی تاکەهایەکی سایکۆی ماندوو و بێ باوەڕ و بێ داهاتوو. ئەوەی لەم پەرەگرافەش حەز دەکەین نەختێ ئاماژەی پێ بکەین ئەو بێ باوەڕییەیە بەشێکی زۆر لە تاکەکانی سەر گۆی ئەم زەوییە زۆر پێشکەوتوو و سەردەمییەی گرتووەتەوە، کە گومانی ناوێ کەسی کوردیش لەبەرئەوەی تازە بووە بە میوانی ئەو گۆی زەوییە دەشێ دووچاری گشت ئەو شتانە بێ کە ئەوی تر تووشی دەبێ. بۆیە لە ڕیزی کوردانیش بێ باوەڕی لە نەشونمایەکی سەیردایە و ئەمەش (واتە بێ باوەڕی) دەبێ بە هۆیەک کە دواتر دەروون ناساغ و ڕۆح شەکەتمان هەبێ و خۆشیان لە کونجی نەخۆشخانەکاندا ببیننەوە. چونکە بێ باوەڕی و خۆڕاهێنان لەسەر بێ ئامانجی و بێ هیوایی لە ڕوخسارە سەرەکییەکانی ژیانی لەمەولامانن و ئەمانەش یارمەتیدەرێکی گەورەن نەخۆش بکەوین و هەروەها ژیانمان بە سەدان دیاردەی پاتۆلۆجی تێکەڵ بێ.

ئێمە کە دەڵێین بێ باوەڕی دەمانەوێ ئەو وێنە هەڵە و نەخۆشانە لەسەر باوەڕداری دوور بخەینەوە ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا لەسەر کەسی باوەڕدار دروستیان کردووە کە مرۆڤێکی ناشیرین و چڵکن و تیرۆریست و نەخوێندەوار و ڕیشنە. نەخێر وا نییە و ئەو وێنانە سەرچاوە لە دەروونێکی ناساغ و ناسازەوە هەڵدەگرن و زادەی تێگەیشتنێکی عیلەتدار و تەرەفداریشن. ئەمە و ئێمە مەبەستمان لە کەسی باوەڕدار ئەو کەسەیە کە بێ زەرەر و ڕێنیشاندەر (نەک نوێنەر و سەرپەرشتیکەر و بەڕێوەبەر) و نیەتپاک و بە ویژدان و میهرەبانە نەک گێرەشێوێن و هیچگەرا و هەڵپەرست و دۆگما و مشەخۆر. بۆیە باوەڕداری ئەوەیە مرۆڤ گوناه و هەڵە دەرهەق بەوی تر نەکا و بەشداریش لە دروستکردنی تاوان، خراپە و ناپاکیدا نەکا و، ڕۆڵیشی لە هەڵگیرسانی ئاشووب و شەڕ نەبێ و، ئامانجیشی چاندنی تۆوی ویژدان و مەحەبەت و سۆز بێ نەک سزادان و دووبەرەکی نانەوە. بەڵام ئەم مرۆڤە لە ئێستادا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە نەمان دەکا و گشت وێنە و نیشانەکانیش ئەوەمان بۆ ڕون دەکەنەوە ویژدان و میهرەبانی و سۆز لە ئاوابووندان و ئەم شتانە کە ونیانمان کردوون پێ ناچێ بەم زووانە بیاندۆزینەوە.

لەوانی لە سەرەوە باسمان کرد سەیرتر ئەوەیە باوەڕداری وەک ئەوەی ئێمە وێنامان کرد و ڕوخسارەکەیمان دەستنیشان کرد، ئەوەیە چاخی نوێ لە گشت ڕوو و لایەکەوە دژی ئەم جۆرە کەسەیە کە ئێمە ناومان نا کەسی باوەڕدار. چونکە ئەو تەکنیکە نوێیەی بەڕێوەیە دوژمنی هەرە گەورەی باوەڕ و باوەڕدارییە و، بەو واتایەی ئێمە ئاماژەمان پێ کرد تەکنیکی نوێ و کۆمەڵگەی نێتهۆرک توانیویەتی لەگەڵ خۆی جۆرێ تر لە باوەڕداری دروست بکا کە ئەوەش پارەپەرستی و سێکسخوازی و شەڕدۆستی و مەرگبازییە. ئەمانە باوەڕە تازەکانن و سەرچاوەکەی ئەو میتافیزیکە نوێیەن پێی دەڵێن تەکنەلۆجیای زانیاری. بۆیە ئەوەی پێی بڵێن ویژدان و مەحەبەت و میهرەبانی ڕۆژ بەڕۆژ لە فەرهەنگی ئەم چاخ و میتافیزیکە تازەیەدا ڕوو لە کەمبوون دەنێ و لە بری

ئەوە هەوەسبازی و خۆپەرستی و دروستکردنی پارە، بەهەچ جۆرێ بێ، باو دەبی و دەشبێ بە تاکە باوەڕێکی لەمەولامان.

ڕەنگە بۆ ئەوانەی بەڕێوەن بەرەو ئەوروپا یان ئەوانەی ئێستا لە کوردستان یان لە هەندەران عاشقی ئەوروپان پێکەنینیان بەو تێگەیشتنانەی لای سەرەوە بێ و وای بۆ بچن ئەوە نووسەری ئەو چەند دێرەیە ماندووە؛ نەک ئەوانەی بەناوی نووسینی فیکری و سەروتاری سیاسی و کاری هونەریی سەیر سەیرەوە تۆوی بێ باوەڕی و نەزۆکی و سینیستی دەچێنین. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لێرە و لەوێ کەسانێکە نەبن زۆرترین بیرکردنەوە و ئەندێشەیان بۆ ئەوە تەرخان نەکەن دژی بەدی و دووڕوویی و بێ باوەڕیی سەردەم نەوەستنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆرینەکەی خەڵکی ئەم چاخە بوونە بە تاکهایەکی سەردەمی و کۆیلەی پارە و غەریزەن و، کۆمەڵگەی گەندەڵیش لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی بێ مافی و نادادپەروەری ژیندەری و ناتەبایی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە یارمەتیدەرێکی چاکە بۆ بوون بەکۆیلە و شوێنێکی بەجێشە بۆ دروستکردنی کەسی ناتەواو و ناسەلیم و، ئەم شوێنە شیاوییەکی زۆریشی لە بەردەستە بۆ لەخۆخستنی خود لە خۆی، واتە ئەوەی خودی خۆ نەکارێ ببێ بە خۆی، واتە تاک نەتوانێ ببێ بە تاک و کەسێکی خوڵقێنەر. بۆیە پێمان باشە لە دوو تۆی ئەم چەند لاپەڕەیە بەشێک لەو سەرنجانە بخەینە ڕوو لەم ڕووەوە تایبەتن بە کۆمەڵگەی گەندەڵ و دیاردەی داننەهێنان بە تاک و شتە دەروونییەکان:

* ئەوەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵ باوی نەبێ، چوونە لای پزیشکی دەروونییە، هەروەها گەر خەڵک یان دەوروبەر پێت بزانن چوویتەتە لای پزیشکێکی دەروونی ڕەنگە بە کەم ئەقڵ و ناتەواوت لە قەڵەم بدەن. کەواتە دوکتۆری دەروونی و دەروونناس و تاکی دەروونی و کێشەی دەروونی بابەتی باسکردن نین و شیکردنەوەی دەروونییش وەک پۆلێک لە زانست لە کۆمەڵگەی ناوبراو نەناسراو و ناباوە ئەمەش وای کردووە ئەم بەشە لە زانکۆکاندا بایەخی نەدرێتێ، یان کۆلێجی دەروونناسی کراوە بە بەشێک لە کۆلێجی پەروەردە یان وێژە (ئاداب) بۆیە کەس ئامادە نییە، بچێتە ئەو کۆلێجە کە دواتر کارەکەی لەناو خەڵک زۆر دیار و بەرچاو نابێ. کەواتە ئەو قوتابییانەی بەتازەگی ئامادەییان تەواو کردووە و بیر لەوە دەکەنەوە داهاتوویان لەناو کۆمەڵگە دیار بێ بەزۆری بیر لەو بەشە زانستییانە دەکەنەوە بیخوێنن کە ستاتۆسی (کیانی) کۆمەڵایەتییان بۆ دروست دەکا (وەک پزیشکی، ئەندازیاری، و یاسا) بۆیە زۆرینەی قوتابییانی کورد کە ئامادەیی تەواو دەکەن (کە زۆربەشیان لە نێوان ١٨ بۆ ٢٠ ساڵن) لەوە ناگەن کۆلێجی سیکۆلۆجی یان سیکیاتری چەند بۆ کۆمەڵگە گرینگە و چەند دەرچووی ئەم بەشە دەکارێ بەشداری لە چارەسەرکردنی دەردەکانی تاک و کۆمەڵگە بکا. بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کۆلێجی سیکیاتری داوایەکی زۆری لەسەرە و تا بڵێی سەختیشە وەرگرتن لەم کۆلێجە چونکە دەرچووانی ئەم کۆلێجە دواتر زۆرترین کاریان دەست دەکەوێ و، بۆ ئەوەی قوتابییەکیش لەو بەشە وەربگیرێ دەبێ باشترین پلەی هەبێ، واتە هەمان ئەو پلەیەی کۆلێجی پزیشکی و کۆلێجی تەلارسازی داوای دەکا.

* دامەزراوەکانی کۆمەڵگە تازەکان زۆر بە دوکتۆری دەروونییەوە پێوەندیدارن. زۆربەی بوار و

کەرتەکانی کۆمەڵگە و بواری بەرهەمهێنان کە یاسای بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنانی جیای خۆیان هەیە پزیشکی دەروونیشیان هەیە بۆ نموونە دائیرەکانی پۆلیس و ئاسایش، شوێنەکانی داد و ماف، دائیرەکانی باج و قەرەبوو، قوتابخانە و شوێنە جیاکانی پەروەردە و... هتد. هەریەک لەم شوێنانە پزیشکی دەروونییان هەیە. ئەمە و ئەو شوێنانە جگە لەوەی یاساناس و مافناسی خۆیانیان هەیە دوکتۆری دەروونیشیان هەیە کە شیکردنەوەی خۆی لەبارەی کەس و ڕووداوە ڕۆژانە و کاتییەکانەوە دەدا. ئەمە و جگە لەوەی نەخۆشەکان بەگشتی دەروونناس و پزیشکی خۆیانیان هەیە و دوای گشت ڕووداو و کێشەی پزیشکی زۆر ئاسایە نەخۆشەکان بنێردرێنە لای دوکتۆری دەروونی. بۆ نموونە ئەو ئافرەتەی لە ڕووداوێکدا منداڵەکەی لەبار دەچێ یان بەئارەزوی خۆی منداڵەکەی لەبار دەبا دەنێردرێتە لای دوکتۆری دەروونی ئەمە و ئەو دایکەش کە بەتازەگی منداڵی بووە و لە مانای دایکایەتی و واتای منداڵ و منداڵبوون ناگا ئەویش دەنێردرێتە لای دوکتۆری دەروونی ئەمە و تا دەگاتە حاڵەتی تر وەک کوشتن و تەعدا لێکراوان و تەعداکەر و زۆر شتی ورد وردی کۆمەڵایەتیی تریش. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ گشت خێزانێکیش بۆی هەیە دوکتۆری دەروونی خۆی هەبێ و ئەندامەکانی هەمان خێزانیش دەتوانن دوکتۆری دەروونیی جیا جیایان هەبێ ئەمەش بۆ ئەوەی هەریەکە بەئارەزووی خۆی و بێ ڕاڕایی شتە تاکی و کەسییەکانی خۆی باس بکا.

لەو چەند سەرنجەی لای سەرەوە وترا ئامانج ئەوە بوو بڵێین، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ (خێزان، قوتابخانە، دادگە، ئاسایش و... هتد) پێوەندییان بە شیکەرەوەی دەروونی و پزیشکی دەروونییەوە نییە و ئەو نەریتە تەندروستییەش لەو دامەزراوانەدا باو نییە کە بەو چاوەوە بڕواننە منداڵ و قوتابی و کارمەند و کارگێڕ و فەرمانبەران. هۆی بنەڕەتیش لەم ڕووەوە ئەوەیە کە لەلایەکی ئەو دامەزراوانە لەسەر بناغەی دانهێنان بە تاکبوون دروست نەبوونە و لەلایەکی تریش تاکی دەروونی و حاڵەتی دەروونی بۆ ئەم دامەزراوانە بابەتی تێڕامان نییە چونکە لە کۆتاییدا ئەم دامەزراوانە هیچیان نییە لە تەک دەروونیدا بیکەن. بۆ ئەم دامەزراوانە دەروون ڕێگر نییە لە بەردەم ژیانی تاک و دروستکەری هیچ ئاماژە (سیمتۆم)ێکیش نییە. واتە ئەم دامەزراوانە بۆ ئەوە ناچن دەروون لە ژیانی تاکدا ئەوەندە کاریگەر بێ و مەترسیی شتی گەورەشی لێ ناکرێ.

* تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیی هاوچەرخ کە نەوەی یەک ڕیز لە تراجیدیای وەک مەهابادن، پێویستییەکی زۆریان بە چاودێریی دەروونیی ئاست جۆراوجۆرە، چونکە زانستی شیکردنەوەی دەروونی لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو بە گەلێ گۆڕانی میتۆدیدا تێ پەڕیوە. لای ئێمە خەڵک تەنیا شیکردنەوەی دەروونیی بیستووە، بەڵام ئەمڕۆ لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگە تازەکانی ڕۆئاوا، کە کەوتوونەتە ژێر زەبری کاریگەرییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاریی نوێوە، شیکردنەوەی دەروونی لق و پۆپی زۆری لێ بووەتەوە و، ڕۆژانە هەوڵ دەدرێ نەخۆشە دەروونییەکان لە ژوورەکانی نەخۆشخانە دەروونییەکان دوور بخرێنەوە و ببرێنە باخچە و سینەما و شانۆکان و یان بە پۆل سەفەریان بۆ لێوارەکانی دەریا و بۆ شوێنە سەیروسەمەرەکان بۆ ساز بکرێ، بەڵام ئەمەش گرێ دراوە بە ئابووری و بودجەی تەندروستیی ئەو کۆمەڵگە ڕۆئاوایانەوە. چونکە ئاوڕدانەوەی گشت کۆمەڵگە

ڕۆئاواییـیـه نوێکـان له تەندروسـتی تاکەکانی کـۆمـەڵ وەک یەک نییـە و لە ڕاگەیاندنەکاندا هـەردەم مـشـتـومڕی توندی لەسـەرە. ئەڵبـەتە هۆشـیـاریی تاک لـەم کۆمەڵگایانە و ڕاسـتگۆی مـیـدیاکـان لەم ڕووەوە یارمــەتیـدەرێکی بـاشـن بۆ بەردەوام گفـتـوگـۆکردنی بـودجـێـتـیـی تەندروسـتی و پەروەردە و بـاشـترکردنی دۆزی نەخـۆشـخـانـە و خزمەتگوزارییـە تەندروسـتییەکان. بۆیە له هـەڵبـژاردنـەکـانـدا ئەم لایەنە هـەردەم زۆرتـرین سـەرنجی دەخـرێتـە سـەر و بایەخی سـیـاسـیـیـەکـانیش بـەم لایەنە و بەوەی دروسـتبـوونی تاکی پەروەردە و تەندروسـت بـه قازانجی گەورەی کـۆمـەڵگە و مـرۆڤـایەتی دەگـەڕێتەوە، ئاراسـتەی هـەڵبـژاردنەکان دەگـۆڕێ. هـەموو ئەوانەش لەسـەر ئەو بناغەیە دەکـرێن کە کـەمکـردنـەوەی نەخۆشییە دەروونی و کۆمەڵایەتی و کێشـە سیاسی و فیزیاییـیـەکانی تاک ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی بەسـەر گـشت دامــەزراوەکـانی کـۆمــەڵگەوە هـەیـە و وەکی تریش یـارمــەتیـدەرێکی بـاشـیـشـن بۆ بنەبڕکردنی هـەڵپەرسـتی و مشـەخۆری و تاوانسازی و توندوتیژی و بێ هیوایی لەناو خـەڵکدا.

* ئێمـەی خـەڵکی کۆمەڵگەی گەندەڵ دەروونناسـێکمان پێویسـتە نائاگاییی سیاسـیی تاکەکـانی کـۆمـەڵگەمـان بۆ شـی بکـاتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم شـیکردنـەوەیە ئەنجـام بـدرێ پێویسـتـیـمـان بە شــیکەرەوەی دەروونـیی شــارەزا و ڕاهـاتووە لەســەر مــیــتــۆدە هـاوچەرخــەکــان. چونکە تاکــە ســیــاســیــیــەکــانی کــۆمــەڵگەی ئێــمــە ئـامــادە نین خــۆیان وەک نـەخــۆش ناوزەد کـەن و دۆزی کـۆمـەڵایەتیـشـیـان بـەجـۆرێک ڕەخـسـاوە و سـتـاتۆسی وەرگـرتووە خـۆیان بە سـاغـتـرین و بەتەندروستترین کەسی کۆمەڵگە دەزانن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بەو شێوەیە نییە و تاکی سیاسیی گەندەڵی کوردی، تاکی ڕۆشنبیری گەندەڵی کوردی، سـەرچاوەی گەلێ لە کێشـە دەروونییـەکانی کـۆمـەڵگەی گەندەڵن یان سـەرچاوەی بەشـێکی زۆر لە کـێشـە دەروونیـیـەکـانی تاکی کـۆمـەڵگەی ناوبراون. بەڵام گرفتـەکە لێرەدا لەوێدایە کـە دامەزراوەکـانی کۆمەڵگەی گەندەڵ و ئەمجـار میدیای ئەم کۆمـەڵگەیەش لاواز و ناکاریگەرە، ئەگینا دەیتوانی ببێ بە ڕەقیب بەسـەر ئەو نەخـۆشـانەوە و پەیتا پەیتا پەلەکێشی نەخـۆشخـانە و دواتر دادگەشیـان بکا. چونکە سـیاسیێ یان ڕۆشـنبیـرێکی دەروون نەخـۆش سـەرەتا پێویسـتـە بەتەندروست بکرێ، واتە تیمـار بکرێ، ئەمجـار پەلکێشـی دادگە بکرێ نەک بەپێچەوانەوە.

* لەبەرئەوەی بـوونی کـەسی سـایکۆ (دەروونی) و دواتر دەروون نەخـۆش لە ناومـاندا لە ئـاکـامی گۆڕانکارییە کۆمـەڵایەتی و ئابووری و زانیارییـەکان لە گەشـەکردندایە و، لەلایەکی تر لەبەرئەوەی کـەسی کـورد هـەردەم لە نێـوان دوو شـێـوە کـۆمـەڵگە و مـێنتـالیـتی (خـووڕەوشت) و دوو جـۆر لە ترادیسـیـۆن و ئاکـاردایە، واتە پێـیـەکی لە کـوردسـتـان و پێـیـەکی لـە ئەوروپا، پێـیـەکی بەرەو گرووپگەرایی و پایەکەی تر بەرەو خۆلیبراڵکردن، پای لەناو ئەندێشەگەلێکی دەسـتەجەمعی و ئەوی تریان لەناو گۆڕەپانی تاکەجەمعی، هـەروەها پێیـەکی لەناو حـزبایەتی و بیرتەسکی و پێیـەکی تری لەناو بیرگـەرایی گلوباڵ و رادیکاڵ، ئەم لایەنانە وایـان کردووە کـەسی کورد دووچاری دووانەیی و دووکــەسی و پـەرتـیی دەروونی بێ. بـەڵام دەکــرێ ئەوەش بـوترێ کــە باس لـەم دیاردەیـە (دیاردەی دروسـتبـوونی سـایکۆ-دەروون نەخـۆش-) لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا پێویسـتـە لە پێوەندی بە بارودۆخی ســیــاسـی و فــیکری کــۆمــەڵگە، یان بـەواتا بـاوەکــەی لە پێــوەندی بە دۆزی هـزری ســیــاسـی و

ڕۆشنبـیـریـیـەوە، بخـرێتـە بەرباس . چونکە خـەڵک لە کۆمـەڵگەیەکی لەو جـۆرە کە بـەزۆری زەلیلی دەسـتی دیاردەی گـەندەڵـیـە وەک لە شـتـێکی تر ئـەم دیاردەیە تا بڵـێی مـانای بۆ دروسـتکردنی ناسازیی مافی و یاسایی و نالێوەشاوەیی لە کاری سیاسی و ڕۆشنبیریی لە کۆمـەڵگەدا دەبێ و، بەدڵنیـاییـیـەوە ئەوەش دنیـایەک کێشـەی دەروونی و هـەسـتی و عـەقڵی بـۆ خـەڵکی ئەم کۆمـەڵگەیە دروست دەکا. بۆیە تـاکی دەروونیی کۆمـەڵگەی گـەندەڵ تایبـەت و جـودایە و ناشـێ بەهەمـان چاوی تاکی دەروونی ڕۆئاوا تەماشا بکرێ کە لەژێر کاریگەری زەبری زانستی نوێدایە.

بۆیە ئێمـە وای بۆ دەچین لەم حـاڵەتانەدا بۆ باس لە بوونـی دیاردەی دروسـتـبوونی تاکی دەروون نەخۆش لە کۆمـەڵگەی گەندەڵ دەشـێ لە ڕیزی کەسـانی سیـاسی و ڕۆشنفیکرانەوە وەسـەرکەوین و وێنە و تارمـاییـیـەکانیان وردە وردە دیار کەین و باری پەشـێوی و هیـلاکیی دەروونیـان دەستنیـشان بکەین دواتر شـۆڕ بینەوە ناو دەرەوەی ئـەم بازنەیە و کـەس و توێژ و تاقم و چینـەکانـی تر بەسـەر کەینەوە. چونکە گەندەڵی ئەوەندەی خایاند و ئەوەندەش شارایەوە و سوودی لێ وەرگیرا لە ئاکامی ئەوە لەشکرێک لە دەروون نـاسـاغ و تاکی نا تەندروست لە گـشـت شـوێنێکی کـۆمـەڵگە هـاتووەتە کایەوە. بۆیە بۆ لـەمـەولا کۆمـەڵگەی کورد زۆر ئاسـاییـیـە چەند جـۆرێک لە کەسـی دەروون بیـمـاری هەبێ و هـەروەهـا لە ئاکامی هاتنە دەرەوەی بەلێشـاوی کوردیش لە هەمـوو توێژ و چینەکـانەوە بۆ ئەوروپا (حزبی، لیبراڵ، مامۆستا، کاسبکار، هونەرمـەند، شێخ، نەخوێندەوار و ئەکادیمیکار و...) و ئامادەبوونیان بۆ ژیان بەسـەربردن لە کۆمەڵگەیێکی تـەواو جیا لە ڕووی فیکری و خـوورەوشت و ئاین و ئیتنییەوە گومان ناکەین ئێستا خـاوەنی ڕیزێک مرۆڤی ناتاک جۆری دەروون بیمـاری کورد نەبین.

* چەند سـیـسـتـەمی پەروەردە لە کـۆمـەڵگەی گـەندەڵدا وێرانە، چەندان قـاتی ئەوە سـیـسـتـەمی تەندروسـتـیش وێرانـە. دڵنیـام بودجـەی وەزارەتی ڕۆشـنبـیـری یان پـەروەردە گـەلێ لە بودجـەی وەزارەتی تەندروسـتی بەرزترە. ئەمـەش بـەدڵنیـاییـیـەوە مـانـایەکی زۆری بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەروون ناسـاغی لە کـۆمـەڵگە و بڵاوبوونەوەی ناتـەندروسـتیی دەروونی لەناو دامـەزراوەکان و کایە سەرەکی و چالاکەکاندا هەیە. لەبەرئەوەش کە بواری ڕاگەیاندن، قوتابخـانە، نێوەندی ئەکادیمی و ڕێکخستنەکانی حزب و یان خـێزان و دائیـرەکانـی دەوڵەت باوەڕیان بەدەروونناسی و هۆشـیـاریی تەندروستی نییە، ناتوانن لەو کێشـە نوێیانە بگەن ڕۆژانە بەرۆکی تاکی کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی دەگرێ. چونکە دامەزراوەکان کە شوێنی تاکن نە باوەڕیان بەدروستبوونی تاکە و نەش لە دەروونی تاک دەکۆڵنەوە. بۆیە کاتێ بودجەی یان خـەرجی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە لووتکەدا دەبێ لە گەندەڵی زیاتر شتێکی ئەوتۆ بەرهەم ناهێنێ.

* کۆمەڵگەی تازەی کوردسـتـان، مـەبەست کۆمـەڵگەی پاش ڕاپەڕین، پێویسـتی بە سـیکۆتێراپی (چارەسـەرسازی دەروونی)یـەکی زۆر هـەیە. ئەم کـۆمـەڵگەیە لەبەرئەوەی چەندان دەیـەیە، بەدرێژای وتاری ناسیـۆنالیزمی کوردی، ژێردەست و لاواز و بێ دەرەتان و بێ ناسنامـە دەکرێ و ئێسـتـاش کتوپڕ کەوتووەتە ناو کـاریگەرییـەکانی کۆمـەڵگەی زانیـاریی نوێی ڕۆئـاواوە کـانیـاوێکە لە کـێشـە

کۆمەڵایەتی و کولتووری و دەروونییەکان. بۆیە ئەم کۆمەڵگەیە پێویستییەکی زۆری بە دەروونناس و جۆرەکانی تری پسپۆڕییە لە بواری دەروونەوە لەوانە: تێراپیست (چارەسەرساز، بێ بەکاربردنی دەرمان)، سیکیاتریست (شیکەرەوەی دەروونی)، سیکۆتێراپێست (پزیشکی دەروونی چارەسەرساز) و... هتد. گومانیشی ناوێ کە هەریەک لەم بەشانە بەجۆرێک و لەسەر شێواز و میتۆدێ کار بۆ دۆزینەوە و چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکانی تاک دەکەن. واتە هەر بەشە و لەسەر ڕەوتێک لە ڕەوتەکانی زانستی دەروونی دەیەوێ خۆی لەو کێشە بووناوی و پێوەندییانە نزیک بکاتەوە کە ئەو کێشە دەروونییانەیان لە کەسە نەخۆشەکەدا دروست کردووە و، ئەڵبەتە هەندێ لەو بەشانە پشت بە چارەسەرسازی دەبەستن و خۆیان لە دەرمانسازی دوور دەخەنەوە و بەشێکیشی پشت بە دەرمان و یان ڕێگەی جومناستیک و هەندێ وەرزشی فیزیایی و جەستەیی و زەینی دەبەستن. واتە کاری سیکۆتێراپی گەلێ فۆرمی هەیە، هەر لە فۆرمی بایەخدان بەلایەنی ئاگایی و نائاگاییی نەخۆشەوە تا دەگاتە ئەو فۆرمانەش نەخۆش دەخەنە ژێر چارەسەری ترەوە، تا بایەخ بەتوانای هزری و هەستی نەخۆش بدرێ، جا ئەوە لە ڕێگەی چارەسەری پزیشکییەوە بێ، یان غەیرە پزیشکی.

* ئاشکرایە کە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا "ڕۆشنبیریی تەندروستی" بابەتی باس نییە و سەختیی ژیان وای لە تاکی ئەم کۆمەڵگەیە کردووە خەیاڵی تەنێ لای کارکردن بێ و ئاگای لە تێچوون و کرینەکانی بێ. بۆیە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە، لەبەرئەوەی تەوژمی گەندەڵیی ئیداری و سیاسی ئەوەندە کاریگەر و زەفەربەرە، مرۆڤ ناکارێ بیر لە پشوو و حەوانەوە بکاتەوە و هەروەها ناپەرژێتە سەر ئەوەش لە ڕووی تەندروستییەوە بایەخ بەجەستەی خۆی بدا و ڕاگەیاندنەکانیش لەبەرئەوەی دیسانەوە بێ ئاگان لە ڕۆشنبیریی تەندروستی و خۆشیان قوربانیی ئەو گەندەڵییە ئیداری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەن کە کۆمەڵگەی تەنیوەتەوە، بۆیە نازانن و ناتوانن هۆشیاری لەسەر چۆنیەتیی پاراستنی لەش و بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕۆشنبیریی تەندروستی بڵاو کەنەوە. لەبەرئەوەی نووسینە ڕۆژنامەوانییەکانیش بەزۆری سەرقاڵی وتن لەسەر ڕووداوە سیاسییەکان و هەڵسەنگاندنی تێکستە ئەدەبییەکان (ئەدۆنیس بووە بە خوای ڕەخنەگرانی کورد) بۆیە هیچ ڕۆژنامەوانێک خەیاڵی بۆ ئەوە ناچێ چەند دێرێک لەسەر چۆنیەتیی خواردنی ژەمەکان (قاوەتی، خواردنی نیوەڕۆ و ئێوارە) بنووسێ و ئەوە ڕوون بکاتەوە چی باشە بخورێ و چیش خراپە نەخورێ. چونکە ڕۆژنامەوانە ئازیزەکانمان تەنیا خەیاڵیان لای سازدانی لێدوانە لەسەر "ڕۆشنبیری و دەسەڵات"، "بودجەکەی هەرێم"، "مادەی ١٤٠"، "دادگەی ئەنفالچییەکان" یان وەرگێڕانی تێکستی ئەدەبی، بۆ نموونە ئەدۆنیس بەحاڵ بدوێ لە پاش خوێنەری عەرەبی خوێنەری کوردی لێ بەئاگا دێ.

ئەمە و ئەو هۆشیارییەش لەناو خەڵکی کۆمەڵگەی گەندەڵدا بوونی نییە کە پۆلی باس لە "تەندروستی تاک" دەکارێ خۆی لە قەرەی مەسەلە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیش بدا، بۆ نموونە پەروەردەی منداڵ و پێوەندیی منداڵ بە باوک و دایک و دواتر پێوەندیی منداڵ بە دەرەوەی ماڵەوە واتە منداڵ لە قوتابخانە و گەڕەک و شوێنە تایبەت و گشتییەکانی تر. ڕاستە مافی پەروەردەی

دایک و باوک بەسەر منداڵەوە دیاردەیەکی ئونیڤێرساڵە بەڵام کێشەی بەدواوەیە بۆ نموونە ئەو باوک و دایکانەی توانای ئەوەیان تێدا نییە ببن بە باوک و دایک گەورەترین کێشە لە پێوەندییەکانیاندا لە تەک منداڵەکانیاندا بەجێ دێڵن مەبەستم زۆرێک لە باوک و دایکەکان ئەو شیاوییەیان تێدا نییە وەک باوک و دایک تەماشا بکرێن جا ئەوە پێوەندیی بەلایەنی پەروەردەی ئەو باوک و دایکانەوە بێ یان بەلایەنی باری تەندروستیی دەروونی ئەم باوک و دایکانەوە بۆیە دەبێ شوێنی تایبەت و دامەزراوەی تایبەت ئەم شتانە بکا و خەڵک لەسەر ئەوە پەروەردە بکەن و ڕابێنن کە بایەخ بەو منداڵانە بدەن باوک و دایکێکی دەروون بیمار و یان هەڵەیان هەیە. ئەمەش بەخۆی پێوەندییەکی زۆری بە ڕادەی هۆشیاریی دەروونی و تەندروستیی تاکەوە هەیە کە چۆن ئەم تاکە بکارێ خۆی بناسێ (دەروونی خۆی بناسێ) و خۆی (دەروونی خۆی) لەوی تر (لە دەروونی ئەوی تر) جیا بکاتەوە.

* یەک لەو خاڵانەی زێدە بایەخدارە لێرە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە گەلێ تاکی تازەی کورد وەک باقیی تاکەکانی تری سەردەم نازانێ نەخۆش و ماندوو و پەرتە هەروەها لەوە بەئاگا نییە پێویستی بە چارەسەرە و دەبێ تیمار بکرێ. بۆیە لەم ڕووەوە شیکەرەوە دەروونییەکانی کورد گەلێ کێشە و بەربەستیان دێتە ڕێ، تا ئەو دیتنە لای کەسی نەخۆشیی کورد دروست بکەن کە نەخۆشە و پێویستی بە تیمارسازیی دەروونی هەیە.

* هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد کۆمەڵگەی گەندەڵ، کۆمەڵگەی تاک نییە و بگرە کۆمەڵگەی گشتە و ئەمەش بەخۆی وا دەکا تاک بێ شوێن و بێ ئەدرێس بێ، ئەمەش دیسانەوە لەلایەن خۆیەوە ڕەنگدانەوەی ترسناکی لەسەر توێژگەلێکی وەک منداڵ و ئافرەت دواتر نووقسان و شێت و پەککەوتە و پیر و بەساڵاچوو زۆرتر دەبێ. بۆیە ئەو دەمەی تاک لە کۆمەڵگە ون دەبێ، ئەو دەمەی شوێنێک نییە بۆ خود، ئەوا منداڵ و ئافرەت و پیر زۆرترین زیانیان لێ دەکەوێ. چونکە ئەمانە لە بنەڕەتدا لە کەسە لاواز و فەرامۆشکراوەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵن. هەروەها کاتێ کۆمەڵگەی ناوبراو تەنیا تاکێک و تەنیا ژیندەرێ (ڕەگەزێ) لە کۆمەڵگە دیار و زەق دەکاتەوە، بەرچاوی دەکا بەمە زۆرترین نادادپەروەری ژیندەری و فیزیایی بەرهەم دێنێ؛ چونکە ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە مانەوەی بەهەندێ شتەوە گرێ دراوە یەک لەوانە ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگەیە تاکسڕەوەیە (مەبەست سڕینەوەیە) و، ئەوی تریش ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگەیە زەقکەرەوەی ژیندەری پیاویشە، بۆیە کاتێ ئەم کۆمەڵگەیە دان بە تاک دەنێ تەنیا دان بە تاکی گەورە و ژیندەری پیاو دەنێ لەم بەینەدا دیسانەوە منداڵ و ئافرەت زەرەرمەندن. چونکە گشت بڕیارەکان لەناو داوودەزگاکان لە پشت منداڵ و ئافرەتەوە دادەڕێژرێن. ڕاستە ڕێژەی فەرمانبەری ئافرەت لە کۆمەڵگەی گەندەڵ لە زیادبوونە بەڵام ئەم بەرزبوونەوەیە هیچی لە جەوهەری چەوسانەوە و توندوتیژییەکان نەگۆڕیوە چونکە تەوژمی گەندەڵیزم هەروەها لکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ بە کۆمەڵگەی دیجیتاڵەوە وای کردووە چەوسانەوە و توندوتیژییەکان ئاراستە و ڕەوتی تر وەرگرن. بۆیە ونبوونی هۆشیاریی تەندروستی و نەبوونی شوێنێ بۆ شیکردنەوەی دەروونی لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا زۆرترین کاریگەریی نێگەتیڤانە لەسەر ئافرەت و منداڵ بەجێ دێڵێ. ئەمە و لە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردیدا تا ئێستا ئەو نەریتە

دەیخـوا کـە "بەرخی نێـر بـۆ سـەربڕین باشـە" ئەم دیتنە وای کردووە، نێـر (پیـاو، کوڕ) بکرێ بە هێمـایەک بۆ ئەوپەڕی لەشسـاغی و هی ئەوە نەبێ نەخۆش کـەوێ یان نەخۆشـە بۆیە بەچاوێکەوە تەماشـای دەروون و لەشی نێر دەکرێ کە شتێ پۆلایین و ئەفسـانەییە، کەچی بەهەمـان چاوەوە سەیری دەروون و لـەشـی ئافرەت ناکرێ و ئافرەت لای ئێمە واتە ئەو کەسـەی دەروون وێران و لەش لاوازە، بۆیە زۆر جـار لای ئێمـە مێ وەک زەعیفـە تەمـاشـا دەکرێ، ئەمـەش مـانای ئەوەیە کـە ئەو زەعیف و لاوازە و بەرگـەی هەمـوو شـتێک ناگرێ. ئەمـەش بەڵگەیەکی ترە لەسـەر ئـەوەی ونبـوونی تاک، دانـەهـێنـان بە دەروونی تاک لە کـۆمـەڵگەی گـەندەڵدا وەک یـەک کـاریگەری ناخـاتەوە و داڕەوەرییش لە بڵاوبوونەوەی کاریگەرییەکاندا نییە.

بەڵام لە حاڵەتی کۆمەڵگەی ئێمەدا، واتە بۆ ئەوەی شیاوی لە بەردەم دانهێنان لەلایەک بە کێشەی دەروونی و ئەمجار بەبوونی تاکی دەروونیدا بهێنرێ، پێویستـە ڕەچاوی چەند سەرنجێک بکرێ کە گرینگترینیان ئەمانەن:

* پێویستـە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە، لە میـانەی میـدیای کوردییـەوە بەگشت جۆرەکانییـەوە، شـیـاوی لە بەردەم گفتوگۆکردن لەبارەی گرفتی دەروونی و چۆنیـەتیی بوونی تاک لە کۆمـەڵ بە تاکی دەروونـی (سـایکۆ) بهـێنرێتـە پێـشـەوە. واتە هـەنگاوی یەکـەم برێتـیـیـە لە پەخـشـکردنی هۆشـیـاری و زانیـاری لەبارەی دەروونی تاک و چۆنیـەتیی تووشـبـوونی ئەم تاکـە بە کـێـشـە دەروونییەکانەوە و ئەمجار چۆنیەتیی ناسینەوەی ئاماژەکانی کێشەی دەروونی لای تاک.
* دەرگـا خـستنە سـەرپشـتی لە میـدیای کوردی بۆ پسـپۆڕانی بواری دەروونی و بوو شـیکەرەوانی دەروونی بۆ باس و خـواس لەسـەر کـێشـە دەروونییـەکـان. ئەم دەرگـەیە پێویسـتـە لەسـەرخۆ و داڕەوەرانە بخرێتـە سـەرپشت. چونکە دەرگـەی ناوبراو بەزۆری بۆ ڕەخنەگری ئـەدەبی (نەک زمـانەوان)، وتاربێژی سیـاسی (نەک تیۆریزەکەری سیـاسی) و پیـاوانی ئاینی (نەک ئایینناسـان) لەسەر پشتە.
* هـەوڵدان بۆ دروسـتکردنی نـەوەیەکی پسـپـۆڕ، ئەوەش بەهـۆی بەئینتـرێسـانتکردنی بـەشی دەروونناسی و شیکردنەوەی دەروونی لەناو لاوان و دەرچووانی بەشی ئامادەییدا.
* ڕێگە ئاسـانکردن بۆ کارکردنی پسپۆڕان لە بواری نەخۆشییە دەروونییـەکاندا ئەمـەش بەهۆی ئاسـانکردنی کـردنەوەی کلینیکی دەروونی و دامـەزراندنی نەخـۆشـخـانـەی دەروونیی تایبـەت و تەرخانکردنی پارە بۆ ئەم مەبەستە.
* پشتگیریکردنی وەزارەتی تەندروستی بۆ هاریکاریکردنی شوێنە تەندروستییـەکان و دابینکردنی دەرمـان و ئەو پێـویسـتـیـیـە پزیشکیـیـانـەی بۆ چارەسـەرکـردنی دەروونی بـەکـار دەبرێن، وەک ئامرازەکانی جومناستیک.
* دروسـتکردنـی پردێکی مـەعریفی (ئێپـسـتـمی) لە نێوان دەزگـاکانی پەروەردە و تەندروسـتی بۆ چاودێریکردن و بەرزکردنەوەی باری ڕۆشنـبیریی پەروەردەیی و ڕۆشنـبیریی تەندروسـتیی تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

هزری بیرکاری "ماتماتیکی" لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ونە

## پێویستی بۆ پوخت بیرکردنەوە

ئێمە لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە، کە بە ونبوونی هزری ماتماتیکی لە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی تایبەتە، دەمانەوێ شیاوی لە بەردەم خوڵقاندنی مەودایەکی تیۆری و ڕووناکبیری بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دیاردەیەکی زێدە هەستیار بکەینەوە. ئەم دیاردەیە بریتییە لە مەسەلەی پشتکردنی توێژی نووسەر و ڕووناکبیری کورد لە بیرکاری (ریازیات، ماتماتیک). پشتکردنی ئەم توێژەش لە ماتماتیک واتە پشتکردن لە پوخت بیرکردنەوە و کۆنکرێت بیرکردنەوە و تێهزرین، ئەمەش لە سەرێکی ترەوە ئەوە دەگەیەنێ ئەم توێژە دەیەوێ پشت لە گشت شتێکی لۆجیکی و ڕاسیۆنالی (عەقلانی) بکا. باشە ئەم جەختەی ئێمە بۆ دەبێ لە هزری ماتماتیکی بێ نەک شتێ تر؟ یان بۆ ئەم بایەخدانە بە ماتماتیک؟ هۆی ئەم جەخت و بایەخدانەی ئێمە هەر لەبەر ئەوە نییە ماتماتیک وەک مۆدێل و میتۆد لە فەلسەفە و زانستی سەدەی بیستدا گەورەترین مانای هەبووە و هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە وتاری ڕۆشنبیری و ئەکادیمیی کوردیدا نەبووە. هەروەها هۆی سەرەکی و بنەڕەتی ئەم جەخت و بایەخدانەی ئێمە دیسانەوە هەر لەبەر ئەوە نییە ئەوەی پێی دەڵێن دەستەبژێری ڕووناکبیری کوردی هیچ بایەخێکی بۆ نە ماتماتیک هەیە و نەش لۆجیک لەوەش بترازێ ئەم دەستەبژێرە حەوسەڵەی ئەو پۆلە زانستییەشی نییە پێی دەوترێ زانستە تەجریبییەکان و ئەو نەختە پێوەندییەش ئەم دەستەبژێرە لە تەک زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیەتی بەهیچی نەگەیاندووە، یان لەم بوارەدا وتاری دیاریکراوی خۆی نییە و پرسیار و گومانەکانی تا بڵێی نابەرهەمهێنەر و ناخوڵقێنەرن. واتە هۆی بایەخدانەکەمان هەر لەبەر ئەو دوو هۆیە نین ئەگەرچی ئەو دوو هۆیە بۆ ئێمە زێدە گرینگن و بابەتی تێرامانی جۆراوجۆریشن، بگرە ئەو هۆیە زێدە بناغەییەی وای لێ کردووین سەرنج بخەینە سەر ڕۆڵی هزری ماتماتیکی لە ژیانی ڕۆشنبیری ئەوەیە کە هزری ماتماتیکی وا لە مرۆڤ دەکا هزر (بیر) پوخت و تێگەیشتن کۆنکرێت و بەرجەستەیی بێ. واتە ئەوەی هزری ماتماتیکی بێ، هزری پتر ڕاسیۆنالی و لۆجیکی دەبێ بەمەش ئەو کەسە کەمتر ساویلکە و زۆرتر ڕەخنەکار و ڕاستەوخۆ تێ دەهزرێ. ئەم شێوە تێهزرینەش لە ئێستادا بۆ ئێمەی کورد، بۆ سیاسی و ڕۆشنبیر و ئەکادیمیکارانی کورد، لە ڕادەبەدەر پێویست و مانابەخشە.

وەک سەرەتایەکی تیۆرییش بۆ ئەم نووسینە کورتە دێینە سەر دۆکتورینێکی (عەقیدەیەکی) فەلسەفیی ئالێن بادیو. چونکە بەپێی دیتنی ئالێن بادیو ئێمە (مرۆڤ) بۆ پێکهێنانی هزرێکی پوختی ڕاسیۆنالی پێویستمان بەماتماتیکە بۆیە بادیو پێی وایە ئێمە بەبێ بیرکاری نابینایین (کوێرین). ئەم دیتنەش ئەو مانایە بەدەستەوە دەدا ئێمەی مرۆڤ بەهۆی ماتماتیکەوە بینا دەبین

(واتە چاوساغ بین) و ژیانمان ڕۆشنایی تێ دەکەوێ. بەڵام ناکرێ ئەوە لە بیر بکەین کە ئەم دۆکتورینەی بادیو پشتگیریی لێ دەکا ئاراستەیەکی گەردوونایی هەیە و پێوەندیی بە کولتوور و تاقم و یان کۆمەڵگەیەک دیاریکراوەوە نییە. بەڵام بۆ بادیو ئەوە ئەرکی (کاری) فەلسەفەیە ئەوە نیشان دا بیرکاری "ماتماتیک" هزرە[٣٨].

پێش ئەوەی بێینە سەر هەندێ لایەنی تر پێمان باشە ئاماژە بەوە بکەین ئەم بایەخدانەی بادیو بە ماتماتیک سەرچاوەیەکی ئەفلاتوونیی هەیە، چونکە بەپێی بینینی ئەفلاتوون ماتماتیک فۆرمێکە لە هزر "بیر". هەر خودی ئەو ئەکادیمییایەش ئەفلاتوون بیست و سێ سەدە لەمەوبەر دروستی کرد لەسەر دەرگەکەی بە گەورەیی نووسرابوو: "ئەوەی ماتماتیکی نییە با نەیەتە ژوورەوە". ئەفلاتوون لە نووسراوەی "شار"دا تەنانەت ئەوەشمان بۆ شی دەکاتەوە ئەوەی توانایەکی ماتماتیکیی هەبێ دەکارێ زوو و بەپەلە لە شت بگا. ئەم بایەخدانەی ئەفلاتوون بە ماتماتیک لە "شار"دا لە پاڵ بایەخدانەکانیەتی بە پەروەردە و ڕێکخستن و بردنە ڕێوە. چونکە ئەفلاتوون لەو شارە نموونەییەی دەیویست بنیاتی بنێ، هەردەم ئارەزووی ئەوەی دەکرد کەس و تاکی زیتەڵە و ژیر لە شاردا نیشتەجێ و ڕێنیشاندەر و ڕاوێژکار بن، بەڵام ئەفلاتوون ئەم ئارەزووەی لەسەر ئەو ویستە دادەڕشت کە کەسەکان پێویستە توانا و شیاوییەکی ماتماتیکییان هەبێ. چونکە بەپێی پێناسەی ئەفلاتوون بۆ کەسی ماتماتیکی ئەم جۆرە کەسە قابیلیەتێکی باشی هەیە و خێرا و زوو لە شت دەگا. کەواتە ئەو شارەی ئەفلاتوون خوازیارە بۆمان چی بکا پێویستی بە بیرکارە "ڕیازی" و پێویستی بەو هاووڵاتییانەیە خێرا و گورج لە شت حاڵی دەبن. ڕەنگە و لە گەلێک سەریشەوە ئەم بینینە ئەفلاتوونیە بۆ هاووڵاتی شار، کە بەخۆی مەرج دانانێکیشی تێیدا بەدی دەکرێ، پێوەندیی بەو تێگەیشتنەی تری ئەفلاتوونەوە هەبێ لەسەر هاووڵاتییەکی تری شار کە ئەوەش "شاعیر"ە. چونکە لەو شارەی ئەفلاتوون نیازمەندە سازی بکا و بیشیکا بە نموونە، بۆ گشت شارێک شوێنی شاعیری تێیدا نابێتەوە، بگرە شاعیر لەم شارە نموونەییەدا ڕاو دەنرێ و شاربەدەریش دەکرێ. کەواتە لە "شار"ەکەی ئەفلاتوون شاعیر دەبێ بەکۆچەری بژی و بیرکار "ڕیازی، ماتماتیکی" تا ئەندازەیێ عەقڵی شارە.

ئێمە بۆ ئەوەی مانا بە ناواخنی نووسینەکەمان بدەین دەخوازین لەم گفتوگۆ ئەفلاتوونییە گەڕێین و بێینەوە سەر لایەنێکی تر و لەوێ دەمانەوێ باس لە ڕوویەکی تری ئەم نووسینە کەین و گرێشی دەینەوە بە پێویستی بۆ هزری ماتماتیکی و ئەو لق و پۆپانەی لەم هزرە دەبێتەوە. بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆتریش بێینە گۆ دووبارە دەچینەوە لای بادیو. هۆی ئەوەی ئێمە دەچینەوە لای بادیو بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە بەپێی تەماشاکردنی بادیو، ئۆنتۆلۆیا (کەینوونە، بوونگەری) ماتماتیکە. هەر لەبەرئەوەی بادیو بەم جۆرە سەیری ماتماتیک دەکا جەخت لەوەش دەکا کە ئەوە کاری ماتماتیکییەکانە پرسیاری بوون شی بکەنەوە نەک فەیلەسووفەکان. ڕەخنەی بادیوش لە فەلسەفەی بووناوی پاش ئەفلاتوون ئەوەیە کە فەیلەسووفەکانی پاش ئەفلاتوون بوونیان لە ڕێگەی فەلسەفەوە شی کردووەتەوە نەک ماتماتیک. ئەمەش بەقەولی بادیو هەڵەیەکی یەکجار گەورەیە. بەڵام ڕەخنەی ڕاستەوخۆی بادیو لەم ڕووەوە لەلایەک لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیای هایدگەرە و، لەلایەکی تریش

له فەلسەفەی ماتماتیکی ئەنگلۆ-ساکسۆنی. هەر ئەو شێوە ڕەخنەیەش کە بادیو پێی قایلە و واشی لێ دەکا ڕەخنە لە بەماتماتیکیکردنی لۆجیک بگرێ. واتە ڕەخنە لەو ئاراستە فەلسەفییە دەگرێ فەلسەفەی شیکردنەوەی ئەنگلۆ- ساکسۆنی خۆی لەسەر ڕاهێنا. هۆی ئەوەی بادیو ئاوا بیر دەکاتەوە زۆر بەکورتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بادیو باوەڕی بە بەماتماتیزەکردنی لۆجیک نییە. بەڵام هەرگیز ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە وا لە بادیو ناکا ماتماتیک لە فەلسەفە بەتایبەت لە فەلسەفەکردن دوور بخاتەوە. هۆی ئەوەی ئێمە بەم شێوەیە دەپەیڤین بۆ خودی باوەڕ و گریمانە فەلسەفییەکانی بادیو دەگەڕێتەوە. چونکە بادیو لە سیستەمی فەلسەفیی خۆیدا تەماشای ماتماتیک وەک بەرهەمهێنەری ڕاستی، ڕاستیی زانستی، دەکا. ئەم جۆرە ڕاستییە بەپێی دیتنی بادیو ڕاستیی فەلسەفیش بەرهەم دێنێ. ئەڵبەتە لێرە نابێ ئەوەمان بیر بچێ بادیو لە ڕێگەی ماتماتیکەوە پشتگیری لە نەریتی عەقڵانی و زانستی دەکا و دژ بە گشت فۆرمەکانی ڕێژەگەری و زمانەوانیش دەوەستێتەوە. ئەم جۆرە ڕەخنەیەی بادیو کە چەند جەمسەرییە یەک لەو جەمسەرانە ئامانجی ڕەخنەکردنی لەلایەک ئۆنتۆلۆجیای شیعرگەراییی هایدگەرە و لەلایەکی تر ئەتەیزمی (ئیلحادی) هاوچەرخە، کە فەلسەفەی نیچە (بیرۆکەی مەرگی یەزدان) بناغەی بۆ دانا.

لەو پەرەگرافەی لای سەرەوە ویستمان بە کورتی ئەم گریمانانە (هێپۆتێزانە) بخەینە ڕوو کە مانای خۆیان بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو ڕۆشنبیرییە گەندەڵەش هەیە ئەمڕۆ لە کوردستاندا باوە:

* بۆ ڕێگرتن لەو ئەتەیزمە (ئیلحاد)یە هیچگەرایەی ئەمڕۆ یەقەی ڕووناکبیر و نووسەرانی کوردی گرتووە پێویستە پشتگیری لە لەسەرهەڵدانی هزری ماتماتیکی بکرێ.
* ماتماتیک دەتوانێ بناغەیەکی چاک لە هزرماندا بۆ تێگەیشتن لە "بوون" دانێ. چونکە ماتماتیک هزریبوونە. باسی بوون کە نەبووە بە پرسیارێ بنەڕەتی لە ژیانی ڕووناکبیریمان، ئەم باسە تەنیا لە ڕێگەی ماتماتیکەوە دەشێ بە وردی بخرێتە بەر گفتوگۆ.
* بۆ ئەوەی پوخت بیر کەینەوە، پێویستمان بە هزری ماتماتیکییە. پوخت بیرکردنەوەش لە درێژدادڕی و سەفسەتە و ڕەوانبێژی ڕزگارمان دەکا. واتە بەهۆی هزری ماتماتیکییەوە پوخت بیر دەکەینەوە و لە گشت ئەو شتانەش دەربازمان دەبێ سازێنەری ڕووناکبیرییەکی گەندەڵن.

ئێمە پاش ئەو چەند دێرەی سەرەوە پێ دەنێینە ناو قۆناغێکی تری ئەم نووسینەی کاری لەسەر دەکەین و بۆ ئەو مەبەستەش دەمانەوێ شتێک لە واتای ماتماتیک بدوێین.

سەبارەت بە واتای ماتماتیک هەر ئەوەندە دەڵێین کە، ئەم واتایە لە ماهییەتیدا لە میتۆد پێک دێ و، ئەم میتۆدەش کاری شیکردنەوەی بنیات و پێوەندییە ئەبستراکتەکانە. لەبەرئەوەش کە ماتماتیک لە چەند بەشێک پێک دێ (ئەندازە، ژماردن، ئامار، تیۆری قەبارە و... هتد) ئەمە وا دەکا ماتماتیک کاری شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەکانی بڵاو و جۆراوجۆر بێ. بەڵام ئەو شێوازەی ماتماتیک لە گەیشتن بە ئاکامەکان بەکاری دەبا هەرگاڤ ئەبستراکت و پوختە. ئەم لایەنەش وا دەکا گەلێک لە بیریارانی ماتماتیک وەک بناغەیەک بۆ ڕاسیۆنالیزم سەیر بکەن. بەڵام نەشونمای واتای ماتماتیک لە ڕووی مێژووییەوە تاک شێوە و هاوجۆر نییە بگرە نەشونماکەی پێوەندیی بە نەشونمای خودی

پرۆسەی مرۆڤ و دۆزینەوەکان و ئەمجار موغامەراتە زانستییەکانی مرۆڤەوە هەیە. ئەمە و ئەم واتایە لەو بوار و میتۆدانەی تر دابڕاو نییە کە مرۆڤ کاری لەسەر کردوون. هەر بۆیەشە ماتماتیک هەردەم تۆڕی پێوەندییەکانی بلاو و فراوان بووە. یان بۆیە کاتێ باس لە گەشەی مێژووی زانستە سروشتییەکان یان فەلسەفە بۆ نموونە دەکرێ ماتماتیک لەناو ئەم جۆرە مێژووانەدا کاریگەر و دیار بووە. ئێستاش کە فەلسەفە لە ڕۆئاوا لە تەک تەکنیک و خودی تەکنیکدا لە پێوەندییەکی پتەودایە ئەمە زۆرترین مانای بۆ گەشەی زانستە سروشتییەکان هەیە، هەر ئەمە واشی کردووە تۆڕی پێوەندییەکانی ماتماتیک بەرچاوی و کۆنکرێت بێ. بۆیە تێگەیشتن لە جیهانی تازە بێ ماتماتیک ئەستەمە، چونکە بازاڕی گلوباڵ کە پشتبەستووە بە تەکنیکێکی ئەلەکترۆنی ماهییەتی ئەم جۆرە تەکنیکە ماتماتیکە نەک سەفسەتە، یان ڕەوانبێژی. هەر لێرە و تایبەت بە توانای ماتماتیک ئەوەش دەڵێین، ئابووریی سەرمایەداری جیهانی کە لە ئابوورییەکی نەختی (مالی، فینانس) پێک دێ ئەم جۆرە ئابووریە ئابوورییەکی ئەلەکترۆنیی ئاڵۆزە و ماتماتیک زۆرترین ڕۆڵی تێیدا دەبینی. تەنانەت خودی ئەو دەزگا ئەلەکترۆنییانەی ڕۆژانە کارگە تازەکانی ڕۆئاوا دەیخەنە بازاڕەوە پێوەندییەکی زۆریان بەو عەقڵە دیجیتالی (ژمارەیی)یەوە هەیە ماتماتیک زۆرترین مانای تێدا دەگێڕێ. بۆیە هەموو ئەوانەی کێشەی هزریی ماتماتیکییان هەیە درەنگتر لە بەکاربردنی ئەو دەزگا ئەلەکترۆنییانە دەگەن. بەلام مەسەلەی مانای ماتماتیک لە ژیانی مرۆڤی تازە تەنیا لێرە ناوەستێ و بگرە لق و پۆپی تریشی لێ دەبێتەوە و یەک لەو لق و پۆپانە گفتوگۆ فەلسەفییەکانە لەسەر بوونی بوونەوەر "واتە بوونمان". بۆیەشە لە سەرەوە باسمان لە شوێنی ماتماتیک لە ژیانی بووندا کرد هەروەها پاڵپشتیشمان بۆ ئەو دۆکتورینە فەلسەفییەی بادیو دۆزییەوە کە پێی وابوو "ماتماتیکی–ماتماتیست– نەک فەیلەسووف دەکارێ لە پرسی بوون بگا"[٣٩].

سەرباری ئەوەی لە سەرەوە وترا، پێمان خاسە ئەوەش بێژین، ئەوەندەی ئاگامان لێ بێ مێژووی هزر لەبارەی بوونەوە کە بەخۆی هەمان مێژووی فەلسەفەشە، لە تەک هزری ماتماتیکی هەمیشە لە پێوەندیدا بووە. بەلام لەبەرئەوەی ئەم هزرە لە کەس و کولتوورێکەوە بۆ ئەوی تر جیا بووە شرۆڤەکردنی بوونیش هەموو کات لە جیاوازیدا ژیاوە. ئەمە و لای سەرەوە ئەوەشمان درکاند کە پێوەندییەکی قووڵ لە نێوان فەلسەفە (یان هزری فەلسەفی) و ماتماتیک (هزری ماتماتیکی)دا هەیە. بەلام ئەم پێوەندییە کە تا ڕادەیەک ئەزەلییە، هەموو کات یەک چوارچێوەی وەرنەگرتووە و وەک خۆشی نەماوەتەوە. بۆ نموونە لەلایەک سەرەتاکانی گەشەی ماتماتیک ڕۆڵی لە دروستکردنی ئەم جیاوازییە لە پێوەندیی نێوان فەلسەفە (یان هزری فەلسەفی) و ماتماتیک (هزری ماتماتیکی)دا دیوە و لەلایەکی تریش خودی گەشەی دۆزی بوونەوەر لە بووندا مانای خۆی بۆ ئەم پێوەندییە هەبووە. چونکە هەر لە سەرەتاوە ڕاستییە ماتماتیکییەکان هەوڵیان داوە قسەی خۆیان لەسەر بوونی فیزیایی مرۆڤ بکەن و ئەوە شی کەنەوە ئەم بوونە و جیهانی دەرەکیی مرۆڤ بەرهەمی ئەو جووڵە و گۆڕانەن ماتماتیک دەیەوێ توێژینەوەیان لەبارەوە بکا. ڕاستە ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە بۆچوونی جۆراوجۆر بەدووی خۆی ڕادەکێشێ، بەلام کۆنترین بۆچوون ئەو بۆچوونانەیە ئەفلاتوونیزمەکان و لە پێش هەمووشیانەوە ڤیتاگۆرس و قوتابییەکانی کەوتنە شیکردنەوەی. چونکە

ڕیشەی تێگەیشتنی ئەفلاتوونی لەوێوە دەستبەکار دەبێ کە ماتماتیک، ڕاستییە ماتماتیکییەکان، لە جیهانی ئێمەدا ئامادەن و ئەوە کاری ماتماتیکەرەکانە ئەوە شی بکەنەوە ئەم جیهانە پێوەندییە ماتماتیکییەکانی لە ناخی خۆیدا حەشار داوە. بەڵام ئەم تێگەیشتنە فەلسەفییە لەگەڵ ڕەخنەکردنی فەلسەفەی ئەفلاتوونیزم لە سەردەمی نوێ، گۆڕانی هاتە سەر و، ئەو بۆچوونانەش فەلسەفەی ماتماتیکی ئەفلاتوونی خستە ژێر پرسیار و گومانەوە بەزۆری ئەو شێوە ئاراستە فەلسەفییەیە پێی دەوترێ "فەلسەفەی شیکردنەوەی لۆجیکی" کە بۆچوونەکانی ڕاسل لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی زۆری تێیدا دیوە. چونکە سەرهەڵدانی ماتماتیک هەر لە ئەزەلەوە بە ژیان و ئارەزووەکانی تاکەوە گرێدراو بووە و بۆیەشە لەو ئەکادیمییایەی ٢٣ سەدەیەک لەمەوبەر ئەفلاتوون دایمەزراند ماتماتیک شان بەشانی سیاسەت و جوانکاری و ڕەوشت دەوترایەوە و تەنانەت ماتماتیک بوو بە شیعارێک و بەسەر دەرگەی ئەکادیمیاکەشەوە هەڵواسرا: "ئەوەی ماتماتیکی نییە با نەیەتە ژوورەوە".

دوای ئەو چەند گوزارەیەی سەرەوە، کە مەرام لە باسکردنیان خستنە بەرچاوی گرینگی ماتماتیک بوو لە ژیانی هزریدا، بەباشی دەزانین پێی بخەینە ناو قۆناغێکی تری نووسینەکەمان و بۆ ئەو مەبەستەش دەمانەوێ ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەو لایەنەی پێوەندیی بە گەشەی واتای ماتماتیکەوە هەیە. چونکە ئەو ڕۆشنایی خستنە سەر مێژووی گەشەی ماتماتیک ئەوەمان پێ دەڵێ سەردەمی سەرەتاکانی ماتماتیک بۆ ناوچەی بابلییەکان و یۆنانییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە و دواتر وردە وردە گەشەکردنەکە تەشەنەی سەندووە و ڕووەو ئەو ناوچانە ملی ڕێگەی گرتووەتە بەر کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و، لە پاش سەدەکانی ناوەڕاستیش بەولاوە گەشەی ماتماتیک بەزۆری کەوتووەتە بەشێک لە ناوچە جیاوازەکانی ئەورووپاوە. ئەڵبەتە لەگەڵ ئاوابوونی سەدەکانی ناوەڕاست کە مرۆڤایەتی پێی نایە ناو قۆناغێکی ترەوە و ماناداران بە هاتنە کایەوە و دۆزینەوەکان و هەوڵی مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا گەیشتە ترۆپک و گەشەی ماتماتیکیش، کە مانای بۆ ئەم دۆزە نوێیە پەیدا کرد. بەزۆری خۆی لە وڵاتانی ئەورووپاییدا قەتیس کرد، واتە دوا ئێستگەی ماتماتیک بوو بە ڕۆژئاوا، ئەو شوێنەی ڕۆڵی لە ئاواکردنی سەدەکانی ناوەڕاست دی. هەر بۆیەشە ئەمڕۆ گەشەی تەکنیک و ئەمجار زانستە سروشتییەکان کەوتووەتە وڵاتانی ئەورووپاوە. کەواتە هاوهەنگاوبوونی گەشەی زانست لە تەک ماتماتیک لە ڕۆژئاوا مانایەکی گەورەی بۆ ئەو گەشە گەورە و بەردەوامە هەیە کە ڕۆژئاوا لە ئێستادا پێی ناسراوە. بەواتایەکی تر، ئەوەی گەشەی زانست لە ڕۆژئاوا شانبەشانی گەشەی ماتماتیک ڕێی کردووە و ئەمەش وای کردووە ماتماتیک ببێ بەڕۆحی زانستی نوێ، کە ئەوەش بریتییە لە تەکنەلۆجیای زانیاری، بەهێزترین ناسنامەی شارستانی بۆ ڕۆژئاوای ئێستا دروست کردووە.

بەپێی ئەوەی لای سەرەوە بێ پرۆسەی گەشەی زانین و میتۆدی ماتماتیکی لە ناوچەکانی ئێمەدا، لە ناوچەی میزۆپۆتامیا کە لە دیرۆکی ماتماتیکدا یەکێکە لەو ناوچانەی هزری ماتماتیکی تێیدا نەشونمایەکی باشی کردووە، ڕیشەی خۆی هەیە. بەڵام لە سەردەمی نوێدا ئەم ناوچانە پشتیان لەم جۆرە هزرە کردووە و بەدڵنیاییشەوە کۆمەڵگەی ئێمە لەم بوارەدا زێدە چالاکە، واتە چالاک بووە لە پشتکردن لە ماتماتیک. ئەڵبەتە ئەم پشتکردنەش لە ماتماتیک گرفتی مرۆیی و

ڕاسیۆنالی زۆری بۆ ئەم کۆمەڵگەیە دروست کردووە و بە بیری نائایندەیی و سیحری و ناهزریشەوە گلاندوویەتی.

وەک بەرەنجامی ئەوەی باس کرا، شتێکی ئاشکرایە کە لە ئەمڕۆکە بیرکردنەوەکانمان (تێهزرینمان) بەگشتی و گەشەی وتاری ڕووناکبیریمان بەتایبەتی لە پێوەندیدا نەبێ بەماتماتیکەوە. هۆی ئەوە گەر ئەوە بێ ئێمە دەمێکە پشتمان لە ماتماتیک کردووە ئەوا ئەوە شتێکی ڕاستە، بەڵام هۆیەکی تری ئەمەش گەر ئەوە بێ ئێمە لەم پشت لێکردنە لە ماتماتیک تەنیا نین ئەوەش دیسانەوە شتێکی هەر ڕاستە. بەڵام هیچ یەکێ لەو هۆیانە پاساوی ئەوە نادەن کە ئێمەی مرۆڤ، وەک مرۆڤی کورد، لەم پشتکردنەمان لە ماتماتیک زیانێکی بێ ئەندازەمان لێ کەوتووە. بەبێگومان پشتکردنیشمان لە ماتماتیک بێ ئاکام نییە و ئەم پشتکردنەش هەندێک دیاردەی سەیری لەناو توێژی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورددا دروست کردووە کە شایانی دەستنیشانکردنن:

* ئێمە گەر بینینە ئەفلاتوونییەکان بۆ مانای ماتماتیک لە ژیانی مرۆڤدا بەسەر ڕۆشنبیریی کوردیدا پێڕەو بکەین باوەڕ ناکەم، بە هیچ شت و شوێنێکی دیاریکراو بگەین چونکە پشتکردنی توێژی ڕووناکبیریمان لە ماتماتیک دەرگەی لە گشت گەشەیەکی زانستی گرتووە و ڕەوتی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنیشی بێ سنوور ناکۆنکرێت و نابەرجەستە کردووە.
* بایەخدان بە نووسین و تێکستی ئەدەبی و مێژوویی (ئەڵبەتە سیاسییش) لەناو توێژی ڕووناکبیرانی کورد لە ڕادەبەدەر بەهێزە و بگرە تاکە بوار و داڵدەیەکیشە بۆ تیۆریزەکردن و ئەنجامدانی شیکردنەوە.
* دابڕانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ماتماتیک و پشتبەستنی ئەم زانستانە بە شتی فانتازی و هەقایەتئامێزی بووە بە ناسنامەی وتاری ڕەخنەیی کوردی. ئەمەش بەدڵنیاییەوە گورزێکی گەورەی لە ئەندێشەی ئەم جۆرە زانستانە داوە.
* گەشەی زانستە سروشتییەکان لەناو ئێمە تا بڵێی لاواز و بێهێزە، ئەمەش نیشانەیەکی باشە لەسەر ناکاریگەریی ماتماتیک و نەبوونی هزرێکی ماتماتیکی.
* فەلسەفە شوێنێکی زێدە هزرییە بۆ داڵدەدانی ماتماتیک، بەڵام گرفتی ڕووناکبیری کوردی لەوەدایە شوێنێکی بۆ فەلسەفە دابین نەکردووە. بۆیە نەبوونی فەلسەفە وەک دیسپلینێک ئەوە ئاشکرا نەبووە چەند ماتماتیک بوارێکی زانستیی کاریگەر و پۆلێکی هزریی بەرهەمهێنەرە. کەواتە کە فەلسەفە نەبوو هیچ شتێک ناتوانێ لەناو ئێمە ئەوە ڕوون بکاتەوە ماتماتیک هزرە و ئەمجار هزرێکی پێویستیشە.
* زانست لە تەک ماتماتیکدا دەست پێ دەکا[٤٠] ئەی ئەو کاتەی ماتماتیک شوێنی بایەخ نییە و ئیلیت (دەستەبژێر)ێک نییە کاری ئەوە بێ ماتماتیکییانە بیر بکاتەوە (تێ هزرێ) ئاستی زانست لە کوێدا دەبێ؟ بەدڵنیاییەوە ئاستی زانست لەو شوێنە دەبێ کە ئەمڕۆ تیایەتی. ئەڵبەتە ئاشکرایە و ئەمڕۆ هەموو لەوە بەئاگاین ئاستی زانست لەناو کورد شایانی حەسوودی پێ بردن نییە و ئەو شەپۆلی گەندەڵییەش کە بەڕێوەیە زۆرترین دەگە و زیانی نەک لە

نەشـونمای زانسـتی داوە بـگرە بکوژی ڕاسـتـەوخـۆ و ڕاسـتـەقـینـەی گشـت دیتن و بینینێکی ڕاسیۆنالی و مرۆییشـە.

* لەناو نووسـەر و ڕووناکبـیرانی کورددا بایـەخ بۆ زانسـتـە تەجریبـیـەکان (فـیـزیا، مـاتماتیک، بیـۆلۆجـی- زیندەوەرنـاسی- و... هتد) نییـە. هـەروەها پێوەندیی لەلایەک لـە نێوان زانسـتـە مرۆیی و کۆمەڵایـەتی و لەلایەکی تر لە نێوان زانستە تەجریبییەکانیشدا نییە. ئەم پێوەندییەش ئەستەمە دروست بێ تا ماتماتیک لە هزری ڕووناکبیر و ئەکادیمیکارانی کورددا پەڕاوێز بێ.

وەک دوا پەیڤیش دەمانەوێ بڵێین، ئێمە لە ڕێگەی ڕوانینەکانی ئەم نووسینە کورتەوە ویستمان سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوەش ڕاکێشین کە گرینگە لە هزرماندا شوێن و داڵدەیەک بۆ ماتماتیک چێ بکەین، چونکە هزری مـاتماتیکی و هەوڵە ئاکسیۆمییەکانی ئەم هزرە مانایان لە ژیانی پراکتیکیی مرۆڤدا هـەیە. لە سەرێکی ترەوە ئەم هزرە یارمـەتیی ئەوەشمـان دەدا چڕ و ورد و تیژ و پوخت بیر کـەینەوە. پوخت بیرکردنەوەش بەخۆی هەنگاوێکە بۆ دوورکەوتنـەوە لە میستریۆم "جادووگەرایی". بۆ ئەوەی پوختیش بیر بکەینەوە دەبێ لۆجیکی بین "مەنتیقی بین". چونکە لۆجیکیبوون، کە لۆجیکی تێـهزرین دەگەیەنێ، بەو مـانایە دێ ئێمە کۆنکرێت تێ دەهزرین و هەمـان زانیاری لـە دیدی جیـاوە دەردێنین. بـۆیە ئەو کـەسـەی لۆجـیکی تـێ دەهزرێ (بیـر دەکاتەوە) گـفـتوگـۆکـانی ڕاسـتـەوخـۆ و دیاریکراو و بـەرجـەسـتـە دەبێ. ئەم جـۆرە گـفـتوگـۆیەش دەشـێ ناو بنرێ گفـتوگۆی پوخت کـە لە بنەچەدا ڕاسیـۆنالیشـە. هەر لەبەر ئەوە تێهزرینی لۆجیکی جۆرە تێهزرینێکی ڕوون و سنووردار و کۆنکرێتـە. ئەم جۆرە تێهزرینە، جا ئەوە تێهزرینی لۆجیکی بێ یان ڕاسیـۆنالی، لە سۆز، پاڕانەوە، گـریان، تووڕەبوون، هـەڕەشـە، لەخـۆبایـیـبـوون و مـشـەخـۆری لەسـەر دید و بۆچـوونی ئەوەی ترەوە دوورە. چونکە ئەو کەسەی لۆجیکییانە بە ئاکامێک دەگا لە میانەی تێگەیشتنی خۆیەوە بەوە گەییوە و بۆیـەشـە بەوە گـەییـوە چونکە ڕەخنەگـر و پوخت و کـۆنکرێت بیـری کـردووەتەوە. ئەم کـەسـە لەبەرئەوەی لۆجیکیـانە بیـری کردووەتەوە پێـویسـتی بەوە نییـە زمـانێکی ساویلکە و زەبراوی و ڕەوانبێژیئامێز بەکار بەرێ.

پاشـان هەر ئەو هـزرە مـاتماتیکییـەی جـەخـتی لەسـەر کـرا مـەبەست لێـی ئەوەش بوو، هزری لەم جۆرە دەتوانێ لەلایەن خۆیەوە کاریگەری بەسەر دیتنە میتافیزیکی و ئیتیکییەکانیشـمانەوە بەجێ بێڵێ. بۆیە بۆ ڕێگەگرتن لە گێڕانەوەی مێژوویی کە بەرۆکی تێرامان و نووسینی گرتووین پێویستە ڕێگە لە بەردەم هـزری مـاتماتیکیـدا بکەینەوە. چونکە تـا ڕەهەندی مـاتماتیکی نەکـەوێتـە ناو تێـهزرینەکـانمانەوە ناتوانین نە پوخت و نەش کـۆنکرێت بیر کـەینەوە. کـەواتە هـزری مـاتماتیکی یارمەتیدەرێکی باشە مرۆڤ تا بکارێ بڕیاری یەکلایی و ژیرانە بدا و خۆی لە ڕاڕایی و گومانی بێ بناغە بەدوور بگرێ. هەروەها گەشەی هزری ماتماتیکی لە کۆمەڵگە و لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا یارمەتیدەری باشن بۆ بەدەستـهێنانی ئاکامی ڕاسیـۆنالی و بنەبڕی. بۆیە بەلامانەوە زێدە ئاسایی بوو لە میانەی ئەم نووسینەدا پێگیری لەسەر ئەوە بکەین ڕۆڵی زانین و ڕاستیيە ماتماتیکییەکان لە گـۆڕینی باوەڕ و شـێـوازی بیـرکـردنەوە و ژیانی مـرۆڤ بێ ئەندازە مـانادارە و ئەم مـانـایەش لە سەردەمی نوێدا هێجگار لە تەشەنەسەندندایە.

# نووسەری گەندەڵ

لە یەکێک لە باسەکانی لای سەرەوە بێزاریی خۆمان بەرامبەر بە بێ شکۆداریی نووسینی کوردی دەربڕی و ئەوەشمان دەستنیشان کرد کە نووسینی کوردی، نووسین لە کۆمەڵگەی گەندەڵ، بێ ئەندازە بێ هەیبەتە و سامی خۆی لەدەست داوە. بەڵام لێرە، لەم بەشە، دەمانەوێ لەلایەک ڕەخنە ئاراستەی ئەو کەسە بکەین پێی دەڵێن "نووسەر" و، لەلایەکی تر بەباشی دەزانین ڕۆڵی ئەم کەسە لە تێکدانی ئازادیی ڕادەربڕین و ستاتۆسی (کیان) بیر و بۆچوون (بینین، دید)دا بەرچاو خەین. ئەم کەسە، بە باوەڕی ئێمە، لەم جۆرە کۆمەڵگەیە کە بەرامبەر بە تێکدانی کردەی نووسین و مانای بیر و بۆچوون بەرپرسیارە لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە کار بۆ بەفریشتەبوونی خۆشی دەکا. بۆیە لە ڕێگەی ئەم بەشەوە دەمانەوێ دژ بەو ئاراستەیە بوەستینەوە کە نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ بە فریشتە دەزانێ و، لەو گەندەڵییە هزرییەش بێلایەنی دەکا کە لە کۆمەڵگەدا لە نەشونمادایە. کەواتە لەم بەشە هەوڵ دەدرێ نووسەر، نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ، کە بەشێکە لە توێژی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی ناوبراو، لەوە بخرێ کە وەک فریشتە ببینرێ. چونکە ئەو گەندەڵییە هزرییەی ئەم کۆمەڵگەیە تێیدا دەژی نووسەرەکەی، هەروەک سیاسییەکەی، بەرپرسیارە لێی. بەڵام لێرە مەبەستی ئێمە لە نووسەر گشت نووسەری کۆمەڵگەی ناوبراو نییە بگرە تەنیا ئەو بەشەیە دروستکەری گەندەڵییە و لەو گەندەڵییە هزری و سیاسییەش بێدەنگە کە لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدا.

بۆ ئەوەی تێگەیشتنی خۆمان لەسەر بێلایەنیی نووسەر لە دروستبوونی زەلکاوی گەندەڵی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردی بەهەڵە دەربخەین دەمانەوێ لەوێوە دەست پێ بکەین کە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا، زۆربەی توێژەکانی کۆمەڵگە بە نووسینەوە سەرقاڵ دەبن و نووسین دەبێ بە کار و پیشەی گشت (زۆربە) و ئەوەی نەنووسێ (بڵاو نەکاتەوە) لە پەڕاوێزی کۆمەڵگە کۆلاپساوییەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە و، لەبەر ئەوە کەس بەو بەختە قایل نابێ لە پەڕاوێزدا بێ بۆیە دەبینین هەر هەموو یان زۆرینەی خەڵک لەم جۆرە کۆمەڵگەیە دەنووسن. ئەگەرچیش هەر هەموو لەم جۆرە کۆمەڵگەیە تێکڕا دەنووسن، بەڵام موخابن هەر هەموو وەک یەک دەنووسن و نووسینەکانیشیان نە کاریگەرە و نەش لەلایەن ئەوی ترەوە هەڵدەگیرێتەوە. واتە گرفتی ڕووناکبیری یان تەنگوچەڵەمەی هزریی کۆمەڵگەی گەندەڵ ئەوە نییە نووسین (تێکست) نەبێ، یان نووسین دەست نەکەوێ نەخێر ئەمە مەسەلەکە نییە، چونکە چواردەوری گشت کەسێک بە ڕۆژنامە و هەفتەنامەی ئەهلی و حزبی گەمارۆ دراوە، بگرە گرفت و عیلەتی سەرەکیی کۆمەڵگەی گەندەڵ لەم ڕووەوە، لەوەدایە نووسین وەک پیشەسازییەک دەبینرێ. نووسین لەبەرئەوەی، وەک گشت بەروبوومەکانی تر (سیاسەت،

جــوانکاری یـان هونـەر، خــۆشــەویســتـی و زانین) لـە کــۆمــەڵگەی گــەندەڵ ڕەواجـی هەیـە ئەم بەڕەواجـبـوونەی نووسـین سـەرەتایەکـە بۆ بەگـەندەڵیکردن و بەدکـردنی نـووسـین، ئەمـەش بەخـۆی کـارێکی وا دەکـا شـتێ نەبێ پێ بوترێ بیر و بـۆچوون. ئەو دەمـەش بیر و بۆچوون بوونی نییـە یان نووسین بەبێ بیر و بۆچوون دەژی گـۆڕانکاری ئەسـتـەمـە بێـتە کـایەوە. بۆیە نووسـین بە گـەندەڵی ناوێرێ.

ئەم باســەی لە ســەرەوە هێنایە گــۆڕێ بـەرباس خــرا (واتە بـێ شکۆداریی نووسـین و وتـنی نووسەران) بیـرۆکەیەکی لای ئێمـە دروست کردووە پێچـەوانەی ئەو بیرۆکە بـاوەیە لەناو خەڵک زاڵە. لەناو خـەڵک دۆزی نووسین لە کـۆمـەڵگەی نـاوبراو بارێکی ئەوتۆی هـێناوەتە گۆڕێ کـە زۆربە ڕووی دەمـیـان کـەمـتر ئاراسـتـەی بەرهـەمـهـێنـەرانی نووسین بکەن (واتـە نووسـەر) و زۆرتـر ئاراسـتـەی بەکاربرانی (واتە خوێنەر) نووسینی بکەن، بەڵام ئێمـە کێشـەکە ئاوا نـابینین. لەلایەک ئەوە دەڵێین کە، ڕاستە ڕەخنەکردنی خوێنەرانی کۆمەڵگەی گەندەڵ ئەرکێکی ڕووناکبیرییە، بەڵام ئەوەی وای لە نووسـین کردووە وتن و گوزارەکانی، وشە و واتاکانی، بایـەخ و کێشیان نەبێ تەنیا، یان بەزۆری، بۆ خوێنەر ناگەڕێتەوە بگرە بەزۆری و بەگشـتی نووسـەر لەم ڕووەوە بەرپرسـیارە. لەلایەکی تریش ئەوە دەڵێین کـە، ڕاسـتـە ئەوەی هەڵناگـیـرێتـەوە وتنی نووســەرانە و ئەوەی بەکـار نـابرێ تێگەیشتن و سەیرکردنی ڕۆشنبیرانە بەڵام ئەمە بەرەنجامە و هۆ نییە، بگرە هۆکە ئەوەیە نووسینی نووسەرانی کورد بێ ئـامـانج و بێ هزرە ئەمـەش ئەو تێگەیشـتنە لای ئێمـە دروست دەکا کە نووســەری کورد سەبارەت بە هـاتنە خوارەوەی ئاستی نووسینی کوردی سووچبارە. کەواتە پوختەی ئەم بەشە خۆی لە ڕوونکردنەوەی بیـرۆکەیەکدا دەبینێتەوە ناوی دەنێین بەفریشـتـەکردنـی نووسەر. هۆی ئەوەش بەم جـۆرە نووسـەر ناوزەد دەکـەین، بۆ ئەو تیـۆرییـە فـەلسـەفـیـیـانە ناگـەڕێتـەوە سـێ و چوار دەیەیەک لەمــەوبەر لە نێـو بیـریارانی ڕۆئاوا نووســەری پێ پێناســە کـرا، واتە تیـۆری مـەرگی نووســەر کـە پاشـماوەی هـزراندنی بیرمـەندە پاش بنەمـاخـواز و پاش تازەگەرەکان بـوو، بگرە هۆی ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە لە کۆمـەڵگەی گەندەڵدا نووسـەر نەک هەر دەبێ بە پاشگری بەردەوامی دەسـەڵات، بگرە تێکەڵاویی ئەو گەندەڵییەش دەبێ جەستەی کۆمەڵگەی لە هەموو لایەکەوە دەردەدار کردووە.

واتە ئێـمـە لەم نووسـینەدا تەنیـا بەوەوە ناوەسـتین نووسـەر وەک پاشـگری دەسـەڵات ببـینین، کـە بەخـۆی خـەسـڵـەتەکانی ئەو گەندەڵـییـەی کۆمـەڵگە پێیدا تێ دەپەڕێ لە پشت ئەم بـەپاشگربوونەی نووسـەرەوەیە، بگرە نـووسـەر وەک ئەو بوونەوەرەش دەبینین ناتوانێ سـەرووی دیاردە گەندەڵەکانی کـۆمـەڵگـە بێ و، ئەم کـۆمـەڵگەیەش لـەبەرئەوەی گەندەڵیـیـەکەی زۆر کاریگەرە، ئەمـە کـارێکی ئەوتۆ دەکا، هـیوایەکی زۆر بخـرێتە سـەر نووسـەر، بەڵام لەبەرئەوەی گەندەڵییەکە زۆر بڵاو و درێژخـایەنە، نووسـەریش پێـوەی گـلاوە. ئەم شـێـوە دیتنەش وا دەکـا سـەرەتـا بۆ ئەوە بچین ئـەوەی نووســەری کۆمەڵگەی گەندەڵ لەکەدار دەکا نووسـەر خۆیەتی نەک دەسـەڵات، چونکە هەقـایەتی لەکەدارکـردنی نووسـەر لـەلایەن دەسـەڵاتەوە لە هەقایەتە کۆنەکانی کۆمـەڵگەی گەندەڵە کە بۆ لەمەولا پێویستـە پتر سـەرنج بخرێتە سـەر خودی نووسـەر و نووسـینەکەی، نەک دەسـەڵات و نووسـەر. بەپێی ئەوەی گرفتی نووسـەریش لە کـۆمەڵگەی گەندەڵدا لەوەدایە نووسـینەکانی خۆی ناخوێنێتـەوە و، مەفتوونی ئەوەشە

بەلێشاو بنووسێ ناپەرژێتە سەر ئەوەی لەوە تێ رامێنێ کە بڵاوی کردووەتەوە. واتە نووسەرانی کۆمەڵگەی گەندەڵ گەر نووسینەکانی خۆیان بخوێننەوە لەوە حاڵی دەبن زۆر شت هەیە دەکرێ نەنووسرێ، یان زۆر شت هەیە پێویستە بەجۆرێ تر بوترێ، هەروەها زۆر شت، بگرە هەر دنیایەک شت، هەیە نەنووسراوە دەبایە پێشتر قسەیان لەسەر کرابا، لەمەوبەر بوترایە بەڵام هیچ یەکێک لەمانەی ئێمە دەیڵێین جێی بایەخی نووسەری گەندەڵی کۆمەڵگەی گەندەڵ نەبووە. لەوانە سەیرتر نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ، کە نووسەرێکی گەندەڵ و دژ بە هزرە، لەوە بێ ئاگایە هەچ نووسەرێک سالآنێک نووسی ناشێ نووسینی خۆی کاوێژ کاتەوە و تەنانەت نالۆجیکیشە بەری بیر و هزری کەسانی تر بجوێتەوە، بەلآم "ئەم" "نووسەری گەندەڵ"ە هەموو ئەمانە دەکا چونکە گەندەڵە و دژی هزر و داهێنانە. بۆیە نابێ و ناشێ نووسەری کۆمەڵگەی ناوبراو وەک فریشتە و کەسێک بێ گوناه تەماشا بکرێ. بەلآم نافریشتەییی نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ تەنیا بۆ ئەم لایەنانە ناگەڕێتەوە، بگرە بۆ هەندێ لایەنی تریش دەگەڕێتەوە لەوانە هەوڵی نووسەری کۆمەڵگەی ناوبراو، واتە نووسەری گەندەڵ، لە کۆیلەکردنی خوێنەر. ئەم ڕەفتارە کە تا بڵێی گەندەڵاوییە مانای خۆی بۆ بێ نرخکردنی خودی کردەی نووسینیش هەیە. چونکە نەرجسیەتی نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ شتێکی بێ مانا و ناپێویستە و کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەشی بەسەر مانای نووسینەوە بەجێ هێشتووە. یەکەم دەگەش کە لەم ڕووەوە نووسین بەری دەکەوێ ئەوەیە نووسین بێ نرخ دەبێ و هەڵناگیرێتەوە، واتە نووسین کاری پێ ناکرێ و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە ناگۆڕێ.

خاڵێکی تریش دەکرێ لێرەدا وەک دەلیلێک بۆ قبووڵ نەکردنی نووسەر وەک فریشتەیەک ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە ڕەفتاری گەلێ لە نووسەرانی کورد گەندەڵاوی و خێڵەکییانەیە. چونکە نووسین بۆ بەشێک لە نووسەرانی کورد نەک هەر بووە بە بەشێ لە ژیانیان بگرە گشت ژیانیانیشی داگیر کردووە. ئەو دەمەی کە نووسینیش دەبێ بە گشت ژیان بەتەبیعەتی حاڵ شوێنێک بۆ پشوو، بۆ وەرزش، بۆ ئەویندارى، بۆ پێوەندیکردن بە ئاژەڵەوە (بەخێوکردنی ئاژەڵ)، بۆ بایەخدان بە ژینگە و پیاسەکردن لەناو سروشتدا نامێنێتەوە. هەر لێرەش دەشێ ئەوە وەبیر بهێنرێتەوە کە هۆی ئەوەی دەمێکە خۆم لە خوێندنەوەی شیعری تازەی کوردی، کە زۆربەشی شیعری شاعیرانی هاوڕێمن، تۆراندووە بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە زۆربەی شاعیرە هاوڕێکانم بە ساڵ پیاسەیەک لەناو دارستانێک ناکەن و زۆربەی هەرە زۆریشیان حەوسەڵەی بەخێوکردنی ئاژەڵێکیان نییە یان تاقەتی بایەخدانیان بە تاکە ئینجانەیەک لە ماڵەکانیاندا نییە و، ئەمەو بگرە بەساڵ پیاسەیەک لە تەک هاوسەر یان خۆشەویستەکانیشیان ناکەن. ئەوەش تەنیا لەبەرئەوەی "ئەمانە" دەنووسن و کاتیان بۆ ئەو شتانە نییە، بەلآم سەیرەکە لەوەدایە "ئەمان" لە نووسینەکانیاندا (لە چیرۆکەکانیاندا، لە قەسیدەکانیدا) گشت ئەو شتانە بە وشە دەکەن. لەوە سەیرتر ئەوەیە "ئەمانە" دەنووسن بێ ئەوەی لە پێوەندیدا بن لە تەک ئەوەی لەبارەیەوە دەینووسن. بەخۆی هەر ئەوەشە هەقیقەتی نووسەری کۆمەڵگەی لێوانلێو لە داڕمان و گەندەڵ کە نازانێ لە دەرەوەی نووسین پێوەندی بەژیانەوە بکا. بۆیە ئەم جۆرە نووسەرانە، نووسەرانی گەندەڵ، ڕەفتاریان لە تەک نووسینەکانیاندا گەلێ جودایە و ئەوەی بە وشە دەیڵێن بە ڕەفتار نایکەن و ڕەفتاریان تا بڵێی گەندەڵ و ناهزرییە و ڕێخۆشکەریشە

بۆ جۆره ژیانێکی گەندەڵاوی و ناپاکدامێن.

وێڕای ئەوەی لای سەرەوە وترا، ئەوەش دەڵێین، نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ لەبەرئەوەی مەفتوون و شێتی نووسینە، لەبەرئەوەی خەونی سەرەکیی ئەم نووسەرە ئەوەیە تەنیا بڵاو بکاتەوە، نە فریای هاوڕێیەتی دەکەوێ و نەش پیاسەیەکی ناو باخچەیەک، تەنانەت لەو شتەش ناگایە پێی دەڵێن پشوو، پشووی هاوینە یان زستانە، بەڵام لە بری ئەوە زۆربەی نووسەرانی کورد مەیلی داهێنانێکی تریان تێدایە ئەوەش عارەق خواردنەوە و گاڵتەجاڕی. ئەمە و بگرە زۆربەی نووسەرانی کۆمەڵگەی گەندەڵ لەبەرئەوەی مانەوەیان بەوەوە بەستراوەتەوە دەبێ بەردەوام بنووسن و بڵاو بکەنەوە بۆیە بەلێشاو دەنووسن، بەڵام بەبێ ئەوەی بەلێشاو بخوێننەوە، یان جار جارە پشوویەک بدەن و ئەوە بخوێننەوە نەک هەر ئەوانی تر نووسیویانە بگرە ئەوەش کە خۆیان ماوەیەک لەمەوبەر نووسیویانە. بۆیە نابێ نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ وەک فریشتە تەماشا بکرێ.

لایەنێکی تریش کە شایانی باسکردنە و کەسێتیی نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ لەکەدار دەکا ئەوەیە، نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ ناتوانێ پەی بەوە ببا "ئەم" پێش ئەوەی نووسەر بێ مرۆڤە، هەروەها نووسەری گەندەڵ لەوەش حاڵی نەبووە دەکرێ باوکێکی یان مێردێکی یاخۆ هاوڕێ، ئەمجار عاشقێکی خراپ بێ. "ئەم" لەبەرئەوەی ڕۆژانە کاغەز ڕەش دەکاتەوە و لەم کۆوار و لەو هەفتەنامە شت بڵاو دەکاتەوە خۆی لێ بووە بە فریشتە و ئامادە نییە پێی بوترێ "تۆ" بەدی دەکەی. ئەم کە شانازییەکی زۆر بەو سوپایەوە دەکا لە خوێنەران لێرە و لەوێ دروستی کردوون، ئامادە نییە خۆی بکا بەبەشێک لەو گەندەڵییەی هەیە. بۆیە دەبێ لە نووسەری گەندەڵ بپرسین: "تۆ" ئەی نووسەری گەندەڵ بۆ بەم جۆرە دەڕوانیتە خوێنەر؟ تۆ بۆ بۆ ئەوەی ڕەخنەگرانت بێدەنگ و کپ بکەی بە جاهیل و نەخوێندەواریان ناوزەد دەکەی؟ بۆیە "تۆ"، ئەی نووسەری گەندەڵ، لەو شوێنە گەندەڵە نەبێ کە خۆتت تێ خزاندووە (کە ئەوەش کوردستانە) پێمان بڵێ لە چ شوێنێکی سەر ڕووی ئەم زەوییە بۆچوون و نووسینەکانت دەوترێنەوە و یان بوونە بە سەکۆیەک بۆ شت لێوە فێربوون؟ بۆیە پێت دەڵێین: تکایە ئەی نووسەری گەندەڵ هێمن بەرەوە و بەباری گەندەڵاوی و بێ هزریتدا بچۆرەوە، "تۆ" بەوەی بیری کەسانێکی تر کاوێژ دەکەی بێ ئەوەی ناویان بهێنی، "تۆ" بەپێی ئەوەی دیتن و واتای ئەم و ئەو کۆپی دەکەی و سەیرکردن و وشەی تریان لێ دادەتاشی بەمە نابی بە فریشتە، هەروەک وتم زۆر ئاساییە عاشقایەتییەکەت، باوکایەتییەکەت و برایەتییەکەت تا دەگاتە هاوڕێیەتییەکانت لەکەدار و کۆڵاپساوی بن. بۆیە "تۆ" پێویست و مەرجە لەوە بگەی پێش ئەوەی "تۆ" نووسەر بی مرۆڤی، باوکی، خوشکی، مێردی و هاوڕێیی و... هتد. ئەمە و ئەی نووسەری گەندەڵ "تۆ" نابێ بەردەوام ناز بەسەر خوێنەردا بکەی، نابێ وایان تێ گەیەنی گەر "تۆ" نەتنووسیبایە دەبایە ئێستا کورد لێرە و لەوێ هزر قەرز بکا. دڵنیابە نووسەری گەندەڵ خوێنەرانی "تۆ" گەر لە ژینگەیەکی ڕۆشنبیری و سیاسیی تر بژیانایە، گەر شیاوی فێربوون و خوێندنێکی جیا و تایبەتیان بۆ بڕەخسایە هەرگیز نووسینە بێ ناوەڕۆک و پارادۆکسالەکانی "تۆ"یان نەدەخوێندەوە.

ئەمە و نووسەرانی کۆمەڵگەی گەندەڵ، هەروەک سیاسییەکان، بەزۆری پیاون و نووسینیشیان

کردووه بە چەکێک بەدەستیانەوە بۆ پاراستنی پیاویەتی (باوکایەتی، مێردایەتی و عاشقایەتی)ی خۆیان. "ئەمان" لەبەرئەوەی پیاون خۆیان لەو جۆرە شتانەش دەدەن کە پیاوەتییای لێ دەبارێ، بۆیە لەم دواییە و پاش دەرکەوتنی هەندێ نووسەری ئافرەت ئاراستەکان گۆڕان و، بایەخ و شێوازەکانی نووسەرانی ئافرەت ئەو بوار و کێشانەی گرتەوە، نووسەرە پیاوەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ لێی نەدوابوون. بۆ نموونە بایەخدانی نووسەرە ئافرەتەکان بە ئافرەتە ئەنفالکراوەکان، یان بایەخدانیان بە کێشەی ئافرەت و منداڵ و داهاتووی خێزان. ئەمە و لەبەرئەوەی زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی کۆمەڵگەی گەندەڵ پیاون ئەم پیاوانە ئامادە نین لە کێشەی ژیندەری بەرامبەریان بگەن، هەر بۆیەشە نە ڕەخنەیان دەکەن و نەش گفتوگۆ. ئەڵبەتە لێرەدا پێویستە ئەوەش بوترێ کە، نووسەرە ئافرەتەکان تێکستەکانیان لە گەلێ ڕووەوە تا دەگاتە ڕەفتارەکانیان شایانی هەڵسەنگاندنن، بەڵام لەبەرئەوەی نووسەری کۆمەڵگەی ناوبراو بەزۆری پیاون ڕووی دەمیشیان تەنیا لە شتە سیاسییە درشتەکانە و ئەوەی پێی دەڵێن بابەتی ئافرەتیزم، منداڵپارێزی، خێزاندۆستی و تەنانەت ژینگەپارێزی و ئاووهەواگەری و ئاژەڵدۆستی (کە هەموو ئەوانەش ئێستا لە کۆمەڵگە مەدەنییە ڕاستەقینەکاندا بەزۆری بوونە بەجێی بایەخی ئافرەتان) شوێنی تێڕامانیان نین بۆیە نووسەرە ئافرەتە کوردەکان بەئارەزووی خۆیان دەنووسن و بۆچوونەکانیان نەک لەلایەن نووسەرە پیاوەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵەوە، شوێنی باس نین بگرە لەناو نووسەرانی ئافرەتیشدا بایەخیان نادرێتێ. بەڵام نووسەرانی پیاوی کۆمەڵگەی گەندەڵ وەنەبێ یەکجارەکی ئافرەتیان بیر چوویێتەوە، نەخێر وا نییە، ئەمانە بەشەو ئافرەتیان بیر دەکەوێتەوە یان ئەو دەمەی سەرخۆشن و قەسیدەیەک دەنووسن. بۆیە ئەو بەشتبوونەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی گەندەڵ دووچاری دەبێ تەنیا کارکردەی تاکی سیاسیی ئەم کۆمەڵگەیە نییە، بگرە کارکردەی ئەو جۆرە پیاوەشە کە پێی دەڵێن نووسەر (یان ڕۆشنبیر)، ئەمە و کارکردەی تاکی ئافرەتی کوردیشە بە نووسەر و غەیرە نووسەرەکەیەوە، کە ئەمەیان لە نووسینێکی تری ئەم کتێبە دواتر دێینەوە سەری.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ناواخن و ماهییەتی ئەم بەشە و تێگەیشتنیش لە پەیامی نووسەری گەندەڵ، بەپێویستی دەزانین کارەکتەرەکانی ئەم جۆرە نووسەرە لای خوارەوە، لە چەند خاڵێکدا کورت و پوخت بکەینەوە کە بەخۆی ئەو خاڵانە ئەوەش نیشان دەدەن کە نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ فریشتە نییە:

* ئەم بەشەی نووسینەکەمان نایەوێ نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ وەک کەسێکی بێ هەڵە و بیرخاوێن و دەروونساغ نیشان دا. لەبەرئەوەش نووسەری کۆمەڵگەی ناوبراو هەڵگری دنیایەک تێگەیشتنی گەندەڵاوییە ناشێ ڕەخنە نەکرێ و لەو ئاوەڵناوانەش نەخرێ (بوێژی ڕاستی، چاوقایم، بوێر و... هتد) سالانێکە بۆ خۆی داڕشتوون.
* نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ دەیەوێ تەنیا نووسینی "ئەو" بخوێنرێتەوە. ئەو کە فابریکە ئاسا لە هەڵڕشتنی وشە بەردەوامە وشەکانی تەنیا بەروبوومی گەرووی خۆی نین. بەڵام "ئەم" لەبەرئەوەی ڕۆشنبیرییەکی سۆفستایی بنیاتی دیتن و لێکدانەوەکانی ڕاگرتووە دەرک بەوە ناکا هزر گەندەڵە.

* نووسـەری کـۆمـەڵگەی ناوبراو گـشت ڕێسـاکـانی هاوڕێیـەتیی تێک داوە. "ئەو" تەنیـا ئـەوانە بە هاوڕێی خـۆی دەزانـێ نووسـینەکانـی کـاوێژ دەکـەنەوە. وەکی تـریش "ئەو" باشـترین هـاوڕێی ئەو کەسـەیە کاغـەز ڕەش دەکاتەوە و لەوەش بـترازێ نووسـەری گـەندەڵ هـاوڕێی نییە و مـاوەی جارێ ئەوپەڕی گەمە بە گشت پێوانەکانی هاوڕێیەتیش دەکا.

* لە هـەموو ئەوەی باس کرا سـەیرتر ئەوەیە کە نووسـەری گەندەڵ، هـەروەک سیاسییەکانی هـاوڕێی، دەروەسـتی تەندروسـتی خـۆی نایـێ و حـەوسـەڵەی ئەوەشـی نییـە لە سـاڵێکدا دە کیلۆمـەتر ڕابکا یان مـەلە بکا. بۆیە "ئەو" تەنیـا لە کـاتی نووسـینی قـەسـیـدەیەکدا، دارسـتـانی بیـر دەکـەوێتـەوە ئەڵبـەتـە ئەم نە بە تـەمـاشـاکـردنی دەریـایـێ ڕادەچڵـەکێ و نـەش بە بینینی جـەنگـەڵێکی پڕ لە سروشت و، نەش شـوێنـێ پڕ لە سەوزایی و هێمنی، هەستی دەبزوێنێ. ئەمـەش تەنیا لەبەرئەوەی ئەم خەیاڵی لای نووسینە و فریای ئەوە ناکەوێ تێڕامان لەو شتانەکا، بەڵام بەخۆی "ئەم" خەیاڵی لای ئەو سـوپا لە خـوێنـەرەیە لێـرە و لەوێ بۆ تەنگانە کـۆی کـردوونەتەوە. هـەروەک وتمـان گـەر سیاسییەکانی کۆمـەڵگەی گەندەڵ خەیاڵیان لای ژمارەی باڵاخانە و ئەو پاسەوانە لاتولووتانە بێ، لە بەردەم دەرگـەکانیـاندا پاسـەوانییان دەکـەن، نووسـەری کۆمـەڵگەی ناوبراو خـەیاڵی تەنیـا لای ژمارەی ئەو چەند کتێب و چەند سەد لاپەڕانەیە بڵاوی کردوونەتەوە.

* نووسـەری گەندەڵ یان نـووسـەری کـۆمـەڵگەی گـەندەڵ، هـەروەک سـیـاسـییـەکـان، هـەر خـەریکی پاسـاودان و پاکانەکـردنە بۆ ئەو ژەهرانەی لە ڕێگەی نووسـینـەکانییـەوە دەیپـرژێنـێ. ئەم، واتە نووسـەری کۆمـەڵگەی ناوبراو، لەبەرئەوەی تاکە شـتێ کە هـەیبێ زمانە، تەنیـا لە ڕێگەی زمـانەوە بوونی خـۆی دەپارێزێ. بۆیە کرووزانەوە و پاکانەکردن یەکێک لە ئامـرازەکانی ئەم زمـانە کـە لە ڕیشەدا زمانێکی سـۆفستاییـە بۆیەشە نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ هەردەم لە هەوای خۆ باش نیـشـانـدانـدایە. ئەڵبـەتە نووسـەری کۆمـەڵگەی ناوبـراو ئەم ڕەفـتـارەشـی دەقـاودەق لە ڕەفـتـاری سیـاسـیـیـە گـەندەڵەکـان دەکا کـە جـاروبار، گـازندە لە بەخـتی خـۆیان دەکـەن کە چەند قـەدەر لەتەکیاندا نەیهێناوە ئەگەرچی "ئەمان" کەسانێکی زۆر باشیش بوونە.

* نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ بەجۆرێک دەنووسێ وەک بڵێی گشت ژیان لە نووسین بڕێتی کراوە. ئەو لەبەرئەوەی هزرێکی گەندەڵاویی هەیە دەسـتووری نووسینی تێک داوە و لـەوەش نەگەییـوە نە ژیان لە دەرەوەی نووسین شیـاوە و نەش نووسین لە دەرەوەی ژیان. بەکورتی، نووسـەری گـەندەڵ لەو پێـوەندییـە دیالیکتیکییـە ناگـا نووسینی بـە ژیانەوە گرێ داوە و ئەوەش کـە ئەم پێوەندییـە پێـوەندییـەکی مـرۆیی بـاڵایە. واتە لەبەرئەوەی نـووسـەری گـەندەڵ لـە دەرەوەی ژیانەوە دێتـە ناو نووسین، ژیان ئەو شوێنەی لەناو نـووسینەکانیدا نییە و ژیان بۆ نووسەری گەندەڵ دەسکەلایەکە بۆ نووسین، نەک بەپێچەوانەوە ئەمە وا دەکا بۆ نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ نووسین لە خوێنەر گرینگتره. ئـەمەش یەکێکە لە هەڵەکانی دەستـەبژێری نووسـەری کۆمەڵگەی گـەندەڵ کە شتێکی زۆر لە نـووسـیندا دەبینـنەوە و لە ژیاندا شـتـێکی ئەوتۆ نـابیننـەوە. هـەر ئەمــەشــە وا دەکـا ئەو دەسـتـەبژێرە چێژ لە بینینی فلیمێک یان چوونە ناو دارسـتانێ یان سەوڵ لێدان و گەشـتێکی ناو

دەریا و پیاسەیەکی ناو جەنگەڵ نەبینن.

* زۆرترین گرفتێک کە نووسەری گەندەڵ دووچاری دەبێ ئەوەیە قسەکانی لەلایەن ئەوی ترەوە، یان هیچ نەبێ ئەو ئەوی ترەی گەندەڵ نییە، هەڵناگیرێتەوە یان کاری پێ ناکرێ بۆ ئەم لایەنە لای سەرەوە گەلێ هۆ دەستنیشان کرا دەشێ لێرە ئەم هۆیەش زیاد بکرێ: کەسی یان تاکی کۆمەڵگەی گەندەڵ سەرقاڵی ئەو بژێوییە بەرخۆریەیە سیستەمێکی گەندەڵ و دارماو دووچاری کردووە، بۆیە ئەم تاکە لەلایەک ناپەرژێتە سەر ئەوەی لە مانا و نهێنیی ئەو وشانە بگا دەیخوێنێتەوە و لەلایەکی تریش نووسەری هەمان کۆمەڵگەش لەبەرئەوەی هزر گەندەڵ و دەروون بیمارە، لەو سەختییانە ناگا سیستەم بۆ تاکی کۆمەڵگەی گەندەڵی دروست کردوون. کەواتە نووسەری گەندەڵ لەبەرئەوەی لە کێشە ماتریالییەکانی تاکی کۆمەڵگە ناگا تەنیا لە هەوای دروستکردنی قەڕاڵستانی خۆیەتی. ئەڵبەتە "ئەو" ئەمە لە ڕێگەی ئەو وشەسازییەوە ئەنجام دەدا کە بووە بە پیشەی.
* بۆ نووسەری (ڕۆشنبیری) کۆمەڵگەی گەندەڵ نووسین، پرۆسەیەک نییە لە هزراندن، بگرە کردەیەکە لە گوزارەکردن، بۆیە نووسینەکانی هەڵناگیرێنەوە و کاریشیان پێ ناکرێ. هەروەها نووسەری کۆمەڵگەی ناوبراو لەبەرئەوەی دۆستی واژە و زاراوەیە، گشت هێزێکی لە داتاشین و داڕشتنی واژە و زاراوە بەسەردەبا. بۆیە ئەوەی نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ سڵی لێ دەکاتەوە هزرە، چونکە ئەو بێ هزرییەی ئەم تێیدا دەژی تەنیا لە ڕێگەی قێزەونکردنی هزرەوە بۆی مەیسەر دەبێ. بەلام "ئەم" کێشە هزرییەکانی بەهۆی وشەسازییەوە چارەسەر دەکا. ئەم وشەسازییەش ناوەڕۆکی ئەو ڕۆشنبیرییە سۆفستاییەی پێک هێناوە کە ئەم جۆرە نووسەرانە دەیژێن. ئەم لایەنەش ڕەوشتی پاکدامێنی لە کۆمەڵگە بەهێز دەکا و لە تەک ئەو ئاکارەش یەک دەگرێتەوە کە گەندەڵی لە تەک خۆیدا هێناویەتی.
* ئابووریکردن لە بەکاربردنی زمان یان وشە شتێکە هیچ مانا و کێشێکی بۆ نووسەری کۆمەڵگەی گەندەڵ نییە و، ئەوەش کە بوونی ئەم جۆرە نووسەرانەی پاراستووە و ماهییەتیانی ڕاگرتووە، زۆر بەکاربردنی وشەیە، چونکە پیشەی نووسەری گەندەڵ جوان هۆنینەوەی وشەکان و بەجۆراوجۆر داڕشتنەوەی وشەکانە نەک شتێکی تر. بۆیە وشەی وەک باشە یان خراپە یانیش بەگشتی ڕەوشت بۆ نووسەری گەندەڵ لە ڕەفتارەوە دوورن و تەنیا گرێدراوی دەزگای وشەسازین.
* ئەو ئازادییە گەندەڵاوییەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا هەیە بەرژەوەندیی دوو توێژی تێدایە لەلایەک توێژی سیاسی (کە بازرگانیش بەشێکە لێی) و لەلایەکی تر توێژی ڕۆشنبیر (کە نووسەر بەشێکە لێی). ئەمان کە دوو توێژی بەرچاوی کۆمەڵگەی ناوبراو پێک دێن لە هەمان دوو توێژی ئەو کۆمەڵگەیەی زۆرداری سیاسی (بۆ نموونە وڵاتێک وەک عێراقی جاران) یان ئەو کۆمەڵگەیەی سیاسەتێکی ڕاست (بۆ نموونە وڵاتانی ئەسکەندەنافیایی) حوکمی تێدا دەکا جیاوازن. چونکە لە حاڵەتی یەکەم، واتە لە کۆمەڵگەی زۆرداری سیاسیدا، سیاسی ڕەنگە بازرگانیش بێ بەلام

بازرگان مەرج نییە سیاسی بێ، بۆیە لەم جۆرە کۆمەڵگانە بازرگان، کە زیاد لە پێویست پارەدار دەبێ، وەک مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵات سەیر دەکرێ. هەر بۆیەشە بازرگانەکانی سەردەمی دەوڵەتی بەعس زوو زوو ڕاوڕووت دەکران و یان پەلامار دەدران و وەکی تریش تیرۆر دەکران. هۆی ئەمەش تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی زۆرداری سیاسی لە بنەڕەتدا ئایدیۆلۆجیستن. هەرچی توێژی ڕۆشنبیرە لە کۆمەڵگەی زۆرداری سیاسی و تۆتالیتاری دەبێ بە دوو بەشەوە. بەشێکی، کە ئەمەیان بەشە کەمەکەیە، ئامادەیە لەبەر نووسینی هۆنراوەیێ یان تێکستێک، خۆی بە پەتا بکا (وەک ئەوەی بۆ نموونە بەسەر شاعیری ئازیزمان دڵشاد مەریوانی یان عەبدولخالق مەعرووفدا هات). ئەمانە ئەوەیان بەسەر دێ، چونکە ئەم کەسانە دڵسۆزن بۆ ئەوەی دەیڵێن. بەڵام بەشەکەی تر، کە ئەم بەشەیان تا بڵێی بەشە گەورەکەیە، بە دووڕوویی سیاسی و مشەخۆریی ڕۆشنبیرییەوە کات بەسەر دەبەن.

بەڵام لە حاڵەتی دووەم، واتە لە کۆمەڵگەیەکدا کە سیاسەتێکی ڕاست، تا ڕادەیەک ڕاست، پراکتیزە دەکرێ، سیاسی نە ئایدیۆلۆجیستێکی داخراوە و نەش بازرگانێکی ڕووت. ئەڵبەتە ڕۆشنبیریش تا بڵێی کراوە و باوەڕ بەخۆیە و نووسین ناکا بە پیشە و بژێویی ژیانیشی لەسەر ئەوە ناوەستێنێ بڵاوی دەکاتەوە، مەگەر لەسەر ئاستە گەورەکان نەبێ، ئەوەش ئەو چەند نووسەر و ڕووناکبیرە گلوبالە دەگرێتەوە بۆچوونەکانیان بوونە بە سیمبۆل.

بەڵام هەرچی کۆمەڵگەی گەندەڵە، لەو دوو مۆدێلە جیایە لای سەرەوە باس کران. چونکە لەلایەکی سیاسی بەشێکی زۆر لە بازرگانەکانی شار پێک دێنێ و لەلایەکی تریش دۆستێ هێژای ئەو تازە بازرگانانەشە پارەیەکی زۆریان بە بازرگانییەکی ناڕەوشتی و نامەدەنی کۆ کردووەتەوە. ئەم جۆرە بازرگانانە کە دەتوانن بۆچوونی سیاسییان هەبێ شوێنیان لەناو دەسەڵاتیش دیارە و جاری وایە دەستکاریی بزاڤی ڕۆشنبیری (بەتایبەت کەرتی میدیا) و تەنانەت کاری ئەکادیمیش دەکەن (بۆ نموونە زانکۆ دروست کردن). هەرچی توێژی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی گەندەڵە، کە نووسەر بەشێکە لێی، ئەمانە لە دوو بەش پێک دێن. بەشە گەورەکەی، کە هەر زۆر زۆرن، تا بڵێی سۆفستایی و بیزنتین. ئەم بەشە هەرە زۆرە کە هەردەم خەریکی کرووزانەوە و مشەخۆرین لە ڕێگەی ئەوەوە زۆرترین شوێن و جێگەیان لە نێوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا بۆ خۆیان دابین کردووە. هەر بۆیەشە ئێستا زۆربەی نووسەران دوو و سێ مەعاشیان هەیە کە ئەمە نە لە کۆمەڵگەی زۆرداری سیاسی و تۆتالیتارییەکاندا بۆ نووسەران دێتە دی و نەش لە کۆمەڵگە مەدەنییە ڕاستەقینەکان (مەبەستمان لێرە لە کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕاستەقینە ئەو کۆمەڵگە مەدەنییە هەرزان و بازاڕییە نییە، ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگەی گەندەڵ بانگەشەی بۆ دەکەن).

* یەکێک لە کاراکتەرە بەرچاوەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ ئەوەیە، بەشێکی زۆر لە نووسەرانی دووچاری هەمان ئەو پەتایە دەبن کە سیاسییەکان پێوەی گلاون. بۆ نموونە یەک لەو پەتایانەش ئەوەیە نووسەرانی کۆمەڵگەی ناوبراو وەک سیاسییەکان ڕاستەوخۆ نا پەیڤن، ڕوون نادوێن و درێژداڕی دەکەن بە سەکۆیێ بۆ پیادەکردنی هەقایەتە بیمارەکانیان. لە هەمان کاتدا دەبێ

ئەوەش لە بیر نەکەین، ئەگەر بڵێین نووسەرانی کۆمەڵگەی گەندەڵ نادوێن هەڵە دەکەین؛ چونکە ئەمان دەدوێن و بگرە زۆریش دەدوێن و تەنانەت وتاری زۆر درێژیش دەنووسن و گشت ڕۆژێکیش یان هەموو هەفتەیێ سەروتارێکی درێژ بڵاو دەکەنەوە، بەڵام گرفتە بنەڕەتییەکە لەم حاڵەتەدا ئەوەیە "ئەمانە" لەو ڕووەوە نادوێن و نانووسن کە پێویست بێ. لەبەرئەوەی نووسین بۆ "ئەمان"، بۆ نووسەری گەندەڵ، بۆ بژێویی ژیان و دروستکردنی کەسایەتییە ئەم جۆرە نووسەرانە ناپەرژنە سەر ڕوونکردنەوەی شتی ورد و شتی دەرک پێنەکراو. هەروەها ئەمان لەبەرئەوەی تەنیا لە شارێکەوە دەنووسن و دژ بە شارێکی تر یان تەنیا لەژێر سایەی حزبێک دەنووسن و دژ بە حزبەکەی تر ئەمە وا دەکا یەک جۆر لە تاکە سیاسییەکانی کۆمەڵگە و یەک جۆر لە کێشەکانی کۆمەڵگە ببینن و چاویان تاکە سیاسییەکانی تر و شتەکانی تر نەبینێ یان چاویان ئەو ناوچە و شار یان شوێنانە نەبینێ نادادپەروەری و گەندەڵییان لێ دەتکێ.

* لەبەرئەوەی نووسەر یان ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگەی گەندەڵ زمانیان پێیە، لەبەرئەوەی لە چنینی زاراوە و داتاشینی واتا شارەزان، بۆیە زۆر بەدرێژی دەکارن لەبارەی هیچەوە زۆرترین شت بڵێین، بەڵام لەبەرئەوەی ((ئەمان)) لەبارەی هیچەوە دەدوێن لە کۆتاییدا نەدەکارن شتێکی بێ بەها بکەن و نەش شتێکی تر بەهادار کەن، بۆیە دیاردە و ڕووداوەکانی، یان چاترە بڵێین دۆزی، کۆمەڵگەی ناوبرا و بەزۆری وەک خۆیەتی. لەبەرئەوەش "ئەمان" تەنیا زمانیان هەیە و ئەو زمانەش تا بڵێی سۆفستاییە، بۆیە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی ناوبراو، بە وتنەکانی ئەم جۆرە نووسەرانە قەڵس نابن و ئەوەی موچڕکە بێ، بە گیانی سیاسییاندا نایە.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لای سەرەوە وترا، دەمانەوێ ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە، نووسەرانی کۆمەڵگەی گەندەڵ تا بڵێی دەنووسن و تا بشڵێی شێتی نووسینن، چونکە هەر نووسینە کردوونی بە ئەمیری وشە بەڵام لە نووسینەکانیاندا ئەوپەڕی گاڵتە بە وشەسازی دەکەن. "ئەمان" لەبەرئەوەی لە پیشەسازیی نووسین گەیشتوون، بۆیە لەسەر بچووکترین واتا زۆرترین شت دەنووسن، بەڵام بێ ئەوەی ئەو شتە لەکەدار بکەن یان بگۆڕن. واتە لە نووسینەکانی نووسەرانی گەندەڵ شتێک نییە پێی بوترێ نرخاندن، هەڵسەنگاندن و پێوەر و، لەو شتانەش کە لە بندا بۆ ئەم جۆرە نووسەرانە مانای نییە چەمک و پەیڤە. وەکی تریش بنیاتی سۆفستاییی ڕووناکبیریی "ئەمانە" بەجۆرێکی هەڵچنراوە چۆنت بوێ ئاوا دەنووسن هەر بۆیەشە نووسەرە گەندەڵەکان لە نووسینەکانیدا زۆرترین گەمە (یاری) بە چەمک و پەیڤ دەکەن. "ئەمان" بۆ ئەوەی ئەمە بکەن دەبێ ئەوەی دەیڵێن بە ئەدەبی (بەوێژەی)ی بکەن. بۆیە ئەدەب "وێژە" لای "ئەمان"، لای نووسەری گەندەڵ، سەرووی گشت شتێکی ترە. چونکە ڕۆحی ئەو ڕووناکبیرییە بیمارەی "ئەمانە" هەیانە ئەدەبە، بەواتایەکی تر زمانە. "ئەمان" لەبەرئەوەی گشت زمانیان لە ئەدەبدا چڕ کردووەتەوە وێنەیەکی ئەوتۆشیان لەسەر ڕۆشنبیری دروست کردووە کە ڕۆشنبیری تەنیا برێتییە لە ئەدەب. بۆیە لە کۆمەڵگەی گەندەڵ ئەدەب تا بڵێی شوێنی بایەخە. گشت توێژەکانی کۆمەڵگە بایەخدەرن بە ئەدەب. زۆرترین ئەکادیمیکارانی کۆمەڵگەی ناوبراو یان لە ئەدەب پسپۆڕن یانیش مێژوو و سیاسەت ئەڵبەتە ئەو دووانەش (واتە سیاسەت و مێژوو) دیسانەوە بە ئەدەبی کراون. بۆیەشە

سیاسییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ هێندەی نووسەرە گەندەڵەکان و هێندەی ئەو ئەکادیمیکارانەش لە ئەدەب و زمان پسپۆڕن دەم لە ئەدەب وەردەدەن. هەر لێرە بێ ماناش نییە بڵێین، سیاسیی هیچ کۆمەڵگەیەکیش هێندەی سیاسیی کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی حەزی لە ئەدەب نییە. "ئەمان" لەبەرئەوەی لە ئەدەبدا نەتەوە دەبیننەوە گشت سەفسەتەی سیاسی خۆشیانی تێدا وەبەر دێنن. بەڵام موخابن ئەم ئەدەبەی ئەمانە، چ ڕۆشنبیران و چش سیاسییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی، مەفتوونی بوونە، ئەدەبێکی گەندەڵە. ئەم ئەدەبە کە گەندەڵدارە، زۆر جیایە لەو ئەدەبەی باو و باپیرانمان (خانی، مەحوی) پێوەی سەرگەرم بوونە یان ئەو ئەدەبە جیهانییەی گەلێ لە نەتەوەکانی پێ ناسراوە.

* کۆمەڵگەی گەندەڵ کۆمەڵگەیەکی ڕۆمانسی و سۆفستاییە. ئەم ڕۆمانسییەتەی ئێمە لێرە باسی لێوە دەکەین، ڕۆمانسییەتێکی تایبەتە بە کۆمەڵگەی گەندەڵ یان با بڵێین ئەم ڕۆمانسییەتە یەکێکە لە پیشەسازییەکانی وتاری ڕۆشنبیریی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە کە ڕوحێکی هیچگەرا و سایکۆبیماری هەیە. سەیرەکە لەوەدایە کە ئەم ڕۆمانسییەتە بە باشی لە تەک ئەو سەفسەتە زمانەوانییەشدا یەکی گرتووەتەوە کە بووەتە کۆڵەکەی هزریی ئەو وتارە ڕۆشنبیرییەی لەم کۆمەڵگەیە باو و زاڵە. هەر ئەم ڕۆمانسییەتە ڕۆشنبیریێکی ڕۆمانسیشی دروست کردووە کە هۆنراوە نووسین باشترین پیشەسازیی ڕۆشنبیرانی ئەم کۆمەڵگەیە بێ. هۆنراوە، ئەو شتە مەزنە، لەژێر سایەی نووسەر و ڕۆشنبیری گەندەڵدا تا بڵێی گەندەڵ کراوە.

# گەندەڵبوونی خۆشەویستی

لە ئەمڕۆدا کێشەی ئافرەت و پێوەندیی ئافرەتیش لە تەک پیاو لە گشت کۆمەڵگەکانی سەردەم تا بڵێی کێشاوی و گفتوگۆئامێزە. ئەمە کە کێشەیەکی مێژووییە ئەڵبەتە میتافیزیکیشە. ئەمەش وا دەکا گەلێ لەو دیتنانەی باوەڕیان بەم لایەنەیە داکۆکی لەو بیردۆزە فەلسەفییانە بکەن پشتگیری لەوە دەکا مێژوویێکی میتافیزیکیی لە پشت بەکێشەبوونی پێوەندیی نێوان ژن و پیاوەوەیە. بۆیە ئێمە پێمان وایە، ژیندەری (ڕەگەزی) ئافرەت پێویستە یەکەم هەنگاوی بۆ توێژینەوەی میتافیزیک تەرخان بکا و دواتر ئەوەی پێی دەڵێن ناسنامە و سوبژێکتی (خودی) ژیندەری پیاو. ئەم دوو هەنگاوە کە دەشێ یاخیبوونێکی لۆجیکی بەرهەم بهێنن، شۆڕشێکی ناسنامەیش لە تەک خۆیدا دێنێ بەلام ئەم شۆڕشە نایەتە دی تا ئافرەت لە بەتاکبوونی (خودگەرایی)ی خۆی نەگا. ئەم لایەنە کە کێشەیەک فەلسەفیی قووڵە ڕێگەخۆشکەریشە بۆ گەیشتن لە چۆنیەتیی ئەو هەنگاوانەی تاکی ئافرەت دواتر دەکارێ هەڵیان بگرێ. ئەم لایەنە کە گەلێ کێشەی میتۆدیی دێتە ڕێ لە کۆمەڵگەی گەندەڵ بەو جۆرە نییە کە پێشبینی دەکرێ. چونکە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا، بۆ نموونە کوردستانی ئەمڕۆ، پۆلێ تیۆری و بەتایبەت توێژینەوە لەسەر ژیندەری ئافرەت بێ هزر و دوور لە میتۆدی نوێ گوزەر دەکا. ئەمەش لە ڕێگەی خۆیەوە وا دەکا وتارێکی لۆجیکیی پوخت هەرگیز لەدایک نەبێ و بواری توێژینەوەش، وەک پۆلێ تیۆری، لەو بارەوە پێک نەیە.

بۆچوونە نێو هەناوی ئەم بەشەی نووسینەکەمان، بەباشی دەزانین لەوێوە دەست پێ بکەین کە، ئەم ئێستادا ئافرەت لە گشت کۆمەڵگە نوێکانی سەردەمدا لە دۆزێکی نالەبار و تەمومژاویی کۆمەلایەتی و ئابووری دەژی، بەلام لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی ناوبراودا کە کۆمەڵگەیەکی گەندەڵ، کە کوردستان نموونەیەکی زیندووە لەسەر بوونی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە و کە بەخۆشی ئەم کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی نێرسالار، تاکی ئافرەت لەم جۆرە کۆمەڵگەیە زۆر زەلیل و داماو ژیان بەسەردەبا. بۆیە لەم نووسینەی تایبەت بە کۆمەڵگەی ناوبراو دەستمان داوەتێ، بە پێویستی دەزانین بێینە سەر دۆزی ژیندەری ئافرەت و ئەو لایەنانە بەرباس خەین کە لەم جۆرە کۆمەڵگەیە کار بۆ بەشمەکبوونی ئافرەت دەکەن و واتای خۆشەویستییش گەندەڵ دەکەن.

هۆی ئەوەی کە واتای خۆشەویستی لە تەک دیاردەی بەشمەکبوونی ئافرەت بەرباس دەخەین بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە ئافرەت زۆر بایەخدەرە بەم واتایە و بەخۆشی لەناو پارادایمی خۆشەویستی (ئەویندارى، دڵداری، حەز لەیەکتر کردن) تەرەفێکی تا بڵێی سەرەکییە یان یەکێکە لەو دوو هێزەی خۆشەویستی دروست دەکا. بۆیە زۆر بەنیازین لە درێژەی وتنەکانمان بێینە سەر ئەم لایەنە و

ئەوەش نیشان دەین کە چۆن لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا لە ئاکامی ئەو بەشتبوونەی تاکی ئافرەت ڕووبەڕووی بووەتەوە، خۆشەویستییش دووچاری گەندەڵ بووە. واتە ئێمە گەندەڵبوونی خۆشەویستی دەکەین بە بەرهەمی ئەو بەشتبوونەی ئافرەت دووچاری هاتووە. ئەم دیتنەش خۆی لەسەر بناغەی ئەو گریمانە بنیات دەنێ کە بەم شێوەیەیە: ئەو دەمەی ئافرەت بەشمەک دەکرێ بەدڵنیاییەوە ئەو پێوەندییەش پیاو لە تەک ئافرەت دروستی دەکا، کە خۆشەویستییە، گەندەڵ دەبێ. بۆ ئەوەی ڕەخنەکانیشمان لەم ڕووەوە جێ و شوێنیان دیار و ڕاشکاوانە بن دەمی وتنەکانمان ئاراستەی ئەو دوو دەستەبژێرە دەکەین (دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری) ڕۆڵیان لە بەگەندەڵبوونی خۆشەویستی و هەروەها لەو پرۆسەی بەشمەکبوونەشدا هەیە تاکی ئافرەت ڕووبەڕووی بووەتەوە. چونکە تەنیا لەماڵی سیاسی و ڕۆشنبیراندا (نووسەر، ڕۆژنامەوان، ئەکادیمیکار... هتد) بۆمان ڕوون دەبێتەوە، چەند ئافرەتی کۆمەڵگەی گەندەڵ بەشخوراو و زەلیل و هەڵخەڵەتێنراوە.

لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا، بۆ نموونە کوردستان، سیاسەتکردن، بڕیاری سیاسی و ئابووری لە دەست پیاودایە بۆیە ئافرەت هەبوونەکەی هێمای دەبێ. ئەڵبەتە هێمایەکەشی لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە گەندەڵاوی و قەبەلییە (خێڵەکیایە) دەبێ سەرانسەری داوودەزگاکان دەگرێتەوە. لەم ڕووەشەوە زۆر دوور نارۆین ئەگەر بێین ئەو سیاسەتە گەندەڵە سیستەمی خاترانە دروست دەکا و، ئەم سیستەمەش لە بنەڕەتدا لە کاتی بەخشینەوەی پۆست بەسەر ئافرەتاندا کار لەسەر لێشاوی و باوەڕ بەژیندەری ئافرەت نەکا. واتە پیاو، پیاوە سیاسی یان ڕۆشنبیرەکەی کۆمەڵگەی گەندەڵ، هەموو کات لە تەک ژیندەری ئافرەت لە یارییەکی درۆئامێزدایە. ئەم لایەنە کە دەرگە لە پرۆسەی بەشمەکبوونی ئافرەت دەکاتەوە ئافرەت لەناو گشت بوارەکانی ژیان زەلیل و بێ هێز دەکا. چونکە کەم توانای سیاسیی ئافرەت ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی بەسەر گشت ئەو دامەزراوانەوە "خێزان، بواری پەروەردە.. هتد" هەیە ئافرەت خۆی تێیدا دەبینێتەوە. ئەم بینینەش لای ئێمە خۆی لەسەر ئەو بیرۆکەیە دادەمەزرێنێ کە بەم جۆرەیە: ئافرەت لە کابینەیەکی سیاسیدا دەسەڵاتدار نابێ کە لە سەدا زۆرینەی سیاسییەکانی چەند ژنێکیان هەیە و یان کەس شتێکی ئەوتۆ لەسەر ژیانی خێزانیی ئەم کەسانە نازانێ و بۆشی نییە بەڕەسمی ئەو دەستدرێژییە سێکسییانە باس بکا ئەو پیاوانە ئەنجامیان دەدەن کە بەڕواڵەت سیاسەتکاری دەوڵەتن و لە زۆربەی داوودەزگا حکوومەتییەکانیشدا عەقڵی بەڕێوەبردنن. بۆیە وای بۆ دەچین ئەو غەدرەی لەناو کورد و بەتایبەت لەناو سیاسی و ئەم جار لەناو ڕووناکبیراندا، لە ئافرەت، وەکی تریش لە خۆشەویستی، دەکرێ لەناو خەڵکە سادەکەش هەر ئەوەندە دەکرێ. هۆی ئەمە چییە؟ هۆی ئەمە ناکرێ وەک گشت جارێ بدرێتە پاڵ ئاین چونکە ئەوەندەی خەڵکە عیلمانییەکە زوڵمکەرن لە ئافرەت و گاڵتەکەرن بە خۆشەویستی هەر ئەوەندەش ناعیلمانییەکان. لێرەوە دەمانەوێ شۆڕ بینەوە نێو ئەو باس و لایەنانەی دۆزی بەشمەکبوونی ئافرەت ڕاڤە دەکەن بەڵام لەسەر بناغەی ئەم تێزە: "چەند دۆزی ئافرەت ناساغ و دەردەدار بێ هێندەی ئەوەش خۆشەویستی لەکەدار دەبێ و ڕوو لە گەنیوی و گەندەڵی دەنێ". بۆیە ئەو پێوەندییەی ئافرەت بە خۆشەویستییەوە دەبەستی بەو هەلومەرجانەوە

پابەندە چەند ئافرەت لە بەتاکبوونی خۆی گەییووە و چەندیش کار بۆ سڕینەوەی زۆرداری و توندوتیژی دەکا. کەواتە پێوەندییەکان بەم جۆرە دەبن: گەندەڵبوونی خۆشەویستی، زیان لە کەسێتیی ئافرەت دەدا، هەروەها تێکچوونی کەسێتیی ئافرەت واتە دروستبوونی گرفت لە بەردەم بەتاکبوونی ئافرەت. ئەمانەش بەسەریەکەوە مانایان بۆ بەرزبوونەوەی ڕادەی توندوتیژی دەبێ بەرامبەر بەژیندەری ئافرەت.

کەواتە لەم بەشەی نووسینەکەماندا دەمانەوێ، ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە تایبەت بە دۆزی تاکی ئافرەتی کورد بخەینە بەرباس کە بوونە بەدیاردەگەلێکی کۆمەڵایەتیی ترسناک و خۆشیان وەک کێشەگەلێکی کوردی پوخت نیشان دەدەن. هەروەها ئەو دیتنانەی لێرەوە باس دەکرێن لەو دیتنانەن لە نووسین تایبەت بە ئافرەتی کورد بنیاتی نەگرتووە ئەمەش وا دەکا لە سەرێکی ترەوە ئەم نووسینە نووسەرایەتیی ئافرەتی کۆمەڵگەی گەندەڵ بخاتە ژێر پرسیارەوە. چونکە نووسەرایەتیی ئافرەتی کوردی کۆمەڵگەی ناوبراو بەردی بناغەی بۆ هێنانە کایەوەی لۆجیکێکی یاخییانە دانەمەزراندووە و هەنگاوی بەرەو ئەوەش نەبردووە ئافرەت وەک "ئەوی تر" تەماشا نەکرێ. هۆی سەرەکیش لەم ڕووەوە ئەوەیە، تاکی ئافرەتی کوردی کۆمەڵگەی گەندەڵ هەروەک تاکی پیاوی هەمان کۆمەڵگە کار لەسەر هەمان شێوازی ئەدەبی و هونەری دەکا، واتە ئەو شێوازە هونەری و ئەدەبییەی کار بۆ بەشتکردنی ئافرەت و خۆشەویستی دەکا. بەخۆی ئەمەشە ئەو پارادۆکسەی پێویستە بخرێتە بەرباس و زۆربەی نووسەرانی ئافرەتی کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی دەرکیان پێ نەکردووە. ئەڵبەتە ئەم لایەنە و لایەنەکانی تریش کە پێشتر ئاماژەیان پێ کرا لە میانەی ئەم نووسینە کورتەدا بەجۆرێک بەرباس دەخرێن کە بەئاسانی تێگەیشتن بەدەستەوە بدەن و بەسانابییش گفتوگۆ بخەنەوە.

یەکەم هەنگاویشمان بۆ ڕوونکردنەوەی بەشمەکبوونی ئافرەت، کە بەخۆی فاکتەرێکی بنیاتیشە بۆ ڕوونکردنەوەی بەگەندەڵبوونی خۆشەویستی، مەسەلەی باس هێنانە پێشەوەیە لەسەر دیاردەی سێکسیزم. ڕاستە دیاردەی سێکسیزم بووە بەپەتایەکی جیهانی و هەڕەشەیەکی گەورەشە، بەپلەی یەک، لەسەر کەسێتیی ژیندەری ئافرەت، دواتر واتای خۆشەویستی بەڵام ئەم سێکسیزمە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ڕوویەکی تری وەرگرتووە. ئەم سێکسیزمەی کۆمەڵگەی گەندەڵ کە شتێکی وەرگیراوە و کاریگەریی کولتووورە گەورەکانی بەسەرەوەیە بەئاشکرا خۆی نیشان نادا و کۆمەڵگەش نایەوێ بەڕاشکاوی دان بەبوونیدا بێنێ. پیاوانی ناسراوی کۆمەڵگەی ناوبراویش (پارەدارەکان، دەسەڵاتدارەکان) لەبەرئەوەی چێژ لە بوونی ئەو دیاردەیە وەردەگرن، نایانەوێ ڕاستەوخۆ قەڵاچۆ بکرێ و لەلایەکی تریش تەنیا لەناو قەبیلە و خێزانی خۆیاندا نەبێ بەرەنگاری نابنەوە. ئەمان ئەمەش تەنیا لەبەر هۆی نەریتی دەکەن نەک شتی تر. ئەم لایەنە، واتە پابەندبوونی پیاو لە کۆمەڵگەی گەندەڵ بە شتە نەریتییەکانەوە، کە بەشێکی زۆر لەو شتە نەریتییانەش سەرچاوەیەکی ئاینییان هەیە، لە پشت زۆربەی ڕووداوەکانی ئەتک و کوشتنی ئافرەتانەوەن.

وێڕای ئەوەی وترا سێکسیزم، واتە ئەوەی سێکس دەبێ بەگشت شتێک و دۆزی ئافرەت لە گشت

بوار و داوودەزگاکانی کۆمەڵگە دەستنیشان دەکا، بکوژی سەرەکیی خۆشەویستییە و فاکتەرێکی بنەڕەتیشە بۆ تێکدانی واتای بەئافرەتبوون کە بەخۆی ئەم واتایە مانایەکی گەورەی لە ژیانی خۆشەویستیدا هەیە. هۆی ئەوەش ئێمە بەم جۆرە بایەخ بەدەربڕینی سێکسیزم دەدەین، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سێکسیزم سەرەتایە بۆ گەیشتن لە ئۆبجێکتبوون (بەشتبوون)ی ئافرەت و هەروەها دیاردەی سێکسیزم تێکدەری پێوەندیی عیشقی نێوان ئەو دوو ژیندەرە دژە جەمسەرەشە (واتە نێر و مێ) کە هێز بە بەر خۆشەویستیدا دەکەن. ئێمە خۆشەویستی، پێوەندیی عیشقانەی نێوان نێر و مێ، لە بابەتی سێکسی دوور ناخەینەوە، چونکە لە جەوهەری خۆشەویستیدا، کە دوو ژیندەری جیاواز پێکی دێنن، سێکس هەردەم ئامادەیە و خۆشەویستییش بێ سێکس ناکارێ بژی، بەڵام گشت خۆشەویستی، یان ئەو پێوەندییەی نێر و مێ هەردوو بەجووتە دروستی دەکەن، لە سێکسیزیدا کورت ناکرێتەوە. بەواتایەکی تر، لەناو خۆشەویستیدا سێکس ئامادەیە چونکە سێکس ڕێکخەری ئەو پێوەندیە سروشتییەیە پیاو و ژن سازی دەکەن، بەڵام هەموو خۆشەویستی تەنیا برێتی نییە لە سێکس و بەس. ئەوەی ئافرەتیش بێ و لە سروشتی ژیندەری خۆی بەچاکی گەیشتووبێ ئامادە نییە سێکسیزم بە ئەویندار (خۆشەویستی) بگۆڕێتەوە چونکە ئافرەت باش لەوە حاڵییە کە لە ماهییەتی ئەوینداریدا سێکس بوونی هەیە بۆیە پێویستی بەوە نییە ئەوینداری لاوەکی بکا، بەڵام لە کۆمەڵگەی گەندەڵ بەپێی ئەوەی فاکتەرەکانی بەشتبوونی ئافرەت جیاوازە ئەمە وا دەکا ئافرەت بەقەدەری میتافیزیکیی خۆی قایل بێ و لەئاست نادادپەروەرییە ژیندەرییەکاندا بێدەنگ و سەرکز بێ. ئەمەش بەرەنجامێکی زێدە سروشتییە کە ئافرەت لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا بەقەدەری میتافیزیکیی خۆی ڕازی بێ. هۆی سەرەکیی ئەم ڕازیبوونەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نادادپەروەریی ژیندەری لەم جۆرە کۆمەڵگانانەدا بەرهەمی ڕاستەوخۆی نادادپەروەریی ئابوورییە. نادادپەروەریی ئابووریش بەرهەمی ئەو گەندەڵییە سیاسییەیە ئەندازیارانی سیاسیی کۆمەڵگەی ناوبراو بەرهەمی دێنن. ئەمەش لۆجیکێکی تا بڵێی هەرزان و ناشیرین دروست دەکا، چونکە ئەو ئافرەتەی بیەوێ بێتە گۆ دەبێ لە تەک ئەو ئەندازیارانەدا هەموو کات لە خۆچوواندندا بێ. ئەم لایەنەش دۆزێکی گەندەڵاوی دروست دەکا و پرسی ئافرەت دەکا بەشتێکی خاترانە و هەر جارەی ئەندازیارێک لەو ئەندازیارانە ئاوڕی لێ دەداتەوە. بۆیەشە چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەت وەک مەسەلەی سەدەقەی لێ هاتووە و هەر جارە و هەبوونییەکی سیاسی ئاوڕی لێ دەداتەوە. کێشەکەش لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا لەم حاڵەتانەدا لەوێدایە ئەو ئافرەتەی بیەوێ دەم لە کێشەی ئافرەت بدا ئەوا دەبێ لە تەک سیاسییەکاندا خەریکی خۆسازاندن بێ. بۆیە ئافرەتە نووسەرەکان لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا دەیانەوێ خۆیان لە سیاسییەکان نزیک بکەنەوە لەلایەک بەمە مشەخۆریی خۆیان ئەنجام دەدەن و لەلایەکی تریش خۆیان دەکەن بە سیمبۆلی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی ناوبراو. بۆیە کاتێکی هەر شارە و حزبێکی دەبێ یەک دوو سیاسییش ئیبراز دەکا و ئەمەش وا دەکا یەک دوو سیمبۆلی ئافرەتیش دروست بکا. ئەمەش کارێکی وا دەکا شتێکی نەبێ ناوی توێژینەوە بێ، بگرە لە بری ئەوە کەسانێکی پەیدا دەبن کە نووسینی قەسیدەئامێز لەسەر دۆزی ئافرەت دەنووسن و هیچ یەکێکیش لەو ئافرەتە

قەسیدەنووسانە قەسیدەکەی ئەوی تر ناخوێنێنەوە و تێبینی و سەرنجیشی لەسەر نادا. ئەمە هەموو کۆلاپسەکە نییە بگرە دڵۆپێکە لەو کۆلاپسەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا تێیدا دەژی.

بۆ زێدە ڕوونکردنەوەی ئەو چەند وتنەی لای سەرەوە دەمانەوێ ئەوەش بڵێین کە، ڕاستە ئەوەی ئافرەت دەبێ بە هێمایەکی سێکسی ئەمە کارێکی گلوبالی گەورەی بۆ دەکرێ و ژیندەری پیاویش لەم ڕووەوە بەرپرسیاری ڕاستەوخۆیە، بەڵام ئافرەت بەخۆشی لە هەندێ دۆز و هەلومەرجدا فاکتەرێکە بۆ بەردەوامبوونی ئەم دیاردەیە. لە کۆمەڵگەی گەندەڵیشدا ئەم لایەنە بە وردی دەردەکەوێ. چونکە کۆمەڵگەی گەندەڵ کۆمەڵگەی نێرە و یان سەردەستترین ژیندەر (ڕەگەز) لەم کۆمەڵگەیە ژیندەری پیاوە. بەواتایەکی تر هیچ کۆمەڵگەیەک هێندەی کۆمەڵگەی گەندەڵ پیاو تێیدا بەهێز و دەسەڵاتدار نییە. بەڵام پیاوی کۆمەڵگەی گەندەڵ جۆرە پیاوێکی تایبەتە. ئەم پیاوە کە پیاوێکی زەبرباز و توندخوازە ئەمەی لە ئاکامی بوونی بە دەسەڵاتەوە بەدەست هێناوە نەک شتێکی تر. بەواتایەکی تر، پیاوی کۆمەڵگەی گەندەڵ کارێکی زۆر بۆ مانەوەی خۆی وەک سیمبۆلی ئازایەتی و پارەداری دەکا بۆیە (ئەم) ئەم سیمبۆلە تا ئەوپەڕی بەکاردەبا و سوودێکی زۆریش لە کەنەفتی ئافرەت و تێکچوونی شیرازەی خۆشەویستیش وەردەگرێ. بەپێی ئەوەی پیاوی گەندەڵی کۆمەڵگەی ناوبراو زانیارییەکی قووڵ و بەرینی لەسەر کەسێتی ژیندەری بەرامبەری نییە بۆیە ئەوەی نایەوێ تێی بگا ئەرکەکانیەتی بەرامبەر بەو ژیندەرە و دوورکەوتنەوەشیەتی لە واتای خۆشەویستی. بەڵام لەبەرئەوەی پیاوی گەندەڵ لە گەڵێ لە بوارەکانی ژیان بەخۆشی لەلایەن ژیندەری خۆیەوە دەچەوسێتەوە، بۆیە ئەم قەد بیر لەوە ناکاتەوە لە بەرامبەر ژیندەری ئەوی تر واز لە بەسیمبۆلبوونی خۆی بێنێ. مەبەستمان، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی گەندەڵ کۆمەڵگەی ژیندەری نێرە ئەمە وای کردووە نەک هەر ژیندەری ئافرەت تێیدا لاواز و سەرکزە بگرە بەشێکی زۆر لە پیاوانیش لەم کۆمەڵگەیە بێ هێز و پەڕاوێزن، بەڵام ئەمە هەرگیز وا ناکا پیاوە پەڕاوێزەکانی کۆمەڵگەی ناوبراو لە بەرامبەر ژیندەری بەرامبەریاندا یەکسانیخواز بن. ئەمان (واتە بەشێک لە پیاوانی کۆمەڵگەی گەندەڵ) لەبەرئەوەی بەخۆیان بەشخوراون دەبایە زۆر مەیلی یەکسانییان هەبایە، بەڵام حەیف لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە ئەوەی گرفتە نەبوونی جۆرەکانی یەکسانییە و بەتایبەت یەکسانی لە نێوان ژیندەرەکاندا. بچووکترین نموونەش لەم ڕووەوە ئەو کۆمەڵگە دیکتاتۆری و دیسپۆتیستیانەیە کە بەبێ جیاوازیی گشت ژیندەرەکان وەک یەک تێیدا دەچەوسێنەوە و لەژێر هەڕەشەی زەبر و توندوتیژیی دەسەڵاتە زۆردارییەکاندا دەبن. بەدڵنیاییشەوە زۆردار و دیکتاتۆریش هەموو کات ژیندەری نێرە و، نێر ئەندازیاری ئەو زەبر و قەتلوعامانەشە لە کۆمەڵگەدا پیادە دەکرێن. لەم ڕووەشەوە هەڵە ناکەین ئەگەر بڵێین شەڕە ناوەخۆکانی کورد پاش ڕاپەڕین، شەڕە براکوژییەکانی کورد سالانی پارتیزانی، نازی و ستالینی و فاشیستە مۆسۆلۆنی و بەعسییەکان نموونەی بەرچاون لەسەر ئەوەی دەیلێین. لەم حاڵەتەشدا و بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی وترا دەکرێ باس لە ڕووداوی ئەنفال و هەڵەبجە بکرێ کە چۆن هێزە دیکتاتۆری و مەرگخوازەکان گشت ژیندەرکانیان بەبێ جیاوازی سەرنگووم دەکرد.

بەپێی ئەوەی وتمان، دیکتاتۆرەکان لەو ڕووداوانەدا بەهۆشیارییەوە کاریان بۆ پۆلکردنی

ژیندەرەکان کردووە و ئەمەشیان لەسەر هەندێ بناغە کردووە. بۆ نموونە ئافرەتی لاویان هەر زوو کوشتووە ئەمەش بۆ ئەوەی ڕێگە لە زیادبوونی منداڵ دروستکردن بگرن و، هەروەها تا پێشیان کراوە کوڕی لاویشیان سەرنگووم کردووە ئەمەش بۆ ئەوەی توانای ئەو هێزە شۆڕشگێڕییە کەم بکەنەوە پشت بە ژیندەری پیاو، پیاوی لاو، دەبەستێ. ئەڵبەتە ئەم کوشتن و سەرنگوومکردنانە منداڵ و ساواشی بەبێ لە بەرچاوگرتنی جیاوازیی ژیندەر گرتووەتەوە. شتێکیش کە لێرە مەرجە بیر نەچێت ئەوەیە هێزە دیکتاتۆرییەکان بەگشتی پیاون و سەر بە ژیندەری نێرن، بەڵام لە لەناوبردنی نەیار و نادۆستەکانیاندا هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان ژیندەری نێر و مێدا نەکردووە. ڕووداوەکانی ئەنفال و هەڵەبجە کە دوو نموونەی بەرچاون لەسەر ئەوەی دەیڵێین گەلێ لە وێنە و بیرۆکەکانی ئەم ڕووداوانە سەرچاوە لە قەتلوعامی (جینۆساید) جووەکانەوە هەڵدەگرن کە لەلایەن نازییەکانەوە پیادە کراوە. چونکە نازییەکان پێیان وابوو جووی پیاو و ئافرەت جیاوازییان نییە و لەبەرئەوەی هەردوو بەبێ جیاوازی جوون، هەر بەبێ جیاوازییش دەبێ بکوژرێن. ڕاستە نازییە هیتلەرییەکان بۆ سڕینەوەی نەیارەکانیان سڵیان لە هیچ کەس و شتێ نەکردووەتەوە، بەڵام لێرە نابێ ئەوەمان بیر بچێ، بۆچوونی نازییەکان بۆ ئافرەت لە ڕیشەدا ئەوپەڕی نێربازی و پیاوسالاریی تێدایە. ئەمە و یەکێ لە نەریتە زۆر پیسەکانی نازیزم، کە ئێستاش لە گەلێ لە کولتوورە سیاسییەکاندا شوێنپێی ماوەتەوە، ئەوەیە کە ئافرەت بۆ نازییەکان بریتی بووە لەو کەسەی منداڵ بەخێوکەرە و سەرپەرشتیکەری چێشتخانەی ماڵەوەیە. بۆیە دایکێکی مەزن لای نازییەکان ئەو دایکەیە منداڵی (کوڕ) زۆری بووە، کە ئەمەش بەواتایەکی تر ئەو دایکەی شەڕوانێکی زۆری بووە، چونکە نازییەکان پێیان وابوو سروشتی ئافرەت بەجۆرێکە بنیاتی گرتووە دەبێ ماڵەوە بکا بە داڵدەی خۆی و پیاویش بۆ ئەوە دانراوە سیاسەت بکا و یان لە کارگەکاندا کار بکا و هەروەها لە بەرەکانی شەڕدا ببێ بە شەڕوان. ئەڵبەتە لە زۆر ڕووشەوە کۆمۆنیزمیش هەمان تاوانی دەرهەق بەئافرەت کردووە، بەڵام بەجۆرێکی تر. بۆ نموونە بۆ کۆمۆنیزم (بۆ ستالینییەکان) ئافرەت واتە ئەو دایکەی مەگسیم گۆرکی باسی لێوە دەکا. ئەوەش بەتەبیعەت یان دایکێکی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕە، یانیش دایکێکی کرێکار و زەحمەتکێش. واتە دایک شان بەشانی باوک لە بەرەی شەڕ و لە ناو حزب و لە کارگەکاندا دەبێ تێ بکۆشێ. ئەو دوو ئایدیۆلۆجیا تۆتالیتارییە "نازیزم و کۆمۆنیزم"، کە هەردوو ڕۆڵی خۆیانیان لە بەشتکردنی ئافرەت و سڕینەوەی سوبجێکتی "خودی" ئافرەتدا دیوە، ئەمڕۆ و تا ڕادەیێ وێنە و شێوەی کارکردنەکانیان لە بەرهەمهێنانی پرۆسەی بەشتبوون و سڕینەوەی ژیندەری ئافرەت لە هەندێ لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا و بەتایبەت لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا، بۆ نموونە کوردستان، بەوردی بەرچاو دەکەون. بەڵام لێرە دەبێ ئەوەمان بیر بێ کە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی کەمتر ئایدیۆلۆجییە و زۆرتر نەریتی و ئاینییە. بۆیە کۆمەڵگەی گەندەڵ لە بەشتکردنی ئافرەت و کردنی بە هێمایەکی بۆ سێکس تایبەتێتیی خۆی هەیە. ئەم لایەنە کە پاشتر ڕوونکردنەوەی زێدەتری دێتە سەر داوامان لێ دەکا ئەوەش بڵێین کە، لە کۆمەڵگەی گەندەڵ لەبەرئەوەی دەسەڵات لە دەست پیاوە، واتە لەبەرئەوەی دوو بوارە هەستیارەکە بەدەست پیاوەوەن (بواری سیاسەت – ئابووری و بواری ڕۆشنبیری) بۆیە بەتەبیعەتی حاڵ ئافرەت

لاواز و پەراوێز و کەنەفت شەخسیەت دەبێ. بەم جۆرە لەبەرئەوەی باوک یان مێرد سیاسی و ڕۆژنامەوانە (یان ڕۆشنبیری ناو خێزانە) و هێزە مادییەکەشی لەژێر دەستە. بۆیە دەتوانێ زۆربەی بڕیارەکان لە ماڵەوە و لە دەرەوەش ئەم بیدا. "ئەم" کە هێمای نەک تەنیا هێزێکی کلاسیکە بگرە هەروەک وتم "ئەم" لەبەرئەوەی بابێ یان مێردێکی ناوڕۆیشتووە بەکەسێکی عاقڵ و دنیادیدە بۆیە گشت خەڵک ڕووی لە دەمی "ئەمە" و ئەوەی "ئەم" دەیڵێ پێوانەیە. بەڵام ئەم لایەنە نابێ وا تەماشا بکرێ کە دیاردەیەکی تازەیە و گەندەڵی لە تەک خۆیدا هێناویەتی بگرە ئەم لایەنە دەبێ وا تەماشا بکرێ کە ترادیسیۆنی (نەریتێکی) ئاینی و کۆمەڵایەتیی لە پشتەوەیە و بەڵام کۆمەڵگەی گەندەڵ زۆرترین وەبەرهێنانی تێدا دەکا. لەم ڕووەشەوە تاوانی دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی گەندەڵ ئەوەیە کە داهێنان لەو ترادیسیۆنە دەکا پێش خۆی کاریگەر بووە. بەم جۆرە پاراستنی ئەم ترادیسیۆنە لەلایەن ئەندازیارانی گەندەڵەوە، مەبەستمان هەر لە نووسەر و ڕۆژنامەوان و سیاسیی گەندەڵەوە بگرە تا دەگاتە کاسبکار و ئەکادیمیکاری گەندەڵیش، ئەوەی ناومان نا تاکی ئافرەت دووچاری گرفت دەکا و کارئاسانیش بۆ ئەوە دەکا ئافرەت بەئاسانی ببێ بە شمەک و ئامرازێکیش بۆ تێرکردن. لێرەوە ئافرەتیش بەخۆی تا ڕادەیەک دەکەوێتە ناو یارییەکەوە کە زۆر بەهۆشیارییەوە بەو دۆزە قایل دەبێ کۆمەڵگەی گەندەڵ بۆی ئامادە دەکا کە بەخۆی ئەم کۆمەڵگەیە تا بڵێی ژیرە لەوەی بەشێوازێکی مۆدێرن کار لەسەر نەریت و دۆگماکان بکا. سەیرەکەش لەوەدایە بەشێکی زۆر لە ئافرەتانی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە کە وەک تاکێکی گرفتار دێنە ناو یارییەکەوە بۆ هەردەم وەک شت دەمێننەوە و ئەوەی خەیاڵی نادەنێ سوبجێکتی خۆیانە. ئەو نەختە ئافرەتە نووسەرانەش کۆمەڵگەی گەندەڵ ئومێدی پێیانە لە ڕادەبەدەر بەهۆشیارییەوە کەوتوونەتە ناو بۆسەی ئەو گەندەڵییەی سیاسییەکان دروستیان کردووە. ئەمان (ئافرەتە نووسەرە گەندەڵەکان). ئەمە دەکەن، چونکە پێویستیان بە ئیبراز بوونە. گەورەترین عیلەتی ئەو ئافرەتە نووسەرانەش ئەوەیە چۆن ئیبراز بن بەڵام ئەمانە لەوە تێ ناگەن کە ئیبرازبوون لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا لەلایەک ئاسانە و لەلایەکی تریش ناواخن پووچ و داڕماوە. بەڵام لێرە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ بەشێکی هەرە گەورەی بەگرفتاربوونەکەی ئافرەت پێوەندیی بەو مێژووە میتافیزیکییەوە هەیە ئافرەتی بە پیاوەوە بەستووەتەوە. ئەو مێژووە میتافیزیکییەش لە گەلێ ڕووەوە لە دیاردەی ئەو سێکسیزمەش بەرپرسیارە ئافرەت ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئێمە لێرە ڕەخنەی میتافیزیک بەو جۆرە ناکەین، کە مەبەستمان دابڕینی ئافرەت بێ لە پیاو یان پیاو لە ئافرەت، ئێمە کە تێگەیشتنێکی ئەفلاتوونی بادیویانەمان (مەبەست لێرە ئالێن بادیوە) بۆ پێوەندیی نێوان ئافرەت و پیاو هەیە، ئەوەمان بەلاوە گرینگە ئافرەت لە بەتاکبوونی خۆی بگا و خۆشی وەک فاکتەرێکی بنەڕەتیی ناو پرۆسەی پێوەندی و خۆشەویستی تەماشا بکا. ئەم دیتنەش کە سەرچاوە لە دیتنێکی فەلسەفییانەی ئەفلاتوون بادیووە هەڵدەگرێ خۆی لەو تیۆری خۆشەویستییە دەبینێتەوە کە بەم شێوەیەیە: ئافرەت و پیاو پێکەوە، واتە وەک دوو جەمسەری جیا، ئەو شتەی پێی دەڵێن پێوەندیی خۆشەویستی (دڵداری) دروست دەکەن(٤١). ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە باوەڕمان بەم دوو ژیندەرەیە لە سازکردنی پێوەندی بەتایبەت پێوەندییەکی وەک خۆشەویستی کە شتێکی کەم نییە و ڕۆڵێکی

گەورەشی لە باشکردنی گەلێ لە فۆرمەکانی تری پێوەندییە مرۆییەکانی تردا هەیە. بۆ ئەوەی ئەم لایەنەش لەم بەشەی نووسینەکەماندا تایبەت بە دۆزی بەشمەکبوونی ئافرەت و گەندەڵبوونی دیاردەی خۆشەویستی (ئەویندارى) زێتر ڕوون کەینەوە دەمانەوێ لای خوارەوە وتن لەبارەی باری خۆشەویستی (دڵداری) لە کۆمەڵگەی هەنووکەی کوردیدا بێنینە پێشەوە.

بەخۆی ئەو باس هێنانە پێشەوەیە بەجۆرێکی قووڵ و درێژ نییە، بەڵام سەرپێیی و سادەش نییە چونکە لە میانەی وتنەکان باس لە ئێستای بینینی کوردی بۆ خۆشەویستی دەکەین و ئەو تەنگوچەڵەمانەش دەخەینە بەرباس دێتە پێش، بەقەولی بادیو، «ڕووداوی خۆشەویستی» و ئەمجار ژیندەری (ڕەگەزی) مێ، یان تاکی ئافرەتی، کورد. بۆ ئەو مەبەستەش دەڵێین، تەنیا شوێن و بوارێک کە بەچڕی لە کۆمەڵگەی کوردی تازە باس لە خۆشەویستی دێنێتە پێشەوە یان با بڵێین خۆشەویستی بیر نەچووەتەوە و بەبەردەوامی واتای خۆشەویستی کاوێژی دەکاتەوە بواری شیعر و هونەری کوردییە یان بەگشتی ئەدەبی کوردییە. بەڵام ئەم ئەدەبەش لە گەلێ ڕووەوە بەرامبەر بە دیاردەی بەکاڵاکردنی ئافرەت و بەشتکردنی خۆشەویستی و لەکەدارکردنی سوبجێکتی ئافرەت تاوانبارە. هۆی ئەوەش زۆرە و بەکورتی دوو هۆ دەستنیشان دەکەین.

هۆی یەکەم ئەوەیە ئەدەبی تازەی کوردی پێچەوانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی کە خاوەنی ناسنامەیەکی دیاریکراو بووە، نەک هەر ناسنامەدار نییە بگرە نەبووە بەخاوەنی خۆشی. واتە ئەدەبی نوێی کوردی هەر بەناوەکەشی دیارە دەیەوێ تازە بێ بۆیە یەکەم شت کە دەیکا هەوڵیەتی بۆ خۆجیاکردنەوە لەوی وتراوە ئەمەش وای لێ دەکا نەک هەر خۆی نەبێ بگرە یەکەم شت کە دەیەوێ بیکا لاساکردنەوەی ئەدەبە تازە گەورەکەیە کە ئەوەش «ئەدەبی ئەوی ترە» کە بەرچەڵەک ئەدەبێکی ڕۆئاواییە. ئەم ئەدەبەش ئەو ئەدەبەیە کە دوژمنی باوە گەورەی ئەدەبی کلاسیکە. ئێمە لێرە مەبەستمان لە ئەدەبی تازەی (نوێی) ڕۆئاوای ئەو ئەدەبە یەکجار تازەیەیە لەم سێ دەیەی دوایی لە ڕۆئاوا لە نەشونمادایە کە بەخۆی ئەدەبێکی هەتا بڵێی سینیست و سۆفستاییە و ئەدەبی کوردیی نوێش بێ سنوور لاسای ئەو ئەدەبە سینیستە دەکاتەوە. ئەم جۆرە ئەدەبە کە بەباوەڕی ئێمە زیانی لە واتای خۆشەویستی سوبجێکتی ئافرەتی بەرەو بەشمەکبوونیش بردووە. چونکە جەوهەری ئەم ئەدەبە یەکجار تازەیە ئەوەیە کە خۆی لەسەر پۆرنۆگرافی (خەلاعی، ڕووتوقووتی) ڕادەگرێ. تارمای ئەم جۆرە ئەدەبەش کەم تا زۆر کەوتووەتە ناو ئەدەبی تازەی کوردییەوە و لە ماوەی ئەم یەک دەیەی ڕابردوودا ئەدەبی کوردی خەریکە دەبێ بە ئەدەبێکی ئیرۆتیکی و بەشداریی خۆشی لە بێماناکردنی واتای خۆشەویستی و واتای ئافرەتبووندا هەیە. ئەم ئەدەبە کە دژ بە سوبجێکتی ئافرەت دەجووڵێ ئەدەبێکی پیاوانە و نێرخوازانەیە.

بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەو چەند تێگەیشتنەی دوایيمان ئەوەش دەڵێین، ئەدەبی نوێی کوردی کە ئەدەبێکی تێکەڵ و ناهارمۆنییە غەدرێکی زۆری لە ژیندەری ئافرەت یان لە کەسێتیی ئافرەت کردووە. ئەدەبی تازەی کوردی کە لاساییەکی بێ وێنەی ئەو جۆرە ئەدەبە هیچگەرایەی ڕۆئاوا دەکاتەوە کاری خەریکە دەبێ بە تێکدانی پێوەندیی نێوان نێر و مێ. ئەدەبی نوێی کوردی کە بەبێ

ئاگای نووسەرەکانیەوە، کەوتووەتە ناو پارادۆکسەکانی (موفارەقاتەکانی) ئەدەبی توندڕەوی فێمینیزی ڕۆئاواییەوە، ئەدەبێکی ناحەزە و چاوی بە ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان نێر و مێ هەڵنایێ. لەم ڕووەشەوە دیسانەوە ئۆباڵی ئەوە دەکەوێتە سەر شانی ئەو نەختە پیاوە نووسەرە کوردانەی لە ڕێگەی چیرۆک و شیعرە ئیرۆتیکییەکانیانەوە دەیانەوێ باس لە زوڵمی ئافرەت بکەن، بەڵام موغەفەلی ئەو نووسەرە پیاوانە لەوەدایە کە بەهەڵە کەوتوونەتە داوێنی یارییەکەوە کە هەرگیز نایانەوێ تێیدا بەشدار بن. واتە ئەم جۆرە پیاوە کوردانە نایانەوێ هیچ کات باس لە ناهەقیی ئافرەت بکەن بگرە ئەوان بەهەڵە کەوتوونەتە ناو ئەم باسکردنە و، ئەو هەڵەیەش شێوازێکی لە نووسین بەسەریاندا سەپاندووە نائاگایانە دەستیان داوەتێ و لەژێر کاریگەریدا کارەکانیان بەرهەم دێنن. هەر بۆ نموونە ئەو «چیرۆکنووسە کوردەی» بەبێ هیچ بناغە و هۆیەکی لۆجیکی لە گشت بۆنەکاندا باس لە مەزنیی مێ دەکا و بەبێ ئاگایەوە ژیندەری «ڕەگەزی، جنسی» خۆی ڕیسوا دەکا، ئەڵبەتە لە ڕێگەی هێرشکردنە سەر مەلا و سیاسی، مەبەستی ئەوە نییە لە ژیندەری خۆی بێزار و پەشیمانە یان ڕەخنەگری ژیندەری خۆیەتی بگرە «ئەم چیرۆکنووسە» ئەمە تەنیا لەبەر ئەوە دەکا وەک بیرمەندی مێیەکان ناوی بڕوا. ئەمە کە بەشی یەکەمی هەقایەتەکەیە بەشەکەی تری ئەوەیە «ئەم چیرۆکنووسە» دەیەوێ «ئەدەبێکی تر» لە ڕێگەی بەشتکردنی ئافرەتەوە بهێنێتە ناو دنیای ئەدەبی کوردییەوە. واتە ئەم دەیەوێ ئەدەبێکی چیرۆکنووسیی تەواو جیا لەوی هەیە لە ڕێگەی ڕووتکردنەوەی ئافرەت و بە پۆرنۆگرافیکردنی واژە و گوزارە ئەدەبییەکان بەرهەم بهێنێ. بەڵام ئەگەر بفەرمووین و بڕۆینە ناو ماڵ و خێزانی ئەم جۆرە کەسانەوە ئەوەمان بەباشی لا یەقین دەبێ کە لای سەرەوە باسمان کرد. چونکە لە ماڵی ئەو جۆرە کەسانە نێر و مێ بەپێی دەستووری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان پۆل کراون نەک بەپێی ئەو تێکستە گەندەڵانەی ئەم جۆرە قەڵەم بەدەستانە دەینووسن، کە لە ڕێگەی درۆوە دەیانەوێ «شتێ تر» و جیا بەرهەم بهێنن. ئەمەش هەقیقەتی زۆربەی ماڵی ناوبراو بە توێژی ڕۆشنبیرانە جا ئەوانە ڕۆژنامەوان بن یان ئەکادیمیکار، نووسەر بن یان کولتوورۆلۆج. لێرەشەوە دەتوانین بەو نهێنییە ئاشنا بین کە لە ماڵی ڕۆشنبیراندا پەنهانە. چونکە بەشتبوونی ئافرەت و بەئامرازبوونی خۆشەویستیش لەم ماڵانەدا مانا و ماهییەتی ئەو تێکستە یان ئەدەبە بێ شایان دەکا کە بەرهەمی زەین و گەرووی ئەم جۆرە نووسەرانەیە یان ئەو توێژەی باس لە داپلۆسینی کۆمەڵایەتیی ژیندەری ئافرەت دەکا. ئەو تێکستەش کە بەم جۆرە بەرهەم دێ تێکست نییە یان تێکست ناکرێ لە ژیان جیا بکرێتەوە و، تێکست ناشێ ببێ بە شتێکی سەرووی ژیان. دەلیلیشمان لەسەر ئەمە ئەو ڕۆشنبیرە گەندەڵانەیە لە نووسین و کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا تا بڵێی ناسک و هێمنن و وەکی تریش لەناو خێزان و لە پێوەندییان لە تەک هاوسەرەکانیاندا تا بڵێی توندڕەو و دەجاڵن. ئا لەم حاڵەتانەدا ئێمە بەو هێپۆتێزە (گریمان) دەگەین کە ئەم فۆرمە وەردەگرێ: لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە و لە کۆمەڵگە پارادۆکساڵەکاندا تەنیا ئافرەت بەخۆی دەتوانێ لەسەر دۆزی خۆی بێتە گۆ. تەنیا ئافرەتان دەتوانن بەڕۆشنبیرە، ئەڵبەتە سیاسییە، درۆزن و گەندەڵەکان بڵێن «نەخێر تۆ لە ژیانی ڕۆژانەتدا و لەناو ماڵ و خێزانەکەت بەو جۆرە نیت کە لە نووسین و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا گوزارەی لێ دەکەی». ئێمە دەزانین ئەم

ڕاستگۆییـیە، کە تەنیا ئافرەتان دەکارن بەرهەمی بێنن، کارێکی ئاسان نییە و گەر ئافرەتانیش لەم ڕووەوە ژیرانە و لێـهاتووانە ڕەفتـار نـەکەن پێمـان وایە پـێکدادانی ژیندەری گەورەی دێنە کایەوە. هۆی ئەوەش ئەوەیە لـە کۆمـەڵگەی گـەندەڵدا، وەک کوردسـتـان، دەسـەڵاتی سـیـاسـی و ڕۆشـنـبـیـری بەدەست پیاوەوەیە و بۆیە ئافرەتان زەرەرمـەندی یەکەم دەبن گەر لە ڕووبـەڕووبوونەوەکانیـاندا کـار لەسەر بنەماکانی یاخیبوونێکی لۆجیکییانە و گفتوگۆیەکی هێمنانە نەکەن.

ئێمـە لە ڕێگەی ئەو ڕەخنە سمبـۆلییەوە کـە لای سـەرەوە خسـتمانە بەرچاو نامـانەوێ داکۆکی لەو تێزە بکەین کە ساڵانێک لەمـەوبەر نووسەری ناسراوی فێمینیسـتەکان، ژولیا کریستیڤا پشتگیریی لێ دەکرد کە گوایە بۆ لەمەولا تەنیا ئیعتیبار بۆ ئەو نووسینانە دەکرێ دانرێ کە ئافرەتان بەخۆیان دەینووسن. ئـەڵبـەتـە ئەوەشـی ناونا «نووسـیـنی مـێـیـانە». لێـرەش نموونەیەکی زیندوو دێنینەوە کـە ڕاستیی ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە.

چەند ساڵێ لەمەوبـەر لە شاری ستۆکهۆڵم قاوەخانەیەک بەناوی «قاوەخـانەی فەلسەفی» دروست بوو، کاری ئەم قاوەخـانەیە ئەوە بوو مامۆستایان و توێژەرەوانی بواری فـەلسەفە بۆ گفتوگۆ لەسـەر شـتـە ڕووناکبـیـرییـە هـەنووکـەییـەکان مـیـوانداریی بکا. ئێـوارەیەکیـان ئەم قـاوەخـانە فـەلسـەفـیـە خـانمێکیـان بانگهـێـشتن کـردبوو کە بـەتازەگی لە تێـزێ دوکـتـۆراکـەی لەسـەر «باخـیـێـتی ژولیـا کریستـیڤا» بووبووەوە و، ئەوەی ئەو خـانمە سوێدییـە ئەو ئێـوارەیە لەبارەی کریسـتـیڤاوە وتی هـەر ئەوە بوو کە ئێـمە لای سـەرەوە وتمان و بەخۆی هـەر ئەوەشـە کە کریستـیڤاش دەیڵـێ بەڵام ئەوەی بۆ ئێـمــە گــرینگ بوو، بـەگـوێی ئەو خــانمەیدا بـچـرپێـنین ئەمــە بـوو کــە مــەبەسـتــیـشــمــانە لـەگــەڵ بۆچوونەکانمان لەم ڕووەوە تێهەڵکێشی بکەین:

ئێمە بەو خـانمەمـان وت تێزەکەی کریسـتیـڤا بەجێیـە بەڵام بە دوو مەرج. مـەرجی یەکەم ئەوەیە وتنەکەی کریسـتیـڤا ڕێگە لە ئاراسـتـەگەلێکی فـێمـینیسـتـیی توندڕەو نەکاتەوە، چونکە ئەم جـۆرە ئاراسـتـانە لە توانایاندایە دوژمنایەتی بخەنە نێوان ژیندەرە جیاکانەوە (واتە ژیندەری نێـر و مێ) کە بەداخیشەوە ئەم جۆرە ئاراسـتـانە هەن و بەزیادیشەوە. مەرجی دووەمیش ئەوەیە نووسـینەکانی کریستـیڤا کـارێکی ئەوتۆ نەکەن، پشت لەو تێکست و هزرانە بکرێ کە پێنووسی پیـاوە سپـییـەکە (یان ئەسـمـەرەکە) بەرهەمی دێنـێ. ئەمـە و ئەوەشـمـان پـێ وت: ئێـمـە دەزانین کریسـتـیـڤا باس لە سـوبجـێکت (خـودێکی) غـەدر لێکراو دەکا و لەم ڕووەشـەوە مـێـژووی کـولـتـووری ڕۆئاواش بەوە تاوانبـار دەکا ئەم غەدرەی پیـادە کردووە و لە گەڵێ لە بوارە داهێنانییـەکانیـشدا (ئەدەب، هونەر، فەلسـەفە، ئاین) کاری لەسـەر کردووە بەڵام لێرەدا نابێ ئەوەمـان لە بیر بچێ کە کریستیڤا بەخۆی سـوودێکی زۆری لە بۆچوونی بیریارە پیاوە ڕۆئاواییـە هاوڕێکانی (شـتـراوس، دێریدا، گۆڵدمـان، لاکـان، بارت و هاوسـەرەکـەشی، واتـە ڕۆمـان نووس فـیلیپ سـولرێز ) وەرگـرتووە و شـۆڕشـێکی لۆجیکیی پێچەوانەشی لێ دروست کردووە.

بەپێی ئەو دیتنانەی لای سـەرەوە کە تایبـەت بە کێشەی سێکسـیزم باسـمـان کردن، ئێسـتـا لە دنیـادا ئەدەبێک، یان هونەرێک، لە نەشـونمادایە کـار بۆ بەشـتکردنی واتای خـۆشـەویسـتی و مـانای

بەئافرەتبوون دەکا. ئەم ئەدەبە کە هێزی خۆی لە میدیای بازاڕی ڕازاوە و بەتوانای سەرمایەداری گلوبالەوە وەردەگرێ گەرای لەناو گشت کۆمەڵگە و کولتوورەکاندا داناوە. کۆمەڵگەی کۆلاپسی کوردیش کە وتاری ڕووناکبیرییەکەی بەزۆری بەرهەمی گەرووی خۆی نییە تا ئەوپەڕی کەوتووەتە ژێر سیحری ئەم میدیایەوە. ئەمەش بۆ ئێمە مانای ئەوەیە نووسەری کورد لە بەردەستخستنی تێکستی گەندەڵ، ئەو تێکستەی هیچ بەهایەک بۆ سوبجێکتی ئافرەت دانانێ، بەرپرسیارە. ڕاستە گەلێ لە نووسەران ناویان وا ڕۆیشتووە (هەروەک ئەو چیرۆکنووسەی لای سەرەوە باس کرا ) بەتەنگ کێشەی ئافرەتانەوە دێن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان دەیانەوێ لە ڕێگەی دیتنە ئەدەبی و ڕۆژنامەوانییە گەندەڵەکانیانەوە ستاتۆسێکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان دروست بکەن. ئەم لایەنەش (واتە دروستکردنی ستاتۆسی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی نووسینەوە) یەکێکە لە خەوشەکانی وتاری ڕۆشنبیریی کوردی و زیانێکی زۆریشی لە کردەی نووسینی نوێی کوردی داوە و کارێکی واشی کردووە خوێنەران متمانەیان بەوە نەبێ دەیخوێننەوە. بۆیە ئێمە وای بۆ دەچین ئەو یاخیبوونی بۆ لەمەولا تاکی ئافرەتی کورد دەتوانێ دوو شت بێ. یەکەم، ئەوەیە کە نەک هەر ئەو ئەدەب و هونەرە کوردییە نەخوێنێتەوە بەشداری لە بەشتکردنی ئافرەت دەکا بەڵکو ڕەتیش بکاتەوە. دووەمیش ئەوەیە کە نووسەری ئافرەتی کوردی ئەمڕۆ پێویستە کودەتایەکی لۆجیکی لە شێوازی نووسەرایەتییەکەیدا بەرپا بکا. چونکە ئەم دوو شتە ڕێگە لەو بەربەریەتەش دەگرن لە ڕێگەی نووسینەوە دێتە ئەنجامدان. چونکە ناماقووڵییە ئەو نووسەرە کوردانەی ناویان وەک جنێوباز و شەڕفرۆش ڕۆیشتووە، نووسینەکانیان لەلایەن ژیندەری ئافرەتی کوردەوە بخوێنرێنەوە. یان دەبەنگییە ئەو تێکستە ئەدەبییانە لەلایەن ئافرەتانەوە بخوێنرێنەوە کە ڕەوانبێژیگەریی بەسەر وشەی سۆزانییەوە دەکەن.

بۆ ئەوەی بێینەوە سەر ئەوەی ماوەیەک پێشتر تایبەت بە شەمەکبوونی ئافرەت لە کۆمەڵگەی گەندەڵ باسمان کرد دەمانەوێ لەوێوە وەسەرەتا بێین کە، یەک لەو تێبینییانەی دەبێ لەم بەشەی نووسینەکەماندا و تایبەت بەدۆزی گرفتاویی ئافرەت باس بکرێ مەسەلەی بێباکیی ڕۆشنبیرانە لەم بەشەی کۆمەڵ (واتە ژیندەری ئافرەت). چونکە توێژی ڕۆشنبیری (نووسەران، هونەرمەندان، ڕۆژنامەوانان و... هتد) کۆمەڵگەی گەندەڵ لە تەک ئافرەت هەردەم لە یارییەکی دووانەیدان. بۆ نموونە نووسەر یان سیاسی لە کۆمەڵگەی ناوبراو ڕەفتاری ماڵەوەی لە تەک ئافرەتەکەی زۆر لەو ڕەفتارانەی جیایە لە دەرەوەی ماڵەوە لە تەک ئافرەتێکی تر دەیکا، جا ئەوە کەسێکی هاوکاری بێ یان ناسیاو یان نەدیونەناس. هەروەها ئەم نووسەرە یان سیاسییە لە شوێنە گشتییەکاندا ( بۆ نموونە لەو شوێنانەی خەڵکێکی زۆری لێ کۆ دەبێتەوە، بۆ نموونە لە سیمینارێ یان فیستیڤاڵێ، یان لەو شوێنانەی خەڵکێکی زۆر ئەو شتە دەبینن یان دەیخوێننەوە، بۆ نموونە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی یان تەلەڤزیۆنی) تا بڵێی ڕەفتار جیا و تایبەتە ئەمە بۆ ئێمە تەنیا نیشانە نییە لە موونافیقیی ئەم نووسەرە یان ئەم جۆرە دەستەبژێرە بگرە، ئەگەر چاک لێی ورد بینەوە، نیشانەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوە تەنیا ڕەگەزی پیاوە خەریکی موونافیقییە. ئەمەش وا دەکا پیاو لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا هەموو کات دیسپلینخواز بێ و خۆی وەک بەرپرسی گشت شتێکی ئافرەت نیشان دا.

وەکی تریش ترسی پیاو لە ئافرەت لەوێوە دەست پێ دەکا کە ڕەگەزی پیاو کێشەیەکی میتافیزیکی و سروشتیی هەیە، ئەمەش بەتەبیعەتی حاڵ وای لێ دەکا بەردەوام قەید و شەرت لەسەر ئافرەت دانێ.

سەربارى ئەوەی وتمان، دەمانەوێ ئەوەش بڵێین، لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا حەساسیەتی نێوان ئافرەت و پیاو دەگاتە لووتکە و ڕەفتاری دوا لیستی (دووانەی) پیاویش تا بڵێی ڕەوت و ئاراستەی نامرۆیی و نارەوشتی وەردەگرێ. ئەم (واتە پیاو) لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی ناوبراودا پتر لە ژیندەری ئافرەت گەندەڵترە، هەر بۆیەشە هێزدارترە. ئەم وەک پیاوێ ئەو گەندەڵی و کۆلاپسە زەوینەیەکی سیمبۆلی ئەوتۆی بۆ دروست کردووە زاڵ و براوە دەردەکەوێ. بەڵام هەروەک وتیشمان لەبەرئەوەی ژیندەری پیاو ئەو هێزە سروشتییەی تێیدا نییە دەستبەرداری ئافرەت بێ هەردەم لە تەلە نانەوەدایە بۆ ئافرەت و ئەمەش تەنیا بۆ زێتر مسۆگەرکردن و قۆرخکردنی کەسێتیی ئافرەتە و نەک شتێکی تر. هەروەها لەبەرئەوەی لە هەناوی گەندەڵیدا، مەبەستمان لە ژیانە گەندەڵاوییەکاندا، پێشبڕکێیەکی زۆر بێ مانا و نارەوشتیی گشت کەرت و بەشەکانی ژیانی گرتووەتەوە، ئەوەی پێ دەوترێ پێوەندیی خێزانی، ئەمیش ڕووی لە گەندەڵی و دارمان کردووە. خۆی ئەم لایەنە تەنیا بە کۆمەڵگەی گەندەڵەوە نەبەستراوەتەوە، بگرە پێوەندییەکی زۆری بەو ئاراستە ئابووریخوازییەشەوە هەیە، جیهانی نوێی گرتووەتەوە. واتە پێوەندییەکی خێزانیی ڕاستەقینە و بێگەرد، پێوەندییەک بتوانێ پێوەندیی ناو خێزان یان پێوەندیی نێوان ئافرەت و پیاو بپارێزێ ئەمڕۆ لە گشت شوێنێکدا ڕووی لە کزی ناوە و تەنانەت بووشە بەمەسەلەیەکی ئیندڤیدوال (تاکی)، چونکە سیستەمی ئابووری و سیاسیی سەردەم ڕێگرێکی گەورەیە لە بەردەم ئەم هیوایە بەتایبەت پاش ئەوەی ئەم سیستێمە ڕۆڵێکی گەورەی دیوە لە کردنی خێزان بەکارگەیەکی بچووک و ئەویندارییش بە بەرهەمێکی پیشەسازیی ئەبستراکت یان بە بەروبوومێکی کە تەنیا لە هونەر و ئەدەبدا یاد بکرێتەوە. ئەڵبەتە لەوێش (واتە لە ئەدەب و هونەردا) خۆشەویستی وەک بابەتێکی لە سێکسیزم دەخرێتە بەرباس نەک شتێکی تر. ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوەی لە ڕۆئاوا ئەدەب و هونەر دەمێکە خەریکی بەشتکردنی کردەی خۆشەویستییە و خودی خۆشەویستیش لە ئاکامی ئەم پرۆسەیە دەمێکە لەوە کەوتووە خۆی لە سێکسیزمێکی پوخت جیا بکاتەوە. جا لێرە زۆرئاساییە ئێمە بڵێین «ماڵ لە خۆی نەبوو میوانیش ڕووی تێ کرد». مەبەستمان لە بەکاربردنی ئەم قسە نەستەقە کوردییە ئەوەیە ئافرەتی هەندێ کۆمەڵگە بەخۆیان بارخوار و دۆز وێران و بار ناهەموارن و، بەبوونی کۆمەڵگەش بە کۆمەڵگەی گەندەڵ و ئەمجار بوونی ئەم کۆمەڵگەیەش بەبەشێ لە بازاڕی دڕی سەرمایەداری جیهانی مەسەلەی ئافرەت و پێوەندیی ئافرەت بە پیاوەوە و شوێنی ئافرەتیش لەناو خێزان و خێزانە گەورەکە (واتە کۆمەڵگە) تا بڵێی بەشمەکاویی تر بووە.

لایەنێکی تر کە دەشێ لێرە و تایبەت بە ڕوخسارەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ تایبەت بەدۆزی ئافرەت بخرێتە بەرباس ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا گشت شتێک بەدەست سیاسی و هاوشێوەکانیەوەیەتی کە توێژی ڕۆشنبیر بەشێکە لێی کە ئەمانەش بەتەبیعەتی حاڵ پیاون. بەڵام ئەمان وەک پیشەی هەمیشەییان لەگەڵ گشت بەرامبەرێکیاندا لە زۆرترین وازیدان. وازیی ئەمانە

لەم حاڵەتە لە تەک ئافرەت برێتییە لە پەرەدان بە پرۆسەی بەشتکردنی. ئافرەتان. ئەمانەش بۆ ئەوەی ئەمە ژیرانە بکەن ماوەی جارێک دێن و یەک دوو سیمبۆل دروست دەکەن تا بەمە ئەو وێنەیە لە ڕوخساری کۆمەڵگە کۆلاپساوی و گەندەڵەکەیان بریقاوی بکەن کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە و ئافرەت لە دامەزراوە مەدەنییەکاندا، کە کانگەی گەندەڵییە، ئامادەبوونی هەیە. بەخۆی هەقایەتەکە وا نییە. ئەسڵی هەقایەتەکە بەجۆرێکی ترە. چونکە ئایدیۆلۆجیستانی، یان ئەندازیارانی، کۆمەڵگەی گەندەڵ دەیانەوێ ئەو لەکە کۆمەڵایەتییەی هەردەم بە تەوێڵی ئەم کۆمەڵگەیەوەیە، کە شوێنی بە ئافرەت نەبەخشیوە، بسڕنەوە بۆیە جار جارە دێن و وەک سەدەقە، نەک لە ڕوانگەی پێویستی و لە هەستی بەرپرسیاریەتییەوە، چەند پۆستێک بەسەر ئەم ئافرەت و ئەو ئافرەتدا دەبەخشنەوە، بەڵام حەیف ئەوانەی بەم جۆرە دەبن بە سیمبۆل دەکەونە ناو یارییەکەوە ئەڵبەتە لە ڕێگەی ئەو یارییەوە پێشبڕکێ لە تەک گشت ئافرەتانی کۆمەڵگەکەی خۆیانیشدا دەکەن و وەکی تریش نەک هەر بەو بەسیمبۆلبوونە قایل دەبن کە پێیان دەبەخشرێ بگرە ئافرەتانی ناوبراو، کە دواتر ئەمانیش دەچنە ڕیزی ئەندازیارانی گەندەڵی کۆمەڵگەی ناوبراوەوە، دژ بە ژیندەری خۆیانیش دەوەستنەوە و، دژایەتیی ئەو پۆلە ئافرەتە پێنووس بەدەستە نازدارانەش دەکەن خۆیان نەخستووەتە ناو هیچ یارییێک لە یارییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵەوە. ئەو ئافرەتە گەندەڵانەی بەم جۆرە ستاتۆسی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن نە لە موعاناتی ژیندەری خۆیان دەگەن و نەش دەتوانن لە فرتوفێڵەکانی پیاوە گەندەڵەکە (بەتایبەت سیاسییەکە) بێنە قسە. ڕاستە لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی گەندەڵدا تا بڵێی ئافرەت پێویستە ژیندەری خۆی بەرچاو بخا و لەو ڕێگەیەشەوە ئەوەش نیشان دا کە کەسێکی تەواوە و تەواوکەری ئەو تاکەشە کە پێکەوە، تەنیا پێکەوە، جووتێک پێک دێنن، بەڵام گرفتی ئەم تاکە (واتە ئافرەت) زۆر جار دووانەییانەیە. چونکە لەلایەک دژی سیاسەتی بەشتبوونی ئافرەت، واتە خۆی، دەوەستێتەوە کە ئەوە تا بڵێی پێویست و ماناداره بەڵام لە هەمان کاتدا، زۆرێک لە هەنگاوەکانی ئەم جۆرە ئافرەتانەی بەم کارە هەڵدەستن ئەوە نیشان دەدەن کە بەخۆیان مەیلێکی زۆریان بۆ ئەو بەشتبوونە یان بەشمەکبوونە هەیە، کە کۆمەڵگەی ناوبراو بەرهەمی هێناوە. خۆی ئەمە دەقاودەق لە ڕەفتاری ئەو ڕۆشنبیرەی کۆمەڵگەی گەندەڵ دەچێ کە لە ماڵەوە بە فیز و ئیشارەت لە تەک هاوسەرەکەی قسە دەکا و وەکی تریش کە قەسیدەیەک یان چیرۆکێک دەنووسێ، بە هاوسەرەکەی یان ئەوینەکەی پێشکێشی دەکا. ئەم ڕووداوە لە کۆمەڵگەی گەندەڵ جار نییە دە بارە نەبێتەوە. بۆیە ئەو ئافرەتە ڕۆشنبیرەش بۆ ئەوەی بۆ ئەو دەوروبەرەی خۆی بسەلمێنێ کە ئەم هەیە و حسێبی بۆ کراوە دێ و دەست دەخاتە دەستی زۆربەی سیاسی و ڕۆشنبیرە گەندەڵەکانی کۆمەڵگەکەیەوە. ئەم ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیە دەکا گوایە ئەم کار بۆ گۆڕینی دۆزی ئافرەت دەکا. هەر لێرەدا و تایبەت بەم لایەنە ئەوەش بیر دەخەینەوە کە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی گەندەڵ تا بڵێی ترسناکە و پڕیشە لە دیاردەی زێدە پارادۆکسال و دوالیستی، بۆیە ئافرەتی گەندەڵی ئەم کۆمەڵگەیە یان ئەو ئافرەتە ڕۆشنبیرە گەندەڵەی دەبێ بە سیمبۆل زۆر بە زەحمەت لەو سیاسی و یان ڕۆشنبیرە گەندەڵە جیا دەکرێتەوە بووە بە یەکێ لە ڕێگرەکانی پرۆسەی نەشونمای ئەو کۆمەڵگەیە.

بۆیه وای بۆ دەچین ناشێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە کێشەی سەرەکیی بەشتبوونی خۆشەویستی و بەشـمەکبوونـی ئافرەت لە کۆمـەڵگەی گەندەڵدا هـەر ئەمـە نییـە و تەنیـا ڕووناکـبـیرانی پیـاو لەم ڕووەوە بەرپرسیار نین، بگرە کێشـەکە چەند جەمسەری و فرە ئاقارە. واتە چەند توێژ و لایەنێکی تریش لە پرۆسەی ئەم بەشتکردن و بەشمەککردنەدا بەشدارن.

کەواتە لێرەوە دەکرێ بێینە سـەر ئافرەتی ڕۆشنبیری گەندەڵ، ئەو ئـافرەتـەی دەبێ بە ئەندامی یەکـەتیی گـەندەڵان و شـان بەشـانی پیـاوە گـەندەڵەکە سـامـانی نەتەوە لـووش دەدا. ئێسـتـاش لە کوردستان نموونەیەکی زۆرمان لەم جۆرە ئافرەتانە هەیە کە بەهۆی نووسینی چەند سەروتارێ یان ڕیزە تێکستـە شـیـعـرێک بـوونە بە مـۆرانە و چوونەتە جـەسـتـەی نەک تەنیـا هـاوژیندەرەکانیـان و تا پێیـان دەکرێ دەیخـۆن، بگرە چوونەتە جـەسـتـە گـەورەکەشـەوە، واتە کۆمـەڵگە و تـا پێیـان دەکرێ ئابووریی ئەم کۆمـەڵگەیە دادەڕزێنن. ئەم ئافرەتە گـەندەڵانە، کـە پێچـەوانەی ئەو ئافرەتە بەرێزانەن کۆمـەڵگەی ناوبراو تەپاندوونی، تاکە خـەونیان شیعر نووسـینە و تەکنۆلۆجیای ئـەمانە ئەدەبە و بەو ئەدەبەش ڕۆشنبیـرییـەکی گـەنـدەڵیی ئەوتۆیان هێناوەتە کایـەوە تا بڵێی سـوودیان لێ وەرگرتووە و چەورترین نانیـشـیـان پێ دەست کـەوتووە. ئـەمـانە کە دوژمنـی ژیندەری خـۆیانن زۆر بەوریاییـیـەوە خـۆیان کـردووە بە بەشێ لەو دەسـتـەبژێرە ڕووناکـبـیـرییـە گـەندەڵەی هـیـچ بەهـایەکی بۆ ژیندەری بەرامبەری نییە. ئەڵبەتە لە بیرمـان نەچێ لەم کوردستانە دامـاوە، کە مۆزەخانەی گشت جۆرەکانی تراجیدیایە، ئافرەتە ڕۆشنبیرە هزر گەندەڵەکان بەهۆی ئەم تراجیدیایانەوە بازاڕیان یەکجار گەرمە و لێزانیشن لـە لاواندنەوەی ئەو تراجیدیایانە (مەبەستم تراجیدیای ئافرەتە ئەنفالکراوەکان، ئافرە تەکوژراوەکان، ئافرەتـە ترسێنراو و تۆقێنراوەکان). جـا ئەو ئافرەتە ڕۆشنبیرە گەندەڵانەی بەهۆی زۆرنووسین و بەلێشـاو بڵاوکردنەوەوە بوونە بە هـاوشـانی پیاوە سـیـاسـی و ڕۆشنبـیـرە گەندەڵە کـە خـۆیـان بە لاواندنەوەی ئەو تـراجـیـدیـایـانەوە سـەرقـاڵ دەکـەن کـە لەو مـۆزەخـانـەیەدا هـەیە و لەم ڕووەشـەوە دێن ئەو بەشە لەو تراجیدیایە دەلاوێننەوە کە بە ژیندەری ئافرەتەوە تایبەتە. ئاخر ئەمان ئەمە نەکەن نە دەتوانن مونافەسەی پیاوە گەندەڵە ڕۆشنبیرەکەی هـاوڕێیان بکەن و نەش دەتوانن بۆ هەردەم سـیـمـبۆل بن. بۆیە پسـپـۆڕییـەکە دابەش دەبێ و پیـاوە گـەندەڵەکە لە پیـاوی ئەنفـالکراو و شـەهـیدی هـەڵەبجـە دەدوێ و ئـافرەتە ڕۆشنبـیـرە گەندەڵەکەش لە ئافـرەتی ئـەنفـالکراو و شـەهـیدی هـەڵەبجـە دەدوێ. وەلێ حـەیف ئەوەی چ پیـاوە ڕووناکبـیـرە گەندەڵەکە و چش ئافرەتە ڕووناکبـیـرە گــەندەڵەکــە بیــریان لـێ نەکــردووەتەوە، ئەوەیـە کــە تـا ئێــســتــا لێکدانـەوەیەکی کــولتــووری و شیکردنەوەیەکی دەروونناسییانەیان لەبارەی ئەو تراجیدیایانەوە ئەنجام نەداوە.

لایەنێکی تر کـە تایبـەت بە گـەندەڵبوونـی خۆشـەویسـتی و بەشتبـوونی ئافرەت شایانی تێڕامـانە ئەوەیە، ئێـمـە کـە نەوەی لاس و غـەزال و، شـیـرین و فـەرهـاد و، خـەج و سـیـامـەند و و یـان (مـەم و زین)ین نەدەبایە لە تەک ئافرەتدا ڕەفتار گەندەڵ بین. ئێمە کە هەندێ لە ڕەفتارە گەندەڵەکانمان لەم ڕووەوە لە گۆڕانـە کۆمـەڵایەتـی و کولتوورییـە سـەردەمـیـیـەکـانەوە وەرگرتووە ئەم وەرگـرتنانە زۆر ئاوەژوو و پێچەوانە بەکار دەبەین و، لەبەرئەوەی وەک گشت نەتەوەکانی سەر زەویش پێوەندیمان بە کلاسـیکیی خـۆمـانـەوە نەمـاوە و گشت شـتـە تازە و نوێکانیـشـمـان لا باش و چاک و نـایابە، دەبێ

چاوەڕوانی گۆڕانی کولتووری و کۆمەڵایەتیی لەوە زیاتر بین. پێشمان وایە، ئەوەی گشت مرۆڤایەتیی نوێشی لە رووی گۆڕانی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە یەک خستووە نە ئاینە و نەش فەلسەفە، هەروەها نە زمانە و نەش کولتوور بگرە چاخی زانیاریی نوێیە. ئەم چاخە کە بەدوامانەوەیە لە هەر کوێ بین بەرهەمهێنەری گشت دیاردە سەیر و غەریبەکانە. چاخی زانیاریی نوێ یان تەکنیکی تازە، کە یەکمان دەخا و ڕێکیشمان دەخا بەو جۆرەی مەبەستییەتی، بەئارەزووی خۆشی فرێمان دەداتە ناو گەرووی تەنیایی و دابڕانە کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکانەوە. واتە ئێمە بەبێ ئاگایی خۆمان لە تەک یەکدا کۆک و ناکۆک دەبین هەروەها بەبێ هەوەسی خۆشمان کردار و هەڵسوکەوتمان دیاری دەکەین؛ ئێمە ئەمە دەکەین، چونکە تەکنۆلۆجیای زانیاریی نوێ مەیلی لەسەرە. تەکنۆلۆجیای تازە ئەوەندە زاڵ و سەرنجڕاکێش و کاریگەرە لە گرینگی و هێزداریی هەموو هونەر و ئایدیۆلۆجیا و ئاینێکی بردووەتەوە. ئەم تەکنۆلۆجیا نوێیە کە بەرهەمهێنەری ڕەوشت و ئاکارێ تایبەت بەخۆیەتی تا ئەوپەڕی بالادەست و گۆڕانکاریهێنەرە. تەنیا ئەو کولتوور و کۆمەڵگەنەش دەکارن لە تەکیدا هەڵبکەن کە بەرهەمیان هێناوە. ئەوانەی تەنیا کاریان بەکاربردنی تەکنۆلۆجیای ناوبراوە و گشت ژیانی ڕۆژانەیان لەسەری مشەخۆرە نە لە دووریی گۆڕانەکانی ئەم تەکنۆلۆجیایە دەگەن و نەش دەکارن خۆیان لە تەکیدا بگونجێنن. هەر دوور نارۆین تیرۆریزمی نوێ کە لە گشت ڕوویەکەوە شێوازەکانی تەکنۆلۆجیای ڕۆئاوا بەکار دەبا، وەکی تر دوژمنی گەورەی تەکنۆلۆجیاشە ئەمە تەنیا پارادۆکسێک نییە تیرۆریزم یان کۆمەڵگەکانی تیرۆریستییەکان تێ کەوتوون، بگرە یەکێکە لە ناحاڵیبوونەکانی کۆمەڵگە نارۆئاواییەکان لە کۆمەڵگەی دیجیتاڵ، بەلام ئەوەی ئێمە لێرە دەخوازین بەکورتی سەرنجی بخەینە سەر، ئەوەنییە کە چەند دیاردەی بەدیجیتاڵیبوونی ژیان کاریگەریی بەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و تەنانەت ئاینی و ڕۆحییەکانەوە بەجێ هێشتووە، بگرە ئەوەیە چەند واتای خۆشەویستی و کەسێتیی ئافرەت لە ئاکامی ئەم دیاردەیەوە زیانی لێ کەوتووە. هۆی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش بۆ ئەو فەوزا کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە تەکنیکی نوێ (مۆبایل، ئینتەرنێت، کامێرای ڤیدیۆ) لەناو کۆمەڵگەی تازەی کوردی، کە کۆمەڵگەیەکی گەندەڵە و دژی گشت پرەنسیپەکانی پاکدامێنیی ڕەوشتییە، دروستی کردووە. ئەم فەوزایەش چەند ترسناک بێ بەلام ئەوەی پێی دەڵێن خودی ئافرەتی کورد، یەکەم بوونەوەرە پڕیشکی ئەم ترسناکییەی پێش گشت کەس و شتێکی تر بەردەکەوێ. هۆی ئەوەی بۆ ئافرەت یەکەم پڕیشکی ئەو ترسناکییەی بەردەکەوێ ڕوونە، بەلام هۆی ئەوە ڕوون نییە بۆ لە کۆمەڵگەی گەندەڵ تەکنیکیش دژ بەئافرەتە. ئەڵبەتە هۆی ئەمە تەنیا بۆ شێوەی هەڵە بەکاربردنەکانی تەکنیک ناگەڕێتەوە بگرە بۆ ئەو هێزەش دەگەڕێتەوە کە تەکنیک دژ بە ئافرەت بەکار دەبا. ئەم لایەنەش ڕووەکانی تەنیا لەو کۆمەڵگەیانە زۆر دەردەکەوێ کە ئافرەت تێیدا لاواز و بندەستە. چونکە لەلایەک تەکنیک وەک شتێکی ناحەلاڵ و ڕۆئاوایی تەماشا دەکرێ و لەلایەکی تریش تەکنیک ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی پیاوی گەندەڵ ئاسانتر گەندەڵی سێکسیی خۆی مومارەسە بکا. کەواتە تەکنیکیش لە کۆمەڵگەی گەندەڵ لە بەرژەوەندیی ژیندەری ئافرەت نییە و ئامرازێکیش نییە بۆ پاراستنی ئافرەت لە ژیندەری پیاو. واتە، تەکنیک لە کۆمەڵگەی گەندەڵ ڕۆڵێکی زۆر لە

بندەسـتکردن و قـۆرخکردنـی ڕەفـتـار و جـووڵەی کـۆمـەڵایەتیی ئافـرەت دەبینـێ ئەمـەش وا دەکـا ڕووبەری نایەکسانییە ژیندەرییەکان ببێتەوە. ئەم نایەکسانییە ژیندەرییەش لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا بەهۆی بەکاربردنی تەکنیکەوە دروست دەبێ و تەکنیک لەگەڵ خۆی نەیهێناوە، بگرە ئەمە یەکێکە لە داهێنانەکانی پیاوی گەندەڵی کۆمەڵگەی ناوبراو. چونکە هەروەک هەمـوو حاڵەتەکانی تردا پیاوی گـەندەڵ دەیەوێ تـەکنیکیش تـەنیـا لـە خـزمـەتی ئـەو بێ و تـەنیـا ئەو شـارەزا و بەکـاربەری بەروبوومەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاریی تازە بێ. بۆیە شتێکی نائاسایی نییە گەندەڵچییەکان لەسەر (sms)ێک یان ئیمەیلێک یانیش گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی کچ و هاوسەر و یان خوشک و دایکیان، کە ئەمانە هەموو ژیندەری ئافرەت پێک دێن، بکوژن و یان تیرۆر بکەن. ئەمان کە ئامادە بن زەبرخواز بن هۆ و بەهانە زۆرە بۆ پیادەکردنی ئەوە.

بەخۆی تەکنیک لە گەلێک ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە گرفتاوییە و هێنەری گەلێک فۆرمی تازەشـە لە گـرفت، بەڵام ئەو گرفـتـانە کەمتـر لە کۆمـەڵگـەی گـەندەڵ ڕەنگدانەوەیان هـەیە. ئەمـەش لەبـەرئەوەی نـە دامـەزراوەکـانـی دەوڵەت زۆر بـە تەکنیکەوە بەسـتـراونەتـەوە و نەش کـارگـە و نێـوەنـدەکـانی تـوێژینـەوە و پەروەردە و بـەڕێوەبردن، بۆیە گـەلـێ لەو نـەخـۆشـیـیـە دەروونی و کـۆمـەڵایەتـیـانەی مـرۆڤی تازەی ڕۆژئاوا لە ئاکـامی بـەکـاربردنی تەکنۆلۆجـیـای زانیـاریی نوێوە دووچاری دەبێ مرۆڤی تازەی کۆمەڵگە غەیرە ڕۆژئاواییەکان پێی ئاشنا نین. بەڵام ئەو نەختە گرفت و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانەش خەڵکی وڵاتانی غەیرە ڕۆژئاوایی و بەتایبەت وڵاتە پاشکەوتووەکان لە ئاکامی بەکاربردنی بەروبوومەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاریی نوێوە دووچاری دەبنەوە مرۆڤی تازەی وڵاتانی ڕۆژئاواش پێی ئاشنا نین. هۆی ئەمەش زۆر بەکورتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو تەکنیکانەی لە وڵاتانی غـەیرە ڕۆژئاوایی بـەکـار دەبرێ، هێنـراون و بەری گـەشـەی زانست و زانیـاریی ئەم جـۆرە وڵاتانە، ئەمـەش وا دەکا تەکنیک توانـای گۆڕینی ڕەفتـار و هـەڵسوکەوت و نەریت و خـووڕەوشـتی خەڵکی نەبێ و خۆشی وەک ئامرازێکی زەبراوی نیشان دا.

دواتر دەمانەوێ ئەوەش بڵێین کە، کۆمەڵگە بەوە نابێ بە کۆمەڵگەیەکی تەکنیکی کە بازرگانێکی نەخـوێندەواری گـەندەڵ، ویسـتـی بازرگـانی وای لێ بکا بڕوا بـۆ شـوێنێکی وەک دوبەی و سـەد کۆمپیوتەرێک یان هەزار مۆبایلێک بێنێ بۆ فرۆشتن. لە هەموو ئەوانەش گرینگتر ئەوەیە نەبوونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لەسەر مەترسییەکانی بەهەڵە بەکاربردنی بەروبوومـەکانی تـەکنۆلۆجیای مـەدەنیی نوێ، کـە مـوبایل و ئینتـەرنێت بەشـێکن لێی، کـارێکی ئـەوتۆش دەکا ئاژاوەی گـەورەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە پاشکەوتووەکان، کە کۆمەڵگەی گەندەڵ بەشێکە لێی، دروست بێ. ڕەنگە هەمـان ئەو ئاژاوانەش لە وڵاتانی ڕۆژئاواشدا، کە بەخۆیان بەرهەمـهێنەری ڕاسـتەوخـۆی تەکنیکی تازەن، ڕوو بدا، بەڵام لەبەرئەوەی گرفتی نەریتی لەم وڵاتانە بـوونی نییـە و ڕەفتـار و خـووڕەوشـتی خـەڵک سەرچاوەیەکی نەریتی و فیودالی نییـە بۆیە تێکڕای ئەو ئاژاوانە یان گرفتانەی (بۆ نموونە دیاردەی پێدۆفیل منالبازی- خەڵەتاندنی کچی لاو و یان بەگشـتی ئافرەتان لە ئینتـەرنێت) لە ئاکـامی بەهەڵە بەکـاربردنی تـەکنیکی نوێوە دروست دەبن ئاراسـتـەی پۆلیس و داوودەزگـا یاساییەکان دەکرێن. بۆیە گەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، نەک ویستی تۆڵە و خووڕەوشتی نەریتی

و ئاغاواتی، بەسەر داوودەزگا یاساییەکاندا زاڵ بێ ئەو گرفتانەی لە ئاکامی بەهەڵە بەکاربردنی بەروبوومەکانی تەکنۆلۆجیای زانیارییەوە دروست دەبن، بەبێ ئاژاوە و بەربەست چارەسەر دەکرێن.

بەڵام ئەم مەسەلەیە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ئەستەمە بێتە دی. چونکە دەزگا یاساییەکان، کە بەخۆیان لەسەر بناغەی نادادپەروەری ژیندەری کار دەکەن، ناتوانن لەو نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و ژیندەرییە بێنە قسە کە لە کۆمەڵگەدا پیادە دەکرێ. ئەمە بەخۆی هۆیەکە و هۆیەکی بنەڕەتیشە بۆ بەردەوامبوونی نایەکسانیی ژیندەری لە کۆمەڵگەدا، بەڵام هەندێ هۆی تریش هەن کە بەشێکیان بنەڕەتین و هەندێکیشیان لاوەکین، لەوانە: ئەوانەی لە دەزگا یاسایی و مافییەکاندا باڵادەست و هێزدارن بەزۆری پیاون و لە پیاوە گەندەڵە سیاسییەکانی کۆمەڵگەشن. بۆ نموونە ژمارەی سەرووی دادوەر و دادوەر و قازی لە کۆمەڵگە گەندەڵەکاندا، بۆ نموونە کوردستان، بەزۆری پیاون و ئەوانیش لەسەر جۆرە بنەما و تەشریعێک کار دەکەن زۆر نەریتییە و سەرچاوەیەکی ئاینیشی هەیە. بۆیە دەنگی ئافرەت لەم شوێنانە زۆر کز و ناسازە. ئافرەت لەم جۆرە دەزگایانە، کە لە دەزگا نێوەندییەکانی دەوڵەتن، بە کەسێ سۆزاوی (عاتیفی) و نیوە مرۆڤ (نیو لە چاو پیاو) لە قەڵەم دەدرێن. واتە دوو شایەتی ئافرەت دەنگی یەک شایەتی پیاوی هەیە. ئەم مەسەلەیە کە زۆر نەریتییە و بنەچەیەکی ئاینیی هەیە وا دەکا ئافرەت لەم جۆرە داوودەزگایانەدا نەتوانێ بە مافی تەواوەتی خۆی بگا و بۆ ئەو مەبەستەش هەردەم دەبێ چاوی لە دەستی پیاو بێ، پیاو وەک شایەد، وەک دادوەر و... هتد. هۆیەکی تری بنەڕەتی ئەوەیە کە دەزگای پۆلیس کە دەزگایەکی سەرەکییە بۆ وەرگرتنی ماف و گەڕانەوەی هەق و بەسزاگەیاندنی تاوانکار لە کۆمەڵگەی گەندەڵ بایەخ و کێشی نییە. پۆلیس یەکێکە لەو کەسانەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا سامی نییە. یان پۆلیس تەنیا لای ئەو کەسانە سامی هەیە کە گەندەڵ نین و پشتێکی سیاسی و قەبەل (خێڵەکی)یان نییە. ئەوانەی کە گەندەڵن و پشتیان سیاسییەکان و یان ئاغا و دەرەبەگەکانن یان سەر بە خێزانە سیمبۆلییە ئەدەبی و سیاسییەکانی شارن ئەمانە گاڵتەیان لێ دێ باسی شکاتی پۆلیسیان لا بکەی. ئەمە و بێ سامی پۆلیس لە کۆمەڵگەی گەندەڵ هەر بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە بنەماڵە سیاسی و ئەدەبی و هەندێ خێڵ و تاقم تێیدا هێزدارن، بگرە بەگشتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پۆلیس لەگەڵ هاتنە کایەوەی دەزگایەکی تری لێپرسینەوە وەک دەزگای ئاسایش و زانیاری (موخابەرات) ئیدی ستاتۆسی کاری پۆلیس ئەوەندە کاریگەر نییە. ئەوانەش کە سەرووی دەسەڵاتی پۆلیسن (واتە دەزگاکانی ئاسایش و زانیاری) هەر بۆ گیان خەڵکە داماو و بێ پەناکە دانراون، ئەگەرنا ئەم دەزگایانە دەبایە زۆرترین زانین و زانیارییان لەسەر دیاردەی گەندەڵی و ڕادەی گەندەڵی بخستبایەتە بەردەست پۆلیس و گشت ئەوانەشیان پەلەکێش بەردەم دادگە کردبایە کە لە پاڵ ئەو دیاردە قێزەونەوەن. بەڵام ئەم شتانە لە کۆمەڵگەی گەندەڵ مەحاڵە بەم جۆرە بێتە دی چونکە گەندەڵی ڕاستەقینە ئەندازیارانی سیاسیی سەرەکیی ناو دەوڵەتن. بۆیە لەم حاڵەتە و لەم کۆمەڵگانەدا یاسا تەنیا لە ئاست ئەو کەسانە توند و زەق کار دەکا کە بێ پشت و بێ دەرەتانن. بەڵام لەم کەینوبەینەدا چی بەسەر دۆزی ئافرەت دێ و چەند تاکی ئافرەت لەم ڕووەوە زەرەرمەند

دەبن ئەمە مەسەلە سەرەکییەکە نییە بۆ توێژی سیاسی یان ڕۆشنبیری. ئەوەندەی ئاگاشمان لێ بێ لەم ساڵانەی دوایی بە هەزاران ئافرەت زانکۆیان تەواو کردوە و دواتر بەسەر زۆربەی داوودەزگاکانی دەوڵەتیشدا بڵاو بوونەتەوە، بەڵام ئەمە لە ئەسڵی کێشەکەی نەگۆڕیوە و هەنگاوی گەورە بۆ چارەسەرکردنی نادادپەروەریی ژیندەری نەنراوە و بەشێ لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنیش لەم ڕووەوە، بەباوەڕی ئێمە، بۆ خودی ئافرەتان دەگەڕێتەوە کە کۆنکرێت نایێنە پەیڤین و کەسانێکی گەندەڵ و مشەخۆریشیان کردووە بە نوێنەر و قسەکەری خۆیان و بەشەکەی تریش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەندەڵیی سیاسی و ئابووری کارێکی وای کردووە ئافرەت لاواز و بێ دەرامەت بێ و لە کۆتاییدا خۆی پێش گشت کەسێک سنوور بۆ چالاکی و جموجۆڵەکانی خۆی دانێ. ئەمەش گەلێ جەمسەری هەیە و لە گەلێ ڕووشەوە دەشێ ببینرێ. بۆ نموونە زۆربوونی دەزگای مەدەنی لەم ساڵانەی دوایی بۆ هاتنە گۆ لە کێشەی ئافرەتان، کە هەریەک لەو دەزگایانە ناوونیشانێکی هەیە، بناغەیەکی ئەوتۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەت دانەناوە. هۆی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو دەزگایانە ئابوورییەکەیان بەجۆرێکی سیاسی پەیدا دەکەن و یان لەبەرئەوەی حزبێکی دیاریکراو نەک دەوڵەت یارمەتییان دەدا ئەمە وا دەکا سەربەخۆ نەبن و خودی ئەو دەزگایانەش زۆرجار وەک شوێنێک بەکار دەبرێن بۆ دەرکردنی کەوادیری سیاسی یان دروستکردنی دولبەر بۆ سیاسییەکان. لەوە سەیرتر گەلێ لەو دەزگایانەش ئەڵبەتە، بەدەزگای کاروباری منداڵانیشەوە، بەڕێوەبردنەکەیان زۆر جار وەک دیارییەک بەکەسانێک دەدرێ کە ئەو کەسانە ڕەنگە خێزانی فلانە شەهیدی ناوداری حزبێک بن یان فیسکانە وەزیر و پیاوماقووڵی سیاسی. لەم حاڵەتانەدا ئەو دەزگایانە کە زۆرجار وەک سەنتەرێکی چالاکیی کولتووری یان ماڵ و یانەیەکی کۆمەڵایەتی خۆیان دەردەخەن لە هیچەگەرایی و مشەخۆری زیاتر هیچ بەرهەم ناهێنن. ئەم جۆرە کارانەش نەک هەر ڕۆڵیان لە بەشمککردنی ئافرەت گەورە دەبێ، بگرە ڕۆڵێکی گەورەشیان لە فەوتانی سامانی نەتەوە بەناوی چالاکیی کولتووری و کۆمەڵایەتیشەوە دەبێ. ئەڵبەتە ڕۆژانەش دەیان هەقایەتی سەیر سەیر لەسەر گەندەڵیی ئەم جۆرە شوێنانە نەبیستین و، یەکەم وێنەی گەندەڵیش کە لەسەر ئەم جۆرە هەقایەتانە دروست دەکرێ، ئەوەیە کە ئافرەت بەدەستی خۆی ئافرەت ڕیسوا دەکا. بەڵام بەخۆی وا نییە. چونکە ئەو ئافرەتە گەندەڵانەی ئەو جۆرە چالاکییانە دەبەنە ڕێوە، ئامرازێکی بێ کەڵکی دەستی سیاسییە گەندەڵەکانن کە دەیانەوێ بەهۆی چەند سەنتەر و یانە و ماڵێکەوە، کە چالاکیی گەندەڵ و دارِماو بەرهەم دێنن، کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بکەن. ئای لەو کۆمەڵگە مەدەنییەی ئافرەتێک دروستی دەکا کە لەبەرخاتری مێردە وەزیرەکەی یان مێردە سیاسی و بارزگانەکەی کراوە بە سەرپەرشتی ئەو سەنتەرە یان بنکە و یانە کولتوورییە.

لایەنێکی تر کە تا بڵێی پێویستە لەم بەشەی نووسینەکەماندا سەبارەت بەگەندەڵبوونی خۆشەویستی و بەشمەکبوونی تاکی ئافرەت بخەینە بەرباس قسەیەکی کورتە لەسەر دیاردەی تیرۆریزم و کاریگەریی ئەم لایەنە بەسەر خۆشەویستی و سوبجێکتی ئافرەتەوە. لەم ڕووەشەوە بۆ ئەوە دەچین کە خۆشەویستی لەو کۆمەڵگەیانەی تیرۆریزم بەخێو دەکا لە ڕاڕایی و دڵەڕاوکێیەکی سۆزدارانە و وجوودیدا دەژی. تیرۆریزم کە تێکدەری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە بکوژی هەرە

گەورەی خۆشەویستیشە. چونکە تیرۆریزم دوژمنی باوە گەورەی ئافرەتە. کەواتە تیرۆریزم ڕێگەیەکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی عیشق، بەڵام ناشبێ ئەوەمان لە بیر چێ کە تیرۆریزم بەرهەمهێنەری جۆرە عیشقێکیشە لەسەر شێوازی باوەڕی سیاسیی خۆی. بۆ نموونە گەلێ لە تیرۆریستەکان یان ڕیزێ ژنیان هەیە یانیش گرفتی سێکس و خۆشەویستی وای لێ کردوون ببن بە شەڕوان. ئەمە و نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ تیرۆریزمی نوێ ڕێگەیەکی ترە لە بەردەم پیاو بۆ دەرخستنی هێز و بوونی پیاو بە هێمایەک بۆ ئازایەتی. ئەمە و ئەو کۆمەڵگانەش دیاردەی تیرۆریزمی تێیدا لە گەشەدایە ئەو وێنەیەشی لەسەر دروست کراوە کە پیاوەکانی دڕ و بێ سۆز و دژە ئافرەتن. ئەڵبەتە لەم ڕووەشەوە میدیای ڕۆئاوا و میدیای خودی ئەو کۆمەڵگانەش تیرۆریزم بەخێو دەکەن هەردوو بەجووتە لە دروستکردنی ئەو وێنانە بەرپرسن. دەشێ لێرە بپرسین بۆ؟ هۆی ئەمە لەلایەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو جارێ تیرۆریزم کە بە ئیسلام دەبەستریتەوە ئەمە گەورەترین دەگە لە پێوەندیی نێوان نێر و مێی ئەو کۆمەڵگانە دەدا کە هەم ئیسلامی تێیدایە و هەمیش تیرۆریزم. لەلایەکی تریش دەگەڕێتەوە بۆئەو ڕقە زۆرەی چ ئیسلامی تازە لەلایەن خۆیەوە و چش تیرۆریزم لەلایەن خۆیەوە لە گشت شتە ڕۆئاواییەکان هەیانە (هونەر، تەکنۆلۆجیا، ئابووری، ڕەوشت) کە ئەوەش کاریکی وای کردووە ئەو چواندن و تێکەڵکردنەی لە نێوان ئیسلام و تیرۆریزمدا دروست دەکرێ بەئاسانی بۆ خەڵکی ڕۆئاوایی هەرس بێ. ئەمەش وەکیتر کاردانەوەی خۆی بەسەر ستاتۆسی کۆمەڵایەتیی ژیندەری ئافرەتی کۆمەڵگە غەیرە ڕۆئاواییەکانەوە هەیە. بەڵام لەم ڕووەوە دیسانەوە و وەک هەموو جارێک هەر ژیندەری ئافرەت دۆڕاو و بێ پەنایە. چونکە ئەو وێنانەی ڕۆئاوا لەسەر ئیسلام و تیرۆریزم دروستی دەکا ئەو ئافرەتە ناڕۆئاواییانەی دەکەونە ناو وڵاتانی ڕۆئاواوە پێی لەکەدار دەبن. چونکە لە گەلێ لە بۆنەکان ڕۆئاواییەکان لە ڕێگەی هەندێ ڕەفتار و وتنەوە ئەوە بیر ئافرەتە ناڕۆئاواییەکان دەخەنەوە کە سەر بە کولتوورێکی دڕ و نێرسالارین. بۆیە ئافرەتی کورد لە هەندەرانیش باجی ئەو توندڕەوی و پیاوسالارییە دەدا لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا تێیدا ژیاوە. لە هەمان کاتدا ماسمیدیای ڕۆئاواش لەم لایەنەوە کاری خۆی دەکا و زوو زوو پیاوی وڵاتانی ناڕۆئاوایی بەجۆرێک وێنە دەکا کە نەک هەر بۆ ئەوەی ئافرەتە ڕۆئاواییەکان هیچ مەیلێکیان نەچێتە سەری، بگرە بۆ ئەوەش کە ئافرەتە ناڕۆئاواییەکانیش حەز بەبینینیان نەکەن. ئەمەش زۆر جار مانایەکی زۆری بۆ ئەو کۆنفلیکتانەش (نیزاع) دەبێ لەناو خێزانە ڕۆهەڵاتییەکاندا دروست دەبێ. چونکە کەسێک کە لە دەرەوە وەک دڕندە تەماشا بکرێ ناشێ لەماڵەوە و بۆ هەرگاف وەک فریشتە سەیر بکرێ.

لایەنێکی ترەوە کە پێمان باشە لەم بەشەی نووسینەکەماندا بخەینە بەرباس، ئەوەیە لە ئێستادا زۆر ئاساییە گشت کۆمەڵگە و گرووپێکی ئیتنی یان ئاینی پێناسەی خۆی بۆ خۆشەویستی و پێوەندیی نێوان نێر و مێ هەبێ، بەڵام ئەم مەسەلەیە وەک خۆی ناتوانێ شوێن بۆ خۆی لە گشت شوێن و هەلومەرجێکی دابین بکا. واتە پێناسەکان هەموو وەک یەک پۆپولێر نابن و شوێنی ڕەزامەندیی گشت کولتوور و کۆمەڵگەیەکیش نابن. چونکە لەگەڵ هاتنی کولتووری مولتی کولتوورالیزم پێناسەکان لە تەک یەکدا دووچاری پێکدادان بوونە و هەریەکە دەیەوێ بە پێناسە و

ناسنامەی ڕۆشنبیریی خۆیەوە سەرگەرم بێ، بۆیە ڕۆئاواییەکان ئەم جیاوازییە لە پێناسەکردن بۆ خۆشەویستی دەبەنەوە سەر هەندێ قاڵب کە لەوێڕا ئەوەندە وێنەکان تێکەڵ دەکرێن کە مرۆڤ لە کۆتاییدا تەنیا ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە ئەو مۆدێلە لە خۆشەویستی پەسند بکا کە ڕۆئاواییەکان باوەڕیان پێیەتی. ئەڵبەتە گەلێکیش وای بۆ دەچن ئەو مۆدێلە ڕۆئاواییە مۆدێلێکی کراوە و شەفاف و بێگەردە، بۆیە لە کۆمەڵگە ناڕۆئاواییەکاندا ئەم جۆرە مودێلە زوو شایانی هەڵگرتنەوەیە. ئەگەر تەماشای لای خۆشمان بکەین، دەبینین ئەو مۆدێلە ڕۆئاواییە یەکجار گەرای داناوە بەڵام زۆر جار ئەو مۆدێلە لە تەک شتە نەریتییەکان بەیەکدا دەچنەوە و لەو بەینەش کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی دروست دەبن کە زەرەرمەندیش لەم حاڵەتە هەر ژیندەری ئافرەتە. ئەڵبەتە دیاردە ڕۆئاواییەکان لای ئێمە و لەم دواییەیە لەژێر کاریگەریی بزووتنەوە توندڕۆ ئاینییەکاندا دووچاری بەرەنگاربوونەوەی توند بوونە، بەتایبەت و پاش بەرزبوونەوەی دەنگی دژە ڕۆئاوایی کە بەخۆی هەر ئەم بزووتنەوانەشن لە بەشێکی زۆر لە نەشونمای توندڕەوی و تیرۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەرپرسیارن.

بەخۆی پشتکردن نەک هەر لە مۆدێلی خۆشەویستیی ڕۆئاوایی سەختە، بگرە پشتکردن لە گشت ئەو شتانەی ڕۆئاواییەکان باوەڕیان پێیەتی تا بڵێی زەحمەت و ئەستەمە. چونکە ئەو توانایەی ماسمیدیای ڕۆئاوا لە بەردەستیدایە زۆر بەئاسانی و لە ماوەیەکی هەر زۆر کورت دەکارێ ئەوەی دەیەوێ بیگەیەنێ و وەک شتێکی ڕاست و باشیش لە قەڵەمی بدا، بەڵام لە بەرامبەر ئەوە ماسمیدیای وڵاتانی غەیرە ڕۆئاوا نەک هەر ئەو شیاوییە تەکنیکییەیان لە بەردەمدا نییە لە گەیاندنی وێنە و دیتنەکانیان بگرە گرفتەکە پێش گشت شتێک ئەوەیە کە کەسی ڕۆئاوایی بەئاسانی و بەخێرا شتی کولتوور و نەتەوەکانی تر هەڵناگرێتەوە و ئەگەر ئەوەش بکا وەک شتێکی تازە و پەسندکراوی لە قەڵەم نادا. ئەم لایەنەش تەنیا پێوەندیی بەو ڕاسیزمە زاڵ و باوەوە نییە لە کولتووری تازەی ڕۆئاوا یان لە کولتووری ناوبراو بە کولتووری مولتی کولتووراليزمدا پەنهانە کە دەکارێ وێنە لە ماوەیەکی کورتدا لەسەر ئەوی تر دروست بکا بگرە پێش گشت شتێک مەسەلەکە پێوەندیی بەوەوەیە شتە غەیرە ڕۆئاواییەکان پشتیان نییە و نەیانتوانیوە ڕێفرێنس (مەرجەع) بۆ خۆیان پەیدا بکەن و بەئاسانی شتەکانیان ببن بە شتی پوپولێر و هەڵگیرێتەوە. ئەم مەسەلانە وەک مەسەلەی کەباب و دۆڵمە و فەلافل نین کە خەڵکێکی زۆریان لە ئەورووپا لەخۆ کۆ کردووەتەوە بگرە ئەم مەسەلانە تەواو جیان و شتگەلێکی زێدە ئاڵۆز و حەساسن و پەسندکردن و پۆپولێربوونیان کاتێکی زۆری دەوێ. بەتایبەت ئەم مەسەلانە پێوەندییان بە گۆڕینی ویستی کولتووری و چالاکی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتییەوەیە بۆیە درەنگ و بە زەحمەت هەڵدەگیرێنەوە. بەڵام شتی ڕۆئاوا بەو جۆرە نییە و لەبەرئەوەی ڕۆئاوا وێنەیەکی زۆری لەسەر خۆی دروست کردووە و خاوەنی ئەوەیە پێی دەڵێن زانست و تەکنیک ئەمە وای کردووە شتەکانی بە مەمنوونییەوە لاسایی بکرێنەوە و لە بەرامبەریشیدا شتی تر نەکرێ دانرێ. ئەم لایەنە کە کاریگەری بەسەر نەشونمای پرۆسەی بەشتکردنی ئافرەت و تێکچوونی شیرازەی خێزان و واتای خۆشەویستییەوە هەیە، کە هەرسێش بۆ ئافرەت لە مەسەلە مانادارەکانن و ڕەنگدانەوەی خۆیانیان لە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی ڕۆئاوا

بەگشتی و کۆمەڵگە پاشکەوتوو و هەژار و گرفتاوییەکان بەتایبەت هەیە، بەرهەمی ئەو وێنانەن ڕۆئاوا لەسەر خۆی و ئەوی تر دروستی دەکا.

سنووری ئەو ڕەنگدانەوانەش فراوانتر دەبێ کاتێک داوودەزگا نێودەوڵەتییەکان، کە بەڕەچەڵەک ڕۆئاواین، نەک هەر لە گەندەڵی سیاسی و ئابووریی ئەو وڵات و ناوچە سیاسییانە بێدەنگ دەبن بگرە پشتگیریشیان دەکەن و کاری بازرگانی و سیاسیشیان لە تەکدا ئەنجام دەدەن ئەمەش بەدڵنیاییەوە، پێچەوانەی گشت ئەوەیە کە سیستەمی سیاسی و ئابووریی ڕۆئاوا کاری لەسەر دەکا و یان بانگەشەی بۆ دەکا. ئەم جۆرە پراگماتییەتە سیاسییەی زۆربەی وڵاتانی ڕۆئاوا پابەندن پێوەی، گشت ئەو وێنە دادپەروەرانە و یاساخوازییانە پووچ دەکەنەوە ڕۆئاوا ڕۆژانە لەسەر خۆی دروستی دەکا. بەواتایەکی تر، ڕێگەدانی سیستەمە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی ڕۆئاوا، کە لە چەند ئەزموونێکی سیاسیی دیموکراسیی جیا پێک هاتوون، بەبەردەوامبوونی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ژیندەری لە وڵاتانی پاشکەوتوو ماهییەتی پرۆسەی ئەو دادپەروەری و دیموکراسییەتە بەدرۆ دەخاتەوە ڕۆئاواییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. هەروەها بێدەنگیی هەشت وڵاتە ئابوورییە پیشەسازییە گەورەکەی جیهانیش، کە زۆربەیان وڵاتە ڕۆئاواییەکانن، لە چەوسانەوەی ئابووری و بڵاوبوونەوەی هەژاری و بێکاری لە هەندێ وڵات و شوێن لە جیهاندا، ناوەڕۆکی ئەو گەشە ئابوورییە ڕەت دەکاتەوە، ئەو وڵاتانە باسی لێوە دەکەن.

ئەم لایەنانە کە ڕەنگدانەوەی سەرەکی و ناسەرەکیی خۆیان بەسەر تێکچوونی دۆزی ئافرەتەوە هەیە لەگەڵ هەندێ شتی تردا یەک دەگرنەوە کە سیستەمی سیاسی و ئابووریی ڕۆئاوا لێی بەرپرسیارە و لە سەرێکی تریشەوە ئەمە فاکتەرێکی باشە لەسەر تێکچوونی واتای ئەو ئازادییەی ڕۆئاوا نوێنەرایەتیی دەکا. چونکە واتای ئازادیی ڕۆئاوا لە وڵاتانی غەیرە ڕۆئاوا تا بڵێی کەم ڕەخنە دەکرێ و تا ئەوپەڕیش لاسای دەکرێتەوە. بەڵام سیستەمە سیاسییەکانی وڵاتە پاشکەوتووەکان لەم ڕووەوە دوو جۆرن. بەشێکیان دژایەتیی دەکەن، بۆ نموونە وڵاتی عێراقی جاران بەهەموو شێوەیەک دژایەتی واتای ئازادیی ڕۆئاوایی دەکرد و بەشەکەی تریش داکۆکیی لێ دەکەن و تا پێیان دەکرێ لاسای دەکەنەوە، بۆ نموونە عێراقی ئەمرۆ و بەتایبەت کوردستانەکەی. بەڵام ئەمانەش بەش بەشن. چونکە بەشێک لەو وڵاتانەی لاسای دەکەنەوە ئەم لاساییکرنەوەیە لەلایەن دەوڵەتی نێوەندییەوە لەگەڵ هەندێ لە توێژ و چینەکانی کۆمەڵەوە بەئاکام دەگەیەنرێ، بۆ نموونە وڵاتی میسری ئەمرۆ، هەشە بەپێچەوانەوە دەوڵەتی نێوەندی و چەند چین و توێژێکی لایەنگری دەوڵەت، ئەم واتایە ڕەت دەکەنەوە و زۆربەی خەڵکیش بەدزییەوە لاسای دەکەنەوە و بەشتێکی باشیشی دەنرخێنن لەوانە دەوڵەتی عێراقی جاران یان ئێرانی ئەمرۆ. بەڵام هەندێ دەسەڵاتی تر هەن زۆر وابەستەی وتاری سیاسی و کولتووری ڕۆئاوان، بەڵام چەند هێزێکی بنەڕەتخواز لە ناوەوەی وڵات تا ئەوپەڕی دوژمنایەتی واتای ئازادیی ڕۆئاوایی دەکەن، بۆ نموونە کوردستانی ئەمرۆ. یان عەرەبستانی سعوودی. لەم حاڵەتەدا ڕۆئاوا دوو جەمسەری بەکار دەبرێ. بۆ نموونە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی پاش بێ ئومێدبوونی لە گشت ڕژێم و گشت نەتەوە هاوسێ و هاوئاینەکانی لە ناوچەکە تاکە دەسەڵاتێکی سیاسی کە ئەمرۆ زۆر پشتی پێ دەبەستێ ڕۆئاوایە،

بەڵام ئەم ئەمـە هـەر لەبەر ئەم هـۆیە ناکـا بەڵکو لەبەر دوو هـۆی تریش. یەکـەم لەبەرئەوەی ڕۆئاوا تێکرای بڕیارە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی بەدەستەوەیە، واتە ڕۆئاوا تاکە هێزە. هەرچی هۆی دووەمـە ئەوەیە کـە ئەم بۆ ئەوەی گەندەڵییـە سـیاسـی و ئابوورییـەکەی داپۆشێ خـۆی لەو تاکـە هێزە یان وڵاتە هێزدارە ئابوورییانە نزیک دەکاتەوە ناوێکی نێودەوڵەتییان هەیە و لەم ڕێگەیەشەوە یارمـەتییـەکی زۆر بەناوی کۆمـەککردنی کوردیشـەوە کۆ دەکاتەوە بۆیە ئەم دەسـەڵاتـە سـیاسـییـە گـەندەڵە ئامـادەشـە تـا ئەوپەڕی ڕۆئـاوایانە بیـر بکاتەوە بـەڵام ئەم بیـرکـردنەوەکـانی نـەک هـەر پراگمـاتییـە بگرە پێش هەمـوو شـتێک بیرکردنەوەیەکی سـیاسـییانەی گەندەڵ و مشەخۆرانەشـە. هەرچی جەمسەری دووەمە لە بەکاربردنی واتای ئازادیی ڕۆئاوا ئەوەیە کە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە، کۆمەڵگەی کوردیی ئەمڕۆ بۆ نموونـە، هێزهایەکی بنەڕەتی هەن دژی بەڕۆئاوابوونی کۆمەڵگەن بەڵام ئەمـان ئەمە تەنیـا لەسـەر ئەو بناغەیە ئەنجام دەدەن کە ڕۆئاوا کۆنە دوژمنەکەی ئیسـلامە و گشت شـتـەکانی زەندیقی و بێ ئیمـانیـی لێ دەتکێ. ئەڵبـەتە بەشـێکی زۆر لەم جـۆرە هێزە یان لە وڵاتانی ڕۆئاوا داڵدەیەکیـان بۆ ژیان دۆزیوەتەوە یانیش لە کـۆمـەڵگەکانی خـۆیان دەژین، بەڵام بـەچاوێکی بەرزەوە دەڕواننـە ڕۆئاوا. خـۆی ڕاسـتـە ئەم هێـزە بنـەڕەتخـوازانە جـار جـارە دژی ڕۆژاوا و دژی گەندەڵی دەسـەڵاتی سـیاسـیی کوردیشن، بەڵام ئەمـان لـەبەرئەوەی لەسـەر پرەنسـیپی خـۆداخـستن خۆیان ڕادێن لەوە بەدوور نین لە داهاتوودا گەندەڵییـەکی تایبەت بەرهـەم بهێنن. چونکە زۆربەی ئەو ئەزمـوونە سـیاسـییـانەی لەسـەر بناغـەی بنەڕەتگەری و نەریتگەری دروست بوونە تەنیـا لە هەوای دژایەتیکردنی مـوراڵی ڕۆئاوادان و بەس. هـەموو ئەم لایـەنانەش ئەوەی بیری لێ ناکەنەوە ژیندەری ئافرەتە. چونکە چ دەسەڵاتی عیلمانیی کۆمەڵگەی گەندەڵی ئەمڕۆ کوردستان و چش پێچەوانەکەی هەردوو بەجـووتـە تاکی ئافـرەتیـان لـە چالاکـیـیـەکی ڕاسـتـەقـینە خـسـتـووە و لـەوەش بەدووریان خستووەتەوە کە بەرهەمهێنەر بێ.

ئێمـە لای سـەرەوە باسـمـان لەوە کرد چۆن مـیدیای تازە، کـە مـیدیایەکی ڕۆئاواییـیـە، ڕۆڵی لە تێکدانی سـوبجـێکتـی ئافـرەتدا هەیە، بەڵام ئەوەمـان بەڕوونی دەسـتنیـشـان نەکـرد کـە ئەدەب و هونەری ڕۆئاوا، کە لە گشت شوێنێک و بەتایبەت لە وڵاتانی گەندەڵ لاسای دەکرێتەوە، مانای خۆی لە ماسمیدیای تازەدا هەیە و یان ماسـمیدیا کە بارهەڵگری ئەم ئەدەب و هونەرە ڕۆئاواییە نوێیەیە بەگشت جـیـهـاندا بڵاوی دەکاتەوە و بـەمـەش کولتـوور و نەتـەوەگەلێکی زۆر دەخـاتە ژێر سـیـحـری خۆیەوە. بۆیە ئێستا ئەو ئەدەب و هونەرانە نەک هەر لەناو دەستەبژێردا گەرای خۆیان داناوە، بگرە لەبـەرئەوەی ڕێگەکـانی گـەیاندنـی هـاوچەرخ، ئەوەنـدە جـۆراوجـۆر و پەلە و پێـشـکەوتوون، گـشت کەسێک و لە ماوەیەکی هـەر زۆر کورت، دەتوانێ دەستی پێیان ڕابگا. ئەم لایەنەش کە لە کۆمەڵگەی گەندەڵ گرفتی بەدەمەوەیە زۆرترین پریشکی ئەم گرفتە بەر ژیندەری ئافرەت دەکەوێ. بۆیە بەشێک لە ڕووداوەکـانی ئەم چەند سـاڵانەی دوایی لە کـوردسـتـاندا پێـوەندیی بـەم لایەنەوە بووە. چونکە خـەڵکە سـادەکە زوو دەکەونـە ژێر ڕکێفی کـولتـوور و هونەری ڕۆئـاوا و لە گەڵێ بواریشـدا هەوڵی کۆپیکردنی دەدەن بۆیە ئەوانەی نـاحەزی شـارسـتـانییەتی ڕۆئاوان ئامـادەن گەورەترین کێشـە لەم ڕووەوە دروست بکەن.

سەربارى ئەوەى لاى سەرەوە گفتوگۆ كرا، دەمانەوێ دەست بۆ ئەو لایەنەش رابكێشین، كۆمەڵگەى كوردى وەك كۆمەڵگەیەكى رۆژهەڵاتى بەهەندێ شتى رۆژهەڵاتییەوە ناوداره و ئەو شتانەش، بەبێگومان، له شته مرۆییيه ساده و خاوێنەكانن كه ئەمرۆ له زۆربەى هەره زۆرى كۆمەڵگە غەیره رۆژهەڵاتییەكاندا هێز و تینیان نەماوه. هەروەها كۆمەڵگەى كوردیى تازه كه تا رادەیەكى زۆر لەناو كۆمەڵگەى نوێى سەردەم و دیارده و رووداوەكانى ئەم كۆمەڵگەیه بەباشى تواوەتەوه له گەلێ رووەوە پابەندى ترادیسۆن و میراتى كۆمەڵگەى پێش تازەیه و بەتەواوەتى له گشت رەفتار و هەڵسوكەوت و بیركردنەوەكانى كۆمەڵگەى كلاسیك جیا نەبووەتەوه. رەنگه ئەمرۆ ژوورى گشت منداڵ و لاوێكى كورد، جا ئەوه كیژ بێ یان كور، له هەندەران بژى یان له كوردستان، منداڵى پزیشكێ بێ یان بەقالێ، پڕ بێ له وێنەى كەسانێك بۆ نموونه وەك رامبۆ، مایكل جاكسۆن، مادۆنا، شەكیره و سپایدرمان. بەڵام ئەم منداڵ و لاوه كورده رەفتار و بیركردنەوەى له كۆتاییدا لەو منداڵه دانیماركى یان بەلجیكاییيەى بەرەگەز رۆژئاوایه و هەمان ئەو وێنانه بەدیوارەكانى ژوورەكەیەوه هەڵواسراوه، جیایه. ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەى رەفتار و هەڵسوكەوتى كەسەكان له هەر كوێ بن بەرى ئەو مێژوو و ئاین و مەنتەڵیتێته (خوورەوشت) كۆمەڵایەتییەن كەسەكان له زەینیاندا باریان كردووه. بۆیه ئەو پرسیاره ئیگزیستانسیالیستى (بوونناوى) و مرۆییيانەى رۆژانه كەسەكان له هزر و هۆشیاندا دێ و دەچێ له تەك ئەو بارەى باسى لێوه كرا له پێوەندى و كار تێكردن دەبن. بۆیه زۆرجار كه دەبیسین كەسێكى كورد له هەندەران هاوسەرەكەى یان كچەكەى خۆى كوشتووه، دەبینین ئەم كەسه كەمتر دڕندانه لەو كەسه كورده نەیكوشتووه نیشتەجێى گوندێك یان شارێكى كوردستانه.

بۆ پتر روونكردنەوەى ئەم باسه دەڵێین، مەسەلەى كوشتن و غەدركردن له ئافرەت شتێكه پێوەندیى به شارستانى و كولتوورەوە نییه، وەك ئەوەى لەم ده ساڵەى دواییدا له میدیاكانى رۆژئاوا كرا به كێشەیەكى كولتوورى یان ئاینى یاخۆ شارستانى. چونكه رۆژانه له میدیاى وڵاتانى رۆژئاوا باس لەو پەلاماردان و شێوه كوشتنانه دەكرێ كه ئافرەتانى رۆژئاوایى له دەست مێردەكانیان یان عەشیقەكانیان یان ئەوەى بەرێككەوت ناسیویانه و لەگەڵیدا دەژین دووچارى دەبنەوه. دڵنیاشین دۆسیەى پۆلیس و ئەرشیڤى تاوانەكان لەو رووەوە دەتوانن زۆرترین بەڵگەمان بخەنه بەردەست. چونكه مرۆڤى تازەى رۆژئاوا تا بڵێى هیسترى و ماندوو و بێ سۆز و بێ باوەڕە و تاوانەكانیشى زۆر نائاسایى و ریزپەڕانه ئەنجام دەدا. نیوەى سینەماى ترسناكى هۆلیودیش، بەتایبەت ئەو فلیمه ترسناك و پۆلیسییيانەى باس له ماسمۆردەرێى (زۆركوژى) دەكەن، خۆیان لەسەر ئەو ئەرشیڤانه بنیات دەنێن نێوەندەكانى پۆلیس لایان كۆ بووەتەوه. سەیرەكەش لێره لەوەدایه ئەو فلیمانەى باس له راونان و ترساندن و كوشتنى ئافرەت دەكەن، لاى خەڵكى رۆژئاوا تا بڵێى بۆ بینین سەرنجراكێشن و، بەتایبەتیش لەناو خودى ئافرەتاندا.

بەكورتى له میانەى ئەو چەند دێرەى سەرەوه، ویستمان باس لەوه بكەین غەدركردن له ئافرەت شتێكه پێوەندیى به كولتوور و شارستانییەوه نییه، بەڵام حەیفێ لەم دواییيه ئافرەتكوژ له میدیاى رۆژئاوا جۆره لێكدانەوەیەكى بۆ كرا كه گوایه ئافرەتكوژەكان ئەو خەڵكه سەرڕەش و پەناهەندانەن

لە وڵاتگەلێکی دیکتــاتۆری و نادیمـوکــراسـی و پڕ لـە شـــەڕەوە هـاتوون بـۆ وڵاتانـی ئەوروپـا . ئەو لێکدانەوانە کـە بناغـەیەکی ڕاسـیـسـتـانەی (ڕەگـەزپەرسـتـانەی) هـەبوو بۆچوونی نەک بـۆ هەندێ شارستانی گۆڕی (گـۆڕی بەرەو خراپە) بگرە پێوەندیی نێوان تاکەکانی ناو خێزانیشی گۆڕی، گەر نەڵێین پێوەندیی نێوان ژیندەرەکانی ناو خـێزانە غـەیرە ڕۆئاوایـیـیـەکانیشی لەبنڕا تێک دا . چونکە میدیای ڕۆئاوا گورج پیاوە ئەسمەرە یان ڕەشپێستە ڕۆهـەڵاتی، یان پیاوە ئەفەریقـایی، ئاسیاوی و لاتین ئەمـەریکاییـیـەکەی وەک پیـاوێکی درندە و ئەوی تر کوژ یان ئافـرەتکوژ و خێزان نەویست وێنا کرد. ئەم وێنانە کە لەگەڵ ڕووداوەکانی ١١ی سێپتـەمبەری ڕەش و شوومدا تا بڵێی زیادیان کرد بە باس و خـواسـی شـارسـتـانی و کولـتووری و ئاینیـشـەوە تێکەڵ کران. کوردیش لە هەندەران وەک گشت نەتەوەکانی تری ئاسیا یان وەک گشت سەرڕەشێکی تر بـاجێکی چاکی لەم ڕووەوە دا . هۆی ئەمەش بێگومـان دوولایەنییە. لەلایەک پیـاوی کورد بەخۆی لە دروستکردنی ئەو وێنانەدا بەشداریی هەبوو. ئەوەش بەهۆی کوشتنی ڕیزێک کیژ و خاتوونی کوردی بێ تاوان لە هەندەران لەلایەن پیاوی کــوردەوە (باوک، برا و مــێــرد)، لەلایـەکی تـریش کــەسـی کــوردیـش بەهەردوو ژیندەرەکـــەوە لە دروسـتکردنی ئەو وێنانە بەرپرسـیـارییـان دەکـەوێتـە سـەر. چونکە بێ ئاگابوونـی ئەم دوو ژیندەرە لەوەی کەوتوونەتە ناو سیستەمێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی تازەوە، سیستـەمێک کـە توانـای شـــاردنەوە و داپـۆشـیـنی پێکدادانـی نێــوان ژیندەرەکــانـی نیـیـــە هۆیەکـە لـە هۆیەکــانی بەرەنگاربـوونەوەی ژیندەری لەناو خــێــزانـە کــوردەکـــانـی هەندەران. بـەڵام لێـــرە مـــەبەست لە دەستنیشانکردنی هۆیەکان ئەوە نییە پاسـاودان بۆ ئەو جۆرە کارانە بکرێ چونکە ناکرێ و ناشـێ هیچ پاسـاودانـێ بۆ بکوژ و بکوژی بکرێ، بەڵام ناشـکرێ ئەو لایەنانە دەسـتنیـشـان نەکرێ کـە ئەم ڕووداوانە بەرهەم دێنن.

غەمی ڕووداوی کوشتنی کەسێکی خێزان لەو جۆرە غەمانەیە لە غوربەت و دوورە وڵاتی تا بڵێی وەک برینێکی نـاسـۆر دەمێنێتـەوە و، لەبەرئەوەی غوربەت بەخۆی برینێکە سـارێژبوونی ئەسـتـەمـە بۆیە ئەم جـۆرە برینانە، بۆ نموونـە کە باوکێک دایکی منداڵەکانی یان کچێکی خـۆی دەکوژێ، یان برایەکی خـوشکێکی خـۆی یـان دایکی دەکـوژێ، لـەو برینانـەن دەشـێ بڵـێـین لە بیـرەوە نەچوون و دروسـتکەری نەک هـەر کـارەسـاتی کولتووری و کۆمـەڵایەتین بگرە پێش هـەمـوو شـتێک بەرەنجام و کـاریگەری ڕەوانی و ڕۆحی ئـەسـتـووریش دەخـەنەوە کـە ڕەنگە کـارێکی وا بکەن کـەسـەکـان هـەردەم زامـدار و سـەرکز بمێننەوە بـەڵام ئەوانەی باکیـان بەو تاوانانە و یـان ئەو جۆرە ڕووداوانە نییـە ئەوا بە دڵنیـاییـیـەوە دەروون و ڕۆحی خـۆیان دەمـێکە لەدەست داوە و دەروەسـی هیـچ نایێن. لێـرە نابێ ئەوەشـمـان بیـر چێ ئەو دەمــەی خــەڵکانێکی ڕۆهـەڵاتی، یان سـەرڕەش کـە لە یەکـێک لـە وڵاتانی ئەوروپا دەژین و بەم جـۆرە کـێـشـانەوە دەگلێن وێنـەیەکی زۆریان لـەسـەر دروست دەکـرێ و زۆر سـەختـە لە ڕووی کـۆمـەڵایـەتی و کولتووریـیـەوە تا چەند سـەدەیەکیش لێـیـان ببـێتـەوە. ئەڵبـەتە سـڕینەوەی ئـەم وێنانە و کـەمکردنـەوە لە کاریگەری و بەرەنجـامـەکانیشـی تەنیـا کـاری بیـرمـەند و هزرەڤـان و ڕووناکـبیـرانە جـا ئەوانە ڕۆهـەڵاتـی بن یان ڕۆئاوایی. بەڵام ئەو هێزە بـاشـانە زۆر جـار گرفـتـیـان دێتـە پێش. بۆ نموونـە یان کـەناڵەکانی مـیـدیایان بەڕوودا دادەخـرێ یانیش بەرگەی ئەو

هەموو هێرش و بەرەنگاربوونەوانە ناگرن کە دەکرێتە سەریان. ئەمە و بەشێ لە ڕووناکبیرانی ڕۆهەلاتی، یان جیهانی سێ، کە لە ڕۆئاوا دەژین لەبەرئەوەی هێزگەلێکی سست و کەمتەرخەم و بیر ناکاریگەرن ئەمە وا دەکا مانەوەی ئەو وێنانە لە کۆمەڵگە زۆرتر بخایەنێ. ئەڵبەتە جالیەی کورد و فارس و عەرەب و تورکیش لەبەرئەوەی لە وڵاتانی ڕۆئاوادا لەژێر چەند پاڵەپەستۆیەکی پێچەوانەدان لەم ڕووەوە لە هەرە جالیە نەگبەتەکانی ئەوروپان و تا بشڵێی غەدر لێکراو و بەشخوراون. ئەمانە لەلایەکی ئەسیری تراديسيۆنێکی سواو و ناکاریگەرن و لەلایەکی تریش کەوتوونەتە ناو کۆمەڵگە و کولتوورگەلێکەوە دوژمنی هەرە گەورەی بەها و نرخ و سۆزە. ئەمە و بەشێکی زۆریشیان لەبەرئەوەی بێ ئەزموونن و بیر نافراوانن و لەژێر دروشمی سیاسیی لاواز و پووچی حزب و سەرۆک و ڕابەرەکانیانن وایان لێ هاتووە لە دژی دۆزی دیسپۆتیستیی سیاسی و هەژاری و پاشکەوتوویی وڵاتەکانیان کۆمەڵگەکانی ڕۆئاوا بکەنە تاکە لانەیێ بۆ خۆیان و خێزانەکانیان و تەنیا لە هەوای لاساکردنەوەی کولتووری ڕۆئاوایی بن، بەلام بەشێکی زۆریش لەو جالیانە لەبەرئەوەی ناچارن لەم کۆمەڵگە ڕۆئاواییانەدا بژین ئەگەرچی لە گەلێ لە بوارەکانی ژیان و کارکردن دانیان پێدا ناهێنرێ، بەلام ئەمان چارەسەریان بۆ ئەم کێشانە تەنیا ئەوەندەیە کە هەردەم لە هەوای ناحەزیدا بن دژ بە ڕۆئاوا و خۆیان بەنهێنی و لەژێرەوە بەدوژمنی هەرە گەورەی ئەو کۆمەڵگە ڕۆئاوایانە بزانن، کە لە ناویاندا نیشتەجێن. بۆیە ئەمانە لەم حاڵەتانەدا بەهەموو جۆرێک خۆیان لە ڕۆئاواییەکان جیا دەکەنەوە و بەشێوازی خۆیان نان دەخۆن، وەرزش دەکەن، ئاهەنگ دەگێڕن و، تەنانەت گۆرانیش دەچڕن و سەماش دەکەن. ئەمەش تا ئەوپەڕی کاریگەری بەسەر ژیندەری مێینەی ئەم جالیانەوە دەبێ لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی ڕۆئاوا. چونکە هاتنە دەرەوە لە نەریت و خووڕەوشتی خێزانی دەبێ بە کێشەیەکی گەورە و هەر ئەوەشە زۆر جار توندوتیژی لەناو خێزاندا بەرهەم دێنێ. چونکە نێرینەی ئەم جالیانە بەئارەزووی خۆیان دەژین (دەخۆن و دەخۆنەوە، جل لەبەر دەکەن و سەماش دەکەن) بەلام هەرچی مێیینەکانە بۆیان نییە ئارەزوویان هەبێ و بەو جۆرە بژین کە دەیانەوێ. ئەمەش وا دەکا پێکدادانی ژیندەری لەناو ئەم جالیانە هەرگاف شتێکی چاوەڕوانکراو بێ. کەواتە گەندەڵییەکە لە کوردستانەوە تا هەندەرانیش هەر بەردەوامە و لە هەر کوێ بین لەگەڵمان دەژی.

هەر تایبەت بە مەسەلەی بەشمەکبوونی ئافرەت لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا دەمانەوێ ئاماژە بەوەش بکەین کە زۆربەمان ئەوە دەزانین ئەگەرچی ئافرەت تاکێکی ناسکی کۆمەڵگەیە، بەلام ئەم تاکە، بەتایبەت، لە پێوەندی لە تەک خۆیدا پراگماتیستییە. بۆ نموونە زۆر ئاساییە کچی خێزانێک یان ئافرەتی ماڵێک بۆ ئەوەی گەڵێ لە نەهامەتییە ڕۆژانەیی و کەموکووڕی و گرفتە بەردەوامەکانی ئەو خێزانە یان ئەو ماڵە چارەسەر بکا دێ و شوو بەپیاوێکی دەوڵەمەندی بەتەمەن یان ژندار دەکا. ئێمە ناڵێین ئافرەت مەیلی ئەم شتەی هەیە بگرە سروشتی کۆمەلایەتیی ئافرەت ئەم مەیلە لە ئافرەتدا دروست دەکا. بەلام نابێ ئەوەمان بیر بچێ لە سەرەتای ئەم نووسینە باس لەوە کرا کە شەڕی یەکەمی ئافرەت دەبێ لەگەڵ میتافیزیک، لەگەڵ ئەو قەدەرە میتافیزیکییە، ئەنجام بدرێ ئەو سروشتەی بۆ ئافرەت دروست کردووە کە بەو جۆرە دەکرێ بەکار ببرێ و ببێ بە ئۆبجێکت (بە

شت). لەبەرئەوەش لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا موراڵی سەرەکی پارە پێکەوەنانە بەهەچ جۆرێ بێ، تاکی سیاسی و سەرمایەداری شار، کە خۆی لە دەور و خولی دەسەڵاتی سیاسیدا دەبینێتەوە، زۆر سوودمەندن لەم کێشە میتافیزیکییەی ئافرەت پێوەی گلاوە. ئافرەتیش لە کۆمەڵگەی گەندەڵ کە نە پارەدارە و نەش ڕاستەوخۆ دەسەڵاتێکی سیاسییە تاکە شتێک کە ئومێدی پێی بێ بەشتبوونەکەیەتی. بۆیە ڕۆڵی ئەو دووانە لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا لە بەکاربردنی و بەشتکردنی ئافرەت زێدە گەورەیە. دەلیلیشمان لەم ڕووەوە ئەوەیە کە زۆربەی پارەدار و سیاسییەکان یان چەند ژنێکیان هەیە یان چەند پێوەندییەکی شاراوەیان لە دەرەوەی پێوەندیی خێزانیدا هەیە ئەمە و تا دەگاتە بۆ نموونە ڕۆڵی سیاسی لە تەعینکردنی ئافرەت، ڕۆڵی سیاسی لە بوون بە واسیتە بۆ گەیاندنی فلانە ئافرەت بەو کارە یان بەو پۆستە ئەمە و تا دەگاتە کۆکردنەوەی کارمەندی ئافرەت لە دەوروبەری سیاسی (واتە لەو شوێنەی سیاسی کار دەکا ئافرەت جمەی دێ) هەموو ئەمانەش کاری بەشتبوونی ئافرەتیان لە کۆمەڵگەی گەندەڵ سانا کردووە و سروشتە میتافیزیکییەکەی ئافرەتیشی کێشاو کردووە لەبەرئەوەش لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ئافرەت وەک بوونەوەرێکی کەم ئەقڵ، ئیمان لاواز و واسواس دەبینرێ، بۆیە ئافرەت ناچار دەبێ نەک هەر بە بەشتبوونەکەی قایل بێ بگرە جاری وایە بەهەموو هۆشیاریی خۆشیەوە خۆی دەخاتە ناو ئەو یاریی بەشتبوونەوەی بۆی ساز کراوە. ئەم لایەنانە بۆ سیاسیی گەندەڵی کۆمەڵگەی گەندەڵ بابەتێکی بنەڕەتی نییە. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە سیاسەتسالاری لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا دەیەوێ هەردەم بەدەست ژیندەری نێرەوە بێ.

دوا لایەن کە خراپ نییە لێرە باس بکرێ ئەوەیە یەک لەو دیاردە گەندەڵانەی لەم ساڵانە کێشەی خۆی خستەوە، هاتنە دەرەوەی ئافرەتی کورد بوو بەتەنیا بۆ ئەورووپا یان شووکردن بوو بەتەلەفۆن و بەنامە و یان بەڕێگەی سەیر سەیری تر. ئەم لایەنانە کە ناسروشتین بەرهەمی ئەو گەندەڵییەن ئەرکێکی زۆریان خستووەتە سەر ژیندەری ئافرەت جا ئەوە دایک بێ یان هاوسەر یان خوشک و کچ (واتە ئەولاد). بەڵام هۆیەکی تریش هەیە کە کاریگەریی لە سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەدا هەیە، بۆ نموونە تەکنیکی گەیاندنی نوێ. چونکە تەکنیکی نوێ گەلێ دیاردەی سەیر سەیری لەگەڵ خۆ هێناوە و ئەڵبەتە یەکێکیشە لەو هۆیانەی ڕۆڵی لە ئاسانکردنی پێوەندییەکاندا دیوە. بەڵام لێرە گرفتەکە ئەوەیە هەندێ ترادیسیۆن کە خۆی داخراو و گیر نیشان دەدا لەم حاڵەتانەدا خۆی کراوە و سادەش نیشان دا. ئەم دیاردەیە (دیاردەی هاتنە دەرەوەی ئافرەتی کورد بەتەنیا بۆ هەندەران یان شووکردن بەڕێگەی نامەی ئاسایی و پۆستی ئەلەکترۆنی و ڤیدیۆ و وێنە ناردنە دەرەوە یان پلاندانان بۆ ئەم کارە بەهۆی ڕاسپاردنی خەڵک و... هتد. ) کە دیاردەیەکی جیهانییە تەکنۆلۆجیای گەیاندن شیاویی خستووەتە بەردەست، بەڵام لەبەرئەوەی خۆی لەسەر هەندێ ڕەفتاری پەلە و بێ ناواخن و بێ هیوا دادەمەزرێنێ کاریگەریی نێگەتیڤانە دەخاتەوە. بۆ نموونە ئەوانەی لە دەرەوەی شارستانی ڕۆئاوا دەژین، کە کۆمەڵگەی گەندەڵ یەکێکە لەوانە، بەزۆری لەژێر کاریگەریی ئەو زانین و زانیارییە زۆر ڕووکەشانەدا بەم کارانە ئەنجام دەدەن کە لەسەر ڕۆئاوا دەستیان دەکەوێ، جا ئەو زانین و زانیارییانە پێوەندیی بەستانداردی ئابووریی خێزان و تاکەوە بێ لە وڵاتانی ڕۆئاوا یان

باسی ستاتۆسی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی ڕۆئاوا دەقی پێوە گرتووە. بەڵام ئەم زانین و زانیارییانە تا سەر یارمەتیی ئەم کەسانە نادەن چونکە ئەمانە کە دەکەونە ناو سیستەمە کۆمەڵایەتی و کولتووری نوێکانەوە، کە دیاردە و ڕووداوی نوێ لە تەک خۆیاندا دێنن، دووچاری پێکدادانی دەروونی و ڕۆحی دەبن. بۆیە ئەو ئافرەتە کوردەی لە کوردستان بەدەست نێرسالاری و گەندەڵییەوە چاش مابوو لە ڕۆئاوا بەدەست بازاڕی کار و ئەو ئابووریزمەوە چاش دەبێ ڕۆئاوا پێی دەبەخشێ، ئەمەو سەرباری ئەو چاشبوونەش ڕۆژانە لەناو ماڵ و دەرەوەی ماڵ ڕووی لێ دەنێ. کەواتە بەلێشاو هاتنە دەرەوەی ئافرەت و خێزانی کورد بۆ ئەوروپا ئەسڵی مەسەلەکە چارەسەر ناکا. چونکە ئەم ئافرەت و خێزانانە لە ئەوروپا دەکەونە ناو کێشە و گرفتی نوێوە کە پێشتر پێی ئاشنا نەبوونە. ئەمە و نابێ ئەوەشمان لە بیر بچی لە ئەمڕۆدا هەر سیستەمە و بەجۆرێک کار لەسەر بەشتکردنی ئافرەت دەکا. بەڵام ئەو جۆرە کارکردنەی کۆمەڵگەی گەندەڵ لەسەر ژیندەری ئافرەت دەیکا لە ئێستادا ترسناکترین جۆری کارکردنە. چونکە ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە لە گشت کۆمەڵگەیەک شتێکیان وەرگرتووە.

بەرەنجامی ئەوەی سەرەوە وترا، ئەوەیە کە هاتنە ڕۆئاوا، هاتنە هەندەران، بۆ گەلێ لە تاکەکانی ئافرەتی کۆمەڵگەی کورد چارەسەر نییە و بگرە دروستکەری کێشەی نوێشە. چونکە بەشێکی زۆر لەو ئافرەتە کوردانەی دێنە دەرەوە هەڵگری پسپۆڕییەکی تایبەت و دەگمەن نین، بۆ نموونە ماتماتیکزان، فیزیاکار، کیمیاناس و زمانزان نین و شارەزاش نین لە زانستی ئەکادیمیی نوێدا، بۆیە زۆر بەئاسانی بێکار دەبن یان ئابوورییان هەردەم لاواز دەبێ. بەواتایەکی تر، بەشێکی زۆر لە ئافرەتانی کورد کە دەگەنە هەندەران یان نەخوێندەوار و ژنی ماڵن یانیش ئەوپەڕی بەکالاریۆسێکیان لە بەشێکی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، تەنانەت ئەگەر دوکتۆراشیان لە هەچ بوارێکدا هەبێ لە هەندەران ئەوەندە ساڵ بە تەعادولکردنەوەی بڕوانامەکانیانەوە سەرقاڵ دەکرێن لە کۆتاییدا حەوسەڵەی هیچیان نامێنێ. بۆیە ڕۆئاوا لەم ڕووەوە بەهەشتی ئافرەتانی کورد نییە، بەڵام لە هەندێ ڕووی ترەوە داڵدەیەکی باشە بۆ دوورکەوتنەوە لە نادادپەروەری ژیندەری و ئەو زوڵمەی ئابووری و سیاسەتی گەندەڵ بۆ ئافرەت و خێزانی کوردی دروستکردووە. وەکی تریش لە ڕیزی ئەوانەی بە منداڵی یان بە لاوی دێنە ڕۆئاوا ئەگەر خێزان و هاوسەر و نێرەکانی خێزانەکانیان یارمەتییان بدەن ڕەنگە تاکی بەتوانا و هزر فراوانیان لێ دەرچێ، بەڵام ئەمەش زۆر جار تەماوی و ناڕوون خۆی دەردەخا. چونکە لەم چەند ساڵەی دوای ئەوەدا ڕوون بووەوە کە هەندێ لەوانەی لەلایەن هاوسەر و خۆشەویستەکانیانەوە یارمەتی دران تا لەبواری کێشەی ئافرەتان ببنە کەسانێکی دیار و مافخواز بەپێچەوانەوە دواتر بوونە کەڵەگا و یان هەوڵیان دا لاسایی پیاوە گەندەڵە ڕۆشنبیرەکە بکەنەوە و ببنە پیاوێکی گەندەڵی ناو خێزان و هەروەها هۆکاری دروستکردنی دووبەرەکایەتیی ژیندەری.

زۆر حەزیش دەکەین ئەو دوا دێرەی وترا تێگەیشتنی خوێنەری ئەم نووسینە بەرەو ئەو تێڕامانە بەرێ ئەم نووسینەی ئێمە چەند دژایەتیی زەبری پیاو لەناو خێزان و یان خێزانە گەورەکە (کۆمەڵگە)دا دەکا، ئەوەندەش دژایەتیی زەبری ئافرەت دەکا. چونکە ئێمە پێمان وایە ئافرەتیش

وەک بوونەوەر دەکرێ زەبرخوازێکی و دۆز و بارێکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستی لە زەبراویکردنی کەسایەتیدا هەبێ. بۆیە خەمی گەورەی ئێمە لەم نووسینە تەنیا سڕینەوە و قەلاچۆکردنی زەبری پیاو، کەسایەتییە بنەڕەتییە گەندەڵەکەی کۆمەڵگەی گەندەڵ نییە، بگرە ئەو هێزانەی تریشە، جا ئەوە خودی ئافرەت بێ یان هەچ دیاردە و بوونەوەرێکی تر، کە زەبر لەناو خێزان و کۆمەڵگە و لەناو پێوەندیی خۆشەویستی یان پێوەندییە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی تر دروست دەکەن.

بەڵام بەدەر لەوەی باس کرا، دەمانەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕاکێشین، ئێمە لەم نووسینە لە چەند دێرێکی پێشوودا ویستمان بڵێین ئافرەتی کورد پاش ئەوەی لە بەربەرەکانی زەبراوییە ژیندەرییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ دەربازی دەبێ، ئەڵبەتە بەهۆی هاتنە دەرەوەی بۆ هەندەران، دەکەوێتە ناو هەندێ دیاردە و ڕووداوی کۆمەڵایەتیی تازەوە کە هەر هەمووی بەرهەمی ئەو ئابووریخوازییە نوێیەن کۆمەڵگەی زانیاریی نوێ (کۆمەڵگەی پاش پاش پیشەسازی)، کە خۆی لەسەر پوختگەراییەکی تەکنیکی و زانیارییەکی ماتماتیکی بنیات ناوە، نوێ بکاتەوە. جا بەپێی ئەوەی ئافرەتی کورد پێوەندیی بە ئابوورییەوە (بەسیستەمی کارکردن و پارە دروستکردنەوە) بێهێز و لاوازە و حەوسەڵەیەکی زۆریشی لە تەک جیهانی تەکنیکی نوێدا نییە لە ڕۆئاوا گرفتاری کێشە و بەزمی نوێ دەبێ، لەوانە: ئێشی ئەو ڕاسیزمەی ئافرەتی کورد لە دەرەوەی ماڵ و خێزان ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ئێشی ئەو زەبرە کۆمەڵایەتییە کەمتر نییە لە کۆمەڵگە گەندەڵەکەی خۆیدا ڕۆژانە یەقەی دەگرت، هەروەها ئەو بازاڕە زەبەلاحەش ئەم تێی دەکەوێ دەروون و توانایەکی جەستەییی ماتریالیی ئەوتۆی لێ داوا دەکا زۆر لەو پەروەردە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە دوورە ئەم ئافرەتە کوردە لە تەک خۆیدا پەلکێشی ناو ڕۆئاوای کردووە. ئەمە و گرفتی چۆنیەتیی باش فێربوونی زمان و چۆنیەتیی خۆڕاهێنان لەگەڵ کولتووری وڵاتانی ڕۆئاوا لە بەربەست و کێشە شاراوە گەورەکانی ئافرەتی کوردن لە هەندەران. ئەم دوا کێشەیە کە بە یەکێک لە هەرە کێشە نائاساییەکانی لە قەڵەم دەدەین لە ژیانی تاکی ئافرەتی کورد لە هەندەران تا بڵێی ئێشهێنەرە. چونکە خوێنەری ئەم چەند دێرە پێویستە چاک لەوە بگا کە ئەمڕۆ هێزێکی شاراوەی ئابووری لە شارستانیی تازەدا کاری خۆی دەکا توانایەکی زۆری لە بەشتکردنی کەس و تاکەکان "یان ژیندەرەکان"دا هەیە. بۆیە ئێمە لێرەوە زێتر دەمانەوێ ئەوە بیر خوێنەر خەینەوە شارستانیی نوێ، کە وەک شارستانیی ڕۆئاوایی خۆی نیشان دەدا، توانایەکی بێ وێنەی لە کردنی "تۆ" بەوی تر هەیە، جا ئەوە لەسەر ئاستی ژیندەر بێ یان چین، توێژ بێ یان تاک. ئەم لایەنە کە زێدە ترسناکە دیاردەی کۆمەڵایەتیی گەورەش دەخاتەوە و ئەو کۆمەڵگانەش، بۆ نموونە کۆمەڵگەی گەندەڵ، کە بەرهەمهێنەری ئەو دیاردانە نییە یان هیچ پێوەندێکی بە میکانیزمی ئەو توانایەوە نییە زیانی لە ڕادەبەدەری کۆمەڵایەتی و دەروونی بەردەکەوێ و لەم ڕووەشەوە ژیندەری ئافرەتی کورد، لە هەندەران بژی یان لەسەر خاکی کوردستان، زۆرترین پڕیشکی ئەو زیانەی بەردەکەوێ. بەخۆی ئەم لایەنە، واتە "بوون بەوی تر"، پەتایەکی سەردەمییە و بەزۆریش لەو شوێنانە و لەناو ئەو خێزان و کۆمەڵگە و نەریتانە باوە جارێک ئامرازەکانی بوون بەخۆی تێدا بەدی ناکرێ و یان خەڵک لە

هەبوونی خۆی ڕازی نییە. بۆیە تاکە چارەسەر و ڕێگەچارەیەک خەڵک لەم جۆرە شوێنانە کاری لەسەر دەکەن هەوڵییانە لە "بوون بەوی تر". ئەمەش هەر لەسەر ئاستی تاکەوە کاری بۆ دەکرێ تا ئەوەی پێی دەڵێن دەسەڵات. نهێنیی ئەم هەوڵەش لە "بوون بەوی تر" تەنیا لەو فەشەلەوە نییە لە نەبوونی کەسەکانەوە بە خۆیان و لە سەرنەکەوتنیان لە بوونیان بەخۆیان هاتووەتە کایەوە بگرە لەوەشەوەیە کە چەند و چۆن ئەوەی تر توانیویەتی هەبوونی خۆی پیرۆز بکا و هەروەها مانا و هێما بۆ ئەم هەبوونەی ساز بکا و "بوون بەوی تر" بکا بە بەهادارترین دیاردەی تێڕاپی (عیلاج). بۆیە ژیندەری ئافرەتی کورد ئەو دەمەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵەوە ڕوو لە هەندەران دەنێ بۆ ئەوەی ببێ بەخۆی لە هەندەران دەبێ بەوی تر، ئەڵبەتە ئەوی تری کە نە ئەوەی ترێکی پوختەیە و نەش خودی خۆیەتی. واتە یەکێکە لە زیانەکانی ئەو بەرکەوتنەی لە پێوەندیی نێوان ئافرەتی کورد و هەندەراندا ساز دەبێ لەدەستدانی خودێتیی ئافرەتی کوردە.

بەڵام پرسیارە هەرە گرفتاوییەکان لێرە ئەوەن: لە ناوجەرگەی ئەو شوێنانەی شیاوییەکانی بوون بە خۆی تێدا بەدی دەکرێ، چۆن دەشێ مرۆڤ بوونێ بۆ خۆی ساز بکا دوور بێ لەو وێنانەی پێشتر ئەم مرۆڤە ڕەنگە بەگەلێ شێوە ڕەتی کردووەتەوە؟ ئەم مرۆڤە چۆن لە تەک ئەو مێژووە خۆی یەک دەخا لەگەڵ خۆی هێناویەتە شوێنە تازەکەوە؟ چونکە ئەو مێژووە هیچ وەخت لەم مرۆڤە نابێتەوە و لەگەڵ ڕووداوی گشت ڕووداو و دیاردەیێ هەموو کات ئەوە وەبیر ئەم مرۆڤە دەخرێتەوە بۆ "تۆ" بوون لێرەوە دەست پێ ناکا و "تۆ" بەرهەمی ئەو تێگەیشتنە نیت لەسەر بوون بەخۆ لێرە سەوز بووە. ئەمەش دەرگە لە هەندێک پرسیاری دەروونی دەکاتەوە لەوانە چۆن دەکرێ "تۆ"یێ غەریب بیەوێ ببێ بەوی تر لە کاتێکدا ئەم ئەوەی ترە ئامادە نییە هەستی بەبوون بەوی تر بخاتە سییەکانتەوە؟ یان چۆن دەتەوێ ببی بە کەسێک کە ئەو ئامادە نییە بتکا بە کەسێک لە خۆی، چونکە ئەویش لەوە کەوتووە ئیتر "کەس" بێ؟ ئەم پرسیارانەش بەخۆیان ڕوویێ لەو شانۆگەرییە تراجیدیاییە نیشان دەدەن کە "تۆ" وەک کەس تێی دەکەوێ. ئەمەش وا دەکا "تۆ"ی بەوی تر بوو، پاش پتر لە بیست و سی ساڵێ کە لە شوێنێک گیرساوەتەوە هەر بەئاواتی گەڕانەوە بێ بۆ زێدی خۆ. ئاخۆ ئەمە ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی بوون بەوی تر نییە؟ بەخۆی ئەم کێشەیە شتێکی ئاڵۆزە، چونکە کێشەکە لەوەدایە ئەوانەی ئامادەن بەگشت جۆرێ خۆیان بسڕنەوە و ببن بەوی تر تەنیا بۆ ئەوەیە وەک پێشوو نەمێنن و بوونیان لەو بوونەی پێشوویان جیا بکەنەوە، بەڵام هەر ئەمانە ئامادەش نین لەو تەوژمی ژیانە هیچگەرایە بکۆڵنەوە لەو زێدە تازەیەی لێی دەژین ڕووبەڕووی دەبنەوە. چونکە بۆ گەلێ لەوانە ئەوە شتێکە و پێوەندیی تەنیا بە دانیشتوانە ڕاستەقینەکانی ئەو زێدانەوە هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە چونکە ئەو کە بەئاواتی بوون بەوی تر هاتووەتە ناو ئەم زێدانەوە ئێستا لە زۆرترین نادڵنیایی و دڵەڕاوکێی ناسنامەیی و هزری دەژی کە جارێ نازانێ خەڵکی کوێیە.

پوختەی ئەوەی وتراش لەوەدا بەرجەستە دەکەین ئەوەی لەم ڕووەوە ڕووبەڕووی تاکی ئافرەتی کورد دەبێتەوە هەموو کات برینئامێزتر و تەنگوچەڵەماویترە بۆیە ئەو کێشانەی ژیندەری ئافرەت لە هەندەران ڕووبەڕووی دەبێتەوە دوو جەمسەری و دوو دەزگایین. لەلایەکی سیستەمی کۆمەڵایەتی و

ئابووریی کۆمەڵگەی گەندەڵ لێی بەرپرسە و لەلایەکی تریش سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەی زانیاریی ڕۆئاوا.

هەر لەم پێوەندییەدا نابێ ئەوەشمان بیر بچێ، سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتانی نوێ ڕۆئاوا بەجۆرێ بنیات نراوە شوێنی ڕاستەقینەی بوونەوەر لە هەست بەبێگانەبوون و هەست بەغەریبیبووندا گیر بکا واتە زۆر جار کێشەکە ئەوە نییە "تۆ" لە ڕووی ڕیشەییەوە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆئاوا هیچ شتێک یەکت ناخا بگرە ئەوەیە شارستانیی ڕۆئاوا توانای دروستکردنی هەستێکی لە کەسەکان هەیە کە دەشێ ناونرێ هەستی بەغەریبیبوون. واتە کێشەکە گەلێ جار ئەوە نییە "تۆ" غەریبی چونکە لە ڕۆئاوا لەدایک نەبوویتە و یان بەڕەچەڵەک ڕیشەت ناگەڕێتەوە سەر شارستانیی ڕۆئاوا بگرە ئەوەیە لە بنیاتی شارستانیی نوێی ڕۆئاوادا شیاوێکی شاراوە هەیە ئەم شیاوییە توانایەکی گەورەی تێدایە هەستی بەنامۆبوون، هەستی پەراوێزبوون و دوورەپەرێزبوون لە تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست بکا. ئەڵبەتە ئەو هەموو هەوڵەش خودی ڕۆئاواییەکان، تاکی ڕۆئاوایی، دەیدەن بۆ گۆڕینی شوێن، بەباوەڕی ئێمە، سەرچاوەکەی هەر بۆ ئەم هەستە کوشندەیە دەگەڕێتەوە کە بەوە ناچێ بەئاسانی لە یەقەی مرۆڤی نوێ بەردا لە هەر شوێنێ بێ. ئەم حاڵەتە کاریگەرییەکی بێ ئەندازەی بەسەر ئافرەتی هەندەرانی کوردەوە هەیە و ڕۆڵیشی لە تێکدانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتیشیدا هەیە.

خۆی ڕاستە هەموو ئەو کێشانەی لەو چەند دێرەی پێشوودا باس کران، ڕووبەڕووی پیاوی کوردیش دەبنەوە بەڵام کاریگەریی ئەو کێشانە بەسەر تاکی ئافرەتی کوردەوە هەردەم ئەستوورترە. چونکە بەکاربردن و پەلاماردان و لەگەڕخستنی ئافرەت شتێکە زۆربەی کولتوور و کۆمەڵگەکان، جا تازە بێ یان کۆن، تێدا بەشداریی خۆیان هەیە و ئامرازی تایبەتیشیان لە مانەوەی بەشتبوونی ئافرەتدا هەیە. بەڵام ئەو ئامرازانە لە کۆمەڵگە و کولتوور و شارستانییەتێکەوە، یان لە قۆناغ و چاخێکەوە بۆ ئەوەی تر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە بەشی دووەمی فلیمی (هۆستل) مشتێک لەو هەقایەتانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەمڕۆ لە شارستانیی نوێی ڕۆئاوادا لە بەکاربردن و لەگەڕخستنی ئافرەتدا پراکتیزە دەکرێن بەڵام ئەگەر زۆر دوورتر بڕۆین دەڵێین ئەوەی کاتی خۆی هاتە سەر ئەفلاتوون، کە پتر لە ٢٥٠٠ساڵی بەسەر تێ پەڕی، ڕۆژانە لە کۆمەڵگە و کولتوورە تازەکانی جیهان دووبارە دەبێتەوە.

کاتێک ئەفلاتوون، پاش بڕیاری ژەهرخواردنەکەی سوکرات، لە دەست دیکتاتۆری ئەو دەمەی ئەسینا سەری خۆی هەڵگرت و ڕووی لە دوورگەی سقلییە (سیسیلیا) کرد و لەوێڕا گرفتاری دەستی دیکتاتۆری ئەو ناوچانە بووە و یەکەم شت هەوڵ درا لە تەک ئەفلاتووندا بکرێ ئەوە بوو کە دەست بەسەر ژنەکەیدا گیرا و لە کەسێکی تر مارەکرا. ئەم هەقایەتە ئاماژەیە لەسەر ئەوەی دۆزی ئافرەتی تازەی جیهان گۆڕانی بنیاتی مەزنی بەسەر نەهاتووە و ئەم دیاردەیە یان ئەم ڕووداوە لە ئێستادا نەک هەر دەژی بگرە تا ئەمڕۆ لە نوێترین فۆرمیشدا خۆی دەنوێنێ و زۆربەی شێوەکانی دەسەڵاتیش، هەر لە گرووپەکانی مافیاوە تا دەگاتە گرووپی پەلاماردەرانی ئافرەت و ئەم جار دەزگا

موخابەراتی و داپلۆسینەرەکانیش، زۆرترین داهێنانیان تێدا کردووە و، ئافرەت بەگەلێک شێوە وەگەڕ دەخرێ و وەک شێوازێکیش لەلایەکی بۆ بێ بەهاکردنی ژیندەری مێ و لەلایەکی تر بۆ زەلیلکردنی خودی ئەو ژیندەرەش خۆی وەک خاوەنی ژیندەری مێ بەیان کردووە، بەکار دەبرێ. واتە ئافرەت لە شارستانیی تازە و کۆندا هەردەم لە بەردەم بەکاربردنێکی دووانەییدایە.

ئەڵبەتە بێ بەها نییە گەر لە میانەی باس لەو کێشانەی دێنە سەر تاکی ئافرەتی کورد لە هەندەران، کە بەخۆی کاریگەرییەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵی بەسەرەوە ماوە، باس بهێنرێتە پێشەوە لەسەر دیاردەی هەڵوەشانەوەی خێزان. بەخۆی ئەم دیاردەیە، واتە هەڵوەشانەوەی خێزان، لە کۆمەڵگەی گەندەڵ و ناگەندەڵ وەک یەک ڕوو نادا. بۆ نموونە هەڵوەشانەوەی خێزان لە ڕۆئاوا لە مشتی گشت خێزانێکدایە. واتە گشت خێزانێک لە وڵاتانی ڕۆئاوا شیاویی هەڵوەشانەوەی لە بەردەمدایە جا ئەو خێزانە ئابووریی باش بێ یان خراپ. خێزانی سیاسیێکی گەورە بێ یان ماڵی پاشا. هۆی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەڵوەشانەوە زۆربەی کاتەکان وەک تاکە ڕێگەچارەیەک بۆ بنەبڕکردنی کێشەکانی ناو خێزان دەبینرێ و، وەکی تریش هەڵوەشانەوە لەم حاڵەتانە و بۆ خێزانی ڕۆئاوای زاراوەیەکی زۆر تێراپییە (عیلاج) و ئامرازێکیشە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزان. کەواتە خێزان بۆ ئەوەی خۆی لە گشت جۆرەکانی کێشە بپارێزێ دەبێ هەڵوەشێتەوە. ئەمەش ئەو تاکە شیاوییەیە سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆئاوا کردوویەتی بە تاکە ئەلتەرناتیڤێ بۆ پێکەوە ژیان، بەڵام پێکەوە ژیان لە ڕێگەی دابڕان و ترازانی کەسەکان لە یەکتر. بەبێگومان ئەمەش لە سیستەم و وڵاتێکی ڕۆئاواییەوە بۆ ئەوی تر گۆڕانی دێتە سەر بەڵام گلوبالیتێتی (جیهانگیری) ژیانی لەمەولای کەسەکان نەک هەر ئەو جۆراوجۆریانە لە نێوان سیستەم و وڵاتەکانی ڕۆئاوا کەم دەکاتەوە بگرە ئەو گلوبالیتییە (جیهانگیری)یە ئامادەیە ئەو کەلێن و سنوورانەش لە نێوان ئەو سیستەم و وڵاتانەش کەم بکاتەوە لە زۆر ڕووەوە لە سیستەم و وڵاتانی ڕۆئاواوە جیان. مەبەستمان، ڕێژەی جیابوونەوەی خێزان لە وڵاتانی سەنتەری ڕۆئاوا (فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا و هۆڵەندا) لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیایی (سوێد، دانیمارک، نەرویج، فینلەندا) جیایە و هەر هەمووش لە وڵاتانی وەک، ئیتالیا، ئیسپانیا، پرتوگال و یۆنان جیان. ئەم لایەنە بەشێکی پێوەندیی بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە و بەشەکەی تریشی پێوەندی بە شیاویی ئابووریی وڵات و کۆمەڵگە ڕۆئاواییەکانەوە هەیە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئیتاڵیا (باشووری ئیتاڵیا) ئەم دیاردەیە کەمترە و بگرە جارێ زۆربەی ئەندامەکانی خێزان پێکەوە دەژین و کوڕ کە ژنی نەهێناوە و کچ کە شووی نەکردووە و تەنانەت تەمەنی ٣٠ ساڵیشی تێ پەڕاندووە جارێ هەر لەگەڵ دایک و باوکیدا دەژی و ئەمەش نەک هەر لە وڵاتانی باکوری ئەوروپا، بۆ نموونە ئەسکەندەنافیایی، هیچ ڕیشەکی نەماوە بگرە لە باکوری ئیتاڵیاشدا شتێکی نامۆیە. هۆی ئەوەش بۆ ئەو گەشە ئابوورییە گەورەیە دەگەڕێتەوە هاتووەتە سەر باکوری ئیتاڵیا و لە گەلێ ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە باشووری دابڕاندووە. کەواتە سیستەمە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان مامەڵەیان لە تەک کێشە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان وەک یەک نییە و ئەو سیستەمانەی توانای ئابوورییان باشە، لەوانە ئەسکەندەنافیا، یارمەتیدەرێکی گەورەی هەڵوەشانەوەی خێزانن. ئەمە کە لایەنێکی

پۆزەتیڤە کاردانەوەی خراپیشی هەیە. لایەنە پۆزەتیڤەکە ئەوەیە تاکەکانی خێزان بەئارەزووی خۆیان دەتوانن دوای ویستی خێزانی و شەخسیی خۆیان بکەون بەڵام لایەنە خراپەکە ئەوەیە هەڵکەوتی یان شیاویی جیابوونەوە زۆر جار بەهەڵە بەکار دەبرێ و لە لایەنە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکان دەخرێ و خێزان دەکرێ بە کارگەیەکی بچووک و یان پێوەندیی خێزانی بەپیشەسازی دەبێ. ئەمە و نابێ ئەوەشمان بیر بچێ لە وڵاتانی ڕۆئاوا تا ئێستاش لە هەڵوەشانەوەی خێزان هەر ئافرەت زیانی گەورەی لێ دەکەوێ هۆی ئەوەش بەکورتی بۆ جیاوازیی بنیاتی فسیۆلۆجی و دەروونیی نێوان پیاو و ئافرەت دەگەڕێتەوە. کەواتە ئەم جیاوازییە وا دەکا ئافرەت پتر لە پیاو گیرۆدەی منداڵەکان بێ و لەلایەک و لەلایەکی تریش خودی سیستەمەکە بەجۆرێ فۆرمولێرە کراوە، ئافرەت سەرووی ئەو ئەرکە خێزانییەی پاش هەڵوەشانەوە دەکەوێتە سەری سەرقاڵی کارکردنیش بێ. ئەمەش وا دەکا ئافرەتان زووتر پیر بن و یان زووتر بچنە ساڵەوە و یان زۆرتر نەخۆش کەون و پتر کێشەی ئابووری و دەروونی ڕوویان تێ بکا. بەڵام هەرچی دۆزی کۆمەڵگەی گەندەڵە تایبەت بە دیاردەی هەڵوەشانەوەی خێزان تا بڵێی سەیر و بێ وێنەیە. هۆیەکەشی زۆر بەکورتی ئابووری و دواتر نەریتییە، ئەڵبەتە جەوهەری ئەو شتە نەریتییەش ئاینییە. واتە لەلایەک ئابووریی کۆمەڵگە یارمەتیدەر نییە بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان و لەلایەکی تریش شتە نەریتییەکان ڕێگرن. چونکە پاش جیابوونەوە لە وڵاتێک وەک سوێد هەریەکە بۆی هەیە لە خانووی خۆی بژی و هەر کەسەش ئەگەر کاری هەبێ دەتوانێ زاڵ بێ بەسەر ئەو کێشە ئابوورییانەی بەهۆی هەڵوەشانەوەی خێزانەوە دووچاری دەبێتەوە و ئەوانەش خاوەنی ئابوورییەکی دیاریکراو نین لەلایەن داوودەزگاکانی وڵاتەوە یارمەتی دەدرێن و زۆر ئاساییە بشخرێنە سەر کار و بوارێک لە بوارەکانی بەرهەمهێنان. ئەمە و چەندین ڕێگەی یاسایی و مافی تریش هەن لەو تەنگەتاوی و بەربەستانە تەسک دەکەنەوە دێنە ڕێی ئەو تاکانەی هەڵوەشانەوە هەڵدەبژێرن. بۆیە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە جیابوونەوە نە شتێکی بڤەیە و نەش کۆلاپس و ماڵوێرانی بەدەمەوەیە، بەڵام لە کۆمەڵگەی گەندەڵ لەبەرئەوەی لەلایەک ئابووری بەدەست پیاوەوەیە و لەلایەکی تریش گرفتی نەبوونی داوودەزگای ڕاستەقینەی مەدەنیبوونی نییە، ئەمە و لەبەرئەوەی شتەنەریتییەکانیش کارێکی وا دەکەن هەردەم بەچاوێکی سووکەوە تەماشای ئافرەتی، بەقەوڵی خۆیان، تەڵاقدراو بکرێ بۆیە ئافرەتی کۆمەڵگەی گەندەڵ زۆر بەدەگمەن بیر لە جیابوونەوە دەکاتەوە. چونکە لە نێوان دوو جەنگەڵ، لە نێوان دوو دۆزەخ، بەتەبیعەتی حاڵ ئافرەتی کورد بەوە قایل دەبێ یەکێک لەو جەنگەڵانە هەڵبژێرێ. بۆیە ئافرەتێکی داماوی کورد لە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردیدا لە بری ئەوەی بکەوێتە دەرەوەی کۆمەڵگە و هەروەها سەرکز و لاپەرێز بکرێ پێی باشترە بەدیار پیاوە نادادپەروەر و داوێنپیس و گەندەڵەکەیەوە بمێنێتەوە.

بەڵام ئەو توێژە ئافرەتە کوردەی لە هەندەران دەژین دۆزی هەڵوەشانەوەی خێزان و یان جیابوونەوەکانیان لەوی کوردستان جیاترە. چونکە لەلایەک ئەمان دەکەونە ناو جۆرە پێشبڕکێییەکی کۆمەڵایەتییەوە کە سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆئاوا بۆیان دروست دەکا و لەلایەکی تریش ئەمان دەکەونە نێوان هەڵگرتنەوەی یەکێک لە کولتوور و نەریتەکان یان ئەوەی لە

تەک خۆیان لە کۆمەڵگەی گەندەڵ و کۆمەڵگەی باو و باپیرانیانەوە هێناویانەتە ناو ڕۆئاوا و یانیش ئەوەی ئێستا لە ڕۆئاوا تێیدا دەژین. واتە خێزانی کوردی لە هەندەران، کە شیاویی جیابوونەوەی زۆر لە بەردەمە، ڕەنگە لەبەر هەمان ئەو هۆیانە هەڵنەوەشێتەوە خێزانێکی ڕۆئاوایی بیرۆکەی هەڵوەشانەوەکەی خۆی لەسەر دادەمەزرێنێ. هۆ لەم ڕووەوە زۆرن و کەمترینیان ئەمانەن:

هۆی یەکەم: زۆربەی جیابوونەوەکانی خێزانە کوردییەکان لە هەندەران پێوەندیی بەکێشەی ئابوورییەوە هەیە جا ئەو کێشانە بەشێکی بیرکردنەوەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ لێی بەرپرسیارە کە خێزانی کوردی خۆی لەسەر پەروەردە کردووە. واتە خێزانی کوردی کە دێتە هەندەران، یان لە هەندەران پێک دێ، بەئاسانی ناتوانێ خۆی لەو هزرە گەندەڵە بخا کە ساڵانێکە لە مەغزیدا دێ و دەچێ.

هۆی دووەم: بەشێک لە هۆیەکانی جیابوونەوە پێوەندییان بە ستەمی پیاوە گەندەڵەکەوە هەیە کە دەیەوێ بە ڕووکەش لە ڕۆئاوا بێ جا یان کارێکی دیاریکراوی نییە یاخۆیش خاوەنی هزر و شێوازێک لە ژیانی تازە نییە، بۆیە ئەو دوو ژیانییە پیاوی خێزانی کوردی لە هەندەران دەیژێ مانایەکی گەورەی بۆ جیابوونەوەکان هەیە.

هۆی سێیەم: یارمەتیدانی کەسوکار لە کوردستان و یان هێنانیان بە قاچاخ بۆ ئەورووپا ئەمەش یەکێکە لەو گرفتانەی خێزانی کوردی هەڵدەوەشێنێتەوە و خێزانی ئەورووپایی بێ ئاگایە لەم جۆرە کێشانە.

هۆی چوارەم و گەورەترین گرفتی جیابوونەوەکان پێوەندیی بەبۆچوونی پیاوی کوردەوە هەیە بۆ ئافرەتی کورد کە ئەو بۆچوونانە هی کۆمەڵگەی گەندەڵن و لە هەندەرانیش لە یەقەی ئافرەتی کورد نابنەوە. ئەم گرفتە زۆر جار وا دەکا پیاوی خێزانە کوردییەکان بەرنامە بۆ بەنەریتیکردنی خێزان دارێژن جا ئەوە لە ڕێگەی بە زیاد لە پێویست بەکوردیکردنی گشت هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی خێزانەوە بێ یان لە ڕێگەی زاڵکردنی خووڕەوشتی ئاینی و نەریتەوە بێ، ئەمەش بۆ ڕێگەگرتن گوایە لە نەبوون بەڕۆئاوایی و لە ڕێ دەرنەچوون لە خووڕەوشتی باو و باپیران. پیاوە گەندەڵەکە کە زۆرجار نە ئاینییە و نەش نەریتی ئەمە دەکا تەنیا بۆ کۆنترۆڵکردنی مێیینەکانی ئەو خێزانەی هەیەتی. ئەمەش وا دەکا خێزان دوو هەوا بژی. لە دەرەوەی ماڵ ئەورووپاییە و لە ماڵەوەش کوردییە. ئەم بەکوردیکردنەش ئامانج لێی بەنەریتی و بە ئاینیکردنی خێزانە و دوورخستنەوەیەتی لەوەی نەبێ بە ئەورووپایی چونکە ترس لە بەئەورووپاییبوون تەنیا بۆ ئەم جۆرە پیاوە کوردانە خۆی لە دوورخستنەوەی ئافرەت لە کۆنتاکتنەکردنە بە شارستانیی ڕۆئاواوە دەست پێ دەکا. ئەمە کە موسیبەتی گەورەی کۆمەڵایەتیی لەناو جالیەی کورددا خستووەتەوە، زۆر جار قەتڵ و ڕەشەکوژی و تەعدای مرۆییی گەورەشی لێ بووەتەوە کە زەرەرمەندی یەکەم لەم ڕووەوە تاکی ئافرەتی کوردە.

ئێمە لە ڕێگەی ئەم چەند دێرەوە نەمانویست بەراوردکاری لە نێوان کۆمەڵگەی گەندەڵ و کۆمەڵگەیەکی ڕۆئاواییدا بکەین، چونکە لە ناوچەرگەی ڕۆئاواش گەلێ کێشە تا ئێستا بێ چارەسەر ماونەتەوە کە ڕۆژانە یەخەی تاکی ئافرەت دەگرن. بۆ نموونە لە وڵاتی سوێد، هەروەک دەزانرێ ڕێژەی ئافرەت لەناو دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی وڵاتدا لە گەلێ لە وڵاتانی ڕۆئاوا بەرزترە و ئافرەت بەپێی ئەو هەموو جۆرە خەبات و کۆششانەی کردوویەتی دۆزێکی ئەوتۆی هێناوەتە پێشەوە باری ئافرەتی وڵاتی سوێدی نەک هەر بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی ڕۆئاوا گۆڕیوە بگرە لە گەلێ ڕووەوە لە وڵاتێک وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش جودایە. بەڵام هەموو ئەو جوداوازییەش نەیتوانیوە ئەو کێشانە چارەسەر بکا لە زۆربەی کۆمەڵگە و وڵاتە دواکەوتووەکاندا ئامادەن. بۆ نموونە بێکاربوونی ئافرەت پاش خامیلەبوونی یان بێکاربوونی پاش منداڵبوونەکەی. هەروەها نزمیی مووچەی ئافرەت لە کار. واتە هەمان ئەو کارەی ئافرەت و پیاوێک لە شوێنێکی وەک یەک دەیکەن تائێستا لە وڵاتانی ڕۆئاوا وەک یەک مووچەی لەسەر وەرناگیرێ. ئەو جیاوازییەش لە مووچە لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا کێشەیەکی چارەسەرنەکراوە و خودی یەکەتیی ئەورووپاش تا ئێستا بەتەواوەتی خۆی لەم باسە نەداوە و چارەسەری یەکلای بۆ نەدۆزیوەتەوە. بێ ماناش نییە لێرە ئاماژە بەوە کەین کە ئەم ڕێکخراوە ئەورووپاییە (واتە یەکەتیی ئەورووپا) ئەوەندە خۆی لە قەرەی مەسەلە یاسایی و سیاسی و ئابوورییەکان دەدا ئەوەندە خۆی لە قەرەی مەسەلە ڕەوشتییەکان و باشترە بشڵێین ڕۆحی و مرۆیییەکان نەداوە. ڕەنگە هەڵەش بێ بوترێ ڕۆحییەکان، چونکە یەکەتیی ئەورووپا کە نوێنەرایەتیی کارگە و دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییە ئەبستراکتەکان دەکا نایەوێ ئەو شتانە وەبیر بێنیتەوە ئیدی بەسەرچوونە و ماڵ و خێزانی ئەورووپایی پێوەندیی پێیانەوە نەماوە. بەڵام هەر ئەم یەکەتییە چەندان جار باسی کێشەی هۆمۆسێکسوێل و لیسبیسەکانی هێناوەتە پێشێ و پێشنیازی ئەوەشی کردووە کێشەکانی لەناو وڵاتە جیا جیاکانی ڕۆئاوا چارەسەری یاسایی و ئابووریی باشیان بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ نموونە قایلبوون بەوەی دوو پیاوی هۆمۆ یان دوو ئافرەتی لیسبیس بشێ پێکەوە بژین و تەگەرە لەبەردەم دروستبوونی خێزانییان دانەنرێ و ئەوەی پێی دەوترێ کێشەی یاسایی لە بەردەمیان لابرێ و گشت مافێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریشیان بدرێتێ. بەڵام لە هەمان کاتدا گەلێ کێشە و لایەنی تری کۆمەڵایەتی و یاسایی هەن کە ئافرەتی ئەورووپایی پێوەی گلاوە نە ئەم یەکەتییە و نەش جارێ سیستەمە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپا لێی نەهاتوونەتە قسە.

وەک دوا پەیڤیش لە کۆتاییی ئەم بەشەی نووسینەکەماندا لەسەر کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی بەباشی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم باسە نە باسێکی سیاسی بوو لەسەر دۆزی ژیندەریی تازەی کورد و نەش فەلسەفەی بەسەر دیاردەی ئافرەتگەراییەوە کرد، بەقەد ئەوەی هەوڵێک بوو بۆ خستنە ڕووی چەند سەرنجێک کە بەرهەمی جۆرە ڕوانینێکی تایبەتبوون سەبارەت بەو کێشە ڕۆژانەیی و دیاردە زۆر دووبارەوەبووانەی ڕووبەڕووی تاکی ئافرەتی کورد لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا دەبنەوە. کاتێکیش ئێمە سەرنجەکانمان بەردەست خوێنەری ئەم چەند دێرە خست، بیرمان لەوە

نەکردەوە ئەو ئەندێشـانەی ئێمە بەهۆی ئەو سەرنجـانەوە پێشنیازی دەکەین لە بەرژەوەندیی کێیە و یان ڤینی کێ هـەڵدەسـتێنێ چونکە کێشـەکە هەروەک بەناوونیشـانەکەیدا دەردەکـەوێ تایبـەتە بە ئافرەت بۆیە ئەوەی ویسـترا بوترێ خرایە ڕوو. ئەڵبـەتە لەو شـوێنانەش بۆمـان دەرکەوت ئافـرەت لە گشت شوێنێک لەم جیهانە جار جارە بەشدارییەکی کەم تا زۆری لە بەشتـبوونی خۆیدا هەیە، لەوە نەسڵـەماینەوە تاکی ئافرەت ڕەخنە نەکـەین. بەڵام ئێمـە ئەمەمان، واتە ڕۆڵی ئافـرەت لە بەشتکردنی خـۆی، وەک یـەکـێک لە ڕووداوە تـراجـیـدیاکـانی شـارسـتـانیی نـوێ لە قـەڵەم دا و وەک بـەرهـەمی ترادیسـیـۆنێکی ناسـاغ و ناتەبای کـۆنیش بینی. بۆیە پێمـان وایە تا دۆزی ئـافـرەت لە کـۆمـەڵگەی کوردیدا گرفتاوی و نالەبار بێ، ئەستەمە قسەکردن لەسەر ڕەوشتی پاکدامێنی لە کۆمەڵگەی نوێی کـوردیدا . گەندەڵی کـە بە ناحـەزی پلە یەکی ڕەوشـتی ناوبراوە، زیانـێکی زۆری لە هەبوونی ئافـرەت داوە و نایەوێ وەک تاکێ لە کۆمەڵگە و دامەزراوەکانیدا بخرێتە ڕوو.

دیاردەی بەڕۆژنامەوانیبوونی ڕۆشنبیری

# تێکستی گەندەڵ

لەم بەشەی نووسینەکەماندا، تایبەت بە کۆمەڵگەی گەندەڵ، سەرنج دەخەینە سەر دۆزی پرۆسەی کارکردنی ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی. ئەو سەرنج خستنە سەرەش بۆ ڕەخنەکردنی پرۆسەی کارکردنەکە لەبەرئەوەیە ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی لەلایەک خەریکە خۆی وەک جێگیریی ڕۆشنبیریی تازەی کوردی نیشان دەدا و لەلایەکی تریش ڕۆژنامەوانی بووە بەپەناگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی تێکستی گەندەڵ. تایبەت بە لایەنی یەکەم ئەوە دەڵێین ئەم لایەنە ناو دەنێین دیاردەی بەڕۆژنامەوانیبوونی ڕۆشنبیریی تازەی کوردی. پێشمان وایە ئەو دەمەی لە دوو تۆی ئەم چەند لاپەڕەیەدا ڕوونکردنەوە لەسەر ڕۆڵی دیاردەی ناوبراو لە دروستکردنی تێکستی (یان نووسین، بۆچوون و تەماشاکردنی) گەندەڵ دەدەین، ناونانەکە مانای ڕاستەقینەی خۆی بەدەست دێنێ. هەرچی لایەنی دووەمە (واتە بوونی ڕۆژنامەوانی بەپەناگایەک بۆ تێکستی گەندەڵ) شتێکی ئاڵۆزترە. هۆی ئەوەش ڕۆژنامەوانی بووە بە پەناگایێ بۆ تێکستی گەندەڵ بە بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەو گەندەڵگەرییەی دەزانین کە ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی پێکەوە تێی کەوتوون. بۆیە بەلامانەوە بەهادارە خوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیە ئەوەی لا ڕوون و دیار بێ بوونی ڕۆژنامەوانی بەپەناگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی تێکستی گەندەڵ شتێ نییە تەنیا بەباری ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردییەوە بەسترابێتەوە. ئەم لایەنە کە لە ژیانی وتاری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیی هاوچەرخی کوردیدا لایەنێکی یەکجار کێشەدارە، هەردوو نێوەندی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیی ئەمڕۆی کوردی لە دروستبوونیدا بەرپرسیارن. بۆیە لە ڕێگەی ئەم چەند لاپەڕەیەوە دەمانەوێ دیتنی ئەم نووسینە لەو خاڵەدا کۆ بکەینەوە کە ڕۆژنامەوانی ناتوانێ ڕۆشنبیری بەرهەم بهێنێ، بەڵام باوەڕیشمان بەوە هەیە ڕۆژنامەوانی بەهۆی ئامادەکردنی بەڵگە و فاکتەی جۆربەجۆرەوە دەتوانێ ڕێگەی نوێ بخاتە بەردەست ڕۆشنبیرییەوە. لەم حاڵەتانەدا گرفتی ئەو کۆمەڵگەیانەی بەدەست دیاردەی گەندەڵییەوە دەتلێنەوە ئەوەیە ڕۆشنبیری چاوی لەدەست ڕۆژنامەوانییە و ڕۆژنامەوانییش خۆی وەک ئەلتەرناتیڤی توێژینەوە نیشان دەدا. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە ڕۆژنامەوانی لە کۆمەڵگە گەندەڵەکاندا بەسازێنەری ڕۆشنبیری ناوی ڕۆیشتووە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی ناکارێ ئەمە بکا و ئەو توانایەی نییە توێژینەوە و ڕاڤەکردن بەرهەم بهێنێ ئەمە وا دەکا ڕۆژنامەوانی ڕۆژانە بەهۆی کەناڵە جیاکانییەوە دنیایەک تێکستی گەندەڵ بخاتە بەردەست خوێنەرانەوە لە هەر کوێ بن. مەبەستیشمان لە دەربڕینی لە هەر کوێ بن ئەوەیە کە، ئاراستەی ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی لە دەرەوەی کوردستان و لە ناوەوەی کوردستان ئەو جیاوازییە ئێپستمییەی نییە، بابەتی باسکردن

بێ. بۆیە لە میانەی ئەم نووسینەدا جیاوازی لە نێوان ئەو دوو سەکۆ ڕۆشنبیرییەدا ناکەین ڕۆژنامەوانیی کوردی لەم یەک دەیەی دوایی لە هەندەران و لە کوردستاندا کاری لەسەر کردوون. چونکە هەردوو سەکۆکە بەشداریی خۆیان لە خولقاندنی دیاردەی ناوبراودا هەبووە. ئەمە و لەبەرئەوەی هەردوو سەکۆکە ڕۆژنامەوانی وەک بوارێک لە کوردۆلۆجیا دەبینن نەیانتوانیوە ئەزموونی یەکتر تێ پەڕێنن.

سەرباری ئەوەی وترا پێمان باشە پەنجە بۆ ئەو لایەنەش ڕاکێشین کە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا لەبەرئەوەی خەلک بەگشتی و توێژی ڕۆشنبیریش (ڕۆژنامەوانان بەشێکن لەم توێژە) بەتایبەتی هیوایەکی زۆر دەخەنە سەر بواری ڕۆژنامەگەری ئەمەش کارێکی وا دەکا ڕۆژنامەوانی ببێ بەسەکۆیەک بۆ گشت جۆرەکانی وتن و لە گشت بوارەکانی تری ڕۆشنبیری زیاتر ڕۆژنامەوانی تەشەنە بکا و ئەمەش کارێکی ئەوتۆ دەکا هەموو کەسێک ئامادە بێ ڕۆژنامەیەک سەرپەرشتی بکا یان خۆی وەک ڕۆژنامەوان بخاتە ڕوو و ڕۆڵ لە بەرهەمهێنانی تێکستدا ببینێ. بەڵام گرفتی ئەم جۆرە ڕۆژنامەوانییە لەم جۆرە حاڵەتانەدا ئەوەیە ڕۆژنامەوان ڕۆشنبیرییەکی کۆکتێل (تێکەڵ) بەردەست خەڵک دەخا و ئەو ڕۆشنبیرییەش لەبەرئەوەی مەیلێکی زۆر کۆکتێلی هەیە نە ئەوەندە بایەخی بۆ پسپۆڕی دەبێ و نەش قووڵبوونەوەی لە وار و پۆلە زانینە جیا جیاکاندا لامانادارە، ئەمەش بەتەبیعەتی حاڵ وا دەکا نەک هەر لە کاری ڕۆژنامەوانی بگرە لە کاری ڕۆشنبیریشدا پۆلە زانینە جیاکان وەک بوارگەلێکی پێویست بوونیان نەبێ، جا ئەوە ئابووری بێ یان زانستیی زمان، فەلسەفە یاخۆ لۆجیک، ئەمە و لە تێکستە ڕۆژنامەوانییەکاندا شتێک نییە ناوی شیکردنەوەی دەروونی یان ئەنترۆپۆلۆجیا (مرۆڤناسی) و یاخۆش ئیتنۆگرافی (ڕەگەزناسی) بێ و تەنانەت لەم حاڵەتانەدا کار دەگاتە ئەوەی ناوونیشانی زانستە سروشتییەکانیش (فیزیا، زیندەوەرناسی، کارئەندامناسی و... هتد) لە تێکستە ڕۆژنامەوانییەکاندا بێ پاشماوە بن. ئەگەرچی ئەم دیاردەیە بەرهەمی هەندێ شتە کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە – لەوانە: بێ بەهابوونی نووسین، یان نەمانی مانا و کێشی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و تەنانەت ئایدیۆلۆجیی پەیڤ و چەمک، هەروەها زۆربوونی نووسەر و بێ توانایی خوێنەر لە هەڵبژاردنی تێکست و، بڵاوبوونەوەی خوێنەر و تێکستی گەندەڵ– بەڵام دەشێ ئەوەش بوترێ ئەو کۆمەڵگەیانەی لە ڕێگەی کاری پارتیزانییەوە، دەگەنە قۆناغی سەربەخۆیی و کیانی سیاسی بۆ خۆیان دروست دەکەن، زۆرترین بایەخی نووسەرانیان، یان بەگشتی سەرجەم وتاری ڕۆشنبیرییان، لە بواری ڕۆژنامەوانیدا قەتیس دەبێ. هۆی ئەمەش زۆر بەکورتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاری ڕۆژنامەوانی لەم جۆرە کۆمەڵگانە مانایەکی گەورەی بۆ درێژەدان بەکردەی سەرفرازی و واتای ئازادی دەبێ. واتە لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا ڕۆژنامەوانی بەکار دەبرێ. ماهییەتی ئەم بەکاربردنەش بۆ پارێزگاریکردنە لە وتاری سیاسی و ڕووناکبیریی سیاسی. بەڵام هەڵەی دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەم جۆرە کۆمەڵگانە لەم ڕووەوە ئەوەیە ئەم دەستەبژێرە کار بۆ ئەوە ناکەن زۆرینەی خەڵک لەوە بەئاگا بێن، ڕۆژنامەوانی کاری تەنیا پاراستنی ستاتۆسی ناسنامەی سیاسی نییە، بگرە کاری بایەخدانیشە بە قۆناغی پاش ئازادیی سیاسی. بۆیە لەم بەشەی نووسینەکەماندا دەمانەوێ خۆمان لەو باسانەش نزیک بکەینەوە،

خەوشی ئەو لایەنانە ڕوون دەکەنەوە و کار بۆ بەرجەستەکردنی کردەی ڕۆشنبیری لە ڕۆژنامەوانیدا دەکەن و هەروەها ڕۆژنامەوانییش لە تێگەیشتنی سیاسیی ئەبستراکتدا دەتوێننەوە، هەروەها لە ڕێگەی ئەو ڕوونکردنەوانەوە ئەو هەڵانەش دەستنیشان دەکەین کە چەند ڕۆشنبیریی ڕۆژنامەوانیی گەندەڵی ئەمڕۆمان، تێکدەری ئازادیی ڕاستەقینەیە و بەرهەمهێنەری گەلێ تێکستی گەندەڵیشە لەمەڕ ئازادی. ئەمە و لە کۆتاییدا و بەکورتی دێینە سەر باس لە دژێوییەکانی نێوەندی ئەکادیمی و لەم ڕووەشەوە ڕۆڵی ئەم نێوەندە لە گەندەڵکردنی نەک هەر کاری ڕۆژنامەوانی، بگرە وتاری ڕۆشنبیریش بخەینە بەرباس.

لەم سەرەتایەشەوە بەپێویستی دەزانین سەرنجی خوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیە بۆ ئەوە ڕابکێشین، ئەوەی ڕۆژانە تێبینی دەکرێ ئەوەیە بەردەوام هەوڵ دەدرێ ئەوە لەناو خەڵک باو و گشتی بکرێ ئەوەی ڕۆشنبیری بەرهەم دێنێ ڕۆژنامەوانییە و لەم ڕووەشەوە کارێکی زۆر بۆ ئەوە کراوە هیوایەکی زۆر بەوە بکرێ ڕۆژنامەوانی پێکهێنەری ڕۆشنبیرییە. ئەم دیتنە کە لێوانلێوە لە هەڵە ئەرک و بەرپرسیاریەتیی میدیاشی تێک داوە. چونکە میدیا نە ڕۆشنبیری بەرهەم دێنێ و نەش لە توانایەتی پشت لە ڕۆشنبیری بکا. بەڵام دەکرێ بوترێ میدیا لە هەناوی خۆیدا ڕۆشنبیرییەکی تایبەتی حەشار داوە دەشێ ناو بنرێ ڕۆشنبیریی میدیا، بەڵام ئەو ڕۆشنبیرییە لە هەموو ڕوویەکەوە قەرزارباری خودی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیران و ئەوانەشە دۆستی هەرە نزیکی هزرن. واتە میدیا بۆ ئەوەی خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی تایبەت بەخۆی بێ پێویستی بە هێزی ڕۆشنبیرانە لە بنیاتنانی ئەو ڕۆشنبیرییە میدیاییە. بەم جۆرە میدیا بۆ خۆبنیاتنان و پەرەدان بە شێوازی کارکردنی کەڵک لە ڕۆشنبیری وەردەگرێ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە میدیا شوێنێکە بۆ دروستکردنی ڕۆشنبیری. هۆی ئەمەش تەنیا ئەوەیە ڕۆشنبیری شوێنی تری هەیە یان ئەو فابریکەیەی ڕۆشنبیری بەرهەم دێنێ میدیا نییە بگرە ئەو هزرە ڕیزپەڕەیە لای نووسەر و بیریاران خۆی مەڵاس داوە و، خەسڵەتی ئەم هزرەش لەوەدایە لە گۆشەگیری و کۆچەریدا تەمەن بەسەر دەبا. ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییەش تەنیا لەژێر سایەی دۆز و لەناو ئامێزی پۆل و بواری تردا بەرهەم دێ و لە تواناشیدایە زۆرترین کاریگەری بەسەر میدیاوە هەبێ و میدیاش وەک یەکێک لە بوارەکایی ئاگاییی ڕۆشنبیری دەکارێ بیرۆکە و بینینی ڕۆشنبیران تا ئەوپەڕی بەکاربەرێ و ڕەخنە و گفتوگۆشیان بکا.

بۆ زێتر داکۆکیکردن لەوەی باسمان کرد، پێمان باشە جەخت لەوە بکەین، بۆ گەلێ ئەوە ڕوونە سەردەمی نوێ خۆی وا نیشان دەدا ئەستەمە کاتەکانی بێ میدیا بەسەر بەرێ، بەڵام میدیای ڕاستەقینە ناتوانێ نەشونما بکا گەر سەرمایەی هزری ڕۆشنبیران لە پشتییەوە نەبێ. ئەوانەش لە بواری میدیادا کار دەکەن، پتر لە کەسانی تر لەوە گەیشتوون، کاتێک لە میدیادا جیهانی وێنە و وشە بەیەکتر تێکەڵ دەبن، ئەمە بۆ ئەوەیە هێما و ئاماژەی چڕ و خێرا لەم وێنە و وشەیە بەرهەم بێن و ئەو هێما و ئاماژانەش بتوانن لە گرفت و کەموکووڕییەکانی مرۆڤی سەردەمی نوێ گوزارە بکەن، بەڵام ئەم تەماشاکردنە هەرگیز بەو مانایە نایەت کە میدیا دروستکەری بیرمەندییە. بگرە بەپێچەوانەوە میدیا بەکاربەری بیری بیرمەندانە و شوێنێکیشە بۆ گفتوگۆکردن و گازندەکردنی

بینین و سەیرکردنی بیرمەندان. ئەوەش کە ڕاستیی ئەم لایەنە ڕوون دەکاتەوە، دۆزی کۆمەڵگەی زانیاریی نوێیە. چونکە ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە بەجۆرێک لێک ئاڵاوە ئەوەی ئێستا دەوترێ یان ڕوو دەدا پاش تۆزێکی تر، یان دەمودەست، دەگوێزرێتەوە بۆیە ئێستا دۆزێ لە جیهاندا، بەتایبەت لە کۆمەڵگە نوێکاندا، لە هاتنەکایەوەدایە، ئەم دۆزە بیریار و ڕۆشنفکرانیشی خستووەتە ناو بۆسەی میدیای تازەوە. بەڵام لێرە شتێک هەیە دەشێ لە بیر نەکرێ: ئەوەی بیریار و ڕووناکبیران لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا لە میانەی نووسینێکی پوخت و یان لێدوانێکی چڕ و سەروتارێکی سەرپێییدا دەیخەنە ڕوو ناکرێ وەک پڕۆژەگەلێکی فەلسەفی و هزری گەورە تەماشا بکرێن. واتە ناشێ بەهۆی لێدوان و یان سەروتاری کورت و چڕی ڕووناکبیر و بیریارانەوە بە گشت ئەو تێز و بیرۆکانە ئاشنا بین ڕووناکبیر و بیریاران کاری لەسەر دەکەن. چونکە لە میدیادا ئەو شیاوییە لە ئارادا نییە مرۆڤ بکارێ بەسەرجەم سەرمایەی هزری یان ڕاڤەکردن و توێژینەوەی بیریار و ڕۆشنفکران تایبەت بەکێشە هەنووکەیی و ڕۆژانەییەکانی تاک و کۆمەڵگەی نوێ ئاشنا بێ. ئەگەر ئەم وتنە مانای ئەوە بێ میدیا ناکارێ پشت لە بیری بیرمەند و ڕووناکبیران بکا دەشێ لەم وتنە مانایەکی تریش بەدی بکرێ کە ئەوەش ئەمەیە: لەبەرئەوەی بیری بیرمەند و ڕووناکبیران مانای خۆی بۆ ناونان و پێناسەکردن و ڕوونکردنەوەی دیاردە و ڕووداوەکان هەیە بۆیە نائاساییە ئەمانیش خۆیان لە میدیای کۆمەڵگەی زانیاریی نوێ دوور خەنەوە. بەڵام ئەم لایەنە ناکرێ بە هەڵە شی بکرێتەوە. چونکە میدیای نوێ کە میدیایەکی پراگماتییە بەپێی ویستی بیرمەند و ڕۆشنبیران ناجووڵێتەوە. بەڵام نابێ پێشمان وابێ میدیا کاری ئەوەیە ڕووناکبیر و بیرمەند بهێنێتە دنیا. چونکە میدیا دەتوانێ بیرمەندی بیرمەندان و ڕووناکبیری ڕووناکبیران بەکار بەرێ، بەڵام لە توانایدا نییە بەرهەمیان بهێنێ. کەواتە هەڵەیە پێمان وابێ ڕۆژنامەوانی توێژینەوە بەرهەم دێنێ. بەڵام ئاساییە پێمان وابێ، ڕۆژنامەوانی دەتوانێ وەک سەرچاوە بۆ ڕۆشنبیری تەماشا بکرێ یان ڕۆژنامەوانی تا بڵێی ئەو توانایەی تێدایە زانیاری و زانینی کاتی و پەلە لەسەر ڕووداو و دیاردەکانی ئەم کۆمەڵگە و ئەو کۆمەڵگە یان ئەم کولتوور و ئەو کولتوور بخاتە بەردەست ڕۆشنبیران، بەڵام هەرگیز ڕۆژنامەوانی ئەو هێزەی تێدا نییە ببێ بە بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیری یان زەوینە بۆ سازاندنی توێژینەوە ئامادە بکا. بەواتایەکی تر، ئەوەی ڕۆژنامەوانی بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیرییە ئەمە دیتنێکی هەڵەیە و هیچ ئەزموونێکی کولتووریش، ئەزموونی کولتووری گەندەڵی لێ دەرچێ، ڕێگە بەم وڕێنەیە نادا. ئەمە و لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی برێتی نییە لە گشت زانست و گشت هێزەکانی ڕۆشنبیریشی تێدا کۆ نەبووەتەوە ڕۆژنامەوانی ناشێ وەک جێگیری ڕۆشنبیری تەماشا بکرێ.

بەدەر لەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردووە دەشێ خوێنەری ئەم نووسینە لەوەش بەئاگا بهێنرێ، میدیای تازەی کوردی دەیەوێ لە ڕێگەی هەڵڕشتنی وشە و گۆکردنی ناوی چەند بیریارێکی دیاریکراوەوە پێمان بێژێ «من دەستم لە بەڕۆشنبیریکردندا بالایە»! هەروەها کادیرەکانی بواری ڕۆژنامەوانی (کە بەشێکی زۆریان دەستەیەکی مووچەخۆر و کارمەندی سیاسین و یان بۆ بژێویی ژیان کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن) لەبەرئەوەی گەر دۆستی پلەیەکی هزرەڤانی نەبن،

ناکارن ئاسۆ لە بەردەم پرۆسەی ڕۆشنبیریبووندا بکەنەوە. ئەمە و خراپ نییە دەست بۆ ئەو لایەنەش ڕابکێشین لەبەرئەوەی هزرەڤانی لە ژیانی ڕۆژنامەوانیی نوێ کوردیدا بێ بناغە خۆی دەردەخا، ڕۆژنامەوانی ناتوانێ وەرچەرخان لە وتاری ڕۆشنبیریی تازەی کوردیدا بکا. ئەم لایەنە کە مایەی شیکردنەوەیەکی دەستەجەمعییە لە داهاتوودا دەتوانێ درزێکی گەورە لە بنیاتی ڕۆشنبیریماندا دروست بکا. چونکە ئەم لایەنە لە نەستی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژنامەوانانی هاوچەرخی کورد خۆی وەک کێشەیەکی زەق نیشان نادا. بۆیە ڕاڤەکردنی نەستی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژنامەوانانی هاوچەرخی کورد هەنگاوێکی بەپیتە بۆ گەیشتن لە پرۆسەی گەشەی نەک هەر ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی بگرە خودی وتاری ڕۆشنبیریی نوێی کوردییش.

بۆیە لێرە و زۆر بەکورتی دەمانەوێ ئاماژە بەوە بکەین نەستی ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی لە ڕادە بەدەر ناکاریگەر و کاوێژاوییە. هۆی ئەمەش زۆر بەکورتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی لەسەر بیرەوەرییەکان دەژی و ماهییەتی ئەم بیرەوەرییانەش ئەو درامایانەن تاکی کورد تێدا ژیاوە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی دوا کۆششی خۆی لەم ڕووەوە دەستنیشان نەکردووە و خۆشی لە هەستی یادەوەرپەرستی ڕزگار نەکردووە، بۆیە ئەوەی بۆی ماوەتەوە لەم ڕووەوە بەردەوام کاری لەسەر بکا کاوێژکردنەوەی ڕابردوو و لاواندنەوەی دراماکانە. ئەم لایەنە کە ژیانی ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی داگیر کردووە لە کاریگەری خستووە و دووچاری گەندەڵییەکی هزریشی کردووە. لێرەوە دەکرێ خوێنەری ئەم نووسینە خەیاڵی بۆ ئەوە بچێ «نەستی باوی ڕۆژنامەوانانی کورد» دەیەوێ وانەی ئەوەمان پێ بڵێتەوە ڕۆژنامەوانی «واتە کوردایەتی». خۆی ڕاستە بۆ گەلێ وەک گەلی کورد ڕۆژنامەوانی لە کوردایەتی ناکرێ داببڕدرێ، بەڵام لە بنەڕەتدا ڕۆژنامەوانی بە کوردایەتی یەکسان نییە. ئەڵبەتە ئەو ئاماژانەش ڕۆژانە لە میدیای کوردیدا پەخش دەبن وایان لە ئێمە کردووە بۆ ئەوە بچین ڕۆژنامەوانی دەیەوێ ئەم جۆرە وانەیەمان پێ بڵێتەوە. ئەو ئاماژانە کە لە ڕووی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانییەوە ترسناکن ئەوە ڕوون دەکەنەوە ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی جێگیری وتاری ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردییە، یان ڕۆژنامەوانی قسەکەری ئەو ١٠٠ ساڵەی وتاری ناسیۆنالیزمی کوردییە کە تێدا نەشونمای کردووە. ئەمە بەخۆی بیرۆکەیەکی هەڵەیە و تا ئەندازەیەک بەرەنجامی کوشندەشی لەناو ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانانداخستووەتەوە. ئەڵبەتە ئەو بەرەنجامانە لەلایێ بە زیانی وتاری سیاسیی کوردی کەوتوونەتەوە و لەلایەکی تریش خودی ڕۆژنامەوانیشی پێی لەکەدار کردووە. هۆی ئەوەش کە وای کردووە نەستی ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی بارهەڵگری ئەو ئیدیایە بێ، گوایە ڕۆژنامەوانی قسەکەری وتاری ناسیۆنالیزمی کوردییە دوو شتە. هۆی یەکەم ئەوەیە پرۆسەی گەشەی وتاری ڕۆژنامەوانیی کوردی ڕێگەی لە بەردەم ئەم جۆرە ئیدیایەدا کردووەتەوە. واتە ڕابردووی خودی بزاڤی ڕۆژنامەوانی لەم بەرەنجام سازاندنە بەرپرسیارە. دووەمیش هەژاریی هزریی ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیرانی کوردیش لەم ڕووەوە بەرپرسیاریی دەکەوێتە سەر. چونکە ئەو هەژارییە وا لە ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیرانی کورد دەکا هیوایەکی زۆر بخەنە سەر ڕۆژنامەوانی و وەک بوارێکیش بۆ بەرهەمهێنانی توێژینەوە و ڕاڤەکردن تەماشای بکەن.

ئەو دوو لایەنەی سەرەوە ئاماژەی پێ درا، پاشتر دێینەوە سەری، بەڵام لێرە بەباشی دەزانین بێینە سەر مانای گەندەڵیی هزری بۆ بەهەڵە گەیشتن لە کاری ڕۆژنامەوانی. لەم ڕووەشەوە بەچاکی دەزانین جەخت لەوە بکەین کە ڕۆژنامەوانیی گەندەڵ هێزی خۆی لە تێگەیشتنی باو و ناتایبەتەوە وەردەگرێ و، جیاوازی لە نێوان هەواڵ و هزرەڤانیدا ناکا و دەرکیش بەوە ناکا ڕۆژنامەگەری ئەرکی تەنیا جوینەوەی ڕووداو و دەنگوباس و ئاگەدارکردنەوە نییە لەسەر دراما سیاسییەکان. بۆیەشە وا دەڵێین چونکە جوینەوەی ڕووداو و دەنگوباس بووە بە ڕوحی ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی و ئەمەش وای کردووە کردەی ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی لە گشت پرۆسەیەکی هزری دوور کەوێتەوە و، ڕۆژنامەوانی نوێی کوردی وێنەیەکی ئەوتۆشی لەسەر خودی خۆی دروست کردووە کە ڕۆژنامەوانی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی هۆشیاری لەسەر دۆزی تاک و کۆمەڵگە. ئەم وێنەیە ئەو دەمە ڕاستیی خۆی دەسەلمێنێ کە ڕۆژنامەوانی ترسێک بێ لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و دەروازەیێکیش بێ بۆ خولقانی ئۆپینیونی (دیدی) ڕێزپەڕ و کاریگەر. بەڵگەشمان لەم ڕووەوە ئەوەیە، زۆربەی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکان ئا ئێستاش لە شوێنی خۆیاندان و بنەماڵەگەری کە جێگری دەستەبژێرە گشت هێزە سیاسی و ئابوورییەکانی بەدەستەوەیە. ڕۆژنامەوانیش لەبەرئەوەی لەم ڕووەوە هیچ بەرهەمهێنەرە نە دەشێ ئەو هیوا گەورەیەی پێ بکرێ و نەش دەشێ وتنەکانی گرینگیی پێ بدرێ. چونکە ڕۆژنامەوانی کە نەتوانێ لە ڕادەی بێ کاری و هەژاری و کوشتنی ئافرەت و دزی و هەتیوخستنی خەڵک کەم بکاتەوە نەک هەر ناتوانێ وتنەکانی مایەی گرینگی پێدان بن بگرە پێش گشت شتێ ناتوانێ بڵێ من وانەی کوردایەتیش دەڵێمەوە. چونکە ئەو ئافرەتەی دەکوژرێ و ئەو کەسەی هەتیو دەخرێ و یان بێ کار و هەژار دەکرێ لە کۆتاییدا کوردە، ئەڵبەتە ئەوەش کە دەماندزێ هەر کوردە.

بۆیە ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی تەمەنی کوردایەتییەکەی لە هیچیدا بەسەر دەبا ئەگەر لە نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتی و ناچووستییە ئابووری و ژیندەری و دیاردە دزێوەکان، وەک کوشتن و دزی، نەیەتە گۆ. کەواتە ڕۆژنامەوانیی کوردی ناکارێ پێمان بڵێ ڕۆژنامەوانی سەرووی گشت کردەیەکی هزری و چالاکییەکی مرۆییییە کە بەخۆی پشت لە هزر و مرۆڤ بکا. ئەوە ناشێ ناو بنرێ ڕۆژنامەوانی کە تەنیا کار بۆ دروستکردنی گریلای بێ ئامانج دەکا. ئەوە ڕۆژنامەوانی نییە کە هەردەم ئەوەمان بیر دەخاتەوە دوژمن وا لەسەر سنوورە. ئەوە ڕۆژنامەوانی نییە کە تەنیا هەواڵی ئەلبووم بڵاوکردنەوەی هونەرمەندانمان پێ ڕادەگەیەنێ. یان ڕۆژنامەوانی دەشێ گشت ئەمانە بێ و بەڵام لەگەڵ خۆڕاهێنانیشی لەسەر وتنی هەق لە کاتی خۆیدا، بەگژاچوونەوەی نادادپەروەری تا ئەوپەڕی، دەرخستن و بەرچاوخستنی هەڵە سیاسی و دەستدرێژییە ئابووری و تاوانە یاسایی و سەربازییەکان. چونکە ڕۆژنامەوانی کە خۆی لەسەر سەرچڵی (موغامەرات) و چاوقایمی ڕانەهێنا، ئەوە ڕۆژنامەوانی نییە، بگرە ئەوە شتێکە دەکرێ ناو بنرێ سەرگوزشتە گێڕانەوە و هەقایەتبازی. بەڵام هەر لێرە با ئەوەشمان بیر نەچێتەوە ئەو تێکستە گەندەڵانەی ڕۆژانە بڵاو دەکرێنەوە، پێچەوانەی ئەم دیتنانە خۆیان وەگەڕ دەخەن. هۆی سەرەکیی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم تێکستانە لە توانایاندایە ژینگەیەکی ڕۆشنبیریی ئەوتۆ بۆ خۆیان دابین بکەن

ئەو گەندەڵییە ئابووری و سیاسییەی ڕابەرایەتیی هزری لەلایەک ڕۆژنامەوانان و لەلایەکی تریش ڕۆشنبیران دەکا، پشتگوێ بخەن. وەکی تریش تێکستی گەندەڵ ئەو دەمە دێتە کایەوە تەوژمی ڕۆژنامەوانی ئاراستەیەکی کاوێژخوازی و هەقایەتبازی وەردەگرێ. بەڵام ئەم ئاراستەیە لەگەڵ ئەو ڕەوتەش یەک دەگرێتەوە وتاری ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەی گەندەڵ وەری دەگرێ بۆیە هەڵە ناکەین بڵێین: لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری کاریگەرییەکی بێ وێنە بەسەر یەکەوە بەجێ دێڵن و یەکتریش دەنرخێنن. ئەگەر ئەم لایەنەش وەک ئاکامێک بۆ گەندەڵیی هزری ببینرێ ئەوا کۆمەڵێک لە هۆکارەکانی ئەم ئاکامە بۆ بەهەڵە بەکاربردنی ئازادیی ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەوانی دەگەڕێتەوە و کۆمەڵەکەی تریش بۆ نەبوونی پسپۆڕ لە بواری ئەو واتایانەدا دەگەڕێتەوە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا بەکاربردنیان زۆر باو و پۆپولێرە، لەوانە واتای ئازادی، واتای ماف، واتای دیموکراسییەت، واتای دادپەروەری و ئەرک، واتای کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوی مەدەنی. کاتێک ئەو دوو لایەنەش (واتە بەهەڵە بەکاربردنی ئازادیی ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەوانی) یەک دەگرنەوە سەکۆیەکی ناساغ و درماوی بۆ ئەوەی پێی دەڵێن کاری نووسین و ئەمجار کاری ڕۆژنامەوانی ساز دەکەن. ئەم دوو لایەنە تەواوکەری یەکن هێز بەیەکدیش دەبەخشن. چونکە ڕۆژنامەوانی ئازادی بەوە پێناسە دەکا بەرهەمی خەباتی خۆیەتی و ئازادییش ڕۆژنامەوانی بەوە تاوانبار دەکا یەکەم ڕۆڵەی خۆیەتی بۆیە ئەو دەمەی ئازادی لە تەک ڕۆژنامەوانیدا کێشەی دەبێ بەمە هەم ئازادی ڕوو لە تەمەن کورتی دەنێ و هەمیش داری ڕۆژنامەوانی ڕوو لە سیسبوون دەنێ. بەڵام ئەم هێپۆتێزە ئەو دەمە دەتوانێ بەم جۆرە خۆی نیشان دا کە ئازادیی ڕاستەقینە ڕۆژنامەوانیی ڕاستەقینەی دروست کردبێ نەک ئازادییەک بەشمەکبوو، هەروەها پێشمان وایە ئەو کاتە ڕۆژنامەوانی دەکارێ فەزڵی بەسەر بەردەوامبوونی ئازادییەوە هەبێ، کاتێک ڕۆژنامەوانیی ڕاستەقینە بەرهەمهێنەری ئازادی بێ نەک ڕۆژنامەوانیی گەندەڵ و کاوێژئامێز.

بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانیی ڕاستەقینەش لە ڕۆژنامەوانیی گەندەڵ جیا بکەینەوە پێویستە لەوە بەئاگا بین ڕۆژنامەوانیی ڕاستەقینە نە دەرگە دەخاتە سەر پشت بۆ بڵاوکردنەوەی تێکستی گەندەڵ و نەش خۆی بە ئەلتەرناتیڤی ڕۆشنبیری دەزانێ. واتە ڕۆژنامەوانیی ڕاستەقینە کار بۆ ئەوە دەکا خۆی بێ و بەس. با بزانین مەبەست لە بەخۆبوونی ڕۆژنامەوانی چییە؟ ئەم پرسیارە بۆ ئێمە زێدە کرۆکدارە و هەوێنی ئەو ڕوونکردنەوەیەش لەخۆدا بەرجەستە دەکا کە لای سەرەوە درکاندمان، واتە ئەوەی ڕۆژنامەوانی سەرجەم زانست و ڕۆشنبیری ناگرێتەوە و مرۆڤیش تەنیا لەڕێگەی ڕۆژنامەوانییەوە ناشێ ناسنامەی ڕۆشنبیریی خۆی دروست بکا. بەڵام مەبەستی سەرەکی لەم پرسیارە لێرە ئەوەیە ڕۆژنامەوانی ئاسۆیەکی ئەوتۆی لە بەردەمدا بکرێتەوە بکارێ ببێ بەخۆی. واتە ڕۆژنامەوانی ناسنامەیەکی تایبەتی خۆی هەبێ و پەلاماری ناسنامەی ڕۆشنبیریی بوارە زانینیەکانی تر نەدا. چونکە تێکەڵکردنی ڕۆژنامەوانی بە شتی تر، ئاسۆ لە بەردەم کاری ڕۆژنامەگەریدا تێک دەدا و کارێکی ئەوتۆش دەکا ڕۆژنامەوانی وەک گشت وتاری ڕۆشنبیری تەماشا بکرێ. بەدڵنیاییشەوە ئاسۆ لە بەردەم ڕۆژنامەوانی هەرگیز واڵا نابێ ڕۆژنامەوانیی خۆی نەبێ. بەڵام با بزانین چۆن ڕۆژنامەوانیی کوردی دەکارێ خۆی بێ نەک شتێکی تر؟

بەبۆچوونی ئێمە ڕۆژنامەوانی ئەو دەمە خۆی دەبێ کە ڕۆژنامەوانی سنوورێکی لە نێوان خۆی و گشت شتێک یان کارێکی غەیرە ڕۆژنامەوانی دابنێ. بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانی ئەم سنوورە دابنێ پێویستە یەکانگیر و زمان ڕاستەوخۆ بێ. هەروەها ئەم ناتوانێ ئەمە بێ تا هەواڵ (دەنگوباس) و زانیاریی ڕاستەقینە لە هەواڵ و زانیاریی ناڕاستەقینە جیا نەکاتەوە. هەروەها ئەم ئەمە نابێ تا لەوە نەگا کە سنوورێک لە نێوان ڕۆژنامەوانی و هزرەڤانیدا ئامادەیە. واشی بۆ دەچین، بەخۆنەبوونی ڕۆژنامەوانی لەناو ئێمە دەکرێ، وەک ئارگومێنتێک بهێنرێتەوە بۆ هەندێ شت لەوانە:

* ئەو دەمەی ڕۆژنامەوانی خۆی نابێ شتێکی تر شوێنی ڕۆژنامەوانی دەگرێتەوە، ئێمە لەلایەن خۆمانەوە ئەم شتە بە ناڕۆژنامەوانی ناو دەنێین. ناڕۆژنامەوانی لێرە بەواتای دژە ڕۆژنامەوانی (ئەنتی ڕۆژنامەوانی) نایە بگرە بەواتای ئەوە دێ خوێنەرانی ڕۆژنامەکان وەدووی شتێکدا وێڵن ڕۆژنامەوانی نییە. بۆیە ئەمان (واتە خوێنەران) لە بری ئەوەی فێربوون بەدەست بهێنن ڕۆژانە فێربوون لە دەست دەدەن. چونکە گشت خوێنەرێک خاوەنی سەرمایەیەک لە فێربوونە، پێویستە بەردەوام بیپارێزێ و پەروەردەشی بکا. ئەمەش ڕوو نادا گەر خوێنەر نەتوانێ جیاوازی لە نێوان تێکستی ڕۆژنامەوانی و ناڕۆژنامەوانیدا نەکا.

* تا ڕادەیەک بۆ گەلێ لە ئێمە ڕوون و والایە، زانیارییە ڕۆژنامەوانییە کوردییە ڕۆژانەییەکان زێدە سەرەتایی و تا بلێی لاوەکین و لە داناییشەوە دوورن کە بەخۆی ڕۆژنامەوانی لە پێناوی ئەم لایەنە نەهاتووەتە دنیا. مەبەستمان، نووسینە ڕۆژنامەوانییە کوردییە نوێکان، کە لە ڕۆژنامە و یان لە هەفتەنامە و ماڵپەڕەکاندا پەخش دەکرێن، چەند بارە و سەرپێین و هەموو ڕۆژێک و لە گشت شوێنێک وەک یەک هەن و دووبارەش دەبنەوە. واتە ئەو پێنووسەی لە ڕۆژنامەیەک یان لە ماڵپەڕێک کێشەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی (بۆ نموونە کێشەی سیاسیی کەرکووک یان مەسەلەی ڕێفراندۆم یاخۆ...) دەخاتە بەرباس لە ڕۆژنامە یان هەفتەنامەیەکی تر کەسێتر بەهەمان ئەندێشە یان بەشێوازێکی زمانەوانیی تر هەمان شت دووبارە بەرباس دەخاتەوە. هۆی ئەوە تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کێشەکان هەمان کێشە بوونە بگرە بەزۆری هۆی ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەندێشەی نووسەرانی تێکستەکان سەر بەهەمان ژینگەی هزرین، بۆیە شیکردنەوەکان وەک یەک دەبن و نووسینەکانیش ئەگەرچی ناوونیشانی جیا و نووسەری جیایان هەیە، بەلام هەمان شت دەڵێن. ئەمەش بۆ ئێمە مانای ئەوەیە لەناو خەڵک لە بنەڕەتدا یەک بۆچوون و هەمان بینین بۆ هەمان کێشە هەیە. ئەڵبەتە جیاوازی لە نێوان بینینەکانیشدا گەر هەبن، پێوەندیی بە هزرەوە نییە و یان هزر لەم بەینە ونە و تا بلێی ناکاریگەریشە. گرفتی ڕاستەقینەی ئەم لایەنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەناو ئێمە ئەندێشەی سیاسی لە نێو ڕۆشنفیکران لە هزراندن کەوتووە و ڕۆژنامەوانیش لێی بێ ئاگایە. بەواتایەکی پوختەتر، ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی هۆشیاریی لەسەر ئەوە نییە ئەو دەمەی سیاسەت وەک بوارێکی هزری نابینرێ ئەوا سیاسەتوانیش وەک هزرەڤان تەماشا ناکرێ. هەر ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی لەوەش نەگەییوە دۆزی سیاسیی ناوچەکە بارێکی هزری سیاسیی ئەوتۆی لەناو خەڵکی کورد هێناوەتە پێشەوە سیاسەتوان وەک یاریزان تەماشا بکرێ و توانا و شیاویی

سیاسەتوانیش بەو یارییانەوە گرێ درێتەوە کە بەشدارییان تێدا دەکا، ئەمەش ئەو مانایە بەرهەم دێنێ سیاسەت واتە بردنەوە. بەلام موخابن ڕۆژنامەوانیی نوێی کوردی لەوە حاڵی نەبووە لەو شوێنەی سیاسیێ دەبێتەوە سیاسییەکی تر دەدۆڕێ. ئەم دۆڕانەش بە زیانی زۆرینەی ئەو کۆمەڵگەیە دەگەڕێتەوە چاوی لە دەست ئەم سیاسییە دۆڕاوە بووە. ئەوەش وا لە ڕۆژنامەوانی دەکا لەم جۆرە وێنانە نەگا ئەو دۆزە گەندەڵەیە ڕۆژنامەوانی خۆی تێ فڕێ داوە.

وێڕای ئەو چەند سەرنجانەی سەرەوە ئەوەش دەڵێین، ئازادیی گەندەڵ یارمەتیدەرێکی باشە بۆ دروستبوونی ڕۆژنامەوانیی گەندەڵ (واتە تێکستی گەندەڵ) هەروەها خوێنەری گەندەڵیش. ئەم ئازادییە کە پێشتر وا نەبووە و تێک دراوە دوژمنی ڕۆژنامەوانیی ڕاستەقینەیە. ئەم تێکدانە ئەو دەمە بریندارکەرە کە لە ڕێگەی گەندەڵبوونی ئازادییەوە ڕاستی (ئەو ڕاستییەی ڕۆژنامەوانی دەبێ خۆی لەسەر بەرجەستە بکا) بێ مانا و پووچ دەکرێ. ڕۆژنامەوانییش کە ناشێ بەبێ ڕاستی بژی لە ئاکامی بەگەندەڵبوونی ئازادی، ئەویش گەندەڵ دەبێ. هۆی ئەمەش بەکورتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە بناغەدا ئازادیی گەندەڵ ڕێگە بۆ دروستبوونی ڕۆژنامەوانیی گەندەڵ ساز دەکا. لەم حاڵەتەشدا ئەوەی لە تێکچوونی ڕەوتی ڕۆژنامەوانی بەرپرسیارە ئازادییە، ئەو ئازادییەی دووچاری گەندەڵی و دارِمان بووە.

بۆیە لێرە هەڵە ناکەین بڵێین ئازادیی کۆمەڵگە بەڕاست مەدەنی و عیلمانییەکان لەبەر ئەوە بە ئازادییەک کاریگەر و بەرهەمهێنەر لە قەڵەم دەدرێ، چونکە ئازادی لە هەناویدا ئازادیپارێزە و، ئەمەش وا دەکا لەم جۆرە کۆمەڵگانە هیوایەکی گەورە بە ڕاستی ڕۆژنامەوانی هەبێ. چونکە خوێنەرانی ڕۆژنامەکان ڕۆژانە بەچاوی خۆیان دەبینن کە گەلێ لەو گۆڕانە ئیداری، سیاسی و یاسایی و کۆمەلایەتییانەی لە کۆمەڵگەدا دێنەکایەوە بەرهەمی ئەو ئازادییە ڕاستەقینەیەن ڕۆژنامەوانیی ڕاستەقینە تیای دەژی. ئێمە لێرە ناڵێین ئازادیی ڕۆژنامەوانی، یان ئاراستەی خودی ئازادی یانیش کاری ڕۆژنامەوانی لە کۆمەڵگە بەڕاست مەدەنییەکان بێ خەوشە، بەلام لەم جۆرە کۆمەڵگانە کار بۆ باشترکردن و چاکترکردن هەموو کات بەردەوامە بۆیە هیوایەکی زۆر لەم جۆرە شوێنانە بە ڕۆژنامەوانی دەکرێ و زۆر کەس بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بێنێتە سەر کەسێک، یان شتێکی یان شوێن و بوار و لایەنێ بەوە دەیتۆقێنێ "دوایی دەچم ڕاستییەکان بۆ میدیا باس دەکەم"یان دەڵێ: «ئەگەرنا ڕۆژنامەکانت لێ بەئاگا دێنم» کەواتە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ڕاستیی ڕۆژنامەوانی چەکێکە بۆ ڕێگەگرتن لە چەوتی و نادادپەروەری و هەڵە ڕۆژانەییە کوشندەکان. بەلام لە کۆمەڵگە گەندەڵەکاندا ڕۆژنامە و کۆوار و ماڵپەڕ بەزۆری بۆ ئەوەیە هەریەکە قەبیلەی سیاسی و ڕۆشنبیریی خۆی بپارێزێ یان بالاخانەیەکی ڕۆشنبیری بۆ خۆی، بۆ ئەوانە دامەزرێنێ کاری سیاسی و ڕۆژنامەوانی پێکەوە تێکەڵ دەکەن، یاخۆ لە کۆمەڵگە گەندەڵەکان ڕۆژنامەوانی بۆ ئەوە نییە گۆڕانی گەورە بکرێ بگرە کەسەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵ کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن بەسەکۆیەک بۆ ڕق ڕژاندن و تۆڵەکردنەوە لە ڕابردوو و ئێستای یەکتر، ئەمە و لە کۆتاییدا ئەو مشتومڕ و بگرەوبەردانەی لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانییەوە دروست دەبن نە سوودی گشتییان تێدا دەبێ و نەش بوارێکی ئەوتۆ لە بەردەم ڕۆژنامەوانیدا دەکەنەوە کردەی ڕۆژنامەوانی ببێ بەنوێنەری گشت

و هەروەها بە شـێوێنێکیش بۆ ڕووخـسـتنی تێگەیشـتنە دژ و ناکـۆکـەکـان و بوارێکیش بۆ بەگژداچوونەوەی دیاردەی بێ مافی و سنووردانان بۆ هـەژاری و بێکاری و کۆیلایەتیی ئافرەت. ئەم دیاردانە کە ڕۆژنامەوانیی کوردی ڕاستەوخۆ و کۆنکرێت لێیان نایەتە گۆ لە دیاردە هەرە گرفتاوی و ناچارەسەرکراوەکانی کۆمەڵگەی گەندەڵی ئەمرۆمانن. بەڵام چی وا دەکا ڕۆژنامەوانی گەندەڵ بێ؟ بەئامانجی ئەوەی وەڵامێکی کۆنکرێت و باوەڕ پێکراو لەم ڕووەوە بەرهەم بهێنین لای خوارەوە دێینە سەر ڕوونکردنەوەی هەندێ خاڵ کە نەک هەر ئەوە نیشان دەدەن کە کۆمەڵگە گەندەڵ دەبێ ژیانی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیریی گەندەڵ بێ، بگرە ئەوەش گەندەڵ دەبێ، کە پێی دەڵێن ڕەوشت لە کۆمەڵگە:

یەکەم: سیاسەت و ئابووریی گەندەڵ، ڕەفتاری گەندەڵ دەخـەنەوە، ئەمـەش کاریگەریی بەسەر تێکڕای دامـەزراوە کۆمـەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسی و داراییـیەکانەوە دەبێ. ئەم جۆرە گەندەڵییە کە ڕیشەی لە هزری سیاسیدا دەبینێتەوە زەوینەیەکی کۆنی لەناو ئێمە هەیە. واتە واتای سیاسەت لە کۆمەڵگەی تازەی کوردیدا پێویستی بەسەرلەنوێ ڕوونکردنەوە هەیە و تا ڕۆحی سیاسیی سیاسەتیش لە گەندەڵ پاقژ نەکرێتەوە، نە واتای سیاسەت دەشێ شـیکردنەوەی تازەی بۆ بکرێ و نەش بڕیار و تێگەیشتنی سیاسی دەتوانرێ گـۆڕانی بنەماییان بێتە سەر.

دووەم: خوێنەری گەندەڵ بڕبڕەی مانەوەی ڕۆژنامەوانی، یان تێکستی گەندەڵە. کاتێ ڕۆژنامەوانیی گەندەڵیش، تێکستی گەندەڵ بەردەست خوێنەر دەخا ئەمە کارێکی وا دەکا خـوێنەری بێ چارە و نابەرهەمـهێنەر دروست بێ. خوێنەریش کە بێ چارە و نابەرهەمـهێنەر دەبێ واتای هەڵبژاردنی تێکست مانای نامێنێ. بەهۆی ئەوەشەوە ڕۆژنامـەوانیی گەندەڵ ئیشی تەنیا نووسینە و لای ئەم نووسین و بڵاوکردنەوە تاکە خەون و پرینسیپێکن کە خۆی لەسەر ڕاهێناوە، بۆیە ڕۆژنامـەوانیی گـەندەڵ، بیـری تەنیـا لای کـۆکـردنەوەی خـوێنەرە، ئەو خوێنەرانەی بێ بیرکردنەوە و بێگومان و بێ سڵـەمینەوە تێکست ئەم دەست و ئەو دەست دەخەن. لە ئاکامی ئەم پرۆسە هەڵەیەشەوە جۆرە ڕۆشنبیرییەک بەرهەم دێ دەکرێ ناو بنرێ ناڕۆشنبیری. لەبەرئەوەی ناڕۆشنبیریش بەناوی ڕۆشنبیرییەوە بەرهەم دەهێنرێ کاریگەریی ئەو ئاراستە نابیرئامێزەی بەسەرەوەیە ڕۆژنامەوانیی گەندەڵ لە خولقانی بەرپرسیارە. لەبەرئەوەی هێزی ڕۆژنامەوانیی گەندەڵیش ڕۆژنامەوان و خوێنەری گەندەڵن ئەمە وا دەکا سیستەمی پاساودان لە کۆمەڵگە گەندەڵەکاندا هەردەم لە ژیانەوەدا بێ.

بەڵام هەموو ئەوەی لەژێر سایەی ئەم خاڵەدا وترا، بەرەنجامن و هۆ نین. ئەوەی دەشێ لێرە وەک هۆ ببینرێ تێگەیشتنی زۆرینەیە لە کـۆمـەڵگەی گـەندەڵ بۆ کـاری ڕۆژنامـەوانی. ئەو تێگەیشتنە کە زۆر ناسیۆنالییە دەگەیەکی گەورەی لە پەیامی کاری ڕۆژنامەوانی داوە. واتە کردنی ڕۆژنامـەوانی بەمینبەرێک بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی و بەس، یان کردنی بە دەزگایەک بۆ گەیاندنی هەواڵ و دەنگوباس ئەمە ڕۆژنامـەوانیی دەردەدار کردووە. چونکە ڕۆژنامـەوانی

دەکارێ ئەوانەش بکا و بشبێ بەشوێنێک بۆ وتنی هەق و ڕاونانی نایەکسانیی ژیندەری و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری. واتە ڕۆژنامەوانی دەبێ زۆربەی کاتەکان سەرقاڵی بەگژداچوونەوەی درۆ، ناتەبایی و غەدر و زۆرداری بێ. ئەم (واتە ڕۆژنامەوانی) کە ئەمە ناکا خۆی گەندەڵ و ناشیرین دەکا. ئەو دەمەش ڕۆژنامەوانیی گەندەڵ و ناشیرین دەبێ، بێدەنگی هەڵدەبژێرێ، یان ڕۆژنامەوانی سووچێ بۆ خۆی دەبینێتەوە تا هەقایەتەکانی هیچی بلاوێنێتەوە و ڕۆژنامەوانی بکا بە زمانحاڵی قەبیلە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان. بۆیە ئەوەی باوکی نووسەر بووە دەبێ ئەمیش نووسەر بێ و ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی دانێ و هەواڵ و سەرگوزشتە بلاو کاتەوە. بەتەماشاکردنێکی باری ڕۆژنامەوانییش لە شار ئەوەمان بەچاکی بۆ ڕوون دەبێتەوە چەند پارتە سیاسییەکان لە دانانی ماڵپەڕ و ڕۆژنامەدا دژ بەیەک بەرپرسیارن بەرامبەر بەوە چەندان جار گرووپ و خێزانە ئەدەبییەکانیش لەوە بەرپرسیارن.

سێیەم: لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا بەگشتی داهاتی نەتەوە بەجۆرێکی نادادپەروەرانە دابەش دەکرێ و ئەمەش کاریگەریی خۆی بەسەر کاری ڕۆشنبیریشەوە بەجێ دێڵێ. یەک لەو کاریگەرییانەش هەڵڕشتنی پارەیە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بۆ کار و چالاکیی ڕۆشنبیری کە بواری ڕۆژنامەوانییش دەگرێتەوە. ئەم سیاسەتە ڕۆشنبیرییەش، کە بەروبوومی سیاسەتێکی ئابووریی هەڵەیە، ڕەنگدانەوەی ئەو تێگەیشتنە سیاسییە هەڵەیەشە لەناو ئێمە بۆ پاراستنی واتای ئازادی باوە. چونکە هەندێ پێیان وایە پاراستنی ئازادی تەنیا لە ڕێگەی هەڵڕشتنی پارەوە دەبێ بۆ دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان، بەڵام موخابن ئەو سیاسەتە ڕۆشنبیرییە هەڵەیە نەک هەر گەندەڵیی ڕۆژنامەوانی یان ڕۆشنبیریی بەرهەم هێنا بگرە خودی ئازادییشی گەندەڵ کرد. بەڵام بەباوەڕی ئێمە هۆی ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو بایەخە زۆرەی پێی درا بۆ هەندێ شتی دەگەڕێنینەوە لەوانە:

١- خەڵک بەگشتی پاش ئاوابوونی زۆرداریی بەعسیزم، تا بڵێی توونیی ڕۆشنبیری بوون، بەڵام لەبەرئەوەی ڕۆشنبیرییەکە لە ناوەڕۆکدا بەبێ پسپۆڕی نەشونمای دەکرد واتای ڕۆشنبیریی گەندەڵ کرد، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی کێشەیەک کە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە پارەهەڵڕشتن کاری بۆ چارەسەرکردنی کرد ئەمەش وای کرد ئەو وێنەیە لەسەر وەزارەتی ناوبراو دروست بێ وەزارەتی پارەدارە بۆیە وەزارەتی ناوبراو پۆپولێر بوو.

٢- دروستبوونی بەلێشاوی گرووپ و تاقمی جۆراوجۆریش کارێکی وای کرد ڕۆشنبیری وەک شتێکی سەیر و عەجیب تەماشا بکرێ و هەروەها ڕۆشنبیری بکەوێتە دەست چەند قەبیلەیەکەوە گوایە ئەمانە پارێزەری وشەی ئازاد و دەربڕینی ڕادیکالن لە کاتێکدا ئەمانە نەک هەر ئەوە نەبوون بگرە تێکست دز و جەردەی فیکریش بوون یان ئەوانە بوون دەیانویست لە ڕێگەی ئەو گوزارە و ئەندێشانەی لەم نووسەر و ئەو کتێب دەیدزن، خۆیان لەوە بدزنەوە کارێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەدا بکەن و هەروەها ئەرک و بەرپرسیارەتیشیان دەستنیشان بکرێ. حکوومەتیش بۆ ئەوەی ڕووی نەتەوەیی و دیموکراسیی خۆی نیشان دا هات و ڕێگەی لە

کردنەوەی سەنتەر و یانە و بنکە و نێوەند و دامەزراوی جۆراوجۆری ڕۆشنبیریدا کردەوە و گشت ئەو کەسە نابەرهەمهێنەرانەشی کرد بە سەرپەرشتیاری ئەو شوێنانە. ئەمەش وای کرد نەک دەستەبژێرێک چاوی لە دەست وەزارەتی ڕۆشنبیری بێ، بگرە زۆرینەی شار هیوای بەم وەزارەتە دا. هۆی ئەوەش بەکورتی ئەوەیە زۆرینەی شار ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانە. یان ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی بووە بە تاکە کەرتێکی بەرهەمهێنان و ناودارترین پیشەسازیی کوردییش. بۆیە هەڵە ناکەین بڵێین باوبوونی وەزارەتی ڕۆشنبیری کارێکی واشی کرد پیشەسازییەک بێتە کایەوە بەناوی پیشەسازیی ڕۆشنبیری کە بە باوەڕی ئێمە ئەم جۆرە پیشەسازییە لە ئێستادا نابەرهەمهێنەرینترین پیشەسازیی کوردییە. چونکە ئەم شوێنە بووەتە پەناگەیەک بۆ ئەوانەی نایانەوێ ئەرک و بەرپرسیارێتیان هەبێ.

٣- نێوەندی ئەکادیمی و ڕۆژنامەوانی لەیەک دابڕاون. ئەم دابڕانەش کارێکی ئەوتۆی کردووە ڕۆژنامەوانی عیسامی و ئەماتۆر دروست بن، بەڵام ئەوەی کە خودی نێوەندی ئەکادیمیش هیچ لەبار نەبووە، ئەمەش سەرێکی تری کێشەکەیە و زەوینەی بۆ گەندەڵیی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیرییش خۆش کردووە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنەش بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە گرفتی ئەکادیمیکارانی بواری ڕۆژنامەوانی هەمان گرفتە کۆنەکەی نێوەندی ئەکادیمییە، واتە ڕۆژنامەوانیی ئەکادیمیی کوردی هەروەک ئەکادیمیکاری بوارەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان پێوەندیی بەهەزراندنەوە پچڕیوە. بۆ ئەوەی ئەم تێگەیشتنە ڕوون بکەینەوە پێویستمان بەوە دەبێ ئاماژە بەچەند سەرنجێ بدەین لەوانە:

سەرنجی یەکەم: ڕۆژنامەوانیی ئەکادیمی دەیەوێ زانستی ڕاگەیاندن وەک بەشێک لە کوردایەتی نیشان دا، بەڵام ئەم ئەمە دەکا لە ڕێگەی کردنی خوێندنی ڕۆژنامەوانی بە تێکەڵێک لە مێژووی کورد و ئەدەبی کوردی، ئەڵبەتە هەردوو ئەم بوارەش بە خوێندنی تراجیدیا سیاسی و مێژوویییەکانی کوردەوە دەلکێنرێن، بۆیە خوێندکاری ڕاگەیاندن لە کوردستان هیچ زانیارییەکی لەسەر زانستی زمان، فەلسەفە، شیکردنەوەی دەروونی و ئەنترۆپۆلۆجیا نییە، گەر هەشی بێ ئەوا بە هەوڵی خۆی پێی گەییوە جا ئەو هەوڵە چەند سەردەمی و کارایە ئەوە شتێکی ترە. چونکە ئەو بەشە زانستییانەی ناویان هات ئەگەر بەجۆرێک سیستەماتێک نەخوێنرێن و پسپۆڕی تایبەتیش لەم بوارانەدا سەرپشک و سەرپەرشتیار نەبن زۆر زەحمەتە خوێندکار لە ڕێگەی ترەوە بکارێ خۆی پەروەردە بکا. بۆیە کاتێک خوێندنی ڕاگەیاندن، هەروەک ئەوەی ئێستا لە کوردستان وای لێ کراوە، لە نێوان کوردۆلۆجیا و تەکنیکی ڕۆژنامەوانیدا دەخولێتەوە ئەمە کێشەیەکی تاکی (ئیندڤیدوال) نییە و بگرە کێشەیەکی پەروەردەیی و سیستەماتیکییانەیە و، چارەسەرکردنی ئەم لایەنەش بە گۆڕینی بنیاتی خوێندنی ناوبراوەوە بەستراوەتەوە نەک ئەوەی فڵانە مامۆستا لابرێ یان فیسکانە کتێب بۆ وانە وتنەوە هەڵبژێردرێ. چونکە خوێندنی ڕاگەیاندن لە کوردستان ئەمرۆ خۆی لەسەر دوو شت ڕاهێناوە. یەکەم باس لە مێژووی کۆن و هاوچەرخی کوردی (بەئەدەبەکەشیەوە) و دووەمیش مەسەلەی بایەخدان بە تەکنیکی ڕۆژنامەوانی (لایەنی

دیزاین، هونەری پەخشاندن و ڕێنووسی بڵاوکردنەوە و چاپکردن) بەڵام ئەم دوو شتە کە ڕۆژنامەوانیی کوردی ناکاریّ پشتی لیّ بکا ماهییەتی خوێندنی ڕاگەیاندنی (یان ڕۆژنامەوانی) لەسەر ڕانەوەستاوە. بگرە خوێندنی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامەوانی) لەسەر دروستکردنی پێوەندی لە تەک زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان وەستاوە. هەروەها لەسەر ئەوەش وەستاوە چەند خوێندنی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامەوانی) دەکاریّ پردێک لە نێوان خۆی و خوێندنی زانستی مۆدێرنی سیاسیدا دروست بکا کە لە ڕێگەی ئەم پردەوە بکریّ وانە و فێربوونی نویّ لەبارەی ماف، ئەرک و داد و وتنی ڕاستییەوە بە خوێندکاری ڕاگەیاندن (ڕۆژنامەوانی) بوترێتەوە.

سەرنجی دووەم: خوێندنی ڕۆژنامەوانی لە خوێندنی زانستە مرۆییەکان دابڕاوە و لەم ڕووەشەوە گرفتەکە تەنیا دابڕانەکە نییە بگرە ئەو ئیلیتە ئەکادیمییەیە لە ڕووناکبیرییە ئەکادیمییەکانیاندا زانستە مرۆییەکان جێیان نەبووتەوە. ئەمان (واتە ئەکادیمیکارە ڕۆژنامەوانەکانی کورد) لەبەرئەوەی تازە فریای ئەوە ناکەون لەم ڕووەوە خۆیان پڕ و تێروتەسەل بکەن تاکە شتیّ کە دەکارن (لە دەستیان دیّ) بیکەن پشتکردنیانە لە فێربوونی شتی تازە. بۆیە ئەوەی ئەوان ڕۆژانە دەیڵێنەوە تەنیا لەو دامەزراوە گەندەڵە ئەکادیمییە ساغ دەبێتەوە ئەمانە خۆیانیان تێدا شاردووەتەوە. گرفتی ئەمانە (واتە ئەکادیمیکارە ڕۆژنامەوانەکانی کورد، بەتایبەت و بەگشتیش سەرجەم ئەکادیمیکارانی کورد لە بوارە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان) ئەوە نییە لە ڕۆئاوا نەژیاون یان نەیانخوێندووە، زمانی بێگانە نازانن، یان چی و چی بگرە، گرفتی بنەڕەتی ئەمانە ئەوەیە هزریان نییە.

سەرنجی سێیەم: تا هەنووکە خوێندنی ڕۆژنامەوانی، وەکی تریش ڕاگەیاندن، لە زانکۆکانی کوردستان خۆی وەک دیاردەی ئایدیۆلۆجی نیشان دەدا و شوێنێکیشە بۆ دروستکردنی کەوادیری سیاسی و کەسی تەڕەفدار و دۆگما. دەلیلیشمان لەم ڕووەوە ئەوەیە ساڵانێک لەمەوبەر بەدەرزەن خەڵک لە دەزگا سیاسی و نێوەندەکانی ڕاگەیاندنەوە دەنێردران بۆ خوێندنی ڕۆژنامەوانی لە زانکۆ. ئەم هەنگاوە بەڕواڵەت هەنگاوێکی باش بوو، چونکە ئامانج دروستکردنی کەوادیری ڕاگەیاندن بوو بۆ دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەنگاوەکە گەندەڵانە بوو، یان هەر ئەم هەنگاوەیە ئەمڕۆ لە بەشێکی زۆر لەو گەندەڵییە ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانییە بەرپرسە ئەنجامەکانی بەدی دەکەین. چونکە ئەو وانە و زانیارییانەی بەو کەوادیرە دەوترایەوە لە ناوەڕۆکدا لە زانستی ڕاگەیاندنی سەردەمەوە دوور بوون هەروەها مامەڵەکردنیش لە تەک خودی ڕاگەیاندن مامەڵەکردنێکی ئایدیۆلۆجییانە بوو. بۆیەشە بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیرانی شەڕی گەرم و ساردی ساڵانیّ لەمەوبەر دەرچووی ئەو ژینگە ناساغ و گەندەڵەن، ڕۆژنامەوانی خۆی لەسەر پەروەردە دەکرد. ئەم لایەنە کە لە زۆرینەی گەندەڵییەکانی بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیی ئەمڕۆدا بەرپرسیارە تێکدەری پێوەندیی نێوان ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیریشە. بۆیە ئەم ئاراستەیە (واتە بەئایدیۆلۆجیکردنی خوێندنی ڕۆژنامەوانی) بارێکی ئەوتۆشی

هێنایە پێشێ لە پاڵ ڕاگەیاندن ئەدەب و مێژوو بوترێتەوە، نەک زانستی زمان یان لۆجیک، ناسیۆنالیزم بوترێتەوە نەک شیکردنەوەی دەروونی یان فەلسەفەی ئاگایی، کوردایەتی و وانە لەسەر تراجیدیاکانی کورد بوترێتەوە نەک واتای ماف، ماهییەتی ڕاستی و بەرپرسیارەتیی مرۆیی و کۆمەڵایەتی. بەڵام پرسیارە بنەڕەتییەکە لێرە ئەوەیە کێ ئەمانە بڵێتەوە کە ئێمە داوای دەکەین بوترێنەوە؟ و کێش ئەوانەی دەوتەوە کە نەدەبایە بوترێنەوە یان لەو ئاستە گەندەڵەدا نەوترێنەوە؟

## شوێنی فەلسەفەکردن لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا

# فێڵکردن لە فەلسەفە

### نەخشەی ڕاڤەکردنەکەمان: گەندەڵکردنی فەلسەفە

گەندەڵییەکان لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندان و کار گەیشتووەتە ئەوەی فەلسەفە، ئەو شتە نازدارەی هەبوونمان ڕاڤە دەکا، گەندەڵ بکرێ. سەرەتا و عیلەتی بنەڕەتیی گەندەڵییەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فەلسەفەکردن لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا تا ئەوپەڕی بێ شوێن و بێ داهاتووە. فەلسەفەکردن ئەمە چارەنووسیەتی، چونکە خودی فەلسەفە، ئەو شتەی فەلسەفەکردن دەسازێنێ، بەواتا ئەکادیمییەکەی ئامادە نییە ئەمەش لەلایەن خۆیەوە وای کردووە ئەوەی پێی دەڵێن هزر، یان شتی هزری، لە مەترسیدا بژیێت. گەورەترین مەترسییەک هزر، یاخۆ شتی هزری، تێدا دەژی، ئەوەیە کە ناهزر شوێنی هزری گرتووەتەوە و بێ هزریش هزر بەرهەم دێنێ. ئەم بێ شوێنییەی فەلسەفە بۆ زۆرێک کێشە نییە، ئەڵبەتە بۆ ئەوانەی لە فەلسەفەدا پسپۆڕ نین. بۆیە ئەو ناپسپۆڕانە لە فەلسەفە (کە ڕەنگە ئەکادیمیستیش بن بەڵام لە بەشی تردا) دۆزێکیان لەناو ئەو هەلومەرجە گەندەڵاوییەی هزر لە کۆمەڵگەی گەندەڵ (کۆمەڵگەی بێ فەلسەفە) تێیدا دەژی، هێناوەتە گۆڕێ کە سۆزێک بۆ فەلسەفەکردن لە نەشونمادا بێ. ئێمە لەلایەن خۆمانەوە ئەمە ناو دەنێین بەزەییهاتنەوە بە فەلسەفەدا. بەڵام ئاخۆ فەلسەفە شایانی بەزەیی پێدا هاتنەوە؟ ئەڵبەتە نەخێر، چونکە فەلسەفە پێویستی بەوەنییە بەزەییمان پێیدا بێتەوە. فەلسەفە بۆ ئەوەیە کاری لە تەک بکرێ و کاری لەسەر بکرێ. بەدڵنیاییشەوە دەڵێین ئەم بەزەییهاتنەوەیە بە فەلسەفە لە کۆمەڵگەی بێ فەلسەفەدا، کە تەنیا کارکردەی ئەوانەیە ڕاستەوخۆ لە فەلسەفەدا پسپۆڕ نین (جا ئەکادیمیست بن یان ڕۆشنبیری عیسامی) دادی فەلسەفە نادا بەپێچەوانەوە فەلسەفە دەشێوێنێ و شتێکی تر لە فۆرمێکی تر لە کۆمەڵگە دەڕسکێنێ فەلسەفە نییە، وەلێ ناوی "فەلسەفەی هاوچەرخ" و ماوەیەکی تر ناوی "فەلسەفەی ئەکادیمی"شی لێ دەنرێ. هۆی ئەوەش کە ئێمە ئاوا بیر دەکەینەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باوەڕمان وایە پسپۆڕان لە فەلسەفە قەد فەلسەفە بەو بێ چارەنووسی و بێ ناوونیشانییەدا نابەن کە ناپسپۆڕان دەیکەن. ئەم ناپسپۆڕانە کە کاری پسپۆڕان دژوار دەکەن نایانەوێ لەوە حاڵی بن باری هزر لە کۆمەڵگەدا لە تالووکەدایە. بۆیە ئەگەر ئەمانە لە شتی تردا پسپۆڕن، چاترە لەو بوارەدا کاغەز ڕەش بکەنەوە و هێزی باشەی خۆیان بخەنە گەڕ. چونکە لە گشت کۆمەڵگەیەکی، هاوچەرخ بێ یان ناهاوچەرخ، کۆمەڵناس و جوانناس و مێژووکرد و ڕۆژنامەوان و تیۆریزەکەری سیاسی و چی و چی هەیە و فەیلەسووفیش هەیە، بۆیە تێکەڵکردنی پسپۆڕی و زانستەکان بەیەکتر زیانی مەزنی لە داهاتوودا لێ دەکەوێتەوە و پێویستە

لەمەولا دەست لەم دەستدرێژییە سیستەماتیکە بۆ سەر فەلسەفە هەڵگیرێ.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەم باسە ئەوەش دەڵێین کە، لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ناوی هات شتێک نییە پێی بڵێن فەلسەفەکردنێکی پوخت، فەلسەفەکردن لەسەر بناغەیەکی ئەکادیمی و فەلسەفەکردن بەئومێدی هزر بەرهەمهێنان. بێ شوێنیی فەلسەفە وای کردووە هزر بێ داڵدە و کۆچەر بێ. هزریش کە کۆچەر دەبێ زانین و دانایی نامۆ و غەریب دەبن. بێ شوێنیی فەلسەفە کارێکی واش دەکا شتی تر، شتی غەیرە هزری، جێی فەلسەفە بگرێتەوە. کەواتە ئەو دەمەی فەلسەفە بێ نیشتمان دەبێ، شتی تر نیشتەجێ و هۆگر دەبن کە دادی فەلسەفە نادەن و هەرگیز تامی فەلسەفەش نادەن. هەموو ئەو شتانەش کە جێی فەلسەفە دەگرنەوە زیان نەک لە تێکڕای هزریاری دەدەن بگرە هیچ یەکێک لەو جێگیرانە کاری خۆیان بەباشی ناکەن. چونکە کۆمەڵگەی بێ فەلسەفە وەک جەستەی بێ ڕۆح وایە و، لە کۆمەڵگەی بێ فەلسەفەدا گشت زانستەکان لە کەموکووڕیدا دەگەوزێن و دانایی خۆی لێڵ نیشان دەدا. چونکە فەلسەفە وەک ڕیشەی گشت زانستەکان دەکارێ ڕۆڵی ڕێکخستن لەناو زانستەکان (زانستە کۆمەڵایەتییەکان یان مرۆییەکان و زانستە تەجریبییەکان) ببینێ. بۆیە زانین لە ئێستادا لە کۆمەڵگەی گەندەڵ بەگشتی لە دیلێما (میحنەت)دایە. هۆی ئەوەش بەزۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زانست لە کۆمەڵگە و دامەزراوەکانیدا بەبێ فەلسەفە بەردەوامە. کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی لەوپەڕی کارکردندان، بەڵام بەبێ فەلسەفە. فەلسەفە بێ جێ و بێ داڵدەیە و ئەوەی شوێنی فەلسەفەی پڕ کردووەتەوە نافەلسەفە و بێ هزرییە.

بۆ درێژەدان بەوەی سەرەوە ئەوەش دەڵێین کە، کۆمەڵگەی گەندەڵ گەلێ دیاردەی گەندەڵ بەخێو دەکا و تاکە گەندەڵەکانی ئەم کۆمەڵگەیەش، ئەو تاکانەی ناحەز و بێباکن، کە ناوزڕێشتوون بە (تاکی هۆشیار)، شت نەماوە گەندەڵ و بەدی نەکەن. ئەڵبەتە تێکدانی ستاتۆسی فەلسەفە لە کۆمەڵگەدا یەک لەو شتانەیە تاکە هۆشیارە گەندەڵەکانی کۆمەڵگەی ناوبراو لێی بەرپرسیارن. ئەمە لایەنی دەرەکی و ڕووکەشی گرفتەکەیە و، لایەنی ناوەکی و جەوهەریی گرفتەکەش ئەوەیە کە تاکی ناوبراو بە (تاکی هۆشیاری کۆمەڵگەی گەندەڵ) لە فەلسەفە پسپۆڕ نییە و پێیشی وا نییە پسپۆڕی لە فەلسەفە هێندە گرینگە. ئەم تاکە گەندەڵە ئەوەی بەلایەوە گرینگ و سەرەکییە ئەوەیە ئەم بنووسێ و لەسەر بڵاوکردنەوەی خۆی بەردەوام بێ و لەشکرێ لە خوێنەرانی لێرە و لەوێ هەبێ. ئەم بەپێی ئەوەی جیاوازی لە نێوان نووسین و نووسینی فەلسەفیدا ناکا پێی وایە گشت نووسینێک لە کۆتاییدا هزر بەرهەمهێنەرە. بۆیە ئەم تاکە کە ناوی وەک تاکێک جەربەزە و بوێر و ڕاستیبوێژ ڕۆیشتووە، پێویستە سەرەتا ئەوەی بۆ ڕوون بکرێتەوە کە نووسین (وەکی تر تێکست) چییە و دواتر ئەوە چییە کە پێی دەڵێن نووسینی فەلسەفی (یانیش هزری).

لە ڕێگەی ئەو چەند دێرەی سەرەوە و ئەوانەش کە دواتریش دێن، ئێمە دەرگە لە باسی فەلسەفەپەرستی ناکەینەوە و ناشمانەوێ گشت زانین و داناییەکی بکەینە کۆیلە و قوربانیی فەلسەفە و یان شتی هزری بگرە دەمانەوێ ئەوە بێژین، فەلسەفە کە لە ئەزەڵەوە خۆی وەک باب و دایکی گشت زانستەکان نیشان داوە لە کۆمەڵگەی ئێمە ئەو شوێنەی نییە و پاشماوەی لە پاش

خۆشی جێ نەهێشتووە. ئەمە کە دیاردەیەکی زێدە ترسناکە و هەبوونمان دەخاتە ژێر پرسیاری جۆراوجۆرەوە نە بەم بەشەی نووسینەکەمان وەک خۆی ڕاڤە دەکرێ و نەش ڕاڤەکردنەکەی ئەرکی بەتەنیا ئێمەیە. ئەمە لەبەرئەوەی کێشەیەکی بووناویی مێژوویی و نەتەوەییە و باسکردنی وەستایەتیی دەوێ و بەرپرسیاریەتییەکی ئیندڤیدوالییشە. چونکە کێشەی لەم جۆرە دەلاقەی سەیر سەیری لێ دەبێتەوە و ئەرک و بەرپرسیاریەتیی جیا جیاش لە پاش خۆی جێ دێڵێ. زۆر بەکورتی دەمانەوێ ئەوەش بڵێین، بەپێی ئەوەی ئەم جۆرە کێشانە هەستیارن و دەستکاریی گشت هەڵا و گۆڕانی ئونتۆلۆجیای کۆمەڵایەتیمان دەکەن پێویستە فورسەت بۆ گفتوگۆکردنیان لە ئارادا بێ و ژینگەی تایبەتیش زەوینە بۆ ئەم گفتوگۆیانە ساز بکەن. بۆیە لە دوو تۆی ئەم بەشەی نووسینەکەماندا وە سەرەتای وەگۆهێنانی لایەنێک لەم کێشەیە دێین و پێشمان وایە وەگۆهێنانی ئەم کێشەیە بەم جۆرە گرینگیی خۆی بۆ ڕوونکردنەوەی بەشێ لەو تاریکییانە هەیە، کردەی فەلسەفەکردن لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕووبەڕووی بووەتەوە. ئەم کێشەیە، کە بەخۆی لە گەلێک ڕووەوە کێشەزایەکی سەیرە و پەردەش لەسەر چەندان تەنگوچەڵەمەی تر هەڵدەماڵێ، بە بوارێک لە بوارەکانی زانستە مرۆییەکانەوە تایبەتە کە ئەوەش فەلسەفەیە. ئێمە ئەم بوارە وەک بوارێ تەماشا دەکەین کە خاوەنی دیسپلینێکی تایبەت بەخۆیەتی. واتە فەلسەفە لە نێو زانستە مرۆییەکان ستاتۆسی ئەکادیمیی خۆی هەیە و ئەمەش سامێکی هزریی بۆ دروست کردووە. بۆ ئەوەی ئەمەش بکەین، یەکەم پرۆسەی وەگۆهێنانەکە، کە بەخۆی بەردی بناغەی ئەم بەشەشە، بە خستنە ڕووی بیرۆکەیەک تایبەت دەکەین کە دەمێکە لامان گەلاڵە و بەرجەستە بووە. بیرۆکەکەش بەم جۆرەی لای خوارەوە خۆی بەیان دەکا:

فەلسەفە وەک بوارێک لە بوارەکانی زانستە مرۆییەکان و بەگشتیش وەک دیسپلینێکی ئەکادیمی لەناو ئێمە (مەبەست ئێمەی کوردە) بوونی نەبووە و تا ئێستاش نییەتی.

ئەم دیتنە پێمان وایە نە بەری بیرکردنەوە و دان پێداهێنانێکی نێگەتیڤانەیە و نەش تێگەیشتنێکی ڕەشبینانە. بگرە ئەم دیتن و تێگەیشتنە لەلایەن ئێمەوە سەرچاوە لە چەندان بەڵگەی لۆجیکی (مەنتیقی) و بیرکردنەوەی ڕەخنەییەوە هەڵدەگرێ، کە ناکرێ هەر لەم سەرەتایەوە هەڵی ڕێژین و یان هەڵوێستەیان لەسەر بکەین. خودی ئەرکی فەلسەفە کە برێتییە لە بیرکردنەوە بەجۆرێکی ڕەخنەییانە و هەروەها خۆڕاهێنان، کە ئەمەش دیسانەوە ئەرکی فەلسەفەیە، لەسەر بەڵگەهێنانەوە بەشێوەیەکی لۆجیکییانە دیسانەوە ئەو لایەنە ڕوون دەکاتەوە کە فەلسەفە دیسپلینێکی ئەکادیمییە و ناشێ وەک زانینێکی سادە و ڕووکەش سەیر بکرێ. ڕاستە ڕەخنەییانە بیرکردنەوە و لۆجیکییانەش بەڵگەهێنانەوە ترادیسیۆن (نەریت، تەقلید)ێکی ڕۆئاواییە و لە ڕۆئاوا لە نووسینە فەلسەفییەکاندا پتر لە ٢٥ سەدەیە کاری بۆ دەکرێ و وەکی تریش کاری لەسەر دەکرێ، بەڵام ئەم لایەنە لە میانەی نووسینەکەماندا پەیتا پەیتا دێینەوە سەری و لەم سەرەتایەدا شتێ ئەوتۆی لەبارەیەوە ناڵێین. سەبارەت بەوەش کە ئەم ترادیسیۆنە لەناو ئێمە هەڵنەگیراوەتەوە، کە ئەمە بەخۆی دەبایە بۆ نووسەرانی کورد بابەتی تێڕامانێکی گەورە بووایە، دیسانەوە لە درێژەی نووسینەکەماندا دواتر بەوردی دێینەوە سەری.

ئەوەی کە فەلسەفە لەناو ئێمە بناغەیەکی ئەکادیمی نەبووە یان ئەکادیمیا و دامەزراو و نێوەندی توێژینەوە نەبووە بە پاڵپشتی بیری فەلسەفی، گەورەترین زەرەری لە نووسینەکانمان (لێرە مەبەست تێکستە) بەگشتی و بەتایبەت لە نووسینە ئەدەبی و مێژوویی و ئەو نەختە نووسینە فەلسەفییانەش داوە لەناومان‌دا بە نووسینی فەلسەفی ناوزەد دەکرێن. وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمهێنانی نووسین یان تێکست لەناو ئێمە هەر بەردەوام بووە جا چ نووسین بەواتا گشتییەکەی یان نووسینی فەلسەفی بەواتا تایبەتەکەی. بەڵام هۆی بەردەوامییەکەی نووسینی تێکست بەبێ ئامادەبوونی فەلسەفە لە ژیانی ڕووناکبیریمان پێویستە هەڵوێستەی توندی لەسەر بکرێ و ساویلکانە ناشێ ڕاڤە بکرێ. هەروەها ئەو بەردەوامییە ناکرێ وەک چاوقایمی و نەترسی تەماشا بکرێ بگرە دەبێ وا ببینرێ کە ئەوە گەورەترین دەگەی لەلایەک لە نووسینی کوردی داوە و لەلایەکی تریش لەو جۆرە نووسینانە داوە بەناوی نووسینی فەلسەفییەوە ئامادە کراون. ئارگومێنتی (بەڵگە) سەرەکیشمان لەم ڕووەوە ئەوەیە کە ستاندارتی و کۆنکرێتیی بیری فەلسەفی مانا و گرینگیی خۆی بۆ تێکڕای ئەوە هەیە کە دەکرێ ناو بنرێ مێژووی نووسین. هەر بۆ نموونە شتێکی بێ مانا و هیچگەراییە گەر نووسەرانی کورد پێیان وابێ ئەگەرچی بیری فەلسەفی لەناو ئێمە زەوینەیەکی ئەکادیمیی نەبووە، بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی و شیعری، یان ڕەخنەی سیاسی–کولتوورییمان لە هەرە پێشکەوتندایە– دابووە. ئەم دیتنە پارادۆکس (موفارەقە، ناکۆکی)یەکی گەورەی لە ژیانی ڕووناکبیریماندا دروست کردووە و گفتوگۆنەکردن و فەرامۆشکردنی پێمان وایە تێکڕای نووسینی کوردی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. چونکە بەردەوامبوونی نووسین لە کۆمەڵگە و لە ژیانی تاکدا بەبێ ئامادەبوونی فەلسەفە شتێکی ئەستەم و هەڵەیە. نووسینی بێ فەلسەفە نەک تەنیا نووسینی لاواز و ناکاریگەر بەرهەم دێنێ بگرە بەپلەی یەک نووسین بێ هزر دەژی.

بۆیە دەمانەوێ لەم سەرەتا بەرتەسکەدا ئاماژە بەوە بکەین، ئامانجی بنەڕەتیی ئێمە لەم بەشەی نووسینەکەماندا ئەوەیە، ئەو لایەنە ڕاڤە بکەین کە وابەستەنەبوونی بیری فەلسەفیی ئێمەی کورد بە نێوەندی ئەکادیمی و سەرچاوە هەڵنەگرتنی ئەو بیرە لە نێوەندی توێژینەوە و زانکۆوە هۆکاری سەرەکی بووە بۆ بەرهەمهێنانی فەلسەفەیەکی کە نە فەلسەفەیەکی کۆنکرێتە و نەش ستاندارد. واتە فەلسەفە خۆی بۆ خۆی هەیە. یان ئەوەی هەیە ناونراوە فەلسەفە، و وەکی تر ناوی فەلسەفەی هاوچەرخیشی دراوەتە پاڵ، جا ئاخۆ وایە ئەوەی هەیە فەلسەفەیە؟ ئەمجار هاوچەرخە؟ ئاخۆ ئەو ناوە پڕ بەپێستی ئەوە بوو، کە هەیە یان شتی تر جێی فەلسەفەی گرتووەتەوە؟ بەدڵنیاییەوە لێرە ئەوە دەڵێین کە، ئەوەی هەیە یان هەبووە فەلسەفەیەکی پوخت نەبووە و، فەلسەفە لەپاش فەلسەفە کاری بۆ بەرهەمهێنان و نەشونمای نەکردووە و گەر وا بووایە و ئەوەی هەیە یان هەبووە فەلسەفە بایە، ئێستا ئێمە چەندان بیریار و قوتابخانە و ئاراستە و بزاڤی فەلسەفیمان دەبوو و دەستیشمان لە دروستکردنی چەندان واژە و واتا و شەپۆلی فەلسەفی دەبوو. کە وابێ، لەبەرئەوەی، فەلسەفە بەواتا ڕۆژئاواییەکەی لەناو ئێمەدا بێ جێ و بێ نیشتمان بووە، ئێمە جورئەت ناکەین ئەوەی هەیە و یاخۆ هەبووە بە فەلسەفەی لە قەڵەم بدەین، ئەڵبەتە ئەو نەختە تێکستە تاک و تەرایەی لێ دەرچێ یەک دوو پێنووسی فەلسەفیی ڕاستەقینە بەرهەمیان هێناوە،

ئەوەش پاش پسپۆڕبوونی ئەمانە لە فەلسەفە.

بەسەرنجدان بەوەی باسمان کرد، دەمانەوێ جەخت لەوە بکەین کە، نافەلسەفە لەناو ئێمە شوێنی فەلسەفەی ڕاستەقینەی گرتووەتەوە و، ئەم جۆرە فەلسەفەیەش، کە لە دوو توێی باسەکەدا بە نافەلسەفە ناوی لێ دەنێین، مەبەست لێی زۆر بەکورتی ئەو فەلسەفەیەیە کە فەلسەفی نییە، بگرە شتی ترە. واتە ئەو شتەی بەناوی فەلسەفەوە بەرهەم هاتووە شتێکی جیایە لە فەلسەفە یان ئەو شتە لە کۆنتراستدایە لە تەک فەلسەفەدا. ئەو شتە دییە، کە فەلسەفەدار نییە یان بێ فەلسەفەیە، بە زەبری ڕاڤەکردنێکی دامەزراو لەسەر بناغەی بەڵگە و سەلمێنە (ئاکسیۆم، بەدیهیات) نەهاتووەتە کایەوە. ئەم نافەلسەفەیەش، یان ئەو شتە دییە، کە لەناو ئێمە بووە بە فەلسەفە، یاخۆ شوێنی فەلسەفەی لەناو ئێمە گرتووەتەوە، بەخۆی پرۆسەیەکە لە ئاکامی جۆرە فێڵکردنێک لە خودی فەلسەفە بەرهەم هاتووە. هەر بۆیەشە بەپێویستمان زانیوە ناوونیشانی دووەمی یان لاوەکیی نووسینەکەمان فێڵکردن لە فەلسەفە بێ. بەڵام دەشکرێ خوێنەری ئەم نووسینە ناوی تر لە بری ئەو ناوەی ئێمە دانێ، بۆ نموونە: غەدرکردن لە فەلسەفە یاخۆ بەهەڵەدابردنی فەلسەفە. بەدڵنیاییەوە ناوی وەک ئەتککردنی فەلسەفەش هەر شیاویی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام ئێمە ڕاڤەکردنەکەمان پتر لەسەر بنیاتی ئەو ناوە لاوەکییە دامەزراندووە کە بە فاکتە و سەلمێنە و نموونەوە گوزارەی لێ دەکەین. گرینگە خوێنەری ئەم باسە لەوەش بەئاگا بێ کە مرۆڤ لە ناو لێناندا ئازادە، بەڵام ئەم ئازادییە ڕەها نییە و پرۆسەی ناو لێنانیش لە تێکستدا نە کارێکی ساکارە و نەش لە ناواخنی تێکستدا لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی تێکست دابڕاوە. واتە ئەو ناوەی ئێمە هەڵمان بژاردووە بۆ نووسینەکەمان لە کۆنتێکستوالیتێت (سیاق)ی نووسینەکەدا مانای خۆی بەدەستەوە دەدا، نەک لە دەرەوەی زەینی تێکستەکە.

ئەڵبەتە جۆری ڕاڤەکردنەکەمان مەرجی ئەوەش لە خۆیدا حەشار دەدا چۆن بکرێ نەک هەر ئەوە ڕوون بکرێتەوە چۆن فێڵ لە فەلسەفە کراوە، بگرە ئەوەش کە چۆن چۆنی نافەلسەفە بەرهەم هێنراوە کە بەخۆی جەوهەری تەلیسمەکانی ئەو فێڵکردنەش ڕوون دەکاتەوە لە فەلسەفە کراوە. هەروەها هەوڵیشمان داوە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو لایەنەش بدەین فەلسەفەکردن کارێکی ئاسان نییە و مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواش لەو ڕووەوە پڕە لە نموونە. بۆ ئەوەی ئەمەش بکەین خۆمان بەدووی ئەوەدا وێڵ دەکەین وەڵام بۆ هەندێ پرسیاری میتافۆرییانە بدۆزینەوە، لەوانە: بۆ دەبێ کردەی فەلسەفەکردن هەبێ؟ ئامانج لەم کردەیە و پێویستی لە ئەنجامدانی ئەم ئامانجە چییە؟ ئاخۆ فەلسەفە کە ڕیشەیەکی ڕۆئاوایی (یۆنانی)ی هەیە، شیاوە بازدان بەسەریدا؟ ئاخۆ دانهێنان بە ئەوروپاییبوونی فەلسەفەدا دیاردەیەکی ئیرۆسێنتریزمانەیە؟ فەلسەفە کە بەرپرسیارێکی ڕەوشتیی هەیە، چەند لەناو ئێمە ئەم ڕەوشتە کاری کردووە؟ تەنانەت پێشمان وایە هەڵە نییە بپرسین: کوان ئەو نووسینە فەلسەفییانەی ئەو پۆلە فەیلەسووفە نوێیەی کورد، کە پسپۆڕن لە: فەلسەفەی ئیتیک، فەلسەفەی تیۆریی زانین، فەلسەفەی لۆجیک، فەلسەفەی جوانکاری، فەلسەفەی سیاسی، فەلسەفەی موراڵ، فەلسەفەی ژینگە، فەلسەفەی ڕاگەیاندن، فەلسەفەی ئاین و چەندان جۆری تر لە فەلسەفە نووسیویانە؟ ئاخۆ لەوە بەئاگاین فەلسەفە دابەش چەند بەشێک لە دیسپلین

بووە؟ ئێمە ڕوونکردنەوەکانی دواترمان لەم بەشەی نووسینەکەمان کە فوکوس (تەرکیز) لە بێ شوێنیی فەلسەفە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕووناکبیری و ئەکادیمیان لە ئێستادا دەکەن، ئەو لایەنانە شی دەکەنەوە کە پێشتر بێ شیکردنەوە جێ هێڵدران.

بۆ بە دوادا چوونی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە، ئەوەش دەڵێین: ئەوەی لەناو ئێمە هەبووە نەک هەر فەلسەفە نییە– نەبووە بگرە لە کۆنتراست (ناکۆکی، جودایی، نالێکچوویی، جیاوازییەکی توند، ناهاوشێوەییی ڕوون، ناجۆریی دیار) بێ سنووریشدایە– بووە لە تەک خودی ئەوەی بە فەلسەفە ناو دەنرێ. ئا لێرەوە بەڕوونی ئەو سەکۆیە دەستنیشان دەکەین کە دواتر دەمانەوێ لە دوو تۆی نووسینەکەماندا کاری لەسەر بکەین. چونکە ئێمە تەنیا بەوەوە ناوەستین پرۆسەی ئەو فێڵکردنە لە فەلسەفە ڕاڤە بکەین بگرە ئەوەش ڕاڤە دەکەین بەنێوی تێکستی فەلسەفی بەرهەم هاتووە کە بەخۆی لە کۆنتراستدایە– بووە لە تەک خودی فەلسەفەدا. بەباوەڕی ئێمە هەر بەمجۆرە دەتوانین پاشتر لە دووتۆی نووسینەکەدا ئەو شتە کە فەلسەفە نییە و شتێکی جیایە لە فەلسەفە بەر توێژینەوە بخەین. ئەمە و دەخوازین ئەوەش بڵێین، ئەو ناجۆرییە دیار و جیاوازییە زەقەی لە نێوان فەلسەفە و ئەوەی بەناوی فەلسەفەوە کارا بووە، کە لە خودی خۆیدا نافەلسەفەیە ئێمەی بەرەو ئەو تێڕامانەش بردووە قسە لە فێڵکردن لە فەلسەفە بکەین. بەدڵنیاییشەوە ئەو فێڵە نەبایە ئەو شتە جیایە بەرهەم نەدەهات کە ئێستا شوێنی فەلسەفەی ڕاستەقینەی گرتووەتەوە. ئەمەش ڕووی داوە، چونکە فەلسەفە لەناو ئێمە بوونی نەبووە. گەر فەلسەفە بەواتا ڕاستەقینەکەی بوونی هەبایە ئەوەی ئەمڕۆ بەجۆرێکی فێلاوی شوێنی گرتووەتەوە نەیدەتوانی بەردەوام بێ. واتە کاتێک ئەوەی کە هەیە و بەردەوامە فەلسەفە نییە لە بری ئەوە شتێکی تر جێی فەلسەفە دەگرێتەوە. بۆیە لەم حاڵەتەدا هەم فێڵکردن لە فەلسەفە دێتە کایەوە و هەمیش ئەوەی کە نافەلسەفەیە شوێنی فەلسەفە دەگرێتەوە.

ئەڵبەتە بەلامانەوە ئەوەش گرینگە کە خوێنەری ئەم نووسینە زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لە تەک دەربڕین و گوزارەکانماندا بکا. چونکە ئێمە نە دەخوازین بەشداری لەو فێڵەدا بکەین کە تا ئێستا لە خوێنەری کورد کراوە و، نەش نیازمان وایە لە ڕێگەی یاریکردن بەدەربڕین و واتا، وەک سۆفستاییەکان ڕاهاتوون لەسەری، سەر لە خوێنەری ئەم نووسینە تێک بدەین و مانای بۆ بەرهەم بهێنین. ئەمەش دەڵێین لەسەر ئەو بناغەیەی، یاریکردن بە زارەوە و چەمک و گوزارە لەلایەک و لەلایەکی تریش پڕکردنی نووسین بە ئاوەڵناو و پێناسەی وێژەیی و شیعرگەرایی ناپێویست، بوونە بە خەسڵەتە هەرە دیار و بەرچاوەکانی نووسینی نوێی کوردی. تا ڕادەیەکی زۆر هەر ئەوەشە بووە بە کۆڵەکەی تێکستی نافەلسەفی. بۆیە ئێمە تا پێمان بکرێ دژی تێکستی نافەلسەفین و دژی ئەوەین بێ هزری لەناو نووسینی کوردیدا بڵاو بێتەوە و جێی نووسینی هزری بگرێتەوە.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەو چەند دێرەی سەرەوە دەڵێین: ئێمە نووسینی ئەدەبی (وێژەیی) بەنووسینێکی هەڵە و سۆفستایی نازانین. بگرە ئێمە تەماشای ئەدەب بەو جۆرە دەکەین یەکێکە لە پۆلە (حەقلە) هزرییەکان و بوارێکی لە بوارەکانی ڕووناکبیری. بەڵام ئێمە ئەو جۆرە نووسینە ئەدەبییە نوێیە کوردیانە بە ناهزری و دژە ڕووناکبیری دەزانین کە لە بری ئەدەبیکردن سەفسەتە

دەکەن. ئێمە ئەو پێنووسە ئەدەبییانە بە لاواز و گەندەڵ لە قەڵەم دەدەین کە هیچیان بۆ ئەدەبی نوێی کوردی نەکردووە. ئەمە و ئێمە ئەو تێکستە ئەدەبییانە بە تێکستگەلێکی هەڵە و سۆفستایی دەزانین کە کاری ئەدەبیکردنیان تێک داوە. ئەو پێنووسانە کە ئێستا قسە لە فەلسەفەی هاوچەرخ و، ماوەیەکی تریش فەلسەفەی ئەکادیمی، دەکەن کەس نازانێ لە چی پسپۆڕن؟ ئەمانە کێن: نووسەرن؟ کۆمەڵناسن؟ تیۆریزەکەری سیاسین؟ فەیلەسووفن؟ ڕۆژنامەوانن؟ یان هەموو شتێکن لە یەک کاتدا؟.

لەوەش بترازێ کە وتران دەمانەوێ ئەوەش بڵێین، ئەوەی بەناوی فەلسەفەوە کراوە کارێکی وای کردووە فەلسەفە وەک بابەتێکی سەرپێیی و لاوەکی ببینرێ. فەلسەفە کە ئەمە نییە، تۆماس ناگل وتەنی، فەلسەفە توانایەکی زۆری تێدایە کارێکی ئەوتۆ بکا ئاستی تێگەیشتنمان لەبارەی جیهان و ئەڵبەتە خودی خۆشمانەوە بەرز بکاتەوە[٤٢]. بۆیە ئەوەی لەناو نووسەرانی کورد بەناوی فەلسەفەوە کراوە دەکرێ لەوە جیا بکرێتەوە کە فەلسەفەیە چونکە هیچ یەکێ لەوەی نووسراوە، جیهانی ئێمە و خودی خۆشمانی نەهێناوەتە گۆ.

سەرەڕای ئەوەی بەهۆی ئەم چەند دێرە دەروازەییەوە وتمان دەمانەوێ ئەوەش بڵێین، ئەوەی لە ئەمڕۆدا لەناو ئێمە هەیە، هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، فەلسەفە نییە بگرە شتێکە لە ئاکامی فێڵکردن لە فەلسەفەوە بەرهەم هاتووە، ئەو شتەش کە بەهۆی ئەم فێڵەوە بەرهەم هاتووە و تائێستاش بەرهەم دێ وەک فەلسەفە ناوزەد بکرێ. ئێمە ئەمە وەک گرفت دەبینین و چارەسەرکردنیشی نە لە توانای ئەم سەروتارە بەرتەسکەیە و نەش نووسەری ئەم سەروتارە، بگرە ئەمە کێشەیەکە چارەسەرێکی درێژخایەن و بەردەوامی دەوێ و هەروەها پێویستی بەهاریکاریی ئەو ڕووناکبیرە ئەکادیمییە پسپۆڕانە دەبێ کە لە ئێستا و لە داهاتوودا دەخوازن کاری بۆ بکەن. فەلسەفە، دێریدا وتەنی، کە پاشان دێینەوە سەری، کە شتێکی ئونیڤێرساڵە (گەردوونناوی) بەباوەڕی ئێمە کێشەکانیشی پێویستیان بەچارەسەری ئونیڤێرساڵانە هەیە و بەچەند پێنووسێک پەراوێز و لۆکاڵی چارەسەر ناکرێ. ڕوونتر بدوێین، فەلسەفە، کە لە ئێمە دەدوێ، واتە مرۆڤ، ئێمە کە لە گشت شوێنێک هەین یان لە هەر کوێ بین هەین، پێویستی بە کۆمەکی ئێمەیە. بەڵام ڕاناوی "ئێمە" لەبەرئەوەی میتافۆری تری هەیە وامان لێ دەکا بپرسین: ئێمە کێین؟ لە وەڵامدا دەڵێین: ئێمە تەنیا مرۆڤ ناگەیەنێ، بگرە لێرەدا تایبەتییەتییەک لە بەکاربردنی ڕاناوی "ئێمە" ئامادەیە کە "ئێمە" ئەوانە دەگرێتەوە کاری فەلسەفی لە ئاستێکدا دەکەن کە بە زانینێک دیسپلینداره‌وە پشت بەستووە. ئا لێرەوە دەمانەوێ فەلسەفەکردن لە شتی دی کردن (شتی تر کردن) یان فەلسەفە لە شتی تر (بۆ نموونە فەلسەفە لە کۆمەڵناسی یان لە ئەدەبناسی و... هتد) جیا بکەینەوە. ئەم جیاکردنەوەیە لە نێوان فەلسەفە و زانینەکانی تر (وێژەناسی، ئابووری، کۆمەڵناسی و..) نە بەمانای فەرامۆشکردنی بەشەکانی تر دێن و نەش بەمانای ئەوەی زانینی دیسپلینداری تر بوونی نییە. ئەم لایەنە کە لە درێژەی نووسینەکە دێینەوە سەری، بەڵام هەردەم جەختی سەرەکیمان لەسەر ئەوە دەبێ کە چۆن ڕۆژانە و بەردەوام نافەلسەفە شوێنی فەلسەفە دەگرێتەوە و هەروەها چۆن دەرک بەوەش ناکرێ کە ئەو شتە کە جیایە لە خودی فەلسەفە بووە بەسەرچاوە. هەر لە میانەی

باسەکە دێینەوە سەر ئەوەش کە، ئەو جۆرە فەلسەفەیەی کە بەم شێوەیە دروست دەبێ ناتوانێ هیچ جـۆرە ژێرخـانێک بۆ هێنانە دنیـای زانینی فـەلسـەفی دابـین بکا و، کـاتێ کـە فـەلسـەفـەش وەک دیسپلینێکی ئەکادیمی بوونی نەبێ و پاشان فەلسەفە ئەو زانینە بناغەییە نەبێ کە پشت ئەستوور بووبێ بەوەی پێی دەڵێن هیۆمانی ناکرێ هیچ جۆرە فەلسەفییەک قوت بکرێتەوە. چونکە فەلسەفە وەک زانین لە هیچەوە دروست نابێ و بناغەی هزریی خۆی هەیە و، ئەو فەلسەفەیەی لە هیچەوە دروست دەبێ بەرهەمی ئەندێشەیەکی نافەلسەفیی دژە دیسپلین و نامیتۆدییە. ئەڵبەتە هەرگاف کەسانێکیش لە پشت ئەم جۆرە فەلسەفەیەوە دەبن (واتە نافەلسەفە) کە فەلسەفەیان بەخوێندن نەخوێندووە و یان خۆیان لە ماڵەوە و یان لە قوژبنی چاپخانەکان و لە دەرەوەی نێوەندەکانی توێژینەوە و ڕاڤەکردن فێری فەلسەفەکردن کردووە. ئەمەش بەو مانایە دێ کە بەبێ قووڵبوونەوە و شارەزاییەکی ئەکادیمی ناشێ و ئەستەمە خۆڕاهێنان لەسەر ڕاڤەکردن و تیۆریزەکردن بەسەر واتا و تێرامانە فەلسەفییەکانەوە.

پێمان باشە لەم دەروازەیەدا ئەوەش بیر بخەینەوە، ئێمە دەکرێ مرۆڤ دۆست و کوردپەروەر بین، هەروەها ئەم لایەنە وامان لێ بکا جار جارە تێرامانی خۆمان سەبارەت بەهەندێ ڕووداو و دیاردە بخەینە سەر چەند لاپەڕەیەک، بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ ئێمە بەم تێرامانکردنانەمان بیریاری دەکەین یان ئەزموونێکی فەلسەفی دەخەینەوە. فەلسەفەکردن بەو جۆرە جیایە لە خودی ئەوەی فەلسەفە لە چی و چۆن پێک هاتووە. بۆ ساناکردنی مەبەستەکەمان لێرە پەندێکی گرامشی بەسەر دەکەینەوە. گرامشی پێی وایە: ئێمە کە قۆپچەی کراسەکەمان بەر دەبێتەوە، دەتوانین بیدوورینەوە، ئەڵبەتە دەشتوانین هەر هەموومان هێلکە سوور بکەینەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئێمە بەرگدروویەکی باشین یاخۆ چێشتکەرێ ناسراوین.

بەدڵنیاییەوە گەشتی ڕاستەوخۆی ئێمە لەمیانەی باسەکەدا بۆ ئەوەیە ڕیشاڵ و تەلیسمی ئەو فێڵە دەستنیشان بکەین کە لە سەرەوە باس کرا و پەیتا پەیتاش ئەوە ڕوون بکەینەوە ئەوەی بەرهەم هاتووە فەلسەفە نەبووە، بگرە شتێک بووە بەناوی فەلسەفەوە. ئەو شتەش کە لە ڕێگەی فێڵکردن لە فەلسەفەوە هاتووەتە کایەوە لەگەڵ خودی فەلسەفە، فەلسەفە وەک زانینێک ئەکادیمی، لە کۆنتراستێکی بێ پایاندایە. ڕەنگیشە بەرهەمهێنەرانی ئەوە (واتە ئەو فەلسەفەیەی بەخۆی فەلسەفە نییە) لەوی کردوویانە بێ ئاگا بن. هۆی ئەوەش ئەوەیە، ئەوان (ناپسپۆڕان لە فەلسەفە، هەوادارانی فەلسەفە) بەناوی نووسینی فەلسەفییەوە هاتوون کاری فەلسەفییان ئەنجام داوە، ئەڵبەتە ئەوان ئەوەشیان هەردەم لە ڕوانگەی ئەوەوە کردووە کە گوایە ئێمە نووسینی فەلسەفیمان نییە و گرینگە لەو ڕووەوە تەکانێ بدرێ و نووسینی فەلسەفی بەرهەم بهێنرێ، بەڵام هەرگیز ئەوانە نە زانیویانە ئەمەی دەیکەن نافەلسەفەیە و نەش بیریان لەوە کردووەتەوە فەلسەفەکردن مەرجە بە زانینێکی دیسپلیندارەوە بنجبەست بێ، یاخۆ فەلسەفە لە خودی خۆیدا برێتییە لە دیسپلین، لە هەمووش ترسناکتر ئەوەیە ئەوانەی نافەلسەفەیان بەرهەم هێناوە هەرگیز دەرکیان بەوەنە کردووە ئەوەی دەیکەن بەواتای فەلسەفە فەلسەفەکردن نییە بگرە فێڵە لە مێژووی فەلسەفە یان ئەوەی دەیکەن لە تەک خودی زانینی فەلسەفیدا لە کۆنتراستێکی بێ وێنەدایە.

پێمان باشە تایبەت بەو دوا دێرەی وتمان ئاماژە بەوەش بکەین کە لە میانەی نووسینەکەمان ئەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەکەینەوە، ئێمە لەسەر چ بناغەیەک و بەپشتبەستن بەچ ئارگومێنتێک ئەوانە دەڵێین کە لە گەلێ شوێن لەم دەروازەیەدا پێدا گریمان لەسەر کردووە. ئەڵبەتە بۆ ئەوەی ئەم دیتنەش ڕوون بکەینەوە بەپێویستی دەزانین ئەم باسە بنووسین. واتە بیرۆکەی ئەو تێگەیشتنەی هەڵوێستە دەکا لەسەر ئەوەی کە ئەوەی هەیە فەلسەفە نییە و بگرە نافەلسەفەیە و لەگەڵ فەلسەفە لە کۆنتراستیشدایە، بووە بەسەرجەم هەوێنی نووسینی دواتری قسەکانمان.

هەر لەم دەستپێکەشدا دەمانەوێ ئەوە بیر بخەینەوە، ئەوەی لەم نووسینەدا پێوەندیی بە زناک (مانا) و بەهای واتای کۆنتراستەوە هەیە ئەوەیە کە ئەم واتایە کاتێک مەبەستی خۆی والا دەکا کە دەخوازرێ شتێکی بەشتێکی تر بەرامبەر بکرێ تا جیاوازیی نێوانیان دەربخرێ. بەڵام ئەوە دەبێ بەکارببرێ بۆ خستنە ڕووی جیاوازیی نێوان دوو شت. بەڵام دوو شتی ناجۆر، دوو شت کە دەشێ بەرامبەر یەک ببنەوە. هەروەها ئێمە لە میانەی باسەکەماندا نایێین باس لەوە بکەین کە فەلسەفە چییە بگرە باس لەوە دەکەین ئەوەی فەلسەفە نییە چییە. چونکە خوێنەری ئەم باسە دەکارێ بۆ سەر چەند لێکسیکۆن و فەرهەنگێکی فەلسەفی یان هەندێ کتێبی گروونд لە بواری فەلسەفە، بگەڕێتەوە تا ئەو تێگەیشتنەی لا گەلالە و بەرجەستە بێ کە فەلسەفە چییە، بەڵام بەندە دەخوازێ لەم کارەدا ئەوە لای خوێنەری ئەم کارە ڕوون و ئاشکرا بکا ئەوەی فەلسەفە نییە چییە و، چۆنیش ئەوە بەرهەم هاتووە. کەواتە چییەتیی فەلسەفە لەلایەن ئێمەوە ئەو تێڕامانەی لەبارەوە ناکرێ، بگرە لە بری ئەوە، تێڕامان لەوە دەکرێ کە ئەوەی خۆی لە فەلسەفە بەناوی نافەلسەفە جیا دەکاتەوە چییە. هەروەها بەزۆری لە میانەی نووسینەکەدا پشکنین لەسەر ئەوە دەکەین چۆن ئەم نافەلسەفەیە بەرهەم هاتووە، هەروەها چۆن فێڵ لە فەلسەفەش کراوە.

بۆ ئەوەی ئەم لایەنەش ڕوون بکەینەوە بەپێویستی دەزانین ڕاڤەکردنەکەمان بەچەند باسێکەوە تایبەت بکەین لەوانە: بازدان بەسەر ڕیشە لە نووسینە بەناو فەلسەفییەکانماندا، ئەڵبەتە تەشەنەسەندنی نووسینی بێ گرووند و تێکەڵکردنی ئێپۆکەکانیش بەیەکتر لە هەمان نووسیندا و، گۆنەکردنی ناوی گەلێ لە بیریارانی ڕۆئاوا، بێ ئاگابوون لە دابەشبوونی نێودەوڵەتییانەی فەلسەفە بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پراکتیکی، هەروەها بۆ فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ و فەلسەفەی شیکردنەوە. بچووککردنەوەی گفتوگۆ و تیۆرییە فەلسەفییەکان و گرێدانەوەیان بەشتی غەیرە فەلسەفی، بەکاربردنی فەلسەفە بۆ خۆشی و بینینی وەک مۆدە، بەکاربردنی ڕۆژنامەوانی لە بری فەلسەفە و لە بری گشت بەشەکانی تری زانستە مرۆییەکان، بەواتایەکی تر بوونی ڕۆژنامەوانی بەبوارێک لە هزرەڤانی و ئەوەش کە ڕۆژنامەوانی شوێنی گشت دیسپلینێکی گرتووەتەوە.

### ١- لە فەلسەفەدا بازدان بەسەر ڕیشە ئەستەمە

بۆ ئەوەی هێدی هێدی ڕۆچینە نێو ئەم بەشەی باسەکەمان، بە پێویستی دەزانین بچینەوە سەر و قسەیەکی هایدگەر، گەر بەکاربردنی لێرە مانادار بێ، کە دەڵێ فەلسەفە یۆنانی (گریکی) دەپەیڤێ. بەخۆی تێگەیشتن لەم وتنە ڕەنگە زۆر ئاڵۆز نەبێ، بەڵام لەبەرئەوەی وتنەکە زۆر میتافۆرییە ئەوا ئەم

وتنە دەشێ وەک وتنێکی ئاسایی نەبینرێ. هایدگەر کە بەخۆی لە وتنە فەلسەفییەکانیدا بە فەلسەفەی یۆنانییەوە زیاد لە پێویست پێوەندیدار نەبووە، هیچ نەبێ هێندەی بۆ نموونە کەسانێک وەک نیچە یان هۆلدرلین کە هایدگەر لە تەکیاندا لە گفتوگۆی فەلسەفیدا بووە، بەڵام کۆششی هایدگەر بۆ ڕەتکردنەوەی ترادیسیۆنی میتافیزیک، کە ئەوەش ئوسووڵێکی یۆنانیی هەیە، کارێکی وای کردووە، هیچ وەخت دەستبەرداری بیری فەلسەفیی یۆنانی نەبێ. ئەمەی لێرە وترا، ئامانجی قسەکانمان نەبوو، بگرە ئەوەی لەم ڕووەوە ئامانجی قسەکانمانە ئەوەیە تێگەیشتنی سەرەکیی هایدگەر لەو وتنە ئەوەیە فەلسەفە زمانێکی یۆنانیی هەیە. ئەم زمانە ڕاستە زمانی دایکی فەلسەفەیە، بەڵام دواتر فەلسەفە زمانی تریشی گۆ کردووە، وەلێ هیچ وەخت فەلسەفە ئەو زمانانەی گۆی کردوون کارێکی وایان نەکردووە، زمانی دایکیی خۆی بیر بچێتەوە. واتە لە گەرووی فەلسەفەدا جگە لە زمانی دایک چەند زمانی تر دەبینرێتەوە کە زۆربەیان تا ئێستاش ئاوازی زمانی دایکیان تێدا باڵادەستە. ئەوەتا یەکێ لە قوتابییەکانی هایدگەر، لێرەدا مەبەست دێریدایە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکا فەلسەفە تاکە ئەسڵێک (ئۆریجینێک)ی هەیە، ئەوەش بە زمانی یۆنانییەوە وابەستەیە. ئەم ئۆریجینییەی فەلسەفە، کە یۆنانیبوونەکەی فەلسەفە دەسەلمێنێ، فەلسەفە بەرەو ئەوروپا دەگەڕێنێتەوە[٤٣].

ئەڵبەتە لەوە بگەڕێتەوە کە لەسەرەوە ورووژاندمان ئەوەیە کە گەر بوێرین و فەلسەفە بەسەر ئەم وتنەی هایدگەرەوە بکەین، ئەوا دەڵێین ماڵی یەکەمی فەلسەفە یۆنانستانە و منداڵدانی زمانی ئەم فەلسەفەیەش ئەو زمانە فەلسەفییەیە فەیلەسووفانی پێش سوکرات و پاش سوکرات بۆیان چێ کردووە. بەڵام چۆن دەکرێ ئێمە لەم بیرۆکەیە بگەین کە جارێ بە کەلەپووری فەلسەفەی یۆنانی[٤٤] ئاشنا نین. نائاشنابوونیشمان بەفەلسەفەی ناوبراو بە بەکاربردنی ناوی وەک سیزیف، هۆمیۆرس یان ناوی چەند خواوەند و بیرمەندێک پینە و پەڕۆ ناکرێ. لای ئێمە کە زانیارییەکی زۆر سەرەتایی و لاوەکی لەسەر فەلسەفەی یۆنانی هەیە، ئەمە کارێکی وا دەکا زۆر ئەستەم بێ لەو فەلسەفەیەش بگەین ئەمڕۆ ڕۆژئاوا خاوەندارییی دەکا کە ئەوەش بەرەچەڵەک دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن. فەلسەفە کە یۆنانی دەدوێ، واتە فەلسەفە بەرەچەڵەک یۆنانییە، بەڵام ئێمە لەم ڕووداوە بەئاگا نین. یۆنانییەتیی فەلسەفە دەکرێ بۆ ئەو تێکستانە بگەڕێندرێتەوە پێش سوکرات و پاش سوکرات نووسراون. پاش سوکراتیش کە ئەفلاتوون و ئەرەستۆ دەگرێتەوە، لە دنیای ڕووناکبیریی ئێمەدا نەناسراون. ئێمە بەوە سوکراتناس نابین لەبەرئەوەی ئەو دیالۆگەمان خوێندووەتەوە کە ئەفلاتوون هەقایەتی لەسێدارەدانەکەی سوکراتمان بۆ دەگێڕێتەوە، یان ئێمە بەوە ئەفلاتوونناس نین لەبەرئەوەی ناوگەلێکی وەک کۆمار و شار گۆ دەکەین. ناسینی ئەفلاتوون بەخۆی ناسینی نەک هەر سوکراتی بەدەمەوەیە، بگرە ناسینی گشت کەلەپووری فەلسەفەی یۆنانی پێش سوکراتیشی بەدەمەوەیە. ئێمە کە دیالۆگە سەرەکییەکانی ئەفلاتوونمان نەخوێندبێتەوە (سێ جۆر دیالۆگن: دیالۆگی قۆناغی لاوی، قۆناغی پاش لاوی و قۆناغی پیری) چۆن پێمان وایە فەلسەفەناسین یان بۆمان هەیە فەلسەفە بکەین لە کاتێکدا گشت دێباتی فەلسەفەی کلاسیک و نوێ و پاش نوێی ڕۆژئاوا تا هەنووکەش بەدەوری وتن و تێگەیشتنەکانی ئەفلاتووندا دەخولێتەوە. گومانیشی ناوێ

بڵێین ئەفلاتوون بیرمەندێکی نەک هەر میتافیزیکەرە بگرە دامەزرێنەری ئەو ترادیسیۆنە ڕۆئاواییەشە پێی دەوترێ ترادیسیۆنی میتافیزیک. ئەم ترادیسیۆنەش بەپێی تێگەیشتنی گەلێ لە بیرمەندە سەردەمییەکان ڕیشەی خۆی لەو ئەکادیمیا یان ئەو یەکەم زانکۆ ڕۆئاواییەدا دادەکوتێ لەسەر دەستی ئەفلاتوون دروست دەبێ کە تا ئێستاش فەلسەفە لە ڕۆئاوا وتنی خۆی لەبارەیەوە هەیە.

ئێمە لە دوو تۆی ئەم باسەدا نە مانای ئەفلاتوون بۆ فەلسەفەی یۆنانی ڕوون دەکەینەوە و نەش پێویستیی فەلسەفەی یۆنانی بۆ فەلسەفەی ڕۆئاوا، بگرە ئەوەی دەیکەین یادخستنەوەی ئەوەیە کە فەلسەفەی یۆنانی لە ناو ڕووناکبیریی ئێمەدا بێ شوێنە و مێژووی فەلسەفەی ڕۆئاواش کە لەم دەرگەیەوە دێتە ژوورەوە ڕیشەی لەناو نووسینەکانماندا دانەکوتیوە. بەڵگەشمان لەسەر ئەمە زۆرە و لە خوارەوە چەند لایەکی ئەم گرفتە بیر دەخەینەوە.

نووسینەکانمان کە دەیانەوێ هەردەم ئاراستەیەکی فەلسەفی وەربگرن، کە بەخۆی لێوانلێون لە نافەلسەفە، نە بە ڕیشە دەچنەوە سەر ئەو دێبات و دیالۆگانەی فەلسەفەی یۆنانی دەرگەی لەسەر کردوونەتەوە و نەش نووسینە بەناو فەلسەفییەکانمان ئەرکی ڕەتکردنەوەی ئەو نەریتەیان لە ئەستۆ گرتووە گشت وتاری نوێی فەلسەفی ڕۆئاوا بەهەڵوەشاندنەوەیەوە سەرقاڵە. بۆیە پێمان وایە گۆکردنی واتای وەک پۆست مۆدێرن یان بوون بە دژە ڕۆشنگەری، ئەڵبەتە بەبێ زانین و تێگەیشتنێکی فەلسەفیی دامەزراو لەسەر دیسپلینێکی ئەکادیمی، نە ئەو وێنەیەمان لا دروست دەکا ئێمە لە نەریتی فەلسەفەی یۆنان و دواتر فەلسەفەی ڕۆشنگەریی ڕۆئاوا گەیشتووین و نەش ئەوەی کە ئێمە توانیومانە لەو ئاراستە زۆرەی فەلسەفەی سەردەم قووڵ ببینەوە کە فەلسەفەی ڕۆئاوا تێی کەوتووە. بەباوەڕی ئێمە ئەم فرە ئاراستەیەی فەلسەفەی تازەی سەردەمیش دەکرێ، وەک جۆرە پێوەبوونێک تەماشا بکرێ کە بیری فەلسەفی لە سەردەمی ئێستادا تێی کەوتووە، زۆر جاریش مرۆڤی تازە ئەم لایەنە بەوە پاساو دەداتەوە کە ئەو پێوەبوونە ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی وەڵام بۆ پرسیارە زۆر ئەبەدی و بنەڕەتییەکانی فەلسەفە. ئەمە بەخۆی ڕاستی تێدایە، بەڵام ئەم کێشەیە پێوەندیی بەباسەکەی ئێمەوە نییە، بەڵام ئەوەی گرینگە لێرەدا تێڕامانی لەبارەوە بکرێ ئەوەیە کە دابڕانی ئێمەی کورد لە بنەچەی فەلسەفە وەکی تر نامۆبوونمانە بە نیشتمانی تێکستی فەلسەفیی ڕۆئاوا کە موخابن ئەم کێشەیە نە بەبوونی یەک دوو نووسینی فەلسەفی، کە زۆر جار ڕۆژنامەوانییانەن، تیمار دەکرێ و نەش بەبوونی یەک دوو کتێب، تەنانەت بەبوونی چەند پرۆفیسۆر و دوکتۆرانتێکیش، چارەسەرکردنی ئەستەمە. دەمانەوێ ئەوەش بڵێین کە، ئەم کێشەیە پێش ئەوەی کێشەیەکی بیرۆکراتی و دامەزراوەیی بێ کێشەیەکی ئۆنتۆلۆج ئاڵۆزە. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کە داوای بوونی بیرێکی فەلسەفیمان لێ دەکا لەناو ئێمە لە پلەی نەبووندایە. بۆیە بێ ئاوەزی نییە ئەگەر بڵێین: چۆن دەکرێ کەسی کورد لەو کێشە ئۆنتۆلۆجییە ئاڵۆزە بگا کاتێک خودی کێشە لەناو ئێمەدا وەک کێشەیەکی ئۆنتۆلۆجی ڕاڤە ناکرێ و لەوە ترسناکتریش خودی کێشە وەک کێشەیەکی ئۆنتۆلۆجی نابینرێ. ئا لێرەوە دەتوانرێ پێ لەسەر ئەو بۆچوونە داگیرێ کە دەڵێ: بۆ ئەوەی فەلسەفە بکەین دەبێ فەلسەفییانە بژین. ڕاستە فەلسەفەکردن تێژیانێکی

فەلسەفیمان لێ داوا دەکا، بەڵام ئاخۆ ئەو فەلسەفەکردنە ئەگەر وەک کردارێک یان ڕەفتارێک تەماشا بکرێ پێویستی بە بیرکردنەوە یان، جوانترە بڵێین، تێڕامانی فەلسەفی نییە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین بەڵێ و زۆریشی پێویست پێیە. بەڵام تەلیسمی تێگەیشتن لەم دیاردەیە ئەوە نییە کە ژیانێکی فەلسەفی دروست بکرێ، وەک هەموو شتێکی کە دروست دەکرێ. نەخێر مەسەلەکە نە بەو شێوەیەیە و نەش کردەی بیرکردنەوەی فەلسەفی وەک گشت کردەیەکی تر شیاوە دروستکردنی. بگرە نهێنیی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە فەلسەفە داوای تێژیانمان لێ دەکا و ئەم تێژیانەش لەناو خودی ژیانەوە هەڵدەقووڵێ، نەک شوێنێکی تر. ڕوونتر بدوێین، بۆ ئەوەی تێڕامانی فەلسەفی لە دەربڕین و گوزارەکانماندا بەرجەستە بکەین پێویستمان بە جۆرە تێژیانێکی فەلسەفییانەی ژیان هەیە. کەواتە ژیان پێش فەلسەفەیە، بەڵام فەلسەفە ڕاگری ژیانە. ئەم ڕوونکردنەوەیە نە بەو مانایە دێ بمانەوێ ستایشی فەلسەفە بکەین و نەش ئەوەی نیازمان وابێ، بیری فەلسەفی بکەین بە فابریکەیەک بۆ بەرهەمهێنانی ژیان.

دەکارین پوختەی وتنەکانی پێشوومان لەم بینینەدا کۆ بکەینەوە کە لە فۆرمی پرسیاردا دەیخەینە ڕوو: فەلسەفە لە کوێی ژیاندا شوێنی خۆی دەگرێ؟ ئەم پرسیارە بەو واتایە دێ کە دەستنیشانکردنی شوێنی فەلسەفە لەناو ژیاندا ئامانجی سەرەکییە و هەروەها پێوەندیی فەلسەفەش بەژیانەوە سەرچاوە هەر لەو شوێنەوە هەڵدەگرێ کە دواتر لەناو ژیاندا دەیبێ. بەڵام ئەوەی ئامانجی ئێمە بوو لە ڕێگەی ئەم بینینەوە گوزارەی لێ بکەین ئەوە بوو کە ژیانی کەسی کورد لە فەلسەفە دابڕاوە. گەر نەرمتر بدوێین، دەڵێین فەلسەفە کە شوێنی لەناو ژیانماندا دیاری نەکراوە، وەک شتێکی ئێگزۆتیک (سەیروسەمەرە) تەماشا دەکرێ. بەڵام مەسەلەکە لێرە ئەوەیە کە فەلسەفە لە خودی خۆیدا نە شتێکی ئێگزۆتیکە و نەش لە ژیان بەدەرە. بگرە فەلسەفە خودی ژیانە و فەلسەفەکردنیش هەڵوێستەکردنە لەمەڕ ئەو ژیانە.

ئالێرەوە دەشێ بەشێک لەو سەیرکردنانە قەرز بکەین کە دێریدا لە کۆبوونەوەیەکدا بەرگوێی گوێگرانی "یۆنسکۆ" ی خستووە کە لە ئایاری ساڵی ١٩٩١دا لە پاریس ساز کراوە[٤٥] دێریدا لەو کۆنفرانسەدا باسێکی دێنێتە پێشەوە بەناوی "ماف بۆ فەلسەفە"، لەوێڕا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا ماف بۆ فەلسەفە پێوەندیی بەوەوەیە کێ و لە کوێ پرسیاری ئەم مافە دێنێتە پێشەوە. ئەڵبەتە بۆ دێریدا لەبەرئەوەی یۆنسکۆ نوێنەرایەتیی دامەزراوێکی پۆست – کانتی دەکا دەتوانێ ئەرکێکی لەم ڕووە بگرێتە ئەستۆ و ئامانجێکی گەردووناویش بێنێتە دی. ئەم مەسەلەیەی دێریدا باسی لێوە دەکا بەزۆری دەچێتە خانەی ئەو فەلسەفەیەوە کە پێی دەوترێ فەلسەفەی ڕەوشت (ئیتیک). بێگومان نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ لەم کۆنفرانسەدا دێریدا ڕێگەیەکی تر بۆ گەیاندنی ئەو فەلسەفەیە دەدۆزێتەوە کە لەگەڵ چاپکردنی سێ کارە نێودەوڵەتییەکەی (لەمەڕ نووسیناسی، دەنگ و دیاردە، نووسین و جیاوازی) لە ١٩٦٧دا سەری دەرهێنا کە ئەوەش هەڵوەشانەوەگەرییە. هەڵوەشانەوەگەریی ئەم بیریارە کە بواری بەکاربردنی جۆراوجۆرە لەم کۆنفرانسەدا بەئاشکرا ئەو ڕێگەیە دەگرێتە بەر کە ئەرکی دامەزراوێکی نێودەوڵەتی وەک یۆنسکۆ بخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی دامەزراوی ناوبراو بکارێ ڕۆڵێکی پتر بگێڕێ یان ئەو خەونە بهێنێتە کایەوە کە

ڕۆژێک له ڕۆژان کانت پێوەی دەتلایەوە. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لەم بەسەرکردنەوەی سەیرکردنی دێریدا بۆ فەلسەفە ئەوەیە کە ئێمەی مرۆڤ پێویستە کار بۆ دانی ماف بۆ فەلسەفە بکەین، بەڵام ئەم مافە ناشێ بدرێ، ئەگەر کاری بۆ نەکرێ و دواجار ئەم مافە دەبێ بشپارێزرێ و، له هەمان کاتیشدا ماف بۆ فەلسەفە دەبێ لە چوارچێوەیەکی ئیتیکیشدا ببینرێتەوە. چونکە ئەگەر هاتوو ماف بۆ فەلسەفە لە دەرەوەی ئەوەدا ببینرێتەوە (واتە ئیتیک)، ناکرێ فەلسەفە بەکار ببرێ بۆ گەیشتن لەوەی پێی دەڵێن بوون له جیهان.

ئێمە لەم بەشەدا بەزۆری گرینگیمان دا بە پێوەندیی فەلسەفە بە ژیانەوە، یان مافی فەلسەفە لە پێوەندیی بە ژیانەوە، کە دەکرێ ئەم گوزارەیە بە گوزارەیەکی تر بە لە جیاتی بکرێ، کە ئەوەش پێوەندیی فەلسەفەیە بەبوون لە جیهان. لێرەدا نامانەوێ ئەو کێشە میتافیزیکییانە دووبارە بکەینەوە هەردەم بەهۆی پێوەندیی نێوان فەلسەفە بەبوونەوە بوونە بە بابەتی دێبات بگرە دەمانەوێ ئەوە بخەینە بەرچاو کە فەلسەفە لە کۆتاییدا ناکرێ لە ژیان جودا بکرێتەوە، یان مەحاڵە فەلسەفە ببێ بە دەسکەلایەک بۆ هێنانە کایەوەی واژە و چەمک لە دەرەوەی خودی ژیان. فەلسەفە کە لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونییەوە بە نائارامی و دیاردەکانی ناو ژیانەوە گرێ دراوە، خۆی وەک پرۆسەیەک لە هەڵوێستەکردن نیشان داوە. ئەمە کە لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆئاوادا سەرسەختانە بەردەوام بووە زۆرترین بەرەنجامی خستووەتەوە. بەڵام ئەم بەرەنجامانە بێ هیوا و ناکارا دەمێننەوە، ئەگەر دەستەمڵانی ئەو گۆڕانکارییانەی هاتوونەتە سەر ژیانی مرۆڤ، نەبن ئەمەش نایەتە دی بەبێ پرسیارکردن، بەبێ خوڵقاندنی پرسیار لەسەر ژیان. چونکە پرسیارکردن لە خۆیدا، بۆ نموونە بۆ هایدگەر، بریتییە لە فەلسەفە. پرسیارکردن لە فەلسەفەدا، بە قەوڵی دێریدا ویستی هایدگەر بووە[٤٦]، ئەم لایەنەش بێ ڕاڕاییی فەلسەفە بەرەو ئاراستەیەکی تر دەبا. بەڵام ئەم ئاراستەیە تەنیا لە میانەی کردەی فەلسەفەکردندا ژیان بەسەر دەبا نەک شتێکی تر.

بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لای سەرەوە وترا دەکرێ بپرسین: دەشێ لەو ڕاڤەکردنەی لای سەرەوە چی وەدەست بهێنرێ؟ بەباوەڕی ئێمە دەکرێ بڵێین دوو شت. یەکەمیان ئەوەیەکە بۆ دەبێ ژیانی ئێمە نەیتوانیبێ ئەو مافەمان لا دروست بکا کە دێریدا ناوی نا ماف بۆ فەلسەفە. نەبوونی ئەو مافە ئەوەمان پێ دەڵێ کە فەلسەفە لە ژیانی ئێمە دوور نەکەوتووەتەوە، بگرە ئەوە ژیانمانە کە توانای فەلسەفەکردنی نەماوە. ئەمەش لە خۆیدا کاتاسترفێ (موسیبەت، بەڵا)یەکی مرۆییە و پێویستی بەتێڕامانێکی درێژخایەن هەیە، ئەڵبەتە لەلایەکی لە ژیانی خۆمان و لەلایەکی تر لە واتای فەلسەفە لە ڕوانینی ئێمەی کورددا. بەڵام شتی دووەم کە لەو ڕاڤەکردنەی لای سەرەوە دەشێ وەدەست بهێنرێ ئەوەیە کە فەلسەفە لەناو ئێمە زۆر بێ شوێنە (بێ جێگایە). ئەم بێ شوێنییەی فەلسەفە کارێکی وای کردووە ئێمە لەو پێوەندییەش نەگەین فەلسەفە بۆ نموونە بە خودی مێژووی مرۆڤایەتی و ئەمجار ئەو بەشە سەرەکییەی ناو شارستانی مرۆڤایەتیش کە پێی دەوترێ شارستانیی ڕۆئاوا، هەیەتی. ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیە دەڵێن کە فەلسەفە هەرگاڤ ئەو دەروازەیە بووە کە دەکرێ ڕۆئاوای پێ بناسرێ. مەگەر فەلسەفە ئەوە نییە کە پێی دەڵێن ئایدیۆلۆجیای شارستانیی ڕۆئاوا. ئەمەش وا دەکا بڵێین دوورکەوتنەوەی ژیانمان لە فەلسەفە

هۆکارێک بووە بۆ نەگەیشتنیشمان لە شارستانیی ئەورووپای کە بمانەوێ و نەمانەوێ بووە بە نوێنەری مرۆڤایەتی. ئا لێرەوە دەکرێ دان بەوەدا بهێنین کە ئەو دەربڕینە فەلسەفییانەی (کۆتاییی فەلسەفە، مەرگی میتافیزیک، پایانی تازەگەری و... هتد) کە سالآنێکە کەوتوونەتە بەر بەکاربردنێکی ئونیڤێرسالّ (گەردوونـاوی)یەوە و لەناو ئێمەش جارجارە بەکار دەبرێن بەکاربردنەکەی لای ئێمە بەبێ ئەندێشەیەکی ئەکادیمی و دوور لە قووڵبوونەوەیەکی تیۆری کاری لەسەر دەکرێ کە لە دواین باردا هیچ مانایەکی فەلسەفی ناپێکن و لەگەڵ ڕووناکبیری فەلسەفیشماندا لە کۆنتراستێکی بێ ڕەهەنددا دەژین. ئەو واتایانە کە بەرهەمی شێوازییەکی فیکری نین و لە کۆتاییشدا هەڵوێستەی فەلسەفەی ئەمڕۆن، لە ئاست ئەو گەشەیەی مرۆڤایەتی پێی تێ ناوە ئاماژەن لەسەر ئەوەی نە ئەو واتایانە دڵی فەلسەفە لە لێدان دەخەن و نەش فەلسەفە لەوە دەکەوێ واتاگەلێکی لەم جۆرە نەهێنێتە دنیا. بەڵام لەبەرئەوەی فەلسەفە لەناو ئێمە دیسپلیندار نەبووە و هەروەها فەلسەفە بەرەخنەکردنی ئەو کێشە هیۆمانیانەوە سەرقالّ نەبووە لە بوونی مرۆییماندا پەنهانن، بۆیە فەلسەفە ئامادەیە شێواوی بەرهەم بهێنێ. چونکە فەلسەفە لە دواین باردا نە لە ڕیزکردنی واژە و زارەوە برێتییە، هەروەک لە وتاری ڕۆشنبیریماندا بنجەبەستە و، نەش بیرخستنەوەی ناوی بیریار و شەپۆلە جۆراوجۆرەکان، بگرە فەلسەفە شوێنێکە بۆ هەڵوێستەکردن لەسەر کێشەکان یان فەلسەفە بەواتایەکی تر برێتییە لە بەرپرسیاریەتی.

ئێمە لەخۆڕا لەم باسەدا دەروازەمان لەو لایەنە نەکردەوە کە لای سەرەوە ناومان لێ نا بازدان لە فەلسەفە بەسەر ڕیشەدا. مەبەستی سەرەکیمان لەو ناو لێنانە ئەوە بوو چۆن ئەوە نیشان بدەین کە بازدانی ئێمە لە فەلسەفەدا بەسەر ڕیشەدا پۆلێک کێشەی بۆ دروست کردووین. ئەڵبەتە لێرە مەبەستیش لە ڕیشە، کە دوو لایەنییە، ئاساییە کێشمەکێشمی ڕووناکبیری بۆ خوێنەر دروست بکا. هۆیەکەشی ئەوەیە ئێمە وای دەبینین یەکێ لە لایەکان برێتییە لەوەی ئەو ڕیشەیەی فەلسەفە خۆی لەسەر بوونیان دەنێ ئەوە ڕوون دەکاتەوە فەلسەفە وەک دیسپلینێکی زانینی، لەناو ئێمە هیچ وێنەیەکی نەخستووەتەوە و، لایەنی دووەمیش ئەوەیە فەلسەفە لای ئێمە لە پێوەندیدا نەبووە بە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیەوە، کە ئەوەش گریکستانە (یۆنانستانە). نەبوونی ئەم پێوەندییەش کارێکی وای کردووە ئێمە نەک هەر لە ئەدەبیاتی فەلسەفیی یەکەم پۆلی بیریارانی فەلسەفە بێ ئاگا بین، بگرە بەو ڕیشەیەش نامۆ بین کە فەلسەفەی شارستانیی ڕۆئاوا خۆی لەسەر دامەزراندووە، کە ئەمڕۆ ئەم فەلسەفەیە بەپشتبەستن بەو ڕیشەیە توانیویەتی نوێنەرایەتیی گشت ئایدیۆلۆجیای مرۆڤایەتی بکا.

سەربارى ئەوەی ئاماژەمان پێ کرد ئەوەش دەڵێین: ئێمە نووسینمان بەمانای توێژینەوە لەسەر فەلسەفەی یۆنانیی کۆن نییە و ئەمەش کارێکی وای کردووە هەچ کارێ فەلسەفیترمان دەست پێ کردبێ نەیتوانیوە ئەو گرفتە ڕیشەییە چارەسەر بکا کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا. لە نێوەندەکانی فەلسەفەش، لە زانکۆکانی ڕۆئاوا، ئەوە باو کراوە کە هەردەم دەروازەی مێژووی فەلسەفە خۆی بەسەر فەلسەفەی یۆنانی کۆندا والآ بکا و، ئەڵبەتە ئەم خۆوالآکردنەش بناغەیەکی پتەوی بۆ فەلسەفە وەک دیسپلینێکی لە زانین داناوە کە ئێمە بەجۆری ناسیستەماتیک ئەو

زانینەمـان وەدەست هێناوە. یەک لە ڕووەکانی ئەو وەدەسـتـهـێنانە ناسـیسـتـەمـاتیکە ئەوەیە، ئەو زانینە فەلسەفییەی بەدەستمان هێناوە لە ڕێگەی ئەو ڕەخنانەوە وەدەست هێنراون کە لە تێکست و ئەدەبیاتە فەلسـەفییـە غەیرە ئۆریجینالییەکانەوە وەچنگ خـراون. واتە لە بری خوێندنەوەی خـودی ئەدەبیـاتی ئەفـلاتوون، کە بەخـۆی دەروازەیەکی باشـیشـە بۆ ناسـینی سـوکرات و گشت کەلەپووری میـتافیـزیکیی ڕۆئاوا، ئەو تێکسـتـانەمان خوێندووەتەوە کـە ئەفلاتوون ڕوون دەکاتەوە یاخۆ ڕەخنەی دەکا. ئـەڵبەتە زۆر جـار ئەو تێکسـتـانە داوای قووڵبـوونەوە و تێرامـانێکی جـوداوازمان لێ دەکـەن کە ڕەنگە کـەمـیی زانیـاریمان لەسـەر ئەفـلاتوون بەتایبـەت و، فـەلسـەفـەی یۆنانیی کـۆن، کـارێکی وای کـردووە نەک هـەر لەو تێکسـتـانە نەگـەین، بگرە لەو کەلەپوورە فـەلسـەفییـەش بەباشـی نەگـەین ڕۆئاوا خـۆی پێ جیـهـانـی کردووە. ئەمـە کێشـەیە و وەلێ کێشـەکە نە هـەر بەم شـێـوەیە و نە هـەر ئەمەشـە. بگرە کێشەکە ڕوویەکی تری هـەیە و تا ڕادەیێ جۆراوجۆریشـە. وا لای خوارەوە بە کورتی ئەم لایەنە بەسـەر دەکەینەوە:

کاتێ کـە باس دێتە سـەر ئەوەی پێی دەڵێن فـەلسـەفـە هـەردەم فەلسـەفەی شارسـتانیی ڕۆئـاوامان پێش گشت شارسـتـانییەتەکانی تر بیر دەکەوێتەوە و ئەمەش بەبێ ئەمـلا و ئەولا فەلسـەفەی یۆنانیی کۆنمان بیـر دێنێتـەوە. ڕاسـتـە فەلسـەفـە تەنیـا لە فەلسـەفـەی یۆنانی بریێتی نییـە، بەڵام فـەلسـەفـەی یۆنانی ئەو فەلسـەفەیە زەوینەیەکی زانینی بۆ فەلسـەفەی ڕۆئاوا دابین کردووە. ئەو زەوینە زانینییـە هـەر ژێرخـانە مـیـتۆدییـەکـەی فـەلسـەفـە ناگرێتەوە بگرە ئەو دیسـپـلینەش دەگـرێتـەوە فەلسـەفـە وەک زانینێک پێی وابـەسـتـەیە. ئەم لایەنەش وای کـردووە فـەلسـەفـەی دواتری ڕۆئاوا هـەرگـاڤ گفـتوگـۆی ئەم فـەلسـەفـەیە بکا. بەڵام لەم بارەیەوە فـاکـتـەیەک هـەیە گرینگە لێرەدا وەبیـربـهـێنرێتـەوە کـە، ئەوە تەنیا فەلسەفـەی ڕۆئاوا نییە گفتوگۆی ئەم فـەلسـەفەیە دەکا بگرە گشت فەلسـەفـەی مرۆڤایەتی جار جارە دێتـەوە سـەر ئەم فـەلسـەفـەیە و لە گەلێ شـوێنیش لە جیـهـاندا ئەم فـەلسـەفـەیە بووە بە دەروازە بۆ کـتێبـەکانی مـێژووی فەلسـەفـە. بەڵام ئەم پێداگرتنەی ئێـمـە لەسـەر ئەوەی فـەلسـەفە ڕیشـەیەکی ئەورووپاییی هـەیە، مانای ئەوە نییە فەلسـەفە ڕەنگی تر و دەنگی تری تێدا بەدی ناکرێ.

هـەر سـەبارەت بەم لایەنـە دێریدا، لەو کۆنفرانسـەی لای سـەرەوە ئاماژەی پـێ درا، ئەوەمانیش پـێ دەڵێ کـاتێک باس لە ئەورووپاییـبـوونی ڕیشـەی فـەلسـەفـە دەکـەین دەبـێ خـۆمـان لە مـەسـەلەی ئیـرۆسـێنتـریزم دوور خـەینەوە. لێرە دێریدا سـەرنجـمـان بۆ ئەو لایەنە ڕادەکێـشـێ کـە فـەلسـەفـە ئەگەرەکو یۆنانییە بەڵام ئامرازی جیاوازیتریشی تێدایە. مـەبەسـتی دێریداش لەم بۆچوونە ئەوەیە کـە ئێـمـە دەکـارین باس لە ڕووداوی فـەلسـەفـیی جـۆراوجـۆر بکـەین کـە بەشـێکیـان لـە ئەورووپایە و بەشـەکـەی تری لە دەرەوەی ئەورووپا. ئەڵبـەتە لـەناو ئەو ڕووداوە فـەلسـەفـییـانەدا ئیـرۆسـێنتـریزم و ئەنتی ئیـرۆسـێنتـریزمـیش بەدی دەکرێ(٤٧). وەلێ وەک سـەرنج لەسـەر قـسـەکـانی دێریدا ئەوەش دەڵێین کـە، ترس لە ئیرۆسـێنتریزم نابێ وامان لێ بکا باس لە ڕیشـەی بەئەورووپاییبوونی فـەلسـەفـە نەکەین. ئەوەتا ئەو کـتێبانەی گروونەن بۆ فـەلسـەفە لەو وڵات و یان کولتـوورانەی غەیرە ئەورووپایین، وەک عەرەبی یان ئیـسـلامی بەگشـتی و، هیندی و چینی و... هتد بەتایبەتی، بەبێ فەلسـەفـەی کۆنی یۆنانـی و هـەروەهـا بەبێ فـەلسـەفـەی نوێی ڕۆئاوا هـەنـاسـە نادەن. بەڵام ئـەگـەر جـیـاوازیێکیش لەم

ڕووەوە بوونی هەبێ ئەوا جیاوازییەکە لە سەردیی ئەو فەلسەفانە و وتنەوە و ڕاڤەکردنیاندایە تا شتێ تر. ڕاستە لە زانکۆکانی ڕۆئاوا (بۆ نموونە لە ئەسکەندەنافیا) لە مەنهەجی خوێندنی فەلسەفە بایەخ بە فەلسەفەی ئیسلامی یان فەلسەفەی هیندی و چینی نادرێ، بەڵام گەر فەلسەفە لەم وڵاتانە ئەمە نەکا پرۆسەی فێربوون و وتنەوەی فەلسەفە دڵی لە لێدان ڕاناوەستێ. هۆیەکەشی بەپێی تێڕامانی ئێمە تەنیا ئەوەیە فەلسەفە لە ڕۆئاوا دەتوانێ بەگەڕانەوە بۆ ڕیشەی خۆی پێداویستییەکانی خۆی پڕ بکاتەوە. بەڵام لە شوێنەکانی تر فەلسەفە ئەمەی پێ ناکرێ و بەتایبەت لای ئێمە. لای ئێمە فەلسەفە بەبێ فەلسەفەی ڕۆئاوا ناتوانێ یەک ئینج ڕێ بکا.

بەڵام مەبەست لە هەموو ئەمەی باس کرا، تەنیا ئەوە نەبوو باس لە گرووند لە بیری فەلسەفیی ڕۆئاوا بکەین، بگرە ئەوەش بوو بۆ دەبێ ئەم گرووندە لە بیری ئێمەدا بەگشتی و لە بیری فەلسەفیماندا بەتایبەت ڕەنگی نەدابێتەوە. بەباوەڕی ئێمە ڕەنگنەدانەوەی ئەم گرووندە نەک هەر بووەتە هۆی ئەوەی بیرێکی فەلسەفیی ستاندار لەناو ئێمە دروست نەبێ، بگرە ئەو لایەنە کارێکی واشی کردووە بیری ئەدەبیشمان (ئەڵبەتە سیاسیشمان) پاشکەوتوو بێ. ئێمە لێرەدا و لەم ڕووەوە گەر بدوێین تەنیا ئەوەندە دەڵێین: بیری ئەدەبی و سیاسیی ڕۆئاوا تا ئەمڕۆش لەگەڵ ئەو بنەما ئەدەبی و سیاسییانە لە دێباتدایە فەلسەفەی یۆنان بناغەی بۆ داناون، بەڵام ئەم دێباتە لە بیرە ئەدەبی و سیاسییەکانی تردا بەو ئەندازەیە ئامادە نییە. هۆش لەو بارەیەوە زۆرە، بەڵام ڕەنگە سەرەکیترین هۆ ئەوە بێ ئەو بیرە سیاسی و ئەدەبییەی لە یۆنانی کۆندا باو بووە، نەتوانراوە لەناو ئەزموونە سیاسی و ئەدەبییەکانی تردا نە هەڵگیرێتەوە و نەش گەشەی پێ بدرێ. بەڵام ئەوەی بە ئێمەی کوردەوە لەو بارەیەوە تایبەتە، زۆر بەکورتی، ئەوەندەیە کە باری کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسیی ئەو ناوچانەی کوردی تێدا ژیاوە ڕێگر بووە لە بەردەم ئەوەی ئەو ئەزموونە سیاسی و ئەدەبییەی یۆنانیی کۆن لەناوماندا ڕەنگ بداتەوە. گەشەی بیری سیاسی و ئەدەبیی ئێمە کە ئەوەندە لەگەڵ بیرۆکە و ئارگومێنتی جۆراوجۆری نووسەرانی یۆنانی لە گفتوگۆدا نەبووە نەیتوانیوە ئەو تێکستانە بهێنێتە کایەوە بشێ ئەمڕۆ وەک تێکستی ڕیشەیی لە نێوەندەکانی توێژینەوە لە زانکۆکانی ڕۆئاوا لە بەرچاو بگیرێن. بۆیە ئێمە وای بۆ دەچین ئەوە گەشەی ئەدەبی نییە ئێمە ئەو هەموو دیوانە شیعری و ڕۆمانانە بە لێشاو چاپ دەکەین یان ئەوە ڕابوونی سیاسی نییە ئێمە خاوەنی پەرلەمانێکی پەرتین. چونکە واتای ئەدەبی و سیاسیی ئێمە جارێک بێلانەیە و شوێنێکی لە دنیای واتای جیهاندا داگیر نەکردووە. لەم ڕووەوە چەندان ئارگومێنتی جیا دەشێ بەنموونە بهێنرێتەوە کە یەکێکیان دەکرێ ئەوە بێ کوان ئەو تێکستانەی ئەمڕۆ وەک تێکستگەلێکی ئۆریجین دەشێ تەماشا بکرێن؟ ڕوونتر بپەیڤین دەڵێین: ئێمە تێکستگەلێکی ئەوتۆمان بەرهەم نەهێناون ئەمڕۆ بکرێ وەک سەرچاوە لە نێوەندەکانی لێکۆڵینەوە و پشکنین لە زانکۆ نێودەوڵەتییەکاندا بەکار ببرێن. ئەڵبەتە ناشکرێ و مەحاڵیشە هەندێ هەستی ناسیۆنالی و یان بۆچوونی وێژەی وامان لێ بکا پەنا بۆ ساغکردنەوەی هەندێک شت ببەین کە هێزی فاکتەربوونی تێدا لاوازە. چونکە بە نموونە هێنانەوەی بەرهەمەکانی خانی یان مەحوی یان کاری یەک دوو ئەکادیمیکاری کورد کە لە ڕۆئاوا کاری ئەکادیمی دەکەن ئەوە ڕوون ناکەنەوە، ئێمە خاوەنی

تێکستگەلێکی پوختین لە شێوەی ئەو تێکستە فەلسەفییە پوختانەی لە ڕۆئاوا لە یۆنانی کۆنەوە نووسراون. چونکە ئەوە دەمانباتەوە سەر کێشەیەکی تر کە نامانەوێ لەم کورتە باسەدا بێینەوە سەری کە ئەوەش مەسەلەی پێوەندیی نێوان فەلسەفە و ئەدەبە.

بەڵام ئێمە هیچ کات جورئەتی ئەوەش ناکەین نکووڵی لە تێروپڕی تێکستهای کەسانێ وەک خانی و نالی و مەحوی بکەین، بەڵام دەتوانین و زۆر بوێرین تێکستی ئەدەبی یان وێژەیی لە تێکستی فەلسەفی جیا کەینەوە. بۆ ئێمە چۆن گۆتە و کانت جیان یان بۆدلێر یان مالارمێ لە دێکارت یان ڕۆسۆ جوداوازن، هەروەها ئێلیوت لە هۆبز و لۆک جیایە ئاواش و لەسەر هەمان بناغە خانی یان نالی لەو فەیلەسووفە بەجیا دەزانین بە تێکستە باوەڕ پێکراو و دان پێداهێنراوەکانی دەشێ وەک فەیلەسووف ناوزەد بکرێ. ئەم دێباتە دەمانباتەوە سەر گفتوگۆیەکی تر کە ئەوەش جیاکردنەوەی تێکستی ئەدەبییە، بەتایبەت شیعر، لە تێکستی فەلسەفی یان فەیلەسووف لە ئەدیب، بەتایبەت شاعیر، ئەو کاتەش کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شیعر لە فەلسەفە جیا دەکرێتەوە، ئەو کاتە دەکرێ باس لە تێکستی فەلسەفیی پوخت بکرێ. ڕەنگە ئەو هەوڵانەی لەبواری شیعر لە ڕۆئاوا بۆ بەفەلسەفاندنی پەیڤی شیعری کراون زۆر لەو هەوڵانە بەدوور نەبن لە بواری فەلسەفەدا بۆ بەشیعراندنی فەلسەفە کراون. لەم لایەنەشەوە نموونەمان زۆرە بۆ نموونە لەسەر ئەوەی یەکەم (واتە بەفەلسەفاندنی پەیڤی شیعری) دەتوانین مالارمێ وەک شاعیر بە نموونە بهێنینەوە و بەڵام سەبارەت بە حاڵەتی دووەم (واتە بەشیعراندنی فەلسەفە یان بە وتارئامێزکردنی فیکر) دەکرێ نیچە وەک فەیلەسووف بەنموونە بهێنینەوە. بەکورتی تا کاتێک ڕووناکبیری تر لەناو ئێمە نەیێتە دنیاوە، فەلسەفە وەک زانینێکی ئەکادیمی ببینێ و جیاوازییش لە نێوان دیسپلینە جۆراوجۆرەکاندا بکا، سەختە باس لە جیاکردنەوەی ئەدەب لە فەلسەفە یان لە دیسپلینەکانی تر بکرێ. تێکەڵکردنی فەلسەفە بە ئەدەب، بوونی ئەدەب بە بەشێک لە فەلسەفە یان ترسناکتر بدوێین، بوونی فەلسەفە بەبەشێک لە ئەدەب، پرۆسەی نەک پرسیارکردن دەکوژێ، کە هایدگەر پێی وا بووە ویستی فەلسەفەیە، بگرە ئەو کێشە هەمیشەییەش دروست دەکا کە ئەوەی دەوترێ چییە؟ پەیڤێکی فەلسەفییە یان ئەدەبی؟

ئێمە بۆ ئەوەی ڕەوتی ڕاڤەکردنەکەمان پتر ڕوون و دیار بکەین سەبارەت بە پێوەندیی نێوان ئەدەب و فەلسەفە دەچینەوە لای ئەو مێزگردەی دێریدا لە تەک چەند نووسەرێکی تر ئەنجامی داوە، کە بەخۆی لەبارەی ئەو تێکستەوەیە ناوبراو لەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەدا، کە لە ئەپریلی-نیسانی ١٩٩٤دا بەستراوە، لەبارەی وتاری هۆمانییەوە پێشکێشی کردووە. پێش ئەوەی بێینە سەر تێگەیشتنەکانی دێریدا دەمانەوێ ئەوە بڵێین ئێمە لە بەشێکی تری ئەم سەروتارە دێینەوە سەر باری فەلسەفە لە پاش ئەو دابەشبوونە نێودەوڵەتییەی فەلسەفەی ڕۆئاوا تێی کەوتووە. چونکە ئەو دابەشبوونە یان بوونی فەلسەفە بەدوو جەمسەر کاریگەریی خۆی بەسەر ئەو پێوەندییەشەوە هەیە لە نێوان ئەدەب و فەلسەفەدایە. ئەو دوو جەمسەرەش، کە لە زانکۆکانی ئەوروپا پیادە دەکرێ، لەلایەک بریتییە لە جەمسەری فەلسەفەی ئەنگلۆ- ئەمەریکایی "زانکۆ ئینگلیزی زمانەکان و ئەوانەش کە لەژێر کاریگەری ئەواندان وەک زانکۆکانی ئەسکەندەنافیا" هەروەها لەلایەکی تر لە

جەمسەری فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ "زانکۆ فرەنسایی و ئەڵمانی زمانەکان". ئەو دوو جەمسەرەی فەلسەفە وەک یەک ناڕواننە پێوەندیی نێوان ئەدەب و فەلسەفە ئەمەش مانای خۆی بۆ گشت ئەو پێناسانە هەیە لەلایەن فەیلەسووفانەوە بۆ ئەدەب دەکرێن. بۆ نموونە بیریارێک وەک دێریدا، کە یەکێکە لە ڕابەرانی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ، وەک فەیلەسووفانی شیکردنەوەیی، کە فەیلەسووفە ئەنگلۆ – ئەمەریکاییەکان دەگرێتەوە، تەماشای پێوەندیی نێوان ئەدەب و فەلسەفە و تەنانەت پێوەندیی نێوان فەلسەفە و زانستە مرۆییەکانیش ناکات. بەباوەڕی ئێمە فەلسەفەی شیکردنەوەیی نەک هەر پێوەندیی بەئەدەبەوە کەمە بگرە پێوەندیی بەزانستە مرۆییەکانیشەوە کەمە. بەڵام بەبۆچوونی دێریدا پێوەندیی نێوان ئەدەب و فەلسەفە پێوەندییە لە نێوان فەلسەفەی کۆنتنێنتال و ئەدەب لەگەڵ چەند ڕیزپەڕێکدا. هەر لەو بارەیەوە دێریدا دەڵێ: پێم وایە واتای ئەدەب واتایەکی فەلسەفییە و، بەلانی کەمیشەوە ناشیاوە دامەزراندنی ئەم واتایە (واتای ئەدەب) بەبێ فەلسەفە. دێریدا بەخۆی وەک فەیلەسووف بایەخ بە ئەدەب دەدا، بەڵام نەک گشت ئەدەبێک، بگرە ئەو ئەدەبەی گریمانی فەلسەفی لەمەڕ ئەدەب بەشتی تر دەگۆڕێ. دێریدا هەر لەو مێزگردەی لای سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا هەندێ لە فەیلەسووفانی ئەمەریکایی، یان ئەڵمانیاییش، بەوە تاوانبار دەکا فەلسەفە کورت دەکەنەوە بۆ ئەدەب. لەم حاڵەتەدا دێریدا سەری لەوە سوڕ دەمێنێ هابرماز جیاوازی لە نێوان تێکستی ئارتۆژان ژینێ و هیگڵدا نابینێ. بەڵام ئەم بەپێچەوانەوە جیاوازی لە نێوان ئەو تێکستەدا دەکا کە پێی دەڵێن تێکستی ئەدەبی و تێکستی فەلسەفی. سەرباری ئەوە ئەدەب بۆ دێریدا ماهییەتی نییە، بەڵام وەزیفەیەکی تایبەتی هەیە.

هەر سەبارەت بەهەمان بابەت دەمانەوێ ئەوەش یاد بخەینەوە کە دێریدا دەیەوێ بەحورمەتەوە بڕوانێتە ئەو جیاوازییەی لە نێوان ئەدەب و فەلسەفەدا هەیە. وەلێ دەشخوازێ ئەو لایەنەش ببینین چەند فەلسەفی لە ئەدەبدا هەیە. بۆیە دێریدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ناکرێ مالارمێ یان بۆدلێر بەبێ شارەزاییەکی زۆر لەسەر فەلسەفە بخوێنینەوە. بەڵام لەلایەکی تریشەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە لە وتاری فەلسەفیدا ڕووداوی شیعرگەرایی هەیە، هەروەها داهێنانی شیعرگەرایی لە کردەی بیرکردنەوەی فەلسەفییانەشدا هەیە. هەروەها بەبۆچوونی دێریدا واتای فەلسەفیی ئەدەب لەو کاتەوەی ئەفلاتوون لە "کۆمار"دا باسی لە شەڕی نێوان فەلسەفە و ئەدەب کردووە گۆڕانی هاتووەتە سەر، بەڵام گۆڕانەکە بێ وێنە بووە لە ئەدەبدا(٤٨). ئەم دێباتەی دێریدا لەسەر پێوەندیی نێوان ئەدەب و فەلسەفە بۆ ئێمە چەند قسەیەک هەڵدەگرێ لای خوارەوە باسیان دەکەین:

دێریدا باس لە دوو واتا دەکا یەکێکیان فەلسەفییە و ئەوی تر ئەدەبی. ئەم دوو واتایە هەروەک لە سەرەوەش ئاماژەمان پێ کرد بەپێی تێگەیشتنی فەیلەسووفانی ئەنگلۆ–ئەمەریکایی یان شیکردنەوەی و هەروەها فەیلەسووفانی کۆنتنێنتال وەک یەک نین. ئەمەش بەپێی تەماشاکردنی ئێمە لەلایەک پێوەندیی بەجیاوازیی پەرەسەندنی مێژووی ئەو دوو واتایەوە هەیە و لەلایەکی تر پێوەندیی بەجیاوازیی کردەی فەلسەفەکردنەوە هەیە لە نێوان بیریارانی ئەو دوو جەمسەرەی لای سەرەوە ناویان هات. ئاشکرایە دێریدا سەرەتا خۆی بەهەندێ کاری فەلسەفیی پوختەوە سەرقاڵ

کردووه: وەک هەڵوێستەکردن لەسەر فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی هوسرەل و فەلسەفەی زمانەوانیی سۆسێر و فەلسەفەی ڕۆسۆ و شتراوس، بەڵام وردە وردە پێی خستووەتە ناو ئەدەبەوە. مەبەستمان لەمەی وتمان ئەوەیە دێریدا بەدەم نووسینە فەلسەفییەکانییەوە هەڵوێستەی فەلسەفیی خۆی تایبەت بەهەندێ کاری ئەدەبیش بڵاو کردووەتەوە، لەوانە بۆ نموونە لە کتێبی "بڵاوبوونەوە" قسە لەسەر مالارمێی دەکا، بەڵام لە بەشێک لە کتێبی "شیبۆلێت" قسە لەسەر شیعری پۆل سیلان دەکا و لە بەشەکەی تری قسە لەسەر ڕۆماننووسی فرەنسایی هاوڕێی مۆریس بلانشۆ دەکا، کەچی لە کتێبی "گلاس" باس لە ژان ژینێ دەکا. وەلێ لە کتێبی "نووسین و جیاوازیی باس لە ئەنتوان ئارتۆ" دەکا. بەڵام ئەو ئەدەبەی دێریدا فەلسەفەی بەسەرەوە دەکا بەخۆی لەژێر کاریگەریی میراتێکی لە فەلسەفەی فرەنسایی بەتایبەت و فەلسەفەی ڕۆئاوای بەگشتیدا بووە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئێمە بێین و ئەم شێوازە لە نووسین لاسای بکەینەوە و ئەو مێژووەش بشێوێنین لە پشت گەشەی هەردوو واتای ئەدەب و فەلسەفەوە بووە. بۆیە ئەوەی پێوەندی بەئەزموونی نووسینی ئێمەوەیە ئەوەیە ئەدەب هەرگاڤ لەپێشەوە بووە و تاکە بوارێکی ڕووناکبیریش بووە، بەڵام ئەم ئەدەبە نە بەفەلسەفەوە پێوەندیدار بووە و نەش فەلسەفە لەناو ئێمە بەواتا ڕۆئاواییەکەی بوارێکی ناسراو بووە. کاتێک کە ئەدەبی ئێمەش لەو فەلسەفەیە دابڕاوە کە ئەمڕۆ بووە بەسەرچاوە بۆ فەلسەفەی جیهان ئەدەبێکی تر لەناو ئێمە گەشەی پێ دراوە تا ئێستاش لە ئەدەبی ڕۆئاوایی جوداوازە. ئەم ئەدەبە (ئەدەبی ئێمە) ناڵێین بێ فەلسەفە بووە بگرە دەڵێین ئەو شێوە فەلسەفەیە لە پشتییەوە نەبووە کە لە پشت ئەدەبی ڕۆئاواوە بووە. بگرە لە بری ئەوە زانینێکی فەلسەفیی شێوە عیرفانیی لە پشتییەوە بووە. بەڵام گشت فەلسەفە برێتی نییە لە عیرفان.

٢- تێکدانی گرووندەکان لە ڕێگەی تێکەڵکردنی تەوژم و بیریار و واتاکان بەیەکتر

لە نووسینەوە بگرە تا دەگاتە لێدوان و گفتوگۆ و جۆرەکانی تر هەڤپەیڤین تا ئێستا لای ئێمە ئەو نەریتە دروست نەبووە کەسێ ئامادە بێ و بفەرمێ: "من لەوە ناگەم"، "ئەو شتە بواری کارکردنی من نییە" یاخۆ "لەو لایەنە شارەزا نیم" و "پسپۆڕیم لەو ڕووەوە نییە". لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خۆمان وا نیشان دەدەین لە هەموو شتێک شارەزا و پسپۆڕ و بەئاگاین، بەڵام موخابن ئەمە وا نییە. هۆی ئەوەش ئێمە هەموو کات دەمانەوێ خۆمان وەک بزان و کارامە و دانا ببینین بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە ئێمە لە مێژوودا نەتەوەیەکی چەوساوە بووینە و داگیرکەران ڕێی هاتنەگۆیان لێ گرتووین و کردەی پەیڤینیان لێ زەوت کردووین. نەخێر وا نییە و ئەوە زێدەڕۆییەکی ناسیۆنالی نابینایانەیە. چونکە خەباتی ناسیۆنالی کورد کە تەمەنی پتر لە ١٠٠ ساڵە ئەوە بەهەڵە و نادروست دەخاتەوە. مەبەستمان ئەو خەباتە پڕ لە دیرۆکەی کەسی کورد هەردەم یادی دەکاتەوە ئاماژەیە لە دیرۆکی وەگۆهاتنی ئەم کەسە و ئامادەنەبوونی لە بێدەنگبوون. کەواتە هۆی ئەو پرسیارە چییە کە لای سەرەوە خستمانە ڕوو؟ بەباوەڕی ئێمە هۆی ئەوە لەلایێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمەی کورد مرۆڤین و دەخوازین هەرگاڤ بێینە گۆ و گوزارە لە سێرکردنەکانمان بکەین و ئەڵبەتە ئەوەش مافێکی سروشتییە. بەڵام ئێمە لەوە بەئاگا نین کە ئەم مافە سروشتییە لەگەڵ گەشەی مرۆڤایەتی

گۆڕانی بەسەردا هاتووە و نەریتی تر شوێنی پڕ کردووەتەوە، یەک لەوانەش ئەو نەریتە شەفافە هێمنانەیە ئەمڕۆ گەلێ لە مرۆڤی سەردەم دڵبەستە پێوەی، واتە ئەوەی مرۆڤ ئامادەیە لە هەندێ حاڵەتدا بەشێوەیەک بێتە گۆ جیاوازە لەو نەریتە نموونەیییەی خۆی لەسەر بنیات ناوە. واتە دەکرێ بوترێ "من لەوە ناگەم"، "من شارەزاییم لەم شتە نییە" و یان ئەوەی دەوترێ ناشێ ببێ بە شتێ نموونەیی و چەقی گشت شتێک. چونکە ئەمە هەڵەیە و ئەزموونی مرۆڤی نوێش ئەوەی بەوردی سەلماندووە ناشێ ئەوەی دەوترێ هەر ئەوە بێ. بەڵام لەلایەکی تریش هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمەی پێی دەڵێین کەسی کورد، کە کەمترین لێکۆڵینەوەی لەبارەی خۆیەوە کردووە، گرفتێکی دەروونی و ویژدانیی زۆری هەیە و ئەمانەش تەگەرە لە بەردەم دنیابینی و دیتنەکانیدا دروست دەکەن. ئەم لایەنەش بەرەو ئەوەمان دەبا بڵێین واتای ئاگاییی کەسی کورد، کە شایانی تێڕامانێ زۆرە و مێژوویەکی خۆی هەیە، ئەم مێژووە کەمترین خوێندنەوەی بۆ کراوە و لەوەش تێ پەڕێ ئەوەیە ئەم ئاگایییە لە ئاگاییی تاکی کورددا مێژووییانە خۆی بنیات ناوە. بۆ ئەوەی وتنەکەشمان بەڵگەدار بکەین لەم ڕووەوە نموونەیەک دێنینەوە.

چەند ساڵێ لەمەوبەر لێدوانێکمان خوێندەوە کە لە تەک چیرۆکنووسێکی کوردی کوردستانی باشووردا کرابوو، ئەم لێدوانە لە هەفتەنامەیەکدا بڵاو بووەوە لە کوردستانی ڕۆهەڵات دەردەچێ، ئەوەی لەم لێدوانە سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا ئەوە بوو ئەم چیرۆکنووسە لە میانەی ئەو لێدوانە پتر لە سێکیۆلۆجی (سێکسناس)ییە تیۆریزەی بەسەر سێکسەوە کردبوو و زۆرتر لە ژاک لاکانیش بیریاری بەسەر فرۆیدەوە کردبوو، ئەمە کە بەباوەڕی ئێمە، نەدەبایە بکرایە هۆی لە پاڵ کردنیەوە هەیە. بەدڵنیاییەوە هۆیەکە تەنیا ئەوە نییە ئەم چیرۆکنووسە بەڕێزە دەیەوێ تەنیا چیرۆکنووس نەبێ، بگرە دەروونناس و سێکسناسیش بێ، بگرە ناوبراو دەیەوێ بڵێ من کە نەستی کەسی کورد دەخوێنمەوە تابۆناسیشم. پرسیارەکەی ئێمە لەم چیرۆکنووسە بەڕێزە ئەوەیە، باشە دەکرێ مرۆڤ تابۆناس بێ و کۆرسێکی لەسەر دەروونناسی، فەلسەفەی ئاگایی، سێکسوالیتێ نەخوێندبێ؟ بەباوەڕی ئێمە ئەمە نابێ و ئەستەمیشە بوونی. ئەوەی ئەم چیرۆکنووسە بۆ نموونە لەو لێدوانە کردوویەتی، کە ئەمەش یەکەم جاری نییە، دوو شتی بیر خستینەوە. یەکەمیان ئەوەی بیر خستینەوە کە ڕووناکبیری ئێمە وەک موجاهید قسە دەکا. موجاهید کە هەردەم خۆی بە بزان و دانا لە گشت شتێک لە قەڵەم دەدا زۆرترین گرینگیش لە قسەکانیدا بە خودی خۆی دەدا. ئەم گرینگی پێدانە بەخۆش فۆرمی زۆرە کە یەکێکیان خۆ بەگوناه زانینە. وەکی تریش ئێمە گومان ناکەین پێوەندی لە نێوان سێمانتیکی (دەلالات) بیرکردنەوەی ڕووناکبیریی ڕووناکبیری ئێمە و موجاهیدێکدا نەبێ، چونکە ئێمە بنیاتی ڕووناکبیریمان (ئینتلێکتمان) بنیادتێ تیۆلۆجی (لاهووتی)ی هەیە. ئەڵبەتە تا ئەو سیستەمە تیۆلۆجییەش کە ئەم بنیادەتەی دروست کردووە نەمرێ، ناکرێ ئاگای کەسی ڕووناکبیری ئێمە لە موجاهیدێک جودا بکرێتەوە. هەر بۆیەشە ڕووناکبیریی ڕووناکبیری ئێمە لەگەڵ زانینی موجاهیدێک لە کۆنتراستدا نییە. بەڵام بۆ ئەمە بەم جۆرەیە؟

جگە لەوەی لای سەرەوە ئاماژەی پێ درا لەم ڕووەوە گەلێ هۆ هەن دەشێ ئاماژەی پێ بدرێ

یەک لەوانە ئەوەیە، هەروەک لە هەقـایەتی ئـەم چیـرۆکنووســە بەڕێزە بـەدیمان کـرد، ئەندێشــەی سـیاسـیی ئێمـە، کە زۆر تیـۆلۆجییە، هەردەم کارا بووە لەوەی بتوانێ ئەو ئاگاییـە پەتائامێزە لای ڕووناکبیـری ئێمـە دروست بکا کـە بێ ئـەندازە و بەبەردەوام خـۆی بە باش و بێ خـەتا نیشـان دا.
هەرچی دووەمـە ئەوەیە کە ئێمە نەک هەر بـێ گرووندییەکی زۆر لە نووسـینەکانماندا بەدی دەکرێ بگرە ئێـمـە لـە هەڤـپـەیڤین و گـفـتـوگـۆکـانیـشـمـاندا، کـە بەخـۆی سـەرچاوەی لە نـووسـینە هەڵەئامـێـزەکانمانەوە هەڵگرتووە، قـوتابخـانە فیکری و پۆل و زانینە جۆراوجـۆرەکانیش بـەیەکتر تێکەڵ دەکـەین. کـاتێک چیرۆکنووسـێک سێکسناس و ئافرەتناس و یان ئەدیـبێک فـەیلەسـووف و کـۆمـەڵنـاس و هـەروەها کـۆمـەڵناسـێک مـێـژووکـرد و ئەدیب و ئیـسـلامـی سـیـاسـیـناسـیش بێ، بەدڵنیاییـیەوە نە دەکرێ دەرک بەوە بکرێ چیرۆکناسی لە سێکناسی جیایە و هەروەها نەش ئەوەی کە کـۆمـەڵناسـی و مـێـژووکردیش دوو پۆل و دوو بواری جـیـان لە دیسـپلین. بۆ ڕوونکـردنەوەی ئەو لایەنانە، بەڵام لە چوارچێوەی باسـەکەدا بەپێویسـتی دەزانین هەندێک ڕوونکردنەوە بدەین کە چەند بوار و پۆلەکانی زانین لە تەک یـەکدا لـە کۆنتـراسـتدان و هەریەکەش لەوی تر جـیـایە. ئێـمـە لێرەدا تەنیا بـاس لە فەلسـەفـە دەکەین و هەناوی ئەو کۆنتراسـتە ڕوون دەکەینەوە کە تێگەیشتنێک لەسەر ئەو لایەنانە دەدا کـە شـایانی ئاوڕدانەوەن. بۆیە بەپێویسـتی دەزانین بگەڕێینـەوە سەر ئەو فـێـڵانەی لە فەلسـەفـە کراون، ئەمەش تاوەکو ئەوە ڕاڤـە بکەین چۆن فەلسـەفە لە نافـەلسـەفە و غەیرە فـەلسـەفە جیـایە. هـەر بۆیەشـە وای بۆ دەچین یەکێک لـە بەرچاویتـرین لەو فـێـڵانەی لەناو ئێـمـە لە فـەلسـەفـە کراوە، کـە ئەوەش بەخـۆی فێڵـە لە فەلسـەفەی ڕۆئاوا، بـازدان بووە بەسـەر ئەوەی پێی دەڵێن لەلایەک گروونـد لە فەلسـەفە و پرسـیارە بناغـەیییەکانی فەلسـەفەی ڕۆئاوا و، لـەلایەکی تر تێکەڵکردنی چا خ (ئێپۆک) و شـەپۆل و قـوتابخـانە فـەلسـەفـیـیـەکان بەیـەکتـر. ئەمە چۆن و بۆ کراوە؟ بۆ وەڵامـدانەوەی ئەمەش بەپێویسـتی دەزانین ئەم پەرەگرافەی لای خوارەوە بنووسین و لە درێژەی نووسینەکەدا ئەوە ڕوون دەکەینەوە چۆن فەلسـەفە نەک هـەر فێڵی لێ کراوە بگرە شێوێندراویشە.

ئەگەر تەماشای فەلسـەفەی ڕۆئاوا بکەین، کە ئێسـتا لە زۆربەی نێوەندە فەلسـەفییەکانی جیـهان بووە بە مـۆدێلێکی لـە بیرکـردنەوەیەکی بـاوەڕ پێکراو، دەبینین وتـنی ئەم فـەلسـەفـەیە پێش هەمـوو شـتێک لە باسـهێنانـە پێشـەوە لەسـەر یەزدان برێتی بووە، دەکرێ ناوی تریش لەم لایەنە بنرێ کە ئەوەش میـتافیزیکە. واتە، سـەرەتای فەلسـەفەکردن و هێنانەگۆ لە بواری فەلسـەفە لە ڕۆئاوادا، یان باشـتـرە بڵـێین دەروازەی یـەکـەمی کـردەی فـەلسـەفـەکـردن، بـاس هێنانـە پێـشـەوە بـووە لەسـەر مـیـتـافـیـزیک. مـەبەسـتـیـشـمـان لە مـیـتـافـیـزیک، بەواتا فراوانەکەی، قسـەکردنە لەسـەر پرسـیـارە تیـۆلۆجـیـیـەکـان کە بەردی بـناغـە بـۆ باسـهـێنانـە پێشـەوە لەبارەی بۆ نموونە گـەردوون دادەنێن. بەبێـگومـانیـشـەوە دەڵێین کـە، ئەنجـامـدانی ئـەمـەش ئەو هێـنانە گـۆیـانە بەرهەم دێـنن کـە داوای شـارەزاییەکی قووڵمان لێ دەکەن لە ئەسـتێرەناسـی و کۆسـمۆلۆجی (گەردووننـاسـی) و ئاینناسـی و تا دەگاتە شـارەزای لە زانستە سروشتییەکان، لەوانە فیزیا.

فـەلسـەفەی ڕۆئاوا کە هەر لە یەکەم وتنییـەوە باسـی بوون و نەبوونی یەزدانی کردووە بەدەروازە بۆ هـاتنە نـاو گـشت گفـتـوگـۆیەکی فـەلسـەفـیـیـەوە تا ئەمـڕۆش ئەم لایەنەی پـشـتگوێ نەخسـتـووە.

فەلسەفەش لە ڕۆئاوا، کە لەگەڵ یەکەم ئەکادیمیا لەسەر دەستی ئەفلاتوون دروست بووە، خۆی وەک دیسـپلینێکی ئـەکـادیمی دەرخـسـتـووە و بەردی بـناغـەی فـەلسـەفـەشی لـە ڕێگەی وتن لـەبارەی میتافیزیکەوە بەهێز کردووە. ئەم ترادیسیۆنەش کارێکی ئەوتۆی کردووە فەلسەفە و میتافیزیک لە یەکتر جودا نەکرێنەوە. زۆربەی ئەو فەیلەسووفانەش کە ویستوویانە کۆتایی بەبیرکردنەوەی میتافیزیک بهێنن، قسەی خۆیان بەو هێزەوە تایبەت کردووە کە چارەنووسی فەلسەفەی ڕۆئاوا دیاری کردووە. لەم ڕووەشەوە نامانەوێ دوور کەوینەوە و بە پێویستیشی نازانین گشت مێژووی فەلسەفەی ڕۆئاوا بەسەر بکەینەوە تەنیا ئەوە نەبێ کە قسەیەکی کورت لەسەر ڤیتگنشتاین دێنینە پێشەوە کاتێک لە یەکەم بەرهەمیدا بەنێوی «تراکتاتۆس لۆجیکۆ فیلۆسۆفیکۆس»(٤٩)دا کار بۆ کۆتاییهێنان بەفەلسەفە دەکا ئەوەش لە ڕێگەی لەناوبردنی میتافیزیک. ئەم فەیلەسووفە نەمساوییە کە لەم کارە زۆر بەناوبانگەی کۆشش بۆ کۆتاییهێنان بەمیتافیزیک دەکا، خۆی پاشان دەکەوێتە ناو لۆجیکێکی میتافیزیکییەوە. کۆتاییهێنان بەمیتافیزیک بۆ ڤیتگنشتاین کە خۆی لە کۆتاییهێنان بە بیری فەلسەفی دییەوە دواتر بەجۆرێکی زۆر ئاڵۆز لەسەر ژیانی شەخسیشیی کەوتەوە. مەبەستمان ئەو هەڵوێستەی ڤیتگنشتاین کارێکی ئەوتۆی کرد ناوبراو واز لە کاری فەلسەفی بهێنێ و خەریکی بۆ نموونە باخەوانی و دواتر مامۆستایەتی لە قوتابخانەیەکی میللیدا بێ. ئەوەی لێرەدا گرینگە بەبۆچوونی ئێمە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوە نییە فەلسەفەکردن بەپێی تێگەیشتنی ڤیتگنشتاین دەستنیشان بکەین، بگرە ئەوە گرینگە کە ئەوەی پێ دەوترێ فەیلەسووف لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆئاوا قسەی لەبارەی میتافیزیکەوە هەبووە. فەلسەفەش کە بێ ئەم قسەکردنە نەژیاوە، یەکێکە لە خەسڵەتە دیار و ڕوونەکانی فەلسەفەی ڕۆئاوا و، هیچ ڕەنگدانەوەیەکیشی لەناو تێڕامانی ئێمە، ئەوانەی فەلسەفەیان کردووە، نەبووە. هۆی ئەمەش بەزۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە فەلسەفە لای ئێمە بەتایبەت ئەوەی پێی دەڵێن فەلسەفەی ڕۆئاوا، فەلسەفەی گریک، لە ئەندێشەماندا گرووندی دانەکوتیوە. ئەمەش پێوەندییەکی زۆری بەهەندێ دیاردەوە هەیە کە لای خوارەوە دەکەوینە باسکردنیان.

لای ئێمە فەلسەفە وەک یەکێک لە پۆلەکانی زانستە مرۆییەکان هیچ بنەمایەکی مێتۆدی نییە و ئەو فێربوونە فەلسەفییەش کە لای چەند کەسێک بەدی دەکرێ نە لەژێر سایەی دیسپلینێکی فەلسەفیدا وەدەست هاتووە و نەش فەلسەفە وەک دیسپلینێکی ئەکادیمی لەناو ئێمە تەماشا کراوە. دوورکەوتنەوە لە فەلسەفەش لەناو ئێمە، کە کێشەی میتۆدێکی بۆ خوڵقاندووین، لە خوڵقاندنی کێشە لەناو پرۆسێسی خۆ بەرووناکبیربوونیشمان بەرپرسیارە. وەکی تریش، دوورکەوتنەوەمان لە فەلسەفە کە دوورکەوتنەوە بووە لە تێڕامان و تێ خوردبوونەوەی پڕ و قووڵ ئەم لایەنە کاریگەرییەکی زۆر نێگەتیڤانەی بەسەر کردەی ڕەخنەییمانەوە بەجێ هێشتووە. لەم بارەیەشەوە هیچ زێدەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین: فەرموون لە کوردستانی ئەمڕۆ تەماشای کتێبی قوتابخانەکان بکەن هەر لە سەرەتاییەوە تا قۆناغی ئامادەیی و لەوێشەوە بەرەو تەماشاکردنی ئەو کتێبانە بڕۆن کە لە کۆلێجە جیا جیاکان و ئەمجار خوێندنی باڵا دەخوێنرێ بزانن هیچ یەکێ لەو کتێبانە پێوەندییەکی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەفەلسەفەوە هەیە. بۆ نموونە قوتابیی ئامادەیی لای

ئێمـه ئەگـەر بە فـەلسـەفە ئاشنا نەبووبێ پاش ئەوەی دەگـاتە پلەی خـوێندن لە زانکۆ دیسـانەوە بەهەمان تونێلی بێ ئاشنابوون بەفەلسەفەدا دەبرێ. ئەم قوتابییە پێش گەیشتنە قۆناغی زانکۆ، کە هیچ وانـەیەکی ڕاسـتـەوخـۆی لەسـەر فـەلسـەفـە نەخـوێندووە تا ئەو ڕۆژەی زانکـۆش تەواو دەکـا بەفـەلسـەفـە ئاشـنا نابێ. نەک هـەر ئەوە بگرە لـە قـۆناغی خـوێندنی بالآشـدا ئەم کـێـشـەیە هەر بەردەوامە.

لە ڕۆئاوا کە لە سـەرەتاییەوە بایەخ بە فێربوونی فەلسەفە دەدرێ، ئەم بایەخە وردە وردە زیاتر دەکا و هێدی هێدی ئاڵۆزتر دەبێ. ڕاستە زۆرجار ئەو فەلسەفەیەی لە قوتابخانەکاندا دەوترێتەوە خـۆی لە نێـوان ئاین «فـەلسـەفـەی ئاین» و مـێـژوو «مێـژووی بیـر» و فـەلسـەفە «فـەلسـەفـەی مێژوو»دا دەبینێتەوە، بەلآم ئەو فـەلسـەفەیە ئەو توانایەی تێدایە زانیـارییەکی بلآو و گشـتیش لای قـوتابییـان دروست دەکا، بەلآم هەمـوو ئەوانە لە بایەخی ئەو فـەلسـەفـەیە کەم ناکەنەوە کە دەخـوێنرێ. چونکە لەلایەک ئەوەی دەوترێتـەوە بـە شـارسـتـانیی ڕۆئاواوە تایبـەتـە، کـە ئاسـانتـرە بۆ قـوتابییـان هەرسکردنی، لـەلایەکی تریش ئەو فێـربوونـە فـەلسـەفـییـەی لە قـوتابخـانە و تەنانەت کـۆلێـجـەکانی فـەلسـەفـە لە ڕۆئاوا دەوترێتـەوە لـە شـێـوازی ژیانی ڕۆئاواوە نزیکە یان هـەر ئەو ژیانە دەگـێـڕێتـەوە ڕۆئاوا دەیژێ. مایەوە ئـەوەش بڵێین کە لە بەشـی خـوێندنی بالآ لە زۆربەی کۆلێجە جیا جیاکان، چ لە کۆلێجی زانستە مـرۆییـەکـان و چش لە کۆلێجی زانسـتە ئیمـپیری (تەجریبی)ەکاندا، لە زۆربەی وڵاتانی ئـەوروپاییـدا ڕۆهـەلآت و ڕۆئاواش تاقـیکردنەوەیـەکی مـەرکـەزی لە فـەلسـەفـە دەدرێ و ئەو پرسیارانەش کە لەو بارەیەوە ئامادە دەکرێن بەجۆرێکی زۆر سـەردەمی و نزیک لەو گەشـەیەوە دەبن کـە بیری فـەلسەفی بەخـۆیەوە دیویەتی. کێشـەکە تەنیا ئەوە نییە کۆلێجی فەلسـەفە لە فلآن زانکۆ هـەیە یان نەخێـر، بگرە ئەمرۆ لە ئەوروپا گەشە بە ترادیسـیۆنێک دەدرێ کە لە زۆربەی کۆلێجـەکانی زانسـتـە مـرۆییـەکان و دواتر سـروشتییـەکانیـشدا فـەلسـەفـە وەک وانـە دەخوێندرێ. فـەلسـەفـەش لە زانکۆکـانـی ئەوروپا ئەوەندە لق و پۆپی لـێ بووەتەوە کـە بکارێ خـۆی لەگـەڵ ئەو جـۆراوجـۆرییـانەدا تەبا بکا کـە زانسـتـەکان بەخـۆیانەوە دەیبینن. هـەر بـۆ ئەو مـەبەسـتـەش لێـرە هـەندێ نموونە دێنینەوە کـە لە گـەلێ ڕووەوە بەڵگەن لـەسـەر دروسـتـبـوونـی ئەو لق و پۆپەی باسـمـان لێوە کـرد. «فـەلسـەفـەی ڕاگـەیاندن» کـە لە بەشـی ڕۆژنامـەگـەری و ڕاگـەیاندنـدا بایەخی دەدرێتێ، «فـەلسـەفـەی مـاف» کـە لە بەشـی یاسـا دەخـوێندرێ یاخـۆ «فـەلسـەفـەی سـیـاسـی» کـە لە بەشـی زانسـتـە سـیـاسـیـیـەکـاندا دەوترێتـەوە. هـەروەها «فـەلسـەفـەی ڕەوشـت» کـە لـە گـەلێ لە کـۆلێـجـەکـاندا دەخـوێندرێ ئـەمـە و تا دەگـاتـە «فـەلسـەفـەی زمـانـەوانـی» و «فـەلسـەفـەی لۆجیک» کـە هیچ دوور نـاڕۆین لـە بەشـی ئەدەب و زمانـەوانیدا زۆر بایەخـی دەدرێتێ، ئەمـە و پاشـان «فـەلسـەفـەی ئاگایی» کە لە بەشـی دەروونناسـیدا گرینگییـەکی زۆری پـێ دەدرێ، هـەروەها وتنەوەی «فـەلسـەفـەی ئاین» و «فەلسەفەی مێژوو»ش کە لە گـەلێ لە بەشـەکانی زانسـتـە کۆمـەلآیەتییـەکاندا شـوێنی دیارە و هـەرچی «فـەلسـەفـەی هونەر»ە، کـە هـەندێ جـار ناوی وەک «فـەلسـەفـەی جـوانکاری»ی لێ دەنرێ لە بەشـی شـێـوەکـاری و ئـەدەبدا گـرینگیی خـۆی هەیە ئەمـە و تا دەگـاتـە هەندێ لق و پۆپی تر کـە لەم سـالآنەدا لە گـەلێ لە کۆلێجەکانی زانستە مرۆییەکاندا بایەخی دەدرێتێ لەوانە: «فەلسەفەی بەها»، «فەلسەفەی موراڵ-

ئاکار–»، «فەلسەفەی فێمینیزم»، کە هەندێ جار بە «فەلسەفەی ژیندەر» ناو دەنرێ، «فەلسەفەی ژینگە»، «فەلسەفەی ڕەوشتی ئاژەڵ» و «فەلسەفەی ڕەوشتی پزیشکی». ئەمانە بەشێکن لەو لق و پۆپانەی فەلسەفە لەم ساڵانەی دواییدا نەک هەر لە کۆلێجەکانی بەشی «فەلسەفەی تیۆری» و «فەلسەفەی پراکتیک» دەخوێندرێن، بگرە لە گەلێ لە بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان و دواتر بەشی زانستە کارئەندامزانییەکانیشدا دەخوێندرێن. هەڵەش ناکەین لێرە بێژین ئەو هێڵکارییە تازەیەی وتنەوەی فەلسەفە لە ڕۆژئاوای تازە تێی دەژی نێوەندی نە ئەکادیمی و نەش ڕووناکبیریمان پێی ئاشنا نییە.

بۆیە پرسیاری ئێمە لێرە ئەوەیە: ئاخۆ بەباوەڕی خوێنەری ئەم باسە هیچ لقێک لەو لقانەی فەلسەفە کە لای سەرەوە ئاماژەی پێ درا لای ئێمە دەخوێندرێ؟ ئاخۆ گەر بخوێندرێ ئەو پرۆگرام و سیستەمەی لە وتنەوەی ئەو لقەدا بالادەستە هاوشێوەی ئەوەیە کە لە زانکۆکانی کامبرج، هارڤارد، ستۆکهۆڵم و برۆکسل بۆ نموونە هەیە؟ ئاخۆ هەریەک لە لقەکانی فەلسەفە و دواتر هەریەک لەو بیرۆکە و تیۆرییانەی لە بواری ئەو لقەدا کاری لەسەر دەکرێ، پسپۆڕ و توێژەرەوەی خۆی هەیە؟ بەدڵنیاییەوە دەڵێین نەخێر و چەندان جاریش نەخێر. بۆ ئەوەی وەڵامە نێگەتیڤەکەمان بەرجەستەتر بکەین، پێش هەموو شتێ دێینەوە سەر ئەوەی کە لای سەرەوە باسمان کرد، واتە: بایەخنەدان بەفەلسەفە لەناو ئێمە و دابڕانی فەلسەفە لە دامەزراوەکان و بەتایبەت زانکۆ، کە ئەمە بەخۆی کێشەیەکی گەورەیە و لەناو ئێمە تا ئەمڕۆ نەبووە بەبابەتی دیبات. شار کە ١٠ بەکالۆریۆس هەڵگری تێدا نییە لە فەلسەفە[٥٠] چۆن دەکرێ باس لە ئامادەبوونی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە لە دامەزراوەکانیدا بکا؟ زانکۆکان کە یەک دوو دوکتۆر یان یەک پرۆفیسۆریان لە فەلسەفە تێدا نادۆزینەوە چۆن دەکرێ باس لە بوونی فەلسەفە وەک بابەتێکی ئەکادیمی لە ئەمڕۆدا لە نێوەندی ئەکادیمی بکرێ؟ کەواتە ناشێ باس لەو لق و پۆپانە بکرێ ساڵانێکە فەلسەفە لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا دەری هێناوە.

ئەو لق و پۆپانە کە بەهۆی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەس لەدایکبوونە پێوەندییەکی زۆریان بە پێویستییەکانی کەسی تازەی ڕۆژئاواوە هەیە. دووریش ناڕۆین بایەخدان بە «فەلسەفەی ڕەوشتی ئاژەڵ» یان «فەلسەفەی ژینگە» یاخۆ «فەلسەفەی فێمینیزم» لەم ساڵانەی دوایی لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا پێوەندییەکی زۆری بەشێوازی گەشەی بیرکردنەوەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی و خواستە جیاکانیەوە هەیە. بۆ نموونە ئەوەی لە بواری فەلسەفەی فێمینیزمدا باس دەکرێ وابەستەیە بەدۆزی ئافرەت لە شوێنی کار و لە ناوماڵ و بەگشتی لە کۆمەڵگەی پاش پیشەسازیی ڕۆژئاوا کە ناوی تریشی لێ دەنرێ وەک کۆمەڵگەی نێت و کۆمەڵگەی زانیاری. ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە کە بەرهەمی ئەو نەشونما مێژوویییەن ڕۆژئاوا بەخۆیەوە دیویەتی ڕووداوی نوێیان خستووەتە ناو ژیانەوە و هەروەها ئەم ناوانە تەنیا زاراوەگەلێکی لێکسیکۆنی ڕووت نین، بگرە ڕەنگدانەوەی ئەو ئاراستانەشن ژیانی کەسی تازە لە ڕۆژئاوا وەری گرتووە. هەروەها بایەخدان بە ئاژەڵ و یان پەروەردەکردنی جۆران گژوگیا لە ناوماڵ و تا دەگاتە ئەو شێوازی ژیانە سێکسییەی کە لە خێزاندا لە نەشونمادایە هەموو لەگەڵ بیرۆکە و تیۆرییەکاندا هاوکۆکن. هەروەها هەموو ئەو گۆڕانە زۆرەی

له بواری ماف و داددا تا دەگاتە گۆڕانی واتای گەیاندن و میدیا و جوانکاری پێوەندییەکی زۆریان بەو گۆڕانەوە هەیە هاتوونەتە سەر میتۆدی وانە وتنەوە و فێربوون لە بەشەکانی فەلسەفەی یاسا و فەلسەفەی میدیا و فەلسەفەی جوانکاری.

ئێمە لێرەدا ڕۆناچینە ناو وردەکارییەکانی ئەو گۆڕانانەی لەلایەک هاتوونەتە سەر ژیانی نوێ لە ڕۆئاوا، هەروەها لەلایەکی تر ئەو گەشەیەی میتۆدی وانە وتنەوە و کاری توێژینەوە لە زانکۆکانی ڕۆئاوا بەخۆیەوە دیویەتی. بگرە مەبەستی ئێمە لێرەدا زۆرتر ئەوەیە کە بڵێین فەلسەفە لای ئێمە نەک لق و پۆپی لێ نەبوەتەوە یان ژیانی نوێی ئێمە داوای گۆڕینی ستاتۆسی تیۆری و توێژینەوە زانکۆیەکانمان ناکا بەڵکە ئەوەی پێی دەڵێن فەلسەفە بە مانا ڕۆئاواییەکەی، کە بەخۆی یۆنانییە، لە کۆمەڵگە و دواتر لە دامەزراوەکانیشماندا بوونی نییە و فەلسەفە لەم حاڵەتەدا نە وەک دیسپلینێکی سەیر دەکرێ و نەش واتای فەلسەفە توانیویەتی لەگەڵ هەندێ واتای وەک یاسا، ماف، پەروەردە، داد، ڕەوایەتی، دادپەروەری، یەکسانی، تا دەگاتە واتای وەک ئاگایی، جوانکاری، ژیندەر، لەوانەش تێ پەڕێ ڕەوشت، ئاکار، ڕەفتار، بڕیاردان و پەروەردە پێوەندی دروست بکا. بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین بپرسین: باشە ئەگەر ئەمە دۆزی فەلسەفە بێ کە لای سەرەوە باس کرا و ئەوەش کە فەلسەفە وەک دیسپلینێکی ئەکادیمی لەناو ئێمە هیچ بنیاتێکی نییە بۆ دەبێ گشت شار باس لە نیچە یان هایدگەر و فوکۆ یاخۆ ئێستا دێریدا بکا؟ بەباوەڕی ئێمە ئەمە یەکێکە لە گەورەترین پارادۆکسە "ناکۆکییە"کانی ڕووناکبیریی شار. باشە ناکرێ بپرسین چۆن ئەم پۆلە فەیلەسووفە لە شار دروست بوون یان چۆن فێری فەلسەفە بوون لە کاتێکدا فەلسەفە وەک مادەیەکی ئەکادیمی بوونی نەبووە؟ باشە ڕاستە ئەوەی ئەوان دەینووسن و لە سیمینار و لێدوانەکانیاندا دەیڵێن فەلسەفەیە؟ یان فێڵێکە و لە فەلسەفە دەکرێ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لای سەرەوە دەخوازین بڵێین بەپێی تێگەیشتنی ئێمە ئەو فەلسەفەیەی لە شار خۆی بەیان کردووە نافەلسەفەیە. ئەم نافەلسەفەیەش لە ڕێگەی فێلکردن لە فەلسەفەوە دروست بووە. بەڵام مەرجە ئێمە لێرەدا جوداوازی نەک لە نێوان فەلسەفە و نافەلسەفەدا بکەین، بگرە لە نێوان لەلایەک فەلسەفە و ئەنتی "دژە" فەلسەفە و لەلایەکی تریش لە نێوان نافەلسەفە و ئەنتی فەلسەفەشدا بکەین.

بۆ ئەوەی فەلسەفە پێناسە بکەین دەبێ بزانین ئەو شتە چییە کە فەلسەفییە و ئەوی تر کە فەلسەفی نییە. بەوریاییشەوە لێرەدا دەڵێین، ئەو شتەی کە فەلسەفییە یان فەلسەفەدارە خۆی بەوە لەو شتە جیا دەکاتەوە کە فەلسەفی نییە، یان بێ فەلسەفەیە. واتە شتی فەلسەفی فەلسەفەکردن لە ناخیدا پەنهانە. ئەمە و شتی فەلسەفی یان فەلسەفەدار ئەو شتەیە بەپێی دیسپلینێکی تایبەت بەخۆی نووسراوە. لێرەدا تەنیا مەبەست جیاکردنەوەی دیسپلینەکان نییە لە یەکتر بگرە ئەوەشە کە چۆن فەلسەفە لەو بوارانە جیا بکرێتەوە کە لە واتای فەلسەفەوە نزیکن، بۆ نموونە ئەدەب. لێرەدا ئەوەش دەڵێین کە گرینگە خوێنەری ئەم باسە لە تەمەنی نووسینی کوردیدا و بەتایبەت لەو شوێنەی نووسینی کوردی دەیەوێ خۆی وەک نووسینی فەلسەفی دەرخا، بزانێ ئەو شتەی ئەم یان

ئەو دەینووسێ فەلسەفییە یان ئەدەبی، یاخۆ ئەو شتە فەلسەفییە یان هیۆمانی. چونکە فەلسەفە جیایە لە ئەدەب و، ئەو جیاییەش لە نێوانیاندا بەهۆی جۆری دیسپلینەکانیانەوەیە نەک شتێکی تر. ئێمە کە تێکستەکانمان ئەدەبین، بگرە زۆریش ئەدەبین، ناشێ وەک تێکستی فەلسەفی ببینرێن. چونکە لە تێکستە ئەدەبییەکاندا بەئەدەبیبوون پەنهانە نەک بەفەلسەفیبوون.

هەر سەبارەت بەوەی سەرەوە دەمانەوێ ئەوەش بڵێین، کاتێ توێژینەوەی فەلسەفی بوونی نەبێ، چونکە وتنەوەی فەلسەفە بێ بوونە، بوونی فەلسەفە وەک دیسپلین مەحاڵە. هەروەها کاتێ ترادیسیۆن و شێوازە فەلسەفییەکان "بۆ نموونە فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ و فەلسەفەی شیکردنەوەیی" زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر ریشە و شێوەی نەشونمایان و ئەمجار هۆ و ئاکامەکانی بەردەوامبوونیان نەبێ، چۆن دەکرێ باس لە بوونی فەلسەفە وەک دیسپلینێکی فەلسەفی بکرێ. کاتێ تەنیا ئامانج لە نووسینە بەناو فەلسەفییەکان گۆکردنی واتا و زاراوە یونڤێرساڵییە فەلسەفی و هەروەها بەکاربردنی ناوی بیریار و شەپۆلە فەلسەفییە گەورە گەورەکان بن، چۆن بۆمان هەیە بڵێین ئێمە لەو دەرگەیەوە هاتووینەتە ناو فەلسەفەوە کە مێژووی فەلسەفەی رۆئاوامان پێ دەناسێنێ. بۆ ئەوەی قسەکردنەکان ئاراستەیەکی تر وەربگرن، ئاراستەیەک کە بتوانێ ئەوە راڤە بکا بۆ فەلسەفەکردن لەناو ئێمە نەبووە بەکردە "ئاکت".

دەگەرێینەوە لای دێریدا و ئەو کۆنفرانسەی ناوبراو لە ١٩٩١دا لە یۆنسکۆ بەشداریی تێدا کردووە. بۆ ئەوەی ئەمەش بکەین گوزارەی ماف بۆ فەلسەفە لە دێریدا قەرز دەکەین، ئەمەش بەرەو ئەو تێرامانەمان دەبا بڵێین، لەبەرئەوەی وتنەوەی فەلسەفە لەناو ئێمە لە پلەی هیچیدایە ناشێ باس لە بۆ ئامادەنەبوونی فەلسەفە لە دامەزراوەکانماندا بکرێ. ئەم دۆزەش گرفتێکی زۆری بۆ تێگەیشتنەکانمان لە بوارەکانی تریشدا دروست کردووە. ئەوەتا گشت نووسینی ئێمە سەرتاپا رووی لە رەوانبێژییەکی ئەدەبی یان سیاسی یاخۆ مێژووگەراییەکی ناسیۆنالی ناوە. ئەو شێوازەش کە دەگیرێتە بەر بۆ گەیاندنی ئەم رەوانبێژییە ئەڵبەتە رۆژنامەگەرییە. رۆژنامەگەرییەک کە شوێنی گشت جۆرەکانی دیسپلینی لەناو ئێمەدا گرتووەتەوە دووچاری بەگشتیکردنێ هاتووە کە هەر ئەم دیاردەیە وامان لێ دەکا بڵێین: تەنانەت تێگەیشتنمان بۆ رۆژنامەگەرییش لە دەرەوەی ئەو دیسپلینەوەیە رۆژنامەگەری خۆی لەسەر بنیات دەنێ "ئەم لایەنە دواتر لە پەرەگرافێکی تایبەت، بەناوی رۆژنامەوانی لە بری فەلسەفە و گشت بەشەکانی تری زانستە مرۆییەکان، یان رۆژنامەوانی شوێنی گشت دیسپلینێکی تری گرتووەتەوە دێینەوە سەری". بۆ ئەوەی زێتر ئەوە راڤە بکەین کە ماوەیەک بەر لە ئێستا قسەمان لەبارەوە کرد دەڵێین: وتنەوەی فەلسەفە نەک هەر مافە، بگرە ئەرکیشە. لێرەدا وشەی ئەرک کە بەواتای بەرپرسیاریەتی دێ، شوێنی خۆی لە ژیانی فەلسەفەدا لە رۆئاوا هەبووە. دێریدا لەو باسە کە بەئاشکرا و بەروونی پێی لەسەر ئەرک و بەرپرسیاریەتیی یۆنسکۆ وەک دامەزراوێکی نێودەوڵەتی بۆ مسۆگەرکردنی شوێنێک بۆ فەلسەفە دادەگرێ داوای دامەزراندنی دێپارتەمێنت "بەشێک" لەناو ئەم دامەزراوەش دەکا، واتە دێپارتەمێنتێکی تایبەت بە فەلسەفە لە یۆنسکۆ(٥٠).

ئێمە پێمان وایە فەلسەفە وەک زانین لە دامەزراوەکاندا دەبێ شوێنێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە بەتایبەت لە زانکۆدا. بەڵام ئەمە کە نەکراوە هۆ هەیە کە بەشێکیمان پێشتر بەسەر کردەوە. هەر لەو بارەیەشەوە دەڵێین: فەلسەفەی ئەمڕۆ کە گەلێ لق و پۆپی لێ دەبێتەوە ناکرێ لە دامەزراوەکان دوور بخرێتەوە. سەبارەت بەم خاڵەش دەمانەوێ ئەوە بڵێین، گەر بڕوانینە ئەو بڕیارە سیاسییانەی لە گەلێ لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا کاریان لەسەر دەکرێ دەبینین سەرچاوەیەکی فەلسەفییان هەیە و فەلسەفە لە سیاسەتکردنی ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانەدا هەردەم ئامادەیە. ڕاستە ئەوەی دێریدا باسی دەکا ڕۆحێکی کانتی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام ئەوە زیانبەخش نییە ئەگەر کاری بۆ بکرێ. ئا لێرەدا دەکرێ بگەڕێینەوە سەر بیرۆکەیەکی دێریدا کە ئەوەش باس لە ئامادەبوونی فەلسەفە دەکا لە گشت شوێنێک. ڕاستە دێریدا باس لە ئامادەبوونی فەلسەفەی ئەنگلۆ–ئەمەریکایی دەکا کە لە گشت جێیەکدا حازرە، بەڵام بۆ ئێمە ئەمە مەدلوولی تریشی هەیە کە لە خوارەوە زۆر بەکورتی دێینەوە سەری.

بەبۆچوونی دێریدا فەلسەفە ئەمڕۆ لە گشت شوێنێکی، پتر لە گشت کاتێ، ئامادەیە. بەڵام دەکرێ بپرسین: کوا ئەم ئامادەبوونە لە کاتێکدا ترسێکی زۆر لە دەرەوەی ڕۆژئاوا لە فەلسەفە هەیە؟ ئەم بیریارە بەخۆی ئەم لایەنەی لە ئاستێکی تردا لە کتێبێ بەناوی «کێ لە فەلسەفە دەترسێ؟»(٥١) بەسەر کردووەتەوە. ڕاستە ئەمەی دێریدا باسی لێوە دەکا پێوەندیی بەکێشەیەکی ترەوە هەیە، کە بۆ ئێمە ئاسانترە لێرەڕا بەجۆرێکی تر بێینەوە سەری کە پێشمان وایە ئەوە بەخۆی مەسەلەی پرسیارە لەسەر شوێنی فەلسەفە. ئێمە، هەروەک دێریدا، گومان لەوە ناکەین پرسیار لەسەر شوێنی فەلسەفە پرسیارێکی غەریب نییە. بەڵام دێریدا وتەنی ئەمە لە ئەڵمانیا بوونی هەبووە، بۆ نموونە لەو دێباتانەی لە نێوان کانت و هیگل و شلینگ لەمەڕ شوێنی فەلسەفە لە زانکۆ کراون. کانت وەک بیریارێک کە پێیەکی لەناو فەلسەفەی پراکتیک و ئەوەی تری لەناو فەلسەفەی تیۆریدا بووە هەر زوو جەختی لەسەر ئەوە کردووە دەبێ دێپارتەمێنتێکی تایبەت بە فەلسەفە دروست بکرێ. بەڵام شلینگ سەبارەت بەم قسەیەی کانت شتێکی تر دەڵێ. شلینگ بۆ ئەوە دەچێ ئێمە پێویستمان بەو دێپارتەمێنتە نییە لە کاتێکدا فەلسەفە لە گشت شوێنێکدا هەبێ. ئێمە لەم ڕووەوە خۆمان پتر بە کانتی دەزانین تا شلینگی. ئەمەش لەبەرئەوەی فەلسەفە لە گشت شوێنێک بوونی نییە یان بوونی سنووردارە بۆیە دەبێ دامەزراوەکان بایەخ بۆ فەلسەفە بگەڕێننەوە واتە شوێنێ بۆ فەلسەفە تەرخان بکرێ. تەرخانکردنی ئەم شوێنە واتە دانهێنان بە فەلسەفە. ئەڵبەتە کاتێک دامەزراوەکانیش بایەخ بۆ فەلسەفە دەگەڕێننەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو جێیەی تایبەتی دەکەن بە فەلسەفە، ڕێگە لە بەردەم کردەیێ دەکرێتەوە کە ئێمە لێرە ناوی کردەی فەلسەفەکردنی لێ دەنێین. بەڵام بابزانین ئەو دێباتەی نێوان کانت و شلینگ چۆن لەلایەن دێریداوە تەماشا دەکرێ. دێریدا وای بۆ دەچێ، ئەوەی فەلسەفە لە گشت شوێنێکە و یان پێویستە دێپارتەمێنتێک بە فەلسەفە تایبەت بکرێ، لە نێوان دوو لۆجیکە. دێریدا دەیەوێ ئەوە بڵێ فەلسەفە پێویست ناکا لە گشت شوێنێ هەبێ. واتە فەلسەفە بەبۆچوونی دێریدا لە گشت شوێنێکە نەک تەنیا لە زانکۆ بگرە لەسەر ڕادیۆ، لەناو ئاخاوتنی سیاسییەکاندا و... هتد. ئەمەش پێویست ناکا. بەڵام حەیفێ ئەم بیرۆکەیەی

دێریدا لەناو ئێمە لەوپەڕی بێ ماناییدا خۆی دەبینێتەوە. چونکە فەلسەفە لای ئێمە شوێنی نییە. بێشوێنیی فەلسەفەش کارێکی وای کردووە ئاخاوتنەکانمان بێ فەلسەفە ژیان بەسەر بەرن. فەلسەفە لەناو ئێمە کە زانینێکی غەریبە پێوەندیی لەگەڵ سیاسەت هیچ وەخت نەبووە. ئەوەتا نووسەر یان بەگشتی رووناکبیری کورد گەر ببێ بە دوو بەشەوە بەشێکی شاعیرە و ئەوەی تری سیاسییە، بەڵام کوا ئامادەبوونی فەلسەفە لە شیعرەکانماندا، لە ئاخاوتنە سیاسییەکانماندا؟ ڕاستە شیعری کلاسیکی کوردی بەشێکە لە فەلسەفەی عیرفان و بگرە دەکرێ وەک تێکستگەلێکی عیرفانییش بەکار ببرێ، بەڵام شیعری نوێی کوردی نە پێوەندیی بەفەلسەفەی عیرفانەوە هەیە و نەش بەو فەلسەفەیەوەی پێی دەڵێن فەلسەفەی ڕۆئاوا کە لە ڕۆئاوا ئەم فەلسەفەیە سەرچاوەیەکی باش بووە بۆ شیعر. ئەوەی بە ئاخاوتنە سیاسییەکانمانیشەوە تایبەتە ئەوەیە بەگشتی دەکرێ بوترێ سیاسەتکردن لەناو ئێمە بەردەوام بەبێ فەلسەفە کاری خۆی دەکا و ئەم جۆرە سیاسەتە هۆکارێکی سەرەکیش بووە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو ئەندێشە سیاسییەی ئەمڕۆ لەناو ئێمە باڵادەستە. وەکی تریش دەکرێ بڵێین، کاتێک فەلسەفە لە نێوەندی ئەکادیمی نەبێ، یان باشترە بڵێین کاتێ لە نێوەندی ئەکادیمی و رووناکبیری ترس لە فەلسەفە هەبێ، باس لە بوونی فەلسەفە لە ئاخاوتنەکانماندا شتێکی بێ مانایە.

بۆیە دەمانەوێ بڵێین ئێمە هەرگاف دژی ئەوەین بیرۆکەی بیریارانی ڕۆئاوا وەک خۆی ڕاگوێزرێتە ناو دێباتەکانمانەوە لە کاتێکدا هیچ زەوینەیەک بۆ سەوزبوونی ئەو بیرۆکانە بوونی نییە. بۆ ئەوەی ئەم لایەنەش کۆتاییی پێ بێنین کە دەستمان دایە، دەمانەوێ ئەوە بلێین فەلسەفە کە وەک شت، شتێکی سەیر یان شتێک بۆ خۆشی، لەناو ئێمە سەیر دەکرێ نەک وەک زانینێ کە توانای گۆڕینی بڕیار و ڕەفتارەکانمانی هەیە، ناماقووڵییە پێمان وابێ لەناو ئێمە لە هەموو جێیەک ئامادەیە، بەڵام دەکرێ بیرۆکەکە بەجۆرێکی تر بگۆڕین و بڵێین: ئەوەی لەناو ئێمە و لە گشت شوێنی بوونی هەیە ئەدەبە، ئەڵبەتە سیاسەتیش. هەردووش «واتە چ ئەدەب و چش سیاسەت» وزەی خۆیان لەو بەئاوەڵناوکردنانەوە وەردەگرن کە کاری لەسەر دەکەن. چونکە ئاخاوتنەکانی ئێمە شیعرئاسا هەردەم پڕە لە ئاوەڵناو.

لایەنێکی تر کە دەتوانێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە فەلسەفە لای ئێمە بەجۆرێکی سیستەماتیک بوونی نەبووە و هیچ دیسپلینێکی ئەکادیمیش لە پشتییەوە نەبووە ئەوەیە کە تێکڕای بەرهەمە فەلسەفییە گەورەکانی ڕۆئاوا هەر لە پێش سوکراتەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ ئەگەر لە هەزار کتێبی فەلسەفی باش چڕ بکەینەوە پێمان وا نییە لەو هەزار کتێبە لە چەند دانەیەک زیاتریان لەناو ئێمە ناسراو نەبووە و یان نەخوێندراوەتەوە. گەر ئەمەش دۆزی فەلسەفە بێ، بەتایبەت فەلسەفەی ڕۆئاوا، لەناو ئێمە بۆ دەبێ پێمان وابێ توانیومانە فەلسەفە بکەین؟ فەلسەفەکردن نابێ لە ئاکامی تێر خوێندنەوەی بەرهەمە فەلسەفییە سەرەکی و بناغەیییەکانەوە بێ؟ یان فەلسەفەکردن تەنیا لە گۆکردنی ناوی یەک دوو بیریار "نیچە، فوکۆ بۆ نموونە" و یان چەند زاراوە و واتایەکی فەلسەفی "ڕۆشنگەری، مۆدێرنە نموونە" بریتییە؟ لە میانەی ئەم بەشە و بەشەکانی تری ئەم بەشەی نووسینەکەماندا هەوڵ دەدەین ئەو پرسیارانە وەڵام بدەینەوە، بەڵام لێرەدا دەمانەوێ باس لەوە

بکەین ئەگەر هەندێ لە خوێنەرانی ئەم باسە بیانەوێ لەم بارەیەوە سەرچڵییەک بنوێنن و داوای ئەوەمان لێ بکەن ناوی چەند کتێبێک لەو هەزار کتێبە بەنموونە بهێنینەوە ئەوا ئێمە هەوڵ دەدەین لێرەدا چەند نموونەیەک بهێنینەوە تا لەلایێ گشت گومانێک لای ئەو کەسانە برەوێنینەوە و هەروەها لەلایەکی تر کارێکی واش بکەین ئەو کەسانە وا لێ بکەین ئاستی رووناکبیریی فەلسەفیی خۆیان بناسنەوە و لەوە بگەن فەلسەفە لە کوێی ژیانی ئێمەدایە. ئەڵبەتە لەو کتێبانە: ئەفلاتوون: «دیالۆگی تیاتێتۆس»، ئەرستۆتالیس: «ئیتیکی نیخۆماتیکی»،، هۆم «تێزێ لەمەڕ سروشتی مرۆڤ»،، سپێنوزا: «ئیتیک»، هۆبس: «لێڤیەتان»، ستیوارت مێل: «لەمەڕ ئازادی»، کۆمت: «کۆرس لەمەڕ فەلسەفەی پۆزەتیڤ»، باکۆن : «ئۆرپوس مایۆس»، کانت: «ڕەخنەی عەقڵی پوخت»، هۆسرەل: «توێژینەوە فەلسەفییەکان»، هایدگەر: «کانت و کێشەی میتافیزیک»، کێرکجارد: «ترس و لەرزینەوە»، ڤتگنشتاین: «تراکتاتۆس»، لاکاتۆس: «ڕەخنەگەری و نەشونمای زانین»، ماکی: «ئیتیک»، ڕاولز: «تیۆری دادپەروەری»، نوزیک: «ئەنارکی، دەوڵەت، یۆتۆپیا»، میلەر: «فەلسەفەی زمان»، ئۆستن: «چۆن شت لەگەڵ وشەدا بکرێ»، کاپوتۆ: «هێرمۆنتیکی ڕادیکاڵی»، ئەرندت: «دۆزی مرۆڤ»، گادامێر: «عەقڵ لە چاخی زانست»، تایلۆر: «هیگل و کۆمەڵگەی نوێ»، هابرماز: «کردەی گەیاندن»، پیریلیۆ: «گراوند زیرۆ»، پێرس: «پراگماتیزم و سیمیۆلۆجی»، بادیۆ:«تیۆری خود»، ڕۆرتیی: «فەلسەفە و ئاوێنەی سروشت»، هیپۆلێت: «لۆجیک و بوون»، کۆژێڤ: «دەروازە بۆ وانەکانی هیگل»، ئەلتۆسێر: «لە پێناوی مارکسدا»، لێڤیناس: «تۆتالیتێ و بێ پایان»، زیزک: «بەخێربێن بۆ بیابانی فیعلی»، ئایەر: «زمان، ڕاستی و لۆجیک»، داڤیدسۆن : «سەروتار لەمەڕ کردە و ڕووداو»، کارناپ: «ئێمپریزم، سێمانتیک و ئۆنتۆلۆجی»، دۆمیت: «بناغەی لۆجیکی میتافیزیکی»، فرێجە: «لەمەڕ واتا و ئوبجێکت»، گرایس: «مانا»، ڕایت: «ڕاستی و بابەتێتی»، تارسکی: «واتای سێمانتیکی ڕاستی»، ستراوسۆن: «مانا و ڕاستی»، کۆڤمان : «نیچە و ڕاستی»، سێرل: «کردەی ئاخاوتن چییە؟»، ڕاسل: «دەروازە بۆ فەلسەفەی ماتماتیک»، کواین: «دوو دۆگمای ئیمپریزم»، پونتام: «ڕیالیزم، ڕاستی و مێژوو»، لێڤیس: «تەئویلی ڕادیکال»، ڤاتیمۆ: «دەروازە بۆ تەئویل»، کلۆسۆسکی: «نیچە و بازنەی فاسید»، لاکۆ-لابات: «ناونیشانی پیت»، بۆدریار: «کۆمەڵگەی بەرخۆری»، کارل لویت: «لە هیگلەوە بۆ نیچە»، بلانشۆ: «بەشی ئاگر»، لیۆتار: «ڕوونکردنەوەی پۆست مۆدێرنە بۆ منداڵان وەڵامێک بۆ هابرماز»، دۆلۆز: «جیاوازی و دووبارەکردنەوە»، گریماس: «سێمانتیک و زانستە کۆمەڵایەتییەکان»، ڕێکۆر: «میتافیزیک»، میرلۆ-پۆنتی: «فینۆمینۆلۆجیای جەستە»، ژان ــ لۆک نانسی: «ئەزموونی ئازادی» و چەندان کتێبی تر.

سەبارەت بەناوهێنانی ئەو کتێبانە دەمانەوێ ئەوەش بڵێین، ئەوە تەنیا ناوی ٦٠ کتێبە کە ناوی ٦٠ نووسەر «یان بیریار و فەیلەسووف»یشی لەگەڵ هاتووە، بەڵام مێژووی فەلسەفەی کۆن، نوێ و پاش نوێی ڕۆژئاوا پتر لەو ناوانەی تێدا بەدی دەکرێ و تەنانەت هەندێ لەو نووسەرانە پتر لە دەیان کتێبی نایابیان هەیە کە نەخوێندنەوەیان بەزیانی بیری فەلسەفیی ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە بیەوێ فەلسەفە بکا. بۆ نموونە کانت جگە لەو کتێبە ڕەخنەییەی ناومان هێنا دوو کتێبی نایابی تری هەیە "ڕەخنەی عەقڵیی پراکتیک، توانای دادوەری" ئەمە و جگە لە کارەکانی تری. یان هۆسرەل

بەهەمان شێوە چەند کارێکی دەگمەنی تری هەیە لەوانە: "ئیدیاکان"، "تێڕامانە دێکارتییەکان"، کە مەحالە بەبێ ئەوانە نە لەو فەلسەفە فینۆمینۆلۆجییە نوێیەی ڕۆئاوا بگەین لەپاش هیگل و کانتەوە دەست پێ دەکا و نەش لە کارەکانی قوتابییانی هۆسرەل کە هایدگەر یەکێکە لەو قوتابییانە. ئەمە و تا دەگاتە قوتابییانی هایدگەریش "ئارندت، گادامێر، کارل لویت". لێرەدا دەپرسین: چۆن دەکرێ لە هایدگەر بگەین ئێمە هزسرەلمان بە تەواوەتی نەخوێندبێتەوە؟ چۆن دەکرێ لە کەلەپووری فەلسەفەی پۆست- هایدگەریی بگەین کە ئێمە کارەکانی خودی هایدگەرمان نەخوێندووەتەوە؟ مەگەر لە کۆتاییدا هایدگەر برێتی نییە لەو کارەی پتر لە ٨٠ ساڵێک بەناوی "بوون و کات"ەوە نووسیویەتی؟. تەنانەت مەحاڵە لە هیگل و کانت و نیچەش بگەین گەر ئەو کارانەمان نەخوێندبێتەوە هایدگەر لەسەر ئەم بیریارانە نووسیویەتی.

بەخۆی دیاردەی یەکتر خوێندنەوە لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆئاوا لە یۆنانیی کۆنەوە بووە بە تradیسۆن و زۆربەی بیریاران لەسەری ڕۆیشتوون، ئەم دیاردەیە کە گرینگیی خۆی بۆ تێگەیشتن لە پرۆسێسی گەشەی بیری فەلسەفی لە ڕۆئاوادا هەبووە، وامان لێ دەکا بێژین: ئەستەمە گەیشتن لە ئەفلاتوون بەبێ ڕوونکردنەوەکانی ئەرستۆتالیس یان ڕوونکردنەوەکانی بیریارانی سەدەی ڕێنیسانس و دواتر بۆ ئەم بیریارە. هەر هەمان شت سەبارەت بە بیری گەلێ لە بیریارانی ڕۆئاوا دەکرێ بوترێ. بەڵام ئەم ترادیسۆنە نەک لەناو ئێمە بوونی نەبووە بگرە ئەو بەرهەمانەی گەلێ لە بیریارانی ڕۆئاوا نووسیویانن لەلایەکی نەخوێندراونەتەوە و لەلایەکی تریش لای ئێمە ناوی گەلێک بیریار و فەیلەسووفی ڕۆئاوا تا ئێستا گۆ نەکراوە. بۆ ئەو مەبەستە داوا لە خوێنەری ئەم باسە دەکەین بڕوانێتە ناوی نووسەری ئەو بەرهەمانەی لای سەرەوە ناویان هات. بەدڵنیاییشەوە لێرەدا دەڵێین: ئەو لیستەیەی لە سەرەوە خستمانە بەرچاو دڵۆپێکە لە دەریای ئەو بەرهەمە فەلسەفییانەی بەدرێژاییی پتر لە ٢٥ سەدە لە ڕۆئاوا نووسراون. بەواتایەکی تر، ئەستەمە پاش ناوهێنانی ئەو بەرهەمانە و هەروەها بوونی هەزاران بەرهەمی نایاب و گرینگی تری فەلسەفی کە لە نێوەندەکانی توێژینەوەی فەلسەفە لە ڕۆئاوادا پشتیان پێ دەبەسترێ پێمان وابێ فەلسەفەناسین یان لەبەرئەوەی تەنیا چەند واتا و یان ناوی بیریار و ئاراستەگەلێکی فەلسەفی کاوێژ دەکەین وای بۆ بچین کە لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆئاوا بە ئاگاین. کاوێژکردنی ناوی یەک دوو بیریار و یەک دوو واتای فەلسەفی ئاماژە نییە، لەسەر بوونی نووسینی فەلسەفی، بگرە ئێمە پێویستمان بە شارەزاییە لەو مێژووەی فەلسەفە ڕوون دەکاتەوە. ئەم مێژووەش تەنیا برێتی نییە لە پۆلکردنی ناوی بیریار و واتا و شەپۆلە فەلسەفییەکان، بگرە ئەم مێژووە ئەو گەشەیە نیشان دەدا فەلسەفە وەک چەمکێکی ڕۆئاوایی(؟) بەخۆیەوە دیویەتی، کە ئەوەش یەکەم بە فەزلی بیریارانی یۆنانی بووە و دووەمیش بیریارانی ئێپۆکەکانی تری ڕۆئاوا.

ئەوەی لای سەرەوە باسمان کرد یەکێکە لە کێشەکان. واتە گۆنەکردنی ناوی گەلێ لە بیریاران و نەناسین و نەخوێندنەوەی بەرهەمی نایابی گەلێ لەو بیریارانەی کە ناویانمان گۆ نەکردووە، بەڵام هەندێ کێشەی تر هەن شایانی باسکردنن و دەمانەوێ لە خوارەوە بێینەوە سەری، ئەڵبەتە هەموو ئەو کێشانەش بەڵگەن لەسەر ئامادەنەبوونی فەلسەفە لەناو ئێمە بەواتا ڕۆئاواییەکەی: فەلسەفە

وەک زانینێکی ئەکادیمی و وەک بوارێک لە بوارەکانی دیسپلین.

ئەوەندەی لەوە تێ گەیشتووین کە پێی دەڵێن «فەلسەفەی ڕۆژئاوا» فەلسەفە برێتی نییە لە فەلسەفە بۆ فەلسەفە بگرە فەلسەفە لق و پۆپێکی زۆری لێ دەبێتەوە و، ئەو لق و پۆپانەش ئەوەمان بیر دەخەنەوە هەریەک لەو فەلسەفەیەی فەیلەسووفان کاریان لەسەر کردوون ناوی هەیە. ئەو ناوانەش کە بەخۆیان باسن لەمەڕ پسپۆڕیی ئەم لایەنە پێوەندییەکی زۆری بەو دابەشکردنانەشەوە هەیە فەلسەفە لە پاش ئەرستۆتالیسەوە بەخۆیەوە دیویەتی. ئەم دابەشکردنە کە دواتر زۆر گۆڕانی وردی بەخۆوە دیوە، فەلسەفەی نەک هەر بەسەر دوو شێوە دیسپلیندا دابەش کردووە «فەلسەفەی تیۆری، فەلسەفەی پراکتیک» بگرە فەلسەفەی لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا بەسەر دوو گرووپی زمانیشدا دابەش کردووە: گرووپی زمانیی ئەنگلۆ- ئەمەریکایی کە دەست بەسەر «فەلسەفەی شیکردنەوە»یدا دەگرێ و گرووپی فەلسەفەی فرانکفۆنی کە دەست بەسەر «فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ»دا دەگرێ. ئەم لایەنە کە زۆر بایەخدارە لە پەرەگرافێکی تایبەتدا دێینەوە سەری، بەڵام لێرەدا تەنیا ئەوەندە دەڵێین بێ ئاگابوون لەو دابەشکردنە کارێکی ئەوتۆی کردووە، جیاوازی لە نێوان ئەندێشەی بیریار و فەیلەسووفانی ڕۆژئاوا و بەرهەمەکانیاندا نەکرێ. هەروەها لەوەش بێ ئاگا بین کە فەلسەفەکردن وەک کردەیەکی مرۆیی هەروەها وەک بابەتێکی ئەکادیمی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو دابەشبوونەوە. واتە بیریارێ لە کۆلێجێکی فەلسەفەی پراکتیک وەک بیریارێکی کۆلێجێکی فەلسەفەی شیکردنەوەیی فەلسەفە ناکا. ئەم لایەنە کە پاشان دەگەڕێینەوە سەری دەمانەوێ لێرەدا ڕوانگەی خۆمان لەسەر ئەو دیاردە نائاساییە تۆمار بکەین، کە پێوەندیی بە لایەنێکی لەو لایەنانەوە هەیە ماوەیەک لەمەوبەر بەسەرمان کردەوە، واتە چۆن تێکست و یاخۆ ئاخاوتنی فەلسەفیمان لە تەک ئەو فەلسەفە ستانداردەی لە ڕۆژئاوا لە زانکۆکاندا دەوترێتەوە لە کۆنتراستدایە. بۆ ئێمە ئەمە زۆر ئاساییە هەبێ و بوونیشی بەرهەمی ئەو پرۆسێسەیە فەلسەفەکردن لەناو ئێمە تێی کەوتووە. بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی باس کرا دەڵێین: گەر کەسێک ڕۆژێک بێتو لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو نووسینانە ئەنجام بدا بەناوی نووسینی فەلسەفی بەکوردی نووسراون بەهەندێک ئاکام و بەرەنجامی ئەوتۆ دەگا کە پێش هەموو شتێک جەخت لەوە دەکا ئەو نووسینە فەلسەفییانەی بەناوی نووسینی فەلسەفی نووسراون تێکەڵێکن لە باسی وێژەیی و سیاسی و مێژوویی و، ئەڵبەتە بنجبەستووشن بە زمانێکی شیعری کە سەرچاوەیەک تیۆلۆجی شێوە شیعرگەرای هەیە. بەڵام دەمانەوێ ئەوەش بڵێین ئەم شێوە فەلسەفەیە هەر لەناو کورددا باو نییە بگرە پێش هەموو شتێک لەناو کولتوورە دێرینەکاندا باو بووە وەک هیندی، چینی، عەرەبی ئیسلامی، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە ئاستێکی تردا چونکە فەلسەفە لەناو ئەو کولتوورانەدا زەوینەیەکی تری هەبووە. بەڵام ئەو فەلسەفە ستانداردەی باسمان لێوە کرد شوێنێکی دیاریکراوی بەم کولتوورە جیایانە نەبەخشیوە. نموونەش لەسەر ئەوە خوێندنی فەلسەفە لە وڵاتێکی وەک سوێد کە نەک هەر ئەمەی نەکردووە بگرە لێوانلێوە لە فەلسەفەی شیکردنەوەی شێوە پۆزەتیڤیستی کە بەزۆری خۆی لەسەر فەلسەفەی زمان و ئاگایی بنیات دەنێ. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریش بەشی فەلسەفە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم دەمێکە دووچاری پەتای ئەنگلۆ- ئەمەریکایی لە فەلسەفەدا هاتووە

و ئەو مولتی کولتوورەش میدیای سوێد بانگەشەی بۆ دەکا ئینستیتوتی فەلسەفەی نەگرتووەتەوە و بۆیە بێ مانا نییە ئەوەش یاد بخەینەوە کە فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیایی بەگشتی و لە سوێد بە تایبەتی، ئەو گرینگییەی نادرێتێ و کەمیش بووە بە بابەتی توێژینەوەکان. وەلێ دۆزی فەلسەفە لەناو ئێمە گرفتاری پەتایەکی تر بووە کە یەکێک لەوان بە لێشاو بڵاوکردنەوەیە، بەڵام بەبێ ئەوەی کەس بزانێ ئێمە لە بواری زانستە مرۆییەکاندا سەر بە چ قوتابخانە و نێوەندێکی توێژینەوە و ڕاڤەکردنین.

بۆ زۆرتر پوختەکردنی ئەوەی باسمان کرد، دەکارین ئەوەش بڵێین: کاتێ فەلسەفە لەناو ئێمە نە بەجۆرێکی سروشتی گەشەی کردووە و نەش بەشێوەیەکی سیستەماتیک و لەژێر سایەی دیسپلینێکی ئەکادیمی دەکرێ و ئاساییە یارانی فەلسەفە لەناو ئێمەدا لە بری قسەکردن لەمەڕ پرسیارە هەمیشەیی و کێشە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە قسە لە فەلسەفەیەکی بکەن کە هیچ گروونەدێکی ئەکادیمی و پێشینەیەکی مەعریفیی نەوێ؟ بەڵام دەکرێ ئەوەی لەوبارەوە دەوترێ بچێتە خانەی فەلسەفەکردنەوە؟ بەباوەڕی ئێمە نەخێر. لێرەدا دەمانەوێ هۆ بەدەستەوە بدەین تا قسەکەمان پتر باوەڕ پێکراو بێ. ئێمە بۆ ئەوەی ئەم لایەنە ڕیالئامێز بکەین دەمانەوێ بڵێین: کاتێک فەلسەفە نەبێ ئەوا ناشێ باس بگاتە قسە لە پایانی "مەرگی" فەلسەفە. چونکە کاتێک مرۆڤ تێگەیشتن لەلای خۆی سەبارەت بەفەلسەفە گەڵاڵە نەکا، چۆن دەشێ جورئەت بکا باس لە نەمانی فەلسەفە بکا. باشە کامەیە ئەوەی پێی دەڵێن نەمان یان کۆتاییی فەلسەفە؟ گەر بکرێ لێرەدا بوترێ پۆست مۆدێرنە باشە کام ئاراستەی ناو پۆست مۆدێرنە؟ ڕاستە پۆست مۆدێرنە تا بڵێی بابەتێکی گفتوگۆئامێزە، بەڵام ناشێ ئەوە پشتگوێ بخرێ کە دۆکترینی "بیرۆکەی" فەلسەفەی پۆست مۆدێرن وەکی تر سەرەتایەکە بۆ قسەهێنانە پێشەوە لە بیرکردنەوەی فەلسەفی. بەخۆی باس لە مەرگی فەلسەفە بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی بە کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەری بیرکردنەوەی فەلسەفی دەناسرێن شیاوە، بەڵام لەناو ئێمە شێوەی باسکردنەکان بەو جۆرەی ڕۆئاوا نەبووە و هەروەها تا بڵێی لاواز و بێ ڕێفرێنس "سەرچاوە" بوونە و نەشیانتوانیوە، نەک هەر فەلسەفە بمرێنن، بگرە ئەوەشیان پێ نەکراوە لەناو فەلسەفە بێنە دەرەوە کە بووە بە ناسنامەی گشت نووسینە بەناو فەلسەفییەکانمان.

هەر لەو بارەیەوە ئەوەش دەڵێین: ئەو دۆزە فێڵاوییەی لای ئێمە فەلسەفەی تێدا خواردن کراوە کارێکی واشی کردووە گشت شار بکەوێتە باس لە بیریارێکی وەک فوکۆ کە بەخۆی مێژووکردێکی بیر بووە. سەیرەکە لەوەدا بوو و تا ئێستاش لەوەدایە، ئەو دەمەی باس لە فوکۆ دەکرا باس لەوە نەدەکرا کە چی و کێ سەرچاوەی ئەم بیریارەیە. یان ئێستاش ئەوە ڕوون نەبووەتەوە نەوەی فوکۆ کێیە و یان هاوبیر و هاوتەمەنەکانی کێن. چونکە بەشێکی زۆر لەوانە کە ئەمڕۆ مردوون «بۆ نموونە: دۆمیزیل، باتای، بلانشۆ، و... هتد» ناویان لە نووسینی کوردیدا گۆ نەکراوە. بۆ نەرمکردنی دیتنەکانمان دەپرسین ئاخۆ دەکرێ تیۆریزەکەرێک لە بواری ئەدەبی کوردیدا هەبێ خانی بناسێ، بەڵام ناوی گۆرانی نەبیستبێ؟ یان ناوی سالمی شاعیری بەرگوێ کەوتبێ، بەڵام نالی نەناسێ؟ کێشەکە هەر ئەم لایەنە نییە، بگرە لایەنی تریش لە ئارادایە کە بۆ نموونە بە دەیان

شەپۆل و واتا و ڕێباز و بیرۆکە کاری خۆیان لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لە بواری فەلسەفەی تێۆری و پراکتیکدا کردووە و ناویان لەناو ئێمە لە هیچ شوێنێکەوە دیار نییە. ئەمە هەمووی پێوەندیی بەوەوەیە فەلسەفە لەناو ئێمە بۆ تێرکردنی ئارەزووە و پێوەندیی نە بەپسپۆڕی و شارەزاییەوە هەیە و نەش وا پێویست بووە تێگەیشتنەکان سیستەماتیک و میتۆدێک بن.

ئێمە لەخۆڕا ناوی لاوەکیی ئەم باسەمان بە فێڵکردن لە فەلسەفە نەناوە. ئەی ئەوە فێڵکردن نییە لە فەلسەفە کاتێک هەموو شار بەردەوام ناوی سێ چوار بیریار «فوکۆ، دێریدا، هابرماز یان نیچە و هایدگەر» گۆ دەکا، یان تەنیا یەک دوو تەوژمی فەلسەفی «بنیاتخوازی، پۆست مۆدێرنیزم» ڕۆژانە لە نووسین و قسەکاندا ناوزەد دەکرێن. ئێمە گۆکردنی ناوی ئەو بیریارانە بە هەڵە نازانین گەر لە پاڵ ئەوەوە ناوی بیریار و فەیلەسووفانی تر گۆ بکرێن یان کاتێک پێمان وایە زۆر ئاساییە ئەو یەک دوو تەوژمە فەلسەفییانە بەبەردەوام ناوزەد بکرێن کە لە پاڵ ئەوانەوە لەلایەک ڕیشەی مێژوویی و تیۆریی ئەو تەوژمانە لە بیر نەکرێن و لەلایەکی تریش ئەو تەوژمانە لە چەندان تەوژمی فەلسەفیی تر دانەبڕدرێن، بۆ نموونە: ڕێلەتڤیزم –ڕێژەگەری–، پۆزەتڤیزم، ئەزموونگەری – ئیمپریزم–، پراگماتیزم و فێمینیزم، ئەڵبەتە بە گشت جۆرەکانییەوە لیبراڵ، ڕادیکال، سێکسوال و پۆزەتیڤ.

سەرباری ئەوە دەمانەوێ ئەوەش بڵێین، هەرگیز ئەوە دیاردەیەکی ساغ نییە ئاراستەیەکی فەلسەفی بناسینەوە، بەڵام دەیانی ترمان نەبیستووبێ. فەلسەفەی ڕۆژئاوا نە لە نیچەوە "ئەڵبەتە هایدگەر و فوکۆش"ەوە دەست پێ دەکا و نەش لە هەندێک واتا و شەپۆلی فەلسەفی وەک بنەماخوازی و پۆست مۆدێرنە بگرە ئەم فەلسەفەیە مێژوویەکی زۆر بەرین و قووڵی هەیە و ناشێ لە ناوی یەک دوو بیریار یان یەک دوو واتا و ڕێبازی فەلسەفیدا کورت بکرێتەوە. بۆیەشە وا دەڵێین چونکە گشت شار ناوی نیچە و لەویش بترازێ ناوی فوکۆ و هایدگەر و، ئەڵبەتە پاش مەرگی دێریداش، ناوی دێریدا گۆ دەکەن، بەڵام دنیایەک ناوی تر پشتگوێ دەخەن یان لەبنڕا نەیانبیستووە. هۆی ئەمە چییە و بۆ شارێک کە لە بێ فەلسەفەیدا مەلە دەکا خۆی نوقمی ناوی هەندێ فەیلەسووف و یان چەند واژە و ئاراستەیەکی دیاریکراوی فەلسەفی کردووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەم ڕوونکردنەوەیە دەخەینە بەرچاو.

گەر بەوردی و زۆر لەسەرەخۆ بڕوانینە ئەو نووسینانەی لەناو ئێمە وەک نووسینی فەلسەفی خۆیان بەیان کردووە، دەبینین هەر هەموو لە خاڵێکدا یەک دەگرنەوە کە ئەوەش ئەمەیە: ئەو نووسینانە لە دەور و خولی یەک دوو ناوی بیریاردا خۆیان کۆ دەکەنەوە کە یان نیچە و هایدگەرە یانیش یەکێ لە قوتابییانی ئەم دوو بیریارەیە.

ئێمە بەهیچ جۆرێک ڕێ بەخۆمان نادەین بیری ئەو دوو بیریارە "واتە نیچە و هایدگەر" پووچەڵ بکەین و یان هەوڵ بدەین بیانخەینە دەرەوەی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواوە. بگرە ئەوەی ئێمە زۆر خەفەتبار دەکا ئەمەیە: لەگەڵ ئەوەشدا کە گشت ئەو نووسینانەی وەک نووسینی فەلسەفی لەناو ئێمە خۆیان بەیان کردووە و بەدەوری ئەو دوو بیریارە و ئەمجار یەک دوو هاوبیریان دەخولێتەوە

نەک هەر نەیتوانیوە پەی بە تێزەکانی ئەو دوو بیریارە و هاوبیرەکانیشیان ببا، بگرە کارەکانی ئەو دوو بیریارە و ئەمجار هاوبیرەکانیشیان بەتەواوەتی نەخوێندراوەتەوە و بیری ئەوانەشیان نەهێناوەتە ناساندن کە بیری ئەو دوو بیریارەیان (واتە نیچە و هایدگەر) دروست کردووە. بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەم کێشەیە کێشەیەکی زۆر قووڵە و پێویستی بە نەختێک ڕاوەستانی تێرامانئامێزە. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەوەش دەمانەوێ لای خوارەوە چەند بینینێک بخەینە ڕوو:

نیچە و هایدگەر لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆئاوادا دوو بیریاری بەرچاون و لە بیریارە دیارەکانی ئەڵمانیاییشن. ئێمە ناوی وەک کانت، هیگل و هۆسرەل، مارکس لە مێژووی فەلسەفەی ئەڵمانیایی دوور ناخەینەوە، بەڵام لێرەدا ئامانجێکی دیاریکراو لە پشت گەڕانەوە بۆ بیری ئەم بیریارانە لە ئارادا نییە. هەر سەبارەت بەم دوو بیریارە ئەڵمانیاییە ئەوەش دەڵێین کە ئەم دوو بیریارە ناوبانگیان لە دەرەوەی ئەڵمانیا زۆرترە و تەنانەت کاریگەریشیان بەسەر بیری فەلسەفیی ئونیڤێرساڵەوە لە ڕابەدەر شوێنی دیارە. ئەم لایەنەش کەمتر بیریارانی تری ئەڵمانیایی وەک فێختە، گۆتە، شلینگ، دێلتای، شێلەر، شلایرماخر، و... هتد دەگرێتەوە. ئەم شوهرەت و کاریگەرییەش دەکرێ لەوەدا کورت بکرێتەوە کە لە ماوەی ٣٠ یان ٤٠ساڵی ڕابردوودا ئەم دوو بیریارە بوونە بە هۆکارێک بۆ هاتنە دنیای گەلێ بزاڤ و قوتابخانەی فەلسەفی و ئەدەبی و جوانکاری کە گرینگترینیان پۆست بنەماخوازی و پۆست تازەگەری بوونە. یەکێک لەو خاڵانەش کە لێرەدا ناشێ فەرامۆش بکرێ ئەوەیە کە هەردوو پۆستەکەش لە دەرەوەی فەلسەفەی ئەڵمانیایی لەدایک بوونە و تەنانەت کاتێکیش ئەو پۆستانە بوونە بەجێی بایەخی فەلسەفەی ئەڵمانیایی کە ناوبانگیان لە دەرەوەی ئەڵمانیا گەیشتووە بەلووتکە. نەک هەر ئەوە بگرە ئەو پۆستانە لە وڵاتی ئەڵمانیا بەگەرمی پێشوازییان لێ نەکراوە و بگرە وەک هەڕەشەیەکیش بۆ سەر میراتی ڕۆئاوایی، کە ئەوەش پڕۆژەی مۆدێرنەیە، تەماشا کراون. هەر لەم ڕووەشەوە، بەبێ گومان، پێی لەسەر ئەوە دادەگرین، ئەوەی دیسانیشەوە خۆی بۆ پاراستنی میراتی مۆدێرنە لە ڕۆئاوا تەرخان کردووە هەر ئەڵمانیایە. هابرمازیش، کە پێی وایە پتر لە گشت فەیلەسووفە ڕۆئاواییەکان بەتەنگ داهاتووی ڕۆئاواوە دێ لە دوو کاریدا "وتاری فەلسەفی بۆ تازەگەری، تازەگەری پڕۆژەیەکی ناکاملە" هەر زوو سۆزی خۆی بۆ پڕۆژەی مۆدێرنە نیشان دا، کە ئەمەش دەکرێ وەک نموونە وەربگیرێ کە چۆن بیری نیچە – هایدگەر تەنیا "زۆرتر" لە دەرەوەی ئەڵمانیا هێنراوەتە گۆ. ئەڵبەتە ئەم بەگۆهێنانەش بەجۆرێک بووە ماهییەتی زاست، ڕاستی و عەقڵی خستووەتە ژێر گومانەوە.

ئەگەر باس لە دەرەوەی ئەڵمانیا بکەین کە شوێنی هێنانە گۆی تێکستەکانی نیچە–هایدگەرە ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبێ یەکسەر خەیاڵمان بۆ وڵاتێک وەک فرەنسا "زمانی فرەنسایی نەک ئینگلیزی" بچێ و، بۆ نەوەیەک کە لە پاش برگسۆن و بگرە سارتەریش سەرهەڵ دەدەن و ویستیان هەڵوەشانەوەی سەرلەبەری شەپۆلەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفییە. لێرەشدا و بەتایبەت ناکرێ و شیاو نییە بیریارانێک وەک باتای، بلانشۆ، فوکۆ و دۆلۆز، دێریدا و بۆدریار و لیوتار لە بیر بکرێن. هەریەک لەمانەش بەجۆرێک و لە چوارچێوەی خۆیان بە یەکێک لەو دوو بیریارەوە "نیچە یان هایدگەر" وابەستە بوونە. ئەمەش پرۆسەیەک بووە لە ساڵانی ١٩٦٠کانەوە بەردەوام بووە و مانا و

گرینگییەکی زۆریشی بۆ واتای فەلسەفەی ڕۆئاوا بەگشتی و فەلسەفەی هاوچەرخی فرەنسایی بەتایبەت هەبووە. لەم دواییەشدا نەک هەر بیری ئەو بیریارە فرەنساییانە لە دەرەوەی فرەنسا و بەتایبەت لە زانکۆکانی وڵاتانی ئەنگلۆ - ئەمەریکایی بایەخی پێ درا، بگرە بیری نیچە و هایدگەریش بایەخی بۆگەڕایەوە. ئێستا لە زانکۆکانی ئەمەریکا و ئینگلیستان تێزگەلێکی ئەکادیمیی زۆر لەبارەی ئەو دوو بیریارە ئەڵمانیاییە و زارۆکە فرەنساییەکانیان پێشکێش دەکرێ و، تەنانەت ئەو دێباتە فەلسەفییانەش کە لە ئاکامی تێکستەکانی ئەو دوو بیریارە ئەڵمانییەوە لەسەر دەستی هاوبیرە فرنسییەکانیان ورووژێندراون گەلێ تێما و بازنەی فەلسەفییان خستووەتەوە و، پسپۆر و لایەنگرانێکی زۆریشیان دروست کردوون.

بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە چوارچێوەی نەشونمای بیری ئەو دوو بیریارە ئەڵمانیاییە و زارۆکە فرەنساییەکانیشیان تا ئێستاش لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیایی و ئەنگلۆ-ئەمەریکایی بە بەراورد بە گەشەی میراتی فەلسەفەی ئەنگلۆ-ئەمەریکایی هەر بەرتەسک و سنووردارن. چونکە لەلایەکی ئەم وڵاتانە زۆر لەژێر کاریگەریی بیری فەلسەفەی شیکردنەوەیدان، کە ئەوەش هەندێ ئاراستەی فەلسەفی وەک پۆزەتڤیزم، پراگماتیزم و جۆرە فەلسەفەیەکی لۆجیکیی بنیاتنراو لەسەر فەلسەفەی ماتماتیک "بیرکاری" دەگرێتەوە و، لەلایەکی تریش لەبەرئەوەی ئەو سیستەمە ڕەخنەییەی فەلسەفەی نیچە و هایدگەر و، ئەڵبەتە ئەوەی هاوبیرە فرەنساییەکانیشیان، کاری لەسەر دەکەن لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیایی و ئەنگلۆ- ئەمەریکاییدا زۆر پەسندکراو نین. بچووکترین نموونەش ئەوەیە زۆربەی ئەکادیمیکارانی زانکۆی کامبرج لە ١٩٩٢ لەسەر ئەوە کۆک بوون لەسەر ئەو بناغەیەی کە بیری دێریدا بیرێکی پووچە نابێ دوکتۆرای فەخریی پێ بدرێ. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریش، ئەوە گەمە نییە تا ئێستا یەک تێزی دوکتۆرا لەسەر بیری دێریدا لە سوێد نووسراوە، کە ئەوەش ئەو تێزەیە ستافان کارلشمەر لە ساڵی ١٩٨٦ لە زانکۆی یۆتۆبۆرگ بەنێوی "کات و زمان" نووسیویەتی، کە ئەمڕۆ ناوبراو بەرپرسی ئەو تێزانەیە لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی ستۆکهۆڵمدا لەمەڕ فەلسەفەی کۆنتنێنتال دەنووسرێن.

بەڵام ئەوەی بەباری ڕۆشنبیری و نووسینی ناوبراو بەنووسینی فەلسەفیی ئێمەوە تایبەتە بەپێچەوانەی گشت ئەوانەوەیە لای سەرەوە باس کرا. چۆن؟ بۆ ئەوەی ئەم پرسیارە ڕوون بکەینەوە بەپێویستی دەزانین ئەم پرسیارە بکەین: هۆی ئەوە چییە دەبێ نیچە و هایدگەر لە ناو ئێمە پۆپولێر بن "ناسراو بن"؟ ئاخۆ هۆیەکە ئەوەیە چەند کەسانێکمان هەن تێزی ماستەرنامە و دوکتۆرانامە و پۆست دوکتۆراکانیان لەسەر بیرۆکەکانی نیچە و هایدگەر نووسیوە؟ یان هۆی تر هەیە؟ باشە ئەو هۆیانەی تر چین؟ لە ڕاستیدا دەکرێ لێرەدا گەلێ هۆ ڕیز بکرێن لەوانە: جارێ پێش هەموو شتێک نە لەناو ئێمە تێزی ئەکادیمی لەسەر بیرۆکە "دۆکتورین" و وتنەکانی ئەو دوو بیریارە ئەڵمانییە نووسراون و نەش کارەکانی ئەو دوو بیریارە ئەڵمانیاییە بەزمانی دایک دەست دەکەون. ئەمەش وا دەکا پەنا بۆ زمانی تر ببرێ «بۆ نموونە زمانی عەرەبی و فارسی کە بوونە بە ئەلتەرناتیڤ بۆ نووسەر و ڕۆشنبیر و سیاسەتوانان بۆ بەچنگهێنانی ڕووناکبیری» بۆ خوێندنەوەی ئەو دوو بیریارە ئەڵمانیاییە بەڵام ئەوەش کێشەکە چارەسەر ناکا. چونکە نە بەرهەمەکانی ئەو دوو بیریارە

بەجۆرێ سیستەماتیک و بە شێوازێکی جوان لەناو ئەو زمانانەی لەناو دوو کەواندا ناویان هێنرا، وەرگێردراون و نەش ئەو وەرگێراوانە لە مەنهەجی خوێندنی ئەکادیمیدا بەکار دەبرێن. کاتێ ئەو تێکستە فەلسەفییانە لە پرۆگرامی خوێندنی فەلسەفیدا شوێن بۆ خۆیان نەدۆزنەوە و هەروەها کاتێ پسپۆڕ و لێهاتوو، نەک وەرگێڕی بازرگان و هاوی، ئەو تێکستانە وەرنەگێڕن کە بناغەیەک بۆ فەلسەفە وەک بابەتێکی ئەکادیمی دادەنێن، ئەوا بیری ئەو بیریارانە لەناو ئێمە هەردەم غەریب و لاپەڕ دەبن. لەوانەش سەیرتر ئەوەیە کارە سەرەکی و بناغەییەکانی ئەو دوو بیریارە بەتەواوەتی وەرنەگێـڕدراونەتە سەر ئەو زمانانەی "واتە فارسی و عەرەبی" بوونە بە زمانی خوێندنەوە بۆ نووسەرانی کورد و ئەمەش کارێکی وا دەکا کەموکووڕییەکی گەورە لە ناسینی بیری فەلسەفیی ئەو دوو بیریارەدا هەبێ. بۆ زۆرتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان دەڵێین، هەریەک لە بیریارانی ڕۆئاوا خاوەنی کارێکی گەورەن کە تا کاتی مردنیشیان بەجۆرێک لە جۆرەکان تێزەکانی ئەو کارە سەرەکییەیان دەلاوێننەوە و یان هەوڵی پتر بەرەو پێشەوەبردنی دەدەن. بۆ نموونە سەبارەت بە کەسێک وەک هایدگەر ناکرێ تێزی دوکتۆرانامەکەی کە ئەوەش کتێبی "بوون و کات"ەکەیەتی لە بیر بکەین. باشە کاتێک ئەم بەرهەمەی هایدگەر نە بەکوردی و نەش بەو زمانانە دەست دەکەون کە نووسەرانی کورد فێربوون و ڕووناکبیریان لێوە وەدەست دێن چۆن دەکرێ ئەو هەموو تیۆریزەکردنە بەڕاست وەربگیرێن کە ساڵانێکە بەسەر واتای دازاین، بوون، کات و چەندان چەمک و بیرۆکەی ترەوە دەکرێن؟ ئاخۆ لێرەدا ناشێ بڵێین ئەوەی لەناو ئێمە هەبووە فەلسەفە نەبووە، بگرە فێڵ بووە و لە فەلسەفە کراوە؟ ئەی ئەوە فێڵکردن نییە لە فەلسەفە کاتێک تۆ لە کۆپییەوە ئۆرژیناڵ دروست بکەی؟ ئەوە بەهەڵەبردنی فەلسەفە نییە، چییە کاتێ کۆشش بۆ ئەوە بکرێ لە ڕێگەی دوان و ئاخاوتنی کەسێکی ترەوە زانیاری لەسەر بیری بیریارێک یان ئاراستەیەکی فیکری وەدەست بهێنرێ؟

ئەمە لەلایەک، بەڵام لەلایەکی تر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی لای سەرەوە ڕووی خوێنەری ئەم باسەمان خست کە بۆ دەبێ نیچە و هایدگەر لەناو ئێمە پۆپولێر بن، بەم شێوەی لای خوارەوە وەڵام دەدەینەوە:

ئاشکرایە ئەوە ئێمە نین تێکستەکانی نیچە و هایدگەرمان وەرگێڕاوە و پاشان هەر ئەوە ئێمەش نین نێوەندی ئەکادیمییەکەمان لەژێر کاریگەری بیری فەلسەفیی ئەم دوو بیریارەیە کە وابێ هیچ موناسەبەیەک نییە، ئەم دوو بیریارە پتر لە بیریارەکانی تری ڕۆئاوا و تەنانەت هەڵەش ناکەم گەر بڵێین پتر لە خودی واتای فەلسەفەی ڕۆئاوا، ناویان لە ناوماندا گۆ بکرێ یان پۆپولێر بن. ئەڵبەتە هۆی ئەو هەموو بایەخدانەش بەو دوو بیریارە بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەلایەک ئەم مەسەلەیە دیاردەیەکی نێودەوڵەتییە و لەلایەکی تریش پێوەندیی بە حەزی شەخسیی هەندێ کەسەوە هەبووە لە بایەخدان بەو دوو بیریارە نەک بیریارهاێکی تر، بەڵام بەشەکی تر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بایەخدان بەو دوو بیریارە سەرچاوەی لەوەوە هەڵگرتووە کە تێگەیشتن لە بیری ئەو دوو بیریارە ئەڵمانییە بەبەراورد بە هەندێ بیریاری تری ئەڵمانیایی بۆ نموونە: کانت، هۆسرەل یان ڤیتگنشتاین یاخۆ فرێجە کارێکی ئاسانترە، بەڵام زۆریش ئاسان نییە. بۆ نموونە لەو کارانەی

هایدگەر قسە لەسەر بیری فەلسەفیی نیچە یان کانت یان هۆسرەل دەکا ئەو ئاسانییە بەبیرییەوە بەدی ناکرێ. بەڵام ڕەنگە ئەو ئاسانییە لە تێگەیشتنی بیری نیچەدا پتر ئامادە بێ. ئەمەش پێمان وایە دوو هۆی لە پشتەوەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە بیری نیچە بیرێکی فەلسەفیی شیعرگەرا و وتارئامێزە و دووەمیش ئەوەیە کە کارەکانی نیچە لە چاو کارەکانی هەندێ بیریاری تری ئەڵمانیایی فریجە، کانت، کارناپ و ڤیتگنشتاین نەریتێکی ئەکادیمیی دیاریکراوی تێدا بەدی ناکرێ و سیستەمێکی فەلسەفیشی بەرهەم نەهێناوە. هەر سەبارەت بەوی لای سەرەوە خستمانە بەرباس دەمانەوێ هەندێ ڕوونکردنەوەی تر بدەین و، ڕوونکردنەوەکانیشمان ئەم ئاراستانە وەردەگرێ کە لە خوارەوە دێینەوە سەریان.

ڕاستە بایەخدان بە نیچە و هایدگەر سەرچاوەیەکی نێودەوڵەتیی هەیە، بەڵام ئەمە بۆ ڕووناکبیرێکی بۆ نموونە نەرویجی یان سویدی لەبارترە وەک لە کورد. هۆی سەرەکیش لەم بارەیەوە پێوەندیی بەوەیە کە لەلایەک گەر زۆربەی تێکستە سەرەکییەکانی ئەو دوو بیریارە بە زمانی دایکیش نەبن (واتە سویدی یان نەرویجی) بەڵام ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێ ئەو ڕووناکبیرە سویدی یان نەرویجییە نەتوانێ بەزمانی تر بیانخوێنیتەوە. لەلایەکی تر ئەو دێباتە فەلسەفییانەش کە تێکستی بۆ نموونە ئەو دوو بیریارە ئەڵمانیاییە دەیورووژێنن پتر لە ژیانی ئەو ڕووناکبیرە سویدی یان نەرویجییەوە نزیکە تا ڕووناکبیرێکی کورد، بۆیە قووڵبوونەوە و کارکردنی ڕووناکبیرە سویدی یان نەرویجییەکە لەسەر ئەو تێکستانە هەر سەرچاوە لەوەوە هەڵدەگرێ. پاشان بەنێودەوڵەتیبوونەکەش کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد پێوەندییەکی زۆری بەو بایەخەی ئەو پۆلە فەیلەسووف و ڕووناکبیرە فرەنساییەوە "بۆ نموونە دۆلۆز، فوکۆ، دێریدا" هەبووە کە لە ساڵانی ١٩٦٠ بەولاوە کەوتنە ژێر کاریگەریی تێکستە فەلسەفییەکانی ئەو دوو بیریارە ئەڵمانیاییەوە. وەلێ ئەوەی ناومان نا «بیری فەلسەفی ئەو دوو بیریارە ئەڵمانیاییە ئاسانە تێگەیشتن لێی»، کە ئەمەش هۆیەکی بووە بۆ زۆر پۆپولێربوونی ئەم دوو بیریارە لەناو ئێمە، دەکرێ بەم جۆرەی لای خوارەوە ڕوون بکرێتەوە:

بیری فەلسەفیی نیچە پتر لە بیری هایدگەر لەناو ئێمە پۆپولێر بووە. هۆی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر خوێندنەوەی نیچە ڕەنگە ڕێگە لە بەردەم تێگەیشتن لە تێکستەکانی خۆش بکا، بەڵام هەمان شت ناکرێ سەبارەت بە هایدگەر بوترێ تەنانەت گەر هەمان شت سەبارەت بە هایدگەریش بوترێ، بەڵام هەرگیز ناشێ هەمان شت سەبارەت بە مامۆستاکەی هایدگەر بوترێ "واتە هۆسرەل". چونکە خوێندنەوەی هۆسرەل، بۆ نموونە کارگەلێکی وەک "تێڕامانە دێکارتییەکان" یان "ئیدیاکان" یاخۆ "توێژینەوە فەلسەفییەکان" ئاسایی نییە تێگەیشتن لێیان. پاشان هەر سەبارەت بە بیری نیچە دەمانەوێ ئەوەش بڵێین: بیری فەلسەفیی نیچە پێیەکی لەناو فەلسەفەیە و ئەوی تریشی لەناو شیعرگەراییە و ئەوەش ئەو شیاوییەی لە بەردەم خوێنەرانی تێکستی نیچە هەردەم والا کردووە کە زووتر تێگەیشتن لەبارەی بەرهەمەکانییەوە بەدەست بهێنن وەک لە بیریارانی تر ڕۆئاوا بۆ نموونە کانت، ڤیتگنشتاین، هۆسرل، لۆک و کارناپ... هتد. بەڵام با ئەوەش لە بیر نەکەین ئەو ئاسانییەی لە بیری فەلسەفیی نیچەدا بە بەراورد بە بیریارانی فەلسەفەی

شیکردنەوەییی کلاسیک یان هاوچەرخ بەدی دەکرێ شتێکی ئەوتۆی لەناو ئێمە بەرهەم نەهێناوە کە لێرەدا بە نموونە بیهێنینەوە. بەڵام ئەوە بە باشی ڕەنگدانەوەی خۆی لە وتاری فەلسەفیی ڕۆژئاوادا هەبووە، واتە بواری بیریاریکردن بەسەر نیچەوە هەرگاڤ ئاسانتر بووە وەک لە بواری بیریاریکردن بەسەر بیری کەسانێ وەک کواین، ڕاسل، یان فرێجە یاخۆ ڤیتگنشتاین. هەرچی هایدگەرە کەمتر ئەو ئاسانییە لە بیریدا بەدی دەکرێ بەتایبەت ئەو بەشەی پێوەندیی بە ڕەتکردنەوەی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی مامۆستاکەیەوە (هۆسرل) هەیە. پاشان هەر لێرەدا و تایبەت بەهۆی پۆپولێربوونی بیری نیچە و هایدگەر لەناو ئێمە دەکرێ باس لە لایەنێکی مەنهەجیش بکەین کە ئەوەش ئەمەیە:

سەرەتا بەو پرسیارە دەست پێ دەکەین کە بەم شێوەیەیە: چۆن دەکرێ ئێمە نیچەناس بین لە کاتێکدا ئەو بیرە نەناسین، نیچە سەرچاوەی لێوە هەڵگرتووە و یان ڕەتی کردووەتەوە؟ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرسیارەش دەڵێین: بۆ نموونە نیچە لە گشت کارەکانیدا لە دیباتێکی فەلسەفیی بێ ڕەهەنددایە لە تەک فەلسەفەی ئەفلاتوون "پلاتۆن" ئەڵبەتە ئەم دیباتەش بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ئایدیالیزمەیە کە دوژمنی سەرسەختی نیچە بووە. هەروەها گەڕانەوەی بەردەوامی نیچە بۆ فەیلەسووفەکانی پێش سوکرات دیسانەوە خاڵێکی گرینگە سەبارەت بە پێکهاتەی فەلسەفیی نیچە. ئەمە و مانای تیۆریی "ویست" لای شۆپنهاوەر و کاریگەریی بەسەر نیچەوە. ئێمە کە ئەوەندە سەرگەرمی نیچە و تێکستەکانین، کوا ئەو نووسینانەی بەلێشاو نووسیومانن لەبارەی فەیلەسووفەکانی پێش سوکرات یان خودی ئەفلاتوونەوە، ئەڵبەتە شۆپنهاوەریش؟ ئاخۆ دەکرێ دەست و پەنجە لە تەک فەلسەفەی ڕۆژئاوادا بەبێ قووڵبوونەوە لە بیری بیریارێکی وەک ئەفلاتوون نەرم بکرێ؟ لێرەدا بەدگۆیی ناکەین گەر قسەی ئەو نووسەرە سوێدییە بە نموونە بهێنینەوە کە دەڵێ: لە پاش عیسا زۆرترین ناو لە ڕۆژئاوا گۆ کراوە ناوی ئەفلاتوون بووە. باشە کوا گۆکردنەکانی ئێمە لەو بارەیەوە؟ باوەڕ ناکەین بکرێ و بشێ مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بێ فەلسەفەی ئەفلاتوون بوونی هەبێ. هەر لەم بارەیەوە دەتوانین ئەوەش بپرسین: دەکرێ ئێمە نیچەناس بین، بەڵام ئەو دوو بەرگەمان نەخوێندبێتەوە کە هایدگەر لەسەر نیچە (بەناوی نیچە) نووسیویەتی؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر. چونکە ئەو بەرهەمە دوو بەرگییەی نیچە لەناو ڕووناکبیر و بیریارانی فەلسەفەی کۆنتنێنتال زۆر ناودارە و مانایەکی زۆریشی بۆ پێگەیاندنی بیریان سەبارەت بەبیری نیچە دیوە. ئەمەش بەباشی لەناو بیریارانی کۆنتنێنتاڵی فرەنسی زمان بەچاکی دەرکەوتووە.

هەر سەبارەت بە پرۆسەی فێڵکردنەکان لە فەلسەفە و بەهەڵە پۆپولێربوونی بیری هەندێ بیریار و یان واتا و بزاڤ لەناو نووسەرانی کورددا دێینەوە سەر هایدگەر. سەرەتا دەمانەوێ بڵێین: ئەوەی نەختێک شارەزاییی لەسەر پێکهاتەی بیری فەلسەفیی هایدگەر هەبووبێ ئەوە دەزانێ کە ناکرێ وێناکردنی هایدگەر بەبێ هۆسرل. ئەوانەی چەند سەعاتێک بە وردی هایدگەریان خوێندبێتەوە دەرکیان بەوە کردووە بنیاتی فەلسەفیی هایدگەر فینۆمینۆلۆجیی بووە. گومانیشی ناوێ بێژین ئەو فەلسەفە فینۆمینۆلۆجییەیش سەرچاوەی لە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیی هۆسرەلەوە هەڵگرتووە، نەک کانت یان هیگل. بەڵام ئەو سەرچاوە هەڵگرتنە کە دەکرێ بە قۆناغ بکرێ دوا قۆناغی ئەوەیە

کە هایدگەر فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیی مامۆستاکەی (واتە هۆسرەل) ڕەت دەکاتەوە. هەر ئەو ڕەتکردنەوەیەشە ئەو هایدگەرە دروست دەکا کە پاشان دەبێ بە جەمسەرێکی سەرەکی لەناو فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵدا.

گرفتی میتۆدیک، نەک هەر تەنیا ڕووناکبیری ئێمەی کورد لەم ڕووەوە لەوەدایە کە ئێمە هایدگەرمان تەنیا لەلایەن چەند تێکستێکی جۆراوجۆری ناسیستەماتیکەوە ناسیوە کە بەرهەمی وەرگێڕانی هەندێ وەرگێڕی ئەماتۆر (هاوی) بوونە ئەمەش وای کردووە لە بنەڕەتی ئەو ڕەتکردنەوەیە نەگەین بۆ نموونە ڕیشاڵی بیرۆکەکەی لە کتێبی "بوون و کات"دا چندراوە کە تا ئەمرۆ پێ ناچێ ١٠ کەس لەناو ئێمە خوێندبێتییەوە. نەک هەر ئەوە بگرە دڵنیاین لەبەرئەوەی ١٠ کەس لەناو ئێمە کارە سەرەکییەکانی هۆسرەلی نەخوێندووەتەوە بۆیە ئەستەمە ئێمە پێمان وابێ لە بنەچەی ئەو ڕەتکردنەوەیە، گەیشتووین کە هایدگەر کاری لەسەر کردووە. لەم ڕووەشەوە ناتوانین ناوی ئەو نووسینە فەلسەفییانە بەنموونە بهێنینەوە کە بەکوردی لەسەر یان لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیی هۆسرەل نووسرابێتن. ناشکرێ ئەو کاریگەرییە بەرجەستەکراو بێ کە جارێ سەرەکیترین کاری هۆسرەل نەک هەر بەزمانی کوردی بگرە بەو زمانانەش بەردەست ناکەون کە بوونە بە ئەڵتەرناتیڤ بۆ بەدەستهێنانی ڕووناکبیری فەلسەفی لەبارەی فەلسەفەی ڕۆژئاواوە. لێرەدا و بۆ نموونە ناوی ئەو چەند کارە فینۆمینۆلۆجییە دەنووسین کە هۆسرەل لە نێوەندی ئەکادیمی پێی ناسراوە، کە هیچ یەکێ لەوانە لەناو نووسەرانی کورد ناسراو نییە: «ئیدیاکان بۆ فینۆمینۆلۆجیایەکی پوخت و فەلسەفەیەکی فینۆمینۆلۆجی و تێڕامانە دێکارتییەکان و توێژینەوە لۆجیکییەکان و فۆرماڵ و لۆجیکی ترانسندینتاڵ».

ئەم جۆرە نموونانە و ڕوونکردنەوەکانیش، کە لەم بەشەی نووسینەکەمان خستمانە بەردەست، وردە وردە ئەوە لای خوێنەر بەرجەستە دەکەن کە ئەوەی لەناو ئێمە هەیە "و هەبووە، فەلسەفە نییە و نەبووە، بگرە شتێکە ویستوویەتی ببێ بە فەلسەفە، بەڵام دواتر بووە بە شتێکی غەیرە فەلسەفە، کە ئەوەش بەکورتی نافەلسەفەی بەرهەم هێناوە. ئەوە دەقاودەق نافەلسەفەیە کە ڕیشەی تێگەیشتن و بیرۆکە فەلسەفییەکان لە ڕێگەی دەستی سێیەم و چوارەمەوە بێتە ناسین. ئەوە نافەلسەفەیە کاتێ باز بەسەر ئەسڵ دەدرێ و دەچین لە نوسخەوە ڕیشە بەرهەم دێنین، دواتر پێمان وایە فەلسەفەمان کردووە. لێرەدا و بۆ پتر بەڵگەدارکردنی ئەم چەند دێرە دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی لە سەرەوە قسەمان لەبارەوە کرد، واتە: «لەخۆڕا پۆپولێربوونی بیریارگەلێکی وەک نیچە و هایدگەر لەناو ئێمە». بۆ ڕاڤەکردنی ئەمەش دەڵێین: ئێمە ئەوە بە شتێکی سروشتی دەزانین کە ئەمرۆ بیری فەلسەفیی نیچە و هایدگەر لە فرەنسا زیاد لە پێویست گەشەی کردووە، چونکە تێکستەکانیان و ئەوەی لەبارەشیانەوە وتراوە بەفرەنسایی هەن. هەروەها پێمان ئاساییە بیری نیچە و هایدگەر و تەنانەت پەرەپێدەران بە بیری ئەمانیش شوێنێکی نێوەندی لەناو ئەوەی پێی دەڵێن فەلسەفەی کۆنتنێنتال بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، چونکە ئەم بیرانە پێوەندییەکی زنجیرەیی لە نێوانیاندا هەیە. هەر لەم بارەیەشەوە گەر تەماشای دێریدا بکەین، کە بیریارێکی دیاری ناو جەمسەری فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵە، بە نووسین لەسەر هۆسرەل دەست بە فەلسەفەکردن دەکا. دێریدا ئەمەی

بەجۆری هەرەمەکی ئەنجام نەداوە، هەروەها ئەم ئەمەی لەسەر هەمان دەستووری ئەکادیمی مامۆستاکەی (واتە هایدگەر) ئەنجام داوە. دێریدا سەرەتا بە هۆگربوون بە فەلسەفەی هۆسرەلەوە دێتە ناو گۆڕەپانی فەلسەفەوە، ئەوەش لەگەڵ یەکەم بەرهەمی کە بڵاوی دەکاتەوە. چونکە پاش وەرگێڕانی کتێبی (هەندەسەی جیۆمێتری) هۆسرەل بۆ سەر زمانی فرەنسایی، دێریدا دەروازەیەک بۆ ئەم بەرهەمە، بەناوی (دەروازە بۆ هەندەسەی جیۆمێتری هۆسرەل) دەنووسێ و پاش ساڵێک دێریدا کتێبی دووەمی سەبارەت بە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیی هۆسرەل بەناوی (دەنگ و دیاردە)، لە ساڵی ١٩٦٧، بەچاپ دەگەیەنێ. ئەم دوو توێژینەوەیەش مانایەکی گەورەیان بۆ سەرلەنوێ دێباتکردن لەسەر بیری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجیی هۆسرەل لە فرەنسا، بەتایبەت و لە نێو بیریار و ڕووناکبیرانی کۆنتنێنتال بەگشتی دی. لەو دێباتانەشدا دێریدا پتر هایدگەرییە و پاشان خۆشیەتی. هایدگەرییە بەو مانایەی دێریدا لەژێر کاریگەریی فینۆمینۆلۆجیای هایدگەر ڕەخنە ئاراستەی فینۆمینۆلۆجیای هۆسرەل دەکا و خۆشیەتی، چونکە دێریدا ڕەخنە نەک هەر لە هۆسرەل بگرە لە گشت وتاری میتافیزیکیی ڕۆئاواش دەگرێ کە ئەوەش هەر لە ئەفلاتوون و ڕۆسۆوە دەگرێتەوە تا دەگاتە سۆسێر، هۆسرەل، هایدگەر، فروێد و لیڤی شتراوس. لە حاڵەتێکی واشدا، بەباوەڕی ئێمە، دەکرێ مرۆڤ پۆپولێربوونی دێباتکردنی بیریارێک یان ئاراستەیەکی فەلسەفی لەناو مۆدێلێکی ڕووناکبیری یان هزرەڤانیدا پێ پەسندکراو بێ، نەک وەک ئەو وێنانەی کە لای سەرەوە خرانە بەرباس و کە هەر هەموو ژیانی ڕووناکبیرییەکی پارادۆکس (ناکۆک) بەرچاو دەخەن، کە ڕووناکبیریی فەلسەفیی ئێمە پێوەی دەتلێتەوە.

## ٣- ڕۆژنامەوانی لە بری فەلسەفە و گشت بەشەکانی تری زانستە مرۆییەکان

یەکێ لە کێشەکانی خودی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەوەیە ئەم کێشەیەی ئێمە لەم پەرەگرافەدا باسی لێوە دەکەین، واتە ئەوەی ڕۆژنامەگەری جێگەی هەموو دیسپلینێکی گرتووەتەوە و هەروەها ڕۆژنامەگەری بووە بەنووسین و ئیدی نووسین لە دەرەوەی ڕۆژنامەگەری بوونی نییە، نەکردووەتە بابەتی باسکردن. ئێمە پێمان وایە ڕۆژنامەگەری تا ئەو شوێنە دەکرێ ببێ بەبابەتی ئاوڕدانەوە کە پێوەندیی بەتەکنیک و هونەری نووسین و بڵاوکردنەوە و، ڕێساکانی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە نەک ئەوەی ڕۆژنامەگەری وەک ئەوە تەماشا بکرێ کە دەزگایەکە بۆ بەرهەمهێنانی ڕووناکبیری. کاتێ ڕۆژنامەگەری وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ ڕووناکبیری تەماشا دەکرێ ئەمە هەر هەڵە نییە، بگرە تێکدانی کاری ڕۆژنامەگەریشی بەدەمەوەیە. چونکە ڕۆژنامەگەری دەبێ کۆشش بێ بۆ پەرەدان بەتەکنیکی نووسین و دێبات هێنانە پێشەوە لەسەر ماف و ویستی تاک لە کۆمەڵ نەک ئەوەی ڕۆژنامەگەری ببێ بەخودی نووسین. واتە و بەکورتی ڕۆژنامەگەری کە بەخۆی دیسپلینێکی تایبەت بەخۆیەتی شوێنی زۆربەی دیسپلینەکانی تری بواری زانستە مرۆییەکانی گرتووەتەوە، لەوانە: کۆمەڵناسی، زمانەوانی، ئابووری، دەروونناسی، فەلسەفە، ئێتنۆگرافی، ئەنترۆپۆلۆجی و تا دەگاتە تیۆری سیاسی و هونەر و... هتدیش.

بۆ پتر دوان لەسەر ئەو چەند دێرەی لای سەرەوە دەخوازین بڵێین، نووسینی کوردی لەم یەک

دەیەی دواییدا بووە بە پارچەیەک لە نووسینی ڕۆژنامەگەری ئامێز. ئەمەش وای کردووە ئەم جۆرە نووسینانە ببن بە پردێک بۆ باس لە نووسین (نووسین وەک تێکست)، یان ڕۆژنامەگەری خۆی وەک نووسین دەرخا و هەوڵ بدات گشت ئەو بۆشاییانە پڕ کاتەوە لە زانین و زانیارییەکانماندا هەیە. هۆی ئەوەش نووسین خۆی لە جەستەی کاری ڕۆژنامەوانیدا ئاخنیوە، گەلێ زۆرن دەشێ هەندێ هۆی سەرپێیی لەم ڕووەوە بەسەر بکەینەوە. یەک لەو هۆیانە ئەوەیە ڕۆژنامەوانی دەمێکە بووە بە شوێنێک بۆ هاتنە گۆی تاکی کورد جا ئەوە هونەرمەند بێ یان سیاسەتکار، ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی بێ یاخۆ وێژەر. بۆ نموونە زۆربەی ئەو تاکە نووسەرانەی کورد کە دەکەونە تاراوگە یەکەم هەنگاویان بۆ خۆدۆزینەوە و خۆهۆگرکردن کۆششیانە بۆ دەرهێنانی ڕۆژنامەیەک، کە لەوێڕا ئەم ڕۆژنامەیە بەنووسینی سیاسی و ئەدەبی پڕ دەکرێتەوە. ڕۆژنامەوانی کە پێوەندییەکی زۆری بە ڕۆحی تاراوگاوی کەسی کوردەوە هەیە، هەردەم وەک شوێنێک تەماشا دەکرێ کە تێیدا بەرەنگاربوونەوەی تێدا ئەنجام بدرێ. ئەڵبەتە گەر تەماشای ئەزموونی شاخ و هەندەرانی تاکی نووسەری کوردیش بکەین دنیایەک وێنەی لەم جۆرەمان بەرچاو دەکەون. هەرچی هۆی دووەمە ئەوەیە کە، لە نێو نووسەراندا دەرک بەوە نەکراوە چەند پۆلێ لە زانین یان بەواتایەکی تر چەند جۆرێک لە دیسپلین هەن هەریەکە لەو پۆلانە بە بوارێکەوە تایبەتن، ئەمەش بەتەبیعەتی حاڵ ڕەنگدانەوەی خۆی لەناو نووسەران بەجێ هێشتووە و کارێکی وای کردووە گشت نووسین بۆ نووسەرانی کورد وەک بەشێ لە کاری ڕۆژنامەوانی ببینرێ. هۆی سێیەم ئەوەیە کە بۆ نووسەرانی کورد شتێکی زۆر ئاسانە مومارەسەکردنی کاری ڕۆژنامەوانی، چونکە لە ڕێگەی نووسینی ڕۆژنامەوانی ئامێزەوە نووسەری کورد دەکارێ بەئاسانی باس لە گرفتی ناسیۆنالی، کاری داهێنانی هونەری و جوانکاری، بابەتی بیریاری و فیلۆلۆجی و گشت بەشەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان بکا. هەرچی هۆی چوارەمە، کە ڕەنگە لە هەرسێ هۆیەکەی تر زۆر ڕەگەزیتر بێ، ئەوەیە نووسینی کوردی لە بنەڕەتدا نووسینێکی ئەدەبی (وێژەیی) و سیاسییە و ئەم جۆرە نووسینانەش بوونە و بەئاسانیش دەبن، بە هەوێنی نووسینی ڕۆژنامەوانی لەلایەک زۆرترین خوێنەری هەیە و لەلایەکی تریش زۆرترین نووسەری هەیە. ئەم دۆزەش جۆرە ڕەوتێکی ڕۆشنبیریی دروست کردووە، سەختە جیاوازی کردن لە نێوان نووسەر و خوێنەردا.

ئێمە بۆ زێتر شیکردنەوەی قسەکانی سەرەوەمان، دەڵێین: نووسینی کوردی لەم چەند ساڵەی دوایی، بەتایبەت پاش ڕاپەڕین، ئاراستەیەکی ڕۆژنامەوانیی وەرگرتووە. نووسینی کوردی کە پێش ڕاپەڕین پتر ئەدەبی (وێژەیی) و هونەری بوو، ئەمێستا بووە بە یەک پارچە لە نووسینی ڕۆژنامەوانی. پرۆسەی ئازادیی پاش ڕاپەڕینیش کە بووە هۆی بەرهەمهێنانی گەلێک دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری، گشت بزاڤی نووسینی کوردیشی، گەر سەرجەم وتاری ڕووناکبیری نەڵێین، کرد بەکردەیەکی لە ڕۆژنامەوانی. مەبەستمان ڕۆژنامەوانی تاکە زاڵترین پێنووسی کوردی ئەم یەک دەیە و نیوەی ئەم دواییەیە. نووسینەکان ساڵانێکە ئەوەندە بەڕۆحێکی ڕۆژنامەوانییانەوە دەنووسرێن زۆر بەزەحمەت دەکرێ نووسینێکی ئابووری لە کۆمەڵایەتی و ئەویش لە هونەری و ئەمیش لە نووسینی کولتووری و ئەدەبی جیا بکرێتەوە. بۆ ئێمە ئەمەش ئاماژەیە

لەسەر ئەوەی ڕۆژنامەوانی هەموو نووسینی کوردی تا ڕادەیەک پێک دێنێ و ئەمەش گەلێک هۆ لە پشتییەوەیە. ئێمە لای سەرەوە بەشێوەیەکی لاوەکی چەند هۆیەکمان خستە ڕوو کە دەمانەوێ لێرەوەڕا بێینە سەر ڕوونکردنەوەی هۆیەکان بەجۆرێکی تر. بەڵام پێش ئەوەی ئەو هۆیانە ڕیز بکەین، بەلامانەوە گرینگە لە کاتی هۆنینەوەی هۆیەکان پشت بە چەند ئارگومێنت (بەڵگە)یەک ببەستین.

ئارگومێنتی یەکەم ئەوەیە، نووسینی کوردی دوور لە پۆلەکانی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت زانستە سروشتییەکانیش تەمەن بەسەر دەبا. گەر زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و هەفتەنامە و تەنانەت ماڵپەڕەکانیش سەروبن بکەین، چەند تێکستێک نابینینەوە سەر بە پۆلێکی دیاریکراو بن لە نووسین. ئەمەش بەو واتایە دێ کە نووسینەکان لەژێر سایەی پۆلێکی دیاریکراوی لە زانستیدا نانووسرێن، لە کاتێکدا مرۆڤایەتی چەندان سەدەیە بووە بەخاوەن چەندان پۆلی جیا لە زانست، کە ئەوەش هەر لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دەگرێتەوە تا دەگاتە زانستە سروشتییەکان. نەک هەر ئەوە بگرە لەناو نووسەرانی ئێمە جیاکردنەوە لە نێوان پۆلەکانیش بەدی ناکرێ و، هیچ وەخت دەرک بە گرینگیی ئەو پۆلانەش نەکراوە. لەناو نووسەران کە زانستە مرۆییەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ئەمانیش لە زانستە تەجریبییەکان جیا ناکرێنەوە هەڵەیەکی پێشوەختی زۆریان بۆ نووسینەکانیان بەگشتی دروست کردووە و، ئەوەش بەزیانی میتۆد و شێوازی ڕاڤەکردنی نووسینەکانیشیان شکاوەتەوە. بۆیە ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئارگومێنتە پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کە لە نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردی شتێ نییە پێی بوترێ نووسینی ئەنترۆپۆلۆجی و شتێکی تریش ئەتنۆگرافی و دواتر دەروونناسییەکی بنیاتنراو لەسەر فەلسەفەی ئاگایی و زماننناسی و هەروەها فەلەکناسی و تا دەگاتە ئەوەی پێی دەڵێین فەلسەفە و زانستی زمان و فیلۆلۆجیا و تەنانەت زانستی ئابووری سەربەخۆ، بەبێ تێکەڵکردنی تاوێ بە سیاسەت و تاوێ بە کۆمەڵناسی. هۆی نەبوونی دەکرێ بۆ گەلێک هۆکار بگەڕێندرێتەوە، لەوانە، یەکەم: درەنگ دروستبوونی نێوەندی ئەکادیمی لە ناوچەکانی ئێمە، دووەم: ترس لە زانین و ئەو جۆرە دامەزراوانەی ئاگاییەکی تۆکمە و پتەو لە ناو خەڵکدا دروست دەکەن و، سێیەم: دانەبڕانی زانکۆ وەک دامەزراوێک لە ئاین و سیاسەت و چوارەم: کارنەکردنی زانینی ئەکادیمی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیری دەسەڵاتاوی و بەتایبەت ئەوەی پێی دەڵێن بیری ئاینی کە هەردەم بڕبڕەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی بووە. ئەمانەش بەدڵنیاییەوە بە ئامار و توێژینەوە تۆکمەتر و بەڵگەدارتر دەکرێن. لەبەرئەوەش کە ئێمە لێرەدا زانیارییەکی ئەوتۆمان لە بەردەستدا نییە و نازانین یەکەم گرووپی کوردی کە لە زانکۆ خوێندوویانە کەی بووە و کێ بوونە؟ و کامە ڕشتەیان لا پەسندکراو بووە؟ هەروەها یەکەم دوکتۆرانت و پرۆفیسۆری کورد کێ بووە؟ و کەی ئەم کەسە بەم پلەیە گەیشتووە و لە چ بوار و پۆلێک لە پۆلەکانی زانین ئەم پلەیەی بەدەست هێناوە؟ تەنانەت خراپ نییە ئەوەش بزانین ئاخۆ ئەو کەسە ئافرەت بووە یان پیاو؟ تەنانەت لەبارەی ئەوەشەوە زۆر بێ ئاگا و بێ زانیارین کە کێ یەکەم کەس بووە لە هەندەران خوێندنی تەواو کردووە و لە چ بوارێک و کەی؟ مەبەستی ئێمە لە بیرخستنەوەی ئەم شتانە ئەوەیە کە، بەهۆی وەڵامی ئەم پرسیارانەوە

بەو ڕوونکردنەوەیە دەگەین کە بۆ نووسین لای ئێمە دوور لە پۆلەکانی زانین ژیان بەسەردەبا و دواتر بۆ خودی نووسینیش لەم یەک دوو دەیەی دوایی، کە زۆر گەشەی کردووە و وەک چاخی زێڕینی نووسینی کوردییش لە قەڵەم درێ، بووە بە یەک پارچە لە نووسینی ڕۆژنامەوانی ئامێز. هەروەک لە سەرەوەش وتمان هۆ لەم ڕووەوە زۆرن کە دەکارن ئەو ئارگومێنتە روون کەنەوە کە لای سەرەوە باس کرا، بەڵام بەشێک لەو هۆیانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ نەکردوون وا لە خوارەوە دێینەوە سەری.

دۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردی بەجۆرێک پێک هاتووە، تەنیا نووسینی ڕۆژنامەوانی توانیویەتی پێی بوێرێ. ئەمەش لە خودی خۆیدا دیاردەیەکی سەیرە. واتە تراژیدییەکان، نەگبەتییەکان، هەرەسەکان و تا دەگاتە کێشە بووناوییەکانیش کارێکی وایان کردووە ڕۆژنامەوانی ببێ بە نوێنەری نووسینی کوردی و تاکە بوارێکیش بۆ ڕوونکردنەوەی هەبوونی خود و کۆمەڵگەی کوردی. هیچ دووریش ناڕۆین یەک لەو شتانەی پێوەندیی بەبزاڤی ڕزگاریخوازی کوردییەوە هەیە لە ماوەی ئەو سەد ساڵەی تەمەنیدا ئەوەیە کە کەوادیرێکی زۆری سیاسی و ڕۆژنامەوانی لە ژیانی ڕۆشنبیریی کوردیدا بەرهەم هێناوە. بەشێک لەوانە کە پاش ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا کەوتنە هەندەران تاکە بوارێک کە کرا دەسەڵاتیان بەسەریدا بشکێتەوە بڵاوکردنەوەی نووسینی سیاسی یان ئەدەبی بووە. تەنانەت لە ڕیزی ئەو هەندەرانییانەدا ئەوانەش کە کاری ئەکادیمیان کردووە و تێزە زانکۆییەکانیان بەزۆری هەر لە بواری سیاسی و ئەدەبی بوونە. بۆیەشە ئەوانەی تێزە ئەکادیمییەکانیان لەم دوو بوارەدا بووە تاوێک ڕۆژنامەوان و نۆڤێلیست و شاعیرن و تاوێکی تریش ڕەخنەگرێکی ئەدەبی و سیاسی و بەڕێوەبەری سەنتەر و... هتدن. ئەمانە هەموو شتێکن لە یەک کاتدا، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو لێشاوییە هەموو کات لە خۆیاندا دەبیننەوە ئەمانە بن. پاشان ئەمانە بەپێی ئەوەی پێشینەی فیکری و ئەزموونی ڕۆشنبیرییان ئەوەندە تێکەڵ و پەرتە، هەرگاڤ ڕێگە لە بەردەمیاندا کراوەیە بۆ بوونیان بەوەی لای سەرەوە، ئاماژەی پێی درا. ئێستاش، واتە دوای هاتنی تەوژمی گەندەڵی، ئەمانە ئەوەن لێرە بن یان لەوێ. واتە لە کوردستان بژین یان لە هەندەران.

مەبەستمان لەوەی باسمان کرد، ئەوە بوو کە، ڕۆژنامەوانیی ئێمە یان نووسینی ئێمە کە بەشێکی زۆری پێوەندی بە ژیانی پارتیزانی کوردەوە هەیە ئەم جۆرە ژیانە مانای بۆ ئەوە هەبووە نووسین ببێ بە یەک پارچە لە ڕۆژنامەوانی. واتە ئەو جۆرە ژیانە کارێکی وای کردووە شێوازی نووسینی کوردی ڕەوتێکی ڕۆژنامەوانی وەربگرێ و لەوێشڕا ئەدەب کۆلەکەی ئەو شێوازە بێ لە نووسیندا. ئەم نەریتە کە تا ئێستاش لە نێو ئێمەدا زاڵ و باوە لە حاڵەتێکی ئاوەلناوئامێزیدا دەژی. ئەدەب کە تەکنەلۆجیاکەی ئێمەیە هەردەم ئاوەڵناوئامێزە. هۆی ئەوەش بە زۆری بۆ دۆزی ژیانی سیاسی و کولتووریمان دەگەڕێتەوە تاشتێکی تر. هەروەها کولتووری کشتوکاڵی (گوندی) و بیری ئاینیی ئێمە نەیتوانیوە پتر لەو ئەدەبە دروست بکا. ئەمەش بۆ خۆی فاکتەیەکی ترە. لێرەدا مەبەستمان لەم ئەدەبە ئەو ئەدەبەیە پڕە لە ئاوەڵناو و وەسف و پێداهەڵدان. ئەدەبێکیش کە بەهۆی ڕۆژنامەگەرییەوە هەناسە بدا ناتوانێ نائاوەڵناوی بێ. ئێمە لێرەدا نە بەدووی ئەدەبێکی بێ ئاوەڵناودا دەگەڕێین و نەش ژیانی پارتیزانیی سەد ساڵی ڕابردووی کورد پووچەڵ دەکەین بگرە

ئەوەی بۆ ئێمە مەبەستە بخەینە بەرباس ، ئەوەیە کە لەبەرئەوەی کورد لە حاڵەتی داکۆکیدا بووە لە خودی خۆی، ئەمە وای کردووە، بکەوێتە ناو جیهانێک لە نووسین کە زمانێک ڕۆژنامەوانی ئاوەڵناوئامێز بەسەریدا زاڵ بێ. بەڵام ئەم حاڵەتە ڕابوونێکی فەلسەفیی ئەوتۆی دروست نەکردووە کە ببێ بە بناغەیەک بۆ تێرامان لە بوونی بوونەوەری کورد بەجۆرێکی تر. وەلێ بوونی بوونەوەری کورد پتر لەو فەلسەفە سیاسییەی داوا کردووە لە نێو ئێمەدا بە ساڵان سەردار بووە. ڕاستە ئەو فەلسەفەیە گەردووناوی بووە جا ئەوە کۆمۆنیزم بێ یان ناسیۆنالیزم، بەهەردوو بەشەکەیەوە، ئاینی و نائاینی، بەڵام گەردووناو بوونی ئەو فەلسەفە سیاسییە هیچ وەخت نەیتوانیوە تێرامانێکی فەلسەفی لەسەر کەسی کورد بەرهەم بهێنێ. هۆیەکەی تەنیا ئەوە نییە ئەو فەلسەفانە دەرەکی بوونە بگرە هۆیەکە ئەوەیە خودی فەلسەفە وەک بوارێک بۆ هەڵوێستەکردن و بیرکردنەوە لە نێو ئێمەدا شتێکی باو و ناسراو نەبووە. بۆیە تا ئێستاش بەشێکی زۆر لە زەلیلیی سیاسیمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەندێشەی سیاسیمان بەس سیاسی بووە و بە ئەندێشەیەکی سیاسیی فەلسەفییانەوە وابەستە نەبووە. مەبەستمان تەنیا سیاسییانە بیرمان کردووەتەوە نەک فەلسەفی- سیاسییانە. تەنیا سیاسییانەش بیرکردنەوە ئەوەی بەدەمەوە بووە کە ڕۆژنامەوانی ببێ بە زمانحاڵی ئاگایی سیاسیمان. ئەوە نییە ئێستاش ڕۆژنامەگەری تاکە پەرستگەی نێوەندی سیاسیمانە. ئەوە نییە شەڕی میدیا یەکەم ئامرازی داکۆکیکردنەکانمانە. ئەوە نییە میدیای سیاسیمان چەند بێ فەلسەفە گوزەر دەکا و چەندیش دۆستی یەکەمی ئەدەبە. ئەدەبێکی بێ فەلسەفە و بێ زانستی زمان. ئەوە نییە ئێستاش میدیای سیاسی کە زۆرترین دەسەڵاتی لە بەردەستدایە، کە لە ناوەڕۆکدا ئەم دەسەڵاتە زۆرترین پارەی لە بەردەستدایە، جگە لە فیستیڤاڵ و دروستکردنی بنکەی چاپ و هەندێ دەزگای ڕۆژنامەوانی کە دەسەڵات ناوی ناون سەنتەری توێژینەوە شتێکی ئەوتۆی دروست نەکردووە. ئەم دەسەڵاتە کە پێشتر نە بەم ناوەڕۆک و نەش بەم ڕواڵەتەی ئێستا بووە، هەر خەریکی دەرکردنی ڕۆژنامە و کەوادیری ڕۆژنامەوانییە. ئێمە ئەمە تەنیا وەک کێشە نابینین، بگرە وەک سکاندالیش (ئابڕووچوون). ئەی ئەوە سکاندال نییە فیستیڤاڵ و ئاهەنگ و کۆنفرانسە زانستییەکان لەیەک جیا نەکرێنەوە. یان ئەوە سکاندال نییە ئەوەی دوێنێ هونەرمەند یان وێژەر یاخۆ تەنانەت سیاسەتکاریش بووە ئەمڕۆ سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەوانییە. گەر ئەم کەسە ڕۆژنامەیەکیش سەرپەرشتی نەکا خۆ بەلایەنی کەمەوە لە هەڵسووڕاندنی کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕۆژنامەوانیدا کەسێکی چالاکە. دەسەڵاتی نوێی کوردیش کە تەمەنی زۆر کۆن نییە بۆ ئەوەی خۆی لە پرۆسەی بەکوردبووندا بەرجەستە بکا یان بەواتایەکی تر بۆ ئەوەی لەو پێشبڕکێ سیاسییەدا بەشدار بێ کە خۆی لە یارییەکی بەراوردکارییی هەرزاندا دەبینێتەوە، زۆرترین بایەخ بە ڕۆژنامەوانی دەدا. کێشەکە هەر ئەمە نییە بگرە کامە کۆلکەسیاسی و ئایدیۆلۆجیشە تا دەگاتە کادیرە کۆن و نوێکانیش هەر دیسانەوە لە دەستوپەنجە نەرمکردندان لە تەک کاری نووسین، بەڵام نووسین بەمانا ڕۆژنامەوانییەکەی. نەک نووسین وەک جۆرێک لە تیۆری زانین کە ئەوەش بەدڵنیاییەوە بریتییە لەوەی پێی دەڵێن توێژینەوە.

ئێمە هێشتا بەتەواوەتی نەهاتووینەتە سەر بەشێکی زۆر لەو هۆیانەی دەمانەوێ سەبارەت

بەهۆی بوونی نووسین بە نووسینی ڕۆژنامەوانی ئامێز یان بوونی هەموو نووسینمان بەنووسینی ڕۆژنامەوانی ئاسا بخەینە ڕوو. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریش ئەو هۆیانەشمان باش ڕاڤە نەکرد، کە ئەو ئارگومێنتە ڕوون دەکەنەوە لای سەرەوە وەسەرەتای هاتین. لێرەوە و پەیتا پەیتا لەلایەک کار بۆ ڕاڤەکردنی ئارگومێنتەکە دەکەین و لەلایەکی تریش بەدوادا چوونێک ئەنجام دەدەین کە تێیدا هەندێ هۆکاری تر دەخەینە ڕوو کە ناهێڵن فەلسەفە لەناو ئێمە گەشە بکا و بگرە ئەوەش دەخەینە بەرچاو کە جگە لەو فێڵەی لە فەلسەفە دەکرێ و یان کراوە ڕۆژنامەوانییش دەکرێتە ئەلتەرناتیڤی فەلسەفە. ئەمەش وای کردووە لە بری فەیلەسووف ڕۆژنامەوانمان هەبێ و لە بری گشت پسپۆڕییەکی تریش هەر ڕۆژنامەوانیمان بەسەردا بسەپێنرێ. ئەم لایەنەش تا ئەندازەیەکی زۆر دەکەین بە سەرەتایەک بۆ هێنانە پێشەوەی قسەکردن لەو بارەیەوە.

ئێمە پێمان لەسەر ئەوە داگرت کە نووسینەکانمان ئوسوڵێکی دیاریکراویان نییە و هۆی ئەمەشمان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لەو بارەیەوە ئارگومێنتێکی گومان لێنەکراومان لە بەردەستدایە کە نووسینەکانمان، ئەوەی لێرە و لەوێ بەردەست دەکەون، سەر بەخانەیەک لە خانەکانی زانستە مرۆیی و یان کۆمەڵایەتییەکان نین. بەخۆی ڕاستە ڕووناکبیر و نووسەرانی کورد بەشدارییان لە دروستکردنی ئەو خانانەدا نییە، بەڵام کێشەکە ئەمە نییە، بگرە ئەوەیە کە ئەو خانانە، واتە خانەکانی زانستە مرۆیی و یان کۆمەڵایەتییەکان، ڕەنگدانەوەشیان لەناو نووسینەکانماندا نییە و، یان ڕەنگدانەوەیان لە ئاست بەشدارینەکردنەکانماندایە. ڕاستە ئێمەی کورد لەم ڕووەوە تاک و تەنیا نین، بەڵام ئەوەی پێوەندیی بەو لایەنەوە هەیە کە نووسینی ئێمە بووە بە بەشێک لە نووسینی ڕۆژنامەوانی ڕەنگە لەمەیاندا تاک و تەنیا بین. ئەمە هێرش نییە بۆ سەر مێژووی نووسینی کوردی بەڵام خۆ ناشکرێ لێرەدا کۆمارێک لە درۆ بۆ خوێنەری ئەم باسە چێ بکەین و بەدرۆ بکەوینە وەسف و پێداهەڵدانی وتاری نووسینی کوردی. دەشزانین کە نووسینی کوردی لەم دە ساڵەی دواییدا زۆر گەشەی کردووە، بەڵام ئەو گەشەیە تەنیا بریتییە لە زۆریی ژمارەی لاپەڕە نووسراوەکان و کەڵەکەبوونی شاخێک لە نووسینی دووبارە و هاوشێوە و هاوناوەڕۆک. لەوەش بگەڕێتەوە، نووسینەکان دەکرێ بکرێن بە دوو پۆلەوە. پۆلێکیان نووسینی ئەدەبین، کە نووسینی شیعریش گەورەترین بەختی لەناو ئەم بەشەدا هەیە و پۆلی دووەمیش بریتییە لە نووسینی سۆسیۆ ـ کولتووری و سیاسی- کۆمەڵایەتی بەڵام بەڕەوانبێژییەکی ڕۆژنامەگەرییەوە. هەردوو پۆلەکەش تا دەگەنە دەستی بەکاربەر (خوێنەر) بەتونێلێکدا تێ دەپەڕن کە ئەوەش تونێلی ڕۆژنامەوانییە.

ئێمە دیسانەوە وا هەست دەکەین ئەوەی لای سەرەوە درکاندمان هۆیە و دەبێ و مەرجە بەدووی هۆکاردا بگەڕێن. بەپێ تێگەیشتنی خۆشمان یەک لەو هۆیانەی دەمانەوێ بخەینە بەرباس، ئەڵبەتە بە بەڵگەوە، ئەوەیە لەناو ئێمە دوو پۆلی ئەکادیمی ساڵانێکە زۆرترین وەبەرهێنانی تێیدا ئەنجام دەدرێ کە ئەوەش یەکەم مێژووە و دووەمیش زمان و ئەدەبی کوردی، ئەڵبەتە لەم دواییەدا پۆلێکی تریش قووت بووەتەوە کە کۆمەڵناسییە، بەڵام کۆمەڵناسی وەک بەشێ لە ئەدەبی سیاسی و مێژووی سیاسی. سەرەتا ئەو دوو پۆلە (مێژوو، زمان و ئەدەب) و دواتریش هەرسێ پۆلەکە بەسەریەکەوە (مێژووو زمان و ئەدەب، کۆمەڵناسی) باس لە یەک شت دەکەن ئەوەش ژیانی کوردەوارییە هەر لە

تێکست و هەقایەت و سەرگوزشتە ئیتنییەکانیەوە تا دەگاتە ڕابەر و تراجیدیا و گشت ئەو دیرۆکەش کە ناسیۆنالیزمی ئەو ئیتنەی دروست کردووە. بۆیە لای ئێمە ئەکادیمیکارێک هەروەک سیاسییەک و ئەویش هەروەک داستانبێژ و شاعیرێک و ئەمانیش هەروەک ڕووناکبیرێکی غەیرە سیاسی بیر دەکەنەوە. گاڵتە نییە کاتێک یادی ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکرێ سیاسی و ئەکادیمیکار و شاعیر و پارێزەر و ڕۆژنامەوان هەر هەموو وەک یەک دەپەیڤن و بەهەمان ڕەوانبێژی و سیستەمی زمانەوانییەوە تێکستەکانیان بەگوێی گوێگرانیاندا دەدەن. لەوە سەیرتر ئەوەیە لە ئێستادا و لە نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا، دیوارێکی ئەوتۆ لە نێوان گوێگر و خوێنەر یان ئەوەی شتێک پێشکێش دەکا و ئەوەی لێی وەردەگرێ نەماوە. ئەمەش بەدڵنیاییەوە لەبەرئەوەی شار هەر هەمووی نووسەرە. ئەڵبەتە هۆی ئەوەش کە گشت شار بووە بە نووسەر ئەوەیە کە ڕۆشنبیرییەکی ڕۆژنامەوانی ئاسا گشت شاری گەمارۆ داوە. ئەم خاڵە (واتە ئەوەی شار لێوانلێوە لە نووسینی ڕۆژنامەوانی ئاسا) بۆ ئێمە وەک بەرەنجام دەبینرێ و هۆیەکەی بۆ چەند شتێک دەگەڕێتەوە کە لایەسەرەوە ئاماژەمان بە بەشێکی کرد و لێرەوەش بەشێکی تری دەخەینە ڕوو.

زۆر بەکورتی ئەو هۆیەی بە پێویستی دەزانین وەک سەلمێنە لەم ڕووەوە بیخەینە ڕوو، ئەوەیە بەئاسان زانینی نووسین و بە ئاسان زانینی کاری ڕۆژنامەوانی ڕەنگە لە پشت ئەوەوە بووبێ شار هەمووی بنووسێ و یان شار هەمووی لە دەرکردن و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە، هەفتەنامە و کۆوار و پاشان ماڵپەڕ بەشدار بێ. ئەمە و جگە لە بڵاوبوونەوەی مۆدی سەرپەرشتیکردنی بنکەی کولتووری، یان سەنتەری پەخشکردن و توێژینەوە، ئەڵبەتە ئەم شوێنانە کاری فیکری و فەلسەفییان بە نووسینی کولتووری تێکەڵ کردووە. ئەم شوێنانە کە جیاوازی لە نێوان شتی فیکری و کولتووریدا ناکەن، باشترین بنکەن بۆ دروستکردنی ڕووناکبیرییەکی ئاوەڵناوئامێزی ئەدەبی.

ئاشکرایە ئێمە لە شوێنێکی تر باسمان لەوە کردووە کە شار پڕ بووە لە مەڵبەند و نێوەندی چالاکیی ڕووناکبیریی سەیر سەیر، یان یانەی کولتووریی جۆراوجۆری بێ سەروبەر کە ئەو زۆرییە نە کێشە فیکری و تیۆرییەکانی نووسین و ڕۆشنفکریمانی چارەسەر کردووە و نەش ڕێگەیان لە هەڵە سیاسی و کۆنخوازییە فیکرییەکانی ناو کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی گرتووە، بەڵام لێرەدا دەمانەوێ گرینگی بەو لایەنە بدەین کە چۆن ئەم دیاردەیە ڕۆشنبیرییەکی ئاوەڵناوئامێزی ئەدەبیی دروست کردووە. ئەمەش دروست بووە کاتێ کە ڕۆژنامەوانی شوێنی گشت دیسپلینێکی گرتووەتەوە و پاشان نووسینی ڕۆژنامەوانی ئاسا، خۆی وەک گشت نووسین دەردەخا. هەر لەوێڕا ئەوەشمان وت، ئەو نێوەندە ڕووناکبیری و مەڵبەندە کولتوورییانەی لە شاردا لە گشت شوێنێک هەن پسپۆڕێک ئەکادیمییان تێیدا بەدی ناکرێ و یان ئەو شوێنانە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان ناگەڕێنەوە لای پسپۆڕان و، یان ڕۆژنامە و هەفتەنامە و کۆوارەکانیش، چ حزبی و چش ئەهلی، کە بەشێکیان ئەو سەنتەر و نێوەندانە دەریان دەکەن، پێش بڵاوکردنەوەی نووسینێک پشت بە پسپۆڕ و شارەزایان لەو بوارە نابەستن. ڕاستە ئەمە بووە بە نەریت لای ئێمە شتێک نییە پێ بوترێ گەڕانەوە بۆ لای پسپۆڕ، بەڵام هۆی ئەوە چییە کە ئەمە بووە بە نەریت؟

ئێمە لێرەدا دێینەوە سەر بەڵگە (ئارگومێنت)ێکی تر و وەک هۆکارێکیش بۆ بوونی نووسینی کوردی وەک بەشێک لە نووسینی ڕۆژنامەوانی ئاسا تەماشا دەکەین. بەڵگەکەشمان لەم ڕووەوە بە نەریتبوونی ئەو دیاردەیەیە کە لای سەرەوە باس کرا. پێش ئەوەی بێینە سەر ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆ بووە بە نەریت لەناو ئێمە، پشت بە ئەکادیمیکار نەبەسترێ، دەمانەوێ یەک دوو سەرنج لەبارەی ئەم ڕەفتارەوە بنووسین کە بەبێ جیاوازیی گشت ڕۆژنامە و هەفتەنامە و کۆوارە حزبی و غەیرە حزبی (ئەهلی)یەکانیشی پێکەوە بەیەکسانی گرتووەتەوە. زۆربەی ئەو سەنتەرە کولتوورییانە، بە ئەهلی و غەیرە ئەهلییەکانیانەوە، بەو کەسانە پڕ کراونەتەوە کە سالآنێکە کاری ڕۆشنبیری دەکەن، کە ئەمەش وا دەکا ڕۆشنبیری ببێ بە کارێکی دووبارە، بەڵام لایەنێکی تر کە تایبەتە بەم ڕەفتارەوە، ئەوەیە کە زۆربەی ئەوانەی لە نێوەند و مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەکاندا کار دەکەن، بژێویی ژیان وایان لێ دەکا لەسەر نووسین و پەرەدان بەکاری کولتووری بەردەوام بن، ئەمان کە پارەیەکی ئەوتۆ وەرناگرن، ئەمە دواتر کار ناکاتە سەر ئەوەی کە ئەمانە چەند لە کارەکانیاندا شارەزان یان بەرهەمهێنەرن. بۆیە لە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردیدا نەوەیەک هەیە هەروەک ئەو نەوەیەی هەردەم سیاسەت دەکا، ئەمیش تەنیا کاری ڕۆشنبیری دەکا، بەڵام کامە ڕۆشنبیری؟ ئەڵبەتە لەوێڕا ڕۆشنبیری دەبێ بە شمەکێک تاوێک بە شتی کولتووری و تاوێک بە شتی ئەدەبی، هەروەها تاوێک بەشتی سیاسی و تاوێکیش بە شتی کۆمەلآیەتیی سەرپێیی بەها بۆ خۆی پەیدا دەکا. بێ بەهای ئەم ڕۆشنبیرییە تەنیا لە هاوشێوەیی و لێکچوویەتییەکەیدا نییە، بگرە بەپلەیەکی سەرەکی لەو ناکاریگەرییەشدایە لە ناخیدا پەنهانە کە ناکارێ تایبەت و دەگمەن بێ. ڕۆشنبیرییەک ئامرازی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەکانی ببێ بە سیستەمێک لە داستانبێژی و وتارێک لە ستایش، ناکارێ تایبەت و دەگمەن بەرهەم بهێنێ. دەگمەن و تایبەت بەرهەمهێنان لە ڕۆشنبیریدا پێوەندییەکی زۆری بە ئاگاییەکی چەقبەستووە لە بوارێکی دیاریکراو و بە ئەزموونێکی یاخییانەی بەدەر لە کاوێژکردنەوەی خۆ و ئەوەی تریش.

بەڵام بۆ لەناو ئێمەدا نەبووە بە نەریت، پشت بە پسپۆڕ و کەسی شارەزا (ئەکادیمیکار) ببەسترێ چەند لایەنێکی هەیە، کە گرینگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

سەرەتا دەمانەوێ بڵێین تەنیا ئەو مەڵبەند و وەزارەت و بارەگا ڕۆشنبیرییانە بەرپرسیار نین بەرامبەر بەو ڕەفتارەی پشت بە کەسی پسپۆڕ و شارەزا لە کاری کولتووری، ڕاگەیاندن و ڕووناکبیری نابەسترێ، بگرە بەشێک لەو پشت لێکردنە بۆ ناچڕی و ناتۆکمەییی هۆشمەندیی ئەو دەستەبژێرە ئەکادیمیکەر و پسپۆڕانەش دەگەڕێتەوە کە دۆزێکی ئەوتۆیان هێناوەتە پێشەوە ئەو شوێنانە پتر بە کارمەندی بە ئەزموون لە بواری نووسین و ڕۆشنبیری پڕ بکرێنەوە وەک لە پشتبەستن بە لێکۆڵەر و توێژەرەوەی ئەکادیمی. بەواتایەکی تر، ئەو دەمەی مامۆستای زانکۆ لەو باس و خواسانە بێ ئاگا دەبێ لە شار لەبارەی هەندێ ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبی و هونەری و فەلسەفییەوە دەکرێن، ناچار ئەو شوێنانە، تێکستی ئەو کەسانە لە بڵاوکردنەوە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا دەکەن بە سەرچاوە کە لێرە و لەوێ سەبارەت بەو شتانە کۆیان کردووەتەوە. بۆیە سەنتەری لێکۆڵینەوە و هەفتەنامە و شوێنەکانی تری چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان، دەرگایان بۆ

نووسین و پەیڤ و ئاخاوتنی ئەوانە لەسەر پشتە کتێبێکیان لە هاورێیەکیانەوە دەست کەوتووە کە لە سەردانێکی بۆ ئێران یان بۆ سووریا کرێیەتی یان ئەوانەی لە پەراوێزی نووسینی رووناکبیریی گشت کەس و گشت رێباز و ئاراستەیەکی فیکریدا دەنووسن. بەواتایەکی تر، ئەوانەی رۆژێک قسە لەسەر ئیسلامی سیاسی و عیلمانییەت دەکەن و رۆژێکی تریش قسە لەسەر بەدرخانییەکان دەکەن، یان ئەمرۆ باس لە رۆشنگەری دەکەن و وەک پرۆژەیەکی هەڵەئامێز دەینرخێنن و سبەیش باس لە شیعر و ناسیۆنالیزم دەکەن. ئەڵبەتە ئەم جۆرە رووناکبیرییە تێکەڵ و دەمدەمییەی لە ئێستادا لە شاردا لە خۆرسکاندایە، تەنیا ئەو زەلیلییە ئەکادیمییە بەرپرسیارە لێی کە سالآنێکە چیرۆک و شیعر و هەرەسەکانی کورد لێک دەداتەوە. گومانیشی ناوێ بڵێین، ئەو نووسینانەش کە لەو رووەوە بەرهەم هاتوون تا بڵێی هاوشێوە و هاوناوەرۆکن. ئەڵبەتە زۆربەی ئەو دەستەبژێرە خوێندەوارە کوردەی لە هەندەرانەوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان یان تێزە ئەکادیمییەکانیان لەسەر شیعر و چیرۆک نووسیوە یانیش لەسەر رۆژنامەگەری، بەبێگومانیشەوە هەموو ئەوانەش کە نووسراون هەردەم بە باسی وەک سیاسەت و مێژوویەکی بەناسیۆنالیکراو تێهەڵکێش کراوە. ئەمەش بارێوایهێناوەتە پێشەوە کە پشتبەستن بە کادیری نووسین و راگەیاندن لە شوێنە کولتوورییەکان ببێ بە نەریت. کاتێ ئەوەش دەبێ بە نەریت لەلایەک رووناکبیرییەکی تێکەڵ و پەرت لەناو خەڵک (گوێگران، خوێنەران) بڵاو دەبێتەوە و لەلایەکی تریش ناوونیشانی ئەکادیمیکار ون دەبێ. بۆ ون دەبێ؟ ون دەبێ چونکە ئەکادیمیکار وەک دەستەبژێر نە پێوەندیی بە بەرهەمهێنانی رووناکبیرییەوە دەبێ و نەش ناوی ئەکادیمیکار لە پێکەوە لکاندا دەبێ بە ناوی رووناکبیرەوە. ئێمە کە دواتر ئەوە روون دەکەینەوە، مەبەستمان لە ئەکادیمیکار کێیە و چییە، لێرە دەمانەوێ شتێ تر بخەینە سەر خەرمانەی قسەکانی پێشوومان کە ئەوەش ئەمەیە: دۆزی رۆشنبیری لە ئەمرۆدا لە کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی هێندە زامدارە، ئەستەمە رووناکبیری لەگەڵ ئەکادیمیادا یەک بگرێتەوە. بۆیە پێوەندیی نێوان نێوەندی ئەکادیمی و نێوەندی رۆشنبیری تا بڵێی رۆژ لە پاش رۆژ روو لە تاریکی دەنێ، ئەمەش بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی ئەوەی لە نێوەندی رۆشنبیری ناسراو و ناودارە، دەبێ ئەو نووسەرە ئەکادیمییە بێ کە کارەکانی بەرهەمی توێژینەوەن، نەک نووسەری سەروتاری پەرت و بێ ئامانج.

گرینگە بۆ خوێنەری ئەم باسەی روون بکەینەوە، مەبەستمان لە ئەکادیمیکار چییە و کێیە؟ ئێمە کە ناوی ئەکادیمیکار دەهێنین مەبەستمان لە یەک کاتدا کەسی رووناکبیر و ئەو کەسەشە بەهۆی قووڵبوونەوەی لە بوارێکی زانستیدا پسپۆریی بەدەست هێناوە. ئەم کەسە کە دەکارێ هۆشمەندی (ئینتلێکتێکی) تایبەت و دەگمەن سەبارەت بە کێشە و یان رووداوێک بەرهەم بهێنێ شیاوترین کەسە کە وتن و تێگەیشتنەکانی بە سەرچاوە وەربگیرێن یان هیچ نەبێ گفتوگۆ لەبارەی سەیرکردن و راڤەکردنەکانییەوە بکرێن. ئێمە دەڵێین گفتوگۆ نەک ستایش و پەسندکردنێکی رەها و بێ کۆتایی ئەوەی کەسێکی توێژەرە و لێکۆڵەرەوە دەیڵێ. چونکە زۆر ئاساییە ئەو گفتوگۆیە ئاراستەیەکی ئەوتۆش وەربگرێ ئەوەی لەلایەن ئەو کەسە ئەکادیمیکارە رووناکبیرەی ناوم هێنا دەوترێ، لەلایەن ئەوانی ترەوە بە بەڵگە و سەلمێنەی جیاواز لەوەی ئەو کەسە ئەکادیمیکارە

ڕووناکبیره پشتی پێ دەبەستێ ڕەت بکرێتەوە. بەواتایەکی تر، کەسی ڕووناکبیری ئەکادیمیکار ڕێگە لە شیکردنەوە و دێباتی پشتبەستوو بە بەڵگە و سەلمێنە دەکاتەوە کە ڕەتکردنەوەکانیش دەبێ لە هەمان ئاستدا بن. گەر خوێنەر بیەوێ ناوی چەند کەسێ لەو جۆرەی بۆ بهێنینەوە ئەوا لە بری ئەوە ڕوونکردنەوەیەک دەخەینە ڕوو، کە تێیدا ئەوە بەڵگەدار دەکەین چەند مەرج و گرینگە ڕووناکبیر ئەکادیمیکار بێ و ئەمیش واتە ئەکادیمیکار ڕووناکبیر بێ.

گەر تەماشای بۆ نموونە دیاردەی بیریاری لە ڕۆئاوا بکەین، بەلانی کەمەوە لە ماوەی ئەم دوو سەد ساڵەی دواییدا، دەبینین زۆربەی ئەوانەی بیریارییان کردووە، بەجۆرێک لە جۆرەکان نێوەندی ئەکادیمییان بۆ ئەو مەبەستە بەکار بردووە. ئەمە کە دیاردەیەکی ئەڵمانیاییيە بەلانی کەمەوە لە کانت و هیگل و دواتر هۆسرەلەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە بیریارانی فرەنسایی لەوانە لیڤی– شتراوس، بارت، فوکۆ، دێریدا، فیلیپ لاکۆلابات، ژان– لۆک نانسی، سیزۆ و کریستیڤا و... هتد. هەریەک لەمانە کە بەهۆی توێژینەوەکانیانەوە بەرپرسی بەشێکی لەو بەشانە بوونە کە بیریاری تێیدا بەرهەم هاتووە ئاماژەیە لەسەر پێکەوە لکانی ڕۆشنفیکری بە ئەکادیمیاوە. بۆ نموونە پێش ئەوەی هەندێ ئاراستەی وەک هەڵوەشانەوەگەریی فرەنسایی (دێریدا، لاکۆلابات، نانسی) یان هەڵوەشانەوەگەریی ئەمەریکای (پۆل دۆمان، میلەر، باربرۆ جۆنسۆن، پۆست کۆلۆ)، پۆست مارکسیزمی ئەمەریکایی (جێمسۆن، ئینگلتۆن)، فێمینیزمی فرەنسایی (سیزۆ، کریستیپا، ئیریگارای) یان بنیاتخوازیی شتراوس و سیمیۆلۆجیای بارت و فینۆمینۆلۆجیای سێ هایە ئەڵمانیاییيەکە (هێگل، هۆسرەل، هایدگەر) و فینۆمینۆلۆجیای فرەنسایی (کۆژێف، هیپۆلێت، میرلۆ – پۆنتی، سارتەر) و شیکردنەوەی دەروونیی لاکان و زمانەوانیی بنەماخوازی دۆسۆسێر ببن بە مۆدەی فیکری، پێشتر کارێکی زۆریان لەسەر کراوە و یان بەری توێژینەوەی ئەکادیمی بوونە و، پاشانیش لە هۆڵی کۆلێجەکاندا بوونە بە وانە و ئەمەش میدیا و نێوەندە کولتوورییەکانی بەجۆرێکی ئەوتۆ مەجبوور کردووە هەموو وردەکارییەکانی ئەم ئاراستانە هەڵگرنەوە و لەبەریانیشدا کارێک بکەن. هەچ پێداچوونەوەیەکیش بە مێژووی بیری هاوچەرخی ڕۆئاوا لەم دوو سەدەیەی دواییدا ئەنجام بدرێ ئەوە بەباشی ڕوون دەبێتەوە ئەوانەی وەک بیریار و فەیلەسووف و ڕووناکبیری گەورە تەماشا کراون دەبینین ئەمانە کەسانێکی ئەکادیمی و پسپۆڕ بوونە لە بوار و تێزێکی تایبەتدا. ئا لەم حاڵەتەدا دەشێ باس لە جۆرێکی تر لە ڕۆژنامەگەری بکرێ کە نێوەندی ڕۆشنبیری دەسەڵاتی بەسەرەوەیە. مەبەستمان لێرەدا لەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە ئەو ڕۆژنامەگەرییەیە ناتوانێ نە لە نێوەندی ئەکادیمی دوور بکەوێتەوە و نەش لە دەزگاکانی میدیا.

هەروەک لای سەرەوەش دەستمان بۆ ڕاکێشا، لای ئێمە نووسینی ڕۆژنامەوانی جێی گشت دیسپلینێکی گرتووەتەوە و، یان وەکی تر نووسین بووە بە ڕۆژنامەوانییەکی ڕووت (ئەبستراکت)، ئەم دیاردەیە نەخۆشیی نووسینی کوردیی چارەسەر نەکردووە و کارێکی واشی نەکردووە ڕۆشنبیری بتوانێ تەنیا بەڕۆژنامەوانی بژی. ئەم گرفتەش بەبینینی ئێمە لایەنێکی تری خستووەتەوە کە دەشێ ناو بنرێ بێ نووسینی، ئەڵبەتە بێ نووسینی لەناو لێشاوی نووسیندا. ئەمە و هەر ئەوەش دیاردەی بێ نووسینییە کە نووسینەکان بێ ئەندازە لەیەک دەچن و زیاد لە

پێویستیش بێ سەرچاوە و بێ میتۆدن. گەر نووسین برێتی بێ لە هەڵوێستەی کورت کورت و پەرت و بێ ناواخن و ئەمانەش ببن بە سەرچاوە و پاڵپشت بۆ خودی کردەی ڕۆشنگەری بێ مانایە باس لە بوونی پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری بکرێ. کەواتە، چۆن دەکرێ باس لە بوونی فەلسەفە لەناو ئێمە بکرێ کاتێ ئەو ئاگایییە لەبارەی نووسینەوە لەناو ئێمەدا بەگشتی نەبووە کە نووسین ناوی دووەمی توێژینەوەیە و فەلسەفەش کە بەخۆی برێتییە لە ئەنجامدانی توێژینەوە دیسانەوە بەڵگەیەکی ترە لەسەر نەک هەر نەبوونی فەلسەفە لەناو ئێمە بگرە لەسەر ئەوەش کە توێژینەوە لەوپەڕی نەبوونیدا ژیان بەسەردەبا. بۆ ئەوەی سەرنجەکانیشمان ڕێژەیی (نسبی) بن و لە تێگەیشتنی دۆگما و ڕەها بەدووریان بگرین، دەڵێین: کوان ئەو توێژینەوانەی لەژێر ناوی فەلسەفەدا ئەنجام دراون؟ ئێمە لێرەدا ئەو نووسینانەمان مەبەستە بە پشتبەستن بە ئارگومێنت و سەرچاوە و واتا و تیۆریی دیاریکراوەوە ئەنجام دراون نەک بەهۆی بەرهەمهێنانی چەند بیر و بۆچوونی تێکەڵی تاوێ سیاسی- کۆمەڵایەتی و تاوێکیش ئەدەبی- کولتووری کە هەر هەمووش خۆی لەسەر جۆرە شێوازێکی پڕ لە ئاوەڵناو بنیات ناوە. ئاخۆ لە کۆتاییدا دەشێ بوترێ ئێمە نووسینی فەلسەفیمان هەیە؟ ئاخۆ ئەوە نووسینی فەلسەفییە کە بە قەرزکردنی چەمک و زاراوە لەم فەرهەنگ و لەو ڕێبازی ئەدەبی و یان کولتوورییەوە بمانەوێ کۆمارێک لە نووسین بهێنینە دنیا کە بەخۆی کۆمارێکە لە ئاوەڵناو و وشەی وێژەیی. بەڵگەی ترمان ئەوەیە ڕۆژنامەوانی ناشێ ببێ بە سەکۆیەک بۆ بەرهەمهێنانی دیسپلین کاتێک میدیا لە بەردەست کەسانێک کاسبکاری فیکری و کۆلکەئەدیب بێ یان بەدەست ئەوانەوە بێ بەرەچەڵەک دەچنەوە سەر بنەماڵەیەکی ئەدەبی یان سیاسی. ئەم حاڵەتەش زۆر جار وا لەمانە دەکا خۆیان بە بەرهەمهێنەری ئازادی و بیری نوێ بزانن. ئەو دیاردەیەش کە دۆزێ لە بەراوردکاری دێنێتە پێشەوە میدیا دەکوژێ. میدیاش کە لە دۆزێکی بەراوردکاریدا دەژی، خوێنەر تەنیا بەوەوە سەرقاڵ دەکا کامە بنەماڵەی ڕۆشنبیری یان کام گرووپی کولتووری و چ فیستیڤاڵێکی ئەدەبی زۆرتر بەرهەمهێنەرن ئەمەش بەخۆی لە کۆتاییدا ئامانج تەنیا بۆ هەڵبژاردنی لایەن و گرووپ یان هەفتەنامە و کۆوارێکە و بەس.

زۆر جار لە ڕۆژی یادی ڕۆژنامەی کوردستان نەک میدیاکان دەبن بەدوو بەشەوە بگرە خودی ماڵی کوردی و شاری کوردیش دەبن بەدوو بەشەوە. ئەوەی زۆر شوێنی تێڕامانە سەبارەت بەو جۆرە ڕۆژانە و یان هاوشێوەکانی بۆ نموونە یادی کۆماری مەهاباد یاخۆ بنەماڵەی بەدرخانییەکان ئەوەیە کە میدیا و سەنتەرە کولتوورییەکانی شار بەپاڵپشتیی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی هەریەکە لە ئاست خۆیەوە چەند هەقایەتخوان و وێژەرێک دێن و ئەو ڕۆژە دەلاوێننەوە. ساڵ بە ساڵیش ڕۆژەکان پتر ئاوەڵناوئامێز و حەماسیتر دەبن. ئەوەندە ستایش بەرهەم دێ ئەوەندە ڕەخنەی ڕەفتارە سیاسی و ڕۆشنبیرییە تاریک و هەڵەکان ناکرێن. لە ڕۆژی وادا بۆ میدیای کوردی ئەوەی گرینگ و ئامانج ئامێزە ئەوەیە چۆن کەسێک لە بنەماڵەی پێشەوا قازی یان بەدرخانییەکان لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن و یان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و هەفتەنامەکان بهێنرێتە دوان.

ئەوەی لای سەرەوە باس کرا بەس نییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی ناوم نا شار پڕ بووە لە نووسینی ڕۆژنامەوانی ئامێز. مەرجە بۆ پتر تۆکمەکردن و پتەوکردنی بینینەکان دیاردەیەکی تر

باس بکەین یەک لەو دیاردانەش دەکرێ لێرەدا بەنموونە بهێنرێتەوە لەسەر ئەوەی کە شار لە نووسینی ڕۆژنامەوانی ئاسا پڕ بووە، دیاردەی زۆربوونی لێدوانە (هەڤپەیڤین). ئێمە داوای ئەوە لە خوێنەری ئەم باسە دەکەین، بۆ پتر تێگەیشتن لە مەبەستەکەمان بروانێتە دوا ژمارەی گشت ئەو ڕۆژنامە، هەفتەنامە و کۆوار و ماڵپەرە ئەهلی و غەیرە ئەهلییانەی ڕۆژانە یان ماوەیەک جارێک دەردەچن کە بەلانی کەمەوە هەریەکەیان یەک لێدوانیان تێدایە. سەیرەکە هەر ئەمە نییە بگرە ئەوەشە لەو لێدوانانەدا لێدواندەرەکان، نووسەر بن یان ئەدیب، بەزمانێکی ئەوتۆ قسە دەکەن، ڕۆژنامەگەری وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ ڕووناکبیری پەسند دەکەن. بەڵام ئەمانە ئەوە لە خۆیان ناپرسن چۆن دەکرێ ڕۆژنامەگەری ببێ بە ئەلتەرناتیڤ بۆ ڕووناکبیری لە کاتێکدا ڕۆژنامەگەری لای ئێمە جارێ لەوە نەکەوتووە بڕێتی نەبێ لە وتارێکی سیاسی؟

باسکردنی ئەو لایەنەی لای سەرەوە جارێ لێی دەگەڕێن و ئێستا دێینەوە سەر باری فیکریی ئەو لێدوانانە و ئاستی بینینی لێدوانکەرەکان و لێدوانسازکەرەکان. دەمانەوێ لەو ڕووەوە بڵێین: لێدواندان لەلایەن نووسەر و ڕۆشنبیری کوردەوە یان سازکردنی هەڤپەیڤن لەلایەن ڕۆژنامە و هەفتەنامە و کۆواری کوردییەوە شتێکی هەڵە و بەد نییە، بەڵام ئەوە هەڵەیە و ئەمجار بەدیشە کە ئەو نووسەر و ڕووناکبیرەی لێدوان دەدا نەتوانێ جیاوازی لە نێوان هەندێ شتدا بکا کە لای خوارەوە بەکورتی باسی لێوە دەکەین.

گەلێ لەو لێدوانانەی ئەو ئەدیب و نووسەرانە دەیدەن، کە هەر هەمووشی بەجۆرێک لە جۆرەکان لە چوارچێوەی کارێکی ڕۆژنامەوانیدا ئەنجام دەدرێن، لەبەرئەوەی ڕەخنە و ڕوونکردنەوەکان تێیاندا زۆر شەخسی و دووبارەن، ناشێ وەک سەرچاوە بەکار ببرێن و یان وەک بۆچوونی باوەڕ پێکراو تەماشا کرێن. هەروەها لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو لێدوانانەی نووسەرانی کورد دەیدەن لەیەک دەچن و، لە وتنەکانیشیاندا سیستەمێکی زمانەوانیی هاوشێوە و هاوواتا زاڵە و، ئەمەش وا دەکا زۆر جار لێدوانی ڕۆماننووسێک لە لێدوانی کۆمەڵناسێک یان ئەمیان لە ئەدیبێک بەزەحمەت جیا بکرێتەوە. هۆی ئەمە چییە؟ یەک لەو هۆیانە کە زۆر شایانی باسکردنە ئەوەیە ئەدیبی ئێمە لە یەک کاتدا چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و شاعیر و پسپۆڕیشە لە بوارە مەعریفییەکاندا (فەلسەفە، زانستی زمان، تیۆریی سیاسی) هەروەها پسپۆڕێکیش لە بوارێک لەو بوارانە خۆشیەتی و ئەدیبیشە. هەر هەموو لە یەک کاتیشدا، واتە ڕەخنەگر و نووسەری ئەدەبی و پسپۆڕ لە بوارێک لە بوارەکانی زانستە مرۆییەکان (دەروونناسی، ئابووری، کۆمەڵناسی)، هەقی ئەوەش بەخۆیان دەدەن قسە لەسەر نالی و پێشەوا قازی و هابرماز و گارسیامارکیزیش بکەن. ئەم لایەنەش کە پێوەندیی بەتێنەگەیشتنە لە پسپۆڕی و ترس لە پسپۆڕ بەرهەمی ئەو تێکەڵگەراییە لەناو ئێمە ڕیشەی داکوتیوە و لە گەلێک ڕووشەوە ڕۆژنامەگەری لە دروستکردنیدا بەرپرسیارە. ئەم تێکەڵگەراییەش وا لە لێدواندەران دەکا فەلسەفە بەسەر کاری خۆیان و کاری گشت کوردیشەوە بکەن ئەمەش لە ڕێگەی چواندنی کارەکانی خۆیان بە کارە جیهانییەکان. بەڵام ئەمەیان زۆر ناڕاستەخۆ دەکرێ. واتە سیاسەتکردنێک لە وتنەکەدا بەدی دەکرێ. ئەم دیاردەیە پێوەندییەکی زۆری بەو سیستەمی ستایش و ڕەتکردنەوەیەشەوە هەیە لە ئەزموونی سیاسی یان وتاری

سیاسیی کوردیدا بنجبەستە کە دەبایە ڕەخنە و گفتوگۆکردن کۆڵەکەی ئەو وتارە بایە. نەک هەر ئەوە بگرە هەندێ کەس لە پاڵ ئەوەی چیرۆکنووسن یان شاعیرن لەسەر ئەوەش ڕاهاتوون ماوەی جارێک لێدوان بدەن و لێدوانەکانیشیان، کە زوو زوو دەکەونە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و کۆوارەکان یان سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان، یەک سیستەمی ڕەوانبێژی تێیدا زاڵە، ئەوەش بریتییە لە کرووزانەوە و لاواندنەوەی خۆ و هەروەها دروستکردنی منێک کە ئێمە لێرە ناوی دەنێین منی ڕۆشنبیری. ئەمەش دەکرێ تا لەوێوە ئەوە بە خوێنەر (یان گوێگر)ی ئەو لێدوانە بوترێ گەر ئەمانە کورد نەبوونایە ئێستا قسە و دید و کارەکانیان لە میدیاکاندا زۆرترین نرخی بۆ خۆی دابین دەکرد. مەگەر بەشێک لەوانە لە هەندەران نەبوون یان لە هەندەران نین تا ئێستا بۆ دەبێ هەر چاویان لەوە بێ کورد ناوداریان بکا.

زۆر جار لێدوانکەرانیش پرسیارەکانیان ئەوەندە دووبارە و هاوشێوەن، هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو لێدوانەی لەگەڵ کۆمەڵناسێ دەکرێ بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە تەک ڕۆماننووسێ یان هونەرمەندێکی شێوەکاردا دەکرێ بەدی ناکرێ. بۆ نموونە پرسیاری پێوەندی دەسەڵات بە ڕووناکبیرەوە یان ئاستی شیعر و ڕەخنەی نوێی کوردی لەو پرسیارانەن لە گشت لێدوانێکدا ئامادەن. مەبەستمان، سیستەمی مەعریفیی ئەو لێدوانانە بەجۆرێک پێک هاتوون نە سەر بە پۆلێ لە زانینی تایبەتن و نەش دەکرێ بخرێنە ژێر فیگورێکی لە ڕووناکبیرییەوە. بۆیەشە ئەو لێدوانانە زۆر بەدەگمەن وەک سەرچاوە بەکار دەبرێن یان زانینەکانی لە بوارێک دیاریکراودا هەرگیز وەبەر ناهێنرێن.

هەمووی ئەوانەش کە لە سەرەوە باس کران وا لە ئێمە ناکەن، ڕۆژنامەگەری وەک بوارێک لە گەیاندنی زیندوو ڕەت بکەینەوە. بەڵام ئێمە ئەوە ڕەت دەکەینەوە ڕۆژنامەوانی یان کاری میدیا وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ دروستکردنی وتاری ڕووناکبیری تەماشا بکرێ. ڕۆژنامەوانی کە لە کۆمەڵناسی و مێژوو و دەروونناسی و فەلسەفە تا دەگاتە زانستی زمان و وێژە جیایە، خاوەنی دیسپلینێکی تایبەت بەخۆیەتی. ڕۆژنامەوانی بێ دیسپلین نییە، بەڵام مافی ئەوەشی نییە شوێنی دیسپلینەکانی تری بواری زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان زەوت بکا. بەڵێ ئێمە هیچ کات پێم وا نییە ڕۆژنامەوان بەهەمان ئەرک هەڵدەستێ کە بیریارێ یان کۆمەڵناسێک ئەنجامی دەدا وەلێ لە هەمان کاتیشدا دان بەوەدا دەنێین ڕۆژنامەوانی لە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخدا کەرتێکی مەعریفیی مەزنە و پێشمان وایە کاری ڕۆژنامەوانی نە کارێکی ئاسانە و نەش بێ بەها. بەڵام ئەوە کاری ڕۆژنامەوانیی ئاسان و بێ بەها کردووە کە گشت شار بە سیاسی و نووسەر و ئەدیب و ئەکادیمیکار و هونەردۆستانیشەوە یان ڕۆژنامەوانن یاخۆ بەجۆرێکی لە جۆرەکان بەکاری ڕۆژنامەوانی و بەنووسینی تێکستی ڕۆژنامەوانیی ئاساوە سەرگەرمن. ئەوە ڕۆژنامەوانیی نییە، بێ بەهایە نەخێر بگرە ئەوە بێ بەهایە شار هەمووی سەر لە کاری ڕۆژنامەوانی دەردەکا، یان کاری ڕۆژنامەگەری پێی ئاسانە. دیسانەوە دەڵێین، هەروەک لای سەرەوەش وتمان، ئەمە بەرەنجامە و مەرجە هۆیەکەی بخەینە بەردەست. بەباوەڕی ئێمە هۆی ئەم دیاردەیە، واتە بوونی گشت شار بە ڕۆژنامەوان، یان بارێکی ئەوتۆ لە شار دروست بووە هەر هەموو سەر لە کاری ڕۆژنامەوانی

دەردەکەن، ئەوەیە کە لای ئێمە ڕۆژنامەوانی داوای زانینێکی دەگمەن و تایبەتمەندمان لێ ناکا. پاشان ڕۆژنامەوانی گەر ئەوەبێ ئێمە قسە بە دوژمنانی کورد بڵێین یان قسە لەسەر باری ئافرەت، کە ئێستا زۆر مۆدیەتی، بکەین یان وتاری ناسیۆنالیزمی کوردی بڵاوێنینەوە، ئەوا ئەم ڕووناکبیرییە لای گشت خەڵکی شار دەست دەکەون. دەکرێ بپرسین بۆ؟ لە وەڵامدا دەڵێین هۆی ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەستی بە کوردبوون لای گشت خەڵکی شار کارێکی وای کردووە هەموو خۆ بە نووسینەوە سەرقاڵ بکەن، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریش هەر ئەم هەستە کاری وای کردووە کە پۆلی ڕۆژنامەگەری ببێ بە پۆپولێرترین پۆلی مەعریفی. ئا ئەمە نەگبەتییەکی گەورەیە کاتێ هەستی بەکوردبوونمان وامان لێ بکا ببین بەنووسەر یان خۆمان بەکاری ڕۆژنامەگەرییەوە سەرگەرم بکەین. لەوە بەدتریش ئەوەیە ڕۆژنامەگەری بکەین بە قەڵغانێک بۆ پاراستنی هەبوونمان یان گەشەدان بەو هەستە. ئەڵبەتە لێرەدا پرسیارە ئیرۆنیکەی ئێمە ئەمەیە: دەکرێ وتاری ڕووناکبیریی نەتەوەیەک لە ڕۆژنامەگەریدا کورت بکرێتەوە؟ بۆ خۆمان دڵنیاترین وەڵام ئەو وەڵامەیە کە پێی وایە ناشێ نەتەوەیەک لەم سەردەمە نێتاوییەدا (یان بەنێتکراوەدا) تاکە ئازووقەی مەعریفی و یاخۆ ماهییەتی ڕووناکبیریی خۆی لە ڕۆژنامەوانیدا بەرجەستە بکا. ئەمە لەلایەکی و، لەلایەکی تریش ئەوە موسیبەتێکی گەورەیە کاتێک نەک ڕۆژنامەوانی بگرە ئەو ڕۆژنامەوانییەی کە تاکە ئازووقەی مەعریفیی نەتەوەیەکە خۆی بە لاواندنەوەی ڕابردووەوە سەرقاڵ بکا.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی سەرەوە باس لە ئارگومێنتێک دەکەین، بەباوەڕی ئێمە ڕێگەیەکی تر لە بەردەم دروستبوونی تێگەیشتن سەبارەت بەوەی پێشتر باسمان کرد دەکاتەوە. گەر تەماشای ئەو چەند یادە بکەین لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بۆ ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەی کوردستان یان ڕۆژنامەوانیی کوردی ئەنجام دراوە دەبینین یادەکان تەنیا بۆ لاواندنەوەی ڕابردوو تەرخان دەکرێن. ئەڵبەتە بەبەر ئەو لاواندنەوانەشەوە زۆرترین تیۆریزە بەسەر وتاری ناسیۆنالیزمی کوردییەوە دەکرێ، کە پسپۆڕ و بیریارانی پرۆسەی ئەو تیۆریزەکردنەش دیسانەوە یان کادێرەکانی بەشی ڕاگەیاندنە حزبییەکانن یان ئەو کۆلکەئەدیب و شاعیر و ئەکادیمیکارانەن بەبێ ڕۆژنامەگەری هەناسە نادەن. باشە دیسانەوە دەمانەوێ بپرسین بۆ ئەمانە، واتە ئەو کادێر و کۆلکەئەدیب و تەنانەت ئەکادیمیکەرانە ئەو هەموو خەیاڵەیان بە ڕۆژنامەوانی داوە؟ بەباوەڕی ئێمە ئەوەی یەک نەخت بڕوانێتە پێکهاتە و توانای ڕووناکبیری ئەم جۆرە توێژانەی کۆمەڵگەی کوردی (واتە کادێر و ئەدیب و ئەکادیمیکار) لەوە دەگا ئەمانە تاکە بوارێک کە هەبوونی خۆیان بەباشی تێدا دەبیننەوە بواری ڕۆژنامەوانییە. لای ئێمە لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوانی بووە بە زمانحاڵی وتاری ناسیۆنالیمان و هەروەها لەبەرئەوەیش ئەوە ڕۆژنامەوانییە قسە لەسەر دەسەڵات و گشت گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگە دەکا، بۆیە بۆ ئەمان هەردەم ئاسانە بێنە پێشەوە و قسە لە دنیای ناوەوەی کورد بکەن. ئەم شتانەش کە ڕوو دەدا هیچ کات ناشێ وەک ئاماژەیەک تەماشا بکرێ بۆ سەر باری ئازادیی ڕاگەیاندن لە شار. چونکە ئازادیی ڕۆژنامەگەری دەبێ لەوە جیا بکرێتەوە کە میدیای کوردی بکرێ بە سەکۆیەک بۆ بڵاوکردنەوەی نووسینی هەڵە، نووسینی تێکەڵ و بێ ئامانج، نووسینی بێ سەرچاوە و بێ ڕیفرێنس. چونکە ئەوە ئازادی نییە بەوشەی لاهووتی و

شیعرگەرائامێز، قسە لەسەر ناسکترین دیاردە و کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری بکرێ.

٤- بێ ئاگابوون لە دابەشبوونی نێودەوڵەتییانەی فەلسەفە بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پراکتیک/ فەلسەفەی کۆنتنێنتال و فەلسەفەی شیکردنەوەیی.

دابەشبوونی نێودەوڵەتییانەی فەلسەفە بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پراکتیک دوو جەمسەری فەلسەفیی جیای دروست کردووە کە ئەوەش فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ و فەلسەفەی شیکردنەوەییە، کە لە بنەڕەتدا دابەشبوونێکی ڕۆژئاواییانەیە بۆ فەلسەفە وەک دیسپلینێکی ئەکادیمی. ئەڵبەتە لە زۆربەی کۆلێج یان ئینستیتووتەکانی فەلسەفەی زانکۆکانی جیهانیی ڕۆژئاواشدا ئەم دابەشکردنە لە ئامێز گیراوە. ئەگەرچی ئەم دابەشبوونەی فەلسەفە بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پراکتیکی شتێکی نوێ نییە و ئەم ترادیسیۆنە لە فەیلەسووفی یۆنانی ئەرستۆوە بۆ فەیلەسووفانی پاش خۆی بەتایبەت کانت، کە بایەخێکی زۆری بەم دابەشبوونە داوە، ماوەتەوە بەڵام لەم سێ چوار دەیەی دوایی لە زۆربەی زانکۆکانی ئەوروپا ئەم ترادیسیۆنە پیادە دەکرێ و ئەم دابەشبوونەش گرینگی و ڕۆڵی خۆی لە زیادکردنی پسپۆری و وردەکردنەوەی ئەم پسپۆڕییەدا دیوە و بگرە دابەشکردنێکیشی لە پۆلگەرایی و بەش بەشکردنی بوارەکانی فەلسەفەش لەخۆ گرتووە.

ئێمە لەم پەڕەگرافەدا دەمانەوێ هەندێ ڕۆشنایی بخەینە سەر لەلایەکی ئەو دابەشبوونەی فەلسەفە لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا بەخۆوە گرتوویەتی و هەروەها ئەو بەجەمسەربوونەی فەلسەفەش تێ کەوتووە کە بیریار و فەیلەسووفانی ڕۆژئاوای سەرجەم بەدەور خۆدا کۆ کردووەتەوە، لەلایەکی تر ئەوەش دەخەینە ڕوو کە چۆن لەناو نووسەر و هەوادارانی فەلسەفە لەناو ئێمە ئەم دابەشکردنەی فەلسەفە (فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پراکتیکی) هەروەها ئەو بەجەمسەربوونەی فەلسەفەش (فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ و فەلسەفەی شیکردنەوەیی) دەرکی پێ نەکراوە کە ئەوەش دیسانەوە نەک هەر ئاماژەیە بگرە بەڵگەشە لەسەر نەبوونی فەلسەفە لەناو ئێمە بە مانا ئەکادیمییەکەی. بۆیە ئێمە ناهەقی ناکەین گەر بڵێین فەلسەفە وەک زانینێکی ئەکادیمی کە خاوەن دیسپلینێکی تایبەت بەخۆیەتی، لەناو نووسەر و هەوادارانی فەلسەفەی ئێمەدا نامۆیە و هیچ وەختیش بیرێکی فەلسەفی بەمانا سیستەماتیکییەکەی لە ئارادا نەبووە. بگرە لەبری ئەوە ئەوەی هەبووە کۆمەڵێ تێکستی ناچووستی تێکەڵ و بێ ئامانج بوونە کە بەرهەمی هەندێ بیرکردنەوەی ناپوختی فەلسەفی بوونە.

مرۆڤ کە چاوێک بە پرۆگرامی خوێندنی فەلسەفە لە کۆلێجەکانی فەلسەفە لە وڵاتانی ئەوروپاییدا دەخشێنێ ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە دابەشبوونی فەلسەفە بۆ فەلسەفەی تیۆری و فەلسەفەی پراکتیکی ڕۆڵێکی زۆری لە زۆربوونی بواری توێژینەوە و پسپۆڕیدا دیوە. ئێمە بۆ ئەوەی قسەکانی خۆمان لەو ڕووەوە بکەین، یەکەم جار دێینە سەر فەلسەفەی تیۆری، کە یەکێکە لەو دوو بەشەی فەلسەفە و پاشانیش دێینە سەر فەلسەفەی پراکتیک. فەلسەفەی تیۆری، کە لە ناوەڕۆکدا

بایەخ بە پرسیارەکان لەمەڕ دیدی جیهان دەدا، چەند بەشێک دەکا بە بواری خۆی لەوانە: لۆجیک، میتافیزیک، سێمانتیک (تیۆریی نیشانە)، تیۆریی زانین (ئێپستیمۆلۆجی)، بوونناسی (ئۆنتۆلۆجی) و تیۆری زانست و ئەڵبەتە فەلسەفەی زمانیش. لەم ڕووەوە گەر وردتر بدوێین ئەوەش دەڵێین کە لە هەندێ لە کۆرسەکانی فەلسەفەی تیۆریدا کە بایەخ بە تیۆریی زانین، تیۆری زانست و سێمانتیکی مۆدێرن دەدرێ لە بواری تیۆری زانیندا واتا وەک زانین و ڕاستی و باوەڕ ڕەفتاری لە تەکدا دەکرێ و، لەم حاڵەتەدا بایەخ بە گرووندەکانی زانینیش دەدرێ. هەرچی لە بواری تیۆری زانستە ئەوا بایەخ بە میتۆدەکانی زانست و سروشتی ڕوونکردنەوە زانستییەکان هەروەها جیاوازیی نێوان بوارە جۆراوجۆرە زانستییەکان دەدرێ. سەبارەت بە تیۆریی زانست دەشێ ئەوەش بوترێ، ئەم تیۆرییە بایەخێکی زۆر بە هەندێ کێشە دەدا لەوانە: بنیاتنانی چەمک و تیۆریی زانستی، هەروەها لێکدانەوەی هەندێ واتا لەوانە یاسا، تیۆری، ڕوونکردنەوە، بناغە و ڕوونی (ئێڤیدێنس)، هەروەها پێوەندیی نێوان لایەنی تیۆری و ئیمپیریش.

وێڕای ئەوە دەمانەوێ ئاماژە بەوەش بکەین کە، ڕیشە سەرەکییەکانی فەلسەفە بریتین لە فەلسەفەی سروشت، فەلسەفەی بەها، فەلسەفەی زانین و فەلسەفەی زانست. فەلسەفەی سروشت کە ئۆنتۆلۆجیا (یان میتافیزیک) دەگرێتەوە، هەوڵێکە بۆ گەیشتن لە سروشت و گەردوون (ئونیڤێرسوم). میتافیزیک کە ئەرستۆ ناوی ناوە فەلسەفەی یەکەم گفتوگۆ لەسەر یەزدان و پرسیارە ئەبەدییەکانی فەلسەفە دەکا. وەلێ فەلسەفەی بەها فەلسەفەیەکە تایبەت بە مۆراڵ، جوانکاری و ئیتیک. هەرچی فەلسەفەی زانینە (ئێپستمۆلۆجیایە) فەلسەفەیەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە زانین (ئێپستم)، ڕیشەی زانین و ڕاستیی زانین. بەڵام فەلسەفەی زانست لەبارەی زانینەوە دەدوێ وەک زانینێکی زانستی. ئەمەو پێویستە بڵێین بیری فەلسەفەی زانست لە فەلسەفەی ڕۆئاوا بیرێکی کۆنە. هەر لەم ڕووەوە مایەوە ئەوەش بڵێین، ئەوەی لە سەرەوە ناوم نا سێمانتیک، دەکرێ بوترێ بوارێکە تێیدا بایەخ بەواتا وەک مانا و تەئویل (وەرگێڕان) و پێناسە دەدرێ.

هەر لە بواری بەشی فەلسەفەی تیۆریدا گرینگی بەمێژووی تیۆری یان مێژووی فەلسەفەی تیۆرییش دەدرێ. ئەڵبەتە ئەم گرینگی پێدانە، لایەنی گەشەی مێژووی زانست دەگرێتەوە. بەدڵنیاییشەوە ئەم مێژووە لە ئەنتیکەوە (یۆنانی کۆن) دەگرێتەوە تا دەگاتە سەردەمی ئەمڕۆ. ئەو دەمەش لە نێو ئێمە پسپۆڕ لە بواری فەلسەفە زیاد دەکا، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی تەواو و پڕ لەسەر ئەو مێژووە هەبێ دەکرێ هەریەکە لەو پسپۆڕانە بەجیا ئاوڕ لە بەرهەمی تاک بە تاکی ئەو فەیلەسووفانە بدەنەوە کە لەم گەشەکردنەدا بەشدار بوونە، یان بۆ ئەوەی لەناو ئێمە نەشونمای ئەو بیرکردنەوانە بناسرێنەوە کە ئەم مێژووەیان بنیات ناوە، دەشێ هەرکەسە لەو پسپۆڕانە ئاوڕێکی تایبەت لە ئێپۆکێکی دیاریکراو یاخۆ ئاراستە و یان قوتابخانە و شەپۆلێکی دیاریکراو بدەنەوە.

هەر تایبەت بە فەلسەفەی تیۆری دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، ئەم فەلسەفەیە گرینگییەکی زۆر بە کۆرسی لۆجیک (مەنتیق) دەدا. لەم حاڵەتەیشدا دەبێ لەوە بەئاگا بین فەلسەفەی کە لۆجیک بایەخێکی زۆر بە واتا لۆجیکییەکان دەدا، لەوانەش: ئاکامی لۆجیکی، ڕاستی و ناکۆکی. هەر لەم

بوارەشدا گرینگییەکی زۆر بە شیکردنەوەی بنیاتی لۆجیکی کە شوێنی خۆی لە مێژووی لۆجیکدا هەیە، دەدرێ. ئەمە و لە فەلسەفەی تیۆریدا گرینگی بەفەلسەفەیەکی تریش دەدرێ کە ئەوەش فەلسەفەی ئاگاییە (مایند). لەم بەشەشدا دەشێ گرینگی بە چەندان کێشەی سەرەکیی تیۆری و فەلسەفی بدرێ.

هەرچی فەلسەفەی پراکتیکە کە خۆی وا نیشان دەدا بایەخ بە پرسیارەکان لەمەڕ دیدی ژیان دەدا خۆی بەوە لە فەلسەفەی تیۆری جیا دەکاتەوە ژیان دەکا بە مۆڵگەی لێ خوردبوونەوەکانی نەک جیهان. بۆیە پرسیارە فەلسەفییە پراکتیکییەکان، کە زۆر لە ژیانەوە نزیکن، بایەخ بەو کێشە فەلسەفییانە دەدەن کە پراکتیکین، لەوانە ژیانی پراکسیسی مرۆڤ، ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی. ئەڵبەتە لێرەوە چەندان کێشە دەبن بە هەوێنی فەلسەفەی پراکتیک بۆ نموونە چۆنیەتیی گەیشتنی ئەم مرۆڤە لە پراکتیکدا لە هەقیقەت یان پێوەندی ئەم بە هەقیقەتەوە یان چۆنیەتیی گوزارەکردنی ئەم مرۆڤە لە هەقیقەتی خۆی کە لەوێشڕا باس دەکرێ، بێتە پێشەوە لەسەر ئەو بەها و مانایانەی ئەم مرۆڤە بە هەقیقەتی خۆی دەیدا، لەوانە تێگەیشتن و بۆچوونی ئەم مرۆڤە لە بڕوا و ئایدیۆلۆجیاکان کە لە پراکتیکدا هەر ئەم مرۆڤە بەها و مانایان بۆ دابین دەکا.

بۆ ئەوەی زێتر ئەم بەشە فەلسەفییە شیتەڵ بکەینەوە دەڵێین، لە بواری فەلسەفەی پراکتیکیدا چەند بەشێک بەدی دەکرێ کە گرینگترینیان تیۆریی بەها و فەلسەفەی موراڵ (ڕەوشت)ە. هەر لە بواری فەلسەفەی موراڵدا دەکرێ باس لە بەشی تریش بکرێ لەوانە فەلسەفەی ماف، فەلسەفەی سیاسی و تیۆریی بڕیاردان. گشت ئەو بابەخانەش لەو بەشانەدا ماندار دەکرێن لە ڕێگەی خستنە ژێر پرسیاری کێشە پراکتیکییە فەلسەفییەکانەوە دەبن. ئەمە و جگە لە هەندێ بەشی تر وەک فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، فەلسەفەی ئاین، فەلسەفەی فێمینیزم و فەلسەفەی جوانکاری.

دەمانەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوەش ڕابکێشین کە، لە بواری فەلسەفەی مافدا، کە بەخۆی ئەم بوارە یەکێکە لە بەشەکانی فەلسەفەی پراکتیک، گرینگییەکی زۆر بەدادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەدرێ لەوێشڕا نەک هەر باسکردنی دیموکراسییەت وەک بابەتێکی سیاسی مانای خۆی هەیە، بگرە وەک بابەتێکی کۆمەڵایەتیش. ئەم فەلسەفەیە باس لەوە دەکا کە دۆزی تاک لە کۆمەڵگەدا، جا ئەو تاکە سەر بە هەچ ژیندەر و توێژ و چینێک بێ، ئەوە دەستنیشان ناکا کە چ مافێکی هەیە و چ مافێکیشی نییە، بگرە ئەوە دۆزی تاک لە کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکا کە تاک مرۆڤە و بەس، واتە مرۆڤ بوونەکەی تاک مەسەلەی مافەکە دەستنیشان دەکا نەک شتێ تر. هەر سەبارەت بە فەلسەفەی پراکتیک لە بواری فەلسەفەی موراڵ کە گرینگییەکی زۆر بە مەسەلەی ماف دەدا، ئەم گرینگی پێدانە تەنیا بە مافی مرۆڤەوە تایبەت نییە، بگرە بە ژینگە و ئاژەڵیشەوە تایبەتە. لەو پرسیارە موراڵییانەش فەلسەفەی پراکتیک لەم بوارەدا بایەخی پێ دەدا، ئەوەیە کە، ئێمەی مرۆڤ تا کەی ژینگە پیس بکەین و تا کەی ئاژەڵ بۆ خواردن و یان لە ئەزموونگاکانماندا بەکار بەرین؟ فەلسەفەی موراڵ لەم حاڵەتەدا نایەوێ مرۆڤێکی بەختیار بەهۆی نابەختیارکردنی ئاژەڵەوە دروست بکا بەڵکو دەیەوێ، لەو مافە بکۆڵێتەوە مرۆڤ و ئەڵبەتە ئاژەڵ و ژینگەش پێکەوە هەیانە. قسەی

فەلسەفەی مورالّی تازە[٥٢] ئەڵبەتە لە ڕێگەی فەلسەفەی مافەوە لەبارەی بەختیاری و نابەختیاریی مرۆڤ پێوەندییەکی زۆری بە ئاستی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیانەوە هەیە ئەم جۆرە فەلسەفەیە تێیدا گەشە دەکا. چونکە لە گەلێ لە ناوچەکانی وەک ڕۆهەلاّتی ناوەڕاست لە ئەمڕۆدا ئەستەمە باس بهێنرێتە سەر مافی ئاژەڵ و ژینگە، کاتێ مرۆڤ لە بناغەییترین ماف مەحروومە. یان سەختە لە ئەمێستادا پەرە بەو جۆرە لە فەلسەفەی ماف بدرێ کە شوێنی مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگەشی وەک یەک تێدا ببێتەوە. مەبەست ئەوەیە زەحمەتە ئاژەڵێ بەختیار و ژینگە (دەوروبەر)ێکی پاک دروست بکرێ، مرۆڤەکە، ئەوەی دروستکەری ئەو بەختیاری و پاکییەیە لە دۆزێکدا ژیان بەسەر ببا لێوانلێوە لە زەلیلی و مەحروومی. لە کاتێکیشدا کە خوێندنی فەلسەفە یان نییە یان بەو جۆرە نییە کە لە ژیانی ئێستای مرۆڤی تازەوە نزیکە فەلسەفە لە خستنە ڕووی پرسیارەکاندا چالاک نابێ، ئەمە و هەروەک ئاشکراشە ئەم مرۆڤە تازەیە لە هەر کوێ بێ، ناتوانێ نە لە کێشەکانی ئەم مرۆڤە تازەیە بگا و نەش لەو کێشانەی دەوروبەری ئەم مرۆڤە تازەیە دروست دەبن. نامانەوێ لە باسەکەمان دوور کەوینەوە، بەلاّم بەلامانەوە گرینگە ئەوە بیر بخەینەوە کە فەلسەفەی مورالّ وەک بەشێکی گرینگ لەناو فەلسەفەی پراکتیکدا ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە، دەکرێ ئێمەی مرۆڤ خۆمان لە مورالّی (ڕەوشتی) خۆمان بەرپرسیار بین نەک کەسێکی تر. لێرەوە دەکرێ باس بهێنرێتە سەر ئەوەی ئاخۆ ڕەفتارەکانی ئێمە پێشوەخت بڕیار دراون و ئێمە بەرپرسیار نین لێیان یان بەپێچەوانەوە ڕەفتارەکانمان بەرهەمی هەڵسوکەوتی خۆمانن. بەوتنی فەلسەفی، لێرەدا باس دێتە سەر دیتێرمینیزم (جەبرییەت، حەتمییەت) و ئیندێترمینیزم (ناجەبرییەت، ناحەتمییەت) ئەم باسەش لە نێوەندەکانی فەلسەفە لە ڕۆئاوا بایەخێکی زۆری دەدرێتێ.

هەر سەبارەت بە فەلسەفەی پراکتیک دەمانەوێ ئەوەش بڵێین: لە بەشەکانی فەلسەفەی پراکتیکدا چوونە ناو کێشە کۆمەلاّیەتی و سیاسییەکان زۆر بەدی دەکرێ. ئێستا کە لە زۆربەی کۆلێجەکانی فەلسەفە لە ئەورووپا فەلسەفەی پراکتیک گەشە بەخۆیەوە دەبینێ هۆیەکەی تەنێ ئەوەیە ئەم بەشە فەلسەفییە خۆی زیاد لە پێویست لە ژیانی مرۆڤی تازەوە نزیک دەکاتەوە. بەلاّم چەند ئاڕاستەی ئەهریمەنانەی بازاڕ و پێشبڕکێی سیاسیی جیهان، کە بەخۆی دیسانەوە ئەم پێشبڕکێیە بە ئاڕاستەکانی بازاڕەوە وابەستەیە، ڕێگە بە سەرکەوتنی ئەو فەلسەفە کۆمەلاّیەتییە دەدا کە لە زانکۆکانی شارستانیی نوێی ڕۆئاوا لە ڕسکاندایە، ئەمە جارێ زۆر ڕوون نییە. چونکە فەلسەفەی مورالّی نوێ بەزۆری دەیەوێ دەرگە لەو جۆرە تێڕامانە فەلسەفییە مورالّییانە بکاتەوە، بەشداری نەک لە سارێژکردنی ئازاری مرۆڤدا دەکەن بگرە ئازارنەهێڵەریشن. ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیەی فەلسەفە بەدووی بەختیاریدا وێڵە. بەلاّم بەختیاری بۆ هەمووان بە ژینگە و مرۆڤ و ئاژەڵیشەوە. هەروەها بۆ گشت ژیندەر و چین و توێژکیش. ئەمە هەوڵی ئەم فەلسەفەیە و مەرج نییە ئەم هەوڵە هاتبێتە دی، بەلاّم هەوڵی ئەم فەلسەفەیە لەم ڕووەوە بەردەوامە. هەر سەبارەت بەم هەوڵە واتە کۆششکردن بۆ نەهێشتنی ئازاڕ و لە بری ئەوە مسۆگەرکردنی بەختیاری، دەکرێ باس بهێنرێتە سەر یەکسانیی نێوان ژیندەرەکانیش کە ئەمەش بەجۆرێکی تر باسێکی فەلسەفی دێنێتە پێشەوە ئێستا لە بەشی فەلسەفەی پراکتیکدا زۆر بایەخی دەدرێتێ کە ئەوەش فەلسەفەی فێمینیزمە.

سەربارى ئەوەى لە سەرەوە دەستمان بۆ درێژ كرد، دەمانەوێ ئەوەش بلێین، فێمینیزم كە سەر بە جەمسەرى فەلسەفەى كۆنتنێنتاڵە و خوێندنى لە كۆلێجەكانى فەلسەفە لە ئەوروپا دەچێتە خانەى فەلسەفەى پراكتیكەوە لە ئێستادا لە زانكۆكانى ئەنگلۆ- ئەمەریكاییشدا بایەخێكى زۆرى پێ دەدرێ. ئەڵبەتە پاش بایەخدانى گەلێ لە ئینستیتووتەكانى توێژینەوەى ژیندەر و ژیانى سێكسى لە ئەمەریكا بەكارەكانى فوكۆ و ئەمجار بایەخدانى گەلێ لە زانكۆكانى ئەمەریكا (یال، هارفارد) بەهەڵوەشانەوەى دێریدا و ڕۆڵى ئەم هەڵوەشانەوەگەرییەش لە گەشەدان بە تیۆرییەكانى فێمینیزم كە هەموو ئەمانە دۆزێكى ئەوتۆیان هێنایە پێشەوە كە تیۆریى كویر (شاز) و فێمینیزمێكى شێوە فرەنساییش لە ئەمەریكاى باكوردا بێتە دنیاوە و ئەمجار زۆریش پۆپولێر بێ.

وێڕاى ئەوەى لاى سەرەوە وتمان ئەوەش بیر دەخەینەوە كە، ئەم دابەشبوونى پسپۆڕییە لە بوارى فەلسەفە لە زانكۆكانى ڕۆژئاوادا ئاڵۆزییەكى زۆرى فرێ داوەتە بوارى توێژینەوە و، بەشەكانى وەك فەلسەفەى سیاسى، جوانكارى، ئیتیك و مۆراڵ، كاریگەرییەكى زۆرى ئەم دابەشبوونەیان بەسەرەوە دیارە و لە گفتوگۆیە سیاسى و دێباتە كولتوورییە گشتییەكانیشدا زۆر بەكار دەبرێن. هەر سەبارەت بەم لایەنە ئەوەش دەبێژین كە لە كۆرسەكانى فەلسەفەى تیۆرى و فەلسەفەى پراكتیكیشدا هەر لە گرووند كۆرسەوە تا قۆناغى دوكتۆرا ئامانجێكى زۆر بۆ خستنە ڕووى پرسیار و بنیاتنانى واتا و تیۆرى لە ئارادایە و زۆربەى ئەو شتانەش، وەك بیر دەخوڵقێنرێن لە ژیانى كەسى تازەى ڕۆژئاواییەوە نزیكن. هەر دوور ناڕۆین لە ژیانى ڕۆژانەدا لە وڵاتانى ڕۆژئاوا شتێك هەیە پێى دەڵێن باوەڕ بەخۆبوون، ئەم مەسەلەیە فەلسەفەى تازە زۆر بایەخى دەداتێ و لە باخچەى ساوایانەوە بگرە تا هۆڵى پەرلەمان بەگشت ئەو وردەكارییانەى لە هۆڵەكانى زانكۆدا باس دەكرێ لاساى دەكرێتەوە. بەلام ئەمە هەرگیز ماناى ئەوە نییە فەلسەفە یان تیۆرییە كۆمەلایەتییەكان لە ڕۆژئاوا كارەكتێرى ئایدیۆلۆجییان نییە. بەڵێ هەیانە و تەنانەت فەلسەفەى ڕۆژئاوایى نەك هەر ناسنامەى لووتبەرزیى شارستانیى ڕۆژئاوایە بگرە هەردەم چەكى ئایدیۆلۆجیى ئەم شارستانییەتەش بووە. وەلێ ئەم لایەنە وا لە ئێمە ناكا بۆ ئەوە نەچین ڕۆڵى فەلسەفە لە وڵاتانى ڕۆژئاوا ئەوەى تێدا بەدى ناكرێ كە بەشدارى لە دروستكردنى مرۆڤى ڕەوشت هەستیاردا ناكا.

بەلام فەلسەفە لە زانكۆكانى ئەوروپادا هەر ئەم دابەشبوونەى بەخۆوەوە نەدیوە، واتە فەلسەفەى تیۆرى و فەلسەفەى پراكتیك، بگرە باس و خواسەكانى دووچارى دابەشبوونێكى تر هاتوون كە ئەوەش دوو جەمسەرى فەلسەفیى قوت كردووەتەوە كە یەكێكیان پێى دەوترێ فەلسەفەى كۆنتنێنتال و ئەوى تر پێى دەوترێ فەلسەفەیى شیكردنەوەیى. فەلسەفەى یەكەم، واتە فەلسەفەى كۆنتنێنتال، پتر لەناو فەیلەسووف و بیریارانى فرەنسایى و ئەڵمانیاییدا باوە و ئەوەى تریش، واتە فەلسەفەى شیكردنەوەیى، زۆرتر فەلسەفەیەكى ئەنگلۆ- ئەمەریكاییە. فەلسەفەى كۆنتنێنتاڵ پتر تەرەفدارى فەلسەفەى پراكتیك دەكا، یان بوارى كاركردنى بیریار و فەیلەسووفانى كۆنتنێنتاڵ بەزۆرى لە هێڵى گشتیى فەلسەفەى پراكتیكدا خۆى دەبینێتەوە. هەرچى فەلسەفەى شیكردنەوەییە كە فەلسەفەیەكى ئەنگلۆ- ئەمەریكاییە دەشێ وەك فەلسەفەیەكى تیۆرى تەماشا

بکرێ. ئەمــەی وتمـان بەس نیــیــە، بۆ ئەوەی خــوێنەری ئەم باســە وێنەیەکی پڕ لەســـەر ئەو دوو جەمسـەرە فـەلسـەفییـە و پێوەندیی ویش بەو دابەشبوونەوە پەیدا بکا کە فـەلسـەفـە وەک زانینێکی ئەکادیمی تێی کەوتووە، بۆیە لای خوارەوە ڕوونتر و بەربلاوتر دەدوێین تا ئەو وێنە پڕە بەدەستەوە بدەین کە ئامانجی ئەم بەشەیە.

فەلسەفەی کۆنتنێنتال کە سەرەتا لە ئەمەریکای باکور و بەریتانیادا گەشەی کردووە لە دەرەوەی فەلسـەفەی فینۆمینۆلۆجی و فەلسەفـەی بوون ئەم گەشـەیەی بەخۆوە دیوە. بەڵام ئەو گەشـەکردنەی فـەلســەفـەی کۆنتنێنتـاڵ لە ئـەمـەریکای باکـور بەخـۆیەوە دیویەتـی بەپشـتبـەستن بووە بە تێکستـی فەیلەسووفە ئەوروپاییەکان. ئەو فەیلەسووفە ئەوروپاییـانەش (بۆ نموونە ئەدرنۆ) لە پێش و پاش جـەنگی جـیـهـانیـی دووەم ڕوویان کردووەتە ئەمـەریکا ڕۆڵی خـۆیان لە گـەشـەدان بە فـەلسـەفـەی کۆنتنێنتـاڵ دیوە. ئەڵبـەتە سـەردانی هەندێ لـە فەیلەسووفی تری ئەوروپاییش لـەم ساڵانەی دواییدا بۆ ئـەمـەریکا بۆ سـیـمـینار سـازکـردن لە زانکۆکـان یان بۆ هـەندێ کـاری تری فـیکری (لـەوانە سـەردانـەکانی دێریدا، هـابرمـاز، بۆدریار، بـادیو) مـانای خـۆی بۆ دروسـتـبـوونی هەندێ شـەپۆل و ئاراستەی فیکری و فەلسەفیش هەبووە.

هەروەها دەشێ ئەوەش بوترێ، فـەلسـەفـەی ناوبراو کە فـەلسـەفەیەکی دابڕاو نییە و پێوەندیی بە نەریتـە فـەلسـەفییـەکانی تریشـەوە لاواز نییـە، بوونی وەک نەریـتـێکی فـەلسـەفی بۆ سـەدەی نۆزدە و بیست لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە. ئەم فەلسەفەیە کە بایەخ بە پرسیار و تێمای باو و گشتی دەدا چەند لایەنێک دەگرێتەوە لەوانە: شیـاویی کۆتاییی میـتـافیزیک، ڕەخنەی کـۆمەڵایەتی و سیاسیی تیۆری، ئیتیک وەک فەلسەفەی یەکەم، کات، مێژوو، ئەفسانە، ڕاستی، ژیندەر و بەرجەستەبوون.

بواری کارکردنی ئەم فەلسـەفەیە کـاتێک پتر دیار دەبێ کـاتێ ئەو ئاراسـتـانە دەستنیشـان بکەین لەژێر چەتری ئەم فـەلسـەفـەیەدا بوونە. بـۆ ئەو مـەبەسـتـەش دەمـانەوێ بڵـێین: گـەر وەک فـەترەی زەمـەنی لە کـانتـەوە تا ئێسـتـا بـەنموونە وەرگرین بۆ فـەلسـەفـەی کۆنتنێنتـاڵ ئەوا پتر لە ٥٠ ناوی فـەیلەسـووفی گەورەمـان بەرچاو دەکەوێ کـە بەرهـەمـهێنەرێکی باش بوونە، لەو ناوانەش کـە دەشێ هەندێکی بەنموونە لێرە لێ بـهێنینەوە: هـیگل، مـارکس، کێـرگـجـارد، نیـچـە، هۆسـرەل، هـایدگـەر، گـادامێـر، هـابرمـاز، سـارتـەر، مـیـرلۆ- پۆنتی، دێریدا، فـوکۆ،لاکـان، دولۆز، گـاتاری، فـیـلیب لاکـۆ- لابات، ژان- لۆک نانسی، ژۆلیا کرسـتـیڤا، هێلێن سـیزۆ، ڤـاتیمـۆ، ئەنتۆنی نیگری، زاک ڕانسیێر، بادیو، جـۆرجیـۆ ئاگـامبـێن، ئیتین بالیـبـار، سلاڤـۆی ژیژک، دانیـێل بینسـەعید، بۆدریار، لیـوتار و... هتد. ئەم فـەیلەسـووفـانەش هـەریەکەیان مـانایان بۆ هـاتنە دنیای ئەو بزاڤ و ئاراسـتـە فەلسـەفـیـانە دیوە کە لە مێژووی فـەلسـەفەی ڕۆژئاوا کـاریگـەرییـان هـەبووە، لەوانە: فـینۆمـینۆلۆجـیای ئەڵمـانیـایی (هیگل، هۆسـرەل، هـایدگـەر)، فـینۆمـینـۆلۆجـیای فـرەنسـایی (سارتـەر، مـیـرلۆ-پۆنتی)، بوونـخـوازیی فـرەنسـایی (سـارتـەر)، هێـرمـێنۆتیکی ئەڵمـانیـایی (هـایدگـەر، گـادامێـر)، فـێمـینیـزمـی فـرەنسـایی (کریستـیڤا، سیـزۆ، ئیریگارەی)، سیمـیـۆلۆجیای فرەنسایی (بارت)، پاش بنەماخوازیی فرەنسایی (فـوکۆ)، پاش تـازەگـەریی فـرەنسـایی (بۆدریار، لیـۆتار) و ئیـتـاڵیـایی (ڤـاتیـمـۆ)، هـەڵوەشـانەوەگـەری

فـرەنسـایی (دێریدا، لاکـۆ-لابات، نانسـی)، تیـۆریی ڕەخنەی (ئەدرنۆ، بنیـامین)، ئیـتیکی ئاینی (لێڤیناس، کاپوتۆ)، ڕەخنەی مـارکسیتی (ئەلتۆسـێر، لۆکاش)، شیکردنەوەی دەروونیی فرەنسایی (لاکان)، بنەمـاخوازیی ئەنترۆپۆلۆجیی فرەنسایی (شـتراوس)، بنەماخـوازیی زمانەوانی (سۆسـێر) و... هتد.

بۆ ئەوەی زۆرتر ئامـادەبوونی ئەو دوو جەمـسـەرە فـەلسـەفـیـیە ڕوون بکەینەوە دەگـەڕێینەوە لای دێریدا، وەک فەیلـەسووفێکی کۆنتنێنتاڵی هـاوچەرخ و ئەو مـێزگردەی پێشتـر لای سـەرەوە باسـمان کرد کە تێیدا ئامـاژە بۆ ئەوە دەکا زمانی ئـەنگلۆ - ئەمـەریکایی ئەمڕۆ زمانێکی ئونێڤرسـالە[٥٣]. بەڵام با بزانین ئاخۆ دێریدا تەنیا مەبەسـتی لەم زمانە زمانێکی ڕووتـە یان شتێ تریشی مەبەسـتە. پێمان وابێ مـەبەستی دێریدا لە ئونێڤرسـالبوونی (گـەردووناویبـوونی) زمانی ئەنگلۆ- ئەمـەریکایی تەنیـا زمـان نیـیـە وەک زمـان بگرە ئەو ڕووناکـبـیریەشـە ئـەم زمـانە بەرهـەمی دێنێ. ئێمـە تەنانەت پێشـمـان وایـە لە باسـی فـەلسـەفـەی ئێسـتـای ڕۆئاوا گـرینگە باس لە پێـوەندیی نێـوان زمـان و فـەلسـەفـەش بکرێ. چونکە ئەو باسکردنە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کامـە گـرووپـی زمـان خـولْقێنەرترە. ئەوەتا دێریدا لەوێڕا بەئاشکرا باس لە دەسـەڵاتی ئەنگلۆ- ئەمەریکایی دەکا بەسـەر جیهانەوە. بەڵام جـەخت لەوەش دەکا بەرەنگاربوونەوەی ئەم دەسـەڵاتە شـتێکە هـەمـوو تاقـیـمـان کـردووەتەوە. ئەمـە و دێریدا قـسـە دێنێتە پێشـێ لەسـەر ئەوەی چۆن دەسـەڵاتی فـەلسـەفەی شـیکردنەوەی، کـە نەریتێکی ئەنگلۆ - ئەمەریکاییە، بەسـەر کولتوورەکانی تر لە جیهـاندا زاڵە، ئەوەتا لە ئاسیـا و لە بەشێک لە ئەفەریقا ئەمە دەبینین[٥٤].

ئێمە باوەڕێکی زۆرمـان بەوەیە نەک هـەر فـەلسـەفـەی شـیکردنەوەی لە گشت شـوێنێکی ئامـادەیە بگرە پێش هـەموو شتێک زمانی ئینگلیزی لە گشت شوێنێکی ئامادەیە. بەخۆی ئامادەبوونی زمانی ئینگلیـزی وا دەکـا نەریتـە فـەلسـەفـیـیـەکـەی زمـانـی ئینگلیـزییش زاڵ بێ کـە ئەم نەریتـە گـشت فەلسـەفـەی جەمسـەری ئەنگلۆ- ئەمەریکایی لەخـۆ دەگرێ. نزیکترین نموونە دەتوانین ئینستیتووتی فـەلسـەفـەی زانکۆی سـتۆکـهـۆڵم یان وڵاتانی تری ئـەسکەندەنافـیـایـی بەنموونە بهـێنینەوە. وڵاتانی ئەسکەندەنافـیـایی و بەتـایبـەت سوێد و پاشان فینلـەندا و ئەمـجـار ئەوانی تر (دانیـمـارک، نەرویج) زۆرترین پێوەندییان بە نەریتی فەلسـەفەی شیکردنەوەییەوە هـەیە کە نەریتێکی فەلسـەفیی ئەنگلۆ- ئەمـەریکاییـیـە. شـوێنێکی وەک فینلەنداش (بەتـایبـەت زانکۆی هیلسنکی) کە گـەورەترین بایەخ بە فەلسـەفەی ئەنگلۆ- ئەمـەریکایی دەدا هـەمان شـوێنی بۆ فەلسەفەی کۆنتنێنتـاڵ بەجێ نەهێشـتووە. نابێ ئەوەشـمـان لە بیـر بچێ کە جـۆرج هنریک ڤـۆن ڕایت، کـە یەکـێکە لە گـەورە فـەیلەسـووفـانی فینلەندایی، قوتابیی ڤیتگنشـتاین بووە و پاش مـەرگی ڤیتگنشـتاینیش لە زانکۆی کامبـرج جێی ڤیتگنشتاینی گرتووەتەوە و، پاش گـەڕانەوەشی بۆ فینلەندا ڕۆڵێکی زۆری لە پەرەدان بە فەلسـەفەی لۆجـیک و بیـری فـەلسـەفـەی شـیکردنـەوەییـدا بینیـوە کـە تارمـاییی ئەم ڕۆڵـەی ڤـۆن ڕایت دواتر گەیشتووەتە ناو ئینستیتووتی فەلسەفەی زانکۆی ستۆکهۆڵمیش.

بۆ نموونـە لە بەشـی فـەلسـەفـەی تیـۆری و پراکـتـیکی لە زانکۆی سـتـۆکـهـۆڵمـدا کـەلەپووری

فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ، کە فەلسەفەی نیچە و هۆسرەل و هایدگەر و پاشان ئەو پۆلە فەیلەسووفە فرەنسایییەش (دولۆز، فوکۆ، دێریدا، بۆدریار) دەگرێتەوە لە ١٩٦٠کانەوە گرینگییان بۆ بیری فەلسەفیی ئەو بیریارە ئەڵمانیاییە گەڕاندووەتەوە، ئەو بایەخەی نییە یا گەر هەشیبێ بەزۆری فینۆمینۆلۆجیا دەگرێتەوە کە ئەوەش وا دەکا بایەخ بە هۆسرەل بدرێ و ئەو بایەخەش کە بە هایدگەر دەدرێ هەر لەو ڕێگەیەوە دەبێ، واتە لە ڕێگەی بایەخدان بە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی هوسرەلەوە. بەبۆچوونی ئێمە بایەخ نەدانی ئینستیتووتی فەلسەفە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم بەم کەلەپوورە فەلسەفییە بەتایبەت ئەو نەریتە فەلسەفییە نیچەگەراییەی فەیلەسووفانی ناوبراوی فرەنسایی کاریان لەسەر کردووە گەلێ هۆی لە پشتەوەیە گرینگترینیان ئەوەیە کە پسپۆر و توێژەرەوان لە بواری فەلسەفە لەم زانکۆیە سەرگەرمی فەلسەفەی شیکردنەوەیین کە ئەمڕۆ لە زۆربەی کۆلێجەکانی فەلسەفە لە وڵاتانی ئینگلیزی زمان (ئەنگلۆ- ئەمەریکایی)دا زاڵە و هۆی تریش بەدڵنیایییەوە بوونی هەیە لەوانە گومانکردنی ڕووناکبیر و فەیلەسووفانی ئینستیتووتی ناوبراو لە فەلسەفەی بیریارانی ناوبراوی فرەنسایی (بەتایبەت نیچەخوازەکان) و، بۆ ئەوە چوون کە گوایە بیر و بۆچوونیان گەلێک کۆنکرێت نییە یان بە لۆجیکەوە پشتبەستوو نییە. بەواتایەکی تر بەو فەلسەفەیەوە پشتبەستوو نییە (واتە فەلسەفەی لۆجیک) کە بنەچەی فەلسەفەی شیکردنەوەیی نوێیە. هەر سەبارەت بەم لایەنە دەمانەوێ باس لەو نموونەیەش بکەین کە دێریدا لەو مێزگرتەی دەیهێنێتەوە. دێریدا لەو مێزگرتەدا کە باس لە هەندێ ڕووی دەسەڵاتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی دەکا دێتە سەر نموونەیەکی زیندوو کە گوایە هەندێ قوتابیی فەلسەفەی زانکۆیەکی ئەنگلۆ- ئەمەریکایی ئەوەی بۆ باس دەکەن کاتێک کە باسی هەندێ فەیلەسووفیان (هیگل و نیچە) بۆ مامۆستاکەیان کردووە مامۆستاکەیان پێیان پێ کەنیوە و وتوویەتی ئەوە فەلسەفە نییە[٥٥]. بەخۆی ئەمەی دێریدا دەیگێڕێتەوە نموونەیەکی زیندووە لەسەر هەوڵی پەڕاوێزکردنی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ لەلایەن فەیلەسووفانی فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئەنگلۆ- ئەمەریکایی بەڵام دەکرێ ئێمە نموونەیەکی لەوە نزیکتر بهێنینەوە کە نموونەکەش ئەو کۆنفلیکتەیە (تەنگژە) لە نێوان دێریدا وەک فەیلەسووفێکی دیاری ناو جەمسەری فەلسەفەی کۆنتنێنتال و جۆن سێرل وەک فەیلەسووفێکی ئەمەریکاییی بەرچاوی ناو فەلسەفەی زمانەوانی، کە ئەم فەلسەفەیە بڕبڕەی پشتی فەلسەفەی ئەنگلۆ-ئەمەریکایییە، ڕوو دەدا[٥٦]. تەنانەت ئێمە دەتوانین ڕوویەکی تری ئەم کێشەیە بەجۆرێکی تر ڕوون بکەینەوە. بۆ نموونە دێریدا کاتێک کتێبی گراماتۆلۆجی (لەمەڕ نووسیبناسی) دەنووسێ، مرۆڤ بەئاشکرا هەست بەوە دەکا پرۆژەی ئەم کتێبە وەڵامێکی ڕاستەوخۆیە بۆ فەلسەفەی ئەنگلۆ-ئەمەریکایی بەتایبەت ئەو لایەنەی کە پێی دەڵێن فەلسەفەی زمانەوانی کە کۆڵەکەی فەلسەفەی شیکردنەوەییە.

بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی، هەروەک وتمان کە نەریتێکی فەلسەفی ئەنگلۆ – ئەمەریکایییە، ئەوەش دەڵێین: ئەوەی یەک تێرم فەلسەفەی لە زانکۆکانی ئەسکەندەنافیدا خوێندبێ نەک هەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێ چەند فەلسەفەی شیکردنەوەیی سیحرێکی گەورەی لە ژیانی فەلسەفیی کۆلێجەکانی فەلسەفە لەم وڵاتانەدا هەیە، بگرە ئەوەشی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە

نەریتی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ، کە نەریتێکی فەلسەفیی فرانکۆفۆنی– ئەڵمانیاییە، تا بڵێی لەژێر لێوەوە باس دەکرێ و تا ڕادەیەک لە گەلێ قۆناغەکانی خوێندنی فەلسەفە ناوی بیریار و ئاراستە فەلسەفییەکانی ئەم جۆرە نەریتە فەلسەفییە هەر گۆش ناکرێ. ئەم فەرامۆشکردنەی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ، کە بیریارانی فرەنسیی نوێ بە پلەی یەک دەگرێتەوە، پێوەندیی بەزاڵبوونی ئەو نەریتە فەلسەفییەوە هەیە کە پێی دەوترێ فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئەنگلۆ– ئەمەریکایی. ئەم نەریتە فەلسەفییە شیکردنەوەییە لەم جۆرە زانکۆیانە تەنیا ناوی بیریارگەلێکی وەک: مۆر، ڤیتگنشتاین، ستراوسۆن، ئۆستین، کواین، فریجە، ڕاسل، داڤیدسۆن و، باقیی بیریارانی تری ئەنگلۆ– ئەمەریکایی بەتایبەت بیریارانی فەلسەفەی ئاگایی، فەلسەفەی زمان و لۆجیک هەروەها فەلسەفەی زانست باو دەکا.

ئێمە ئەم لایەنە دەکارین پتر ڕاڤە بکەین تا تێگەیشتن لە فۆرمێکی تر بخەینە بەردەست خوێنەری ئەم باسە. ئەمەش لەبەرئەوەی لەلایێ دەمانەوێ قسەکانمان بەڵگەدار کەین، کە ئەوە زۆر گرینگە و لەلایەکی تریش دەمانەوێ ئەو لایەنە تاریکە لە تێگەیشتنی هەوادارانی فەلسەفەی ڕۆئاوا لەناو خۆمان ڕۆشن بکەینەوە کە تا ئێستا دەستکاری نەکراوە. بۆ ئەو مەبەستەش دەڵێین: لە ولاتانی ئەسکەندەنافیا یان لە گەلێ لە ولاتانی جیهاندا ئەوەی کە نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی زاڵە ئەمە بەمەبەستەوە کراوە. واتە ئەو هەموو بایەخەی بە نەریتی فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئەنگلۆ– ئەمەریکایی دەدرێ ئەمە بە ئاگاییەوە دەکرێ. ئەمە و دیسانەوە فەرامۆشکردنی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ بەتایبەت فەلسەفەی نوێی فرەنساییش (فەلسەفەی بنەماخوازی، پاش بنەماخوازی، فەلسەفەی پاش تازەگەری، فەلسەفەی هەڵوەشانەوەگەری، فەلسەفەی فێمینیزم، فەلسەفەی هێرمینۆتیک و سێمیۆلۆجی) هەر بەئاگایی و مەبەستەوە کراوە. ڕەنگە هۆی سەرەکی لە پشت ئەم دیاردەیەوە ئەوە بێ کە ئێمە تەنیا لێرەدا دەتوانین ئەو حاڵەتە بەنموونە بهێنینەوە کە لە ساڵی ١٩٩٢دا بەسەر خودی دێریدا هات. کاتێ زانکۆی کامبرج بڕیاری دا خەڵاتی دوکتۆرای فەخر بە دێریدا بدا، پێدانەکەی ئەم خەڵاتە لەو زانکۆیە تەگەرەی هاتە پێش. ئەمەش لەبەرئەوەی گوایە کارەکانی دێریدا ڕێگە لە بەردەم پووچیدا دەکەنەوە، ئەڵبەتە نەدانەکەشی بە ئیمزای بەشێکی زۆر لە فەیلەسووفانی ئەو زانکۆیە (لەوانە کواین) بوو. نەک هەر ئەوە بگرە لەو جۆرە نێوەندە فەلسەفییانە، کە مۆڵگەی ڕاستەقینەی فەلسەفەی شیکردنەوەیین، بەگشتی بایەخێکی ئەوتۆ بە فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفە فرەنساییانەش نادرێ لەژێر کاریگەریی نیچەدا گەشە بە بیری فەلسەفیی خۆیان دەدەن. گەر لەم ڕووەشەوە ناوی بەشێک زۆر لە بیریارانی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵی فرەنسایی بە نموونە بهێنینەوە لەوانە: بارت، لیۆتار، بۆدریار، دولۆز، فوکۆ، دێریدا، لاکۆ–لابات، نانسی، کۆتارێ، لاکان، سیزۆ پێمان وا نییە هەموو ئەم بیریارانە بەسەر یەکەوە ٢٠ کتێبیان بە زمانی سوێدی هەبێ. بۆ نموونە دێریدا کە پتر لە ٧٠ کتێبی هەیە، ٥ کتێبی بە سوێدی هەیە و، ئەڵبەتە دوو لەو کتێبانەش ئەوانەن سەبارەت بە هوسرەل نووسراون. هۆی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەوەیەکی لاوی هوسرەلی لە سوێد لە هاتنە دنیایە، کە زۆربەیان تێزی دوکتۆرانامەکانیان لەسەر هوسرەل نووسیوە[٥٧]. ئەم حاڵەتە وامان لێ دەکا پرسیارێک لەم ڕووەوە

بکەین : باشـە کاتێک کەسێک لە شـوێنێکی وەک سوێد، خـەریکی توێژینەوەیەکی زانکۆیی بێ بۆ نموونە لەسـەر دێریدا یان فـەلسـەفـەی فرانکفۆنی پێش هەمـوو شـتێک چ کێشـەیـەکی دێتـە پێش؟ ئەڵبـەتە بـەرچاوترین کـێـشـە کـە دێتـە پێش ئەم کـەسـە ئەوەیە، کـەسی ناوبراو توێژینەوە لەسـەر جـەمسـەر یان نەریتێکی فـەلسـەفی دەکا کـە ئەوەندە باو و پۆپولێر نـییـە. پاشـان هـەر ئەم کەسـە دووچاری کێشـەیەکی سیستـەمـاتیکی تریش دەبێتـەوە، ئەوەش پێوەندیی بەزمـانەوە هـەیە. زمـانی سـوێدی کـە زمـانی دایکی ئەو توێژینەوەیە دەبێ زۆربەی سـەرچاوەکـانی ئەو توێژینەوەی مـەیسـەر ناکـا. جـا لـەم حـاڵەتەدا مـرۆڤ دەبێ هـەردەم زمـانی تر، زمـانی ئینگلیـزی بۆ نموونە بـزانـێ، ئەو زمـانەی کە لای سـەرەوەش وتمان زمـانی تەنیـا فەلسـەفـەی شـیکردنەوەیی نییە، بگرە زمـانی گشت ئەو ڕووناکـبیـرییـەشـە پێی دەوترێ ڕووناکـبیـریی ڕۆئاوا. ئـەمـە دوو کێشـەیەن کـە پتـر لەوانی تر شایانی باسکردنن، بەڵام کێشەی تریش هـەن کە ڕەنگە ئێرە شوێنی باسکردنیان نەبێ.

مایەوە لەم بەشەی ئەم نووسینەدا ئەوەش بخەینەوە یاد کە، هەڵەمان نەکرد پێشتر وتمان ئەوەی لەناو ئێمە هەبووە، فەلسەفە نەبووە و تا بشڵێی لە فەلسەفە جیا بووە. فەلسەفە لای ئێمە ئەگەرچی لاساییکردنەوەیەکی ڕاستەخۆی فـەلسـەفەی ڕۆئاوایە، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسـەر و ئەڤینداران فـەلسـەفەی ڕۆئاوا لەنـاو ئێمـە دەرکیـان بەو دابەشـبوونە نێودەوڵەتییـە نەکردووە کـە فەلسـەفـە تێی کەوتـووە و، زانیاریشـیان لەسـەر ئەوە نییـە فەلسـەفە لە ڕۆئاوا وەک دیسـپلینی ئەکادیمی دوو بـەشـە (فـەلسـەفـەی تیـۆری و فـەلسـەفـەی پراکتیکی) و ئەمـەش دوو جـەمسـەری فـەلسـەفیی (جـەمسـەری فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ و جەمسەری فەلسەفەی شیکردنەوەیی) لەم دوو سەدەیەی دوایی لە ڕۆئاوادا دروست کردووە و، تەنانەت هیـچ ئاگاییـیەکیش لەو ڕووەوە نییـە کە ئەم دوو فەلسـەفەیە (فەلسـەفەی کۆنتنێنتـال و فـەلسـەفەی شـیکردنەوەیی) دوو یـان سێ زمانی فـەلسـەفی ڕای گرتوون و ناکۆکی و ناتەباییـیەکی فیکریی زۆر لە نێوان ئەو دوو جەمسەرە فەلسەفییەشدا هەیە.

ئەوەی لای سـەرەوە وتمان وامـان لـێ دەکا پێ لەسـەر ئەوەش دابگرین کـە، لەناو ئێـمـە ناشـێ و گونجاو نییـە باس لە بوونی فـەلسـەفە، وەک زانینێکی ئەکـادیمی، بکرێ لە کـاتێکدا چەندان ژانری فـەلسـەفی جـارێ لە ناومـاندا نەناسـراون. ئێـمـە کـە لای سـەرەوە باسـمـان لـەو دابەشـبـوونە نێودەوڵەتییەی فـەلسـەفـە لە زانکۆکانی ڕۆئاوا بۆ فـەلسـەفەی تیۆری و فـەلسـەفـەی پراکتیکی کرد مەبەستمان لە خستنە ڕووی ئەو دابەشبوونە تەنیا دابەشبوونێکی ئیداری و بیرۆکراتییانەی بەشی فـەلسـەفـە لـە کـۆلێـجـەکـاندا نەبوو، بگرە ئەو دابـەشـبـوونە شـتی تریشی بەدەمـەوەیە، لـەوانە وردکـردنـەوەی پسـپـۆڕی و شـارەزاییـیەکان کـە ئەوەش بەپلەی یەک بـواری توێژینەوە لەخۆ دەگرێ. ئەمـە و مـەبەسـتمـان لەو خـستنەڕووە، ئەوەش بوو کـە، ئەم دابەشـبـوونە بووەتە هۆی دابەشـبوون و وردکـردنەوەی تر، کـە هـەر هـەمـووش دواتر بـوونە بە دەروازەیەک بۆ دابەشـکردنی کـێـشـەکـان کـە بەخۆی هەوڵدانێکە بۆ مسـۆگەرکردنی پسپۆڕی و شارەزایی لە گفتوگۆ و تیۆرییە فەلسەفییەکاندا. لای ئێمـە کە جارێ فـەلسـەفـە هـەر فەلسـەفـەیە نەیتوانیـوە بگا بەدابەشکردنی پسـپـۆڕی و شـارەزایی لە بواری فـەلسـەفـە، بەڵام زۆر بەباشی و لێـهـاتووانـە گـەییوە بە پلەی بچـووککردنەوەی گفـتوگۆ و تیـۆرییە فـەلسـەفییـەکان و سـەرقاڵکردنی فـەلسەفـە بە یەک دوو واتای فەلسـەفی یان ناوی یەک دوو

فەیلەسووفەوە. بۆیە ئەمەی لای ئێمە نە دەکرێ پێی بوترێ فەلسەفەکردن و نەش کارکردنە لەسەر وەدەستخستنی توێژینەوە لەسەر کێشە و گرفتە ڕۆژانەیییەکان و تا دەگاتە پرسیارە ئەبەدییەکانی فەلسەفە، بگرە ئەوە جۆرە ڕۆشنبیریکردنێکی ناسیستەماتیکی سەرپێییانەیە بەسەر تێڕامان و تێفکرینەوە. ئەم جۆرە فەلسەفەیەش نە دەتوانێ کردەیەکی فەلسەفی یان پرۆسەیەک لە فەلسەفەکردن بەرهەم بهێنێ و نەش هێزی ئەوەی هەیە دادوەری بەسەر بوون و نەبوونمانەوە بکا.

هەر سەبارەت بە باری ڕووناکبیریی فەلسەفیی لای خۆمان ئەوەش دەڵێین کە، بایەخێکی زۆر لەناو ئێمە بە کەلەپووری فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ دەدرێ بەبێ ئەوەی تێکستەکانی ئەو بیریارانە وەرگێردرابێتنە سەر زمانی کوردی یان ئەو زمانانەی هەوادارانی فەلسەفە لەناو ئێمە دەیزانن. هەروەها فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ لەناو ئێمە کە زۆر باوە بەڵام ئەو ئاگایە لەناو ئێمەدا باو نەبووە ئەوەی باوە فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵە. پاشان فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ، کە پێشتریش ڕوونمان کردەوە، نە تەنیا لە فەلسەفەیی کۆنتنێنتاڵی فرەنسایی برێتییە و نەش لەو نەختە تێکست و واتایانەی بینەقاقای فیکریی فەلسەفیی لای ئێمەیان گرتووە. هەر لەم ڕووەوە پێمان باشە دەست بۆ ئەو لایەنەش ڕاکێشین کە، لە درێژەی ئەو تەعەدایەشدا لەناو ئێمە لە فەلسەفە کراوە، ئەوە دروست بووە کە نەک هەر هەست بەهیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو دوو بەشەی فەلسەفەدا نەکراوە، بگرە دەرک بەوەش نەکراوە کە هەریەک لەو دوو بەشە بیریار و فەیلەسووفی خۆیانیان هەیە و، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بیرکردنەوەی فەلسەفی لە بەشی یەکەمەوە بۆ بەشی دووەم بە ڕێباز و ڕێڕەوی جیادا دەڕوا.

ئێمە لای سەرەوە ئاماژەمان بۆ ئەوەش کرد نووسەر و هەوادارنی فەلسەفە لەناو ئێمە زۆر لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ و ئاراستە و شەپۆلە فەلسەفییەکانی ئەم فەلسەفەیەدان، بەڵام نووسەر و هەوادارانی فەلسەفە لەناو ئێمە هەرگیز لەوە بە ئاگا نین ئەوەی ئەوان کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەوە فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵە. هۆی ئەمەش تەنیا بۆ ئەو وەرگێڕاوانە دەگەڕێتەوە کەوتوونەتە بەردەستیان. ئەڵبەتە یەک لەو هۆیانەش ئەوەیە کە لە جیهانی عەرەبی بەزۆری ڕۆشنبیری فرانکفۆنی (فرەنسی زمان) و ئەڵمانیایی باوە و، ئاشکرایشە ئەم دوو گرووپی زمانە سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ فەلسەفەی کۆنتنێنتال. دووەمیان (واتە ئەڵمانیایی) وەک ڕیشەی ئەو فەلسەفەیە و ئەوەی یەکەمیش (فرەنسایی) وەک هەنگاوێک بۆ گەشەدان بەو ڕیشەیە. تەنانەت ئەم نەریتە لەناو نووسەرانی فارسیشدا باوە. بەڵام ئەوەی نووسەرانی فارس لە نووسەرانی عەرەب جیا دەکاتەوە سێ شتە: یەکەمیان ڕۆشنبیریی عەرەبی زۆر بە ڕۆشنبیریی فرەنسایییەوە وابەستەیە و تەنانەت کاری نووسەرە ئەڵمانیایی و ئەنگلۆ – ئەمەریکایییەکانیش هەر لە فرەنسایییەوە وەردەگێڕن. بەڵام هۆی دووەم ئەوەیە کە ڕۆشنبیریی فارسی زۆرتر لە ڕۆشنبیریی عەرەبی بە نەریتی فەلسەفەی عیرفانییەوە گرێ دراوە کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر نووسەرانی فارسەوە لە گشت بوارەکاندا جێ هێشتووە. هەرچی هۆی سێیەمە، ئەوەیە کە ڕۆشنبیری فارس کەمتر گیرۆدەی ئەو کۆنفلێکتە سیاسییە بووە پێی دەڵێین کێشەی عەرەبی– ئیسرائیلی، کە ئەم لایەنە زۆرجار وای کردووە نووسەرانی عەرەبی بایەخ بە کار و بەرهەمی ئەو بیریار و ڕووناکبیرە

ڕۆئاواییه فرەنسایی و ئەڵمانیایی و یان ئەنگلۆ – ئەمەریکییانە نەدەن کە جوون (یەهوودین). بۆیە نووسەر و هەوادارانی کورد کە سالانێکی زۆر لەژێر کاریگەریی ڕۆشنبیریی عەرەبی بوونە باجی ئەو جیاوازییانەیان بە باشی داوە. ئەمە نەک هەر سەبارەت بە شتە فیکرییەکان تەنانەت لە بواری ئەدەب و بەتایبەت شیعریشدا ئەو جیاوازییە کاریگەری خۆی داناوە. بۆ نموونە ئەدیب و شاعیرانی کورد نەوەی ١٩٧٠کان زۆرتر لەژێر کاریگەری ئەزموونی شیعر نووسین و ئەدەبی لبنانی بەپلەی یەک و عێراقی– میسری بەپلەی دوو بوونە. بەڵام نەوەی پاش ئەمان (نەوەی ١٩٨٠کان) بەزۆری لەژێر کاریگەری ئەزموونی شیعری و ئەدەبیی فارسی (نیما، سوهراب، شاملوو)دا بوونە، کە هەندێکی پێش چوونە هەندەران و هەندێکی تری لە کاتی بەرەو چوونە هەندەران بەڕێگەی ئێران خۆیان فێری فارسی کردووە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەزموونی شیعری و ئەدەبی فارسییەوە، ئەو ئەزموونەی، هەروەک لای سەرەوەش ئاماژەمان پێ کرد، جۆرە ئەزموونێکی سۆفیگەرای لاهوتییە (زوهدی و عیرفانی) و لە ئەزموونی بۆ نموونە کەسانێکی وەک بەدر شاکر ئەلسەیاب، نازیک ئەلملائیکە، عەبدولوەهاب بەیاتی، ئەدۆنیس، ئەنسی حاج و کەسانێکی تر جودایە. بۆیەشە ئەو دوو جۆرە ئەزموونە ئەدەبییە (واتە ئەوەی ١٩٧٠کان و ئەوەی پاش ١٩٨٠کان) لێک ناچن. دواتر نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە ئەو دوو نەوەیە وەک یەک لەژێر کاریگەریی ئەدەبی عەرەبیدا نەبوونە. مەبەستمان نەوەی یەکەم (نەوەی ١٩٧٠) لەژێر کاریگەریی شیعری تازەی عەرەبیدا بووە، کە ئەویش بەخۆی لەژێر کاریگەریی شیعری فرەنسایی بەتایبەت سێکوچکەکەی شیعری فرەنساییدا (بۆدلێر، مالارمێ، ڕامبۆ) بووە، هەرچی نەوەی دووەمە بەزۆری و ڕاستەخۆ کەوتووەتە ژێر کاریگەری زەبری ئەو شیعرگەراییە زوهدییەی لە شیعری ئێرانیدا بەرجەستەیە، کە زۆر لە بانگەشە فەلسەفییەکانی نیچە دەچێ، کە بیریارێکی پایەداری ناو جەمسەری فەلسەفەی کۆنتنێنتالە. بەڵام ناڕاستەوخۆ کەوتووەتە ژێر کاریگەریی هەندێ لە ئەزموونی شیعریی تراکل، ڕێلکە و هۆلدرلین ئەڵبەتە فەلسەفەی زوهدی کێرکجاردیش.

دوای ئەو نەختە قسەکردنەمان لەسەر کاریگەریی ڕۆشنبیرییەکان بەسەر سیستەمی نووسین و بیرکردنەوەی ئێمەدا دەمانەوێ بگەڕێینەوە سەر دیاردەیەکی تر ئەوەش مەسەلەی پێوەندیی نێوان فەلسەفە و ئەدەبە کە بەرهەمی فەیلەسووفانی کۆنتنێنتاڵە تا شیکردنەوەیی، بەڵام سەیرە لای ئێمە کە هیچ زانیارییەک لەسەر فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵ نییە کەچی پێوەندیی نێوان فەلسەفە و ئەدەب لە لووتکەدایە. ئێمە دەتوانین ئەم لایەنە بەجۆرێکی تر ڕوون بکەینەوە ئەویش ئەوەیە، ئەو فەلسەفەیەی لای ئێمە باو بووە فەلسەفەیەکی عیرفانی بووە کە بنیاتی ئەم فەلسەفەیە تا ڕادەیەکی زۆر ئەدەبییە و، بۆیە باشترین شاعیری ئێمە، پێش ئەوەی ئەدیب بێ، دەکرێ وەک فەیلەسووفێکی عیرفان تەماشا بکرێ، لەوانە : نالی، مەحوی. بۆیە دواتر کە ژانری ئەدەبی تەنانەت ڕەخنەی ئەدەبیش، هاتووەتە دنیا خەسڵەتەکانی ئەو فەلسەفە عیرفانییەی هەر بەسەرەوە ماوە. بۆیە زۆربەی ڕەخنە ئەدەبییەکانیشمان تا ئێستا هەر لە چوارچێوەیەکی زمانەوانیی شیعرگەرایی شێوە تیۆلۆجی دەنووسرێن. ئەم لایەنە کاریگەریی بەسەر نووسینە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانیشمانەوە بەجێ هێشتووە. ئەوەتا باشترین سیاسی وەک تیۆلۆگ دەپەیڤێ. یان باشترین تێکستی ڕەخنەیی

فۆرمێکی شیعرگەراییی زوهدیی هەیە.

ئەم لایەنە واتە پێوەندیی فەلسەفە بە ئەدەبەوە کە پتر بەرهەمی فەیلەسووفانی فەلسەفەی کۆنتنێنتالە و لە یەکێ لە پەرەگرافەکانی لای سەرەوەدا، بەشێوەیەکی سەرپێیی قسەمان لەسەر کرد، گەلێ ئاراستەی لێ بووەتەوە و زۆرترینی ئەمانەن: هەڵوەشانەوەگەریی فرەنسایی (دێریدا)، هەڵوەشانەوەگەریی ئەمەریکایی (دۆمان)، پاش بنەماخوازیی فرەنسایی (فوکۆ)، فینۆمینۆلۆجی ئەڵمانیایی (هایدگەر). ئەڵبەتە ئەو پێوەندییەش کە لە نێوان فەلسەفە و ئەدەبدایە کە لەناو فەلسەفەی کۆنتنێنتاڵدا بەهێزە باسێکی تریش دێنێتە پێشەوە کە ئەوەش بابەتی پێوەندیی نێوان زمان و فەلسەفەیە، کە لە ژێر سایەی فەیلەسووفانی کۆنتنێنتاڵدا ڕەوتێکی تری وەرگرتووە، ئەمە ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر پێوەندیی نێوان زمان و ئەدەبیش بەجێ هێشتووە کە فەلسەفەی شیکردنەوەیی ئەنگلۆ- ئەمەریکایی بەو شێوەیە ناڕوانێتە پێوەندیی نێوان زمان و ئەدەب.

هەر لێرە گرینگە باس لەوەش بکەین، بەشێک لە فەیلەسووفانی کۆنتنێنتاڵ بایەخ بە هونەر دەدەن (ئەدەبی هونەر) و بۆ ئەوەش دەچن کە کاری (ئەرکی) هونەر پاڕادریمە بۆ فەلسەفە. هەڵەش ناکەین بڵێین فەیلەسووفانی کۆنتنێنتاڵ ڕاستەوخۆ کاریان لەسەر زمان، شیعرگەرایی و ئەدەب کردووە و لەم ڕووەوەشەوە نموونە زۆرە: بۆ نموونە کارکردنەکانی هایدگەر لەسەر هۆلدرلین. بەخۆی هایدگەر نموونەیەکی گەورەیە لەسەر مەسەلەی فەلسەفییانە بیرکردنەوە لەمەڕ هونەر کە دواتر ئەم بایەخە گەلێ لە بیریارانی تری کۆنتنێنتاڵی گرتەوە لەوانە دێریدا. دێریدا لە پاڵ کارە فەلسەفییەکانیدا گەلێک تێکستی لەسەر شیعرەکانی سیلان یان مالارمێ، شانۆکانی ئارتۆ یاخۆ تێکستەکانی ژان ژینێ و جویس نووسیوە. ئەمەش دەرگەی لە گەلێک لە ڕووناکبیرانی تری کۆنتنێنتاڵ کردووەتەوە. یان نووسینەکانی ئەدرنۆ لەسەر موزیک، تەنانەت کولتووریش هەروەها قسەکانی دولۆز لەسەر سینەما یان بۆدریار و سینەما یاخۆ وێنە (فۆتۆ) و... نموونەی تریش.

٥- پانیک (شڵەژان)ی فەلسەفە بێ کۆتاییە:

پێویستمان بەو پێنووسە فەلسەفییانەیە بکارین لەبەریاندا بهزرێنین

دوا وتنی ئێمە لەم نووسینە، کە بە قسەکردن لەسەر بێ شوێنیی شوێنی فەلسەفە لە کۆمەڵگەی تازەی کوردیدا تایبەت بوو، بۆ باسکردنی داهاتووی فەلسەفە تەرخان دەکرێ. ڕاڕابوونی ئێمە لەم ڕووەوە پێوەندیی بەو ئاقارانەوە هەیە، فەلسەفەی سەدەی بیست تێی کەوت. چونکە فەلسەفە لە سەدەی بیستدا بە گەلێ هەڵە برا و گەلێک پانیک (شلەژان)ی ئێکستریمیشی بەخۆوە دی. ڕاستە فەلسەفە بێ پانیک ناژی و پانیکی فەلسەفە ئەبەدییە بەڵام بەشێک لەو پانیکانەی لە سەدەی بیستدا بەسەر فەلسەفەدا هاتن کەمی مابوو فەلسەفە مەحف بکەنەوە. فەلسەفەی سەدەی بیست کە لە هەندێ جەمسەرەوە موحاسەبەکردنی مێژووی فەلسەفەی، ئەڵبەتە فەلسەفەی ڕۆئاوای، لە ئەستۆ گرت گەلێ سنووری تێ پەڕاند و فەلسەفەی تا ئەندازەیەکی زۆر شەکەت کرد. بەڵام لەبەرئەوەی فەلسەفە مێژوویەک دێرین و قووڵ و پتەوی هەیە نەکرا ئاوا بەئاسانی فەلسەفە سەربنێتەوە.

بۆیە بێ مانای ناکەین بڵێین فەلسەفە لە ساتەوەختی ئێستادا بەهۆی ئەو خورپانەی لە سەدەی

پێشـوودا تێـیـدا ژیاوە لە دۆزێکدایە پێـویسـتی بە هاریکارییـە، هاریکاری بۆ ئەوەی جارێکی تر هەسـتـێـتـەوە سـەرپێی خـۆی و بەردەوام بـێ. هەر لەم ڕووەشـەوە سـەیرکردنێکی لە بـادیوەوە قـەرز دەکەین، کە پێی وایە "جیـهان زۆرتر لەوەی فـەلسـەفی بیری لێ دەکاتەوە پێویسـتی بە فـەلسـەفـەیە. فـەلسـەفە نـەخۆشـە، دەکرێ تیمـار بکرێ، بەڵام جیـهـان (نە خـوا و نەش پێغـەمبـەر بەڵکو جیـهـان) دەتوانێ بە فـەلسـەفـە بڵێ هەسـتـە سـەرپێ و برۆ"[٥٨]. ئەم شـێـوازە لە دیالۆگ لەتەک فـەلسـەفـە لە ئێستادا پێویستییەکی ڕاستەقینەی فەلسەفەیە و بەری ئەندێشەی ئەو جۆرە کەسـانەشـە ئومێدیان بە فـەلسـەفـەیە. ئەڵبـەتە هیـوا خسـتنـە سـەر فەلسـەفەش هـیـوادانە بەدۆزینەوەی وەڵام بۆ پرسـیـارە ئەبەدییەکان، کە قەد لە کۆڵی بوونەوەر نابنەوە.

لەوە زۆرتر بدوێین دەڵێین بـۆ لەمەولا دەست لە ملکردنی فـەلسـەفە یەکجار گرینگ و پێویسـتـە و شـارسـتـانیی تازە ناکـارێ پشـتی لێ بکا. هزری فـەلسـەفی، یاخـۆ هزری فـەیلەسـووفـان، کـە کەوتووەتەوە بازاڕەوە و لە ئاڵوگۆڕی و وەبەرهێنانێکی زۆردایە، وەک هەمـوو شـمـەکێکی تر نرخی خـۆی هـەیە. بەڵام ئەمـە چارەنووسـی نە فـەلسـەفـە دیاری دەکـا و نـەش داهاتووی فـەلسـەفـە لە پووکـانەوە یان ئـاوابوون دەپارێزێ. چونکە بەقـەوڵی فـەیلەسـووفی فـرەنسـایی پۆل ڤـیـرلیـو (فـەیلەسووفـی خێرایی) «بازاڕ هەر بازاڕە و شـارستـانی لەسـەر بناغـەی بازاڕ دروست نابێ»[٥٩]. فـەلسـەفـەش کـە شـارسـتـانیی دروسـتکەرە، لە ئاڵوگـۆڕی بـازاڕدا زەرەری لێ دەکـەوێ و ئەوەی فەلسـەفە لەم زەرەرە دوور دەخـاتەوە، فەیلەسـووفە بەپلەی یەک و بەکاربەرانی هزری فەیلەسـووفانە بە پلەی دوو.

هـەر بۆیـە بۆ ئەوانەی لە فـەلسـەفـە پسـپـۆڕن و ئەوانـەش کـە هەواداری فـەلسـەفـەن ئەوە ڕوونە فـەلسـەفـە لە هەنووکـە زیاتر لـە گشـت سـاتێکی تر، پێـویسـتی بـە بەردەوامـبـوون و هـاتنە گـۆیە. هەنووکـەی ئێـمـەی مـرۆڤ، ئەگـەرچی زۆرجـار بـەو هەنووکـەیە قـایل نین، پێـویسـتـە تـا ئەوپەڕی فـەلسـەفـەی بەسـەرەوە بکرێ. بەڵام هەنـووکـەی ئێمـەی مـرۆڤ تەنیـا پێـویسـتی بەو پێنووسـە فەلسەفییانەیە کە دەکارین لە بەریاندا بهزرێنین. ئەڵبەتە بهزرێنین بەبێ ترس و دوور لە دارمـان. چونکە پێنووسـە فـەلسـەفـیـیـەکـان ناهاوشـێوە و جـۆراوجـۆرن و ئەمـەش چەند باشـە ئەوەندەش مەترسیدارە. چونکە هەر پێنووسە و بەشێوازی خۆی ئارگومێنت (بەڵگە) بۆ دیتن و ڕاڤەکردنەکانی خـۆی دێنێتـەوە. سەدەی پێشووش لە گەلێ ڕووەوە ئەوە دەسـەلمێنێ. لە سەدەی پێشـوودا کـە بووین بەخاوەنی چەندان واتا و شەپۆل و دیتنی فەلسەفی کە دەکرا هەرگیز پێیان ئاشنا نەباینایە.

کـەواتە شـتـێکی گـومـان لێنەکراوە ڕاڕابوون لـەبارەی داهاتووی فـەلسـەفـەوە ڕاڕابوونە لەسـەر ئەوەی چۆن بۆ لەمـەولا فـەلسـەفە بکارێ کار بکا و بتوانێ پرسـیـارە ئیـتیکی و میـتـافـیـزیکییـەکان بەشـێوەیێ بەرز کاتەوە پێویسـتییە هزرییـەکانمان پڕ بکەنەوە. چونکـە کردەی فەلسـەفەکردن یاری نیـیـە و کـردەیەکی یـەکجـار مرۆیی هەسـتـیـار و تایبـەتە. ئەم کـردەیە کە دەسـتکاریی پرسـیـارە بنەڕەتییـەکـانی ژیـان دەکـا بەهەڵە بەکـاربردنی ڕەفـتـار و جـووڵەکـانمان دەشـێـوێنێ. ڕەفـتـار و جووڵەکانمان کە بـەشێکی ئـاینی و هونەری و یان کولتوورین، بەشـەکەی تری سـیاسـی و ئیتنی و دەروونیشن.

بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەوەی لای سەرەوە وترا، ئەوەش دەڵێین کە فەلسەفەکردن لە ئێستادا، لەم چاخە ئاڵۆزە بەدیجیتالیزەکراوەدا، کارێکی یەکجار دژوار و ناسانایە. هەموو ئەو بیرمەندانەش بەناوی فەلسەفەکردنەوە کاغەز ڕەش دەکەنەوە لەوە حاڵین، ئێمەی مرۆڤ لە زەمەنێکدا فەلسەفە دەکەین فەلسەفە باس لەسەرە مەرگی خۆی دەکا. بێگومان مەجبوورکردنی فەلسەفە بەوەی خۆی قسە لەسەر کۆتای خۆی بکا ئەمە تراجیدیایە، هیچ نەبێ بۆ ئەو هەموو تەمەنەی فەلسەفە بەشکۆداری بەسەری بردووە. هەر لەبەر ئەوە تەماشاکردن بۆ فەلسەفە وەک بکەرێکی گرینگی داهاتوو، مانادان بە ڕۆڵی لە ژیاندا، هیوایەکی گەورە دەتوانێ بۆ لەمەولا بەبەر فەلسەفەدا بکا. فەلسەفە کە لە هەبوونییەوە، بەدرێژاییی مێژووی کاری ئەوە بوو بایەخ بەوە بدا کە بوونە ناشێ بەئاسانی دەستبەرداری بین. بەدڵنیاییشەوە دەست لە فەلسەفە بەرنەدان دەشێ گەلێ فۆرم وەربگرێ. یەک لەوانە گرینگی پێدانە بە مەسەلەی داهاتووی فەلسەفە. ئەم مەسەلەیە پرسیار و ڕاڕایێکی زۆر دێنێتە پێشەوە کە هەر هەمووشی قسەکردنە لەسەر چارەنووسی فەلسەفە.

با ئەوەش بڵێین کە، چارەنووسی فەلسەفە لەلایەک بەوەوە گرێ دراوە، چۆن ڕەفتار لە تەک فەلسەفەدا دەکرێ و لەلایەکی تر چۆن جێیەکی ئەمین بۆ فەلسەفە، وەک دیسپلینێکی ئەکادیمی، لەناو زانستەکاندا دابین دەکرێ و چۆنیش پێوەندیی فەلسەفە بەم زانستانەوە، لەلایەک بەزانستە تەجریبییەکانەوە و، لەلایەکی تر بە زانستە مرۆییەکانەوە (و زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش) ڕێک دەخرێ. کەواتە بۆ لەمەولا شوێنی فەلسەفە وەک بوارێکی ئەکادیمی و لە حاڵەتی باس لە چارەنووسی فەلسەفەدا باسێکی گرینگە. چونکە فەرامۆشکردنی لەلایەک جێی فەلسەفە و لەلایەکی تر پێوەندییەکانی فەلسەفە زیان بە داهاتووی فەلسەفە دەگەیەنێ. ئەڵبەتە بۆ ئەوەی فەلسەفە وەک دیسپلینێکی ئەکادیمیی پارێزراو و سەرسەلامەت بێ، گرینگە لە پێوەندییەکانی بە زانستەکانی ترەوە، جا ئەوە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بێ یان زانستە تەجریبییەکان، پلاتفۆرمی خۆی ون نەکا و سەربەخۆش بێ. بەم جۆرە، فەلسەفە کە وای لێ دێ، کە دەبێ بە شتێکی ئەکادیمی، لەم حاڵەتەدا فەلسەفە شتێکی پوختی ئەبستراکت و دابڕاو نییە لە کۆمەڵگە بگرە چالاکییەکی مرۆییی هاوبەشە. هەروەک وتیشمان، بەشداربوونی فەلسەفە لە بەرزکردنەوەی پرسیارە مرۆییە هەستیارەکان بەشێک لە پانیکی فەلسەفە کەم دەکاتەوە و وەکی تریش لە بوونی خۆمان نزیکمان دەکاتەوە.

پانیکی فەلسەفە بەشێکە لە ناسنامەی فەلسەفە. ئەم پانیکە کە لە تەک فەلسەفە بۆ هەموو کات دەژی فەلسەفە دەخاتە سەر سکەی پرسیار دروستکردن. پێوەستبوونی فەلسەفەش بە پرسیارکردنەوە ئاسۆی فەلسەفەکردن بەرین دەکا. کەواتە قسە لەسەر داهاتووی فەلسەفە لە هیچەوە دروست نابێ گەر ئامانج لە فەلسەفەکردن هێنانە کایەوەی پرسیار بێ. هەروەها خۆڕاهێنانی بەردەوامی فەلسەفە لەسەر پرسیار دروستکردن و، لێپرسینەوە لە ئەسڵی شتەکان و گەڕان بەدووی بنج و بنەوانی ئەوەی فەلسەفە لێی ناگا و یان لێی بەگومانە، تەمەنی کردەی فەلسەفەکردن یەکجار درێژ دەکا. ئەوانەش کە پێیان وایە داهاتووی فەلسەفە لە ڕێگەی پرسیار خوڵقاندنەوە گفتوگۆی بەپیت دەخاتەوە لەوە دڵنیان خودی کردەی فەلسەفیش لە میانەی پرۆسەی

پرسیار خوڵقانەوە هەست بەجۆرە هێمنی و ناشڵەژانێک دەکا.. واتە ئەو دەمەی فەلسەفە لەبارەی داهاتووی خۆیەوە دێتە وتن فەلسەفە لە گشت کاتێک زیاتر هەست بەبوونی خۆی دەکا. بەڵام بۆ ئەوەی فەلسەفە بتوانێ شتێکی باش بەدەستەوە بدا، پێویستی بەوەیە ئەوانە هزرەڤانی بەسەرەوە بکەن کە ڕەنجی فەلسەفە، مێژووەکەی، بەهەدەر نادەن. لەم قسەیەی ئێمەدا تەنیا مەیل بۆ گەڕانەوە بۆ مێژووی فەلسەفە ئامانج نییە، کە بەخۆی پشتکردن لەو مێژووە ئاستەنگییەک دروست دەکا، بگرە ئەوەش ئامانجە کە دابینکردنی داهاتوو بۆ فەلسەفە خوێندنەوەی ئەو مێژووە ئیجبار دەکا فەلسەفە چەندان سەدەیە بەدووی خۆیدا پەلکێشی دەکا.

وەلێ ئەوەی پێوەندیی بەپانیکی فەلسەفەوە هەیە لە نێوەندی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیی کوردیدا بابەتی باس نییە، چونکە خودی فەلسەفە لەم دوو نێوەندە بێ جێیە. ئەوەی پێوەندیی بەتاکی کورد و فەلسەفەوە هەیە، ئەوەیە تاکی کورد پێوەندیی خۆی لە تەک فەلسەفەدا دیاری نەکردووە. ئەڵبەتە لێرە کێشەکان جۆراوجۆرن. ئێمە لێرە تەنیا بەشێک لەو کێشانە و ئەوانەش بەسەر دەکەینەوە لای سەرەوە باس نەکران. بۆ ئەوەی ئەوانە نەجوین لای سەرەوە گفتوگۆمان کردن، باس لە گرفتێکی تر دەکەین کە جەمسەرێکی تری ئەو ڕاڕاییەی ئێمە نیشان دەدا کە تایبەت بە کردەی فەلسەفەکردن لە کۆمەڵگەی ئێستای کوردستان لامان دروست بووە:

* نەوەی تازە لە نێوەندی ئەکادیمی و نێوەندی ڕۆشنبیرییش لە کوردستان تا ئێستا ڕوون نییە ئەگەر توانیبێتی شتێک بنێتە سەر مێژووی فەلسەفە، بەتایبەت و سەر ئەوەش کە پێی دەڵێن زانست بەگشتی. ئێمە کە، بەهۆی بەهەڵە بەکاربردنی میراتی فەلسەفەوە (ئەڵبەتە ئەم میراتە زۆر ڕۆئاوایی خۆی نیشان دەدا) بەدەستی خۆمان خۆمان خستووەتە دەرەوەی ئەم مێژووەوە لە مەترسیی ئەم ڕەفتارەمان ناگەین. ئێمە کە ڕۆژانە کاغەز ڕەش دەکەینەوە و وا دەزانین هزرەڤانی دەکەین زیانێکی زۆرمان لە هزرەڤانی داوە. هیچ نەبێ بەوەی کە بەشداریمان لە هزریاریدا نییە. ڕاستە بۆ بیرمەندانی ڕۆئاوا هەردەم گرینگ بووە بپرسن ناهزری لە هزری بیریاراندا چییە؟[٦٠] بەڵام ئەو ناهزرییە کەم تا زۆر بەشێک بووە لە چارەنووسی ڕابردووی هزری فەلسەفی. وەلێ با بیرمان نەچێ گشت مێژووی فەلسەفەی ڕۆئاوا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە تەقەلای فەلسەفە بۆ تێگەیشتن بووە لە هزر، لەوەی هزر چییە؟ نەک شتێکی تر. بۆیە لە ئێستادا و لەم دۆزە زیاد لە پێویست هاوچەرخە جیهانییەی ئێمە تێیدا دەژین گرینگە لە خۆمان بپرسین. چیمان خستووەتە سەر خەرمانی هزری مرۆڤایەتییەوە؟ وەڵامی ئێمە لێرە ئەوە نییە کە قەبارەی ئەو بەشداربوون و یاخۆ نەبوونە دەستنیشان بکەین بگرە ئێمە ئەوە وەبیر خوێنەری ئەم چەند دێرە دەخەینەوە کە ئێمە ئەو هزرەش کە مرۆڤایەتی خستوویەتە بەردەستمان بەهەڵە بەکاری دەبەین، ئەمە و زۆر جار درەنگ بەکاریشی دەبەین و لە شوێنی خۆیدا کەڵکی لێ وەرناگرین.

* هزری فەلسەفیی ئەکادیمی گەر لای ئێمە بکەوێتە گەڕ، ناشێ فێڵی لێ بکرێ و پسپۆڕان لە فەلسەفە مەرجە بەو فێڵکردنە قایل نەبن. مەبەستمان نابێ ئەم پۆلە ئەکادیمییە، کە لە هەمان

کاتدا پۆلێکی ڕووناکبیریشە، بخرێتە دەست ناپسپۆڕ لە فەلسەفە و ناماقوولیشە کەمتر لە دوکتۆرا وانەی فەلسەفی بلێتەوە. چونکە شیاوی تەنیا دەبێ بخرێتە بەردەست ئەو کەسانەی لە ڕووی ئەکادیمییەوە بۆ ئەم پۆلە ئەکادیمییە دڵسۆزن. دڵسۆزی لێرە پێوەندیی بە شارەزایی و لێهاتووییەوەیە نەک شتی ناسیۆنالی. واتە دڵسۆزی بۆ کورد، بۆ ڕووناکبیریی کوردی نابێ ببێتە هۆکاری ئەوەی دێپارتەمێنتی فەلسەفە بە کۆلکەنووسەر و یان هەڵگرانی ماستەر لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان پڕ بکرێتەوە.

هەڵەش ناکەین بڵێین نێوەندی ئەکادیمیی کوردی لەم ڕووەوە، سەبارەت بە وانە وتنەوەی هەڵگرانی ماستەر لە کوردستان، دەبێ بەخۆیدا بچێتەوە. کێشەکەی نێوەندی ئەکادیمی هەر ئەوە نییە کە هەڵگرانی ماستەر وانە دەڵێنەوە بگرە زۆرە و یەک لەوانە ئەوەیە کە هەڵگرانی ماستەر هەر جارە و لە بەش (دێپارتمێنت) وانە دەڵێنەوە. ئەمە و جگە لەو مۆدە یان نەریتە زۆر پاشکەوتووە ئەکادیمییەی عەشرە ئەوایل لە زانکۆ دەبێ بە موحازیر. واتە ئەوانەی دوا ساڵی خوێندنی بەکالۆریۆس بە یەک لە دە زیرەکەکان دەژمێردرێن بۆیان هەیە لە ماستەر وەرگیرێن و وانەش بڵێنەوە یان بەبێ بوون بە قوتابی لە بەشی ماستەریش هەر موحازر بن. ئەمە کە لە گەندەڵی قووڵترە و نەریتێکی ئەکادیمیی زیاد لە پێویست بێ کەڵکیشە پێویستە قەڵاچۆ بکرێ. ئەڵبەتە زۆر جار ئەم نەریتە ڕەنگە پێوەندیی بەوەشەوە بێ کە لەبەرئەوەی لای ئێمە دروستکردنی زانکۆ و کۆلێج و بەش ئەوەندە ئاسان بووە، ئەمە داوای ئەوەش دەکا هۆڵەکانی ئەو زانکۆ و کۆلێج و بەشە نوێیانە بەزووترین کات بە قوتابی و مامۆستا پڕ بکرێنەوە.

نەریتی وانە وتنەوە ئێستا لە زانکۆکانی کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە. هەر بۆ نموونە لە زانکۆیەکی وەک ستۆکهۆڵمدا باوەڕ ناکەین ٥ هەڵگری ماستەرنامە تێیدا وانە بڵێنەوە. بەپێچەوانەوە دۆزی ئەکادیمی کە لەگەڵ بازاڕی گلوبالدا یەکی گرتووەتەوە ئەمە مانای بۆ بێکارکردنی ئەکادیمیستێک زۆر دیوە. بێکاری لە وڵاتانی هاوچەرخی ڕۆئاوا لە ڕیزی ئەکادیمیستە پسپۆڕەکان و بەتایبەت لە بواری زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا (کۆمەڵناسی، ئەدەب، مێژوو، کولتووروۆلۆجی و... هتد) بێ ئەندازە لە تەشەنەسەندندایە. گەلێ لەوانەی بەتازەگی دوکتۆرایان لە باشترین بەشی زانستە مرۆییەکاندا تەواو کردووە و چاکترین تێزی ئەکادیمیشیان لەو بارەیەوە نووسیوە و بگرە بەلانی کەمەوە سێ زمانی بێگانەش بە باشی دەزانن، بێکارن یان لەبەر بێکاری هەوڵ دەدەن لە سەنتەرە کولتووری و توێژینەوەکاندا کار بکەن کە زۆر جار کارەکانیان لە پسپۆڕی و لێهاتوویەتیشیانەوە نزیک نییە. بەڵام لای ئێمە و لە ئێستادا لە کوردستان، کە لە نووسینێکی تایبەتی لەم کتێبەدا باسمان لێوە کردووە (بڕوانە نووسینی گەندەڵیی هزری و ئەکادیمی: گەندەڵی وای کردووە بێهزری ببێ بە کۆلەکەی هزر ) نێوەندی ئەکادیمی هێندە گەندەڵ بووە ئەمە وای کردووە نێوەندی ئەکادیمی ببێ بە بەهەشتێک بۆ ئەو ئەکادیمیستە کوردانەی لەسەر گەندەڵیی ئەکادیمی مشەخۆرن. ئەو گەندەڵییە ئەکادیمییەی لە کوردستانی ئەمڕۆدا هەیە پلێتێکە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ بگەنە بەهەشت. چونکە ئەکادیمیستی گەندەڵی ئەوتۆ لە کوردستان لە نێوەندی ئەکادیمی خۆی شاردووەتەوە لە هیچ

دۆزەخێکی جیهاندا ئەو شوێنەی دەست ناکەوێ.

* پێویستە لە کۆمەڵگەی ئێستای کوردیدا فەلسەفە تا زووە هەڵسێتە سەرپێ و خۆی وەگەڕ بنێ. ئەم وەگەڕنانەی فەلسەفە بەو مانایە نایە کە دەبێ بەزووترین کات کۆلێجی فەلسەفە دروست بکرێ. چونکە گەر ئەوە بکرێ ئەوا ئەوەی تا دوێنێ کۆمەڵناسی و ئەدەب و هونەری دەوتەوە ئەمجار دێ و فەلسەفەیەکی پوختیش دەڵێتەوە و ئەمەش گەورەترین دەگە لە دیسپلینی فەلسەفە دەدا و فەلسەفە وا دەنەخشێنێ لەناو خەڵک کە هەموو دەتوانین فەلسەفە بکەین. کەواتە جیاوازی لە نێوان پسپۆڕییەکاندا نامێنێ. لەوە گرینگتر ترسی ئێمە لەو کەسانە هەر ئەمە نییە بگرە ترسی گەورەی ئێمە لەو کەسانە ئەوەیە ئەو کەسانە کە بێ ئەزموونن و ڕاستەوخۆ لە فەلسەفە پسپۆڕ نین ناتوانن فەلسەفە وا لێ بکەن هزر بەرهەم بهێنێ. کەواتە بۆ ئەوەی فەلسەفە گەندەڵ نەبێ پێویستە لە دەست ئەم جۆرە کەسە ناپسپۆڕانە دەرباز بکرێ. ئەمانە کە فێڵێکی زۆریان بەناوی فەلسەفەوە لە فەلسەفە کردووە لە بەشێکی زۆر لە گەندەڵیکردنی نەک هەر فەلسەفە بگرە ڕووناکبیریش بەرپرسیارن. ئەمانە بەناوی دڵسۆزییەوە، دڵسۆزییان بۆ ڕووناکبیریی کوردی و کردەی نووسینی کوردی، خەتایەکی زۆریان بەرامبەر بەڕووناکبیری و کردەی نووسینی کوردی کردووە.

– ئەوەندەی ئێمە ئاگامان لێیە، وتنەوەی فەلسەفە لە وڵاتانی ئەورووپاییدا تەنیا بە وانەوە تایبەت کراوە بروانامەکانیان ڕاستەوخۆ لەسەر فەلسەفەیە و تێزە ئەکادیمییەکانیان لەسەر ئەو باس و توێژینەوانە ئەنجام داوە سەر بە دیسپلینی فەلسەفەیە. چونکە کۆمەڵناسی، تیۆری سیاسی، ئەدەب بە زمانناسی و جوانکاریشەوە کۆلێج و دێپارتمێنتی خۆی هەیە و بە دێپارتمێنتی فەلسەفە تێکەڵ ناکرێ. باشە بۆ دەبێ ئەمە لە کوردستان بەم جۆرە نەبێ؟

واتە ئەوانەی لە کۆلێجەکانی فەلسەفە لە ئەورووپا وانە دەڵێنەوە، ئەو وانانە دەڵێنەوە کە پێوەندییان بە تێزی دوکتۆرانامە و پرۆفیسۆرانامەکانیانەوەیە. واتە ئەوەی کانت دەڵێتەوە یان هۆسرەل یان مێژووی فەلسەفە یان یۆنانیی کۆن هەموو ئەوانە لەسەر ئەو لایەنانە تێزیان هەیە و ناویان لەو بوارە وەک توێژەرەوە ڕۆیشتووە. ئەی بۆ دەبێ ئەمەشیان بەم جۆرە نەبێ لە کوردستان؟

ئەڵبەتە بەپێی گەشەی نێوەندی ئەکادیمی لەم دوو یان سێ دەیەی دواییدا لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا زۆربەی ئەوانەی وانە دەڵێنەوە بەپلەی پرۆفیسۆر کار دەکەن یان ئەو باس و بابەتانەی لە هەندێ لە قۆناغە ئەکادیمییەکاندا گرینگ و پێویستن دەخرێنە بەردەست پرۆفیسۆرەکانەوە. ئەڵبەتە هەلومەرجێکی واش لە نێوەندە ئەکادیمییەکاندا لە ئەورووپا هاتووەتە پێش کە دوکتۆراهەڵگرەکان بەهۆی توێژینەوە بەردەوامەکانیانەوە لە ماوەیەکی کورتدا دەشێ ببن بە پرۆفیسۆر لەو بەشەی تێیدا پسپۆڕن و تێزەکانیان تێیدا گەشە پێ داوە. ئەم نەریتە نەک لە نێوەندی ئەکادیمیی ئەمڕۆی کوردستاندا نییە، بگرە گەندەڵترین شێواز پیادە دەکرێ کە ئێمە دڵنیاین گۆڕانەکان کە وردە وردە بەڕێوەن ئەمانەش دەگرنەوە و ئەو بەهەشتە ئەکادیمییەی بۆ

ئەکادیمیستە گەندەڵەکان ساز بووە، دادەڕمێ.

– ئەوانەی لە ئەوروپا خوێندوویانە نابێ پەرە بەو نەریتە ئەکادیمییە بدەن کە لە ئەوروپا فێری بوونە یان کوردستان لە ئەستێرەیەکی تردا دەژی؟ سەیرەکە لەوەدایە سنوورێک لە نێوان گەندەڵی تاکی کورد کە لە هەندەران ماوەیێ ژیاوە و ئەوەی ئەوروپای نەدیوە تا بڵێی کەمە. ئەڵبەتە ئەم لایەنە لە زۆربەی ئاستەکاندا بەدی دەکرێ.

– ئەگەر لە ئێستادا لەبەر کەمیی پسپۆڕ لە فەلسەفەدا شیاوی دروستکردنی دێپارتمێنت (ئینستیتووت)ی فەلسەفە نییە دەشێ سەرەتا ئەو نەختە پسپۆڕە لە فەلسەفەدا هەن وانەی فەلسەفە لە بەشە جیاکانی زانستە مرۆییەکان بڵێنەوە، تا ئەو دەمەی شیاوی دێتە ئارا، بەڵام لەبەر نەبوونی بەشی فەلسەفە و پەلەکردن لە دروستکردن و کۆکردنەوەی مامۆستای پسپۆڕ لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان بەدڵنیاییەوە دەڵێین گەورەترین دەگە لە هزری فەلسەفیی تاک (قوتابی)ی کورد دەدا.

– ئەڵبەتە ئەوەش گرینگە کە بۆ خۆئامادەکردن بۆ دروستکردنی کۆلێجی فەلسەفە لەسەر بناغەی ستاندارددێکی ڕۆژئاوایی لە کوردستان، سەرەتا لەبەر کەمیی پسپۆڕی ئەکادیمی لە بواری فەلسەفە کۆلێجی فەلسەفە بەگشتی دابمەزرێ، نەک وەک ئەوەی لە لاپەڕەکانی لای سەرەوە باسمان کرد (واتە بوونی دوو بەش لە ئینستیتووتی فەلسەفە بەشی فەلسەفەی تیۆری و بەشی فەلسەفەی پراکتیکی).

– بۆ ئەوەی وانە وتنەوەی فەلسەفە لە ئاستێکی ئەوروپایی بێ مەرجە فەلسەفە لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا بەلانی کەمەوە دەرگە لە ئەرگومێنت هێنانەوە و چۆنیەتیی شیکردنەوە، مێژووی فەلسەفە، یۆنانیی کۆن، وتنەوەی ئیتیک، فەلسەفەی زمان و میتافیزیک بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە هەریەک لەوانەی ئەو وانانە دەڵێنەوە تێزی ئەکادیمییان لەو ڕووەوە نووسیبێ و بەخوێندن ئەو بەش و لایەنە فەلسەفییانەیان خوێندبێ و کەمتر لە دوکتۆراشیان نەبێ. چونکە پێڕەوکردنی ستانداردی ئەوروپایی واتە ڕێگەنەدان بەهەڵگرانی ماستەر هیچ دیسپلینێک بڵێنەوە.

# فەلسەفەی هەڵبژاردن و گەندەڵی

١- ئەوەی هەیە و ئەوەی دێ (ڕووی تیۆری)

فەلسەفەی گشت هەڵبژاردنێک، لە گشت کۆمەڵگە سیاسییەکانی جیهاندا، دەمانخاتە بەردەم دوو ڕووی سیاسیی جیاوازی گرینگەوە. ڕوویەکیان تیۆرییە و ئەوەی تر پراکتیکی. لەم بەشی یەکەمەی نووسینەکەماندا قسە لەسەر لایەنی تیۆریی فەلسەفەی هەڵبژاردن دەکەین. ئەم لایەنە بەزۆری فوکوس (تەرکیز) لەسەر ئەو هیوا و چاوەڕوانیانە دەکا لە خودی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا خۆی پەنهان دەکا. واتە هەڵبژاردن دەبێ بە هیوا و چاوەڕوانیی سیاسیی گەورەی لێ دەکرێ. بەڵام لە بەشی دووەمدا قسە دێنینە پێشێ لەسەر ڕووی پراکتیکی فەلسەفەی هەڵبژاردن کە تێیدا ئەو هیوا و چاوەڕوانییانە هەڵدەوەشێنینەوە هەڵبژاردنەکە خۆی لەسەر بنیات نابوو.

هەر لەم سەرەتایەوە زۆر بەکورتی دەشێ ئەوە بوترێ فەلسەفەی گشت هەڵبژاردنێک- ئەڵبەتە لە ڕووی تیۆرییەوە -، وەک هیوایەکی سیاسی، لە گۆڕینی ئەوەی هەیە (ئێستا) خۆی چڕ دەکاتەوە. خۆچڕکردنەوەی فەلسەفەی ناوبراو لە گۆڕینی ئەوەی هەیە، هێنانە پێشەوەی شیاویی نوێ دەگەیەنێ. چونکە ئەوەی هەیە - ئەمڕۆ لە کوردستان- تا بڵێی بەد و نامرۆییییە و دژی گشت گەشە و گۆڕانێکە. ئەوەی لەم ڕووەوە بە شیاویی نوێش دەزانرێ، شیاویی ڕاستەقینەیە. شیاویی ڕاستەقینە گۆڕانی ڕاستەقینە مەیسەری دەکا، کە ئەوەش هێزی باشەی وزەپارێز و چالاک بەرهەمی دێنن. کەواتە شیاوییەکان دەبن بە بەڵگە لەسەر هاتنە کایەوەی گۆڕان. بە ڕوودانی گۆڕانیش هەلومەرجی تازە دێتە گۆڕێ بەمە ئەوەی هەیە (واتە ئێستا) لە ئەوەی دێ (واتە داهاتوو) دەترازێ. کە وابێ تەنیا لە ڕێگەی گۆڕانەوە ئەوەی هەیە (ئێستا) لە ئەوەی دێ (داهاتوو) دادەبڕدرێ. چونکە هەڵبژاردن گەر گۆڕانهێنەر نەبێ ئەوەی هەیە لەوی دێ، ئێستا لە داهاتوو، جیا ناکاتەوە. واتە هەڵبژاردن بۆ گۆڕینی ئەوەی هەیە (گەندەڵی) دەکرێ و چاوەڕوانی ئەوەی دێ (کە دەبێ دادپەروەری بێ) لێ وەبەر دێ. بەڵام ناکرێ ئەوە لە یاد بکرێ ئەم پرۆسەی گۆڕینە، کە بەخۆی چاوەڕوانی بەدوادا دێ، هیوایە، هیوای باش ژیان. هیوای باش ژیانیش، کە ئاسان نییە هاتنە کایەوەی، تەنیا ئەو هێزە سیاسییانە دەکارن بیخولقێنن کە باشەخوازن. گشت تیۆری باشەخوازیش لە سیاسەتدا خۆی لە بیرۆکەی دادپەروەریدا چڕ دەکاتەوە نەک لە شتێکی تر. واتە باشەخوازی لە سیاسەتدا بەپێوەری دادپەروەری دەپێورێ نەک شتێکی تر. ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی باشەخوازی لە سیاسەتدا شتێکی میتافیزیکی نییە، بگرە ڕووداوێک سەرلەبەر سیاسییە. هەڵبژاردنیش کە ئەم ڕووداوە سیاسییە بەخێو دەکا شیاوی تازە دەخاتە بەردەم کردەی سیاسییەوە. ئەو شیاوییانە کە پێویستیی کردەی سیاسیی ئەم دەمەی ئێمەن، ئەو توانایەیان

تێدایە ئەوەی هەیە، ئێستا لە بەرژەوەندیی داهاتوو بەکاربەرن. واتە، بۆ ئەوەی ئەوەی هەیە، ئێستا، لە تەک ئەوەی تر، داهاتوو، جووت بکرێ و هەر هەمووش لە خولّقاندنی گۆڕان، بەشدار بن پێویستە دادپەروەری حوکمڕان بێ. بۆیەشە وا دەڵێین چونکە دادپەروەری لە ئاکامی گۆڕانی سیاسییەوە ڕوو دەدا کە ئەو گۆڕانەش لە بنەڕەتدا ڕووداوە. بەڵام ڕووداو، ڕووداوی سیاسی، ئالێن بادیو وتەنی بەبێ خودی سیاسی نایەتە دی. ئەگەر زۆرتر لەم بارەیەوە بدوێین دەڵێین: گشت ڕووداوێک کەسێک (خودێک) لە پشتییەوەیە. ڕووداوە ئەدەبییە گەورەکان بەدڵنیاییەوە بەپێنووسی کەسانێکی بێ وێنە (وەک دیستۆیۆفسکی، هۆلدرلین) بەرهەمهێنەری بوونە. ڕووداوە زانستییەکان یان ڕووداوە سیاسییەکانیش خودگەلێک (گالیلیێ یان جیڤارا) خولّقێنەری بوونە کە لە مێژوودا بەڕووداو گەلێک تاک و دووبارەوەنەبوو لە قەڵەم دەدرێن. ڕووداوی گۆڕینی سیاسی ئەم چرکە سیاسییەی هەنووکەی کوردستانیش دەبێ خودێک لە پشتییەوە بێ، ئەگەرنا نە ڕووداو ڕوو دەدا و نەش گۆڕان. گۆڕانیش، کە ڕووداوەکەیە، ئەودەمە ڕوودەدا دۆزێک لە ئارادا بێ. دۆز زەوینە بۆ ڕووداو خۆش دەکا و پێویستی بۆ خودێکی ئەسیلیش مسۆگەر دەکا. لێرەوە هەقایەتی بەکاربردنی کردەی هەڵبژاردن دەست پێ دەکا. واتە بەکاربردنی هەڵبژاردن بۆ هێنانە کایەوەی دادپەروەری و بنەبڕکردنی گەندەڵی. گەندەڵی کە ئێستایە پێویستە و شتێکی لۆجیکیشە لەبەر تەوژمی هەڵبژاردن، کە ئامانج لەم هەڵبژاردنە گرینگە گۆڕان بێ، کە ئەوەش چاوەڕوانییە، خۆی ڕانەگرێ. خۆڕانەگرتنی دیاردەی گەندەڵی، کە ئەم دیاردەیە بەروبوومی هێزە بەدەکانە، لە بەردەم ڕەهێڵەی برسییانی گۆڕان، گرینگە بۆ هەمووان بابەتی ئاوڕدانەوە بێ.

بۆیە گۆڕان لە ئێستادا لە کوردستان دەبێ وەک شتێکی گومان لێنەکراو تەماشا بکرێ. گۆڕان کە بەهۆی هەڵبژاردنەوە دەیەوێ شوێنێک بۆ خۆی لە ژیانی سیاسیی داهاتوودا مسۆگەر بکا پێویستە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە خۆی وەک دوژمنی هەرە گەورەی ئەوەی هەیە، کە گەندەڵییە، کە وەستاو و نەگۆڕە، نیشان دا. گەندەڵی کە خەریکە دەبێ بەئەزموونێکی سیاسی و ڕۆژانە بەرگی مرۆیی لەبەر دەکا، گەورەترین عیلەتی سیاسیی هەنووکەی ئێمەیە و، بۆیە ئەوەی دێ گرینگە لە تەک ئەوەی هەیە، کە لە ناوەڕۆکدا گەندەڵییە، لە ڕووبەڕووبوونەوەدا بێ. بەمە گۆڕان دەشێ ئەو ڕووداوە بێ کە نوێسازی دێنێ. چونکە گشت ڕووداوێک نوێسازیهێنەرە. نوێسازییەکانیش لە ئاکامی ئەو دۆزەوە دێنە کایەوە کە ڕووداوەکە دەخولقێنن. نوێسازییەکان کە لای سەرەوە بە شیاوییە تازەکان، ناوبران کارکردی هێزە باشەکانن و بەس. هێزە باشەکان لە گۆڕان زیاتر شک نابەن.

ئاشکرایشە بۆ گشت هێزە باشەکان ئەوەی هەیە کە گەندەڵییە دیار و بەرچاوە، بەڵام ئەوەی دێ لە هەنووکەدا نادیارە کە هیوای ئەوە دەکرێ دادپەروەرییانە بێ. ئەوەی هەیە کۆنکرێتە و بەفاکتەوە دەبینرێ، چونکە هێزە بەدەکان لە یەک واژەدا ئێستایان قەتیس کردووە کە ئەوەش واژەی گەندەڵییە، ئەم واژەیە کە گشت ئاوەڵناوە خراپەکان لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە، بەرهەمی چەندان ساڵەی سیاسییە ناهزرەڤانەکانە بۆ ئێمە. بەڵام ئەوەی دێ ئاشکرایە بۆ گەلێ لە ئێستادا نادیار و ناڕوونە. ئەم نادیاری و ناڕوونییە شتێکی سروشتییە. بۆیە هێزە باشەکان نابێ بترسن،

ترس لە داهاتوو ئەو دەمە کارەساتە، گشت کۆمەڵگە لە هێزی بەد پێک هاتبێ. هێزە باشەکان دەبێ لە ئێستا، لەوەی هەیە بترسن. چونکە هێزە بەدەکان، ڕابەرانی گەندەڵی، لەسەر وەختی دۆڕاندان، بۆیە قۆرخکردنی ئێستا کارێکی زۆری دەوێ و ئەرکی ڕەوشتیی هێزە باشەکان، لە ئێستادا و لەم ڕووەوە سەخت و دژوارە.

ئەوەی هەیە لە ئەمڕۆی کوردستاندا ناشێ وەک خۆی بمێنێتەوە. ئەگەر وا بێ ئەوا هەڵبژاردن فێڵێکی گەورە بوو. ئەگەر وا بێ ئەواهەڵبژاردن یارییەک بوو لە تەک ڕەوشت. هەر بۆیە پێمان وایە دەستگرتن بەسەر ئەوەی هەیە و پاراستنی ئێستا، وەک خۆی کارەساتی گەورەی لێ دەبێتەوە. بۆیە لە ئێستادا، لەم چرکەیەدا، کە چرکەی هەڵبژاردنە هەردەم ئەوەی هەیە بۆ ئەوانەی دەخوازن گۆڕان دروست بکەن پێویستە شوێنی گشت بینین و تێڕامانەکان بێ. چونکە ئەوەی هەیە پەسند نەکراوە و شوێنی گشت توانجەکانە بۆیە دەبێ ئەوەی هەیە، ئێستا، وەک نموونەیەک لەسەر پێویستی بۆ گۆڕان ببینرێ. واتە ئەوەی هەیە دەبێ بگۆڕدرێ و کارێکی زۆر بۆ لابردنی بکرێ. ئەوەی هەیە کە دوژمنی داهاتوو (ئەوەی دێ) تەنێ بەهەڵبژاردن لادەبرێ. واتە هەڵبژاردن ئەو هیوایەیە ئەوەی هەیە لادەبا _ دەگۆڕێ. لابردنی– گۆڕینی ئەوەی هەیە لابردنی– گۆڕینی ئێستایە. مەسەلەی ئێستا و داهاتوو مەسەلەی ئەوەی هەیە و ئەوەی دێیەیە. وەکی تریش ئەوەی هەیە و ئەوەی دێ جیاکردنەوەی هێزی خراپە و باشەیە لە یەکتر. بۆیە لەو شتانەی گرینگە لە سیاسەتی هەنووکەی دەستەبژێری گۆڕاندا ببن بە بابەتی گفتوگۆ مەسەلەی ئەوەی هەیە و ئەوەی دێیەیە. بەڵام سیاسەتی ناڕاستەقینەی هەنووکەی کوردی، کە ناکارێ ئەم هاوکێشەیە ڕاڤە بکا، سیاسەتێکە هیچی لەسەر ئەوەی هەیە و ئەوەی دێ پێ نەوتووین بۆیە بەرپرسیاریەتیی نوخبەی گۆڕان گەورە و سەختە. بۆیە فەلسەفەی هەڵبژاردن و پێویستییش بۆ گۆڕان، لێرەوە دەست پێ دەکا. ئەم فەلسەفەیە لە پێناوی ئەوەدا کارامایە بکارێ ئەوەی هەیە بگۆڕێ. هەر لەبەر ئەوە گۆڕینی ئەوەی هەیە هیوایەکی سیاسییە. بەڵام دەبێ لەوەش حاڵی بین کە هیوای سیاسی نادیاریهێنەریشە. یان هیوای سیاسی لە ناواخنیدا نادیارییەکی یەکجار زۆر لەخۆدا حەشار دەدا. وەکی تریش، نادیاری لە سیاسەتدا ئەو ترسەیە کە بابەتێکە لە بەردەم داهاتوودا. داهاتوو کە لە سیاسەتدا کەم جار خۆی ڕوون نیشان دەدا ناشێ ببێ بە بیانوویەک بۆ مانەوەی گەندەڵخوازان لە ئێستادا. بەڵام گەر جڵەوی ناڕوونیی داهاتوو لە سیاسەتدا بکەوێتە دەست هێزە باشەکانەوە دەکرێ، زۆریش دەکرێ، بەپشتبەستن بە تاکی هۆشیار و خوڵقێنەری کۆمەڵگە، داهاتوویەکی سیاسیی ڕووناک دروست بکرێ. ئێستاش لە گشت کاتێک زیاتر لەبارە بۆ دروستکردنی بناغەکانی ئەو داهاتووە. بۆیە هەڵبژاردن کە دێ بۆ ئەوە دێ ئەوەی هەیە ڕیشەکێش بکا و هێزە بەدەکان کە لە داهاتوودا سەروەرن لاواز و لاپەرێز بکا. هێزە بەدەکانی ئەمڕۆی کوردستان کە گشت دامەزراو و بوارەکانی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە بەرامبەر بەو دۆزەی لە ئێستادا تێیدا دەژین بەرپرسیارە. ئێستا، کە ئەوەی هەیە، پێویستە بگۆڕدرێ. گۆڕین دەشێ وەک بەرهەمی هەڵبژاردن تەماشا بکرێ. بەڵام هەڵبژاردن تەنێ بۆ ئەوە هەیە گۆڕان دروست بکا. گۆڕان تاکە چارەسەرێکە بۆ پاراستنی داهاتوو لە دەست هێزە بەدەکان. هێزە بەدەکان کە تێکدەری ئێستان

(ئەوەی هەن) دوژمنی هەرە گەورەی داهاتووشن (ئەوەی دێن). هێزە بەدەکان جۆراوجۆرن هەر لە قوتابی و ئەکادیمی و سیاسییە بەدەکانەوە دەگرێتەوە تا دەگاتە ڕۆشنبیرە سەرخۆش و شۆڕشگێڕە بێ ئامانجەکانی دەسەڵاتی سیاسی. گەندەڵکارەکان کە شوێنێکی زۆریان لە کۆمەڵگەدا بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە، ناوی قوتابی و مامۆستا و ڕۆشنبیریان زڕاندووە. گەندەڵکارەکان بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە گشت شوێنێک قوتابی و ڕۆشنبیر و پێشمەرگە و هونەرمەندی تایبەت بەخۆیان دروست کردووە. ئەمانە (واتە گەندەڵکارەکان) لەسەر شێوازی گۆبلزییەکان (مەبەست گۆبلز، وەزیری پڕوپاگەندەی نازی) بەردەوامن لە درۆکردن، لە بەدی ئەنجامدان. ئەمانە ئەمە دەکەن تا بمێننەوە. مانەوەی ئەمانە زیانی بۆ ڕەوشتی گشتیی کۆمەڵگە هەیە. ئەمانە خەتەرن بۆ سەر واتای مرۆڤایەتی و نەتەوەیی. ئەمانە ئایینیان پارەیە و نەوەی ئەو بازاڕە سەرمایەدارییە چەوتەن کە گەیاندیانی بە دەسەڵات.

بەم جۆرە گەر فەلسەفەی هەڵبژاردن بریتی بێ لە گۆڕینی ئەوەی هەیە، ئەمە واتە هەڵبژاردن دەبێ شتێکی نوێ (شتێکی تر) لە تەک خۆیدا بهێنێ. ئەم شتە نوێیە کە کێشی سیاسیی خۆی هەیە ڕۆحی ئەو گۆڕانەش دروست دەکا کە هەڵبژاردن خۆی بۆ مەلاس داوە. بەلام شتی نوێی سیاسی ناکارێ نوێ و بەردەوام بێ، گەر مرۆیی نەبێ. سیاسەتی هەنووکەی کوردی کە یەکجار نامرۆییە (ئەڵبەتە ناکوردیشە) تەنێ لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەگۆڕدرێ. نوێسازیی سیاسی ئەگەرێکە لە بەردەم هەڵبژاردندا. هیچ هەڵبژاردنێک بەبێ نوێسازیی سیاسی ناژی.

بەلام با بزانین نوێسازیی سیاسی لە ئێستادا چییە؟ نوێسازیی سیاسی گۆڕینی ئەوەی هەیە و جیاواز خستنە نێوان ئێستا و داهاتووشە. لە نوێسازیی سیاسیدا داهاتوو بابەتێکی جەوهەرییە، داهاتوو کە بابەتی هەنووکە نییە، بەهۆی هەڵبژاردنەوە دەبێتەوە بە بابەتی ئاخاوتن. بۆیە لەگەڵ هاتنە گۆڕی باسی هەڵبژاردن بابەتی نوێسازیی سیاسی، خۆی دەسەپێنێ. ئەم (واتە نوێسازیی سیاسی) کە خۆی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە تەرح دەکا لەلایەن خەڵکەوە، فوکوس (تەرکیز)ێکی زۆری لەسەر دەبێ. ئەمەش تەنێ لەبەرئەوەی نوێسازیی سیاسی ڕووداوێکی سیاسییە. ئەم ڕووداوە سیاسییە کە هەڵبژاردن لە تەک خۆیدا دەیهێنێ هیوایە. بەڵێ هیوایە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی لە سیاسەتکاریی ئێستادا بێزارن.

هەر تایبەت بەوەی لای سەرەوە، دەکرێ ئەوەش بوترێ کە، نوێسازیی سیاسی لە ئەمڕۆی کوردستاندا نوێسازییەکی کۆمەلایەتیشە. ئەوەش کە وا دەکا ئەم نوێسازییە کۆمەلایەتی بێ، ئەو هەولەیە کە بەهۆی گۆڕینی نوخبەی سیاسییەوە یەکسانیی کۆمەلایەتی دابین بکرێ. ئەوەش کە لای سەرەوە پەیتا ناومان نا گۆڕان، بەبێ دابینکردنی ئەو یەکسانییە کۆمەلایەتییە نە دێتە دی و نەش دەکرێ خودی گۆڕانەکە بەردەوام بێ. بۆیە سەرەتای گۆڕان لە ئێستای سیاسیی کوردستان گۆڕانی سیاسییە ئەمەش بەمانای گۆڕینی نوخبەی سیاسی دێ. گۆڕینی نوخبەی سیاسی، گۆڕینی گۆڕینەکانە. ئەو دەمەش کە گۆڕینی سیاسی دەست پێ دەکا تێکڕای گۆڕانەکانی تر (یاسایی، دامەزراوەیی، کۆمەلایەتی، ئابووری و...) سەر دەردێنن. بۆیە هەڵبژاردنی ئەمجارەی

کوردستان گەر گۆڕان لە نوخبەی سیاسیدا دروست نەکات بێ هیواییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆر تێکڕای کۆمەڵگەی هەنووکەی کوردی دەگرێتەوە. ئەمەش وا دەکا گەندەڵی ببێ بە تاکە ئەزموونێکی سیاسی. هێزە بەدەکان کە دوژمنی ئێستا و داهاتوون کۆمەڵگە دووچاری دەیان کارەساتی جەرگبڕ دەکەن و، فەنەتیزم، درۆی سیاسی، بێکاری، نادادپەروەری و بەڕەڵاییی سیاسی دەبن بەڕەوشتێکی زاڵ لە کۆمەڵگەدا. بۆیە هەڵبژاردن هیوایەکی سیاسییە و گۆڕانیش تاکە ئامرازێکی ئەم هیوایەیە.

هەروەک لای سەرەوەش ئاماژەی پێ درا، هیوای سیاسی تێکەڵێکە لە نادیاری و شتی تر، شتی چاوەڕواننەکراوهێنەر بۆ نموونە. بەخۆی ئەمەشە میتافیزیکیای سیاسەت. چونکە لەو شوێنەی سیاسەت دەکرێ، شتی چاوەڕواننەکراو هەردەم لە سەوزبووندایە. ئەمە کە خورپەی سیاسی دروست دەکا بەزۆری لەو سیاسەتانە دەوەشێتەوە کە لە توانایاندایە توخمی ناڕاستەقینەی بەرهەم بهێنن. بۆیە زۆریش پێویستە بەهۆیەهلی هەڵبژاردنەوە زۆرترین فوکوس (تەرکیز) لەسەر پرسیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکەین کە بەم جۆرەیە: هەڵبژاردن (وەکی تر گۆڕان) چ جۆرە سیاسەتێکمان بۆ دێنێ؟ هەڵبژاردن کە وەک هیوایەکی سیاسی خۆی نیشان دەدا گرینگە ئەو هێزانەی لەو هەڵبژاردنەدا بەشدارن بخرێنە ژێر زۆرترین تێڕامانەوە. ئێمە کە مێژووی سیاسیی کۆن و هاوچەرخمان پڕە لە خۆشباوەڕی و ساویلکەییی سیاسی، ناشێ بۆ لەمەودوا ئەو مێژووە دووبارە بکەینەوە. هەموو دەزانین دوای ئاوابوونی بەعسیزم لە کوردستان چەند باجی ئەو ساویلکەیەتییە سیاسییەمان دا کە کوردایەتییەکی هەزیل ڕۆژانە شتی سەیر سەیری سیاسی و کوردیی پێ دەفرۆشتین. بۆیە بێ مانا نییە گۆڕانیش لە سنووری خۆیدا بخرێتە ژێر پرسیارەوە. گۆڕان چۆن؟ و لە چی؟ کێ گۆڕان دەکا؟ و چۆنی دەکا؟ بەچی و بەکێ گۆڕان دەکرێ؟

بەڵام با ئەوەمان لە بیر نەچێ کە هێزە سیاسییەکانی سەردەمی هەڵبژاردن هەر هەموو هێزگەلێکی ڕاستەقینە نین و توخمی گۆڕانیان تێدا نییە. ئەو هێزانە کە ناکۆک و جیان هەر هەموو بەڵێنی گۆڕان و گەشەپێدان دەدەن، بەڵام ئەو گۆڕان و گەشەپێدانانە تەنێ لەو هێزانە دەوەشێتەوە لە تەک خۆیاندا بیهێنن کە لە ڕابردوودا سیاسەتیان بەهەڵە بەکار نەبردووە. کەواتە چۆنیەتیی سیاسەتکردن مەحەکی جیاکردنەوەکانە لە نێوان ئەو هێزانە. هەر لێرەشەوە گۆڕان مانای فەلسەفی و سیاسیی خۆی وەردەگرێ. هەچ هەڵبژاردنێکیش کە گۆڕان لە تەک خۆدا دەهێنێ ئەوا نوێسازیی سیاسیش بەرهەم دێنێ، بەڵام چۆن گۆڕان و نوێسازیی سیاسی یەک دەگرنەوە؟ ئەڵبەتە یەکگرتنەوەی نێوان گۆڕان و نوێسازیی سیاسی تەنیا لە ڕێگەی ئەو دادپەروەرییە سیاسییەوە دەبێ کە لە ڕابردوودا، لە قۆناغی پێش هەڵبژاردن، بوونی نەبووە. واتە، خاڵی جیاکارەی نێوان ئێستا و ئەوەی دێ دادپەروەرییە. دادپەروەری کە هیچ کات نەبووە بە باسی سیاسیی ئەو دەستەبژێرە سیاسییەی لە هەڵبژاردن دۆڕان بەدەست دێنێ بۆ لەمەولا پێویستە ببێ بە شرینترین واژەی سیاسی و شوێنی فوکوس (تەرکیز)ی دەستەبژێری گۆڕان. چونکە گۆڕان، یان نوێسازیی سیاسی، بەبێ بایەخدان بەواتای دادپەروەری بوونی نییە و هەڵبژاردنیش گەر ئەو واتایە یەکلا نەکاتەوە ناتوانێ ئێستا (گەندەڵی) لەوەی دێ جیا بکاتەوە. واتە گۆڕان لە تەک نوێسازیی

سـیاسـیی ئەو دەمـە یەک دەگـرێتـەوە کە هێـنەری دادپەروەری بێ. گـۆڕان کە بکارێ دادپەروەری بهێنێ بەمـە ڕووداوێکی سیاسی و مێژوویی قووت دەکاتەوە کە پێویستی بۆ هـەڵبژاردن و گـۆڕان مـانادار دەکـا. گـۆڕان کــە بـەبێ واتای دادپـەروەری ئەســتـەمــە ترســێکی گــەورەیە بۆ ســەر گەندەڵخوازەکان. چونکە تەنیا لە ڕێگەی دادپەروەرییەوە سیحری دەسەڵاتی هێزە بەدەکان بەتاڵ دەکرێتـەوە. هێـزە بەدەکـان کـە گـوێنـەدەرن بە واتای دادپەروەری دەکـرێ لە ڕێگەی ئـەم واتایەوە زۆرترین هێـرشـیـان بکرێتـە سـەر. بەواتایەکی تر، واتای دادپەروەری ئەوەندە دەسـەڵاتدارە دەشـێ بچـێتـە خـوێنی گـەندەڵکارەکـانەوە. ئەمـەو شـیـاوکـردنی گـۆڕان دەربازکـردنی ئازادییـشـە لەو بەرەڵاییەی واتای ئازادی دووچاری بووە. ئـەمەش، واتە پاراسـتنی ئازادی لە بەشـمەکبوون، تەنیـا لە ڕێگەی تێکەڵکردنی ئـازادی بە دادپـەروەرییـــەوە دێتـــە کـــایەوە. چونکـە کـــاتێ ئـازادی بەبێ دادپەروەری ژیان بەسەر دەبا ئەوە ئازادی نییە، بگرە ئەوە بەرەڵاییە. ئەم بەرەڵاییـەش کە ئازادی پێوەی دەگلێ لە بەرژەوەندییەکی گەورەی هێزە بەدەکانە تا لەسـەر گەندەڵیی خۆیان بەردەوام بن. هێزە بەدەکان، کە ژیرن لەوەی بەردەوام یوتۆپیای سیاسی بەخێو بکەن، دۆستی هـەردەمی ئازادیی گـەندەڵن و بـەرهـەمـهـێنەری سـیـاسـەتێکی ناڕاسـتـەوخـۆن. ئازادێکی گـەندەڵ کـە پێـویسـتی بە دادپەروەری نییـە، هیـوایەکـە لە بەردەم هێـزە بەدەکـان بـۆ مـانەوە و بۆ بەردەوام بەرهـەمـهـێنانی سـیاسـەتێکی ناڕاسـتـەقینە. بۆیە هـێزە باشـەکان، نـەوەی گـۆڕان، دەبێ زۆرترین قـیـز لە ئازادیی هـەنووکـە بکەنەوە و دیوارێک بخـەنە نێوان ئازادیی بەشـمـەککراو و ئازادیـی ڕاسـتـەقینـەوە. هێزە بەدەکـــان کـــە لەژێر ســایـەی ئازادیـی بەشـــمـــەکـبـــوودا دەژین، ئەم جـــۆرە ئازادییــــە لـە بەردەم گەندەڵییەکانیـان ڕێگر نییـە و ترسـیـش نییـە بۆ سـەر دامـەزراوە گەندەڵییەکانیـان. کەواتە هەلی هەڵبژاردن دەشێ بۆ ئیهانەکردنی ئەو ئازادییە سیاسی و ڕۆشنبیرییە ناڕاستەقینەیە بەکار ببرێ کە هێزە بەدەکان نەشونمایان پێ داوە، کە لە بنەڕەتدا ئازادییەکی هیچنەکەر و هیچنەگۆڕ بووە.

## ٢- قۆناغی ئاوابوونی گریمانە سیاسییەکان "ڕووی پراکتیکی"

لەم بەشی دووەمـەی نووسینەکەمـاندا پێ دەنێینە نـاو ڕووی پراکتیکیی تێگەیشتن لە فـەلسـەفـەی هـەڵبـژاردن. چونکە پرۆســەی هـەمـوو هـەڵبـژاردنێک لەســەر ڕووی زەوی، کە خـۆی وەک خـەبـاتێکی سیاسی نیشان دەدا، خۆی بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکا. قۆناغی پێش دەنگدان و قۆناغی پاش یەکـلابوونەوەی دەنگەکـان. قـۆنـاغی پێش دەنگدان قـۆناغی لەدایکبـوونـی گریمانە (هـێپـۆتێز) کـە ئەمەش بەواتای دروستکردنی هیوا و چاوەڕوانی دێ. قۆناغی پاش دەنگدان کە قۆناغی تێڕامانە لە هەنگاوە پراکتیکییـەکان و چرکەی بەسەرچوونی بیردۆزە و گریمانە سیاسییـەکانە، دوا هـەنگاویشـە بۆ چوونە ناو ژیانێکی سیاسیی چاوەڕواننەکراوەوە. بەڵام لێرە چاوەڕواننەکراو بەمانای ئەوە نایە ئەوەی دێ دووبارەوەبـوو نیـیـە، یـاخـۆ ئـەوەی بەرێوەیە، یان داهـاتوو، تازە و بێ وێنەیـە. واتە ئەوەی لەم بەشـەدا کـاری بۆ دەکرێ هـەڵوەشـانەوەی ئەو هیوا و چاوەڕوانییانەن هـەڵبژاردنەکە خـۆی لەسـەر بنیات نابوو. وەکی تر ئەم بەشـە جۆرە تەقەلایەکیشـە بۆ وتن هێنانە پێشـەوە لەسـەر بەرەنجامەکانی هـەڵبـژاردن. چونکە ئەو خـاڵانەی ڕووی پراکـتیکی لـە تێگەیشـتن لە فـەلسـەفـەی گشت هـەڵبـژاردنێک

دروست دەكـەن لایەنـی تیـۆریی فـەلسـەفـەی هەڵبـژاردنەكـە، كـە قـۆنـاغی دروسـتكردنـی گـریمانە سیاسـییەكانە، هەڵدەوەشێننەوە. هەڵوەشانـەوەی لایەنە تیۆرییەكەش، كە گریمانەكان لەخۆ دەگرێ، بەمـانای خسـتنە ژێر پرسـیاری ئەو هـیوا و چاوەڕوانییـانە دێ هەڵبـژاردنەكە لە خـۆیدا حـەشـاری دابوو. بۆ ئـەم مـەبەسـتـەش، بۆ ئـەوەی تێگەیشـتن لەسـەر ئـەوە بدەین تێـچـاندنـی گـریمانـەكـان و لەدایكنـەبوونی گـریمانی ڕیال (فـیعلی) خـەتای زۆری نەمـانی تێـدایە، پێـویسـتمـان بەوەیە ڕووی قسـەكانمان ئاراسـتەی هێـزە باش و بەدە سیاسـییەكانی كۆمـەڵگە و هـەروەها تاكی ئەم كۆمـەڵگەیە بكەین.

بۆ هـاتنە نـاو باسـەكەوە بەپێـویسـتی دەزانین لەو خـاڵەوە دەست پێ بكەین كە، هەڵبـژاردنی ئەم دواییـیـەی كـوردسـتـان پـڕ بوو لە هیـوا، پـڕ بوو لە چاوەڕوانی. هەڵوەشـانـەوەی ئەو هیـوایـانە، بەچاوەڕوانییـەكانیـشـەوە، گومـانكردنە لە هۆشیـاریی سیـاسیی تاك لە كۆمـەڵگەی هـاوچەرخی ئەمڕۆی كوردی. واتە ئێمە نەهاتنە دیی هیوا و چاوەڕوانییەكان، وەكی تر نەهاتنە دیی (ڕەنگە) و (ئەگەر)ەكـان بەشـۆك نازانین و بە بـەری بنیـاتنانی پێشـبینـی و تەخـمین و تەسـەوراتـی نابەجێ و وڕێناویی لە قـەڵەم دەدەین. مـەبەسـتمـان، هۆشـیـاریی سـیـاسـیی تاك، كـە لـەم هـەڵبـژاردنەدا كـەمی هێنا، تەنیـا خـودی تاكی كـورد لێی بەرپرسـیارە. ئەم خـودە كـە بوو بە یاری بەدەست هـەڵبـژاردنەوە نەیتـوانی فـەلسـەفـەیەكی تایبـەت بە هەڵبـژاردن بۆ خـۆی بسـازێنێ كە بەرهـەمی هـزریی سـیـاسـیی خـۆی بێ. ئەم (واتە ئـەم تاكـە) كـە بوو بە ئامـراز بەدەست لیسـتـەكـانەوە دەنگی ئەبسـوورد (بێ مـانایی) سیـاسیی بەرهـەم هـێنا. ئەم تاكە كە لە ساتەوەختی هەڵبـژاردنەكە خـۆی وەك بوونەوەرێ، وەك تاكـێكی هـۆشـیـاری دڵسـۆز بۆ دەنگدان تەرخـان كـرد نـەیزانی و ئاگـای لێ نەبوو قـوربانی گـریمانی بێ بناغـە و ناڕیال (نافـیـعلـی)یە. ئەم تاكـە لە بری ئەوەی خـۆی بە دروسـتكردنی وێنەی ڕیالەوە (فـیعلی)ەوە لەسـەر ماهـییـەتی گۆڕان لـە كۆمەڵگە و، هـەروەها لە چ ئاستێك گۆڕان و كـامە گۆڕان سـەرقـاڵ بكا خۆی بە ڕاڤەكردنی دۆزەكەوە سەرقاڵ كرد ئەمەش وای لـێ كرد زۆرترین كاتی لە دروسـتكردنی گریمان (فـەرەزییە)ی بێ سـەروبەر و دوور لە واقـیعـەوە بەسـەربەرێ. ئەمـە كـە بە بەرژەوەندیی نوخـبـەی گـەندەڵیـی سـیـاسـی كـوردسـتـان كـەوتەوە زیـانێكی زۆری لە هـۆشـیـاریی سیاسـیی تاك دا و بەرەنجامەكانیش بۆ ئەم تاكەی سـەلماند هەڵبژاردن چارەسەری فیعلی نییە، بۆ قــەلاچۆكــردنی گـــەندەڵی، بەلام هـەنگاوە بۆ دەربـازكــردنی زۆرینەی دەســـەلات لە مـــشـــتـی گەندەڵیستەكان.

ئێمە دەزانین پرۆسـەی هیچ هەڵبژاردنێكی سیاسی لە جیهاندا بەبێ گریمان، بەبێ پێشبینـی و بیردۆزەی (ئەگەر) و (ڕەنگە) یەكلا نەبووەتەوە، بەلام گریمان تا گـریمان جیـاوازە، پێشبینییەكان دەبێ بنیـاتی ڕاسـتەقینـەی خۆیان هەبێ و (ئەگەر) و (ڕەنگە) كـان ناشـێ لەسـەر بـناغـەی پووچ و وڕێنە دابمـەزرێن. گـریمـانـەكـانی دەم و وەخـتـی هـەڵبـژاردنـەكـانی كـوردسـتـان زۆر ناڕاسـیـۆنال (ناعـەقـلان)ی و وڕێناوی بـوون تێكڕای گـریمانەكـان تێكەڵاوێك بوون لـە هیـوا و چاوەڕوانییـەكی نابینـایانەی سـیـاسـیی دوور لە هزر. هزر هیـچ شـوێنێكی لە دروسـتكردنی گـریمانەكاندا نـەبینی. گریمانەكان كـە لەسـەر كۆڵەكەی (ڕەنگە) و (ئەگەر) دروست بووبوون بێ ئەزموونیی سـیاسیی تاكی

کوردیان دەری خست. ڕاستە گشت گریمانێک دارِشتنێکی زمانەوانیی تەجریبی و کاتی لەخۆ دەگرێ، کە هیوا لە بەردەم ڕاستبوونی یەکێک لە گریمانەکاندا خۆش دەکا، بەڵام شێوازی زمانەوانیی گریمانەکانی پێش دەست پێکردنی دەنگدانەکان لاواز بوون. کەواتە گرینگە ئێمە بزانین چۆن گریمان دروست بکەین. پێویستە لەوە حاڵی بین چی دەشێ وەک گریمان ببینرێ و چیش دەکرێ گریمانی بەسەرەوە بکرێ. ئێمە نابێ گریمان بەسەر هیچەوە بکەین. ئێمەی کورد کە لەم ڕووەوە، واتە لە ڕووی گریمانکردن بەسەر هیچییەوە، دەستێکی باڵامان هەیە و ڕابردوویەکی باشیشمان هەیە لە خستنەوەی گریمانی بێ هزر.

ئەوەی دەبا و دەکرا بکرایە ئەوە بوو کە پێویست بوو گریمانی ڕاستەقینە (ڕیال) تایبەت بەو دۆزە سیاسییەی لە ساتەوەختی هەڵبژاردنەکان هاتنە دنیا، بکرێ. واتە پێش ڕوودانی ڕووداوی دەنگدان مەرج بوو گریمانەکان هەنووکەیی بن و بەری زمان و هزرێکی پڕ لە ئەزموونی سیاسی بن. باشە با بزانین چۆن گریمان هەنووکەیی دەبێ؟ گریمان ئەو دەمە هەنووکەیی دەبێ کە گریمانەکە بەکەڵک بێ و تا ڕادەیێکی زۆر سوودئامێز بێ. هەروەها گریمان کاتێ هەنووکەیی دەبێ کە بە تیۆرییەوە تێکەڵ نەکرێ. لە دەم و وەختی هەڵبژاردنەکاندا نەک هەر گریمان بە تیۆرییە، تێکەڵ کرا، بگرە گریمان بە ئەفسانەشەوە تێهەڵکێش کرا. هەروەها گریمانی بەسوود ئەو گریمانەیە لەسەر چەند موتەغەیراتێکدا تاقی بکرێتەوە. ئەو موتەغەیراتانە کە نەبوون یان زیاد لە پێویست کەم بوون گریمان، پێویست نەبوو. ئەڵبەتە ئەوەش ڕاستە گشت گریمانێکی پێوەندیی بەپێشبینییەوە هەیە بەڵام پێشبینی پێویستە لەو "ڕەنگە" و یان "ئەگەر"ە خۆی بەدوور بخا ئەزموونی تاقیکردنەوەکە تێک دەدا. ئێمە دەزانین "ڕەنگە" یاخۆ "ئەگەر" بنچینەی فۆرمی دارِشتنی دەربڕینی گریماناوی پێک دێنن، بەڵام هەندێ شت هەیە ناشێ بوترێ یان گریمان بکرێ "ڕەنگە" ڕوو بدا. ڕەنگە هیتلەرێکی تر سەرهەڵدا، بەڵام هیچ وەخت ڕەنگ نییە هیتلەر بگەڕێتەوە. چونکە بە "ڕەنگە" بوونی گەڕانەوەی هیتلەر پێویستیمان بە لە مردن گەڕانەوەی هیتلەر هەیە کە ئەمەش شیاو نییە، بەڵام زۆر "ڕەنگە" هیتلەرێکی تر سەرهەڵدا. واتە کەسێکی کە لەسەر نەهجی هیتلەر بڕوا. کەواتە ڕوودانی "ڕەنگە"هەموو کات ڕەنگ نییە و ئیحتیمالی بەدیهێنانی ئەو "ڕەنگە" یەکەم و کزە.

ئەڵبەتە مەرجە لێرە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشین کە چەند واژەی "ڕەنگە" لە دارِشتنی گریماناویدا گرینگە ئەوەندەش "ئەگەر". "ئەگەر" کە بەخۆی هیوابەخشینە بەو کردارەی دواتر دێ، چرکەیەکی سەیری پڕ لە پێشبینییش پێک دێنێ. بەڵام ئەوەی بە وردی سەرنجی نەخرایەسەر لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بەکاربردنی هەستیارانەی ئەو دوو واژەیە بوو (مەبەست ڕەنگە و ئەگەر). چونکە لەلایەک ئەو واژەیە بە بەکاربردنی هەڵەکەوتن و لەلایەکی تر تێگەیشتن لەسەر پێچەوانەکانی ئەو دوو واژەیە نەدرا. ئەمەش دەرگەی کردەوە لە هیوابەخشینی سیاسیی وڕێناوی. چونکە لە گەلێک لە تاقیگەکاندا دەرکەوتووە پێشبینیی لەسەر نەبوو، لەسەر هیچ، لەسەر هەڵە ناکرێ. واتە گریمان بەسەر شتێکەوە ناکرێ لە ڕیالیتێتەوە (لە واقیعەوە) دوور بێ. ئەگەرنا ژیانی گشت تاقیگە و ئەزموونگەکان لە وڕێنە و خورافیات پڕ دەبوو. ئێمە دەزانین سنوورێک لە نێوان تاقیگە فیزیایی

یان زانستییە ئەبستراکت و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکاندا ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ هزری تاقیکەر و ئەزموونکەرەکەیە نەک ئەوەی کە تاقیکردنەوەکەی لەسەر دەکرێ. واتە گەر هەڵە یان ناڕاستی لە تاقیگەیێ بەدی کرێ هەڵە و ناڕاستییەکە هەڵە و ناڕاستیی تاقیگە (موختەبەر)ە کە نییە بگرە هی ئەو کەسەیە کە لە تاقیگەکە کار دەکا. بەکورتی تاقیکەرەوەیەک ناتوانی لە تاقیگەیەکدا کە ڕەنگی سوور بە ڕەنگی سپی تێکەڵ دەکا لەم تێکەڵکردنە چاوەڕوانی ئەوە بێ ڕەنگی سووری دەست کەوێتەوە یان لەوە بترازێ پێشبینیی ئەوە بکا ڕەنگی ڕەشی لەو تێکەڵە دەست کەوێتەوە. ئەو تاقیکەرەی لەو جۆرە تێکەڵ دانانە چاوەڕوانی لەو جۆرە ئاکامانە دەکا ئەوا ئەو تاقیکەرە بەکورتی مەغز (دەماغ)ی خۆی لە دەست داوە و فڕی بەسەر کاری تاقیگەییەوە نییە. کەواتە لەو گەندەڵستانەی ئەمڕۆی کوردستان بێ مەغزییە چاوەڕوانی شۆک بیت. بێ مەغزییە پێت وابێ، پێشبینیی ئەوە بکەی ئەو (ئەگەر)ە بێتە دی، زۆرینە گرەوی لەسەر کردووە.

بەواتایەکی تر، لە دەم وەختی هەڵبژاردنەکاندا (ئەگەر) و (ڕەنگە) هیوا و چاوەڕوانی بوون. ئەمانە وەک خۆیان نەهاتنە دی. نەهاتنە دییان هەر پێوەندیی بە گەندەڵیی سیاسییەوە نییە. چونکە بەکاربردنی واتای گەندەڵیی سیاسی بۆ گەلێ لە تاکەکانی ئەمڕۆی کوردستان (کە نووسەرانیش بەشێکن لێی) زۆر جار خۆقوتارکردنە لە توێژینەوە. بگرە پێوەندیی بەوەوەیە تاکی کورد تا ئێستاش چاوی لە دەست گرووپی سیاسییە هۆشیار و دادپەروەر و باش و مرۆیی بکا. تاکی کورد لەوە حاڵی نەبووە ئەوە گرووپە سیاسییەکانن پێویستیان بە هۆشیاریی تاکە. تاکی کورد بێ ئاگایە لە توانای خۆی، لەوەی بە هۆشیارییەوە هۆشی خۆی لە دەست داوە و بووە بە ئامراز، یان ئەو تاکە داماوەی دەیەوێ ببێ بە نوێنەری لاوان (کە بەخۆی لاوان بەهێزترین تاکی کۆمەڵگەیە) یانیش ئەو گرووپە سیاسییانەی ئەو تاکە داماوە بەکار دەبەن و لەوەی دەخەن ببێ بە نوێنەر. تاکی کورد، زۆر حەیف، لەوە بەخەبەر نییە کە لەلایەک گرووپە سیاسییەکان بە فیعلی پێویستیان بە بازووی تاکەکانی کۆمەڵگەیە و، لەلایەکی تریش زۆربەی ئەوانەی نانیان بەدەست گرووپە سیاسییەکانە، زۆرترین شەڕ لەسەر دەنگی ئەم تاکانە دەکەن، بەڵام ئەوەی ئەم تاکانەی سەر لێشێواو کردووە و حاڵی نەبوونی تێدا ساز کردوون ئەوەیە کە گرووپە سیاسییەکان نایەن و بەئاسانی و بەئاشکرا دان بەم ڕاستییە بێنن. بۆیە ئەوە ئیشی تاکی کوردە لە ستاتۆس (کیان)ی خۆی لە کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بگا و لەوە بکەوێ چاوی لە دەست نە ئەو گرووپە سیاسییانە بێ تاک تێکدەرن و نەش ئەو داماوانەی هەژاریی هزری و سیاسییان وایان لێ دەکا ببن بە کلاون (موهەریج) بۆ ئەوەی سەرنجی تاک (لاو یاخۆ گەنج ) بۆ دەسەڵات ڕابکێشن. کەواتە ئەوە کاری تاکە وا لە گرووپە سیاسییەکان بکا، تاک بکەن بەسەرچاوەی خۆیان و، نموونەش لیستەکان هیچ نەما نەیکەن بۆ ئەوەی سەرنجی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ خۆیان ڕانەکێشن. ئەوە دەلیلە لەسەر ئەوەی تاکەکان وزەن، تاکەکان، کە لاوان و گەنجانی کور و کیژی شار بەشێکن لێی، ئەو پێویستییەن کە گرووپە سیاسییەکان هەردەم مەراقیەتی دەستەمۆیان بکا. بۆیەشە لە دەم و وەختی هەڵبژاردنەکاندا ئەوانەی هیوا و چاوەڕوانییەکانیان ئەم دەست و ئەو دەست دەکرد ئەو وزەیە بوون

کە باس کرا، بەڵام هەزار جار حەیف ئەو وزەیە بە هەڵە ئاراستە کرا و هیوا و چاوەڕوانییەکانیش لە شوێنی خۆیاندا وەبەرنەهێنران.

ئێمە بۆ ئەوەی ئەوەی لای سەرەوە وتمان کەمێک ڕوونتر بکەینەوە، دەچینە سەر تێگەیشتنێکی سیاسیی فەیلەسووفی سلاڤێنی (سلاڤۆی ژیژک) لەمەڕ هەڵبژاردن. بەبۆچوونی ژیژک ترس و بێ هیوایی (یەئس) هەموو کات بەدووی هەڵبژاردنەکانەوەن. بەڵام ئەوەی لەم ڕووەوە بە ئەزموونی سیاسیی ئێمەوە تایبەتە و گرینگیشە بۆ ئەم ئەزموونە ئەوەیە کە پێویستە بپرسین ترس لە چی؟ و بێ هیوایی لە چی؟ لە دەموکاتی هەڵبژاردنەکاندا بوون بە بابەتی ڕۆژ. بەدڵنیاییەوە دەشێ بوترێ لە کاتی دەنگدانەکاندا ترس ترس بوو لە دۆڕان و بێ هیواییش بێ هیوایی بوو لە بردنەوە و بەدەستنەهێنانی زۆرینەی دەنگ. بۆیە بینرا ئەم دوو شتە بوون بە زۆرترین باسی هەوادارانی دروستکەرانی گۆڕان و نەیارانیان. ئەڵبەتە ئەو دەمەی کە ئەم دوو شتە (واتە ترس و بێ هیوایی) دوای زۆربەی هەڵبژاردنەکان دەکەون، پاش هەڵبژاردنەکان و لە ساتەوەختی دەرککردن بەئاوابوونی گریمانە سیاسییەکان، شتی تر لە تەک خۆیاندا دێن کە بەشێک لەوانە بریتی دەبن لە شتی وەک خەش، هاوپەیمانیی درۆ، پێکەوە کارکردنی سیاسیی بێ بناغە و... هتد. لەم حاڵەتانەشدا هاوپەیمانیی سیاسی خۆی وەک بزنسێکی سیاسی نیشان دەدا، چونکە هاوپەیمانی هیوایەکە لە بەردەم دۆڕاوان بۆ سەرلەنوێ کارکردن. بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ هاوپەیمانی (تەحالوف، کوالیشن) لە بەشێکی لە کۆمەڵگە سیاسییە هاوچەرخەکاندا، لەو کۆمەڵگەیانەی ترسیان هەیە لە تاکی کۆمەڵ و حسێب بۆ دەنگی تاک و ئەو بەڵێنە سیاسییانە دەکەن، پێش دەنگدانەکان بە تاکی کۆمەڵگەیان داوە، هاوپەیمانی لە نێوان ئەو جۆرە گرووپە سیاسییانە دێتە بەرهەم کە بۆچوونی سیاسییان «باشترە بوترێ ئیدیۆلۆجییان» لەیەکەوە نزیکە «وەک هاوپەیمانیی چەپەکان لەگەڵ گرووپی سەوز (ژینگە) و فێمینیست و هێزە سۆسیالیستییەکان، دوا جار هەموو ئەمانە پێکەوە لیستی سوور و سەوز لە پەرلەمان پێک دێنن» بۆ دەربازکردنی سیاسیی ئەو بەرەنجامە تەڵخانەیە کە بەدەستیان هێناون. هاوپەیمانیی سیاسی، ئەڵبەتە دوای ئاوابوونی گریمانە سیاسییەکان، کە فۆرمی سیاسیی جۆراوجۆری هەیە لە کۆمەڵگە سیاسییە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاوادا بەزۆری بۆ پاراستنی ستانداردی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دۆزی تەندروستی و خوێندن و کارکردنی تاکی ئەو کۆمەڵگەیەیە. بەڵام لە کۆمەڵگە گەندەڵەکاندا هاوپەیمانییەتیی سیاسی ڕووی خێڵەکی وەردەگرێ و ئامانجی سەرەکی لە پێکەوە کارکردنی سیاسیی گرووپە سیاسییە جیاکان پاراستنی بەرژەوەندیی گەندەڵستانە و دروستکردنی سەرمایە یاخۆ پارەیە بە گشت شێوەیەک. لێرەوە دەکرێ لە دەرگەیەکی ترەوە بچینە ناو بێ مانایی و گەندەڵیی ئەو گریمانانەی لە دەم و وەختی هەڵبژاردنەکاندا لەدایک بوون.

ئێمە چاک دەزانین بەشێک لە گریمانەکان بەرهەمی جۆرە پەرچەکردارێکی نەک هەر سیاسی بگرە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجیش بوون، بەڵام پێویستە لەوە بەئاگا بین کە پەرچەکرداری لە دوای هەڵبژاردن بەگشتی بریتییە لە هاوپەیمانییەتی، ئەمە کە ئۆپۆزیسیۆن خەیاڵێکی زۆری لایەتی بیرۆکەی سیاسیی نوخبەی سیاسیی گەندەڵیشە. ئەمەش لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیی نوخبە

(ئەڵبەتە نوخبەی گەندەڵ مەبەستە لێرە) و هەوڵدان بۆ دروستکردنی سەرینی سیاسیی هاوبەش بەناو هاوپەیمانیەتییەوە. ئەم دیاردەیە ئەو گریمانەیە لە ساتەوەختی هەڵبژاردنەکاندا زۆر بایەخی نەدراییە و لە هاوکێشەی زمانەوانی (ئەگەر) و (ڕەنگە)کاندا بابەتی ئاوڕدانەوە نەبوو. واتە تاک، ئەو وزە نایابەی لای سەرەوە باسمان لێ کرد تێگەیشتنی لەسەر ئەوە لای خۆی کۆ نەکردبووەوە کە هاوپەیمانیی سیاسی، کە زۆر جار بابەتێکی سیاسیی هەنووکەییی پاش هەڵبژاردنەکانە، بەتایبەت ئەو چرکەیەی بڕیاری دروستکردنی پەرلەمان و حکومەت دەدرێ، بەشێکی زۆر لەو گریمانانە لەکەدار و بێ هیوا دەکا، ئەم تاکە سازێنەری بووە. ئەم لایەنە، واتە دەرکنەکردن بە چوارچێوەی هاوپەیمانییەتیی سیاسیی پاش هەڵبژاردنەکان، تەنیا ئاماژە نییە لەسەر لاوازیی تێگەیشتنی تاکی کۆمەڵگەی کوردی بگرە ئاماژەشە لەسەر نابینایی سیاسیی دەنگدەرانیش کە بەبۆچوونی سیاسیی ئێمە، ئەم نابیناییە سیاسییە گرفتی سیاسیی دروست کرد کە بەشێکی زۆر لەو نابیناییە سیاسییە ڕێگەی لە بەردەم ئەوەدا خۆش کرد کە ئەوەی لەبارەی فەلسەفەی هەڵبژاردنەوە لە ڕووی تیۆرییەوە وترا لە قۆناغی پراکتیزەکردنی بەرەنجامەکانی هەڵبژاردندا هەڵوەشێنرێتەوە. مەعلووم ئێمە دەزانین نابینایی سیاسیی تاک لە کۆمەڵگە گەندەڵوییەکاندا، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی گەندەڵی ئەمڕۆی کوردستان، هەموو کات خۆی وەک گرفتێکی سیاسی نیشان دەدا و تەگەرەش دەخاتە بەردەم پرۆسەی گۆڕانەوە. لێرە کە مەبەست لە گۆڕان گۆڕانی فیعلی (ڕیال)ە بەهۆی هەڵبژاردنی ئەم دوایەوە بوو بە داوایەکی جەماوەری. بەڵام ئەم داوایە لەلایەن گرووپی سیاسییەوە لیگتمێرە کرا (ناسێنرا). ئێمە لە کاتێکدا باس لە نابینایی سیاسیی تاک دەکەین لە دەم و وەختی هەڵبژاردنەکاندا ئەوەشمان لە بیرە کە پەرۆشیی تاک بۆ دەنگدان و هیوابەخشین بە دەنگەکان مەسەلەیەکی تری لایەنە پراکتیکییەکانی ژیانی سیاسیی پاش هەڵبژاردنە کە ئامانجەکانیمان لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینە شی کردەوە.

وەکی تر دەمانەوێ ئەوەش بێژین کە، بێ ئاگاییی سیاسیی تاکی کورد لە دەم و وەختی هەڵبژاردنەکاندا ئەوە بوو کە ئەم تاکە نەیدەزانی خورپەی سیاسی بەڕێوەیە کە هەڵبژاردن بەس نییە یان کەمترین چارەسەرە. ئەمە و ئەم تاکە بێ ئەزموون بوو لەوە حاڵی بێ کۆلاپسی هەنووکەی ئەوەیە کە هەڵبژاردن چارەسەر نییە گەر نوخبەی سیاسیی گەندەڵ لە گشت نوخبەکانی تر بە پەرۆشتر بێ بۆ هەڵبژاردن. کەواتە بەرژەوەندی نوخبەی سیاسیی گەندەڵ لە بوونی هەڵبژاردندا بوو

بۆ کۆتاییهێنان بەم نووسینە بەپێویستی دەزانین بە چەند بەرەنجامێک بێینە دەرێ:

* گریمانەکان لەو شوێنەی تایبەت بوون بە لایەنە تیۆرییەکانی هەڵبژاردنەکانەوە لە قۆناغی پراکتیزەکردندا زۆرینەی گریمانەکان وردە وردە ڕوویان لە ئاوابوون نا. بەپێی زمانی هزریی گریمانیش، بێ گریمان لە ڕووی ڕەوانی و زمانەوانییەوە بەسەر دوو لایەندا دابەش دەبێ، هزر و زمان. بەڵام لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا لە میدیاکاندا سنوورێک لە نێوان حەتمییەتی زمانەوانی و ڕێژەگەریی زمانەوانیدا بەدی نەکرا. بۆیە ئەوەی وترا پڕ بوو لە هیوا و چاوەڕوانی. هیوا و

چاوەڕوانییش لە سیاسەتدا کەم جار هەیە وریِنەهێنەر نەبێ.

* ئەوەی بەشێکی زۆر لە دەنگدەران دەرکیان پێ نەکرد ئەوە بوو کە وریِنە سیاسییەکان لە گشت کۆمەڵگەیەکی دەم و وەختی هەڵبژاردندا گاڵتەجاڕ (سینیست) و دەجالێکی زۆر دروست دەکا. بەڵام گرفتە سیاسییەکە لەم حاڵەتەدا ئەوەبوو دەنگدەران زۆر کەم دەرکیان بەوە کرد کاتە تاریکەکان لە سیاسەت بە کەسی دەجال و گاڵتەجاڕ ڕۆشن ناکرێتەوە و نوخبەی سیاسی گەندەڵیش کە تا ئەوپەڕی ئەم گاڵتەجاڕ و دەجالانەی بەکاربرد بۆ دەنگدەرانی سەلماند هەڵبژاردن گۆڕانی سیستەماتیک دروست ناکا.
* خیانەتکردن لە ویست لە کاتی هەڵبژاردنەکان کێشەیەکی سیاسی هەنووکەیی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی بە قازانجی نوخبەی گەندەڵ کەوتەوە کەس بایەخی نەدایە.
* گۆڕانی سیاسیی سیستەماتیک لە ئێستادا بەرهەم نایەت. بۆ؟ چونکە گۆڕانیستەکان (گۆڕانخوازەکان) کەمدەرامەتیی هزری و سیاسییان ڕێگرە لە بەردەم بەدیهێنانی ئەو جۆرە لە گۆڕان.
* دۆزی سیاسیی لیستی گۆڕان زۆر لە دۆزی سیاسیی ئۆبامە دەچوو. چونکە ئەوانەی دەنگیان بە ئۆباما دا، دەنگیان بە سیمبۆل دا، سیمبۆلیش کە نهێنیی سیاسیی خۆی هەیە لە ڕیالەوە (فیعلییەوە) دوورە.
* دەنگدان بۆ دروستکردنی گۆڕانی بنەڕەتی و سەرتاسەریی پەلە لە ئێستادا لە کوردستان ئەمە پتر لە وریِنەوە نزیکە تا هەقیقەت. دروستکردنی گۆڕانی لەو جۆرە سەبری سیاسیی دەوێ. ئێمە لە کۆمەڵگەی خۆماندا پێویستمان بە دنیایەک لە ئەیووبە. ئەیووبە سیاسییەکانی داهاتووی ئێمە، تەنیا تاکەکان، تاکی دادپەروەر و ئازادیپارێز و ئەوی تر ویست. ئومێدنەکردن بە تاک لە دروستکردنی گۆڕانی ڕیاڵ لە کۆمەڵگە بەناشتنی بانگەشەکانی پرۆسەی گۆڕان دەکەوێتەوە. پشتکردن لە تاک، یان فۆرمولێرەکردنی تاک بەپێی ئارەزووی سیاسیی پراگماتیی ویستە سیاسییەکانی گرووپە سیاسییەکان هیچگەرا دەکا. ئەمەش، واتە فەرامۆشکردنی تاک و یان خراپ بەکاربردنی دەنگ و بازووی تاک بە زیانی هێزە سیاسییە نەک هەر بەدەکان بگرە باشەکانیش دەکەوێتەوە. بۆیە بەشێکی زۆر لە وریِنە سیاسییەکانی بەشێکی زۆر لە هەڵبژاردنە سیاسییەکانی کۆمەڵگە گەندەڵەکان ئەو کاتە ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان دەردەخەن کە بەپێچەوانەی ویست و بەڵێنەکانەوە گەشە بە کاری سیاسییان دەدەن. بۆیە هەڵبژاردن لە تیۆریدا شتێکە و لە پراکتیکیشدا شتێکی تر.

دروستبوونی تاک لە دەرەوەی حزب

# لە گەندەڵیخستنی حزبی سیاسی

## خودی سیاسی

گەڕانەوە بۆ خود، خود وەک بکەرێ ئونیڤێرساڵ (گەردووناوی) و گرینگیدان بە ڕۆڵی ئەم خودە لە گۆڕانکارییەکاندا لەم دوو یان سێ دەیەی دواییدا ڕووی لە لاوازی کردووە. زۆرترین هۆیەکیش لێرە دەکرێ لە بەرچاو بگیرێ کە ڕۆڵی لەم لاوازییەدا دیوە تیۆریی مەرگی نوێنەرایەتییە، ئەڵبەتە تیۆریی مەرگی خودیش، کە بیرۆکەی فەلسەفیی فەیلەسووفانی پۆست مۆدێرنە بوو، کە بەخۆی جەختکردن بوو لە ئازادیی تاک و دەربازکردنی خودەکانی کۆمەڵگە لەدەست ئەوەی تر جا ئەو ئەوەی ترە دەسەڵات بێ یان هەر شتێکی تر. بەواتایەکی تر، ئەو ئاراستە سیاسییەی، یاخۆ باشترە لێرە بوترێ ئەو ئاراستە پاش (پۆست) سیاسییەی ئەم جۆرە بینینانەی بەخێو کرد نووسینە فەلسەفییەکانی بیریارانی پاش تازەگەری و پاش بنەماخوازی بوون کە ڕۆڵییان لە نەشونمای فەلسەفەی جیاوازیی سیاسی و تێگەیشتنی مولتی کولتوورالیزمی سیاسییش دی. ئەو ئاراستانە کە ڕۆڵیان دی لە بانگەشەکردن بۆ مەرگی تاک و ئاوابوونی ئەو خودە گەردووناوییەی دێکارت کاری بۆ کرد و کردی بە دامەزرێنەری پڕۆژەی تازەگەری، بە زیانی تیۆرییە سیاسییەکانیش کەوتەوە. واتە تیۆریی کۆتاییی خود، زەوینەی بۆ جۆرە گێژییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی سازاند و، تاک کەوتە ناو دۆزێکی تەماویی ناڕوونەوە و هیوایەک لە بەردەم تاک، بۆ بەرپاکردنی گۆڕان و نیشتەجێبوونی تاک لەناو کۆمەڵگە و بوونی ئەم تاکە بە تاکێکی کاریگەر، نەما. لێرە تاوانەکە بەتەنێ ناکەوێتە سەر ئەستۆی بیرمەندان و شەپۆلە فەلسەفییەکان، بگرە تاوانەکە بەزۆری دەکەوێتە سەر ئەستۆی تاک خۆی. واتە تاک، ژیان و ئەندێشەی تاک، بەخۆی ڕێگە خۆشکەر بوو، بۆ هاتنی ئەو دیتنە فەلسەفییانە یان دروستبوونی ئەو دیتنانە لای بیرمەندان. چونکە دروستبوونی تاکی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگە (تاکی فاشیست، تاکی کۆلۆنیالیست، تاکی ئیمپریالیست و تاکی نازی... هتد) بوونە هۆکاری دروستبوونی تیۆریی ئاوابوونی تاکی ئەسیل و بنیاتنەر. لێرەوە ئیدی ئەستەم بوو قسە لە تاکی تازەخواز، مرۆڤدۆست و ڕاسیۆنالیست بکرێ.

ئێمە بۆ ئەوەی لەم بەشەی نووسینەکەماندا قسە بێنینە سەر تاک بەپێویستی دەزانین قسەکانمان بە مەرامی سەرەکیی نووسینەکەمانەوە ببەستینەوە نەک بەگشت، کە ئەوەش بە هەنووکەی کۆمەڵگەی کوردییەوە تایبەتە. گەر واش بێ ئێمە بەباشی دەزانین قسە لەسەر تاکی گەندەڵی کورد بکەین. ئەم تاکە (تاکی گەندەڵی کورد) کە کەمتر لەو تاکانە ترسناکتر نییە کە لای

سـەرەوە نـاویان هات (واتە: تاکی فـاشـیـست، تاکی کـۆلۆنیـالیـست، تاکی ئیـمـپـریالیـست و تاکی نازی... هـتـد) تاکـێکە شـایانی شـیکردنـەوەیە و پێـویسـتـە تا ئـەوپەڕی ڕەخنە بـکرێ. ئەم تاکـە بەلاهێنـەرە، بۆ کـۆمـەڵگە و، بەبـێ ئەوەی ئاگـاشـی لێ بێ چارەنـووسی کـۆمـەڵگەی نوێی کـوردیی خـسـتـووەتـە بەرمـەترسـیی جـۆراوجـۆرەوە. ئـەم تاکە کە زۆر دەمێک نییـە (دوو دەیەیە) لە گـەرووی چەندان شکسـتی سیاسی (مـەهـاباد، ئەنفال، هەڵەبجـە، کۆڕەو و...) هـاتووەتە دەر، پێـویستـە بێدار بکرێتـەوە و ئەوەی بۆ ڕاڤـە بـکرێ گـەندەڵی شکسـتێکی سـیـاسـیی ترە و بـەلام ئەمـەیان تاکی کـورد بەخۆی لێی بەرپرسـیـارە، نەک ئەوەی تری غەیرە کورد. بۆیە لێرەوە دەبێ ئەو قەوانە سـیـاسییە ڕەت بکرێتـەوە کـە بەردەوام لە مـاوەی ئەم یـەک دەیەی دواییـدا لێ دەدرێتـەوە کـە گـوایـە تاکی کـورد لە ئاکامی زوڵمی سیاسیی ئەوەی ترەوە وای لێ کراوە بێ داهاتوو و نەبوو (بێ هەبوو) بێ.

بۆ ئەوەی ئێـمـە لەم بەشـەی نووسـینـەکەمـاندا ڕوونکردنـەوەیەکی بخـەینـە بەردەست لەو میـتـۆدەوە نزیک بێ کە لە سـەرەتاوە کارمان لەسـەر کردووە، خـۆمان لەو تیۆریزەکردنانە دەپارێزین دەمانخاتە ناو گفتوگۆ فـەلسـەفـییە زۆرچڕەکانەوە و بگرە لە بری ئەوە زۆرتر تەرکیز لەو گرفتە هـەنووکـەییـە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دەکەین، تاکی کۆمەڵگەی ئێستای کوردی پێوەی گلاوە کە ئەوەش دیاردەی گەندەڵییـە. ئەڵبەتە لە زۆر شـوێنی ئەم نووسـینە تاکمـان بە گەلێ شێوەی جیـا ڕەخنە کرد، جـا ئەو تاکە نووسـەر بێ یان هونەرمەند، سیـاسی بێ یان ئەکادیمیست، عـاشق بێ یان قوتابی، دادوەر بێ یان ڕۆژنامەوان. بۆیە ئێمە لـەسـەر ئەو میتۆدە دەڕۆین و ئەمجارەیان قسە لەسـەر تاک دەکەین وەک ئەوەی چۆن دەکارێ کاریگەر و ناگەندەڵ بێ و چۆنیش ئەو دەشێ لە دەرەوەی حزب یان ڕێکخراوی سیاسی، چالاک و بزوێنەر بێ. هـەروەها بەدەم قسەکانەوە ئەوەش شی دەکەینەوە کە حزبی گەندەڵ چەند تاک تێکدەر و وێرانسازە.

ئێـمـە ناشـێ وەسـەرەتای قـسـەکـانمان بێین گـەر دان بەوەدا نـەنێین لە کـۆمـەڵگەی هەنووکـەی کوردیدا پێویستمان بە مانیفێستێکی کۆلێکتیڤە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی. ئەم گەلەکۆمەیە دژ بە گەندەڵی دەکرێ ئەو هێزانە داڕێژەری بن کە گەندەڵی وەک شـتێکی بەد و ناپاکدامـێن دەبینن. تەنیا ئەو تاکە کارامـە و هۆشسـاغـانە دەتوانن سـیـحـری هێزی گەندەڵی لە کۆمـەڵگەی ئەمـڕۆمـان بەتاڵ بکەنەوە کە باوەڕیان بە دواترێکی ڕاسیـۆناڵ و مرۆییـیـە. ئەمـانە هـەن و دەشکارن ئەمـە بکەن گـەر توانای دیـتن و سـەیرکـردنـی خـۆیان نەخـەنە بەردەست گـەندەڵیـسـتـان. بۆیە ئێـمـە لە مـیـانـەی نووسـینەکانی ئەم کتێـبەدا دژی ئەوە وەسـتـاوینەتـەوە تاکی باش و چاک، تاکی هـزرتەندروست و پاکدامێن بکرێ لەلایەن گرووپ و تاقمی سیاسییەوە دروست بکرێ. واتە بۆ ئێمە و لەم کتێبە تاک وەک چۆن شت دروست دەکرێ دروست نابێ. تاک شمـەک نییـە، هیچ دەستـە و گرووپێکی سـیاسی ناکارێ بەرهەمـهێنەری بێ. ئەم تەمـاشاکردنەی ئێمە بۆ دروسـتبـوونی تاک ئەو گریمانە سـیاسییە گەندەڵانە پووچ دەکاتەوە کە هەندێ ئاراستەی سیاسی لە ئەمڕۆی کوردستاندا گەشەی پێ دەدەن. واتە ئێمە پێمـان وا نییـە تاک گـەندەڵە، چونکە حـزب گەندەڵە، نەخێر بگرە ئێمـە پێمان وایە حزب گـەندەڵە، چـونکە تاکی ناو حـزب گـەندەڵە واتـە ئێـمـە ویسـتـمـان ئـەوە بێـژین گـەندەڵبـوونی تاک گەندەڵبـوونی دامـەزراوەکان دەگـەیەنێ، جـا ئەوە زانکۆ بێ یان حـزب، وەزارەت بێ یان کارگـەیەک.

بۆیە ئێمە دژی ئەو بینینە سیاسییە لاوازە و بەتاڵەین کە دەڵێ: پێویستمان بە گرووپی سیاسیی ناگەندەڵە. ئێمە دەڵێین پێویستمان بە تاکی ناگەندەڵە. ئەوانەی ئومێدیان دروستکردنی حزبی یان تاقمی سیاسیی ناگەندەڵە، بەهەڵە لە گەندەڵی گەیشتوون. مەسەلە لێرە گۆڕینی تاقمی سیاسی نییە. مەسەلە لێرە دروستکردنی حزبی سیاسیی تازە و بێ غەش نییە. مەسەلە مەسەلەی ئەوەیە تاکی ئێمە، تاکی کۆمەڵگەی کوردی دەبێ دەست بەخۆیدا بێنێ. دەبێ خەریکی خۆدروستکردنی خۆی بێ. دەبێ ئەم تاکە چاوی لە دەست حزب یان تاقمی سیاسی نەبێ، دروستی بکا، ئەم تاکە نابێ بهێڵێ کەس دەستکاریی بوونی بکا. دروستبوونی تاک لە دەرەوەی حزب ئەمە ئیشی تاکە نەک حزب. ئێمە بیرۆکەی ئەم سەیرکردنەمان لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە لە کۆمەڵگەدا تا ئێستاش تاکی چالاکوان، تاکی ڕێزەوەن بوونی هەیە و، ئەم تاکانە دەکارن ببن بە بناغە دانەر بۆ ڕەوشتێکی پاکدامێن لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا. ئەمە و ئێمە بەدڵنیاییەوە دەڵێین: تا ئێستاش گەلێ ڕۆژنامەوان، پارێزەر، قوتابی، هونەرمەند و ئەکادیمیست هەن، دەشێ بۆ وەستانی تەوژمی گەندەڵی شوێنی ئومێد بن. ئەم تاکانە کە دەکارن لە دەرەوەی حزب چالاکوان بن، تەنیا بەهۆی کاریگەرییەکانیان، شوێنیان لەناو دامەزراوەکاندا دەکارن، ئەمە بن و یاخۆ ئەمە بکەن. ڕاستە ئاسان نییە لە کۆمەڵگەیەکدا کە گشت هێزی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ دروستکردنی حزب یاخۆ گرووپی سیاسی، یانیش، لە کۆمەڵگەیەکدا کە سیاسەتکردن تێیدا لە شتە هەرە هێژاکانە، تاک بکارێ لەناو ئەمانە و لە دەرەوەی دیدی سیاسی و، یان دیدی سیاسیی حزبییانە شتێکی تر ئەنجام بدا و پشت بە هێزی خودی خۆی ببەستێ. ئەم خودگەراییە کە تا بڵێی لەناو ئێمە لاوازە و هەموو کاتیش لاواز بووە، تاکی ئێمە کاری بۆ نەکردووە. ئەوەش ڕاستە گەلێ فاکتەری مێژوویی هەن کە دەشێ بەنموونە بهێنرێنەوە لەسەر هۆکارەکانی پەڕاوێزکردن و بەشتکردنی تاک لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەڵام هیچ یەکێ لەو فاکتانە ناکارن ئەو ئارگومێنتە لای ئێمە دروست بکەن کە تاکی کورد، ئەوەی ئەم تاکە ئەمڕۆ سست و نابەرهەمهێنەرە، بێ تاوانە.

لێرەوە دەگەینە دوو بەرەنجام. بەرەنجامی یەکەم ئەوەیە کە نابینایی سیاسی لە دروستکردنی سەیرکردنی سیاسییانەی لاواز و بێ مانا لەسەر تاک، ڕۆڵی خۆی دیوە. هەرچی بەرەنجامی دووەمیشە ئەوەیە کە تاک خۆی نەیتوانیوە بەو دۆکترین (باوەڕ)ە بگا کە تاک بەرهەمهێنەری خۆیەتی. کەواتە ئەرکی تاک لەم حاڵەتەدا تا بڵێی ئاڵۆزە. تاک لەلایەک دەبێ ئەو ئاگاییە لە خۆیدا بنیات بنێ کە ئەوە ئەمە کە لە خودگەراییی خۆی بەرپرسیارە و، لەلایەکی تر دەبێ ئەو وێنەیەش لە مەغزی (دەماغی) سیاسیی ئەوی تردا دروست بکا کە ئەوە تاکە، تاک وەک خودێک، دەکارێ بەرهەمهێنەر بێ یان گەندەڵ.

بەڵام ئەوەی کە تاک بەرهەمی خۆیەتی ئەمە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە و پڕە لە سیمبۆلی نەکراوە و دیارینەکراو. ئەم تاکە کە لە هەنووکەدا بە گەندەڵی گەمارۆ دراوە لە دۆزێکی کۆمەڵایەتیشدا دەژی گەندەڵی کارێکی زۆری کردووە لەلایەک سیاسەت لای ئەم تاکە قێزەون بکا و لەلایەکی تریش سیاسەت بکا بە گشت شتێک. ئەوەی کە گەندەڵی ڕۆڵی هەیە لە قێزەونکردنی سیاسەتدا ئەمە شتێکە گومانی ناوێ، بەڵام چۆن تاک لەم بەزمە دێتە دەر بێ ئەوەی بگلێ بەم قێزەونبوونەی

سیاسەتەوە، ئەم تاکە خۆی دەبێ کاری بۆ بکا. تاکی ئاکتیڤ و خوڵقێنەر لە ئاکامی پرۆسەیەکی دژواری هۆشیاریدا بەو ئاکامانە دەگا کە چۆن و چی بکا. تاکی ڕاستەقینە و بزۆک لە ڕێگەی ڕەخنەکردنی گشت ئاکارە هەڵە و بەدەکانی کۆمەڵگەوە دەتوانێ گۆڕان دروست بکا. بەڵام گۆڕان دەبێ بە گۆڕان کە دووبارە نەبێ. ئەوە گۆڕانە کە نوێیە کە دۆزێکی هێناویەتییە گۆڕێ کە نادووبارە و بێ وێنەیە بۆیە گۆڕانە.

بەڵام ئەوەی کە سیاسەت هەموو شتێک نییە بەڵام شتێکی کەمیش نییە، ئەمە تاک ئەو دەمە لێی دەگا کە سیاسەتێک بەتەندروست لە کۆمەڵگە کاریگەرە. سیاسەت کاریگەر نابێ دووبارە و ناخوڵقێنەر بێ. بۆیە پیشەی سیاسەتی گەندەڵ ئەوەیە سیاسەت دەکا بەگشت شتێک بەڵام ئەم بەهەموو شتبوونەی سیاسەت عیلەتی گەندەڵیی سیاسەت چارەسەر ناکا. چونکە سیاسەتی ڕاستەقینە، کە تا بینەقاقا لە تەک ڕیاڵ (فیعلی)دا دەست لەملە، بەشی گشت بوارەکانی ژیان ناخوا. لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا لەبەرئەوەی سیاسەت لەوە کەوتووە نوێ و بەرهەمهێنەر بێ، تاک لە بەردەم زۆرترین مەترسیی سیاسیدا دەژی. واتە سیاسەت وا دەکا تاک یان سیاسەت بکا یانیش پشت لە سیاسەت بکا. ئەم وێنەیەی کە سیاسەتی گەندەڵ لە خوڵقاندنیدا بەرپرسیارە تاک تێکدەرە. بۆیە لە ئێستادا تاک دەبێ لە حاڵەتی چاودێریدا بژی. بەڵام ئەم چاودێرییە بەرهەمهێنەر نابێ گەر تاک بەخۆی خودێکی تەندروست نەبێ. تەندروستیی تاک لە هەنووکەدا وابەستەیە بە نەگلانی بە گەندەڵییەوە و بەردەوامبوونیشی لەسەر پرۆسەی خۆهۆشیارکردنی. ئەڵبەتە پرۆسەی خۆهۆشیارکردنی تاک ناشێ لەسەر ئەو شێوازە بێ کە لە ئێستادا لە کۆمەڵگەدا باوە. چونکە شێوازەکانی خۆهۆشیارکردن ئێستا لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ناساغ و دژەهزرە و ئامرازی بەهێزیشە بۆ لە خودخستنی خود، لە تاکخستنی تاک.

ئەو دوا دیتنەی ئێمە کە لای سەرەوە خستمانە بەرچاو لە ئێستادا لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بە گەندەڵ و ناگەندەڵەوە لە کێشەدا دەژی. ئەم کێشانەش تەواو زەق بوونەوە پاش ئاوابوونی بیری کۆمۆنیزم وەک دەسەڵاتی سیاسی و دروستبوونی ڕێگەی جۆراوجۆر لە بەردەم لیبرالیزم بۆ لیبرالیزەکردنی ژیان. پۆپ کولتوور و کولتوورالیزم کە بەشێکی کەمن لەو جۆرە ژیانەی ئێستا تاکی تازەی سەردەم لە گشت شوێنێکی بێ ئیختیارە لە ئیختیارکردن، ئەمە، کە پرسیارێک نەک سیاسی یان کۆمەڵایەتیی گرینگە بگرە پرسیارێکی فەلسەفیی قورسیشە، ڕەنگدانەوەی بەسەر ئەو کۆمەڵگە بچکۆلەیەشەوە هەیە کە پێی دەڵێن کۆمەڵگەی کوردی. بەڵام ئەو کێشانەی لە بەردەم تاکی سەردەمدا زەق دەبنەوە، وەک خۆی لەبەردەم تاکی کوردا زەق نابنەوە و ئەمەش هۆکاری زۆر لە پشتییەوەیە، کە بەشێکی پێوەندیی بەشوێنی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە لە کۆمەڵگەی گلوباڵدا.

بۆ ئێمە بەو جۆرەی لای سەرەوە بیر دەکەینەوە؟ ئەڵبەتە هۆی سەرەکی بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە ئێمە تەرکیزی بنەڕەتیمان لەسەر تاکە. ئەم تاکاش کە بەجۆرێکی گلوباڵ لە تەنگژەدایە خۆی لە بەردەم نادیاریدا دەبینێتەوە. ئێمە کە نامانەوێ نە تاکێکی پۆستمۆدێرنی ڕۆئاوایی دروست بکەین لە کۆمەڵگەی کوردیدا و نەش تاکێکی ئاینیی کۆمۆنیست کە سلافۆی ژیژک کاری بۆ دەکا(٦١)

بەزۆری خەیاڵمان لای دروستبوونی تاکی کوردە و ئەرکی ئەم تاکە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا. تاکی ڕۆئاوا کە بە گەلێ ئەزموونی تاڵدا تێ پەڕیوە لە تاکی کورد جیایە. تراجیدیاکانی تاکی کورد نەک تاکێکی نوێی سیایسی لێ دروست نەکردووە بگرە لە تاکییەتیشیان خستووە. تاکی ڕۆئاوا کە دەتوانێ قسە لەسەر هەم بەتاکبوونی خۆی بکا و هەمیش قسە لەسەر ئاوابوونی ئەم بەتاکبوونەی بکا، دەکارێ ئەو هێز و فاکتەرانە ڕوون بکاتەوە کە زەفەریان بە تاکبوونی بردووە. تاکی کورد کە تاکێکی بێ تاکە ئەسیری بەپلەی یەک دەستی خۆیەتی و بەپلەی دووش ئەو دیتنەی لە کۆمەڵگە لە ڕووی سیاسییەوە لەسەری دروست بووە. ئەم تاکە کە بەزۆرەملێی سیاسی خودێکی سیاسیی نابکەر و ناچالاکی لێ دروست کراوە پێویستی بەیارمەتیی خۆیەتی لەم نابکەری و چالاکییە بێتە دەرێ. حزبی گەندەڵ کە تێکدەری تاکە بەتەنگ تاکەوە نایە و مشووری ناخوا. ئەو (واتە حزبی سیاسی) کە خەون بەگەندەڵبوونی تاکەوە دەبینی لە ئێستادا ئیشی بە دروستبوونی تاکەوە نییە. بۆیە لای خوارەوە دێینە سەر ماهییەتی حزبی گەندەڵ و بێ وەفاییی ئەم جۆرە حزبە، بۆ کۆمەڵگە بەگشتی.

## حزبی گەندەڵ

هیچ شتێک لە گەندەڵیی سیاسی ترسناکتر نییە و ئەو دەمەی سیاسەت لە پشت گەندەڵییەوە دەبێ، ئەو وەختەی سیاسەت پشتگیری لە گەندەڵی دەکا، هیچ شتێک ناکارێ زەفەر بە گەندەڵی ببا و، گەندەڵی ترسی زوو پیربوونی لێ ناکرێ. هەر بۆیەشە، ئەو دەمەی باس دێتە سەر کۆمەڵگەی گەندەڵ، ئەم باسە بێ وتن نابێ لەسەر وتاری سیاسی یان هەنووکە سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیە. ئەم هەنووکە سیاسییەش لەبەرئەوەی گەلێ لە توخمەکانی ئەو گەندەڵییەی لەخۆدا پەنهان کردوون و لە هەمــوو ڕوویەکــیشــەوە داڵدەی دەدا و ســازێنەر و دروســتکەری ناشــیــرینتــرین دیوی دیاردە گەندەڵییەکانە هەر لەبەر ئەوە باس لە هەنووکە سیاسییەکە دەبێ بە باس لە ڕۆڵی سیاسەتی گەندەڵ و ئەوەش بێگومان باسی ئەو حزبە یان هێزە سیاسییە دێنێتە پێشەوە پشتگیری لە دیاردەی گەندەڵی دەکا. بۆیە لێرەوە مانایەک بۆ خستنە سەرپشتی ئەو باسە لە ئارادایە کە ئێمە لەسەر حزبی گەندەڵ دەیهێنینە پێشەوە. ئەڵبەتە بەشێکی زۆر لە تیۆریزەکەران لە بواری گەندەڵیی سیاسی باسێکی زۆر دێننە پێشەوە لەسەر دادپەروەریی سیاسییش. دادپەروەریی سیاسی کە هێندەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری مانادارە، باسێکی یەکجار گرینگە بۆخستنە ژێر پرسیاری وتاری سیاسیی حزبی سیاسی. بۆیە ئەو نادادپەروەرییە سیاسییەی لە کوردستاندا پیادە دەکرێ بەرپرسیارییە بەرامبەر بەو نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەش ئەمڕۆ تاکی کورد پێوەی دەناڵێنێ. نادادپەروەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بەرهەمی ئەندێشەی سیاسیی هەڵە و ناچوستە ئەو وتارە نەتەوەییە بەتاڵ دەکاتەوە کە سیاسیی کورد ڕۆژانە بانگەشەی بۆ دەکا.

حزبی گەندەڵ بەوە سیاسەتی گەندەڵ پراکتیزە دەکا کە لەو گەندەڵییە بێدەنگە لە ناوەوە و دەرەوەی بازنەی سیاسیی خۆی نەشونما دەکا و لێش دەگەڕێ ئەو گەندەڵییە لە دامەزراوە ناسکە

کۆمەڵایەتییەکاندا وەک: زانکۆ و بەگشتی بواری پەروەردە، ڕاگەیاندن و بەگشتی بواری میدیا و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی تر وەک دادگە، تەندروستی و خێزان و... هتد، ڕیشە دابکوتێ. ئەمە ئەو پێویستییە دێنێتە پێشەوە کە باس لە حزبی گەندەڵ باسێکی جەوهەری بێ بۆ ئەوانەی دەیانەوێ تێگەیشتن لەسەر کۆمەڵگەی گەندەڵ پەیدا بکەن. ئاشکرایشە ئەم جەختکردنەی ئێمە لێرە لە گەندەڵی حزبی و ڕۆڵی لە دروستکردنی گەندەڵیی سیاسی و کاریگەریی ئەم جۆرە گەندەڵییەش، واتە گەندەڵیی سیاسی، بەسەر ژیانی سیاسیی تاکەوە لە ڕیزی ئەو بابەخانە دەبێ هەر لە سەرەتای ئەم نووسینەوە تایبەت بە کۆمەڵگەی گەندەڵ گفتوگۆمان کردووە.

حزبی (وەکی تر سیاسەتی) گەندەڵ لە کۆمەڵگەی گەندەڵ لە گشت دیاردەیەکی گەندەڵ، لە گشت جووڵەکانی گەندەڵی لە کۆمەڵگە بەرپرسیارە. ئەم (واتە حزبی گەندەڵ) لەبەرئەوەی بەرهەمی مانەوەی گەندەڵییە لە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی ڕاڕایە. چونکە ژیانی سیاسیی حزبی گەندەڵ بەبەردەوامبوونی گەندەڵییەوە گرێ دراوە. بۆیە قسەکردن لەسەر کۆمەڵگەی گەندەڵ بێ قسەکردن لەسەر حزبی گەندەڵ هێپۆتێز (گریمان)ێکی درۆئامێز و بێ هزر دەخاتەوە. بۆیە ناشێ ئێمە لێرە شتێک بڵێین لە بیرکردنەوەوە دوور بێ. گەر لە کۆتاییشدا گشت ڕاڕاییەکانی ئێمە لە گەلێک شوێنی ئەم بەرهەمە کۆششێ بووبێ بۆ قسەکردن لەسەر داهاتوو و چارەنووسی سیاسیی تاکی کورد، ئەوا ئێمە بە ئەرکی خۆمانمان زانیوە گشت ئەو دیاردە و لایەنانە بێنینە گۆ ئەو داهاتوو و چارەنووسە تێک دەدەن.

حزب کە گەندەڵ دەبێ دەتوانێ مەترسیی جۆراوجۆر بخاتەوە، ئەمە تەنیا بە زیانی سیاسیی ئەو حزبە ناکەوێتەوە، بگرە بە زیانی سیاسیی گشت تاکەکانی ئەو کۆمەڵگە سیاسییەش دەکەوێتەوە ئەو حزبە ڕابەرایەتیی دەکا. واتە گەندەڵبوونی جەستەی سیاسیی حزبی سیاسی تا بڵێی ترسناکە و داهاتووی سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیە دەخاتە مەترسییەوە. زۆرێک لەو حزبانەش کە دووچاری هەڵوەشانەوە و پووکانەوە دەبن، وتاری سیاسیی ئەو کۆمەڵگەیە تا ماوەیەک لە تەنگژە و مەترسیدا دەژی. حزبی کوردی کە بەری لەسێدارەدان و سڕینەوەی نەتەوەیی و هەژاربوون و کاولکارییە نەتەوەیی و تراجیدیاکانە ناشێ و پێویست ناکا گەندەڵ بێ. ئەو دەمەی حزبی کوردی گەندەڵ دەبێ، هیوا و باوەڕ بە بەرخۆدان و سەرفرازییش گەندەڵ دەبێ. ئەمەش بۆ خۆی تراجیدیایە و هیچی لەو تراجیدیایانە کەمتر نییە کە کورد یەک بەیەکی ئەزبەرە (دارمانی کۆماری مەهاباد، شکستی ١٩٧٤، ئەنفال،... هتد). چونکە ئەوەی لە ئەمێستا دڵۆپێک ویژدانی نەتەوەیی و سۆزی کوردایەتیی هەبێ نارەحەت و سەرکزە بەو گەندەڵییەی دووچاری ئۆرگانی ناوەوەی واتای حزبی کوردی بووە و بەتایبەت ئەو دوو حزبەی ناویان لەناو کورد و دەرەوەی کۆمەڵگەی کورد پەیدا کردووە. باسکردنی ئەو گەندەڵییە نە تاوانێکە و دەدرێتە پاڵ ئەو دوو حزبە سەرەکییە و حزبە بچووکەکانی دەوروبەریان و نەش بەچەند گوزارە و دەربڕینێکی سیاسیی پاتۆلۆجی پینەوپەڕۆ دەکرێ. ئەو گەندەڵییە سیاسییەی حزبی کوردی و تاکی سیاسیی کورد دەیژێ، تازە بووە بە شتێکی یەقینی و کەس هێزی ئەوەی تێدا نییە گومانی لێ بکا و یان پاساودانی نالۆجیکیی بۆ بکا و بەڵگەی بەتاڵ و ناهزری بۆ بهێنێتەوە. حزبی کوردی، گەورە بێ یان بچووک، هەروەک وتمان

لەبەرئەوەی زمانحاڵی کارەسات و ڕووداوە نەتەوەییەکانە ناکرێ ئاوا بەئاسانی خۆی بەدەستی خۆی هەناوی سیاسیی خۆی هەڵاهەلا بکا.

بۆ ئەوەی ئێمە ڕۆبچینە ناو وتنەکانمان تایبەت بە حزبی گەندەڵ، بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە دواڕۆژی هێزە سیاسییە گەورەکانی کوردستان زۆر ڕۆشن نابینین، بەڵام قەترانییش نییە. ئەمەی ئێمە لێرە دەیڵێین تێگەیشتنێکی دوا لیستی (دووانەیی)ن ییە و بەدووریشە لە گشت پارادۆکسێکی سیاسی و ڕووناکبیری. چونکە داهاتووی هێزە سیاسییە گەورەکانی کوردستان بەو پاکسازییە ڕاستەقینەوەیەوە بەستراوەتەوە کە دەکرێ لەناو خۆیاندا بیکەن. کردنی ئەمە چارەسەر بۆ گەلێک لەو گەندەڵییە سیاسییەش دادەنێ کە سەرچاوە و کانیاوی گشت جۆرەکانی تری گەندەڵییە: گەندەڵیی ڕۆشنبیری، گەندەڵیی ڕۆژنامەوانی، گەندەڵیی ئەکادیمی و گەندەڵیی ئیداری (بیرۆکراتی) و ئەمە و تا دەگاتە ئەو گەندەڵییەی لە پێوەندییەکانی ناو خێزان و لە شوێنە ناسکەکانی کۆمەڵگە (هاوڕێیەتی، ئەوینداری، هونەر و...) خۆیان حەشار داوە.

ڕاستە کارێکی ئاسان نییە حزبی سیاسیی گەورە لە کۆلاپسی سیاسی- ئایدۆلۆجی و گەندەڵیی ئیداری و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەربازی بێ. ئەمە و ئەوەش ڕاستە حزبە گەورەکان کە ڕادیۆ و کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی و ڕۆژنامە و کۆوار و نێوەند و مەڵبەندی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی جیا جیا و زۆریان لە بەردەستدایە، دەکارن هێزە باش و نابەدەکان بخەنەگەڕ و هیوایەکی سیاسی بەبەر کۆمەڵگەی هەنووکەی کوردیدا بکەن. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە تا ئێستا ئەوە ڕوون نەبووەتەوە حزبە سیاسییە گەورەکان لەوە گەیشتبێتن کۆلاپسی سیاسیی کورد و بەشێکی زۆر لە گەندەڵیی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستانی نوێ، کوردستانی پاش ئەنفال و هەڵەبجە، لە دەست حزبە سیاسییەکانە چارەسەرکردنی.

بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەکەمان تایبەت بە حزبی گەندەڵ لە زەینی خوێنەردا پتر بەرجەستە بکەین، دەچینە سەر ئەم چەند سەرنجانەی لای خوارەوە کە بەهۆیانەوە ئەوە شی دەکەینەوە چۆن کودەتایەکی لۆجیکی لە وتاری سیاسیماندا پێویستە و چۆنیش ئەو کودەتایە دەکارێ کودەتای ڕەوشتی بەدووی خۆدا بێنێ:

* زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە سۆسیۆ- سیاسییانەی لەسەر کۆمەڵگە گەندەڵەکان دەکرێن ئاماژە بەوە دەکەن ئەوەی ئابووریی بەدەستە، ئەوەی ئیدارەی سیاسیی کۆمەڵگە دەکا، ئەوەی داهات دابەش دەکا و ئاگای لە نهێنییەکانی سامانی نەتەوەیە، ئەو پتر لە پشت گەندەڵییەکانەوەیە و هەر ئەویشە هێزە بۆ لەباربردنی گەندەڵی. بۆیە ئەرکێکی ڕەوشتیی تاکی سیاسیی کوردە بکارێ بڵێ نەخێر بۆ گەندەڵی. ئەم نەخێرەی ئەم بناغە بۆ لۆجیکێکی تازە لە سەیرکردن بۆ کۆمەڵگە دادەنێ.

* ڕاستە زەبری سیاسی کە لە کۆمەڵگەدا بۆ ماوەیەک نەشونما دەکا ڕیزێک زەبری تریش لە تەک خۆیدا بەرهەم دێنێ، بەڵام بەنەمانی زەبری سیاسی، بەهەشتی سیاسی دروست نابێ. دەلیلیشمان لەسەر ئەوەی دەیڵێین ئەوەیە کە ئێمەی کورد پاش دەربازبوونمان لە زەبری بەعس،

کەوتینە ناو زەبری گەندەڵییەوە. ئێستا ئێمە بۆ دەربازبوون لەم زەبرە، پێویستە گشت هێزە ڕەوشتییەکان کە هێزی لۆجیکی کۆمەڵگەشن بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی بەکار بەرین. لەم ڕووەشەوە هێزە سیاسییەکان دەکارن ڕۆڵی نەک هەر نەتەوەیی بگرە مرۆییش ببینن.

* ڕێگەگرتن لە بەهەڵە بەکاربردنی داهاتی نەتەوە و بەهێزکردنی پایەکانی ژێرخانی ئابووریی کوردستان لە ڕێگە چارەسەرە هەستیارەکانن بۆ دیاردەی گەندەڵی. چونکە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری یەکێکە لەو ئارگومێنتانەی بیریار و ڕووناکبیرانی ڕۆئاوا بۆ نەشونمای دیاردەی تیرۆر جەختی لەسەر دەکەن. بەڵام دیاردەی تیرۆری کۆمەڵگەی تازەی کوردی دیاردەی گەندەڵییە. گەندەڵی تیرۆرێکی نەرمونیانە لە کۆمەڵگەی تازەی کوردیدا. بۆ لەباربردنی ئەم فۆرمە نوێیەی تیرۆر، کە گەندەڵییە، پێویستە هێزی پاکدامێنی لە کۆمەڵگەدا بخرێتە گەڕ. ئەم هێزە کە هەیە و بنکەی لەناو کورداندا کۆنە مەرجە ڕەوتی ئاشتییانە و هێمنانە بۆ داتەپاندنی ئەخلاقیی گەندەڵی بگرێتە بەر. هەر لەبەر ئەوە بنەبڕکردنی گەندەڵی و تەوژمی دارمان پێویستی بەئەزموون و ژیرییەکی تایبەت و دەگمەنە و، لەکارخستن و لاپەڕێزکردنی گەندەڵخوازەکان، دەبێ بەجۆرێک بێ بە زیانی پرۆژەی سیاسیی نەتەوەییمان نەکەوێتەوە و، بەجۆرێ ئاشتییانە و دۆستانە بێ و ناحەزی و دوژمنگەرایی لە پاش خۆی بەجێ نەهێڵێ.
* گۆڕینی وێنەی سیاسیی حزبی کوردی لەسەر تاکی کورد و بینینی ئەم تاکە وەک سامانێکی نەتەوەیی هەمیشەیی، پێوەندیی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و تاکی کورد بەتەندروستی دەکا.
* هەڵەیە گرێدانەوەی داهاتووی سیاسیی حزبی سیاسیی کوردی بە فەراهەمکردنی ئازادییەوە. چونکە ئازادی بێ مانا دەبێ کاتێ سیاسەتکردن لێوانلێوە لە گەندەڵی.

## لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ڕۆشنبیریی ئابووریی تاکە کەس بێ ئەندازە لاوازە

داهاتی نەتەوەییی کورد (وەکی تر ئابووریی کوردستان) جێی بایەخی کەس نییە و، پسپۆڕ و توێژەرەوە لە ئابووری و بەتایبەت لە بواری ئابووریی تازە لەناوماندا بێ ئەندازە کەمە و، ئەو هەموو ڕۆژنامە حزبی و ئازادەی لە کوردستانیش دەردەچن کەمترین دێر لەسەر داهاتی نەتەوەییی کورد و باسە ئابوورییە ناوەخۆیی و جیهانییەکان بڵاو دەکەنەوە. بۆیە بەهۆی ئەم بەشەوە قسە لەوە دەکەین کە تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و سیاسی و ڕۆشنبیران بەتایبەتی، خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی ئابووری نین و خەیاڵ نادەنە ئەو شتەی پێی دەوترێ داهاتی نەتەوە. ئەڵبەتە بێ ئاگابوونیش لە داهاتی نەتەوە و بەتەنگەوەنەهاتنی ئەم لایەنە بەزیانی داهاتووی ئابووری، یاخۆ داهاتی، تاکی کورد کەوتووەتەوە. گومانیشی ناوێ، زۆربەی ئەو کۆمەڵگەیانەی دووچاری هەلاوسانی درێژخایەن و بێکاری و تەنگژەی ئابووریی جۆراوجۆر دەبن لە گەلێ ڕووەوە پێوەندیی بەوەوەیە کە داهاتی نەتەوە فەرامۆش دەکرێ و ئابووریی تاکە کەس حسێبی دەقیقی بۆ ناکرێ. کاتێ تاکی سیاسی و دواتر تاکەکانی تری کۆمەڵگە شارەزایی و وشیاریی ئابوورییان لەسەر پرۆسەی ئابووریی نەتەوە و ئاسایشی ئابووری نامێنێ ئاگایان لەو هەرەشە سەیرە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەش نابێ، بەهۆی ئەم لایەنەوە دووچاری دەبنەوە.

بۆ گەلێ لە خوێنەرانی ئەم چەند دێرە ئەوە ڕوونە کە ئابووریی کوردستان ئابوورییەکی ناجێگیرە و، ئەم ئابوورییە لە گەلێ حاڵەتدا بە یارمەتی و کۆمەکی ناوچەیی و جیهانی دەژی. ئابووریی کوردستان کە ناسەربەخۆیە و نافرە سەرچاوەشە تا بڵێی بابەتێکی هەستیارە و شایانی توێژینەوەیەکی زۆرە. ئەم چەند دێرە دەکرێ، پتر ڕوون بکرێتەوە و تا ڕادەیەک و تا ئەو شوێنەی ئەوە ڕوون بکاتەوە (هۆشیاریی ئابووری) نەک تەنیا لەناو خەڵکدا گرینگیی پێ نادرێ. بگرە لەناو سەرانی سیاسیی کورددا و تاکە سیاسییە جیاکانیش. بۆ ئەوەی ئەم چەند دێرە زیاتر بکەینەوە بەپێویستی دەزانین بچینە سەر چەند لایەنێک لەوانە :

لایەنی یەکەم ئەوەیە کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە سەرچاوە ئابوورییەکەی برێتییە لەو یارمەتییە سیاسییانەی لێرە (بەغدا لەپاش ٢٠٠٣ وە) و لەوێ (ئەمەریکا و یەکەتیی ئەورووپا و داوودەزگا نێودەوڵەتییەکانیان) وەری دەگرێ. ئەم لایەنە کە شیکردنەوەی دەوێ هیچی لەبارەوە نەوتراوە. کوردستانی ئەمڕۆ لەبەرئەوەی تا ١٩٩١ لەژێر دەسەلاتی ڕژێمێکی پاتۆلۆجی وەک بەعسدا بووە، ئەمە وای کردووە ئەوەندە پێش نەکەوێ و نەبێ بە بنکەیەکی ئابووری و ئابوورییەکەی فرە داهات و فرە سەرچاوە نەبێ. بۆیە ئابووریی کوردستان ئابوورییەکی پاشکەوتوو

و ناپەرەپێدراوە. بەڵام پاش ١٩٩١ دۆزێک نەک هەر سیاسیی تر بگرە دۆزێکی ئابووریی تریش هاتە پێشەوە. ڕاستە سەرەتا ئەمە بە تاڵان و هەڕاجکردنی ئەو نەختە شتە دەستی پێ کرد ڕژێمی ناوبراو لە کوردستان بنیاتی نابوو، بەڵام ئەو شێوە دەستپێکردنە نیشانەیەکی گەورە بوو لەسەر تێنەگەیشتن لە واتای سامانی نەتەوە و داهاتی تاک لەم سامانە و ئەڵبەتە لە چەند شتێکی سیاسیی تریش لەوانە:

* ئەو دەستەبژێرە سیاسییە پارتیزانەی لە شاخەوە هاتە ناو شار نە خەیاڵێکی داهاتووانەی سیاسییان هەبوو نەش ئابووری. ئەوان هەر خەیاڵیان لای ئەوە بوو ڕژێم کەی دێتەوە و کەی کورد پەلامار دەدرێتەوە و گەر هاتیشەوە چۆن وا لە ڕژێم بکرێ بێتەوە سەر هیچ. ئەم بۆچوونە کە بۆچوونی هیچگەراییی سیاسی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگە خستەوە بەڵگەش بوو لەسەر لاوازیی هزریی سیاسیی سەرانی کورد و تێنەگەیشتنیان لە واتای ئابووری. ئەو تاڵان و ئاودیوکردن و هەڕاجکردنەش کە بەبەرچاو سیاسییەکانەوە دەکرا (ئەڵبەتە بە بەشداریی هەندێکیشان) کارێکی وای کرد نەک تەنیا ئابووریی کوردستان بگرە کۆمەڵگە و دەروونی خەڵکیش گەندەڵ و بیمار بکرێ.
* واتای ئابووری، ئابووریی نەتەوە، لەناو سەرانی کورد و تاکە جیاکانی کۆمەڵگە ئەو بەها و هێزەی نییە. کەسێکیش ئاوا تەماشای ئابووریی خۆی بکا و سامانی نەتەوە بەو جۆرە بەکار بەرێ کە لای سەرەوە ئاماژەی پێ کرا بەبێ گومان دووچاری گەندەڵی و دارمانی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبێ. بەشێک لەوانەش کە ئەندازیاری ئەم بوارەن ئێستا بەرپرسی گەورەی سیاسی و ئیدارین و شوێنیان لەناو دەوڵەت و جێگە جیاکانی کۆمەڵگە هەیە. ئەم جۆرە کەسانە کە ئومێدی نەتەوەییی گەورەیان پێ ناکرێ و ناشێ ئاسایش و ئازادی بخرێتە ژێردەستیان لە گەندەڵییەکان بەرپرسیارن. بەڵام ئەو بەدییە ئابوورییانە کە داهاتی نەتەوەییان خستە ژێر مەترسییەوە تەنیا کردەی سیاسییەکان نەبوو بگرە گەلێ لە تاکە جۆراوجۆرەکانی تری کۆمەڵگەش (کاسبکار، کارمەند، قوتابی، پێشمەرگە و... هتد) لەوە بەشدارن.

لایەنی دووەم، ئەوەیە کوردستان لە ناکاو و بەبێ بناغە بوو بەبەشێک لە بازاڕی گلوباڵ و شوێنێ بۆ سەرمایەگوزارییەکی بێ پرەنسیپ و بێ یاسا. ئەم لایەنە کە ئەوە ڕوون ناکاتەوە هۆشیارییەکی ئابووریی سیاسی لەناو تاکی سیاسی و باقی خەڵکیشدا ڕیشەی داکوتیبێ گەندەڵییەکەی بەهێز کرد. هۆی ئەم بەرەڵاییە ئابوورییە کە بۆ چەند لایەنێک دەگەڕێتەوە گرینگترینیان ئەمانەن:

* ئەمە کرا تا وێنەیەک لەسەر کوردستان دروست بکرێ کە شایانی یارمەتییەکی پتری نێودەوڵەتییە و، ئەمەش دیسانەوە بەسوودی دەسەڵاتی سیاسی دەگەڕێتەوە، چونکە یارمەتییە ئابوورییەکان کە تا ئێستاش نهێنین وەک خۆی بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری بەکار نابرێن و داهاتی نەتەوەییشیان پێی بەرز ناکرێتەوە و بوونە بە مایەی گەندەڵی. داهاتی نەتەوەییی گشت نەتەوەیەک، یان وڵاتێک، کە ئەو داهاتەیە خەڵک سەرچاوەکانی دەزانی و هەروەها شێوەی بەکاربردنەکەشی دەناسێتەوە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا شاراوە و بێ نرخە.

* ئەوەی کوردستان بکرێ بە بنکەیەکی سەرمایەگوزاری لە ناوچەکە و ئەمەش وا بکا دەوڵەمەندێکی زۆری جیهانی و ناوچەکە چارەنووسی ئابوورییان بە دۆزی سیاسیی کوردستانەوە ببەسترێتەوە و ئەمەش لەلایەن خۆیەوە ڕێگەیەک بێ بۆ ئەوەی ستاتۆسی سیاسیی کوردستان پارێزراو بێ و بەدوور بێ لە هێرش و پەلاماردانی ناحەزان ئەمە هێپۆتێزێکی بەرزە، بەڵام ئەم هێپۆتێزە، پێویستە هۆشیارییەکی ئابووریی نەتەوەییی لە پشتییەوە بێ نەک دروستکەری گەندەڵی بێ.

دوا لایەن ئەوەیە کە بوونی کوردستان بەناوچەیەکی بازرگانی بۆ ئەوەش دەشێ بگەڕێتەوە کە خودی سیاسییەکان بتوانن پارەکانیان بێ ترس بخەنە گەڕ و لە ڕێگەی ئەوەشەوە ئاگایان لە جووڵەی بازاڕ هەبێ و لەلایەکی تریش داهاتیان هەردەم بپارێزن و ئابوورییەکی باش بۆ خۆیان دابین بکەن.

سەرباری ئەوەی لای سەرەوە وترا، بۆ جەختکردن لە بێ ناوەڕۆکیی هۆشیاریی ئابووریی تاکی کورد ئەوەش دەڵێین کە ئەم تاکە ناڕۆشنبیرییە ئابوورییەکەی واشی لێ دەکا لەوە نەگا بۆ فڕێ دراوەتە ناو کولتوورێکی ترسناکەوە کە ئێمە لێرە ناوی دەنێین ((کولتووری پارە. ((کولتووری پارە کە گومانی ناوێ لە ئێستادا لە گشت کۆمەڵگەکانی جیهاندا سەردەستە و بەرهەمی گلوبالیزمە لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ئەم کولتوورە دەرهاویشتەی سەیر و بێ وێنەی خستووەتەوە. هۆی ئەوە ئەڵبەتە زۆرە و لە چوارچێوەی میتۆدی نووسینەکەدا هەندێکی بەسەر دەکەینەوە:

* پارە لە کۆمەڵگەی گەندەڵ، لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئەوەی کوردستانی ئەمڕۆ کە بەوە بەناوبانگە پارە (دۆلار)ێکی زۆری تێدا ڕژاوە، لەژێر دەست هەندێ کەسدایە هیچ ڕێزێکیان بۆ ئابووریی نەتەوە نییە.

* بوارەکانی پارە دروستکردن لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ئەوەندە قێزەونن، هیچ مانایەک بۆ ژیان لە دەرەوەی پارەپەرستییەوە نەماوە.

* لۆجیکی ((پارە دروستکردن بە هەچ جۆرێ بێ)) کە بەخۆی لۆجیکی گلوبالیزمە کاریگەری بەسەر گشت بوارەکانی ژیانەوە بەجێ هشتووە. لەو کۆمەڵگەیانەش دامەزراوەی مەدەنیی ڕاستەقینە زۆرن و سنوورێک لە نێوان ماف و ئەرکەکانی تاک لە کۆمەڵگە هەن ئەم لۆجیکە لە گەلێ ڕووەوە چاودێری دەکرێ، بەڵام موخابن لە کۆمەڵگەی گەندەڵ ئەم لۆجیکە وەک بیانوویەک بۆ پتر داتەپاندنی داهاتی نەتەوە بەکار دەبرێ.

بۆیە ئەوەی لای سەرەوە وترا، جارێ تر دەمانهێنێتەوە سەر ئەوەی حەخت لەوە بکەین تاکی کۆمەڵگەی گەندەڵ تاکوتەرا نەبێ ڕۆشنبیریی ئابووریی نییە و ئەم کێشەیەش زۆر گشتییە و کەم کەس لێی دەرباز بووە. تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە کە شارەزاییەکی زۆریان لەسەر داهاتی ئابووریی کۆمەڵگە، یان وڵات، نییە و لە سەرچاوەکانی دروستبوونی داهاتیش ناگەن نازانن داهاتی نەتەوە چۆن پێک دێ و ئەو ڕێگەیانەش چین ئابووریی نەتەوەیییان ڕاگرتووە. ئەم لایەنە کە کێشەیەکی ئاسایی نییە و کێشەیەکی مەدەنی و سەردەمی نییە، تاکی ئەم کۆمەڵگەیە بێ خەبەرە لێی. بەڵام

ئەم تاكە شارەزاییەكی ڕۆژانە و پچڕپچڕی لەسەر نرخی دراو و هەندێ كاری تر (وەک زێڕ یان زەوی) هەیە، ئەمە نە ڕۆشنبیرییەكی قووڵی دەوێ تا ئەم ئاگاییە پێک بێ و نەش شتێكی ئاساییە. بۆ؟ چونكە تاكی كۆمەڵ كە زۆر نائابووری دەژی و زۆرترین پێوەندیی لە تەک بەفیڕۆدانی پارە و شتە ماتریالییەكانی تری هەیە بۆ دەبێ تەنیا لە نرخی ڕۆژانەی یۆرۆ (یان دۆلار) یان عەقارات بەئاگا بێ؟ ئەمە كە بەخۆی نیشانەیە لەسەر نەبوونی ڕۆشنبیرییەكی ئابووریی ڕاستەقینە لە كۆمەڵگە بەرهەمی ئەو گەندەڵییە ئابوورییەیە تاكەكانی شار دەیژین. ئەم گەندەڵییە وای كردووە كۆمەڵگە سەرجەم نرخی ڕۆژانەی دراوە سەرەكییەكانیان لەبەر بێ و، هۆی ئەمەش كە گەلێک زۆرە لای خوارەوە تەنیا یەک دوو دانەی لێ دەخەینە بەرچاو.

یەكێک لە هۆیەكان ئەوەیە كە دراوی ناوەخۆ بێ نرخە و كەس پشتی پێ نابەستێ. هەرچی هۆی دووەمە ئەوەیە گەندەڵیی ئیداری و ئابووری وای كردووە خەڵک زۆرترین زانیارییان لەسەر نرخی عەقارات هەبێ، چونكە دەسەڵات جۆرە كولتوورێكی كۆمەڵایەتیی لەناو خەڵكدا چاندووە كە ئێمە لێرە ناوی دەنێین (پەتای زەوی وەرگرتن). هۆی سێیەمیش ئەوەیە، لەبەرئەوەی سەرچاوەكانی بەشێكی زۆر لە ژیانی تاكەكانی كۆمەڵ (دنیایەک لە خێزانەكانی كوردستان) بەو یارمەتییە گرێ دراوە كەسوكار و ناسراوەكانیان لە ئەورووپاوە بۆیان ڕەوانە دەكەن، ئەمەش مەجبووریان دەكەن ڕۆژانە ئاگایان لە نرخی دراوە گەورەكان بێ (یۆرۆ، دۆلار) ئەم دیاردەیەش كە لە دنیادا دەگمەن و بێ وێنەیە كێشەهێنەر و ڕووداوێكی كۆمەڵایەتیی سەیرە.

مایەوە هەر تایبەت بە ناهۆشیاریی ئابووریی تاكەكانی كۆمەڵگە ئەوەش بڵێین كە ئێمە لە گەلێ شوێن لەم كتێبەدا ئاستی ڕۆشنبیریی میدیای كوردیمان خستە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ئەوەی لێرە دەمانەوێ جەختی لێ بكەین ئەوەیە كە ڕۆشنبیریی ئابووری لە میدیای كوردیدا شوێنی نییە. پشتكردنی میدیای كوردیی نوێ لە ئابووری وەک زانست و لە زانینی ئابووریناسان و زەوینە خۆشنەكردن لە بەردەم خوێنەران بۆ گەڕان بەدووی هەواڵ و شیكردنەوەی ئابوورییانە بە زیانی گەورەی ئەم میدیایە دەگەڕێتەوە. ئەمەش زیان لە توانای ڕۆشنبیریی تاک دەدا و ئەم ڕۆشنبیرییە گرفتاوی دەكا.

ئەمەش بەخۆی نیشانەیە لەسەر ئەوەی ڕۆشنبیریی نووسەر و ڕۆژنامەوانی كۆمەڵگەی گەندەڵ تا بڵێی نائابوورییە یان ڕۆشنبیریی ئابووری ئەو بایەخەی لە بواری میدیادا نییە. ئەم میدیایە نەک سەرگەرم نییە بە ئابووریی نەتەوە و توانای ئابووریی تاک و دیاردە ئابوورییە گرینگەكانی ناو كۆمەڵ وەک: دیاردەی بێكاری، هەژاری، گەندەڵیی ئابووری بگرە بەهیچ جۆرێک كاغەز لەسەر دۆزی ئابووریی جیهانییش ڕەش ناكاتەوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كاری ڕۆژنامەوانی لای ئێمە تەنیا بە باسی ئەدەبی، هونەری و بابەتە سیاسییە ڕۆژانەیی و سەرپێییە سواوەكانەوە سەرقاڵە. بۆیە بابەتی وەک سەرمایەداریی جیهانی، دۆزی بازاڕی جیهانی و پێوەندیی ئابووری بە نەخت (فینانس)ەوە و پێوەندیی ئەوەش بە تەكنیكی تازەوە و شوێنی لە بردنە ڕێوە و یان دیجیتالیزەكردنی ئابووریی ئەو نرخەی بۆ ڕۆژنامەوانی كورد نییە. ئەمەش وا لە ئێمە دەكا لەلای

بڵێین نووسەری ئابووریمان نییە و لەلایەکی تریش خوێنەری نووسینی ئابووریمان نییە، چونکە دەبایە ڕۆژێک لە ڕۆژان خوێنەرێک لەم ڕووەوە و لەناو ئەم دنیای ئازادیی ڕۆژنامەوانییەدا دەنگێکی لێ بەرز بووایەتەوە و لەو ڕووەوە چەند قسەیەکی بکردبایە.

ئەڵبەتە ئێمە دەزانین ساڵانە خەڵکانێکی زۆر لە زانکۆکانی کوردستان بەکالۆریۆس و ماستەر و تەنانەت دوکتۆراش لە ئابووری و بەڕێوەبردن (ئیدارە) وەردەگرن، بەڵام ئەمە لایەنێکە و ئەوەی ڕۆشنبیریی ئابووری لەناو ئێمە بوونی نییە، لایەنێکی ترە. ئەڵبەتە دووریش ناڕۆین گەر لەم ڕووەوە بڵێین: لە گشت میدیای حزبیدا و غەیرە حزبیدا چەند ناوێکمان بەرچاو ناکەوێ کە ناویان وەک ڕاوێژکاری ئابووری، ئابووریناس، شیکەرەوەی تەنگوچەڵەمە ئابوورییە لۆکالی و جیهانییەکان ڕۆیشتبێ.

بۆیە ناماقووڵیمان نەکرد لە لاپەڕەکانی لای سەرەوەدا ڕەخنەی نووسینی ڕۆژنامەوانیمان بەگشتی و نووسینی کوردی بەتایبەت کرد. ڕۆژنامەوانی کورد کە مەیلی بۆ نووسینی تێکستی ئابووری و شیکردنەوەی تەنگژە و کێشەی ئابوورییەکان نییە، ئابووری وەک زانست نابینێ و لە ئابووریشدا چالاکییەکانی کار، بەرهەمهێنان، وەبەرهێنان و دابەشبوون بەدی ناکا. ئەم کە ڕەخنەی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی ناکا لەو بازاڕە دیجیتالیزەکراوە نەختی (مالی، فینانس)یەش ناگا کە بنکەی ئابووریی تازەیە. ئابووریی کوردستان کە خۆی وەک بەشێک لە ئابووریی گلوبال نیشان دەدا مەرجەکانی ئابووریی تازە لە ئابووریی کوردستاندا بەدی ناکرێ. بازاڕی کوردستان کە بەدەست بازرگانی (سەرمایەداری) لادێییەوەیە لەو بازاڕە سەرمایەدارییە بەتەکنیککراوە جیایە لەسەر بناغەی یاسا ئابوورییە تازەکان دەڕوا و مافێکی زۆری کڕیار لە بەرچاو دەگرێ. بازاڕی تازەی کوردی کە خۆی لەسەر بێ یاسایی و نادادپەروەری بنیات ناوە سیفەتەکانی کڕین و فرۆشتنی سەردەمی تێدا بەدی ناکرێ. بۆیە کارنەکردنی میدیای کوردی لەسەر ئابووری و بایەخنەدان بە بەرزکردنەوەی پەروەردەی ئابووریی تاک لە کۆمەڵگە تەمەنی گەندەڵییە ئابوورییەکە درێژخایەن دەکا. بۆیە دەکرێ بوترێ بازرگانی بەبێ هزرێکی ئابووریی نوێ بازرگانییەکی فاشیلە و ئابووریی نەتەوە دادەتەپێنێ. بەپێی ئەوەی هزری ئابووریی جیهانی، ئەمڕۆ هزرێکی نوێیە و بە تەکنۆلۆجیای زانیاریی تازەوە گرێ دراوە مانایەکی زۆری بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئابووریی تاک لە کۆمەڵگە هەیە، بەڵام ئەمە کۆمەڵگەی گەندەڵ ناگرێتەوە. چونکە و زۆر بەکورتی، لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا شار کە جەمەی دێ لە بازرگانی (سەرمایەداری) تازە ئەم بازرگانانە لەو گەندەڵییە ئابوورییە سوودمەندن لە بازاڕدا پایەی داناوە. هەروەها ئاراستەی سەرمایەداری لە کوردستان کە ئاراستەیەکی گەندەڵاوییە و دژی پرۆسەی مافی مرۆڤە، ئەمە بووە بە دەستکەوتێک بۆ سەرمایەدارە لادێیییەکان لە گشت ڕوویەکەوە پێشێلی بکەن. ئەم ئاراستەیە کە نادادپەروەری و چەوسانەوە بەرهەم دێنێ، پێویستیی ئەو گەندەڵییە ئیداری و ئابوورییە پڕ دەکاتەوە کۆمەڵگە پێدا تێ دەپەڕێ.

بەپێی ئەوەی سەرچاوەی گەندەڵییە ئیدارییەکەش سیاسییە نەک شتێکی تر ئەمە وا دەکا

گەندەڵییە سیاسییەکە فابریکەی (کارگە) ئەو گەندەڵییە ئیدارییە بێ کە دامەزراوە سیاسی و بیرۆکراتی و ئەکادیمی و پەروەردەیەکانی گرتووەتەوە. بۆیە سەرمایەدارە تازەکان لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا لە بەهەشتی سیاسیدا دەژین، کێشەکە هەر ئەوە نییە بگرە ئەوەشە سەرمایەداری ئێمە سەرمایەکەی تەنیا دەخاتە بواری ئەوتۆوە کە زوو پارەی لێ دەست بکەوێ و بۆیە لای ئێمە دروستکردنی کارگەی مەزن و پرۆژەی ئابووریی گەورە و درێژخایەن مۆدی نییە. بۆیە داهاتی نەتەوە بەرەو لاوازی دەچێ و بەڵام داهاتی تاقمێک باڵا دەکا.

وەکی تریش کارگە لە وڵاتانی ڕۆهەلات و بەتایبەت لە جیهانی عەرەبی- ئیسلامی کە ئێمەش بەشێکین لێی، نە ئەو دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییەی هەیە و نەش ئەو مانایەی بۆ گۆڕینی خووڕەوشت و ڕەفتاری خەڵک هەیە. پاشان ئەوە کارگە نییە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە چوارچێوەی ژیانی کۆمەلایەتی و تێگەیشتنی خەڵک و نیشانەکانی ناو خێزان و قوتابخانە و گشت دیاردەکانی تری ناو کۆمەڵگە دەگۆڕێ. چونکە کارگە لەلایەک نە لە ئاکامی شۆڕشێکی پیشەسازی و زانیاریی تەکنیکییەوە هاتووەتە کایەوە، نەش دەسەڵاتێکی تایبەتی لەسەر خاک و ناو وڵاتی خۆی هەیە. کارگە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا کە لە ئاکامی بڕیارێکی سیاسی- ئابوورییەوە دروست دەبێ و هۆکاری دروستبوونیشی دەچێتە خانەی بەرنامەی ئابووریی پەرەپێدانی دەوڵەتەوە و بەدڵنیاییشەوە زۆرجار لەگەڵ هەموو ئازادییەکی بازاڕی کارگە سازکردن، بەڵام دروستبوونەکەی هەر بەهۆی ئەو نێتە سیاسییە خێڵەکییەوەیە کە خودی دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییەکەی وڵاتەکەی لەسەر بنیات نراوە. بۆ نموونە لە شوێنێک وەک کوردستان دروستکردنی بۆ نموونە کارگەی جلوبەرگی ئافرەتانە لەلایەک وەک بڕیارێکی وەزارەتی پیشەسازی دێتە کایەوە و دواتریش مافی دروستکردنەکەشی زۆر ئاساییە بەو کەسانە بدرێ نەک هەر توانایەکی ئابوورییان هەیە بگرە ئەو کەسانەش کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەشێکن لەو نێتە سیاسی و ئابوورییە خێڵەکییەی دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییەکەی شار و وڵاتەکەی لەسەر دروست بووە. پاشان ئەو کارگەیە بۆ ئەوەی پێویستییەکانی شار پڕ بکاتەوە و سنوورێک بۆ هێنانی دەرەکی و ناخۆماڵی دابنێ دەبێ لەلایەک چ دیزاین و مۆدەی ڕۆئاواییە لاسای بکاتەوە کە پاشان هەر ناشبێ بە جێی ڕەزامەندیی کڕیاری کورد و لەلایەکی تریش ئەو دیزاین و مۆدانە کە هێنراون و لە ژیانی ناو شار و خێزانەوە نزیک نین، ناتوانن بەشداری لە سڕینەوەی ئەو وێنانە بکەن لەسەر پێوەندیی نێوان ڕەنگ و پێست، جوانی و ڕەنگ، مۆدە و لاساکردنەوە و چەندان دیاردەی تر هەمانە. پاشان ئەو مۆدە و دیزاینە هێنراوانە ناشتوانن ئەو شێوە ژیانە تراديسیۆنییە هەڵوەشێننەوە کە لەناو خێزان و قوتابخانە و شوێنی کار خۆیان حەشار داوە. چونکە هەڵوەشاندنەوەی ئەو شێوە ژیان و بیرکردنەوە تراديسیۆنییەی لە کۆمەڵگەکانی ئێمە هەن، تەنیا بەو مۆدە و دیزاینە بێگانانە نابێ و تەنانەت خودی تراديسیۆنەکەش بەجۆرێک لەگەڵی ژیاوین، بووە بە بەشێک لە بوونمان و تەنانەت زۆربەی دیاردەکانیش ڕۆژانە ئەوە نیشان دەدەن کە ئەوە تراديسیۆنە کە بوونمانی گەمارۆ داوە.

کۆمپانیای وشە لە نێوان هەنووکە و دواتردا

# چۆن تازە دەبێ بە هزر؟

## ١– خوڵقاندنی پرسیار لەسەر دۆزی سیاسیی کۆمپانیای وشە

بەپێی ئەوەی هەژاریی فەلسەفەی سیاسی و وەکی تریش تیۆریی سیاسی لە نێوەندی ڕووناکبیریی کورد بەگشتی و ئەمجار لە نێوەندە ئەکادیمییەکەیدا بەتایبەت، دەمێکە ڕیشەی داکوتیوە، ئێمە داوا لە خوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیەی ئەم کتێبە دەکەین ڕاسیۆنالانە و دادپەروەرانە و هزرتەندروستانە لە تەک گوزارە و دەربڕینەکانی نووسەری ئەم چەند لاپەڕەیە مامەڵە بکا و، خۆی تەنیا بەو وێنە و سەیرکردنانەوە گرێ بداتەوە لە تێگەیشتن و بینینی ئەم نووسینەدا پەنهانن و، تەماشاکردن و دیدی وڕێناوی و نەخۆش بەسەر نووسینەکەدا نەسەپێنێ و ئەوەی لە کۆنتێکستی نووسینەکەدا ئامادە نییە نەیهێنێتە ناو نووسینەکەوە. چونکە کارێکی لەو جۆرە بەهەڵە تێگەیشتن دروست دەکا و مەودایەکی بێ سنووریش دەخاتە نێوان هزری نووسەر و بینینی خوێنەرەوە. هەموو ئەوەش ئێمە لەم چەند لاپەڕەیە لە ڕێگەی ڕەخنەی کۆمپانیای وشەوە دەیخەینە بەرچاو بۆ هێنانە سەر سەکۆی شێوە کارکردنێکی تەندروستانە و ڕاسیۆنالانەی سیاسیی کۆمپانیای وشەیە. بە واتایەکی تر، ئێمە دەمانەوێ بەهۆی ئەم نووسینەوە ئەو ئاماژە دژوار و نەکراوانە بهێنینە گۆ کە دۆزێک بۆ خوڵقاندنی پرسیار لەسەر نەک هەر کۆمپانیای وشە بگرە لەسەر سەرجەم وتاری سیاسیی کوردیش دەهێننە پێشەوە.

هەروەک دەزانین، کۆمپانیای وشە بۆ لەمەولا ناوێکی هەستیاری سیاسییە. بەڵام ئەم ناوە هەستیارییەکەی وا ناکا ڕەخنە نەکرێ. ئەمە و ئەم ناوە هەستیارییەکەی تەنیا لەوەوە سەرچاوە ناگرێ کە دەیەوێ شوێنێک بۆ چالاکیی سیاسیی خۆی لە نێوەندی سیاسیی کوردی دابین بکا بگرە لەوەشەوە سەرچاوە دەگرێ کە کۆمپانیای وشە دەیەوێ وەرچەرخانی سیاسی لە وتاری سیاسیدا بکا. ئەم (واتە کۆمپانیای وشە) کە ئەم شوێنە بەئاسانی دابین ناکا و لە تەک ئەوانەی لێوەی هاتووە تەدەر لە حاڵەتی پێکدادانی سیاسیدایە، کاری وەرچەرخانەکەی لە ئێستادا وەک خۆی لە جەستەی سیاسیی کۆمەڵگەی هاوچەرخی کوردیدا، کە کۆمەڵگەیەکی فرە گەندەڵە، بەرجەستە نابێ.

ئەڵبەتە بۆ گەلێ لەوانەش ئەم بابەتە دەخوێننەوە لەو باوەڕەدان جارێ زووە هێنانە پێشەوەی وتن لەسەر ئێستا (هەنووکە) و داهاتووی (دواتری) سیاسیی کۆمپانیای وشە و بڕیاردان لەسەر چارەنووسی لەمەودوای ئەم کۆمپانیا سیاسییە. بەڵام ئێمە لەلایەن خۆمانەوە ئەو ڕیسکە (موجازەفەیە) دەکەین و لە ئاستێکی دیاریکراودا لەسەر هەنووکە و دواتری سیاسیی کۆمپانیای

وشە قسە دێنینە پێشەوە و، قایلیشین بەو ئاکامانەی لە بەرامبەر ئەم قسەکردنە بەدەستی دێنین و ئەو رەخنانەش کە لەو رووەوە رووبەرووماندەبنەوە. پاشان رەخنەکردنی کردەی سیاسیی کۆمپانیای وشە، کە تا رادەیەک ئێمە لەم نووسینە سەرنجمان خستووەتە سەر، بەو دیتنەشەوە وابەستەیە کە کۆمپانیای وشە سەر بە ئەستێرەیەکی سیاسیی تر نییە، بگرە رۆڵەی بە ئەمەکی هەمان ئەو ئەستێرە سیاسییەیە هەمووان تێیدا نیشتەجێین. بۆیە قسەکردن لەسەر کۆمپانیای وشە کارێکی شیاوە. کە وابێ گشت دانیشتوانی ئەستێرەی سیاسیی ئەمڕۆی کورد کەم تا زۆر لەو ئاوەڵناوانە دەگەن کۆمپانیای وشە دروستکەریەتی. دەکرێ هەر لێرەوە باس لەوەش بکرێ کۆمپانیای وشە کە ئەرکی گۆڕانی خستە سەر ئەستۆی خۆی، ئەویش نەبایە شتێکی تر دەکرا هەر دروست بێ. چونکە زەبری گەندەڵی هێندە ئازاردەر و کاریگەر بوو شتێکی تری هەر دروست دەکرد. بەڵام ئەو شتە ترە کە دروست دەبوو وەک ئێستا ئامادە و گورج نەدەهاتە بەرهەم. واتە نهێنیی گەورەی سەرکەوتن و گەشەی سیاسیی پەلەی کۆمپانیای وشە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە هەناوی حزبێکی گەورەی سیاسییەوە هاتە دەر. ئەمەش واتە پێشوەخت ئەزموونی رێکخستن، تێگەیشتنی سیاسی، کارکردنی راگەیاندن و... هتد لە هەگبەکەیدا بوو. بۆیە و بەپێی ئەوەی کۆمپانیای وشە لە رابردوودا هەبووە و لە گەڵێ بەدی و نارێکی و نایەکسانییەکانیش بێدەنگ بووە لە ئەمێستادا قەرزارییەکی رەوشتیی لە ئەستۆدایە و ئەمەش وا دەکا بەرپرسیاریەتی سیاسی و مرۆیی کۆمپانیای وشە رۆژ بەرۆژ لە زیادبووندا بێ. نەک هەر ئەوە بگرە کۆمپانیای وشە لەم سەرەتایەوە ئەرکی خۆخاوێنکردنەوە (خۆپاککردنەوە) لە رابردووی سیاسیشی لە بەردەمدایە. ئەمە کە لە ژیانی سیاسیی ئێستایدا خۆی وەک ئەگەرێکی گرینگ نیشان دەدا بەدڵنیاییەوە کۆمپانیای وشە بەری ئەو ئەرکە لە داهاتوودا بەباشی دەخوا. ئەم خۆخاوێنکردنەوەیە کە دوورییەکی زۆری هەیە، بەردەوامییەکەی چەند جەمسەرییە. بۆ ئەوەی ئەم تێگەیشتنە روون بکەینەوە بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە کۆمپانیای وشە پێویستە چاودێرێکی وریا و هەستیاری دۆزی سیاسیی ئێستای کوردستان بێ و خوێنەرێکی بەسەلیقەی رابردووی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردییش بێ، بەتایبەت لەو شوێن و کاتەوەی راپەڕین سەرهەڵدەدا تا دەمووەختی دەرکەوتنی خۆی. چونکە رابەرانی سیاسیی کۆمپانیای وشە تا ئەو دەمەی لە رووی سیاسییەوە وەک دەستەبژێرێکی سیاسیی تر دەرکەوتوونە بەشێکی دیار بوونە لەو ئیدارە سیاسییە یەک لە دوای یەکانەی پاش راپەڕین سەریان هەڵداوە و کە دواتر خۆیان لێ کشاندووەتەوە. خۆکشانەوەی ئەم دەستەبژێرە سیاسییە لەژێر ناوی کۆمپانیای وشەدا هەڵە نییە و مافێکی سیاسیی خۆیانە و، ئەمە و بگرە دۆزی سیاسەتکردن لە کوردستان لە پاش راپەڕینەوە بەجۆرێک ستروکتورێرە بووە (بنیاتی گرتووە) شیاویی بۆ دروستبوونی گرووپی سیاسی هەردەم لە ئارادایە بەتایبەت لەو شێوە گرووپە سیاسییانەی سیاسەتێکی شەفاف دەکەن و زیان بەئاسایشی کوردستان ناگەیەنن. چونکە لە کۆتاییدا بڵاوکردنەوەی لۆجیکی ئاسایشپەرستی و بەتەنگەوەهاتنی ئاسایشی نەتەوەییمان ئەرکی نەک هەر سیاسی بگرە رەوشتی و مرۆیی هەمووانە. چونکە سازاندنی ئۆپنیونی (دید، تێگەیشتن) سیاسیی راڕا و گەندەڵ، زیان بە ئاسایشی نەتەوەییمان دەگەیەنێ و هیوا سیاسییە مەزنەکانی

کورد، کە تەمەنیان هیچ نەبێ سەد ساڵێک دەبێ، مردار دەکەنەوە.

بۆ ئەوەی پتر بێینە نێو باسەکەمانەوە بەچاکی دەزانین لەو سەیرکردنەوە وەسەرەتا بڵێین کە کاری پرسیار خوڵقاندن کارێکی هزرییە و، ئەمەش وا دەکا دۆکترین (عەقیدە)ی سەرەکیی ئێمە لەم نووسینە و لە وتن هێنانە گۆڕێ لەسەر کۆمپانیای وشە کارکردن بێ لەسەر پرسیار سازدان. ئەڵبەتە سەرەتای پرسیارسازییەکەشمان خۆی بەم شێوەیەی لای خوارەوە دادەڕێژێ :

ئاخۆ کۆمپانیای وشە تازەیە؟ ئاخۆ گشت تازەیەک هزرە؟ باشە چۆن تازە دەبێ بە هزر؟

ئەو پرسیارانەی لای سەرەوە لە هەناوی نووسینەکەدا، کە لق و پۆپی تریش دەخەنەوە، تێکڕا بۆ ئەوە دەست لەملن کە هیچ نەبێ کەمترین سەیرکردن لەسەر ئێستا و دواتری کۆمپانیای وشە بهێننە گۆڕێ. بەم جۆرە، دۆکترینی ئێمە لەم نووسینە کورتەدا تایبەت بە کۆمپانیای وشە، کار بۆ هێنانە کایەوەی زۆرترین پرسیار تایبەت بەم کۆمپانیایە دەکا. مەیلی ئێمەش لەم نووسینە بۆ پرسیارکردن تایبەت بە کۆمپانیای وشە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە تەنێ لە ڕێگەی پرسیار دروستکردنەوە دەشێ لە هەقیقەت و ئەسڵی شتەکان تایبەت بەکۆمپانیای وشە بگەین.

وێڕای ئەوەی وترا، ئەوەش دەڵێین، دیارە گشت نووسینێک لە پێناو بەدیهێنانی چەند ئاکام و ئامانجێکدا دەنووسرێ. ئەڵبەتە بۆ ئێمە و لەم حاڵەتەدا خاڵی سەرەکی لەو ئاکام و ئامانجانە، کە بەخۆی پەیامی ڕاستەوخۆی گشت نووسینێکی ڕاستەقینەی غەیرە گەندەڵیشە، گفتوگۆکردنی ئەوەیە کە وەک کێشە دەبینرێ. بەم جۆرە بێ و بەپێی دیتنی ئێمە ئەو دەمەی کێشە هەیە، مەرجە گفتوگۆ لەدایک بێ. یان ڕوونتر بدوێین، ئێمە کێشە دەبینین، کەموکووڕی بەدی دەکەین، بۆیە هەستاوین بە نووسینی ئەم تێکستە. خوێنەریش تا تێکڕای تێکستەکە نەخوێنێتەوە لەوە حاڵی نابێ، ئێمە چ جۆرە کێشەیەک دەبینین و، چۆن چۆنییش کێشە دەبینین، واتە بەچ شێوەیەک تەماشای کێشە دەکەین، چی بە کێشە دەزانین و چی بە کێشە نازانین. بۆ ئەوەی ئێمە سەیرکردنمان بۆ ئەوەی ناومان کێشە و بەتایبەت کێشەی سیاسی کە ڕۆژانە لە کۆمەڵگە گەندەڵەکەماندا سەردەردێنێ، دەستنیشان بکەین بەباشی دەزانین نووسینەکەمان بە چەند پەرەگرافێکەوە گرێ بدەین کە هەریەک لەو پەرەگرافانە کار بۆ ڕاڤەکردنی دۆزی سیاسیی کۆمپانیای وشە لەلایەک و لەلایەکی تریش کۆمەڵگەی فرە گەندەڵی ئەمڕۆی کوردی دەکەن.

بۆ ئەوەی پەرەگرافەکان لەگەڵ ماهییەتی نووسینەکەدا لە پێوەندیدا بن بەپێویستی دەزانین هەر لەم سەرەتایەوە بەشێک لەو پرسیارە بنەڕەتییانە بەردەست خوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیە بخەین کە زەوینە بۆ تێگەیشتن لە مەرامی نووسینەکەش خۆش دەکەن. لەو پرسیارانە:

* بۆ کۆمپانیای وشە لە ڕاگەیاندنەوە دەستی پێ کرد؟ ئەم پرسیارەش دوو پرسیاری ناڕاستەوخۆی تر لەگەڵ خۆی پەلکێشی ناو نووسینەکە دەکا: بۆ سیاسەتکردن دەبێ یەکسەر بە ڕاگەیاندنەوە گرێ بدرێ؟ بۆ ئەو هەموو هیوابەخشینە بە ڕاگەیاندن (وتن، نووسین، دەنگ و وێنە)؟

* بۆ کۆمپانیای وشە ناوی گرووپێکی سیاسی، یاخۆ، ناوێکی سیاسی یان ئایدیۆلۆجیی زەق

بەخۆیەوە ناگرێ؟

* چۆن دەکرێ پێوەندیی سیاسیی نێوان سەرخان و ژێرخانی کۆمپانیای وشە پێکەوە گرێ درێ؟ واتە چۆن دەشێ پێوەندیی ڕەسمی، کە ئەوەش پێوەندییەکی ئیدیۆلۆجییە، نێوان ڕابەرانی سیاسی و تاکە سیاسییەکانی کۆمپانیای وشە لەلایەک و لەلایەکی تر تاکەکانی تری کۆمەڵگەی کوردی ڕێک بخرێ؟

* بۆ کۆمپانیای وشە دەبێ وەک هیوایەکی سیاسی تەماشا بکرێ؟

* چما کۆمپانیای وشە شوێنی دروستکردنی تاکە؟

* بۆ کۆمپانیای وشە هەر زوو بە دوو جۆر لە هیچگەرایان و بێ ئامانجانی کۆمەڵگەی گەندەڵی کوردی دەورە درا؟

: واتە سیاسییە گەندەڵ و پراگماتییەکان و ڕۆشنبیرە (نووسەرە، ڕۆژنامەوانە، هونەرمەندە) سۆفستاییەکان؟

* بۆ بەم جۆرە سیاسەتکردن؟ و بۆش لە ئێستادا؟

* چۆن سیاسی لە ناسیاسی دەشێ جیا بکرێتەوە؟ و بەرپرسیاریەتیی سیاسیی تاک بەرامبەر بە کۆمپانیای وشە و بەپێچەوانەشەوە چییە؟

بۆ زێدە ڕوونکردنەوەی ئەوەی دواتر لە میانەی وتنەکانماندا دەوترێ بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم نووسینە ئەو نەختە تێگەیشتنە سیاسی و بەیاننامە و هەڤپەیڤین و قسەکردنانەی کردووە بەسەکۆی هێنانە پێشەوەی ئاخاوتن و دروستکردنی وێنە کە کۆمپانیای وشە و بزووتنەوەی گۆڕان کاری بۆ کردووە. ئێمە لە تێکڕای نووسینەکەدا قسە لەسەر کۆمپانیای وشە و ئەو لیستەی ئەم کۆمپانیایە خستییە بازاڕی سیاسیی کوردییەوە لەوێوە دەکەین کە کۆمپانیای وشە و ئەوەی لێی بەرهەم دێ، جا ئەوە لیستی گۆڕان بێ یان بزووتنەوەی گۆڕان یاخۆ هەرشتێکی تر، وەک کردەیەکی سیاسی دەبینین. کەواتە ئێمە قسە لەم نووسینە لەسەر کردەی سیاسیی کۆمپانیای وشە دەکەین و بەس. لە میانەی نووسینەکەدا خەیاڵمان بۆ ئەوە ناچێ ئەم کۆمپانیایە چەند و چۆن کار بۆ دروستکردنی حزب یان گرووپ یانیش بزووتنەوە یاخۆ هەر شتێکی تر دەکا. ئەوەی ئێمە لەم تێکستە کورتەدا ڕاڤەی دەکەین کردەی سیاسییە، کە ئەوەش بۆ ئێمە لە ڕەفتاری سیاسی و دید و بینینی سیاسیی ئەم کۆمپانیایە پێک دێ. بۆیە بۆ ئێمە ئەوەندە بایەخدار نییە ئەم کۆمپانیایە کار بۆ دروستکردنی حزب دەکات یان نەخێر، ئەوەی ئێمە بەردەوام فوکوسی دەخەینە سەر (تەرکیزی لێ دەکەین)، هەروەک پێشتریش وتمان، کردەی سیاسیی ئەم کۆمپانیایەیە و، ئەڵبەتە تەنێ لە میانەی ئەو کردە سیاسییەشەوە بینینی خۆمان تایبەت بە ئەمێستا و دواتری ئەم کۆمپانیایە لەم چەند لاپەڕەیەدا بەرجەستە دەکەین. بۆ ئەوەی کردەی سیاسیی کۆمپانیای وشەش ڕاڤە بکەین، گرینگە لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەوە خوێنەر تێهزرینی خۆی تایبەت بە ئەمرۆ و پاشەڕۆژی کۆمپانیای وشە بە هزری ئێمەوە تێکەڵ بکا کە لێرە و لەوێ لە تێکستەکەدا دەخرێتە ڕوو.

مایەوە لەم سەرەتا کورتەدا ئەوەش بوترێ کە لەم نووسینەدا کار بۆ ئەوە کراوە ئەم نووسینە بەجۆرێک بنووسرێ هەستی سیاسی کەس بریندار نەکا و ڕێگەخۆشکەریش نەبێ بۆ دروستکردنی ڕقەبەرایەتیی سیاسی و، بەڵام لەو شوێنەی پێویستە ڕاستی بوترێ نکوولّی لە وتنی نەکراوە و ئەوەشی کە وتراوە مەرجە لە چوارچێوەی نووسینەکەدا مامەڵەی لە تەکدا بکرێ. ئەڵبەتە هەر ئەوەشە ئێمەی لە یەکەم نووسینمانەوە، کە بە زمانی کوردی نووسیومانە، لە ڕۆشنبیر و نووسەرە سۆفستاییەکانی کورد جیا کردووەتەوە. واتە وتن لە کاتی خۆی و وتن وەک خۆی و نزیک لەو دیاردەیەی وتنەکەی پێوە تایبەت دەکرێ، نەک وتن لە وڕێنە و وتن لە هیچ.

هەروەک لای سەرەوەش وتمان تێکستەکەمان لە ڕێگەی چەند پەرەگرافێکەوە بەرتەسک و چڕەوە بخەینە بەردەست خوێنەر کە خۆیان لەسەر بناغەی سازدانی پرسیار ڕاهێناوە.

٢- کۆمپانیای وشە و لایەنی ئیتمۆلۆجیی دەربڕینەکە:

ڕاگەیاندن وەک ڕۆحی وتاری سیاسی

بۆ ئەوەی لەم سەرەتایەوە قسەکردنێکی کەم لەسەر لایەنی ئیتمۆلۆجیی (ڕیشەناسیی وشە) کۆمپانیای وشە بسازێنین، دەمانەوێ ئەوە بڵێین، کۆمپانیا کە بەوشەی وشەوە لکاوە خۆی، وەک گوزارەیەکی بازرگانی نیشان دەدا تا سیاسی. ئەمەش تەنیا لەبەر لکانی کۆمپانیا بەوشەی وشەوە. ئەڵبەتە وەکی تریش کۆمپانیا بەخۆی گوزارە لە شوێنی پێکەوە کارکردنیش دەکا کە ئەمە مانای پێکەوە کارکردنی گرووپێک دەگەیەنێ. لە ڕووی یاساییشەوە ئەوانەی لەم حاڵەتانەدا پێکەوە لە کۆمپانیایەک کار دەکەن بە ڕێسایەکەوە پابەند دەبن کە کارکردنی تاقمی ناو کۆمپانیاکە بەیەکەوە گرێ دەدا. وەکی تریش هەڵبژاردنی ناوی کۆمپانیا لەلایەن کۆمپانیای وشەوە خۆدوورخستنەوەیە لە هەندێ ناوی سیاسیی باو کە ناو یان ئاوەڵناوی وەکی دیموکراسی یاخۆ سۆسیالیستی بەخۆوە دەگرێ. لە هەمان کاتدا کۆمپانیای وشە، واتە تێکرای ناوەکە پێکەوە، سەرەتایەکە بۆ کۆکردنەوە و پێکەوە کارکردن بەڵام بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆی سیاسی. وەلی لەبەرئەوەی کۆمپانیای وشە لە پێناوی ئامانجی سیاسیدا هاتووەتە دنیاوە، ناتوانێ سیاسەت نەکا. لەوانە گرینگتر دەشێ ئەوەش بوترێ ئەوەی کۆمپانیاکەی دامەزراندووە و ناویشی لێ ناوە کۆمپانیای وشە، سەرەتا ئامانجی سیاسەتکردن بووە نەک شتێکی تر، بەڵام وەک شتێکی سەرەتایی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە ئەم سیاسەتە پراکتیزە کراوە، ئەمەش لەسەرێکی ترەوە ئەو وێنە سیاسییە لە مەغزی ئێمە دەنەخشێنێ کە وشەی وشە کە دراوەتە پاڵ کۆمپانیاوە بەڵگەیە لەسەر مەیلێکی زۆری ئەندازیاری سیاسیی کۆمپانیای وشە بۆ کاری ڕاگەیاندن. بۆیەشە بۆ ئەم کۆمپانیایە یان ئەو تاقمەی ئەم کۆمپانیایە سەرپەرشتیی دەکا ڕاگەیاندن گرینگە.

بەڵام ئەم ڕاگەیاندنە لە ئێستادا گرفتاوییە وەک گشت سەرەتای ڕاگەیاندنە کوردیەکان. دەکرێ خوێنەری ئەم باسە بۆ تێگەیشتن لە مەبەستەکەمان بەخۆی بەراوردێک بکا لە نێوان شێوازی ئێستای ڕاگەیاندنی کۆمپانیای وشەدا و نەک هەر ئێستای ڕاگەیاندنی کوردی بە هەردوو باڵەکەیەوە (حزبی و ئەهلی) بکا، بگرە لە نێوان ئەوانە و سەرەتای ڕاگەیاندنی ئازادیی کوردیشدا،

کە ئەم سەرەتایە ڕیشەکەی بۆ ساتەوەختەکانی ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە. ئەمە و بۆ ئەوەی خوێنەر سەبارەت بە دۆزی ڕاگەیاندنی کۆمپانیای وشە بەتایبەت و ڕاگەیاندنی ئێستای کوردی بەگشتی خاوەنی سەیرکردنێکی پڕ و قووڵی خۆی بێ، گرینگە تایبەت بە ڕاگەیاندنی کوردی ئەو وێنەیەشی لە بەرچاو بێ کە چۆن ڕاگەیاندن وەک کولتوورێک لە وتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا بە درێژاییی یەک سەدە بزوێنەری کردەی سیاسی بووە. بۆیە کۆمپانیای وشە نەک هەر ناکارێ لەناو ئەم جەنجاڵیی ڕاگەیاندنەی ئەمڕۆی کوردی پشت لە ڕاگەیاندن بکا، بگرە بەجۆرێکیش ستروکتورێرەی سیاسیی خۆی دەکا کە لە ئێستا و لە دواتردا ڕاگەیاندن لە کردەی سیاسیی ئەم کۆمپانیایەدا بەشێکی سەرەکییە. کەواتە ئەو ڕیشەسازییەی لە ناوونیشانی کۆمپانیای وشەدا ئامادەیە ئەو وتنەی ئێمە پتر ڕوون دەکاتەوە کە چەند ڕاگەیاندن لە ماهییەتی کردەی سیاسیی کۆمپانیای ناوبراودا بوونی هەیە.

باوەڕی ئەم کۆمپانیایە بە نووسین (تێکست) و دەربڕین و وتن و لە کۆتاییدا بەشوێنی وشە مانای بۆ لکانی وشەی وشە بە کۆمپانیاوە دیوە. واتە ئەو دۆستایەتییە ڕۆحییەی (سیاسەت) و (نووسین ) لە هزری سیاسیی ڕابەری سیاسیی کۆمپانیاکەدا هەیەتی ڕۆڵێکی گەورەی لە پرۆسەی ئەو ناونانەدا دیوە. لە ناونانەکەدا ڕێزگرتنێکی سیاسییانە بۆ وشە، بۆ ئەوەی پێی دەڵێن پەیڤ و گوزارە و دەربڕین هەیە. بەڵام گشت ئەوانە لەژێر چەتری سیاسەتدا نەک لە دەرەوەی.

بێگومان گەڕاندنەوەی ڕێز و هەیبەت بۆ نووسین، یان، بۆ وتن ئەڵبەتە لە ڕێگەی وشەوە کارێکی بێ ئەندازە گەورەیە. بەڵام دیارە و شاراوەش نییە ئەوەی ئەمە، واتە وشە یان وتن یاخۆش نووسین، دەگەیەنێ بۆ کۆمپانیای وشە ڕاگەیاندنە. بەڵام ڕاگەیاندن لە ژیانی سیاسی و ڕووناکبیریی تاکی کورددا یەک پێناسە و یەک تێگەیشتنی نییە، هیچ نەبێ لە پاش ڕاپەڕینەوە. ئەڵبەتە ئێمە ئەوەی لە لاپەڕەکانی لای سەرەوەی ئەم کتێبەدا تایبەت بە دیاردەی (بەرۆژنامەوانیبوونی ڕۆشنبیری: تێکستی گەندەڵ) وتوومانە لێرە دووبارەی ناکەینەوە، بەڵام لە سنووری ئەم بەشە نووسینەی ئەم کتێبەدا قسە لەسەر ئەوە دەکەین کە پشتبەستنی کۆمپانیای وشە بەڕاگەیاندن، پێویستە ڕەوت و ئاقاری ڕاسیۆنالی و ناگەندەڵانە بگرێتە بەر ئەگەرنا هەمان شت دووبارە دەکاتەوە کە لەلایەن ڕاگەیاندنی حزبی و ئەهلییەوە لە ئێستادا بەرهەم دێ.

زۆر بەکورتی ئەوەندە دەڵێین کە، ئەوەی ئێمە لەم ماوە کورتەدا دەرکمان پێ کردووە، ئەوەیە کە تێکڕای ڕاگەیاندنی کۆمپانیای وشە ئەو وێنەیەی لای ئێمە دروست کردووە کە لە هزر بەرهەمهێنانەوە دوورە. ئەوەی دەوترێ و دەنووسرێ و پەخش دەکرێ، بوارێکی بۆ هزرەڤانی نەکردووەتەوە و مامەڵەش لە تەک ڕاگەیاندندا وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی ڕووناکبیری ناکا. ئێمە دەڵێین وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی ڕووناکبیری نەک گشت ڕووناکبیری. چونکە ڕاگەیاندن هەموو ڕووناکبیری لە خۆیدا بەرجەستە ناکا و هەڵەشە ئاوا تەماشای ڕاگەیاندن بکرێ.

ئەمە و لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ڕاگەیاندنی ئێستای کۆمپانیای وشە باش بێ یان خراپ، پێشکەوتوو بێ یاخۆ پاشکەوتوو، ناشێ ببێ بەڕۆحی سیاسی، چاترە بڵێین، ڕۆحی وتاری

سیاسیی کۆمپانیای وشە. چونکە لە سەردەمی نوێدا و ئەڵبەتە پاش دیجیتالیزەبوون و بەگلوبالبوونی ڕاگەیاندن، بابەتی ڕاستی، وتنی ڕاستی و خستنە ڕووی ڕاستی، بووە بە کارێکی نائاسان و لایەندار. بۆیە هیوا، هیوایەکی زۆر، خستنە سەر ڕاگەیاندن لە یەک کاتدا کارێ باش و خراپیشە. کارێکی باشە گەر بکرێ ڕاگەیاندن بەشداری لە گۆڕینی ڕەفتار و بینینی خەڵک بکا، کارێکی خراپیشە گەر ڕاگەیاندن ئەوە کاوێژ کاتەوە کە هەموو دەیڵێن و دەیزانن. ئەمەیان کە هیچی بەرهەم دێنێ داهاتی نەتەوەش بەفیڕۆ دەدا.

کە وابێ دێینەوە سەر یەکێک لەو تێزانەی ئەم نووسینە کاری لەسەر دەکا، ئەوەش ئەمەیە: ڕاگەیاندنی چالاک و دادپەروەر، تاکی چالاک و دادپەروەر دروستی دەکا. لە کوێ تاکی لەم جۆرە هەبێ، ڕاگەیاندنی لەو جۆرەش هەیە. هەر لەبەر ئەوە دەڵێین گشت تاکەکانی ناو ڕاگەیاندنە ئەهلی و حزبییەکان گەندەڵ و هیچکەرا نین. بەڵام گێژەڵووکەی گەندەڵی و هیچکەرایی بەجۆرێک لە کۆمەڵگەدا هەڵی کردووە کەم کەس دەکارێ خۆی لە بەردەمیدا ڕابگرێ. لەسەر بناغەی ئەم تێزە دەشێ بوترێ هەڵەیە کۆمپانیای وشە پێی وابێ، بەهۆی ڕاگەیاندنەوە دەکارێ تاکی ڕاسیۆناڵ (عەقڵانی) و مۆدێرن (نوێ) و دادپەروەر لە کۆمەڵگەی نوێی کوردیدا دروست بکا.

لێرەوە دەچینە ناو لایەنێکی تری نووسینەکەمان و ئەو شتانەی لای سەرەوە بەر ڕاڤەکردن نەخران، ئەڵبەتە لە پەرەگرافەکانی دواتردا دێینەوە سەریان و ڕۆشنایی دەخەینە سەریان.

### ٣- کۆمپانیای وشە و لیستی گۆڕان: دروستکردنی ڕووی سیاسیی تازە

هەر لەم سەرەتایەوە گرینگە ئەوە بوترێ کە، کۆمپانیای وشە و لیستی گۆڕان یەکن. لیستی گۆڕان بەرهەمی سیاسیی کۆمپانیای وشەیە. کۆمپانیای وشە بۆ ئەوەی سیاسەت بکا پێویستی بەوەیە گرووپێکی سیاسی نوێنەرایەتیی بکا و بۆیە کۆمپانیای ناوبراو لە ڕێگەی لیستی گۆڕانەوە ئەمە دەکا. ناشێ ئەوەشمان بیر بچێ کە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی کوردستان (٢٥ی تەمووزی ٢٠٠٩) لیستی گۆڕانی خستە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانەوە و وەک قسەکەری سیاسیی کۆمپانیای وشەش قووت کرایەوە. ئەمە کە هەڵە نییە و بەرهەمی ئەو ئازادییە سیاسییەیە لە کوردستان هەیە و پێویستییەکی سیاسیی ئەم چرکە سیاسییەی هەنووکەی کوردستانی ئەمڕۆشە پێویستە بۆ گشت ئەوانەی لە دەرەوەی کۆمپانیای وشە سیاسەت دەکەن، ئەم ئامادەبوونەی کۆمپانیای وشە هەرس بکەن، بەڵام ئەوەی سەیرە لە پێوەندیی سیاسیی نێوان کۆمپانیای وشە و لیستی گۆڕاندا ئەوەیە کە ڕابەرانی سیاسیی پلە یەک و دوو، یان ئەوەی سیاسیی یەکەمی کۆمپانیای وشە، خۆیان لە قەرەی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی نادەن و دەسەڵات بە زۆری دەخەنە بەردەست ئەو کەسانەی کە دەشێ ناو بنرێن (ڕووی سیاسیی تازە).

ئەڵبەتە لە ڕووی سیاسییەوە دروستکردنی (ڕووی سیاسیی تازە) پێویستییەکی نێوەندی سیاسیی کوردییە، بەڵام کێشەکە لەم حاڵەتەدا، تەنیا لەوەدا چڕ نابێتەوە ڕووە سیاسییەکان لە نێوەندی سیاسیی کوردیدا جێگیر و چەند بارەن بگرە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە ئەم ڕووە سیاسییە تازانە چۆن لە ڕووی سیاسییەوە ڕەفتار دەکەن. چونکە ئەوەی زۆر جار وای کردووە ڕەفتاری

سـیـاسـیی تاکی سـیـاسـیی کـورد، ئەو وێنەیەی لەسـەر دروست بکرێ کـە پڕە لە پارادۆکس و ناهەنووکەییبوونی خودی ڕەفتارە سیاسییەکانە نەک ڕووە سیاسییەکان. بۆیە گۆڕینی ڕووە سیاسییەکان مەرجە گۆڕینی ڕەفتارە سیاسییەکانیشی بەدوودا بێ. بێ ماناش نییە بڵێین لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا وشە سەرووی ڕەفتارە، ئەمە ئەو هەلومەرجە دێنێتە پێشەوە کە ئەو گرووپ و حزبە سیاسییانەی دەیانەوێ خۆیان لە کۆمەڵگە نزیک بکەنەوە مەرجە ڕەفتارکراوە و ڕەفتـارروون بن. ئەمـە کـە بەقـازانجی وتاری سـیـاسـیی نەتەوەش دەگـەڕێتـەوە، شـتـێکی ئونیڤێرساڵیشە. گەر هزری سیاسییش لە ئاستێکی گەردووناویدا بەبۆچوونی هەندێ کەس لە گرفتدایە یان شیاویی بەگەردووناویکردنی هزری سیاسی نەبووەتە بابەتی گفتوگۆ تەنیا ئێمەی کورد لەم ڕووەوە تاوانکار نین و بگرە ئەمە کێشەیەکی هزریی جیهانییە و گفتوگۆی فەلسەفی، یان بڵێین فەلسەفیی سیاسیی گەرمیشی لەسەرە(٦٢). وەلێ بەگەردووناویبوونی هزری سیاسی، ئەمە ئەرکی فەلسەفەیە کاری بۆ بکا، بەپێی ئەوەی هزری فەلسەفییش، فەلسەفەیەکی پوختی ئەکادیمی، لەناو ئێمە لە پلەی سفردایە، ئەمە وای کردووە وتاری سیاسیمان، چاترە بڵێین سیستەمی تێهزرینی سیاسیمان، لە ڕادەبەدەر لاواز بێ. بۆیە گۆڕینی ڕووە سیاسییەکان هەنگاوی بچکۆلەن، بەڵام کارکردنی تاک، یان تاکی سیاسی، لەسەر بەتاکبوونی خۆی لە هەنگاوە پڕ و گەورەکانن.

سـەرباری ئەوەی لای سـەرەوە وترا، ئەوەش دەڵێین کە، گۆڕینی ڕەفتارە سیاسییەکان داوای گـۆڕینی کـردەی سـیـاسـیی تاکی سـیـاسـیی کـوردیش دەکا. ئەم کـردەیە کـە بە خـودی ئەو وتارە سـیـاسـییـەوە گـرێ دراوە کە ئەو تـاکە کـاری لەسـەر دەکا، پێـویسـتی بە گـۆڕانە. واتە گـۆڕینی سیستەمی بیرکردنەوەی سیاسیی کوردی. چەندیش کۆمپانیای وشە لە بەئاکام گەیاندنی ئەم ڕەفتارە سەرکەوتوو دەبێ، ئەمە جارێ زووە دادوەریی بەسەرەوە بکرێ. بەڵام کۆمپانیای وشە ئەگەر بێتو لەسەر سیاسەتکردن بەردەوام بێ بەبێگومانەوە دەڵێین کە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەوەی سیاسیی ئێستای ئەم کۆمپانیایە و ئەوەی داهاتوویدا دەبێ. ئەڵبەتە ئەم جیاوازییەش بەزۆری ئەو دەمە دەردەکەوێ کە کۆمپانیای وشە کارێکی زۆر دەکا لەسەر گۆڕینی سیستەمی بیرکردنەوەی سیاسی و لەسەر ئەوەی پێی دەڵێن شتە سیاسییەکان.

٤- مشەخۆری لەسەر چارەسەرکردنی دیاردەی گەندەڵی سیاسەتێکی ناڕیال "نافیعلی" دروست دەکا: کارکردن لەسەر "سیاسەتی کراوە" و "سیاسەتی ڕوون" پێویستە

بۆ ئێمە وا بیر دەکەینەوە؟ واتە بۆ بەو باوەڕە گەیشتووین کە لە ڕووی سیاسییەوە مشەخۆری لەسـەر چارەسـەرکـردنی دیاردەی گـەندەڵی سـیـاسـەتێکی ناڕیال (نافـیـعلی) دروست دەکـا؟ زۆر بەکورتی هۆی ئەوەی ئێمە بەو بینینە سیاسییە گەیشتووین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە باوەڕمان بەوەیە بوونی گەندەڵی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی کوردیدا شتێکی گومان لێنەکراوە و دیاردەیەکی ترسناکە و گشت بوارەکانی ژیانی تاکیشی گرتووەتەوە و گەرای لەناو گشت پێوەندییە سیاسی، ئابووری، ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی- کولتوورییەکانیشدا داناوە، بەڵام مەسەلەی چارەسەرکردنی دیاردەی گەندەڵی گرێدانەوەی تری هەیە و دەشێ ویستێکی تر لە پشتییەوە بێ نەک ئەوەی گشت

وتاری سیاسیی حزبێکی یان گرووپێکی سیاسی بەچارەسەرکردنی دیاردەی گەندەڵییەوە وابەستە بکرێ. لە سەرێکی تریشەوە خوێنەر بەئاگایە کە مەرامی سەرەکیی ئێمە لە نووسینی پڕۆژەی ئەم کتێبە بەشداریکردنمانە لە دامەزراندنی مانیفێستێکی دژ بە گەندەڵی. کەوابێ لە ئاگاییی کۆمەڵایەتی و فەلسەفیی ئێمەدا گەندەڵی بابەتێکی زیندووە بۆ باسکردن و، هەر بۆیە گرینگە باسکردن لە گەندەڵی لەناو زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا تێگەیشتن بپێکێ بەتایبەت لەبەرئەوەی هەوادارانی گەندەڵی لە نێوەندە جیاجیاکاندا (زانکۆ، وەزارەت، حزب، کارگە و تا دەگاتە بواری هاوڕێیەتی، دڵداری، میوانداری و... هتد) هەلومەرجێکی ئەوتۆیان هێناوەتەگۆڕێ کە گوایە گەندەڵی شتێکی مەترسیدار نییە و شتی لەوە مەترسیدارتر هەیە، ئەمە و لەبەرئەوەی گەندەڵی لە گەلێ لە بوارە هەستیارەکاندا(پەروەردە، سیاسەت، خێزان و... هتد) بەشێوەیەکی شەفاف کاری خۆی دەکا خەریکە ڕووی ئینسانی بە گەندەڵی دەدرێ. بەکورتی گەندەڵی خەریکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا تازە پۆل دەکرێ. پۆل دەکرێ بۆ (گەندەڵیی باش) و (گەندەڵیی خراپ)، (گەندەڵیی جوان) و (گەندەڵیی ناشیرین). بەڵام ئێمە بەپێچەوانەی ئەو پۆلکردنە و گشت تەوژمەکانی تریش دەڵێین، دیاردەی گەندەڵی هەر گەندەڵییە و گشت گەندەڵێکیش یان گەندەڵییەک لە سنوور و چوارچێوەی خۆیدا نامرۆڤانە و بەدە و پێویستە کودەتای ڕەوشتیی بەسەردا بکرێ و لە ڕێگەی ئەم کودەتایەشەوە پاکدامێنیی ڕەوشتی بێتە گەڕ. بەڵام ئێمە ئەوە بەهەڵە دەزانین گرووپێک یان حزبێکی دیاریکراو گشت وتاری سیاسی و هزریی خۆی بەلەناوبردنی گەندەڵییەوە ببەستێتەوە.

ئەڵبەتە بۆ زۆرینەمان ئاشکرایە کە لە سیاسەتدا جیاوازی لە نێوان ئەوەی هەیە و ئەوەی دێ هەیە، بەڵام گشت ئەوەی دێ، تازە و جیاواز و تایبەت نییە. هەر بۆیە وڕێنەسازی و هیچگەراییی گەر تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی پێیان وابێ قسەکردن لەسەر ڕیشەکێشکردنی دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگە بەئاسانی بنیاتی لۆجیکی سیاسەتکردنی کوردی دەگۆڕێ. بەڵێ، لەناوبردنی ڕەوشتی گەندەڵی و گۆڕینی بەڕەوشتێکی دادپەروەرانە شتێکی بەرز و مرۆییە، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی وتارێکی سیاسی سەرلەبەر خۆی بە مان و نەمانی دیاردەیەکەوە گرێ دا. کەواتە لێرەوە دێینەوە سەر ناوەڕۆکی باسەکەمان و قسە لەوە دەکەین کە سیاسەتی ڕیال بۆ ئێمە سەرچاوە لە (سیاسەتی کراوە) و (سیاسەتی ڕوون)ەوە هەڵدەگرێ. گەر گەندەڵییش ئاماژەیەک بێ لەسەر سیاسەتی گەندەڵ، پێچەوانەکەی (سیاسەتی خاوێن)ە و، ئەوەش (سیاسەتی کراوە) و (سیاسەتی ڕوون) بەرهەم دێنێ. ئاشکرایشە سیاسەتی ڕیال سەربەخۆیە و بەچڕبوونەوەی لە (سیاسەتی خاوێن) و (سیاسەتی ڕوون) بەزۆرترین ئاکامەوە دێتە دەرێ و بناغە بۆ سیاسەتێکی پەرەپێداو و ناگومڕا دادەنێ. ئەم جۆرە سیاسەتە کە کراوە و ڕاستەوخۆیە سەکۆی بنەڕەتی سیاسەتی ڕیالە. بەڵام گشت سیاسەتی ڕیال لەسەر قەڵاچۆکردنی گەندەڵی نەوەستاوە.

بەڵام با ئەوەش بڵێین کە کۆمپانیای وشە تەنێ بە پراکتیزەکردنی سیاسەتێکی ڕیال دەکارێ جیاوازیی خۆی بسەلمێنێ. ئەم جیاوازییە بەهۆی خستنە ڕووی سیاسەتێکی ئابووریی تازە، جیا لەوەی هەیە، دەکارێ لە پێشبڕکێی سیاسیدا شوێنێکی سیاسی بۆ خۆی دابین بکا. سیاسەتی ئابووری کە زۆرینەی لایەنەکانی ژیانی تاک لە کۆمەڵگە دەگرێتەوە بابەتێکی وروژێنەرە بۆ ئەوانەی

بیانەوێ دەنگی سیاسییێکی خۆیان بخەنە پاڵ کۆمپانیای وشەوە. ئەڵبەتە پراکتیزەکردنی سیاسەتێکی ریال کە لەژێر سایەی سیاسەتی ئابووریی رووندا دێتە ئەنجامدان مەرجە لە شوێنێکی وەک کوردستانی ئەمڕۆ هەلومەرجی ئابووریی کوردستان یان باشترە بوترێ سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوە لە بەرچاو بگرێ و خۆی لە وڕێنەی سیاسی بەدوور بگرێ. وڕێنە سیاسییەکان کە مەبەستمان لێی بەهەڵە لێکدانەوەی توانای ئابووریی کوردستانە، لەم چرکە ساتە سیاسی و ئابوورییەی کوردستاندا باسێکی یەکجار هەستیاری سیاسییە. چونکە ئەوانەی کە سیاسەت دەکەن، دەبێ بزانن داهاتی نەتەوەی کورد داهاتێکی بەرز نییە و سەرچاوەکانی ئابووریی کوردستان فرە ئاراستە و پەرەپێدراو نییە. ئەم ئابوورییە کە وابەستە و لە پاشە، لە ئێستادا ناتوانێ کۆمەڵگەی کوردی بکا بەکۆمەڵگەی رەفا(خۆشبژی). بۆیە پاشکۆیەتی و دواکەوتوویەتیی ئابووریی کوردستان مەرجە جێی سەرنجی ئەوانە بێ کە پێیان وایە چارەسەرکردنی گەندەڵی پێویستییەکی سیاسی و ئابوورییە. بەڵام ئەوە، واتە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی، کوردستان ناکا بە بەهەشتێکی ئابووری. هەروەها ڕاستە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی ئەرکێکی نەک تەنیا نەتەوەییە بگرە پێش هەموو شتێک مرۆیی و رەوشتیشە و، ئەمە و دروستکردنی سیاسەت و ئیستراتیجییەکی پەروەردەیی پێویست، تایبەت بە گەندەڵی لەناو خەڵک، کە گەندەڵی ئافاتە و درمی سەیر سەیر لە داهاتوودا دەخاتەوە، کارێکی یەکجار بەرزە، بەڵام ئەم سیاسەتە ناکارێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ گەر تاکی کۆمەڵگەی کوردی هاوچەرخ بەشدارییەکی تەواوی لە پرۆسەی ئەم قەڵاچۆکردنەدا، نەبێ.

ئێمە لە گەلێ شوێنی ئەم کتێبەدا وتنمان لەسەر ئەوە هێنایە پێشەوە کە گەندەڵی تەنیا سیاسی نییە، بەڵام بەگەندەڵیبوونی سیاسەت (کردەی سیاسی، هزری سیاسی) بەلای گەورە گەورەی رووناکبیری، ئابووری، کۆمەڵایەتیی جیاجیای بۆ خستووینەتەوە. واتە دەربازبوون لە گەندەڵی دەربازبوونە لە گەلێ لە دیاردە و ئاقارە بەدە کۆمەڵایەتی، ئەکادیمی و ئابوورییە جۆراوجۆرەکانی گەندەڵی کە ڕەوشتی پاکدامێنییان لە کۆمەڵگەدا تەپاندووە، بەڵام بە نەمانی گەندەڵی گورج تاکەکانی کۆمەڵگە لە ماوەی چەند رۆژ و ساڵێکدا نابن بە تاکگەلێکی ڕاسیۆنال (عەقڵانی) و دادپەروەر و ئازادیپارێز. ئەوەی پێی وایە بە نەمانی گەندەڵی کۆمەڵگەی کوردی دەبێ بە کۆمەڵگەی رێنێنسانس، هەڵەی کردووە و بەباشی لە ئافاتی فرە ئاراستەی گەندەڵیی ئەمرۆی کوردستان نەگەییوە. بەڵێ سیاسەتی گەندەڵ رۆڵێکی زۆری لە داتەپاندنی ئابووریی نەتەوە (داهاتی نەتەوە) و تێکدانی شیرازەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و زانست و هەروەها بوارە رووناکبیرییەکان (پەروەردە، ڕاگەیاندن، خێزان و... هتد) دیوە، بەڵام نابێ ئەوەشمان بیر بچێ کە بەشێکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخی کوردی تەمەڵ و بێ باک و بێ ئامانجن. کەواتە کۆمپانیای وشە ناتوانێ بە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی بەڵێنی ئەوەمان پێ بدا کۆمەڵگەی کوردی دەکا بە کۆمەڵگەیەکی ڕاسیۆناڵ و بەهەشتی سیاسی و پەروەردە.

ئەڵبەتە هیچ بیرمەند و کۆمەڵناس و تیۆریزەکەرێکی سیاسی بەو دیتنە نەگەیشتووە کە کۆمەڵگەیەک هەبێ لەسەر رووی زەوی بە کۆمەڵگەی بەهەشتی سیاسی لە قەڵەم بدرێ، بەڵام

قسـەیەکی زۆر هەیە لەسـەر (کـۆمـەڵگەی باش) و (کۆمـەڵگەی خـراپ)، (کۆمـەڵگەی دادپەروەر) و (کـۆمـەڵگەی نـادادپەروەر)، (کۆمـەڵگەی دیموکـراسـی) و (کـۆمـەڵگەی نادیموکراسـی) (کۆمـەڵگەی تۆتالیتاری)، (کۆمەڵگەی کراوە) و (کۆمەڵگەی داخراو)، (کۆمەڵگەی بەد) و (کۆمەڵگەی شەڕ). بۆیە پێویستـە تاک و گـرووپ و حـزبـە سـیـاسـییـەکـان لەوە تێ بگەن ئەو دەمـەی کـار بۆ قـەڵاچۆکـردنـی گـەندەڵـی دەکـەن، بەمـە کـۆمـەڵگەی کـوردی بەرەو کـۆمـەڵگەیەک دەبەن کـە دەخـوازێ ببـێ بە کۆمەڵگەیەکی باش، یەکسان نەک شتێکی تر. نەک ئەوەی گەر گەندەڵی نەمێنێ تاکی کورد دەبێ بە تاکێکی گلوبال و کۆمەڵگەکەشی دەبێ بەکۆمەڵگەیەکی ئونیڤێرساڵی بێ وێنە.

کـەواتە زێدە گـرینگە بۆ پشـتگیـرلکردن لەسـەر ئەوەی لای سـەرەوە وترا، پێگیـری لەسـەر ئەو تێگەیشـتنە بکەین کە، کۆمپـانیـای وشـە هەر لەم سـەرەتایەوە خـەڵک (تاکەکانی کۆمـەڵگە) لەسـەر ڕاسـتگۆییی سـیـاسـی، نەک وڕێنەی سـیـاسـی و ناسـیـۆنالیی بێ بنـاغـە و هیـچگـەرا پەروەردە بکا. سیاسـەتی وڕێناوی و هیچگەرائامێز لە دێرزەمـانەوە لە ناوماندا تاقی کراوەتـەوە لە هیچی زیاتری بەرهەم نەهـێناوە. بەکورتی، کـۆمپـانیـای وشـە پێـویسـتـە خـۆی لەوە دوور بخـاتەوە ببـێ بەوڕێنەی سـیـاسـی و، بـۆ ئەوەی ئەمـەش نەکا مـەرجـە پێوەندیی لە تەک ئەوەی لە سـیـاسـەتدا پێی دەوترێ سیاسـەتی ڕیال (فیـعلی) بەهێز بکا. بەدڵنیـاییـەوە هاتنە دنیای ئەم جۆرە سیاسـەتە لە گەرووی سیاسیی گەندەڵییـەوە کارێکی ئاسـان نییە، بەڵام شـیاوی بۆ کارکردنێکی سیستـەماتیکدا لەسەر ئەم جۆرە سیاسـەتە لەناو خـەڵکدا لە ئارادایە. واتە ویسـتێکی جەمـاوەری بۆ دەربازبوون لە دەست زەبری گەندەڵی لە ئارادایە. بێگومانیش دەڵێین کە ئەم ویستـە لە گەلێک ڕووەوە کارئاسـانی بۆ ئەم نوخبـە سـیاسـییـە نوێیە دەکا. ئەمـەش وەکی تر هیـوایەکی سـیاسـییـە. بەڵام ئەم هیـوا سـیـاسـییـە ئەسـتەمـە بێتە دی گەر کۆمپـانیـای وشە لە گەندەڵیـست و سـۆفسـتاییـیـەکان خۆی پاک نەکاتەوە. هێزی باس و ئەنتیـبەد کە لە کۆمـەڵگە زۆرن دەکرێ بەکار ببرێن. ئەڵبـەتە بەکاربردنەکەش دەبێ هەمـوو کـات جۆرە سـیـاسـەتکردنێکی نەرمی دادپەروەرانـەی ئاشـتیـپـارێز لە پشـتیـیـەوە بێ. واتە پاراستنی ئاسایشی کوردستان هەرگاڤ گرینگە لە بەرچاو بگیرێ.

بۆ داخـسـتنی ئەم پەرەگـرافـەی نووسـینـەکـەمـان ئەو ئاکـامـە پـارادۆکسـاڵـەی لای خـوارەوە بیردەخەینەوە کە گەلێ نووسینی تریش تایبەت بە کۆمپانیای وشە شیاوە پێ بکا:

> کۆمپـانیای وشـە هەمان دەبوو، گـەر گەندەڵی نەبایە. بەڵام ئەم هێپۆتێزە (گریمانە) لاواز خـۆی نیشـان دەدا گەر ئەوە شـی نەکرێتەوە بـۆ بەختی سـیاسـیی کۆمپـانیـای وشــە لەگەڵ دیـاردەی گەندەڵیـدا یەکی بگرتەوە؟ ئەمـە بەو مـانـایە نایەت گـەندەڵی بلێتی سـیـاسـیی کۆمـپـانیـای وشـەیە بۆ چوونـە بەهەشتـی سـیاسـییـەوە. نەخـێر وا نییە. ئەمەش لەلایەک لەبەرئەوەی جارێک ڕوون نەبووەتەوە چۆن چۆنی، کۆمپانیای وشـە بەرەنگاری گـەنـدەڵی دەبێـتـەوە و، لەلایەکی تر لەبەرئـەوەی ئاخـۆ چارەنووسـی سیاسیی ئەم کۆمپانیایە بەبێ گەندەڵی چی دەبێ؟ لێرە ئێمە مەبەستمان هەر ئەوە نیـیـە کـۆمـپـانیـای وشـە لەسـەر بوونی گـەنـدەڵی مـشـەخـۆرە، بگرە ئەوەشـە کـە

کۆمپـانیـای وشـه بەرنـامـەی سیـاسـیـی خـۆی چڕ و پوخت نەکـردووەتەوە بۆ چەند دێرێکی سـیـاسـی کـە ئەو دیتنە لای زۆریـنـە دروست بکا کـۆمـپـانـیـای وشـە دەیەوێ چی بکا. واتە ئەوە چییە کە کۆمپانیای وشە دەیکا پێشتر نەکراوە؟

٥- چۆن تازە دەبێ بە هزر؟ چی گۆڕان لە ڕووی سیاسییەوە لەوانی تر جیا دەکاتەوە؟

بۆ ئەوەی لە دەرەوەی بازنەی گومـانی بێ بـناغـەوە سـەیرکردن و تێگەیشـتنەکـانمان بۆ ڕووداو و دیاردەکانی ناو کۆمەڵگەی نوێی کوردی هـەبێ بەباشـی دەزانین لەو بینین و حاڵیبوونەوە وەسـەرەتای قسـەکردن بێین کە پێمان ڕادەگەیەنێ گشت تازەیەک هزر نییە، واتە هـەمـوو ئەوەی پێی دەڵێن نوێ هزردار نـیـیـە. هـەمـوو تازەیەک ڕووداوێک لـە پشـتـیـیـەوە نـیـیـە و هزرئامـێـزیش نـیـیـە. لە ڕووی فـەلسـەفـییـەوە ئـەم مـەسـەلەیە گفتـوگـۆیەکی زۆری لەسـەرە. بەشێـک لەم گفـتـوگۆیانە لـە سـەد سـاڵی ڕابردوودا، لەگەڵ بریگسـۆنـیزمـەوە دەسـتـی پێ کـرد، بەتایبـەت پاش گفـتـوگۆکـانی باشـلار لەسـەر بریگسـۆن و دواتر دۆلۆز و بریگسـۆن و، لەم دواییـەش بادیو و دۆلۆز، ئـەڵبـەتە دیسـانـەوە لە ڕێگەی بریگسـۆنیـزمـەوە. ئەوەی لەو گـفـتـوگـۆیانـەدا هـەڵمـان هێنـجـاندووە ئەوەیە کـە تازە دەبـێ بکارێ ڕووداوئامـێز بێ، واتە شـتێ بۆ ئەوەی وەک تازە ببینرێ پێویستـە ڕووداوئامێـز بێ و لە تەک ئەوەی پێش خۆیشیدا لە برین (دابڕان)دا بێ[٦٣]. تازە کە لەسـەر کردەی خۆخوڵقانی خۆی بەردەوام دەبێ ئەمە وا دەکا لەوەی پێشوو (ڕابردوو) جیاواز بێ. ئەم جیـاوازییە پێـوەندیی بەبوونی تازەیەتیی ئەو شتەوەیە، بۆ نموونە ڕووداو، واتە بوونی شتەکە، بوونی وەک شتێکی تازەئامێزی نادووبارە کارێکی ئەوتۆ دەکا، ئەم شـتـە لەوی تر، لەوی تازە نییە، جیا کاتەوە. واتە خودی بوونی ئەو شـتـەی تازەیە لە خـودی بوونی ئەو شتـە جیا دەکاتەوە کە تازە نییـە و کـە وەک شـتێکی پێشـووتر سـەیر دەکرێ. بۆ نموونە گەر بوونی شـۆڕشـی بەلشـەفی ڕووداوێکی سیاسـیی تازە بێ، ئەو ڕووداوە سیاسییـەی پاش ئەو دێ، پێـویسـتـە برین لە تـەک شـۆڕشـی بەلشـەفـیـدا بکا. ئەگـەرنا ئەوەی ڕووی داوە جـوینـەوەی ئەوەیە کـە هـەبووە. هـەر تایبـەت بە ئەدەبیش ئەوەی لە ئەدەبی درامـای ئیـتـاڵیـاییدا داریـۆ فـوو پێی گـەیشت جیا نەبێ لەوەی لویژی پیراندێلۆ نە تازەیە و نەش برین. بەڵام لە کاتی برینـەکەدا گرینگە پرۆسـەی خـوڵقان بەردەوام بێ. لەبەر سایەی ئەو چەند دێرەی لای سـەرەوە، ویستمان ئەم پرسـیارە بەرز بکەینەوە: چی گۆڕان لە ڕووی سـیـاسـیـیـەوە لەوانی تر جـیـا دەکـاتەوە؟ لە ڕێگەی ئەم خـاڵانەی لای خوارەوە ئەم پرسیارە شی دەکەینەوە:

١- ئەو شتەی گۆڕان لەوانی تر جیا دەکاتەوە دەبێ جیاکارەئامێـز بێ. شت لەخۆڕا جیاکـارەئامێز نابێ.

٢- باشـە جیاکـارەئامـێـزی لە شتدا چییـە و چۆن دروست دەبێ؟ ئەو جیـاکـارەئامـێـزە ئەوەی هـەیە لەوی تر نەکا. ئەو شتەی لە ئاکامدا دروست دەبێ بەخـۆبوونێکی تێدا بـەدی بکرێ. واتە شتەکە کە جیایە لە خودی خۆیدا ئەو جیاییەی پەنهان کردووە.

٣- چۆن دەشـێ شتێ لەوی تر نەکا؟ ئەڵبەتە بەهـۆی دووبارەنەبوونیەوە.

٤- دووبارەنەبوون واتە تازەیەتی کە ئەمـەش ڕووداوی بێ وێنە دروستی دەکا.

٥- کە وابێ ئەو شتە بۆ ئەوەی هەبێ، بۆ ئەوەی جیاکارە بی، بۆ ئەوەی دووبارە نەبووبێ، دەبێ ڕووداوێک بەرهەمی هێنابێت.

٦- بۆ ئەوەی ڕووداو لەدایک بێ و ئەمجار بەردەوام بێ، دەبێ دۆز هەبێ.

٧- تا دۆز بتوانێ ڕووداو بەخێو بکا پێویستمان بە خودە.

٨- خودی سیاسی، ئەو خودەیە لێرە پێویستە.

٩- خودێک ڕووداو دروستکەر بێ، ئەڵبەتە ڕووداوی مەزن، دروستکەری ئەو تازەیەتییەشە کە بەڕێوەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە تەنیا ئەو دەمە دەکرێ باس لەوە بکرێ کە تازە، ئەو تازەیەی هاتووە، هزرە.

ئێمە بۆ بەدەستەوەدانی تێگەیشتن لەو چەند دێرەی لای سەرەوە داوا دەکەین، خوێنەر، خوێنەری ناگەندەڵ مەبەستە لێرە، بکارێ لەوە بگا ویستمان چی بپێکین. بەڵام تەواوکراوەی ئەم بەشە لە ئامێزی ئەو بەشەدا دەبێ کە تایبەت بە ڕوونکردنەوەی واتای (جیاوازی) و واتای (دووبارە) نووسراوە.

## ٦- کۆمپانیای وشە لە نێوان جیاوازی و دووبارەییدا: یان بەختی سیاسیی کۆمپانیای وشە لە نێوان "جیاواز" و "هەمان"دا

ئەو پرسیارە هەرە جەوهەرییەی لەم بەشە ڕووبەڕووی کۆمپانیای وشە دەبێتەوە ئەمەیە: ئاخۆ کۆمپانیای وشە جیاوازە لەوەی هەیە یان هەمانە؟ بەواتایەکی تر و لە فۆرمێکی تری هزریدا دەمانەوێ بپرسین: ئاخۆ کۆمپانیای وشە جیاوازە یان دووبارەوە بووە؟ زۆر پێویستە نەک تاکی کورد بگرە پێش هەموو کەسێک بەخۆی کۆمپانیای وشە لە خۆی بپرسێ ئاخۆ ئەم (واتە کۆمپانیای وشە) جیاوازە؟ گەر وەڵامەکە بەڵێیە باشە لە چیدا کۆمپانیای وشە جیاوازە؟ و چۆن جیاوازییێکە؟ ئاخۆ ئاسانە بەجیاوازبوون؟ باشە گەلێ لەوانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا خۆیان بەجیاواز زانیوە دووبارەوەبوو نەبوونە؟ ئاخۆ دووبارەیی، بوون بە دووبارە، تاوانە؟ ئێمە لای خوارەوە ئەم پرسیارانە، ئەڵبەتە، لە چوارچێوەی نووسینەکە گفتوگۆ دەکەین.

بۆ ئەوەی ئێمە پرسیارە سەرەکییەکەمان و دواتر پرسیارە ناسەرەکییەکانمان ڕوون بکەینەوە بەپێویستی دەزانین سەرەتا لای خوارەوە سەیرکردنێکی کورت لەسەر هەردوو واتای (جیاوازی) و (دووبارە) هەروەها واتای (هەمان)یش بخەینە بەردەست و پاشان دێینە سەر وتنی ئەوەی لەو بارەوە پێویستە تایبەت بە کۆمپانیای وشە بوترێ.

بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەیەکی فەلسەفیی کورت و چڕ سەبارەت بەهەردوو واتای جیاوازی و دووبارە بخەینە ڕوو دەگەڕێینەوە لای فەیلەسووفی فرەنسایی ژیل دولۆز کە وەک فەیلەسووفی جیاوازی ناسراوە. دولۆز لە لێکدانەوەکانیدا تایبەت بە واتای جیاوازی و دووبارە گەشە بە واتای جیاوازی لە خودی خۆیدا و واتای دووبارەش بۆ خودی خۆی دەدا. چونکە بەپێی تەماشاکردنی فەلسەفیی دولۆز جیاوازیی فیعلی جیاوازیی نێوان ماهییەتەکانە. بەڵام بۆ دولۆز جیاوازی

پەرچەکرداری خۆی لە خۆیدا دەکاتەوە، واتە جیاوازیی خۆی خۆی دووبارە دەکاتەوە یان خۆی خۆی سەرلەنوێ بەرهەم دێنێتەوە[٦٤]. بەم جۆرە، جیاوازی بۆ دولۆز جیاوازییەکی نەناسراوە، جیاوازیی نەناسراو لە خودی خۆیدا پۆزەتیڤە[٦٥]. بەڵام دولۆز هەمان شت تایبەت بە واتای دووبارە ناڵێ. چونکە بەپێی سەیرکردنی فەلسەفیی دولۆز، دووبارە دەبێ نادووبارە کراو بێ. دووبارەش نادووبارەکراو دەبێ کە دووبارە دووبارەکراوەیەکی جیاواز بێ. ئەمەش وا دەکا ئەوەی پێک دێ جیاواز بێ. ڕاستە ئەو شتەی پێک دێ لە بنەڕەتدا جیاوازییەکی دووبارەیە، بەڵام دولۆز وتەنی دروستکردنی شتێکی نوێ لە دووبارەوەبوودا[٦٦] شیاوە.

گومانی ناوێ، قووڵبوونەوە لە جیاوازی، دوورکەوتنەوەیە لە هاوشێوەیەتی، ئەمە کە گفتوگۆیە فەلسەفیی کۆن دێنێتە پێشەوە پێوەندییەکی زۆری بە واتای (ناسنامە)وە (یان هەمانەوە) هەیە کە پاش هیگل زۆرترین باسی لێ کراوە. بەڵام باسەکانی دولۆز لەبارەی جیاوازییەوە کە هەوڵدانێکە بۆ کۆتاییهێنان بە تیۆریی نوێنەرایەتی بۆ گەشەدانە بە جیاوازی لە خودی خۆیدا. ئەمە کە شتێکی تازە بەرهەم دێنێ، هێزەکەی لە دووبارەوەنەکردنی هەماندایە. واتە جیاواز جیاوازە لە خودی خۆیدا، چونکە لەوەو بەر کاوێژ ناکاتەوە. بەڵام هەرچی هەمانە ئەوە لە ڕووی لۆجیکییەوە پێوەندییە لە نێوان خۆی و شتێکی وەک خۆی. ئەمەش لەبەرئەوەی هەمان، یان ناسنامە، شتێکی سیمێتریک (موتەناسیق)ە دابڕاوە لە جیاواز.

بۆ زۆرتر ڕوونکردنەوەی ئەو چەند تێگەیشتنەی لای سەرەوە دەڵێین، کۆمپانیای وشە مافی جیاوازبوونی هەیە، گەر بکارێ ئەم جیاوازییە بەرهەم بهێنێ. جیاوازی کە پێویستە پەروەردە بکرێ شوێنێکیشە بۆ دروستکردنی ڕاستی، ئەڵبەتە ڕاستیی سیاسی. ڕاستیی سیاسی لە فۆرمی جیاواز، کە خۆی ناجێگیر و نارەها نیشان دەدا، لە وڕێنەی سیاسیی جیاوازە. بۆ ئەوەی ڕاستیی سیاسییش جیاوازی بەرهەم بهێنێ، دەبێ زەوینە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم جیاوازییە لە ئارادا بێ. ئەم زەوینەیە کە دەشێ بە دۆزیش ناو بنرێ دروستکەری جیاوازییە. جیاوازی هەروەک ڕاستی، پێویستە لێی گەڕێین دەرکەوێ و شوێنێک لەناو بووندا (ژیاندا) بۆ خۆی دابین بکا. لێرەوە دێینە سەر ئەو خاڵەی بڵێین کە کۆمپانیای وشە بەوە جیاواز نابێ کە کار لەسەر هەمان وتاری سیاسی بکا کە پتر لە سەد ساڵە کاری لەسەر دەکرێ. بگرە بەوە جیاواز دەبێ کە ڕابردووی سیاسیی کورد دووبارە نەکاتەوە ئەو سیستەمە سیاسییەش کاوێژ نەکاتەوە کە هەمان بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆجیی بەرهەم هێناوە. چونکە کارکردن بۆ (جیاوازی) بەرهەمهێنان و کارکردن لەسەر (هەمان) دوو لۆجیکی جیا بەرهەم دێنێ کە لە کۆتاییدا دژ بەیەک دەوەستنەوە. ژیانیش لە نێوان ئەو دوو لۆجیکە بێ مانایی سیاسی بۆ کورد و بۆ کۆمپانیای وشەش بەرهەم دێنێ.

بەڵام ئەو دەمەی ناسنامەی سیاسیی کۆمپانیای وشە لە تەک ویستی سیاسیی تاکی کورددا یەک دەگرێتەوە جیاوازی، یان شتێکی تر، بەرهەم دێ کە هەمان شت نییە، هەمان ئەو شتە نییە کە هەردەم وتاری سیاسیی کورد کاری لەسەر کردووە. کەواتە لۆجیکی سیاسیی کۆمپانیای وشە گرینگە لە تەک ویستی سیاسیی تاکی کورددا یەک بگرێتەوە. ئەمانە کە پێکەوە جیاوازیی سیاسی

دروست دەکەن ناسنامەیەکی تر بۆ ئەم تاکە پێک دێنن.

مەرجیشە تایبەت بەو لایەنەی لای سەرەوە باسمان کرد ئەوەش بڵێین کە ناسنامەی سیاسیی کۆمپانیای وشە جیاواز نابێ گەر خۆی لەسەر فرە گەڕی و جۆراوجۆریی ئیشکردنی سیاسیی ڕانەهێنێ. وتاری سیاسیی کوردی کە ئێستا لەخۆکاوێژکردنەوەدایە، پێویستی بە بڕینە لە تەک لەمەوبەری خۆی و دروستکردنی وێنەش لەسەر ئێستای لە دەرەوەی بازنەی خۆجوینەوەی سیاسی. ئەمە کە ئەرکێکی مەزن و ئاڵۆزیشە لە یەک کاتدا بۆ کۆمپانیای وشە ماوەتەوە کاری تێدا دەکا.

چونکە ئەو ڕاستییە سیاسییانەی وتاری ناسیۆنالیزمی کوردی بە درێژاییی سەد ساڵی ڕابردوو بەرهەمی هێناوە لە ئێستادا وەک خۆیان پێشوازییان لێ ناکرێ و زۆر بێ بەر و نارێژەییش خۆیان نیشان دەدەن. لێرەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی بڵێین ڕاستییە سیاسییەکانمان پێویستە سەرلەنوێ بخوێنرێنەوە، لەوەش جیا بکرێنەوە کە هەڵە و وڕێنە بووە. چونکە ڕاستییە سیاسییەکانی ئێستامان ڕاستییە سیاسییەکانی دواترمان نین و ئەوەی دواتریشمان لەوی پێشوومان جیایە. بەشێک لە ڕاستییە سیاسییەکانمان کە هاوشێوە و چوستن هیچ جیاوازییەکی سیاسییان لە ژیانی سیاسیماندا دروست نەکردووە. بۆیە سیستەمی سیاسیمان پڕە لە دووبارەیی و ئەوەش لێکچوونێکی زۆری سیاسیی لە هزری سیاسیماندا دروست کردووە. ئەم بینینە بەرەو ئەوەشمان دەبا بڵێین خاڵێکی تری جیاکارە بۆ کۆمپانیای وشە ئەوەیە کە گرینگە ئەم کۆمپانیایە لە ئێستادا فوکوس لەسەر ئەوە بکا کە سیاسییە(٦٧). واتە بۆ کۆمپانیای وشە پێویست و بەپیتە بەو شتە بایەخ بدا سیاسییە و ئەوەش (سیاسی) لەوە جیا بکاتەوە کە ناسیاسییە. ئەمە کە پێویستییەکی کارکردنی ئەم چرکە سیاسییەی کوردستانە بەقازانجی ئەو هێزە سیاسییانە دەگەڕێتەوە کار لەسەر ئەم لایەنە دەکەن و، ئەڵبەتە ئەم شێوە کارکردنە مەیل بۆ جیاوازیی بەرهەمهێنانیش دروست دەکا. جا ئەوە کۆمپانیای وشە بێ یاخۆ هەر هێزێکی سیاسیی تری کوردی.

ئەڵبەتە گەڕانەوەی سیاسییش کە دروستکەری چرکەی ڕاستیی سیاسییە لە ژیانی لەمەودوای سیاسیمان لایەنێکی هەرە پێویستە. بۆ ئەو مەبەستەش لای خوارەوە دێینە سەر شیکردنەوەیەکی کورت و چڕی ئەم لایەنە.

### ٧- دروستکردنی ڕاستیی سیاسی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە

شیکردنەوەی ڕاستیی سیاسی، بۆ لەمەولا پێویستە ڕووبەرێکی بەرین لە نووسینە سیاسییەکانماندا داگیر بکا. شیکردنەوەی ڕاستیی سیاسی کە داوای شیکردنەوەی سیاسەتی ڕاستەقینەش دەکا، گرینگە لەلایەک بە فەلسەفەی سیاسییەوە گرێدراو بێ و لەلایەکی تر بە شیکردنەوەی دەروونییەوە. شیکردنەوەی دەروونی کە وەک بوارێک لە پسپۆڕی لە وتاری رووناکبیریماندا بێ جێگەیە بۆ لەمەولا مەرجە زۆرترین کاری لەسەر بکرێ. ئەوەی کە لێرە پێویستە بوترێ ئەمە نییە بگرە ئەوەیە کە ڕاڤەکردنی ڕاستیی سیاسی بێ شیکردنەوەی دەروونی وڕێنەی سیاسی دروست دەکا.

ئێمە لای خوارەوە لە ڕووی تیۆرییەوە ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە ڕاستی ئەمجار ڕاستیی سیاسی چییە و چۆنیش دروست دەبێ.

ڕاستی لە هیچەوە دروست نابێ. ڕاستی کە ئاکامە بەبێ بناغە ناژی. ئەوەی ڕاستی لە سیاسەتدا دروست دەکا سیاسییە (سیاسی لێرە بەمانای ئەوەی کە شتی سیاسی، ئەوەی سیاسییە، واتە پولیتیکەڵ). کەواتە ڕاستی بەجۆرێکی ئۆتۆماتیک و خۆبەخۆیی دروست نابێ بگرە لە ئاکامی پرۆسێسێکی سیستەماتیکدا دروست دەبێ. دروستبوونی ڕاستی بەستراوە بە دۆزەوە. ئەڵبەتە دۆزێکی گرینگی کۆنکرێت و دیاریکراو. دۆزی ڕاستەقینە کۆنکرێتە و بەرهەمی بارێکی ریاڵە نەک ورێنە.

لاکان پێی وایە ڕاستی (هەموو شتێ نییە) بەڵام بادیو ئەو گوزارەیەی لاکان ڕوونتر دەکاتەوە و ئەوەمان پێ دەڵێ جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی ڕاستی (هەموو شتێک نییە) و ڕاستی (هیچ نییە). کەواتە بادیوش داکۆکیی خۆی لە تیۆری لاکان تایبەت بە ڕاستی دەکا و پێی وایە ڕاستی هەموو شتێک نییە، بەڵام ئەم داکۆکیکردنە ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ڕاستی شتێکی کەم نییە و وەلێ گشت شتەکانیش لەسەر وتنی ڕاستی نەوەستاون. کە وابێ بوونی ڕاستی گرینگە. ڕاستییش کە سیاسی دەبێ، پتر بەماهییەتدارتر دەبێ. بەڵام کێ ڕاستیی سیاسی دروست دەکا و چۆن ئەم ڕاستییە دروست دەبێ؟

هزر ناوی خودی بەرهەمهێنەری ڕاستییە. بەڵام ڕاستی کە سیاسی دەبێ ئەمە وا دەکا ڕاستی کۆلێکتیڤ بێ. کەواتە کە هزر سیاسی دەبێ، ئەم هزرە هزرێکی سیاسیی کۆلێکتیڤە. ئەمە و بوونی ڕاستیی سیاسی شتێکی ئۆتۆماتیکی نییە بگرە ڕاستییێکی سیاسی کە دەبێ ئەم بوونەی لە دۆزدا دەبێ و ئەو دەمەی ڕاستی بەم جۆرە پێک دێ ڕاستی ڕاستییێکی سیاسی دەبێ و ڕاستیی شتێکی کۆنکرێتیش دەبێ. چونکە دۆز بەخێوکەری ڕاستییە(٦٨). بۆ ئەوەی ڕاستی سیاسی هەبێ و ئەمجار بەردەوام بێ پێویستە ڕاستیی سیاسی نوێ بێ. گەر پرسیارەکە لێرە ئەوە بێ چۆن ڕاستیی سیاسی ڕاستییێکی نوێ دەبێ ئەوا دەڵێین ڕاستیی سیاسی نوێ دەبێ کە ڕاستی لە دۆزدا، لە دۆزێکی سیاسیی بەرجەستەدا گەشە دەکا. ئەم دۆزەش کە خودێکە لە پشتییەوە دەبێ، ڕاستیی سیاسی فۆرمی ڕاستەقینەی خۆ وەردەگرێ. کەواتە بەرەنجامی ئەوەی وتمان ئەوەیە کە ڕاستیی سیاسی بێ دۆز و بێ خود بەرهەم نایەت. چونکە ئەو دۆزەی ڕووداوی سیاسی دروست دەکا کە هەر ئەوەشە ڕاستیی سیاسی پێک دێنێ خود دروستکەریشە. بەڵام خود لەناو ڕاستیی سیاسیدا برێتییە لە کردە. کردەی سیاسیی خود ڕووداوی سیاسی دەبزوێنێ و ڕاستیی دروستکەریشە. بۆیە هەڵەمان نەکرد کە لای سەرەوە وتمان: ڕاستی بەگشتی و ڕاستیی سیاسی بەتایبەتی خۆبەخۆی خۆی دروست نابێ و دروستبوونی بەبوونی دۆز و خودەوە گرێ دراوە(٦٩). بەڵام ئەو لایەنانەی لە سەرەوە باس کران لە ئێستادا بۆ کۆمپانیای وشە سەختە پراکتیزەیان کا بەتایبەت تا ئەم کۆمپانیایە لەو دیلێما (مەئزەق) سیاسییە (یاخۆ ئەو دیلێما سیاسییانە) نەیەتە دەرێ، پێوەی گلاوە.

٨- دیلێمای سیاسیی کۆمپانیای وشە یان وتاری سیاسیی کوردی؟ کردەی سیاسی

لە ڕووی تیـۆرییـەوە بابەتی دیلێـما کە لـە تەک ناوی (تیـۆریی یاری) یەک دەگـرێتـەوە، دەچێتـە خانەی (تیۆریی بڕیاردان)ەوە لە فەلسەفە کە ئەوەش بابەتێ لە بابەتەکانی فەلسەفەی پراکتیک پێک دێنێ. بۆ ئـەوەی ئەوە ڕوون بکەینەوە دیلێـما لە زمـانی سـادەی ڕۆژانەدا چی دەگـەیەنێ لێـرە هـەر ئەوەندە دەڵێین کـە دیلێما (میحنەت، مەئزەق) بەو مانایە دێ کاتێ مـرۆڤ لە حاڵەتێکی کێشاویدا دەبێ، لە نێـوان دوو شـتـدا کـە کـامـەیان بکا[٧٠]. واتە دیلێـمـا دۆزی هەڵبـژاردنە لە نێـوان دوو ئەلتێرناتیڤ (بەدیل)دا، ئەمەش بەو واتایە دێ مرۆڤ دەکەوێتە بەردەم پرسیاری ئەوەی کام لەو دوو ئەلتـێرناتیـڤـە هەڵبـژێرێ، واتە ئـەمـەیان هەڵبـژێرێ یان ئەوەی تر. بەڵام کێـشـەکە لەوێدایە مـرۆڤ هەرکام لەو ئـەلتێرناتیـڤانە هەڵبژێرێ کارێکی خـراپی کردووە چونکە مـرۆڤ لە بنەڕەتدا لە دۆزێکی کێشـاویدایە و بە فـیـعلی خۆی لە مـەئزەقدا دەبینێـتەوە و، لە بەردەم دوو هەڵبژاردنی (ئیـختـیـاری) خراپدایە. بۆیە مرۆڤ چاترە خۆی نەخاتە بارێکی واوە دووچاری دۆزێکی دیلێماوی بێ.

وەلێ کـاتێ دیلێـما لەدایک دەبێ، ئەو تێگەیشـتنەش لەگەڵی لەدایک دەبێ کە بـۆ دەربازبوون لە دیلێـما پێکەوە کـارکـردن لە ئارادایە. واتە تـەنیـا پێکەوە کـارکـردن و ڕێککەوتن دۆزی دیلێـمـاوی چارەسـەر دەکا.

سـەربـاری ئەوە، ئەوەی مـرۆڤ لە حـاڵەتی دیلێـمـادا فـێـری دەبێ ئەوەیە چۆن ڕەفتـار بکا. چۆن بەجۆرێ ڕەفتار بکا بێ زەرەر لەم حاڵەتە بێتە دەرەوە. ئەمە و گەلێ لە تیۆریزەکەرانی بواری دیلێما یان (تیـۆریی یاری) بەو دیتنەش گەیشـتوون کە دەربازبوون لە دیلێـما زۆر جار بەو مـانایەش تەواو دەبێ کـە تۆ دەرباز دەبی، بـەڵام ئەوەی تر دەرباز نابێ. بۆیە زۆربەی ئەو فـەیلەسـووفـانەی لەسـەر دیلێما دەنووسن داوای ئەوە دەکەن کە مـرۆڤ بۆ ئەوەی بەسەر گرێی دیلێمادا زاڵ بێ باشـتر وایە ڕاسیۆنالانە ڕەفتـار بکا. بەڵام لێرەش گەرەنتیی ئەوە نییە کە دەربازبوون لە دیلێما بەسەرکەوتنەوە دەبێ. واتە ڕاسـیـۆنالانە ڕەفتارکردن دیسـانەوە چارەسـەر نییـە. بۆ؟ چونکە تۆ کـە لەلایەن خـۆتەوە ڕاسـیـۆنالانە ڕەفتـار دەکەی، ئەوی تر ئەوە نـاکا. واتـە جیـاواز لە تۆ ڕەفتـار دەکا ئەمـەش دۆزێکی ناچارەسـەرانە دێنێتـە پێشـەوە. وەلێ بۆ دەربازبوون لە دیلێـما هـەردەم هیـوا هـەیە بەتایـبەت ئەو دەمـەی گشت تاکەکانی کۆمەڵگە (یان تاکە جیاکان) لەسـەر دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی هاوبەش ڕێک دەکەون. واتە پێکەوە قسـەکردن و پێکەوە کارکردن شـیـاویی ئەوە دەکاتەوە چارەسـەر بۆ ئەو دۆزە دیلێماوییە بدۆزرێتەوە کە دروست بووە.

بەڵام ئـەوەی لەم ڕووەوە پێـوەندیـی بە کـۆمـپـانیـای وشـەوە هەیە، ئەوەیە کـە نەک هـەر وتاری سیاسیی کۆمپانیای وشە کە لەم بەشەی نووسینەکەدا ڕووناکیی دەخرێتە سەر، بگرە گشت وتاری سیـاسـیی کوردییش لە هەنووکەدا لە دیلێمایەکی سیاسـیدایە. بەدیلێمابوونی ئەم وتارە کـارێکی ئەوتۆی کردووە کـە کردەی سیاسـیی کوردی لێڵ و ناڕوون بێ. بۆ ئەوەی کۆمـپانیای وشـە بەتایبەت و سیـستەمی سـیاسـیی کوردییش بەگشـتی لەو دیلێمـایە بێتە دەر، پێویستی بە پێکەوە کـارکردنە. سەرکەوتنی ئەم پێکەوە کارکردنەش لەسـەر گوێگرتنیان لە تاکی کورد وەستاوە.

سـەربارى ئەوەى وترا، ئەوەش دەڵێين كە كردەى سياسى لەناو ئێمەدا پێويستە شى بكرێتەوە، بەڵام بەپێى ئەوەى گـەشـەى تيـۆرى لەناو ئێـمـە لە پلەى سـفـردايە، ئەمـە واى كـردووە كـردە سياسييەكان تێ پەڕن بێ ئەوەى تێگەيشتنمـان بۆيان هەبێ. كردە سياسييەكانمان، كە تيۆرى سياسى و زانستى كۆمەڵايەتييان دەوێ تا ڕاڤە بكرێن، ئەڵبەتە بەبێ پشتكردن لەوەى پێى دەڵێين شـيكردنەوەى دەروونـى و زمـانەوانـى، دەرفـەتيـان لـە بەردەم وتارێكى تيـۆريدا نـەكردووەتـەوە. بۆيە ئەزموونى سـەرهەڵدانى كۆمپانياى وشە پێويستە ئەوەمان بير بخـاتەوە كە (گەشـەى تيۆرى) لەناو ئێمـە بێ ئەندازە هيچە. ڕاستە ئەم كۆمپانيـايە ناكارێ ئەم كێشەيە چارەسـەر بكا (واتە: كێشەى هيـچـێـتـيى گـەشـەى تيـۆريمـان)، چونكە ئەوە ئەركى نێـوەندى ئەكـاديمى و نێـوەندى توێژينەوەى كوردييە ئـەو كـارە بكا، بەڵام لە گەڵێ جـەمسـەرەوە ئەم كۆمپانيـايە بە هيـچيى گەشـەى تيـۆريى كوردييـەوە گلاوە و و لە گەڵێ ڕووەوە گرفتى بۆ دروست كردووە. ئەوانە (گلانەكان يان گرفتەكان) كـە زێدە جـۆراوجـۆرن، دەكرێ لە چەند كێـشـەيەكى دياريكراودا بـەرجـەسـتـە كرێن تـا ئەو لايەنانە ڕوون بكەنەوە چۆن و لە كوێدا كۆمپانياى وشە لە ديلێمادايە:

* سيستەمى بيـركردنەوەى سياسيى كۆمپانياى وشـە لە هەڕەمێكى سياسيدا بنجبەست بووە و، ئەمەش واى كردووە وتارى سياسيى ئەم كـۆمپـانيايە ناكراوە بێ. ئەمە ديلێمايە و ئەم ديلێمايە ميراتى وتارى سياسيى كورديـيە بۆ كۆمپانياى وشە ماوەتەوە.
* كۆمـپـانيـاى وشـە هـەر لەگـەڵ دەركـەوتنى، خـۆى وەك هيـوايـەكى سـيـاسـى نيـشـان دا. ئەم (واتە كۆمپـانيـاى وشـە) بۆ ئەوەى هەبێ و ئەمجـار بەردەوام بـێ، پێويسـتى بەوەيە ئەم هيـواخـوازييـە بپارێزێ، بەڵام ئەمـە ديلێمايـەكى سياسيـى بۆ كۆمپـانياى وشـە دروست كـردووە. ئەمەش بەزۆرى لەبەرئـەوەى هيـوا بـەگشـتى لە سـيـاسـەتدا ترسناكـە. واتە هيـوا خـسـتنە سـەر گرووپێك يان ئاراستە و ياخۆ ويستێكى سياسى كارێكى مەترسيدارە و مەرج نييە ئەو هيوايە وەك خۆى بێتە دى و نەهاتنە ديى هيواى سياسييش هەموو كات داڕمانى سياسى بەدووى خۆدا دێنێ.

بەواتايەكى تر -كۆمـپانيـاى وشـە لە دەمـوەختى هەڵبـژاردنەكاندا وەك هيـوايەكى سياسى خـۆى دەرخـست و كـارى بۆ ئەوە كرد بنكەيـەكى جـەمـاوەرى بۆ خـۆى پێك بێنێ، بەپێى ئـەوە بێ كـە وترا ئەم كۆمپـانيـايە گرينگە لە بەرپرسـيـاريەتيى سـياسـى و مرۆييى خـۆى بگا، ئەگـەرنا دەكـەوێتـە ناو مەئزەقى سياسيى ئاڵۆزەوە. واتە ديلێماى هيوا دان و كارنەكردن بۆ هيوا.

كـەواتە پێويسـتـە لێرەوە بێينە سەر ئەوەى بپرسـين، چى كۆمپـانياى وشـە لە ديلێمـاى سيـاسـى دەرباز دەكا؟ و چۆن كۆمپـانياى وشە لە ديلێما سياسييـەكانى دەربازى دەبێ؟ بۆ شيكردنەوەى ئەم دوو پرسـيـارە بەپێويستى دەزانين ئـامـاژە بەوە بكـەين كـە وەڵامـى هـەردوو پرسـيـارەكە خـۆى لە چەند خـاڵێكدا چڕ دەكـاتەوە كە لاى خـوارەوە بەرچاويان دەخـەين و، بۆ ئێمـە لووتكەى تێگەيشـتنيش لەو خاڵانـە خۆى لە خـۆقووڵكردنەوە و خـۆپوختكردنەوەى كـۆمـپـانياى وشـە لە كردەى سـياسـيى ڕوون و نادووبارەدا كـورت دەكاتەوە. بۆ ئەوەى ئەوە ڕوون بكەينەوە، چەند تێبينيـێك لاى خوارەوە دەخـەينە بەرچاو، ئەمەو لە خـوارەوە و لە سنوورى نووسينەكەدا مـشتێك لەو ديلـێما سـياسـييـانەش دەخەينە بەرچاو لە ئێسـتـادا كۆمـپانيـاى وشە تێياندا دەژى و، كە بۆ ئەم بەشـەى نووسـينەكەشـمان گرينگ

بووە گفتوگۆکردنیان:

* سیاسەتی ڕوون دەکاریٔ ئەو جۆرە کردە سیاسییانە بەرهەم بهێنیٔ کە شیاویی نویٔ لە کۆمەڵگە دەخەنەوە. کۆمەڵگەی ئێمە کە پێویستی بەوەیە لە بواری سیاسیدا دەرگە لە شیاویی نویٔ بکاتەوە بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا پێویستی بە پراکتیزەکردنی سیاسەتی ڕوونە، تا بگاتە ئەو ئامانجە. بەڵام سیاسەتی ڕوون ناتوانیٔ لەسەر لاوازییەکانی ناسنامەی کۆلێکتیڤی، خۆی دابڕێژیٔ.
* گۆڕینی بۆچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی پاش هاتنی تەوژمی گلوبالیزم و ئەو دیموکراسییەتە بەشمەککراوەی ئەم تەوژمە فرێی داوەتە ناو کۆمەڵگەی نوێوە، بووە بە دیلێمایەکی سیاسی نەک هەر بۆ کۆمپانیای وشە، بگرە بۆ گەلیٔ لە کۆمەڵگە هاوچەرخە تازە لیبراڵەکانیش. بۆیە هزری سیاسیی دیموکراسیی تازە بۆ گەلیٔ کەس لە ئێستادا وەک خۆی هەرس نابیٔ و دیلێمایەکی سیاسیی زۆری لە تەک خۆدا هێناوە و وتاری سیاسیی کوردییش لەم ڕووەوە، بە وتاری سیاسیی کۆمپانیای وشەشەوە، لێی دەرباز نەبووە.
* بەپێی دیتنی ئێمە بەشێک لە دیلێمای سیاسیی کۆمپانیای وشە، لەوەدا خۆی چڕ دەکاتەوە کە جاریٔ ئەوەی یەکلا نەکردووەتەوە کە بەشێکی زۆر لە کردە سیاسییەکان چۆن بکا؟ بەگشتیش وەک کردەی سیاسی چی بکا؟ واتە چی بکا بەکردەی سیاسی و چیش لەوە دوور بخاتەوە کە کردەی سیاسی نییە و پێویست ناکا هەڵوێستی سیاسی لەبارەوە بگریٔ. دەربازبوونیش لەم دیلێمایە، ئەڵبەتە بەسەرکەوتنەوە، کۆمپانیای وشە دەخاتە سەر سکەی کارکردنێکی سیاسی بە بەرنامەوە.
* ئەڵبەتە بۆ هێزێکی سیاسی گرفتێکی هەرە مەزن نییە گلان بە دیلێمای سیاسییەوە، بگرە ئەوە گرفتە چۆن ئەو هێزە سیاسییە لەو دیلێما سیاسییە بەسەرکەوتوویی و بەهزرێکی سیاسی بەتەندروستەوە دێیتە دەر و دیلێما لە پاش دیلێمای سیاسی دروست ناکات. واتە لە سیاسەتکردندا هاتنە دەرەوە لە دیلێمای سیاسی بەچارەسەرەوە، بۆ ئەو شتەی گرفت بووە، مەسەلەیە.
* هەموو ئەوانەش کە لە سەرەوە باس کران ئەوەیان گۆ نەکرد کە جارێکی لەلایەن ئێمەوە نەوتراوە. ئەوەش ئەمەیە:

ئاخۆ کۆمپانیای وشە بەڕێککەوت پریشکی ئەو گەندەڵییەی بەرنەکەوتووە کە خۆی بۆ قەلاچۆکردنی حەشار داوە؟ ئاخۆ ئەمە بەشە گەورەکەی دیلێمای سیاسیی کۆمپانیای وشە نییە؟

٩- ڕەخنەکردنی ڕۆمانسییەتی سیاسیی کۆمپانیای وشە:

کۆمپانیای وشە شوێنی دروستکردنی تاک نییە، بەڵام دەکریٔ ڕۆڵ لە دروستکردنی (کوردی باش)دا ببینیٔ.

کارکردنی کۆمپانیای وشە لەسەر تاک، تاکی کورد، مەرجە لەسەر ئەو تیۆریزەکردنە سیاسییە

خۆی بنیات بنێ کە تاک وەک خودێکی سیاسی و وەک خودی سیاسەت ببینێ، نەک وەک ئۆبجێکت (شت) و شمەک. ئەمە و ئەم کۆمپانیایە ناتوانێ تاک وەک خودێکی سیاسی و خودی سیاسەت ببینێ و لە هەمان کاتدا خۆی وەک کارگەیەکی سیاسی نیشان دا کە تاکمان، تاکی کوردمان، بۆ دروست دەکا. ئەو بینینە کە پێشتر لە ئەزموونی سیاسیی کوردیدا تاقی کراوەتەوە، تراجیدیا یەک لە دوای یەکەکان و گەندەڵیی بەرهەم هێناوە. کەواتە ئێمە لە میانەی ئەم چەند دێرەی گۆمان کرد ویستمان بەو بینینە بگەین کە خۆی وەک یەکێ لە تێزەکانی ئەم نووسینە نیشان دەدا، کە ئەوەش ئەمەیە:

کۆمپانیای وشە شوێنی دروستکردنی تاک نییە، بەڵام دەکرێ ڕۆڵ لە دروستکردنی (کوردی باش)دا ببینێ.

مەبەست لە کوردێکی باش، واتە ئەو کوردەی دادپەروەر و ئاشتیخواز و ڕێزگرە لە ئازادیی ڕاستەقینە و لە ئەوەی تر.

بەڵام با ئەوەشمان بیر نەچێ کە بەپێی ئەو چەند دێرەی پێشتر بێ، ئێمە خۆمان لە نێوان دوو تێگەیشتنی سیاسی بۆ خود دەبینینەوە: یەکێکیان تاک وەک خودی ناو سیاسەت و ئەوی تر بەواتاییکردنی کردەی سیاسی. ئەوەی یەکەم بینینێکی فۆکۆیانەیە (میشێل فوکۆ) بۆ سیاسەتکردنی خود و ئەوەی دووەمیش ئەرێندێتانەیە (هەنا ئەرندێت). ئەڵبەتە ئەم دوو دیتنە لە پێوەند بۆ خودی سیاسی، دەمانگەڕێنێتەوە لای کارل شمیت و ڕەخنەکانی لە سیاسەتی ڕۆمانسی و تێگەیشتنە ئۆنتۆلۆجییە ئەنتی پۆست مۆدێرنەکانی سلاڤۆی ژیژک بۆ خودی سیاسی و خودی پۆست مۆدێرن[٧١]. بەڵام لێرەدا نابێ تێگەیشتنە بەنرخەکانی ئالێن بادیو بۆ خودی سیاسی فەرامۆش بکەین[٧٢]. چونکە خودی سیاسی لای بادیو، کە تێگەیشتنێکی پۆست مۆدێرنانەیە بۆ هزری سیاسی، خۆی لەسەر ئەو سەیرکردنە بنیات دەنێ کە خود، خودی سیاسی، گەشە بەخودبوونی، خودبوونی سیاسی، خۆی تەنیا لە ئاکامی چالاکییە کردە سیاسییەکانی خۆیەوە، دەدا. واتە خود، خودی سیاسی، لای بادیو کەسێک یان خودێکی چالاکەوانە (ئاکتیڤیست) ئەم تەنیا بەهۆی بەشداریکردنەکانی لە چالاکییە سیاسییەکاندا دەکارێ وەک خودێکی سیاسی هەبێ. واتە بادیو لەم حاڵەتەدا لە نێوان دوو جۆر تاکی سیاسیدا جیاوازی دەکا: لە نێوان کردەی سیاسیی تاکی سیاسی بە سیاسیکراو، کە کاری (پیشەی) سیاسەتکردنە و چالاکەوانی سیاسی، کە لە دەرەوەی حزبدا سیاسەت دەکا. ئەوەی یەکەم کاری سیاسەتکردنە بە فەرمی و ئەوەی تر خۆبەخشانە بێ بەرامبەر سیاسەت دەکا. ئەڵبەتە بۆ بادیو ئەوەی دووەم زۆرتر ئومێدی پێ دەکرێ. چونکە بەبۆچوونی بادیو ئەوەی دووەم سیاسەت لە دەرەوەی ئۆرگانی حزبی دەکا و ئەو جۆرە تاکانەش کە بەم شێوەیە سیاسەت دەکەن، باوەڕیان بە لە سیاسەتخستنی حزبە. واتە سیاسەتکردن بەبێ حزبایەتی.

ئێمە پێمان وایە خودی سیاسیی کوردی کەم تا زۆر ئەزموونی لە خودخستن، لە سیاسەتخستن و تەنانەت لە مرۆی خستنیشی دەرباز کردووە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم خودە هەستێتە سەرپێی خۆی،

بۆ ئەوەی چیی تر لانەوازە و بێ داهاتوو نەبێ، پێویستە کارێکی زۆر بۆ گەشەدان بە خودگەرایی خۆی بکا. ئەم کارەش پێویستی بە خۆدووررِاگرتنی ئەم خودەیە لە سیاسەتکردن لەناو حزب. بەڵام بۆ ئەوەی خود، خودی سیاسی، شوێنی هەبێ و لە دەوروبەر دابراو نەبێ، پێویستە لە چالاکییەکی کۆلێکتیڤدا بژی. لێرەوە خودی سیاسی کردەی سیاسیی کۆلێکتیڤ بەرهەم دێنێ. بەڵام لێرە دەبێ ئەوە بوترێ کە پۆزیشنی سیاسی بێ دوژ نابێ. دوژ لە ژیانی سیاسیی ئەوەی پێی دەڵێن سیاسی (پولیتیکەل) گرینگە. ئەوەی پێی دەوترێ سیاسی لە دوژدا نەشونما دەکا. بەڵام خودی سیاسی (پولیتیکەل) کارل شمیت[٧٣] وتەنی ماهییەتی سیاسەتە. چونکە لە سیاسەتدا سیاسی ئامرازێکی کاریگەرە.

بۆ ئەوەی ئێمە لێرە خۆمان لە شیکردنەوەی ئایدیۆلۆجییانەی سیاسەت بەدوور بگرین بەپێویستی دەزانین تاوێک لەسەر خود و بەخودبوونی سیاسییانەی خود بوەستین و رۆڵی ئەم خودە لەناو کردە سیاسی و رووداوەکاندا دەستنیشان کەین. بەڵام با بزانین بۆ ئێمە ئەمە دەکەین؟ ئێمە ئەمە لەبەر ئەوە دەکەین، چونکە پێمان وا نییە کۆمپانیای وشە لە تێگەیشتنێکی رۆمانێک لەلایەک بۆ سیاسەت و لەلایەکی تر بۆ خود، دەربازی بووبێ. بەواتایەکی تر ئێمە بەو سەیرکردنە گەیشتووین کە سیاسەتکردنی کۆمپانیای وشە لە ئێستادا سیاسەتکردنێکی رۆمانسییە و بەردەوامبوونیشی لەسەر ئەوە، دەیخاتە دۆزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەوتۆوە کە ناچالاکیی سیاسی و سستی سیاسی تێدا بەرهەم دێنێ. ئەم جۆرە سیاسەتە کە بناغەی بۆ سیاسەتکردنێکی نوێ لەناو سیستەمی سیاسیی کوردی داناوە ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە وتاری تازەی سیاسیی کوردی بەگشتی کاوێژی دەکاتەوە. واتە سیاسەتی لیبرال. ئەو سیاسەتە بەشمککراوەی خود تێدا ئامرازە و تا ئەوپەڕی بەکاریش دەبرێ و دیموکراسییەتیش لەناو ئەم سیاسەتەدا کە پێویستی بەپتر دیموکراتیزەکردنە[٧٤] تاک تێکدەرە. بۆیە هەڵە ناکەین بڵێین بەکاربردنی خود لەلایەن سیاسەتی لیبراڵەوە هیچی لەو جۆرە بەکاربردنە کەمتر نییە کە خود لەژێر سایەی سیستەمە سیاسییە توندرەو و تۆتالیتارییەکانەوە دووچاری دەبێ.

بۆ زۆرتر راڤەکردنی ئەم باسە دەڵێین، کۆمپانیای وشە لە ئێستادا کار لەسەر ئەزموونێکی سیاسیی رۆمانسی دەکا. وەکی تر، ئەو میراتە فەلسەفییەی کۆمپانیای وشە گەشەی پێ دەدا میراتێکی سیاسیی رۆمانسییە و ئەوەش ئەو وتارە سیاسییە رۆمانسییەیە کورد بۆ سەد ساڵە، کە ئەوەش مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردییە، پێوەی گلاوە و لە تراجیدیا یەک لە دوای یەکەکانیشی بەرپرسیارە. ئەم سیاسەتە رۆمانسییەی لە ئێستادا کۆمپانیای وشە کاری لەسەر دەکا سستیی سیاسی بەرهەم دێنێ، بەناوی بزووتنەوەگەری و خەباتی گۆڕەپان. بزووتنەوەگەری و خەباتی گۆڕەپان دەکارێ، هزری سیاسی، لای تاکەکانی کۆمەڵگە لەرێگای خودی تاکەکانەوە (تاکە چالاکەکان) دروست بکا، بەڵام ئەفسووس ئەم جۆرە خەباتە لەسەردەستی کۆمپانیای وشە ناچالاکیی سیاسیی بەرهەم هێناوە و سیاسەتێکی خودتەپێنەریشی لەگەڵ خۆی هێناوەتە ناو سیاسەتکردنەوە. سیاسەتی لەم جۆرە ناکارێ چالاک بێ سیستەمی سیاسیی خۆی و ئەو میراتە سیاسییەش نەخاتە ژێر پرسیارەوە کاری لەسەر دەکا. ئەمە کە وەک کەموکووڕی لەلایەن ئێمەوە

دەبینرێ، یەکێکە لە دیلێما سیاسییەکانی هەنووکەی کۆمپانیای وشەش. ئەڵبەتە بۆ هاتنە دەرەوە لەم دیلێمایە، کە بە قازانجی سیاسیی کۆمپانیای وشە دەگەڕێتەوە، واچاترە کۆمپانیای وشە کار لەسەر دروستکردنی خود نەکا، وەک ئەوەی ئێستا دەیکا، بگرە بەشداری لە باشکردنی، دادپەروەرکردنی تاکی کورددا بکا. ئەمە و بۆ هاتنە دەرەوە لەم دیلێمایە ئەم کۆمپانیایە کارێکی هەرە باش دەکا شیاوی بخاتە بەردەست چالاکەوانە (ئاکتڤیست) سیاسییەکانەوە و لە حاڵەتی هیچگەراییی سیاسی و ئەنتاگۆنیزمی (دوژمنگەرایی)ی سیاسی دووریان بخاتەوە.

کەواتە بەرەنجامی ئەوەی وترا لای سەرەوە، ئەوەیە کە کۆمپانیای وشە نابێ خۆی وەک کارگەیەکی سیاسی ببینێ کە ڕۆژانە دەتوانێ تاکی کوردمان بەتازەترین شێوە بۆ دروست بکا. بگرە بەپێچەوانە ئەم کۆمپانیایە دەکارێ لە تەک تاکدا کار بکا و لە ئاکامی ئەم پێکەوە کارکردنە ڕەوشتی پاکداوێنی و دادپەروەری و باشە لە کۆمەڵگەدا گەشە پێ بدا. سەرئەنجامی ئەوەش دەشێ ببێ بەوەی کە کۆمپانیای وشە واز لە سیاسەتی شوانی بێنێ (ئەوەی ئەم شوانە و کوردیش مەڕەکان).

کارکردنی کۆمپانیای وشەش لەسەر ئەم جۆرە سیاسەتە (وازهێنان لە سیاسەتی شوانی) ڕێگە لە بەردەم تاک دەکاتەوە کە خۆی بێ و شوێنی لە کۆمەڵگە دیار بێ. تاکیش بۆ ئەوەی چالاک و خوڵقێنەر بێ، پێویستە لەناو دۆزدا بێ. ئەم دۆزە کە بەتاکبوونی تاک پتەو دەکا، بادیو وتەنی، ڕاستی بەرهەمهێنەرە. بەم شێوەیە، تاک ڕاستی تەنیا لە ئاکامی چالاکییەکانییەوە بەرهەم دێنێ. ئەڵبەتە ئەو ڕووداوە سیاسییانەی تاک بەشداری لە هێنانە کایەوەیاندا دەکا تاک بزووێنەرن. بۆیە تاک دەکارێ چالاکەوان بێ و پلاندارێژەری بیرۆکەکانیشی بێ. ئەم شیاوییە کە لە هەنووکەدا لە کۆمەڵگەی ئێمە بوونی نییە، چونکە ئامرازەکانی بەتاکبوونی تاک لە گۆڕێدا نین. ئەمەش وا دەکا تاک وەک شمەک ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێ و بکەرێ نابەرهەمهێنەر و کاوێژکار بێ.

١٠- کۆمپانیای وشە لەگەڵ دروستبوونیدا بە سۆفستایی و هەڵپەرستان گەمارۆ درا

ئێمەی کورد کە بەشدارییەکی ڕوون و دیارمان لە وتاری فەلسەفیی جیهانیدا نییە، خاوەنی وتارێکی دیاریکراوی فەلسەفییش نین، کە بکارین واتای ڕاستی لە سنووری کۆمەڵگەی خۆماندا ڕوون بکەینەوە، ئەم لایەنە کە ناڕوونی و بێ ئامانجییەکی زۆری خستووەتە نووسینەکانمانەوە وای کردووە نەشبین بەخاوەن هزرێکی ڕاستەقینە، تایبەت بەلێکدانەوەی ڕووداو و دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانمان. ئەڵبەتە یەکێک لە نیشانەکانی بێ هزریی وتاری ڕۆشنبیرییش لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا ئەوەیە هزر بەشتی تر گۆڕدراوە، یان بە لە جیاتی کراوە، بۆ نموونە هەڵە، ناڕاستی و سەفسەتە، ئەمە وای کردووە گەندەڵیی هزری، چەشنی جۆربەجۆر وەربگرێ و ئیلیتێکی تایبەت بەخۆشی لە کۆمەڵگە دروست بکا. بۆیە گەڕان بەدووی شوێنی ڕاستی لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیریماندا پێویستە مانادارییەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. چونکە ئەو ژیانە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی تاکی کورد لەژێر سایەی گەندەڵی دەیگوزەرێنێ کارێکی وای کردووە ڕاستی، خۆی وەک شتێکی کەم و، یان لەوە ناخۆشتر، وەک شتێکی قێزەون نیشان بدا. بەشێک لە ڕووەکانی ئەم

حاڵەتە پێوەندیی بەشێوازی سیاسەتکردن و ڕۆشنبیریکردنەوە لە کۆمەڵگەی ئێستاماندا هەیە. لە بیرمان نەچێ، دۆزی ڕۆشنبیری و سیاسیی پاش ڕاپەڕین هەردەم دەیویست ڕاستی وەک شتێکی قێزەون و کەم بەها نیشان دا و بیرۆکەی ئەمە سەرچاوەی لەو تێگەیشتنە فەلسەفییانەوە هەڵنەگرت کە فەلسەفەی ڕۆئاوا پاش ڕووداوی ئایاری ١٩٦٨ی قوتابییان پێ گەیی. واتە ئەوەی (ڕاستی مردووە). چونکە ڕەخنەکردنی ماهییەتی ڕاستی لە ڕۆئاوا خۆی لەسەر ئەو دیتنە فەلسەفییانە گەڵاڵە کرد کە ئەو جۆرە ڕووداوانەیان دروست کرد، بەڵام لای ئێمە ترس لە ڕاستی و کەمکردنەوەی بەهای ڕاستی کە هیچ بناغەیەکی فەلسەفیی نییە سەرچاوەی تری هەیە. بەم جۆرە، دۆزی سیاسی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی گەندەڵ بەجۆرێک بنیاتی گرتووە، دەیەوێ هەردەم ڕاستی بەجۆرێک نیشان دا کە ڕاستی نوێنەرایەتیی شتێک یان کەسێک دەکا. بەڵام بەخۆی وا نییە، چونکە ڕاستی تەنیا نوێنەرایەتیی خۆی دەکا و، ئەوەی ڕاستە، ئەوە ڕاستە لە خودی خۆی و بۆ خۆی، بۆیە ڕاستی ئۆبجێکتی نییە، بگرە پرۆسەیەکی سوبجێکتیڤ (خودگەرا)ی بەردەوامە. ئا لێرەوە دەشێ لەو لایەنە بگەین کە بۆ ڕۆشنبیر و سیاسیی گەندەڵ ترسیان لە ڕاستی هەیە. بۆ نموونە، ناردنی ئەو دۆکیومێنتانەی لە پاش ڕاپەڕین لە دەزگا ئەمنییەکاندا دەستی بەسەردا گیرا بۆ ئەمەریکا، گۆڕین و شاردنەوەی بەشێکیان (ئەوانەی دواتر دۆزرانەوە)، گۆڕینەوەی دۆکیومێنت بە خانوو یان نهێنیی تری سیاسی، هەموو ئەوانە ترس بوون لە ڕاستی و هەنگاوێکیش بوون بۆ قێزەونکردنی ڕاستی. بۆیە ئەو هێزانەی لە کۆمەڵگەی نوێی کوردیدا ڕاستی تێکدەرن، کە جۆراوجۆرن، لە ئێستادا لە کوردستان هەنگاوی تر دەنێن و مەیلێکی تریان هەیە. ئێمە بەشێک لەو ڕاستی بکوژانە ناو دەنێین سۆفستایی و هەڵپەرستەکان.

سۆفستاییەکان کە نووسەر و ڕۆژنامەوان و سیاسییە هەڵپەرستەکان دەگرێتەوە، پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کۆمپانیای وشە کەوتووەتە سەرپێی خۆی، ئەڵبەتە بەزۆری ئەو کاتەی ئەم کۆمپانیایە لیستێکی بەناوی (لیستی گۆڕان )ەوە خستەگەڕ و کردی بە کەپرێکی سیاسی بۆ کۆکردنەوەی هەوادارانی خۆی، ئەوە بوو بەشێکی زۆر لە سۆفستاییەکان (لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ) دەور و خولی کۆمپانیای وشەیان دا. ئەمە نابێ بەوە شی بکرێتەوە کە سۆفستاییەکان لەم کۆمپانیایە ئەوە بەدی دەکەن کە شوێنێکی ئەمینە بۆ خۆشاردنەوە یان بڕێکی زۆری ئەم کۆمپانیایە دەستپاک و ناگەندەڵن، بگرە دەبێ بەوە شی بکرێتەوە کە سۆفستاییەکان لەو شوێنانەی دەمێکە لێی دەخۆن، شوێنیان لەق بووە و کاتی ئەوە هاتووە شوێنێکی تر بۆ خۆژیان دروست بکەن ئەڵبەتە کۆمپانیای وشە لەم حاڵەتە بۆ ئەمانە، کە لە گەندەڵچییەکان زۆر ترسناکترن، لە گشت شوێنێکی تر باشترە.

بۆیە کۆمپانیای وشە بۆ ئەوەی خاوەنی ئاییندە (داهاتوو)یەکی سیاسیی ڕووناک و بەپیت و کاریگەر بێ، گرینگە لە ئێستادا خۆی لە ڕۆشنبیرە سۆفستایی و سیاسییە هەڵپەرستەکان بەدوور ڕابگرێ. مەبەستی سەرەکیشمان لەم دەربڕینە ئەوەیە شار کە پڕ بووە لە نووسەر، ئەم نووسەرانە پێویستیان بە داڵدەیە، داڵدەی سیاسی و ڕۆشنبیریی نوێ. ئەم نووسەرە سۆفستاییانە کە مەفتوونی نووسینن جیاوازی لە نێوان نووسینی (تێکستی) ڕاستەقینە و ناڕاستەقینەدا ناکەن.

ئەمانە پیشەیان ئەوەیە ڕۆژانە بنووسن و خۆشیان وەک خواوەندی ڕاستی نیشان دەن. جا کۆمپانیای وشە لەم ساتە وەختە سیاسییە ناسکەی ئێستایدا گرینگە بەدیسپلینەوە دەرگەی ڕاگەیاندنی خۆی بخاتە سەرپشت. چونکە وەک ئەوەی ئێمە دەرکمان پێ کردووە سۆفستاییەکان هەلی هەڵبژاردنیان قۆستەوە، بۆ هاتنە ناو دەزگاکانی کۆمپانیای وشە و، لەوێشەوە کەوتنە بانگەشە بۆ وتارە بێ هزر و بێ داهاتووەکانیان. ئەم سۆفستاییانە کە سەرەتا لە ڕاگەیاندنە حزبییەکان و دواتر لە ڕاگەیاندنە ئازادە ئەهلییەکان نووسینیان بڵاو دەکردەوە، ئوستادی یاریکردنن بە وشە و واتای ڕاستییان دەمێکە دەرمانخوارد کردووە.

سەفسەتە کە هیچی لە گەندەڵی کەمتر نییە، زۆرترین سوودمەندە لە بەردەوامبوونی دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگە. هەروەها سۆفستاییەکان کە بەهۆی بەردەوامبوونی گەندەڵیی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە پایەی کۆمەڵایەتییان پێکەوە ناوە لە گەڵێ ڕووەوە لە مانەوە و گەشەی دیاردەی گەندەڵییش بەرپرسیارن. لەوە وترا، سەیرتر ئەوەیە، سۆفستاییەکان هەروەک گەندەڵیستەکان بۆچوونیان بۆ کۆمپانیای وشە هەیە، بەڵام جورئەت ناکەن بۆچوونەکانیان بدرکێنن، چونکە دەیانەوێ هەموو کات داڵدەیەکیان هەبێ بۆ گەیاندنی وتنە بێ بەرەکانیان. سۆفستاییەکان، کە هەروەک گەندەڵچییەکان مەیلی مشەخۆرییان لە لووتکەدایە، خۆیان بە قسەکەری وشەی ڕاست و ئازاد دەزانن، بەڵام ئەمانە (سۆفستاییەکان) ڕاستەوخۆ نادوێن و لە نووسینەکانیاندا سروشتی کردەی ڕۆشنبیری تێک دەدەن و، پەیڤ و دەربڕین و تێگەیشتن بێ نرخ دەکەن.

بۆیە لێرە چارمان نییە بڵێین: گومان لەوەدا نییە گەر کۆمپانیای وشە هەر ئاوا لەژێر سیحری ڕۆشنبیریی سۆفستایی و سیاسییە هەڵپەرستەکاندا بێ، کردەی سیاسیی کۆمپانیای وشە، دووچاری پەتای ئەنتاگۆنیزمی (دوژمنگەرای) سیاسی نەبێ. ئەمە کە تا بڵێی ترسناکە کاریگەریی نەک هەر بەسەر هەستی ئیدیۆلۆجی کۆمپانیاکەوە، بگرە بەسەر سایکۆلۆجیای تاکەکانی کۆمەڵگەشەوە بەجێ دێڵێ. بۆیە گرینگە تا زووە ئەم کۆمپانیایە لەژێرسایەی ئەم جۆرە کەسانە دەربچێ و خۆی لە کاریگەریی ڕۆشنبیری و سیاسیی سۆفستاییەکان دوور بخاتەوە کە کۆمپانیای وشە دەخەنە سەر سکەی ڕقبازیی سیاسییەوە، کە ئەوەش کار بۆ سازاندنی ژینگەیەکی سیاسیی ناتەندروست دەکا.

بەدڵنیاییەوە دروستکردنی سیاسەتی تەندروست، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و بەپلەی یەکیش دەبێ وەک بەرهەمی خودی تاک تەماشا بکرێ، نەک گرووپ و حزب. بەڵام گرووپ و حزب دەکارن ئەو سیاسەتە لە ئاستێکی بڵاو و گەورەدا پراکتیزە بکەن. واتە ئەم، لەبەرئەوەی شیاویی لە بەردەمە، دەتوانێ ئەو سیاسەتە (سیاسەتی تەندروست) لەناو کۆمەڵگە بەرفراوان و گشتی بکا. چونکە ئاستی هۆشیاریی تاک لە کۆمەڵگەدا هەموو وەک یەک نییە و گشت تاکێکی کۆمەڵگە تەندروست و لێزان و شیاو نییە. واتە زۆر ئاساییە لە کۆمەڵگەدا سیاسەتی نەخۆش کار بکا و لاوازی و سستی بکەوێتە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەوە، بەڵام بە بەشداریی تاکە چالاکەوانە تەندروستە بەهزرمەندەکان دەکرێ و دەشێ باری کۆمەڵگە لە بارێکی ئافەتاوی و نەخۆشەوە بەرەو بارێکی ساغ و بێ درم ببرێ. ئەم شتانە بە چەقەنەیەک دروست نابن و کارکردنی بەردەوامی دەوێ و بەئاکام گەیاندنیشی

پێویستی بەتاکی هزرەڤان و ساغڵەم هەیە. بۆیە مانەوەی سۆفستاییەکان لەناو دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و سیاسیی کۆمپانیای وشەدا نەک هەر کردەیەکی سیاسیی کۆمپانیای وشە ناتەندروست دەکەن بگرە ڕەفتاری سیاسییش لە کۆمەڵگە ناساغ و بیمار دەکەن.

ئەمە و سۆفستاییەکان کە هزر لە پاش و بێ ئاگان لە گۆڕانکارییەکانی جیهان ئاگایان لەوە نییە کە لاوازییەکانی دەوڵەتی لیبراڵی نوێ لە سیستەمی دیموکراسییەتەکەیدایە کە ئەوەش لە تێگەیشتنی ئەم سیستەمەدایە بۆ پەرلەمێنتاریزم، بەڵام سۆفستاییەکان لەبەرئەوەی لەسەر سیستەمێکی تری ڕۆشنبیری کار دەکەن کە ئەوەش بە هێزی درۆ و سەفسەتە بەڕێوە دەچێ زۆر شیاوە کۆمپانیای وشە بەرەو گەلێ هەڵەی سەیر سەیری سیاسی و ڕۆشنبیری بەرن کە هەر هەمووشی بەری بێ ئاگاییانە لە گۆڕانکارییە ڕاستەقینەکانی جیهان. لەم ڕووەوە هەڵەش ناکەین بڵێین، گشت حزبێکی سیاسی لە ئەوروپا تاقمێک ئابووریناسی لەخۆ کۆ کردووەتەوە کە هەریەکەیان لە بەش و لایەنێ لە ئابووریی جیهان و وڵات شارەزان، جگە لەو شارەزاییەی لەسەر داهاتی نەتەوە و سەرچاوەکانی ئابووریی وڵات و جووڵەی سەرمایە، خزمەتگوزاری و شمەک هەیانە. دەسەڵاتی سیاسیی کوردی کە لەم ڕووە بێ ئەزموونە، ئەوەش لەبەرئەوەی نەک هەر ئابووریناسمان نییە و، یان هەبوونەکەی بێ ئەندازە کەمە و ئەوەی هەشە شارەزاییەکی نوێ و هاوچەرخی لەسەر چۆنیەتیی خوێندنەوەی دۆزی ئابووریی نوێی جیهان و ناوچەکە نییە، بگرە ئەوەش کە ئەم لایەنە نەبووە بە نەریت کە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی دەستەبژێری ئابووریناسی هاوچەرخ لە خۆی کۆ بکاتەوە. ئەمە کە بۆ خۆی گرفتێکی بچکۆلە نییە موخابن چارەسەرکردنی هیچ کارێکی لەسەر نەکراوە. بەپێچەوانەوە لای ئێمە، لەناو کورد، لە باشترین حزب و گرووپی سیاسییەوە بگرە تا خراپترینیان تەنیا ڕۆژنامەوان و نووسەری وێژەدۆستی سۆفستایی لە خۆم کۆ کردووەتەوە. ئەم سۆفستاییانە کە ئابڕووی کردەی ڕۆشنبیرییان بردووە، کە وێژە و ڕۆژنامەوانی و تیۆری سیاسی بەیەکتر تێکەڵ دەکەن و تیۆریزەش بەسەر هیچەوە دەکەن لەسەر ئامادەبوونی گەندەڵی لە کۆمەڵگەی هەنووکەی کوردستان بێ ئەندازە مشەخۆرن. ئەمانە کە خۆیان وەک کۆمەڵناس و تیۆریزەکەری سیاسی و ئابووریناس و زمانەوان و بیرمەندیش دەناسێنن، لەو گەندەڵییە بەرپرسیارن لە پۆلە ڕووناکبیرییەکاندا گەشە دەکا. بەکورتی ئەمانە کە خۆیان وا نیشان دەدەن دوژمنی هەرە گەورەی گەندەڵین، تا بڵێی لە گەندەڵی سوودمەندن و تا ئەوپەڕیش بەکاریان بردووە. لێرەوە دەگەینە ئەو بیرۆکەیەی لای سەرەوە بە کراوەیی جێیان هێشت، واتە بەکاربردنی کۆمپانیای وشە وەک داڵدەیەکی ئەنتی گەندەڵ لەلایەن گەندەڵچی و سۆفستاییەکانەوە. بۆیە گەر گۆڕینی وێنەکان، وێنەی سیاسی، وێنەی کۆمەلایەتی و تەنانەت ئابووری و کولتوورییش بۆ کۆمپانیای وشە بەبابەتێکی بەبایەخ لە قەڵەم دەدرێ و، وەک بەشێ لە ئەرکی ڕاگەیاندنیش تەماشا دەکرێ پێویستە کۆمپانیای وشە ڕاگەیاندنەکەی لە دەست لەلایەک سۆفستایی و لەلایەکی تر گەندەڵخوازەکان دەرباز بکات. ئەگەر کۆمپانیای وشە ئەمە نەکات، نەک هەر ناتوانێ لە بەشێکی زۆر لە دیلێما سیاسییەکانی بێتە دەر، بگرە ئەوەش کاوێژ دەکاتەوە کە هێزە سیاسییەکانی تر بەرهەمیان هێناوە. واتە لێگەڕان لە کارکردنی کەسی ناپێویست لە شوێنی پێویستدا.

# پاشەکی

باشترین ڕێگە بۆ فێربوونی فەلسەفە، بەپێی دیتنی تۆماس ناگل، خۆسەرقاڵکردنە بە پرسیارە ناگشتییەکانەوە[٧٥] بەڵام گرینگترین پرسیارێک کە دەخوازین لە سەرەتای ئەم پاشەکییە بیخەینە ڕوو، ئەوەیە ئاخۆ نووسینی کتێبێک لەسەر گەندەڵی خۆسەرقاڵکردنە بە چییەوە؟ ئێمە پێمان وایە نووسینی ئەم کتێبە کە ڕاستەوخۆ سەر بەخانەیەک یان دیسپلینێکی دیاریکراوی ئەکادیمی نییە، خۆسەرقاڵکردنە دیسانەوە بە شتە تاکە ناگشتییەکانەوە. گەندەڵی کە بووە بە ژیانی تاک لە کۆمەڵگەی تازەی کوردی و مەسی زۆربەی بوارەکانی ژیانی ئەم تاکە دەکا، شایانی زۆرترین وتنە. چونکە گەندەڵی، کە تێکڕای ژیانی تاکی گرتووەتەوە، بووە بە هەنووکەی ئەم تاکە و کاری هزریش لەم حاڵەتەدا وتن هێنانە گۆڕێیە لەسەر هەنووکە. وەکی تریش فەلسەفە هەر ناگل وتەنی کار لەسەر هزر دەکا و ئەویش کار لەسەر جیهان و خۆمان دەکا.

ئێمە هەروەک لە پێشەکیی ئەم کتێبەشدا ئاماژەمان پێ کرد، نووسینەکانی دوو تۆی ئەم کتێبە ڕاستەوخۆ سەر بەخانەیەک لە خانەکانی دیسپلینێکی دیاریکراوی ئەکادیمی نین. بەڵام لە دەرەوەی ئەو دیسپلینەش کاری نەکردووە. چونکە دیاردەی گەندەڵی کە سەری باس و بنی باسی نووسینەکانی ئەم کتێبەیە، وەک باسێک بۆ توێژینەوە ناتوانێ لە دەرەوەی بازنەی توێژینەوەی ئەکادیمی بێ. هەروەها خودی دیاردەکە لەبەرئەوەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی و هزرییە، پێویستی بە یارمەتیی زانستە مرۆییەکانە بۆ ڕاڤەکردن. هەروەها لەبەرئەوەی زۆنی کارکردن و گەشەی دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگەی تازەی کوردیدا گەلێ لق و پۆپ و تەوژمی سەیر سەیری لێ بووەتەوە (بواری: ماف، پەروەردە، تەندروستی، فێمینیزم، نێوەندی ئەکادیمی و ڕاگەیاندن و... هتد) ئەوە داوای ئەوەی لە نووسەر کردووە هەر جارە و بوار و شوێنێک بکاتە بابەتی توێژینەوە و بۆ ئەو مەبەستەش پشتی بە تیۆریی سیاسی و کۆمەڵناسی و ئابووریناسی و تەنانەت بواری هزریش، وەک فەلسەفەش، بەستووە. هەر لەبەرئەوەی نووسەری ئەم چەند دێرە لە ڕووی ئەکادیمییەوە پایەکی لەناو فەلسەفەیە و ئەوی تریش لەناو زانستی ئابووری، کارێکی وای کردووە. تەماشاکردنەکانی بۆ دیاردەی گەندەڵیی ئەمڕۆی کوردستان، کە تا بڵێی کێشەیەکی فرە جەمسەر و هەنووکەییە، ڕەوتی ئەکادیمیی جیا وەربگرێ. وەلێ نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە کتێبەکە بەجۆرێک قسە لە دیاردەی گەندەڵی دەکا کە بشێ تێگەیشتن لای زۆرینەی خوێنەر دروست بکا. ئەڵبەتە زۆربەی ئەوانەش کار لەسەر بابەتی گەندەڵی یان کۆمەڵگە گەندەڵەکان دەکەن پێیان وایە توێژینەوەی گەندەڵی کارێکی زیاد لە پێویست دژوارە. چونکە بۆ ئەوە دەچن هۆکاری گەندەڵی خۆی وەک ئاکامی گەندەڵی نیشان دەدا[٧٦].

ئەگەرچی ئێمە لەوە پەشیمان نین کە کتێبێکمان[٧٧] لەسەر دیاردەیەکی درمئامێزی، وەک گەندەڵیی نووسیوە، بەڵام نووسینی کتێبێک لەسەر دیاردەیەکی وا بەشێک نییە لە خەونە تیۆرییەکانی ئێمە و ڕەنگدانەوەی توانای ئەکادیمیی ئێمەش ڕوون ناکاتەوە. بەڵام وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگە گەندەڵەی ڕەخنەمان کردووە و بە ئەرکی مرۆیی و ڕەوشتی و نەتەوەییی خۆمان زانیوە گفتوگۆ لەسەر ئەو لایەنانە بکەین کە کۆمەڵگەی هاوچەرخی کوردییان دەردار کردووە.

ئێمە لای سەرەوە بەشێوازێکی نائاڵۆز و سادە و لە دوو تۆی چەند نووسینێکی ئاقار جیادا، ئەوەمان ڕوون کردەوە کە گەندەڵیاری بووە بە شێوازێک بۆ ژیان و خستنی ئەو ژیانە لەو شێوازە کارێکی زۆر و بەردەوامی دەوێ و ئەمەش، وای دەبینین، ئەرکی گشت تاکێکی بزوێنەری ناگەندەڵ و پاکدامێنە. بۆیە نووسینی کتێبێک لەسەر دیاردەییەک کە تا هەنووکەش لە کۆمەڵگەدا سەروەر و باوە، کارێکی زێدە سەختە. چونکە ئەو ئاڕاستە جیاوازانەی شیاوە ئەو دیاردەیە وەری بگرێ هەردەم ڕەوتی گفتوگۆکان دەگۆڕن. بەم جۆرە، گەندەڵکاری کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فۆرم وەردەگرێ، قۆرخکردنی تەوژم و جووڵەکانی کارێکی لەوە زۆرتری دەوێ کە ئێمە ئەنجاممان داوە. چونکە دواجار گەندەڵی بە ژیان و بوونمانەوە گرێ دراوە و دەستکاریی گشت هەبوونیشمان دەکا. ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوەی هێزە گەندەڵەکان، چەشنەکانی گەندەڵی، تەوژمی گەندەڵیزم لە پتەوبوون و بزێویدایە و نایەوێ خۆی لە گەڕخستن بخا و، وەکی تریش، دۆستانی گەندەڵی و یارانی مشەخۆری لە کۆمەڵگە، کە وەک فریشتە خۆیان نیشان دەدەن، هێزە زۆر و کۆلێکتیڤەکە پێک دێنن. ئا لێرەوە دەشێ بوترێ دامەزراندنی مانفێستێکی دژبە گەندەڵی کارێکی فرە سەختە و لە پراکتیکدا پێشوازییەکی زۆری لێ ناکرێ. هەر بۆیە ئێمە لەگەڵێ شوێنی ئەم نووسینە قسەمان لەوە کرد کە گەلەکۆمەکردن لەسەر گەندەڵی کاری گشت تاکەکانی کۆمەڵگەیە بەڵام لە دوایین باردا تەنیا کاری ئەو تاکە پاکدامێنانەیە مەیلی دژایەتیکردنی گەندەڵییان تێدایە و هەوەسی قەڵاچۆکردنی ئەم دیاردە کوشندە و درماوییەیان هەیە. تاکی کۆمەڵگەی گەندەڵ کە گیرۆدەی ژیانێکی بەد و بێ داهاتووکراوە بەئەستەم دەپەرژێتە سەر ئەوەی فوکوس لە لەباربردنی ئەم دیاردەیە بکا.

ئەوەی لای سەرەوە وترا، بەرەو ئەو گریمانەشمان دەبا بڵێین: لەبەرئەوەی هەنووکەی کۆمەڵگەی ئێمە گەندەڵە مانیفێستێکی بۆ هێنانە گۆی ئەم هەنووکەیە قسەکردن لەسەر ئەم گەندەڵییە پێویستە. ئەو مانیفێستەی بۆ دژایەتیکردنی ئەو گەندەڵییە، کە گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی گرتووەتەوە، دەهێنرێتە کایەوە مەرجە مانیفێستێکی هەمەلایەن و فرە ناسنامە بێ. لەبەرئەوەی گەندەڵبوونی بەرپرسیاریەتیی تاک و تێکچوونی پردی نێوان ماف و ئەرک لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی کوردیدا ڕووی لە ئاوابوون ناوە، ئەمە ڕێگەی لە بەردەم سەوزبوونی گەلێ چەشن لە گەندەڵیدا خۆش کردووە. چەشنەکان کە هەر سیاسی، سیاسییەکی پوخت، یان ڕەوشتییەکی پوخت نین، یاخۆ تەنیا ڕۆشنبیری و هزرییەکی ڕووتیش نین، بۆیە دەکرا ئێمە لە میانەی نووسینەکان، لەسەر گەندەڵی، قسە لەسەر گەندەڵبوونی جوانکاری، گەندەڵبوونی شیعر، گەندەڵبوونی واتای وەک هاوڕێیەتی و میوانداری و... هتد بهێنینە گۆڕێ؛ بەڵام ئێمە بەشێوازێک لە گەلێ شوێن لە دوو تۆیی نووسینەکان دواوین، ناڕاستەوخۆ ئەو لایەنانەمان گفتوگۆ کردووە. .

مایەوە ئەوەش بێژین ئێمە ئەم کتێبە وەک ئینجیلێک لەسەر دژە گەندەڵی نابینین، بەڵام پێشمان وا نییە مانیفێستێک نەبێ لەسەر ڕەوشتی پاکدامێنیی تاک لە کۆمەڵگەدا. ئەم مانیفێستە کە ڕووی تیـۆری و پراکـتـیکیی خـۆی هەیە، تەنیـا بەهـۆی زۆر و وردخـوێندنەوەی لاپەڕەکـانیـەوە دەشێ تێگەیشتن لێی ڕوون و سانا بێ. بەڵام گرینگە خوێنەری چالاک لەوە حاڵی بێ کە ئەرکی سەرەکیی ئەم کتێبە، کە لە هەمان کاتیشدا مەرامی بنەڕەتی میتۆدی کتێبەکەش پێک دێنێ، خستنە ڕووی تێگەیشتنە لەسـەر ئەو شـتـەی کـە گرینگە لـە گەڕ بخرێ، کـە ئەوەش ڕەوشـتی گـەندەڵییـە کـە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردیدا سەروەرە. بۆیە ئەم مانیفێستەی ئێمە خستوومانەتە گەڕ، کار لە پێناو ڕوونکردنـەوەی ئەوەدا دەکـا کـە شـەڕ لە تەک گـەندەڵی واتـە شـەڕ لە تەک بەدی و شـەڕ لە پێناوی هێنانە کایەوەی باشە و پاکدامێنی لە کۆمەڵگەدا.

لە ڕووی پراکتیکشەوە ئەوەش لە خۆمان ڕادەبینین بڵێین، ئەو گرووپ و تاقمە سیاسییانەی دژایەتیی گەندەڵی و حزب و یان سیاسەتی گەندەڵ دەکەن نەیانتوانیوە ئەو دیتن و سەیرکردنانە بخەنە بەردەست تاکی ئەمڕۆی کورد کە ئێمە لە ڕێگەی تێکستەکانی ئەم نووسینەوە خستوومانەتە بەرچاو. چونکە ئێمە پێمان وا نییە دەربازکردنی تاکی کورد لە گەندەڵیی سیاسی و یاخۆ حزبی، بە ئاراستەکردنی ڕووەو بزاڤێکی تری سیاسی دێتە دی بگرە ئێمە پێمان وایە تاکی کورد خۆی دەکارێ بزاڤی سیاسی-کۆمەڵایەتیی خۆی لە دەرەوەی کاریزمای سیاسی و دەموچاوی سیاسیی تازەدا دەستنیشان بکا. چونکە هیچ گرووپ و تاقمێکی سیاسی ناکارێ تاکێکی چالاک و ڕاسیۆنال و پاکدامێن و دادپەروەر دروست بکا گەر ئەو تاکە ئەو شیاوییانە لە خۆی ڕانەبینێ، یان تێدا نەبێ. چونکە سیاسەت (بەمانا گەورەکەی حزب) کارگەی دروستکردنی تاک نییە.

دوا دیتنیش کە بە باشی دەزانین لەم پاشەکییەدا دووبارەی کەینەوە، ئەوەیە کە ئێمە باوەڕمان بە فەلسەفەی (چاوەڕوانیکردنی باشترین چرکە[٧٨]) یە و، لە مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵیزمدا بە شتێکی مرۆیی و نەتەوەیی و ڕەوشتیشی دەزانین، تاکەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخی کـوردی و هێـزە سـیاسـییـەکـان خـۆیان لە گشت ئەنتـاگۆنیـزم (دوژمنگەرایی)یەکی سیـاسی دووربخەنەوە و خۆیان لەسەر ئاکاری ئاسایشپارێزیی کوردستان و تۆلێرانسی (سەبری) سیاسی ڕابێنن و، هەروەها گەشە بە پەروەردەی دژە زەبر و شەفافیەتی سیاسی بدەن. ئەمە کە بە قازانجی تاک و خاکی کوردستان دەگەڕێتەوە، مرۆڤایەتیش لەو سەرەوە کەڵکی لێ وەردەگرێ.

# سەرچاوە و پەراوێزەکان


1. Thomas Nagel.Vad är meningen med alltihop? Översättare: Jonas Josefsson, Bokförlaget Nya Doxa 1991, s. 8,

٢- فەیلەسووفی ئیتاڵیایی جیۆرجیۆ ئاگامبین لە کتێبی ((دۆزی ڕیزپەڕ)) جەخت لەوە دەکا کە چۆن دۆزی ڕیزپەڕ، لە مێژووی ڕۆئاوا هەر لە کاتی ڕۆماکانەوە تەنانەت تا دەم و وەختی ١١ی سێپتەمبەریش ئاسایی بووە و، پەرێشانی (دیسترێس) و یاسا لە پێکدادان بوونە لە تەک یەکدا.

Giorgio Agamben. Undantagstillståndet ; översättning av Sven-Olov Wallenstein. Lund Propexus, 2005, s.10 .

٣- بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە (سیاسەتی دارمان: مانیفێستێکی بۆ چاخی بیست و یەکەمین) کە فەیلەسووفی ئیتاڵیایی ئۆنتۆنیۆ نیگری پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ڕووداوی ئایاری ١٩٦٨ (کودەتای قوتابییانی ڕۆئاوا) دەبایە خودێکی سیاسیی نوێی دروست کردبایە.

Antonio Negri. The Politics of Subversion: A Manifesto for the Twenty-First Century, Polity Press, 2005, p. 48.

1992, p.1. 4. Robert Klitgaard. Controlling Corruption. University of California Press,

5. Susan Rose-Ackerman. Corruption and Government: Causes, Consequences, and Reform. Cambridge University Press, 1999, p.8.

6. Kimberly Ann Elliott. Corruption and the Global Economy. Institute for International Economics,U.S.; New edition edition, 1997, p. 8.

7. Inga-Britt Ahlenius. Den svenska korruptionen. I DN 2004-12-22.

8. Robert Klitgaard. Controlling Corruption, University of California Press, 1991, p.1.

9. Johann Graf Lambsdorff. The Institutional Economics of Corruption and Reform: Theory, Evidence and Policy, 2008, p. 1,

10. Robert Klitgaard. Controlling Corruption. University of California Press, 1992, p.3.

١١- میخائیل ڕیکلین فەیلەسووفێکی ڕووسە و لە سەرەتای ١٩٩٠کاندا کتێبێکی بە ڕووسیایی بڵاو کردووەتەوە، کە بریتییە لە لێدوان لە تەک چەند فەیلەسووفێکی وەک (فیلیپ لاکۆ- لابارت، ژان- لۆک نانسی، ژان بۆدریار، فیلیکس گوتارێ، ژاک دێریدا، پۆل ڤیریلیۆ، سلاڤۆی ژیژک، ڕێتشارد ڕورتی، سوزان باک - مۆرس). بڕوانە کتێبەکەی میخائیل ڕیکلین (وێرانسازی و هەڵوەشەوەگەری) (بە ڕووسی) بۆ خوێندنەوەی ئەو لێدوانانە:

Михаил Рыклин. Деконструкция и деструкция, М., Логос, 2002.с. 87.

12. Peter Kemp. Historia och berättelse. I ResPublica 11.Tema: Mentalitetshistoria. 1988/11,

s. 25.

13. Jacques Rancière. Texter om politik och estetik. Översättare: Christina Kullberg. Axl Books, 2006, s. 39,

14. Alain Badiou. Ethics: An Essay on the Understanding of Evil. Translated by Peter Hallward. London and New York: Verso, 2001, p. 102.

١٥- بڕوانە ئەم کتێبەی ژاک ڕانسیێر (ڕق لە دیموکراتییەت):

Jacques Rancière. Hatet mot demokratin. Övers: Kim West .Tankekraft förlag. 2007.

١٦- ژان _ لۆک نانسی لەم کتێبەدا (بوون تاک فرە) قسەیەکی زۆر دێنێتە پێشێ لەسەر بوون و، بوون وەک شتێکی تاک فرە دەبینێ. بڕوانەی ئەم سەرچاوەیەی (بە ڕووسیایی) لای خوارەوە:

Жан-Люк Нанси. БЫТИЕ ЕДИНИЧНОЕ МНОЖЕСТВЕННОЕ Перевод с французского В. В. Фурс,под редакцией Т. В. Щитцовой.Минск, изд. «Логвинов», 2004, с. 113.

17. Михаил Рыклин. Деконструкция и деструкция, М., Логос, 2002.с. 122.

١٨- بڕوانە ئەم نووسینەی فرێمان: قسەکردن لەسەر قسەنەکراوئامێز: جینۆساید و فەلسەفە:

Michael Freeman. Speaking about the unspeakable: genocide and philosophy, Journal of Applied Philosophy, 8, pp. 3-17.

میشێل فریمان لەم نووسینە پێناسەیەکی زێدە نازدارمان تایبەت بە جینۆساید بەردەست دەخا. بەپێی بینینی فرێمان جینۆساید ناوە بۆ بەدییەکی زێدەڕۆی تێداکراو.

١٩- بڕوانە ئەم کتێبەی لای خوارەوەی زیگمۆن باومان:

Zygmunt Bauman. Modernity and the Holocaust. Polity Press; New edition edition, 1991.

بەڵام وەرگێڕاوە سوێدییەکەی ئەم کتێبە ئەم ناوونیشانەی لەخۆ گرتووە: (ئاوشوێتز و کۆمەڵگەی مودێرنیتێ):

Zygmunt Bauman. Auschwitz och det moderna samhället. Översättare: Gustaf och Rickard Gimdal. Daidalos 1989.

٢٠- بروانە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە:

پێتەر هاس: پاش وشەکان: ململانێی هۆلۆکۆست لە تەک لێبووردەیی، ئاشتبوونەوە و دادپەروەری:

Reconciliation,m ،Peter Haas After-Words: Post-Holocaust Struggles with Forgiveness Justice. University of Washington Press, 2004.

٢١- بڕوانە ئەم کتێبەی دێریدا (لەمەڕ کۆسمۆپۆلیتان و لێبووردەیی)

Jacques Derrida, On Cosmopolitanism and Forgiveness, translated by Mark Dooley and Michael Hughes. New York: Routledge, 2002,

٢٢- هەمان سەرچاوە.

٢٣- هەمان سەرچاوە، لا ٣٢-٣١

٢٤- هەمان سەرچاوە، لا ٣٨ و ٤١

٢٥- هەمان سەرچاوە، لا٤٥

٢٦- هەمان سەرچاوە، لا ٢٩

٢٧- بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە: سەرچاوەی یەکەم دوو نووسینی ژنە فەیلەسووفی جوو هەنا ئەرندێتە
Organized Guilt and Universal Responsibility. (In Essays in Under-) .Hannah Arendt standing, 121_132. New York: Harcourt, 1994,

Hannah Arendt (Irreversibility and the Power to Forgive) In The Human Condition, 632-243. Chicago: Chicago University Press.

سەرچاوەی دووەم: بۆ تێگەیشتن لە دیتنەکانی فلادیمێر جانکلێفیچ کە فەیلەسووفێکی فرەنسایی بەڕەچەڵەک رووسیاییە، کە پێی وایە ناشێ هەرگیز لە تاوانکاریی نازییەکان ببوورین، بگەڕێرەوە سەر ئەم سەرچاوەیە:

Vladimir Jank´el´evitch. “Should We Pardon Them?" Critical Inquiry 22 , 3: 552_572, 1996,

٢٨- بڕوانە ئەم کتێبەی بادیو (بوون و ڕووداو) کە یەکێکە لە کتێبە هەرە ناسراوەکانی کە لە ساڵی ١٩٨٨ بە فرەنسایی نوسخەی یەکەمی دەرچووە.

Alain Badiou . Being and Event., trans. Oliver Feltham, - London: Continuum, 2000, p. 219.

٢٩- بڕوانە ئەم کتێبەی پیتەر هالوارد :بادیو : (خودێک بۆ راستی). ئەم کتێبەی هالوارد بە کتێبێکی دەروازەی زێدە گرینگ دەژمێردرێ لەمەڕ هزری فەلسەفی و سیاسیی بادیو.

university of Minnesota Press, Peter Hallward. Badiou: A Subject to Truth, Minneapolis, 2003, p. 350,

٣٠- بڕوانە کتێبی ژاک ڕانسیێر «لە کەناری سیاسەتەوە». ڕانسیێر لەم کتێبە ١٠ تێزە ناوداراکەی تایبەت بە سیاسەت دەخاتە ڕوو. نوسخەی رووسیاییی کتێبەکە:

Ж . Рансьер. На краю политического / Пер. Б. М. Скуратовой. — М.: Праксис, 2006, с. 195.

٣١- بڕوانە ئەم کتێبەی بادیو: بیری ناپایان : ڕاستی و گەڕانەوە بۆ فەلسەفە.

Alain Badiou. Infinite Thought: Truth and the Return to Philosophy, ed. and trans. Justin Elemens and Oliver Feltham, London, Continuum,2003, p79.

٣٢- هەمان لاپەڕە و سەرچاوە.

٣٣- بڕوانە ئەم کتێبەی ژاک ڕانسیێر: ناقایلبوون: سیاسەت و فەلسەفە، بەتایبەت لاپەڕەکانی پاش فەسڵی میتاپولیتیک.

Jacques Rancière. Disagreement: Politics and Philosophy University of Minnesota Press,1999,

34. Alain Badiou. Infinite Thought: Truth and the Return to Philosophy, ed.. and trans. Justin Elemens and Oliver Feltham, London, Continuum, 2003,. p., 69,

35. Jacques Rancière. Disagreement: Politics and Philosophy University of Minnesota

Press,1999, p. ix.

٣٦- بڕوانە ئەم کتێبەی بادیو (ئیتیک: سەروتارێ لەسەر تێگەیشتنی بەدی):

Alain Badiou. Ethics: An Essay on the Understanding of Evil, trans. Peter Hallward, London, verso, 2001, p9.

٣٧- بڕوانە ئەم کتێبەی (جانسۆن بارکەر) کە لە پاڵ کتێبەکەی هالوارد بۆ تێگەیشتن لە بینینە سیاسی و فەلسەفییەکانی بادیو بێ وێنەیە:

Janson Barker. Alain Badiou: A Critical Introduction. - London: Pluto, 2000, p. 7,

٣٨- بڕوانە بادیو: (پوختەی لەمەڕ) بوون.

Alain Badiou. Briefings on Existence: A Short Treatise on Transitory Ontology. State Uni-

Бадью А. Манифест философии. — СПб.: Аксиома, 2003.

٣٩- لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم کتێبەی بادیو (مانفێستی فەلسەفە):

40. lain Badiou. Metapolitics, Verso,. 2006, p. 14,

٤١- بڕوانە نووسینی(خۆشەویستی چییە؟)ی بادیو :

Alain Badiou. Manifest för filosofin & Vad är kärlek?. Urval & introduktion av Dariush Moaven Doust. Översätnin: Carin Franzen, Glänta produktion,. 2005.

٤٢- بڕوانە ئەم کتێبەی تۆماس ناگل (مانای ئەم هەموو شتە چییە):

Thomas Nagel. Vad är meningen med alltihop? Översättare: Jonas Josefsson, Bokförlaget Nya Doxa 1991,p. 9.

43. Jacques Derrida. Ethics , Institutions, and the right to philosophy, translated , ediited, and with commentrary by Peter pericles Trifonas, Lanham Md: Rowman & Littlefiled, 2002,p.23.

لەم سەرچاوەیەدا بڕوانە ئەو مێزگردەی دێریدا لە تەک چەند نووسەرێک ئەنجامی داوە. مێزگردەکە لەبارەی ئەو تێکستەوەیە لەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەدا پێشکێشی کردووە کە بە وتاری هیۆمانییەوە تایبەت کراوە. دێریدا لەو تێکستەدا باسێکی لە ژێر ناوی (لەمەڕ دیسپلینی هیۆمانی و فەلسەفی: ماف بۆ فەلسەفە لە ڕوانگەی دیدێکی کۆسمۆپۆلیتیکەوە) پێشکێشی دەکا. تێکستەکەی دێریدا خۆی لەسەر ئەو باسە پێک هێناوە کە ناوبراو لە ئایاری ١٩٩١دا لەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەدا پێشکێشی کردووە یۆنسکۆ لە پاریس سازی کردووە.

بەشدارانی مێزگردەکە ئەمانەن:

Roundtable discussion : Hazard Adams, Ernst Behler, Hendrick Birus, Jacques Derrida, Wolfgang Lser, Murray Krieger, J. Hillis Miller, Ludwig Pefeiffer, Bill Readings, Ching.hsien Wang, Pauline Ya

٤٤- دیارە ساڵانی ١٩٥٠ بۆ ١٩٨٠کان چەند نووسەرێکی عەرەبی، لە لبنان و میسر و دواتر لە مەغریبیش،

هەندێ دەرگەیان بەڕووی ناساندنی فەلسەفەی یۆنانیدا کردەوە، بەڵام ئەم ناساندنە ئەو کاریگەرییەی بەسەر ڕۆشنبیریی فەلسەفیی ئێمەوە زۆر جێ نەهێشت. چونکە خراپیی وەرگێڕانی بەشێک لە تێکستە فەلسەفییەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی و لەوەش بگەڕێتەوە باش عەرەبی نەزانینی بەشێ لە خوێنەرانی کوردی ئەو تێکستە وەرگێڕاوانە کارێکی ئەوتۆیان کرد ئەو تێکستە فەلسەفییانە لەناو خوێنەرانی کورد کاریگەری نەخەنەوە و ئەو فەلسەفەیەی بە ڕیشەی فەلسەفە دەزانرێ وەک خۆی پێی ئاشنا نەبن. لەو کێشانە بەدەرتر دەکرێ باس لەوەش بکرێ، تێکستە فەلسەفییە یۆنانییەکان زۆر جار لە زمانی ترەوە بەتایبەت ئینگلیزی یان فرەنساییەوە نەک یۆنانییەوە کراون بە عەرەبی. بەڵام دەکرێ لێرەدا باس لە دیاردەیەکی تریش بکرێ، ئەوەش ئەو کێشەیەیە لەناو ئێمەدا باوە و بەڵام ئێمە ئەم کێشەیەمان لە ئەزموونی نووسین و وەرگێڕانی ڕۆشنبیرانی عەرەبییەوە بۆ ماوەتەوە ئەوەش ئەوەیە کە بەشێکی لەوانەی کاری فەلسەفییان لە جیهانی عەرەبیدا کردووە ڕووناکبیرگەلێکی ئەکادیمی نەبوونە و یان فەلسەفەیان وەک دیسپلینێکی ئەکادیمی وەرنەگرتووە بگرە نووسەر و وەرگێڕگەلێکی عیسامی بوونە و یان حەزی خۆیان و هەوەسیان بۆ فەلسەفە بەرەو ئەوەی بردوون وەری بگێڕن یان فەلسەفە بکەن. ئەم کێشەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر لەم ساڵانەی دوایی لە جیهانی عەرەبی زۆر کەم بووەتەوە و گۆڕانێکی زۆریش هاتووەتە سەر کردەی فەلسەفەکردن و کاری وەرگێڕان لای ئێمە کێشەکە هەر وەک خۆی ماوەتەوە و بگرە ڕەوتی تریشی وەرگرتووە. ئەم گۆڕانەش لە ڕەوتی کێشەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ کەس لە کوردستان بە زمانی فارسی دەخوێننەوە و زۆر مەیل بەو نووسینانە دەدەن کە لە زمانی ڕۆژئاواییەوە کراونەتە فارسی. ئەم لایەنەش کێشەی نوێ و تری بۆ خستینە ناو کردەی نووسینی کوردی و پرۆسەی خۆڕۆشنبیرکردنەوەوە.

٤٥- ئەم کۆبوونەوەیە کە لە ئایاری ١٩٩١دا لە پاریس ساز کراوە یەکەم کۆبوونەوەیە یۆنسکۆ لەژێر ناوی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ وتاری هیومانی سازی بکا. ئەو وتارەش کە دێریدا لەوێدا خوێندوویەتییەوە، بەم ناوەوە بووە: ماف بۆ فەلسەفە لە ڕوانگەی دیدێکی کۆسمۆپۆلیتیکەوە. لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Jacques Derrida. Ethics , Institutions, and the right to philosophy, translated , ediited, and with commentrary by Peter pericles Trifonas, Lanham Md: Rowman & Littlefiled, 2002pp.1-18.

٤٦- بڕوانە لاپەڕەی ٣٩ی هەمان سەرچاوە.

٤٧- بڕوانە لاپەڕەی ٢٣ و ٤٠ ی هەمان سەرچاوە.

٤٨- بڕوانە لاپەڕەکانی ٣٧-٣٥ ی هەمان سەرچاوە.

٤٩- بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Ludwig Wittgenstein. Tractatus logico-philosophicus. Översättning , inledning och noter: Anders Wedberg, Thales, 1997.

٥٠- لەم ڕووەوە بڕوانە لاپەڕەکانی ٣٧-٢٧ی ئەو کتێبەی لای سەرەوە ناوی هاتووە کە بەو مێزگردەوە تایبەتە لە تەک دێریدادا ساز کراوە.

٥١- بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە کە بەشی یەکەمی کتێبی «ماف بۆ فەلسەفە» کەی دێریدا پێک

دێنێ و بەشی دووەمی کتێبەکەش ناوی «چاوەکانی زانکۆ» لەخۆ دەگرێ :

Jacques Derrida. Who´s afraid of philosophy? : Right to philosophy 1 , Translated by Jan Plug, Stanford University Press,2002.

٥٢– لەم ڕووەوە دەمەوێ سەرنجی خوێنەری ئەم تێکستە بۆ ئەم کتێبەی (پێتەر سینگر)، کە فەیلەسووفێکی ئوسترالیاییە، ڕاکێشم کە بە کتێبێکی سەرەکی لە بواری فەلسەفەی پراکتیک لە قەڵەم دەدرێ و ئەو باسانانەش سینگر لەو کتێبەدا لێیان دەدوێ لە گەلێ لە بەشەکانی فەلسەفەی پراکتیک لە زانکۆکانی ئەوروپا بووە بە شوێنی لێ خووردبوونەوە. بەشێ لەو تێمایانەش سینگر باسیان لێوە دەکا کە تا ئەمڕۆش فەیلەسووفانی ئیتیک لە ڕۆژئاوا پەرە پێ دەدەن ئەمانەن: ستاتۆسی ڕەوشتی ئاژەڵ، لەباربردن، زەبری سیاسی، بەرەنگاربوونەوەی مەدەنی، ئەرکی یارمەتیدانی ئەوی تر، بەرپرسیاری بەرامبەر بە ژینگە، ڕەفتار لە تەک پەنابەردا. لەم بارەیەوە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Peter Singer. Praktisk etik. Översättning av Jonas Josefsson, Thales,1990.

٥٣– بڕوانە لاپەڕە ی مێزگردەکەی لای سەرەوە.

٥٤– بڕوانە هەمان مێزگرد لاپەڕە ٢٩.

٥٥– بڕوانە هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٥٣.

٥٦– لەم بارەیەوە بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:

سەرچاوەی یەکەم بریتییە لەو کتێبەی دێریدا بەناوی «پەراوێزەکانی فەلسەفە» نووسیویەتی، کە لە ساڵی ١٩٧٢دا چاپی یەکەمی دەرچووە. لەم کتێبەدا ئەو سەروتارەی دێریدا بەناوی «ئیمزا، ڕووداو، تێکست»ەوە نووسیویەتی تێیدا بڵاو کراوەتەوە، کە بەخۆی سەروتارەکە لەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییە خوێندراوەتەوە کە لە ساڵی ١٩٧١ لە مۆنتریاڵدا ساز کراوە. لەو سەروتارەدا دێریدا هەڵوێست بەرامبەر بە «تیۆری کردەی ئاخاوتنی ئەنگلۆ–ئەمەریکایی» وەردەگرێ، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە بۆ وەدەستهێنانی ئەم سەروتارە:

Jacques Derrida. Margin of philosophy, translated with additional notes by Alan Bass, Brighton, Harvester press,1982.

سەرچاوەی دووەم ئەوەیە کە فەیلەسووفی زمانی ئەمەریکایی جۆن سێرل وەڵامی سەروتارەکەی دێریدا لەژێر ناوی «دووبارەکردنەوەی جیاوازییەکان وەڵامێک بۆ دێریدا» دەداتەوە و ئەم وەڵامەش لە بەشی یەکەمی کۆواری " Glyph"ی گلیف ساڵی ١٩٧٧ بڵاو دەبێتەوە و پاشان دێریدا وەڵامی سێرل دەداتەوە و لە بەشی دووەمی هەمان کۆوار و لە هەمان ساڵدا لەژێر ناوی Limited Inc abc بڵاو دەبێتەوە.

٥٧– ئێمە تا کاتی نووسینی ئەم باسە (٢٠٠٦)٥ کتێبی دێریدامان بە سوێدی بەرچاو کەوتووە کە ئەمانە بوونە: ١– دەروازەی بۆ جیۆمێتری هۆسرەل، ٢– دەنگ و دیاردە. ئەم دوو کتێبە ئەو دوو دانەیەن کە بە بیری فینۆمینۆلۆجی هۆسرەلەوە تایبەتن. ٣– شیبۆلێت. ئەو کتێبەیە کە سەبارەت بە شیعرگەراییی پۆل سیلان نووسراوە. ٤– ئاین. ئەو کتێبەیە کە دێریدا لەگەڵ فەیلەسووفی پۆست مۆدێرنی ئیتاڵیایی (گیانی ڤاتیمۆ) نووسیویەتی. ٥– مۆنۆلینگویزمی ئەوەی تر یاخۆ یاخیبوونی ڕیشەیی.

58. Alain Badiou. Infinite Thought: Truth and the Return to Philosophy, ed. and trans. Justin Elemens and Oliver Feltham, London, Continuum,. 2003,pp. 56-57.

59. Михаил Рыклин. Деконструкция и деструкция, М., Логос, 2002.с. 136.

٦٠- دێریدا کە پێشەکییەکی بۆ کتێبێکی فیلیپ لاکۆ- لابارت بەناوی (دێسیستانس) نووسیوە ڕاڕاییی خۆی بەرامبەر بەوە دەردەبڕێ کە پێی دەوترێ ناهزر و، دەشپرسێ ئەوە چییە کە لە هزری هزریاراندا ناهزرە؟ بڕوانە پێشەکییەکەی دێریدا لەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە:

Philippe Lacoue-Labarthe. Typography: Mimesis, Philosophy, Politics. Introduction by Jacques Derrida. Stanford University Press. 1998, pp.1-42.

٦١- بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە ئەگەرچی ژیژک تێیدا ڕەخنەی تیۆری مردنی خود لای پۆست مۆدێرنەکان دەکا، بەڵام لەلایەکی دەگەڕێتەوە لای لاکان بۆ دروستکردنی تیۆرێکی شۆڕشگێڕانە لەمەڕ خود و لەلایەکی تر داکۆکی لە پاولۆس و کۆمۆنیزم لە یەک کاتدا.

Slavoj Zizek. The Ticklish Subject: Absent Centre of Political Ontology Verso Books; New edition edition 2000.

٦٢- لەم ڕووەوە بڕوانە ئەو گفتوگۆیە فەلسەفییەی لەسەر هزری سیاسی (ئارنیستۆ لاکلاو) لە کتێبی (خوێنەری ڕەخنەی لاکلاو)دا دەکرێ، واتە گفتوگۆی کێشەی گەردووناوی لە ناو فەلسەفەی سیاسیدا.

Simon Critchley. Laclau Critical Reader. Routledge , 2004, p. 17,

٦٣- داوا لە خوێنەر دەکەین بۆ پتر تێگەیشتن لە واتای ڕووداو و «ڕووداو - خود» لەلایەک بگەڕێتەوە لای ئالێن بادیو و دواتر لای کارل شمیت بەتایبەت لەو شوێنەی پێوەندیی بەواتای سیاسییەوە هەیە. بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:

Alain Badiou. Being and Event, trans. Oliver Feltham, London, Continuum, 2000.

Carl Schmitt.The Concept of the Political. Chicago University Press; Revised edition edition 1996.

64. Gilles Deleuze. Nietzsche And Philosophy. Columbia University Press; Revised edition, 2006 , p. 197.

٦٥- بڕوانە کتێبەکەی دولۆز (جیاوازی و دووبارە) کە لە ساڵی ١٩٦٨دا نوسخەی فرەنساییی کتێبەکە لە چاپخانە هاتووە تەدەر و لە ١٩٩٤دا کراوە بە ئینگلیزی. کتێبی ناوبراو بەخۆی تێزی نامەی دوکتۆرای دەوڵەتەکەی (پرۆفیسۆرانامە) دولۆزە کە لە هەمان ساڵدا، واتە لە ١٩٦٨دا، نووسیویەتی. وای بۆ دەچن ئەم کتێبە (نووسین و جیاوازی) سەرلەنوێ نووسینەوەی (ڕەخنەی عەقڵی پوخت)ەکەی کانتە. ئەم نووسینەی دولۆز ڕەخنەکردنی تیۆریی نوێنەرایەتییە و کۆششێکە بۆ گەشەدان بە واتای (جیاوازی) لە خودی خۆیدا و هەروەها واتای (دووبارە) بۆ خودی خۆی.

Gilles Deleuze. Difference and Repetition. Continuum International Publishing Group Ltd.; New Ed edition. 1994, p. 136, 45.

٦٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٦.

٦٧- بۆ ئەوەی خوێنەر زۆرتر لە دیتنەکانمان نزیک ببێتەوە داوا دەکەین بگەڕێتەوە سەر ئەو کتێبەی دوو فەیلەسووفی فرەنسایی (فیلیپ لاکۆ- لابارت و ژان _ لۆک نانسی) بەناوی (گەڕانەوەی سیاسی) نووسیویانە. ئەم دوو فەیلەسووفە لەم کتێبەدا کار لەسەر واتای سیاسی دەکەن. کارکردنەکەشیان

لەسەر بۆچوونەکانی هایدگەر، فرۆید و لاکان دادەمەزرێنن. مەبەستی سەرەکیشیان لەم کارکردنە گەڕاندنەوەی سیاسییە، ئەو شتەی سیاسییە. ئەم دوو فەیلەسووفە فرەنساییە لە زەمەنێکدا کار لەسەر گەڕاندنەوەی سیاسی دەکەن کە هەندێ دەیانەوێ فەلسەفە بمرێنن.

Philippe Lacoue-Labarthe and Jean-Luc Nancy. Retreating the Political, Routledge, 1997.

٦٨– بۆ زێتر تێگەیشتن لە واتای ڕاستیی سیاسی، بڕوانە ئەم نووسینەی بادیو (سیاسی وەک بەرهەمهێنەری ڕاستی) لە کتێبی (میتاپولیتیک– ئەودیوسیاسەت) (بە ڕووسیایی):

Бадью А.  Мета/Политика : Можно ли мыслить политику?: **Краткий курс метаполитики /** А. Бадью; п**ер. с фр. Б. Скуратова, К. Голубович. – М.: Логос, 2005.  с. 218-229.**

٦٩– بۆ تێگەیشتن لە ڕوونکردنەوەکانی بادیو بۆ واتای وەک (ڕاستی)، (خود)، (ڕووداو) و (دۆز) بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە. یەکەمیان ئەوەی (پێتەر هالوارد) سال (بادیو: خودێک بۆ ڕاستی) و ئەوەی دووەم پێشەکییەکەی (مواڤین دۆست).

Peter Hallward. A. Badiou: Subject to truth: Foreword by Slavoj _i_ek / P. Hallward. _ Minneapolis: Minnesota University Press, London.2003.

Alain Badiou. Manifest för filosofin & Vad är kärlek?. Urval & introduktion av Dariush Moaven Doust. Översätnin: Carin Franzen, Glänta produktion, 2005, s. 7-38.

٧٠– لە (تیۆریی یاری)دا کە سەر بەخانەی (تیۆریی بڕیاردان)ە لە فەلسەفە نموونەی زۆر کلاسیک هەیە، بەناوی (دیلێمای گیراوەکان). ئەم دیلێمایە باس لە دوو گیراو – سجنکراو – دەکا کە ئەلتەرناتیڤی ئەوە دەخرێتە بەردەستیان گەر یەکێکیان شایەتی لەسەر ئەوی تر دا و ئەوەیتر بێدەنگ بوو ئەوا ئەوەی شایەتیی داوە ئازاد دەبێ و ئەویشی بێدەنگ بووە بە دە ساڵ زیندانی حوکم دەدرێ گەر هەردووش بێدەنگ بن ئەوا هەردوو بە شەش مانگ زیندانی دەکرێن، بەڵام ئەگەر هەردوو شایەتی لەسەر یەک بدەن، ئەوا هەریەکە بە دوو ساڵ زیندانی دەکرێن. کەواتە گرتییەکان لە بەردەم مەسەلەی هەڵبژاردندان، واتە چی هەڵبژێرن چاکە. ئەڵبەتە تیۆریی گرتییەکان لەم ساڵانەی دواییدا و لەلایەن هەندێ بیرکاری (ریازی) ئەمەریکاییەوە گەشەی پێ دراوە و ئەلتەرناتیڤەکان زیاد کراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تیۆرییەکە جارێ هەر لە فەلەکی (تیۆریی یاری)دا دەخولێتەوە و گشت مەسەلەکەش مەسەلەی هەڵبژاردنە (ئیختیار). بۆ زۆرتر تێگەیشتن لە (تیۆریی یاری) و (دیلێمای گرتییەکان) بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:

Folke Tersman. Fem filosofiska frågor. Wahlström & Widstrand, 2001.

Jorgen Hermansson. Spelteorins nytta: Om rationalitet i vetenskap och politik, Uppsala 1990.

٧١– لەم نووسینە کۆلین وایت باس لەوە دەکا (مەرگی خود) یەکێکە لە بانگەوازەکانی چاخی پۆست مۆدێرن. بەڵام بۆ وایت ئەمە بەو مانایە نایەت کە (خودی پۆست مۆدێرن) بوونی نییە، یاخۆ تارماوییە یان لە غەیبووبەدایە، بگرە ئەوەیە کە (خودی پۆست مۆدێرن) جار جەستەیەکی نەنێژراوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە تەماوییانە کۆلین وایت تێگەیشتنی فەلسەفیی سلاڤۆی ژیژک و کارل شمیت بەسەر دەکاتەوە. بڕوانە ئەم سەروتارەی کۆلن وایت:

Colin Wight. “The Political Subject post-September 11: From Zizek to Schmitt" Paper

presented at the annual meeting of the International Studies Association, Le Centre Sher-
2004>http://www.allacademic.com/meta/ aton Hotel, Montreal, Quebec, Canada, Mar 17,
p74448_index.html

٧٢- بۆ زۆرتر قووڵبوونەوە لەم سەیرکردنە بڕوانە ئەم سەروتارەی (ئەنتۆنیۆ کەڵگانۆ) کە یەکێکە لە ڕاڤەکەرانی بینینی سیاسیی بادیو.

Antonio Calcagno.Alain Badiou: the event of becoming a political subject. Philosophy & Social Criticism, Vol. 34, No. 9, 1051-1070 (2008).

هەر تایبەت بە بادیو و تەماشاکردنی بۆ سیاسەت و خودی سیاسی، بڕوانە ئەم دوو نووسینە کە تایبەت بە هزری سیاسیی بادیو نووسراون:

Janson Barker. Alain Badiou: A Critical Introduction. London: Pluto, 2002.

Peter Hallward. Badiou: A Subject to Truth, Minneapolis, university of Minnesota Press, 2003.

٧٣- ئاشکرایە هەقایەتی سیاسیی کارل شمیت و گلانی بەدیاردەی نازیزمەوە تا هەنووکەش لە کۆڵی نابێتەوە. ئەم کە وەک هایدگەر ئەم باسەی کەوتووەتە دوا کاری نەکردووەتە سەر بەکاربردنی دیتن و تێگەیشتنە سیاسی و فەلسەفییەکانی. لە بواری تیۆریی سیاسیدا، گفتوگۆی گەرم لەسەر نووسینە سیاسییەکانی کارل شمیت هەیە و بەیەکێک لە تیۆریزەکەرە سیاسییە بەرچاوەکانی سالآنی ڤایمەر دادەنرێ. شمیت تا ئێستاش بۆ گەلێ لە بیرمەندانی ڕۆئاوا و بەتایبەت لە بواری ئەوەی پێی دەڵێن واتای سیاسی، سیاسەت و دەوڵەتی ڕیزپەڕ سەرچاوەی تیۆریی گرینگە. بۆ نموونە بۆچوونە سیاسییەکانی فەیلەسووفی ئیتاڵیایی جۆرجیۆ ئاگامبین بۆ (دەوڵەتی ڕیزپەڕ) لە گەلێ ڕووەوە قەرزاری بۆچوونە تیۆرییە سیاسییەکانی کارل شمیتە، یان گەلێ لە سەیرکردنە فەلسەفییەکانی دێریدا، ژیژک، بادیو، نیگری، ئارندێت، شاتال، بالیبار و... هتد بۆ واتای تیۆلۆجیای سیاسی و سیاسەتی ڕۆمانسی و خودی سیاسی بەسەیرکردنە فەلسەفییە سیاسییەکانی کارل شمیتەوە وابەستەیە.

بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی لای خوارەوە:

Carl Schmitt.The Concept of the Political. Chicago University Press; Revised edition edition 1996.

٧٤- بۆ پتر تێگەیشتن لەم دەربڕینە (دیموکراتیزەکردنی دیموکراسییەت) بڕوانە ئەم نووسینەی شانتال موف (لەمەڕ سیاسی). موف کە وەک پۆست مارکسیستییەک ناسراوە و لە نووسینەکانیدا ڕەخنەیەکی توند لە تیۆریی دیموکراسیی لیبرالیزمی نوێی ڕۆئاوا دەگرێ لە گفتوگۆیەکی گەرمدایە تایبەت بە گەلێ لە کێشە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخی ڕۆئاوا:

Chantal Mouffe. Om det politiska. Övers. Oskar Söderlind. Stockholm: Tankekraft Förlag, 2008.

75. Thomas Nagel. Vad är meningen med alltihop? Översättare: Jonas Josefsson, Bokförlaget Nya Doxa 1991, s.9 .

76. Susan Rose-Ackerman. International Handbook on the Economics of Corruption Edward

Elgar Publishing Ltd, 2007, p.4.

٧٧- بەشێک لە نووسینەکانی دوو تۆی ئەم کتێبە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا نووسراون و بەدەم نووسینیانەوە لە هەفتەنامەی (جەماوەر) و دواتر (ماڵپەڕی دەنگەکان)دا بڵاو کراونەتەوە.

٧٨- چاوەڕوانیکردنی (باشترین چرکە) واتە چاوەڕوانیکردنی ئەو چرکەیەی بکرێ لەو شوێن و کاتەوە کار بکرێ. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Brian Massumi. A Shock to Thought: Expressions After Deleuze and Guattari, Routledge, 2002, p.3.

## لێکسیکۆنی ئینگلیزی – کوردی

Absolute: ناڕێژەیی، ڕەها

Absolutism: ڕەهاگەری

Abstract: تەنیا، موجەرەد

Absurd: پووچ، ناماقووڵ، بێفەڕ

Absurdity: ناپەسندی، بێفەڕی، پووچی

Abuse:

بەهەڵە بەکاربردن (بەهەڵە بەکاربردنی دەسەڵات بۆ نموونە)

Academic: ئەکادیمی

Act: کردە

Action: کردار، ڕەفتار

Active: چالاک، ناسست

Activism: چالاکەوانی

Activist: چالاکەوان

Activity: چالاکی

Actual: هەنووکە، ئێستا

Actuality: هەنووکەیی

Adaptation: گونجان

Adiaphorism: بێباکی

Adjective: ئاوەڵناو

Afraid: ترس

Against: دژ بە

Agreement: ڕێکەوتن

Aesthetics: جوانکاری

Aim: ئامانج

Ambiguity: گومڕایی، ناڕوونی

Ambivalence: ناکۆکی. دژبەیەکی

Analogy: هاوشێوەیی، لێکچوویی

Analysis: شیکردنەوە، بەدووگەڕان

Analytical Philosophy:

فەلسەفەی شیکردنەوەی

Anarchist: ئاژاوەگێڕ

Anarchism: ئاژاوەگێڕی

Anglo - Saxon:

ئەوانی سەر بە ناوچەی زمانی ئینگلیزین

Antagonism: دوژمنگەرایی، بەربەرەکانێ

Anthropology: مرۆڤناسی

Anti- corruption: دژە گەندەڵی

Anti- humanism: دژە مرۆیی

Anti - pole: دژە جەمسەر

Apartheid: ڕەگەزپەرستی

Apolitical: ناسیاسی

Appearance: دەرکەوتن

Argument: بەڵگە، دەلیل

Art: هونەر

Artistic: هونەری

Aspect: لایەن

Asymmetrical: ناچوست، ناهاوتا

Attack: هێرش، پەلاماردان

Attitude: شێواز، هەڵوێست

Author: نووسەر

Authority: توانا، قودرەت

Axiom: بەدیهی، بەرچاوی

Beauty: جوانی

Being: بوون، کەینوونە

Btrayal: خیانەت

Biology: زیندەوەرناسی

Body: جەستە، لەش

Capacity:توانا

Capital: سەرمایە

Capitalism: سەرمایەداری

Catastrophe: بەڵا، موسیبەت
Category: چەشن، جۆر، چین
Cause: هۆکار
Challenge: بەرەنگاربوونەوە
Chance: بەخت
Change: گۆڕان
Chaos: بێ سەروبەری، فەوزا، هەراوهوریا
Character: فۆرم، فیگور
Choice: هەڵبژاردن (ئیختیار)
Center : نێوەند، چەق
Century : سەدە، چاخ
Circumstance: دۆخ، بار
Civilization: شارستانی
Classification: پۆلکردن
Cleansing: پاکسازی
Clear: ڕوون
Clear Politic :سیاسەتی ڕوون
Clinic: عیادە
Clown: موهەریج، قەشمەر
Coalition: هاوپەیمانێتی
Coherence: یەکانگیری، هەمئاهەنگی
Collapse: داڕمان، پووکانەوە، کۆلاپس
Colour: ڕەنگ
Communication: گەیاندن
Comparative: بەراوردکاری
Comparison: بەراوردکردن
Complex: ئاڵۆز، ناسانا
Concept: واتا
Conclusion: دەرهاویشتە، دەرئەنجام
Concrete: بەرجەستە، کۆنکرێت، بەرچاوی
Condition: هەلومەرج
Configuration: فۆرم، ڕوخسار، شکل
Conflict: ناکۆکی، کێشە
Conformism: تەباگەری، لێکچووی
Conjonction: دانەبڕان
Consciousness: ئاگایی، هۆشیاری
Consequence: ئاکام، بەرەنجام
Conservative: کۆنخواز
Consistency: یەکانگیری
Consistent: یەکانگیر
Constant: نەگۆڕ، جێگیر
Construction: بنیاتنان، دامەزراندن
Consumer: بەکاربر، موستەهلیک
Consumtion: بەرخۆریی، ئیستهلاکی
Contemporary: هاوچەرخ
Contents: ناواخن
Context: سیاق، ڕەوتی وتار یان ئاخاوتن
Contradiction: ناکۆکی، دژەگەرایی
Contras: جیا، جوداواز لەوی هەیە
Corporate: سازمانی
Corrupt: گەندەڵ
Corruption: گەندەڵی
Creation: خوڵقان، هێنانە کایەوە
Creative: داهێنەر، خوڵقێنەر
Crime: تاوان
Crisis: گرفت، قەیرانی
Culture: فەرهەنگ، کولتوور
Cynicism: گاڵتەجاڕی
Death: مەرگ، مردن
Debate: گفتوگۆ، مشتومڕ
Deconstruction: هەڵوەشانەوە
Definition: پێناسە، ناساندن
Demolition: وێرانکردن
Demos: خەڵک
Department: بەش
Dependency: وابەستە، ناسەربەست
Depoliticisation: لە سیاسەتخستن
Desire: حەز، ئارەزوو

Despotism: زۆرداری
Determination: دەستنیشانکردن، دیاریکردن
Determinism: جەبرییەت، حەتمییەت
Development: پەرەپێدان، گەشە
Dialogue: ئاخاوتن
Difference: جیاوازی، نالێکچووی
Different: جیا، لێکنەچوو
Dilemma: مەئزەق، دۆزی دژوار
Dimension: ڕەهەند، دووری
Direct: ڕاستەوخۆ
Disagreement: ناقایلبوون
Discontinuity: بڕین، نابەردەوامی
Discourse: وتار، ئاخاوتن
Disjunction: دابڕین، لێکردنەوە
Dissolution: پووکانەوە، هەڵوەشانەوە
Distance: نێوان، مەودا، ماوە
Doctrine: باوەڕ، عەقیدە
Double morality: دووڕوی ڕەوشتی
Double politics: دووڕووی سیاسی
Doubt: گومان
Duty: ئەرک، ئیلتیزام
East: ڕۆژهەڵات، خۆرهەڵات
Eclecticism: هەڵبژێرەگەری
Ecology: ژینگەناسی
Education: پەروەردە
Effect: پاشماوە، کاریگەری
Election: هەڵبژاردن
Element: ئامڕاز
Elite: دەستەبژێر، تاقم
Elitecide: دەستەکوژی، نوخبەقڕکردن
Elitism: دەستەبژێری
Empiricism: ئەزموونگەری
End: کۆتای، پایان
Endless: بێ پایانی

Enlightenment: ڕۆشنگەری
Enthusiasm: حەماسییەت
Environment: ژینگە، دەوروبەر
Episteme: زانین، مەعریفە
Epistemology: تیۆری زانین، تیۆری تیۆر
Epoch: سەردەم، قۆناغ
Equality: یەکسانی
Equivalence: چوست، هاوتا
Erotic: شەهوانی، خەلاعی
Essence: ماهییەت، جەوهەر
Essentialism: ماهییەتگەری
Ethics: ڕەوشت
Etymology: ڕیشەی وشەزانی
Eurocentrism:
مەڵبەند، نێوەند، خوازی ئەوروپایی
Event: ڕووداو (لای بادیو)
Evidence: ڕووکەشی
Evil: خراپە، بەدی، شەڕ
Evolution: پەرەسەندن
Exaggerate: زێدەڕۆیی
Exception: ڕیزپەڕ
Existence: بوون (لای سارتەر)
Existentialism: بوونخوازی
Experience: ئەزموون، خیبرە
Explanation: ڕوونکردنەوە
Expression: دەربڕین
Expressive: گوزارە
Extensive: بەرین
Extreme: ڕەهایزۆر، بێ ئەندازە توند
Fact: بەڵگە، واقیعە
Faith: باوەڕ، عەقیدە
False: هەڵە، نادروست
Fatalism: قەدەری
Fate: قەدەر، بەخت

Feminism: مێخوازی، ئافرەتگەری
Feodalism: دەرەبەگایەتی
Fetishism: بەشتبوون
Fidelity: دڵسۆزی، ئیخلاس
Figure: فۆرم، کارەکتێر
Finite: بێ پایان، سنووردار
Focus: تەرکیز
Forgetting: بیرچوونەوە
Forgiveness: لێبووردەیی، لێخۆشبوون
Form: شێوە، شکل
Formal : شکلی
Formalism: شکلگەری
Formulation: دارِشتن
Foundation: بناغە
Founder: دامەزرێنەر، بناغەدانەر
Frame: چوارچێوە
Fraud: تەزویر، غەش
Free: ئازاد
Freedom: ئازادی
Friendship: هاورێیەتی
Function: وەزیفە
Future: ئایندە، داهاتوو
Fysiology: کارئەندامناسی
Gender: رِەگەز، ژیندەر
Genealogy: بنەچەناسی
Generation: نەوە
Genocide:
قرِکردن، لەناوبردن، ئیبادە، کۆمەڵکوژی
Genus: رِەگەز
Geology: زەویناسی
Geometry: ئەندازە، هەندەسە
Global: جیهانی
Globalization: جیهانگیری
God: یەزدان، خوا
Goddess: خواوەند
Good: باشە، چاکە
Goods: شمەک
Government: حکوومەت
Grammar: رێزمان
Great: مەزن
Hatred: رِق
Healthy: بەتەندروست
Healthy Politics: سیاسەتی بەتەندروست
Hermeneutic: تیۆری رِاڤەکردن، لێکدانەوە
History: دیرۆک، مێژوو
Holocaust: لەناوبردن، ئیبادە
Humanism: مرۆڤخوازی
Human sciences زانستە مرۆییەکان
Hypothesis: گریمان
Idea: دید، بیرۆکە
Identification: دیاریکردن، ناساندن
Identity: ناسنامە
Idiot: گێل، دەبەنگ، گەوج
Illogical: نالۆجیکی
Impossibility: ناشیاوی، ناگونجاوی
Impossible: ناشیاو
Incomplete: تەواونەکراو
Inconsistency: نایەکانگیری
Inconsistent: نایەکانگیر
Independent: سەربەست، سەربەخۆ
Indeterminism: ناحەتمییەت، ناجەبرییەت
Industry: پیشەسازی
Ineffective: ناکاریگەر
Inequality: نایەکسانی
Infinite: بێ پایان، بێ کۆتایی
Information: زانیاری
Injustice: نادادپەروەری، جەور
Institution: دامەزراو

Integrity: نەزاهەت
Intellect: ژیری
Intellectual: ڕووناکبیر، ژیر
Intellectualism: ڕووناکبیریخوازی
Intelligibel: ماقووڵ
Intensive: چڕ
Intention: ئامانج، مەبەست
Interpretation: لێکدانەوە، ڕاڤەکردن
Interview: لێدوان، هەڤپەیڤین
Introduction: دەروازە
Intuition: دەرک
Investigation: لێکۆڵینەوە، توێژینەوە
Investigator: لێکۆڵەر، توێژەر
Invisible: نادیار
Irational: نائەقڵانی
Jew: جوو، یەهودی
Journalism: ڕۆژنامەگەری
Journalist: ڕۆژنامەوان
Judgment: حوکم، دادوەری
Justice: دادپەروەری
Knowledge: زانین
Laboratory: ئەزموونگە، موختەبەر
Langauge: زمان
Latent: شاراوە
Law: یاسا
Left: چەپ
Legitimation: ڕەوایەتی، شەرعییەت
Lexicon: فەرهەنگ، قاموس
Linguistic: زانستی زمان، زمانەوانی
Litterature: وێژە، ئەدەب
Local: ناوچەی، ناوخۆی
Logic: لۆجیک، مەنتیق
Love: خۆشەویستی، دڵداری، ئەوین
Madness: شێتی

Manifesto: بانگەواز، بەیان
Margin: پەڕاوێز
Mark: نیشانە، زناک
Market: بازاڕ
Mass: گشت، زۆربە
Mathematics: بیرکاری، ڕیازیات، ماتماتیک
Meaning: مانا
Meaningless: بێیمانایی
Media: دەزگای ڕاگەیاندن
Meditation: تێڕامان
Message: پەیام
Metaphor: مەجاز، ئیستیعارە
Methood: میتۆد، ڕێباز
Mind: زەین، ئاگایی
Misunderstand: بەهەڵە تێگەیشتن
Mobilize: هاندان، تەعبیئە
Mode: شێواز، شێوە
Model: نموونە، شێواز
Modern: تازە، نوێ
Modernity: تازەگەری، نوێخوازی
Moment: چرکە
Monopoly: قۆرخکردن
Moral: ڕەوشت
Movement: بزووتنەوە
Multiple: چەند بارە
Narative: گێڕانەوە
Narcissism: خۆپەرستی، خۆویستی
Nationalism: نەتەوەگەری
Naturaliscience: زانستی سروشت
Nature: سروشت
Necessity: پێویستی
Neighborhood: هاوسێیەتی، جیرانیەتی
News: هەواڵ، دەنگوباس
Nihil: هیچی

Nihilism: هیچگەرایی
Nomad: کۆچەر، گەڕۆک
Nomadism: کۆچەری، گەڕۆکی
Non- philosophic: نافەلسەفی
Non - political: ناسیاسی
Nonsense: بێ مانا، پووچ (لای ڤیتگنشتاین)
Nothing: هیچ
Number: ژمارە
Object: بابەت، شت
Objectivism: بابەتگەری
Oblivion: لە بیرکردن
Obscure: گومڕا، ناڕوون
Observation: سەرنج
Ontology: بوونگەری (لای هایدگەر)
Open Politics: سیاسەتی کراوە
Opennes: کراوەی
Orientalism: ڕۆژهەڵاتناسی
Origin: ئەسڵ، بنەچە
Other: ئەوی تر
Panic: شڵەژان
Paradigm: نموونە، مۆدێل
Paradox: موفارەقە، دژ بەیەک، ناکۆک
Paragraph: بڕگە، بەش
Parallel: لاتەریب
Parasite: مشەخۆر
Parasitism: مشەخۆری
Particular: جوزئی، ناگشتی، تایبەت
Passive: سست، ناچالاک
Path: ڕێگە
Pathology: نەخۆشیناسی، درمگەری
Peace: ئاشتی
Peaceful: ئاشتیئامێز
Period: قۆناغ
Person: کەس
Perspective: دید، ڕوانگە
Pessimism: ڕەشبینی
Phenomen: دیاردە
Phenomenology: دیاردەناسی
Philosopher: فەیلەسووف
Philosophising: فەلسەفەکردن
Philosophism: فەلسەفەپەرستی
Philosophy: فەلسەفە
Picture: وێنە
Place: شوێن، جێگە
Play: یاری، گەمە، وازی
Playful: یاریئامێز، پڕ لە وازی
Pleasure: چێژ، تام
Poem: هۆنراوە
Poet: شاعیر
Poetics: شیعرگەرایی
Polarity: جەمسەرگەری
Political: سیاسی (شتی سیاسی)
Political Action: کردەی سیاسی
Political Consciousness: ئاگای سیاسی
Political Dilemma: مەئزەقی سیاسی
Political Discourse: وتاری (ئاخاوتنی ) سیاسی
Political Nihilism: هیچگەرای سیاسی
Political Subject: خودی سیاسی
Political Thought: هزری سیاسی
Political Truth: ڕاستیی سیاسی
Politicizing: بەسیاسەتکردن
Politics: سیاسەت، ڕامیاری
Pornograohy: ڕووتئامێزی، خەلاعی
Position: بار
Possible: شیاو، گونجاو
Possibility: شیاوی
Positivism: بارگەری
Postcapitalism: پاش سەرمایەداری

Postcommunism:
پاش شوعییەت، پاش کۆمۆنیزم
Postmodernism: پاش تازەگەری
Postphilosophy: پاش فەلسەفە
Post politics: پاش سیاسەت
Poststructuralism: پاش بنەماخوازی
Postulate: مەسلەمە، سەلمێنە
Potential: شیاوی
Poverty: هەژاری
Power: هێز
Pragmatism: بەرژەوەندیخوازی
Presence: ئامادەبوون
First philosophy ،Prima filosofia:
فەلسەفەی یەکەم
Probability: ئیحتیمالییەت
Problem: کێشە
Progress: گەشە
Process: پرۆسە، ڕەوت
Product: شمەک، کالاّ، بەرهەم
Production: بەرهەمهێنان
Property: خاسیە، میزە
Proposition: دێر
Psittacism: تووتیاگەری
Psyche: دەروون
Psychiatry: پزیشکی دەروونی (یان عەقڵی)
Psychology: دەروونناسی
Psychopath: دەروون بیمار (نەفس نەخۆش)
Psychotherapy: چارەسەرسازی دەروونی
Pure: ساف، ناتێکەڵ، پوخت
Queer: شاز، ناجۆر، نائاسایی
Race: ڕەگەز
Racism: ڕەگەزپەرستی
Rational: عەقڵی، ماقووڵ، لۆجیکی
Rationalism: عەقڵخوازی
Reaction: پەرچەکرداری
Reader: خوێنەر
Reading: خوێندنەوە
Real: فیعلی، ڕاستەقینە، واقیعی
Reason: ئاوەز، عەقڵ
Reason: هۆ (سەبەب)
Reconciliation: ئاشتبوونەوە
Recreation:دووبارە خوڵقان
Reference: سەرچاوە
Reflexive: ڕەنگدانەوە
Rhetoric: ڕەوانبێژی
Relation: پێوەندی
Relativism: ڕێژەگەری
Religion: ئاین
Renaissance:سەدەی ڕابوون، سەرلەنوێ خوڵقان
Repentance: پەشیمانی
Representation: نوێنەرایەتی
Reptetion: دووبارەکردن
Research:توێژینەوە
Researcher: توێژەرەوە
Resemblance: هاوشێوەی
Responsibility: بەرپرسیاریەتی
Retreating: گەڕانەوەی
Revolt: یاخیبوون
Revolution: شۆڕش
Right: ماف
Role: ڕۆڵ، دەور
Rule: ڕێسا
Rupture: بڕین
Sacred: پیرۆز
Same: هەمان
Sameness: هاوشێوە، هاوچوون
Say: وتن
Scepticism: گومانخوازی

Schema: نەخشە، هێڵكاری
School: قوتابخانە
Science: زانست
Scientific: زانستی
Secondary: لاوەكی
Secrecy:نهێنی
Security: ئاسایش
Self: خودی خۆ
Semantics: دەلالەتگەری، نیشانەخوازی
Semiology: نیشانەناسی
Sense: هەست
Separation: جیابوونەوە
Sexism: سێكسگەری، جنسخوازی
Sick: نەخۆش
Sign: ئاماژە، نیشانە
Silence: بێدەنگی
Simple: ئاسان، سادە
Singular: تاک (لای بادیو)
Situation: دۆز (لای بادیو)
Social science: زانستی كۆمەڵایەتی
Society: كۆمەڵگە
Sociology: كۆمەڵناسی
Sophism: سەفسەتە
Sophist: سۆفستای
Soul: دەروون
Speak: دوان، قسەكردن
Speculation: تێفكرین، تێڕامان
Speech: ئاخاوتن، قسە
Spirit: ڕۆح
Status: كیان، قاوخ
Striving: كۆشش، تەقەڵا
Structuralism: بنەماخوازی
Structure: بنەما
Style: شێواز

Subject: خود
Subjectivity: خودگەری
Subjectivization: بەخودبوون
Sublime: بالا، سامی
Substance: ناواخن، جەوهەر
Suggestive: وتارئامێز
Symbol: هێما
Symbolism: هێماناسی
Symptom: نیشانە، ئاماژە
Synonym: هاومانا، هاوشێوە
Tax: باج
Tendency: ئاراستە، ئاقار
Term: زاراوە
Text: دەق
Thanatos: خواوەندی مەرگ
Theory:بیردۆزە، نەزەرییە
Therapeut: چارەسەرساز، تیمارساز
Therapy: تیمارسازی، چارەسەر، عیلاج
Thesis: تێز، ئەتروحە
Thing: شت
Think: بیر
Thinkable: بیرئامێز
Thinker: بیریار، هزرەڤان
Thinking: بیركردنەوە، هزراندن
Thought: بیر، هزر
Time: كات
Tolerance: تەحەمول، سەبر
Totality: هەمەیەتی، گشتێتی
Tradition: نەریت، كەلەپوور
Translation: وەرگێڕان
Transparency: شەفافیەت
Trend: ڕەوت، ئاراستە
True: ڕاست
True Politics: سیاسەتی ڕاستەقینە

Truth: ڕاستی
Type: جۆر
Tyranny: زوڵم، ستەم
Unconsciousness: نائاگایی، نەست
Understanding: حاڵیبوون، تێگەیشتن
Universal: گەردوونی
Universalism : گەردوونیەتی، سەرانسەری
Unthinkable: نابیرئامێز
Validity: پەسندکراو
Value: بەها
Valueless: بێ بەهایی
Variety : چەشن، جۆر
Victim: قوربانی
View: بینین، تەماشا
Violence: زەبر
Virtue: پاکدامێنی

Visible: دیار
Vulgarity: بازاڕی، بێ نرخ
Voluntary: ئیرادە، خواست
Wealth: سامان
West: ڕۆژئاوا
Will: ویست
Wisdom: حیکمەت، دانایی
Wise: حەکیم، دانا
Word: جیهان
Worry: ڕاڕا
Writer: نووسەر
Writing: نووسین
Wrong: هەڵە
Zoology: ئاژەڵناسی

Azad Hama

# A Manifesto For Anti- Corruption

Moral Virtue Against Corruption